# مێژووی گەمژەیی

نووسینی: باربارا تۆکمان
وەرگێڕانی بۆ فارسی: دکتۆر حەسەن کامشاد
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ڕەسووڵ سوڵتانی

# پێڕست


مێژووی گەمژەیی و وتەیەک بۆ دەسەڵاتدارانی کوردستان ..............١٠
ڕەچاوکردنی سیاسەتی ناتەبا لەگەڵ بەرژەوەندییەکان ........................١٤
نموونەی دەستپێک: ئەسپەدارینەکەی ترۆی........................................٥٤
پاپاکانی ڕێنسانس.......................................................................٧٢
قەتڵ لە کلێسادا سیکسۆسی چوارەم ١٤٧١ ـ ١٤٨٤...............................٨٦
خانەخوێی کافران ئینوکێنتیوسی هەشتەم١٤٨٤ – ١٤٩٢.......................٩٢
دارزین و گەندەڵی ئەلکساندری شەشەم ١٤٩٢ ـ ١٥٠٣.................... ١٠٤
پاپا شەڕخوازەکە یۆلیۆسی دووەم١٥٠٣– ١٥١٣................................ ١٢٦
جیابوونەوەی پرۆتستانەکان لیۆی دەیەم١٥١٣ – ١٥٢١ .....................١٤٤
ڕەحۆبعامتان لەبیر نەچێ! ١٧٧٢ – ١٧٧٥ ..........................................١٦٠
تاڵانی ڕۆما کلێمێنسی حەوتەم ١٥٢٣ – ١٥٣٤.......................................١٦٤
بەریتانیا ئەمریکا لەکیس دەدا١٧٦٣ – ١٧٦٥ .........................................١٧٤
پێداگرتنەوە لەسەر مافێک کە سوور دەزانن دەستەبەر نابێ"١٧٦٥ ....٢٠٤
گەمژەیی دەگاتە لووتکە: ١٧٦٦ – ١٧٧٢..............................................٢٢٧
پەتای وڕێنە" ١٧٧٥ـ ١٧٨٣ ............................................................ ٢٨٤
ئەمریکا لە ڤێتنام خیانەت لەخۆی دەکا بنەما: ١٩٤٥ـ ١٩٤٦ .............٣١٦
لەگوێی گاداخەوتن: ١٩٤٦ – ١٩٥٤ ...................................................٣٣٢
دانانی گوێلەمست ١٩٥٤ –١٩٦٠ ......................................................٣٦٢
پێکهاتن یان شکست" ١٩٦٠ – ١٩٦٣ ..................................................٣٨٠
جەنگی دەسەڵاتی جێبەجێکەر ١٩٦٤ – ١٩٦٨ ......................................٤١٨
چوونەدەر: ١٩٦٩ – ١٩٧٣ ............................................................ ٤٨٢
دوا وتە "فانۆسی پاشەکشێ" ........................................................ ٥١٢

میژووی گەمژەیی، وتەیەک بۆ دەسەڵاتدارانی
ئێستا و داهاتووی کوردستان

ڕەسووڵ هەمزەتۆف لە داغستانی مندا دەڵێت: "ئەوەی دەمانچە بە ڕابردووەوە بنێ، داهاتوو تۆپی پێوە دەنێ."

هیوادارم دەسەڵاتدارانی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی بڕیارە چارەنووس-سازەکانیان بەدەستەوەیە، ئەم کتێبە بخوێننەوە. ئاخر ئەم کتێبە بە وردی ئەو هەڵە ورد و درشتانە تاوتوێ دەکات و پەردەیان لەسەر لادەدات کە لە درێژایی میژوودا، دەسەڵاتدارەکان کردوویانن و بناغەی دەسەڵاتەکەی خۆیانیان پێ هولۆڵ و کۆڵەکەی حکوومەتەکانیان پێ لەرزۆک کردووە و پەنجەش لەسەر ئەو دەرفەت و هەلە زێڕینانە دادەنێت کە دەسەڵاتداران یان لووتبەرزانە و لەبەر غ ورووری بێجێی خۆیا ن یان لە گەمژەیی خۆیانەوە لەکیسیان داون. بۆیەش دەڵێم دەسەڵاتدارانی کوردستان لەبەر ئەوەی مێژووی کورد، ئەویش تەنیا و تەنیا لە هەرەس و کەوتن و کۆستەکانیدا زیاتر لە ٢٠ جار دەقاودەق وەک یەک دووبارە بووەتەوە و ئەوەندەش بەرچاون کە پێویست بە هێنانەوەی نموونە ناکات. چونکە هیچ کەوتن و هەرەسێکی مێژوومان لەوی پێش خۆی جیا نییە. بەتایبەتی ئەو بەشانەی کە تێیدا ساویلکانە خەڵەتێنراوین و فریوی زمانلووسیی دەسەڵاتەکانمان خواردووە.

لەم کتێبەدا بەتایبەتی لەو بەشانەدا وا باسی ڕەوتی هەنگاونانی ئەمریکا بەرەو سەربەخۆیی دەکات، زۆر شتی وردی تێدایە. ئەو وردەکارییانە شیاوی لێوردبوونەوە و کارلەسەرکردنن. ئەو کاتەی خەڵکی کۆچەرنشینەکانی ئەمریکا لەبەرامبەر زۆر و گوشارەکانی بەریتانیادا چەندە نیشتمانخۆشەویستانە دێنە دەنگ و یەکهەڵوێست دەبن و ناچاری دەکەن بڕیارەکانی خۆی هەڵوەشێنێتەوە و لەبەردەم ویستەکانیاندا بەچۆکدا بێت. ئەو دەمەی بەریتانیا هەر جارە و بە

بیانوویەک پیتاک دەخاتە سەر ئەمریکییەکان، ئیتر ئەوانیش سوور دەبن لەسەر ئەوەی کالا و پێداویستییەکانیان لە بەریتانیاوە هاوردە نەکەن. بەتایبەتی کە بڕیار دەدەن خۆیان دەست بکەن بە دوورین و چنینی جلوبەرگ و لە ساڵی ١٧٦٨دا دەرچووانی زانکۆی هاروارد بەو جلوبەرگە دەستچنانەوە کە زۆریش زبر و ناشیرین بوون، دەچنە ئاهەنگی دەرچوون و کۆتایی ساڵی زانکۆیان.

ئەو قەناعەتە، بەرهەمی نیشتمانخۆشەویستیی تاکەکانی کۆمەڵگایە و هەر ئەوەشە گەورەترین دەستکەوتەکان بۆ نیشتمان و میللەت و نەوەی دواڕۆژ دەستەبەر دەکات و ئەمریکای ئێستەی لێ دەکەوێتەوە کە بووەتە کەڵەگا و سەروەری هەموو جیهان. بەڵام ئەو قەناعەتە چۆن دروست دەبێ؟

بە دڵنیاییەوە، ئەگەر ژیانی بەرپرسە خۆجێیەکانی وڵاتانی ئەمریکا زۆر جیاواز بوایە لە ه ی ی خەڵکەکەیان و ئەوان خواپێدراوانە و بە باشترین ئیمکاناتەوە ژیابان و خەڵکەکەیان لە نەهامەتی و نەداریدا بوایەن، ئەو هەست و کەفوکوڵەش هەرگیز لە خەڵکدا گەشەی نەدەکرد و دەیانگوت:"بۆ ئێمە وا هەژارانە بژین و ئەوانیش لەهیچیان کەم نەبێ". بەڵام یەکسانی و وەکیەکیی ژیانی نێوان دەسەڵاتدارە خۆجێیەکان و خەڵک وای کرد ، هەموو تاکێکی کۆمەڵگا، نیشتمان بە هیی خۆی بزانێ و هەتا بەچۆکداهێنانی زۆرداران پشتی یەکتر بەرنەدەن.

خوێنەری ئازیز:

تۆ پێت وایە ئەگەر ژیانی دەسەڵاتدارەکان لەوێ شایانە و ژیانی خەڵکیش هەژارانە بوایە، ئەوان دیسان هەر وەها هەڵوێستێکیان دەبوو؟ بە دڵنیاییەوە ئەوکات دەیانگوت، بەروبوومی وڵات کێ دەیخوات با ئەو بیپارێزێت. لێرەوە بەو دەرەنجامە دەگەین، تۆوی نیشتمانخۆشەویستی و نیشتمانپەرستی لە دڵی هەموو تاکێکی کۆمەڵگەدایە، بەڵام دەسەڵاتداری وڵات دەتوانێ ئەو تۆوە باشتر بگوورێنێ و دارێکی بەبەری لێ بەرهەم بێنێ ؛ هاوکات دەشتوانێ ئەو تۆوە وشک بکات و دواجار خۆیشی لەبن سێبەری دارێکی بێ گەڵا دانیشێ. چونکە

چەندی جیاوازیی نێوان ژیانی دەسەڵاتداران و خەڵک کەمتر بێت، کەلێنی نێوانیان کەمتر دەبێت و لە ڕۆژە ڕەشەکانیشدا خەڵک پتر پشتیان دەگرێ. ئەوەتا ئەو دەمەی بەریتانیا لە ئاکامی سیاسەتەچەوتەکانی خۆیدا ڕۆژبەڕۆژ دەسەڵاتی بەسەر خەڵکی ئەمریکادا کەم دەبۆوە و خەڵکەکەی ئەوێش یەکگرتوانەتر بەرەنگاری دەبوونەوە، سیاسەتوانێکی بەریتانی بەناوی پۆنال لە پەرلەمانی گشتیی بەریتانیادا دەڵێ:"حکوومەت دەبێ بەپێی هەست و کەفوکوڵی ئەو کەسانە هەڵسووڕێ کە دەسەڵاتیان بەسەردا دەکات . هەر کات ئەوان پشتگوێ بخات، خۆی دەخاتە مەترسییەوە".

هەر ئێستا جیاوازیی ژیانی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان لەگەڵ خەڵکەکە، مەترسییەکی ئێجگار گەورەیە و لەوانەیشە هەندێک ئەوانەی لەسەر تەختی دەسەڵاتن، بەو قسەیەی من زۆر تووڕە بن و حەز بە مردنی نووسەری ئەو دێڕانە بکەن. چونکە دەسەڵاتدار بەتایبەتی ئەوەی توخم و ڕەگەزی دیکتاتۆری و خۆبەزلزانیی زۆر تێدایە، هەمیشە پێی وایە خەڵک قەرزباری ئەون، بۆیە لە پێناو هەر هەنگاوێکی خۆیدا منەتێک بەسەر خەڵکدا دەکات، بەڵام دەسەڵاتدارێکی خەڵکیانە و خۆمانە و دیموکرات، هەمیشە خۆی بە قەرزباری خەڵکەکەی دەزانێ. بەڵێ دیسان پێداگرانە دەڵێم، ژیانی بەرپرسانی حکوومی لەگەڵ ژیانی خەڵکە ئاساییەکەی کوردستان مەوداکەی زەوی و ئاسمانە (لەوانەیە تاقمێکی زۆر کەمیان وا نەبن). وەرن سەیرێکی ژیانی بەرپرسە حکوومییەکانی وڵاتێکی وەک سوید و فەڕەنسا و ئەڵمانیا و بە گشتی وڵاتە پێگەیشتووەکان بکەین و ئەوان بکەینە سەرمەشق و سەرچەشنی خۆمان، نەک دەسەڵاتی ئەو عەرەبە ورگنانەی وا دەوروبەرمانیان تەنیوە.

سوودی خوێندنەوەی ئەم کتێبە:

ئەو کتێبە بە بەڵگەوە پێمان دەڵێ: ئەو دەسەڵاتەی خەڵکیانە بێ، ڕووخانی ئەستەمە، لەبەر ئەوەی کەلێنەکەی نێوانی لەگەڵ خەڵکدا زۆر کەمە و خەڵک بە دەسەڵاتی خۆیانی دەزانن و لە پێناو پاراستنیدا خۆ لەبەر تاڵترین و ڕەشترین

ڕۆژەکان ڕادەگرن، بەڵام ئەگەر کەلێنی نێوان ژیانی دەسەڵاتداران و خەڵکەکە زۆر بێ، بە دڵنیاییەوە خەڵکەکە ڕووخانی ئەو دەسەڵاتە نەک بە مەترسی، بگرە بە دەستکەوتێکی مێژوویی دادەنێن. لەم کتێبەدا زۆر جوان پەنجە لەسەر ئەو خاڵەمێژوویی و چارەنووسسازانە دانراوە کە ئەگەر دەسەڵاتداران تێیدا لە بری ئەوەی مشووری بەرژەوەندییەکانی خۆیان بخۆن و سوود و قازانجە شەخسییەکانیان بخەنە سەرووی بەرژەوەندی گشتییەوە، گرنگییان بە ویست و داخوازییەکانی خەڵک دابوایە، ئەوا هەل و دەرفەتەکانیان بەسانایی نەدەدۆڕاند. بەتایبەتی لەو بەشانەدا کە بەرپرسان و بڕیاردەرانی دەسەڵات، پلە و پۆستەکانیان بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان بەکار ناهێنن، بەڵکو دەیکەنە ئامرازێک بۆ خۆدەوڵەمەندکردن و بازرگانی و خزمخزمێنە و پشتگوێخستنی خەڵک.

لەوە پتر نامەوێ بچمە نێو ناوەرۆکی کتێبەکەوە و وردبوونەوە و تێڕامان لەو بابەتە هەستیارانە بۆ تۆی خوێنەر بەجێ دەهێڵم، بەو هیوایەی کوردستانی داهاتوومان کوردستانێکی پڕ لە یەکسانی و دادپەروەری بێت و لە کاتی تەنگانە و تەنگ و چەڵەمەکاندا، هەمووان وەک هەمیشە بەگیانی پێشمەرگانەوە خۆمان بە بەرپرسیار بزانین و کەس نەڵێ: جا بە من چی، کێ دەیخوا، با ئەو بچێتە پێشەوە.

***

قسەیەکی تاڵ بۆ دەسەڵاتداران

کە لەشکری عەرەب لەسەردەمی خەلیفەی دووەمی موسوڵماناندا هاتنە سەر کەوشەن و سنوورەکانی ئیمپراتۆریی ساسانی خۆیان خەڵکێکی ڕەشووڕووت بوون و نە هێندەی سوپا و سەربازی ساسانی پۆشتەوپەرداخ بوون و نە هێندەی ئەوانیش زۆر بوون. بەڵام توانییان ئیمپراتۆرییەکی ئاوا گەورە و مەزن تێک بشکێنن. پرسیارەکە ئەوەیە، بۆ؟

جگە لەوەی ساسانیەکان وەک زەروو خوێنی خەڵکەکەی بن دەسەڵاتی خۆیانیان مژیبوو. لە مەیدانی شەڕێشدا بەپێی شایەتی و بەڵگەمێژووییەکان،

جیاوازیی نێوان سەرکردە و فەرماندەکانی شەڕ و سەربازەکان لە باری خواردن و جلوبەرگەوە ئەوەندە زۆر بووە، کورد واتەنی عەرز و ئاسمان بووە.

***

لەسەر وەرگێڕانەکە:

هیچ بەرهەمێکی دەستی ئادەمیزاد بێ کەموکووڕی نییە. ئەوپەڕی هەوڵی خۆمم داوە زمانی وەرگێڕانەکەم، زمانێکی سادە و ساکار بێ و هەموو خوێنەرێکی کورد بەبێ گرێ بتوانێ لێی تێبگا و بەشی خۆی لێ هەڵکرێنێ. خۆ ئەگەر کەموکورتییەکیش هەبێ، هەر کەس دڵسۆزانە هەڵەوپەڵەم بۆ ڕاست بکاتەوە منەتبارم دەکا.

**یەکێک لە دیاردە هەرە بەرچاوەکانی سەرانسەری مێژوو بەبێ لەبەرچاوگرتنی زەمان و شوێن، ئەوەیە کە حکوومەتەکان کامە سیاسەت دژی بەرژەوەندییەکانیانە، ئەویان دەگرنە بەر. وا دیارە مرۆڤ لەچاو هەموو بوار و کردەوەکانی ، پتر لە دەسەڵاتدارێتیدا بێتەگبیری و نەشیاوبوونی خۆی دەنوێنێ*. ئاوەز کە دەکرێ ناوی بنێی داوەری و هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای ئەزموون و ئەقڵێکی تۆکمە و زانیارییەکان، لە دەسەڵاتدارێتیدا زۆر بەدەگمەن کاری پێ دەکرێ، و زۆربەی جاران ناکام و بێهیوا دەمێنێتەوە. باشە بۆچی دەسەڵاتدارەکان بەپێچەوانەی ئاوەز و بەرژەوەندیی ژیرانەی خۆیان دەجووڵێنەوە؟ بۆچی ئاوەز هێندە بەدەگمەن دەخرێتە گەڕ؟**

با لە سەرەتاوە دەست پێبکەین: دەسەڵاتدارەکانی "ترۆی" جا هەرچۆنێکی لێکی بدەینەوە، دەبوایە گومانیان کودبایە لەوەی یۆنانییەکان فێڵێکیان لەبن سەریدایە. ئەی باشە بۆچی لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ئەسپەدارینە گوماناوییەیان ڕاکێشایە نێو قەڵاکەی خۆیانەوە؟ بۆچی وەزیرەکانی جۆرجی سێیەم، یەک لە دوای یەک لەبری ئاشتبوونەوە و دۆستایەتی لەگەڵ کۆچەرەئەمریکییەکان، دایانپلۆسین و زۆریان بۆ هێنان؟ مەگەر ڕاوێژکارەکانیان چەند جاران لێیان دووپاتە نەکردبوونەوە و نەیانگوتبوو:" بە دڵنیاییەوە ئەو زیانەی تا ئێستا کەوتووەتەوە ، زۆر زیاترە لەو قازانجەی پێتان وایە لێی دەکەوێتەوە" ؟ ئەی باشە کارلی دوازدەیەم "پادشای سوید" و ناپلیۆن و دوای ئەوانیش هیتلەر، سەرەڕای ئەو بەڵا و نەگبەتییەی بەسەر پێش ێانیان هاتبوو ، بۆچی دیسان پەلاماری ڕووسیایان دایەوە؟ بۆچی مۆنتزۆما، پێشەنگی سوپایەکی وا بەسام و هەیبەت و بەخوێنتینوو و فەرمانڕەوای شارێکی سێسەدهەزار کەسی،

---

*کوردوکورمانجییەکەی ئەوەیە:"وا دیارە مرۆڤ لەهیچ بوار و چالاکییەکیدا، هێندەی دەسەڵاتداریی، بێمشوور نییە".

دەستەوستان خۆی ڕادەستی چەند سەد کەسێکی پەلاماردەر کرد ــ تەنانەت دوای ئەوەی پەلاماردەرەکان ڕوون و ئاشکراش دەریانخست بنیادەمن و خوا نین؟ ئەی چیانگ کای شەک، بۆچی گوێی لەو دەنگە وشیارکەرەوانە یان داواکانی خوازیارانی ڕیفۆرم ڕانەگرت و گوێی نەدانێ و تا بەخەبەر هات، سەیری کرد وڵات تێداچووە؟ بۆچی ئەو وڵاتانەی نەفت هاوردە دەکەن، لەسەر ئەو نەفتەی هەیە دەکەونە هەڤرکێ و کێبەرکێ؟ لە حاڵێکدا بەرەیەکی تۆکمە و قایم لە هەمبەر هەناردەکەرەکاندا، جڵەو و کۆنترۆڵی دۆخەکەیان لەبەردەست دادەنێن؟ بۆچی لەو ساڵانەی دواییدا ڕێکخراوە کرێکارییەکانی بەریتانیا وەک شێتان، هەر جار نە جارێک وڵاتەکەی خۆیان تووشی وەستان دەکەن، هەر دەڵێی خۆیان بە پاژێکی ئەو گشت(کۆ)یە دانانێن؟ بۆچی خاوەن پیشە و بازرگانە ئەمریکییەکان، ئەوەندە پێداگر و سوورن لەسەر خۆزەبەلاحکردن"گەورەبوونەوە"، لەحاڵێکدا بە ئاشکرایی سێ فاکتەر و هۆکاری بنەڕەتیی ژیان لەسەر ئەم گۆی زەوییە واتە "زەوی، ئاو و هەوای خاوێن"، بەرەو نەمان دەبەن؟ (دیارە ڕێکخراوە کرێکارییەکان و دامەزراوە پیشەیی و بازرگانییەکان، ڕێک بە واتای سیاسیی دەسەڵات نین، بەڵام پێگەیەکی وەک دەسەڵاتیان هەیە)

مرۆڤ لە دەسەڵاتدارێتیدا نەبێ، لە هەموو بوارەکانی دیکەدا ئامرازی سەرسووڕهێنەری داهێناوە و ئافراندووە: هەر لەم سەردەمەی خۆماندا، ئامرازەکانی بەجێهێشتنی گۆی زەوی و سەفەرکردن بۆ مانگی داهێناوە و لە ڕابردووشدا "با" و "کارەبا"ی جڵەو و کۆنترۆڵ کردووە و ئەو بەردانەی کۆیلەی زەوی بوون، لەسەر یەکی داناون و کڵێسەی گەورەی وای پێ دروست کردوون، سەر لە هەوران دەسوون. لەو تانوپۆیەی "کرم" بە دەوری خۆیدا دەتەنێ، قوماشی زێڕکفتی چنیوە و ئامێری مۆسیقای دروست کردووە و وزەی بزوێنەری لە هەڵم وەرگرتووە و نەخۆشی و پەتای بنەبڕ، یان جڵەو کردووە. دەریای باکووری کشاندووەتەوە وڕووبەری خاکی خۆی پێ زیاد و بەرین کردووەتەوە. جۆرەکانی بوونەوەری سرووشتیی ڕیزبەند کردووە و مەتەڵ و نهێنییەکانی گەردوونی هەڵێناوە. جۆن ئەدامز، دووەمین سەرکۆماری

ئەمریکا دانی بەوەدا دەنا: "لە حاڵێکدا هەموو زانستەکانی دیکە پێشکەوتنیان بەخۆوە دیتووە، کەچی زانستی دەسەڵاتداریێتی هەر لەجێی خۆی چەقیوە و هەنووکەش هیچ لە چوارهەزار ساڵ لەوەپێش باشتر بەڕێوە ناچێ".(١)

چوار شێوازی دەسەڵاتداریێتیی خراپ هەیە و جاری وایە تێکەڵەیەکە لە هەر چوار جۆرەکەی:

١- سەرەڕۆیی یان زوڵم و داپڵۆسین، کە مێژوو ئەوەندە پڕە لەو جۆرە، نموونەکانی زۆر بەرچاون و پێویستی بە بەڵگە و نموونەهێنانەوە نییە

٢- دەسەڵاتخوازیی بێسنوور، وەک هەوڵ و تێکۆشانی ئەس بۆ گرتنی سیسیل لە جەنگی پلۆپۆنزیدا، یان هەوڵەکانی فیلیپی دووەم بۆ گرتنی بەریتانیا بە پشتیوانیی پاپۆڕەجەنگییەکانی، یان دووجار هەوڵدانی ئەڵمانیا بۆ زاڵبوون بەسەر ئەورووپادا، کە لەخۆوە پێی وابوو ڕەچەڵەک و نەژادی خۆی لە هەمووان ڕەسەنترە، یان هەوڵی ژاپۆن بۆ ئەوەی ببێتە جۆرە ئیمپراتۆرێکی ئاسیایی.

٣- بێئاوەزیان* یان داڕووخان، وەک بەسەرهاتی ئیمپراتۆریای ڕۆمی کەونارا و دوایین قەیسەرەکانی ڕۆژمانۆفی ڕووسیا و دوایین ڕەچەڵەکەکانی ئیمپراتۆریای ئاسیایی

٤- دواجار سووربوون لەسەر بیروڕای چەوت ، کە ئەم کتێبە باسی دەرکەوتەیەکی تایبەتە لەم بابەتەیان، واتە پەیڕەو ی لە سیاسەتگەلی دژ بە بەرژەوەندییەکانی خەڵک و وڵاتەکەی خۆیان. مەبەست لە بەرژەوەندی، هەموو ئەو شتانەیە کە تەناهی و سوودی خەڵکی ژێر دەسەڵاتەکەی لێ بکەوێتەوە و مەبەستیش لە بێئاوەزی ، هەڵبژاردنی سیاسەتگەلێکە، کە ئەم ئامانجە هەڵوەشێنێتەوە

لەم تاوتوێکردنەدا سیاسەتێکمان بە بێئاوەزی داناوە، کە سێ مەرجی هەبێ:
یەکەم/ ئەوەی نەک هەر لە ڕوانگەی ئێستاوە سەیری ڕابردوو بکا، بگرە لە سەردەمی خۆیشیدا بە دژە ئامانج لەقەڵەم درابێ. ئەوە گرنگە، چونکە هەموو سیاسەتێک بەپێی دابونەریتی سەردەمی خۆی دادەڕێژرێت. قسەکەی ئەو

مێژوونووسە بەریتانییە چەند جوانە، کە دەڵێ:"هیچ شتێک لەوە ناهەقتر نییە، کە بە پێوەر و بیرۆکەکانی ئەمڕۆ ڕابردوو هەڵسەنگێنین." هەرچی باسی ئەخلاق بکرێت، مشوورخۆریی سیاسی بێ ئەملاوئەولا لە گۆڕاندایە...."(٢) بۆ خۆبواردن لە هەڵسەنگاندن و داوەریکردن بەپێی پێوەر و بەهاکانی ئێستا، دەبێ لە شێوەی بیرکردنەوەی ئەو سەردەم تێبگەین و تەنیا لەو ڕووداوگەلە بکۆڵینەوە کە خەڵکی ئەم سەردەمە دەزانن چەندە زیانیان بۆ بەرژەوەندییەکانی خەڵک هەبووە.

دووەم ئەوەیکە، دەبێ ڕێگەیەکی دیکە جگە لەو ڕێیەی پێشوو هەبووبێ. مەرجی سێهەمیش ئەوەیە ــ بۆ دەربازبوون لە کێشەی کەسایەتی ــ سیاسەتی گۆڕین دەبێ سیاسەتی گرووپێک بووبێ، نەک تاکەکەسێکی دەسەڵاتدار، جگە لەوەش پتر بووبێ لە تەمەنی سیاسیی یەک کەس. دەسەڵاتی خۆاپی پادشایەک یان دیکتاتۆ ڕێک نموونەی ئەوەندە زۆر و باوە و ئەوەندەش ڕەهەندی تاکەکەسیی هەیە، کە شیاوی توێژینەوەیەکی گشتی نییە. دەسەڵاتی بەکۆمەڵ،، یان بەدوای یەکدا هاتنی دەسەڵاتداران لە پلەیەکدا، بۆ نموونە وەک پاپاکانی ڕینێسانس، بابەتێکی گرنگترمان دەخاتە بەردەم. (ڕووداوی ئەسپەکەی ترۆی، کە لە لاپەڕەکانی دواتردا تاووتوێی دەکەین، شتێکی ناوازەیە لە مەرجی درێژایی زەمەندا و ڕووداوی ڕەحۆبعامیش ناوازەیەکە لە ویست و داخوازیی بەکۆمەڵ، بەڵام هەر کامەیان نموونەیەکی ئەوەندە بەناوبانگن و ئەوەندەش لە سەرەتای مێژووی نووسراوی حکوومەتەکاندا ڕووی داوە، کە دەریدەخات دیاردەی گەمژەیی و بێمشووری چەندە قووڵ بووەتەوە.

گەمژەیی زەمان و شوێن ناناسێت، بێ زەمەن و جیهانگیرە ــ ئەگەرچی بیر و باوەڕەکانی هەر سەردەم و شوێنێک، بیچمێکی دیار و تایبەتی پێ دەدەن، ئەوە (گەمژەیی) پەیوەندیی بە جۆری دەسەڵاتەوە نییە. دەکرێ لە پادشایەتیش هەبێت و لە دەسەڵاتی کەمینەیەکی دەسەڵاتخواز(ئۆلیگارشی) و لە دیموکراسیشدا. تایبەتی نەتەوە یان توێژێکی تایبەتیش نییە. چینی کرێکار و دەسەڵاتە کۆمۆنیستییەکەی نوێنەری ئەو چینە، هەر وەک مێژووی هاوچەرخ

نیشانی دا، کە دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو ژیرانەتر یان کارامەتر لە چینی ناوەندی نەجووڵانەوە.

لەوانەیە بکرێ لە زۆر لایەنەوە تاریفی مائۆتسێ تۆنگ بکەین، بەڵام "قەڵەمبازی گەورە بەرەوپێشەوە" و سیاسەتی "لە حەوشەی هەرماڵێکدا کارگەیەکی ئاسن تواندنەوە" و شۆڕشی فەرهەنگی، کۆمەڵێک بڕیاری گەمژانە بوون، کە ئەگەر نەشڵێین زیانی لە ناوبانگ و ئابڕووی دەستەی سەرۆکایەتیی چین دا، زیانێکی زۆری بە پێشکەوتن و سەقامگیریی وڵاتەکەیان گەیاند. ئەستەمە بڵێی پرۆلتاریاش لە ڕووسیا لەسەر تەختی دەسەڵات ژیرانە جووڵاوەتەوە. ئەگەرچی دوای شەست ساڵ دەسەڵاتگەری، دەکرێ بڵێی جۆرە سەرکەوتنێکی وەحشیانەی دەستەبەر کردووە. ئەگەر زۆربەی ڕووسییەکان لەچاو ڕابردوو باری مادی و ژیانیان باشترە، بەڵام ئەو نرخەی بە شێوەی زوڵم و زۆر و دیکتاتۆریەت لەپێناویدا داویانە، نەک لە هیی سەردەمی قەیسەرەکان کەمتر نەبووە، بگرە زیاتریش بووە.

شۆڕشەکەی فەڕەنسا نموونەیەکی مەزنی دەسەڵاتی خەڵکی بوو بەڵام زۆری نەبرد هەر لەگەڵ ئەوەی بەڕێوەبەرێکی بەتوانای لێ هەڵکەوت، گەڕایەوە سەر دەسەڵاتدارێتیی پادشایەتیەکەی. ڕژێمە شۆڕشگێڕییەکانی ژاکۆبنەکان و "دەستەی بەڕێوەبەری" (دیراکتوار) ئەوەندە بەدەسەڵات بوون کە توانیان بەرهەڵستکارە ناوخۆییەکانیان بنەبڕ بکەن و دوژمنە دەرەکییەکانیشیان تێک بشکێنن، بەڵام نەیانتوانی لایەنگرەکانی خۆیان وا ڕێک بخەن، کە بتوانن ڕەوشی ناوخۆیان سەقامگیر بکەن و دامودەزگایەکی ئیداریی شیاو دامەزرێنن، یان پیتاک(ماڵیات) کۆ بکەنەوە. لە ڕاستیدا شەڕەکانی بوناپارت و هاوکات لێوەشاوەیی ئەو لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا، دۆخە نوێیەکەی ڕزگار کرد، لەبەر ئەوەی بەو دەستکەوتانەی لە شەڕەکان دەیهێنانەوە، خەزێنەکانی پڕ کرد. ناپلیۆن کاربەدەستەکانی حکوومەتەکەی لە سەر بنەمای "بەرزکردنەوە بەپێی بەهرە و توانا"، واتە زیرەکی و لێوەشاوەیی و شێلگیری، هەڵدەبژارد. ئەو سیاسەتە ماوەیەک کاریگەر بوو هەتا ئەو جێیەی ئەویش بوو بە قوربانیی

لووتبەرزی و لەخۆباییبوون و لە سای بەرزەفڕییە بێسنوورەکەیدا سەری خۆی خوارد.

لەوانەیە بپرسن، باشە خۆ پێداگرتنەوە لەسەر بیرکردنەوەی چەوت یان بێئاوەزی بەشێکە لە زاتی مرۆڤ و لەخوێنیدایە، ئەی دەکرێ چاوەڕوانییەکی دیکەت لە حکوومەتەکان هەبێ؟ ئەوەی جێی نیگەرانییە ئەوەیە، کە بێئاوەزیی حکوومەت لە چاو بێئاوەزیی تاکەکەسی، کاریگەرییەکی قووڵتر لەسەر خەڵکێکی زیاتر دادەنێت. هەربۆیە حکوومەتەکان ئەرکێکی قورستریان لەئەستۆیە کە بەپێی ئەقڵ و ئاوەزی خۆیان بجووڵێنەوە. ئەوە ڕاستە، بەڵام مرۆڤ کە لە کۆن کۆنەوە ئەوەی زانیوە، ئەی بۆچی خۆیان نەپاراستووە و لەمپەرێکیان لەبەردەم دانەناوە؟ دیارە لەو بوارەدا زۆر هەوڵیش دراوە: یەکەم هەوڵ پێشنیارەکەی ئەفلاتوون بوو کە چینێک هەڵبژێرین و لە نێو تاکەکانی ئەو چینەدا پیاوانی لێوەشاوە بۆ دەسەڵاتداری پەروەردە بکەین. بەپێی ئەو گەلاڵەیە، تاکەکانی چینی دەسەڵاتدار لە هەموو کۆمەڵگایەکی دادپەروەریخوازدا دەبێ پیاوگەلێکی ژیر و بلیمەت بن، کە هونەری دەسەڵاتدارییان فێر کرابێ. ئەفلاتوون دەیزانی ئەو جۆرە کەسانە دەگمەنن، هەر بۆیە باوەڕی وابوو دەبێ لەڕێگەی چاککردنی نەژاد و ڕەچەڵەکەوە پەروەردە بکرێن. ئەو دەیگوت حکوومەت هونەرێکی تایبەتە، کە وەکوو هەر پیشەیەکی دیکە تەنیا لە ڕێگەی پەروەردە و ڕاهێنانەوە دەکرێ شیاوی بەدەستەوەگرتنی بیت و لەوە زیاتر هیچ ڕێگەیەکی دیکەی نیە. ئەو ڕێکارە ئەستەمەی ئەو بیری لێ کردبۆوە، پادشایەتیی فەیلەسووفەکان بوو. "لە شارەکانی ئێمەدا دەبێ فەیلەسووفەکان ببنە پادشا و ئەوانەی ئێستا میر و دەسەڵاتداران، دەبێ وەک فەیلەسووفی ڕاستەقینە وەشوێن حیکمەت بکەون، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەوە دەسەڵاتی سیاسی و حیکمەتی ئەقڵانی لێک متوربە بن." ئەوەشی لێ زیاد دەکا، هەتا ئەو ڕۆژە وەدی نەیە، "شارەکان و پێم وایە هەموو وەچەی مرۆڤیش لە چەرمەسەری و کوێرەوەری ڕزگار نابێ"(۳) هەر واش بووە.

کەللەڕەقی، سەرچاوەی خۆخەڵەتاندنە و لە حکوومەتدا ڕۆڵێکی زۆر گەورەی هەیە و بریتییە لەوەی ڕەوش و دۆخەکان بەپێی بیرکردنەوەی نەگۆڕ

و لەپێشدا دارێژراو هەڵسەنگێنین و نیشانە و هێما بەرهەڵست و دژەکان پشتگوێ بخەین، یان ڕەتیان بکەینەوە و چۆنی حەزمان لێیە وا بجووڵێینەوە و مل بۆ ڕاستییەکان شل نەکەین. یەکێک لە مێژوونووسەکان هەوێن و کاکڵی کەللەڕەقیی لە وتەیەکدا دەربارەی فیلیپی دووەم پادشای ئیسپانیا و سەردەستەی پادشا کەللەڕەقەکان، خستووەتەڕوو:"ئەزموونی هیچ شکستێک، بەردی بنچینەی باوەڕی ئەوی لەرزۆک نەدەکرد، کە پێی وابوو باشترین سیاسەتی گرتووەتە پێش."(٤)

یەکێک لە نموونە بەرچاوەکانی کەللەڕەقی لە کردەوەدا "نەخشەی ١٧"، واتە گەڵاڵە جەنگییەکەی فەڕەنسییەکان لە ١٩١٤دا بوو کە تەنیا و تەنیا لەسەر بنەمای هێرش و پەلامار دارێژرابوو. بەپێی ئەو گەڵاڵەیە، چیی هێز و جبەخانە بوو بۆ پێشڕەویی فەڕەنسییەکان لە ناوچەیڕاین کۆ دەکرانەوە و باڵی چەپی فەڕەنسا بێ بەرگری دەمایەوە. پاساو بۆ ئەو ستراتیژییە، هەر ئەو باوەڕە وشک و نەگۆڕە بوو کە پێیان وابوو ئەڵمانییەکان ناتوانن ئەوەندە خەڵک بێننە شەڕگەوە، کە لە ڕۆژاوای بەلژیک و پارێزگاکانی کەناری فەڕەنساوە هێرش بێنن. ئەو گریمانەیەش بەنۆرەی خۆی لەسەر بنەمای باوەڕێکی وشک و چەقبەستووی دیکە دامەزرابوو کە پێی وابوو ئە ڵمانییەکان هەرگیز هێزی پشتیوان ناهێننە هێڵی پێشەوەی شەڕگە. بەڵگەی دژی ئەو بۆچوونە لە ١٩١٣دا وردە وردە لە نێو بنکەی سوپای فەڕەنسادا خەریک بوو تەشەنەی دەکرد، بەڵام وایان دانابوو پێداگرانە پشتگوێی بخەن (و پشتگوێشیان خست) بۆ ئەوەی خەمی ئەگەری پە لاماری ئە ڵمانییەکان لەلای ڕۆژئاواوە، نیگەرانی نەنێتەوە و نەبێتە هۆی ئەوەی هێزەکانیان بەلای ڕۆژهەڵاتدا بەرن و نەشبێتە لەمپەر و ڕێگر لەوەی فەڕەنسا ڕاستەوخۆ هێرش بکاتە سەر ناوچەیڕاین. کە شەڕەکەش هەڵاییسا، ئەڵمانیەکان سەلماندیان دەتوانن هێزی پشتیوانیش بێننە هێڵی پێشەوەی شەڕگە (و واشیان کرد) و بەدەوری فەڕەنسادا سوورانەوە و لە بەری ڕۆژئاواشەوە هاتن و لە ئاکامدا شەڕێکی دوورودرێژی لێ کەوتەوە و زۆر کارەسات و لێکەوتەی سامناکی بۆ سەدەی ئێمە بەدوای خۆیدا هێنا.

کەللەڕەقی، ملبادان و خۆبواردن لە دەرسوەرگرتن لە ئەزموونەکانیش دەگرێتەوە، تایبەتمەندییەک کە دەسەڵاتدارانی سەدەی چواردەیەم لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تێیدا یەکەم بوون. دابەزینی نرخی دراو گەلێ جاران بە ئاشکرایی ئابووریی تێک دابوو و خەڵکی تووڕە کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا پادشاکانی بنەماڵەی ڤالوا لە فەڕەنسا هەر جارێکی پارەیان لێ دەبڕدرا، پەنایان بۆ ئەو چەکە دەبرد هەتا ئەوەی چینی بۆرژۆوایان ڕاپەڕاند. کەللەڕەقی لە جەنگیشدا، کە کاروپیشەی چینی دەسەڵاتدارە، ڕوون و ئاشکرا دیارە. لەشکرکێشان و پەلامارەکانی وەک هێرشی بەریتانیا بۆ سەر فەڕەنسا و شەڕی سەد ساڵە کە تێیدا سوپا دەبوو بە تالان و بڕۆی وڵاتی داگیرکراو پێداویستییەکانی خۆیان دابین بکەن، بەردەوام هەژاری و برسێتیی لێ دەکەوتەوە و ئەگەرچی لێشیان سوور بوو ئەو چارەنووسەیان هەر لەپێشە، دیسانیش لە لەشکرکێشان و پەلامار هەر بەردەوام بوون.

لەسەرەتاکانی سەدەی حەڤدەیەمدا، پادشایەک لە ئیسپانیا هەبوو بەناوی فیلیپی سێیەم، کە بە تەوژمی "تا" مرد. دەڵێن ئەوەندە لە تەنیشت مەقەڵیی ئاگر دانیشت هەتا ئەو "تا"یەی پێوە نووسا. چونکە کاتێ بەرپرسی لابردنی مەقەڵییەکەیان بانگ کرد، لەوێ نەبوو و شا بە داماوی دانیشت هەتا گەرماکە لەپەلوپێی خست. وا دیارە مرڤ لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا چیی نەماوە بگاتە ئەو قۆناغەی کەرێتی و گەمژەیی خۆکوشتن. نموونەکان ئەوەندە زۆرن، کە هەر ئەوەندە بەسە ئەوی هەرەگرنگیان هەڵبژێرین. باشە بۆچی زلهێزەکانیش کەرەستە و ئامرازەکانی خۆکوشتنی مرۆڤ بەلاوە نانێن؟ بۆچی ئێمە هەرچی توانا و لێوەشاوەیی هەمانە، تەرخانی دەکەین بۆ ئەوەی بزانین کێ هەڤرکێی چەکوچۆڵ دەباتەوە؟ لە حاڵێکدا ئەو سەرکەوتن و بردنەوەیە ئەوەندە کاتی و تێژتێپەڕە شیاوی بەدەستهێنان نییە! باشە بۆچی لەبری ئەوە، هەوڵ نادەین لەگەڵ خەنیم و بەرامبەرەکەمان ڕێک کەوین و لەبری شێوەی مەرگ، شێوەی ژیان بگرینە بەر؟

لە دووهەزار و پێنجسەد ساڵی ڕابردوودا، فەیلەسووفە سیاسییەکان هەر لە ئەفلاتوون و ئەرەستۆوە بگرە تا دەگاتە تۆماس ئاکویناس و ماکیاڤێللی و هۆبز

و لاک و ڕۆسۆ و جیفرسۆن و مەدیسۆن و هامیلتۆن و نیچە و مارکس، بەشی هەرە زۆری بیر و هزری خۆیانیان بۆ مەسەلە ئەخلاقی و دەسەڵاتدارییەکان و پەیمانی کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ و گەندەڵیی دەسەڵات و هاوسەنگیی نێوان ئازادی و تەکووزی(دسیپلین) تەرخان کردووە. لە نێو ئەوانەدا، جگە لە ماکیاڤێللی، کە حکوومەت چۆنە ئاوای بیر لێ دەکردەوە، نەک ئەوەی کە دەبێ چۆن بێ ــ ئەوانیتر دەگمەن کەسێکیان گرنگییەکی ئەوتۆی بە مەسەلەی بێئاوەزی و گەمژەیی داوە. لە حاڵێکدا بێئاوەزی لە کۆنی کۆنەوە کێشەیەکی گشتگیر و لێگرەوە بووە. کۆنت ئاکسل ئۆکسێنس تیرنا، گەورە ڕاوێژکاری سوید لە جەنگە و گەرمەی جەنگی سی ساڵەی سەردەمی پادشایەکی پڕ جموجۆڵی وەک گۆستاڤۆس ئادلفۆس و لە پۆستی فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی وڵاتیشدا لەسەردەمی پادشایەتیی کچەکەی ئەودا (شاژن کریستینا)، ئەو دەمەی لەسەرەمەرگدا بوو بەرهەمی ئەزموونە بەربڵاوەکانی خۆی ئاوا کورت کردەوە:

"کوڕم ئاگادار بە، لە فەرمانڕەوایەتیدا، زۆر بە کەمی سوود لە ئەقڵ و ئاوەز وەردەگیردرێت."(*)

لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی تاکەکەسی، لە ماوەیەکی دوورودرێژدا دەسەڵاتدارێتییەکی باو بوو نیشاندەری ئەو جۆرە لە خەسڵەتە تایبەتییەکانی مرۆڤە، کە بە شایەتیی بەڵگە مێژووییەکان بەردەوام بووەتە هۆی بێئاوەزی لە دەسەڵاتدا. ڕەحۆبعام پادشای ئیسراییل، کوڕەکەی حەزرەتی سلێمان، دەوروبەری ٩٣٠ی بەر لە زایین، واتە سەدەیەک پێش ئەوەی هۆمێرووس سەربردەی پاڵەوانێتیی خەڵکەکەی خۆی بهۆنێتەوە، لە تەمەنی چل و یەک ساڵیدا جێی باوکی گرتەوە و دەمودەست کارێکی ئەوەندە گەمژانەی کرد، کە دووبەرەکیی خستە نێو گەلەکەیەوە و "دە هۆزە"ــەکەی باکووری، کە لەسەر یەک پێی دەگوترا ئیسراییل، بۆ هەمیشە لەدەست دا. زۆربەی ئەو هۆزانە، لە چنگ ئەو پیتاک و باڵیاتە قورسانەی لەسەردەمی حەزرەتی سلێماندا خرابووە سەرشانیان و بە سۆخرە و بێگاری لێیان وەردەگرتن، وەزاڵە هاتبوون و لەسەردەمی ئەودا هەوڵیان دابوو جیا ببنەوە، لە دەوری یەکێک لە

سەردارەکانی سلێمان بە ناوی یەرۆبعام (پیاوە ئازاکەی شەڕ) کۆ ببوونەوە. ئەو بە پشتبەستن بە بەربێژییەک کە لە داهاتوودا دەبێتە دەسەڵاتداری (دە هۆزەکە)، ڕێبەرایەتیی شۆڕشەکەی گرتە ئەستۆ. خواوەندیش لە ڕێگەی کەسێکەوە بەناوی ئەخیای شیلۆهی ئەو پەیامەی پێ ڕاگەیاند، بەڵام دەور و ڕۆڵی خوای گەورە لەو ڕووداوەدا، چ ئەو کاتە و چ دواتریش، ناڕوونە و دیارە ئەوانەی گێڕاویانەتەوە لێیان زیاد کردووە و پێیان وابووە دەبێ خوای گەورە وای دانابێ. شۆڕشەکە شکا، یەرۆبعام ڕایکردە میسر و شیشەق، میری میسر دالدەی دا.

ڕەحۆبعام، پادشای بێ فڕوفیشاڵی هۆزەکەی باشوور واتە یەهوودا و بەنیامین، هەر لەگەڵ ئاگادار بۆوە کە ئیسراییل ئاژاوەی تێکەوتووە، بۆ وەرگرتنی بەیعەت و هاوپەیمانی لە خەڵکەکە، دەسبەجێ بەرەو بەشکیمی ناوەندی باکوور کەوتە ڕێ. وەفدێک بە نوێنەرایەتیی خەڵکی ئیسراییل بەپیرییەوە هاتن و داوایان لێکرد ئەو کۆت و نیرە قورسەی بێگاری کە باوکی لە ئەستۆی کردبوون، لەسەریان سووکتری بکا بۆ ئەوەی ئیسرایلییەکان ببنە ڕەعیەتی وەفاداری ئەو. یەرۆبعامیش کە هەر لەگەڵ مردنی سلێمان بەدوویاندا ناردبوو و بەپەلە لە میسرەوە گەیشتبووە ئەوێ، لە نێو نوێنەرەکاندا بوو و هەبوونی ئەو لەوێ دەبێ ڕەحۆبعامی لەوە ئاگادار کرابێتەوە کە وەزعەکە شپرز و نالەبارە.

ڕەحۆبعام بە مەبەستی کات بەفیڕۆدان داوای لێکردن بڕۆن و سێ ڕۆژی دیکە بێنەوە و وەڵامەکەیان وەرگرنەوە و لەو مەودایەشدا تەگبیری بە ڕدێن سپی و متمانەپێکراوەکانی باوکی کرد. هەر هەموو داوایان لێکرد، مل بۆ داواکەی خەڵک شل بکا و گوتیان، ئەگەر بەنەرمونیانی لەگەڵیان بجووڵێیتەوە و قسەی خۆشیان بۆ بکەی، بۆ هەتا هەتایە بەندە و ملکەچی تۆ دەبن." بەڵام هەستی دەسەڵاتخۆشەویستی وا لە ناخی ڕەحۆبعامدا وەکوڵ هاتبوو ئەو ئامۆژگارییەی بە ترسنۆکی زانی و چوو پرسی بە کۆمەڵێک گەنج کرد کە لەگەڵ خۆیدا پەروەردە ببوون. ئەوانەش کە دەیانزانیڕەحۆبعام چۆن کەسێکە و وەک ڕاوێژکارەکانی هەموو سەردەمەکان کە دەیانەوێ شوێن و پێگەی

خۆیان لە ناوەندی دەسەڵاتدا پتەو بکەن، بە کەیفی دڵی ئەو قسەیان کرد. گوتیان هیچ پوان و ئیمتیازێک مەدە و ڕێک و بێ پێچ و پەنا بەو خەڵکە بڵێ: دەسەڵاتەکەی من نەک نەرمونیانتر بگرە زۆریش توندوتۆڵتر و توندوتیژتر دەبێت لە دەسەڵاتەکەی باوکم و قسەیەکی بەناوبانگیشیان بۆ نووسی. قسەیەک کە دەکرێ دروشمی هەموو دیکتاتۆرێک بێت:"دەبێ پێیان بڵێی، ئەگەر باوکم نیری یەخسیریی لە ملتان کرد، من نیرەکە قورستر دەکەم. ئەگەر باوکم بە قەمچی و مامزە لێی دەدان، من بە دووپشک تەمبێتان دە کەم." ڕەحۆبعام کەیفخۆش لەو ڕێوشوێنە دڕندانەیە، ڕۆژی سێهەم کە وەفدەکە هاتنەوە لای، چوو لەبەردەمیان ڕاوەستا و وەک چۆن گەنجەکان پێیان گوتبوو بێ کەم و زۆر ئاوا زبر قسەی لەگەڵ کردن.

ڕەحۆبعام هەر بە خەیاڵیشیدا نەهاتبوو کە لەوانەیە شوێنکەوتووەکانی بە ملکەچی و بێدەنگی ئەو وەڵامەی لێ قەبووڵ نەکەن. لە خۆڕاوە نییە کە لە مێژووی جوولەکاندا نازناوی "زۆر شێتی کەمئەقڵ"ـیان پێداوە. دیارە خەڵکی ئیسرایل بێشتر ساغ ببوونەوە کە ئەگەر وەڵامی داواکارییەکانیان نەدانەوە، چ ڕێگەیەک هەڵبژێرن. چونکە دەمودەست دەنگیان هەڵبڕی و هاواریان کرد: " ئیسراییل، بچنەوە نێو خێوەتەکانی خۆتان. ئێستاش ئەی داود، ئاگات لە ماڵەکەت بێ." ئیتر بەو جۆرە جیابوونەوەی خۆیانیان لە بنەماڵەکەی داود ڕاگەیاند.

ڕەحۆبعام لەو هەڵڵا و هەنگەمەیەدا، ئەوەندە گەمژانە ــ کە تەنانەت "کۆنت ئۆکسنەس تیرنا"شی تووشی سەرسووڕمان دەکرد ــ بڕیارێکی لە ڕادەبەدەر هاندەرانەی دا. داوای یارمەتیی لە "ئەدۆرام" فەرماندە، یان چاودێرەکەی هۆردووگای زۆرەملێ کرد. ئەو کەسەی پتر لە هەموان نوێنگەی ئەو کۆت و نیرە قێزەونە بوو. ڕەحۆبعام بەبێ ئەوەی هێزێکی یارمەتیدەریشی پێ بدات، ئەمری پێکرد دایانپلۆسێ. خەڵک ئەدۆرامیان سەنگ‌ەسار و بەردباران کرد و کوشتیان و پادشای گەمژەش بەپەلەپەل داوای عارەبانەکەی خۆی کرد و بە شڵەژاوی خۆی گەیاندە ئۆرشەلیم و لەوێ داوای یارمەتیی لە هەموو شەڕکەرەکانی یەهوودا و بەنیامین کرد بۆ یەکخستنەوەی دووبارەی

میللەتەکەیان بجەنگن. لەونێوەدا خەڵکی ئیس   ڕاییل یەرۆبعامیان بەپادشای خۆیان هەڵبژارد و ئەویش بیستودووساڵ پادشایەتیی کرد و      ڕەحۆبعام حەڤدەساڵ "و بە درێژایی ئەو ماوەیەش هەر شەڕیان لەنێواندا هەبوو..."

ئەو گرژییە دوورودرێژە هەردوو دەوڵەتەکەی لاواز کرد. ئەو هەرێمانەی کەوتبوونە ڕۆژهەڵاتی ئەردەنەوە واتە "مو ئاب ـ ئەدۆم، عەموون و ئەوانی دیکەش، کە داود داگیری کردبوون و پیتاکی لێ وەردەگرتن، هان دران سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن و ڕێگە بۆ پەلاماری میسر کرایەوە. شیشەق پاشا بە سوپایەکی گەورە و گرانەوە بنکەسەربازییە لەشکاننەهاتووەکانی سەر سنوورەکانی گرت و هەتا نزیک ئۆرشەلیم هات.ڕەحۆبعامیش بۆ ڕزگارکردنی شارەکە، چیی خەزێنەی زێڕ و ئاڵتوونی پەرستگەی "پەیکەرەی سلێمان" و کۆشکی پادشایەتی بوو هەر هەمووی  ڕادەستی دوژمنەکەی کرد. شیشەق تەنانەت چووە نێو پێگەڕ و کەوشەنی هاوپەیمانەکەی پێشووی خۆی واتە "یەرۆبعام"یش و هەتا موقەیدە چووە پێشێ، بەڵام دیاربوو لەبەر بێ تفاقی و نەبوونی کەلوپەل و کەرەستەی پێویست بۆ دامەزراندنی دەسەڵات لەوێ، وردەوردە بەرەو میسر گەڕاوە.

دوازدەهۆزەکەی ئیسراییل هەرگیز یەکیان نەگرتەوە. هەر دوو حکوومەتەکە دووبەرەکی و شەڕ وا بەرۆکی گرتبون، نەیانتوانی ئیمپراتۆرییە شکۆمەندەکەی داود و سلێمان بپارێزن، کە لە باکووری سووریاوە هەتا سنوورەکانی میسری داگرتبوو و بەسەر جادە و  ڕێگاوبانە نێودەوڵەتییەکانی کاروانچییەکاندا زاڵ بوو و لە ڕێگەی دەریای سوورەوە دەستی بە بازرگانیی دەرەکی ڕادەگەیشت. دوو حکوومەتە دوژمنەکە، جار بە جار بچووکتر بوونەوە و هەڵوەرین و لەپەڕوپۆ کەوتن و ئیتر هێزی ئەوەیان تێدا نەما لەبەردەم هێرش و پەلاماری دەرودراوسێکانیاندا خۆ بگرن.

دە هۆزی ئیسراییل دوای دووسەد ساڵ ژیانی لێکدابڕاویان، لە ساڵی٧٢٢ی پێش زاییندا کەوتنە بەردەستی ئاشوورییەکان و بەپێی سیاسەتی ئاشوورییەکان بەرامبەر گەلانی بەزیو و تێکشکاو لە مەملەکەتەکانی خۆیان وەدەرنران و بە زۆرەملێ پەرتەوازە کران و هیچ ئاسەوارێکیان لێ نەمایەوە و

وەک یەکێک لە شتە نەناسراو(مەجهول)ــە گەورەکانی مێژوویان لێهات و بوون بە بابەتی گومان و گریمانەی بێبڕانەوە.

سنووری دەسەڵاتی پادشایەتیی یەهوودا و یەک لەوان ئۆرشەلیم، هەروا نیشتمانی یەهوود بوو. ئەو وڵاتە ئەگەرچی جاری وابوو بەشی هەرە زۆری زەوییەکانی بەشی باکووری وەردەگرتەوە، بەڵام خۆی داگیر کرا، خەڵکەکەی دوورخرانەوە بۆ بابل، ئەوجار دیسان بووژایەوە، دوایی کێشەی نێوخۆیی و زاڵبوونی بێگانە و ڕاپەڕین و داگیرکردنی یەکتری و دووبەرەکی و دوورخرانەوەیەکی زیاتر و زوڵم و زۆر و گەڕەکی کەلیمیەکان (گێتۆ) و کۆمەڵکوژی ــ نەک سڕینەوە و پاکتاو. ڕێگەیەکی دیکە کە ڕەحۆبعام دەیتوانی بیگرێتە بەر، واتە ئەو ڕێیەی دەمڕاست و ڕدێن سپییەکان خستبوویانە بەردەمی کەچی سووک و سانا ڕەت کرابۆوە و تۆڵەیەکی وا توند و درێژخایەنی لەو گەلە کردەوە، کە ئاسەوارەکەی هێشتا دوای ٢٨٠٠ ساڵ هەر ماوەتەوە.

بێ ئەقڵییەکی دیکە، کە بووە هۆی داگیرکرانی مەکزیک، هێندەی ئەوە کاولکەر، بەڵام هۆکارەکەی جیاواز بوو. تێگەیشتن لە مەسەلەی ڕەحۆبعام ئاسانە. بەڵام ڕووداوەکەی مۆنترۆما دەیسلەمێنێ کە گەمژەیی و بێئەقڵی لە هەمووکاتێکدا شیاوی تێگەیتشن نییە و ناکرێ تێی بگەی. ئازتەک (ئەو وڵاتەی) مۆنتزۆما لە ١٥٠٢ــەوە هەتا ١٥٢٠ ئیمپراتۆری بوو وڵاتێکی دەوڵەمەند و خاوەن کولتوور و خۆیشی تاڵانچی بوو. پایتەختەکەی شارێک بوو لە نێوان چیاکاندا لە بانوو(فلات)ێکی دوور لە دەریا (شوێنی ئێستای مەکزیکۆ) شەست هەزار بنەماڵەی لێ دەژیا و لەسەر بناغەی دارین و تەپۆڵکە و گردی توورەکەڕێژ و دوورگەی بچووک لە نێو دەریاچەیەکدا دورست کرابوو. خانووەکانیان بە گەچ نەخشێنرابوون و پەرستگە و شەقامەکانیان نوقمی خشڵ و جوانکاری و شکۆ و پڕچەک و بەهێز. جەماوەری ئیمپراتۆرییەکە لەگەڵ خەڵکی وڵاتەداگیرکراوەکانیدا(کۆلۆنییەکان)، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا لێواری کەنداوی (مەکزیک) و لە ڕۆژئاواوە هەتا زەریای هێمنی داگرتبوو پێنج ملیۆن کەس بوو. دەسەڵاتدارانی ئازتەک لە زانست و هونەر و کشتوکاڵدا زۆر

پێشکەوتوو بوون، بەپێچەوانەوە ئایینەکەیان وەحشیانە بوو و ڕێوڕەسمی قوربانیکردنی بنیادەم تێیدا ئەوپەڕی خوێنڕێژی و لەوەدا بێوێنە بوو.
سەربازەکانی ئازتەک هەموو ساڵێک بۆ کۆیلەکردنی خەڵکی تازە و ڕاوی کەسانێک کە لە ڕێوڕەسمەکانیاندا بیانکەنە قوربانی و بۆ دابینکردنی خواردن و بژێوی ژیانیان کە هەمیشە کەم بوو هەروەها بۆ داگیرکرنی مەڵبەند و ناوچەی نوێ یان تەمبێکردنی ڕاپەڕیوان و سەربزێوان، پەلاماری هۆزەکانی دەرودراوسێیان دەدا. مۆنتزۆما لە یەکەم ساڵەکانی دەسەڵاتەکەیدا خۆی سەرکردایەتیی ئەو لەشکرکێشییانەی بەئەستۆ دەگرت و سنوور و کەوشەنەکانی وڵاتەکەی بەرینتر دەکردەوە.
کولتووری ئازتەک دیل و کۆیلەی خواکان بوو ـ کۆیلەی خوای وەک مار و وەک باڵندە و وەک تاژی پڵینگ و کۆیلەی "تەلالۆک" خوای باران "تەزکاتلیپۆک" خوای هەتاو و فەرمانڕەوای سەرانسەری زەوی "ئەو خەڵەتێنەرەی بیر و خەیاڵی وەحشیانەی دەخستە زەینی بنیادەمەوە"، کێتسالکۆئاتێل و خوای بنیاتنەری وڵات، سووک و بێنرخ ببوو و دەیانگوت بەر لە هاتنی ئەو کۆمەڵێک ڕۆح و هێما دەردەکەون، کە نیشانەیڕووخانی ئیمپراتۆرن.
لە ١٥١٩دا تاقمێک داگیرکەری ئیسپانی بە سەرکردایەتیی "کۆرتس" لە کووباوە هاتن و لە بەندەری ڤراکرۆز لە کەناری کەنداوی مەکزیک دابەزین. بیستوپێنج ساڵ پێشتر کریستۆف کۆلۆمبس دوورگەکانی کارایبی دۆزیبۆوە و دوای ئەو پەلامار و زاڵبوونی پەلاماردەرە ئیسپانییەکان زۆر خێرا خەڵکە خۆماڵییەکەی ئەوێی تواندەوە و لەناوی برد. خەڵک ئەگەر لەبن بارستی ئەو بارەدا کە ئیسپانییەکان دەیانخستە سەر شانیان مردباشن، ئەوا وەک مەسیحییەکان دەیانگوت، خۆ رۆحیان هەر ڕزگار دەبوو. ئیسپانییەکان بە زرێ و خودە و قەڵغانەوە هاتبوون، لەو کۆچەرییە هێمن و لەسەرخۆیانە نەبوون کە دارستانەکان خاکبڕ بکەن و دەست بکەن بە کشتوکاڵ. کۆمەڵێک شەڕانیی بێبەزە و دڵڕەق بوون و چاوی تەماحیان لە کۆیلە و زێڕ بوو و کۆرتس نموونەیەکی بچووکیان بوو. کۆرتس هەندێ کێشەی لەگەڵ دەسەڵاتداری کووبا هەبوو ئیتر سوپایەکی شەش سەد کەسی بە حەڤدە ئەسپ و دە تۆپەوە ڕێک

خست. به ڕواڵەت لە دۆزینەوە و سات و سەودا دەگەڕا، بەڵام لە ڕاستیدا هەر وەک لە هەڵسوکەوتییەوە دەرکەوت، دەیەویست دەست بەسەر پێگەڕ و کەوشەنە سەربەخۆکەی پادشادا بگرێ. بۆیە هەر دابەزییە وشکانی، هەموو کەشتییەکانی ئاگر دا، بۆ ئەوەی هاوڕێیەکانی بزانن ڕێگەی گەڕانەوەیان نییە.

خەڵکی ناوچەکەش کە لە دەسەڵاتدارەکان وەگیان هاتبوون، باسی سامان و دەسەڵاتی پایتەختیان بۆ کۆرتس کرد و ئەویش بە بەشی هەرە زۆری سوپاکەیەوە نەترسانە بەرەو گرتنی گەورە شاری ناوەندڕۆیشت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر نەترس بوو هێشتا لەخۆوە ملی پێوە نەدەنا و لە سەررێگای خۆی لەگەڵ هۆزە دوژمنەکانی ئازتەک، بەتایبەتی لەگەڵ خەنیمە گەورەکەیان واتە تەلاکسکالاکان پەیمانی بەست. لە پێشدا پەیامێکی نارد و خۆی وەک باڵوێزی میرێکی دەرەکی ناساند و هەوڵی نەدا بڵێ من کێتسالکۆئاتێلم، ئیسپانیەکان کاری وایان لەدەست نەدەهات. سەربازە ئیسپانییەکان دەگەیشتنە هەر جێیەک، بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە قەشەی خۆیان لەگەڵ بوو خاچەکانیان هەڵدابوو و پەیکەرەکانی مەریەمی پاکیزەیان لەگەڵ خۆیان دەبرد و ئامانجی ڕوون و ئاشکرایان ئەوە بوو لە پێناوی مەسیحدا ڕۆح و گیانی خەڵک داگیر بکەن.

مۆنتزۆما کە هەواڵی نزیکبوونەوەیانی بیست، ئەنجوومەنەکەی خۆی کۆ کردەوە. هەندێک لە ڕاوێژکارەکان پێداگر بوون لەسەر ئەوەی بەتوندی بەرپەرچی بێگانەکان بدەنەوە یان بیانخەڵەتێنن، بەڵام ئەوانی دی دەیانگوت، ئەگەر بەڕاستی ئەوانە باڵیۆز و نێردراوی میرێکی دەرەکین، وا باشترە دۆستانە پێشوازییان لێبکەین. ئەگەر بوونەوەرگەلێکیش بوون لەسەرووی مرۆڤەوە، وەک چۆن بە سەیر و سەمەرە باسیان دەکرێ، ئیتر دیارە کەس خۆیان لەبەر ناگرێ و بەربەرەکانێ لەخۆڕایە. ڕوخساری خۆڵەمێشی و جلوبەرگی بەردینی سپانییەکان و هاتنیان بە خانووی دەریابڕ و باڵسپییەوە بۆ کەنار و دابەزینیان و ئەو ئاگرە سیحراوییەی لە لوولەوە دەهاتنە دەرێ و هەر لە دوورەوە دوژمنی دەکوشت و ئەو چارەوییە سەیر و سەمەرانەی سەرکردەکانیان سواریان ببوون، لەبەر چاوی ئەو خەڵکەی کە لە هەموو

شوێنێک سێبەری خواکانیان دەدی، لە بوونەوەرگەلێکی بانسرووشتی دەچوون. جا دیارە بیرکردنەوە و ترس لەوەی نەکا سەرکردەکەیان هەر ئەو کێتسالکۆئاتێلە بێ کە مزگێنیی هاتنی دراوە، هەر ترس و خۆفی سەیر و سەمەرەی مۆنتزۆما بووە.

مۆنتزۆما لەترس و دڕدۆنگیدا، چ کارێک لەوەها دۆخێکدا خراپ و چەوتە، ئەوەی کرد: کۆمەڵێک دیاریی گرانبایی و بەنرخی بۆ ناردن کە نیشانەی سەروەت و سامانی ئەو بوو و هەروەها هەندێ نامەش کە دەریدەخست لاوازە و داوای لە میوانەکان دەکرد بگەڕێنەوە. بە سەد غوڵام دیارییەکانیان هەڵگرتبوو و دیمەنی زێڕ و گەواهێرات و قوماش و پەڕی جوان و ڕازاوە و دوو سینیی زێڕ و زیو "هێندەی تایەی عارەبانەیەک"، ئیسپانییەکانی ئەوەندەی دیکەش وەتەماح خست. بە نامەکان، داوای لێ دەکردن لە پایتەخت نزیک نەبنەوە و تا ڕادەیەک لەبەریان دەپاڕایەوە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان و بۆ ئەوەی خوداکان و نێردراوەکان زویر نەبن، ئەو نامانە بە دەموڕاوێژ و زمانێکی زۆر نەرم و نیان نووسرابوون. ئیسپانییەکان جار بە جار پتر چوونە پێشێ.

کە گەیشتنە شاری، مۆنتزۆما نەک هیچ هەوڵێکی نەدا بۆ ئەوەی پێشیان بگرێ، بگرە بەپێشوازیشیانەوە چوو و بە دامودەستووریشەوە بانگهێشتی کردنە کۆشکەکەی و هەوارگەکانی دیکەی. سوپای ئازتەک لە سەر گردەکان ئامادەی هێرشکردن بوو بەڵام هیچ کات ئەمر و فەرمانی هێرشی پێ نەدرا، لە حاڵێکدا دەیانتوانی دوژمنە پەلامارهێنەرەکە لەناو بەرێ وڕێگەی ڕاکردنیان لێ بگرێ و پەرشوبڵاویان بکا و لە برسێتی بەچۆکیان دابێنێ. هەموو ئەو نەخشە و گەڵاڵانەش داڕێژرابوون، بەڵام وەرگێڕ(دیلماج)ـەکە خیانەتی کرد و کۆرتسی لە هەموو شتێک ئاگادار کردەوە. کۆرتس ئیمپراتۆری بە بارمتە گرت و بۆ پێشگرتن لە هەرچەشنە هێرشێک لە کۆشکەکەی خۆیدا بەندی کرد. ئازتەکەکان خەڵکێکی دەستکەرەوە و شەڕکەر بوون. لە هەمبەر سوپای دوژمنیشدا هەزار بە یەک بوون. بەو حاڵەشەوە فەرمانڕەواکەیان خۆی بەدەستەوە دا. ئەو لەبەر ئەوەی لە ڕادەبەدەر باوەڕی بە ڕۆحەکان و هیچوپووچ هەبوو دیار بوو بڕوای

کردووە بەوەی ئەو ئیسپانییانە هەر بەڕاستی داروودەستەی کێتسالکۆئاتێلن و هاتوون ڕووخانی ئیمپراتۆرییەکەی ئەو وەدی بێنن. جا لەبەر ئەوەی دەیبینی وا خەریکە تێدا دەچێ، هیچ هەوڵێکی نەدا بۆ گۆڕینی چارەنووسەکەی خۆی.

بەڵام میوان بەردەوام داوای زێڕ و خۆراکیان دەکرد و هەر ئەوەش دەریدەخست کە ئەوانەش مرۆڤن ـ ڕێوڕەسم و دابونەریتی بێ پسانەوەیان بۆ پەرستنی کابرایەکی ڕووتی لەخاچدراو و ژنێک، کە منداڵێکی لە باوەشدا بوو دەیسەلماند هیچ پەیوەندییەکیان بە کێتسالکۆئاتێلەوە نییە و بە ئاشکرا دژایەتیی ئایینەکەی ئەو دەکەن.ڕۆژێکیان مۆنتزۆما لە ساتێکی پەشیمانبوونەوەدا و لە ژێر کاریگەریی ئەوانی دیکەدا، ئەمری کرد شەوێک بەسەر ئەو بنکەیەی سوپای کۆرتسدا بدەن کە لە بەندەری ڤراکرۆز بەجێ مابوون. پیاوەکانی ئەو دوو ئیسپانییان کوشت و بۆ سەلماندنی کردەوەکەی خۆیان، سەری یەکیانیان ناردەوە پایتەخت. کۆرتس بەبێ ئەوەی قسەیەک بکا یان داوای ڕوونکردنەوەیەک بکا، دەسبەجێ ئیمپراتۆری لە کۆت و بەند کرد و ناچاری کرد ئەو کەسانەی  ڕادەست بکا وا ئەو کارەیان کردبوو. ئیتر بەسەری زیندوویی لە بەردەرگای کۆشک سووتاندنی و ئەوەشی لەبیر نەکرد، کە لە سزای ئەو کارەدا زێڕ و گەواهێراتێکی زۆریان لێ بستێنێ. بەڵام سەرە بڕاوەکەی کابرای ئیسپانی ئەو گومانەی تەواو ڕەواندەوە کە ئەوانە پەیوەندییان بە خواکانەوە هەبێ.

کاکامای برای ئیمپراتۆر، کۆرتسی بە دز و جەردە و پیاوکوژ ناوبرد و هەڕەشەی ڕاپەڕینی لێکرد، بەڵام مۆنتزۆما کپ و بێجووڵە دانیشت و هیچی نەکرد. کۆرتس ئەوەندە بێخەم بوو کە وەختێک بیستیەوە ئەوە سوپایەک لە کووباوە هاتوون بیگرن، هێزێکی کەمی لە پایتەخت بەجێهێشت و خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەیان وەڕێ کەوت. ئەو داگیرکەرانەی لەوێ بەجێمابوون، دەستیان کرد بە کاولکردنی شوێنە پیرۆزەکان و داگیرکردنی ماڵ و سامان و بژێوی خەڵک و بەو جۆرە خەڵکیان تووڕەتر کرد. گیانی شۆڕش و بەرخودان بووژایەوە. مۆنتزۆما کە دەسەڵاتی خۆی لەدەست دابوو نە دەیتوانی ڕێبەرایەتیی خەڵکەکە بکا و نە پێشی تووڕەبوونیشیان بگرێ. دوای گەڕانەوەی

کۆرتس، ئازتەکییەکان بە سەرکردایەتیی براکەی ئیمپراتۆر ڕاپەڕین. ئیسپانییەکان هەر سێزدە تفەنگیان پێبوو. ناچار بە شمشێر و سەرەنێزە و تیر و کەوان شەڕیان کرد و بە مەشخەڵان خانووەکانیان ئاگر دا. ئەوان سەرەڕای ئەوەی چەکی پۆلاییینیشیان پێ بوو زۆریان بۆ هات، هەر بۆیە مۆنتزۆمایان هێنا دەرێ بۆ ئەوەی داوا بکا شەڕەکە ڕاگرن، بەڵام لەگەڵ وەدەرکەوتنیدا خەڵکەکە بە خوێڕی و ترسنۆک هەرایان لێکرد و سەنگەساریان کرد.
ئیسپانییەکان کەلاکەکەی ئەویان هەڵگرتەوە و بردیانەوە کۆشک، سێ ڕۆژ دواتر گیانی دەرچوو و خەڵکەکەی تەنانەت لە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەشیدا بەشدار نەبوون. ئیسپانییەکان دوای ئەوەی یەک لەسەر سێی هێز و خەنیمەت و تالانییەکانی خۆیان لەدەست دا، هەر ئەو شەوە شارەکەیان چۆل کرد.
بەڵام کۆرتس هاوپەیمانە مەکزیکییەکەی خۆی ئامادە کرد و لە شەڕێکدا لە دەرەوەی شار، سوپا بەهێزەکەی ئازتەکی شکاند و بە پشتیوانیی لایەنگرەکانی تەلاکسکالاکان، شارەکەی گەمارۆ دا و ئاو و خۆراکی لێ بڕین و وردە وردە خۆی خزاندەوە نێو شار و لەگەڵ پێشڕەوییەکەشیدا خاک و خۆڵی خانووە کاولکراوەکانی بەدەم ئاوی دەریاچەکەدا دا. لە ١٣ی ئۆگۆستی ساڵی ١٥٢١دا شەڕکەرەکانی دیکەی شار، برسی و بێ سەرکردە خۆیان بەدەستەوە دا. هێزی زاڵ و براوەی شەڕ، دەریاچەکەیان پڕ کردەوە و لەسەر داروپەردووی شارەکە، شارێکی نوێیان دامەزراندەوە و سێسەد ساڵ دواتر دەسەڵاتی زاڵی خۆیان بەسەر مەکزیک و ئازتەک و هاوپەیمانەکانیشیاندا سەپاند.
بیر و باوەڕی ئایینی بۆ وەی نابێ بەگژیدا بێی، بەتایبەتی ئەگەر سەر بە کولتوورێکی سەیر و سەمەرە بن و تەواو ڕوونیش نەبن. بەڵام ئەگەر (وەها بیر و باوەڕێک) وەک گومانێکی بێبنەمای لێ بێ و بە بەڵگەی سروشتییش وا بپارێزرێ کە سەربەخۆیی نەتەوەیی بخاتە مەترسییەوە، وەها بیر و باوەڕێک هەر بەڕاستی دەبێ ناوی گەمژەیی لێ بنێی. مەسەلە دیسان کەللەڕەقییە و ئەمجار لە جۆری تایبەتی شێتایەتیی ئایینی و هەرگیز زیانی ئاوا گەورەی نەخستووەتەوە.

گەمژەیی بۆ هەموو لایەکیش، لایەنی خراپەی نییە. پرۆتستانییەکان هەرگیز بزووتنەوەی چاکسازیی ئایینی کە ئاکامی گەمژەیی پاپاکانی سەردەمی ڕێنسانس بوو بە خراپ و زیانبار دانانێن. سەربەخۆیی ئەمریکا ئاکامی گەمژەیی بەریتانییەکان بوو بەڵام ئەمریکییەکان لەسەر یەک بۆ ئەو شتە بەداخ و کەسەر نین. ئاکامە باش یان خراپەکانی داگیرکردنی ئیسپانیا بە دەستی عەرەبەکان ـ کە سێسەد ساڵ لە زۆربەی ناوچەکانیدا و هەشت سەد ساڵیش لە هەندێ ناوچەی ئەو وڵاتەدا هەر مانەوە ـ لەوانەیە جێی مشتومڕ بێ، بەڵام گومانێکی تێدا نییە کە بەرهەمی گەمژەیی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی ئیسپانیا بوو.

ئەو دەسەڵاتدارانە، ویزیگۆتەکان یان گۆتەکانی ڕۆژئاوا بوون، کە لە سەدەی چوارەمی زایینیدا پەلاماری ئیمپراتۆریای رۆمایان دا و لە کۆتایی سەدەی پێنجەمدا بەسەر بەشی هەرە زۆری شێوەدوو رگەی ئیبێری و ئەو خەڵکەی زۆربەیان هیسپانیایی ـ ڕۆمی بوون، زاڵ بوون. فەرمانڕەوایانی ویزیگۆت دووسەد ساڵی ڕەبەق لەگەڵ زۆربەی ناوچە و خەڵکەکەی سەر بە خۆیان، کێشە و زۆربەی جارانیش شەڕی چەکدارانەیان هەبوو. ئەوانیش وەک پادشاکانی سەردەم، هەموو هەوڵ و تێکۆشانیان بۆ بەرژەوەندییە تایبەت و بێسنوورەکانی خۆیان بوو و بەو کارەش تەنیا خەڵکیان لەخۆیان دەکردە دوژمن و ئاخرییەکەشی سەریانی خوارد. لێکدژیی ئایینی دوژمنایەتییەکانی قووڵتر کردەوە. خەڵکی ناوچەکە کاسولیک بوون و وەشوێن ڕێورەسمەکانی کلێسای ڕۆما کەوتبوون، لە حاڵێکدا ویزیگۆتەکان سەر بە ئاریۆس بوون. کێشەیەکی دیکە، لەسەر شێوەی هەڵبژاردنی پادشا دروست بوو. دەرەبەگە خۆجێییەکان هەوڵیان دەدا شێوازە باوەکە بپارێزن بەڵام پادشاکان حەزیان لێ بوو بیکەنە نەریتی بنەماڵەیی و پادشایەتیی بەمیرات بکەنە باو. بۆیەش بۆ لەناوبردنی خەنیم و بەرهەڵستکارەکانی خۆیان و لاوازکردنی بەرهەڵستکارە خۆجێییەکان، دەستیان کرد بە شاربەدەرکردن و ئیعدام و زەوتکردنی ماڵ و سامان و دانانی پیتاک و ماڵیاتی قورس و نایەکسان و دابەشکردنی زەوی و

زار بە نایەکسانی. ئەو هەولانە ئیتر بوونە هۆی ئەوەی دەرەبەگەکان خەڵکەکە هان بدەن بۆ ڕاپەڕین و قین و بێزاری بچێنن.
لەو نێوەدا، کاس ولیکەکان بە ڕێکخستنێکی بەهێزترەوە، لە سێبەری خۆپاراستن و ملبادان لە ئاشتەوایی و پێکهەڵکردنی بەردەوامی کلێسای ڕۆمی و ئۆسقۆفەکانی لە ئیسپانیا، پەرەیان بە دەسەڵاتی خۆیان دا و لە کۆتایی سەدەی شەشەمدا دوو جێنشینی ویزیگۆتیان هێنایە سەر ئایینەکەی خۆیان. یەکەمیان بەدەستی باوکی خۆی کوژرا، بەڵام ئەوی دیکەیان، بەناوی ڕێکارێد، بوو بە پادشا و ئیتر پادشایەک هاتە سەر کار، کە زانیی یەکگرتوویی پێویستە. لە نێو گۆتەکاندا، ئەو یەکەم کەسێک بوو کە زانیی هەر فەرمانڕەوایەک هاوکات دوو بەرەی دوژمن لەدژی وەستابن، گەمژەیە ئەگەر هەردووکیان لەخۆی تیژ بکا و بیانکاتە دوژمن. ڕێکارێد سەیری کرد ئەگەر لەسەر ڕێبازەکەی ئاریۆس بەردەوام بێ، ناتوانێ یەکێتی و یەکگرتووییەکە وەدی بێنێ، بۆیە بە گژ هاوڕێکانی پێشووی خۆیدا هات و ئایینی کاس ۆلیکی بە فەرمی ناسی. چەند کەسێکیش لە جێنشینەکانی ئەو هەوڵیان دا خۆیان لای بەرهەڵستکار و دژەبەرەکانی پێشوو شیرین بکەن، ئیتر دوورخراوەکانیان هێنایەوە و ماڵ و سامانەکانیان دانەوە، بەڵام دووبەرەکییەکە زۆر قووڵ ببۆوە. ئیتر دەسەڵات کەوتبووە دەستی کلێسا و ئەوەش هەر ئەو ئەسپە دارینە بوو کە ئەوان خۆیان دروستیان کردبوو.
پێشەنگ و ئیمامەکانی کلێسای کاسۆلیک دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، خۆیان بەدەسەڵاتی دنیاییەوە خەریک کرد و یاسایان داڕشت و توند بە دەسەڵاتەوە نووسان. ئەنجوومەنێکیان پێک هێنا کە هەر قسەی خۆیان دەبردە سەر، کردەوەی داگیرکەرە ئازیزەکانی خۆیانیان بەڕەوا زانی و دەستیان کرد بە جیاوازیخستن و دانانی یاسای سزادان دژ بە هەموو "نامەسیحی"یەک، واتە جوولەکەکان و چارەنووسی خۆیانیان ئاوا دیاری کرد. وەفاداربوونیش بە ڕێبازی ئاریۆس بە دزییەوە و لەبنەوە هەر بەردەوام بوو داڕووخان و کەیف و ڕابواردن و بەڕەڵلایەتی، تەواوی دەربارەکەی تەنیبوو. گۆڕینی پادشاکان لە سەدەی حەوتەمدا زۆر خێرا بوو و پیلان و گۆبەند و ڕق و پیاوکوشتن و

ڕاپەڕینەکانیش ئەو گۆڕانانەیان خێراتر کرد، بە جۆرێک کە هیچ کام لەو پادشایانە پتر لە دە ساڵ لەسەر تەختی دەسەڵات نەمانەوە.

لەم سەدەیەدا موسوڵمانەکان، بە پشتیوانیی ئایینێکی نوێ، دەستیان کرد بە بەرینکردنەوەی کەوشەنەکانی دەسەڵاتیان و لە ساڵی حەوسەدی زاییندا گەیشتنە مەراکیش و ئیتر تەنیا گەروویەکی باریک ئەوانی لە ئیسپانیا جوێ دەکردەوە. لەوەودوا پاپۆڕەکانی ئەوان پەلاماری کەنارەکانی ئیسپانیایان دا و سەرەڕای ئەوەی تێکیش شکان، بەڵام ئەو هێزە تازەپێگەیشتووە لەوبەری بەستێنەکەوە، وای کرد تیشکی هیوای یارمەتییەکی دەرەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنی ناوخۆیی بکەوێتە نێو دڵی هەموو ئەو دەستە و تاقمە ناڕازییانەی لە بندەستی گۆتەکاندا بوون. ئەو دوایین چەکە، هەر وەک گەلێ جاران لە مێژوودا دووبارە بووەتەوە، هەمووجارێ ئەنجامێکی لێ کەوتووەتەوە: هێزی بانگهێشتکراو لەجێی خۆی دەمێنێتەوە و جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ ــ ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمی ڕۆژهەڵات بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنە ناوخۆییەکانیان، تورکەکانیان بانگ کردە نێو وڵاتەکەیان و فێری ئەو دەرسە بوون.

جوولەکەکانی ئیسپانیا هەلی لەباریان بۆ ڕەخسابوو. ئەو کەمینەیەی سەردەمانێک بێگێچەڵ و لە هێمنیدا ژیابوون، لەگەڵ ڕۆمییەکان هاتبوونە ئەم مەڵبەندە و لە ڕێگەی بازرگانییەوە دەوڵەمەند ببوون. ئەوانە لەو سەردەمەدا کەوتبوونە بەردەم ڕاوەدوونان و ناچار کرابوون ئایینەکەیان بگۆڕن و لە ماڵ و سامان و کاروبار و مافەکانیان بێبەش کرابوون. کەس خۆی لێ نەدەدان، تەنانەت منداڵەکانیشیان بە زۆرەملێ لە چنگ دەردێنان و دەیاندانە کۆیلەدارە مەسیحییەکان. بۆیەش ترسی توانەوە وای لێ کردن لە ڕێگەی هاوئایینەکانی خۆیانەوە لە باکووری ئەفریقا، پەیوەندی بە عەرەبەکانەوە بگرن و زانیارییان بۆ کۆ بکەنەوە. ئیتر هەر شتێک ڕوویدابا، بۆ ئەوان لە حکوومەتی مەسیحییەکان هەر باشتر بوو.

ئەو شتەی ئاکامەکەی خێراتر وەدی هێنا، کەمایەسیی سەرەکی، واتە دووبەرەکی و پەرتەوازەیی لە کۆمەڵگادا بوو. ساڵی ٧١٠ دەرەبەگەکان ڕێک

کەوتن و تەختی دەسەڵاتی کوڕی دوایین پادشایان بەفەرمی نەناسی و دانیان پێدا نەهێنا، ئیتر تێکیان شکاند و تەخت و بەختیان لێ وەرگێڕا و لە نێو خۆیاندا کەسێکیان بەناوی ڕۆدریگۆ کردە پادشا و وڵاتیان خستە نێو گێژاوی کێشە و مشتومڕ و گێچەڵەوە. پادشا لێخراوەکە و لایەنگرەکانیشی بە گەرووەکەدا پەڕینەوە و بە خەیاڵی ئەوەی عەرەبەکانی مەغریب چاکەیان لەگەڵ دەکەن و تەختی دەسەڵاتەکەیان دەدەنەوە، داوای یارمەتییان لێ کردن.

پەلاماری عەرەب لە ٧١١دا وڵاتێکی تێک شکاند، کە دەمی لە هەناوی خۆی نابوو و لەگەڵ خۆی کەوتبووە کێشە. سوپاکەی ڕۆدریگۆ ئەوەندەی خۆ نەگرت و عەرەب بە هێزێکی ١٢٠٠٠ کەسییەوە بەسەریاندا زاڵ بوون. شارەکانیان یەک لەدوای یەک گرت، پایتەختیشیان گرت و کەسی دەسنیشانکراوی خۆیانیان کردە فەرمانڕەوا و ـ تەنیا یەک شاریان بۆ جوولەکەکان بەجێهێشت و خۆیان بەرەوپێشەوە چوون. لە ماوەی حەوت ساڵدا هەموو شێوەدوورگەکە گیرا. پادشایەتییەکەی ویزیگۆتەکان لە هەمبەر هێرشی ئەواندا بەچۆکدا هات، چونکە نە خەڵکەکەی لەگەڵ بوو و نە پنجی داکوتابوو و نە بیریان لە بنەمایەکی کاریگەر کردبۆوە بۆ دەسەڵاتداریێتی و حکوومەتکردن.

لەو سەردەمە تاریکانەی نێوان ڕووخانی ئیمپراتۆریای ڕۆما و بووژانەوە(ڕێنیسانس) لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، حکوومەت جگە لە دەسەڵاتی دیکتاتۆرانە، هیچ جۆرە بنەمایەکی تیۆریی دیاریکراو یان پێکهاتە یان ئامرازێکی دیکەی نەبوو. جا چونکە پشێوی نالەبارترین دۆخی کۆمەڵایەتییە، حکوومەتەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە وردە وردە بیچمیان گرت و بوون بە خاوەن بنەما و شێواز و دامودەزگا و کۆڕ و کردەوە و ئیدارە و بەڕێوەبەری. هێز و دەسەڵات و کەرەستەی باشتریان دەستەبەر کرد، بەڵام هەر نەیانتوانی ئەقڵ و هزری زیاتر بخەنە کار یان ئەوەی لە هەمبەر بێئەقڵی و گەمژەییدا خۆیان بپارێزن. مەبەست ئەوە نییە کە پادشاکان و بەڕێوەبەرانی دامودەزگاکان ناتوانن دەسەڵاتێکی باش و ژیرانە بەڕێوە بەرن.

جاری وایە شتی ڕیزپەڕ و ناوازە هەڵدەکەوێ و دەسەڵاتدارێکی بەهێز و کارامە، تەنانەت خۆشفکر و لەوەش بێوێنەتر و زۆر ژیرتر هەڵدەکەوێ. ئەو دیاردانە، وەک دەرکەوتنی گەمژەیی، پەیوەندییان بە سەردەم و شوێنەوە نییە. سۆلۆنی ئەسیناییش، یەکێک بوو لە پێشەنگەکان و لەوانەشە ئەوی هەرە ژیرەکەیان بووبێ. واباشە ئاوڕێکی لێ بدەینەوە.

سۆلۆن لە سەدەی شەشەمی بەر لە زاییندا، لە کاتی قەیرانی ئابووری و پشێویی کۆمەڵایەتیدا کرایە سەرکردە، بۆ ئەوەی وڵاتەکەی ڕزگار بکا و کێشەکان ببڕێنێتەوە. یاسا توند و ئەستەمەکانی وەرگرتنەوەی قەرز لەو سەردەمدا دەستی قەرزدەری ئاوەڵا دەکرد دەست بەسەر ئەو زەوی و زارەدا بگری کە بە بارمەتە( ڕەهن) دانرابوون، یان قەرزوەرگر بخاتە بەر نیری بێگارییەوە. ئەو ڕێسایانە خەڵکە ڕەشووڕووتەکەی هەژار و تووڕە کردبوو و جاربەجار پتر کەشوهەوای ڕاپەڕینی لەبار دەکرد. سۆلۆن نە یارمەتیی ئامانجی هەژارەکانی دابوو و نە بەشداری زوڵم و زۆری دەوڵەمەندەکان ببوو هەر بۆیە نیعمەتێکی نائاسایی هەبوو واتە، پلۆتارک واتەنی، خواپێداوان و دەوڵەمەندەکان لەبەر سەروەت و سامانەکەی ئەویان قەبووڵ بوو و هەژارەکانیش بەهۆی ڕاستگۆییەکەی. ئامانجی سۆلۆن لە کۆی ئەو یاسایانەی دانان ئەوە نەبوو پشتیوانی لە تاقمێکی دیاریکراو بکا، ئەو دەیەویست دادپەروەری و پەیوەندییەکی دادپەروەرانە هەبێ لە نێوان دەستڕۆیشتوو و بێدەسەڵات و حکوومەتدا. ئەو یاسای بێگاریی لەپێناوی دانەوەی قەرزدا هەڵوەشاندەوە، کۆیلەکانی ئازاد کرد، گوتی هەمووان مافی دەنگدانیان هەیە، پارەی باوی ئەو سەردەمی چاک کرد بۆ ئەوەی بازرگانی پەرە بستێنی، کێش و ئەندازەکانی ڕێکخست. یاسا و ڕێسای میرات و مافی هاووڵاتیبوون و سزای کەتنکەرانی داڕشت و دواجار بۆ قایمکاری، ئەنجوومەنەکەی ئەسینای سوێند دا، کە هەتا دە ساڵان ئەو چاکسازییانەی ئەو بپارێزن و پابەندی بن.

دوای ئەوە کارێکی زۆر باشی کرد، کە لەوانەیە لە نێو سەرکردە دەسەڵاتدارەکاندا بێوێنە بێ: کەشتییەکی کڕی و بە بیانووی گەشتی جیهان، ڕێگەی دەریای گرتە بەر و دە ساڵان بە ویستی خۆی دوور لە نیشتمانەکەی

ژیا. سۆلۆن سیاسەتمەدارێکی دادپەروەر و چاکەکار و پیاوێکی لە ڕادەبەدەر ژیر بوو. سەرەڕای ئەوەی دەیتوانی زۆر بە ئاسانی جڵەوی کاروبارەکان بەدەستەوە بگرێ و دەسەڵاتەکەی خۆی پتەوتر و زیاتر بکا و ببێتە فەرمانڕەوایەکی دیکتاتۆر، وای نەکرد و ئەگەر ڕاستیشتان دەوێ هەر لەسەر ئەوە بوو کە گلەیی و ڕەخنەی هاتەوە سەر. ئەو دەیزانی سکاڵا و پێشنیاری بێبڕانەوەی بۆ دێنن بۆ چاکسازی لە ئەم یان ئەو یاسادا و ئەگەر قەبووڵیشی نەکا ئەوا بێزاری و دوژمنایەتی بۆخۆی دەکڕێ. کەوابوو بڕیاری دا لە گۆڕەپانەکە دوور کەوێتەوە بۆ ئەوەی یاساکانی بپارێزرێن. چونکە ئەسینییەکان نەیاندەتوانی بەبێ پەسندکردنی ئەو هەڵیانوەشێننەوە. بڕیارەکەی ئەو دەیسەلمێنێت کە نەبوونی دەسەڵاتپەرستیی تاکەکەسی وێڕای زیرەکی و ئەقڵێکی تەندروست، بەشێکن لە هۆکارە پێویستەکانی فرەزانایی و ژیری.

لە یادداشتەکانی ژیانیدا کە بە سێهەم کەس باسی خۆی دەکات، بە شێوەیەکی دیکە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە:"هەر ڕۆژێکی لە ژیانی تێدەپەڕی، شتێکی نوێ فێر دەبوو."

فەرمانڕەوا بەهێز و کاریگەرەکان، خۆ ئەگەر هەموو تایبەتمەندییەکانی سۆلۆنیشیان نەبێ، لە درێژایی سەدەکاندا جار و بارە بوونەتە سەرێک لە ناو سەراندا و خۆیان گەیاندووەتە ئاستی قارەمانان. پێریکلێس لە گەورەترین چاخی ئەسینادا بە نەرمونیانی و بۆچوونی پتەو و ناوێکی بەرزەوە حوکمڕانیی کرد. یۆلیۆسی قەیسەری ڕۆما تواناییەکی سەیر و سەمەرەی لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا هەبوو ـ ئەگەرچی هەرکەسێک وا لە بەرهەڵستکارەکانی بکات بۆ کوشتنی قۆڵ هەڵماڵن، لەوانەیە پیاوێکی ژیر نەبێ. دواتر، بە سەرکردایەتیی چوار "ئیمپراتۆری باش"ی بنەماڵەی ئانتۆنین ـ واتە ترایانۆس و هادریانۆس، هەردووکیان دروستکەر و ڕێکخەر، ئانتۆنینۆس پیۆسی بەمشوور و کارکۆس ئاڤرلیۆس فەیلەسووفی مەزن ـ هاوولاتییانی ڕۆما بۆ ماوەی نزیک بە سەدەیەک حکوومەتێکی باش و ژیانێکی خۆش و ڕێزدارانەیان هەبوو. لە بەریتانیا، ئا ڵفرێدی مەزن پەلاماردەرانی دەرپەڕاند و نەتەوەکەی خۆی یەکگرتوو کرد. شا ڕلمانی کۆمەڵێک دژبەری ڕێک خست، پەرەی بە هونەری

شارنشینی و شارستانیەتی و هونەری شەڕ دا و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وەها پێگە و ڕێز و ئابڕوویەکی بۆخۆی دەستەبەر کرد، کە هەتا چوار سەدە دواتریش کە فریدریکی دووەم ناسراو بە "**سەیر و سەرمەرەکەی جیهان**" هاتە سەر کار، هەر بێوێنە بوو. فریدریک خۆی لە هەموو شتێک هەڵدەقوتاند: لە هونەر و زانست و ماف و شیعر و دامەزراندنی زانکۆ و شەڕە سەلیبییەکان و کۆڕوکۆبوونەوەکانی یاسادانان و سیاسەت و شەڕ و تەنانەت ململانێ لەگەڵ دامودەزگەی پاپاش ( کە سەرەڕای هەموو توانا لە ڕادەبەدەرەکەی، ئەوەیان ئاخرییەکەی سەری خوارد). لۆرێنتسۆ دێ مدیچی ناسراو بە لۆرێنتسۆی مەزن، فلۆرانسی شکۆمەندتر و مەزنتر کرد، بەڵام بە زێدەڕۆیی بنەماڵەکەی خۆی، کۆمارەکەی لاواز کرد. دوو شاژن، ئەلیزابێتی یەکەمی بەریتانیا و ماری ترێزی نەمسا، هەردوو کیان دوو دەسەڵاتداری زیرەک و بەتوانا بوون و وڵاتەکەی خۆیان گەیاندە بەرزترین ئاست.

جۆرج واشنگتن، بەرهەمهێنەری نەتەوەیەکی تازەپێگەیشتوو سەرکردەیەکە، لە نێوان بلیمەتەکاندا دەدرەوشێتەوە. سەرەڕای ئەوەی جفرسۆن خوێندەوارتر و زاناتر و خاوەنی زەین و مێشکێکی سەیر و سەمەرە و زیرەکییەکی بێوێنە بوو هەر بەڕاستییش کەسێکی هەمەلایەن بوون، بەڵام واشینگتن گەوهەرێکی وەک ڕەوەزی هەبوو و جۆرە نەجیمی و ڕێز و گەورەییەک، کە زۆر سرووشتیانە وای لێکردبوو لەهەمووان بەرزتر بێ و هەروەها ئەو خۆڕاگری و کۆڵنەدان و هێزە دەروونییەی وای لێکردبوو بەسەر هەموو کۆسپ و لەمپەرەکاندا سەرکەوێت. ئەو بوو کە هەم سەرکەوتنی ماددیی ئەمریکای لە شەڕی سەربەخۆییدا و هەم بەردەوامبوونی کۆماری تازەپێگەیشتووە "دەڵەمە"کەی لە یەکەم ساڵەکاندا مسۆگەر کرد.

گەلێ بەهرەی سیاسیی دانس تە و تایبەت بۆ بەرهەمهێنان، لە دەوروبەری واشنگتۆن پشکووتن، دەتگوت هەتاوی گەرمێن لێی داون. باوکە بنیاتنەرەکان، سەرەڕای هەموو کەموکورتی و مشتومڕەکانی پێکەوە هەیانبوو ئارتۆرشلێزینگرێمین، ئاوای وەسف کردووە:"هەڵکەوتووترین نەوەی پیاوانی سیاسیی مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یان لەوانەیە هەر وڵاتی دیکە".

ئەو سیفەت و تایبەتمەندییانەی ئەم مێژوونووسە داوێتە پاڵیان، شیاوی لێوردبوونەوە و تێڕامانە: ئەوان بەبێ ترس، پابەندی بنەما بەرز و مەزنەکان، بە قووڵی فێری هزرە سیاسییە کۆن و نوێیەکان ببوون و ژیر و بەکردەوە بوون و ترسیان لە تاقیکردنەوە نەبوو و ئەوەش گرنگە ـ بڕوایان بەوە هەبوو کە مرۆڤ بە وەکارخستنی ئەقڵ و زیرەکی و زەینی خۆی دەتوانێ بارودۆخی خۆی باش بکات." ئەمە خاڵی باشی چاخی ئاوەز و ئەقڵ بوو کە ئەوانەی پەروەردە کرد و سەرەڕای ئەوەی سەدەی هەژدەیەم پێی وابوو مرۆڤی زۆر بەلاوە ژیرتر بوو لەوەی هەیە، هەموو تواناکانی ئەو پیاوانەی بۆ دەسەڵاتداریێتی خستە کارەوە.

چەندە بەنرخە ئەگەر تێبگەی، چۆن لە خەڵکێکی دوو ملیۆن و نیو کەسی، ئەو هەمووە توانا و بەهرەیە دەرکەوت؟ ئارتۆر شلێزینگەر کۆمەڵێک فاکتەری یارمەتیدەر دەخاتە ڕوو: بەربڵاویی پەروەردە و ڕاهێنان، هەل و دەرفەتی هاندەری ئابووری، جووڵەی کۆمەڵایەتی، لێوەشاوەیی لە خۆبەڕێوەبردندا. هەموو ئەوانە هاووڵاتیانیان هان دا باشترین سوود لە توانا و بەهرە سیاسییەکەی خۆیان وەرگرن. بەها و پێگەی کلێسا بەرەو داکشان و دابەزین دەچوو کاروبار و زانست و هونەر هێشتا نەببوونە گۆڕەپانی هەوڵ و تێکۆشان و کێبەرکێ و بەڕێوەبردنی وڵات بۆ ئەو پیاوانەی بەتوانا و بەهرەمەند و کۆڵنەدەر بوون، تاقانە گۆڕەپان بوو. لە هەمووانیش باشتر لەوانەیە پێویستیی سەردەم بووبێ، کە ئەو دژکردەوەیەی ـ دەرفەتی ئافراندنی سیستەمێکی سیاسیی نوێی ـ ڕەخساند. ئیتر جگە لە سیاسەت چ شتێک دەیتوانی پیاوە بەتوانا و پێداگر و شێگلیرەکان بانگهێشت بکات بۆ چالاکی و تێکۆشان؟

هزر و بیرکردنەوە تا ئەو کات، ئەوەندە ورد و ماقووڵ نەخرابووە خزمەت پێکهێنانی سیستەمێکی دەسەڵاتدارییەوە و دوای ئەوەش هەر نەبووەتەوە. لە شۆڕشەکانی فەڕەنسا و ڕووسیا و چیندا ئەوەندە ڕق و قینی چینایەتی و خوێنڕشتن لەئارادا بوو کە ڕێی ئەوەی نەهێشتەوە ئەنجامێکی دادپەروەرانەی لێ بکەوێتەوە و سیستەم و پێکهاتەیەکی بەردەوام یاسایی دامەزرێ. ئەوەی لە

ئەمریکا کرا، لە دوو سەدەی ڕابردوودا، بەردەوام توانیویێتی لەژێر تەوژم و گوشاردا دیسان بگەڕێتەوە سەر ڕێبازە ڕاستەکەی، بەبێ ئەوەی واز لە سیستەمەکە بێنێ، یان وەک ئیتالیا و ئەلمان و فەڕەنسا و ئیسپانیا، بەدوای هەر قەیرانێکدا سیستەمێکی دیکە تاقی بکاتەوە. ئەو ڕەوشە لەبەر ئەوەی لە ئەمریکای ئێستادا ڕۆژ بە ڕۆژ ناکارامەتر دەبن، لەوانەیە بگۆڕدرێت. لە بارودۆخی سیاسیی گونجاودا، یان ئەودەمەی وەک ولاتە یەکگرتووەکانی سەردەمی گەشەسەندن، سەرچاوە دەوڵەمەندەکان یان پان و بەرینیی وڵات هەڵەوپەڵەکان دادەپۆشێ و کاریگەرییان کەم دەکاتەوە، سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن لەبەر تەوژمی گەمژەییەکی زۆر خۆیان ڕاگرن. بەڵام لەم سەردەمەی ئێمەدا، قەڵغان و پارێزەرێکی کەمتر ماوەتەوە و گەمژەیی زیانی زۆر گەورەی لێ دەکەوێتەوە. باوکە بنیاتنەرەکان دیاردەکەیەکی زۆر دەگمەن و کەموێنە بوون، ناکرێ ئەوان بکەینە بنەمای چاوەڕوانییە ئاساییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی مرۆڤ هیوادار بکەین و دەرفەت بۆ تواناییەکانی بڕەخسێنین، دەبێ بەردەوام ئەوانمان لەبیر بێ.

جاری وایە لە نێو تیشک و درەوشانەوەی حکوومەتە باشەکانیشدا گەمژەیی دەردەکەوێ. لە سەردەمی بۆربۆنەکانی فەڕەنسادا گەمژەییەکی زۆر کرا و گەیشتە لووتکەی خۆی.

لۆیی چواردەیەم لە زۆر لایەنەوە بە پادشایەکی هەڵکەوتە ناو دەبردرێ، زۆریش لەبەر ئەوەی خەڵک حەزیان لە بەخۆداهەڵگوتنی زێدەڕۆیانە و شارەزایانەیە. لە ڕاستیدا ئەو بە شەڕی بەردەوامی خۆی و غە ڕامەی ئەو شەڕانە لە ڕێگەی قەرزی نیشتمانی و زیان لێکەوتن و قاتی و قڕی و نەخۆشیی ئابووری، سەرچاوەکانی فەڕەنسای هەڵچۆڕاند و هیچی نەهێشتەوە و وڵاتەکەی وا بەرەو نەمان برد، کە ئاکام و دەرکەوتەکەی ڕووخانی پادشایەتی ــ هۆکاری هەبوونی بۆربۆنەکان ــ بوو. هەر وەک چۆن دوای دوو پادشای دیکە، ئەمە وەدیی هات. لەو ڕوانگەیەوە دەبێ لۆیی چواردەیەم بە مامۆستای سیاسەتگەلی دژ بە بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆی دابنێین. ئەو

کەسەی ئاکاری کارەکەی بۆ دەرکەوت، نەک خۆی، بگرە مادام دۆ پۆمپادۆر گراوی(مەعشووق)ەی پادشاکەی دوایی بوو کە گوتی:"دوای ئێمە تۆفانە."
میژوونووسەکان هەموو سوورن لەسەر ئەوەی چەوتترین کار و خراپترین هەڵەی لۆیی چواردەیەم لە سەردەمی پادشایەتییەکەیدا هەڵوەشاندنەوەی "فەرمانی نانێت" بوو لە ساڵی ١٦٨٥، کە فەرمانەکەی باپیرەی بۆ سازان و پێکهەڵکردن، هەڵوەشاندەوە و دیسان ڕێگەی خۆش کرد بۆ ڕاوەدوونان و ئازاری هۆگنۆکان. ئەم کارە تەنیا یەک شتی لە گەمژەیی کەم بوو واتە لەبری ئەوەی لەسەردەمی خۆیدا لۆمە و سەرکۆنە بکرێ، بە جۆش و خرۆش و تاسەبارییەوە پێشوازیی لێ کرا و تەنانەت سی ساڵ دواتریش لە ڕێوڕەسمی ناشتنی پادشادا وەک یەکێک لە بەنرخترین کارەکانی ئەو تاریفی کرا. هەر ئەم ڕاستییە ڕێسایەکی دیکە پشتڕاست دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیکە، ئەوڕێوشوێنەی باسی دەکەین، دەبێ دەستکەوتی بەکۆمەڵ بێ نەک تاکەکەس.
دەستنیشانکردنەوەی ئەو گەمژەییە زۆری نەخایاند. دەیەیەک دواتر ڤۆلتەر ئەوەی بە یەکێک لە گەورەترین چارەڕەشی و نەگبەتییەکانی فەڕەنسا و ئاکامەکەشی تەواو بە پێچەوانەی ئەو شتە ناوبرد کە دەیانەویست پێی بگەن.
وەک هەموو گەمژەییەکان، ئەوەشیان لەژێر کاریگەریی ڕوانگە و بیروباوەڕەکان و ڕێبازی سیاسیی سەردەمدا هاتە گۆڕێ و هەر وەک بەشێک لە گەمژەییەکانی دیکەش ــ ئەگەر وەک هەمووشیان نەبووبێ ــ هیچ پێویست نەبوو و بەرهەمی ئەو باوەڕە بوو کە دەبوو کارێک بکرێ، لە حاڵێکدا دەست لەسەردەست دانان و هیچ نەکردن ئامانجەکەی باشتر دەپێکا. هێزی لێکترازانە ئایینیەکانی پێشوو و توندڕەویی کالڤێنیستەکان لە سەر مەسەلەی بیر و باوەڕ کەمتر ببۆوە و هۆگنۆکان کە ژمارەیان لە دوو ملیۆن کەمتر یان نزیک بە یەک لەسەردەی جەماوەر بوو خەڵکێکی وەفادار و شێلگیر بوون، ئەو شێلگیری و پێداگرییەی کاسۆلیکەکان کەیفیان پێی نەدەهات. کێشە سەرەکییەکەش هەر ئەوە بوو. هۆگنۆکان هەر یەکشەممان پشوویان دەدا، لەچاو پتر لە سەد ڕۆژ جێژنی پیرۆز"قدیس"ــەکان و پشووە ئایینییەکانی کاسۆلیکەکان ــ جا لەوانیش پڕ بەرهەمتر و لە بازرگانیدا سەرکەوتووتر بوون. فرۆشگا و کارگەکانی ئەوان

جێی خەڵکیان دەگرتەوە، هەربۆیە کاسولیکەکان خوازیاری سەرکوتکردنیان بوون.

دیارە بە بنەمای بەرزتر پاساویان بۆ داخوازییەکانی خۆیان دێنایەوە و دەیانگوت، جودابیری و بیروڕای جیاوازی ئایینی خیانەتکردنە لە پادشا و هەڵوەشاندنەوەی ئازادیی ویژدان ـ "ئەم ئازادییە مەرگهێنەرە" ـ خزمەت بە خەڵک و خوایە.

پادشا دوای ئەوەی سەرپەرشتییە سەرەتاییەکەی کاردینالْ مازارنی لەکۆڵ خۆی کردەوە و دەسەڵاتی پتر لەدەستی خۆیدا قەبزە کرد (ملهوڕتر بوو)، پێشوازیی لەو ڕێنوێنییە کرد. جا چەندی ملهوڕتریش دەبوو مان و بوونی ئەو تاقمە جودابیرەی پتر بە ملبادان و سەرپێچی لە ئەمری پادشایەتی دەزانی. ئەو پێی وابوو حکوومەت دەبێ ئاوا بێ:"یەک قانوون، یەک پادشا، یەک خودا." شادەمارە سیاسییەکانی ئەو پاش بیست و پێنج ساڵ دەسەڵاتدارێتی هەستابوون و تاقەتی ئەوەی نەبوو دژایەتیی بکرێ. پەتای ئەمانەت و پەیامی خوایی تووش ببوو کە زۆربەی جار بۆ دەسەڵاتدارەکان زۆر کارەساتبارە، بڕوای کردبوو کە ویستی خودا  یە "منیشی کردووەتە سەبەبێک بۆ ئەوەی هەموو شوێنکەوتووەکانی خۆم بێنمە سەر ڕێگەی وی." جگە لەوەش، ئامانجی سیاسیشی هەبوو. بە سەرنجدان بە حەز و گرۆیی کاسۆلیکیی جەیمزی دووەم پادشای بەریتانیا، لۆیی پێی وابوو قورسایی تای تەرازووەکەی ئەورووپا بەلای کاسولیکەکاندایە و ئەو بە کردەوەیەکی بەرچاو دژی پرۆتستانییەکان دەتوانێ یارمەتیی ئەو گرۆیی و مەیلە بدات. بەتایبەتی بەهۆی کێشەکانی خۆی لەگەڵ پاپا لەسەر مەسەلەی دیکە، ئێستا دەیەویست خۆی بکاتە قارەمانی شەریعەتی ڕاستەقینە و نازناوە کۆنە فەڕەنسیەکەی "مەسیحیترین پادشا"کە مسۆگەر بکا.

ئازاردان و  ڕاوەدوونانی هۆگنۆکان ماوەیەک بەر لە هەڵوەشاندنەوەی فەرمانەکە لە ١٦٨١دا دەستی پێکردبوو. ڕێوڕەسمی ئایینی پرۆتستانییەکانیان قەدەغە کرد، قوتابخانە و کلێساکانیان لێ داخستن، "غوسڵی تەعمید"ی کاسولیکییان کردە زۆرەملێ، منداڵیان لە تەمەنی حەوت ساڵیدا لە بنەماڵەکانیان

دەستاند بۆ ئەوەی بە کاسولیکی پەروەردەیان بکەن، کار و کاسبیی هۆگنۆکانیان وردە وردە بەرتەسک کردەوە و ئاخرییەکەی پێیان کۆ کردنەوە. ئەمریان کرد بە کارمەندە هۆگنۆکان، دەست لە کار بکێشنەوە. گرووپی ڕێنوێنیی ئایینی دامەزران و نوێ ئایینەکان پاداشت و هەقومزی نەغ دییان پێ درا. فەرمانەکان یەک لە دوای یەک هۆگنۆکانیان لە جەماعەتەکەی خۆیان و لە ژیانی نیشتمانیەکەیان هەڵبڕی و هەڵیکەندن.

ڕاوەدوونان و ئازاردان، دڕندەیی و وەحشیگەریی تایبەت بەخۆی لێ دەکەوێتەوە و زۆری نەخایاند کە دەست کرا بە کردەوەی توندوتیژانە. کارەساتبارترین و کاریگەرترینی ئەو هەولانە ئەوە بوو کە بنەماڵەی هۆگنۆکانیان ناچار دەکرد سوارکارەکان لە ماڵەکانی خۆیاندا بحاوێننەوە و خزمەتیان بکەن. سوارکارەکانیشیان هان دەدا چۆنی دڵیان دەخوازێ بەدڕندەیی بجووڵێنەوە و لە هیچ چەوتییەک نەپرینگێنەوە.

سەربازە سوارچاکەکان لە ڕادەبەدەر توندوتیژ و بێ ئەدەب بوون و بەردەوام خەریکی کوشتن و تێهەڵدانی خەڵکی و تالانکردنی سامانی خانەخوێیەکانیان و ئەتککردن(دەستدرێژی)ی ژنان بوون. شتومەکیان دەکشاند و ماڵیان لێ کاول دەکردن و پیساییان لەپاش خۆیان بەجێ دەهێشت و لەو حاڵەتەشدا دەسەڵاتدارەکان بۆ هاندان و دنەدانی ئەوانی دیکە، ئازار و ئەزیەت و خانەخوێی و خزمەتیان تەنیا لەسەر ئەو کەسانە هەڵدەگرت، کە ئایینەکەی خۆیانیان دەگۆڕی. ئەو شەپۆلی ئایین گۆڕینەی لەو بارودۆخەدا هاتە ئاراوە، دیارە لە دڵەوە و بە باوەڕەوە نەبوو و بووە هۆی ناڕەزایەتیی کاسولیکەکان. لەبەر ئەوەی پەڵەی درۆ و سووکایەتیکردن بە پیرۆزیەکانی لە سەر شانی کلێسا دەدا. زۆر جاران خەڵکیان بەزۆری دەبردە ڕێوڕەسمی (ع ێشای ڕەبیانی). خەڵکێک ملیان بادەدا و سەرپێچیان دەکرد و تفیان لە کەلوپەلە متفەڕکەکان دەکرد و شەقیان تێهەڵدەدان و بە تاوانی سووکایەتیکردن بە ڕێوڕەسمە پیرۆزەکان دەسووتێنران.

کۆچکردنی هۆگنۆکان بەپێی فەرمان و یاساکان قەدەغە کرابوو و هەر کەسیان گرتبایە، سزاکەی بێگاری بوو. بەو حاڵەشەوە هۆگنۆکان کەوتنە

جووڵە. قەشەکانی ئەوان کە لەدینەکەیان وەرنەدەگەڕان، دوور دەخرانەوە، چونکە ترسی ئەوەیان لێیان هەبوو کە بەدزییەوە ئامۆژگاریی خەڵکەکەیان بکەن و تازەئاییینەکان، بگێڕنەوە سەر ئایینەکەی پێشوویان. ئەو قەشە پێداگرانەی هێشتش ڕێورەسمی عیبادەتیان بەڕێوە دەبرد، لەسەر چەرخو وفەلەکی ئەشکەنجە ورد دەکرد و ئەوەش خۆی جۆرە شەهیدپەروەرییەک بوو و شوێنکەوتووەکانی ئەوانی پێداگرتر و خۆڕاگرتر دەکرد.

وەختێک مزگێنیی ئەوەیان بەپادشا دا، کە بەکۆمەڵ دێنە سەر ئایینی ئەو ــ ٦٠٠٠٠ کەس لە ناوچەیەک و لە ماوەی سێ ڕۆژدا ــ بڕیاری دا "فەرمانی نانێت" هەڵوەشێننەوە، چونکە گوتی ئیتر هۆگنۆیەکی وا نەماون و ئەو فەرمانە پێویست نییە. لەو کاتەدا هەندێ دڕدۆنگی دروست بوو لەوەدا کە ئاخۆ سیاسەتەکانی دەوڵەت باشن یان نا. لەو ئەنجومەنەدا کە ڕێک پێش هەڵوەشانەوەی فەرمانی نانێت پێک هات، کوڕە گەورە و جێنشینەکەی پادشا، لەوانەشە لە ژێر کاریگەریی ئەو نیگەرانییانەی بەدزییەوە پێی درابوون، وریایی دا، کە هەڵوەشاندنەوەی فەرمانەکە لەوانەیە ڕاپەڕین و کۆچی بەکۆمەڵی لێ بکەوێتەوە و ئەوەش زیانی هەیە بۆ بازرگانیی وڵات. بەڵام دیار بوو دەنگی ئەو تاقە دەنگی ناڕەزایەتییە، ئەویش چونکە ئازار و ئەشکەنجە نەیدەگرتەوە. حەوتووەک دواتر، لە ١٨ی ئۆکتۆبەری ١٦٨٥دا، هەڵوەشانەوەی فەرمانەکە بە فەرمی ڕاگەیەنرا و وەک "پەرجووی سەردەمی ئێمە" پێیدا هەڵگوترا. سەن سیمۆنی بەتەوس و پلار، کە هەتا مردنی پادشاش تووڕەییەکەی خۆی هەر خواردەوە، دواتر نووسی:"کەس تا ئەو ڕۆژە وەها جێژنێکی سەرکەوتن و شەپۆلی پێداهەڵگوتنی ولی نەدیتبوو.. پادشا جگە لە مەدح و پێداهەڵگوتن هیچی نەبیست."

زۆری نەبرد، ئاسەوارە خراپەکانی ئەو سیاسەتە دەرکەوتن. کرێکارەکانی بەشی قوماش چنین و کاغەزسازی و وەستا دەستڕەنگینەکانی دیکەی هۆگنۆ کە هونەرەکەیان لە قۆرغی فەڕەنسادا بوو توانا و لێهاتوویی خۆیانیان بردە دەرەوە بۆ بەریتانیا و ئەمیرنشینەکانی ئەڵمانیا، بانکدار و بازرگانەکان سەرمایە

زەبەلاحەکانی خۆیانیان بردە دەرێ، چاپگەر و دیزاینەر و پاپۆڕساز و مافناس و پزیشک و ژومارەیەکی زۆر لە قەشەکانی پڕۆتستان ڕایان کرد. لە ماوەی چوار ساڵدا، هەشت نۆ هەزار کەسی هێزی دەریایی و دە دوازدە هەزار کەسی سوپا و پێنجسەد شەشسەد ئەفسەریش خۆیان گەیاندە هۆڵەندا و چوونە نێو هێزەکانی ویلیامی سێیەم دوژمنی لۆیی، کە سێ ساڵ دواتر کاتێ لەبری جەیمزی دووەم پادشا لێخراوەکەی بەریتانیا لەسەر تەختی پادشایەتیی ئەو وڵاتە دانیشت، بوو بە دوژمنێکی دوولایەنەی لۆیی. دەڵێن پیشەی هەورێشمی شارەکانی تور و لیۆن نەما و بەشێکی زۆر لە شارە گرنگەکانی وەک ڕەنس و ڕۆیان، نیوەی کرێکارەکانیان لەدەست چوو.

سەن سیمۆن لە ڕەخنە تاڵەکەی خۆیدا گوتی، کەوشەنی شا، یەک لەسەر چواری حەشامەتەکەی نەما. زێدەبێژیی لەو جۆرە زۆر جاران دوای ڕووداو و دۆزینەوە و دەرخستنی زیانەکان، هەر دەکرێ. بەراورد کردنی ئەمڕۆیی کۆی کۆچبەرەکان تۆزێک دووروودرێژە و بە سەد هەتا دووسەدو پەنجا هەزار کەس دەخەملێنرێ. ژ ومارەی خەڵکەکە هەرچەندێک بووە، بایەخ و نرخەکەی بۆ حکوومەتە پڕۆتستانییەکانی دژی فەڕەنسا دەسبەجێ دەرکەوت.

هۆڵەندا دەسبەجێ مافی هاووڵاتیبوونی دانێ و بۆ ماوەی سێ ساڵی ماڵیاتی لەسەر هەڵگرتن. فریدریک ویلهۆلم، ناسراو بە هەڵبژێری براندنبۆرگ (پرۆسی داهاتوو)، هەفتەیەک دوای هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی نانێت، فەرمانێکی دەرکرد و هۆگنۆکانی بانگ کردە وڵاتەکەی خۆی و داهێنانە پیشەییەکانی ئەوانە، یارمەتیدەرێکی زۆر باش بوو بۆ سەربەرزیی بەرلین.

تاوتوێ و لێکدانەوە نوێیەکان دەریخستووە، کە لە ڕابردوودا بە زێدەڕۆییەوە باسی ئەو زیان و خەسارانە کراون کە بەهۆی کۆچی هۆگنۆکانەوە وە فەڕەنسا کەوتوون و ئەوەش لە نێو زیانی زۆر بەربڵاوتری جەنگەکاندا یەکێک لە هۆکارەکان بووە. بەڵام لە باسی سیاسییەوە، قسەی تێدا نییە زیانی زۆر بەدواوە بووە. شەپۆلی داشۆرین و نووسینی دژە فەڕەنسی کە چاپەمەنییەکانی هۆگنۆ و دۆستەکانیان لە هەموو ئەو شارانەدا کە تێیدا نیشتەجێ ببوون بڵاویان دەکردنەوە، دژایەتیی فەڕەنسای گەیاندە چڵەپۆپە. کە

براندنبۆرگ لەگەڵ هۆڵەندا بوو ڕێککەوت و ئەمیرنشینە بچووکترەکانی ئەڵمانیاش کەوتنە گەڵ ئەو یەکیەتییە، یەکیەتیی پڕۆتیستانییەکان لە بەرامبەر فەرەنسادا پتەوتر بوو. لە نێو فەرەنساشدا ئازاردان و ڕاوەدوونانی پڕۆتستانییەکان، تین و گوڕێکی نوێی وەبەر ئایینی پ ڕۆتستانیش نا و دوژمنایەتییەکەی ئەوانی لەگەڵ کاسولیکییەکان بووژاندەوە. ڕاپەڕینی دورودرێژی کامیزارەکانی هۆگنۆ لە سیڤێن، ناوچە شاخاوییەکەی باشوور، شەڕێکی بێبەزەییانە و زوڵم و ناهەقییەکی زۆری لێ کەوتەوە و حکوومەتی لاواز کرد. لێرەدا و لەنێو ئەو کۆمەڵە پ ڕۆتستانییەشدا کە لەفەرەنسا بەجێ مابوون، پێگەیەکی لەبار بۆ شۆڕشە مەزنەکەی داهاتوو خۆش و ئامادە کرا.

لەوەش قووڵتر و پڕ ماناتر، سووکبوون و بێبایەخبوونی واتای پادشایەتیی بێسنوور( ڕەها) بوو. کە دوژمن و بەرهەڵستکاران قەبووڵیان نەکرد پادشا یەکیەتیی ئایینیان بەسەردا بسەپێنێ، مافی خوایانەی شا، بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی پادشایانە لە هەموو شوێنێک کەوتە بەر گومانەوە و ئەوەش خۆی کۆمەڵێک ململانێی قانوونیی بۆ سەدەکەی دواتر بەدوای خۆیدا هێنا. لۆیی چواردەیەم لە کوڕ و نەوەکەی خۆی پتر ژیا و وەختێک لە ١٧١٥دا دوای حەفتاودووساڵ تەمەن مرد، ئەوەی لەپاشی بەجێ ما، نەک ئەو یەکگرتووییە نیشتمانییەی دەیویست، بەڵکو ناڕەزایەتییەکی تاڵ و بەجۆش و خرۆش، ـ نەک بەرزکردنەوەی نیشتمانی و گەیاندنی بە سامان و هێز، بگرە حکوومەتێکی لاواز و شێواو و دەستکورت بوو. هیچ دەسەڵاتدارێکی سەرەڕۆ، ئاوا کاریگەر و کارامە بەرژەوەندییەکانی خۆی بەبادا نەدابوو.

چارەیەکی کردەیی دیکە، ئەوە بوو دەست لە هۆگنۆکان هەڵگرن یان ئەوپەڕەکەی نەک بە زۆرەملێ و سەرکوت بەڵکو بە فەرمانی مەدەنییانە، بەرهەڵستکارەکان بێدەنگ بکەن. سەرەڕای ئەوەی وەزیرەکان و پیاوانی ئایینی و خەڵکیش تەواو لەگەڵ ئەوەدا بوون کە پ ڕۆتستانییەکان ئازار بدرێن و ڕاوەدوو بنرێن، بەڵام هیچ کام لەو هۆکار و بیانووانە بەجێ نەبوون. هەر لەجێدا ئەو گۆنگەڵ و گێچەڵە پێویست نەبوو بکرێ. ئەوەش خۆی نیشاندەر و سەلمێنەری دوو تایبەتمەندیی گەمژەییە: یەکەم ئەوەی گەمژەیی زۆربەی

جارەکان بەرهەمی گەلاڵە و بەرنامەی گەورە و بەربڵاو نییە. دووەم: ئاکام و دەرکەوتەکانی زۆربەی جاران سەرسوڕهێنەرە. گەمژەیی، پێداگرتنەوە و سووربوونە لە سەر بەردەوامبوونی ئەو شتەی ڕوو دەدا. مێژوونووسی فەڕەنسی قسەیەکی پڕ واتای لە بارەی هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی نانێت نووسیوە:"لە سیاسەتدا بەدەگمەن گەلاڵە و بەرنامەی گەورە بەدی دەکرێ، پادشا بەپێی ئەزموون و جاروباریش هەر لەخۆڕاوە وای کرد."( ٢٤) سەرچاوەیەکی دوور لە چاوەڕوانی ئەو مەبەستەی پشتڕاست کردۆتەوە:ڕالف والدۆ ئەمرسەن، لە لێدوانێکی زیرەکانەدا ئاگادارمان دەکاتەوە:"کە زۆر بە قووڵی مێژوو شی مەکەنەوە، چونکە هۆکارەکان زۆر ڕووکەشین." ئەوە هۆکارێکە کە زانایانی زانستە سیاسییەکان زۆربەی جاران لەبەرچاوی ناگرن و کە دێنە سەر باسی چییەتی(ماهیەت)ی دەسەڵات، تەنانەت ئەو کاتەش کە بەچاوێکی خراپە سەیری دەسەڵات دەکەن، هێشتا لە ڕادەبەدەر ڕێزی بۆ دادەنێن. نابینن کە هەندێ جاران باسی خەڵکی ئاساییە، کە لە ئاوەکەدا نوقم دەبن و ئیتر بنیادەم کە چەقۆ گەیشتە ئێسقانی، زۆربەی جاران بە نەزانی یان کەرێتی یان لاساریی دەجووڵێتەوە. (پەنادەباتە بەر لاساری یان کاری نەزانانە). جوانی و شیرینیی دەسەلات دەمانخەڵەتێنێ و ئیتر وا دەزانین "گەوهەری" دەسەڵاتداران لە خەڵکی ئاسایی تایبەتتر و بەرزترە. پادشای هەتاو ( ٢٥) بەبێ کڵاوباڕۆکە لوولەکەی و بەبێ پێڵاوە پاژنەبەرزەکانی و پاڵتۆ پەشمینەکە، کەسێک بوو وەک ئێمەمانان، ئەویش پڕ لە داوەریی چەوت و هەڵە و هەڵەشەیی.

لۆیی شاز دەیەم لە گیۆتین درا و جێنشینەکەی ئەو واتە لۆیی هەژدەیەم پادشایەتییەکی تەمەن کورتی هەبوو و براکەی هەردووکیشیان، شارلی دەیەم، دوایین پادشای بنەماڵەی بۆربۆنی فەڕەنسا، دەستی برد بۆ گەمژەییەکی باو کە بە باشترین وەسف دەکرێ بڵێین، خۆی بە کارێکی بێ ئاکامەوە ماندوو کرد و هەوڵی بۆ دا. بە واتایەکی دیکە، ویستی ئاوی ڕۆیشتوو بە ڕووباردا بگێڕێتەوە دواوە، واتە ڕەوتی مێژوو بەرەوپاش بگێڕێتەوە. دەستەڕاستییە کۆنەپەرستەکان، لەو پرۆسەیەدا کە پێی دەگوترێ گەڕانەوە بۆ دواوە یان

دژەشۆڕش، هەوڵیان دا لە هەر ڕێگەیەکەوە بووە، نەک هەر هەموو ئەو ماڵ و سامان و ئیمتیازانە بەدەست بێننەوە کە لە سیستەمە کۆنەکەدا هەیانبوو بەڵکو زیاتر لەوە، ئەوەی نەشیانبوو ئەمجارە مسۆگەری بکەن.

کە شا ڕلی دەیەم لە ١٨٢٤دا، لە تەمەنی شەست و حەوت ساڵیدا لەسەر تەختی پادشایەتی دانیشت، فەڕەنسا سی و پێنج ساڵ گۆڕانی مێژوویی زۆر قووڵ و بەتەوژمی بەسەردا هاتبوو لە شۆڕشی تەواوەوە بۆ ئیمپراتۆریی ناپلیۆن، دوای ئەوە واترلۆ و پاش ئەویش گەڕانەوەی بۆربۆنەکانی دیتبوو. لە دوای شۆڕشەوە تا ئەو کات، گەلێک ماف و ئازادی و ڕیفۆ ڕمی قانوونی دەستەبەر ببوون و نەشدەکرا هەموو ئەوانە توورِ هەڵدرێن و بەلاوە بنرێن. بۆیە لۆیی هەژدەیەم ملی بۆ جۆرە یاسایەکی بنەڕەتی راکێشا، ئەگەرچی هیچ کات لەگەڵ هزری پادشایەتیی مەرجدار(مەشرووتە)ڕانەهات، و شاڕلی براشی شتێکی لێ تێنەگەیشت. شا ڕل کە ئەودەمەی بۆ بەریتانیا دوور خرابۆوە، ئەو شێوە دەسەڵاتەی لەوێ دیتبوو دەیگوت، چرپی * شکاندنی لە پادشایەتی پێ باشترە. (٢٦) هیچ سەیر نەبوو کە ئەو بوو بەهیوای ئەو کۆچبەرانەی لەگەڵ بۆربۆنەکان هاتبوونەوە و دەیانویست سەرلەنوێ سیستەمەکی پێشوو دامەزرێننەوە و دیسان ناو و نازناو و بەتایبەتی ماڵ و سامانە دەستبەسەرداگیراوەکەیان وەرگرنەوە.

نوێنەرەکانیان لە پ ەرلەمانی نیشتمانیی فەڕەنسادا، توندڕەوە دەستەڕاستییەکان بوون، کە لەگەڵ تاقمێکی دابڕاوی پێکهاتوو لە هەرە توندڕەوەکان، بەهێزترین فراکسیۆنی نێو پەڕلەمان بوون. ئەو زۆرینەیە، بە شێوازێکی زۆر نوێ و داهێنەرانە دەستەبەر ببوو: مافی دەنگدانیشی تەنیا بۆ دەوڵەمەندترین چینی کۆمەڵ بە ڕەوا زانیبوو. دانی سێسەد ف ڕانک ماڵیات مەرجی پێویست بوو بۆ دەنگدان و ماڵیاتیشیان لێ کەم دەکردنەوە، بۆ ئەوەی بەرهەڵستکارە ناسراوەکان نەگەنە ئاستی پێویست. ( ٢٧). پۆست و پلە حکوومییەکانیش هەر بەو شێوە بۆ تاقمێکی تایبەت تەرخان کرابوون. توندڕەوەکان هەموو پۆستی وەزراتەکانیان لەبەردەستدا بوو ـ بۆ وێنە

---

*چرپی: ئەو وشکەڵە دارەی بۆ سووتاندن دەیشکێنن. ئەو دارەی بۆ ئاوردوو دەیشکێنن.

پیاوێکی ئایینی توندڕەو وەزیری داد بوو کە دەیانگوت، هزر و بۆچوونە سیاسییەکانی خۆی، لەسەر بنەمای خوێندنەوەی ڕێکوپێکی حاڵ لێهاتن(مکاشفە)کانی یووحەننا لە کتێبی پیرۆزدا ڕێک دەخا. کاربەدەستەکانی ئەو بۆ پشکنینی ماڵان و دەستبەسەرکردنی خەڵک، کۆمەڵێک یاسای توند و دوورودرێژیان دارشت، بەڵام شاکارەکەیان ئەوە بوو سندووقێکیان دانا بۆ ئەستاندنی هەزار و سێسەد و حەفتا و حەوت فرانک غە ڕامە، لەو کەسانەی دوای شۆڕشە مەزنەکە فەڕەنسایان بەجێ هێشتبوو یان لە نەوە و نەتیژەکانیان.

ئەوانەی سوودێکیان لە شۆڕشی مەزن یان دەربارەکەی ناپلیۆن پێ گەیشتبوو ئامادە نەبوون جێیەکەی خۆیان بدەن بە کۆچبەرەکان یان پیاوەئایینییەکانی سیستەمەکەی پێشوو و ناڕەزایەتییەکەش ئەگەرچی هێشتا زۆر توند نەبوو وردە وردە بەتەوژم دەبوو. پادشا لە گەمارۆی توندڕەوەکاندا بوو ئەگەر بە نەزانی و گەمژەییەکی ڕوولەزیادبوون ڕووخانەکەی خۆی مسۆگەر نەکردبایە، لەوانەبوو بتوانێ تۆزێک ئاسوودەتر پادشایەتییەکەی بکا. شا ڕل سوور بوو لە سەر دەسەڵاتدارێتییەکەی، بەڵام لە لایەکەوە ئەقڵ و مشووری پێویستی بۆ ئەو ئیشە گرنگە نەبوو لە لایەکی دیکەشەوە وەک هەموو بۆربۆنەکان زۆر بەتوانا بوو لەوەدا کە هیچ فێر نەبێ و شت فەرامۆش بکات. وەختێک بەرهەڵستکارەکان لە پە ڕلەمان دەنگیان لێ بەرز بۆوە، بە پێشنیاری وەزیرەکانی، پە ڕلەمانی هەڵوەشاندەوە و بە بەرتیل و هەڕەشە و زەبر و زەنگی دیکە هەڵبژاردنێکی دڵخوازی خۆی وەڕێ خست. بەڵام لایەنگرەکانی پادشا دوو بە یەک، هەڵبژاردنەکەیان دۆڕاند. شا ڕل، وەک پادشایەکی داماوی دیکە لە بەریتانیا، ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی قەبووڵ نەکرد و دیسان فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی پە ڕلەمانی دەرکردەوە و ئەمری کرد سەرلەنوێ هەڵبژاردنێک بکرێتەوە بە مافی دەنگدانی سنووردراتر و سانسۆری زیاترەوە.

میدیا بەڕهەڵستکارەکان، داوایان لە خەڵک کرد بەربەرەکانێی بکەن. شا، کە چاوەڕوانی دوژمنایەتیی نەبوو بەبێ ئەوەی داوای یارمەتی لە سوپا بکا،

هەستا چوو بۆ   ڕاو و خەڵکی پاریسیش وەک هەموو جارەکانی پێشوو و داهاتووشیان، لە شەقامەکاندا سەنگەریان گرت و سێ   ڕۆژی ڕەبەق شەڕی شەقامیان کرد، کە فەڕەنسییەکان ناویان ناوە "سێ ڕۆژە شکۆدارەکە". نوێنەرە بەرهەڵستکارەکان، حکوومەتێکی کاتییان پێک هێنا. شا      ڕل دەستی لەکار کێشایەوە و بە سەرشۆڕییەوە بەرەو ئەوبەری دەریای مانشڕای کردە وڵاتی پادشایەتیی مەرجدار. ئەوە تراژیدیایەکی گەورە نەبوو. نرخ و بایەخی مێژوویی ئەو ڕووداوە هەر ئەوەندە بوو کە فەڕەنسای هەنگاوێک بەرەو پێشەوە برد و لە دژە شۆڕشەوە، گەیاندییە پادشایەتیی "بۆرژۆوایی" لۆیی فیلیپ. بابەتی گرنگتر لە ڕوانگەی مێژووی گەمژەییەوە، کە تایبەتی بۆربۆنەکانیش نییە، هەوڵ و خۆماندووکردنی خۆڕایی و بێهوودەیە بۆ هەڵبەستنەوەی هێلکەی شکاو.

گەمژەیی سیستەمەکانی دەسەڵات لە درێژایی مێژوودا بێ ژ  ومارن. بەڵام ئەوانە لە چوارچێوەی توێژینەوەکەی ئێمەدا ناگونجێن. بەوحاڵەشەوە دوو لە هەرە پڕ کارەساتەکانیان، هەردووکیشیان لە شەڕی گەڵ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا، سەلمێنەری بڕیاردانە لە ئاستی دەسەڵاتدا: یەکێکیان بڕیارەکەی ئەڵمانیا بۆ دەستپێکردنەوەی جەنگە بێ ئامانە ژێردەرییاییەکان لە ساڵی١٩١٦دا و ئەوی دیکەش بڕیارەکەی ژاپۆن بۆ پەلاماردانی پێرل هاربر لە ١٩٤١دا. هەر دووکیان، زۆر دەنگی بەرهەڵستکار هەبوون دژ بەو بڕیارانەی درابوون: لە ئەڵمانیا لە ئاکامی ناهومێدی و دڵەڕاوکێوە و لە ژاپۆنیش بەبێدەنگی بەڵام بە دڕدۆنگییەکی قووڵەوە و لە هەردووکیشیاندا بەبێ سەرکەوتن. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، گەمژەیی بریتی بوو لە "هیچ چارەیەک نییە" و خۆقەتیسکردن و کارەساتبارترین و باوترین خۆخەڵەتاندنەکان، واتە بەکەمگرتن و بەسووک سەیرکردنی دوژمن.

شەڕی "بێسنوور"ی ژێردەرییاییەکان، بەو مانایە بوو لە ناوچە گەمارۆدراوەکەدا، کەشتییەکان، پڕچەک بن یان کەشتیی بێچەکی بازرگانی، هیی دوژمن بن یان بێ لایەن، نوقم بکرێن. حکوومەتی ئەمریکا، زۆر بەتوندی ڕێزی لە بنەمای ئازادیی دەریاکان دەگرت بۆ بێلایەنەکان و زۆر توندیش ناڕەزایەتیی خۆی لەوە دەربڕی. لە  ١٩١٥دا دوای هەرا و هەڵڵای نوقمکردنی

کەشتیی "لۆزیتانیا" (٢٨) ئەو سیاسەتە وەستێنرا، دیارە نەک لەبەر تووڕەبوونی ئەمریکا و هەڕەشەی پساندنی پەیوەندییەکان یان تووڕەبوونی بێلایەنەکان، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەلمان بەگوێرەی پێویست ژێردەریایی نەبوو بۆ ئەوەی بەدڵی خۆی و بەشێوەی کاریگەر و دڵنیایی کارەکەیڕاپەڕێنێ.

لەو وەختەدا، ئەگەر ڕاستیت دەوێ لە کۆتایی ١٩١٤دا دوای ئەوەی یەکەم پەلامارەکان بۆ بەچۆکداهێنانی ڕووسیا و فەڕەنسا هیچیان لێ نەکەوتەوە، دەسەڵاتدارانی ئەڵمان تێگەیشتن، کە ئەگەر هەر سێ هێزە هاوپەیمانەکە پێکەوە بمێننەوە، شەڕەکە نابەنەوە و سەرناکەون و لەوانەشە هەر وەک سەرۆکی بنکەی سوپای ئەڵمانیا بە ڕاوێژکارەکەی ئەو وڵاتەی گوت:"لەوانەشە ئێمە خۆمان داهێزرێین و لاواز بین." (٢٩)

کەوابوو دەبوایە هەوڵێکی سیاسی بدەن و لەگەڵ ڕووسیادا پەیمانێکی ئاشتەوایی ببەستن، بەڵام ئەو بۆچوونە هیچی لێ شین نەبووەوە، هەر وەک ئەو هەمووە ڕێگەچارە و پێشنیارەی لە ماوەی دوو ساڵی دواتریشدا لە بارەی بەلژیک و فەڕەنسا و تەنانەت بەریتانیاشەوە، خرانە بەردەم ئەڵمانیا یان ئەڵمانیا خستییە بەردەم ئەوانی دی و هیچ ئاکامێکیان لێ نەکەوتەوە. مایەپووچبوونی هەموو ئەو هەوڵانە، یەک هۆکاری هەبوو هەلومەرجی ئەڵمانییەکان لە هەموو ڕوویەکەوە دژوار و نالەبار بوو ئەڵمان وەک براوە و سەرکەوتوویەک دەیەویست خەنیم(بەرامبەر)ەکەی دەست لە شەڕ هەڵگرێ و ئەو شوێنانەی گرتوونی ڕادەستیان بکات و غە ڕامەش بدات. بەردەوام زمانی زبر و زەبروزەنگ بوو بەبێ نەرمی نواندن و هیچ کام لە دوژمنەکانی ئەڵمانیاش هەر بە دڵیشیدا نەهات ناپاکی لە هاوپەیمانەکانی خۆی بکات.

لە کۆتاییەکانی ١٩١٦دا سەرچاوە و بیرکردنەوەی شاز و نوێی سەربازی هەر دوو لا بەرەو تەواوبوون چوو و لە پێناوی چەند مەترێک کشانەوە یان چوونەپێشدا، بەبێ هیچ زێدەڕۆییەک بە ملیۆنان کەس لە ڤێردەن و سۆم تێداچوون.

ئەلمانییەکان مەمرە و مەژی، بە پەتاتە دەژیان و منداڵی پاز دەساڵانیان دەبردە سەربازی و هاوپەیمانەکانیش بەزۆری و بە ئاستەم خۆیان بەسەر

پێوە ڕاگرتبوو و هیچ ئاسەوارێکی سەرکەوتنیان بەدی نەدەکرد. مەگەر ئەوەی هێزە زەبەلاح و شەقڵەشکاو و حەساوەکەی ئەمریکا بەهانایانەوە بێ.

لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا لە لایەکەوە کارخانەکانی کەشتیسازیی کەیل، خێرا خێرا ژێر دەریاییان دروست دەکرد بۆ ئەوەی ئامانجەکەیان بپێکن کە دروستکردنی دووسەد دەزگا کەشتی بوو لە لایەکی دیکەشەوە فەرماندەی باڵای ئەڵمانیا لە کۆبوونەوەی بەرپرسە پایەبەرزەکاندا، سەرەڕای دژایەتیی توندی وەزیرە ناسەربازییەکان، هەوڵی دەدا پەلاماری ژێر دەریاییەکان دەست پێ بکرێنەوە. وەزیرە غەیرەسەربازییەکان پێداگرانە دەیانگوت، نوقمکردنی بێ مەرج و دووبارەی کەشتییەکان، قسەکەی گەورەڕاوێژکاری ئەڵمانیا بێتمان هۆلڤێگ دێنێتە دی و "ئەمریکا ناچار دەکات بچێتە پاڵ دوژمنەکانمانەوە."(٣).

فەرماندەی باڵا نکو ولیی لەوە نەدەکرد، بەڵام پێی وابوو ئەستەمە شتی وا بکرێ. فەرماندە پایەبەرزەکانی سەربازی لێیان ڕوون بوو کە ئەڵمانیا ناتوانێ تەنیا لە وشکانیدا شەڕەکە بەرێتەوە، هەربۆیە دەیانویست، بەر لەوەی ئەمریکا هێزی پێویست کۆ بکاتەوە و ڕایانبهێنێ و بیاننێرێتە ئەورووپا و کاریگەری لەسەر چارەنووسی شەڕەکە دابنێ، ئەو ڕێگە دەریاییانە بگرن کە پێداویستی و لۆجستیکیان دەگەیاندە بەریتانیا. لەو کاتەشدا بەریتانیا خەریک بوو کەلوپەلی دەبڕدرا.

ئەوانە پێیان وابوو دەتوانن لە ماوەی سێ یان چوار مانگدا کارەکەیان ڕاپەڕێنن. دەریاسالار(کاپتن)ـەکان نەخشە و خشتەکانیان لێک دەکردەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن، کە ژێردەریاییەکان دەتوانن لە ماوەی دیاریکراودا ئەوەندە کەشتی بشکێنن و نوقم بکەن هەتا بەریتانیا "وەک ماسیی نێو قامیشەڵێن پشووی لێ ببڕێ:"(٣١).

بەرهەڵستکارەکان و لەسەرووی هەمووانەوە گەورەڕاوێژکار، لە وەڵامدا دەیانگوت، بێت و ئەمریکا بێتە نێو شەڕەکەوە، باریماڵی و ئابووریی هاوپەیمانەکان پتەوتر دەبێ و ورەیان بەرز دەبێتەوە و هانیان دەدا هەتا هێزی پشتیوانی ئەمریکایان دەگاتێ، خۆیان ڕاگرن. جگە لەوەش هەموو کەشتییە دەستبەسەرداگیراوەکان لە بەندەرەکانی ئەمریکادا دەکەونە بەردەستی

هاوپەیمانەکان و لەوانەیە بێلایەنەکانی دیکەش تێوەبگلێن. کارل هێلفێریش، جێگری سەدری ئەعزەم، پێی وابوو بەردانی جڵەوی ژێردەریاییەکان "کاولبوونی لێ دەکەوێتەوە." ( ٣٢) بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەش کە بەرپرسی راستەوخۆی کاروباری ئەمریکا بوون هەروا دژایەتییان دەکرد. دوو بانکداری زەبەلاحیش، کە بۆ ئەرکی پێ ئەسپێردراویان چووبوونە ئەمریکا و ئێستا گەڕابوونەوە، وریاییان دا، کە نابێ هێز و توانای پەنگراو(بالقوە)ی خەڵکی ئەمریکا بەکەم بگرن. گوتیشیان ئەمریکییەکان، ئەگەر بورووژێن و بێنە سەر ئەو باوەڕە کە ئامانجێک هەقە، کەس بۆی چاوەڕوان ناکرێت کە دەتوانن چەندە هێز کۆ بکەنەوە.(٣٣)

کۆنت فۆن برێنشتۆرف، باڵیۆزی ئەڵمانیا لە واشنگتۆن،ــ لە دژایەتیی ئەو شەڕەدا ــ لە هەمووان پێداگرتر بوو. ئەو پیاوە لە پرۆس لەدایک نەببوو و پەروەردە و ڕاهێنانی لەدەرەوەی پرۆس، پاراستبووی لەو ساویر و گومانانەی هاوەڵەکانی هەیانبوو. برێنشتۆرف کە ئەمریکای باش دەناسی، بەردەوام حکوومەتەکەی خۆی لە مەترسییەکان ئاگادار دەکردەوە، کە هێرشی ژێردەریاییەکان بێ ئەملاولا ئەمریکا دەکاتە دوژمنیان و دەبێتە هۆی شکستی ئەڵمانیا. چەندی سوپاییەکان پێداگرتر دەبوون ئەو لە پەیامەکانیدا پتر هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی بەشکم وڵاتەکەی بگێڕێتەوە لەوڕێگەیەی لێی سوور بوو تێکی دەشکێنێ. ئەو گومانی نەبوو لەوەدا کە تاقە ڕێگەی دەربازبوون لەو چارەنووسە ڕەشە، ئەوەیە شەڕەکە ببڕێننەوە و لە ڕێگەی نێوبژیوانییەکەوە ئاشتییەک ڕابگەیەنن و پێک بێن و پرزیدێنت وێلسن بۆ پێشنیاری وەها نێوبژیوانییەک ئامادە دەبێ. گەورە ڕاوێژکاریش ئەو ڕێگەچارەیەی زۆر بەدڵ بوو و تیۆرییەکەشی ئەوە بوو کە ئەگەر هاوپەیمانەکان وەها ئاشتییەک وەک چاوەڕوان دەکرا، قەبووڵ نەکەن و ئەڵمانیا قەبووڵی بکا، ئیتر ئەڵمانیا دەستی ئاوەڵا دەبێ بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕی بێ ئامانی ژێردەریاییەکان، بەبێ ئەوەی ئەمریکا لەخۆی بکاتە دوژمن.

داروودەستەی لایەنگری بەکارهێنانی ژێردەریاییەکان بریتی بوون لە دەرەبەگە پڕۆسییەکان و کۆڕەکانی دەربار. ئەنجوومەنە شەڕهەڵاییسێنە

فراوانخوازەکان، حیزبە ڕاستئاژۆکان و خەڵکێکی ئێجگار زۆریش کە بەهۆی لەگوێخوێندن(تەڵقین) هەموو هیوای خۆیان بە ژێردەریاییەکانەوە بەستبوو و پێیان وابوو هێرشی ژێردەریاییەکان بازنەی ئەو گەمارۆیە دەشکێنێت کە بەریتانیا بە دەوری وڵاتەکەیاندا کێشابووی و دوژمن بەچۆکدا دێنێ. چەند دەنگێکی ناخۆش و ئازاردەری سۆشیال دیموکراتەکان لەڕایشستاگەوە هەستا، کە "خەڵک نان و ئاشتییان دەوێ نەک جەنگی ژێردەریاییەکان"، بەڵام کەس گوێی نەدانێ، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەڵمانیا، سەرە ڕای هەموو برسێتییەکەیان، گوێلەمست و ملکەچ بوون. قەیسەر ویلهۆ ڵمی دووەم، نوقمی گومان و دڕدۆنگی بوو بەڵام چونکە نەیدەویست لە فەرماندەکانی کەم غیرەتتر بنوێنێ، لەگەڵیان هاودەنگ بوو.

هەر دوو بەرە، پێشنیارەکەی دیسەمبەری١٩١٦ وێلسنیان ــ کە دژبەرەکان بۆ ئاشتییەکی بەبێ سەرکەوتن، کۆ ببنەوە ــ ڕەت کردەوە. هیچ کام ئامادە نەبوون مل بۆ ڕێککەوتن و سازانێک ڕاکێشن کە ئازار و مەینەتیی گیانە قوربانیکراوەکان و تێچووەکانی جەنگ قەرەبوو بکاتەوە. ئەڵمانیا بۆ ئەوەی شەڕ نەدەکرد، لەو دۆخەدا بمێنێتەوە، ئامانجی ئەو زاڵبوون بوو بەسەر ئەورووپادا و دروستکردنی ئیمپراتۆرییەکی گەورەتر لە سەررووی دەریاکانەوە و ئینجا ئاشتییەکیشی دەویست بە ئەمر و فەرمانی خۆی بێ، نەک ئاشتییەکی بە نێوبژیوانی. هەر وەک ئارتۆر تسیرمان وەزیری دەرەوە بۆ برێنشتۆرفی نووسی، ئەڵمانیا نەیدەویست نێوبژیوانێکی بێ لایەن "ئێمە بێبەش و بێبەری بکات لەو شتەی بەهیوا بووین بە جەنگ بەدەستی بێنین." ( ٣٤)، هەر چەشنە ڕێککەوتنێکی بەلاوەنانی دوژمنایەتی و دانی غە ڕامەی لە لایەن ئەڵمانیاوە بەدوادا هاتبا ــ هاوپەیمانەکانیش تەنیا ئەم ڕێگەیەیان بۆ وازهێنان لە جەنگ قەبووڵ بوو ــ بە واتای کۆتایی هاتنی بە بنەماڵەی هۆئنستۆلێرن و چینی دەسەڵاتدار بوو. جگە لەوەش، یەکێک دەبوو خەرج و موخاریجی شەڕەکان بدات ئەگینا ئەڵمانیا مایەپووچ دەردەچوو. ئاشتی بەبێ سەرکەوتن نەک کۆتایی بە خەونی سەروەریی ئەڵمانیا دێنا، بگرە دانەوەی کۆمەڵێکماڵیاتی قورسیشی بۆ قەرەبووکردنەوەی ساڵە بێ داهاتەکانی شەڕ دەخستە سەر شانیان. ئەوەش واتە شۆڕش و ڕاپەڕین. سەرکەوتن لە جەنگدا بۆ تەخت و تاج، بۆ جەماعەتی

سوپا، ملّکدارەکان، خاوەن کارخانەکانی پیشەسازی و بازرگانەکان، تاقانەڕێی پاراستنی دەسەلآت بوو.

دوا بڕیار لە کۆبوونەوەیەکدا کە قەیسەر و سەدری ئەعزەم و فەرماندەی باڵا تێیدا بەشدار بوون، لە ٩ی جانیوەری ١٩١٧دا درا. دەریاسالار فۆن هۆڵتسندۆرف، سەرۆکی بنکەی هێزی دەریایی، ڕاپۆرتێکی دووسەد لاپەڕەیی خوێندەوە، هەمووی ئاماری کۆکراوە بوو لەبارەی توانایی ئەو کەشتیانەی دەچوونە نێو بەندەرەکانی بەریتانیاوە و نرخی هێنان و بردن و تاقەتی هەڵگرتن و دابەشکردن و نرخی مەوادە خۆراکییەکان و بەراوردکردنی بەروبووی ئەو ساڵە لەگەڵ ساڵی پێشوو و زۆر شتی دیکەش ـــ تەنانەت نانی بەیانیانی بەریتانییەکانیش چەندەی کالۆری تێدایە ـ سوێندیشی خوارد کە ژێردەریاییەکانی ئەو دەتوانن هەموو مانگێک، کۆمەڵێک کەشتیی بەتوانایی ٦٠٠٠٠٠ تەن نوقم بکەن و بەر لە گەیشتنی وەرزی حاسڵات و بەروبوو بەریتانیا بەچۆکدا بێنن و ناچاری بکەن خۆ بەدەستەوە بدا. سەرۆکی بنکەی هێزی دەریایی گوتی، ئەوە دوایین دەرفەتی ئەڵمانیایە و ئەو پێی وایە بۆ سەرکەوتن لە شەڕدا و "دەستەبەرکردنی داهاتوومان وەک هێزێکی جیهانی" ڕێگەیەکی دیکەمان لەبەردەم نییە.

بێتمان، سەدری ئەعزەم لە وەڵامی دەریاسالاردا، سەعاتێکی قسە کرد، بەڵگەهێنانەوەی ڕاوێژکارەکانی یەک بە یەک خستە ڕوو کە هاتنی ئەمریکا بۆ نێو جەنگەکە، بە واتای شکستی ئەڵمانیایە، کەچی ئەوانەی لە دەوراندەوری مێزەکە دانیشتبوون، نێوچاوانیان گرژ کرد و کردیانە بۆڵەبۆڵ. ئەو لێی سوور بوو کە هێزی دەریایی بەتەنیا ساغ بووەتەوە و بڕیاری داوە و پێشتریش ژێردەریاییەکانی ناردووە. بەڵام وردە وردە داینواند و دەستی بەرداوە. دیارە ژێردەریاییەکان ئەوەندە زیاتر بوون، کە لەوانەبوو سەرکەون، بەڵێ، بەرهەمەکەی ئەم دواییەی هاوپەیمانان باش نەبوو. بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەمریکا.. فیلدرمارشال فۆن هیندنبۆرگ قسەکەی پێ بڕی و گوتی: سوپا دەتوانێ "مشووری ئەمریکا بخوا" و فۆن هۆڵتسندۆرف گوڕاندی و "زەمانەتی" دا کە "هیچ ئەمریکاییەک پێی بە وشکارۆی ئەورووپادا نایە." سەدری ئەعزەم

به خەفەتبارییەوە ملکەچ بوو و گوتی:"هەڵبەت ئەگەر سەرکەوتن بانگمان دەکا، دەبێ شوێنی بکەوین." (٣٥)

بێتمان دەستی لەکار نەکێشاوە. یەکێک لە بەرپرسەکان، دوای کۆبوونەوەکە، ئەوی لە پشت مێزەکەی بە خەفەتباری و داهێزراوی دیت و بە شڵەژاوییەوە پرسی، لە شەڕگەوە هەواڵێکی خراپ هاتووە؟ بێتمان گوتی:"نەخێر، بەڵام ئەڵمانیا تەواو تێدا چوو."(٣٦)

نۆ مانگ پێشتر، لە قەیرانێکی دیکەدا، کۆرێت ڕیتسلێر جێگری بێتمان و کاربەدەستی بنکەی سوپا، لە بارەی ژێردەرياييەکانەوە بە ئەنجامێکی لەو شێوەیە گەیشتبوو و لە ٢٤ی ئەپریلی ١٩١٦دا لە دەفتەری بیرەوەرييەکانی خۆیدا نووسیبووی: "ئەڵمانیا وەک بنیادەمێک وایە، کە لەسەر لێواری هەڵدێرێک بەلارەلار دەڕوا و هەموو ئاواتی ئەوەیە خۆی هەڵدێرێتە خوارێ."(٣٧)

هەر واش دەرچوو. سەرەڕای ئەوەی ژێردەرياييەکان، زیانی زۆر قورس و گەورەیان لە کەشتییەکانی هاوپەیمانان دا، تاکتیکی هاوپەیمانان واتە"پشتیوانی لە کەشتیگەلی جەنگ) کاری خۆی کرد و بەریتانیا بە هیوای جەنگ ڕاگەیاندنی ئەمریکا، خۆی هەر بەدەستەوە نەدا. سەرەڕای زەمانەتەکەی فۆن هۆڵتسندۆرف، دوو ملیۆن سەربازی ئەمریکی هاتنە ئەورووپا و هەشت مانگ دواتر پاش یەکەم هێرشە بەربڵاوەکەی ئەمریکا، ئەڵمانیا بەچۆکدا هات.

ئەرێ ڕێگەچارەیەکی دیکە هەبوو؟ بە وردبوونەوە لە لاسارییەکەی ئەڵمانیا بۆ سەرکەوتن و خۆبواردن لە قەبوولکردنی ڕاستییەکان، لەوانەیە ڕێگەیەکی دیکە نەبووبێ. بەڵام وەختێک دیتیان گەیشتوونەتە بنبەست و ڕێگەی دیکەیان لەبەردەمدا نییە، دەکرا ـ پێشنیارەکەی وێلسن قەبووڵ بکەن ـ و ئەنجامێکی باشتر دەستەبەر بکەن و نەهێڵن هێزەکانی ئەمریکا بێنە پاڵ دوژمنەوە یان هەر نەبێ ئەو هاتنە بەدوا بخەن. هاوپەیمانەکان بەبێ ئەمریکا، نەیاندەتوانی سەرکەون. جا چونکە ئەڵمانیاش توانای سەرکەوتنی نەبوو هەردوولا ئەوەندەیان لێک دەدا هەتا پشوویان لێ دەبڕا و ئاشتییەکی کەم تا زۆر، هاوسەنگ دەهاتە ئاراوە.

ئەو ڕێگەیە نەگیرایە بەر، بەڵام ئەگەر هەڵبژێردرابا، مێژووی جیهان دەگۆڕدرا، ئەگەر سەرکەوتن و بەزینێک لەئارادا نەبوایە، مەسەلەی دانی

قەرەبووكردنەوە(غەرامە) و دەسنیشانكردنی بەرپرسیارەتیی دەستپێكەری شەڕ نەدەهاتە گۆڕێ و لەوانەبوو هیتلەرێكیش لە جەنگی جیهانیی دووەمدا سەری هەڵنەدابا.

بەڵام هەرچۆنێک بێ، لە ڕووی دەروونییەوە، ئەم بژێرەیەش وەک زۆربەی بژێرەكانی دیكە، مەحاڵ بوو. وەک یۆنانییەكان دەڵێ، گەوهەر(فیترەت) چارەنووسە. ئەڵمانییەكانیان وا فێر كردبوو كە بە زۆرەملێ ئامانجەكانی خۆیان دەستەبەر بكەن، سازان و ڕێككەوتن لە وانە و دەرسەكانیاندا نەبوو. تەنانەت لە هەمبەر شكستی زۆر گەورەشدا نەیاندەتوانی واز لەو خۆبەزلزانییە هەڵگرن. ئەو هەڵدێرەی ریتسلێر دەیگوت، بانگی دەكردن.

ژاپۆن لە ١٩٤١دا، لەبەردەم وەها بڕیارێكدا بوو. دوورەدیمەنی ئیمپراتۆری، یان خۆیان واتەنی "ناوچەی بەرین و مەزنی گەشەی هاوبەشی ئاسیای ڕۆژهەڵات" بەر لە هەموو شتێک پێویستیی بە ملكەچیی چین هەبوو ــ و ئەوجار بەرینكردنەوەی دەسەڵاتی ژاپۆن لە مەنچورییەوە هەتا فیلیپین و ئەندی ڕۆژهەڵاتی هۆڵەندا و مالایا و سیام و بێرمێ (هەندێ جاریش بەپێی چاوقامیی وتەبێژ) ئوست ڕالیا و زیلاندی نوێ و هیندوستان. ئارەزووەكەی ژاپۆن لەگەڵ ڕووبەری ئەو وڵاتە پێچەوانەی یەكتر بوون ــ نەک لەگەڵ ویست و ئیرادەكەی. كۆكردنەوەی هێزی پێویست بۆ وەها كارێكی مەزن، پتر لە سەروەت و سامانەكەی ئەو وڵاتە، پێویستیی بە ئاسن و نەوت و كائۆچۆ و برنج و مەوادی خاوی دیكە هەبوو. هەلە لەبارەكەش كاتێک هەڵكەوت، كە شەڕی ئەورووپا هەڵاییسا و دەسەڵاتە كۆلۆنییەكانی ڕۆژئاوا، واتە دژبەرە سەرەكییەكانی ژاپۆن لە ناوچەكەدا، یان بۆ مانەوە و خۆپاراستن سەرقاڵی جەنگ بوون، یان بەچۆكداهاتن. ــ فەڕەنسا شكا، هۆڵەندا (سەرەڕای حكوومەتێک لە مەنفا) داگیر كرا، بەریتانیا بوو بە ئامانجی بۆمبارانی فڕۆكەكانی ئەڵمانیا و ئیتر توانای ئەوەی نەبوو لە لایەكی دیكەی جیهانەوە دەست بكاتەوە و شەڕ بكا.

كۆسپی بەردەم ژاپۆن وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا بوو كە بەردەوام خۆی دەپاراست لەوەی ئەو شوێنانە بەفەرمی بناسێت كە ئەو(ژاپۆن) لە چینی دەگرتن و كەرەستە و مەوادی پێویستیشی بۆ دابین نەدەكردن. كارەساتەكانی

ژاپۆن لە چین و هێرشکردنە سەر کەشتییە جەنگییەکەی ئەمریکا (پانی)، و هەندێ دنەدانی دیکەش، کاریگەریی خۆیان لەسەر بڕیارەکەی ئەمریکا هەبوو. ژاپۆن لە ١٩٤٠دا، گرێبەستێکی سێ لایەنەی لەگەڵ ئەڵمانیا و ئیتالیا ئیمزا کرد و چووە نێو هێزەکانی "بەرە"وە، و دوای شکستەکەی فەڕەنسا لە ئەورووپا، چووە نێو هیندوچینی فەڕەنساوە. ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە وەڵامیدا، دەستیان بەسەر سامانەکانی ژاپۆندا گرت و نەیهێشت ئاسن و نەفت و بەنزینی فرۆکەی پێ بفرۆشن. دانوستانە دو وروودرێژەکانی سالانی ١٩٤٠ و٤١ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک بێ ئاکام مانەوە. ئەمریکا، سەرەڕای ئەوەی حەزی لێ بوو گۆشەگیر بێ، بەڵام قەبووڵی نەدەکرد ژاپۆن بەسەر چیندا زاڵ بێ و ژاپۆنیش بۆ پێشڕەویی خۆی لەوێدا و لە شوێنەکانی دیکەش، هیچ کۆسپ و لەمپەرێکی لەبەردەم خۆیدا نەدەدی.

ئەو بەشە لە سەرکردەکانی ژاپۆن کە هەستیان بە بەرپرسیارەتی دەکرد و حیسابیان لە توندڕەوەکانی سوپا و سیاسەتوانە لاسارەکان جودا بوو نەیاندەویست لەگەڵ ئەمریکا تووشی شەڕ بن. ئەوەی ئەوان دەیانویست، ئەوە بوو کە ئەمریکا بێدەنگ دانیشێ و ئەمانیش بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەکەیان لە ئاسیادا ئەسپی خۆیان لینگ بدەن. پێیان وابوو هەر بە وەڕێخستنی هات و هەرا و پێداگری و داواکاریی زێدەڕۆیانە و هەڕەشە، کە بەشێوەی لاوەکی لە هاوپەیمانێتییەکەیان لەگەڵ دەوڵەتەکانی بەرەدا هەیانبوو بە ئامانجەکانیان دەگەن.

بەڵام ئەو شێوازانە ئەمریکای توندتر کرد و ژاپۆنییەکان لەسەر بنەمای ئەزموونە زۆر کورتەکەی خۆیان، بەو ئاکامە گەیشتن کە ئەگەر بۆ گەیشتن بە یەکەم ئامانج واتە سەرچاوە حەیاتییەکانی * هیندی ڕۆژهەلاتیی هۆڵەندا هەنگاوێک بنێن، ولاتەیەکگرتووەکان بەرۆکیان دەگرێ. ئەی بلشە چۆن دەکرا بەبێ ئەوەی ئەمریکا دنە بدەن و بیوروژێنن، بەو ئامانجەیان بگەن؟ ئەوە گرێکوێرەیەک بوو کە لە ماوەی ١٩٤٠ و ٤١دا ژاپۆنییەکانی ئازار دەدا.

بۆ گرتنی هیندی ڕۆژهەلاتی و بردنی مەواد و کەرەستە خاوەکەی بۆ ژاپۆن، دەبوایە لە ڕووی ستراتیژییەوە، بەری باشووری ڕۆژهەلاتی زەریای

*سەرچاوەی حەیاتی: واتە ئەو سەرچاوانەی وەک هەناسە بۆ ژیان پێویستن

هێمن لە هەرچەشنە مەترسی و عەمەلیاتێکی دەریایی ئەمریکا بپارێزن.
دەریاسالار یاماۆتۆ، فەرماندەی باڵای هێزە دەریاییەکانی ژاپۆن و گەڵاڵەداڕێژی هێرشەکەی پێرل هاربر، دەیزانی ژاپۆنییەکان لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەمریکادا سەرکەوتنیان مسۆگەر نییە، هەر وەک چۆن بە سەرۆکوەزیرانی وڵاتەکەی خۆی کۆنۆییێی گوت:"من هیچ هیوایەکم بە ساڵی دووەم و سێهەمی جەنگ نییە و لێی دڵنیا نیم." جا لەبەر ئەوەی لێی سوور بوو هێرشی سەربازی بۆ سەر هیندی ڕۆژهەڵاتی هۆڵەندا "دەسبەجێ ئەمریکا لە جەنگەکەوە دەگلێنێ" کەوتە بیری ئەوەی بە "زەبرێکی گورچوبڕ" وڵاتەیەگرتووەکانی ئەمریکا بەچۆکدا بێنێ و نەخشە و گەڵاڵەکەی خۆی راپەڕێنێ. ئەوجار بە داگیرکردنی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ژاپۆن سەرچاوەی پێویستی بۆ شەڕێکی دوورودرێژ دەست دەکەوێ و بەسەر "ناوچەی گەشەی هاوبەشدا" زاڵ دەبێ. کەوابوو ئەو پێشنیاری کرد، کە ژاپۆن "لە سەرەتای جەنگەکەدا، بە پەلامارێکی توند، گەلەکەشتییە جەنگییەکەی ئەمریکا لەناو بەرێ، بۆ ئەوەی ورەی هێزەکانی دەریایی و خەڵکی ئەمریکا وا لاواز بکات، کە ئیتر جێی خۆی نەگرێتەوە."( ٣٨) ئەوە بەراورد و لێکدانەوەی سەیروسەمەرەی خەڵکێک بوو کە لە زانکۆی هارڤارد دەرسیان خوێندبوو و ماوەیەک پۆستی کاربەدەستی دەرطیی ژاپۆنی لە واشنگتۆن لە ئەستۆ بوو هەر بۆیە بە ئەمریکا نامۆ نەبوو.
لە جانیوەری ١٩٤١دا گەڵاڵەی وەها زەبرێکی لە ڕادەبەدەر چاوقایمانە بۆ تێکشکاندنی گەلەکەشتییە جەنگییەکەی ئەمریکا لە زەریای هێمن (پێرل هاربێر)دا، داڕێژرا، بەڵام بڕیاری کۆتایی بە درێژایی ساڵ بە مانۆرە توندەکانی نێوان حکوومەت و هێزە چەکدارەکانەوە بەسترابۆوە. ئەوانەی لایەنگری دەستپێشخەری بوون بۆ وەشاندنی زەبرەکە و بەرگرییان لەوە دەکرد ـ هەڵبەت زۆریش دڵنیا نەبوون ـ لەوەی ئەم زەبرە بێ ئەملاوئەولا وا لە ئەمریکا دەکات خ ۆ لە شەڕەکە هەڵنەقوتێنێ و هیوادار بوون بەوەی ئەو وڵاتە ئیتر دوای ئەوە هیچ عەملیاتێک ناکاتەوە. ئەوانەی گومانیان هەبوو دەیانپرسی: ئەی ئەگەر هێرش بکاتەوە؟ ئینجا بەڵگەیان دەخستە ڕوو کە ژاپۆن لە شەڕێکی درێژخایەندا دژی ئەمریکا، سەرکەوتوو نابێ و دەیانگوت، ناکرێ گەمە بەژیانی خەڵکی بکەی و بیانخەیتە مەترسییەوە. بە درێژایی ئەو مشتومڕانە، دەنگە

ورياییکەرەوەکان هەرگیز کپ نەبوون. سەرۆکوەزیران، شازادە کۆنۆیێ، دەستی لە کار کێشایەوە، فەرماندەکان هەر کەسە و شتێکی دەگوت، ڕاوێژکارەکان دڕدۆنگ بوون و ئیمپراتۆر خەفەتبار و خەمۆک، و وەختێک پرسیی، کە ئاخۆ ئەو سەرکەوتنەی لەو شەڕە کتوپڕ و لەنەکاوەدا دەستەبەر دەبێ و دەستکەوتەکانی ئەو سەرکەوتنە، هێندەی دەستکەوت و سەرکەوتنی ئەو پەلامارە لەناکاوە دەبێت کە لەشەڕی ڕووس و ژاپۆندا کرایە سەر پۆرت ئارتۆر؟ دەریاسالار ناگانۆ، سەرۆکی بنکەی هێزی دەریایی، وەڵامی دایەوە، کێ چووزانێ ژاپۆن سەردەکەوێ؟ (   ٣٩). (ئەم قسەیە، لە بەردەم ئیمپراتۆردا، لەوانەیە جۆرە کڕنۆشیێکی ڕواڵەتی و خۆبەکەمگرتنێکی ڕۆژهەلاتیانە بووبێ، بەڵام ئەوە لە ساتێکی ئاوەها بەنرخدا زۆر ئەستەمە وابووبێ.)

لەو کەش و فەزای شکست و گومانەدا، بۆچی وەها هەنگاوێکی پڕمەترسی پەسند کرا؟ تا ڕادەیەک لەبەر ئەوەی هەموو هەوڵەکانی ژاپۆن بۆ هەڕەشە و تۆقاندن بێ ئەنجام مابوونەوە و بێهیواییەکی لێ کەوتبووەکە کە ئەوانی هێنابووە سەر قەناعەتی (یان سەرکەوتن یان مردن) و بەرپرسانی وڵاتیش وەک سەدری ئەعزەم بێتمان لە ئەڵمانیا، داماو و دەستەوستان، ملیان بۆ سوپاییەکان دانواند. جگە لەوەش، نابێ خۆبەزلزانین و هەڕ و گڤی دەسەڵاتە فاشیستییەکانیش کە هیچ سەرکەوتنێک بەدوور و مەحاڵ نابینن، لەبەرچاو نەگرین. ژاپۆن چەقبەستووانە سوور بوو لەسەر جەنگەکە و لە ڕاستیدا، زۆر سەرکەوتنی بەرچاویشی بەدەست هێنابوو بۆ نموونە داگیرکردنی سەنگاپوور و زەبروەشاندنەکەی پێرل هاربێر کە تێیدا چیی وای نەمابوو وڵاتەیەکگرتووەکان بەچۆکدا بێنێ. ژاپۆن لەبەر ئەوە شانی دایە بەر ئەو مەترسییە، چونکە یان دەبوو بەرەو پێشەوە بڕوا یان قایل بێ بەوەی هەیە، و هیچ کەسیش حاڵەتەکەی دووەمی قەبووڵ نەبوو یان کەس نەیدەوێرا پێشنیاری بکا. گوشارەکانی سوپا داگیرکەرەکە لە چین و لایەنگرەکانی لە ناوخۆی وڵات بە درێژایی تەمەنی نەوەیەک، خەڵکی ژاپۆنی وا یەکدەنگ کردبوو لەگەڵ ئەوەشدا پێکهێنانی ئیمپراتۆرییەکی مەحاڵی وا کردبوو بە ئامانج و مەبەستی ژاپۆنییەکان، کە ئیتر ڕێگەیەک بۆ گەڕانەوە نەمابوو. ژاپۆن ببووە بەندی و کۆیلەی زێدەخوازیی لەڕادەبەدەری خۆی.

ستراتیژییەکی دیکە، دەکرا ئەوە بێ، کە بچێتە سەر هیندی رۆژهەڵاتی هۆڵەندا، بەڵام خۆ لە وڵاتە یەکگرتووەکان نەدا. ئەو ستراتژییە هۆکارێکی نەزانراوی لەپاش ژاپۆنەوە بەجێ دەهێشت. بەڵام هۆکارە نەزانراوە کە زۆر باشتر بوو لە دوژمنێکی مسۆگەر، بەتایبەتی دوژمنێک کە لەجێدا زۆر لەخۆی بەهێزتر بوو.

لێکدانەوەی چەوت و هەڵەی زۆر سەیر ئەوە بوو کە ئەو دەمەی هیچ نەبێ نیوەی وڵاتە یەکگرتووەکان زۆر بەتوندی حەزی لە دوورەپەرێزی بوو تاقە شتێکی دەیتوانی خەڵکەکەی ئەمریکا یەکدەنگ و یەکگرتوو بکا و ئەو گەلە وێکڕا بێنێتە نێو ململانێکەوە، هەر ئەو کارە بوو کە ژاپۆنییەکان کردیان. لە مانگەکانی پێش پێرل هاربێردا، دووبەرەکییەکە لە ئەمریکادا ئەوەندە قووڵ بوو کە دانانەوەی قانوونی ساڵێک سەربازی بە یەک دەنگی زۆرینە ـ تەنیا دەنگێک ـ لە کۆنگرەدا پەسند کرا. ڕاستییەکە ئەوەیە، کە ژاپۆن دەیتوانی بەبێ مەترسیی تێوەگلانی ئەمریکا لە شەڕەکەوە، هیندی ڕۆژهەڵات بگرێ. هیچ پەلاماردانێکی کۆلۆنییەکان هۆڵەندا یان بەریتانیا یان فەڕەنسا، وڵاتەیەکگرتووەکانی لە جەنگەکەوە نەدەگلاند. پەلاماری خاکی ئەمریکا ڕێک ئەو شتە بوو ـ تاقە شتێکیش بوو ـ کە دەکرا ئەوەی لێ بکەوێتەوە. ژاپۆن هیچ هەستی بەوە نەکردبوو کە پەلاماردانی پێرل هاربێر لەوانەیە لەبری ڕووخاندنی ورەی ئەمریکییەکان، ببێتە هۆی یەکگرتوویی نەتەوەیی و یەکدەنگبوونیان بۆ شەڕ. ئەو بۆشاییە سەیروسەمەرەیە لە تێگەیشتن، ئاکامی شتێک بوو کە لەوانەیە بکرێ ناوی بنێین، نامۆبوونی کولتووری(ئاشنانەبوون بە کولتوور)، کە زۆربەی جارەکان یەکێکە لە کۆڵەکەکانی گەمژەیی. (ئەم نەزانییە، لە هەر دوولایەندا هەبوو بۆ ژاپۆن مەسەلەی مان و نەمان بوو). ژاپۆنییەکان لە دەلاقەی خۆیانەوە ئەمریکایان هەڵسەنگاند و پێیان وابوو حکوومەتی ئەمریکاش دەتوانێ هەر کاتێک حەزی لێ بوو گەلەکەی خۆی بێنێتە نێو جەنگەوە و شەڕی پێ بکا، هەر وەک چۆن حکوومەتی ژاپۆن دەیتوانی و لە ڕاستیشدا هەر وایکرد. ژاپۆن، جا لە نەزانینەوە بێ، یان لێکدانەوەی هەڵە و چەوت، یان چاوقایمی و نەترسان، رێک زەبرێکی لە دوژمنەکە وەشاند، کە دنەدان و هاندانی دوژمنێکی پێداگر و شێلگیر و بەئامانج پێویست بوو.

ئەو حاڵەتە، زۆر لە ڕەوش و دۆخەکەی ئەڵمانیای ساڵانی ١٩١٦ و ١٩١٧ دەچوو. ئەوەندە نەبێ، کە ژاپۆن زۆر بە قووڵی لە جەنگەکەدا نوقم نەببوو و تازەی دەست پێدەکرد. دەسەڵاتدارەکان لە هەردوو وڵاتدا، گیان و ژیانی خەڵک و گەلەکەی خۆیانیان خستە نێو گەمەیەکەوە، کە زۆربەیان لێیان ڕوون بوو لە درێژخایەندا سەرکەوتنی مسۆگەری تێدا نییە. هانە و ئەنگیزەی ئەوان، دڵڕفێنی و هێزی ڕاکێشەری تاقەتبڕی دەسەڵات و دیمەنە شکۆدارەکان و چاوبرسێتی و تەماح بوو.

ئەو مەسەلانەی تا ئێرە باسیان کرا، دەمانگەیەننە ئەو ئاکامە، کە گەمژەیی بەرهەمی هێز و دەسەڵاتە. بە دووپاتەکردنەوەی بەردەوامی قسەکەی لۆرد ئاکتن هەمووومان دەزانین کە دەسەڵات گەندەڵی دێنێ. بەڵام کەمتر ورد دەبینەوە لەوەی، دەسەڵات گەمژەییش دێنێ، و دەسەڵاتێک کە فەرماندەر و ئەمرکەر بێ، زۆربەی جاران بیر و زەینیش کۆڵەوار و تووشی کەمایەسی دەکا و چەندی بەکارهێنانی هێز و دەسەڵات پتر بێ، هەستی بەرپرسیارەتی لەبەرامبەریدا کاڵتر دەبێتەوە. هەستی بەرپرسیارەتیی گشتی لە بەکارهێنانی دەسەڵاتدا بەو مانایەیە کە دەبێ چەندی دەکرێ ژیرانە لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی وڵات و گەلدا حکوومەت بکەی. یەکێک لەو ئەرکانەی لەو نێوەدا پێویستە پەنجەی لەسەر دابنێینەوە، بەئاگابوون و لەسەرهەست بوونە، (بەردەوام لەسەرهەست و چاوکراوە بی) و گرنگی بە زانیارییەکان بدەیت و زەینت بەکراوەیی بێڵیتەوە و لە هەمبەر دنەدان و فریوی کەللەڕەقیدا خۆڕاگر بی. لوتکەی هونەری دەسەڵات ئەوەیە، مێشک و زەین ئەوەندە کراوە بێ، کە تێ بگا فڵانە سیاسەت لەبری سوود زیانی لێ دەکەوێتەوە و دەسەڵاتدار ئەوەندەی متمانەبەخۆی هەبێ و ئازایەتیی ئەوەی تێدا بێ دان بەوەدا بنێ و ئەوەندە ژیر بێ، ڕێبازەکەی پێشوو بەراوەژوو بکاتەوە.

ڕێچکەی سەرکەوتووەکانی جەنگی دووەمی جیهانی ـ بەپێچەوانەی پەیمانەکەی ڤێرسای و قەرەبووکردنەوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی ـ نموونەیەکی بەرچاو بوو بۆ ئەزموون وەرگرتن و بەکارهێنانی ئەزموونەکان ـ دەرفەتێک، کە بەدەگمەن دەرەخسێتەوە. داگیرکردنی ژاپۆن، بەپێی ئەو

سیاسەتەی کە دوای خۆبەدەستەوەدانی ئەو وڵاتە لە واشنگتۆن دارێژرا و هاوپەیمانان پەسندیان کرد و زۆربەشی ئەمریکییەکان خۆیان بەڕێوەیان برد، کردەوەیەکی شیاوی گرنگپێدان و لێوردبوونەوە بوو لەڕووی دانبەخۆداگرتن و میانەڕۆیی هێزە سەرکەوتووەکان و ژیری و تێگەیشتوویی سیاسی و نۆژەنکردنەوەی وڵات و گۆڕانکاریی بەدەم داهێنان و خوڵقاندنەوە بوو. بە هێشتنەوەی ئیمپراتۆر لە لوتکەی حکوومەتدا، پێش بە تێکەولێکە و پشێویی لەنێو ژاپۆندا گیرا و بەو جۆرە بوار بۆ قەبووڵکردنی فەرمانەکانی سوپای داگیرکەر و ڕەزامەندییەکی زۆر دەستەمۆ و قەبووڵکراو خۆش کرا. ئەگەر کارمان بەسەر چەککردن و بەکارهێنانی مەکینەی جەنگی و دادگاییکردنی جنایەتکارانی جەنگی بۆ دۆزینەوەی تاوبانباران نەبێ، ئامانج و مەبەستەکە، سەقامگیرکردنی ئازادیی سیاسی و ئابووری، حکوومەتی یاسایی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، تێکشکاندنی کارتێلەکان و چاکسازیی لە زەویوزاردا بوو.
دەرکەوت دەسەڵاتی دامەزراوە پیشەییە گەورەکانی ژاپۆن، لەرزۆک نین، بەڵام دیموکراسیی سیاسی کە بە ئەمر و فەرمان بەرهەم نایە و دەبێ وردە وردە و لە ئاکامی هەوڵ و خەباتدا و لە ماوەی سەدەکاندا هەنگاو بە هەنگاو دەستەبەر بکرێ، سەرکەوتووانە ڕاگوێزرا و بەگشتی هەڵیش بژێردرا. سوپای داگیرکەر نەک ڕاستەوخۆ بەڵکو لە ڕێگەی ئیدارە نێوبژیوانەکانی ژاپۆنەوە دەسەڵاتیان بەڕێوە دەبرد. پاکسازیی کاربەدەستانی پێشوو وایکرد کارمەندەکانی بندەستی ئەوان لەسەرکار دابنرێنەوە، کە زۆربەی جاران جیاوازییەکیان لەگەڵ پێشینیانی خۆیان نەبوو بەڵام مایەی گۆڕانیان تێدا بوو. بە پەروەردە وڕاهێنان و کتێبە دەرسییەکانیشدا چوونەوە . پێگە و پۆستی ئیمپراتۆرییش کرایە هێمایە ک "کە هەڵبژێردراوی ویست و ئیرادەی ئەو خەڵکە بێ وا مافی دەسەڵاتیان هەیە و دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە).
کۆمەڵێک هەڵە کران، بە تایبەتی لە سیاسەتی سەربازیدا. سروشتی دەسەڵات تەوەری کۆمەڵگای ژاپۆنی دیسان داکشایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەسەر یەک، ئاکامێکی بەسوود و بەدوور لە تۆڵەکردنەوەی لێکەوتەوە و ئەوەش هیوابەخشە و دەری دەخات، کە ژیریتی لە حکوومەتدا "تیر"ێکە، کە هێشتا لە کەوانی مرۆڤایەتی دایە، حەیف و مخابن بەدەگمەن کاری پێ دەکا.(٤٠)

لاپەڕەکانی دیکەی ئەم کتێبە، تەرخان کراوە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێکی ئاشنا، کە ــ بەداخەوە بۆ مرۆڤ ــ هێشتاش هەر بەردەوامە و نەبڕاوەتەوە. ئەوەی گەمژەیی سیاسەتێک ئاشکرا دەکات، ئاکام و دوایین دەرەنجامەکەی نییە. دەسەڵاتی خراپ لە درێژخایەندا هەر زیانی بۆ خەڵک دەبێ، بەڵام لەوانەیە بە شێوەی کاتی سیستەمەکە بەهێز بکات. دەسەڵاتی خراپ ئەو کاتە بە نەزانی و گەمژەیی دادەنرێ، کە لاسارانە لەسەر سیاس ەتێکی بێ سوود و ناکردەیی پێداگر بین. دیارە پێویستی بە گوتنیش نییە کە هۆکاری ئەم تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنە، زۆربوونی ئەو کێشەیەیە لە سەردەمی ئێمەدا.

بەناوبانگترین چیرۆکی دنیای رۆژئاوا، نموونەی دەستپێکی هەموو گێڕانەوەکانی دژایەتیی مرۆڤ، پاڵەوانێتیی هەموو بنیادەم و سەردەمەکان، لەوەتەی مرۆڤ توانیی بنووسێ و بخوێنێتەوە و لەوانەیە هیی بەر لەویش، ئەفسانەیەکی لەخۆیدا هەڵگرتووە، کە باسی ئەسپێکی دارینە، جا سەرچاوەیەکی مێژوویی هەیە یان نیەتی.

هەوێن و ناوەرۆکی هەموو ئەدەبیات و هونەری دوایی، هەر لە ت ڕاژێدییە دڵتەزێنەکەی ژنانی تەروادەوە کە ئۆرپیدۆس نووسیوێتی هەتا دەگاتە بەرهەمەکانی یۆجین ئۆنیل و ژان ژیرۆدۆ و تەنانەت نووسەرە لێوە و سحرلێکراوەکانی سەردەمی خۆشمان، هەر هەمووی لە جەنگەکەی تەروادەوە وەرگیراوە، کە بەهۆی ئایتیاس(١) دامەزرێنەرە ئەفسانەییەکەی ڕۆماوە و ئەو پاشکۆیەی وا ویرژیل، شاعیرە ڕۆمییەکە بۆ چیرۆکی تەروادەی نووسی، حەماسە(چیرۆکی پاڵەوانێتیی)ی نیشتمانیی ئەو وڵاتەی لێ کەوتەوە و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا خۆشەویستی چیرۆکبێژان بوو. ویلیام کەکستەن ناوەرۆکی یەکەم کتێبی چاپکراوی زمانی ئینگلیزیی لەو وەرگرت. (٢) و چاسەر و دواتریش شەکسپیر، خۆ ئەگەر نەشڵێین هەقایەت، لانیکەم بۆ دیمەنی ترۆیلۆس و کرسیدا قەرزباری ئەون. ڕاسین و گۆتێ زۆریان هەوڵ دا بۆ وێناکردنی گیانلەسەردەستی و فیداکاریی پڕ لە کوێرەوەری و ژانی ئیفیگێنیا (٣). ئۆدسیۆس ( ٤)ی سەرلێشێواو ئیلهامدەری گەلێ نووسەری جۆراوجۆر بووە، جا هەر لە تەنسینـــەوە بگرە هەتا دەگاتە جەیمز جۆیس. کاساندرا (٥) و ئەلکترا(٦)ی تۆڵەئەستێن، بوونەتە پاڵەوانی شانۆنامە و ئۆپێراکانی ئەڵمانیا. لەو دەمەوە وا جۆرج چپمەن (٧) لە سەردەمی شاژن ئەلیزابێتی یەکەمدا، لە پێشدا ئەم گەنجینە زێڕەی کردووەتەوە، "تا ئێستا" سی و پێنج شاعیر و زانا وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. گەلێ شێوەکار دڵیان چووەتە سەر

دیمەنی داوەریی پاریس و خوا نەبێ کەسیش نازانێ چیها شاعیر لە هەمبەر سیحری جوانیی هێلێندا (٨) بەچۆکدا هاتوون.

ئەزموونی مرۆڤ هەر هەمووی لە هەقایەتەکەی تەروادە یان ئیلیۆمدا چڕ بووەتەوە، کە هۆمێرووس بۆ یەکەم جار لە سەروبەندی ٨٥٠ ـ ٨٠٠ی بەر لە زاییندا هۆندییەوە. ( ٩) ئەگەرچی خواکان هاندەری ڕووداوەکەن، بەڵام ئەو شتەی چیرۆکەکە لەبارەی مرۆڤەوە فێرمانی دەکات، سەرەڕای یان لەوانەیە بەهۆی کۆنبوون و پێشینەی بارودۆخ و هەلومەرجەکە، شتێکی بنەماییە. بیست و هەشت سەدە لە قووڵایی زەین و بیرەوەرییەکانماندا خۆی ڕاگرتووە، چونکە باسی خۆمانە، بەتایبەتی ئەو دەمەی ئیتر ئاوەزمان نامێنێ. چیرۆکی تەروادە، بەپێی داوەریکردنی هەقایەتبێژێکی دیکە بەناوی جۆن کاوپرپۆییس، ڕەنگدانەوەی ئەو شتەیە وا " لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە لەسەر زەوی، بەسەر هەموومان هاتووە و ئێستاش و لە داهاتووشدا بەسەرمان دێ."(١)

تەروادە دوای دە ساڵ شەڕی بێ سوود و بێ بەرهەم و سەربەرزانە و سەرشۆڕانە و پڕ لە فرت و فێڵ و تاڵ و جێی ئ ئازایی و جاروبارە ئازای‌انە، ئاخرییەکەی بەچۆکدا دێ. ئەسپە دارینەکە دوایین چەکێکە، کە بۆ کردنەوەی شارەکە، دێتە نێو چیرۆکەکەوە. ڕووداوی ئەسپەکە سەلمێنەر و نیشاندەری ئەوەیە، کە مرۆڤ ـ سەرەڕای هەموو ئەو وریاییکردنەوە خێرایانە و مشوورخواردن و چارەسەرانەی دیکە ـ دیسانیش هەر سیاسەتگەلی دژ بە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەگرێتە بەر. باسکردنی لەم کۆنترین مێژووەی دنیای ڕۆژئاوادا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە ئەم جۆرە سیاستانە، خووخدەی لەمێژینەی مرۆڤن و لە ناخی خۆیدان. چیرۆکەکە لە پێشدا، لە ئیلیادەدا نا، کە بەر لەوەی جەنگەکە بگاتە لوتکە کۆتایی دێ، بەڵکو لە ئۆدیسەدا و لە زمانی شاعیرە کوێرەکە واتا دۆمودێکوســەوە( ١١) دەگێڕدرێتەوە. شاعیرەکە و بە ئەمری ئەویش ئۆدۆسیۆس ڕووداوەکە بۆ ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لە کۆشکی ئەلکینۆیۆس( ١٢)ـدا کۆ بوونەتەوە، دەگێڕێتەوە. سەرەڕای تاریف و پێداهەڵگوتنەکەی ئۆدۆسیۆس بە توانای چیرۆکهۆندنەوەی شاعیردا، چیرۆکەکە تا ڕادەیەک بە کورتی گێڕدراوەتەوە. هەل دەڵێ هەمووان دەزانن چ قەوماوە. لە

شوێنێکی دیکەی هۆنراوەکەدا، دووکەس لەوانەی لەوێن بەناوی هێلێنێ و مێنێلانووس ( ١٣)، لە خەیاڵپلاوێکی بە ڕواڵەت مەحاڵدا و لەگەڵ ئەوان ئۆدۆسیۆسیش، کۆمەڵێک وردە و پاژی دیکە لە چیرۆکەکە زیاد دەکەن.(١٤)

ئەسپە دارینەکە دوای ئەوەی بە دەستی هۆمێرووس لە تەم و مژی بیرەوەرییەکان هاتە دەرێ، دەسبەجێ هێزی خەیاڵی نەوەکانی دوو سێ سەدەی دواتری ڕفاند و ئیلهامی دانێ بۆ ئەوەی ڕووداوەکە بەربڵاوتر بکەن و لە یەکێک لە بەرچاوترین ڕووداوەکاندا هەموو پاڵەوانێتییەکەی لائۆکۆیۆن (١٥)ی لێ زیاد بکەن، کە زۆر گرنگ و جێی سەرنجە. ئەو کەسە، لە پێشدا لە تالانی ئیلیۆم، نووسینەکەی ئارکتینۆس میلتۆسیدا دەرکەوت، کە سەدەیەک پاش هۆمێرووس نووسرا. لائۆکۆیۆن وێنای دەنگی وریاییکەرەوە و ڕۆڵە بەرچاوەکەی ئەو تەوەر و چەقی چیرۆکی ئەسپەکەیە لە هەموو گێڕانەوەکانی دواییدا.(١٦)

پوختەی چیرۆکی ئەو چەکەی دواجار ڕووخانی ترۆی لێکەوتەوە، وەک دەزانین لە ئانەییدی ویرژیلدا بیچمی گرت، کە بیست ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح تەواو بوو. ڕووداوەکە لەو کاتەدا، ئەو گێڕانەوانەی لەخۆ دەگرت، کە زیاتر لە هەزار ساڵ بوو کۆ کرابوونەوە. ئەو گێڕانەوە جۆراوجۆرانەی لە ناوچە جوگرافییە جیا جیاکانی جیهانی یۆنانی کەونارەوە سەرچاوەیان گرتبوو زۆر ناتەبا و لێک دوور بوون. ئەفسانەکانی یۆنان زۆر دژەدیوی یەکترن. ڕووداوەکان بەگوێرەی پێویست لەگەڵ ڕێساکانی هەقایەت یەک ناگرنەوە. زۆربەی جارەکان، پاڵنەر و کردەوە یەک ناگرنەوە و ناکۆکن. هەربۆیەش دەبێ، چیرۆکی "ئەسپەدارینەکە" بەو جۆرە وەرگرین و قەبووڵی بکەین کە هەیە. هەر وەکی ئاینیاس بۆ دیدۆ( ١٧)، واتە گراوییەکەی خۆی گێڕاوە، هەر وەک دوای پێداچوونەوە و لێزیادکردن و پێوەنانی جێگرەوە لاتینییەکانی، گەیشتە سەدەکانی ناوەڕاست و لە زمانی هەقایەتبێژانیشەوە گەیشتووەتە ئێمە.

ئەوە نۆیەمین ساڵی شەڕ و ململانێی بێ ئاکامە لە پێدەشتە کاکی بە کاکییەکەی ترۆیدا. یۆنانییەکان شاری پریامو وس شایان (١٨) گەمارۆ داوە. خواکان زۆر توند لەشەڕدان، لەبەر ئەوەی دە ساڵ لەوەپێش پاریس ( ١٩)

شازادەکەی ترۆی، سێوە زێڕینەکەی خەڵاتی جوانیی دا بە ئافرۆدیتێ ( ٢٠)ی خواژنی ئەشق و هێرا( ٢١) و (ئاتنێ)ی تووڕە کرد و هەژاندنی. ئافرۆدیتێ بەڵێنی بە پاریس دابوو ئەگەر خەڵاتەکە بەو بدات، جوانترین ژنی جیهانی بە قسمەت دەکات، کە ئەوەش جۆرە گزی و فێڵێک بوو (بەڵام نەدەکرا لەوە زیاتر چاوەڕوانیت لە خوا ئۆلەمپییەکانی دەستکردی مرۆڤ هەبێ.) لە ئاکامدا پاریس، وەک هەمووان ئاگادارن، هێلێنێی ژنی مێنلایۆس پادشای سپارتەی هەڵگرت و بە سەرکردایەتیی ئاگامەمنوونی برای پادشا، لیژنەیەک پێکهات بۆ ئەوەی ژنەکە بێننەوە بۆ براکەی. ترۆی ملی بادا و شەڕەکە هەڵاییسا.(٢٣)

خواکان لە جەنگدا یان لای ئەم دەگرن یان لای ئەویتر. ئەوانیش خۆشەویستی و هەڵچوونیان هەیە. بەهێزن بەڵام پەیمانشکێن. سیحربازانە لە ئاوێنەی خەیاڵی بنیادەمەکاندا وێنەی زەینیی خەڵەتێنەر دەخولقێنن، بۆ دامرکاندنەوەی حەز و ئارەزووەکانی خۆیان، چارەنووسی شەڕەکە دەگۆڕن، بە سرتە و چرپە قسە دەکەن، فێڵ دەکەن، گزە دەکەن، تەنانەت ئەو دەمەی یۆنانییەکان دەیانەوێ دەست هەڵگرن و بڕۆنەوە ماڵەوەیان، هەر ناهێڵن جەنگاوەرەکان دەست لەیەکتری هەڵگرن و جەنگ هەروا بەردەوام دەبێت و پاڵەوان دەمرن و نیشتمان ئازار دەچێژێ. ڤسیدۆن فەرمانڕەوای دەریاکان، کە دەڵێن لەگەڵ ئاپۆلۆن (٢٤) ترۆی و شوورا و دیوارەکانی دروست کرد، دژی خەڵکی ترۆی ڕادەپەڕێ. لەبەر ئەوەی یەکەم پادشاکەی ئەوان، هەقی کار و ماندووبوونەکەی نەدابوویێ و خەڵکی ئەوێش یەکێک لە کاهینە هاوئایینەکانی ئەویان سەنگەسار(بەردباران) کردبوو. ( ٢٥) (تاوانی کاهینەکە ئەوە بوو کە فیداکاری و قوربانیی نەدابوو بۆ ئەوەی شەپۆلەکان لە هەمبەر هێرشی یۆنانییەکاندا هەستێنێ.) لە لایەکی دیکەوە ئاپۆلۆن پشتیوانە لەمێژینەکەی ترۆی، هێشتا لایەنگرێتی. بەتایبەتی کە ئاگامەمنوون کچی یەکێک لە کاهینەکانی ئەوی هەڵگرتووە و ئەوەش ئەوی تەواو تووڕە و دەهری کردووە. ئاتنێ، لە هەموو خواکان چالاکتر و دەستڕۆیشتووترە. لێبوردن و خۆشبوونی نییە و دژی ترۆی و لایەنگری یۆنانییەکانە، هەر لەبەر یەکەمین سووکایەتییەکەی پاریس و هیچی دی. زیۆس فەرمانڕەواکەی ئۆلەمپ، تا ڕادەیەک بێلایەنە و

هەر جارێکی بنەماڵە بەربڵاوەکەی دەستەوداوێنی دەبن، دەتوانێ کاریگەریی لەسەر لایەنێکیان هەبێ.

ترۆی نوقمی بێهیوایی و تازیەباری مەرگی هکتۆرە ( ٢٦). ئاخیلیۆس (٢٧) یان ئاشیل، کوشتوویەتی و پەتێکی لە جومگەی پێی خستووە و لە عارەبانەجەنگییەکەی خۆی بەستووە و بەنێو خۆڵوخاکەکەدا، سێ جاران بێبەزەییانە بەدەوری شووورای شارەکەدا دەیخولێنێتەوە. باری یۆنانییەکانیش زۆر لەبار نییە. پاریس تیرێکی ژەهراوی لە پاژنە خەسارهەڵگرەکەی پاڵەوانە مەزنەکەیان دەدا و دەیکوژێ. زرێیەکەی وی، کە دەبوو بدرێ بە شیاوترین کەسی یۆنان، لەبری ئایاس( ٢٨) کە لەهەموو یۆنانییەکان ئازاترە، دەیدەنە ژیرترین و هەرە زیرەکەکەیان. ئایاسیش کە بەخۆیدا شکاوەتەوە، لەداخان خۆی دەکوژێ. هاورێکانیشی ورە بەردەدەن و زۆربەی سوپای یۆنان وای بەباش دەزانن بگەڕێنەوە، بەڵام ئاتنێ پاشگەزیان دەکاتەوە. بە قسەی وی، ئودسیۆس پێشنیار دەکات، وەک دوایین هەوڵ، گزە و فێڵێکی جەنگیی دیکە بۆ گرتنی ترۆی دەکار بێنن، بەو شێوەیە کە ئەسپێکی چێوی دروست بکەن، ئەوەندە گەورە بێ بیست یان پەنجا کەس (لە هەندێ گێڕانەوەشدا سێسەدکەس) پیاوی چەکدار تێیدا خۆ بشارنەوە. ( ٢٩) بەپێی پیلانەکەی ئەو باقی سوپاکە وا دەبێ وا بنوێنێ کە بە دەریادا گەڕاونەتەوە بەرەو زێدەکەی خۆیان، کەچی پاپۆڕەکانیان لەو دیوی دوورگەی تێنێدووس خۆیان شاردووەتەوە. جگە لەوەش دەبێ لەسەر ئەسپەکەش بنووسن، ئەم ئەسپە، یۆنانییەکان نەزری ئاتنێیان کردووە، بەو هیوایەی ئاگای لێیان بێ و بە ساغ و سڵامەتی و بێوەی بگەنەوە زێدەکەیان. ئەسپ بەلای تەروادەییەکانەوە حەیوانێکی پیرۆزە و ئەم پەیکەرەیە دانراوە بۆ هەژاندنی ئەوان و هاندانیان بۆ ڕێزگرتن لێی، بەو هیوایەی بەشکم بهەژێن و ڕایکێشنە ژوورەوە و بیبەنە نێو پەرستنگەکەی ئاتنێ. خۆ بێوو وا بکەن، ئەو پەردە پیرۆزەی دەڵێن پارێزەر و قەڵغانی شارەکەیە، دەدڕێ. ( ٣٠) یۆنانییەکان بە دزییەوە لە ئەسپەکە دێنە دەرێ، ئاماژە دەدەن و هاورێکانیان بانگ دەکەنەوە و دەروازەکانیان لەسەر هەڵدەگرن و ئەم دوا دەرفەتە دەقۆزنەوە.

ئاتنێ دێتە خەونی کەسێک بە ناوی ئێپووس و پێی دەڵێ ئەسپەکە دروست بکەن، (٣١) و بە پێی فەرمانەکەی وی و یارمەتیی (هونەرە یەزدانییەکەی) ئەو لە ماوەی سێ   ڕۆژدا ئامرازی هەڵفریواندن و خەڵەتاندنەکە تەواو دەبێ. ئۆدۆسیۆس ڕێبەرە دڕدۆنگەکان و کۆمەڵێک لە سەربازە هەرە ئازاکان هان دەدا شەوێ بە پەیژەپەتێکدا بچنە نێو زگی ئەسپەکەوە و "لە نێوان مەرگ و سەرکەوتن" (٣٢) لەوێدا خۆ بشارنەوە.

سبەی بەیانی، پاسەوانەکانی ترۆی سەیر دەکەن گەمارۆکە هەڵگیراوە و دوژمن ڕۆیشتووە و هەر پەیکەرەیەکی سامناک و سەیر و سەمەرە لە پشت دەروازەکەی شار بەجێ ماوە. پێریامووس و تەگبیرکەر و ڕاوێژکارەکانی دێنە دەرێ بزانن چییە و دەبێتە هەرایەک، کەس قسەی کەس ناسەلمێنێ. یەکێک لە گەورەکان بە ناوی تۆمۆیتس بڕوا بەو نووسراوەیە دەکات کە لەسەر پەیکەرەکە نووسراوە و پێنشیار دەکات ئەسپەکە بەرنە پەرستنگەی ئاتنێ لە نێو قەڵاکەدا. کاپۆس، یەکێکی دیکە لە پیاوماقووڵەکان کە لەوانی دیکە ژیرترە، نارەزایەتی دەردەبڕێ و دەڵێ: ئاتنێ دەمێکە لای یۆنانییەکان دەگرێ و لە بەرژەوەندیی خەڵکی ترۆیە کە ئەو دیارییەی ئاتنێ بسووتێنن، یان بە تەورزین بیشکێنن و بزانن چیی لە هەناوی دایە. کەواتە لێرە ڕێگەیەکی دیکە هەیە دژی یەکەم ڕێ و نیشان.(٣٣)

پەریامووس دوودڵ و دڕدۆنگە، ناوێرێ بێ ڕێزی بە دیارییەکەی ئاتنێ بکا، کەوابوو بڕیار دەدات ئەسپەکە بێنێتە نێو شارەوە، بەڵام گرفتێک هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ دیوارەکەی بۆ بڕووخێنن، یان بە واتایەکی دیکە، بەردی سەردەرانەی دەروازەی ئەسکیان هەڵگرن بۆ ئەوەی بتوانن بیبەنە ژوورەوە. ئەمە یەکەم هێما و نیشانەی شوومی بێفەڕییە، چونکە بەربێژ   ی(پێشگۆیی) کراوە، هەر کات سەردەرانەی ئەسکیان لابردرێت، ئەوا ترۆی دەشکێ و دەڕووخێ.(٣٤)

ئەو خەڵکەی کۆ بوونەتەوە دەقریوێنن و دەڵێن:"بیسووتێنن، لەسەر گابەردەکانەوە تووڕی دەنە نێو دەریاوە. لەتوپەتی بکەن."(٣٥). بەرهەڵستکارانی ئاوا دەنەڕێنن، ئەوان ئەم پەیکەرەیە بە شتێکی پیرۆز و متفەڕک دەدانن و داوا

دەکەن بپارێزرێت. لەو هەلا و هەنگەمەیەدا شتێکی سەیر دەقەومێ. لائۆکۆئۆن، کاهینەکەی پەرستگەی ئاپۆلۆن بە هەڵەداوان لە قەلاکەوە دێ و بە شڵەژاوی هەرا دەکا:"هەی داماوینە، چارەڕەشینە، چما ئێوە شێت بوون؟ پێتان وایە دوژمن ڕۆیوە؟ چما دەکرێ یۆنانییەکان دیارییەک دابنێن و خەیانەتێکیان لەبن سەریدا نەبێ؟ ئەوە ناوبانگەکەی ئۆدۆسیۆستان لەبیر چووەتەوە؟

یان یۆنانییەکان لەم دێوەزمەیەدا خۆیان حەشار داوە
یان ئەم فیڵە شەڕە، سیخوڕە یان ئامرازی جەنگ
بۆ ئەوەی پەلاماری شار بدەن، فێڵێکیان لەبن سەری دایە
ئەی خەڵکی تڕۆی، متمانەی پێ مەکەن
ئەو ئەسپە هەر شتێک بێ، بڕوای پێ مەکەن
من لە یۆنانییەکان تۆقیوم، تەنانەت ئەو دەمەی دیارییش دەهێنن(٣٦)

پاش ئەم ئاگادارکردنەوەیە کە هێشتاش زایەڵەکەی ماوە، لائۆکۆئۆن بەهەموو تین و هێزی خۆی، نێزەکەی لە ئەسپەکە دەکوتێ. نێزە لە کەلەکەی ئەسپەکە ڕۆدەچێ و دەیلەرزێنێ و دەنگی هاوار وناڵینی زیندەوەرە تۆقیوەکانی ناخی ئەسپەکە بەرز دەبێتەوە. چیی نەمابوو ئەو زەبرە دارەکە بشکێنێ و تیشک و ڕووناکی بخزێتە ناوەوە، بەلام تەقدیری خواکان ڕمبەکەی کول کرد، ئەگینا تڕۆی وەک چۆن ئاینیاس دواتر دەڵێ، هێشتاش هەر بەپێوە دەما و نەدەڕووخا.

ڕێک لەو دەمەیدا کە لائۆکۆئۆن زۆرینەی خەڵکەکەی قایل کردبوو پاسەوانەکان بە ڕاکێش ڕاکێش سینۆن دێنن. سینۆن بە ڕواڵەت یۆنانییەکی ترساو و سامگرتوویە، کە وا دەنوێنێ ئۆدۆسیۆس لەڕق و دوژمنایەتی بەجێی هێشتووە، بەلام دواکەوتنی ئەو لە کاروانەکە، لە ڕاستیدا بەشێک بووە لە پیلانەکەی ئۆدۆسیۆس. پەریامو وس داوای لێ دەکا بەبێ درۆ پێیان بڵێ ئەو ئەسپە دارینە چییە؟ سیۆنیش سوێند دەخوا کە یۆنانییەکان ئەو ئەسپەیان نەزری ئاتنێ کردووە، و بە ئانقەست وا گەورەیان دروست کردووە بۆ ئەوەی خەڵکی تڕۆی نەتوانن بیبەنە نێو شارەکەیانەوە، چونکە ئەگەر بیبەنە ژوورەوە،

ئەوا بە واتای سەرکەوتنی خەڵکی ترۆیە. ئەگەر خەڵکی ترۆی ئەسپەکە لەناوب ەرن، ئەوە مەرگی خۆیانیان کڕیوە، بەڵام ئەگەر بیبەنە ژوورەوە، شارەکەی خۆیانیان پاراستووە.

چیرۆکەکەی سینۆن ڕای هەمووانی گۆڕی، خەڵکی ترۆی لە نێوان ئاگادارکردنەوە و وەسوەسەدا تێدا ماون، کە ڕووداوێکی سامناک دەقەومێ و چیی گومانی هەیانە دەیڕەوێنێتەوە و دڵنیایان دەکاتەوە لەوەی لائۆکۆئۆن هەڵەیە. ڕێک ئەو کاتەی ئەو بە خەڵکەکە دەڵێ ئاگادار بن، ئەو هەقایەتەی سینۆن فێڵێکی دیکەیە و ئۆدۆسیۆس خستوویەتە سەر زاری، لە نێو شەپۆلی دەریاوە بازنە بازنەی وەک دێوەزمە و زەبەلاح هەڵدەستن و دوو ماری سامناک لە ئاوەکە دێنە دەرێ و لەسەر لمەکە بەرەو پێشەوە دەخوشێن.

چاوە ئاگرینەکانیان خوێنیان لێ دەچۆڕێ و ئاگریان لێ دەبارێ
درویشەیان دەرهێناوە و
بە دەوری زاری پڕ هاشوهوشیاندا دەخولێتەوە

لەو دەمەیدا کە حەشاماتەکە لە ترسان پێیان بە عەرزییەوە ڕەق بووە، سەیری ئەو دیمەنە دەکەن، مارەکان ڕێک ڕوو لە لائۆکۆئۆن و دوو کوڕە لاوەکەی دەکەن و پێوەیان دەدەن.( ٣٨) لە دەوری مل و نێوقەدی باوکیان دەئاڵێن و بە دەم هاوار و ترس و ناڵین و قرخەقرخەوە کابرا دەکوژن. ئەوەی لەوێن زراویان چووە و ئیتر هەموو دڵنیا بوونەتەوە کە ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە سزای لائۆکۆئۆن بوو چونکە بێ ڕێزیی بەو شتە کردووە کە ئەوان پێیان وابوو نەزر و متفەڕکێکی پیرۆزە و ئەو زەبرێکی لێ داوە.

ئەو مارانە کە تەنانەت شاعیرانی کەوناراشیان خستووەتە زەحمەتەوە، تاریف ناکرێن، ئۆستوورەش کۆمەڵێک ڕەمز و مەتەڵی هەیە کە هیچ کات لێک نادرێنەوە و هەڵ ناهێنرێن. هەندێ لە هەقایەتخوانەکان دەڵێن، پوسیدۆن لە سەر داوای ئاتنێ مارەکانی نارد، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ ئەویش وەک ئەو خواژنە دوژمنی خەڵکی ترۆیە. هەندێکیشیان پێیان وایە ئاپۆلۆن ئەوانەی ناردووە بۆ ئەوەی خەڵکی ترۆی ئاگادار بکەنەوە لەو مەترسییەی لەپێشیانە

(ئەگەرچی، لەبەر ئەوەی دەرەنجامەکەی پێچەوانە بوو ئەو بۆچوونە ناتەبایە). بە پێی لێکدانەوەی ویرژیل، بەرپرسی ئاتنێ بوو کە دەیەویست خەڵکی ترۆی بڕوا بە سینۆن بکەن و لەناوچوونی خۆیان مسۆگەر بکەن، و بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەی خۆیشی دەڵێ: مارەکان دوای ڕووداوەکە پەنایان بردە بەر پەرستگەی ئاتنێ و لەوێ خۆیان حەشار دا. مەسەلەی مارەکان ئەوەندە ئاڵۆز و مەتەڵ ئاسا بوو کە هەندێ لە هەقایەتخوانەکانی ئەو کات دەیانگوت، چارەنووسی لائۆکۆئۆن هیچ پەیوەندیی بە ئەسپە دارینەکەوە نییە، بەڵکو سزای گوناح و تاوانێکی دیکەی بووە، چونکە لائۆکۆئۆن لە بەرچاوی پەیکەرەی ئاپۆلۆن و لە پەرستگەی ئەو یەزدانەدا لەگەڵ ژنەکەی جووت بووە و بێ ڕێزیی بە پەرستگەکە کردبوو.

گۆرانیبێژە کوێرەکەی نێو ئۆدیسە ئاگای لە لائۆکۆئۆن نییە و سووک و سانا دەڵێ، چونکە قەدەر وای دانابوو ترۆی بشکێ و تێدا بچێ، کەواتە هەر دەبوو بڕوا بە ئەسپەکە بکەن وەک بەڵگەیەک، یان بە لێکدانەوەی ئێمە، بنیادەم ــ لێرەدا خەڵکی ترۆی ــ هەر وا راهاتوون ئەو سیاسەتە بگرنە پێش، کە دژی بەرژەوەندییەکانیانە.

خۆی هاتنی مارەکان، بابەتێکی ڕاستەقینەی مێژوو نییە کە بکرێ هۆکارەکەی ڕوون بکەینەوە، دەستکەوتی خەیاڵە، یەکێکە لەو خەیاڵە هەرە بەهێزانەی گێڕدراوەتەوە. ئەو ڕووداوە لەسەر بەردی مەرمەڕی قەف قەف، یەکێک لە شاکارە مەزنەکانی پەیکەرەسازیی کلاسیکی خوڵقاندووە، دیمەنەکەی ئەوەندە زیندووە، هەر دەڵێی ئێستایش گوێت لە هاوار و زریکەی قوربانییەکان دەبێ. پلینیۆس مێهین (٣٩) کە لە کۆشکەکەی تیتۆسدا (٤٠) پەیکەرەکەی دیت، گوتی، ئەوە لە هەموو ئەو پەیکەرانەی تا ئێستا هونەری شێوەکاری و پەیکەرتاشی خوڵقاندوویەتی، مەزنترە. (٤١)

بەو حاڵەشەوە پەیکەرەکە باسی هۆکار و گرنگیی ڕووداوەکە ناکا. سۆفۆکلێس لەسەر بنەمای مەسەلەکەی لائۆکۆئۆن تراژێدیایەکی نووسی، کە بزر بووە و بیر و بۆچوونەکانی ئەو نەماون. مانەوەی ئەم ئەفسانەیە تەنیا

شتێک فێری ئێمە دەکات:"لائۆکۆئۆن سزای مەرگی چەشت، لەبەر ئەوەی لە حەقیقەت تێگەیشتبوو و خەڵکیشی لێ ئاگادار کردبۆوە.

پەریاموس فەرمان دەدا بۆ ئەوەی ئەسپەکە ڕاکێشنە نێو شار، پەت و قارقارەی* بۆ دابین بکەن. بەڵام هێشتاش کۆمەڵێک هێزی نادیار و نەناسراو هەوڵ دەدەن خەڵکی ترۆی لە مەترسییەکە تێ بگەیەنن. لە بەردەم دەروازەکەی شاردا، ئەسپەکە ڕادەوەستێ و چوار جاران لە ناوەوەی دەنگی وێککەوتنی ئاسنی ڕمب و شیر دەبیسرێ، ئەگەرچی ئەو ڕاوەستانانە بەدشوومن، بەڵام ترۆییەکان، "بەبێ ترس و بەکەفوکوڵەوە" لێی دەخورن و بەبێ ئەوەی ترسێکیان لە دڕاندنی پەردە پیرۆزەکەی شار لەدڵی بنیشێ، دیوار و دەروازەکەی شار دەڕووخێنن، لەبەر ئەوەی پێیان وایە ئیتر پێویستیان بە پەردە و لەمپەر نییە. لە گێڕانەوەکانی دواتری ئانەییدا، باسی کۆمەڵێک بێفەڕی و بەدشوومیی دیکەیش کراوە: دووکەڵێکی تێکەڵ بەخوێن هەڵدەستێ، پەیکەرەی خواکان فرمێسکیان لەچاوی دەڕژێ، برجەکان دەتگوت لەبەر ژان دەناڵێنن، ئەستێرەکان لە تەم و مژدا ون دەبن، گورگ و چەقەڵ وێکڕا دەلوورێنن، دەوەن و چڵی گوڵەکان لە پەرستگەی ئاپۆلۆندا دەژاکێن و وشک دەبن، بەڵام ترۆییەکان بەخۆیاندا نایەنەوە. قەدەر ترسی لە دڵیان ڕەواندووەتەوە"بۆ ئەوەی تێدابچن و سزای خۆیان بچێژن."(٤٢)

ئەو شەوە دەیکەنە بەزم و خۆشی و بە کەیفی دڵی خۆیان بەبێ خەم دەخۆنەوە و ڕادەبوێرن. لە دوا دەرفەتدا، زەنگی مەترسییەکە ئیتر لێ دەدرێ، ئاپۆلۆن ئاشقی کاساندرای کچی پەریامووسە و لە پێناوی یەک سەرجێیکردندا، کەراماتی بەربێژی(غەیبزانی)ی بە کچە بەخشیوە. بەڵام کاساندرا بڕیاری داوە هەر بە کچی بمێنێتەوە و بەڵێنی سەرجێیەکەی ناباتە سەر و خوا زویرەکە نەفرەتێکی لێ دەکات و وای لێ دەکا کەس بڕوا بە کە ڕامات و بەربێژییەکەی کچە نەکا. دەساڵ پێشتر، ئەو دەمەی پاریس بۆ یەکەم جار بە پاپۆڕ چووبووە سپارتە، کاساندرا بەربێژییەکی لە حەقیقەت نزیکی کردبوو کە ئەو سەفەرە دەریاییە نەگبەتی و چارەڕەشی تووشی بنەماڵەکەی دەکات، بەڵام پەریامووس

---

*قارقارە:هەر شتێکی خڕ کە بخولێتەوە. وەک تایە....

گوێی نەدابوویێ. ئێستا کچە هاوار دەکا و دەڵێ:هۆ خەڵکی چارەڕەش، هەی گەمژەی داماوینە، ئێوە هیچ لە چارەنووسە شوومەکەتان تێ ناگەن؟ پێیان دەڵێ، بەبێ بیرکردنەوە خەریکی شتێکن، کە "مەرگ و نەمانی ئێوەی لە هەناویدایە".

ترۆییەکان، سەرخۆش و بەپێکەنینەوە پێی دەڵێن:"بیبڕەوە ئەو قسە پووچانەت و زۆری لێ مەڵێ."

کچەش وەک هەموو ئەو بەربێژانەی کەس قسەیان بە هەند وەرناگرێ، تووڕە دەبێ، تەور و دارێکی داگیرساو هەڵدەگرێ و پەلاماری ئەسپەکە دەدا، بەڵام بەر لەوەی بیگاتێ، دەیگێڕنەوە.(٤٣)

ترۆییەکان مەست و سەرخۆش دەنوون. سینۆن خۆی دەدزێتەوە و لە تەلارەکە دێتە دەرێ و دەرگای ئەسپە دارینەکە دەکاتەوە و ئۆدۆسیۆس و هاوڕێکانی دێنە دەرێ. هەندێکیان ئەوەندە ترسابوون و زۆریان بۆ هاتبوو لەو تاریکییەدا دەگرێن و ئەژنۆیان دەلەرزی.(٤٤)

بە شارەکەدا بڵاو دەبنەوە و دەروازەکانی دیکەش دەکەنەوە و سینۆن بە دارێکی داگیرساوەوە ئاماژە بە کەشتییەکان دەدا. هێزەکانی یۆنان یەک دەگرنەوە و سەرکەوتووانە و دڕندانە بەردەبنە دوژمنە خەوتووەکەیان،ڕاست و چەپ لێیان دەکوژن وماڵیان ئاگر دەدەن، کەلوپەلە گرانبابییەکانیان بەتاڵان دەبەن و ژنیان هەتک دەکەن. یۆنانییەکانیش بە زەبری شمشیر ترۆییەکان لەتوپەت دەکەن، بەڵام پەلاماردەرەکان سەردەکەون. خوێن تەرم هەڵدەگرێ، تەرمی لەتوکوت و ئەنجنکراو هەموو وڵاتی داگرتووە، لە سەرووی هاوار و زریکە و قیژە و ناڵینی بریندارەکان و گریانی ژنانەوە، دەنگی لێک کرانەوە ی ئەو شتە دەبیسترێ، کە لە بڵێسەکاندا دەسووتێ.

کارەساتێکە نەبێتەوە، هیچ گەورەیی یان بەزەیی و ڕەحمێکی تێدا نییە. پۆرهۆس کوڕەکەی ئاخیلیۆس (کە نیۆپتۆلمۆسیشی پێ دەڵێن) "شێتی تاوان" لە یەکێک لە ڕاڕەوەکانی کۆشکەکەدا تووشی پۆلیتس، کوڕە هەرە بچووکەکەی پەریامووس دەبێ کە بریندارە و ڕای کردووە، (پۆرهۆس) لە خۆشیی وەشاندنی دوایین زەبر، لەبەرچاوی پەریامووسی باوکی سەری دەپەڕێنێ.

پەریامووسی پیر و جێی ڕێز، بەبێهێزی  ڕمبێکی لە پۆرهۆس هەڵدەکا، بەڵام خۆی لە خوێنی کوڕەکەیدا دەگەوزێ و پۆرهۆس ئەویش دەکوژێ. ژن و دایکی تێکشکاوەکان بە دیلی دەگرن و لەگەڵ دەستکەوتەکانی دیکە بەسەر فەرماندەکانی دوژمنیاندا بەش دەکەن. هەکابە شاژنەکەی تڕۆی و ژنی پەریامووس بە ئۆدۆسیۆس دەبڕدرێ. ئاندرۆماخێ، ژنەکەی هەکتۆریش بە قسمەتی پۆرهۆسی خوێنڕێژ دەبێ. پیاوێک بەناوی ئایاس (جگە لەو ئایاسەی باسمان کرد) کاساندرا لاقە دەکا. بە دەستی شەتەکدراو و سەروقژی ئاڵۆزەوە ڕایدەکێشنە دەرەوە، هەتا وەک دیارییەک بیدەنە ئاگامەمنوون، بەڵام کچە خۆی دەکوژێ بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەر ئاڵووشی ئەو.    ڕەشترین چارەنووس بە قسمەت کچەکەی دیکە واتە پەریامووس، پولۆکسنا بوو. ئاخیلیۆس سەردەمانێک داخوازی ئەو کچە بوو جا ئێستا ڕۆحی ئاخیلیۆس کچەی دەوێ و سەرکەوتووەکان کچە دەبەنە سەر گۆڕەکەی ئەو و دەیکەنە قوربانی. دڵتەزێنترین چارەنووسیش بەسەرهاتی ئاستۆئاناکس، کوڕە بچووکەکەی هێکتۆر و ئاندرۆماخێیە، کە بە ئەمری ئۆدۆسیۆس کە گوتوویەتی، نابێ نێرینەی هیچ پاڵەوانێک بە زیندوویی دەرچێ، لەسەر شوورای شارەکەوە هەڵدەداشترێ و دەکو وژرێ. دوای تاڵان و سووتمانەکە تڕۆی بەجێ دێڵن، چیای ئەیدا دەناڵێ، ڕووباری کسانتۆس دەگری.

یۆنانییەکان لە خۆشی بڕانەوەی ئەو شەڕە درێژخایەنە سروودی سەرکەوتن دەچڕن، سواری پاپۆڕەکانیان دەبن و نوێژ بۆ زیۆس دەکەن بۆ ئەوەی بە ساغی بگەنەوە وڵاتی خۆیان. بەڵام هەر چەند کەسێک سەلامەت و زیندوو دەردەچن، ئەوانی دیکە تووشی ئەو عەزاب و غەزەبە دەبنەوە کە بەسەر دوژمنەکانیان هات، بۆ ئەوەی چارەنووس هاوسەنگیی خۆی بپارێزێ و لاسەنگ نەبێ. ئاتنێ تووڕەیە لەوەی لە پەرستنگەکەی خۆیدا خەڵک لاقە کراوە و دەستدرێژیی کراوەتە سەر، یان لەبەر ئەوەی یۆنانییەکان لە بادەی سەرکەوتن سەرخۆش بوون و نوێژیان بۆ نەکرد و شوکرانەبژێری نەبوون، هەر بۆیە داوا لە زیۆس دەکا لێی بگەڕێ ئەوانە سزا بدات. ئیتر بەو هەورەتریشقە و بریسکەیەی لەبەردەستی دەنێ، دەریا دەهەژێنێ و دەیکاتە

تۆفان. پاپۆڕ لەتوپەت دەبن و نوقم دەبن یان بەر      ڕەوەز و گابەردەکان دەکەون و تێک دەشکێن، کەنار و دەم دوو رگەکان پڕە لە لەتوپەتی پاپۆڕ و دەریا تژییە لە تەرم. ئایاسێکی دیکەش لە نێو نوقمبووەکاندایە، ئۆدۆسیۆس ڕێگەی لێ هەتڵە دەبێ و پاپۆڕە شکاو و تۆفانلێدراوەکەی بیست ساڵان سەری لێ دەشێوێ و ئاوارە دەبێ، ئاگامەمنوون هەر دەگاتەوە ماڵێ، بە دەستی ژنە بێوەفاکەی و کەڵەگای ژنەکەی دەکوژرێ. ڤرهۆسی خوێنمژ لە پەرستنگەکەی دلفی بەدەستی ئۆرستۆس ( ٤٥) دەکوژرێ. سەیر ئەوەیە هێلێن، کە هەموو ئاگرەکە لە گۆڕی ئەوەوە هەڵاییساون بەبێ ئەوەی تۆزیشی لێ بنیشێ هەروا جوان و تەڕوتورت دەمێنێتەوە و مەنلائۆسی مێردی کە ئاشقێتی، لێی خۆش دەبێ و ژنە دیسان دەبێتەوە خاوەنی مێردێکی تاجدار و ماڵ و ژیان و بەختەوەریی. ئاینیاسیش ڕزگار دەبێ، چونکە دوای شەڕەکە، ئەرکی سەرشانی خۆی ڕادەپەڕێنێ و باوکە پیرەکەی لەکۆڵ دەکا و دەیبا، ئاگامەمنوون لێی دەگەڕێ لەگەڵ شوێنکەوتووەکانی سواری کەشتی بێ و بڕوا و دەستی چارەنووس ئاخرییەکەی دەیگەیەنێتە   ڕۆم. بنیادەم حەز دەکا ببینێ کە لە مێژوودا دەستاودەست دەکا و هیچ تاوانێک بەبێ سزا نامێنێتەوە. بەو پێیە، یەکێک لەوانەی لە شەڕەکەی ترۆی بەزیندوو   یی دەرچووە، واتە ئاینیاس، دەوڵەت شارێک بنیات دەنێتەوە (واتە  ڕۆما)، کە لە داهاتوودا زاڵ دەبێتەوە بەسەر ئەوانەدا کە ترۆیان شکاند. (٤٦ و ٤٧)

چ ڕاستییەک لە پشت حەماسەکەی ترۆی شاراوەتەوە؟ هەر وەک دەزانین، کەوناراناسەکان لە لێوارە ئاسیاییەکەی هێلێسپۆنت، یان داردانێلەکەی ئێستا، ڕووبەڕووی گالیپۆلی، نۆ چین(تەبەقە)ی ئاوەدانیی* کۆنیان لەبن گڵ هێناوەتە دەرێ. ئێرە شوێنی یەکگرتنەوەی ڕێگا بازرگانییەکانی چاخی مەفرەق بووە و دیارە بەردەوام لەبەردەم تاڵان و بڕۆشدا بووە. ئەو هەمووە چین لەسەر چینە، نیشانەی ئەوەیە، هەر کاول کراوە و دروست کراوەتەوە. چینی ( ٧ ئەلف) کە تێیدا پارچەی زێڕ و کەرەستە و ئامرازی دیکەی شارێکی پادشایی

---

*لە فارسییەکەیدا دەڵێ:" ( سکونتگاه) واتە شوێنی ژیانی خەڵک.   لەکوردیدا ئێمە پێی دەڵێین:"   ئاوەدانی. بۆوێنەدەڵێین لەدەوری هەولێر ئاوەدانی دیکەش زۆرن. واتە شوێنێک کە خەڵکی لێ دەژی.

دۆزراوەتەوە و کۆمەڵێک نیشانەی کاولکاریی بێبەزەییانەشی بەدەستی مرۆڤ پێوە دیارە، هەر ترۆی پەریامووسە و دەڵێن لە بەرەبەری کۆتایی چاخی مەفرەقدا واتە دەوری ١٢٠٠ی بەر لە زایین بووە. دیارە ڕێی تێدەچێ بەهۆی ململانێ و کێشەی بەرزەفڕانەی بازرگانیی دەریایی یۆنان و ترۆی، ڕێبەر و سەرکردەی کۆمەڵە کۆمەڵگاکەی شێوەدوورگەی یۆنان هاوپەیمانەتییەکی دروست کردبێ و بە پشتیوانیی ئەوان پەلاماری شارەکەی ئەوبەر گەرووەکەی دابێ. هەڵگرتن و ڕفاندنی هێلێن وەک ڕابێرت گریۆز ( ٤٨) لێکی داوەتەوە، لەوانەیە هەر بەڕاستی لە تۆڵەی ئەو هێرش و تالان و بڕۆیانەی پێشووی یۆنانەوە بووبێ.

ئەوە سەردەمی مۆکنایی یۆنانە، ئەو سەردەمەی ئاگامەمنوون، کوڕەکەی ئاتریۆسی پادشای مۆکنای لە قەڵای "دەروازەی شێر" پادشایەتیی دەکرد. هێشتاش پاشماوە بۆر و ڕەشەکانی ئەو چاخە لەسەر گردێک لە باشووری کۆرینتۆس یان کۆرێنت هەر بەپێوە ماوە و ئەو هەڵاڵە ئالانەی لێی دەڕوێ، ئەوەندە سوور و گەشن، دەڵێی تا هەتایە لە خوێنی بنەماڵەکەی ئاتریۆس وەردراون. هەر لە سەروبەندی شکانی ترۆیدا، بەڵا لەوانەیە لە ماوەیەکی درێژتردا، دەسەڵاتداریێتیی مۆکنای و کنۆسیۆسی هاوپەیمانیشی لە دوورگەی کرێت، ئیتر لەوانەیە بەهۆی دیکە، بەوپەڕی توندوتیژییەوە کۆتاییان هات و بڕانەوە. لەو کاتەوە کە نووسینەکانی ئەو خەڵکە "ناسراو بە Linear B" لە کاولاشەکانی کنۆسیۆسدا دۆزرانەوە و دەرکەوت ئەوە شێوەیەکی سەرەتایی زمانی یۆنانییە، لێمان ڕوون بۆوە کە لە کولتووری مۆکناییدا خوێندن و نووسین باو بووە.

سەردەمی پاش ڕووخانی مۆکنای نزیکەی دوو سەدە تاریک و ناڕوونە پێی دەڵێن سەردەمە تاریکەکانی یۆنان و هەر لە ڕووی پاشماوەی ئامراز و ئامێر و سواڵەتەکانەوە ناسراوە. دیار نییە بۆچی نووسینەکانیان تەواو لەناو چووە، بەڵام سەربردەی پاڵەوانێتیی باب و باپیرانی چاخی پاڵەوانێتیی کەونارا بە ئاشکرایی نەوە بە نەوە و زار بە زار گوازراوەتەوە. کە لە سەروبەندی سەدەی دەیەمی بەر لە زاییندا "دوری"یەکان لە باکوورەوە دەردەکەون، سەردەمی

گەشەکردن و ئاوەدانی دەست پێدەکا و هۆنەری بەسەرهاتە نەمرەکەی یۆنان لەبەر تیشکەکەی دەپشک وێ و حەماسەکەی ئەو لە هەقایەتە ئاشناکان و ئەفسانەکانی خەڵکەکەیەوە،ڕووباری ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا دەخاتە ڕێ.

کە باسی هۆمێرووس دەکرێ، ئێمە شاعیرێکمان دێتە بەرچاو بە چەنگێکەوە خەریکی خوێندنەوەی هۆنراوە حەماسییەکانی خۆیەتی، بەڵام گومانی تێدا نییە کە هەر خۆی 16000 دێڕەشیعری ئیلیادە و 12000 دێڕەشیعری ئۆدیسەی نووسیوەتەوە یان خوێندوویەتەوە و بە میرزایەکی نووسیوەتەوە. بە دڵنیاییەوە دەقی ئەو شیعرانە لەبەر دەستی هۆنەرەکانی دوو سێ سەدەی دواتریش بووە و ئەوانە هەندێ شتیان لە زار و زمانانەوە وەرگرت و لەو هەقایەتانەدا کە ترۆی تەواو دەکەن، کەلێن و بۆشاییەکانی هەقایەتەکەی هۆمێرووسیان پێ پڕ کردەوە. گیانلەسەردەستیی ئیفیگنیا، پاژنە ناسکەکەی ئاخیلیۆس ،هاتنی پێنتسیلیا شاژنەکەی ئامازۆن بە هاواری ترۆی"ــەوە و زۆر ڕووداوی لەبیرنەکراوی دیکەی پەیوەندییان بە هۆنراوەکانی سەردەمی پاش هۆمێرووسەوەیە کە ئەسڵەکەیان بزر بووە و لەڕێگەی ئەو کورتە و وردانەی لەسەدەی دووەمی زایینیدا ساغ کرانەوە، وەدەست ئێمە کەوتوون. ڤێرسییەکە کە دیارە لەبەر زێد و نیشتمانەکەی نووسەر ئەو ناوەی لێ نراوە، لە هەمووان کامڵتر و کۆنترە. دوای ئەو تاڵانی ئیلیۆم نووسینی ئارکتینۆس و ئیلیادەی بچووک، هۆنراوەی شاعیرێکی خەڵکی لێسبووس و ئەو شتانە. ئیتر، شاعیرە غەزەلنووسەکان و سێ تراژێدینووسی گەورەی یونان هەوێن و ناوەرۆکەی بەسەرهاتی ترۆیان وەرگرت و مێژوونووسانی ئەو وڵاتە، کەوت نۆ مشتومڕ لەسەر بەڵگەکان. نووسەرە لاتیننووسەکان، جا بەر لە ڤێرژیل و بەتایبەتی پاش ئەویش، لک و پۆی زیاتریان بە چیرۆکەکەوە نا و چاوی گەوهەرنیشانیانی ئەسپە دارینەکە و ئەفسانەگەلی جوانی دیکەیان لێ زیاد کرد. کە دەگەینە سەدەکانی ناوەڕاست، قارەمانانی ترۆی و بەسەرهاتەکانیان، زۆر شکۆمەندانە، دەخرێنە سەر نەخشی مافوور و تابلۆ مێژووییەکانی ئەو کات و جیاوازیی مێژوو و ئەفسانە نامێنێ و دەسڕێتەوە. هێکتۆر دەبێتە یەکێک لە نۆ مەزنەکە و لە ڕیزی یۆلیۆسی قەیسەر و شارلمانیدا دادەنرێ.

پاوسانیاس، گەڕۆک و جۆگرافیزانی لاتین زمان، کە هێندەی مێژوونووسە ڕاستەقینەکان کونجکۆڵ و بەپرسیار بووە و کتێبی (وەسفی یۆنان لە سەدەی دووی زایینیدا)ی نووسی، لە بنج و بناوانی ئەسپە دارینەکەی کۆڵیوەتەوە.

ئەو پێی وایە، ئەسپە دارینەکە، جۆرە کەرەستە و ئامرازێکی جەنگ یان مەنجەنیق بووە، چونکە وەک ئەو دەڵێ، ئەگەر لە ڕواڵەت و ڕووکاری چیرۆکەکە ورد بینەوە، دەبێ بڵێین خەڵکی ترۆی تەواو گەمژە بوون. (٤٩). ئەو بابەتە هێشتا لەسەدەی بیستەمیشدا هەروا پرسیاری لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر ئەو مەنجەنیقە بە ڕاستی قەڵاشکێنێک بووە، ئەی بۆچی یۆنانییەکان ئەو کەلکەیان لێ وەرنەگرت؟ ئەگەر جۆرە حەشارگەیەک بووە بۆ ئەوەی هێرشبەران بگەیەنێتە دەم شووراکە، ئەوە ترۆییەکان گیرۆدەی گەمژەییەکی گەورەتر بوونە، چونکە بەر لەوەی هەڵیپچڕن و ناوەوەی بپشکنن، بردیانە ژوورەوە. جا بەو جۆرە هەتاهەتایە دەکرێ گریمانەی بۆ بێنییەوە.ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ئەگەرچی لە شوێنەوارە کەونارایییەکانی ئاشووردا وێنەی وەها ئامرازێک بەدی دەکرێ، بەڵام هیچ بەڵگەیەک لەبەردەست نییە کە لە سەردەمی مۆکنایی یان لە سەردەمی هۆمێرووسدا یۆنانییەکان هیچ جۆرە مەنجەنیقێکیان بۆ شەڕ بەکار هێنابێ. بەڵام پاوسانیاس خۆ ئەگەر وای دانێین، زانیباشی بەپێچەوانەی ڕەوتی زەمەن قسە دەکا، هێشتا دڕدۆنگ نەدەبوو و ترسی نەبوو لەبەر ئەوەی لەسەردەمی ئەودا، بگرە زۆر دواتریش، ئاسایی بوو کە بەڕوانین و خوێندنەوەی ئێستا سەیری ڕابردوو بکەن.

لە جەنگەکانی هەزارەی دووەم واتە (٢٠٠٠ هەتا ١٠٠٠) ساڵ بەر لە زایینداـ کە ئەو سەدەیەش دەگرێتەوە وا هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی جەنگەکەی ترۆی تێدا کراوە، لەو پێگەڕ و وڵاتانەدا کە تەورات باسیان دەکات، هەر کات شوێنێکیان گەمارۆ دابایە و ئەو شوێنە شوورای لەشکاننەهاتووی هەبایە، بێ ئەملاوئەولا پەنایان دەبردە بەر فرتوفێڵ. خۆ ئەگەر سوپاهێرشبەرەکە نەیتوانبایە بە هێز بێتە ژوورەوە، فێڵ و گزەی دەکرد و تەگبیرێکی وای دەکرد بەرگریکەران متمانەی پێ بکەن و لێی ئارخەیان بن. مێژوونووسێکی بواری

سەربازی دەڵێ:"هەر هەبوونی ئەو ئەفسانانە لەسەر گەمارۆی شارەکان بە فرتوفێڵی جەنگی، خۆی بەڵگەیەکە لە کاکڵی حەقیقەت." (٥٠)

هێرۆدۆت باسی ئەسپە دارینەکە ناکا و لێی بێدەنگە و لە سەدەی پێنجەمی بەر لە زاییندا، ئەو پتر لە هۆمیرووس هەڵسوکەوتی ترۆییەکانی بەلاوە ژیرانەیە. هێرۆدۆت بە پێی ئەوەی لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا لە زمانی کاهینە میسرییەکانەوە بیستوویەتی، دەنووسێ، هێلێن بە درێژایی شەڕەکە هەر لە میسر بووە نەک لە ترۆی و دەڵێ، دوای ئەوەی پاریس ئەوی لە سپارتەڕفاند، پادشاکەی ئەوێ، زۆر لە کردەوەکەی پاریس تووڕە بوو کە ژنی خانەخوێیەکەی خۆی هەڵگرتبوو. بۆیە ئەمری کرد لەوێ بڕوا. ئەوە تارمایی هێلێن بوو نەک خۆی، کە لەگەڵ پاریس چۆوە ترۆی. هێرۆدۆت بەڵگە دێنێتەوە کە ئەگەر هێلێن لە ترۆی بوایە، پەریامووس و هێکتۆر بە دڵنیاییەوە دەیانداوە بە یۆنانییەکان و ئەو هەمووە مەرگ و بەڵایەیان بەسەرخۆیاندا نەدێنا. لەبەر ئەوەی بە دڵنیایی ئەوەندەیان دڵ بە کچەوە نەبوو کە لەبەر خاتری ئەو یان لەبەر خاتری پاریس کە لە نێو خێزانەکەشیان زۆر خۆشەویست نەبوو ئەو هەمووە بەڵا و نەهامەتییە بەسەر خۆیان بێنن. (٥١)

ئەوە دەنگی ئاوەزە. بەڵام هێرۆدۆت کە باوکی مێژووە، دەبوو بزانێ، لە ژیانی ئادەمیزاددا، ئەقڵ ـ کە بابەتی زانستەکەی ئەوە ـ زۆر بەدەگمەن یەکلاکەرەوەیە. (واتە بە دەگمەن کە ڵکی لێ وەردەگیردرێ). هێرۆدۆت لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێ: ترۆییەکان نێردراوانی یۆنانیان دڵنیا کردەوە کە هێلێن لە ترۆی نییە، بەڵام کەس بڕوای بە قسەکەیان نەکرد، لەبەر ئەوەی خواکان خوازیاری شەڕ و کاولکاری بوون، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن زوڵمی گەورە، سزای گەورەی لەسەرە. هێرۆدۆت کە بەدوای دۆزینەوەی مانای ئەم ئەفسانەیەوە بوو لەوانەیە لێرەدا لێی نزیکتر بووبێتەوە.

بە شوێن مانادا نابێ لەبیرمان بچێ، کە خواکان لە زەینی بنیادەمدا هەر وێنایەکن و هیچی دیکە و ئادەمیزاد خۆی ئافراندوونی، نەک ئەوان بنیادەمیان ئافراندبێ. ئەوە ئێمەین خواکان دروست دەکەین و پێویستمانە هەبن، بۆ ئەوەی لە سەر ئەم گۆی زەوییە واتا و ناوەرۆکێک بە مەتەڵۆکەی ژیان ببەخشن، بۆ

ئەوەی دیاردە سەیر و سەمەرە و بێ     ڕێساکانی سرووشت و   ڕووداوە کتوپڕەکان و لەسەرووی هەمووشیانەوە، هەڵسوکەوتی گەمژانەی مرۆڤ لێک بدەنەوە و مانایەکی پێ ببەخشن. خواکان دروست کراون بۆ ئەوەی باری قورسی هەموو ئەو شتانەیان بخرێتە سەر شان، کە بەبێ دەستتێدابوون و تەگبیری میتافیزیک، تێیان ناگەین.

ئەوە بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەخواکانی یۆنانداڕاستە، کە هەموو ڕۆژێ بەربینگ بە بنیادەمەکان دەگرن و ئەگەر لە بازنە و چوارچێوەی ئادەمیزادیشدا نەبن، ڕێک وەک وی هەست و سۆز دەیانگرێ. خواکان وەک یۆنانییەکان دەیانهێننە بەرچاویان، هیچ بەهایەکی مەعنەوی و ئەخلاقییان نییە ـ وەک بنیادەمێک کە سێبەری نەبێ ـ و هەر ئەوەشە ئەوانی ئاوا بەئاڵووش و هەوەسباز و بێ مەرام کردووە. هەر بۆیە، بەبێ ئەوەی تۆزە ئازارێکی ویژدانیان هەبێ، زۆر لەبنەوەبڕانە بوونەوەرگەلی فانی (ئەوانەی هەر دەمرن) دەخەڵەتێنن، یان دەبنە هۆی ئەوەی ئەمانە سوێندەکانیان بشکێنن، یان ناپاکی و کاری پڕ لە شوورەیی دیکە بکەن. س ێحرەکەی ئافرۆدیتێ بووە هۆی ئەوەی هێلێن  ڕەدووی پاریس بکەوێ. ئاتنێ هێکتۆری خەڵەتاند بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاخیلیۆسی بەشەڕ بێ. هەر شتێکی لەنێو بنیادەماندا گەمژانە یان مایەی شەرم بێ، دەڵێن ئەوە کاری خواکانە و دەخرێتە ئەستۆی خواکان. پەریامووس دەنالێنێ کە:"ئەم جەنگە تووکلێکراوە، دیاریی خواکانە." (     ٥٢) و لەبیری دەچێتەوە کە ئەو دەیتوانی دەسبەجێ بە ناردنەوەی هێلێن بۆ ماڵەکەی خۆی، بیانووی شەڕەکە ببڕێنێتەوە. یان ئەو دەمەی مێنلایۆس و ئۆدۆسیۆس هاتنە لای و لەبەری پاڕانەوە کچەکەیان بداتەوە، (دیارە ئەگەر کچە، وەک لە هۆنراوەکەی هۆمیرووسدا تەواو بەدی دەکرێ، لە ترۆی بووبێ).

دەستتێوەردانی خواکان گوناحی گەمژەیی و بێئەقڵی لەئەستۆی بنیادەم ناسڕێتەوە، بەڵکو تەگبیرێکی مرۆڤانەیە بۆ ئەوەی گوناحی گەمژەیی خۆی بخاتە ئەستۆی یەکی تر. هۆمیرووس لەوە تێگەیشتبوو هەر بۆیە لە بەشی یەکەمی ئۆدیسەدا لە زمانی زیۆسەوە دەگری و دەناڵێنێ، کە چەندە دڵتەزێنە بنیادەم خواکان بە چاوگەی نەهامەتییەکانی خۆیان دەزانن و لۆمەیان دەکەن

"له حاڵێکدا کوێردڵیی خۆیان" ( ٥٣) یان له تەرجەمەیەکی دیکەدا بەتایبەت "چاوبرسێتی و بێئاوەزیی خۆیان، تووشی ئازار و نەهامەتییەکیان دەکات، که زۆر ئەستەمتره لەوەی چارەنووس بۆی دیاری کردوون. ئەو وتەیەی سەرەوه شیاوی لێ وردبوونەوەیه، لەبەر ئەوەی، ئەگەر ئاکام و دەرکەوتەی واقیع لەوەی چارەنووس دەیەوێ خراپتر بێ، ئەوه بەو مانایەیه که مرۆڤ ئازاد و دەسئاوەڵایه و دیلی چارەنووسێکی ئەزەلی و داسەپاو نییه.

زیۆس مەسەلەکەی ئایگیستۆس به نموونه دێنێتەوه، که ژنەکەی ئاگامەمنوونی هەڵخەڵەتاند و پادشای لەڕێگەی ماڵێ کوشت "ئەگەرچی لێشی سوور بوو ئەو کاره چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوه، لەبەر ئەوەی ئێمه خۆمان هێرمس ( ٥٤)ـمان ناردبوو و ئاگادارمان کردبۆوه که مێردەکه نەکوژێ و ئاشقی ژنەکەش نەبێ، ئەگینا، ئۆرستۆس (کوڕەکەی ئاگامەمنوون) هەر گەوره بێ، ناچار تۆڵەی باوکی دەکاتەوه و داوای خوێن و میراتەکەی دەکاتەوه."

کورتی ببڕینەوه، سەرەڕای ئەوەی ئایگیستۆس سوور دەیزانی ئەوەی دەیکا چ بەڵا و نەهامەتییەکی لێ دەکەوێتەوه، دیسان هەر کردی و سزاکەشی دیتەوه."(٥٥)

وەک هێرۆدت دەڵێ: "ئەشق"، ئەقڵ به بنیادەم ناهێڵێ. خەڵکی سەردەمی کەونارا "ئەشق"ـیان دەناسی و یۆنانییەکان خواژنێکیان هەبوو بەناوی ئاتێ که هێمای ئەشق بوو ئاتێ کچ ــ و بەپێی هەندێ ڕەچەڵەکنامه ــ کچەگەورەی زیۆس بوو ئەوەش کەمبایەخ نییه. ئێریس یان "نفاق"ـی دایکی، خوای شەڕ و ئاژاوه بوو (که له هەندێ گێڕانەوەی دیکەدا نازناوی ئاتێیه). خواژنی ئەشق و شەیتانی و بێ خەمی و گەمژەییەکی کوێرانه، جا هەمووانی بێ یان تاکەکەسی، ئاتێیه و وا له قوربانییەکانی خۆی دەکات "نەتوانن به ئەقڵ هەڵبژێرن" و جیاوازییه ئەخلاقییەکان لێک نەکەنەوه و بەرژەوەندی خۆیان نەزانن(٥٦)

ئاتێ، بەو میراته چەند لایەنەوه، ئەوپەڕی توانایی بۆ زیانگەیاندن هەبوو و له ڕاستیدا ئاگری کێشه و ئاژاوه سەرەتاییەکانی دنیای کەونارا واته جەنگەکەی ترۆی، تەنانەت بەر له داوەرییەکەی پاریسیش، هەر له گۆ ڕی ئەوەوه هەڵدایسا. بنەمای ئەفسانەی ئاتێ له کۆنترین گێڕانەوەکان ــ واته

ئیلیادە و هۆنراوەیەکی تا ڕادەیەک هاوچەرخی هۆمیرووس، ڕەچەڵەکنامەی خواکان، بەرهەمی هێزیۆد و هەروەها لە قیبرسییەوە سەرچاوەی گرتووە. لەو ئەفسانەیەدا وا دیارە یەکەم کردەوەی کچە، لەو ڕق و قینەوەیە، کە بۆچی زیۆس ئەوی بانگهێشت نەکرد بۆ زەماوەندی پلیۆس یان پەریی دەریایی تەتیس ـ باوک و دایکی داهاتووی ئاخی ئاخیلیۆس. کچە سەربەخۆ دەچێتە نێو تەلاری میوانییەکە و هەر بە لاساری و ناڕەسەنی، سێوە زێڕینەکەی "نفاق" کە لەسەری نوسراوە "بۆ شای جوانان" لەسەر مێزەکە خلۆر دەکاتەوە و لە چاوترووکانێکدا هێرا و ئاتنێ و ئافرۆدیتێ تێک بەردەدا و بەشەڕیان دەدا. زیۆس کە مێردی یەکێک لەو خاتوونانە واتە "هێرا"یە و باوکی دووانەکەی دیکەیە و پێی خۆش نییە خۆی لەو کێشەیە هەڵقورتێنێ، سێ ژنە لێکدوژمنەکە دەنێرێتە چیای ئیدا، هەتا لەوێ ئەو شوانەوێڵەیەی دەڵێن لە کاروباری ئەشقایەتیدا کارامە و شارەزایە، ئەو داوەرییە ئەستەمەیان لەنێواندا بکا. دیارە ئەو پیاوە پاریسە، کە جارێ پێویست ناکا بچینەوە سەر ئەو باسەی کە چۆن و بۆچی لە گوند ژیاوە، بەڵام هەڵبژاردنەکەی ئەو ئاژاوەیەکی لێ کەوتەوە کە زۆر زۆر خراپتر بوو لەوەی ئاتێ دەیویست."(٥٧)

ئاتێ کە هەرگیز دەستی لە فیتنە و شەیتانی هەڵنەدەگرت، فێڵێکی سەیروسەرمەری کرد و لەدایکبوونی هێراکلیسی کوڕی زیۆسی بەدرەنگ خست، بۆ ئەوەی کوڕێکی سووک بەر لەو لەدایک بێ و هێراکلیس لە نۆبەرەیی بێبەری بێ. زیۆس زۆر لەو فێڵەی (کە تەنانەت ئەگەر بوونەوەرێکی نەمریش بیکا، هەر هەوەسبازانەیە) تووڕە بوو و ئاتێی لە چیای ئۆلۆمپوس "ئۆلەمپ" (٥٨) دەرکرد، بۆ ئەوەی لەمەودوا لە سەر زەوی و لەنێو بنیادەماندا بژی. هەر بۆیە بە زەوی دەڵێن مێرگ و چیمەنی ئاتێ، نەک مێرگ و چیمەنی ئافرۆدیت، یان باخی دیمێتێر (٥٩) یان بالیفی ئاتنێ، یان کۆمەڵێک ناوی دیکەی ئاوا خۆش.

لە ئوستوورە یۆنانییەکاندا، تەگبیر لە ڕێگەچارەی هەموو ئەگەر و ناچارییەکان کراوە. بە پێی ئەو ئەفسانەیەی لە ئیلیادەدا هاتووە، زیۆس، لە کردەکەی خۆی پەژیوان دەبێتەوە و چوار کچ دەخاتەوە بەناوەکانی لیتای یان "دوعای لێخۆشبوون)، هەتا ڕێگەی ڕزگاربوون لە شەڕی گەمژەیی و بێ -

ئاوەزی بۆ بوونەوەرگەلی فانی(واتە ئەوانەی هەر دەمرن) بدۆزنەوە، هەڵبەت بە مەرجێک خۆیان بیانەوێ. ئەو کچە (نقوستان و چرچ و شەرمن)ــانە دەکەونە شوێن ئاتێ و هەرچی ئاتێ بەوپەڕی بێئاوەزی (کە هەندێ جار بە وێرانی یان گوناهیش تەرجەمە کراوە) تێکی دەدات، ئەوانە دیسان چاکی دەکەنەوە.

**ئەگەر یەکێک ڕێز بگرێ**
**لە کچەکانی زیۆس، کاتێ کە نزیک دەبنەوە**
**پاداشت دەکرێ و دوعای قەبووڵ دەبێ**
**بەڵام ئەوانەی دەیانڕەتێنن**
**دەچنەوە لای زیۆس و داوای لێ دەکەن**
**گەمژەیی دەست لەو کابرایە هەڵنەگرێ**
**هەتا لە بن باری ئازاردا غیرەت و لووتبەرزییەکەی نامێنێ. (٦)**

هەرچۆنێک بێ، ئاتێ هات بۆ ئەوەی لەنێو بنیادەماندا بژی، هێشتا نەگەیشتبوو شەڕە بەناوبانگەکەی ئاخیلیۆس و ئاگامەمنوونی هەڵاییساند و ئاخیلیۆسی وا تووڕە کرد، کردییە ناوەرۆک و هەوێنی ئیلیادە، ئەو تووڕەییەی زۆر زۆر نالەبار و بێجێ دەرکەوتووە. ئەو شەڕە زۆری زیان لە ئامانج و باوەڕی یۆنانییەکان دا و شەڕەکەش زۆری خایاند و ئاخرییەکەی کە پێک هاتن و ئاشت بوونەوە، ئاگامەمنوون ئاتێ(اغفال)ی سەرکۆنە کرد، کە بووەتە سەبەبکاری ئاشقبوونی ئەو و ڕفاندنی گراوییەکەی ئاخیلیۆس:

**ئیغفال، کچەگەورەی زیۆس**
**پەتیارەیەک، کە هەمووان دەخەڵەتێنێ و هەتڵەیان دەکا**
**ژنەکەمی لێ ستاندم**
**بەر لەمن خەڵکی دیکەشی لەداو خستووە (٦١)**

جا ئێمە دەتوانین، لە سای خوشکانی لیتای، جگە لە ئاگامەمنوون، ناوی زۆر کەسی دیکەش بێنین کە کەوتنە داوی ئیغفالەوە. ئاتێ جارێکی دیکە لە ڕواڵەتێکی سامناکدا لای برۆتووس دەردەکەوێ. برۆتووس سەیری تەرمەکەی

بەرپێی خۆی دەکا و پێشبینیی ئەوە دەکات کە چۆن " ڕۆحی قەیسەر، لە تەنیشت ئاتیَ، بیَ ئۆقرەی تۆڵەسەندنەوە .. هاوار دەکا" هێرش بەرن"، و سەگەلی جەنگ بەر دەدرێن." (٦٢)

خەڵکناسەکان، ئۆستوورەکانیان بێبڕانەوە پۆلین کردووە و زۆر تیۆریی سەیر و سەمەرەیان بۆ هەڵبەستوون. دەڵێن ئوستوورە بەرهەمی ڕۆح و دەروونە، ئامرازێکە بۆ دەرخستنی ترسە شاراوەکان و وەدیهێنانی ئارەزووەکان، یان بۆ گونجاندنی ئێمە لەگەڵ بار ودۆخی مرۆڤ، یان بۆ دەرخستنی دژبەری و ناتەباییەکان و ئەو مەسەلە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییانەی لە ژیاندا بەرۆکی خەڵکیان گرتووە. وەک " ڕاگەیەندراو" یان "ڕێوشوێنی ئایین" سەیری ئوستوورەکان دەکەن، یان دەڵێن، ئوستوورە بۆ زۆر شتی دیکە بەکار دێ. ئەو قسانە لەوانەیە تەواو یان بەشێکیان ڕاست بێ یان نەبیَ، ئەوەی سەلمێنراوە، ئەوەیە، ئوستوورەکان نموونەی دەسپێک و سەرەتای هەڵسوکەوتی مرۆڤن و ئەفسانەی بزن و هەوساری سوور و بەرەڵاکردنی لە بیاباندا هەر هەموو دابونەریت و ڕێوڕەسمێکن بۆ ڕەتاندن و دوورخستنەوەی هەڵە و تاوانەکانی مرۆڤ.

ئەفسانە لە ئوستوورە و لەگەڵ ئەوەشدا لە شتێکی دیکە واتە پەیوەندییەکی مێژوویی وەرگیراوە. ئەگەرچی لاواز و دوور و تا ڕادەیەکیش لەبیرکراوە. ئەسپە دارینەکە "بە واتایەک کە بۆ وێنە کرۆنووس منداڵەکانی خۆی هەڵدەلووشیَ یان زیۆس بۆ خەڵەتاندنی ژنان خۆی دەکاتە قوو یان بارانی زەرد) ئوستوورە نین، ئەفسانەیەکن بەبیَ ئەوەی هیچ توخمێکی بانسرووشتیان تێدا بیَ، جگە لە دەسکیسی و هاوکاریی ئاتنیَ و هاتنی مارەکان، کە هەردووکیان بەدڵنیاییەوە دواتر زیاد کراون، بۆ ئەوەی بیانوویەک بۆ ترۆییەکان بێنێتەوە کە بۆچی ئامۆژگارییەکەی لائۆکۆیۆنیان لەگویَ نەگرت (جا هەر دوو ڕووداوەکەش ئەوەندە بەسامن، هیچ ڕێیەک جگە لە تێداچوون بۆ ترۆییەکان ناهێڵێتەوە."

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، ڕێکارێکی دیکە هەر هەیە، ئەویش شکاندنی ئەسپەکەیە. بەر لە ئاگادارکردنەوەکانی لائۆکۆیۆن و کاساندراڕیش سپییەکەی ترۆی واتە کاپووس ئامۆژگاریی کردن، کە ڕێگەیەکی دیکە بگرنە بەر.

سەرەڕای ئەوەی حەماسەکە بەردەوام ئاماژە بەوە دەکات کەڕووخانی تڕۆی چارەنووسێکی دیاریکراو بوو دیسانیش ئەوەی بووە هۆی بردنەژوورەوەی ئەسپەکە، ئەختیار و هەڵبژاردن بوو نەک چارەنووس. چارەنووسی دیاریکراو لە ئەفسانەکاندا هێمای وەدیهاتنی چاوەڕوانییەکانی مرۆڤە لەخۆی.

لەو سەروبەندەدا کە کریستۆف کۆلۆمبس ئەمریکای دۆزییەوە، لە ئیتالیا ڕێنسانس ـ واتە ئەو قۆناغەی تێیدا بەها دنیاییەکان جێگەی بەهاکانی قیامەتیان گرتەوە ـ لە لووتکەی خۆیدا بوو. لە سای بزووتنەوەی ڕێنسانسەوە، بنیادەم لە بری خودا، خۆی بە گەڵاڵەدارێژەر و فەرمانڕەوای چارەنووسی خۆی زانی. دنیا و ژیانی ئەم دنیایە بوو بە پێویستی و ئارەزووەکانی و بەرزەفڕی و شادی و خۆشییەکانی، دارونەداری، زەین و هونەر و دەسەڵات و شانازییەکانی. بەپێچەوانەی بیروباوەڕەکەی سەدەکانی ناوەڕاست، ئیتر ژیانی دنیایی مرۆڤ مەنفایەکی پڕ لە تاڵی و سوێری نەبوو بۆ گەیشتن بە دوا مزڵ و مەکانی مەعنەویی ڕۆح.

نوێنگەی ئەو بیرکردنەوە دنیاییەی سەردەم، لە قۆناغێکی شەست ساڵانەدا واتە لە دەوروبەری ١٤٧٠ـەوە هەتا ١٥٣٠، شەش پاپای ئیتالیایی و ئیسپانیاییەک بوون، کە یەک لە دوای یەک لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشتن و بەرتیلخۆری و گەندەڵی و پێشێلکردنی بنەماکانی ئەخلاق و چاوبرسێتی و سیاسەتبازییەکی کارەساتباریان گەیاندە لووتکەی خۆی. پێشەوایەتییەکەی ئەوان هیوای ئیماندارانی بڕی و نائۆمێدی کردن و حەیا و ئابڕووی دەرباری پیرۆزی برد و هاواری چاکسازیی بەبێ وەڵام هێشتەوە و هەموو ناڕەزایەتی و وریاکردنەوە و نیشانەکانی ڕاپەڕین و هەستانی خەڵکی پشتگوێ خست و دواجار یەکگرتوویی مەسیحیەتی تێک شکاند و بووە هۆی جیابوونەوەی پرۆتستانەکان و نیوەی کەوشەن و قەڵەمڕەوی پاپا. گەمژەیی ئەوانە، پێداگرتنەوە و سووربوون بوو لەسەر چەوتییەک، کە ئەگەر بێین و ئەو دوژمنایەتی و ملبادان و براکوژییانەی لە سەدەکانی دواتردا لەو چەوتییە کەوتنەوە، بکەینە پێوەری هەڵسەنگاندنەکەمان، لەوانەیە بڵێین بوو بە هۆی بەربڵاوترین کارەسات لە مێژووی ڕۆژئاوای جیهاندا.

چەوتی و خراپەکارییەکانی ئەو شەش پاپایە، هەر هەمووی بەرهەمی دەمەوزانست (ڕێنسانس) نەبوو بەڵکو تاجێکی گەمژەیی بوو بە سەر تەپڵی سەری خووخدە و دابونەریتی حکوومەتی پاپاکانەوە، کە ڕەگ و بناوانەکەی دەگەڕایەوە بۆ سەدوپەنجا ساڵ لەوەوپێش. واتە بۆ سەردەمی ماڵاواییکردنی دەرباری پاپا لە نیشتمان بۆ ئاوینیۆن لە بەشی هەرە زۆری سەدەی چواردەیەمدا. هەوڵدان بۆ گەڕانەوە بۆ ڕۆما، لێکترازان و کەرتبوونی ١٣٧٨ی لێ کەوتەوە کە تێیدا پاپایەک لە ڕۆما لەسەر تەخت دانیشت و پاپایەک لە ئاوینیۆن و ئینجا جێنشینەکانی هەرکامەشیان، لە نیو سەدە دواتردا، خۆیان بە پاپای ڕاستەقینە دەزانی. پەیڕەویی هەر وڵات و هەر پادشایەک لەم یان لەو پاپا، پەیوەندیی بە بەرژەوەندی سیاسییەوە هەبوو هەر بۆیە دەرباری پیرۆز تەواو نوقمی سیاسەت بوو. میراتی تاقەتبڕی کەرتبوونەکە، چاولەدەستی و پشتبەستن بوو بەو دەسەڵاتدارانەی پیاوی ئایین نەبوون.

دوو پاپای خەنیمی یەکتری، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو دەسەڵات دابەشکردنە، ناچار بوون مل بۆ هەموو جۆرە معاملە و دانوستانێک ڕابکێشن، ئیمتیاز و پوانی جۆراوجۆر بدەن و لەگەڵ پادشاکان یان شازادەکاندا پەیمانی دۆستایەتی ببەستن. جا لەبەر ئەوەی داهاتەکانیش دابەش کرابوون، ئەو لێکترازانە دامودەزگای پاپای نەک هەر تێکەڵ بە سیاسەت کرد، بگرە تێکەڵ بە ساتوسەودا و بازرگانییشی کرد و ئیتر زەین و بیریان هەر بەلای سوود و گەیشتن بە قازانجەوە بوو. لەو کاتەوە، ئیتر فرۆشتنی هەموو ئەو شتانەی کلێسا دەیتوانی بیانبەخشێ، جا مادی یان مەعنەوی، لە لێخۆشبوون(شفاعەت) و ڕزگارکردنەوە بگرە هەتا پلەوپایەی ئۆسقۆفی و پاسەوانیی دێر، بوو بە ساتوسەودا و بازرگانی و لەو ڕووەوە خۆش و دڵگر بوو کە دەستکەوتێکی هەبوو بەڵام ڕوخسار و سیمایەکی قێزەون و بێزارکەری لە ئایین دەخستە ڕوو.

دوای ئەوەی لە دەیەی ١٤٣٠دا دەرباری پیرۆز یەکسەر گەڕاوە بۆ ڕۆما، پاپاکان لە ژێر کاریگەریی ئینسانگەراییە سەرخۆشکەرەکەی ڕێنسانسدا، شێوازی ژیان و بەها و ڕێوشوێنی میرە تاڵانکەرەکانی شارەکانی ئیتالیایان

بۆخۆیان هەڵبژارد. ئەوانەی جڵەوی ژیانی ئیتالیایان بەدەستەوە بوو نوقمی سەروەت و سامان و خۆشگوزەرانی بوون، بەبێ ئەوەی هیچ ئامانج و باوەڕێکیان هەبێ و بەردەوام لەگژیەکتر ڕۆدەچوون و بەهۆی دووبەرەکی و بەرتەسکبوونی کەوشەنی دەسەڵاتەکەیانەوە، تەنیا وەک کۆمەڵێک ملهۆڕی تێکدەر سەیر دەکران. شەش پاپاکە، کەوتنە لاساییکردنەوەی تەماح و چاوبرسێتی و دەوڵەمەندیی میرەکان و زۆر لە پیشەنگەکانی خۆیان باشتر دەرنەچوون. بگرە بەهۆی پۆست و پێگەی بەرزتر، لەوانیش خراپتر بوون. هەر شەش کەسەکە، کە یەکێکی بنەماڵەی بۆرجا و دووی بنەماڵەی مێدیچییان لەگەڵ بوو وەک تاژییەکی بۆنی نێچیری کردبێ، ئاوا بۆ سوود و دەستکەوتێکی حکوومی ملی خۆیان دەشکاند و هەوڵیان دەدا ئەوەندە سەروەت و سامان بۆ بنەماڵەکەیان پێکەوە بنێن، کە دوای خۆشیان هەر نەبڕێ و تەواو نەبێ. بۆ وەدیهێنانی ئەو مەبەستەش، هەر کامەیان بەنۆرەی خۆی نوقمی سیاسەتی دنیایی و سەردەم بوون، کە لەوپێناوەدا دەبوو لە هیچ پیلان و فێڵ و تەڵەکە و تەگبیرێکی بەردەوام بگۆڕ نەپرینگێنەوە. هیچ بەرژەوەندییەکی نەگۆڕ یان بنەمایەکی ڕێپێشاندەر لە گۆڕێ نەبوو ئامانج و مەبەست تەنیا پاراستنی هاوسەنگی و پارسەنگی هێز بوو. جا لەبەر ئەوەی پارسەنگ و هاوسەنگیی سیاسی بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندا بوو ئەو ئامادەکارییانەش بەردەوام تێک دەچوونەوە و بەسەر بێبەڵێنی و پەیمانشکێنیدا دەکەوتن و لەبری بیرکردنەوە، یان گەڵاڵەی داڕێژراو ساتوسەودا و بەرتیل و ڕێککەوتن باو ببوو و زۆربەی جارانیش بەبێ ئەو شتانە سەری نەدەگرت.

هۆکاری سیاسیی زاڵی ئەو سەردەمە، دەستدرێژییە پەیتاپەیتاکانی سێ زلهێز ــ فەڕەنسا و ئیسپانیا و ئیمپراتۆریی هاپسبۆرگ ــ بوو بۆ سەر ئیتالیا، کە هەر جارەی بە دەستکیسی و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەم یان ئەو میرنشینی ئیتالیایی دەکرا و ئامانجیش کێبڕکێ بوو لەسەر داگیرکردنی هەموو یان بەشێک لە شیوەدوو رگەکە. دامودەزگای پاپا هەتا بینەقاقا نوقمی ئەو کێشمەکێشانە بوو بەو حاڵەشەوە لەبەر ئەوەی هێزی چەکداری نەبوو نەیدەتوانی هیچ شتێک بکا. چەندی پتر لەو گێچەڵە دنیایی و ئامانجە پڕ لە

زیانەکانیدا بەشدار دەبوو دەستەوستانیی خۆی پتر بۆ پادشاکان ئاشکرا دەکرد و لە ڕاستیشدا دەستەوستانتر و کەمتواناتر دەبوو. لەگەڵ ئەوانەدا خۆی لە ئەرکە سەرەکییەکەی چاکسازیی ئایینی دەدزییەوە، چونکە دەترسا ئۆتۆریتەی خۆی و هەل و دەرفەتی دەستەبەرکردنی سوودە تایبەتییەکانی لەدەست بدا. پاپاکانی ڕێنێسانس، وەک تاکی ئیتالیایی، بەشداری کۆمەڵە ڕەوتێک بوون، کە وڵاتەکەیانی دەکردە قوربانیی جەنگ و زوڵم و زۆری دەرەکی و سەربەخۆییەکەی بەبادا دەدا و وەک جێنشینی مەسیح، پێگەکەی خۆیانیان کردە گاڵتەجاڕ و بێشکەی پەروەردەی لۆسێر.

باشە ئەی ڕێگەچارەیەکی دیکە هەبوو؟ ڕێگەچارەی ئایینی، واتە وەڵامدانەوە بەو هاوارانەی لەسەر چاکسازی پێداگر بوون، ئەستەم بوو لەبەر ئەوەی سەرلەبەری کلێسا نوقمی گەندەڵی ببوو بەڵام ئەو کارە کردەنی بوو. دەنگی بەرز و وریاییکەرەوە بەردەوام دەبیستران و سکاڵا و هاوار لە کەموکورتیی پاپاکان ڕوون و ئاشکرا بوو. ئەو ڕژێمە گەندەڵ و نەشیاوانەی لە سەر لێواری نەمانن ـ وەک ڕۆمانۆفەکان لە کۆتایی تەمەنیاندا، یان کۆمینتانگ ـ ڕیفۆرمهەڵگر نین و هەڵناگرن چاکسازییان تێدا بکەی و تاقانە ڕێگەچارەیان ڕووخاندن و لەناوبردنیانە.

سەبارەت بە پاپاکانی ڕێنسانسیش، ئەگەر چاکسازییەکە لەسەرەوە و لەسەردەستی پێشەوایەکی دڵسۆزی کلێسا دەستی پێکرابا و بە دەستی جێنشینە هاوبیر و بەغیرەت و شێلگیرەکان بەردەوام بوایە، لەوانەبوو زۆر کر دەوەی قێزەون نەهێڵێ و وەڵامی ئەو خەڵکانەشی دەدایەوە کە خوازیاری شیاوبوونی کلێسا و قەشەکان بوون و پێداویستییە مەعنەوییەکانیشی دابین دەکرد و لەوانەبوو پێش بە دوایین دابڕانەکەش بگرێ.

ڕێگەچارەیەکی دیکە، لە بواری سیاسەتدا، پەیڕەویی شێلگیرانە لە سیاسەتی ناوەندێکی شێلگیر بوو. ئەگەر پاپاکان لە بری ئەوەی هەموو تین و توانای خۆیان لە کوێرەڕێی چاوبرسێتی و تەماحی تاکەکەسیدا بەفیڕۆ بدەن، لەو بوارەدا خستبایانە گەڕ، دەیانتوانی کێشە و شەڕی دەسەڵاتە نائایینییەکان، لە بەرژەوەندی دەزگای پاپادا بقۆزنەوە. وانەبوو نەتوانن ئەو کارە بکەن.

(دەیانتوانی وا بکەن). لەو شەش پاپایە، سێ کەسیان واتە سیکستۆسی چوارەم، ئەلکساندەری شەشەم و یۆلیۆسی دووەم، بەتوانا و بەورە و ئیرادە بوون. کەچی جگە لە یۆلیۆس هەڵبەت ئەویش تا ڕادەیەک، هیچ کامیان تۆزێکیش هونەری سیاسەتیان بەکار نەهێنا و شان و شکۆ و حەیای پیترۆسی حەواری، نەبووە سەرچاوەی ئیلهامی هیچ کامیان، بۆ ئەوەی بەرچاویان ڕوون بێتەوە و قەدری بەرپرسیارەتییە سیاسییەکەی خۆیان بزانن، چ بگا بەوەی ئەرک و سپاردە ئایینییەکەی خۆیان ڕاپەڕێنن.

لەوانەیە بڵێن، هەڵسوکەوتە ئەخلاقییەکانی سەردەم، لە ڕووی دەروونییەوە، هەڵگری هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکە نەبوو و مەحاڵ بوو بتوانن شتێکی دیکەی لەگەڵ بکەن. جا ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێ، دەبێ بڵێین، هەر ڕێکار و ڕێگەچارەیەکی کاری پێ نەکراوە، هۆیەکەی ئەوەیە لە سەرووی تێگەیشتنی دەسەڵاتدارانەوە بووە *. قسەی تێدا نییە کە پاپاکانی ڕێنسانس، بەرهەمی کۆمەڵگاکەی خۆیان بوون، بەڵام بەرپرسیارەتیی حوکمڕانی، وا دەخوازی هەمبەر ڕەوش و بارودۆخی سەردەم و گۆڕینی ڕەوگە و مەسیرەکەیدا خۆڕاگر بێ. پاپاکان، وەک بۆمان ڕوون دەبێتەوە، لە بری ئەوەی خۆڕاگر بن یان ڕەوتەکە بگۆڕن، خۆیان وا تێوەگلاند و ملیان بۆ کەچ کرد، کە کۆمەڵگا هەر بیریشی لێ نەکردبۆوە و لە هەمبەر لافاوی ڕوولەگەشە و ئاشکرای کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا، تووشی چەقبەستوویەکی ئەقڵی و زەینیی بێدەرمان بوون.

چاکسازی و ڕیفۆرم، لەوکاتدا زەینی هەموو خەڵکەکەی بەخۆیەوە خەریک کردبوو و لە ئەدەبیات و وتاری ئایینی و سیپارە و گۆرانی و دانیشتنە سیاسییەکاندا، "چاکسازی" ببووە بنێشتەخۆشکەی سەر زاران. ئەوە هاواری لەمێژینەی کەسانێک بوو لە دڵەوە بەئاواتەوە بوون بەبێخەوشی و بەپاکی خواپەرستی بکرێ، بەڵام بەهۆی سەرقاڵبوون و ئارەزووی دنیایی کلێسا لە دین دابڕابوون ـ هاوارێک کە لە سەدەی دوازدەیەمەوە بەرەبەرە زیاتر ببوو. ئەوە هەر ئەو هاوارە بوو کە فرانسیسی پیرۆز، لە کاتی حاڵ لێهاتندا لە

* واتە پاساو بێنینەوە و بڵێین:"دەسەڵاتداران خەتایان نەبووە. تێگەیشتنی ئەوکات ئاوا بووە و ئەوان نەیانتوانیوە لەوە زیاتر شتەکان لێک بدەنەوە. و.ک

کلێسای سان دامیانۆ بیستبووی کە دەیگوت:"ماڵەکەم وێرانە. چاکی بکەوە."
سکاڵا لەدەست ماڵپەرستی و قەشەی نەشیاو هەموو وڵاتی داگرتبوو. گەندەڵیی بەربڵاو و پارەپەرستی لە هەموو ئاستەکاندا، لە دەرباری پاپاوە بگرە هەتا کلێسای گوند، بەدی دەکرا ـ بەو هۆیەوە هاواری ڕیفۆ ڕم و چاککردنی "سەروبەر"ی کلێسا گەیشتە تەشقی ئاسمان. ئیجازەنامە (هەڵگرتنی فە ڕزی ئایینی لەسەر خەڵک) لەبەریان دەگیرایەوە(کۆپی دەکران) و دەفرۆشران، دیوانی ڤاتیکان هەموو ئەو داهاتەی کە بۆ جەنگەکانی سەلیبی کۆ دەکرانەوە حەپەلووشی دەکرد، لە سەری کۆڵان و بازاڕدا شەفاعەتنامەیان دەفرۆشت، وای لێ هاتبوو کە ئیتر، بەپێی سکاڵای سەرۆکی زانکۆی ئۆکسفۆرد لە١٤٥٠دا خەڵک نیگەرانی تاوان و گوناحەکانیان نەبوون، چونکە دەیانتوانی بە پارەیەکی زۆر کەم خۆیان لە کەتن و گوناحەکان پاک بکەنەوە، یان "وەک گرەوکردن لە یاریی تنیس"دا، ببنە براوەی لێخۆشبوون.
لە هەموو لایەکەوە ناڕەزایەتی دە ربار ەی، لە دیارنەمانی پەیتاپەیتای قەشەکانەوە، لە کارو داهاتەکانی کلێساییەوە، لە بێ دەربەستیی بەرپرسانی کلێسا و مەودای دووری ئەوان لە بندەستەکان، لە عابای گرانبایی ئۆسقۆفەکان و جلوبەرگی بەنرخی دەستوپێوەندەکانیان، لە قەشەی تێنەگەیشتوو و بێئەخلاقی گوندەکانەوە، لە مەشرووبخواردنەوە و مێبازیی خەڵکی کلێساوە کە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە خەڵکی ئاسایی نەبوو. ئەوەیان ئیتر هەرای لێ کەوتبووەوە، چونکە جگە لەوەی لە ئایین نەدەوەشاوە، لە زەینی خەڵکیشدا، قەشەکان نێوبژیوانی نێوان خودا و مرۆڤ بوون و چاوەڕوان دەکرا خۆپارێزتر بن. ئەگەر نێوبژیوانەکە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ نەکا، ئەی بەشەر داوای ڕزگاری و شەفاعەت لەکێ بکا؟ خەڵک هەموو ڕۆژێ بەچاوی خۆیان، جیاوازیی نێوان قسە و کردەوەی خزمەتکارەکانی مەسیحیان بەدی دەکرد و هەستیان دەکرد خ ەیانەتیان لێ کراوە. بە وتەی جێگری دێری شاری دارام، خەڵک لە جێدا، "تینووی کەلامی خودا" بوون، بەڵام نەیاندەتوانی "ئیمانی ڕاستەقینە و بڕیارگەلی ئەخلاقیی ڕزگاربوونی ڕۆح" لە قەشە نەشیاو و نادروستەکانی ئەو وەرگرن. زۆربەی قەشەکان "چاخی عەتیقیان هەر

نەخوێندبۆوە و بە دەگمەن، کتێبی زەبووریان خوێندبۆوە" و ژ   ومارەیەکی زۆریان بەسەرخۆشی دەچوونە سەر مینبەر.(٥). ئۆسقۆفەکان زۆر بە دەگمەن سەردان و سەراسوێی بنکەکانی خۆیانیان دەکرد و بندەستەکانی خۆیانیان فێری هیچ شتێک نەدەکرد و ڕێنوێنییان نەدەکردن. وایان لێهاتبوو ئەوان هەر نەیاندەزانی ئەرکیان چییە و نەیاندەتوانی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان یان "عیشای ڕەببانی" بەڕێوە ببەن. ئامۆژگاریدەر و وتاردەرەکانی دەرەوەی کلێسا (ئەوانەی پیاوی کلێسا نەبوون)، ئیزنیان نەبوو        ڕەخنە لە قەشەکان بگرن، بەڵام جاروبارەش ڕەخنەیان هەر لێ دەگرتن و نوێژکەر و عیبادەتکەرانیان زۆر بە توندی دەورووژاند. "ئەگەر وتاردەرێک، قسەیەک دژی قەشە یان ئۆسقۆفەکان بکا، ئەوانەی خەونووچکە دەیانباتەوە، دەسبەجێ  ڕادەپەڕن، ئەوانەی بێتاقەت بوون، تەزوویان لەگیان دەردەچێ و گەش دەبنەوە. برسێتی و تینوێتی لەبیر دەکرێ." و چەپەڵترین دەستوپێوەندی خۆیان "لەچاو پیاوە ئایینییەکان بە پیرۆز و چاکەکار" دەزانن.(٦).

ئەو ناڕەزایەتییانە هەتا سەدەی چواردەیەم بیچمیان گرتبوو و لە بزووتنەوەی لالۆردەکان (  ٧) و هۆسییەکان (   ٨) و گرووپە خەڵکییانەو خەڵکانەی لەدەرەوەی کلێساوە ناڕازی بوون وەک "برایانی هاوژین"(  ٩) بەرز ببوونەوە و لەو جۆرە جێیانەوە بوو کە پارێز و لەخواترسییڕاستەقینە، هێلانە و شوێنێکی گەرمتر و لەبارتری لە کلێسای فەرمی دۆزییەوە. زۆربەی ئەو بیرکردنەوە جیاوازە بنەڕەتییانەی دواتر بوونە تایبەتمەندیی شۆڕشی پرۆتستان، قسەی سەر زار و زمانی ئەو تاق و گرووپانە بوو وەک: ڕەتکردنەوەی گۆڕانی ماهییەت، واتە بوونی نان و شەراب بە جەستە و خوێنی عیسا لە "عیشای ڕەببانی"دا، قەبووڵنەکردنی دانپێدانان، ڕەتکردنەوەی کڕین و فرۆشتنی شەفاعەتنامە و زیارەتی شوێنەپیرۆزەکان و          ڕێزگرتن لە پیروپیاوچاکان(پیرۆزەکان) و شتە متفەڕکەکان. جیابوونەوە و دابڕان لە ڕۆما بە مەحاڵ دەزانرا. زانای بەناوبانگی یەزدانناسی، ویلیام ئاکمی لە سەدەی چواردەیەمدا، پێشبینیی کلێسای بەبێ پاپای کردبوو و لە     ١٤٥٣دا یەکێکی خەڵکی ڕۆما بەناوی ستیفانۆ پۆرکارۆ گێچەڵێکی نایەوە، کە ئامانج تێیدا

ڕووخاندنی دامودەزگای پاپایی بوو (ئەگەرچی وادیارە بنچینە و سەرچاوەی ئەو سەرهەڵدانە پتر سیاسی بووە هەتا ئایینی).

پیشەی چاپەمەنی و خوێندەواربوونی خەڵک، پەرەی بە بەرهەڵستی و دژایەتییکان دا ـ بەتایبەتی لە ڕێگەی ئاشنابوونی ڕاستەوخۆی خەڵک لەگەڵ ئینجیل و تەوڕات بە زمانەکانی خۆیان. لە شەست ساڵی یەکەمی پیشەی چاپدا، چوارسەد نوسخەی جیاوازی کتێبی پیرۆز بەو جۆرە زمانانە چاپ و بڵاو کراوە و هەرکەس خوێندەوار بوایە، دەیتوانی لە گەنجینەی ئینجیلەکاندا شتێک بدۆزێتەوە کە بەڕێوەبەرانی کلێسای ئەو کات بە هەموو کەشم و نەشم و عابای سوور و ئەرخەوانییەکەیانەوە، هەر نەیاندەزانی چییە.

کلێساش خۆی بەردەوام باسی چاکسازیی دەکرد. لە نیوەی یەکەمی سەدەی پانزەیەمدا، لە ئەنجوومەنەکانی کۆنستانس و بال، ئامۆژگاریدەرە بەناوبانگەکان هەموو ڕۆژانی یەکشەممە باسی شوورەیی و گەندەڵی، بەتایبەتی کڕین و فرۆشتنی پوانە کلێساییەکان و کەمتەرخەمی بۆڕزگاری و ژیاندنەوەی مەسیحیەت و باسی جیهاد و جەنگی سەلیبی لەگەڵ تورکان و هەموو ئەو گوناح و کەتنانەیان دەکرد، کە ژیانی مەسیحییەتی بەرەو نەمان دەبرد و داوایان دەکرد هەنگاوی باش و کردەیی بۆ نەهێشتنیان هەڵبگیردرێ. هەر دوو ئەنجوومەنەکە، کۆمەڵێک دانیشتنی بێ بڕانەوەیان هەبوو و چەندی بڵێی پێشنیاریشیان خستە ڕوو و زۆر بڕیاریشیان دەرکرد، بەڵام ئەوانە پتر پەیوەندییان بە کێشەکانی بەرپرسانی کلێسا و دامودەزگای پاپاوە هەبوو لەسەر چۆنێتیی دابەشکردنی داهاتەکان و تەرخانکردنی هاوکارییەکان، کەچی لە ئاستەکانی خوارەوەتردا گرنگی بە پێداویستییە سەرەکییەکانی وەک سەردانی ئۆسقۆفەکان لەو شوێن و بنکانەی پێیان ئەسپاردبوون و پەروەردە و ڕاهێنانی قەشەکانی بندەستیان و ڕێکخستنەوەی پلەوپایەی ڕەبیانی هەر نەدرا.

پیاوە ئایینییە پلەبەرزەکان هەر هەموو کەمتەرخەم بوون، لە نێویاندا ڕاهیبە و ئۆسقۆف و تەنانەت کاردینالی واش بەرچاو دەکەوتن، کە هەر بە ڕاستی دەیانویست چاکسازی بکرێت. پاپاش جاروبارە بەڕووی خۆی دێنا. بەر لەو

شەش پاپایەی باسمان کردن، لە دەیەکانی ١٤٤٠ و ١٤٦٠دا بە فەرمانی نیکۆلاوسی پێنجەم و پیۆسی دووەم، کۆمەڵێک بەرنامە و ڕێوشوێنی چاکسازی ڕێک خران و دارێژەرەکەشی ئۆسقۆفی ئە ڵمانی نیکۆلای کوزایی، نوێنەری پاپا و ئامۆژگاریدەر و ڕیفۆڕمکەرە گیانلەسەردەستەکە بوو. نیکۆلای لە کاتی پێشکەشکردنی گەڵاڵەکەی خۆیدا بە پێترۆسی دووەمی گوت: چاکسازیی زۆر پێویستە "بۆ ئەوەی هەموو مەسیحییەکان و بەر لە هەمووشیان پاپا بێنێتە هاوپلەی مەسیح" (١٠) هاوسەنگەرە ڕیفۆڕمخوازەکەی ئەو ئۆسقۆف دۆمنیکۆ دۆمنیکی، نووسەری نامیلکەیەک هەر بۆ ئەو پاپایە لەبارەی چاکسازییەوە، ڕێک وەک ئەو بێپێچ و پەنا و بەبێ پارێز بوو. دەینووسێ، هیچ قازانجێک لەوەدا نییە پیرۆزایەتیی دامودەزگای پاپایەتی بە ڕووی خەڵکیدا بدەنەوە و خۆی پێوە هەڵکێشن، چونکە چەپەڵی و چەوتیی مەترانەکان و دیوانی پاپایەتی گەیشتووەتە جێیەک، کە خەڵکی ئاسایی، کلێسا بە "بابل، دایکی هەموو زیناکارەکان و کردەوە شوورەیییەکانی سەر زەوی" (١١) دەزانن.

لە کۆبوونەوەی مەترانەکاندا بۆ هەڵبژاردنی جێنشینی پیۆسی دووەم لە ١٤٦٤دا، دۆمنیکی کاکڵی قسەکەی کرد و لەبنی کوولەکەی دا و گوتی، دەبوو سەرنجی سیکستۆس و جێنشینەکانی ڕاکێشابایە: "دەبێ ئابڕووی کلێسا بگێڕینەوە، دەسەڵاتەکەی ببووژێنرێتەوە و ئاکار و ئەخلاقیشی چاک بکرێ، دیوانی کلێسا ڕێک بخرێتەوە و کەوشەنی دادپەروەرییەکەی بەرین بکرێتەوە و ئایین پەرەی پێ بدرێ." وڵاتە لەدەستچووەکانی دەزگای پاپایەتی بستێنرێنەوە و لە ڕوانگەی ئەوەوە، "ئیمانداران بۆ جیهاد چەکدار و ئامادە بکرێن." (١٢).

شەش پاپاکەی ڕێنسانس، هەر تۆزێکیش چییە لەو کارانەیان جێبەجێ نەکرد. خۆی ئەگەر نەڵێین بێزاریی لە ڕادەبەدەری بەرپرس و بەڕێوەبەرانی کلێسا لە ڕیفۆ ڕم و چاکسازی، دەکرێ بڵێین پشتیوانی نەکردنەکەیان لێی، کۆسپ و لەمپەری بەردەم چاکسازییەکە بوو. لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی و سامانەکەی ئەوان لەگەڵ سیستەمەکە بوو و هەرچەشنە چاکسازییەک، وەک پێکهێنانی ئەنجوومەنەکانیان، بە لاوازکردن و بەرتەسککردنەوەی پاپا دەزانی.

لە دوای ڕاپەڕینەکەی هۆسەوە، جۆرە شۆڕشێکی ئایینی بەدرێژایی سەدەکە خەریک بوو سەری هەڵدەدا، بەڵام بەرپرسانی کلێسا لە گوێی گادا نوستبوون. ئەوان پێیان وانەبوو نارەزایەتییەکان، هەڕەشە و کێشەیەکی جیددین لەسەر ئیعتیبار و پێگەکەیان، بەڵکو وایاندەزانی جیاوازیی بیروبۆچوونن و دەبێ سەرکوت بکرێن.

لەو جەنگەیەدا، لەمێژ بوو ئیمانێکی نوێ، ناسیۆنالیزم و گەنگەشە و گێچەڵێکی نوێش لە شێوەی دەرکەوتنی کلێسە نەتەوەییەکاندا، خەریک بوو ڕەگی دەسەڵاتەکەی ڕۆمای دەقرتاند. لە ئاکامی گوشاری سیاسی و ئەو دانوستانانەی بەرهەمی کەرتبوونەکە بوون، مافی پۆست و پلەبەخشین، واتە سەرچاوەی سەرەکیی هێز و داهاتی پاپا ـ کە دەزگای پاپایەتی لە پیاوەئایینییە خۆجێییەکان، واتە خاوەنە ڕاستەقینەکانیی ڕفاندبوو ـ وردە وردە درایەوە بەو بەرپرسانەی سەر بەکلێسا نەبوون و بەپێی ئەمر یان ویست و بەرژەوەندی ئەوان جێبەجێ دەکرا. بەپێی کۆمەڵێک گرێبەست و ڕێککەوتن کە بە زۆرەملێ لە فەڕەنسا و بەریتانیا لەگەڵ پادشاکانیان هاتنە ئاراوە، مافی دانان و لابردن لەو دوو وڵاتەدا دەمێک بوو نەمابوو و لەگەڵ ئەو دانوستانە سیاسییە جۆراوجۆرانەی لەو قۆناغەدا کران، ئەو پوانەش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بە ئیمپراتۆریی هاپسبۆرگ و پادشا دەرەکییەکانی دیکە درا.

چاکە و خراپە لە سەردەمی ڕێنسانسدا، زۆر نائاسایی و شانبەشانی یەکتری دەڕۆیشتن، و داکشانی سیاسی و ئەخلاقی و خراپەکاری لەگەڵ گەشەی سەرسووڕهێنەری هونەردا تێکەڵاو ببوو. دووبارە دۆزینەوەی سەردەمی کلاسیکی کۆن و گرنگیدان بە توانایی مرۆڤ لەبری سییانەی ڕۆحانی، ئەزموونێکی گیانبەخش بوو و ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی بەجۆش و خرۆشەوە خەڵک ڕووبکەنە هیۆمانیزم ـ بەتایبەتی لە ئیتالیا کە لەوێ بە گەڕانەوە بۆ شانازییە نیشتمانییەکانی کەونارایان لەقەڵەم دا. پێداگرتنەوەی ئایینی نوێ لەسەر پێدراو و نیعمەتە دنیاییەکان بە واتای وازهێنان لە ئایدیای مەسیحی و نکۆڵیکردن لە ڕۆح بوو و شانازیکردن بەوانەوە وای دەکرد مرۆڤ ئەوەندە بەشێوازی کلێسا ملکەچی کەلامی خودا نەبێ. ئیتالیاییە

دەسەڵاتدارەکان، چەندی پتر هۆگری ئاتەئیزم"شیرک"ی سەردەمە کۆنەکان بوون، ئەوەندە کەمتر ڕێزیان لە مەسیحییەت گرت. ئەو مەسیحییەتەی بەپێی نووسینەکانی ماکیاڤێللی لە گوتارەکاندا "گەورەترین بەختەوەریی لە سەرکزی و بێبەشی و بەکەمگرتنی توانا مرۆییەکاندا"( ١٣) بەدی دەکرد، کەچی ئایینی شیرک، لە مەزنایەتیی ڕۆح و بەهێزیی جەستە و هەموو ئەو تایبەتمەندییانەدا کە مرۆڤ بەهێز دەکەن، بەشوێن گەوهەری چاکە و باشەدا دەگەڕا.

بەدوای هەژاری و داکشانی دوایین ساڵەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا لە نیوەی سەدەی پانزەیەمدا، شان بەشانی مرۆڤگەرایی ، ئابووریی گەشەیەکی بێوێنەی کرد. زۆر هۆکاریان بۆ ئەو باشبوونە خست ۆتە ڕوو: خوڵقاندنی ئامێری چاپ، وایکرد خەڵک پتر دەستیان بە هزر و زانست ڕابگا، پێشکەوتنە زانستییەکان وایان کرد بنیادەم پتر لە جیهان تێ بگات و لە بواری تەکنۆلۆژیاشدا داهێنانی نوێی کرد و شێوازە ئابوورییە نوێیەکانی سەرمایەداری ئاستی بەرهەمهێنانی بردە سەر و تەکنۆلۆژیا نوێیەکەی دەریاوانی و کەشتیسازی، گەشەی پتری بە بازرگانی دا و سنوورە جوگرافییەکانی بەرینتر کردەوە و هێزێکی نوێ لەو وڵاتانەوە کە خەریک بوو دادەڕمان، پەیدا بوو. ئەو هێزە خزمەتی دەسەڵاتە پادشایەتییەکانی کرد و ناسیۆنالیزمە ڕوولەگەشەکەی سەدەی پێشووشی هاتە سەر. دۆزینەوەی دنیای نوێ (واتە وشکارۆی ئەمریکا)، و دەورلێدانی زەوی بە کەشتی، دوورەدیمەنێکی بێسنووری کردەوە. ئەو فاکتەرانە بە هۆکار دانرێن یان بە ڕێکەوت، یان بە گەڕانەوەی شەپۆل لە هەڵکشان و داکشانی پڕلەنهێنیی کاروباری مرۆڤدا، هەرچۆنێک بێ، نیشانەی دەستپێکی قۆناغێک بوون کە مێژوونووسەکان بە سەرەتای چاخی نوێی دەزانن.

لە ماوەی ئەو شێست ساڵەدا کە باسمان کرد، کۆپرنیک، پەیوەندیی ڕاستەقینەی نێوان زەوی و خۆری دۆزییەوە. کەشتییە پۆرتۆگاڵییەکان کۆیلە و بەهارات و گڵی زێڕ و "عاج"ـیان لە ئەفریقاوە هێنا، مەکزیک کەوتە بندەستی کۆرتس، فۆگرەکانی ( ١٤) ئەڵمان ئەو داهاتەی لە کڕین و فرۆشتنی خوری بەدەستیان هێنابوو لە بازرگانی و دانەوێڵە و بانکداریدا خستیانە گەڕ و

دەسترۆیشتووترین ئیمپراتۆریای بازرگانیی ئەورووپایان دروست کرد. ڕۆڵە بنیاتنەرەکەی ئەو بنەماڵەیە، ناسراو بە یاکووبی دەوڵەمەند، بە هەڕوگیڤەوە دەیگوت، هەتا گیانی لەبەردا بێ بە شوێن پارەدا ڕادەکا، (١٥) و ئەوە دلۆپێک بوو لە ڕۆحی سەردەم. هاوتا ئیتالییەکەی ئەو ئاگوستینۆ کیچی خەڵکی ڕۆما، لە لقە جۆراوجۆرەکانی کارو کاسبیی خۆیدا لە لیۆن و لەندەن و ئانتڤێرپ و قوستەنتەنییە و قاهیرە ٢٠٠٠٠٠ کارمەندی هەبوو ـ و بۆی گرنگ بوو داهاتی هەبێ، ئەگەر بە بازرگانی لەگەڵ کافرانیش بێ، ترسی نەبوو. ( ١٦). تورکەکان لە ساڵی ١٤٥٣دا قوستەنتەنییەیان گرت و لە باڵکاندا بەرەوپێشەوە چوون و وەک یەکیەتیی سۆڤیەتی ئێستا ( ١٩٨٤)، وەک مەترسیی گەورەی ئەورووپا سەیریان دەکرا، بەڵام ئەو نیشانە و دەرکەوتانەی مەترسی، چەندی ترسێنۆ و سامناکیش بوایەن، مەملەکەتە مەسیحییەکان پێکەوە وا سەرقاڵی کێشە و ململانێ بوون و ملیان لەبەر ملی یەکتری نابوو هەر دەرفەتیشیان نەبوو بیر لە یەکگرتوویی و بەرەنگاریی تورکەکان بکەنەوە.

لە ئیسپانیا فێردیناند شای ئاراگۆن و ئیزا بێلا شاژنی کاستیل پێکەوە زەماوەندیان کرد و کەوشەنی پادشایەتیی خۆیانیان تێکەڵ کرد، پشکنینی باوەڕیان دانایەوە و جوولەکەکانیان وەدەر نا. ف ڕانسوای یەکەم، پادشای فەڕەنسا و هێنڕیی هەشتەم پادشای بەریتانیا لە "گۆڕەپانی قوماشی زێڕین" چاویان بەیەکتری کەوت، ئالبرێشت دورێر (١٧) لە ئەڵمان و هیرۆنیمۆس بۆس (١٨) و هانس مەملینگ ( ١٩) لە فیلاندەر درەوشانەوە. ئەراسیمۆس ( ٢٠) کە هەموو دەربار و پایتەختەکان لە سای قسەخۆشی و دڕدۆنگییەکەیەوە پێشوازییان لێ دەکرد، ڤۆلتێری سەردەمی خۆی بوو. سێرتۆماس مۆر کتێبی "شاری خەونەکان"ی خۆی لە کۆتایی ئەو قۆناغی شەست ساڵەیەدا بڵاو کردەوە. پێچەوانەکەی ئەو لە ئیتالیا، ماکیاڤێللی لە "میر"دا ڕەشبینانەتر ئاوڕی لە مرۆڤ دایەوە. لە ئیتالیا هونەر و ئەدەبیات بە گەورەترین دەستکەوت لەقەڵەم دەدرا و پتر لە هەموو شوێنێک ڕێزیان لێ دەنا و هەر ئەو ڕێزگرتنەش کۆمەڵێک توانای سەمەرەی خولقاند ـ لە لیۆناردۆ و مایکڵ ئانجیلۆوە بگرە تا دەگاتە تیسین و کۆمەڵە کەسێکی دیکە، کە دەکرێ بڵێی هەر ئەوەندە بوو

نەدەگەیشتنەوە ئاستی ئەو هونەرمەندە مەزنانە. ئەدەبیات بە نووسینەکانی ماکیاڤێللی و بە مێژووی ئیتالیا بەرهەمە گەورەکەی فانچسکۆ گویتچاردینی و کۆمێدی و  داشوورینەکانی پیترۆ ئارتینۆ و حەماسە زۆر گەورەکەی ئاریۆستۆ ئۆرلاندڤێی توورە لەبارەی شەڕی مەسیحی و موسوڵمانەکانەوە و بەو کتێبەشەوە ڕازێنرایەوە، کە لەبارەی بەرهەمەکەی کاستیلیۆنێوە بوو.

سەیرە، ئەو گەشەکردنی کولتوور و      ڕووناکبیرییە، لە بەرزکردنەوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤدا نەک   ڕەنگدانەوەیەکی هاوئاستی خۆی نەبوو بگرە بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر بۆ دواوەشی گەڕاندەوە. هەر لەبەر ئەوەی لە ئیتالیادا، تەنیا ناوەند و فەرمانڕەوایەک دەسەڵاتدار نەبوو هەر بۆیە پێنج ناوچە سەرەکییەکەی ئەو وڵاتە ـ ڤێنیزیا و میلان و فلۆرانس و ناپڵ و ئەیالەتەکانی پاپایەتی ـ و میرنشینە بچووکەکانی وەک مانتوا و فێرارا و چی و چی دیکەیش شەڕ و کێشەی بێ بڕانەوەیان لەنێواندا هەبوو.

میرەکان بە توندوتیژی و سەرکوت و گورجوگۆڵیی سەرۆکەکان، بەو دەسەڵاتەیان گەیشتبوون، هەر بۆیە، میری ئەو کاتیش بۆ پاراستن یان پەرەپێدانی دەسەڵاتەکەیان لە هیچ کردەوەیەک نەدەپرینگانەوە. دەستبەسەرداگرتن و زەوتکردن، پیلان و ژەهرخواردکردن، خ        ەیانەت، ج ەنایەت، براکوژی، زیندان و ئەشکەنجە، بەشێک بوون لە کاروباری ڕۆژانە و بەبێ ڕاچڵەکین و ئازاری ویژدان، بەڕێوە دەچوون.

بۆ تێگەیشتن لە پاپاکان، دەبێ سەیری میرەکان بکەین. وەختێک ڕەعیەتەکانی گالیاتسۆ ماریا سفۆرتسا، میری میلان، لەسەر زوڵم و زۆری و ناهەقی و گوناحەکانی، لە کلێسادا کوشتیان، براکەی خۆی واتە لۆدڤیکۆ ئەیل مۆرۆ، برازاکەی خۆی واتە جێنشینی میری لە زیندانێ کرد و خۆی جڵەوی دەسەڵاتەکەی میلانی بەدەستەوە گرت. کە بنەماڵەی پاتسی لە فلۆرانس ئیتر نەیانتوانی ڕق و قینی خۆیان بەرامبەر لۆرێنتسۆ دێ مەدیچیی بشارنەوە، ئیتر پیلانیان دارشت بۆ ئەوەی لەگەڵ جو    ولیانۆ ژ ی کەڵەکەی برای لە کاتی ڕێوڕەسمی ئایینیدا لە کلێسا بیانکوژن.(  ٢١). ڕەمزی پەلامارەکەیان، دەنگی زەنگی کلێسا بەنیشانەی پیرۆزیی نان لە "عیشای    ڕەببانی"ـدا بوو و ئیتر

شمشێری بکوژەکان لەو ساتە پیرۆزەدا بە ئاسمانەوە بریسکانەوە و جوولیانۆ کوژرا، کەچی لۆرێنتسۆ بە شمشێرە درێژەکەی، دەستی کردەوە و خۆی ڕزگار کرد و بەزیندوویی دەرچوو. دوای ئەوە تۆڵەیەکی لە بنەماڵەی پاتسی و هاوڕێکانیان کردەوە، کە جووقەواری لێ بڕین. هەوڵەکانی کوشتن، بەپێی گەلاڵە و بەرنامە زۆربەیان لە کلێساکاندا دەبوون، چونکە لەوێ پاسەوانە چەکدارەکان نەیاندەتوانی بەباشی دەوری قوربانییەکە بگرن و بیپارێزن.

له هەموویان خراپتر، فەرمانڕەواکانی ناپل، پادشاکانی بنەماڵەی ئاراگۆن بوون. فێڕانتێ (فێردینانی یەکەم) پیاوێکی بێشەرم و دڕندە و زەین چەوت و قین لەدڵ بوو کە هەتا ئەو وەختەی لە ساڵی ١٤٩٤ـدا مرد، هەموو تین و توانای خۆی بۆ لەناوبردنی بەرهەڵستکار و دژبەرەکانی بەکار هێنا و لەو پێناوەدا لە هەموو میرەکانی دیکە پتر خوێنی ڕشت و شەڕی هەڵاییساند و زیانی لە ئیتالیا دا. مێژوونووسی هاوچەرخی فەڕەنسی، کۆمین ئاوا باسی ئالفۆنسۆی دووەم، کوڕ و جێنشینە هەرزە و نەشیاوەکەی دەکات:"خراپترین و زاڵمترین و شەڕانیترین و نزمترین بنیادەمێک بوو کە تا ئێستا هاتبێتە دنیا." (٢٢). ئەویش وەک کەسانی هاوشێوەی خۆی بێزاریی خۆی لە ئایین دەردەبڕی. ئەو سەرکردە چەکدارە بەکرێگیراوانەش کە پشتیوانی دەسەڵاتی ئەو میرانە بوون و میرەکان بەوان پشتگەرم بوون، هەر ئەو هەستەیان هەبوو. ئەو بەکرێگیراوانە بۆ پارە شەڕیان دەکرد نەک ئەوەی وەفاداری ئەم یان ئەو بن و هەر گاڵتەشیان بە "تەواو پیرۆزییەکان" دەهات و هیچ لەوەش نەدەترسان داغ و مۆری تەکفیری کلێسایان بە نێوچاوانەوە بێ و بمرن."(٢٣)

خەڵکیش لاسایی خووخدە و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانیان دەکردەوە. هەڵسوکەوتی پزیشکە نەشتەرگەرەکەی نەخۆشخانەی "سان جۆن لاتران" ئاوێنەی ژیانی سەردەمی ڕێنسانسە لە ڕۆما و ڕاپۆرتی ئەو ڕووداوانە بە دەموڕاوێژە سارد و سڕەکەی یۆهان بۆرخارد، سەرۆکی دامودەستووری دەرباری پاپا، کە یادداشتەکانی ڕۆژانەی ئەو سەرچاوەیەکی بێوێنەن، مەسەلەکە قێزەونتر دەکا. ئەو پزیشکە "هەموو ڕۆژێ بەیانی زوو بە کورتەکێکەوە و تیر و کەوانێک بەدەستەوە لە نەخۆشخانە دەچووە دەرێ و

تووشی هەر کەس بوایە تیرێکی لێ دەدا و چیی لە گیرفانیدا بوایە لێی دەڕفاند."
ئەو پیاوە لەگەڵ قەشەی شەفاعەتخوازی نەخۆشخانە ڕێک کەوتبوو. قەشەکە، هەر نەخۆشێکی دانی بەوەدا نابایە کە پارەی هەیە، ناوەکەی دەدایە ئەو پزیشکە و ئەویش دەسبەجێ "دەرمانێکی قەستەسەر *"ی دەرخوارد دەدا و داهاتەکەی لەگەڵ سیخوڕە ئایینییەکەی خۆی دابەش دەکرد. بۆرخارد ئەوەش دەڵێ، کە ئەو پزیشکە لەگەڵ حەڤدە خراپکاری دیکە ئاخرییەکەی بە دارەوە کران.(٢٤)

دەسەڵاتی سەرەڕۆ، جگە لەوەی دەسەڵاتدارە خۆڕسکەکانی بەرەو هەوسارپچڕاوی و دڕدۆنگی و بەدگومانی لە خەنیمەکانیان دەبرد، بگرە لەنێو ئەو حکوومەتانەیشدا کە سەربەخۆ نەبوون، خەڵکێکی ملهۆڕ و سەرەڕۆ دەکرد و خووخدەی توندوتژیی بێ بیانووشی دەکردە باو. پاندۆلفۆ پێترتچی، کاردیناڵە سەرەڕۆکەی سیەنا لە دەیەی ١٤٩٠دا، خۆشی و ڕابواردنەکەی ئەوە بوو کە گاشەبەرد لە بەرزاییەکانەوە خلۆر بکاتەوە ـ جا گرنگ نەبوو کێ پان دەکاتەوە. (٢٥). بنەماڵەی بالیۆنی لە پرۆجا و بنەماڵەی مالاتێستا لە ڕیمینی، بە شانازییەوە کورتەمێژووی براکوژی و تاوان و شەڕەکانی خۆیانیان دەنووسییەوە. دیارە هەندێکی وەک بنەماڵەی ئێستێ لە فێرا ڕا، کۆنترین بنەماڵەی دەرەبەگەکان و بنەماڵەی مۆنتێ فێلترۆ لە ئۆربینۆ کە کاستیلیۆنێ لە کتێبی "دەرباری"ـدا تاریفی دەربارەکەیانی کردووە، خەڵکێکی بەشە ڕەف و ماقووڵ و خۆشڕەفتار و تەنانەت خۆشەویستیش بوون. دەگێڕنەوە، دۆک فدریگۆی ئۆربینۆیی تاقە شازادەیەک بوو کە بەبێ چەک و پاسەوان دەسووڕایەوە و دەیوێرا بە ئازادی لە پا ڕکەکاندا بگەڕێ.( ٢٦). ئۆربینۆش مخابن بە ڕۆژی ڕووناک، کەوتە بەر پەلاماری سەربازیی یەکێک لەو شەش پاپایەی باسمان کردن بە ناوی لۆیی دەیەم، هەرلەبەر ئەوەی پاپا ئەو "دۆک نشینە"ی بۆ برازاکەی خۆی دەویست.

---

*قەستەسەر: واتە ئەو شتەی دەسبەجێ دەتکوژێ. (شەڕابی دەستی ئەسمەر بێ... ژەهری هەژدیهای حەوت سەر بێ ... دەیخۆمەوە قەستەسەر بێ)

وەک هەمیشە، لە تەنیشت ڕیسوایی و حەیاچوون و خراپەکاری، لەخواترسان و پارێزیش بەدی دەکرا. هەرگیز، تایبەتمەندییەکی تاقانە بەسەر هەموو کۆمەڵگادا زاڵ نابێ. خەڵکێکی زۆری چینە جیاوازەکان هێشتاش لە ڕێنسانسدا هەر خوایان دەپەرست، پیروپیاوچاکەکانیان قەبووڵ بوو و بەدوای یەقین و متمانەوە بوون و بەدوور لە کەتن و تاوان دەژیان. لەڕاستیدا، هەر لە سای ئەو هەستە ڕاستەقینە ئایینی و ئەخلاقییانەشەوە بوو کە بێزاربوون لە گەندەڵیی پیاوانی ئایینی و بەتایبەتی لە دەرباری پاپا ئەوەندە بەتەوژم و جۆش و خرۆش و تاسەی چاکسازییش ئاوا بەتین و گوڕ و بەهێز بوو. ئەگەر ئیتالیاییەکان هەر هەمووان گوێلەمستی ڕێبەرەکانی خۆیان بوایەن، ئەوا هیچ کەس لەبەر چەوتی و لاڕێبوون و چەپەڵیی پاپاکان دەنگی دەرنەدەهات.

لە کێشە دوورودرێژەکەدا بۆ کۆتاییهێنان بەو ترس و ئاڵۆزییەی بەرهەمی کەرتبوون و لێکترازانەکە بوو و لەپێناوی گەڕاندنەوەی یەکگرتوویی کلێسا و پیاوی ئایینی و نائایینی هەر هەموو خوازیاری کۆکردنەوەی ئەنجوومەنی گشتیی کلێساکان بوون، کە بەڕواڵەت لەسەرووی دەرباری پاپاوە بوو. بەڵام هەرکەس چووبایەتە سەر تەختی دەسەڵات، بە زەبری زۆر و هێز دژی ئەو داوایە دەوەستاوە. ململانێی ئەنجوونەکان بەدرێژایی نیوەی یەکەمی سەدەی پانزەیەم بەسەر کاروبارەکانی کلێسادا زاڵ بوو و ئەگەرچی ئەنجوومەنەکان توانییان ئاخریەکەی تاقانەیی پێشەوا تۆمار بکەن، بەڵام نەیانتوانی هیچ کام لەوانەی خۆیان بە پێشەوا دەزانی قایل بکەن کە ئەنجوومەن لەسەرووی ئەوانەوەیە. پاپاکان یەک لە دوای یەک بە پوان و ئیمتیازەکانیانەوە نووسان و هەروا لاسارانە و شێلگیرانەش بەردەوام بوون و لە سای دووبەرەکیی بەرهەڵستکارەکانیانەوە، دەسەڵاتی خۆیان بەتەواوی پاراست ــ بەڵام ورتە ورتی دژ و بەرهەڵست هەر دەبیسترا. پیۆسی دووەم، کە بە ناوی ئائێنئاس سیلۆیۆس پیککۆلۆمینی، پتر وەک ڕۆماننووس و مرۆڤگەرایەکی خۆشەویست بەناوبانگە، لە سەرەتای خزمەتە کلێساییەکەی خۆیدا، لایەنگری ئەنجوومەنەکان بوو بەڵام لە ١٤٦٠دا لە پلەی پاپایەتیدا بەیاننامە سامناکەکەی ئێکس سێکرابیلیس(٢٧)ی بڵاو کردەوە و هەڕەشەی ئەوەی کرد، هەر کەس لە لای

ئەنجوومەنی گشتی سکاڵا لەسەر دامودەزگای پاپا تۆمار بکات، تەکفیر دەکرێت. جێنشینەکانیشی هەر لەسەر ئەم ڕەوتە بەردەوام بوون. ئەوان پێیان وابوو مەترسیی ئەنجوومەنەکان کەمتر نییە لە مەترسی تورکەکان.

پاپاکان دوای سەقامگیربوونەوەی سەرلەنوێی ڕۆما بوونە بەرماوخۆری ڕێنسانس و لە هاندان و پشتیوانیکردنی هونەردا کەوتنە پێش میرەکانیش و وەک ئەوان بەو ئاکامە گەیشتن کە شکۆمەندی و مەزنیی شێوەکاری و پەیکەرسازی و ئەدەبیات و مۆسیقا ڕازێنەرەوەی دەربارە و ڕەنگدانەوەی بەخشین و گەورەیی ئەوانە. لیۆناردۆ داڤینچی لە میلان دەرباری لۆدۆڤیکۆ سفۆرتسای دەڕازاندەوە و تۆرکوواتۆ تاسۆ شاعیرە بەناوبانگەکە، لە فێرا ڕا کۆڕی دەرباری بنەماڵەکەی ئێستێی گەرم دەکرد و هونەرمەند و نووسەرەکانی دیکەش ڕوویان دەکردە ڕۆما و دەست و دڵاوایی و پشتیوانیی پاپاکان. پاپاکان هەر کەموکوورییەکیشیان بووبێ، گومان لەوەدا نییە کە میراتێکی نەمریان لەو بەرهەمە هونەرییانە لەپاش خۆیان بۆ جیهان بەجێ هێشت، کە خۆیان ڕایانسپاردبوو. بۆ نموونە بن میچی سیستینی مایکل ئانجیلۆ، تابلۆی "ژوورەکان"ی ڕافاییل لە ڤاتیکان، فرێسکۆکانی پینتۆریکیۆ لە کتێبخانەی کلێسای سیەنا، فرێسکۆکانی بۆتیچلی، گیرلاندایۆ، پرۆجینۆ و سینیۆرێللی لەسەر دیواری نوێژگەکەی سیستین. ڕۆما لە سەردەمی کۆچی پاپاکاندا بۆ ئاوینیۆن، کاول و پیس ببوو. خەڵکێکی کەمی تێدا مابۆوە و شێوابوو. پاپاکان شارەکەیان سەرلەنوێ نۆژەن کردەوە و ڕازاندیانەوە. گەنجینە کلاسیکییەکانیان لەبن گڵ ڕزگار کرد، کلێساکانیان نۆژەن کردەوە و شەقامەکانیان بەردچن کرد. کتێبخانە بێوێنەکەی ڤاتیکانیان کۆ کردەوە و بە دەست و پەنجەی ڕەنگینی میعمارگەلێکی وەک برامانتێ و مایکل ئانجیلۆ دەستیان کرد بە نۆژەنکردنەوەی کلێسای سان پیترۆ، کە ئەوەش هەم تاجی شانازیی پاپاکان بوو و هەم لە سای گەمەی ڕۆژگارەوە، بلێسەی هەڵاییسانی شۆڕشی پرۆتستانەکان.

پاپاکان باوەڕیان وابوو کە شکۆ و جوانیی درەوشاوەیی، شکۆمەندی و مەزنی بە دامودەزگای پاپایەتی دەبەخشێ و لە ئاکامدا کلێسا دەسەڵاتەکەی

خۆی بەسەر خەڵکیدا زاڵ دەکات. نیکۆلاوسی پێنجەم کە بە یەکەم پاپای ڕێنسانس دادەنرێ، ساڵی ١٤٥٥ لە سەرەمەرگدا ئەو باوەڕەی خۆی درکاند. داوای لە کاردیناڵەکان کرد، بەردەوام بن لەسەر نۆژەنکردنەوەی ڕۆما و گوتی:"بۆ بەدیهێنانی ئیمان و باوەڕێکی پتەو و شێلگیرانە، دەبێ شتێکی بەرچاو دروست بکەی. هەر ئیمانێک تەنیا پشت بە بنەما و بڕیارەکان ببەستێ، هەر لەرزۆک و لاواز دەبێ.. ئەگەر دەسەڵاتی دەرباری پیرۆز بە بینای مەزن ... بە ئاشکرایی بخەینە بەر چاوی خەڵکی، هەموو دنیا سەر بۆ ئەو مەزنی و دەسەڵاتە دادەنوێنێ و ڕێزی دەگرێ. باڵەخانەی بەرز، کە زەوق و جوانی لەگەڵ لایەنە مەزنەکان تێکەڵ دەکەن، دەسەڵات و پێگەی سان پیترۆ زۆر بەهێزتر دەکەن." ( ٢٨). پێترۆسی ماسیگر لە کوێ و ئەمە لەکوێ؟ کلێسا ڕێیەکی دوورودرێژی بڕیبوو.

قەتڵ لە کلێسادا

سیکستووسی چوارەم ١٤٧١ ـ ١٤٨٤

کاردیناڵ فرانچسکۆ دێللا ڕۆڤێرە، ڕێبەری پێشووی زنجیرەی ڕەهبانیی فەرانسیسییەکان، لە ١٤٧١دا پلەی پاپای پێ درا و ناوی خۆی نا سیکستووسی چوارەم. هەتا ئەو کات، پاپاکانی سەرەتای ڕێنسانس، تەنانەت ئەگەر لە جۆش و خرۆش و تاسەی بووژاندنەوەی ژیانی مەعنەویش بێبەری بووبێن، لەسەر یەک، بە ڕواڵەتیش بێ هەر ڕێز و حورمەتی پلە و پایەکەی خۆیانیان ڕادەگرت. سیکستووس بوو کە سەردەمی پاراستنی ئاشکرا و هەوسارپچڕاوانەی بەرژەوەندی شەخسی و دەسەڵاتدارێتیی سیاسیی داهێنا و بنیاتی نا. ئەو هەم وەک ئامۆژگاریکەر و مامۆستای یەزدانناسی لە زانکۆکانی بۆلۆنیا و پاویا و هەم وەک ڕێبەری زنجیرەی ڕەهبانیی فە ڕانسیسییەکان، ناوبانگ و پێگە و پلەوپایەیەکی شێلگیرانە و بەتوانای بەدەست هێنابوو. هەڵبژاردنی ئەمڕاهیبە لە ڕواڵەتدا دژکردەوەیەک بوو لە بەرامبەر دنیاپەرستییەکەی پاپای پێشوو پاولۆسی دووەم، نەجیبزادە و بازرگانە ڤێنیزییەکەی پێشوو. سیکستووس لە

ڕاستیدا کە هەڵبژێردرا لە هەمووان پتر خۆی بە قەرزباری خۆنواندن و مانۆڕی شارەزایانەی کاردینال ڕۆدریگۆ بورجا دەزانی. ئەو کابرایە پیاوێکی پلەوپایەپەرست و زۆر دەوڵەمەند بوو و هیچ گوێی نەدەدا بنەما و پرەنسیپەکان و زۆر زوو تاجی پاپایەتیشی بەدەست هێنا. پشتیوانییەکەی بورجا لە سیکستووس دەریخست خۆی کێیە و چ کەسایەتییەکی هەیە، وێکچوونی ئەو دووانە و پاپا ئینوکێنتیوسی هەشتەم کە لە نێوانیاندا بەدەسەڵات گەیشت، بووە هۆی ئەوەی لە مێژوودا بە "سێ بلیمەتە چەپەڵەکە" ناوبانگ دەربکەن.

لەبن عابا فرانسیسییەکەی سیکستوسدا کەسایەتییەکی لەخۆبایی و دڵڕەق و بەزەبروزەنگ شاردرابۆوە. پیاوێکی بەکەفوکوڵ و بەهێز و بنەماڵەیەکی زۆروزەوەند و چاولەدەست و هەژار. سیکستوس دوای ئەوەی دەسەڵاتی گرتە دەست، دەستی کرد بە دەوڵەمەندکردنی خزم و کەسەکەی خۆی و لە بەخشین و پێدانی پلەوپایەی بەرز و مەڵبەند و زەوییەکانی پێگەری پاپایەتی بەوان و زەماوەندپێکردنیان لەگەڵ دەوڵەمەند و ئاغا و دەرەبەگەکاندا، چیی لەدەستی هات کردی و کەڵکی لە هەموو توانا و ئیمکاناتەکەی بەردەستی وەرگرت. کە دوو برازای خۆی بەناوەکانی پیترۆ و جیرۆلامو  ڕیاریۆ لە تەمەنی بیست ساڵانەدا کردە کارینال، هەر هەموو خەڵک واقیان ورِ ما، و زۆری نەبرد هەڵسوکەوتی شێتانە و دەستبڵاوییەکەیان بوو بە بنێشتەخۆشکەی سەر زاران. سیکستوس لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتییەکەی خۆیدا، کڵاوی سووری کاردینالیی لەسەر سێ برازای دیکەی و نەوەی برایەکیشی نا، یەکێکی کردە ئۆسقۆف و چوار کوڕی برای و دووکچی برایەکی کردە زاوا و بووکی دوو بنەماڵەی  کۆسینی و فارنێزێ و بنەماڵەکانی فەرمانڕەوای ناپل و میلان و ئۆربینۆ. خزم و کەسەکەی خۆی کە پیاوی ئایینیش نەبوون، هێنانی و پلەوپپایەی بەرزی وەک دارۆغەی ڕۆم و سەرۆکی قەڵای سانت ئانجیلۆ ( ٣٠) و حوکمڕانی چەندین ئەیالەتی پاپایی و پیتاک و ماڵیات و داهاتی ئەو شوێنانەشی دا بەخۆیان و خزم خزمێنەی کردە شتێکی باو.(٣١)

سیکستوس "کۆڕی کاردیناڵەکان"ـیشی پڕ کرد لە خزم و کەسی خۆی و سەرەڕای ئەوەی ئەندامەکانی ئەو کۆڕە وا دانرابوو هەر بیستوچوار کەس بن، لە سێزدە ساڵ پاپایەتیی خۆیدا سی و چوار ئەندامی تازەی لێ زیاد کرد و وای لێهات تەنیا پێنج ئەندامی ئەو کۆڕە ئەو داینەنابوون و قەرزباری ئەو نەبوون.(٣٢) بۆ دۆستایەتی لەگەڵ ئەم یان ئەو شازادە یان ئەمیر، هەڵبژاردنی بە پێی بەرژەوەندی سیاسیی کردە باو و دەرەبەگ و ئاغا و پلەوپایەی کلێساییشی دا بە منداڵە تازەپێگەیشتووەکانی بنەماڵە گەورەکان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی توانا و شارەزایی و باری ئایینیی ئەوان. مەڵبەندی مەزنی ئۆسقۆفیی لیسبۆنی بە منداڵێکی هەشت ساڵانە سپارد و مڵبەندی میلانیشی دا دەست منداڵێکی یازدە ساڵان کە هەردووکیان کوڕە شازادە بوون.(٥٥) کۆڕی کاردیناڵەکانی وا پڕ کرد لەو کەسانەی پیاوی ئایینی نەبوون، کە جێنشینەکانی ڕێوشوێنی ئەویان ڕەچاو کرد و کردیانە سەرچەشنی خۆیان. لە بیست ساڵ پێشەوایەتیی ئینوکێنتیوسی هەشتەم و ئالکساندەری شەشەمدا لانیکەم پەنجا مەڵبەندی کلێسایی بە کۆمەڵە گەنجێک ئەسپێردرا، کە هێشتا لە ڕووی شەرعییەوە تەمەنیان نەگەیشتبووە ئەوەی پلەی ئۆسقۆفییان بدرێتێ.

برازا خۆشەویستەکەی پاپا، پیترۆ ڕیاریۆ، وا لەپڕ دەوڵەمەند ببوو تا ڕادەیەک سەری لێ تێک چوو و بە لاساییکردنەوەی هەڵسوکەوتی دڕندانەی ئەو و ژمارەیەکی زۆر تازەپێگەیشتووی بنەماڵەی دیللا ڕۆڤێرێ، ئیتر ئیسراف و دەستبڵاویی هەوسارپچڕاوانە بوو بە خووخدەی باوی دەربای پاپا. لووتکەی بەفیڕۆدان و دەسبڵاویی کاردیناڵ ڕیاریۆ، ئەو میوانییە پڕ لە عەیش و نۆشە بوو لە ١٤٨٠دا و یەکێک لە دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی، ئەوە بوو ورچێکیان بە ساغی برژاو گورزێکی لە زاردا، کەڵەکێویی بەکەوڵەوە، ماسیگرە و تاووس بە پەڕوپۆوە و خواردنەوە و بەرەڵایی بێسنووری میوانان لە شێوەی ڕۆمای کەونارا ( ٣٤) جا هەر لەو ڕۆژانەشدا تورکەکان لەوپەڕی باشووری ئیتالیاوە هێزیان دابەزاندبوو و ئۆترانتۆیان گرتبوو. بێهیوایی و نائومێدی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو خۆی ئەگەرچی سەرکەوتنی تورکەکان زۆری نەخایاند، بەڵام دەنگوباسەکانی ئەو میوانییە لەو کات و ساتەدا

خەڵکەکەی زۆر توند ڕاچڵەکاند. لەو دەمەوە کە قوستەنتەنییە ڕووخابوو ئیتر هەر سەرکەوتن و پێشڕەوییەکی تورکەکان بە سزا و تۆڵەی خودا لە گوناهەکانی کلیسا لێک دەدراوە.

بنەماڵەکەی دێللارۆڤێرێ بەڕەڵایی و ئاڵووش و هەوەسبازییان لە پلەکانی کلێسادا کردە باو بەڵام ئەوان داهێنەرەکەی نەبوون. ئەو کێشەیە لە ڕابردووشدا بەرۆکی کل ێسای گرتبوو. لە ١٤٦٠دا، پاپا پیۆسی دووەم لە نامەیەکیدا کاردینالْ بورجا سەرکۆنە دەکات لەسەر ئەو میوانییەی لە سینا داوێتی، کە "هەموو وەسوەسە و خەڵ ەتاندنەکانی ئەشقی تێدا بووە" و "بۆ ئەوەی بێجڵەو بێ" مێرد و باوک و برای ئەو ژنانەی لەوێ بوون، بانگهێشت نەکرابوون. پی ۆس لەترسی ئەوەی پەڵەیەکی شوورەیی بە داوێنی کل ێسای پیرۆزەوە بنیشێ، وریایان دەکاتەوە و دەنووسێ:"هەر بۆیە میرەکان و دەسەڵاتداران لێمان بێزارن و خەڵکی ئاساییش پێمان پێدەکەنن..سووکبوون و ڕیسوایی بە خەلیفە و جێنشینەکەی مەسیح دەبڕدرێ چونکە بە ڕواڵەت ئەو کردەوانە قەبوولْ دەکا."(٣٥) بارودۆخەکەی سەردەمی سیکستۆس شتێکی نوێ نەبوو جیاوازییەکەی لەوەدا بوو کە پیۆس دەیەویست پێش بە گەندەڵی بگرێ، بەڵام جێنشینەکانی وی نە هەوڵیان دا و نە گرینگیشیان بەو مەسەلەیە دا.

ورده ورده دەورووپشتی سیکستۆس بوونە دوژمنی، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا پارەپەرستیی قەشەکان دەمێک بوو نارەزایەتیی لێ کەوتبۆوە و جا ئێستا کە لقە ئیدارییەکەی دەزگای پاپا پیتاکی لەخەڵک دەستاند، نارەزایەتییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دەبوون. کۆڕی کۆبلنتس لە١٤٧٩دا سکاڵایەکی نارده ڕۆما. لە بوهۆم زێدی سەربزێویی هووسییەکان، ڕاگەیەندراوێکی زبر دەرکرا، کە تێیدا سیکستۆس وەک ئیبلیس بەخۆی دەنازی کە "هەر لە بنەماوە حاشای لە ئایینی مەسیح کردووە." ( ٣٦) بەڵام کلێسا لەگەڵ ئەم قسانە ڕاهاتبوو پانزە سەدەی ڕەبەق لە گۆشە و قوژبنی ئیمپراتۆرییەوە گوێی لە ڕەخنە و گازندە ببوو پێستی ئەستوور ببوو و ئیتر دارێک نەبوو بەو بایانە بلەرزێ.

سیکستۆس بۆ دڵنیابوون لە کۆکردنەوەی ورد و تەواویماڵیات و پیتاک، "لیژنەیەکی ئایینی"ی پێک هێنا کە سەد مافناس بوون، بۆ ئەوەی چاودێریی کاروباری دارایی ئەیالەتەکانی پاپا و ئەو دۆسییە یاسایی و ئیدارییانە بکەن، کە سوودی مادديان بۆ دەرزگای پاپا هەبوو. داهاتەکانیشی بە تەرخانی خستە سەر ملک و ماڵی خزم و کەسەکەی و بۆ ڕازاندنەوەی شانازییە ڕواڵەتییەکانی دەرباری پاپا. نۆژەنکردنەوەی کتێبخانەکەی ڤاتیکان لە سای هەوڵ و هیمەتی ئەوەوە بوو. سیکستۆس کتێبەکانی ئەو کتێبخانەیەی سێ هێندە زیاد کرد و زانایانی کۆ کردەوە بۆ ئەوەی ڕیزبەندیان بکەن و پێڕستیان لێ بگرنەوە. ئاکادیمیای ڕۆمای کردەوە، پیاوە بەناوبانگەکانی بانگ کردە تالارە گەورەکانی ئەوێ، پشتیوانیی لە بەڕێوەچوونی شانۆکان کرد و هانی دان و ڕایسپارد بۆ ژومارەیەکی زۆر نەقاشی و تابلۆ. ناوی ئەو لە نوێژگەکەی سیستین هەر دەمێنێتەوە، ئەو نوێژگەیە لەگەڵ نۆژەنکردنەوەی بینا کۆنەکەی کڵێسای سەنت پیترۆ بە ئەمری ئەو دروست کرا. کڵێساکانی دیکە، نەخۆشخانەکان، پردە ڕووخانەوەکان و شەقامە قوڕەکانیش بە ئەمری ئەو چاک کرانەوە و بێبەش نەبوون.

ئەو پاپایە، لەگەڵ ئەو کارە فەرهەنگییە باشانەی شیاوی دەستخۆشین، لە ململانێ و فێڵ و تەڵەکەکانی خۆیدا، کامە خەسڵەت و تایبەتمەندیی خراپی شازادەکانی سەردەمی ڕێنسانس بوو ئەوەی دەنواند و وای دەرکرد. لەگەڵ ڤێنیز و فێڕارا کەوتە جەنگەوە و بۆ سووک وڕیسواکردنی بنەماڵەی کۆلۆنا کە بەناوبانگترین دەرەبەگی ڕۆما بوون، دەستی کرد بە هەوڵ و ململانێیەکی درێژخایەن و لاسارانە. شوورەییترین کاری ئەو خۆهەڵقورتاندن بوو لە پیلانەکەی بنەماڵەی پاتسی بۆ کوشتنی برایانی مەدیچی و لەوانەیە پیلانەکەس هەر بە فیتی ئەو بووبێ. پاپا لە ڕێی ساتوسەودا پێچەڵپێچەکانی بنەماڵەیەوە هاوپەیمانی پاتسییەکان بوو لەگەڵ ئەوەشدا پیلانەکەی پەسند کرد یان تەنانەت تێشیدا بەشدار بوو یان هەرچۆنێک بوو ئەوە تۆمەتێک بوو زۆر کەس بەهۆی

ئەو دژکردەوە توندەی پاپا لەسەر سەرنەکەوتنی پیلانەکە نواندی، خستیانە پاڵی و بڕوایان پێ کرد. ( ٣٧) زەبروزەنگی تۆڵەسەندنەوەی مەدیچییەکان لە پاتسییەکان ــ بەتایبەتی لەداردانی سەرئۆسقۆفێک سەرەڕای ئەوەی پارێزراوبوونە ئایینییەکەشی ــ پاپای وا تووڕە کرد، کە بۆرێنتسۆ دێ مەدیچی و هەموو فلۆرانسیشی پێوە تەکفیر کرد. ڕەچاوکردنی سزای ئایینی لەپێناو ئامانجی دنیاییدا لە لایەکەوە زیانی لە فلۆڕەنسییەکان و بازرگانەکانیان گەیاند و لە لایەکی دیکەشەوە گومانی ئەوەی خستە دڵی خەڵکییەوە کە پاپا خۆی دەستی لە گێچەڵەکەدا هەبووە. لۆیی یازدەیەم، پادشا بەدینەکەی فەڕەنسا، بە نیگەرانییەوە نووسیی:"ئیشەڵا جەنابی پیرۆزت لەو جۆرە تاوانانە بێبەرییت." (٣٨) هێشتا کەس باوەڕی نەدەکرد باوکی ڕۆحی و ئایینی، لە کڵێسادا پیلانێکی کوشتن دابڕێژێ، ئەگەرچی زۆری نەخایاند، ئەوەش بوو بە شتێکی ئاسایی.

سیکستۆس زۆری گوێ لەوە نەبوو نێوخۆی کڵێسا تەندروست و ڕێک بێ و بە پشتبەستن بە پێشینەی ئێکس سێکرابیلیس (واژۆی باڵادەستیی دەسەڵاتی پاپا بەسەر ئەنجوومەنە گشتییەکان)، ئەو داواکارییە پەیتاپەیتایانەشی کە ڕۆژبەڕۆژ بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەن زۆر دەبوو ڕەت کردەوە. بەڵام خۆبواردن و نکوولییەکەی ئەو داواکارییەکانی نەبڕاندەوە. هەرای ڕیفۆرم و چاکسازی لە ١٤٨١دا لە هەموو لایەکەوە دەبیسرا. نێردراوەکەی ئیمپراتۆر، ئۆسقۆفی مەزن تسامۆمتیک لە سەفەرەکەی ڕۆمادا، زۆر بە توندی ڕەخنەی لە سیکستۆس و دیوانی پاپا گرت. پاپا ئەمری کرد لە قەڵای سانت ئانجیلۆدا بەندی بکەن، بەڵام کاردیناڵێکی برادەری، ئەوی لە بەندیخانە ڕزگار کرد و ئەو سەرەڕای ئەوەی سەری لە مەترسیدا بوو دیسان بێ ترس قسەی خۆی کردەوە. ڕاگەیەنراوێکی بڵاو کردەوە و سیکستۆسی بە کوفرکەر و فرۆشتنی پلەوپایە ئایینییەکان و تاوانی شوورەیی و بەفیڕۆدانی میراتی کلێسا و داڕشتنی پیلانەکەی پاتسی و بەستنی گرێبەستی نهێنی لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی، تاوانبار کرد و داوای لە میرە مەسیحییەکان کرد داوای بەردەوامبوونی ئەنجوومەنی بال بکەن و نەهێڵن

کلێسا بەدەست پاپا هەرەس بێنێ. سیکستۆس لە وەڵامیدا تووک و لەعنەتی لە شاری بال کرد و بە کردەوە لەو کەسانەی داخست کە خۆوڵاتی نەبوون و دیسان ئۆسقۆفە سەربزێوەکەی خستەوە بەندیخانە. ئەمجارەیان ئەوەندە بەزەبروزەنگ لەگەڵی جووڵانەوە، کە دووساڵ دواتر لە زینداندا مرد، بەڵام گوتیان خۆی کوشتووە.(٣٩)

ئەو بیر و هزرانەی گەیشتوون *، بەندیخانە پێی بێدەنگ و کپ ناکرێن. فەرمانڕەوا سەرەڕۆکان، کە لەجێدا ئەقڵیان کورتە، زۆربەی جاران ئەوڕاستییە لەبیر دەکەن. لە دوایین ساڵی ژیانی سیکستۆسدا "پەرلەمانی گشتی"ی شاری تووری فەرەنسا، بەرنامەیەکی ژیرانەی خستە بەردەمی، بەڵام پاپا پەسندی نەکرد. پەرلەمان لە ژێر کارتێکەریی دەمودووی ڕیفۆرمخوازێکی بەکەفوکوڵدا بەناوی ژان دو ریلی، کەوتبووە جموجۆڵ و کۆمەڵێک چاکسازیی لە بوارگەلی وەک کەڵکوەرگرتنی خراپ لە دارایی، پاوانکردنی چەند پۆستێک لە لایەن یەک کەسەوە و ڕەوتی قێزەونی "توصیە" واتە ڕاسپاردندا خستە ڕوو. بەپێی ڕەوتی ڕاسپاردن، کەسێک لە نێو ئەوانەدا کە پیاوی ئایین نەبوون، بۆ ماوەی کاتی لە پۆستێک دادەنرا و ئیتر پێویست نەبوو ئەوکەسە دانراوە، ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی ڕاپەڕێنێ. "ڕاسپاردن" یەکێک بوو لەو مەسەلانەی ئەو دەم خەڵک وەک شیر پێی هەڵدەچوون و سیکستۆس دەیتوانی زۆر سادەوساکار قەدەغەی بکا و لە نێو بزووتنەوەی چاکسازیخوازیدا پێگەیەکی باش دەستەبەر بکا. بەڵام هەلەکەی نەقۆستەوە، بەرنامەکەی پشتگوێ خست و چەند مانگێک دواتر مرد.

سەردەمی حکوومەتەکەی ئەو ئەوەندە پڕ بوو لە ڕق و قین، کە پاش مردنەکەی، ڕۆما ماوەی دوو حەفتە هەر ئاژاوەی تێکەوت و تاڵان و بڕۆی بەسەردا هات. سەربازەکانی بنەماڵەی کۆلۆنا، کە پاپا ئەو هەمووە هەوڵی پاکتاوکردنیانی دابوو پێشەنگی ئاژاوەکە بوون. کەس ئاخێکی بۆ مەرگی

* گەیشتن: لێرەدا تێگەیشتن، وەک چۆن میوەیەک دەگا و دەڵێن گەیوە. بۆ وێنە سێوەکە گەیوە

سیکسئۆسی چوارەم هەڵنەکێشا، چونکە لەپێناو ئەو بنیاتەی لەبەردەستیدا بوو جگە لە حەیاچوون هیچ شتێکی نەخستەسەر یەک.

## خانەخوێی کافران

## ئینوکێنتیوسی هەشتەم ١٤٨٤ – ١٤٩٢

پیاوێکی بە بەزەیی و بڕیارشل * و ملکەچی دەورووبەرییەکانی کە لەو بەبڕشتتر و بەبڕیارتر بوون، جێی سیکسۆسی گرتەوە. ئەو کابرایە لە هەموو بوارێکەوە ڕێک پێچەوانەی پاپاکەی پێشوو بوو بەڵام لە سای دەستەوستانی و سووکوچرووکییەکەی، هێندەی ئەو زیانی بە دەزگای پاپایەتی گەیاند. خۆی ناوی جۆڤانی باتیستا چیبۆ بوو. لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی خەڵکی جنوا لەدایک ببوو و لە پێشدا قەول وانەبوو ببێتە پیاوی ئایین، بەڵام دوای ئەوەی قۆناغی لاوێتیی خۆی بەفیڕۆ دا و کوڕ و کچێکی زۆڵی خستەوە و خۆیشی دانی بەوەدا نا، ئاخرییەکەی چووە کلێسا. جا لەبەر ئەوەش نەبوو بڵێی کتوپڕ گەڕابێتەوە سەر دین یان شتێکی سەیر و سەمەرەڕووی دابێ، بەڵکو ئەو لێی ڕوون بۆوە کە کلێسا بۆ پیاوێکی وەک وی کە پەیوەندیی بە کەسە دەستڕۆیشتووەکانەوە هەیە، مزگێنیی داهاتوویەکی گەشی پێوەیە. جیبۆ لە سی و حەوتساڵیدا گەیشتە پلەی ئۆسقۆفی، لە سەردەمی سیکسۆسدا ڕێی کەوتە نێو دیوانی پاپا، پاپا خۆگونجێنی و نەرمونیانییەکەی ئەوی زۆر بەدڵ بوو و لە ١٤٧٣دا کردی بە کاردیناڵ.

بەرزکردنەوەی کابرایەکی ئاوا کەممایە و دەستەوستان هەتا پلەی پاپایەتی، ئاکامی بێ بەرنامەیی و چاولێکەریی دوو پاڵێوراوی لە ڕادەبەدەر هەلپەرست بوو کە – وەک زۆر جاران ڕێک کەوتووە – بوونە کۆسپی سەر ڕێگەی سەرکەوتنی یەکتری. ئەو دووانە کە هەردووکیان ئاواتی دڵیان هاتە دی، یەکێکیان کاردیناڵ بورجا، پاپا ئەلکساندری شەشەمی داهاتوو بوو و ئەوی دیکەش کاردیناڵ جولیانۆ دێللا ڕۆڤێرێ کە دواتر بوو بە پاپا یۆلیۆسی دووەم و بەتواناترین برازای سیکسۆس بوو. جولیانۆ، کە بە کاردیناڵی کلێسای سان پتیرۆ لە وینکۆلی بەناوبانگ بوو وەک مامەکەی خۆی ملهوڕ و شەڕانی بەڵام

---

* بڕیارشل: ناشێلگیر، کەسێک کە لەسەر باوەڕ و بڕیارەکانی خۆی سوور وشێلگیر نەبێ

لەو بەکارتر بوو. (   ٤٠) بەو حاڵەش هێشتا نەیدەتوانی دەنگی زۆرینەی کاردیناڵەکان بەدەست بێنێ. بورجاش سەرەڕای ئەو هەمووە بەرتیلە بەلێشاوەی کە ٢٥٠٠٠ سکەی زێڕ و بەڵێنی بەخشینی پلەی بەرزتر و پڕداهاتی بە هاوکارەکانیشی دابوو هێشتا هیچی بۆ نەچووە سەر. (٤١) کاردیناڵ بورجا، هەروەک باڵیۆزەکەی فلۆرانس لە ڕاپۆرتەکەیدا بۆ دەوڵەت گێڕایەوە، "ئەوەندە دەغەڵ و لەخۆباییە، کە مەترسیی هەڵبژاردنەکەی لە ئارادا نییە" (    ٤٢) دوو خەنیمەکە لەم بنبەستەدا، بە ئاشکرا مەترسیی هەڵبژێرانی کاردیناڵ مارکۆ باربۆیان بەدی کرد. ئەو کاردیناڵە ڤێنیزییە، لەبەر ڕەوشتبەرزی و پابەندی بە بنەماکان  ڕێزی دەگیردرا و بەدڵنیاییەوە مەیدانی کردەوەی کەسانی وەک بورجا یان دێللا ڕۆڤێرێی بەرتەسک دەکردەوە و تەنانەت بیری لە  ڕیفۆرمیش دەکردەوە. کە دەنگەکانی ئەو کابرایە گەیشتە پێنج دەنگی پێویست، بورجا و دێللا ڕۆڤێرێ یەکیان گرت و پشتیوانییان لە جیبۆیەکی دەستەوستان کرد و زۆریان گوێ نەدا ئەو سووکایەتییەی بەو شێوەیە بە ڕیفۆرمخوازەکان دەکرا و پیاوێکی کە هەمووان دەیانزانی منداڵی هەیە و خۆشی دانی پێدا ناوە، کردیانە پاپا. لە سای دەنگی ئەو هاوپەیمانەتییەدا، پاڵێوراوەکەی ئەوان بە فەرمی تاجی لەسەر نا و ناوی خۆی نا ئینوکێنتیوسی هەشتەم.

بۆ یەکەم جار پاپا ڕاشکاوانە یەکێکی بە ڕۆڵەی خۆی دەزانی و چاوپۆشی و دیزەبەدەرخۆنەی لە ڕادەبەدەری پاپا ئینوکێنتیوس لە کردەوەکانی ئەو کوڕە نارەسەنە واتە "فانچسکێتتیڤ" خاڵی زەق و جیاوازی دەسەڵاتدارییەکەی بوو. لە هەموو بوارەکانی دیکەوە، ئەو لە هەمبەر توانایی و ویستی کاردیناڵ دێللا ڕۆڤێرێدا ئەژنۆی دادا و ملکەچ بوو. باڵیۆزەکەی فلۆرانس ئاوای بۆ لورێنتسو دێ مەدیچی نووسیوە:"نامەیەکی باش بۆ کاردیناڵەکەی سان پیترۆ بنێرە، لەبەر ئەوەی ئەو پاپایە و لە پاپاش زیاتر."(٤٣) دێللا ڕۆڤێرێ شوێنی گواستەوە بۆ نێو ڤاتیکان و لە ماوەی دوو مانگدا جوڤانیی برای لە پلەی دارۆغەیی ڕۆماوە کردە فەرماندەی هەموو کلێسا. کاردیناڵ بورجا، پشتیوانەکەی دیکەی ئینوکێنتیوس هەر بە قایمەقامی دیوانی پاپایەتی ماوە.

فانچسکێتتۆ هەرزە و چاوبرسی بوو شەوانە لەگەڵ برادەرە بەرەڵاکانی بە شەقامەکاندا دەخولاوە و ئینوکێنتیوسیش هەموو هەوڵی ئەوە بوو ئەو هەتیوە دەوڵەمەند بکا. لە ١٤٨٦دا یەکێک لە کچەکانی لورێنتسیو دێ مەدیچیی لێ مارە کرد. زەماوەندەکەیان لە ڤاتیکان کرد و ئەوەندە بەدامودەستوور کرا و خەرجی میوانییەکە ئەوەندە زۆر بوو کە پاپا لەبەر تەنگژە داراییە درێژخایەنەکەیان، تاج و خەزێنەی پاپایەتیی بە بارمەتە دانا. ( ٤٤) دوو ساڵ دواتر پاپا دیسان پارووپەکی ئاوا گەورەی هەڵگرت و زەماوەندی نەوەکەی و بازرگانێکی خەڵکی جرۆڤای لە ڤاتیکان ڕێک خست.

لە حاڵێکدا پاپا سەرقاڵی ئەم تەخشان و پەخشانانە بوو دیواندارەکەی، کە هەر ئەقڵی بە مووچە و مەعاش دەشکا، کۆمەڵێک پلەوپایەی نوێی بۆ مەئموران و پیاوانی ئایین داتاشی، کە داخوازیکەران دیارە دەبوو دەست بۆ گیرفانیان بەرن ـ ئەوەش بەڵگەیە لەسەر چاوەڕوانیی گەڕاندنەوەی خەرج و تێچووەکان بە سوود و بەهرەکەیەوە. تەنانەت پۆستی کتێبداریی ڤاتیکانیشی ـ کە هەتا ئەودەم هەر بەپێی لێوەشاوەیی و شارەزایی بە خەڵک دەدرا ـ خستە مزایەدەوە. نووسینگەیەک بۆ فرۆشتنی لێبوردن و بەزەیی بە نرخی ئێجگار زۆر دانرا: هەر ساتوسەودایەکی دەکرا، سەدوپەنجا سکەی زێڕ لەو مامەڵەیە بە پاپا دەبڕا و باقییەکەشی بە کوڕەکەی. کە پرسیاریشی لێ کرا، بۆچی بۆ پیاوکوشتن و قەتڵی نائانقەست و بەسەهوو و تاوانگەلی گەورەی دیکە، لەبری سزای ئیعدام لێبوردن دانراوە، کاردیناڵ بورجا ئاوا بەرگریی لەوەی کرد:"خودا پێی خۆش نییە تاوانبار بمرێ، بەڵکو دەیەوێ بژی و غەرامە بدا."(٤٥)

لە سای ئەو سیستەمە و کار و کردەوەکانی سیستەمەکەی پێشوو ڕێسا ئەخلاقییەکانی دیوانی ڤاتیکان وەک مۆمێک تواوە، گەندەڵی و پارەکۆکردنەوە وای لێ هات ئیتر بۆ چاوپۆشیکردن نەدەبوو. لە نێوەڕاستی سەردەمی ئینوکێنتیوس لە ١٤٨٨دا، کۆمەڵێک بەرپرسی پایەبەرزی دەرباری پاپا قۆڵبەست و دوو کەسیان ئیعدام کران. تاوانی ئەوان ئەوە بوو کە لە ماوەی دوو ساڵدا پەنجا واژۆی لێبوردنی پاپایان تەزویر کردبوو و فرۆشبوویان. ( ٤٦) ئەوانە

زۆر توند سزا دران بۆ ئەوەی نیشان بدرێ پاپا تووڕەیە و ئەخلاقی زویر بووە، بەڵام هەر ئەم کارە بێسەروبەرەیی دەزگای پاپای ئاشکراتر کرد.

گەلە کاردیناڵەکەی سیکستۆس کۆڕە پیرۆزەکەیان پاوان کردبوو. ئەوانە زۆربەیان هەرە دەستڕۆیشتووەکانی بنەماڵە ئیتالییەکان بوون و کۆڕی پیرۆز ببووە سەکۆی شکۆ و خۆشگوزەرانیی ئەوان. جگە لە چەند پیاوێکی شەریف و ڕاستگۆ و ئیماندار، زۆربەی ئەندامەکانی ک ۆڕەکە، دەرەبەگە چاوبرسی و دنیاپەرست و خۆبەزلزانەکان بوون و بە دەستەڵاتی خۆیان یان بەپشتیوانیی میرەکەیان، لەسەر گەمەی بێبڕانەوەی دەستتێوەردان بەردەوام بوون. کاردیناڵ جۆڤانی داراگونای کوڕی پادشای ناپل و کاردیناڵ ئاسکانیو سفۆرتسای برای لۆدۆڤیکۆ جێنشینی پادشایەتییەکەی میلان لە خێڵ و خزمەکانی میر و کاردیناڵ باتیستا ئۆرسینی و کاردیناڵ جۆڤانی دی کۆلۆننای کوڕی دوو بنەماڵەی خەنیم و بەردەوام لەشەڕی فەرمانڕەوای ڕۆما، لە ڕیزی ئەوانەدا دەبینران.

لەو سەردەمدا کاردیناڵەکان هیچ پێویست نەبوو قەشە بن ــ واتە لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا پلەی قەشەییان پێ درابێ و ئیجازەی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی غوسڵدەرکردن(مراسم تعمید) و ئێوارەخوانی خواییان و باقی ڕێوشوێنە ئایینیەکانی دیکەیان پێ درابێ. ئەو کاردینالانەی لە لیژنەی ئۆسقۆفەکان ــ بەرزترین ناوەندی بڕیاردانی ئایینی ــ دادەنران، کەوشەنە ئایینییەکەی خۆیانیان هەر دەپاراست، بەڵام بەشی هەرە زۆریان لە ئەندامانی دیوانی کلێسا بوون و ئەرکی قەشەییان لەکۆڵ کردبوونەوە. ئەوانە لە زنجیرەپلەکانی سەرەوەی دەزگای پاپایەوە، لە نێو ئەو کەسانەدا هەڵدەبژێردران کە زۆربەیان خەریکی کاروباری ئیداری و دارایی و دیپلۆماتیکیی کلێسا بوون و لە بنەماڵە و چینە دەسەڵاتدارەکانی ئیتالیا بوون و ئەگەر بیانییش بوایەن، پتر ئەندامێکی دەربار بوون تا پیاوێکی ئایینی. چەندی دنیاپەرستییەکە پتر گەشەی سەند، زیاتر خەڵکی دەرەوەی کلێسا واتە کوڕ و برای میرەکان یان نوێنەرە دەسنیشانکراوەکانی ئەوان بەرپرسیارەتییان پێ دەدرا کە هیچ کامەشیان پێشینەی قەشەییان نەبوو. یەکێک لەوانە ئانتوان دۆپرای مۆرداری فە ڕانسوای یەکەم پادشای فەڕەنسا بوو کە کلێمێنسی

حەوتەم دوایین کەس لە شەش پاپاکەی ڕێنسانس کردی بە کاردینالٌ. یەکەم جار کە ئەو کابرایە ڕێی کەوتە کلێساکەی خۆی، ئەو دەمە بوو کە تەرمەکەیان دەناشت. (٢٧)

پاپاکانی ئەو سەردەمە کڵاوە سوورەی کاردیناڵییان کردە دراوی باوی سیاسی، لەگەڵ زۆربوونی ژ ومارەی کاردیناڵەکان، (پاپاکان) پەرەیان بە دەسەڵاتەکەی خۆیان دا و دەسەڵاتی کاردیناڵەکانیان بەرتەسک کردەوە. کاردیناڵەکانیش لەولاوە قۆڵی هیممەتیان بۆ کۆکردنەوەی پلەوپایەی جۆراوجۆر هەڵماڵی ـ و دیارە هەر پۆستێکی زیادە، بەناچار کار(شغل)ێکی نادیار بوو (وەک ئەوەی لە کوردستانەکەی ئێستاماندا پێی دەڵێن بێکاریی شاراوە.. وەرگێڕ)ـ و بۆ پەرەپێدان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان، دەستیان بەسەر دەیر و ئۆسقۆفییە و سەرچاوەکانی دیکەی کلێسادا گرت. ئەگەرچی بەپێی قانوونی شەریعەت، هەر پیاوانی ئایین مافی ئەوەیان بوو کڵک لە بەهرە و داهاتەکانی کلێسا وەرگرن، قانوونی شەر ع هەرچۆنێک بێ، وەکوو هەر قانوونێکی دیکە کەلێنی هەبوو و "وەک ڕیزپەڕێک" ڕێگەی بە پاپا دەدا مووچە و خەڵات بەو کەسانەش بدا کە پیاوی ئایین نین.

کاردیناڵەکان خۆیان بە میری کەوشەنی کلێسا دەزانی و بە ماف و بگرە بە ئەرکی خۆشیان دەزانی، لە شان و شکۆدا هیچ شتیان لە میر و پادشاکانی سەر ئەم عەرزە کەمتر نەبێ. ئەوانەی دەستیان دەڕۆیشت، بەخۆیان و کۆمەڵێک خزمەتکارەوە لە کۆشکاندا دەژیان، بەجلوبەرگی سەربازییەوە سواری ئەسپ دەبوون و شمش ێر بە قەدەوە دەچوونە دەرێ. شەهێن و تاژییان ڕاگرتبوو بۆ ڕاو ، کە بە شەقامەکاندا ڕادەبردن، خۆیان بە ژ ومارە و کەشم و نەشمی ئەو سوارانەوە ڕادەنا کە لە خزمەتیاندا و بەدەوریانەوە بوون. بە دامەزراندنی ئەو سوارانە، هەموو جارێ کۆمەڵێک هەرچی و پەرچیی شاری ڕۆم دەبوونە خزمەتکاری یەکێک لە ئەمیرەکانی کلێسا. کاردیناڵەکان لەڕێپێوان و خۆڕانانەکاندا، لەسەر گیرفانی خۆیان، ئەکتەری بەدەمامکیان دێنا گەمە و شانۆیان پێ دەکردن و مۆسیقاریان دێنا بۆ ژەنین و عارەبانەی ڕازاوەیان دەخستە ڕێ و بە شێوازی پیترۆ ریاریۆ میوانیی سەیروسەمەرەیان بەرپا

دەكرد: نموونەیەكی ئەو زیافەت و میوانییانەی كاردینالْ سفورتسای خواپێداو بوو كە یەكێک لە مێژوونووسەكان دەڵێ هەر ناوێرم باسیشی بكەم، نەكا خەڵک گاڵتەم پێ بكەن و پێیان وابێ ئەفسانەم هۆنیوەتەوە. كاردیناڵەكان بە تاوڵە و كۆنكەن گەمەشیان دەكرد ـ و لە گزی و فزییش نەدەپرینگانەوە، وەک چۆن فانچیكێتتۆ سكالای بردە لای باوكی كە كاردینالْ ڕافائێلێ ریاریۆ شەوێک ١٤٠٠٠ سكەی زێڕی لێ بردووەتەوە، دیارە ئەوە تۆمەتێكی بێ بنەما نەبوو لەبەر ئەوەی ریاریۆ ـ یەكێک لە گەلە برازاكەی سیكستۆس ـ شەوێكی دیكە، ٨٠٠٠ سكەی زێڕی بە قومار لە كاردیناڵێكی هاوكاری خۆی بردبۆوە."(٤٨)

ئەو دەمەی ئینوكێنتیۆسیان هەڵدەبژارد، كاردیناڵەكان پێ ی ان لەسەر پەسندكردنی مادەیەک داگرتەوە و بۆ پێشگرتن لە كەمبوونەوە و لاوازبوونی دەسەڵاتی خۆیان مەرجێكیان دانا، كە بەپێی ئەو مەرجە دیسان ژمارەیان كەم بكرێتەوە و بكرێنە بیستوچوار كەس. دوای ئەوە هەر كات لە كۆڕی كاردیناڵەكاندا شوێنێک بەتالْ دەمایەوە، ئیتر قایل نەدەبوون جێی پڕ بكرێتەوە و بەو جۆرە دەست و پێی ئینوكێنتیۆسیان لە خزم خزمێنەدا بەست.

بەڵام گوشاری پادشا دەرەكییەكان بۆ دەستەبەركردنی ئەو شوێنە، ناچاری كۆمەڵێک ڕێككەوتنی كردن. یەكێک لە یەكەم هەڵبژاردەكانی ئینوكێنتیۆس، لۆرێنتسۆ چیبۆ واتە برازا زۆڵەكەی بوو. بەپێی قانوونی شەرع، زۆڵ مافی ئەوەی نەبوو پلەی پیاوی ئایین وەرگرێ، بەڵام سیكستۆس پێشتر ئەو ڕێسایەی بۆ چێزارێی كوڕی كاردینالْ بورجا شكاندبوو و كوڕە حەوت ساڵانەكەی بە پەیژەی كڵێسادا بەرز كردبۆوە. دوای ئەو ئیتر حەڵاڵزادەكردنی كوڕەكان و برا و خوشكەزاكانی، بوو بە كاروپیشەی باوی شەش پاپاكەی ڕێنسانس ـ و یەكێكی دیكە لە بنەماكانی كلێسا پێخوست كرا.

ئینوكێنتیۆس دەرفەتی بۆ نەڕەخسا پتر لە چەند كەسێک لە نێو كۆڕە پیرۆزەكەدا دامەزرێنێ. لەوانەی داینابوون، هەرەبەناوبانگەكەیان، برای ژنە تازەكەی فرانچسكێتتۆ بوو بەناوی جۆڤانی دێ مەدیچی كوڕە چواردە ساڵانەكەی خاوەن شكۆ لۆرێنتسۆ. زۆرلێكردنی مەدیچیی مەزن لەو بارەیەوە

ئینوکێنتیۆسی ناچار کرد ئەو منداڵۆچکەیە بکاتە کاردیناڵ. هێشتا زۆر منداڵ بوو کە باوکەکەی لە هەوڵی ئەوەدا بوو پلەوپایەیەکی بۆ دابین بکا. جۆڤانی حەوت ساڵان بوو کە سەریان تاشی، واتە ژیانیان بۆ کلێسا تەرخان کرد، هەشت ساڵانە بوو کە بوو بە بەرپرسی دێر و پادشای فەڕەنسا بەناو بەرپرسیارەتیی دێری پێ ئەسپارد، یازدە ساڵانە بوو کە بەپێی ڕاسپاردە(توصیە )، کرا بە بەرپرسی دێرە گەورەکەی بنێدێکتی مۆنتێ کاسسینۆ. ئەو دەم باوکەکەی سەری بەهەموو کونێکدا کرد بۆ ئەوەی بیکاتە کاردیناڵ و ڕێگەی پاپابوونەکەی بۆ بکاتەوە. مەدیچیی لاو ئاخرییەکەی ئەوچارەنووسەی وەدی هێنا کە بۆیان دیاری کردبوو و بوو بە لیۆی دەهەم، پێنجەمین پاپای ئەو بەسەرهاتەی ئێمە.(٤٩)

ئینوکێنتیۆس، داواکەی لۆرێنتسۆی جێبەجێ کرد، بەڵام بۆ یەکەم جار گورج و پتەو ڕاوەستا و سوور بوو لەسەر ئەوەی کوڕە دەبێ سێ ساڵان ڕاوەستێ و لەو ماوەیەدا دەرسی ئایین و یاساکانی شەریعەت بخوێنێ، بۆ ئەوەی بتوانێ لەو پلەوپایەیەدا دابنیشێ. دیارە بە ئەمری باوکی، ڕاهێنەر و زانای ناودار بەتێروتەسەلی مەدیچییان ڕاهێنابوو و ئێستا ئیتر ئەو لە زۆربەی بەربژێرەکانی دیکە لێهاتووتر بوو. کە دواجار لە ١٤٩٢دا واتە لە تەمەنی شانزەساڵانەدا، جۆڤانی پلەی کاردیناڵیی وەرگرت، باوکی نامەیەکی زۆر گرینگ و شێلگیرانەی بۆ نووسی. لەو نامەیەدا لە پێشدا کوڕەکەی لەسەر وەسوەسە و کەڵکەڵە شەیتانییەکانی ڕۆما "ئەو زەلکاوەی هەموو مافخواردنەکان" وریا دەکاتەوە، دوای ئەوە داوای لێ دەکا و دەڵێ"جۆرێک بجووڵێوە و هەڵسوکەوت بکە، کە هەرکەس تۆی دیت، دڵنیا بێت لەوەی شە ڕافەتی کلێسا و دەرباری پیرۆز بەلاتەوە لەهەموو شتێکی دنیا گرینگترە." دوای ئەم ئامۆژگارییە بیۆێنەیە، لۆرێنتسۆ وەبیر کوڕەکەی دێنێتەوە کە دەرفەتت زۆر دەبێ "خزمەت بە شار و بنەماڵەکەمان"، بەڵام دەبێ لە کۆڕی کاردیناڵەکاندا، خۆت بپارێزی لە کەڵکەڵە و وەسوەسەی لاڕێبوون، کە ئەو کۆڕە "ئێستا پیاوی شیاو و لێوەشاوەی تێدا نییە"... ئەگەر کاردیناڵەکان وەک پێویستە ئاوا بایەن، سەرانسەری دنیا باشتر دەبوو لەبەر ئەوەی ئەوانە بەردەوام پاپای خۆیانیان دەسنیشان دەکرد و

ئاشتی و ئارامیی جیهانی مەسیحییەتیان بەو جۆرە دەستەبەر و دابین دەکرد." (٥٠)

ئەوە کاکڵی مەسەلەکە بوو کە فەرمانڕەوا بەناوبانگە دنیاییەکەی ئیتالیای سەردەمی ڕینسانس باسی کرد. ئەگەر کاردیناڵەکان لێوەشاوە بوایەن، پاپای لێوەشاوەتریان هەڵدەبژارد، بەڵام هەر هەموویان سەروقوونی قوماشێک بوون. هەر شەش پاپاکە لەو شێست ساڵەدا لە نێو کاردیناڵەکان هەڵبژێردران، لە نێو ئەندامانی کۆڕی پیرۆز هەڵبژێردران و بە نۆرە کاردیناڵی لەگوێن خۆیانیان دامەزراند. گەمژەیی بوو بە شتێکی باو لە بیچم و شێوەی مشتومڕی نەزانانە لەسەر دەسەڵات و بێ ئاگایی بیرچەوتانە لە پێداویستییەڕاستەقینەکانی کلێسا و وەک مەشخەڵانێکیش پاپایەک بە پاپاکەی دوای خۆی سپارد.

بێ توانایییەکەی ئین ۆکێنتیۆس تا ڕادەیەک بەرهەمی ناتەبایی بەردەوامی دەوڵەتەکانی ئیتالیا و دەسەڵاتە دەرەکییەکان بوو. ناپل و فلۆرانس و میلان زۆر جاران یەکیان لەگەڵ ئەوی دیکە یەکی دەگرت و بەربینگیان بەوی تر یان بە دراوسێیەکی لەخۆیان بچووکتر دەگرت و شەڕیان دەکرد، پاپا خۆی خەڵکی جنۆڤا بوو بەڵام گلەیی هەبوو کە بۆچی جنۆڤا "لە ئاگردانی جیهانڕاناوەستێ"/ (٥١)

پەرەگرتن و هەراوبوونەوەی ڤێنیزیا بەلای وشکانیدا، هەموانی تۆقاندبوو ڕۆما بووە گۆڕەپانی شەڕی نەبڕاوەی دوو بنەماڵەی ئۆرسینی و کۆلۆننا، بنەماڵە ناودارەکانی دەوڵەتە بچووکەکانی ئیتالیا، زۆربەی جاران لەسەر ئەو کێشانەی پشتاوپشت بۆیان مابۆوە، لەگژ یەکتر ڕۆدەچوون، ئینۆکێنتیۆس کە بوو بە پاپا، هەر بەڕاست دەیەویست ئەو خەڵکە ناتەبا و لێکدڕە ئاشت بکاتەوە، بەڵام ئەوەندە بەتوانا و شێلگیر نەبوو. نەخۆشیی پەیتاپەیتا، بڕستی لێ بڕیبوو.

گەورەترین کێشە و چەرمەسەریی پاپا، قەڵسەگێڕانی بەزەبروزەنگی فێرانتێ، شای ناپل بوو کە جاورباره شەڕی پێ دەفرۆشت و دیار بوو هەر دەیویست سەرکزی بکات. لە پێشدا زۆر بێچاوڕوو داوای کۆمەڵێک مەڵبەند و شوێنی تایبەتی کرد، دوای ئەوە پیتاکی بەردەوامی زەوی و زارەکەی پاپای نەدا، لەگەڵ ئۆرسینییەکان پەیمانی بەست بۆ ئەوەی ئاژاوە بخەنە نێو ڕۆماوە

و پەنابردنە بەر ئەنجوومەنی کردە ئامرازی هەڕەشە. دەرەبەگەکانی ناپل لە سەرەڕۆییەکانی پادشا یاخی بوون و لێی ڕاپەڕین. پاپا لایەنی ئەوانی گرت و لە ئاکامدا سوپاکەی فێرانتێ ڕووی کردە ڕۆما و شارەکەی گەمارۆ دا، لە حاڵێکدا کە ئیرۆکێنتیۆس سەرلێشێواوانە بەدوای هاوپەیمان و هێزی چەکداردا دەگەڕا، ڤێنیزییەکان لە دوورەوە سەیری گێچەڵەکەیان دەکرد، بەڵامڕێگەیان بە پاپا دا لەوێ سەرباز بەکرێ بگرێ. میلان و فلۆرانسیش یارمەتییان نەکرد و بەهۆکاری زۆر ئاڵۆز ــ و لەوانەشە حەزیان لە لاوازبوونی ئەیالەتییەکانی پاپایی بووبێ ــ لایەنی ناپلیان گرت. ئەو ڕووداوانە بەر لەو کاتە بوو کە لۆرێنتسۆ دێ مەدیچی ــ فەرمانڕەوای بێ لەمپەری فلۆرانس ــ ببێتە خزمی ئیرۆکێنتیۆس، ئەگەرچی ئەو خزمایەتییانەش هەمیشە بەکار نەدەهاتن. لە ئیتالیا دۆستی ئەمڕۆ، سبەی لێت دەبووە دوژمن.

لە بەرەنگاربوونەوەکەی فێرانتێدا، فەڕەنسا بەپێخۆشبونەوە داوای یارمەتییەکەی پاپای لەهەمبەر هێزی دەرەکیدا قەبووڵ کرد. بنەمای پێخۆشبوونەکەش، داوا کۆن و سواوەکەی ئانژۆن بوو لە ناپل، کە سەرەڕای شکستە کارەساتبارەکانی ڕابردووی، هێشتا پادشای فەڕەنسا لە مێشکی خۆی دەرینەهاویشتبوو. سێبەری فەڕەنسا فێرانتێی تۆقاند و ڕێک لەو دەمەدا کە شار خەریک بوو لەبەر بارستایی گەمارۆکەدا بەچۆکدا دەهات، ئەو ملی بۆ پەیمانی ئاشتەواییەکە ڕاکێشا. کۆمەڵێک پوان و ئیمتیازیشی بە پاپا دا، کە لەپێشدا جێی سەرسووڕمان بوو بەڵام دواتر دەرکەوت بۆ قەبووڵی کردووە، چونکە لەهەمووان پاشگەز بۆوە و پەیمانەکەشی شکاند و دیسان دەستی کردەوە بە دەستدرێژی و داگیرکەری.

پادشای ناپل بە سووکایەتییەوە ناوی پاپای دێنا، جوێنی بە پاپا دەدا و فەرمانبەرەکانی ئەو لە ئەیالەتە جۆراوجۆرەکاندا لێی ڕادەپەڕین. ئیرۆکێنتیۆس دڕدۆنگ بوو لە هەوڵدان بۆ دامرکاندنەوەی ئاژاوە و تێکهەڵچوونەکان کە لە شوێنە جیاجیاکان و وێکڕا هاتبوونە ئاراوە و ملیی کەچ کرد. نامەیەکی نووسی و تێیدا پادشا و هەرێمی ناپلی تەکفیر کرد، بەڵام نەیوێرا بڵاوی بکاتەوە. باڵیۆزی فێرارا، لە ساڵی ١٤٨٧دا ڕایگەیاند:"ترسنۆکی و دەستەوستانییەکەی

پاپا" بنێشتەخۆشکەی سەرزاری هەمووانە، کە ئەگەر تۆزە غیرەتێکی وەبەر نەنێن، ئاکام و ئەنجامی زۆر کارەساتباری لێ دەکەوێتەوە." (٥٣) ئەو ئاکامانەی لێ نەکەوتەوە، لەبەر ئەوەی فێڕانتێ یەکسەر پاشگەز بۆوە و وازی لە شەڕ هێنا و ئاشتەواییەکی دۆستانەی پێشنیار کرد کە پاپا سەرەڕای ملڕاکێشان بۆ ئەو هەمووە سەرکزی و سووکایەتییە، بە مەمنوونییەوە قەبووڵی کرد. بۆ پتەوکردنی ئەو دۆستایەتییە ناسکە، کچە برایەکی ئین ۆکێنتیۆسیان دا بە نەوەیەکی فێڕانتێ.

دوژمنایەتییەکانی ئیتالیا لەو جۆرە بوون، هەوەسبازانە و تەنانەت لەخۆڕاییش، بەڵام هەرچۆنێک بێ کاولکەر، دەزگای پاپاش لە دەرهاویشتەکانی دەرباز نەبوو. مەترسیدارترین دەرهاویشتەی ئەو شەڕ و ململانێیانە، شکانی شانوشکۆی کلێسا بوو. لە درێژایی کێشەی نێوان ڤاتیکان و ناپلدا وەک خزمێکی هەژار لەگەڵ ئەیالەتەکانی پاپاییدا جووڵانەوە و پاپاش ئەتک کرا، کە دیارە ئەوەیان ئاکامی چاوقایمی و بێ چاو ڕوویی فێڕانتێ بوو. بنەماڵەکەی ئۆرسینی، کۆمەڵێک شەونامەی بە ڕۆمادا بڵاو کردەوە، داوای لێسختن و ڕووخانی تەختی پاپای کرد، ئەوی وەک "مەلەوانێکی جنۆڤایی" ناساند، کە دەبوو بە تاوانی کردەوەکانی خۆی بخرێتە ڕووباری تیبەرەوە. ( ٥٤) دەستدرێژیی دەسەڵاتە دەرەکییەکان بۆ سەر هەرێمەکە و ئیمتیازە پاپاییەکان هەر هات و پتر بوو. کلێساکانی وڵاتانی جۆراوجۆر پۆستە ئایینییەکانیان پڕ کرد لە خەڵکی خۆیان، داهاتەکانیان گل داوە و لە هەمبەر فەرمانەکانی پاپادا ملیان بادا. ئیڤۆکێنتیۆس خۆی ڕانەگرت.

هەر ئەم پاپایە بوو کە لەسەر گردەکەی ڤاتیکان و لە دیمەنێکی دڵگردا کە دەیڕوانییە شارە نەمرەکە واتە ڕۆما، تالاری پەیکەرەکان و ڤێلا بەناوبانگەکەی بێلڤێدێری (٥٥) دروست کرد و فرێسکۆکانی پینتۆریکیۆ و ئاندریا مانتێنیا ئەو ڕایسپاردن کە وردە وردە لەگەڵ تێپەڕینی زەمەندا وەک پێگەی ئەو کەسەی ڕایسپاردبوو لە مێژوودا سڕایەوە. ئیڤۆکێنتیۆس بۆ زۆربەی کارەهونەرییەکانی دیکە، یان بۆ پرسە قووڵەکەی ڕیفۆرمی کلێسا، کات و پارەی نەبوو یان

لەوانەیە هەر حەزی لێ نەبووبێ. ئەو پتر بەو شتانەوە سەرقاڵ بوو کە هەر پێویست نەبوو: شەڕی خاچهەڵگران"سەلیبی".
دیارە هەمووانیش پێیان وابوو کە شەڕە مەزنەکەی خاچهەڵگران هەر بەو چارەسەر دەکرێ. مانگێ دووجار وتاربێژ و ئامۆژگاریکەری بانگهێشت دەکردە ڤاتیکان و وەک "ئامۆژگاریکەری پیرۆز" قسەیان بۆ دەربار دەکرد. ئەوانە بێ ئەملاوئەولا لە ئامۆژگارییەکانیاندا باسی شەڕی سەلیبیشیان دەکرد. لە گوێی پێشەوای ئەوکاتیان دەخوێند، کە ئەرک و بەشی هەرە سەرەکیی پێ ئەسپێردراویی باوکی پیرۆز، ئەوەیە ئاشتەوایی بخاتە نێوان مەسیحییەکانەوە و مەبەست لە حکوومەتی پاپایەتییش "ئاشتەوایی و تەباییە."
وتاردەرەکان، پێش هەموو شتێک داوای کۆتاییهێنان و بڕینەوەی ناتەبایی و کێشەی نێوان میللەتە گەلانی مەسیحییان دەکرد و بە پشتیوانیی ئەوەش داوایان دەکرد چەکی پادشا مەسیحییەکان دژی کافران بکەوێتە کار. دەیانگوت، هەتا حاکمە دنیاییەکان* دەست لە شەڕ و ململانێکانیان هەڵنەگرن، ناتوانن لە هەمبەر دوژمنە هاوبەشەکە واتە تورکاندا یان وەک نیکۆلای کۆزایی دەیگوت "جانەوەرە دۆزەخییەکان، دوژمنانی هەموو سرووشت و مرۆڤایەتی" یەک بگرن. دیانگوت، باشترین بەرگریی ئیتالیا، شەڕێکی پەلاماردەرانەیە دژی تورکان. دەکرێ قوستەنتەنیە و شوێنە پیرۆزەکانی دیکەی ئەو ناوچانەی لەدەستمان داون، وەرگرینەوە. دوا ئامانج ئەوەیە هەموو مرۆڤایەتی لەبن ئاڵای مەسیحیەتدا کۆ ببنەوە و ببنە یەک. وەدیهاتنی ئەو ئامانجەش پێویستی بەوەیە، سوڵتانی عوسمانی بشکێ. ئەوە کارێکە کە کلێسا یەکسەر لە گوناح پاک دەکاتەوە و ڕیفۆڕمی ئایینی بنیات دەنێ، یان بە واتایەکی دیکە تەواوی دەکا.
ئیرۆکێنتیۆس زۆری هەوڵ دا دەسەڵاتدارەکان لە شەڕی خاچهەڵگران تێوەگلێنێ، پیۆسی دووەمیش لەو بوارەوە تەنانەت لەویش نیازپاکتر پێداگریی کردبوو ئەویش ئەو کاتەی زەبری شکانی قوستەنتەنییە هێشتا تازە بوو. بەڵام هەر ئەو کەمایەسی و کەموکورتییەی پیۆس و پێشینیانی ئەوی بەزاندبوو و

* حاکمی دونیایی: ئەو پادشا و حاکمانەی کە شیاوی ئایین و کلێسا نەبوون. چونکە بە دەسەڵاتدار وحاکمانی کلێسایان گوتووە پیاوانی ئایینی. "ڕۆحانی"...

شکاندبوونی ـ واتە نەبوونی یەکگرتوویی دەسەڵاتدارە ئەورووپییەکان و میرە ئیتالییەکان ـ هەروا هەبوو. پی ۆس نووسیبووی:" کام هێزی مرۆیی دەتوانێ بەریتانیا و فەڕەنسا و جنۆڤایی و ئاراگۆنەکان و هەنگاری و بۆهۆمەکان ڕێک بخات و یەکدەنگیان بکات؟" (٥٧)

ئیتر نە پاپا دەرەقەتیان دەهات و نە ئیمپراتۆر. ئەی کێ دەبێ ئەو دەسەڵاتە لێک دوژمن و ناتەبایانە بۆ هەرەوەز و کردەیەکی هەمووانی ڕێک بخات؟ ئەو کارە سوپایەکی گەورەی دەویست و سوپای گەورەی بەبێ فەرماندەی گشتی و پرەنسیپی هاوبەش، بێسەروبەرەیی لێ دەکەوتەوە و لێک بڵاو دەبوو. ئەو کێشانە بەلایەکەوە، ڕاچڵەکاندنێکی بنەماییش پێویست بوو: یەکەم شەڕەکانی خاچهەڵگران، سەرۆ و ئیلهامیان لە پەلامار و ئیمانێکی سەرکەشەوە وەرگرتبوو نەک لە بەرگری. شەڕی پیرۆز بە تێپەڕینی زەمەن، بێنرخ ببوو بەتایبەتی کە ساتوسەودا لەگەڵ کافران بەهرە و قازانجی لێ دەکەوتەوە و دەوڵەتە ئیتالییەکان لە داخی یەکتری، بەردەوام خەریکی دانوستان و ساتوسەودا بوون بەشکم سوڵتانی عوسمانی پشتیوانییان لێ بکا.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش ئین ۆکێنتیۆس، لەسەر بنەمای ڕێککەوتنەکەی ئیمپراتۆری ڕۆما، ساڵی ١٤٨٦ لە ڕاگەیەنراوێکدا شەڕی خاچهەڵگرانی ڕاگەیاند و گوتیشی، سەدا دەیەک، لە هەموو کلێسا و مووچەخۆر و بەرپرسە جۆراوجۆرە ئایینییەکان وەرگرن ـ کە لەوانەیە هەر مەبەستی ڕاستەقینەش ئەوە بووبێ. پاپا ساڵی دواتر کۆنگرەیەکی نێونەتەوەیی لە ڕۆما ڕێک خست، کە بە ڕواڵەتدا کەوتە داڕشتن و دەسنیشانکردنی ئامانجەکان و باسی ستراتیژ ی و دیاریکردنی ڕەوگەی سوپا و فەرماندەکان و ژ ومارەی سوپای هەر میللەتێک. بەڵام دواجار هیچ هێزێکی پێ کۆ نەکراوە و هیچ کەسیش پێی لە کەوشەنەکانی ئەورووپا نەبردە دەرێ. خەتاکەیان خستووەتە ئەستۆی سەرهەڵدانی کێشە نێوخۆییەکانی هەنگاریا و سەرهەڵدانەوەی دوژمنایەتیی نێوان فەڕەنسا و ئیمپراتۆریای ڕۆما. بەڵام ئەوانە بروبیانوون بۆ نەبوونی ورە و هانە"ئەنگیزە". شانازیی شەڕە پیرۆزەکەی ناپل بە سەردەمی پاپایەتیی ئیرۆکێنتیۆس نەبڕدرا. بەڵام ڕووداوە سەیروسەمەرەکەی شازادە جەم هاتە

ئاراوه و دەزگای پاپا بەپێچەوانەوە سازشێکی زۆر نائاسایی لەگەڵ دوژمنەکەی مەسیحییەت کرد.

جەم، برا بەزیوەکەی سوڵتان بوو بەڵام هێشتا خۆی بۆ تاج و تەختی عوسمانی دەکوتا و دەیتوانی مەترسیدار بێ. لە ترسی تۆڵەی براکەی، گوێی نەدایە کێشەی ئایینی لەگەڵ مەسیحییەکان و پەنای بردبووە بە "شاسوارە پیرۆزەکانی یوحەننا" لە دوورگەی ڕۆدس. ئەو شاسوارانە لە ڕاستیدا بۆ شەڕی گەڵ کافران دروست کرابوون، بەڵام ئێتر تێگەیشتن کە جەم، گەوهەرێکی گرانبابیە و لەگەڵ سوڵتان ڕێککەوتن، ساڵانەی مووچەیەکی ٤٥٠٠٠ سکەی زێڕی بۆ جەم ببڕێتەوە و ئەوانیش پاشگەزی بکەنەوە لەوەی داوای پادشایەتی بکات و دەستیش لە دوژمنایەتییەکەی هەڵگرێ. نازناوی "تورکە مەزنەکە"یان لە جەم نا و لەپڕ بووبە کاڵایەکی جێی ئیرەیی هەمووان. هەنگاریا و ڤێنیزیا و فەڕەنسا و ناپل و دیارە دەزگای پاپاش، لەسەری کێبڕکێیان بوو. ئاخرییەکەی پاش مانەوەیەکی کورت لە فەڕەنسا، جەم و مووچەکەی کەوتنە بندەستی پاپا. لە بری ئەوە، دوو کورسیی کاردینالیی بەخشی ـ یەکێکیان بە خاوەنشکۆ رۆدس و ئەوی دیکە بەو کەسەی پادشای فەڕەنسا ناوی هێنا. (٥٨)

ئیرۆکێنتیۆس دەیەویست لە شەڕی گەڵ سوڵتاندا وەک ئامرازێک کە لێک لە جەم وەرگرێ و لەگەڵ ئەو شازادە تورکەش ڕێکەوتنێکی ناڕوونیان لەنێواندا هەبوو کە ئەگەر مەسیحییەکان یارمەتیی بدەن و بیکەنە پادشا، ئەویش هێزە تورکەکان لە ئەورووپا و قوستەنتەنییە بکشێنێتەوە. بەڵام وای دانێین ئەگەر شتێکی وا جێی باوەڕیش بوایە، دیار نەبوو ئاخۆ چۆن دەکرێ بە دانانی موسوڵمانێک لەجێی موسوڵمانێکی دیکە بڵێی شەڕی پیرۆز؟

"تورکە مەزنەکە" لە ١٤٨٩دا بە داب ودەستووری پادشایانە و دیارییەکی گرانبابیەوە و بە سواری ئەسپە کوێتەکەی پاپا و فرانچێسکێتتۆش لەخزمەتیدا هەتا ڤاتیکان، هاتە نێو ڕۆما. خەڵک سەرسووڕماو و هەژاو هاتبوونە شەقام و دەرزیت هەڵاویشتبا وەعەرز نەدەکەوت. هەمووان مات و حەیران چاویان تێ بڕیبوو و بڕوایان کردبوو کە بەربێژی"پێشگۆیی"ـیە بەناوبانگەکەی هاتنی

سوڵتان بۆ ڕۆما و ژیان و مانەوەی لە دراوسێیەتیی پاپادا بەڕاست گەڕاوە و ئەوەش مزگێنیی هاتنی ئاشتەوایی جیهانییە. پاپا و کاردیناڵ میوانداریيان لە میوانە کەڵەگەتە مەندیل سپییەکە کرد. لە نێو چاوە قیچکراوەکاندا، جاروبارە نیگایەکی دڕندانە ڕوخسارە گرژەکەی ڕووناک دەکردەوە. تورکە و هاوڕێکانیان لە میوانخانەی پادشایەتیی ڤاتیکاندا دانا و "هەرچی کەرەستەی خۆشڕابواردن بوو وەک کەرەستەی ڕاو و مۆسیقا و میوانی و شتی دیکە.. بۆیان دابین کرا." "تورکە مەزنەکە" برای "جانەوەرە دۆزەخییەکە" بەو جۆرە لە ماڵی پاپا و لە نێودڵی مەسیحییەتدا حەواوە. ٥٩"

مانۆ ڕە دیپلۆماتیکەکان هەموو لە دەوروپشتی شازادە تورکەکەدا بوون. سوڵتانی عوسمانی کە زراوی لەوەچووبوو مەسیحییەکان بە سەرکردایەتیی جەم هێرشی بکەنە سەر، دەرگای دانوستانی کردەوە، نێردەی نارد و دیارییەکی بۆ ناردن کە لە ڕوانگەی مەسیحییەت زۆر گرانبایی بوو. دیارییەکەشی "نێزەی پیرۆز" بوو. هەر ئەو نێزەیەی دەیانگوت کەلەکەی حەزرەتی مەسیحی بەسەر خاچەوە هەڵدڕیوە. دیارییەکە بە دا ب وەدەستوورێکی تێروتەسەلەوە گەیشتە ڕۆما. هەتا جەم زیندووە و لە داڵدەی پاپادایە، لانیکەم کۆسپێکە و ناهێڵێ سوڵتانی دیسان پەلاماری وڵاتی مەسیحییەت بداتەوە. ئینۆکێنتیۆس سوودێکی زۆری لەو مەسەلەیە وەرگرت، بەڵام لەوە پتری لەدەست دا. خەڵکیش سەریان لەو پەیوەندییە سووڕ مابوو و ئەو قەدر و ڕێزەی دەزگای پاپاش لە "تورکە مەزنەکەی دەنا" پاپای لەنێو خەڵکدا سووک کرد.

نەخۆشییەکانی ئینۆکێنتیۆس جار بە جار پتر دەبوون، هەتا ئەوەی لە ١٤٩٢دا مەرگ بەرۆکی گرت. لە سەرەمەرگدا کاردیناڵەکانی کۆ کردەوە و بۆ کەموکووڕییەکانی خۆی داوای لێبوردنی کرد و ئامۆژگاریی کردن کە جێنشینێکی باشتر هەڵبژێرن.(٦٠) بەڵام ئەو دوایین ئارەزووەشی چیی لێ شین نەبۆوە. ئەو پیاوەی کاردیناڵەکان بۆ وەرگرتنی کورسییەکەی پێترۆسی حەواری هەڵیانبژارد، شەیتانترین بنیادەمیڕۆژگار بوو.

دارزین و گەندەڵی

ئەلسکاندری شەشەم ١٤٩٢ ـ ١٥٠٣

ڕۆدریگۆ بورجا لە تەمەنی شسێت و دووساڵیدا، دوای سی و پێنج ساڵ کاردیناڵی و جێگریی دیوانی ڤاتیکان، بە ڕووی کەسایەتی و خووخدە و ڕەچاوکردنی و نەکردنی بنەماکان و شێوەی کە لێکوەرگرتن لە دەسەڵات و کۆکردنەوەی ماڵ و سامان و هەبوونی کۆمەڵێک مەعشووقە و هەوت منداڵ، بە گوێرەی پێویست بەباشی ناسرابوو. ئەو دەمەی ئەو بۆ پلەی پاپایەتی هەڵبژێردرا، جۆڤانی دێ مەدیچی کە هێشتا گەنج بوو و یەکەم جاری بوو دەهاتە ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری مەترانەکان بۆ هەڵبژاردنی پاپا، دەنگی لێ بەرز بۆوە و گوتی:" ڕا کەن، کەوتووینە بەر چنگی گورگ." ( ٦١) بورجا کابرایەکی بلیمەت و تەنانەت لەبەر دڵانیش بوو بەڵام کۆڕی بەبڵاوی ئەمیرەکانی ئیتالیا و فەرمانڕەوایانی ئیسپانیا ـ زێدەکەی بورجا ـ ئەوڕاستییەیان لێ ڕوون بوو کە ئەو لە بنێڕا بێ باوەڕ بوو و گوێی نەدەدا ڕەوشت و ئەخلاق، وەک دەشڵێن، بەلای ولاتانی بیانیشەوە شتێکی نوێ نەبوو. بەو حاڵەشەوە، ناوبانگی گەندەڵییەکەی ئەو هێشتا ئەوەندە نەبوو کە دواتر دەرچوو. بورجا لە ناخی دڵییەوە کابرایەکی دنیایی بوو: چوونەدەرەوەی عەرەبەکان بەتەواوی لە ئیسپانیا لە ساڵی یەکەمی هەڵبژاردنی ئەو واتە لە١٤٩٢ـدا بوو و پاپای نوێ، لەبری تێ دیۆم (٦٢) لە گۆڕەپانەکەی سان پیترۆ ڕێوڕەسمی شەڕەگای ڕێک خست، کە تێیدا پێنج گا کوژران و مردار بوونەوە.(٦٣)

پاش خزمەت لە لای پێنج پاپا و ناکامبوونی لە هەڵبژاردنەکەی پێشوودا، بورجا ئەمجارەیان ئیتر نەیدەویست تاجی پاپایی لەکیس خۆی بدات. دوو خەنیمی هەبوو ـ کاردیناڵ دێلا ڕۆڤێرێ و کاردیناڵ ئاسکانیۆسفورتسا ـ و بەبێ شەرمکردن پلەی پاپایەتیی بە پارە لەو دوانە کڕییەوە.

سفورتسا بە وادەی سەر خەرمان قایل نەدەبوو پارەی نەقدی دەویست و لە کاتی دانیشتنی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاریدا و لەگەڵ ئەوەشدا کە قەول وابوو

ئەو دانیشتنەیان نهێنی بێ، باری چوار ئێستر شمشی زێڕ لە کۆشکەکەی بورجاوە بردرا بۆ کۆشکەکەی سفورتسا، هەتا قایل بوو. (٦٤) لە ساڵەکانی دواتردا، خووخدەکانی پاپا وا پەردەیان لەسەر داماڵدرا، کە بە هەموو شێوەیەک باسی گەندەڵی و شەڕاشۆییەکانی ئەو دەکرا و خەڵکیش بڕوایا دەکرد و لەوانەیە کاروانی شمشە زێڕەکەش هەر شتێکی وا بووبێ. بەڵام ڕاستگۆیی و متمانەیەک لە گێڕانەوەکەدا بەدی دەکرێ، لەبەر ئەوەی قایلکردنی خەنیمێکی دەوڵەمەندی وەک ئاسکانیۆسفورتسا کارێکی سووک و سانا نەبوو و لەگەڵ ئەوەدا جێگری دیوانی ڤاتیکانیش هەر بەو ئەسپێردرا.

بورجا خۆی دەستپەروەردەی خزم خزمێنە بوو. مامە پیرەکەی خۆی پاپا کالیکستۆسی سێهەم لە تەمەنی حەفتاوحەوت ساڵیدا بو ئەو پلەیە هەڵبژێردرا. (٦٥) و لە حاڵێکدا نیشانەی پیری لەوانەبوو وایان لێ بکات بەپەلە هەڵبژاردنێکی دیکە بکەن، برازا تەمەن بیست و شەش ساڵانەکەی خۆی کردە کاردیناڵ. برازاکەی توانیی بەشێک لە ناوچە لەکیسچووەکانی پاپا بستێنێتەوە و کاکیکستۆسیش ئەوەندە ژیا کە وەک خەڵاتێک بیکاتە جێگری دیوان. بورجا لە داهاتی پۆستەکانی پاپایی، لە سێ مەڵبەندی ئۆسقۆفیی خۆی لە ئیسپانیا، لەو دێرانەی لە ئیسپانیا و ئیتالیا لەبەردەستیدا بوون، لە مووچەی هەشت هەزار سکە زێڕی ساڵانە بۆ جێگری دیوان و شەش هەزاریش بۆ کاردیناڵی و هەروەها لە کردەوە تایبەتییەکانی خۆی، ئەوەندەی سەروەت و سامان ی کۆ کردەوە، کە وردە وردە بوو بە کەسی هەرە دەوڵەمەندی نێو کۆڕی پیرۆز(٦٦)

هەر لەو یەکەم ساڵانەی سەرەتایدا، کە لە کاردیناڵێک بەولاوە نەبوو سامانێکی وای بەسەریەکەوە نا، کە بۆ حەوانەوەی خۆی کۆشکێکی سێ نهۆمی دروست کرد و کۆشکەکەشی بە مۆبلی هەوریشمینی سوور و مەخمەری کۆبەگیراوی زێڕکفت و فەڕشی بەنەخش و نیگار و مافوور ەی دیواری بۆ تەلارەکان و قابی زێڕین و مرواری و توورەکەی پڕە سکەی زێڕ ـ کە بەهەڕوگیڤەوە دەیگوت ئەوەندەی هەیە نوێژگەکەی سیستینی پێ پڕ بکا، ڕازاندەوە. پیۆسی دووەم شوێنی حەوانەکەی ئەوی بە ماڵە زێڕینەکەی نیرۆن چواند، کە سەردەمانێک لەو دەوروبەرانە بوو.

دەیانگوت بورجا لە سەردەمی خزمەتە سی و پێنج ساڵانەکەی خۆیدا، مەگەر نەخۆش بووبێ یان لە ڕۆما نەبووبێ، ئەگینا تەنانەت بۆ یەک جاریش چییە لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی ئیداریی کاردیناڵەکان غیاب نەبوو. بورجا شتێک نەبوو نەیزانێ لەبارەی نهێنیی کار و ئەو هەل و دەرفەتانەی لە دیوانی پاپاییدا هەبوون. زۆر زیرەک و بەتوانا بوو. ئەو ڕێگایانەی دەهاتنەوە سەر ڕۆما، هەمووی سەنگەربەندی و پتەو کرد. ئەوە بورجا بوو کە بە نوێنەرایەتیی سیکستۆس کارە زۆر ئەستەمەکەی هاندانی دەرەبەگەکان و پلەوپایەکانی کلێسای ئیسپانیای بۆ پشتیوانی لە زەماوەندەکەی فێردیناند و ئیزابێلا،ڕاپەڕاند و کەوشەنی پادشایەتییەکەی ئەو دووانەی کردە یەک. بورجا لەوانەیە لە هەرە کاردیناڵە بەتواناکان بووبێ. کەڵەگەت و چوارشانە و تۆکمە و قووڵ و مەند و بەئەدەب و تەنانەت زۆریش شایانە دیار بوو. حەزی لە جلوبەرگی زۆر گران و سەنگینی لە مەخمەری سوور و مۆر و تۆخ چنراو بوو و زۆر ورد بوو بۆ ئەوەی قایشی پێستە قاقمەکەی خۆی پانایییەکەی چەندە بێ.

وەک هاوچەرخانی دەڵێن، زۆربەی جاران لێوبەبزە و ڕووگەش بوو و پێی خۆش بوو"کارە خراپەکانیش، چۆن جوانە ئاوا ڕاپەڕێنێ."(٦٧) زۆر قسەزان و بەگفت و لفت بوو و قسەخۆش و کتێب خوێن و "لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا تا بڵێی لێوەشاوە." ( ٦٨) و "هەوڵی دەدا لە قسەکردندا بدرەوشێتەوە" ( ٦٩) کەفوکوڵ و عیزەتی نەفس و لەخۆباییبوونی ئیسپانیایی پێکەوە تێکەڵ کردبوو و توانایییەکی سەرسامکەری لە بزواندنی خۆشەویستیی ئافرەتاندا هەبوو بە جۆرێک کە ژنەکان "خێراتر لەو ئاسنەی بۆ مەگناتیس دەچێ، لەو دەچوونە پێش." (٧٠) و دیارە ئەویش لە حەز و مەیلی خۆی بۆ ئەوان درێغیی نەدەکرد. شایەتێکی دیکە بە ڕوونی گوتوویەتی کە "تەواو تەواو سەری لە کاروباری دارایی و ئابووری دەردەچوو."(٧١)

بورجا ئەو دەمەی کاردیناڵێکی لاو بوو کوڕ و کچێکی خستەوە کە کەس نەیزانی دایکیان کێیە و دواییش لە چل و چەند ساڵیدا، سێ کوڕ و کچێکی دیکەی لە مەعشووقە ئاشکراکەی خۆی واتە ڤانۆتسا دێ کاتانیی خستەوە. دایکی ئەو کچە ئەوەندەی دیارە، لە پێشدا گراوی(مەعشووقە"ی بورجا بوو و

کچە دوای مردنی دایکی جێی ئەوی گرتەوە.( ٧٢) پاپا هەموو ئەوانەی بە خێزانی خۆی دەزانی ( ٧٣) و هیچ شەرمیشی پێی نەبوو. دووکنش ێنەکەی گاندیای لە ئیسپانیا بۆ کوڕە گەورەکەی خۆی واتە پێدرۆ لۆییس تەرخان کرد و کچە مامەکەی فێردیناند پادشای ئیسپانیای لێ مارە کرد. پێدرۆی لاو جوانەمەرگ بوو و نازناو و میرات و دەسگیرانەکەی دران بە جۆڤانی ـ زڕبراکەی ـ تاقەخۆشەویستەکەی باوکی، کە ئەویش مەرگێک چاوەڕوانی دەکرد، ناوی بنەماڵەی بورجای( ٧٤) کردە پەندی سەر زاران. دوو بورجا بەناوبانگەکە، چێزارێ و لۆکرتسیا "یان سزار و لۆکرێس"، کە بوونە هۆی ئەو ناوبانگە، و هەروەها جۆڤانی و برایەکی دیکەیش بەناوی جۆفرێ، هەر هەموویان منداڵی ڤانۆتسا بوون. باوکی ڕاستەقینەی هەشتەمین کوڕێک بەناوی جۆڤانی کە لە سەردەمی پاپایەتیی بورجادا لەدایک بوو تەنانەت لە نێو خێزانەکەشیاندا دیاربوو لێی بەگومان بوون. دوو نامەی پاپایی، یەک بەدوای یەکدا، لە پێشدا منداڵەکەی بە کوڕی چێزارێ و دوایی بە کوڕی پاپا خۆی، دانا و کردیە حەڵاڵزادە، لە حاڵێکدا خەڵک دەیانگوت ئەو کوڕە زۆڵەکەی لۆکرتسیای کچی پاپایە.(٧٥)

بورجا بۆ پاراستنی ڕواڵەتەکەی، یان هەر لەبەر چێژوەرگرتنی لە قورمساخیی ئەوانی دی، حەزی لێ بوو مەعشووقەکانی مێردیان هەبێ، هەر بۆیە ئەو دەمەی ڤانۆتسا مەعشووقەی بوو دوو زەماوەندی بەدوای یەکدا بۆ ئەو و زەماوەندێکیشی بۆ جێنشینە جوانەکەی واتە جو ولیا فارنێزێ ڕێک خست. جوولیای نۆزدەساڵانەیان بە قژە زەردەکەیەوە کە دەگەیشتە بەری پێی، لە کۆشکەکەی بورجادا لە کوڕێکی بنەماڵەی ئۆرسینی مارە کرد و هەر لەو کاتەشدا بوو بە مەعشووقەی کاردیناڵ. لە لووتکەی ڕێنسانسدا، ژیانی تایبەتی بێسەروبەرە، حەیاچوون و بێ ئابڕوویی نەبوو بەڵام پەیوەندیی پیاوێکی پەنجاونۆساڵانە، کە ئەوکات بەپیر دادەنرا، لەگەڵ کچێکی چل ساڵانەی لەخۆی گەنجتر، بۆ ئیتالییاییەکان شوورەیی بوو ـ لەوانەشە هەر لەبەر ئەوە بووبێ، کە ئەو کارە هونەرمەندانە دیار بوو. ئەو پەیوەندییە بوو بە بنێشتەخۆشکە و نوکتەی سەر زاران و پەڵەیەکی شوورەیی لەسەر ناوبانگەکەی بورجا.

دوای هەڵبژێرانی بورجا وەک پاپا، دێللارۆڤێرێ و لایەنگرەکانی، کە هیچیان بۆ نەچووە سەر، لە داخان، دانوستانە پڕ شوورەییەکانی پاپایان بۆ وەدەستهێنانی ئەو پۆستە، لەنێو خەڵکیدا لەقاو دا. بورجا خۆیشی ڕاشکاوانە هەڕوگیڤی پێوە لێ دەدا. ئەو کارە زۆر شوورەیی بوو لەبەر ئەوەی کڕین و فرۆشتنی پۆستەکانی کلێسا بەتاوانێکی شەرعی دادەنرا و هەر ئەوەش چەکێکی دایە دەست دوژمنەکانی پاپای نوێ، کە زۆر خێراش کەڵکیان لێ وەرگرت. لەو سەروبەندەدا، ئەلکساندری شەشەم ــ نازناوی پاپایەتیی بورجا ــ بە دامودەستوورێکی بەشکۆوە، بۆ وەرگرتنی کلێسای مەزنی ڕۆما، بەسواری ئەسپ هاتە نێو شار. سێزدە سوارچاک و بیستویەک کاردیناڵ، هەر کامەیان بە دوازدە خزمەتکارەوە و باڵیۆز و دەرەبەگ و دەوڵەمەندان هەموو بەجلوبەرگی ئاڵ و واڵاوە، زین و شمەکی ئەسپی هەرکامەیان لەویتر ڕازاوەتر و گرانباییتر، لە خزمەتیدا بوون. شەقامەکان بە تاجەگوڵینەوە و تاقی زەفەر و پەیکەرەی زیندوو و زێڕوەشانکراوی گەنجیڕووتوقووت لەبری پەیکەرەبەرد و ئاڵای بێ ژومار ڕازێنرابوونەوە. ئاڵاکان هێمای بنەماڵەی بورجایان دەنواند ــ گایەکی سووری زۆر جوان و لەبار، کە پەلاماری دەشتێکی زێڕی داوە(٧).

لەو ڕۆژانەدا، ڕوون و ئاشکرا سێبەری فەڕەنسا بەسەر ئیتالیادا دەکشا. ئەوە یەکەم تیریژێ سەردەمی پەلامارە دەرەکییەکان بوو کەڕووخانی دەزگای پاپایەتیی خێراتر کرد و ئیتالیای خستە بەر نیری دەسەڵاتی دەرەکی. تاڵان و بڕۆ لە حەفتاساڵی دواتریدا، هەموو شێوە دوورگەکەی گرتەوە، لە برەوی خست، دەستی بەسەر کۆمەڵێک شوێن داگرت، دەسەڵاتی وڵاتەکەی کەم کردەوە و هەلومەرج و بارودۆخێکی وای ڕەخساند، ماوەی چوارسەد ساڵان یەکێتیی ئیتالیای وەدوا خست و کۆی ئەو ڕووداوانەش هیچ سوودێکی بەردەوامی بۆ هیچ کام لە ناوچە و مەڵەبەندەکان لێ نەکەوتەوە. شەڕی نێوخۆیی بێبڕانەوەی میرەکانی ئیتالیا ئەو وڵاتەی لەبەر یەک برد و خاکەکەی کردە پارووەیەکی چەور و ناسک. ئیتالیا بەرلە هاتنی بیانییەکان، ئەگەر بەقسە مەشهوورەکەی گویتچاردینی (نووسەرە گەورەکەی مێژووی ئیتالیا لە بارەی وەڵاتەکەی خۆیەوە ) وای دانێین ناوچەیەکی تەواو ئارام و بەڕێژەو و بەپیت و

پڕ له ڕەونەق و گەشەی بازرگانی و خاوەنی زێر و زیوەری دەرەبەگانیش نەبووبێ، خۆ گەنجینە شارییەکانی بەدڵنیاییەوە ڕەنگاوڕەنگ بوو. پەلامارە درەکییەکان برەویان بە نیاز و پێویستیی ئابووری نەدا. لەو سەردەمەدا هێشتا شەڕ وەک کاروپیشەی چینی دەسەڵاتدار سەیری دەکرا، پیتاک و غه ڕامە و ئەو داهاتەی وەک ماڵیات لە وڵاتە داگیرکراوەکان دەستێنرا، سەرچاوەی داهاتی دەسەڵاتداران بوو. تێچووی شەڕەکانیش هەر لەوە دابین دەکرا. وەک چۆن لە شەڕە سەلیبییەکانی سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا، دەروویەک بوو بۆ دامرکاندنەوەی قین و تووڕەیی دەرەبەگەکان، لەشکرکێشان بۆ سەر ئیتالیاش لەوانەیە هەر حاڵەتێکی تیژتێپەڕی داگیرکەریی نیشتمانی بووبێ. فەڕەنسا شەڕی سەدساڵەی لەکۆڵ ببووەوە، ئیسپانیاش داوجار عەرەبی وەدەرنابوو و هەر دوو وڵاتەکە لەو سۆنگەیەوە گەیشتبوونە یەکیەتیەکی نیشتمانی. ئیتالیای گەرم و ساو نوقمی ناتەبایی و شەڕ دژی خۆی، جێیەکی لەبەردڵان و سەرنجڕاکێش بوو بۆ دەستدرێژی و داگیرکردن.

ئالکساندر، دوای ئەو هەڵبژاردنە شوورەییە، دەبوایە بیری لەوە کردبایەوە کە باشترە تۆزێکیش هەوڵی دینداری بدات، بە پێچەوانەوە دەسبەجێ دەستی کرد بە ساتوسەودای سیاسی، لۆکرتسیای کچی لە کوڕێکی بنەماڵەی سفۆرتسا مارە کرد و نەوەیەکی شا قوون بەگێچەڵەکەی ناپلیشی بۆ جۆفرێی کوڕی هێنا و هەر لەو یەکەمین ساڵەی پاپایەتییەکەیدا کۆڕی پیرۆزیشی بەرفرەوانتر کردەوە، کە هەر ئەوە تووڕەیی و ناڕەزایەتیی کاردیناڵە بەرهەڵستکارەکانی لێ کەوتەوە، ئەوانە لە ئەنجومەنی مەترانەکاندا ڕاشکاوانە لایەنگری دێلا ڕۆڤێرێ بوون و بارانی زێڕیان بەسەردا نەباریبوو. ئالکساندر بەرگریی سەرسەختانەی ئەوانەی تێک شکاند و یازدە کاردیناڵی تازەشی دانا. (٧٧) کە یەکێکیان ئالس ساندرۆ فارنێزێی برای مەعشووقەکەی و لووسکەیەکی تازەپێشگەیشتووی بنەماڵەی ئێستێ بوو کە هێشتا نەببووە پازدەساڵان و چێزارێی کوڕیشی کە ئەوەندە ڕوون و عەیان دیار بوو شیاوی پلەوپایەی پیاوی ئایین نییە، هەر زۆر زوو خۆی دەستی لە کار کێشاوە و چوو کەوتە شوێن کاروباری گونجاوتری دیکەی وەک شەڕ و پیاوکوشتن و ئەو

هونەرانەی پەیوەندییان بەو شتانەوە بوو. بەڵام دەسنیشانکراوەکانی دیکە هەر لەخۆرا و بێبنەما لەبەردڵی دەسەڵاتەکان هەڵنەبژێردران: ئیمپراتۆری ڕۆما، فەڕەنسا، بەریتانیا، ئیسپانیا، هەنگاریا، ڤێنیزیا، میلان و ڕۆما، هەر کامەیان کاردیناڵێکی زیادییان لەنێو کوڕەکەدا بۆ دەستەبەر بوو. لە نێو ئەوانەدا پیاوی لەخواترس و زاناش بەدی دەکرا. ئەو لافاوە نوێیە، دەسەڵاتی زاڵی ئەلکساندرای بەسەر کۆڕی کاردیناڵەکاندا پتەوتر کرد. کە دێللا ڕۆڤێرێ ئەو هەواڵەی بیستەوە، "هاواری تووڕەیی" (٧٨) لێ بەرز بۆوە و لە داخان نەخۆش کەوت. ئالکساندر ئاخرییەکەی چل و سێ کاردیناڵی دامەزراند. ( ٧٩) لەگەڵ حەڤدە هاوولاتیی ئیسپانیایی و پێنج خزمی خۆی. بورخارد ورد ورد، بڕی ئەو پارەیەی لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا نووسیوەتەوە، کە هەرکام لەوانە بۆ دەستەبەرکردنی پۆستەکەی خۆیان داویانە.

دوورکەوتنەوەی دەزگای پاپایەتی لە ئایین، لە ماوەی پەنجا ساڵی پێشوویدا و حەیای لەدەستچووی کلێسا و مل بادان و خۆبواردن لە چاکسازی، پلانی پەلامارەکانی فەڕەنسای خێراتر کرد. کلێسای فەڕەنسا لەو پەنجاساڵەدا بە ڕاکێشانی کلێسا نیشتمانییەکان، داهات و دەسەڵاتی پاپای تەواو لاواز کرد و خۆی سەربەخۆییەکی باشی دەستەبەر کرد. هاوکات، ئەو کلێسایەش لە پێگەڕەکەی خۆیدا، گەندەڵیی ئایینی بەربینگی گرتبوو. ئامۆژگاریکەرەکان، لە وتارە ئاگرینەکانیاندا، تووک و تفیان لەو داڕزین و داکشانە دەکرد، ڕەخنەگرە دەستڕۆیشتوو ەکان قسەیان لەسەر دەکرد، کلێسا بۆ داڕشتنی هەوڵ و کردەوەی چاکسازییانە کۆبوونەوەی ڕێک دەخست ـ بەڵام هیچ کام لەوانە ئاکامێکی کردەیی لێ نەکەوتەوە. لەو ساڵانەدا، بەپێی نووسراوی فەڕەنسییەک، چاکسازیی کلێسا بابەت و هەوێنی سەرەکیی گفتوگۆکان بوو. ( ٨٠) شا رڵی هەشتەم لە ١٤٩٣دا بۆ سەلماندنی بانگەشەی پادشاکانی فەڕەنسا لەسەر ناپل، وەڤدێکی لە شاری توور ک ۆ کردەوە بۆ ئەوەی بەرنامەیەک داڕێژن، کە لەشکرکێشانەکەی ئەو بۆسەر ئیتالیا بە جیهاد لە ڕێگەی چاکسازیی ئاییندا لەقەڵەم بدرێ.(٨١) ئەوە بیرۆکەی خۆی نەبوو. شاڕل کابرایەکی دەستەوستان و کەنفت و لە بنەماڵەی داوەشاوەکەی ڤالوا بوو. بە مێشکێکی پڕ لە خەون و

خەیاڵی شانازیی جەنگاوەری و شەڕی سەلیبی دژی تورکان و بە دنەدان و وەسوەسەی خەستی کاردیناڵ دێللا ڕۆڤێرێ چاکسازیی ئایینیشی خستبووە سەر خەون و خەیاڵەکانی خۆی.( ٨٣) ڕق و کینەی کاردیناڵ لە ئالکساندر بێسنوور بوو و ئێستا ئەو بە ئاشکرایی بۆ لەناوبردنی پاپا هاتبووە فەڕەنسا. لەسەر پادشا پێداگر بوو کە پاپایەکی "ئاوا لەگوناحەوە گلاو ئەوەندە بێزراوی لای خەڵکی جیهان" ( ٨٤) دەبێ لە دەسەڵات بخرێ و ڕێگە بۆ هەڵبژاردنی پاپایەکی تازە بکرێتەوە.

هێشتا لەبیران نەچووبووەوە، کە کارێکی ڕێک لەو شێوەیە، بە دەستپێشخەریی کاردیناڵەکان و پشتیوانیی فەڕەنسا "لێکترازان"ـی لێ کەوتبۆوە و لە مێژووی مەسیحییەتدا زیانێکی قەرەبووهەڵنەگری لە کلێسا دابوو. تاوانەکانی ئالکساندرا چەندەش بووبێن، تەنانەت بیرکردنەوە لە دووپاتەی ئەو کارە لە لایەن دێللا ڕۆڤێرێ و دارودەستەکەیەوە، نیشانەی نابەرپرسیارەتییەک بوو کە خۆشیان نەیاندەزانی، مەگەر ئەوەی بە حیسابی ئەو گەمژەییەی دابنێین کە لە سەردەمی ڕێنسانسدا، بەرۆکی یەک بە یەک فەرمانڕەواکانی کلێسای گرتبۆوە.

ئالکساندر هەر بە ڕاستی لە کاریگەریی دێللا ڕۆڤێرێ بەسەر پادشای فەڕەنساوە تۆقیبوو بەتایبەتی ئەگەر بیەوێ چاکسازیی کلێسا بخاتە مێشکی شێواوی پادشایانەوە. وەک گوێتچاردینی کە زۆر بەینی لەگەڵ پاپاکان خۆش نەبوو دەڵێ: بەلای ئالکساندرەوە، هیچ شتێک هێندەی چاکسازی ترسناک نەبوو.(٨٥)

بە سەرەنجدان بەوەی ئەلکساندر وردەوردە بەرهەڵستکارە ناحەزەکانی خۆی و کاردیناڵەکانیشی یەک لە دوای یەک ژەهرخوارد کرد یان لە زیندانی توند کردن یان بەشێوەی دیکە لەناوی بردن، زۆر سەیرە بۆچی دێللاڕۆڤێریێ لە بەندیخانە نەکرد. هەرچۆنێک بێ، دوژمن، واتە جێنشینەکەی ئەو ئیتر زۆر بەناوبانگ ببوو و لەگەڵ ئەوەدا وریاش بوو و لە قەڵایەکی درەوەی ڕۆمادا دەژیا.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی لە فەڕەنساوە هاتوون، دەوڵەتەکانی ئیتالیای زۆر سەرسام کرد و هەر هەمووان خەریکی لەبەر تەدارەک و ئامادەکاری بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزی دەرەکی، سەرقاڵی ساتوسەودای سەرلەنوێ لەگەڵ یەکتر و بەگوێرەی پێویست لەگەڵ هێزە دەرەکییەکەش بوون. ئاخۆ لایەنگری لە ناپل قازانجی زیاتر بوو یان لایەنگری لە فەڕەنسا؟ ئەوە بوو مەسەلەی مەزنی پاپا و فەرمانڕەوا نائاییننییەکان. فێرانتێ سوڵتانەکەی ناپل، فەڕەنسا چاوی تەماحی بڕیبووە هەرێمەکەی، بە کۆمەڵێک ساتوسەودای جۆراوجۆر و ناتەبا لەگەڵ یەک، هانای بردە بەر پاپا و میرەکانی دیکە، بەڵام چونکە لە ژیانیدا هەر بە گزی و فێڵ و دەهۆ ژیابوو ئیتر ئێستاش نەیدەتوانی دەست لە خووخدەی پێشووی هەڵگرێ و هەر بەدزییەوە ئەو پەیمان و ڕێککەوتنانەش نەشکێنێ کە خۆی ڕێکی خستبوون. ئەو هەوڵ و تێکۆشانانە لە ماوەی یەک ساڵدا، ئەویان بەچۆکدا هێنا و ئالفۆنسۆی کوڕی جێی گرتەوە. بێ متمانەیی دوولایەنە دەرودراوسێکانیشی گرتبۆوە. ئەوانیش بە دەردی (جۆرج مێرێدیس، بەڵام لە گفتوگۆیەکی زۆر جیاوازدا) لەخۆیان دەرچوون، لەسەر شتی پڕوپووچ کۆ دەبوونەوە یان کورتبینانە بەرنامەیان دادەڕشت و شێتانە پیلانیان دادەڕشت" (٨٦)

یەکەم هەنگاوێک، کە هەموو ئەو شتانەی تێدا بوو و هێرشەکەی فەڕەنسای لێ کەوتەوە، میلان هەڵیگرت. سەرەتای گۆڵمەزەکە، سکاڵایەک بوو لە فێرانتێ کە ئیزابێلای نەوەی فێرانتێ و کچی ئالفۆنسۆ و خێزانی جۆن گالیاتسۆ سفۆرتسا، لێی کرد، هەر ئەوەی بە پێی قانوون فەرمانڕەوایی میلانی بە میرات پێ دەگەیشت.

ئیزابێلا سکاڵای هەبوو کە مافی خۆی و مێردەکەیان خواردووە و ئەوان لە هەموو بوارێکەوە سەر بە "نایبولسەڵتەنە" لۆدۆڤیکو ئیل مۆرۆ و خێزانە ساماندارەکەی واتە بیاتریچێ دێستێ. فێرانتێ ئەوەندە توند بەگژیاندا هاتەوە، کە ئیتر لۆدۆڤیکۆ لێی سوور بوو ئەگەر فێرانتێ و بنەماڵەکەی لە دەسەڵات بخرێن، ئینجا پۆستەکەی نایبوسەڵتەنەی پادشا ــ کە نەیدەویست لەکیس خۆی بدا ــ لە ئەماندا دەبێ. دەرەبەگەکانی ناپلیش زۆر لە فێرانتێ پڕ بوون و

لۆدۆڤیکۆ بۆ ڕاپەڕاندنی ئامانجە هاوبەشەکەیان، لەگەڵیان ڕێک کەوت و بۆ ئەوەی لە کارەکەی خۆی دڵنیا بێ، شا ڕلی هەشتەمیشی بانگهێشت کرد بێتە ئیتالیا و داوا و ئارەزووەکەی خۆی بۆ تاج و تەختەکەی ناپل وەدی بێنێ.(٨٧)

ئەوەش کارێکی زۆر مەترسیدار بوو لەبەر ئەوەی پادشایەتییەکەی فەڕەنسا، لە ڕێگەی لقەکەی ئۆرلیانەوە، داوای زۆر پتەوتری لە میلان هەبوو بەڵام لۆدۆڤیکۆ هەر خۆی سەربەگێچەڵ بوو و هەستی دەکرد دەتوانێ پێشی ئەو مەترسییە بگرێ. ئەو هەستەش هەر وەک ڕووداوەکان خێرا سەلماندیان، هەڵە بوو.

بەپێی ئەو جۆرە هانە و لێکدانەوانە، ئیتالیا کەوتە بەر هێرش و پەلامار، ئەگەرچی زۆری نەمابوو لە دوایین چرکەساتدا پلانەکە ببێتەوە بلّقی سەر ئاو ڕاوێژکارەکانی شا ڕل، هەر لە هەموو ڕووداوەکە دڕدۆنگ بوون، کێشەی لەشکرکێشان، بێبنەمابوونی قەول و بەڵێنەکانی لۆدۆڤیکۆ و بەگشتی ئیتالییاییەکانیان بۆ شا ڕل لێک داوە و وایان تۆقاند، سوپاکەی ڕاگرت. بەڵام دێللا ڕۆڤێرێ لە کاتی خۆیدا گەیشتێ و ئەوەندە بەجۆش و خرۆش و تین و گوڕەوە کەوتە ئامۆژگاریکردنیان، پادشای تیژ کردەوە. لە سێپتەمبەری ١٤٩٤دا، سوپا شێست هەزار کەسییەکەی فەڕەنسا لە چیاکانی ئاڵپ پەڕینەوە و وەک گویتچار دینی ئەمجارەیان بەبێ لێ زیادکردن دەڵێ "تۆوی کارەساتگەلێکی لە ژومارنەهاتووی" چاند.(٨٨)

ئالکساندر لەپێشدا بەملاوئەولادا ڕای کرد و ئاخرییەکەی چووە نێو یەکیەتیی بەرگریی فلۆرانس و ناپل، کە زۆری نەبرد و لێک ترازا. لۆرێنتسۆی بەشکۆ، دووساڵ بوو مردبوو و پیێرۆ دێ مەدیچی لەپڕ تووشی تووڕە بوون بوو و فلۆرانس یەکیەتییەکەی بەجێ هێشت. پیێرۆ لە هەمبەر دوژمنەکەیدا ترسنۆکیی نواند، لە بنەوە لەگەڵ فەڕەنسیەکان ڕێک کەوت و دەرگای شارەکەی خۆی بەسەردا کردنەوە. سوپاکەی شا ڕل دوای ئەو سەرکەوتنە لە فلۆرانس بەبێ ئەوەی تووشی هیچ بەرەنگارییەک ببێتەوە، بەرەو ڕۆما کەوتە ڕێ. پاپا کەوتە پەلەقاژە بەشکم شا ڕل وەرنەگەڕێ، بەڵام ئاخرییەکەی لە بەر هێزەکەی ئەودا بەچۆکدا هات.

پەلاماردەرە چەکدارەکان، کە لە ڕیزی سوارە و پیادە پێک هاتبوون، تیرهاوێژ و کەواندێر و سەربازی بەکرێگیراوی سویسری بە سەرەنێزە و تەورزین، شاسواری زرێپۆش و پاسەوانانی شا، گورزی ئاسنین لەسەرشان چوونە نێو ڕۆما، بەدوای ئەوانیشدا دەنگی تۆپە و تایەی سی و شەش عارەبانە تۆپ لەسەر بەردەچنی شەقامەکان دەنگی داوە.ڕێپێوانە سەربازییەکە شەش سەعاتی خایاند.(٨٩) شارەکە لەبەر پەلاماری ئەو هێزەدا کەوتە لەرزین. باڵیۆز مانتوا لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند:"دەستبەسەرداگرتن و کوشتارەکان لەژومار نایەن، لە گریان و ناڵین بەولاوە گوێت لەهیچ نابێ، لەوەتەی بەشەرە، کلێسا هەرگیز تووشی دۆخێکی وا دڵتەزێن نەبووە."( ٩٠) سەرکەوتووەکان لە دانوستانەکانیاندا زۆریان بۆ دەزگای پاپا هێنا*. ئالکساندر ناچار بوو دەست لە ناپل هەڵگرێ و شازادە جەم ڕادەست بکاتەوە، (کە زۆری نەبرد لە بەندی فەڕەنسییەکاندا مرد) بەڵام لە هەمبەر دوو داوای دیکەیاندا توندوپتەوڕاوەستا: خۆی بوارد لەوەی قەڵاکەی سانت ئانجیلۆڕادەستی فەڕەنسییەکان بکات و بە فەرمییش تاج و تەختی ناپلی نەدا بە شارڵ. ئەو کارەی ئالکساندر لە جەنگەی گەمارۆی شاردا، ئازایەتییەکی زۆری دەویست، بەو حاڵەوە ئەو ناچار بوو لە فەڕەنسییەکان بگەڕێ بە ئەیالەتەکانی پاپادا تێپەڕن. لە ماوەی گفتوگۆکاندا ئەوەی هەر باسی نەکرا، چاکسازیی ئایینی بوو. شا، کەن دەفت و دەستوستانەکەی فەڕەنسا، سەرەڕای گوشارە بەردەوامەکانی کاردیناڵ دێللاڕۆڤێرێ و لایەنگرەکانی، پیاوێک نەبوو بچێتە بەر باری "ئەنجومەن" یان ببێتە لایەنگری چاکسازی یان پاپا لەسەر کار لابدات. هەرچۆنێک بێ ئالکساندرا لەخەتەر ڕزگاری بوو و ئەو هەر بەپاپایەتی مایەوە. فەڕەنسییەکان بەبێ بەرەنگاربوونەوە لە ڕۆما چوونە دەرێ و بەرەو ناپل کەوتنە ڕێ و زەبروزەنگی ئەوان هەر ئەوەندە بوو کە ئەو ناوچانەی لەسەر ڕێگایان کەوتنە بەردەستیان، تاڵانیان کردن و خەڵکەکەیان کوشتن. ئالفۆنسۆی پادشای ناپل دەستی لەکار کێشاوە و چووە دێرێک و خۆی لە گێچەڵەکە قوتار کرد، کوڕەکەی ئەو فێرانتێی دووەم شمشێرەکەی فڕێ دا وڕایکرد.

---

*زۆربۆهێنان:واتە زەخت لێکردن. گوشار خستنەسەر.

حوزووری بێ ئەملاوئەولای فەرەنسییەکان لە باشووری ئیتالیا، ئاخرییەکەی بووە هۆی ئەوەی بە دەسپێشخەریی ئیسپانیا یەکیەتییەکی بەرگری دروست بێ. فێردیناند پادشای ئیسپانیا، ناپلی بۆ خۆی دەویست و بۆ ئەوەی نەهێڵێ فەرەنسییەکان زاڵ بن، ماکسیمیلیانی ئیمپراتۆری ــ کە لە داگیرکەریی فەرەنسییەکان تۆقیبوو ــ کردە هاوپەیمانی خۆی، رێککەوتنێک کە ئەنجامێکی چارەنووسسازی لێ کەوتەوە. دەزگای پاپا و میلان، کە هاوپەیمانگەلێکی وەک ئیسپانیا و ئیمپراتۆریای رۆمای هەبوو ئیتر بەبێ خەم و خەیاڵ دژی فەرەنسا راپەڕین. ڤێنیزیایش لە ساڵی ١٤٩٥دا کەوتنە گەڵ ئەو گرووپەوە و "یەکیەتیی ڤێنیزیا" کە دواتر ناوی نرا "یەکیەتیی پیرۆز" پێکهات. فەرەنسییەکان کە لە ناپل هەر هەمووانیان لەخۆیان بێزار کردبوو تۆقیبوون لەوەی نەکا لەهەموو جێیەک دابڕێن و لە پۆستاڵەکەی ئیتالیادا بکەونە داوەوە. بۆیە بەرەو نیشتمان گەڕانەوە و تاقە شەڕی ئەوان لەو لەشکرکێشییەدا، لەکاتی گەڕانەوەیاندا لە فۆرنۆڤۆ لە لۆمباردی بوو. شەڕوپێکدادانێکی بێسەروبەرە و بەبێ ئاکام، ئیتر بەرەو فەرەنسا کەوتنە رێ. ئالفۆنسۆ لەگەڵ کوڕەکە لەناکاو لە پێوارەوە* دەرکەوت و دیسان جڵەوی فەرمانڕەوایەتیی ناپلی بەدەستەوە گرت.

هیچ کەس بەتایبەتی فەرەنساش سوودێکی لەو ڕووداوە پڕمەترسییە نەبینی. بەو حاڵەشەوە دەسەڵاتەکان دەرسیان هەر وەرنەگرت و بەردەوام گەڕانەوە ئەو گۆڕەپانە و لەسەر تەرمەکەی ئیتالیا پێکەوە کەوتنە کێبڕکێ. لەوەوپاش، شەڕ و هاوپەیمانی و لێکدان و دیپلۆماسیی ناڕوون و دۆستایەتیی خزۆک و تیژتێپەڕ، یەک بەدوای یەکدا هاتنە ئاراوە و تالانکرانی ڕۆما لە ١٥٢٧دا بە دەستی هێزە هاوبەشەکانی ئیسپانیا و ئیمپراتۆریی ڕۆما لووتکەی سامناکیی ئەو ڕووداوە بوو. هەورازونشێو و پێچوگەوی ورد و باسکردنی یەک بە یەکی شەڕەکانی ئیتالیا لەو سی و سێ ساڵەدا ئەوەندە زۆرە هەر باس ناکرێ و ئەمڕۆ کەس تاقەتی بیستنیانی نییە و لە کتێبەکانی مێژوودا بەتێروتەسەلی باس کراون. گرنگیی وردەکارییەکانی ئەو شتانە، لە

---

*پێوار غەیب، نادیار.

ڕووداونامەی نەمری مێژوودا، جگە لە نواندنەوەی توانای مرۆڤ بۆ شەڕ و پێکدادان شتێکی دیکە نییە. لەو هەمووە تێکهەڵچوونە، کۆمەڵێک ئاکامی مێژوویی، جا هەندێ گرنگ و هەندێکیش زۆر ورد بەڵام لەبیرنەکراو مانەوە: فلۆرانسییەکان، تووڕە لەسەر خۆبەدەستەوەدانی پیرۆ، لێی ڕاپەڕین و مەدیچییەکانیان وەدەر نا و کۆماریان ڕاگەیاند. هاوپەیمانیەتیی ئیسپانیا و بنەماڵەی هاپسبۆرگ چەند ساڵان دواتر، ئیمپراتۆرییەکەی شاڕلی پێنجەمی لێ کەوتەوە کە جڵەوکەری سەدەی داهاتوو بوو فەرمانڕەوا بێ ترسەکەی میلان، لۆدۆڤیکۆ ئیل مۆروو لە فە ڕەنسا باجی گەمژەییەکەی خۆی دا و هەر لەوێ مرد، فەڕەنسوای یەکەم، پادشای فەڕەنسا، لە پێکدادانە هەرە بەناوبانگەکەی ئەو شەڕانەدا لە پاڤۆیا، بەدیل گیرا و بە گوتنی ئەم قسەیە "جگە لە شە ڕەف، هەرچی هەبوو لەدەست چوو" ناوی خۆی لە نێو کۆی پەند و قسەنەستەقەکاندا بەنەمری هێشتەوە.

جگە لەوانەش، گرنگیی شەڕەکانی ئیتالیا لەوەدا بوو کە جاربەجار دەزگای پاپایەتیی پتر تووشی سیاسەت کرد و تەواو سووک و چرووکی کرد. ڤاتیکان لەو ڕووداوەدا ڕۆڵێکی هاوسەنگی دەوڵەتە باوەکانی هەبوو بەردەوام سەرقاڵی ساتوسەودا بوو سوپای کۆ دەکردەوە، شەڕی دەکرد و یەکسەر لە کاروباری شیاوی فەرمانڕەوا دنیاییەکانەوە گلا. لە ئاکامدا هاتە ڕیزی دەوڵەتەکانی دیکە و هەر ئەوەش ڕێگەی بۆ تالانی ڕۆما خۆش کرد. پاپاکان جاربەجار پتر گرنگییان بەم دنیایە دا، زۆر بەکەمی پەرژانە سەر حەز و کاروباری خوایی. جا لەبەر ئەوەی بەردەوام خەریکی دانوستان و ساتوسەودا لەگەڵ ئەم و ئەو بوون، جا ر بە جار پتر کێشە نێوخۆییەکانی کلێسا و کۆمەڵگەی ئایینییان پشتگوێ خست و هیچ ئاگایان لە نیشانەکانی ئەو قەیرانە نەما، کە دواتر قەڵەمڕەوەکەیانی تەنییەوە.

ئامۆژگارییە ئاگرینەکانی ڕاهیبێکی دۆکینیکەن بەناوی جیرۆلامۆ ساڤۆنارۆلا، ڕێبەری دێری سان مارکۆ لە فلۆرانس، لە ١٤٩٠ بەدواوە، وەک زریکە و هاوارێکی ئایینی بەهەموو شارەکەدا گەڕا و لە سەرانسەری ئیتالیادا دەنگی داوە، بەڵام حەوت ساڵی خایاند، هەتا ئالکساندرا ئەم دەنگەی بیست.( ٩١)

ناکرێ ساڤۆنارۆلا بە پێشەنگی لۆسەر دابنێین، ئەو مامزەی تاوان بوو لەو جۆرە بنیادەمە بەجۆشوخرۆشانە بوو کە لەسەردەمی هەرا و پشێویدا قوت دەبنەوە و بە دەمارگرژییەکەی خۆیان خەڵک دەبزوێنن. ساڤۆنارۆلا رۆڵەی سەردەمی خۆی بوو . ڕیسوایی و سووکبوونی کلێسا، بێزارییەکەی ئەوی ورووژاندبوو. پشتیوانیی لە ڕیفۆ ڕمی کلێسا دەکرد و پیاوانی ئایینیی پاک و بێگەردی بە مەرجی واجبی کرانەوەی ڕێگەی بەهەشت دەزانی. بەربێژییەکەی ئەو کە دەیگوت بەدوای ڕیفۆڕمدا سەردەمی بەختەوەریی هەموو مەسیحییەکان وەدی دێت، زۆر زۆر سەرنجڕاکێش بوو. ساڤۆنارۆلا بانگەشەی بۆ ڕیفۆڕمی باوەڕ یان جیابوونەوە لە ڕۆما نەدەکرد، ئامانجی تووڕەییەکەی ئەو گوناح و تاوانەکانی خەڵک و پیاوانی ئایین بوو. چەپەڵیی پاپاکان و پیسی و گەماریی بەرپرسانی کلێسای بەسەرچاوەی هەموو گوناحەکان دەزانی. لۆمە و سەرکۆنە و بەربێژی و کە ڕامات نواندنەکانی وی، وەک پیکۆدێلا میراندۆلا دەیگوت"ترس و سام و هەرا و هاوارێکی خستە ڕێ، هەمووان بە زراوتۆقیوی بەنێو شاردا سەریان لێ شێوابوو و دەخولانەوە."( ٩٢) ئەو بەربێژییەی کردبووی کە لۆرێنتسۆی بەشکۆ و ئینوکێنتیۆسی هەشتەم هەردووکیان لە ساڵی ١٤٩٢دا دەمرن، زۆر زوو وەدی هات و دەسەڵاتێکی سەرسامکەری بەو بەخشی."( ٩٣) ساڤۆنارۆلا بوو بە سەرۆدەر و ئیلهامبەخشی ئەو ئاگرە مەزنانەی خەڵک هەڵیاندایيساند و دەستە دەستە و بە فرمێسک باراندن و شین و رۆڕۆە، خشڵ و شمەکە گرانبایيەکانیان و تابلۆی نەقاشی و جلوبەرگی بەنرخ و زێڕ و گەوهەرەکانی خۆیانیان دەخستە سەر کڵپی ئاگرەکەوە و دەیانسووتاندن. داوای لە شوێنکەوتووەکانی دەکرد، خۆیان چاک بکەن و گەمە و بەزم و ڕەزمی گوناحبارانە و سووتخۆری و ڕق و قینی بنەماڵەییان بەلاوە بنێن و فەرزە ئايينییەکانیان بەجێ بێنن.

تووڕەیی ساڤۆنارۆلا لە لۆمەکردنی کلێسادا دەگەیشتە لووتکە. ئەو دەیگوت:"پاپا و ئۆسقۆفەکان دژی لووتبەرزی و پلەوپایەپەرستی قسە دەکەن، بەڵام خۆیان هەتا قوڕقوڕۆچکەیان تێدا نوقم بوون. بانگەشە بۆ داوێن پاکی دەکەن، کەچی خۆیان مەعشووقە و دۆست دەگرن.. فکر و زکریان بەلای ماڵی

دنیاوەیە و هیچ کاریان بە ڕۆحی بنیادەمەوە نییە." کلێساکانیان کردووەتە قەحپەخانە.. قەحپەیەک لەسەر تەختەکەی سولەیمان دانیشتووە و ئاماژە بۆ ڕێبواران دەکا و بانگیان دەکاتە لای خۆی. هەر کەس نرخەکەی پێ بدرێ، وەژوور دەکەوێ و چیی پێخۆش بێ دەیکا، بەڵام ئەوەی نیەت و نیازێکی چاکەی هەبێ، فڕێ دەدرێتە دەرەوە. کەواتە، تۆ ئەی کلێسای قەحپە، لەبەر چاوی هەمووان قەحپەیەتیی خۆتت ئاشکرا کردووە و بۆگەنی هەناسە ژەهراوییەکەت گەیوەتە تەشقی ئاسمان٩٤)

ئەو جنێوانە ناڕاستیش نەبوون، بەڵام ڕۆمای ــ کە لە کۆنی کۆنەوە خووی بە ڕەخنەگرە ئاگرینەکانەوە گرتبوو نەدەورووژاند. ساڤۆنارۆلا لە ڕووی سیاسییەوە ئەو دەمە بوو بە مەترسی، کە پەسن و تاریفی شا ڕلی هەشتەمی کرد و ئەوی بە چەکی ڕیفۆڕم دانا کە خوا ناردوویەتی بۆ ئەوەی "وەک خۆم ماوەیەک لەمەوبەر پێشبینیم کرد" نەخۆشییەکانی ئیتالیا دەرمان بکا و کلێسا چاک بکا."( ٩٥) ئەو پاڵەوان دروستکردن انە لە فەڕەنسا، هەڵەی خۆکوژانەی ساڤۆنارۆلا بوو لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە فەرمانڕەوا تازەکانی فلۆرانسی دەخستە مەترسییەوە و لە لایەکی دیکەوە پاپای لێ دەکردە بەرهەڵستکار. فەرمانڕەواکانی فلۆرانس داوایان کرد بێدەنگ بێ، بەڵام ئەلکساندر نەیدەویست خەڵک هەرایان لێ هەستێ و هەروا دەستی لەسەر دەست دانا هەتا ئاخرییەکەی تووک و لەعنەتی ساڤۆنا لە پاپا و بەرپرسانی کلێسا لەسەرەوە بۆ خوارێ، گەیشتە جێیەک، ئیتر نەدەکرا چاوپۆشی لێ بکرێ، بەتایبەتی کە ساڤۆنارۆلا داوای پێکهێنانی "ئەنجوومەن"ــی دەکرد بۆ ئەوەی پاپا بە تاوانی کڕین و فرۆشتنی پلەوپایەکانی کلێسا لەسەر کار لابەرێ.

ئەلکساندر لەپێشدا هەوڵی دەدا نەهێڵێ ساڤۆنارۆلا بچێتە سەر مینبەر و بەبێدەنگی، دەنگی ببڕێنێتەوە. بەڵام ناکرێ ئەو پەیامهێنەرانەی وجوودیان پڕە لە دەنگی خودا، هەروا بە ئاسانی بێدەنگیان بکەی. ساڤۆنارۆلا لە فەرمان و ئەمری پاپا ملی بادا و گوتی: ئەلکساندر بەو تاوانانەی کردوویەتی، ئیتر مەرجەعیەت و پێگەی خۆی وەک باوکی ئایینی لەدەست داوە و "چیتر

مەسیحی نییە و کافر و مورتەدە، بۆیە بۆی نییە پاپا بێ."( ٩٦) دژکردەوەی ئەلکساندر، تەکفیرکردنی ئەو بوو. بەڵام ساڤۆنارۆلا گوێی نەدایێ و دەسبەجێ دەستی کرد بە ڕێکخستنی ڕێوڕەسمی ئایینی و "عیشای ڕەبانی" لە کلێسادا. لەو دەمەدا ئالکساندر فەرمانی دا بە بەرپرسانی فلۆرانس، خۆیان ئەو وتاردەرە بێدەنگ بکەن، ئەگینا هەموو شارەکە تەکفیر دەکا. لەو جەنگەیەدا، دوژمنەکانی ساڤۆنارۆلا، ناچاریان کرد بۆ سەلماندنیڕاستبوونی خۆی، بە ئاگردا تێپەڕێ، جا لەبەر ئەوەی خۆی لەبەر ئاگرەکە ڕانەگرت، کەفوکوڵی خەڵکی لێ ورووژا و بەرەنگاری بوونەوە. فەرمانڕەوایانی فلۆرانس لە بەندیخانەیان توند کرد و ئەشکەنجەیان دا بۆ ئەوەی ئیعتراف بکا و بڵێ گزیکەر و چاوبەست بووە. دوای ئەوە دایانە دەست لێپێچەرەکانی پاپا و ئەوان دیسان بۆ ئەوەی دان بە بیدعەت و کوفربێژیی خۆیدا بێنێ، ئەشکەنجەیان دا و ئاخرییەکەی بۆ ئیعدامکردن دایانەوە دەست دەوڵەت. ساڤۆنارۆلا لە نێو هەرا و زەنازەنای لات و هەرچی و پەرچییان لە ١٤٨٩دا لە سێدارە درا و دواییش سووتاندیان. دەنگی هەورەتریشقەکە کەوت، بەڵام ئەو ملبادان و سەرپێچییەی دژی دەزگای پاپا خستبوویە ڕێ، هەر نەبڕایەوە.

وتاردەرە گەڕۆکەکان و زاهید و ڕاهیبەکان، لەسەر قسەکانی بەردەوام بوون. لەو نێوەدا خەڵکی شێت و دەمارگرژیش هەڵدەکەوتن، بەڵام هەر هەموویان لە ناخەوە نەفرەتیان لە کلێسا هەبوو و بەدەنگ کوڵوکۆ و جۆشوخرۆشە گشتییەکەوە دەچوون. هەر کەس باسی چاکسازیی ئایینی کردبا، بەدڵنیاییەوە گوێگری دەبوو. ئەوانە دیاردەگەلێکی تازە نەبوون. وتارو وتاردەر و ئەو ڕاهیبانەی پیاوی ئایین نەبوون، هەر لەکۆنی کۆنەوە یەکێک بوون لەو شتە دەگمەنانەی خەڵک پێیان ڕادەبواردن. ئەوان لە شارێکەوە دەچوونە شارێکی دیکە، ئاپۆرایەکی خەڵک لە دەوریان کۆ دەبوونەوە و ماوەی چەند سەعاتان لەسەرخۆ گوێیان لە وتار و ئامۆژگارییە دوورودرێژەکانیان ڕادەگرت. ئەو کۆبوونەوانە لە گۆڕەپانە گشتییەکانی شارەکاندا دەکران، لەبەر

ئەوەی کلێساکان جێی ئەو جەماوەرەیان نەدەبۆوە. لە ڕاپۆرتێکی ١٤٤٨ـدا هاتووە، کە ١٥٠٠٠ کەس لە پرۆجا، بۆ بیستنی وتاری یەکێکی بەناوبانگی بنەماڵەی فرانسیسکۆن بەناوی ڕۆبێرتۆ دا لیچی، کە چوار سەعاتی خایاند، کۆ بوونەوە. (٩٧) ئەو وتاردەرانە خراپەکارییەکانی سەردەمیان سەرکۆنە دەکرد و خەڵکیان ئامۆژگاری دەکرد کە دەست لە گوناح هەڵگرن و لە ژیاندا ڕێگەیەکی پاکتر بگرنە بەر و گرنگییەکەیان لەو کەفوکوڵەدا بوو کە لە خەڵکدا دەیانورووژاند. قسەکانی ئەوان بە "شوێنکەوتنی" خەڵک بە گشتی و سوپاس و پاداشت بۆ وتاردەرەکان کۆتایی دەهات. لە دوایینساڵەکانی سەدەدا، مزگێنیی سەر زار و زمانی وتاربێژەکان هاتنی "پاپایەکی فریشتەئاسا" بوو کە دەبێتە بناغەدانەری ڕیفۆ ڕمی ئایینی، ئیتر لەمەودوا، وەک چۆن ساڤۆنارۆلا مزگێنییەکەی دابوو جیهانێکی باشتر وەدی دێت. بیست کرێکاری شوێنکەوتووی وتاربێژێکی فلۆرانسی، هاتن پاپای خۆیان هەڵبژارد." ٩٨) و ئەویش بە شوێنکەوتووەکانی خۆی گوت، جا مادام ڕیفۆ ڕمی ئایینی وەدی نەیە، کارێکی بێجێیە بچیتە کلێسا بۆ دانان بە تاواندا، لەبەر ئەوەی قەشەی شیاو و ناوخۆش هەر نییە. قسەکانی ئەو کابرایە وەک پێشەکیی گۆڕانکارییەکی خێرا و گەورە و بە هەموو وڵاتدا بڵاو بوونەوە.

سەردەم، سەردەمی زێدەڕۆییە بێسنوورەکان بوو بەڵام هەڵسوکەوتی بنەماڵەکەی بورحا تەنانەت ڕووی ئەو سەردەمەشی سپی کردەوە. ئالکساندر هەر کە زانیی بەقازانجیەتی لەگەڵ بنەماڵەی پادشایەتیی ناپل خزمایەتی بکا، لۆکرتسیای کچی لە جۆڤان ی سفۆرتسا ئەستاندەوە و کچەی لە ئالفۆنسۆی میراتگری تەخت و تاجەکەی ناپل مارە کرد. وایان بڵاو کردەوە کە زاوا نەیتوانیوە ببێتە پیاو و مێردەکەش بەتووڕەییەوە بۆ ئەوەی ئەو بوختانە بەدرۆ بخاتەوە، لەبەرچاوی هەمووان کردییە هەرا و گوتی کچە تەڵاق نادەم، بەڵام لە ژێر گوشاری سیاسی و ماڵیی پاپادا ناچار ملی ڕاکێشا و تەنانەت جیازی کچەکەشی ناردەوە. لۆکرتسیایان لە ڤاتیکان، بە تەدارەک و مبارەک دا بە

پیاوێکی جوان. کچە بەپێی گێڕانەوەی جۆراوجۆر، هەر بە ڕاستی مێردە تازەکەی خۆش دەویست، بەڵام سووکایەتی بە بنەماڵەی سفۆرتسا و بێ ڕێزیی ناوەندی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، ئەوەندەی دیکەش ئابڕووی ئالکساندری برد. جۆڤانی سفۆرتسا تۆمەتی ئەوەی دانە پاڵ، کە پاپا ویستوویەتی لەگەڵ کچەکەی خۆی دەست تێکەڵ بکا و حەزی لە زینای مەحرەم بووە، ئەو قسەیە ئەوەندەی دیکەش حەیای برد. جا چونکە کچە دەسبەجێ مێردی کردبۆوە، سەلماندنی ئەو قسەیە زۆر ئەستەمە، بەڵام ئەو قسەوقسەلۆکەش هاتە سەر لافاوی ئەو هەمووە بوختان و قسەوباسەی لەسەر بێناموسی و هەرزەیی ئالکساندر و دەوروبەرییەکەی دەکرا و گووکارییەکانی چێزارێی کوڕی پاپایش دۆخەکەی پتر شێواند.

هەر ئەو ساڵەی لۆکرتسیا مێردی کردەوە، سەرلەبەیانییەک، تەرمی خۆئان دۆک گاندیا کوڕە گەورەکەی پاپا، لە ڕووباری تیبێردا دۆزرایەوە.(٩٩) نۆ خەنجەری لێ درابوو. باوکی بەشێکی زۆر لە ملکەکەی پاپایەتیی بەو کوڕەی بەخشیبوو بۆیە خۆئان دوژمنی زۆر بوو بەڵام قاتڵەکەیان هەر نەدۆزییەوە. ئەو ڕازە چەندی پتر بەشاراوەیی ماوە، سرتوخورتەکان پتر بوون و گومانەکان پتر چوونە سەر چێزارێ. دەیانگوت ئەو ویستوویەتی ئەو بەخشین و دڵاواییەی باوکی، لەبری براکەی بۆ ئەو بێ یان، دەیانگوت، هەردوو براکە لەگەڵ خوشکەکەیان دەستیان تێکەڵ کردووە و هەر ئەوەش کوشتنەکەی لێ کەوتۆتەوە. لە مەنجەڵی لەکوڵی دەنگۆسازییەکەی ڕۆمادا، هەر گەندەڵی و پیسییەکی بڵێی لە بورجاکان دەوەشاوە (ئەگەرچی مێژوونووسەکان وردە وردە پیاوکوشتنەکەیان لە ئەستۆی چێزارێ داڕنیوە).

ئالکساندر، مات و حەیران، لەوانەشە زراوتۆقیو لە کوژرانی کوڕەکەی، پەژیوان بۆوە و تۆبەی کرد و ئیتر هەر خۆی خواردەوە و چوو بەناخی خۆیدا. لە کۆبوونەوەی کاردیناڵەکاندا گوتی:"گەورەترین مەترسیی سەر هەر پاپایەک، ئەوەیە کە خێڵی ماستاوچییەکان وا دەوری بدەن، هەرگیز ئەو حەقیقەت و ڕاستییانە نەبیستێ کە پەیوەندییانە بەخۆیەوە هەیە و ئاخرییەکەی

کار بگاتە جێیەک، ئەو تەنانەت نەیەوێ گوێی لە حەقیقەت وڕاستی بێ." (١٠٠)
ئەوە پەیامێک بووە بۆ هەموو کەسێکی سەرەڕۆ(تۆتالیتار) لە مێژوودا، ئەگەرچی هەرگیز گوێیەک نەبووە بیبیستێ. پاپا لە جەنگەی قەیرانە دەروونییەکانی خۆیدا ڕایگەیاند، ئەوە داری خودا بووە لەسەر تاوانەکانی و ئەو بڕیا ری داوە لەمەودوا بەشێوەی ژیانی خۆیدا بچێتەوە و چاکی بکا و کلێساش چاک بکا. "ئێمە چاکسازی لەخۆمانەوە دەست پێ دەکەین و لە هەموو ئاستەکانی کلێسادا دەچینە پێشەوە، هەتا کارەکە بەتەواوەتی دەکرێ."
ئالکساندر دەسبەجێ کۆمسیۆنێکی لە خۆشەویستترین کاردیناڵەکان پێک هێنا، بۆ ئەوەی بەرنامەیەک داڕێژن. بەڵام ئەو کۆمیسیۆنەش نەچووە سەر ئەسڵی بابەتەکە ـ ئەوەندە نەبێ، پەسندکراوێکی دەرکرد لەبارەی کەمکردنەوەی مووچە و ئیمتیازە چەند لایەنەکەی کلێسا، کە لە کاردیناڵەکانەوە دەستی پێ دەکرد و وای دانابوو داهاتەکەی ئەوان، کە بە ڕواڵەت داهاتی هەرکامێکیان گەیشتبووە شەش هەزار سکەی زێڕ، کەم بکرێتەوە و فەرمانبەرانی هەمووانیش کەم بکرێنەوە و ئەوپەڕەکەی لە هەشتاکەس زیاتر نەبن (و لانیکەمەکەی دوازدە پیاوی ئایین لەخۆ بگرن) و سوارەی حیمایە لە سی کەس پتر نەبێ و لەسەر سفرەی خواردن پتر دەست پێوە بگیردرێ، بەجۆرێک لە هەر جەمە خواردنێکدا لە گۆشتێکی کوڵاو و گۆشتێکی برژاو پتر دانەنرێ و خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز جێی ڕابواردنی ژەنیاران و ئەکتەرەکان بگرێتەوە. کاردیناڵەکان ئیتر بۆیان نەبوو لە کێبڕکێ و کەرنەڤاڵ و شانۆ نائایینییەکاندا بەشدار بن، یان بەناوی خزمەتکاری جەستە "گەنجی" جۆراوجۆر دامەزرێنن. مادە پێشنیارییەکەی دیکەی کۆمیسیۆن ئەوە بوو کە دە ڕۆژ پاش بڵاوبوونەوەی ڕاگەیەنراوی چاکسازی، هەموو کەنیزە سیغەکراوەکان ئازاد بکرێن و لەوانەیە هەر ئەم مادەیە باوکی پیرۆزی سارد کردبێتەوە.( ١٠١)
ماددەیەکی دیکە کە خوازیاری پێکهێنانی "ئەنجومەن"ێک بوو بۆ جێبەجێکردنی ڕیفۆڕمەکان، پاپای لە خەون و خەیاڵ ڕاچڵەکاند، نووسراوی "پشکنینی

کورسیی پاپا" هەرگیز دەرنەکرا و مەسەلەی چاکسازیی کلێساش هەر دیزەبەدەرخۆنە کرا.

فەڕەنسییەکان لە ئەمر و فەرمانی پادشا تازەکەی خۆیاندا، لۆیی دوازدەیەم لە ١٤٩٩دا دیسان هاتنەوە سەر ئیتالیا. ئەمجارەیان دەیانگوت تاج و تەختی میلان، لە ڕێی بنەماڵەی ئۆرلیانەوە بەمیرات بەو دەبڕێ.(١٠٢) پیاوێکی دیکەی ئاییی ــ ئۆسقۆفی مەزنی ڕۆیان ــ ڕاوێژکاری پادشا و دنەدەری ئەو هەوڵە بوو. ئەو کابرایەش پلەوپایەپەرست بوو و دەیەویست ببێتە پاپا، بۆیە وای دەکرد. پێی وابوو ئەگەر فەڕەنسا بەسەر میلاندا زاڵ بێ، هەنگاوێکی مەزن دەبێ لەو پێناوەدا(کە ئەو ببێتە پاپا).ڕۆڵی ئالکساندر لە هێرشە تازەکەدا، لەژێر کاریگەریی ئەزموونەکەی جاری پێشوودا و بەدڵنیاییەوە لە سای خۆپەرستی و پشتگوێخستنی بنەما و پرەنسیپەکان بوو. ژنەکەی لۆیی، ژانی خوشکی شارلی هەشتەم، ژنێکی ئیفلیج و کەنفت بوو. لۆیی داوای لە پاپا کرد بۆی تەڵاق بدا، بۆ ئەوەی بێوەژنە زۆر دڵڕفێنەکەی شا ڕلی هەشتەم بەناوی دۆبێرتانی مارە بکاتەوە و "دو وک نشین"ــەکەی ئەو سەرداپۆشراوە بەدوایدا بکەوێتە سەر پێگەری پادشایەیی فەڕەنسا.

ئۆلیڤێر مایار، قەشە شیفادەرەکەی شای کۆچکردوو زۆر دژی داخوازییەکەی لۆیی بوو بۆ تەڵاقدانی ژنەکەی. خەڵکی فەڕەنساش هەمووان بەزەییان بە شاژنە لێقەوماوەکەدا دەهاتەوە، بەڵام ئەلکساندر زۆری گوێ لە قسەی خەڵک نەبوو. پاپا بیری لە زێڕ دەکردەوە بۆ خەزێنەکەی و پێشکەوتنی چێزارێی کوڕیشی کە پاش وازهێنان لە خزمەتی کلێسا، زۆری حەز لێ بوو کچەکەی ئالفۆنسۆ پادشای ناپلی بۆ بێنن و کچەش لە سایەی سەرپەرشتیاریی دەرباری فەڕەنسادا بوو و لەوێیش دەژیا. دەستلەکارکێشانەوە دەگمەنەکەی چێزارێ لە ڕێبازی کاردیناڵەکان، هەمووانی لەخۆی کردە دوژمن و هاواری لە مێژوونووسە ڤێنیزییەکە هەستاند، کە بەم جۆرە فەرمانڕەوایی پاپاکانی

ڕێنسانسی کورت کرد ۆتەوە:"بەو شێوەیە لە کلێسای خوادا، ئێستا هەموو شتێک پێچەوانە و سەروبنە."(١٠٣)

پاپا بە سی هەزار سکەی زێڕ و وەرگرتنی پشتیوانیی فەڕەنسا بۆ نەخشەکەی چێزاری، زەماوەندەکەی لۆیی هەڵوەشاندەوە و ڕێی پێ دا لەگەڵ خاتوون دونبێرتانی زەماوەند بکا و لەو نێوەدا کڵاوێکی سووری کاردیناڵییش بە ئۆسقۆفی مەزنی ڕۆیان بڕا و پۆستی کاردیناڵیی ئامبوازی پێ درا.

گەمژەیی لەو دووەمین تەڵاقە و دەرکەوتەکانیدا، گەیشتە لووتکە. چێزاری خۆی بە شان و شکۆوە فەرمانی تەڵاقەکەی لەگەڵ خۆیدا بردە فەڕەنسا و لەبارەی لایەنگریی دەزگای پاپا بۆ هێرشکردنە سەر میلان لەگەڵ پاپا قسەی کرد. پاپا لەبەر کوڕە بەدناوەکەی هاوکاریی فەڕەنسای دەکرد، کە بە قسەی ئالکساندر، بەهەموو دنیای نەدەگۆڕییەوە. ئەم هاوکارییە، دەنگی لە بەرهەڵستکاران و دژبەرە زۆربەکانی ـ واتە بنەماڵەکانی سفۆرتسا و کۆلۆنا و فەرمانڕەواکانی ناپل و ئیسپانیایش ـ هەستاند. نێردەی پۆرتۆگال بە نوێنەرایەتیی ئیسپانیا چوونە لای پاپا و لەسەر خزم خزمێنە و کڕین و فرۆشتنی پلەوپایەکانی کلێسا و سیاسەتەکەی لەمەڕ فە ڕەنساوە سەرکۆنە و لۆمەیان کرد و گوتیان، ئەو کارانە ئاشتی و هێمنیی ئیتالیا و لەڕاستیدا هەموو جیهانی مەسیحییەت دەخاتە مەترسییەوە.( ١٠٤) لەگەڵ ئەوەدا هەڕەشەی بانگەوازی "ئەنجومەن"ـیشیان هێنا گۆڕێ، مەگەر ئەوەی پاپاڕێوشوێنی خۆی بگۆڕێ، کە نەشی گۆڕی. پاش ئەوە، کۆمەڵێک نێردەی ئیسپانیی زۆر توندتر، بۆ ئەو ئەرکە هاتن. مەبەستی هەمووشیان بە ڕواڵەت چاکبوونی کلێسا بوو بەڵام مەبەستە سەرەکییەکە ـ واتە پووچەڵکردنەوەی پلانەکانی فەڕەنسا ـ هەروەک ئامانجەکانی ئەلکساندرا سیاسی بوو. کۆبوونەوەکان پڕجۆشوخرۆش و کەفوکوڵ بوون، هەڕەشەی چاکسازیی ئایینی لە ڕێگەی پێکهێنانی ئەنجوومەنەوە، دووبارە بۆوە. نێردە تووڕەکەی ڕووبەڕووی ئەلکساندر، هەڵبژێردرانی ئەوی بە پووچەڵ و نازناوی پاپاییەکەیشی بە شتێکی فشە دانا.

ئالکساندریش هەڕەشەی لێکرد و گوتی دەتدەم بە ڕووباری تیبێرتدا بدەن و جنێوی بە پادشا و شاژنی ئیسپانیا دا و دەستتێوەردانەکەیانی بەشتێکی خراپ دانا.

زەماوەندەکەی چێزارێ، لە سای بێزاریی لەڕادەبەدەری شازادە خاتوون لە خوازبێنیکەرەکەی، هەڵوەشاوە. ( ١٠٥) هاوپەیمانی لەگەڵ فەڕەنسادا لەرزۆک بوو و ئالکساندر بەتەنێ ماوە. پاپا ئەوەندەی هەست بە مەترسی دەکرد، کە لەکاتی چاوپێکەوتنەکانیشدا، بەردەوام چەکدارێکی لەگەڵ بوو. دەنگۆیەک لە ڕۆما گەڕابوو کە دەوڵەتە گەورەکان ئیتر وازیان لەوە هێناوە بەرفەرمانی ئەو بن و لەوانەیە "لێکترازان"ێکی دیکە بێتە ئاراوە. بەڵام پادشای فەڕەنسا زەماوەندێکی دیکەی لەگەڵ ناڤاری خوشکی پادشا بۆڕێکخست و ئالکساندر وا شاگەشکە بوو داواکەی فەڕەنسای لەسەر میلان پشتڕاست کردەوە و لەگەڵ ڤێنیزیش کە بەردەوام ئامادەی دژایەتیکردنی میلان بوو و لەگەڵ فەڕەنساش، پەیمانێکی بەست. هێزەکانی فەڕەنسا بە یارمەتیی سەربازە بەکرێگیراوە سوویسرییەکان جارێکی دیکە وەسەر لووتکەکانی ئالپ کەوتن و پێیدا تێپەڕین. میلان لەبەر زەبری هێرشبەرەکاندا بەچۆکدا هات و سەرەڕای ئەو بێزاری و نەفرەتەی ئەم هێرشە لە هەموو ئەورووپادا دروستی کرد، ئالکساندر پێخۆشبوونی خۆی نەشاردەوە. لە جەنگەی شەڕ و بشێوییەکەدا، هەزاروپێنجسەدەمەین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی مەسیحی بەسەردا هات و ئەو زیارەتکەرانەی بۆ بەشداری لەو جێژنانەدا هاتبوونە ڕۆما، لەبری ئەمان و تەناهی، بەسەر بشێوی و ئاژاوە و تاڵان و برۆ و پیاوکوشتندا کەوتن(١٠٦)

چێزارێ ئیتر تەواو سەرقاڵی کاروباری سەربازی بوو و دەیەویست سەرلەنوێ ئەو بەشانەی ئەیالەتەکانی پاپایەتی زیندوو بکاتەوە کە لەڕادەبەدەر بەرەو سەربەستی چووبوون. هەندێ لە هاوچەرخەکان پێیان وایە، ئامانجی چێزارێ ئەوە بوو پێگەڕ(قەڵەمڕەو)ـێکی دنیایی و تەنانەت کەوشەنێکی پادشایەتیی لە ئیتالیای ناوەندیدا بۆخۆی دروست بکا. تێچووی ئەو

لەشکرکێشی و پەلامارانە، بەشێکی هەرە زۆری داهاتەکانی پاپایەتیی برد و لە خولێکی دوو مانگەدا گەیشتە ١٣٢٠٠٠ سکەی زێڕ، کە نیوەی داهاتی ئاسایی دەزگای پاپایەتی بوو و لە خولێکی هەشت مانگەی دیکەدا گەیشتە ١٨٢٠٠٠ سکەی زێڕ. چێزاریٚ ئێستا لە ڕۆمدا ملهوڕی دەسەڵات بوو ملهوڕێکی بێ ترس، مودیرێکی بەتوانا بە کۆمەڵێک سیخوڕ و پشکنەری بێ ژ ومار، بەشانوباهۆ و بەتوانا لە هونەرەکانی شەڕدا، کەسێک کە بە زەبرێک سەری گایەکی دەپەڕاند. لایەنگری هونەریش بوو و دەستی شاعیر و نەقاشەکانی دەگرت. بەو حاڵەشەوە هەر بێ یەک و دوو زمان و دەستی ئەو کابرایەی بڕی، کە دەیانگوت لەجێیەک نوکتەیەکی لەبارەیەوە گێڕاوەتەوە. دەیانگوت، کابرایەکی ڤێنیزیایی کە چەلەحانێیەکی پڕ لە سووکایەتیی لەبارەی پاپا و کوڕەکەیەوە بڵاو کردووەتەوە، کوژراوە و بە ڕووباری تیبێردا دراوە. باڵیۆزە داماوەکەی ڤێنیزیش ڕایگەیاند:"شەو نییە تەرمی چوار پێنج قەشە و ئۆسقۆفی کوژراو نەدۆزرێتەوە و هەموو ڕۆما لە ترسی کوژران بەدەستی دووک (١٠٧) دەلەرزیٚ." دووک قین لەدڵ و خراپەکار بوو سووک و سانا بەرهەڵستکارەکانی خۆی شوێنبزر دەکرد و سەربازەکانی لەجێیان دادەنا. لە ترسی گیان و لەوانەشە بۆ داپۆشینی پەڵە نا ڕێکەکانی دەموچاوی خۆی، هەرگیز بەبێ دەمامک لەماڵەوە نەدەچووە دەریٚ.(١٠٨)

لە ١٥٠١دا پێنج پیاوکوژ پەلاماری دووەم مێردەکەی ل ۆکرتسیایان دا. ئالفۆنسۆ برینەکەی زۆر قووڵ بوو بەڵام بەزیندوویی دەرچوو. لۆکرتسیا بەدڵ و بەگیان سارێژی کرد، مێردەکەی دڵنیا بوو لەوەی بە فیتی چێزاریٚ بووە و ئێستاش هەوڵ دەدا ژەهرخواردی بکا. لە ترسان ڕێگەی بە پزیشکەکانیش نەدەدا سەری لێ بدەن و خەریک بوو چاک دەبۆوە، کەڕۆژێکیان بە ڕێکەوت، ژن برا بێزراوەکەی خۆی دی، لە خوارەوە لە باخەکەدا پیاسە دەکات. دەستی دا تیروکەوان و تیرێکی بە چێزارێوە نا بەڵام تیرەکە سەری کرد و نەیگرت. ئەو کارە بەنرخی گیانی تەواو بوو. پارێزەرەکەی دووک، چەند ساتێک دواتر

ئالفۆنسۆی لەتوپەت کرد. (      ١٠٩) ئالکساندر کە زراوی لە پڵێنگە دەستپەروەردەکەی خۆی چووبوو متەقی لێ نەهات.

پاپا لە مەرگی زاواکەیەوە هیچ ئازارێکی ویژدانیشی تووش نەبوو بگرە بە شایەتیی بیرەوەرییەکانی  ڕۆژانەی بورخارد، ئەگەر تۆزە حەیایەکیشی بۆ مابۆوە، ئەوەشی بەبادا دا. هێشتا دوو مانگ بەسەر مەرگی ئالفۆنسۆدا تێنەپەڕیبوو لە سەرووی مەجلیسی میوانییەک دانیشت، کە چێزارێ لە ڤاتیکان ڕێکی خستبوو و لە مێژووی "ئەلفیە و شەلفیە"دا بە "بالێی شابەڕوو" بەناوبانگە.

بورخارد زۆر لەسەرخۆ ڕووداوەکەی گێڕاوەتەوە: پاش نانی ئێوارێ، پەنجا لەشفرۆش "لەپێشدا بەجلوبەرگەوە و دوایی بەڕووتی" لەگەڵ میوانەکان سەمایان کرد. دواتر مۆمدانە چەند لقەکانیان لەسەر عەرزی دانا و شابەڕوویان بەنێودا بڵاو کردنەوە و "سۆزانییەکان، بە گاگۆڵکێ، لە نێوان مۆمدانەکاندا کۆیان دەکردنەوە و پاپا و چێزارێ و لۆکرتسیای خوشکی سەیریان دەکردن." ئەمجارە نۆرە گەیشتە باوەش و   ڕاموسینی میوان و سۆزانییەکان و "هەر کەس توانیبای زیاتر لەگەڵ سۆزانییەکان جووت بێ" چاکەت و پاڵتۆی گرانبایی هەوریشمینیان بەخەڵات دەدایێ.(١١٠)

بورخارد مانگێک دواتر دیمەنێکی دیکە دەنووسێتەوە، کە چەند سەر ئەسپ و بارگینیان لە حەوشەکەی ڤاتیکان کرد و ماینەکانیان لێ چاک کردن و پاپا و لۆکرتسیای کچی لە سەر هەیوانەکەوە "بە قاقا و پێکەنین و خۆشییەوە" سەیریان دەکردن. دوای ئەوە کۆمەڵێک پیاوکوژ و خراپەکاری بێ چەکیان وەک ئەسپەکان لەو حەوشەیە کرد و چێزارە تیربارانی کردن و پاپا و لۆکرتسیا سەیریان دەکردن.

دەستبڵاوییەکانی پاپا خەزێنەی بەتاڵ کرد. لە دوایین   ڕۆژەکانی ساڵی ١٥٠١دا لۆکرتسیا جلوبەرگێکی زێرکفتی لە مخمەری سوور چنراوی بە مرواری ڕازاوە و پێستی قاقم لەبەر، لە  ڕێوڕەسمێکی زۆر بەشکۆدا، بۆ

سێیەمین جار مێردی کرد و بوو بە بووکی میراتگرەکەی بنەماڵەی ئێستێی فێڕرا. خزمایەتییەکەی بورجا و بەناوبانگترین بنەماڵەکەی ئیتالیا، حەوتوویەکی ڕەبەق، بە دانیشتنی پڕ باق و بریق و بەزم وڕەزم و شانۆگەری و کێبڕکێ و گابازی، کرا بە ئاهەنگ و جێژن. ئالکساندر سەد هزار سکەی زێڕی بەدەستی خۆی وەک جیازی لۆکرتسیا بژارد و دایە براکانی زاوا. (١١١) پاپا بۆ دابینکردنی خەرجی و دەستبڵاوی و گوژمەی بەردەوامی لەشکرکێشانەکانی چێزارێی کوڕی، لە نێوان مانگی مارس و مای١٥٠٣ـدا، هەشتا پۆستی تازەی لە دیوانی ڤاتیکاندا کردەوە و هەر کامەشیانی بۆ ٧٨٠ سکەی زێڕ فرۆشت.(١١٢) و بە یەک جار، نۆ کەسی ـ کە پێنجیان ئیسپانیایی بوون ـ کردە کاردیناڵ و برە پارەیەکی لە نێوان ١٢٠٠٠٠ هەتا ١٣٠٠٠٠ سکەی زێڕی بۆ کڕینی ئەو پۆستانە لێ ئەستاندن و لە باخەڵی خۆی نا. هەر لەو سەردەمەدا جۆڤانی میکێلێ کاردیناڵە دەوڵەمەندە ڤێنیزییەکەیش، پاش دوو ڕۆژ دەردی بێدەرمانی ڕیخۆڵە مرد و سەروەت و سامانێکی گەورەی لە مردنەکەی ئەو پێ برا. دەیانگوت، چێزارێ لەبەر پارە و پووڵەکەی ژەهرخواردی کردووە.

ئەوە دوایین ساڵی ژیانی ئالکساندر بوو. دوژمنایەتی و لاساری لە هەموو لاوە دەوری پاپایان دابوو. بنەماڵەی ئۆرسینی، لەگەڵ لایەنگرە زۆرەکەیان، شەڕێکی بەربڵاویان دژی چێزارێ خستبووە ڕێ. هێزە ئیسپانییەکان لە باشوورەوە دابەزیبوون و بۆ گرتنی ناپل لەگەڵ فەڕەنسا بەشەڕ دەهاتن و زۆری نەبرد ئەوێیان گرت و بۆ ماوەی سێ سەدە و نیوی داهاتوو دەسەڵاتی ئیسپانیایان بەسەر ئەو هەرێمە پادشایەتییەدا زاڵ کرد. پیاوە ئایینییە بەکەشم ونەشم و دڵسۆزەکان، ڕۆژبەڕۆژ پتر لەسەر مەسەلەی "ئەنجوومەن" پێداگر بوون. لە نامیلکەیەکدا بە قەڵەمی کاردیناڵ سان جۆرجۆ، یەکێک لە دەسنیشانکراوەکانی ئالکساندر، دەگوترا، خۆبواردنی پاپا لە بانگهێشتی ئەنجوومەن، زیان بە کلێسا دەگەیەنێ، ئابڕووی هەموو خەڵکە مەسیحییەکە

دەبا و ئەگەر ڕێگەچارەکانی دیکە هیچیان لێ شین نەبێت  ەوە، کاردینالّەکان ئەرکی سەرشانیانە، خۆیان ئەنجوومەنێک پێک بێنن.(١١٣)

ئالکساندری شەشەم لە ئاوگۆستی ١٥٠٣ لەتەمەنی حەفتاوسێ سالاّندا مرد. مردنەکەی بەهۆی ژەهرخواردنەوە نەبوو ـ کە دیارە هەمووان ئەو گومانەیان بوو ـ بەڵکو لەوانەیە لەو تەمەنەی ئەودا، گەرمای ڕۆما لەپێی خستبێ. دەتگوت دێوەزمەیەک تێداچووە، قسەوباسی سامناک و تۆقێنەر، کە دیاربوو نیشانەی سۆزی هەمووانی بوو هەموو ولاّتی داگرتبوو. دەیانگوت، تەرمەکەی هەڵمساوە(بای کردوە) و  ڕەش هەڵگەڕاوە، زاری کەفی کردووە و زمانی دەرکێشاوە، ئەوەندە ترسناک، کە هیچ کەس نەیوێراوە دەستی بۆ بەرێ، بۆیە ناچار بوون پەتێکیان لە لاقی کردووە و  ڕایانکێشاوەتە نێو گۆڕەکەی. دەیانگوت، ڕێبەرە مردووەکە، لە پەیمانێکیدا لەگەڵ ئیبلیس،  ڕۆحی خۆی فرۆشتووە و تاجی پادشایەتیی پێ کڕیوە. هەموو ڕۆژێ، کۆمەڵێک نووسینی حەیابەرەی بەدڵی خەڵکی ڕۆما لە سەرکۆنە و زەمی پاپادا، بە ملی پاسکۆئینۆ ـ ئەو پەیکەرە کەوناراییەی لە  ١٥٠١دا لەبن گڵیان هێنا دەرێ و بوو بە ناوەندی داشۆرینی بێ ناونیشان ـ هەڵدەواسرا.(١١٤)

چێزارێ بەهەموو دەسەلاّتە سەربازییەکەیەوە بەبێ پشتیوانیی  ڕۆما، نەیتوانی خۆی ڕاگرێ. لە جێی باوکە بەبەزەییەکە، پێستا دوژمنێکی لەمێژینە دانیشتبوو. دوژمنە غەدارەکان لە هەموو لاوە لێی  ڕاپەڕین. ئاخرییەکەی چێزارێ، بە وەرگرتنی  ضمانتنامەیەک لە ئیسپانییەکان لە ناپل، خۆی دا بەدەستیانەوە، بەلاّم ئەوانەی گرتیان، بەڵێنەکەی خۆیان پێخوست کرد و بردیانە ئیسپانیا و لە زیندانیان توند کرد. دووساڵ دواتر لە زیندان ڕای کرد و خۆی گەیاندە ناڤار و ساڵێکی نەبرد، لە شەڕێکی ناوچەییدا کوژرا.

تاوانەکانی ئالکساندر ئەوەندە زۆر بوون، کە خەڵکی هاوچەرخ زۆرجاران بە زێدەگۆییەوە داوەریی لەسەر دەکەن، بەلاّم بورخارد، سەرۆکی دامودەستوورەکەی، نە دوژمنایەتی دەنوێنێ و نە دەیەوێ پاکانەشی بۆ بکا، کە

خوێنەر بیرەوەرییە یەکدەستەکەی ئەو دەخوێنێتەوە، وا هەست دەکا، بەردەوام زەبروزەنگێک لەئارادا هەبووە: قەتڵ لە کلێساکاندا، تەرمەکانی نێو ڕووباری تیبێر، تێکهەڵچوونی تاقمەکان، تالآن و سووتمان، قۆڵبەستکردنی خەڵک، ئەشکەنجە و ئیعدام و بەڕەڵڵایی و ڕیسوایی و خۆشگوزەرانی و ڕابواردن و دامودەستووری بێبڕانەوە و میوانداریی باڵیۆزەکان و شازادە و میران و گرنگیدانی لە ڕادەبەدەر بە جلوبەرگ و خشڵ و بەرموور و گەوهەر و دابونەریتی تەقڵە و جلیتبازی و خەڵات بردنەوەی کاردیناڵەکان ــ لەگەڵ تێچوو و گوژمەی هەموو ڕووداوەکان.

هەندێ لەو مێژوونووسانەی خوازیاری پێداچوونەوەن، پاپا بورجایان کەوتۆتە بەردڵ و زۆریان هەوڵ داوە ئەستۆپاکی بکەن. بە بەڵگەهێنانەوەی ئاڵۆز و ناڕوون، هەوڵ دەدەن بڵێن لەو تاوانەی دراونەتە پاڵی، زێدەڕۆییان تێدا کراوە یان هەندێکیان هەڵبەستراون یان بەرهەمی دەنگۆ و قسەوقسەڵۆک یان دوژمنایەتیی بێ بنەمان، تا ئەو جێیەی هەموو تۆمەتەکان لە تەپوتۆزێکی داهێنانەکاندا بزر بێ. بەڵام ئەو ڕوانگە نوێیە، سەرنج ناداتە خاڵێک، ئەویش لاساری و بێزاری و ترسێکە، کە ئالکساندر لە سەروبەندی مردنیدا خستبوویە دڵی خەڵکەوە.

لە کتێبەکانی مێژوودا، سەردەمی پاپاییەکەی ئەویان، بەبێ شەڕ و خۆڕانانە سیاسییەکان لێک داوەتەوە. هیچ باسێکی دین لە ئارادا نییە، مەگە لێرەولەوێ، ئەویش لە ئاماژە بەهەندێ وردە شتی بێنرخدا، وەک ئاماژە بە ڕۆژووگرتنی ئەو و حەزکردنی بە پاکڕاگرتنی ئایینی کاسولیک ئەویش لە ڕێی سانسۆر و هەڵپاچینی کتێبەکانەوە.

لەوانەیە باش بێ، دوایین قسە لە زمانی ئەدجیدیۆڤیتربۆ، پیری شوێنکەوتووانی ئاوگۆستینووس و کەسایەتییە بەناوبانگەکەی بزووتنەوەی چاکسازیی ئایینییەوە ببیستین، کە ڕۆژێکیان لە خوتبەی نوێژەکەیدا گوتی:

لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتیی پاپا ئالکساندری شەشەمدا، ڕۆما "نە یاسا دەناسێ و نە خوایەتی، زێڕ و زۆر حکوومەت دەکات و ڤێنووس."(١١)

پاپا شەڕخوازەکە

یۆلیۆسی دووەم ١٥٠٣- ١٥١٣

کاردینالّ دێللا ڕۆڤێرێ کە دووجاران لە دەستەبەرکردنی تاجی پاپایەتیدا شکستی خواردبوو سێهەمجاریش هەر سەرنەکەوت. خەنیمێکی لەخۆبایی و لووتبەرز واتە، کاردینالّی فەڕەنسی دێ ئامبواز، بەهێزترین بەرهەڵستکاری بوو. چێزارێ بورجا، کە جڵەوی تاقمە یازدەکەسییە کاردینالّە ئیس پڵنییەکانی لەدەستدا بوو هێزێکی سێهەم بوو کە زۆر پێداگربوو لەسەر هەڵبژێرانی پاپایەکی ئیسپانی کە پشت و پشتیوانی بێ. هێزە چەکدارەکانی فەڕەنسا و ئیسپانیا و بنەماڵەکانی بورجا و ئۆرسینی و دارودەستە ڕەنگاوڕەنگە ئیتالییەکانیان، کە هاتبوونە پێشێ و خەڵک زراویان لێیان چووبوو بەردەوام بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان زۆر و گوشاریان دێنا. لەو جەنگە و هەنگەمەیەدا، کاردینالّەکان بۆ کۆڕەکەی خۆیان، خزینە نێو شوورای قەڵاکەی سانت ئانجیلۆ،(١١٦) و هەتا هێزێکی بەکرێگیراو بۆ پاراستنیان دانەمەزرێنرا، نەگەڕانەوە ڤاتیکان.

ئەگەر و مەگەر بۆ هەڵبژاردنی پاپای نوێ، زۆر بوو. پاڵێوراوە سەرەکییەکان، هێزی یەکتریان پووچەڵ دەکردەوە و جارێکی دیکە پاپایەک قوت دەبۆوە، کە هیچ کەس چاوەڕوانی نەبوو. هەراوهەنگەمەی هەرچی و پەرچی و هاواری بێزاری لە بورجاکان، کاری کردە سەر دەنگی ئیسپانییەکان و هەڵبژاردنی پاپایەکی ئیسپانیایی دیکەی کردە مەحالّ. دێللا ڕۆڤێرێ کە بانگەشەی دەکرد و خەڵکی تۆقاندبوو و دەیگوت ئەگەر دێ ئامبواز هەڵبژێرن، داموودەزگای پاپایەتی دەبردرێتە فەڕەنسا، کاری خۆی کرد. کاردینالّە ئیتالییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆرینەی هەرە زۆری کۆڕەکەیان پێک دێنا، بەهۆی پشتیوانی لە پاڵێوراوی جۆراوجۆر، پەرش و بڵاو بوون. ﻁێلا ڕۆڤێرێ، زۆرینەی دەنگەکانی بردەوە، بەڵام دوو دەنگی لە ڕێژ ەی دوو لەسەر سێی دەنگەکان کەم هێنا. دێللا ڕۆڤێرێ کە دیتی ڕێگەی گیراوە، قۆڵی هەڵماڵی بۆ

یارمەتی و پشتیوانیی فرانچسکۆ پیککۆلۆمینی کاردینالە شەریف و لەخواترسەکەی سیێنا، کە لەسای پیری و نەخۆشییەوە پێیەکی لەسەر لێوی گۆڕ بوو. هەڵبژاردنی پیککۆلۆمینی، گرێپووچکەکەی کردەوە و ئەویش لە خۆشیی پاپاکەی پێشوو واتە پیۆسی دووەم(ئاینیاس سیلۆیۆس پیککۆلۆمینی) کە مامی بوو ناوی خۆی نا پیۆسی سێهەم. (١١٧)

پاپای تازە لەیەکەم ڕاگەیەندراوی خۆیدا گوتی: بەر لەهەموو شتێک، گرنگی بە ڕیفۆرم دەدا و ڕیفۆرمیش لە سەرەوە واتە لە دەرباری پاپاوە دەست پێ دەکات. پیککۆلۆمینی وەک مامەکەی خۆی، کابرایەکی ڕووناکبیر و زانا بوو. شێلگیر بوو بەڵام لەو دوورەپەرێزتر بوو و پتر لە چل ساڵ کاردینالێتیی کردبوو. لە خزمەتی پیۆسی دووەمدا چالاک و تێکۆشەر بوو بەڵام پاش وی، لە دەسەڵاتەکانی دواتردا، چونکە دنیاپەرستییەکانی ڕۆمای بەدڵ نەبوو لە سیێنا دوور لە گێچەڵەکە دانیشتبوو. زۆر بەناوبانگ نەبوو بەڵام بەبەزەییبوون و خێرخوازییەکەی وێردی سەر زار و زمانان بوو و خەڵک کە لەچاوی ئالکساندری شەشەم، پاپایەکی باشیان دەویست، دەسبەجێ لەدەوری کۆ بوونەوە. کە ڕاگەیەنرا ئەو هەڵبژێردراوە، هەمووان دڵخۆش بوون. پیاوە ئایینییە ڕیفۆرمخوازەکان خۆشحاڵ بوون کە ئاخرییەکەی جڵەوی کاروباری کلێسا کەوتووەتە دەستی پێشەوایەک، کە"گەنجینەی هەموو چاکەکان و حەوانگەی ڕۆحی پیرۆزە" ئۆسقۆف ئارێتسۆ نووسیی، هەمووان لێو ڕێژن لە "بەرزترین هیوا بۆ چاکسازیی کلێسا و سەقامگیرکردنەوەی ئاشتی" و ژیانی ڕۆحانی و پڕ لە خواترسیی پاپای نوێ مزگێنیدەری "سەردەمێکی نوێیە لە مێژووی کلێسادا."(١١٨)

بەڵام سەردەمی نوێ هەر نەهاتە دی. پیۆسی سێیەم، شێستوچوار ساڵان، لەو سەردەمەدا پیروکەنفت بوو. نەخۆشیی "باداری" لەپێی خستبوو. پاپای تازە لە بن بارستی چاوپێکەوتنەکان و کۆبوونەوەی مەتران و ڕێوڕەسمە دووردرێژەکانی پیرۆزکردن و تاج لەسەرنانداڕۆژبەڕۆژ لاوازتر بوو و دوای بیستوشەش ڕۆژ دەسەڵاتداری مرد.

هیوا و کەفوکوڵی خەڵک بۆ پێشوازی لە پیۆسی سێیەم، نیشانەی تاسەباری و ئارەزووی گشتی بوو بۆ گۆڕان و بە زمانێکی بێ گرێ وریایی دەدا، ئەو پاپایانەی دنیاپەرستی دەکەنە ئامانجی خۆیان، خزمەتکاری بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی کلێسا نین. یەک لەسەر سێی کۆڕی پیرۆز لەوانەبوو ئەو ڕاستییەیان لێ ڕوون بێ. بەڵام ئەوانە لەبەردەم باهۆز و ڕەشەبای پێگەپەرستیی سەرکێشانەی جولیانۆ دێلاڕۆڤێرێ پەرە کایەکیش نەبوون. ئەو لە هەڵبژاردنە تازەکەدا "گەلێ قەول و بەڵێنی بێ حیساب و ناڕەوا"ی دا. (١١٩) لە هەر جێیەک بەپێویستی زانی، بەرتیلی دا، لە نێو واق وڕمان و سەرسووڕمانی گشتیدا، هەموو تاقم و دەستە بەرهەڵستکارەکانی کردە لایەنگری خۆی و دواجار تاجی پاپایی لەسەر نا. دێلا ڕۆڤێرێ لە کورتترین کۆبوونەوەیەکدا کە هەتا ئێستا لەگوێنی نەبووە، لە دانیشتنێکی لە کەمتر لە بیستوچوار سەعاتدا هەڵبژێردرا. بە لابردنی دوو پیتی ناوەکەی جولیانۆ، ناوی پاپا جولیۆ یان یۆلیۆسی دووەمی بۆ خۆی هەڵبژارد و بەو جۆرە خۆپەرستییە سەیروسەمەرەکەی خۆی دەرخست.

ژۆلیۆس لە ڕیزی پاپا مەزنەکان دادەنرێ و هۆیەکەشی دەستکەوتە دنیاییەکانی ئەو و لەهەمووانیش گرنگتر بەشدارییە پڕسوودەکەی لەگەڵ مایکل ئانجیلۆیە، چونکە هونەر وەک شەڕ، ناو و ناوبانگ بەنەمری دەهێڵێتەوە. هەرچۆنێک بێ، ئەویش وەک سێ پاپاکەی پێشوو ئاگای لێ نەبوو لە کەوشەنی دەسەڵاتەکەیدا چەندەی لێ ناڕازین. گیان و دڵی لای دوو شت بوو هیچ کامیشیان بەرهەمی چاوبرسێتیی خۆی یان خزم خزمێنە نەبوو یەکێکیان گەڕاندنەوەی یەکپارچەیی وڵات و سەربەخۆیی سیاسیی ئەیالەتەکانی پاپایی بوو و ئەوی دیکە زیادکردنی زێڕ و زیو و گەواهێراتی بارەگای پاپا و نەمرکردنی ناوەکەی خۆی بوو لە ڕێگەی شاکارە هونەرییەکانەوە و لە هەر دوو بواریشدا، بەرهەمی زۆر گرنگی دەستەبەر کرد، کە چونکە لەبەرچاوانن، وەک هەموو شتە بەرچاوەکانی مێژوو سەرنجڕاکێش و بەنرخ بوون. لە حاڵێکدا لایەنی زۆر گرنگتری فەرمانڕەواییەکەی ئەو واتە پشتگوێخستنی

قەیرانی ئایینی، وەک هەموو لایەنە نەبەدییەکانی * مێژوو لەبەرچاو نەگیراوە. هەر هەموو ئامانجەکانی ێولیۆس دنیایی بوون و وەک گویتچاردینی نووسیی: بەو هەمووە هێزە ڕوولەگەشەیەی هەیبوو هەلی بە دەرفەت نەزانی "بۆ ئەوەی وەک جێنشینی مەسیح لەسەر عەرز، ئەرکی سەرشانی خۆی ڕاپەڕێنێ و هەمووان ڕزگار بکا."

یۆلیۆس لەخۆبایی و تووڕەوتۆسن و کەللەڕەق و چاوقایم بوو تاقەتی ڕاوێژ و تەگبیری نەبوو و گوێی لە ئامۆژگارییش نەدەگرت، (١٢٠) باڵیۆزەکەی ڤێنێزیا ڕایگەیاند، لە جەستە و گیانیدا "سرووشتێکی دێوزمەئاسای هەیە. ئەوەی شەوێ بەمێشکیدا دێ، دەبێ بەیانی دەسبەجێ جێبەجێ بکرێ و پێداگرە لەسەر ئەوەی هەموو کارەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی." هەر کەسیش بەرهەڵستیی بکا و قسەی بشکێنێ"نێوچاوانی تێک دەنێ و بێدەنگ دەبێ و بە لێدانی زەنگوڵە بچووکەکەی سەر مێزەکەی بەردەمی، قسەی بەرامبەرەکەی دەبڕێ." ( ١٢١) یۆلیۆسیش "باداری" و دەردی گورچیلە و نەخۆشیی دیکەشی پێوە نووسابوو. بەڵام لاوازبوونی جەستەی، کاری لە ورەی نەدەکرد. دەمی بچووک و ڕوخساری گەش و چاوە "بەهەیبەت" و ڕەشەکانی، نیشاندەری خوڵق و خوویەکی بێ ئامان بوو کە ئامادە نەبوو لەبەر هیچ گرفت و کێشەیەکدا بەچۆکدا بێت. ئیتالیاییەکان وشەی "سامناک"یان بۆ ئەو بەکار دێنا.

یۆلیۆس پاش شکاندنی دەسەڵاتەکەی چێزارێ بورجا، لەڕێگەی ڕێککەوتنی بەرژەوەندخوازانەی خزمەکانی لەگەڵ بنەماڵەکانی ئۆرسینی و کۆلۆننا، دارودەستە و تاقمەکانی دەرەبەگە شەڕخوازەکانی ڕۆمای پووچەڵ کردەوە. دامودەزگای پاپای سەرلەنوێ دارشتەوە و زۆر بەتوندی بەرەنگاری چەتە و پیاوکوژە شارەزاکان و ئەو شەڕە تاک بە تاکەکان بۆوە کە لەسەردەمی ئالکساندردا زۆر ببوون، شارەکەی هێمن کردەوە و تەکووزی کرد و گاردێکی سوویسریی بۆ پاراستنی ڤاتیکان دامەزراند و سەری لە هەموو ناوچە و مەڵبەندەکانی پاپایی کرد.

---

*نەبەدی: واتە نەبینراو نادیار. شتێک کە بەدی ناکرێ. پیرێژنان کە دووعایان دەکرد، دەیانگوت:" یاخودا تیری نەبەدیت وێکەوێ... واتە تیری نادیار.

یەکەم تیرێژەکانی بەرنامەی تۆکمەکردنی دەسەڵاتی پاپای تازە، شەڕکردن بوو لەگەڵ ڤێنیزیا لەپێناوی ئەستاندنەوەی شارەکانی ڕۆمانیا، کە ڤێنیزیا لە دەرباری پیرۆزی گرتبوو. لەو ڕووداوەدا، فەڕەنسا و لۆیی دوازدەیەمیش هاتنە پشتیوانیی پاپا. یۆلیۆس پاش ئەوە، دەستی کرد بە کۆمەڵێک بەڵێننامەی ناوچەیی و چەندنەتەوەیی. ئامانجەکەشی ئەوە بوو فلۆرانس پووچەڵ بکاتەوە و مل لەبەر ملی ئیمپراتۆری ڕۆما بنێ و هاوپەیمانەکانی خۆی بخاتە جموجۆڵ و بەرهەڵستکار و دژبەرەکانیشی بخەسێنێ. بەشداربووانی شەڕەکانی ئیتالیا هەموو چاوبرسی بوون، ئەگەرچی لە چاوبرسێتی و تەماعدا دەکەوتنە دژایەتیی یەکتری و هەمووان چاوی تەماعیان بڕیبووە ملک و سامانە بەرین و هەراوەکەی ڤێنیزیا. ئەو تاقمانە هەموویان، لە١٥٠٨ لە هاوپەیمانییەکی بگۆڕ و بەردەوام لەگۆڕاندا بەناوی " ڕێکخراوی کامبرێ" کۆ بوونەوە. شەڕەکانی ڕێکخراوی کامبرێ لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا وەک گۆرانییەکانی ئۆپێرا، هیچ تەکووزی و ڕێکوپێکییەکی مەنتقییان نەبوو. زۆربەی شەڕەکان لەپێشدا دژی ڤێنیزیا بوو بەڵام دوایی خەنیمەکان هەڵوێستیان گۆڕی و بەرەنگاری فەڕەنسا بوونەوە. دەزگای پاپایەتی، ئیمپراتۆریای ڕۆما و ئیسپانیا و بەشی هەرەزۆری هێزە بەکرێگیراوە سوویسرییەکان، لە شێوازە جۆراوجۆر و بەردەوامەکانی هاوپەیمانییەکەدا بەشدار دەبوون. پاپا لە ڕێگەی خۆسەپاندنی شارەزایانە لە کاروباری سیاسی و دارایی و سەربازیدا و ئەگەر تەنگیشی پێ هەڵدەچنرا بە تەکفیر، ئاخرییەکەی توانیی ئەو ناوچە داگیرکراوانەی ڤێنیزیا داگیری کردبوون، لێی بستێنێتەوە.

لەو جەنگەیەدا، سەرەڕای هەموو پێشنیارەکان لەپێناو خۆپاراستندا، خووخدەی شەڕانخێویی یۆلیۆس، چووە سەر ئەستاندنەوەی بۆلۆنیا و پرۆجا، کە شارە هەرەگرینگەکانی هەرێمی پاپایەتی بوون. بەڵام فەرمانڕەوا سەرەڕۆکانی ئەوان، جگە لە سەرکوتی هاووڵاتییەکانیان، بەکردەوەش دەسەڵاتی ڕۆمایان بەهەند وەرنەدەگرت. پاپا ڕایگەیاند، بڕیاری داوە خۆی ببێتە فەرماندەی هێزەکان و بەبێ ئەوەی گوێ بداتە سەرسووڕمان و دژایەتیی

زۆربەی کاردیناڵەکان و لە نێو شەپۆلی سەرسووڕمانی ئەورووپا لە١٥٠٦ــدا بە سواری ئەسپ، لە پێش سوپا و سەربازەکانی خۆیەوە بەرەو (صوب)ــی باکوور کەوتە ڕێ.

بەو جۆرە، چەند ساڵان تووشی دوژمنایەتی و سەرکەوتن و تێشکان و شەڕ و بەربەرەکانێی بەزەبروزەنگ بۆوە. کە فێڕارا، یەکێک لە جووتبەندەکانی پاپا بە دابونەریتی سیاسەتبازییە باوەکانی ئیتالیا ڕووی لێ وەرگێڕا، یۆلیۆس لەو سەربزێوییە تووڕە بوو و کاتێ ئەو هێزانەی بۆ تەمبێکردنی فێڕارای ناردبوون، خۆیان گنخاند، خۆی دیسان چۆوە بەرەی شەڕ و فەرماندەیی سوپاکەی گرتەوە ئەستۆ. پاپا تازە لە نەخۆشییەکەی هەستابۆوە و لەبەر ئەوەی چیی نەمابوو بمرێ، داوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی مەترانەکانیان کردبوو. بەو حاڵەوە پاپا ڕیش چەرمووەکە، زرێی لەبەر کرد و کڵاوی لەسەر نا و لەو وەیشوومە و سەرما تووشەی زستانێدا و بە نێو بەفر و بۆراندا، شارەکەی گەمارۆ دا. ( ١٢٢) خانووەکی وەرزێریی بۆخۆی تەرخان کرد و بەردەوام لەسەر پشتی ئەسپ ڕیزەکانی سوپای هان دەدا و لە پێش هەمووانەوە بەو کەلێنەدا کە کەوتبووە شوورای قەڵاکەوە، چووە نێو شارەکە. "گومانی تێدا نییە ئەوە دیمەنێکی زۆر نائاسایی بوو دیمەنی قەشەی مەزن، جێنشینەکەی مەسیح لەسەر زەوی.. سەرقاڵی هەڵاییساندنی شەڕ لەنێو مەسیحییەکاندا و خۆیشی ڕێبەرایەتیی دەکردن.. ئیتر پێشەوای ئایین لە ناو و جلوبەرگ بەولاوە چیی لێ دەمێنێتەوە."(١٢٣)

دەکرێ داوەرییەکەی گویتچاردینی، وەک بەکەمگرتن و سەرکۆنەی هەموو پاپاکان لەقەڵەم بدەین، بەڵام جگە لەو دیمەنی باوکی پیرۆز لە جلوبەرگی شەڕدا و هەڵاییساندنی ئاگری شەڕ لەبەر چاوی خەڵکیش، جێی نیگەرانی بوو. مەسیحییە دیندارەکان هەر هەموو تەریق ببوونەوە.

هاندەری یۆلیۆس بۆ ئەم گێچەڵە، تووڕەیی و ڕقە زۆرەکەی ئەو لە فەڕەنسا بوو. فەڕەنسییەکان پاش زنجیرەیەک مشتومڕ و گەنگەشەی دووردرێژ،

ئێستا ببوونە هاوپەیمانی فێرارا و دوژمنی پاپا. کاردینالْ دێ ئامبوازی بەزەبروزەنگ، کە هێندەی یۆلیۆس بۆ پاپایەتی بەتین و گوڕ بوو لۆیی دوازدەیەمیشی خەڵەتاندبوو کە بە مەرجی سێ کورسیی کاردینالّی بۆ فەڕەنسییەکان، پشتیوانی لە پاپا بکا. یۆلیۆس، بەناچاری، هەر بۆ ئەوەی پشتیوانییەکەی فەڕەنسا مسۆگەر بکا، ئەو پێشنیارەی قەبوولْ کرد. بەڵام ئەوەندەی دیکە لە خەنیمە کۆنەکەی خۆی بەقیندا چوو و کێشەی تازەش سەری هەڵدا. وا بڵاو ببۆوە، پەیوەندییەکانی پاپا لەگەڵ " ڕێکخراو" پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە بێزارییەکەی لە دێ ئامبواز زیاترە یان دوژمنایەتییەکەی لەگەڵ حکوومەتی ڤێنیزیا. جێنۆڤا لەو دۆخەدا هەولّی دەدا دەسەڵاتی فەڕەنسا لە کۆلْ پێگەڕەکەی خۆی بکاتەوە، یۆلیۆس پشتیوانیی لێ کردن و لۆیی دوازدەیەمیش بە دنەی دێ ئامبواز، ئەوەندەی دیکە داواکانی خۆی لەسەر ماف و تایبەتمەندییەکانی کلێسای فەڕەنسا زیاتر کرد. کێشەکان هەر هاتن و قووڵتر بوونەوە و یۆلیۆس بۆی ڕوون بۆوە کە هەتا فەڕەنسا لە ئیتالیادا دەستی بڕوا، ئەیالەتە پاپاییەکان ڕووی هێمنی و ئاشتی بەخۆوە نابینن. پاپا خۆی سەردەمانێک ببووە "چەکی بکوژ"ی دەستدرێژیی فەڕەنسییەکان. کەچی ئێستا هەموو هەولْ و تێکۆشانەکەی لەپێناو دەرکردنی ئەواندا بوو. ئەو بەراوەژووبوونەوەیەی سیاسەت، بەرهەمی کۆمەڵێک پەیمان و تاکتیکی تازە بوو و نەک هەر هاونیشتمانییەکانی یۆلیۆس، بگرە دوژمنەکانیشی تووشی سەرسووڕمان کرد.

ماکیاڤێللی کە ئەو کاتە باڵیۆزی فلۆرانس بوو لە فەڕەنسا، ڕایگەیاند، لۆیی دوازدەیەم "سوورە لەسەر ئەوەی، ئەگەر بەنرخی لەکیسچوونی هەموو ملّکەکانی ئیتالیاشی بێ، بەرگری لە شە ڕەفی خۆی دەکا." ١٢٤) پادشای فەڕەنساش لە نێوان بنەما ئەخلاقی و سەربازییەکاندا هەڵکشان و داکشانی بوو جارێ هەڕەشەی دەکرد و دەیگوت "ئەنجوومەنێک دەخاتە ئەستۆی پاپا" (١٢٥) و جارێ لە ژێر زەبروزۆریی ڕاوێژکار و ڕاوێژپێکراوەکەی خۆی واتە دێ

ئامبوازدا دەیگوت:"دەبێتە سەرکردە سوپایەک و دەچێتە ڕۆما و بەدەستی خۆی پاپا لێ دەخا." خەونی لێسختنی پاپا و دانیشتن لەسەر ج ێیەکەی ئەو کاردینالٚ دێ ئامبوازی شێت کردبوو. ئەویش پەتای گەمژەیی یان ــ توخمە سەرەکییەکەی ــ واتە پلەپەرستیی گرتبوو.

یۆلیۆس لە مانگی ژولای ١٥١٠دا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ لوی بڕییەوە و دەرگای ڤاتیکانی لەسەر باڵیۆزی فەڕەنسا داخست. باڵیۆزەکەی ڤ ێنیزیا لەخۆشیان ڕایگەیاند:" فەڕەنسییەکان وەک مردووان بە دزییەوە لەڕۆمادا دێن و دەچن." یۆلیۆس لە بەرامبەردا خۆی بە ڕزگاریدەر دەزانی و لەو ڕووەوە بەخۆی دەنازی و دروشمی "بەڕبەڕەکان بۆ دەرەوە"ــی هەڵگرتبوو.

ئامانجە نوێیەکە، غیرەتی وەبەر نا و تەواو هەڵگەرشاوە و دژی فەڕەنسا چووە پاڵ ڤێنیزیاوە. ئیسپانییەکانیش کە بەردەوام خوازیاری چوونەدەرەوەی فەڕەنسا لە ئیتالیا بوون، کەوتنە گەڵ ئەو دووانە و ئەو پێکهاتە نوێیەیان ناو نا "یەکیەتیی پیرۆز" و بە هاتنی سوویسرا لەڕووی سەربازییەوە بەهێزتر بوون. یۆلیۆس سەربازە سوویسرییەکانی بە مووچەی سالآنە بۆ ماوەی پێنج سالٚ بەکرێ گرتبوو. فەرماندەکەیان، ئۆسقۆفێکی شەڕکەری شاری سیۆن بوو بەناوی متیۆس شینەر.( ١٢٧) شینەر خولٚقوخووی زۆر لە پاپا دەچوو و تەنانەت لە یۆلیۆسیش پتر ڕقی لە دراوسێ بەپیزوپۆزەکانی خۆی واتە فەڕەنسییەکان بوو و بە گیان و دلٚ قوڵی بۆ تێکشکاندنیان هەڵمالٚیبوو. شینەر لەڕ و لاواز و لووت درێژ و زۆر بەتوانا، هاوکات سەربازێکی ئازا و بەغیرەت و وتاردەرێکی سیحراوییش بوو. بەر لە هەر شەڕێک، بەو گفتولفتە جوانەی، سەربازەکانی خۆی "وەک چۆن بایەک، شەپۆلەکان دەجوولێنێ" ئاوا دەیبزواندن. فەڕەنسوای یەکەم، پادشاکەی دواتری فەڕەنسا، بە سکالاوە دەیگوت، زمانی شینەر لە سەرەنێزەی سامناکی سوویسرییەکان زیاتر و تیژتر، فەڕەنسییەکانی خستە زەحمەتەوە.

که شینەر هاتە نێو "یەکێیەتیی پیرۆز"ەوە، یۆلیۆس کردی بە کاردیناڵ. لە ڕۆژەکانی دواییدا، لە شەڕی گەڵ فەڕەنسوای یەکەم، شینەر بەکڵاوی سوور و عابای کاردیناڵییەوە و بە سواری ئەسپ دەچووە مەیدانی شەڕ و بە سوپاکەی خۆی دەگوت: حەزم لێیە لە خوێنی فەڕەنسییەکاندا مەلەی بکەم.

ئۆسقۆفە مەزنەکەی شاری یۆرک، بینبریجیش، پیاوێکی دیکەی ئایینی و شەڕکەر بوو کە هاوکات لەگەڵ بەرزکردنەوەی پلەی شینەر، یۆلیۆس ئەویشی کردە کاردیناڵ و وای کرد خەڵک بڵێن، "پاپا خووی بە شمشێرەوە گرتووە" ئەراسمۆسی نووسەر "هەڵەبەت هەر بۆ خۆپاراستن ڕاوەستا هەتا یۆلیۆس مرد و دوایی بەئاشکرا ئاماژەی بەو کرد" و پرسیی: ئەرێ کڵاوخودەی ش ەڕ چیی بە کڵاوی سووری ئۆسقۆفی و شمشێر و قەڵغان و خاچ و کتێبی پیرۆز کوێی بۆ کوێیە؟ ئەی ئەو پێشەوایەی لە جێی حەوارییەکەی مەسیح واتە پێترۆس دانیشتووی، چۆن دەوێری ئۆمەتەکەی خۆت فێری شەڕ و دوژمنایەتی بکەی؟" ( ١٢٨) ئەگەر ئەراسمۆسی بەتوانا لە پێچانەوەی قسەدا دەیتوانی ئاوا قسە بکا، زۆربەی قسەکانی دیکە لەوەش تاڵتر بوون. لە ڕۆما شێعری داشۆرین لەبارەی میراتگرە قەدارەبەندەکەی پێترۆسی حەوارییەوە کەوتە سەر زار و زمانان و لە فەڕەنسا لە سای دنەدانی پادشاوە، کۆمەڵێک کاریکاتێر و شێعری داشۆرین نووسران و لەبانگەشەی دژی یۆلیۆسدا باسی ناوبانگی ئازایەتییەکەی ئەویان کرد. دەیانگوت: پاپا "خۆی وەک شەڕکەر دەنوێنێ، بەڵام لە ڕاهیبەیەک دەچێ کە بە قەمچی سەما بکا." ( ١٢٩) پیاوانی ئایین و کاردیناڵە ڕازاوەکان، بەرهەڵستی بوونەوە و داوایان لێ کرد ئیتر خۆی نەبێتە فەرماندەی سوپا. بەڵام هەرچی شێر و ڕێوییان بۆ پاپا هێناوە، کە قوربان ئەو کارانە ناڕەزایەتیی خەڵکی دنیای لێ دەکەوێتەوە و بیانوویەکی زیاتر دەداتە دەست ئەوانەی هەوڵ دەدەن تەخت و بەختت وەرگێڕن، سوودی نەبوو.

یۆلیۆس هەر هەموو کۆسپ و لەمپەرەکانی تەواو پشتگوێ خست و وەشوێن ئامانجەکانی خۆی کەوت و هەر ئەوەش وای لێ دەکرد کەس خۆی لەبەر نەگرێ، بەڵام ئامانجەکانی وی، هیچ ئاسەوارێکیان لە ئامانج و مەبەستەکانی کلێسا پێوە دیار نەبوو. یەکێک لە ڕوخسارەکانی گەمژەیی، ئەوەیە بە ئامانجێکی مەحاڵەوە بنووسێی و دەستی لێ هەڵنەگریت. جۆڤانی ئاچچایۆیۆلی، باڵیۆزی ئەوکاتی فلۆرانس لەڕۆما، لە سەر بنەمای لێکدانەوەی ژیرانە پەروەردە کرابوو و لە هەڵکشان و داکشانە بێ جڵەوەکانی سیاسەتی یۆلیۆس و هەڵسوکەوتی زۆربەی جاران ئەهریمەنانەیدا، هەند ێ بەڵگەی ناخۆشی بەدی دەکرد، کە ڕەوتی کاروبارەکان "خەریکن لە ڕێبازی ئەقڵ دەترازێن و لادەدەن".(١٣٠)

پاپا لە نۆژەنکردنەوە و پشتیوانی لە هونەریشدا هەر وەک سیاسەتەکەی، بەکەفوکوڵ و سەرەڕۆ بوو. بڕیاری تێکدانی کۆنە کلێساکەی سان پێترۆ و دروستکردنی بینایەکی مەزنتر لەجێی، کە هەم لەگەڵ شانوشکۆی بەرزەوەبووی دەرباری پیرۆزدا بگۆنجێ و هەمیش لەگەڵ شاری ڕۆما، کە دەیەویست بیکاتە پایتەختی جیهان، گەلێ کەسی لێ کردە دوژمن. لەوەش گرنگتر، یۆلیۆس دەیویست هەتا زیندووە، گۆڕەکەی خۆیشی لە حەوشەی بینا تازەکەدا هەڵکەنێ. گەڵاڵەی گۆڕەکە، میکلانژ دایڕشتبوو کە ڤازاری دەڵێ "لە ڕووی جوانی و شکۆ و زۆربوونی جوانکاری و ئەو هەمووە پەیکەرەیەی بۆی دانرابوو لە هەموو گۆڕە کۆن و پادشایەتییەکانی دیکە" دەوڵەمەندتر و لەسەرتر بوو.( ١٣١) گومبەزەکەی یازدە مەتر بەرز و بە چل پەیکەرەی لە بنیادەم بەرزتر ڕازێنراوە، کە دوو فریشتە لەسەری تابووتێکی بەردینیان هەڵگرتبوو دەبوایە شاکارێکی هونەرمەند و جێی پێداهەڵگوتنی هونەرپەروەر بێ. وەک ڤازاری نووسیوێتی، گەڵاڵەی گۆڕەکە بەر لە گەڵاڵەی کلێسا نوێیەکە ئامادە کرا و پاپای وا شاگەشکە کرد، کە بە مێشکیدا هات، سان پێترۆیەکی تازەی شیاوی گۆڕەکەی خۆی دروست بکا. ئەگەر ــ وەک لایەنگرانی یۆلیۆس

بانگەشە دەکەن ـ ئامانجی دەسەلاتدارییەکەی ئەو شکۆ و شانازیی زیاتری کلێسا بوو ئەوا ئەم ئامانجەی هێنایە ڕیزی شکۆ و شانازیی پێشەوای مەزن، واتە خۆی.

هەر هەمووان بڕیارەکەی ئەویان سەرکۆنە کرد، نەک لەبەر ئەوەی بڵێی خەڵک کەیفیان بە کلێسایەکی جوان و تازەدروستکراو نەیە، بەڵکو وەک ڕەخنەگرێک دەڵێ:"لەبەر ئەوەی خەفەتیان لە کاولکرانی کۆنەکلێساکە دەخوارد، کە هەموو دنیا بەچاوی ڕێزەوە لێی دەڕوانی، مەرقەدی کۆمەڵێک پیروپیاوچاکی پیرۆز ئەوێی کردبووە متفەڕک و لەبەر ئەو هەمووە کارەی تێیدا کرابوو ناوبانگی ڕۆیشتبوو."(١٣٢)

یۆلیۆس، وەک جاران، هیچ گوێی نەدایە بەرهەڵستکارەکانی، بەبێ ترس ئەسپی خۆی تاو دا و برامانتێی ڕاسپارد نەخشەی بینای کلێساکە بکێشێتەوە و لە ڕاپەڕاندنی کارەکەشدا ئەوەندەی پەلە کرد، کە وەختایەک دووهەزار و پێنسەد کرێکار خەریکی ڕوخاندنی کۆنەکلێساکە بوون. لە ئاکامی ئەو هەڵەشەییەدا، ئەو هەمووە گەنجینەیە و گۆڕ و تابلۆ و نەقاشی و بەردەنووس و پەیکەرەیەی لە درێژایی سەدەکاندا کۆ کرابوونەوە ، بەبێ ئەوەی لەبەریان بگیرێتەوە، خاپوور کران و تاهەتایە لەناو چوون و برامانتێ نازناوی "کاولکەر"ی لێ نرا.( ١٣٣) ئەو شانازییە بە یۆلیۆسیش بڕا، بەڵام ئەو هەر بەلایەوە گرنگ نەبوو. لە ١٥٠٦دا پاپا بە پەیژەیەکدا چووە خوارێ و لە تەرکی چاڵێکی قووڵدا کە بۆ یەکێک لە کۆڵەکەکانی بینا نوێیەکە دروست کرابوو بەردی بناغەی "کلێسای گەورەی جیهان"ــی دانا، کە دیارە ناوی خۆی لەسەر نووسرابوو. تێچووی بیناکە، زۆر لە داهاتەکانی دەزگای پاپایەتیی تێپەڕاند. ئیتر بۆ قەرەبووی ئەو تێچووانە، دەستیان کرد بە فرۆشتنی بەئاشکرای لێخۆشبوون نامەکان، کە ئەنجامێکی چارەنووسسازی لێ کەوتەوە و لە سەردەمی پاپای دواتردا، گەیشتە ئەڵمان و چەقۆی گەیاندە ئێسقانی پیاوێکی ئایینیی تووڕە و بووە هۆی هاتنە ئارای ناکۆکیخوڵقێنترین بەڵگەی مێژووی کلێسای.(١٣٤)

پاپا که یەکەم پەیکەرەی مایکل ئانجیلۆی لە ڕۆما دیت، زانیی تووشی هونەرمەندێکی بێوێنە بووە: ئەو بەرهەمە، پەیکەرەی پیەتا( ١٣٥) بوو دیمەنی تازییەبارییەکی مەڕمەڕی، کە هەتا ئەو کات کەس نەیتوانیبوو سەیری بکا و نەهەژێ و کوڵی هەڵنەستێ. پەیکەرەکە لەسەر داوای کاردیناڵێکی فەڕەنسی کە حەزی لێ بوو ئەو وەختەی لە ڕۆما دەگەڕێتەوە بەرهەمێکی گەورە پێشکەشی سان پیترۆ بکا، لە ١٤٩٩ـدا تەواو کرا و مایکل ئانجیلۆی لە تەمەنی بیست -وچوارساڵیدا بەناوبانگ کرد. هونەرمەندە مەزنەکە پێنج ساڵ دواتر، پەیکەرە مەزن و لە ڕادەبەدەر جوانەکەی داودی بۆ کلێسای مەزنی زێدەکەی خۆی واتە فلۆرانس دروست کرد. ئیتر گومان نەما لەوەی پاپای مەزن، دەبێ هونەرمەندی مەزن، مەزنی بکات، بەڵام خولْق و خووی ئەو پیاوە "سامناکە" پێکیان هەڵنەدەکرد. مایکل ئانجیلۆ هەشت مانگی ڕەبەق، بەردە مەڕمەڕە هەرە باشەکانی لە کانگەی کاڕارا بۆ گۆڕەکەی پاپا تاشی و بردییە ڕۆما، بەڵام یۆلیۆس لە نەکاو لە نەخشەکەی خۆی پاشگەز بۆوە. مایکل ئانجیلۆ بە تووڕەییەوە چۆوە فلۆرانس و سوێندی خوارد تا زیندووە کار بۆ پاپا نەکا. کەس نازانێ لە ئەنگوستەچاوی زەین و مێشکی دێللا ڕۆڤێرێدا چ قەوما، خۆیشی ئەوەندە خۆبەزلزان و لەخۆبایی بوو هیچی بۆ مایکل ئانجیلۆ ڕوون نەکردەوە.(١٣٦)

بەڵام کە بۆلۆنیا گیرا، وادیار بوو ئەو سەرکەوتنە پەیکەرەیەکی ڕێزگرتنی پێویستە و ئەوەش بە مایکل ئانجیلۆ نەبێ، بە کەس ناکرێ. پاش گەلێ خۆبواردن و مل بادان، ئاخرییەکەی لە سای هەوڵی نێوبژیوانەکاندا، مایکل ئانجیلۆ ڕازی بوو ڕاسپێرەکەی یۆلیۆس قەبووڵ بکا و پەیکەرەیەکی سێ هێندەی قەڵافەتی پاپای لێ دروست بکا. کە مۆدێلە گڵینەکەی پەیکەرەکە ئامادە بوو یۆلیۆس چووە سەیری، مایکل ئانجیلۆ لێی پرسی، دەڵێی چی کتێبێکی بدەمە دەستی چەپەی؟ پاپای شەڕخواز گوتی:"شمشێرێکی بدە دەستی، من چکارم بە قەڵەم و کتێبە." (١٣٧) پەیکەرەکە لە مەفرەقی تواوە دروست کرا. لە شەڕەکانی دواییدا کە شارەکە

دەستاودەستی پێ کرا، ئەو پاڵەوانەیان هێنا خوارێ و تواندیانەوە و تۆپێکی ئاگرپژێنیان لێ دروست کرد، کە دژبەرانی پاپا بە گاڵتەوە ناویان نا "لاجۆلیا."

یۆلیۆس بە پەیڕەوی لە ڕۆحی ڕێنسانس و لە درێژەی کارەکانی مامە سیکستۆسی چوارمیدا، هەتا دەسەلاتی بەدەستەوە بوو پارە و هێزێکی زۆی بۆ نۆژەنکردنەوەی شاری ڕۆما تەرخان و خەرج کرد. کرێکار لە هەموو لایەکەوە خەریکی دروستکردن و بینا بوون. کاردناڵەکان کۆشکیان دروست دەکرد و کلێساکانیان گەورەتر و نۆژەن دەکردەوە. دوو کلێساکەی سانتا ماریا دێل پۆپۆلۆ و سانتا ماریا دێللا پاچێ، یەکێکیان نۆژەن کراوە و ئەوی دیکەیش لە بنێ-ڕا قوت کرایەوە. برامانتێ لاخی پەیکەرەکانی بێلڤێدێرێ و کۆمەڵە تەلارێکی دروست کرد، کە باخەکانی دەبردەوە سەر ڤاتیکان. گەلێ شێوەکار و پەیکەرەساز و بەردهەڵکۆڵ و زێڕینگەری ناودار بۆ جوانکاری و ڕازاندنەوە بانگ کران. ڕافایل، بە نەقاشییەکانی خۆی لەسەر دیواری نشینگە تازەکەی پاپا، کلێسای ئەوەندەی دیکە گەورە کرد. یۆلیۆس تازە چووبووە ئەو شوێنە، چونکە ڕقی لەوە بوو لە شوێنی کۆنەدوژمنە مردووەکەی واتە ئالکساندرا بوو. مایکل ئانجیلۆ بە زۆر و زۆردارییی پاپا لاسارەکە و بەپێچەوانەی حەزی خۆی، میچی نوێژگەی سیستینی نەخشاند و لە ژێر کاریگەریی هونەرەکەی خۆیدا، چوار ساڵان بەتاقی تەنێ لەسەر قەرەوێڵە(ئەسلکەلە) کاری کرد و جگە لە پاپا، ئیجازەی بە هیچ کەس نەدا بەرەوپێشڤەچوونی کارەکەی ببینێ. پاپای پیروکەنفت بە پەیژەیەکدا وەسەر قەرەوێڵەکە دەکەوت و لەگەڵ هونەرمەندەکە دەیکردە هەرا و مشتومڕ و ڕەخنەی لە کارەکەی دەگرت ـ و تەمەنیشی ئەوەندەی بڕ کرد، چاوی بە پەردە لادان لەسەر ئەو بەرهەمە بکەوێ ـ و "هەموو دنیا بەهەڵەداوان هاتن" بۆ ئەوەی بەسەرسووڕمانەوە سەیری ئەو شاکارە نوێ و سەسووڕهێنەرە بکەن.

شەڕ و هونەر هۆش و گۆش و هیچ شتێکی بەپاپا نەهێشتبوو و دەرفەتی بەدەستەوە نەهێشت ڕیفۆرمێکی ناوخۆیی بکا. لەدەرەوە دوژمن کوێرکەر و لە

ناخەوە خاوەنکوژ بوو. جا بە ڕێکەوت لەو دەمەدا ئاسەوارێکی سەیروسەمەرەی گەمژەییەکی ڕابردوو دەرکەوت: پەیکەرە مەڕمەڕینە کلاسیکەکەی لائۆکۆیۆن دیسان دۆزرایەوە، (١٣٨) دەتگوت کلێسا بەهۆش خۆی دێنێتەوە، وەک چۆن نموونە سەرەتایینەکەی، سەردەمانێک لە ترۆی ڕاخوڕیبوو. خاوەن ماڵێک بەناوی فیلچێ دێفرێدی، دیوارێکی ڕەزەکەی خۆی دەڕووخێنێ و پەیکەرەکە لەبن گڵ دەردێنێ. دیوارەکان لە نزیک حەمامەکانی پێشووی تیتۆسەوە و لەسەر داروپەردووی خانووە زێڕینەکەی نێرۆن دروست کرابۆوە. پەیکەرەکە شکابوو و ببووە چوار کەرتی گەورە و سێ کەرتی بچووک، بەڵام کامە ڕۆمییە، پەیکەرەیەکی کلاسیک ببینێ و نەیناسێتەوە؟ دەسبەجێ جۆلیانۆ دێ سانگاللۆ، میعمارەکەی پاپا ئاگادار کراوە و ئەو دەسبەجێ کوڕەکەی خستە سەر تەرکی زینی ئەسپەکەی و لەگەڵ مایکل ئانجیلۆ ــ کە ئەویش بە ڕێکەوت چوو بوو سەرێکی ئەو و خانووەکەی بدا ــ کەوتنە ڕێ. سانگاللۆ کە لە ئەسپەکەی دادەبەزی، سەیرێکی لەتەپەیکەرەکانی کرد کە هێشتا نیوەیان لەبن گڵدا بوو و هاواری کرد:"ئەوە هەر ئەو لایۆکۆیۆنەیە وا پلینیۆس "مێژوونووسە ۆمییەکە" باسی کردووە." لە حاڵێکدا ئەوانەی لەوێ بوون بە دڵەڕاوکێ و کەفوکوڵەوە سەیریان دەکرد، ورد ورد گڵەکەیان لێ کردەوە، ئەوجار پاپایان ئاگادار کردەوە و پاپا دەسبەجێ بە ٤١٤٠ سکەی زێڕ پەیکەرەکەی کڕییەوە.

لایۆکۆیۆنی پیر و خۆڵاوی، وەک پادشایەک پێشوازیی لێ کرا و بە شەقامە گوڵوەشانکراوەکاندا و بە نێو قریوەی حەشاماتدا بردرایە ڤاتیکان. لەتەکانیان خستەوە سەر یەک و پەیکەرەکەیان ساغ کردەوە و شان بە شانی ئاپۆلۆنی بەلڤێدێرێ، وەک "دوو پەیکەرەی سەرەتای جیهان" لە باخی پەیکەرەکاندا بە تەنیشت یەکەوە دانران. شانازی و بەخۆنازینەکان ئەوەندە بوو کە مووچەیەکی هەتا مردنیان بە بڕی ساڵی شەش سەد سکەی زێڕ "لە ماڵیاتی دەروازەکانی شار) بۆ دێفرێدی و کوڕەکەی بڕییەوە. دێفرێدیش، ڕۆڵی خۆی لە دۆزینەوەی پەیکەرەکەدا، لە کێلی گۆڕەکەی هەڵکەند.

ئەو شتە عەنتیکەیە، گەلێ هزری نوێی لە هونەردا لێ کەوتەوە. پێچ و گەوی بەئازاری لایۆکۆیۆن، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر مایکل ئانجیلۆ دانا. پەیکەرەسازە بەناوبانگەکان هاتنە سەیری و لێی ورد بوونەوە. زێڕینگەرەکان نموونەیان لێ هەڵگرتەوە، کاردیناڵێکی شاعیر، قەسیدەیەکی پێدا هەڵگوت:".. لە نێو دڵی کاولاشەکان، ئاگادار بە! زەمانە لایۆکۆیۆنی هێناوە ماڵێ..." (١٣٩) فەڕانسواری یەکەم (پادشای فەڕەنسا) ویستی وەک غەنیمەت و دەستکەوتێکی شەڕ، لە پاپاکەی دوایی بستێنێ،(١٤٠) لە سەدەی هەژدەیەمدا پەیکەرەکە بوو بۆ ڕاوەندی لێکۆڵینەوەکانی وینکلمان (١٤١) و لسینگ (١٤٢) و گۆتێ. ناپلیۆن لە سەرکەوتنێکی تیژتیپەڕیدا، گرتی و بردییە لۆڤێر، بەڵام پاش هەرەسهێنانەکەی، پەیکەرەکەیان بردەوە ڕۆما. لایۆکۆیۆن دەرکەوتەی هونەر و زەوق و چاکە و خەبات و پێشینە و فەلسەفە و هەروەها، وریاکەرەوە لە هەمبەر خۆوێرانکردندا بوو ــ بەڵام کەس دەنگیی نەبیست.

یۆلیۆس هێندەی ئالکساندر خراپ نەبوو بەڵام شەڕانخێوی و سەرەڕۆییەکەی، هێندەی ئەو دوژمنایەتیی لێ کەوتەوە. کاردیناڵە بەرهەڵستکارەکان دەمێک بوو بەرەو بەرەی لۆیی دوازدەیەم داکشابوون و پادشای فەڕەنسا سوور و مکوڕ بوو کە پێش ئەوەی یۆلیۆس ئەو لە ئیتالیا دەرپەڕێنێ، خۆی مشوورێک لە یۆلیۆس بخوات . لێخستن و شکاندنی پاپا ئامانجێکی ماقوول بوو وەک بڵێی "لێکترازان"ــە سامناکەکەی سەدەی ڕابردوو هەر ڕووی نەدابێ. حەز و ئارەزووی ماڵی دنیا، زۆر سەری گرتبوو. خەرمانەی پیرۆزایەتیی پاپا وا کاڵ ببووەوە، کە لە ڕووی سیاسییەوە ــ نەک لە بەرچاوی خەڵک ــ هیچ فەرقێکی لەگەڵ شا و شازادەکان نەبوو و هەر وەک ئەویش لەگەڵی دەجووڵانەوە. لە ١٥١١دا، لۆیی دوازدەیەم بە هاودەستیی ئیمپراتۆری ئەڵمان و نۆ کاردیناڵی بەرهەڵستکار، هەستان ئەنجوومەنێکی گشتییان پێک هێنا (سێ کەس لە کاردیناڵەکان دواتر حاشایان کرد کە ئەو کارە بە ڕەزامەندیی ئەوان

کرابێ.) لە مەترانەکان، زنجیرەی ڕاهیبەکان، زانکۆکان، فەرمانڕەوا نائاییینییەکان و پاپاشیان بانگهێشت کرد، کە خۆشی لەوێ بێ، یان وەفدێک بە نوێنەریی خۆی بنێرێ. دەستووری کۆبوونەوەکە "چاکسازیی سەر و ئەندامانی کلێسا" ڕاگەیەنرا. هەمووان ئەم مەسەلەیەیان بە شەڕ لەگەڵ یۆلیۆس لێکداوە.

لەگەڵ پێشڕەویی هێزەکانی فەڕەنسا و خۆنواندنی دێوەزمەی ئەنجومەن، یۆلیۆس، ئیتر کەوتبووە ئەو وەزع و دۆخەوە، کە سەردەمانێک خۆی ویستبووی ئالکساندر بخاتە وەها دۆخێکەوە. ڕاشکاوانە باسی "جیابوونەوە" و چەککردنی پاپا دەکرا. کاردینالەکانی لایەنگری جیابوونەوە دەیانگوت، یۆلیۆس، یەکەم بەڵێنی خۆی لەبارەی پێکهێنانی ئەنجومەن پێشێل کردووە. ئەو ئەنجوومەنەی فەڕەنسا پشتیوانیی لێ دەکرد، لە پیزا لەسەر ئەو هەڵوێستە پێک هات. سوپای فەڕەنسا جارێکی دیکەش ڕۆمانیای گرتەوە، بۆلۆنیا دیسان کەوتەوە دەست دوژمن. ڕۆما لەرزی و هەستی کرد لە ڕووخان و هەرەس نزیک بووەتەوە. یۆلیۆس، نەخۆش و شەکەت و شێست و هەشت ساڵە و لەپێکەوتووی چەرمەسەرییەکانی بەرەی شەڕ، سەیری کرد دەسەڵات و کەوشەنی دەسەڵاتەکەی لە بەردەم هێرش دایە بۆیە ملی بۆ دوایین چارەسەر، هەر ئەو شتەی خۆی و پشتیوانەکانی ئەو هەمووە پشتگوێیان خستبوو ڕاکێشا: فەرمانی پێکهێنانی ئەنجوومەنی گشتیی، لە ژێر چاودێریی خۆیدا لە ڕۆما دەرکرد. لە درێژایی ئەو ماوەیەدا ئەوە تاقە هەوڵی گشتیی دەرباری پیرۆز بوو لە کاروباری ئاییینیدا ــ ئەویش بەزۆرەملێ نەک بە ئیمان و باوەڕ. دیارە زۆر بە وردی فەرمانی کۆبوونەوەکەیان بەرتەسک کردبۆوە، بەڵام ئەنجوومەنەکە لەگەڵ ئەوەدا هیچ دەردێکی درەمان نەکرد، هەل و دەرفەتی بۆ خستنەڕووی کۆمەڵێک باسوخواس ڕەخساند.

ئەم کۆبوونەوەیە، ناوی نرا پێنجەمین ئەنجومەنی لاتران، لە مانگی مای ١٥١٢دا لە کلێسای سان جان لاتران، کلێسای پێشووی ڕۆما پێکهات. چیی نەمابوو لە مێژووی کلێسادا، دەرفەتەکە لەکیس بچێ. زۆر کەس، بەوەیان زانی و هەستیان کرد خێرا نەبن، هیوابڕاو دەبن. سێ مانگ پێشتر، سەرۆکی کلێسای

سینت پالێزی لەندەن، جۆن کالێت، پیاوێکی زانا و بەگفتولفت، لە ئامۆژگارییەکانی خۆیدا، ڕووی قسەی کردبووە ئەنجوومەنێکی پیاوانی ئایینی و باسی پێویستیی چاکسازیی کردبوو و گوتبووی:"لەوەتەی کلێسا هەیە، وەک ئێستا پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانی ئێوە نەبووە." و گوتبووشی، لە پەلەپەلی دەستەبەرکردنی دەستکەوتاندا، لە کێبڕکێی پشووبڕی گەیشتن بەو تەخت و فلان ئیمتیازدا، لەبەر چاوبرسێتی و گەندەڵی، شەڕەف و ئابڕووی قەشەکان چووە و ئاییندارى سووک بووە و هەستی خەڵکی نائایینی بریندار بووە و کلێسا ناشیرین بووە و هیچ دەسەڵاتی نەماوە، وایلێهاتووە، هیچ کوفر و بیدعەیەک نەیدەتوانی ئەوەندە زیان بە ئایین بگەیەنێ، چونکە وەختێک کاروباری دنیا، پیاوانی ئایین لەخۆیدا نوقم بکا "ڕەگی هەموو مەعنەوییەتێک وشک دەبێ" (١٤٣) هەر لە ڕاستیدا گرفتەکەش ئەوە بوو.

ڕاستە بەر لە پێکهاتنی پێنجەمین ئەنجوومەنی لاتران، بەزین و شکانێکی سەخت لەبەر فەڕەنسیەکان لە ڕۆمانیا، ئەو هەستی قەیرانەی پتر کرد. ڕۆژی یەکشەممەی جێژنی پاک، یان پەسڵانی مەسیح، سەربازە سوویسرییەکان هێشتا نەچووبوونە نێو شەڕەکەوە، کە فەڕەنسییەکان بە پشتیوانیی پێنج هەزار سەربازی بەکرێگیراوی ئەڵمانی، هێزەکانی پاپا و ئیسپانیایان بەزاند و لە ڕاڤێنا، زۆر بە سامناکی لەخوێنیان وەردان و شکاندیانن. ئەو ڕووداوە بۆ ئەنجوونەن بەدشووم و بێفەڕ بوو. بەر لەوەی ئەنجوومەن دەست بە کار بکا، شارەزایەکی ئایین لە بۆلۆنیا لە نامیلەکەیەکدا پاپای وریا کردبۆوە، کە "ئەگەر بەخۆماندا نەیەینەوە و دەست نەکەین بە چاکسازی، زۆری پێناچێ، خوای دادگەر، تۆڵەیەکی سامناکمان لێدەکاتەوە."(١٤٤)

ئەجیدیۆ ڤێتربۆ، پێشەوای شوێنکەوتووانی ئاوگۆستینۆس، کە وتاری کردنەوەی ئەنجوومەنی لاترانی لەبەردەم پاپا پێشکەش کرد، یەکێک لەو کەسانە بوو کە تێشکانەکەی ڕاڤێنای بە ویست و خواستی خوا دەزانی و هیچ دوودڵیش نەبوو لەوەی بیدرکێنێ و بە زمانێکیش باسی کرد، کە ئەو پیرەپیاوە تووڕەو

تۆسنەی لەسەر تەختەکەی دانیشتبوو هیچ گومان و شکی تێدا نەما، ڕووی قسەی لەکێشە و لەگەڵ کێیەتی."ئەجیدیۆ گوتی: ئەو تێشکانە نیشانەی ئەوەیە، کەوتنە شوێن چەکی دنیایی، کارێکی پووچ و بێ ئاکامە و کلێسا بانگهێشت دەکا چەکی ڕاستەقینەی خۆی واتە چەکی "لەخواترسی و دینداری و ڕاستی و نوێژ" و شمشێری نوور و زرێی ئیمان هەڵگرێ. کلێسا لەو دۆخەی ئێستادا "وەک وشکەگەڵا و خەزەڵی داران، لە وەرزی زستاندا" هەڵوەریوە. "پیرۆزایەتییەکانی ئایین، عیشای ڕەبانی، فەرمانەکانی خوا، کوا جاری جاران ئەوەندە فەرامۆش کراون وخەڵک سووکایەتیی پێ کردوون؟ ئایینەکەی ئێمە، پێشتر کوا ئەوەندەی گاڵتە پێ کراوە و چینەکانی هەرە خوارەوە قەشمەرییان پێکردووە؟ دووبەرەکیی کارەساتبار ـ ئەی هاوارە لەمن، بڵێم چی ـ کەی جاری جاران لە کلێسادا هەبووە؟ کەی شەڕەکان لەوە مەترسیدارتر و دوژمن لەوە بەهێزتر و سوپاکان لەوە زاڵمتر بوونە؟.. ئەو کوشت و کوشتارانە نابینن؟ کاولکارییەکان نابینن؟ شەڕگەکان نابینن، کۆگاکۆگا کەلاکیان لێ هەڵدراوەتەوە؟ نابینن زەوی ئەمساڵ لە چاو پار خوێنی لە باران پتر هەڵمژیوە؟ نابینن ئەو هەمووە هێزە مەسیحییەی لە گۆڕدا حەواونەتەوە، دەکرا، بچنە شەڕی دوژمنانی ئایین.. شەڕی دوژمنە ئاشکراکانی مەسیح؟"(١٤٥)

ئەجیدیۆ لە درێژەی قسەکانیدا، پەسنی ئەنجوومەنی دا و بە پێشەنگی ئەو چاکسازییەی ناو برد، کە چەندی چەند ساڵە چاوەڕوانی بوون. ئەجیدبۆ، ئاییندارێکی زۆر تایبەت و تاقانە بوو ڕیفۆڕمخوازییەکەی ئەو شتێکی لەمێژینە بوو و کتێبە مێژووەکەی، لەبارەی دەزگای پاپایەتییەوە، ڕاشکاوانە بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە و وەبیرخستنەوەی ئەرکی پاپاکان و بۆ ئەوان نووسرابوو. ئەو وەها پابەندی پاراستنی ڕواڵەتیانەی ئایین بوو کە دەیانگوت، دووکەڵی کای شێدار هەڵدەمژێ، بۆ ئەوەی وەک ڕیازەتکێشەکان، ڕەنگی ڕوخساری خۆی زەرد و بزرکاو ڕاگرێ.( ١٤٦) لە ساڵانی دواتردا پاپا لیۆی دەیەم، کردی بە کاردیناڵ. ئێستا پاش چوارسەد و حەفتا ساڵێک کە گوێ لە دەنگەدەنگی

ئەنجوومەنی لاتران ڕادەگرین، ئەستەمە بتوانین بڵێین ئاخۆ ئەو دەموودووەی ئەو قسەی وتاردەرێکی ناودار بوو کە پاش ڕاهێنان پێی سپێردرابوو وتارە سەرەکییەکە پێشکەش بکات، یان هاواری بەکەفوکوڵ و بانگەوازی ڕاستەقینەی کەسێک بوو کە دەیەویست هەتا کار لە کار نەترازاوە، دەست بکرێ بە چاکسازی.

لاترانی پێنجەم بە هەموو دامودەستوور و پێنج ساڵ خزمەتەکەیەوە و بەو هەمووە وتاردەرە ڕاستگۆ و بێ پێچوپەنایەوە، ئاخرییەکەی نە ئاشتیی هێنا و نە چاکسازییش.(١٤٧) لە سەردەمی پاپای دواتریشدا، ئەنجومەنەکە هەروا بەردەوام بوو و دانی بە لافاوی هەڵە و سەهووەکاندا هێنا و شێوەی چاکسازیی ئەو هەڵانەی لە ڕاگەیەنراوەکەی ساڵی ١٥١٤ـدا گونجاند. باس هەروا باسی "پەتا ناپیرۆزەکە"ی کڕین و فرۆشتنی پۆست و پلەوپایەکانی کلێسایی و کاروباری پۆستە جۆراوجۆرەکان بوو لەگەڵ دانانی ڕاهیب و قەشە و ئۆسقۆفی بێتوانا و لێنەهاتوو و بەسووکگرتنی کاروباری خوا و ژیانی ناپاکی پیاوانی ئایین و تەنانەت ڕێوڕەسمی ڕاسپاردن(توصیە)،، کە ئیتر لەمەودوا نەدەبوو شتی وا بکرێ، مەگەر لە شتێکی ناوازە و ڕیزپەڕدا. ئەنجوومەنەکە بەتایبەتی ئەمری بە کاردینالەکان دەکرد، خۆ لە شکۆمەندی و هەڕوگێف بپارێزن، لایەنگری شازادەکان مەبن و بەرگرییان لێ مەکەن، خزم خزمێنە بە داهاتی کلێساوە مەکەن و لە دانی پلەو پایە و ئیمتیازی زۆر و کاروباری بندیوارانە خۆ بپارێزن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمری پێیان دەکرد، پاک و بێخەوش بژین و ئەو ئەرکانەی خوا پێی سپاردوون ڕاپەڕێنن، لانیکەم ساڵێ جارێک سەری شار و کلێساکەی خۆیان بدەن، لە بیاڤ و کەوشەنەکەی خۆیاندا هەر نەبێ خەرجی ژیانی قشەیەک دابین بکەن، لەو پۆستانەی لەژێر چاوەدێرییاندایە، ئاییندار شارەزا دابنێن و ماڵ و ژیانی خۆیان ڕێکوپێک بکەن. هەموو ئەو شتانەش وێنەیەک بوون لە کەمایەسییەکان و کەموکووڕییەکان لە هەموو بوارەکاندا.

پەسندکراوەکانی دواتری ئەنجوومەن زیاتر بۆ بێدەنگکردنی ڕەخنەکان بوو نەک جێبەجێکردنی ڕیفۆ ڕم و دیار بوو لۆمە و سەرکۆنەی ئامۆژگاریکەران، خەڵکی زویر کردبوو لەبەرئەوەی ئەمر کرا بە ئامۆژگاریدەر و وتاربێژان، کە لەمەودوا بەربێژی(پێشگۆیی) هاتنی "دژەمەسیح" یان "جەجاڵ" و دنیاخرابوون نەکەن. لە بازنەی ئینجیل پێ نەنێنە دەرەوە، خۆیان بپارێزن لە ناوهێنانی خەڵک و خراپەگوتنی هەڵە و خەتای ئۆسقۆف و مەتران و بەرپرسەکانی سەرووی خۆیان. هەوڵێکی دیکەش درا بۆ ڕاگرتنی هێرش و پەلاماردانی ئەو پیاوە ئایینیانەی لە شوێنێکی تایبەت و جێی ڕێز و متمانە دانراون، هەوڵەکەش سانسۆر و هەڵپاچینی ئەو کتێبانە بوو کە چاپ دەبوون.

دەکرێ بڵێین هیچ کام لە پەسندکراوەکانی ئەنجوومەن لە قسە زیاتر بڕیان نەکرد. ئەگەر هەوڵی جێبەجێکردنیان درابا، لەوانەبوو کاریگەریی لەسەر خەڵک دانابایە. بەڵام هیچ هەوڵێکی وا نەدرا. با لەبیریشمان نەچێ، پاپای ئەو کات، لۆیی دەیەم، خۆی نوقمی ئەو کارو کردەوانە بوو کە ئەو ڕێسا و یاسایانە قەدەغەیان کردبوون. کەواتە شێلگیرییەک لە ئارادا نەبوو. هەرچۆنێک بێ، گۆڕانەکە دەبوو لە سەرسەرەوە دەست پێ بکا، یان لە ئاکامی زۆری و گوشارێکی دەرەکیدا. یەکەمیان لە دامودەزگای پاپاکانی ڕێنسانسدا هەر نەبوو دووەمیشیان جار بە جار نزیکتر دەبۆوە.

لە شەڕەکەی ڕاڤێنادا، فەرماندە فەڕەنسییە گرنگەکە، واتە گاستۆن دۆفۆ کوژرابوو هێزەکانی ئەو ورەیان بەردابوو و هیچ سوودێکیان لە سەرکەوتن نەبینیبوو. دێ ئامبواز مردبوو لۆیی بە دڕدۆنگی و گومانەوە دەژیا. پاپا ئەنجوومەکەی پیزای بە هەوڵی لێکترازان و جوێبوونەوە لەقەڵەم دابوو و هەڵیوەشاندبۆوە و لایەنگرەکانیشی وردە وردە پەرتەوازە و بڵاو دەبوون. ئەو وەختەی بیست هەزار سەربازی سویسرایی گەیشتنە ئیتالیا، دۆخەکە هەڵگەڕاوە و پێچەوانە بۆوە. فەڕەنسیەکان لە دەوروبەری میلان لە شەڕی نۆڤارادا تێک

شکان و لەبەر زۆرهێنان و گوشاری سوویسرییەکان ئەو دوک نیشینەیان بەرەڵا کرد. لە جنۆڤاش دەرکران و ناچار بوون بکشێنەوە بەرەو داوێنی چیاکانی ئالْپ و "وەک تەمومژی بەر خۆرەتاو ڕەوینەوە و نەبەدی بوون."(١٤٨) ڕاڤێنا و بۆلۆنیا دیسان لەگەڵ پاپا دەستیان تێکەڵ کردەوە و بەیعەتیان کرد، دیسان سەرلەبەری ڕۆمانیا بۆوە بە ئەیالەتەکانی پاپا، ئەنجومەنی پیزا خۆی کۆ کردەوە و لە لووتکەی ئالْپەوە ڕایکرد بەرەو لیۆن و زۆری نەخایاند لەوێ سیس و ژاکاو لێک بڵاو بوو. ئەو ئەنجوومەنە لە هەمبەر شان و شکۆی لەخۆی بەرزتری لاتراندا و لە ترسی جیابوونەوەیەکی دیکە، هەرگیز نەیتوانی پتەو و بەهێز بێ.

پیرە پاپای کەللە ڕەق و مکوڕ، بە ئامانج و ئاواتەکانی خۆی گەیبوو. ڕۆما لە خۆشیی بەزین و ڕاکردنی فەڕەنسیەکان شاگەشکە ببوو. لە نێو ئاگرپژێن و گرمەی ئەو تۆپانەدا کە لە قەڵاکەی سانت ئانجیلۆوە بەخۆشی و شانازیی پاپاوە داوێژران، ئاپۆرەی حەشامات، دەیاننەڕاند:"جۆلیۆ، جۆلیۆ" سڵاویان دەنارد بۆ ڕزگارکەری ئیتالیا و دەرباری پیرۆز. بۆ شوکرانەبژێری و بە شانازیی ئەو ڕێپێوانێکی گەورە وەڕێ خرا.(١٤٩) و پاپا لە ڕواڵەت و شانوشکۆی ئیمپراتۆراندا بەشداری ڕێوڕەسمەکە بوو. بە نیشانەی دەسەڵاتداریتی، گۆیەک لە دەستێکیدا و گۆچانێکی پادشایانەشی بە دەستەکەی دیکەیەوە بوو و کۆمەڵە خەڵکێک خۆیان وەک "سکیپیۆی کارتاژ ڕووخێن" و کامیلۆسی ڕزگاریدەری ڕۆما لە چنگی "گۆل"ــەکان، شان بە شانی دەهاتن و دەوریان دابوو.

سیاسەتبازی هێشتایش زاڵ بوو. یەکیەتیی پیرۆز، کە ڤێنیزیا بەرەی گۆڕی و دژی جنۆڤای کۆنە خەنیمی خۆی، لەگەڵ فەڕەنسا ڕێککەوت، ئیتر (یەکیەتیی پیرۆز) ئیفلیج بوو. پاپا لە دوایین ساڵی ژیانیدا، لەگەڵ پادشای بەریتانیا و ئیمپراتۆریای ڕۆما، کۆمەڵێک ساتوسەودای ئاڵۆزی کرد، بەڵام فەڕەنسا پاش مەرگی ئەو دیسان هاتەوە سەر ئیتالیا و شەڕ هەڵاییساوە. لەگەڵ ئەوەشدا، یۆلیۆس نەیهێشت زەوی و خاکی کلێسا لێک بترازێ و پارچەپارچە بێت و پێکهاتەی دنایی ئەیالەتەکانی پاپایەتیی توندوتۆڵ کرد، هەر بۆیەش لە مێژوودا

ناوەکەی بەنەمری ماوەتەوە. لە کتێبە سەرچاوەکاندا، وەک "دامەزرێنەری ڕاستەقینەی حکوومەتی پاپا" و تەنانەت وەک "ڕزگاریدەری کلێسا"ـیش ناوی هاتووە. بەڵام هیچ کام لەو دەرکەوتانەیان بۆ حیساب نەکردووە، کە نرخی ئەو کارە، لەخوێن گەوزینی مڵک و کەوشەنەکەی و زەبروزەنگ بوو و لە دە ساڵی دواتریدا، هەموو ئەو دەستکەوتە نائاییینیانە، نەیانتوانی پێش بە لێک بڵاوبوون و هەڵوەشانەوەی پێکهاتەی دەسەڵاتی کلێسا بگرن.

وەختێک یۆلیۆس لە ١٥١٣دا ماڵاوایی لە ژیان کرد، زۆریان ڕێز گرت و بۆی تازییەبار بوون لەبەر ئەوەی ئەویان بە ڕزگاریدەر لە چنگ پەلاماردەرە قێزەونەکان دەزانی بەڵام لە دانوستانێکی تەوساویدا لە ژێر ناوی "یۆلیۆسی بێزراو" کە تۆزێک پاش مەرگی ئەو و بەبێ ناوی نووسەرەکەی بڵاو بۆوە و شارەزایان دەڵێن ئەراسیمۆس نووسیویێتی، ڕایەکی پێچەوانە هەیە. یۆلیۆس لە دەروازەی بەهەشت خۆی بە پێترۆسی حەواری دەناسێنێ و دەڵێ:".. من لە هەموو پاپاکانی پێش خۆی پتر خزمەتی کلێسا و مەسیحم کرد.. بۆلۆنیام خستە سەر کەوشەنە پیرۆزەکە، ڤێنیزییەکانم تێک شکاند، دووک فێرارام بە فێڵ و دەهۆ وەدەر نا، بە ئەنجوومەنێکی دەستکردی خۆم، ئەنجوومەنە دووبەرەکی - خوڵقێنەکەم تێک دا، فەڕەنسیەکانم لە ئیتالیا وەدەر نا و ئەگەر چارەنووس نەیهێنابامە ئێرە، ئیسپانییەکانیشم دەردەکرد. من هەموو پادشاکانی ئەورووپام تەمبێ کرد. من گرێبەستەکانم شڕ و دڕ کرد و لەشکری زۆروزەوەندم بردە شەڕگەکان، سەرلەبەری ڕۆمام بە کۆشک و تەلار ڕازاندەوە... و هەموو ئەوانەش خۆم کردمن. نە قەرزباری زێد و ڕەچەڵەکی خۆمم، لەبەر ئەوەی نازانم باوکم کێیە، نە قەرزباری خوێندن و پەروەردەش، چونکە لەو بوارەشەوە هیچم لەباراندا نییە. نە هیی گەنجێتیشم، لەبەر ئەوەی بە پیری دەستم پێکرد. نە قەرزباری خۆشەویستییشم، چونکە بێزراو و قێزەونی لای هەمووان بووم.. ئەو ڕاستییە خۆ هەڵکێشان نییە، کەچی دۆست و هاوەڵانم لە ڕۆما منیان زیاتر پێ خودایە نەک بەشەر."(١٥٠)

وتاردەرێک نیو سەدە پێشتر لە ئەنجومەنی بالدا گوتبووی"گەورەیی بەبێ دەسەڵات هەر دەتکاتە قەشمەڕ و پاپای ڕۆما بەبێ میراتی سەروەت و سامان، هەر غوڵامێکی گوێلەمستی شا و شازادەکان دەبێ."(١٥١) لایەنگرانی یۆلیۆسی دووەم پێیان وایە، ئەو لە سەر بنەمای وەها باوەڕێک، بە بەرچاوڕوونییەوە ئەو ڕێبازەی گرتە بەر، واتە کورتی ببڕینەوە، بیری کردەوە، کە بۆ نواندنی دەسەڵاتی، دەزگای پاپایەتی دەبێ لە پێشدا دەسەڵاتی دنیایی هەبێ و دەستڕۆیشتوو بێ و دوایی بیر لە چاکسازی بکاتەوە. ئەوەش هەر بەڵگەهێنانەوە خەڵتێنەرەکەی لایەنگرانی "سیاسەتی زۆرەملێ"ـیە، کە هەر وەک مێژوو گەلێ جاران دەریخستووە، قسەیەکیشی لەسەرە: بۆ گەیشتن بەدەسەڵات دەبێ هەموو ئەو کەرەستە و ئامرازانە بەکار بێنی، کە دەسەڵاتخوازان وەک حەیوان لێ دەکات و دەسەڵاتخواز تا ئاوڕ دەداتەوە، سەیر دەکات، ئەو دەسەڵاتە، بە نرخی لەدەستدانی فەزیلەت و گەورەیی ـ یان مەبەستی ئەخلاقی ـ دەستەبەر بووە.

"خودا دامودەزگای پاپایەتیی بە ئێمە بەخشی ـ با چێژی لێ وەرگرین"، (١٥٢) کاردینالْ جۆڤانی دێ مەدیچیی پێشوو کە دواتر بوو لە لیۆی دەیەم، ئاوای بۆ جۆلیانۆی برای نووسی. گومان هەیە ئەو قسەیە هیی ئەو بێ، بەڵام قسەیەکی ئاوا بێ ئەملاوئەولا لە پاپا تازەکە دەوەشاوە. ئامانجی لیۆ، چێژوەرگرتن لە ژیان بوو. ئەوەندەی یۆلیۆس شەڕخواز بوو ئەوەندە پاپای تازە بە دوای ڕابواردن و چێژوەرگرتنەوە بوو. تاقە خاڵی هاوبەشیان، حەز و ئارەزووە تەواو دنیاییەکەیان بوو. لۆرێنتسۆی بەشکۆ، ئەو هەمووە گرنگییەی بە پەروەردە و پێشکەوتنی کوڕە هەرە زیرەکەکەی خۆی دا و چاودێریی کرد، "ئاخرییەکەی" بوو بە پیاوێکی فازیل و خۆشگوزەرانی لێ دەرچوو کە دڵ و گیانی بەلای پەروەردەی کولتوور و هونەری و دامرکاندنەوەی حەز و ئارەزووەکانی خۆیەوە بوو و بەبێ ئەوەی گوێی لەوە بێ کارەکە چەندی تێدەچێ. پووڵ بەلایەوە دەتگوت گژ و گیایە و لە خەزێنەیەکی سیحراویدا، خۆڕسکانە دەڕوێ. کەس لە سەردەمی لیۆدا لەو دەستبڵاوتر نەبوو و بە دڵنیاییەوە دڵاوترین کەسێک بوو کە لەسەر تەختی پاپایەتی دانیشت.(١٥٣) شوێنکەوتووەکانی لەسەردەمی ڕێنسانسدا، ئەوەندەیان بە بەخشش و پاداشتەکانی هەڵگوت، کە سەردەمی دەسەڵاتەکەی ئەویان، بە چاخی زێڕین لەقەڵەم دا، زێڕین لەبەر ئەو لافاوە سکەزێڕەی لە سای ڕاسپاردە و جێژن و بەزم و ڕەزمە بێبڕانەوە و لە سای نۆژەنکردنەوەی سان پێترۆ و شاریڕۆما، دەچووە باخەڵی ئەوانەوە. ئەو پارە و پووڵانە، نەک لە خەزێنە سیحراوییەکان، بەڵکو لەو پیتاک وماڵیاتانەی ڕۆژبەڕۆژ لەسەر خەڵک زیاد دەکران و بە زوڵم و زۆری لێیان دەستاندن، دابین دەکرا و لەگەڵ دنیایەک ناڕەزایەتیی پڕ ئازاری دیکەدا، چەقۆی گەیاندە ئێسقانەکان و دەسەڵاتدارێتیی لیۆ، دوایین قۆناغی یەکیەتیی مەسیحییەت لە بن ئاڵای ڤاتیکاندا بوو.

زریقەوبریقە و هەڕوگیڤی یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی مەدیچی لەسەر تەختی پاپایی و پڕشنگی ئەو پارەی لە بەدەسەلات گەیشتنی ئەوەوە بەرهەم دەهات و دەسەلات و هونەرپەروەریی ئەو بنەماڵەگەورەیەی فلۆرانس، مزگێنیی سەردەمێکی خۆشی پێوە بوو و لە بەراورد لەگەڵ خوێنڕشتن و بەلا و نەهامەتییەکانی سەردەمی یۆلیۆس، مزگێنیدەری ئاشتی و چاکە بوو. بۆ پەرەدان بەو هەستە، لیۆ وشیارانە و بە بەرنامەیەکی پێشتر داڕێژراو پاش تاج لەسەرنان، بە هەڕوگیڤ و شکۆوە چووە لاتران و ئەو ڕێوڕەسمەی بەو بۆنەیەوە ڕێکخرا، گەورەترین جێژنی ڕێنسانس بوو. دەسەلاتدارەکەی دوایین کات و ساتەکانی یەکڕیزیی کلێسایش هەر وەها چاوەڕوانییەکی لە دەرباری پیرۆز هەبوو ـ دیمەنێک بۆ جوانی و شادییەکانی جیهان و سەرکەوتنی مەزنی و جوانی، بە خۆشی و شانازیی پاپایەکی بنەماڵەی مەدیچی.

هەزار هونەرمەند ڕێگەکەی ئەویان بە تاقی کەوانەیی و میحراب و پەیکەرە و تاجەگوڵینە و گۆی ئاسن، کە نافوورەی شە ڕابیان لێ بەرز دەبۆوە ـ لە شێوەی هێمای دووکانەکانی وەرشە و هێمای بنەماڵەی مەدیچی ( ١٥٤٩) ـ ڕازاندەوە. تاقمی هاوڕێی پاپا ـ ئۆسقۆف و دەرەبەگ و باڵیۆز و پیاوانی بیانی، کاردیناڵەکان و هاوڕێکانیان ـ هەر هەموو جلوبەرگی گرانبایی و بەکەشم و نەشمیان لەبەردا بوو. هەڕوگیڤ و خۆڕانانی پیاوانی ئایینیش لەوانی دی کەمتر نەبوو. لەژومارنەهاتوو ئا لای ڕەنگاوڕەنگ، نیشاندەری ڕەچەڵەکی شایانە و ئایینیی بەشداربووان، لەژوور سەریان دەشەکانەوە. لیۆ بە ئارەقەکردنەوە، بەلام شاد و گەش، جلوبەرگی سووری هەوریشمین لەبەر و ڕازاوە بە کەوڵی دەڵەک و بە سواری ئەسپێکی سپی دەڕۆیشت و سەدو دوازدە میرئاخوڕ و مەیتەر بە دوو ڕیز لەگەڵی دەهاتن. چوار کەسان کلاو و تاج و گۆ خاچنیشانەکانی ئەویان لەسەر دەست هەڵگرتبوو و دەیان بردن بۆ ئەوەی هەمووان سەیری بکەن. سەربازی سوارە و پیادە دەچوونە نێو ڕیزی ئەوانی دیکەوە. ئەفسەرەکانی پاپا سەیرکەرەکانیان زێڕوەشان دەکرد و دلاوایی و بەخشەندەیی مەدیچییەکانیان بۆ خەڵک ڕادەنا. جێژنەکە بە کۆبوونەوەیەکی میوانداری لە لاتران و دوای ئەوە ڕێوڕەسمی گەڕانەوە لەبەر تیشکی ئاگر و

تەڵقەتەندوورەدا کۆتایی هات. ئەو جێژنە سەد هەزار سکەی زێڕی تێ چوو کە یەک لەسەر حەوتی ئەو پاشەکەوتە بوو وا لە حەزێنەی یۆلیۆسدا مابۆوە.(١٥٥)

پاش ئەوە، تەخشان و پەخشان و بەفیڕۆدان، هەر هات و زیادی کرد. نەخشەکەی پاپا بۆ سان پێترۆ، کە ڕافایلی جێنشینی برامانتێ بە دڵاواییەوە ئامادەی کردبوو بەپێی بەراورد، زیاتر لە یەک ملیۆن سکەی زێڕی تێ دەچوو. بۆ زەماوەندی جۆلیانۆی برای لەگەڵ شازادەخانمێکی فەڕەنسی، پاپا سەدوپەنجاهەزار سکەی زێڕی دانا، کە پتر لە سەدا پەنجای خەرجی ساڵانەی ماڵ و ژیانی پاپا و سێ هێندەی ئەو جۆرە تێچووانەی سەردەمی یۆلیۆس بوو. لە ڕووی نەخشەکانی ڕافایلەوە، ڕایان سپارد کۆمەڵێک مافوورە و فەڕشی بچووک لە زێڕ و هەورێشم بۆ تەلارەکانی سەرەوەی ڤاتیکان دروست بکرێ. نرخی ئەوانەش گەیشتە نیو هێندەی خەرجی زەماوەندی براکەی. ئەو تێچوانەش، خەزێنەداریی پاپا ناچار بوو دابینی بکات و بەم جۆرە لە درێژایی دەسەڵاتدارێتییەکەی ئەودا، دووهەزار پلەوپایە و پۆستی فرۆشیاری دروست کران. یەکێک لەوانە تاقمی "سوارچاکەکانی سان پێترۆ"ی پاپا بوو کە چوارسەد ئەندامی لەخۆ دەگرت و هەر کامەیان هەزار سکەی زێڕ لە بری نازناو و ئیمتیازەکەی خۆی دەدا، جگە لە سەدا دەی نرخی سوود و بەهرەی کڕینی پۆستەکە لە ساڵێکدا. کۆی ئەو داهاتی فرۆشتنی پلەوپایە، سێ ملیۆن سکەی زێڕ خەملێنراوە، کە شەش هێندەی داهاتی ساڵانەی دەزگای پاپایەتی بوو ــ کەچی هەر بەشی نەدەکرد.

لیۆ بۆ ڕێزگرتن لە بنەماڵە و زێدەکەی خۆی واتە فلۆرانس و ڕێزلێنان لە خۆی و هونەرمەندە پیرۆزەکەی هاوزێدی (مایکل ئانجیلۆ)، وەو بە بناغەدانەری مۆنیۆمێنتێک، کە یەکێکە لە دەستکەوتە هونەرییە بێوێنەکانی ئەو سەردەمە. نوێژگەی مەدیچی لە کلێسای سان لۆرێنتسۆ، کە مایکل ئانجیلۆ دروستی کردبوو لەو دەمەدا سێ نەوەی مەدیچیی تێدا نێژرابوو ( ١٥٦) . پاپا بیستبوویەوە کە جوانترین بەردی مەڕمەڕ لە زنجیرەچیای پیتراسانتا هەیە کە سەدوبیست مایل لەو لای تۆسکانییەوە هەڵکەوتبوو.(١٥٧)

ئەگەرچی مایکل ئانجیلۆ دەیگوت هێنانی ئەو بەردە زۆری تێدەچێ، لیۆ لەوە زیاتر هیچی نەویست. بە ئەمری ئەو بە نێو چۆل و دەشتاییدا، جادەیەکی تایبەتی بەردکێشان لێدرا و ئەوەندەیان مەڕمەڕ هێنا، کە پێنج ستوونی بێوێنەی لێ دروست کرا. بەڵام جارێکی دیکەش ئەسک وێ گەیشتە بنی مەنجەڵ * و پاپاش دیتی کارکردن لە مایکل ئانجیلۆ مەحاڵە. لیۆ نەرمونیانی و شارەزابوونی ڕافایل لە دامودەستووری دەربار و جوانییە سادەکەی هونەری ئەوی پێ باشتر بوو. کاری نوێژگەکە ڕاگیرا و لە سەردەمی جۆلیۆی ئامۆزاکەی لیۆ، کە دوای ئەو بووبە پاپا کلمەنسی حەوتەم، سەرلەنوێ دەستی پێکراوە و تەواو کرا.

لیۆ پتر لە سەد لێکۆڵەر و مامۆستای بوارە جۆراوجۆرەکانی یاسا و ماف و ئەدەبیات و فەلسەفە و پزیشکی و گەردووونناسی و گیاناسیی دامەزراند، کە یۆنانی و عیبرانی بوون، بەڵام لەبەر دانانی بێ بەرنامەی بەرپرس و پۆست و بڕانی پارە، ئەم بەرنامەیەش وەک باقی گەڵاڵەکانی دیکەی خۆی لە پێشدا دەروشاوە بەڵام زۆری نەخایاند و کوژاوە. پاپا بۆ کۆکردنەوەی کتێب و دەستنووسەکان زۆر بەکەفوکوڵ بوو. زۆربەی بابەتەکانی ئەو کتێبانەی لەبەر بوو و لە قسەو مشتومڕەکانیدا دەیهێنانەوە و لە بەر ڕووناکایی ئەو کەفوکوڵ و هۆگرییەیدا، چاپخانەیەکی بۆ چاپکردنی کتێبە کلاسیکەکانی یۆنان دانا. پارە و پلەی وەک نوقڵ و نەبات بڵاو دەکردەوە. چاکەی زۆر لەگەڵڕافایل کرد، بۆ ڕاپەڕاندنی گەڵاڵەکانی ئەو لە بواری جوانکاری و دیمەن و نەخش و نیگار و ڕازاندنەوەی تەختی عەرزی تەلارەکان و هەڵکۆڵین و بەردکۆڵینی کۆشکی پاپا، پۆل پۆل هونەرمەندی هاریکاری بۆ هێنا. دەیەویست ڕافایل بکاتە کاردیناڵ. (١٥٩) بەڵام هونەرمەند، خۆی نەگرت و بەر لەوەی عابا سوورەکە لەبەر بکا، لە تەمەنی سی و حەوت ساڵیدا، دەڵێن لەبەر عەشقبازیی لەڕادەبەدەر، مرد.

تەخشان و پەخشانی خۆڕایی و پڕ لە خۆنواندن، نەریتی باوی دەوڵەمەندەکانی ئەودەم بوو. لە میوانییەکی لەبیرنەکراوی یەکێک لە خواپێداوانی ئەوکاتدا بەناوی ئاگوستینو کیجی، دوای خواردنی زمانی tووتی و

* وەک بڵێی لەسەر ساجی عەلی دانیشت)

ماسیی بیزانس لە نێو دەفری زێڕدا، دەفرەکانیان لە پەنجەرەوە فڕێدایە نێو ڕووباری تیبێرەوە. ـ دیارە ئەو هەڕوگێڤ و پۆزە خۆڕاییی بوو چونکە بۆ گرتنەوەی دەفرەکان تۆڕیان لە تەرکی ڕووبارەکە راخستبوو. ( ١٦٠) لە فلۆرانس عەتریان بە سکەی دراوەکاندا دەکرد. لووتکەی خۆڕانانەکان "گۆڕەپانی قوماشی زێڕین" بوو کە بۆ چاوپێکەوتنی فرانسوای یەکەم "پادشای فەڕەنسا" و هێنریی هەشتەم "پادشای بەریتانیا" لە ١٥٢٠دا ڕازێنرابۆوە و چواردەملیۆن لیرەی قەرز خستە سەر شانی فەڕەنسا و دانەوەکەشی دەساڵی خایاند. لیۆی پەروەردەکراوی نێو زێدەخەرجی و باق و بریقی بنەماڵەی مەدیچی، خۆ ئەگەر پیاوێکی ئاسایی بوایە، لەوانەبوو کێشەیەک نەبوایە کۆپی و ڕەنگدانەوەیەکی سەردەمی خۆی بێ، تەنانەت ئەگەر زێدەڕۆییەکەی وەک شێتانیش بوایە. بەڵام ئەو پێشەوای کلێسا بوو و لەو پێگەیەدا ئیتر ئەوپەڕی گەمژەیی بوو بەرپرسیارەتیی ئایینی و خۆڕانانی بێسنوور بە ماڵی دنیاوە بە دوو شتی ناتەبا لەقەڵەم نەدا و گوێ نەداتە ئەوەی ئەو کارانە کاریگەریی خراپیان لەسەر زەینی خەڵک دەبێ. لیۆ کارئاسان و خۆشگوزەران و زیرەک و بە ڕواڵەت کۆمەڵایەتی و ڕووخۆش بوو. لە سەر کاروبار و ئەرکەکانی سەرشانی خۆی شێلگیر نەبوو بەڵام گرنگییەکی زۆر بە ڕێوڕەسمە ئاینیەکان دەدا. بەڕۆژوو دەبوو هەموو ڕۆژێ ڕێوڕەسمی عیشای ڕەببانی بەجێ دێنا و جارێکیش، کە مزگێنیی سەرکەوتن بەسەر تورکەکانیاندا بۆ هێنا، کەلوپەلە متفەڕکەکانی هەڵگرت و وەپێش خەڵکەکە کەوت و بۆڕزگاربوونی لە مەترسیی ئیسلام نوێژی کرد. مەترسییەکان بەردەوام خودایان وەبیری دێناوە. ئەگینا دەربارەکەی شوێنێکی ئاسوودە و ئارام بوو.( ١٦١) کاردیناڵەکان و فەرمانبەرانی دیوانەکەی، بۆ بیستنی وتاری ئامۆژگاریکەران، دەهاتن، بەڵام ئەو دەمەی وتاردەر قسەی دەکرد، پێکەوە قسەیان دەکرد. لە سەردەمی لیۆدا وتارەکان لە پێشدا کرانە نیو سەعات و دواتریش کرانە پازدە خولەک.

پاپا زۆری شیعری(شەڕەشیعر) و لەجێدا شیعر هۆنینەوە و گەمەی کۆنکەن و میوانیی دورودرێژ بە مۆسیقاوە و بەتایبەتی لەگەڵ شانۆ پێخۆش بوو. حەزی لە پێکەنین و ڕابواردن بوو چونکە وەک پایۆلۆجۆڤیۆی هاوسەردەمی

که ژیاننامەکەی نووسیوەتەوە، دەگێڕێتەوە:"یان ئەوەتا زۆری چێژ لەو ڕابواردن و خۆشییانە وەردەگرت، یان پێی وابوو خۆبواردن و خۆپاراستن لە دڵەڕاوکێ و قەلەقی عومر درێژ دەکاتەوە." (١٦٢)

زۆریان خەمی تەندروستییەکەی بوو چونکە، لەگەڵ ئەوەدا هێشتا تەمەنی نەگەیبووە سی و حەوت ساڵ، برینێکی زۆر بەژانی لە قوونی هاتبوو کە بەتایبەتی لە ڕێوڕەسمی ڕێکردنی سەربازانەدا زۆری ئازار دەدا ـ ئەگەرچی هەر ئەم دەردەش یارمەتیدەر بوو بۆ هەڵبژێرانەکەی، چونکە پزیشکەکانی خۆی ڕاسپارد دەنگۆی ئەوە بڵاو بکەنەوە کە پاپا زۆری نەماوە بمرێ، جا خەبەری ئاواش هۆکارێک بوو بۆ وەسوەسەکردنی کاردیناڵەکانی دیکە بۆ هەڵبژاردنی پاپا. بەژن و باڵای پاپا هیچ لەو پیاوە بەگەوهەرە ئایدیالییەی ڕێنسانس نەدەچوو کە مایکل ئانجیلۆ لە نوێژگەکەی مەدیچی و لە ڕووی براکەی پاپاوە دورستی کردبوو ـ دیارە پەیکەرە زۆر لەو کەسەش نەدەچوو کە لە ڕوویەوە دروست کرابوو. (هونەرمەندەکە خۆی گوتبووی:"هەزار ساڵی دیکە کێ بەلایەوە گرنگە ئەمە لە ئەسڵەکەی دەچێ یان نا؟" (١٦٣) لیۆ کورتەبنە و قەڵەو و شلەپەتە بوو. سەری زۆر زل و لاقی لەچاو جەستەی بچووک بوون. زۆر بە دەستە سپی و ناسک و نەرمەکانی خۆی دەنازی و بەردەوام ئاگای لێیان بوو و قامکەکانی خۆی بە ئەموستیلەی درەوشاوە دەڕازاندەوە.

ئاشقی ڕاو بوو و بە زیاتر لە سەد خزمەتکار و نۆکەرەوە لە ڤیتربۆ شەهێن بازی و لە کورێنتۆ ڕاوی ئاسکی دەکرد و لە دەریاچەی بولسێنادا ماسیی دەگرت. زستانان دەرباری پاپا بە بەرنامەی مۆسیقی و شیعرخوێندنەوە و باڵێ و شانۆ گەرموگوڕ بوو. یەکێ لەو شانۆیانە، کۆمێدیا ڕووهەڵماڵاو و بێ نەزاکەتەکانی ئاریۆستۆ و ماکیاڤێللی و کالاندریا بوون، کە بێرناردۆدا بیبینا نووسیبوونی. بێرناردۆ مامۆستای پێشووی لیۆ بوو کە لەگەڵی هاتبووە ڕۆما و پلەی کاردیناڵیی پێدرا.( ١٦٤) کە جۆلیانۆ دێ مەدیچی لەگەڵ ژنەکەی هاتە ڕۆما، کاردیناڵ بیبینا بۆی نووسی:"شوکرانەبژێرم، چونکە ئێمە لێرە لەهیچمان کەم نییە، جگە لە خاتوونەکانی دەربار."( ١٦٥) بێرناردۆ دا بیبینا، ڕاوێژکار و

هاودەنگی نزیکی پاپا، پیاوێکی زیرەک و بلیمەت و دیپلۆماتێکی قسەخۆش و لێهاتووی زۆر گەش بوو و حەزی لە چێژوەرگرتن لەم دنیایە بوو.

زەوق و حەزی لیۆ لە بەرهەمە کلاسیک و شانۆییەکان، ڕۆمای پڕ کرد. ئەوانە بریتی بوون لە "کۆمەڵێک شانۆ کە تێکەڵەیەکی سەیروسەمەرەی مەسیحییەت و لەدینوەرگەڕان، شانۆکانی ئەفسانەکانی کەونارا، کەرنەڤاڵ و سەمای بەدەمامکەوە، دراماکانی مێژووی ڕۆما، ئەو شینگێڕییانەی لە کۆلۆسیۆم نمایش دەکران، وتاردانی کلاسیکەکان و میوانیی گەورە و بەشکۆی کلێسایی. لەهەمووی لەبیرنەکراوتر، نمایشە بەناوبانگەکەی فیلی سپی بوو کە بۆ بەرزڕاگرتن و ئاهەنگی سەرکەوتن بەسەر عەرەبەکاندا، دیارییەکانی پادشای پۆرتۆگالی بۆ پاپا دێنا. فیلەکە کەژاوەیەکی گەوهەرنیشانی لەسەر پشت بوو کە سندووقێکی بە تاوەر و شوورای زێو دروستکراوی تێدابوو و سندووقەکەش پڕ بوو لە خەڵات و دیاریی گرانبایی و جامی زێڕین و کتێبی بەرگکراو بۆ ڕازیبوونی دڵی لیۆ. پیاوێکی عەرەب هەوساری فیلەکەی گرتبوو و عەرەبێکی دیکەش سواری ببوو. لەسەر پردەکەی سانت ئانجیلۆ، فیل، کە ئەمری پێکرا، سێ جاران لە هەنتەشی پاپادا کڕنۆشی برد و ئاوی بە ئاپۆڕای سەیرکەراندا پژاند و بوو بە قریوەی خۆشی.(١٦٦)

جاری وابوو شنەی بیروباوەڕی کافرەکانی بەر لە مەسیحییەت لە ڤاتیکاندا هەڵی دەکرد، لە یەکێک لە وتارە پیرۆزەکاندا، وتاردەر ناوی خوا نەمرەکانی یۆنانی کەونارای کرد. ئەوەی لەوێ بوون، دایانە قاقای پێکەنین و هەندێکیش هەڵچوون، بەڵام پاپا لەسەر خۆ گوێی دایێ و بە پێی تەبع و خەسڵەتی خۆی، ئەو هەڵەیە بەسەر خۆی نەهێنا. ( ١٦٧) ئەو لە هەموو شتێک پتر، دەیەویست وتارەکان ئەدیبانە و زانایانە بن و شێواز و ناوەرۆکی کلاسیک واتە سەردەمی یۆنان و ڕۆمای کەونارایان پێوە بێ.

لە بواری سیاسییەوە، خەمساردییەکانی لیۆ، هیچ دەستکەوتی نەبوو تەنانەت هەندێ لە سەرکەوتنەکانی لیۆشی پووچەڵ کردەوە. ئەو پاپایە دەیەویست ئەوەندەی بۆی دەلوێ خۆی لە سەرئێشە و گێچەڵ و خۆ بە قەزاوقەدەر ئەسپاردن ببوێرێ، واتە ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنی سیاسەتمەدارییەکەی مەدیچی

که بەرژەوەندیی هەردوو لای ـ ئەگەر نەشڵێین ڕێگەپێدراو ـ لانیکەم هەموار دەکرد. لیۆ زۆر جاران دەیگوت:"پاش گرێدانی پەیمان و گرێبەست لەگەڵ لایەنێک، هیچ هۆیەک نییە بنیادەم لەگەڵ لایەنەکەی دیکەش ڕێک نەکەوێ."(١٦٨) لە لایەکەوە دەیگوت فەڕەنسا هەقێتی داوای میلان دەکا و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی فەڕەنسییەکان میلان داگیر نەکەنەوە، لە بنەوە لەگەڵ ڤێنیزیا ڕێک دەکەوت. بەو شێوەیە، وێڕای یەکگرتن لەگەڵ ئیسپانیا، بۆ وەدەرنانی ئەوانەش لە ئیتالیا، لەگەڵ ڤێنیزییەکانیش ڕێک دەکەوت. ڕیاییکردن ببووە خووخدەی ئەو و چەندی حوکمڕانییەکەشی پتر تووشی کێشە و گرفت دەبوو ئەو فێڵ و دەهۆ و دووڕووویەکەی خۆی پتر دەکرد. بە زەردەخەنە و خۆگێلکردن، خۆی لە وەڵامی پرسیارەکان دەدزییەوە و قەت ئاشکرای نەدەکرد چ سیاسەتێکی لەبن سەریدایە، ئەگەرچی زۆربەی جاران هەر سیاسەتێکیشی نەبوو.

فەڕەنسییەکان، لە ١٥١٥دا، بە سەرکردایەتیی ف ڕانسوای یەکەم و بە سوپایەکی بەهەیبەتەوە کە سێ هەزار فەرخە دەرەبەگی سوارچاک و تۆپخانەی ڕاهێنراو و بە سەربازی پیادەی ئەڵمانیی بەکرێگیراوی لەخۆ گرتبوو دیسان هاتنەوە بۆ گرتنەوەی میلان. پاپا پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر و مشوورخواردن، چووە ڕیزی ئەندامە کڕ و بێ جموجۆڵەکانی "یەکێتیی پیرۆزەوە" و بە پشتبەستن بە شەڕکەرە سوویسرییەکان بڕیاری دا بەربەرەکانێ بکا.

بۆ چارەڕەشی، لە شەڕە زۆر توندەکەی مارینیانۆ لە دەوری میلان، فەڕەنسیەکان سەرکەوتن. چارەنووسی ئەو شەڕە دووڕۆژان بە موویەک بەند بوو بەو حاڵەشەوە هێزەکانی پاپا پەنجا مەترێک لەولای گۆڕەپانی شەڕەکە، لە هۆردووگەی پیاچێنتسا، هەر لەجێی خۆشیان نەبزووتن.

فەڕەنسییەکان جارێکی دیکەش جڵەوی دووک نشینە مەزنەکەی باکووری میلانیان بەدەستەوە گرتەوە و لەگەڵ سوویسریەکان "پەیمانی تاهەتایی"ـیان بەست بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکەی خۆیان پتەو بکەن. ئەمجارە فەڕەنسا وا بەهێز ببوو کەس دەرەقەتی نەدەهات و بۆ بەگژداچوونەوە نەدەبوو. بۆیە پاپا بەپێی

خدەی خۆی  ڕەوگەی گۆڕی و چووە بۆلۆنیا چاوی بە ف ڕانسوا بکەویَ و کۆمەڵە ڕێکەوتنێکی لەگەڵ مۆر کرد، کە زۆربەیان بە مانای لێبوردن بوون. پارما و پیاچێنتسا، کە هەر لە کۆنەوە لە نێوان میلان و دەزگای پاپایەتیدا کێشەی لەسەر بوو درا بە فەڕەنسا و کێشە و مشتومڕە لەمێژینەکانیشی لەسەر مافەکانی "گالیکانی"( ١٦٩) بڕییەوە کە پەیوەندییان بە دامەزراندن و داهاتەکانی کلێساوە هەبوو. یەکێک لە خاڵەکانی   ڕێکەوتننامەکە، لە بارەی چاکسازیی کوالێتی دامەزراندنەکانەوە، پێداگرتنەوە بوو لەسەر ئەوەی ئۆسقۆفەکان لانیکەم دەبیَ بیستوحەوت ساڵیان تەمەن بیَ و بواری ماف یان ئایین(یەزدانناسی)ـیان خوێندبیَ. بەڵام ئەگەر بەربژاری پۆستی ئۆسقۆفی خزمی پادشا یان یەکێک لە دەرەبەگەکان بوایە، دەکرا، زۆر سووک و سانا ئەو مەرجانە پشتگویَ بخرێن. بەو جۆرە، ئەو چاکسازییانەش، وەک پەسندکراوەکانی ئەنجوومەنی لاتران، وەزعەکەیان هیچ باش نەکرد.

پەیمانەکەی بۆلۆنیا ( ١٧٠) سەرەڕای بەرهەڵتسیی کلێسای فەڕەنسا دژی هەندیَ بڕگەی، لەسەر یەک هەنگاوێکی دیکە بوو لە پێناوی بەدەستەوەدانی دەسەڵاتی ئایینی لە لایەن دەزگای پاپاوە ـ هەر وەک چۆن هەرەسی دووبارەی میلان و داگیرکرانی لەلایەن فەڕەنسییەکانەوە، دوایین بزماری ئەو سەردەمە بوو کە لە تابووتی سەربەخۆیی ئیتالیا درا. کەسانیڕەخنەگری وەک ماکیاڤێللی و گویتچاردینی بە ئاشکرایی ئەم ئەنجام و ئاکامانەیان دەدی، بەڵام پاپا هەر پێی نەزانی و ئەگەر زانیبێشی، زۆری پیَ ناخۆش نەبوو. "بوبەرەکان بۆ دەرەوە" دروشمی لیۆ نەبوو. ئەو پێکەوەژیان و هاودەنگیی پیَ باشتر بوو. پاپا غیرەتی "ناگوتن"ـی نەبوو هەر بۆیە کە ف  ڕانسوا داوای پەیکەرەکەی لایۆکۆیۆنی کرد، داواکەی قەبووڵ کرد، بەڵام تەگبیرێکی لیَ کرد کە لێگیراوەیەکی لە بری ئەسڵەکەی لیَ بار بکا و ئەوەش پەیکەرە سازێک بەناوی باتچۆ باندینێللی پێشنیارەکەی کرد (ئەو پەیکەرەیە ئیَ  س تا لە مۆزەخانەی ئۆفیتسی"ـە. (١٧١) لەو نێوەدا کچەشازادەیەکی فەڕەنسیی بۆ براکەی خۆی و یەکیشی بۆ کوڕی لۆرێنتسۆی برای خوسات و هەتا ساڵی  ١٥١٩ کە شاڕلی پێنجەم بوو بە ئیمپراتۆری پیرۆزی  ڕۆما و هەرێمی پادشایەتیی ئیسپانیا و

هاپسبۆرگی کردە هاوپەیمان و ناوەندی دەسەڵات شوێن گۆڕکێی کرد ــ هەر وا یاری غاری فەڕەنسییەکان بوو. جا ئەمجارە دیسان مەسڵەحەت وابوو هەڵگەڕێتەوە و ڕەوگە بگۆڕێ. بۆیە لیۆ لەگەڵ ئیمپراتۆرە تازەکەڕێک کەوت و شەڕەکانیش هەروا بەردەوام بوون، بەڵام زیاتر وەک شەڕی دەوڵەتە گەورەکان لە خاکی ئیتالیادا لەسەر دەسەڵات و دەسەڵاتە خۆجێیەکانی ئەو وڵاتە، وەک پێشوو دەستەوئێخەی چەندبەرەکی و لێکترازانە لەمێژینەکانیان، سەرلێشێواوانە هەر جارە و بەلایەکیاندا دەکەوتن.

حەزو هۆگریی بنەماڵەکانیان و بەختەوەریی بنەماڵەیی خستنە پێشەوەی بەرژەوەندیی دامودەزگای پاپایەتی لە لایەن پاپاکانەوە، تەواو داوێنی لیۆشی گرتبۆوە و ئاخرییەکەیش سەری ئەوی خوارد. جا چونکە خۆی وەجاغکوێر بوو هەموو هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بۆ خزمە نزیکەکانی تەرخان کرد. یەکەمیان جۆلیۆ دێ مەدیچی ئامۆزای، واتە کوڕە زۆڵەکەی جۆلیانۆ بوو کە بنەماڵەی پاتسی لە کلێسا کوشتیان. لیۆ بە سوێندنامەیەک کێشەی لەدایکبوونی ئەو منداڵەی چارەسەر کرد، کە دەیگوت، دایک و باوکەکەی جۆلیۆ بە یاسایی بەڵام بە دزییەوە زەماوەندیان کردووە. بەو تەگبیرە، جۆلیۆ حەڵاڵزادە و شەرعی کرا و دواتریش کرا بە کاردیناڵ و وەزیری مەزن و دواتریش نازناوی کلمەنسی حەوتەمی لێ نرا و لەسەر تەختی پاپایەتی دانیشت. لیۆ لەسەر یەک، پێنج ئەندامی بنەماڵەکەی خۆی کردە کاردیناڵ، دوانیان کوڕە مامی و سێیەکەی دیکەش منداڵی سێ خوشکەکەی بوون. (   ١٧٢) ئەو کارە نائاساییی و ناباو نەبوو. کێشەکە ئەو دەمە دروست بوو کە لیۆ دوای مەرگی براکەی خۆی بڕیاری دا لۆرێنتسۆ ــ کوڕی پیێرۆی براگەورە کۆچکردووەکەی ــ بکاتە میراتگری دەسەڵاتی مەدیچی و پاش ئەوەش بەدەستهێنانی دو    وک نشینی ئۆربینۆ بۆ لۆرێنتسۆ، بوو بە گرێی سەردڵی لیۆ.

لیۆ ئاخرییەکەی ئەو هەرێمەی بە ز ەبری چەک لە چنگی دووکی ئۆربینۆ دەرهێنا و دووکی تەکفیر کرد و خاوەندارێتیی ئەوێی دا بە لۆرێنتسۆ و نازناوی دووکی پێ بەخشی و دواییش داوای لە کۆڕی کاردیناڵەکان کرد کارەکەی ئەو بە  ڕەوا بزانن. دووک لە بنەماڵەی دێللا    ڕۆڤێرێ و برازای

یۆلیۆس بوو و لە هەوڵ و تێکۆشان و پێداگری و مکوڕیدا هیچی لە مامە کۆچکردووەکەی کەمتر نەبوو. بۆیە دەستی لەسەر دەست دانەنا. نێردراوەکەی ئەو چووە ڕۆما و سکاڵای لە لۆرێنتسۆ کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەماننامە(پارێزە)شی هەبوو قۆڵبەست کرا و بۆ ئەوەی بەقسە بێ، ئەشکەنجە کرا.(١٧٣) پاپا دووکی بە یاخی لەقەڵەم دا و بۆ تەدارەک و ئامادەکرایی شەڕ لەگەڵ ئۆربینۆ، ماڵیاتی خستە سەر هەموو ئەیالەتەکانی پاپایەتی." (١٧٤)

ئەو لەشکرکێشییە بێشەرمانەیە، خەڵکی لێ ورووژاند. بەڵام لیۆش وەک یۆلیۆس یان هەموو سەرەڕۆیەکی دیکە، گوێی بە کاریگەریی کردەوە خۆی لەسەر خەڵک نەدا و دوو ساڵان بە مکووڕییەکی کە لە کاروبارەکانی دیکەیدا وێنەی نەبوو درێژەی بە شەڕ دا. لە کۆتایی ئەو ماوەیەدا لۆرێنتسۆ و هاوسەرە فەڕەنسییەکەی هەردووکیان مردبوون، بەڵام کچێکی ساوایان لەپاش بەجێ مابوو. چارەنووسی کچۆڵەکە، کە ناوی نرا کاترین دۆ مەدیچی، ئەوە بوو دواتر ببێتە ژنی کوڕەکەی فەڕەنسوای یەکەم و ببێ بە شاژن و فەرمانڕەوای فەڕەنسا. بەڵام ئەم چەرخوخولەش زۆر درەنگ بۆ لیۆ سووڕایەوە و تەنانەت پێشی بەڕووخانی مەدیچییەکانیش نەگرت. لیۆ لە شەڕە بێ ئاکامەکەی ئۆربینۆدا، هەشت سەد هەزار سکەی زێڕی دانا و وا کەوتە بن باری قەرزەوە، کار گەیشتە مایەپووچبوونی ئابووریی دەزگای پاپایەتی. بەو حاڵەشەوە، هەر وازی نەهێنا و لەسەر دەهۆ و پیلانە ئاڵۆزەکانی بەردەوام بوو هەتا گەورەترین ڕیسوایی و حەیاچوونی سەردەمی لێ کەوتەوە.

پیلانی پێترۆتچی، ڕووداوێکی لێڵ و شووم بوو کە لەو دەمەوە تا ئێستایشی لەگەڵدا بێ، هەمووان سەریان لێی سووڕ ماوە. (١٧٥) لیۆ بە قسەی خۆی، دەیگوت، چەند خزمەتکارێک لەلای دەیدرکێنن، کە کۆمەڵێک لە کاردیناڵەکان ڕێک کەوتوون بیکوژن. سەردەستەی پیلانگێڕەکانیش کاردیناڵێکی گەنج بوو بە ناوی ئالفۆنسۆ پێترۆتچی، خەڵکی سیێنا، کە دڵی لە پاپا ئێشابوو و لەگەڵ پزیشکێک ڕێک کەوتبوو کە لە کاتی قەڵشاندنەوەی لووەکەی سمتی پاپا، ژەهرێکی لە خوێنی بکا.

کۆمەڵە خەڵکێک گیران، سیخوڕەکان ئەشکەنجە کران و کاردیناڵە گومانلێکراوەکان خرانە بەر لێپێچینەوە. پێترۆتچی و تۆمەتبارەکانی دیکەیان، بە ئاماننامە کێشایە ڕۆما و لە زیندانیان توند کردن. لیۆ بۆ پاساودانی پێشێلکردنی ئامانامەکە گوتی: ئەوکەسەی ژەهرخواردت دەکا، شیاوی متمانە نییە. لە لێپێچینەوەکاندا نهێنیی سامناک ئاشکرا بوو دانپێدانانەکان وەرگێران و ڕاپۆرتە زارەکییەکان لەسەر چۆنێتیی دادگاییەکان، ڕۆمای تووشی سەرسووڕمان و ترس کرد. کاردیناڵ پێترۆتچی لە ژێر زۆر و گوشاردا دانی بە تاواندا نا و ئیعدام کرا. جا لەبەر ئەوەی ڕێسا و دامودەستوورەکان ڕێگەیان نەدەدا هیچ مەسیحییەک یەکێک لە کاردیناڵەکان بکوژێ، کارەکەیان بە عەرەبێک ئەسپارد و بە پەتێکی سووری هەورێشمی کە لە ڕەنگی عابا و کڵاوی کاردیناڵی دەکالاوە، ئەوی خنکاند. کاردیناڵەکانی دیکە، کە ئەوڕووداوەیان دی، قەبووڵیان کرد پارەیەکی زۆر بدەن و داوای لێبوردن بکەن. کاردیناڵ ڕافایلێ ڕیاریۆ ئەوی هەرە دەوڵەمەندەکەیان،ــ یەکێکی دیکە لە خزمە خۆشەویستەکانی سیکستۆسی چوارەم بوو ئەم جارەیان کوڕی کچەکەی ــ سەدوپەنجا هەزار سکەی زێڕی دا.

پیلانەکە ئەوەندە دوور لە باوەڕ بوو کە هەمووان پێیان وابوو پاپا، لەوانەیە لەسەر بنەمای قسەی پڕوپووچی یەکێک لە سیخوڕەکان، هەموو ئەو مەسەلەیەی بۆ وەرگرتنی پارە(غە ڕامە) هەڵبەستووە. لێکۆڵینەوە نوێیەکان لە ئەرشیڤی ڤاتیکاندا دەری دەخات، کە لەوانەیە پیلانەکە بێبەماش نەبووبێ، بەڵام گرنگ، هەست و کوڵی خەڵکی ئەودەم بووە. دوای تووڕەبوون و ناڕەزایەتیی خەڵک لە لیۆ لەبەر ئەو شەڕەی لەگەڵ ئۆربینۆ کردی، پیلانەکەی پێترۆتچی نەک هەر دەزگای پاپایەتیی ڕۆژبەڕۆژ سووکتر و بێنرختر کرد، بگرە کاردیناڵەکانیشی تۆقاند و کردنییە دوژمن. لەوانەیە بۆ پووچەڵکردنەوەی دوژمنایەتیی کاردیناڵەکان، لەوانەیە بۆ بەرگرتن لە مایەپووچی و لەوانەیە بۆ هەر دوو مەبەستەکە، لیۆ بە ئازایەتییەکی سەرسووڕهێنەر، لە ڕۆژێکدا سی و

یەک کاردینالّی تازەی دانا.( ١٧٦) و لەو تازە دامەزراوانە پتر لە سێسەدهەزار سکەی زێڕی خستە باخەڵی خۆیەوە. دەڵێن ئەو دامەزراندنە بەکۆمەڵە، فکری کاردینالّ جۆلیۆ دیَ مەدیچی بوو کە ڕێگە و دەراوی بۆ بەرزبوونەوەی پۆستەکەی خۆی بۆ پلەی پاپایەتی خۆش دەکرد. لەو دەمەدا خەڵک وا بێهیوا ببوون، ئەو کردەوەیەی پاپا، هیچ هەڵچوون و جووڵەیەکی نەخستە نێو کۆڕی کاردیناڵەکانەوە.

لیۆ نەرمونیان و بەبەزەییەکە، وا سەرقاڵی کاروکردەوەکانی خۆی بوو ئیتر زۆر بە دەگمەن نەرمونیانیی دەنواند و لەوانەیە هەر لە بنێڕا، وەک هەمووان پێیان وابوو هەر بۆن و بەرامەی میهرەبانی و نەرمونیانیشی بەسەردا نەهاتبوو. ڕووداوەکەی پێترۆتچی تاقە زەبروزەنگی ئەو نەبوو. بۆ ئەوەی پرۆجا بخاتەوە سەر ئەیالەتەکانی پاپایەتی، دەبوو فەرمانڕەوایی بنەماڵەیی ئەویَ، واتە جان پایۆلۆ بالیۆنی لەناو بەریَ و جووقەواریان نەهێڵیَ. بالیۆنی خۆی "دێوەزمەی زوڵم" بوو و بۆ ئەوەی نەدەبوو بەزەییت پێیدا بێتەوە، بەلاّم هەرچۆنێک بیَ، پاپا ئەمجارەیش چیی نامەردیی لەدەستی هات، نەپرینگاوە و کردی. دەرفەتی بە بالیۆنی نەدا و بانگهێشتی کردە ڕۆما و هەر گەیشتیَ، قۆڵبەستی کرد و لە زیندانی کر د و پاش ئەشکەنجە باوەکان، ئەمری کرد لەسەریان دا. (١٧٧)

ئەوەی کە بۆچی ئەو خەڵکە بڕوایان بە ئەماننامەکانی ئەودەم دەکرد، خۆی مەسەلەیەکە، بەلاّم مەسەلەی گرینگتر ئەوەیە، کە پێشەوای مەزنی مەسیحییەکان و چوار پێشەواکەی بەر لەو ئەرکی سەرشانی خۆیان لە پێشەوایەتیی مەسیحییەتدا بە چ دەزانی؟ ئەو باوکە پیرۆزەی دینداران، کە لەسەر تەختی مەزنی پێترۆسی حەواری پاڵیان دەداوە، کۆمەڵێک ئەرکیان بەرامبەر شوێنکەوتووەکانی خۆیان لەسەر شان بوو کە زۆر بەدەگمەن بیریان لیَ دەکردنەوە. کەواتە ئەی ئەو شوێنکەوتوانەی ئەوانەیان کردبووە سەرچەشن و نموونەی خۆیان و دەیانەویست ڕێز لە پیرۆزییەکان بگرن و

متمانه به قەشەی مەزنی خۆیان، پاپا بکەن، دەبوو چ بکەن؟ وەک گویچاردینی دەڵێ، چەمکی "جەبەڕووتی نەمری پلەی پاپایەتی" بۆ ئەم پاپایانە، بە ڕواڵەت هەر دیمەنە بەرەستە و مادییەکانی بوو. ئەوانە نە خۆیان بە پیرۆزییەوەڕادەنا و نە لە ڕێگەی ئەرکە ئایینییەکەیاندا کاریگیان دەکرد، لە حاڵێکدا، شوێنکەوتووەکان، هەرگیز لە پێناوی ئەرک و پیرۆزیدا ئەوەندەیان هاوار لێ هەڵنەستابوو.

لیۆ لە کەس نەدەترسا، گوێی نەدەدا ئەو تووڕەیی و بێزارییەی لە کردەوەکانی دەکەوتنەوە و هیچ هەوڵی نەدەدا پێشی زێدەڕۆیی و ئیسراف و تەخشان و پەخشانەکان بگرێ. قەت بیری لە دەستپێوەگرتن نەکردەوە، هەرگیز خەرجی ماڵ و ژیانی خۆی کەم نەکردەوە و وازی لە قومار نەهێنا. لە جەنگەی مایەپووچبوونیدا، ئەو پاپایەی تا خنخناگەی لە قەرز ڕۆچووبوو لە یەکشەممەی کەرنەڤاڵەکەی ١٥١٩دا، کێبڕکێی شەڕەگای ڕێک خست. (١٧٨) (کە میراتی ئالکساندر بوو بۆ دەرباری پیرۆز) و خەرجی جلوبەرگی هەموو پاڵەوانە گابازەکان و هاوڕێ و دەوروبەرییەکانی گرتە ئەستۆی خۆی.

ڕیسواییەکەی پێترۆتچی لە ١٥١٧دا بوو. لەو ساڵەدا قەدەر وابوو لاپەڕەی مێژوو هەڵدرێتەوە. هەر لەسەرەتای سەدەوە، دژایەتیکردنی کلێسا بەردەوام قووڵتر ببۆوە. شێوە ئایینییەکەی دژایەتی و بەرهەڵستکاری، لە خوتبە و کۆبوونەوەکانی کلێسادا و شێوە ڕەشۆکییانەکەشی لە نامیلکە و داشۆرین و نووسین و هۆنراوە و گۆرانی و بەربێژیی و کە ڕاماتی ئامۆژگاریکەرەکاندا دەردەکەوت. جگە لە دەزگای کلێسا، هەمووان لێیان ڕوون بوو کە تەقینەوەیەکی ناڕەزایەتی بەڕێوەیە. ئامۆژگاریکەرێکی ئیتالی لە ١٥١٣دا گوتی ئەو تەقینەوەیە زۆر نزیکە و وای پێشبینی کرد، کە ڕۆم و هەموو قەشە و ڕاهیبەکان دەخرێنە سەر کڵی ئاگر، پیاوی ئایینیی نەشیاو و چەوت، جووقەواریان لێ دەبڕێ و ماوەی سێ ساڵان یەک نەفەریش چییە عیشای ڕەببانی بەجێ ناهێنێ. ئیسراف و زێدەڕۆیی و قەرزباریی لەڕادەبەدەری

دەزگای پاپایەتیی، چینە مامناوەندە حەیابەخۆیەکەی بێزار کردبوو و چاوبرسێتییەکەی پاپا بۆ وەرگرتنی ماڵیات لە هەموو چین و توێژەکان، خەڵکی تەواو ناڕازی کردبوو.(١٧٩)

کە ئەنجوومەنەکەی لاتران دووبارە کرایەوە، هەندێ خوتبە و وتار دران، کە هەر هەموویان ئاماژەیان بەو نارەزایەتییە بوو. جۆڤان ێ کۆرتزێ، ڕاوێژکارە یاساییەکەی دیوانی پاپا، کە ڕۆژی هەڵبژێرانی لیۆ ئاگاداری کردبۆوە و گوتبووی، مەسەلەی ریفۆرم زۆر مەترسیدارانە بێدەنگەی لێ کراوە، دیسان وریای کردەوە. چەند ساڵان دواتر، هەر ئەم کۆرتزێیە، کە ببووە کاردیناڵ، ڕاسپێردرا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ترێنت ڕێک بخا. ئەو ئەنجوومەنەی هەوڵی نۆژەنکردنەوەی کاولاشەکانی دا. لە دوایین دانیشتنی لاتران لە مارسی١٥١٧دا، جۆن فرانچێسکۆ پیکۆ دێللا میراندولا، حاکمی دووکنشینێکی بچووک و برازای کابرایەکی لەخۆی بەناوبانگتر (١٨٠) لە وتارێکی گرینگدا، کورتەیەک لە ریفۆ رمە پێویستەکانی خستە ڕوو و گوتی، کاکڵی قسەکە ئەوەیە، دین هەڵدەبژێریت یان دنیا:"بۆ ئەوەی دوژمنان و لەدین وەرگەڕاوەکان بێنینەوە سەر دینەکەمان، دەبێ بەپێی ڕێسا دێرینەکانی فەزیلەت، ئەخلاقە پێخوستکراوەکان بێنینەوە جێی خۆیان ـ ئەوە زۆر گرنگترە لەوەی بە پاپۆڕەکەمان بەحری بۆنتۆس ببڕین (١٨١) و ئاواش کۆتایی بە قسەکەی خۆی هێنا، کە ئەگەر ئەرکەکەی سەرشانی خۆمان بەگوێرەی پێویست ڕانەپەڕێنین، کلێسا مەحکووم دەبێ. پیکۆ نوێنەری مەسیحییە ئیماندارە نائایینییەکان* بوو و وتارەکەی ئەو نیشانەی تەنینەوە و پەرەگرتنی نارەزایەتییەکان بوو.(١٨٢)

مرۆڤگەرا و ڕووناکبیرەکان، بەشوێن مانای ئایین و هیوابڕاو لە بەها دنیاییەکانی دەزگای پاپایەتی، یان وەک ژاک لۆفێوری فەرەنسی،ڕوویان کردە دەقە پیرۆزەکان، یان وەک ئاراسمۆس دەستیان کرد بە تەنزنووسین، کە

---

*پیاوی ئایینی: وەک مەلای خۆمان. خەڵکی نائایینی: واتە ئەو خەڵکەی پسپۆڕانە و وەک مەلا و شارەزایان کاری ئایینی ناکەن. بەڵام ئیماندارن.

لەوانەیە لە زویربوونێکی ڕاستەقینەی ئایینییەوە سەرچاوەی گرتبێ، هەرچۆنێک بێ ڕێز و حو ڕمەتی کلێسای دەشکاند. ئاراسمۆس لە کتێبی وتوویژەکاندا نووسیی:"بەڵام ئەو پێشەوا مەزنانە، کە جێی مەسیح دەگرنەوە، خۆ ئەگەر وا هاتبایە و ئەقڵ چووبا مێشکیانەوە، ئای کە چەندە چارەڕەش دەبوون.. ئەو هەمووە سەرمایە و شانازییە، سامان و دەوڵەمەندی و پێشکەوتنی سەرکەوتووانە و شان و شکۆ و بەخشین و دڵاوایی و پیتاک و ماڵیات و لێبوردنی تاوانەکان... هەر هەموو لەکیس دەچوون." و لەبری ئەوانە نوێژ و نزا و شەوانی زیندووبوونەوە و خوێندنەوە و ئامۆژگاری "و هەزاران ئەرکی تاقەتبڕی لەوجۆرە" فە ڕز و واجب دەبوون. ئیتر میرزابنووسەکان، بەرپرسی نووسینگە و پارێزەر و سکرتێر و مەیتەر و بانکدار و گەوادەکان ــ "ئیشی شەریفتر نەمابوو بەڵام چیتان لێ وەشێرم، تۆزێک گوێ ئازاردەرتری بخەینە سەر" ــ هەر هەموو بێکار دەکەوتنەوە.(١٨٢)

ئاراسمۆس شەڕەکانی پاپاکان دژی بەناو دوژمنانی کلێساشی سەرکۆنە دەکرد: "چما کلێسا دوژمنی بەزەڕتر لە پێشەوا خوانەناسەکانیش هەیە، ئەو پێشەوایانەی بە بێدەنگیەکەی خۆیان، مەسیح لەبیر دەکەن و بە بڕیار و ئەحکامە بەرژەوەندخوازانەکەیان، کۆت و نیر دەخەنەوە ئەستۆی مەسیح و بەو ژیانە حەیابەرەیەی خۆیان، دیسان لە خاچی دەدەنەوە." ( ١٨٤) و لە نامەیەکی تایبەتیدا ئاوا کاکڵی قسەکەی کرد:"میرایەتییەکەی پاپا لە ڕۆما، وەک ئێستا هەیە، بەڵایەکە بۆ پەیکەرەی مەسیح."

ماکیاڤێللیش لە نووسینەکانی ئەو ساڵانەی خۆیدا ( ١٥١٠ــ ١٥٢٠) بەڵگەی دارمانی لەو ڕاستییەدا بەدی دەکرد کە، "خەڵک چەندی لە کلێسای ڕۆما ــ کە لە لووتکەی ئایینی ئێمەدایە ــ نزیکتر ببنەوە، ئاییندارییەکەیان کە مترە." هەر کەس کەلێنی نێوان پرەنسیپە بنەماییەکانی ئایینی مەسیح و ئەو شێوە بەکارهێنانەی ئێستای لە لایەن کلێساوە، شەنوکەو بکات"تێدەگا، لەناوبردن و سزاکەی نزیکە." ماکیاڤێللی زۆر لە زیان و زەرەری ئیتالیا تووڕە بوو. "نموونە

نەشیاوەکەی دەرباری ڕۆما، دین و لەخواترسیی لە ئیتالیادا یەکسەرە لەناو بردووە" و" پشێوی و فیتنەی بێبڕانەوەی" هێناوە کە "ناتەبایی و چەندەبەرەکیی خستووەتە وڵاتەکەمانەوە" و "هەر ئەوەشە هۆکاری لەناوچوونی ئێمە." ( ١٨٥) کلێسا کە هیچ کات بەگوێرەی پێویست دەسەڵاتی نییە بۆ ئەوەی زاڵ بێ، هەر بزانێ دەسەڵاتە دنیاییەکەی کەوتووەتە مەترسییەوە، داوای یارمەتی لە بێگانان دەکا و "بۆگەنی ئەو دەسەڵاتە وەحشیانەیە، هەموومانی قڕ کردووە."(١٨٦)

گوئیچاردینی، بانگەوازنامەکەی خۆی لە ڕستەیەکدا کورت کردەوە:" ڕێزی دەزگای پاپایەتی، تۆزقاڵێکیش لە دڵی خەڵکیدا نەماوەتەوە"(١٨٧)

دوایین دابڕان لە سای کردەی چەوتی فرۆشتنی بەڵگەی لێخۆشبوونەوە بوو و زێدی ئەو دابڕانەش وەک هەمووان دەزانن شاری ڤ ێتنبێرگ بوو لە خۆرهەڵاتی ئە ڵمان. کەفوکوڵی دژە کلێسا کاسولیکییەکەی ڕۆما، لە میرنشینەکانی ئەڵماندا لە هەموو جێیەک پتر و بەرچاوتر بوو. لەبەر ئەوەی لە ئەڵمان بەپێچەوانەی فەڕەنسا، حکوومەتێکی نیشتمانیی مەرکەزی لە ئارادا نەبوو کە لە بەرامبەر ماڵیاتەکانی پاپادا مل بادا. لەگەڵ ئەوەشدا، پیتاکی زۆرەملیی ڕۆما لە ئەڵمانیا لە هیی هەموو جێیەک قورستر بوو چونکە جگە لە خزمایەتییە کۆنەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئیمپراتۆریای ڕۆما، کلێسایش کۆمەڵە ملکێکی گەورەی لەوێ هەبوو. خەڵکی ئەڵمان کە دەیاندی کاربەدەستەکانی پاپا بە خوت و خۆڕایی تاڵانیان دەکەن و لە هەر جێیەک کلێسا دەستی بڕوا، زرینگەی دراو دەبیسرێ و ڕۆما و پاپاکانی ڕۆما بە خراپەکاری و چەوتییەکەی خۆیان و بەخۆدزینەوە لە ڕیفۆڕم، حەیا و ئابڕووی دین دەبەن. جیرۆلامۆئالساندرۆ، باڵیۆزی پاپا لە ئیمپراتۆریی پیرۆزی ڕۆما و ئۆسقۆف و کاردیناڵی داهاتوو وریاییان دەدا، کە وا چاوەڕوان دەکرێ ڕاپەڕینێک دژی دەرباری پیرۆز بکەوێتە ڕێ. لە ١٥١٦دا، بۆ پاپای نووسی، لە ئە ڵمان هەزاران کەس چاویان لەو ساتەوەختەیە کە بتوانن بەبێ ترس گرێی دڵیان بکەنەوە و هەڵیڕێژن. لێ سەرقاڵی پارە و بینا مەڕمەڕینەکان بوو هەر گوێی بەو

جۆرەقسانە نەدەبزووت. ساتە چاوەڕوانکراوەکە، هێشتا ساڵێکی نەبردبوو بەسەردا هات. یۆهان تەتسل، فەرمانبەری فرۆشتنی بەڵگەکانی لێخۆشبوونی پاپا لە ئەڵمان، هۆکارەکەی بوو.

لێخۆشبوون لە تاوان شتێکی نوێ و داهێنانی لێۆ نەبوو. لەڕابردووشدا، بۆ قەبووڵبوونی تۆبە، قەشە ئەمری دەکرد گوناحبارەکە هەندێ خێرات بکا و سەرقەڵەمانە بدا. لێخۆشبوونەکانی سەرەتا، بەخشران هەموو یان بەشێکی ئەو سەدەقە و خێراتانەی دەگرتەوە، بەڵام وردە وردە گەیشتە بەخشین و لێخۆشبوون لە خودی گوناحەکە. ناڕازییەکان و پاکدینەکان، زۆر بە توندی ئەو نەریتەیان سەرکۆنە کرد و تانەیان لێدەدا. لەوەش خراپتر فرۆشتن و بازرگانیکردن بە بەزەیی خواوە بوو کە لە ڕابردوودا وەک دیاریی ئیمانداران بۆ نۆژەنکردنەوەی کلێساکان و دروستکردنی نەخۆشخانەکان و فدیە بۆ ئازادکردنی تورکە دیلەکان و چاکەکاریی دیکە، دەبەخشران، بەڵام وردە وردە بوو بە کاروکاسبییەکی بەبرەو. سێ یەک، یان نیوەی ئەو داهاتە دەچووە نێو خەزێنەی ڕۆماوە و ئەوی دیکەش بەرپرسە خۆجێییەکان دەیانخوارد ــ فەرمانبەران و فرۆشەرانی بەڵگەکانی لێخۆشبوون، کە ئیمتیازی ئەو کارەیان وەرگرتبوو هەر کام دەرسەدێکی دیاریکراویان بۆ خۆیان هەبوو. جۆن کالێت لە ١٥١٣دا، ڕایگەیاند، کلێسا بووەتە مەکینەی سکەلێدان(پارەخستنەوە)، فاکتەری کاریگەر، بڕی ئەو پارەیەی وا دەدرێ، نەک تۆبە و پاداشت. ( ١٨٨) ئەو بازرگانییە، خەڵکی بەدەهۆ و فێڵزانی دەخستە کار و ساویلکەکانیشی دەخەڵەتاند و وردە وردە بوو بە یەکێک لە چەپەڵییە بەردەوامەکانی دامودەزگای ئایینی.

ئیتر کاربەدەستانی گوناحبەخشین، ئەو باوەڕەشیان بڵاو کردەوە کە بەڵگەی گوناحبەخشین گوناحەکانی داهاتووش، واتە ئەو گوناحانەی هێشتا نەیش کراون، دەگرێتەوە و ئەگەرچی پاپاکان بۆخۆیان قەت ڕاشکاوانە ئەوەیان نەدرکاند، بەڵام وەک ڕەخنەگران وریاییان دا، کلێسا ئیتر وای لێهاتبوو کە لە

ڕاستیدا خۆی خەڵکی بۆ گوناحکردن هان دەدا. (١٨٩) سیکستۆسی چوارەم بۆ پەرەپێدان و گەشەی بازاڕ لە ١٤٧٦ــدا فتوای دەرکرد، کە بەڵگەکانی گوناحبەخشین ئەو ڕۆحانەیش دەگرێتەوە کە لە بەرزەخ یان ئەعرافن و خەڵکی ڕەشۆکیان وا لێکرد پارە بدەن بۆ ڕزگارکردنی مردووەکانیشیان. چەندی دوعا و نامەی گوناحبەخشین بۆ مردووان پتر بکڕدرێ، ئەوان کەمتر لە بەرزەخدا ڕادەگیرێن. ئەو دەهۆیە، بە قازانجی دەوڵەمەندەکان بوو و دیارە هەژاران هەرایان لێ هەستا و ئەوانە جار بە جار پتر ئامادە بوون کە لە هەل و دەرفەتی خۆیدا هەموو نەریت و ڕێوڕەسمە فەرمییەکانی ئایین بخەنە ژێر پێیانەوە و پێخوستی بکەن.

ژولیۆس بۆ دانەوەی تێچووەکانی کلێسا تازەکەی سان پیەرۆ، لە چەند ساڵ پێشەوە، کۆمەڵێک بەڵگەی گوناحبەخشینی دەرکردبوو. لیۆیش هەر بەو مەبەستە لە یەکەم ساڵی دەسەڵاتدارییەکەی خۆیدا، ئەمری کردڕیزێک بەڵگەی دیکەی گوناحبەخشین بخەنە بازاڕەوە و دیسان لە ١٥١٥دا بۆ قەرەبووی تێچووەکانی شەڕی گەڵ ئۆربینۆ، دەستیان کرد بە فرۆشتنێکی تایبەت لە ئەڵمان کە مزگێنیدەری "بەخشین و لێخۆشبوون لە هەموو تاوانەکان" بوو. ئەو گوناحبەخشینانە دەبوایە لە ماوەی هەشت ساڵدا بفرۆشرێن و ئەوەش بابەتێکی تازە بوو. پاپا سێ پۆستی بە ئاڵبرێشت، برا هەڵبژێرەکەی براندنبۆرگ بەخشی و لە پاداشتی ئەو پۆستانەدا، دامودەستوور و ڕێوشوێنی ئابووریی ئاڵۆز بۆ یارمەتیدانی دەرەبەگە لاوەکە ڕێکخرا. گەنجە بیستوچوارساڵانەکە، لە بری دانی بیستوچوار هەزار و بە قسەی هەندێ کەسیش سی هەزار سکەی زێڕ، هەم بوو بە ئۆسقۆفی مەزنی ماینتێس و ماگدبۆرگ و هەم بە ئۆسقۆفی هاڵبرشتات. ئەو سێ کارە، واتە کڕین و فرۆشتنی پۆستەکان و وەرگرتنی چەند بەرپرسیارەتی و دانانی بەربژاری نەشیاو لە حاڵێکدا دەکران، کە ئەنجوومەنی لاتران سەرقاڵی بایکۆتی هەر سێ کردەوەکە بوو. ئاڵبرێشت ئەو پارەیەی پێ نەدەدرا، هەر بۆیە قەرزێکی لە بنەماڵەی فۆگەر وەرگرت کە

بانکدار بوون. جا ئێستا دەبوو لە ڕێگەی فرۆشتنی بەڵگەی گوناحبەخشینەوە قەرزەکانی بداتەوە.

یەکێک لە ڕێکخەرانی ئەو گۆنگەڵ و ڕووداوە ڕاهیبێکی دۆمینیکەن بوو بەناوی یۆهان تەتسل، کە دەستی شەیتانی لە پشتەوەڕا بەستبوو. کە ئەو هاتە ئەو شارەوە، بە پێی ئەو ئامادەکارییانەی پێشتر کردبووی، کۆمەڵێک پیاوی ئایین( ڕۆحانی) و خەڵکی ئاسایی بە ئاڵا و مۆمی داگیرساوەوە دەچوونە پێشوازیی و لەگەڵ ئەوەدا زەنگوڵەی کلێساکانیش بە نیشانەی خۆشی و ئاهەنگ دەزرینگانەوە. تەتسل بە سندووقێکی ئاڵقەڕێز زەرد و توورەکەیەکی پڕ لە پسوولەی چاپکراوەوە دەهات.ڕاهیبێک لە پێشییەوە دەڕۆیشت و"پسوولەی لێخۆشبوون"ی لە سەر بالیفێکی مەخمەر دانابوو و دەیبرد. سفرەکەیان لە بن گومبەزی کلێسا سەرەکییەکەی شاری و لە هەمبەر خاچێکی گەورە ڕاخست کە بە ئاڵای پاپا ڕازێنرابۆوە و بۆ ئەم مەبەستەش دانرابوو. کڕیاری پسوولەکانی گوناحبەخشین دراوی خۆیانیان دەخستە نێو ئەو قاپەی لەسەر سندووقەکە دانرابوو و پسوولەیەکی چاپکراوی گوناحبەخشین لە نێو توورەکەکە دەردەهێنرا و پێیان دەدرا و پارەوەرگرەکەی فۆگەرەکان بە وردی دراوە وەرگیراوەکانی لای خۆی ڕادەگرت. (١٩٠)

تەتسل بانگی دەهێشت *: پەساپۆرتم هەیە.. پەساپۆرتی سەفەری ڕۆحی بنیادەم بۆ بەهەشتی بەرین."

گوناحی کەبیرە پێویستی بە حەوت ساڵ تۆبەکردن بوو. "جا کێ پسوولەیەکی گوناح بەخشینی بە " ڕوبعێک فلۆرین" ناوێ و وەریناگرێ؟" و وردە وردە کە کۆڕەکە گەرمتر دەبوو دەیگوت، هەر پیاوێکی مەسیحی زیناح لەگەڵ دایکی خۆشی بکا، ئەگەر بێت و پارەیەک بخاتە نێو ئەم قاپەی پاپاوە، "باوکی پیرۆز لە زەوی و ئاسمان دەسەڵاتی هەیە لەو تاوانەی خۆش بێ و

---

* بانگی دەهێشت: واتەبانگهێشتی دەکرد.بانگەوازی دەکرد: هەرای دەکرد.(یارم ئێواران بانگ دێڵێ... بۆخۆی دێ دایکی ناهێڵێ...) فۆلکلۆر

ئەگەر ئەویش لێی خۆش بوو ئیتر خواش دەبێ ببەخشێ." لە بارەی مردووەکانیشەوە دەیگوت:"هەر لەگەڵ دەنگی زرینگانەوەی دراوەکان لە نێو قاپەکە هەستێ، ئەو رۆحەی دراوەکەی بۆ کراوەتە خێر، یەکەورێ لە دۆزەخەوە دەچێتە بەهەشت."(١٩١)

بەڵام زرینگەی سکەدراوەکان لە گوێی لۆسەردا، وەک بانگەوازی گەلەکۆمەکی وابوو. کارە گەمژانەکەی تەتسل، واتە دنیایڕۆحانی بخەیتە تای تەرازووی سوودی دنیاییەوە، دوایین پەیامی پەنجاساڵی ڕابردووی دەزگای پاپایەتی بوو. دیارە ئەوە هۆکاری سەرەکیی جیابوونەوەی پرۆتستانەکان نەبوو هێمایەک بوو بۆ دەستپێکردنی لێکترازان. هۆکاری سەرەکی، لایەنی بیروباوەڕ و شەخسی و سیاسی و ئایینی و ئابووریی هەبوو و لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کۆن و جۆراوجۆر بوو کە لە مێژساڵ بوو هەر دەهات و گەشەی دەکرد.

لۆسەر لە وەڵامی بانگەشەکەی تەتسلدا، نەوەدوپێنج مەسەلەکەی خۆی لە ١٥١٧دا بە بزمارێک لەسەردەرانەی دەرگای کلێساکەی ویتێنبێرگ داکوتا و کردەوەی چەوتی لێخۆشبوون فرۆشتنی سەرکۆنە کرد. پێنجەمێ ئەنجوومەنی لاتران دوایین کۆبوونەوەی خۆی هەر لەو ساڵەدا پێکهێنا و ئەوە دوایین دەرفەتی ڕیفۆرم بوو. پەلامارەکەی لۆسەر، دژکردەوەی تەتسلی لێکەوتەوە. ئەو دیسان لەسەر سوودمەندیی لێخۆشبووننامەکان پێی داگرتەوە و لۆسەر نامیلکەیەکی بە زمانی سادە لە وەڵامی ئەودا نووسی بە ناوی "لێخۆشبوون و بەزەیی". شوێنکەوتووەکانی ئاگوستیۆس کە هاوباوەڕی لۆسەر بوون، بەدوای باسەکەدا چوون، بەرهەڵستکارەکانیش هاتنە نێو گێچەڵ و مشتومڕەکەوە و لە ماوەی دوو مانگدا یەکێک لە ئۆسقۆفە مەزنە ئەڵمانییەکانی دانیشتووی ڕۆما، داوای کرد مورتەد و لەدین وەرگەڕاوەکان دادگایی بکرێن.

ساڵی ١٥١٨ لۆسەریان بانگ کردە ڕۆما، بەڵام ئەو بە نووسراوێک داوای کرد لە زێدەکەی خۆیدا لێی بپرسنەوە. نوێنەرەکەی پاپا لە ئەڵمانیا و بەرپرسە

نائایینییە خۆجێییەکانیش قەبووڵیان بوو لەبەر ئەوەی پەڕلەمانی یاسادانەری ئەڵمان لە کۆبوونەوەی داهاتووی خۆیدا دەنگی بە ماڵیاتەکان دەدا و نەیدەویست هەستی خەڵک بڕووشێنێ. تۆزێک دواتر ئیمپراتۆر ماکسی میلیان، مرد. دەبوو پەڕلەمانی جێنشینەکەی ئەو دەسنیشان بکا و ئەوەش هۆکارێکی دیکە بوو بۆ ئەوەی خۆیان لە گێچەڵ و چەرمەسەری ببوێرن.

پاپاش وەک پێشینیانی خۆی، نوقمی ڕووداوەکانی ئیتالیا بوو و هەر ئاگاشی لەو باسوخواسانە نەبوو و لە و اتای ناڕەزایەتییەکانیش نەدەگەیشت. ناڕەزایەتییەکان لە سەدەونیوێک لەوەپێشەوە دەستیان پێ کردبوو. هەر لەو دەمەوە کە ویکلیف ( ١٩٢) گوتبووی، بۆ ڕزگاربوون و بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان نە قەشە پێویستە و نە دەزگای پاپایەتییش. لێۆ هیچ زانیارییەکی لەسەر کێشەکەی ئەڵمان نەبوو جگە لەوەی هەندێ کوفر کراوە و دەبوایە وەک ئەوانی دیکە سەرکوت بکرێ و داپلۆسرێ. دژکردەوەی ئەو هەر ئەوەندە بوو لە نۆڤەمبەری ١٥١٨دا ڕاگەیەنراوێکی دەرکرد، کە دەڵێ: ئەو کەسانەی پێیان وایە بەخشینی پسوولەکانی گوناحبەخشین مافی پاپا نییە و بانگەشەی بۆ ناکەن، سزاکەیان ئەوەیە تەکفیر بکرێن و لە کلێساش دەر بکرێن. فەرمانەکەی کانووت چەندی کار لە شەپۆلەکان کرد (١٩٢) ئەم فەرمانەش هەر ئەوەندەی کار کرد. هەرچۆنێک بێ، زەبری گورچوبڕی مەرگی ڕافایل، کە هەر لەو سەروبەندەدا بوو لەو بەربینگ پێگرتنەی لۆسەر، ئازارەکەی بۆ لۆیی پتر بوو.(١٩٤)

کە ناڕەزایەتییەکە ئاشکرا بوو سەرهەڵدان و ڕاپەڕین دژی ڕۆما زۆر خێرا تەشەنەی کرد. ئەو وەختەی داوا لە پە ڕلەمانی یاسادانەری ئاوگسبۆرگ کرا، کە ماڵیاتێکی تایبەت بۆ شەڕی سەلیبی لەگەڵ تورکاندا پەسند بکا، پۆلەمان لە وەڵامدا گوتی: دوژمنە ڕاستەقینەکەی مەسیحییەت ئەو "چەپەڵەی مەلعوونەیە لە ڕۆما" (١٩٥) لۆسەر لە سکاڵاکەی خۆی لە ١٥١٩دا لە لایپزیک گوتی، دەسەڵات و فەرمانڕەوایی دەزگای پاپایەتی و ئەنجوومەنی گشتیم قەبووڵ نییە و دوای

ئەوە لە ١٥٢٠دا دوایین وتاری خۆی لە بارەی پ ڕۆتستانەکانەوە لە نامەیەکی کراوەدا بۆ دەرەبەگە مەسیحییەکانی نەتەوەی ئەڵمانیا بڵاو کردەوە. لۆسەر لەو نووسراوەدا بانگەشەی ئەوەی کرد، کە ڕێوڕەسمی لە ئاوهەڵکێشان "غوسڵی تەعمید"ی هەر کەسە و قەشە ڕێکی دەخات و بەبێ ئەوەی نێوبژیوان پێویست بێ، ڕێگەی بەرەو ڕزگاریی بۆ دەکاتەوە. هەروەها پاپاکان و پلەوپایەکانی کلێسای لەسەر خراپەکاری و گوناحەکانیان سەرکۆنە کرد و داوای کرد کلێسای نیشتمانی و جیا لە ڕۆما پێک بێن. ئامۆژگارییەکانی لۆسەر کەوتە سەر زار و زمانی سەربزێو و ڕیفۆڕمخوازەکانی دیکە و هەر لە بێرمەنەوە هەتا نۆرنبێرگ، وەک ڕێژنەیەک لاپەڕەی وێنەدار و نامیلکە خرانە بەردەستی خوێنەرە بەجۆشوخرۆشەکانی ناوەندی شارەکان. زەبروزەنگێکی دیکە لە شاری زووریخی سوویسرا، بەناوی ئۆلڕیش تسوینگلی، کە ئەویش ماوەیەک بوو ئەم بۆچوونانەی بڵاو دەکردەوە، پەرەی بە نارەزایەتییەکان دا و ئەو مشتومڕانە زۆر خێرا بوون بە گەنگەشەی بیروباوەڕ و بزووتنەوەکەی بۆ تاهەتایە لێک ترازاند.

باڵیۆزەکانی پاپا ڕاپۆرتی پەرەگرتنی بەرهەڵستکاری و نارەزایەتییەکانیان ڕاگەیاند و دەزگای پاپا بە لێکدانەوەی ڕاگەیەنراوە نوێیەکەی پاپا بەناوی Exsurge Domine لە ١٥٢٠دا، سەیری کرد لەگەڵ "بەرازێک کە پەلاماری رەزی خوای داوە" بەرەوڕوون. لەو ڕاگەیەنراوەدا، پاش شەنوکەوکردنی بۆچوونەکانی لۆسەر، چلویەک بڕگەی "بیردۆز"ەکانی ئەو بە بیدعەت و مەترسیدار لەقەڵەم درا و حوکمی درا و ئەمریان پێکرد تۆبەیان لێ بکا. کە لۆسەر ملی بادا، تەکفیریان کرد و بە لەدینوەرگەڕاوێکی ئاشکرایان لەقەڵەم دا و داوایان لە بەرپرسانی وڵات کرد سزای بدەن. ئیمپراتۆرە تازەکەیڕۆما واتە شارڵی پێنجەم لەگەڵ ئەوەدا زۆر گەنج بوو بەڵام فرەزان و تێگەیشتوو بوو و جا چونکە نەیدەویست خەڵک لەخۆی تووڕە بکا، ئەو ئەرکە قورسەی خستە سەر شانی پەرلەمانە یاسادانەرەکەی وۆرمەس. بەڵام لۆسەر داوای لێبوردنی

لەویش نەکرد. شارلی پێنجەم کاسولیکێکی ئیماندار بوو و ناچار بوو لۆسەر سەرکۆنە بکا، بەڵام سەرکۆنەکەی ئەو زۆریش لەبەر ئایین نەبوو بەڵکو دەیەویست پاپا لەبری ئەوە پەیمانێکی سیاسیی لەگەڵدا ببەستێ و بۆ وەدەرنانی فەڕەنسیەکان لە میلان پشتی بگرێ. "فەرمانەکەی وۆرمەس" زۆر ملکەچانە، لۆسەر و شوێنکەوتووەکانی خستە نێو بازنەی بایکۆتی ئیمپراتۆرییەوە، بەڵام هاوڕێیانی لۆسەر ئەویان بردە شوێنێکی بێ مەترسی و فەرمانەکەیان پووچەڵ کردەوە.

هێزەکانی ئیمپراتۆر لە ١٥٢١دا لە میلان فەڕەنسییەکانیان شکاند و جارێکی دیکەش گەوهەرە میراتییەکانی پاپا لە باکوور، واتە ئەیالەتەکانی پارما و پیاچێنتسایان خستەوە بەر دەستی هاوپەیمانەکانی پاپایی خۆیان. لیۆ بە نەریتە باوەکەی خۆی، لە میوانداریییەکی شەوانە و خۆش لە مانگی دیسەمبەردا، جێژن و ئاهەنگ بۆ ئەو سەرکەوتنە ڕێکخست و هەر لەوێ سەرما ئەنگاوتی و تای لێهات و پێی مرد.

بەپێی هەڵسەنگاندنی پێشکارە داراییەکەی، کاردینالّ ئارمێللینی،لە ماوەی حەوت ساڵدا لیۆ پێنج ملیۆن سکەی زێڕی خەرج کردبوو و زیاتر لە هەشت سەد هەزار سکەی زێڕیش قەرزبار بوو. هەر پاپایەک مردبا، هەتا دەنێژرا، داراییەکانی تا ڵان دەکرا، بەڵام ماڵ و سامانی لیۆ وا تاڵان کرا، تەنیا چەند مۆمێکی نیوەسووتیان لە تەنیشت تابووتەکەی داگیرساند و ئەوانەش یەکێک لە کاردیناڵەکان لە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی پێشوودا وەدەستی کەوتبوو. زێدەڕۆیی هەوسارپچڕاوانەی ئەم پاپایە، کە تەنانەت وەک یۆلیۆس پاساوی مەبەستی سیاسییشی بۆی نەبوو تەخشان و پەخشانی هەتیوە لووسکەیەکی پووڵداری دەوڵەمەند بوو کە سەرچاوەی لە حەز و تەماعی بێبڕانەوەی بۆ عەنتیکەبازی و هونەرناسینیشدا بوو. بەپێچەوانەی قاپە زێڕینەکانی کیجی، ئیتر لێرە تۆڕێکی گرتنەوە لەگۆڕێ نەبوو. دڵاوایی لیۆ دیارە کۆمەڵێک بەرهەمی نەمری هونەریی

لێ کەوتەوە، ئەو بەرهەمانەش ئەگەرچی جوانییان بە دنیا بەخشیوە، بەڵام کار و ئەرکی کلێسا شتێکی دیکە بوو. (١٩٦)

بە پێی نووسینەکەی فرانچسکۆ وێتتوری، مێژوونووسەکەی ئەودەم، لیۆ "بەهۆی پەرەگرتنی بەردەوامی تاقمە لۆسەرییەکە" دەزگای پاپایی و کلێسای "لەوپەڕی بێ ئابڕوویدا" بەجێهێشت. ( ١٩٧) داشۆرینێک دەیگوت، ئەگەر پاپا لەوە زیاتر ژیابا، ڕۆماشی دەفرۆشت و دواییش مەسیح و دوای ئەویش خۆیشی.(١٩٨) خەڵکی ڕۆما، لەو کاردینالانەیان دەقریواند کە بۆ هەڵبژاردنی جێنشینی ئەو دەچوونە ئەنجوومەنی مەترانەکان و گاڵتەیان پێدەکردن(١٩٩)

تالآنی ڕۆما

کلێمێنسی حەوتەم ١٥٢٣ - ١٥٣٤

پاپا تازەکە لە نامەیەکدا داوای لە پە ڕلەمانی یاسادانەری ئەڵمانیا کرد، بە پێی پەسندکراوەکەی پە ڕلەمانی وۆرمەس، پێشی لۆسەر بگرن، بەڵام کەس قسەکەی ئەوی بەهێند وەرنەگرت و کاتێکیش ڕاشکاوانە گوتی لە کلێسای ڕۆما "کەڵکی خراپ لە پیرۆزییەکان وەرگیراوە و فەرمانەکانی خودا پێشێل کراون و بارو ودۆخ لە هەموو بوارێکەوە شڕ و شپڕێو بووە." ( ١٠٩) دەربار، پاپای لە خۆی هەڵاوارد. لە بەردەم ناڕەزایەتی و خۆپێشاندان و لافاوی ئەو داشۆرینانەی بەسەر دیوارانەوە دەدران و نەبوونی هاریکاری، ئادریان دیتی، سیستەمەکە زۆر لەوە ملهوڕترە، بکرێ ڕایچڵەکێنێ. هەر بۆیە بە پەژارەوە ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە"هەوڵەکانی بنیادەم، چەندە لە پێناوی ئەو سەردەمەدایە، کە کاروبارەکەی خۆی تێیداڕادەبرێ." (٢١٠) پاپا بێگانەکە، پاش ساڵێک و دوو هەفتە دەسەڵاتدارێتییەکی پڕ هەوڵ و تێکۆشان، لە سێپتەمبەری ١٥٢٣ و لەوپەڕی نامرادیدا مرد و هیچ کەسیش تازیەبار نەبوو.

ڕۆما هاتەوە سەر دۆخەکەی جارانی. ئەنجومەنی مەترانەکان ئیتر ئەمجارە خۆی نەخستە مەترسییەوە. یەکێکی دیکە لە ئەندامەکانی بنەماڵەی مەدیچی، واتە کاردینالٚ جۆلیۆی هەڵبژارد. پاپای تازە بۆ تۆزە لاسارییەکەوە ناوی یەکەمین "دژە پاپا" پیاوکوژ بەڵام بەتواناکەی سەردەمی لێکترازانی بۆخۆی هەڵبژارد و ناوی خۆی نا کلێمێنسی حەوتەم. حکوومەتەکەی کلێمێنسی نوێ پڕ بوو لە کارەسات. بزووتنەوەی پرۆتستان هەر وا بەرەوپێشەوە دەچوو. ئەیالەتەکانی ئەڵمان ــ هێسێ و برۆنسویک و ساکس و براندنبۆرگ ــ یەک لە دوای یەک هاتنە سەر ئایینەکەی لۆسەر و لەڕۆما دابڕان و ملیان لە ئیمپراتۆر بادا. ئەوان تەنیا لەبەر باسوخواسی بیروباوەڕ وایان نەکرد، بەڵکو ئەو هەڵوێستەیان لە پێناوی سوودوەرگرتنی ئابووری لە ملک و داراییە دەست بەسەرداگیراوەکانی کلێسایی و نەهێشتنی پیتاک وماڵیاتەکانی پاپایەتی بوو.

ئەو مشتومڕ و گەنگەشە باوەڕییانەیش کە لە کێشەکەی نێوان تسوینگلی لەگەڵ لۆسەر کەوتنەوە، هەر لە سەرەتاوە هەموو بزووتنەوەکەی تەنییەوە.

لەو نێوەدا کلێسای دانیمارکیش بە کردەوە جویێ بۆوە و " ڕێوڕەسمی چاکسازی" بەردەوام لە سوید بەرەو پێشەوە چوو. هێنریی هەشتەم لە١٥٢٧دا لە هەوڵێکدا کە زۆر شتی لێ کەوتەوە، داوای لە پاپا کرد، زەماوەندەکەی ئەو و کاترین ئاراگۆن هەڵوەشێنێتەوە. لە چارەڕەشیی کلێمێنس ئەو ژنە، پووری شارڵی پێنجەم ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆما بوو زۆربەی جاران وەک پێشینیانی خۆی، بەرژەوەندخوازانە دەهاتە سەر ئەوەی کە لەو جۆرە مەسەلانەدا بەرژەوەندی لە سەرووی بنەماکانەوەیە.

بەڵام شارڵی پێنجەم، هەم ئیمپراتۆری ڕۆما بوو و هەمیش پادشای ئیسپانیا و لە هێنریی هەشتەم مەزنتر دیار بوو و پاپا ناچار ڕێز و حو ڕمەتی شەریعەتی کردە بیانوو و بۆی تەڵاق نەدا. ئەوە بژێرەیەکی هەڵە بوو و بەریتانیا لەکیس چوو.

پۆستی بەرزتر، وەک بەڵای لابەلا، زۆربەی جاران قولی ڕەش و سپی دەردەخات و لێرەش دەری خست . کلێمێنس ئەو کەسە نییە کە چاوەڕوان دەکرا. وەک گو ێچاردینی نووسیو ییەتی، ئەو لە بەردەستیدا لێوەشاوە بوو بەڵام کە چووە لای سەروو(بووە بەرپرس) بوو بە قوربانی ترسنۆکی و سەرلێشێواوی و گومانی بێبڕانەوە. کلێمێنس نەکەوتە بەر دڵی خەڵک، چونکە ئەو چاوەڕوانییانەی لە مەدیچییەکیان هەبوو وەدیی نەهێنان.( ٢١١) فۆسکاری نووسیی:" خۆی کە هیچی لێ هەڵناوەرێ، لە ماڵ و سامانی خەڵکی دیکەش نابەخشێتەوە، هەر بۆیە دەنگی لە خەڵکی ڕۆما هەستاندووە."( ٢١٢) بەرپرسیارەتی "تووڕەوتۆسن و گرژو مۆنی" دەکرد و ئەوەش سەیر نەبوو چونکە کلێمێنس لە سیاسەتمەداریدا هەرچی کردی هەڵە بوو و ئاکامی کارەکەی لەوی پێشووی خراپتر بوو. ڤێتتۆری نووسیی:"لە کاردینالێکی گەورە و ناودارەوە بوو بە پاپایەکی سووک و بێزراو".(٢١٣)

بەرهەمی چاولێکەریی فەڕەنسا لە لایەک و ئیسپانیا و بنەماڵەکەی هاپسبۆرگ لە لایەکی دیکەوە ئێستا وردە وردە لە ئیتالیا دەردەکەوت. کلێمێنس

بەپێی خدەی باوی ئیتالییەکان هەوڵی دا یەکێکیان لەوی دیکەیان بەر بدا و بەگژی یەکی دیکەی دابکا، هەر بۆیە هەردووکیانی لەخۆی بەگومان و دڕدۆنگ کرد و نەیتوانی هاوپەیمانێتییەکی بەردەوام لەگەڵ هیچکامیان پێک بێنێ.

فڕانسوا لە ١٥٢٤ی بەر لە زایینیدا بۆ داگیرکردنی میلان، دیسان شەڕێکی هەڵایساندەوە و لە پێشدا هەندێ سەرکەوتنیشی دەستەبەر کرد و هەر ئەوەش وایکرد کلێمێنس، سەرەڕای پەیمانە تازەکەی نێوان دەرباری پاپا و ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆما، پەیمانێکی نهێنیی لەگەڵ فەڕانسوا ببەستێ و پادشای فەڕەنساش لەبری ئەوە بەڵێنی دا دەستدرێژی نەکاتە سەر ئەیالەتەکانی پاپایەتی و ڕێز لە دەسەڵاتدارێتیی بنەماڵەی مەدیچی بەسەر فلۆرانسدا بێنێ، کە پەرۆشی و نیگەرانیی سەرەکیی کلێمێنس بوو. کە شا ڕل دووڕووییەکەی پاپای بۆ دەرکەوت، سوێندی خوارد و گوتی: خۆم دەچمە ئیتالیا و "تۆڵە لەو کەسانە دەکەمەوە کە منیان ئازار داوە، بەتایبەتی ئەو پاپا گەمژەیە." (٢١٩)ساڵی دواتر لە شەڕە گەورە و چارەنووسسازەکەی پاویادا، سپاکەی ئیمپراتۆری پیرۆز و ئیسپانیا، پادشای فەڕەنسای بە دیل گرت و سپاکەی تێک شکاند. پاپا کە سەیری کرد بەڵای لێ باریوە، پەیمانێکی دیکەشی لەگەڵ ئیمپراتۆرەکەی ڕۆما بەست، بەڵام لە ناخی دڵەوە بەئاواتەوە بوو فەڕەنسا زۆر زوو هێزەکانی خۆی ڕێک بخاتەوە و ئەویش بتوانێ لە نێوان ئەو دووانەدا گەمەی خۆی بکا.

کلێمێنس بە ڕواڵەت هیچ سوودێکی لە سەقامگیری و وەفاداریدا نەدەدی و پەیمانشکاندنیشی بە شتێکی خراپ و زیانبار نەدەزانی و ملکەچی سات بە ساتی نەهاتی بوو و تەواو.

شارڵ ساڵێک دواتر، فەڕانسوای لە زیندان بەردا. مەرجی ئەو ئازادکردنەش ئەوە بوو فەڕەنسا دەست لە میلان و جنۆڤا و ناپل و هەموو شتێکی دیکەی نێو ئیتالیا هەڵگرێ و دەست لە "بۆرگۆنی"ـیش (کە لە خاکی فەڕەنسادا هەڵکەوتبوو) هەڵگرێ و فە ڕانسوا قەبووڵی کرد و هەموو ئەو شتانە لە پەیماننامەکەدا تۆمار کران. بەڵام هەرچۆنێک بێ، هیچ شتێکی وا نەبوو کە پادشا لەخۆباییەکەی فەڕەنسا دەروەست بکا، وەختێک دەگاتەوە وڵاتەکەی خۆی، ملکەچی ئەو پەیمانە بێ و ملکەچیش نەبوو. هەر گەیشتەوە سەر تەخت

و تاجی لەسەر ناوە، دیسان لەگەڵ کلیمێنس کەوتەوە ساتوسەودا و کلیمێنسیش دیسان سەرەڕای هەموو ئەزموونەکانیڕابردووی، لە بانگهێشتێکی فەڕەنسادا بۆ ئیتالیا، هەلی بە دەرفەت زانی بۆ ئەوەی نیری ئیسپانیا لە ئەستۆی دەزگای پاپایەتی دارنێ.

جا بۆیە ڕێگەی بە فەڕانسوا دا، بێتە نێو هاوپەیمانێتییە پیرۆزەکەی خۆی لەگەڵ ڤێنیزیا و فلۆرانس، بەو مەرجەی فەڕەنسا چەک لە ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆما هەڵگرێ. لەگەڵ ئەوەشدا پاپا لە فە ڕانسوا خۆش بوو کە پەیمانەکەی نێوان خۆی و قۆڵبەستکەرەکەی پێشووی شکاندبوو و لە پیتاکەکەشی خۆش بوو. دیارە ئەیالەتەکانی ئیتالیا بەشداری هەموو ئەو ساتوسەودایانە بوون و کە دوژمنایەتییەکە دەستی پێکرد، ئەوان لەبەر پێیاندا پلیشانەوە.

هەتا ساڵی ١٥٢٧ دەگمەن بوو شوێنێک لە ئیتالیا کە داگیر نەکرێ و دەستدرێژی نەکرێتە سەر خەڵکەکەی و تالان نەکرێ و قاتی و قڕی و هەژاری نەیگرێتەوە. ئەو ناوچانەی بێوەی دەرچووبوون، قازانجیان لە داماوی و لێقەوماویی ئەوانی دیکەدا بوو. دوو نێردە ئینگلیزییەکەی چووبوونە لۆمباردی، ڕایانگەیاند:"زۆربەی هەرە زۆری ئەو زەوی و زارەی شیاوی کشتوکاڵ و ڕەز و باخن، وا بەیار کەوتوونەوە، کە ئێمە لە درێژایی ئێگەکاندا ژن و مێردێکمان لە کێڵگەکاندا نەدی، باڵندەیەک بە ئاسمانەوە نەبوو و گوندە هەرە گەورەکان لە پێنج شەش کەس پیروپەککەوتە پتریان تێدا نەمابوو."( ٢١٥) لە شاری پاویا، منداڵ لە شەقامەکاندا دەگریان و لە برسان دەمردن.

داوەرییە قۆڕەکانی کلیمێنس، دەراوەکەی خۆش کردبوو و ئێستاش شەڕەکە خەریک بوو وردە وردە ڕۆماشی دەگرتەوە. هێزەکانی ئیمپراتۆر کە پێکهاتبوون لە ئەڵمانییە بەکرێگیراوەکان و لیوا ئیسپانییەکان، بە سەرکردایەتیی یاخییەکی فەڕەنسی بەناوی کۆنستابل دۆ بۆربۆن، لە پێش هێزە فەڕەنسییەکانەوە دەستپێش خەرییان کرد و بۆ شەڕ لەگەڵ هاوپەیمانییە پیرۆزەکە و زاڵبوون بەسەر ڕۆما و دەزگای پاپایەتیدا، لە چیاکانی ئالپ ئاودیو بوون. قەول و بەڵێنەکانی فەڕەنسا لە ئاست بێهێزییەکەیدا نەبوون و ئەو ساڵە هیچ سپایەکی فەڕەنسی بە هانای پاپاوە نەهات. لەو جەنگەیەدا، دارودەستەی

کلۆننای لایەنگری ئیمپراتۆر، لەوانەشە بە ئاماژە و پشتیوانیی شا ڕلی پێنجەم، لە ڕۆما ڕاپەڕین. ڕێبەرەکەیان کاردینال پۆمپیۆ کۆلۆننا بوو کە ڕق و قینی لە مەدیچییەکان و ئاگری پلەوپایەپەرستییەکەی ئەوی تین دابوو و بەتەما بوو کلیمێنس بکوژێ و بە زەبری چەک ئەنجوومەنی مەترانەکان ناچار بکا ئەو بکەنە پاپا.( ٢١٦) پەلاماردەرەکانی ئەو هیچ شتێکیان لە ڕۆمادا بە ساغی نەهێشتەوە، هاوولاتییەکانی خۆیانیان لە خوێن گەوزاند و کوشتیانن و ڤاتیکانیان تالان کرد، بەڵام دەستیان بە پاپا ڕانەگەیشت و ئەو بەو ڕێگە نهێنییەدا کە ئالکساندری شەشەم بۆ ئەو دەموساتانەی دروست کردبوو ڕایکردە قەڵای سانت ئانجیلۆ. دەستەیەک لە پیاوەکانی کۆلۆننا جلوبەرگی پاپایان لەبەر کرد و بە قەشمە ڕی و گاڵتەجاڕییەوە بە گۆڕەپانەکەی سان پیترۆدا لەنجەولاریان کرد. مەرجەکانی ئاشتەوایی قەبووڵ کران و پەلاماردەران کشانەوە، بەڵام پاپا، دیارە پاش خۆشبوون لە گوناحی خۆی، پەیمانی شکاند و سپایەکی کۆ کردەوە و ئاداری بەسەر پاداری بنەماڵەی کۆلۆناوە ڕەهێشت.

کلیمێنس، سەرەڕای تالان و برۆی کۆلۆنناکان، هەر بەپێویستی نەزانی هێڵێکی بەرگری دابنێ. هەموو هێزی خۆی دایە وتوویژ و دانوستان. ساتوسەودا و گرێبەستەکانی وی لە مانگەکانی داهاتوودا لەگەڵ باڵیۆزی ئیسپانیا کە نوێنەرایەتیی شارلی پێنجەمی پێ ئەسپێردرابوو و هەروەها لەگەڵ ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت، زۆر لەوە ئاڵۆز و پێچەڵپێچترە کە لێرەدا بتوانین باسی بکەین و هەرچۆنێک بێ هەر هەموو ئەو شتانە بێ ئاکام مانەوە. پەلاماردەرەکان تەنیا بە سیاسەتێکی شێلگیر و هەوڵێکی مکووڕ دەکرا لە لۆمباردی بەچۆکدا بهێنرێن، چونکە ئەو سوپاییە هەمەجۆر و بێ مووچە و بەراتانە، بێ دسیپلین و برسی و سەربزێو بوون. تاقە شتێکی ئەوانی ڕێکخستبوو قەول و بەڵێنی فەرماندەکانیان بوو بۆ تالان و برۆ و وەرگرتنی پیتاک و باجی زۆر لە ڕۆما و فلۆرانس. کێشەکە لەوەدا بوو کە هێزەکانی هاوپەیمانێتیی پیرۆزیش وەزع و دۆخێکی باشتریان نەبوو و وەک هەمیشە پێیانەوە دیار بوو نە ڕێبەرێکیان هەیە و نە یەکگرتووشن. شا ڕلی پێنجەم

دەستپەروەردەی نەریتی ئایینی ئیسپانیا بوو و پێی باش نەبوو پەلاماری دەرباری پیرۆز بدا، هەر بۆیە شێست هەزار سکەی زێڕی بۆ سپاکەی خۆی وەرگرت و ملی بۆ ئاگربڕێکی هەشت مانگە ڕاکێشا. سەربازەکانی ئەو کە لە بەدرەنگ کەوتنی تالاّن و برۆ تووڕە ببوون، سەرپێچییان کرد و بەرەو ڕۆما کەوتنە ڕێ. دووکی فیرارا و دووکی ئۆربینۆ لە تۆڵەی ئەو زوڵم و ناهەقیانەدا کە لە پاپاکانی مەدیچییان دیتبوو خواردن و خۆراکیان بەو سەربازانە دا و ڕێگەیان دان بێنە باشوورەوە و بەو جۆرە بەکردەوە لە شەڕەکەدا بەشدار بوون.

سەرکردەی هێزەکانی ئیمپراتۆریش تۆقیبوون لە مەترسیی ئەو وەحشیگەری و بێدادییەی هەڕەشەی لە شارە نەمرەکە واتەڕۆما دەکرد، بەلاّم لەوپەڕی سەرسووڕمانیشدا نە نیشانەیەکی بەرگرییان بەدی کرد و نە دەنگوباسێک بۆ دانوستان و وتووێژ و نە وەلاّمێک بۆ ئەوەی خۆیان چ بکەن. ڕۆما خۆی دۆڕاندبوو لە نێوان چەند هەزار پیاو چەکداری ئامادەی خزمەتدا، کلێسا نەیتوانی تەنانەت پێنج سەد کەسیش کۆ بکاتەوە بیانپارێزێ، یان هەر نەبێ بچن پردەکان بتەقێننەوە. کلێمێنس، بەڕواڵەت پێی وابوو پیرۆزایەتییەکەی ڕۆما، شارەکە لە مەترسی دەپارێزێ، یان لەوانەیە تەوژمی دڕدۆنگی و بەزیوییەکە، ئیفلیجی کردبێ. یەکێک لە وەزیرەکانی ئەو بۆ نوێنەرەکەی ڤاتیکان لە بەریتانیای نووسی:"ئێمە لە بەردەم لەناوچووندابن. چارەنووس هەموو بەلاّیەکی بەسەر هێناوین. ئیتر پشێوی لەوە زیاتر نابێ. پێم وایە بڕیاری لەداردانمان دراوە، هەر چاوەڕێین جێبەجێ بکرێ، کە وێناچێ زۆریش دوور بێ.(٢١٧)

ڕۆژی ٦ی مانگی مای ١٥٢٧ پەلاماردەرە ئیسپانی و ئەڵمانییەکان شووراکەی شاریان شکاند و بەژووریٚ وەربوون. ئیتر لەوەودوا، هەرزەیی و دڕندەیی بنیادەم لە پێگەڕی پێترۆسی حەواری و پایتەختە ١٢٠٠ ساڵەکەی مەسیحییەتدا، نیشاندەری ئەوە بوو کە دەسەلاّتدارانی ئەو شارە پیرۆزە چەندەیان سووک و بێڕێز کردووە. کوشتوبڕ و تالاّن و سووتمان و هەتک - کردنی ژنان سنووری بەزاندبوو. فەرماندەکانی سوپا، دەستەوستان سەیریان

دەکرد، کۆنستابل دۆ بۆربۆنی سەرکردەیان، هەر یەکەم رۆژ لە سەر دیوارەکانی رۆماوە تیرێکی بەر کەوت و مرد.

لە راپۆرتی "نووسراو بە دەستێکی لەرزۆک"ـدا کە لە ئەرشیڤەکەی مانتوا وەرگیراوە، نووسراوە، خوێنمژی و درندەیی پەلامارددەرەکان "بەردی دێنایە گریان." ( ٢١٨) سەربازەکان یەک لە دوای یەک ماڵەکانیان تاڵان دەکرد و هەرکەسیش بەرەنگاریان بوایەتەوە، دەیانکوشت. ژن و کچ لە هەر تەمەنێکدا بوایەن، هەتک دەکران. دەنگی شین و شەپۆر لە هەموو لاوە دەهات، رووبارەکەی تیبێر، پڕ ببوو لە تەرمی مردووان، پاپا و کاردیناڵەکان و ئەندامانی دیوانی ڤاتیکان و بەرپرسە نائاییینییەکان ئەوەندە بەپەلە و بەهەشتاو خۆیان خزاندە قەڵاکەی سانت ئانجیلۆوە، کە ئەو کاردیناڵەی لە پشت دەرگاکەوە بەجێ ما، بە سەوەتەیەک هەڵیانکێشا سەرێ. دەوڵەمەندەکانیان توند کرد و بۆ وەرگرتنی ماڵ و دراو دڵڕەقانە ئەشکەنجەیان دان و هەر کەسیش دراوەکەی پێ نەدرا کوشتیان. قەشە و راهیب و مەلاکانیان بەو پەڕی بێبەزەییەوە کوشت، ژنەڕاهیبەکانیان بردە قەحبەخانەکان یان لە شەقامەکاندا بە سەربازەکانیان فرۆشتن. کۆشکەکانیان تاڵان کرد و ئاگریان دان. (٢١٩)

گەنجینەکانی کڵێسا و دێرەکانیان تاڵان کرد، بەردە عەنتیکەکان و کەلوپەلە پیرۆزەکانی کڵێسایان هێنا دەرێ و شتومەکەکانیان خستە بەر پێیان، بە شوێن غەنیمەت و دەستکەوتدا گۆڕەکانیان هەڵداوە و ڤاتیکانیان کردە گەوەڕی ئەسپەکانیان. ناوەندی بەڵگەنامە و کتێبخانەکانیان سووتاند، هەرچی تێیدا بوو بە بەرپێی ئەسپەکانیان وەرکرد. تەنانەت یەکێک لە کۆلۆنناکان، کە دیمەنەکەی دیت، خۆی پێ نەگیرا و دایە گریان. ڤێنیزییەکڕایگەیاند:"دۆزەخ هەرگیز ناگاتە ئێستای رۆما."(٢٢٠)

سەربازە ئەڵمانییە ترسێنەرەکانی پەیڕەوی لۆسەر، کەیفیان بەو دیمەنانە خۆش دەبوو گاڵتەیان بە ڕێوڕەسمەکانی پاپایەتی دەکرد، بە عابای سوور و جلوبەرگی گرانباییەوە لاسایی پاپایان دەکردەوە. یەکەم شەپۆلی کوشتوکوشتارەکە هەشت رۆژی خایاند. دووکەڵ و بۆگەنی تەرمی نەنێژراو چەند حەفتەیەک هەر دەهات و سەگەل دەمیان نابووە تەرمەکانەوە و دەیان

خوارد. داگیرکرانەکەی ڕۆما نۆ مانگی خایاند و گەلێ زیانی قەرەبوو هەڵنەگر بەر شارەکە کەوت. دوو هەزار تەرم فڕێ درابوونە نێو ڕووباری تیبێرەوە و نۆ هەزار و هەشت سەد مردوو نێژرابوون و تالان و بڕۆ و باجوەرگرتنەکەش خۆی لە سێ هەتا چوار ملیۆن سکەی زێڕ دا. دەستەدەستە سەربازی مەست و چاوبرسی، ڕۆمایان کردە "کوشتارگەیەکی بۆگەن" و هەتا تاعوون نەهات و خواردن کەم نەبۆوە و قاتی و قڕی تەشەنەی نەکرد، شارەکەیان بەجێ نەهێشت.

ئەو تالانە، ناوەندی بڕیار و دەسەلاتی ئاییینیشی بێبەش نەکرد. ئەوانەی ساڵی ٤٥٥ ڕۆمایان تالان کرد، واندالە بێگانە و وەحشییەکان، یان وەک دەڵێن بەربەرەکان بوون، بەڵام تالانکەرەکانی ئێستا برا مەسیحییەکان بوون و دنەدەر و هانەی ئەوان بە ڕواڵەت، ئالووش و کولی لە ڕادەبەدەریان بوو بۆ سووک و بێئابڕووکردنی سەروەرە بێ ئابڕووەکانی کلێسا. سەردەمانێک ترۆی پێی وابوو پەردەیەکی پیرۆز پشتیوان و پارێزەری ئەوانە،ڕۆمیش لە سەر لێواری هەڵدێرەکە پشتی بە پێگە پیرۆزەکەی خۆی بەست، بەڵام ئیتر پیرۆزایەتی ئاسەوارێکی لێ نەمابۆوە.

هیچ کەس بە خەیاڵیشیدا نەهات بڵێ، تالانکرانی ڕۆما سزای خودا بووە لەبەر ئەو گوناحانەی پاپا و بەرپرسانی کلێسا لەم دنیایەدا کردبوویانن، هەر هەموو لەو باوەڕە بوون، کە کرمەکە لە هەناوی دارەکەدا بووە.

پەلاماردەرەکانیش هەر لە سەر ئەو باوەڕە بوون. سەرۆک ئەرکانی سپای ئیمپراتۆریی پیرۆزی ڕۆما، کە نیگەران بوو نەکا ئیمپراتۆر لەو ڕووداوانە و "لە ڕاستیدا بێڕێزی دەرهەق ئاییینی کاسولیک و بنکەی پێشەوا" توورە بێ، بۆ شارلی پێنجەمی نووسی:"ئەگەر ڕاستیت دەوێ، هەمووان لەسەر ئەو باوەڕەن، ئەوەی بەسەریان هاتووە قەدەر و ویستی خوا بوو لە بەر هەڕوگێڤ و بێسەروبەرەیی دەرباری پاپادا." ( ٢٢٤) کاردیناڵ کایتانووس ـ پێشەوای دۆمینیکەکان و وتەبێژی ڕیفۆڕمخوازەکان لە لاتران و نوێنەری پاپا لە دانوستانەکان گەڵ لۆسەر لە ئەڵمان ـ بۆچوونێکی دڵتەزێنی دەربڕی:"لەبەر ئەوەی، ئێمە کە وا دانرابوو خۆمان خ وێێ زەوی بین، کەچی خۆمان بۆگەن بووین و بەکاری هیچ شتێک نایەین، جگە لەڕێوڕەسمی ڕواڵەتی."

دەرد و سەرشۆڕییەکەی کلیمێنس دوولایەنە بوو. لە لایەکەوە دەبوو مەرجی داسەپاوی سەرکەوتووەکان قەبووڵ بکا و لە قەڵای سانت ئانجیلۆدا بەندیی ئەوان بێ هەتا پارەی پێویست و دیاریکراو دەستەبەر بکا و ئازادییەکەی خۆی بکڕێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە فلۆرانس هەر بیستی ئەو دەستەوستان و بێدەسەڵاتە، دەسبەجێ دەسەڵاتدارانی مەدیچیی وەدەر نا و دیسان حکوومەتی کۆماریی دامەزراندەوە. لە لایەکی دیکەوە، ڕیسوایی زیندانیکرانەکەی پاپا بووە هۆی گۆڕانی بیروباوەڕ و ئیمپراتۆری ناچار کرد دەرگاکانی سانت ئانجیلۆ بکاتەوە و کلیمێنس، بە جلوبەرگی بازرگانێکەوە بردرایە پەناگەیەکی کاولاش و پاپا لەوێ هەروا هیوادار بوو فەڕەنسا بێ و هێزەکە پارسەنگ بگرێتەوە. فڕانسوا ساڵێک دواتر لەشکری بردە سەر ناپل، بەڵام دیسان تێک شکا و دیسانیش ناچار بوو دەست لە هەموو داواکانی خۆی لەسەر ئیتالیا هەڵگرێ. پاپاش ناچار بوو لەگەڵ شا ڕلی پێنجەم ڕێککەوت، کە ئێستا ئاغای بێ خەنیمی ئیتالیا بوو. لە سەروبەندی سەرمادا، لە حاڵێکدا کە شەوانە لەسەر کۆگای کا دەنوست، هەژار و دەستکورت، چووە بۆلۆنیا بەشکم لەوێ لە هەلومەرجێکی لەبارتردا لەگەڵ ئیمپراتۆر ڕێک بکەوێ. کەچی لێی سوور بوو ئیتر قورسایی و دەرفەتی هەڵسووڕان و دانوستانی نەماوە.

بۆیە ناچار بوو هەرێمی ناپلو پادشایەتییەکەی ئیسپانیا بەو ببەخشێ و تاجی ئیمپراتۆریی لەسەر ئەو بنێ. لە بری ئەوە شا ڕل، یارمەتیی سەربازیی کلیمێنسی کرد، هەتا دەسەڵاتەکەی مەدیچی بگەڕێنێتەوە بۆ فلۆرانس. پاپا تەنیا لەسەر یەک شت پێی داگرت و بە سوودوەرگرتن لە پێگەی دەسەڵاتی پاپایەتییەکەی، ئاخری قسەی خۆی بردە سەر، ئەویش ئەوە بوو کە شا ڕل دەیەویست ئەنجوومەنێکی گشتی بۆ ڕیفۆڕم و چاکسازی، پێک بێنێ، کەچی ئەو قەبووڵی نەکرد. ئەو بەرهەڵستییەش هەر لەبەر خۆی بوو: دەترسا زۆڵبوونەکەی خۆی ــ کە لیۆ هەر وا سەرسەرەکی چارەسەری کردبوو ــ لێی بکەنە بیانوو و پاپایەتییەکەی لێ بستێننەوە.

لەوەودوا هەموو چالاکییەکانی کلیمێنس لەو پێناوەدا بوو بنەماڵەکەی خۆی بەرێتەوە سەر تەختی دەسەڵاتی فلۆرانس. پاشماوەی ئەو سپایەی ڕۆمای تاڵان کرد، لەگەڵ سەربازەکانی دیکە، لە ژێر ئەمر و فەرمانی فەرماندەکانی

ئیمپراتۆریدا، ده مانگی ڕەبەق زێدەکەی ئەویان گەمارۆ دا، هەتا شار ناچار بوو بەچۆکدا هات و خۆی بەدەستەوە دا،(  ٢٢٢) ئەو پارەیەی لەو شەڕەی دا، هێندەی تێچووی شەڕەکەی ئۆربینۆی لیۆ بوو و هەردووکیشیان لەپێناوی پاراستنی دەسەلاتی بنەماڵەکەیاندا وایان کرد. مەسەلەی جێنشینی لە بنەماڵەکەی مەدیچیدا، کە ئێستا لەسەر دوو زۆڵی گومانلێکراو ــ یەکیان دووڕەگێکی نیوە ڕەش و نیوە سپی، ( ٢٢٣) ڕاوەستابوو و ئەو مەسەلەیە وا هۆش و گۆشی کلێمێنسی سەرقاڵ کردبوو کە هەر لەبیری نەما، پ ڕۆتستان ئەوە هەر گەشە دەکا و کلێسا چۆن شێلگیرانە تاوتوێی بکا و بەرەنگاری بێتەوە. لە دوایی ساڵەکانی پێشەوایەتییەکەی ئەودا، ئەیالەتە ئە ڵمانییەکان، بە فەرمی لە پاپا جویێ بوونەوە و دەستیان کرد بە پێکهێنانی "یەکێتیی ڕپۆتستان".

کلێمێنس لە سەرەمەرگدا (وەک گو ێچاردینی گێڕاوێتییەوە) کەوتە بە سووکایەتیی کاربەدەستانی دیوان و بێ متمانەیی پادشاکان و قین و ڕقی فلۆرەنسییەکان ــ وای لێهات بە ئاگرباران مردنەکەی ئەویان کردە بەزم و ئاهەنگ ــ خەڵکی ڕۆماشی وا بێزار کرد، کە هەمووان ئەویان بە بەرپرسیار و سەبەبی تاڵانکرانی شارەکەیان دەزانی. (٢٢٤) خەڵکی ڕۆما تەرمەکەیان لە گۆڕ دەرهێناوە و ورد ورد ئەنجنیان و شمشێرێکیان لە دڵی چەقاند و لە قوژبنێک فڕێیان دا.(٢٢٥)

تاڵانکرانی ڕۆما، ئاسەوارێکی سامناکی ئابووریی بەجێهێشت و بێ قسەلێکردن بە سزای خوا دانرا. کلێسا زۆر دواتر تێگەیشت، کە جوێبوونەوەی پڕۆتستانییەکان چەندە گرینگ بووە. زەمەن و دوورەدیمەنی دەوێ، بۆ ئەوەی خەڵک تێبگەن، لەکوێوە بۆ کوێ چوون. دەزگای پاپایەتی وردە وردە زانیی خراپەی دەسەلاتەکەی چ بووە. لە نیوەی یەکەمی پێشەوایەتیی جێنشینەکەی کلێمێنس، واتە پاولۆسی س ێهەم (کاردیناڵ ئالسساندرۆ فارنێزەی پێشوو"دا نزیکەی سی ساڵ پاش سەرهەڵدانەکەی لۆسەر لە  ١٥٤٤ــدا "ئەنجوومەنی تۆرێنت" بانگ کرا و دەست کرا بە دەستەبەرکردنەوەی دوودرودرێژ و بە ژانی "ئەوەی لەدەست چووبوو".

لە کارنامەی شەش پاپاکەی ڕێنسانسدا دەتوانین چ بنەماگەلێکی گەمژەیی بەدی بکەین؟ لە پێشدا، نابێ لەبیرمان بچێ، کە تێگەیشتنی ئەوان لە دەسەلات

و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانەیان، زۆر نائاساییانە بەرهەمی بارودۆخ و دامودەستوور و نەریتی شوێن و کات بوو. دیارە ئەوە هەموو سەردەمێک دەگرێتەوە، بە تایبەتی بۆ ئەو بابەتەی ئێمە مەبەستمانە، لەبەر ئەوەی بارودۆخ و دامودەستوور و نەریتەکانی چینی دەسەڵاتداری ئەو سەردەمەی ئیتالیا، هەر بەڕاستی زۆر سەیروسەمەرە بوو. دەبێ یەک بە یەک هۆکارە خۆجێییەکانی هەڵسوکەوتی پاپاکان ـ لە پێوەندییە دەرەکییەکانیان و کێشە سیاسییەکان و بیروباوەڕ و دابونەریت و پێوەندییە مرۆییەکانیاندا" هەڵسەنگێنین، بەو هیوایەی بەشکم کۆمەڵێک بنەمای نەگۆڕمان بۆ دەرکەون.

گەمژەیی پاپاکان هەر ئەوە نەبوو سیاسەتی بەزەڕ و پڕ لە زیان ڕەچاو بکەن، بەڵکو زیاتر ڕەتکردنەوەی هەر ج ۆرە سیاسەتێکی شێلگیرانە و گونجاو بوو جا چ سیاسی و چ ئایینی، کە لەوانەبوو بارودۆخەکەیان زۆر باشتر بکا، یان ئەو ناڕەزایەتیانە کەم بکاتەوە کە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبوون. یەکێک لە گەمژەییە زەقەکانی ئەوان، گوێنەدان بەو کەفوکوڵ و بزووتنەوانە بوو کە لە دەوروبەریاندا خەریک بوو سەریان هەڵدەدا. گوێیان بە ناڕەزایەتی و بێزاریی خەڵک نەدەبزووت، چاویان، ئەو لێکترازان و دابڕانانەی دیکەی نەدەدی، کە بەرهەمی ناڕەزایەتییەکان بوون. هیچ دەستدرێژییەکیان بە هەند وەرنەدەگرت. ترسیان لەو ڕق و قینانە نەبوو کە لە ئاکامی هەڵسوکەوتە خراپەکانی خۆیانەوە ڕۆژبەڕۆژ پتر پەرەی دەگرت و ئەویش سەرچاوەی لە دەسەڵاتدارێتییە خراپەکەیاندا بوو. زۆر لاسار و سەرسەخت بوون لە قەبووڵکردنی گۆڕانکاریدا و لە پاراستنی دەسەڵات و سیستەمە گەندەڵەکەشیاندا هەتا ئەوپەڕی سنووری کەرێتی و گەمژەیی پێداگر و مکوڕ بوون. پاپاکان نەیاندەتوانی ئەو سیستەمە بگۆڕن، چونکە خۆیان بەشێک لەو پەروەردەی ئەو دەسەڵاتە بوون و بەوەوە مابوون.

هۆکارێکی گرینگ و کاریگەری دیکە، دەستبڵاوی و ڕواڵەتپەرستییەکی بێزارکەر و نائاسیی و پابەندییەکی نەخۆشانە بوو بە بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە. وەختێک کلێمێنسی حەوتم سەرکۆنە و لۆمە کرا، لەسەر ئەوەی دەسەڵاتە دنیاییەکەی دەزگای پاپایەتیی خستووەتە سەرووی "سەرکەوتنی ئایینی حەق، واتە ئاشتیی جیهانی مەسیحیەت" لە وەڵامدا گوتی: ئەگەر وام نەکردبایە، دوادیناری سامانەکەشم تەنانەت تاڵان دەکرا و "نەمدەتوانی یەک

فلسی سامانەکەشم وەرگرمەوە." ئەوە بیانووی هەر شەش پاپا گۆرینەکەمان بوو. هیچ کامیان ئەوەندە ژیر و زیرەک نەبوون کە بزانن پێشەوایەتیی کلێسا ئەرکێکە، زۆر گەورەتر لە شوێنکەوتنی ویست و ئارەزووە "کەسییەکان". هەر کات سوود و قازانجی کەسی، خرا ﻉ سەرووی بەرژەوەندی گشتییەوە، هەر کات پلەوپایەپەرستیی تاکەکەسی و چاوبرسێتیی دەسەلاتداری بوون بە ڕێنوێنی سیاسەت، بەرژەوەندییە هەمووان ﺉ و گشتییەکە تێدا دەچێ و ئەو ڕاستەقینەیە هیچ کات هێندەی ئەو سەردەمە شێتانە بێ پسانەوەیەی چاخی سیکستۆس هەتا کلێمێنس بەرچاو نەبووە. هاتنی یەک بە دوای ئەویتردا زیانەکانی پتر کرد. هەر کامە و چۆنێتیی تێگەیشتنی خۆی لە پۆستی پاپایەتی بە میرات دا بەوی دیکە. بۆ یەک بە یەکی ئەوان، ــ جگە لە یۆلیۆس کە لەوانی دی بەرچاوڕوونتر بوو ــ هەر هەمووان تەختی پێترۆسی حەواری و پێشەوایەتیی کلێسایان بە سفرەیەکی تالان دەزانی. ئەو تێگەیشتنە لەو سەردەمە شێست سالانەیەدا، هەر تۆزە چەتێکیشی تێ نەکەوت *. هەر تۆزێکیش چییە گومان یان بەرچاوڕوونیی تێدا نەهاتە دی. دیارە بەها و بایەخەکانی کات(زەمەن) بەو ئاقارەیدا برد، بەلام سوود و بەرژەوەندی تاکەکەس، هیی هەموو سەردەم و زەمەنەکانە و هەر ئەوەندە بەسەر دەسەلاتێکدا زاڵ بوو ئیتر گەمژەیی بەرهەم دێنێ.

سێیەمین گەمژەیی پاپاکان، ئەو ساویر و وەهەمە بوو کە ئەوان هەر دەمێنن و دەسەلات و پێگەکەیان پارێزراوە. پێیان وابوو پێگەی پاپایەتی تاهەتاییە و هێشتاش دەکرێ وەک سەدەکانی پێشوو بە پشکنینی بیروباوەڕ و تەکفیر و سێدارە، هەموو شۆڕش و سەرهەڵدانێک تێک بشکێنن، پێیان وابوو تاقانە مەترسیی ڕاستەقینە، ئەوەیە "ئەنجوومەن" بەدەسەلاتتر بێ، کە دەکرێ ئەویش بەرپەرچ بدەیەوە یان جڵەوی بکەی و بە ئاسوودەیی بژیین. تۆزە تێگەیشتنێک لە نارەزایەتییەکان و ناخۆشەویستیی و قەبوولکردنی ئەوەی زیانیان بەردەکەوێ، هیچ کام لەو شەش پاپایەی نیگەران و پەرۆش نەکرد. بە ڕوانینێکی ئەوەندە بەرتەسکانەوە لەو بەرژەوەند و پێگانە تێگەیشتبوون وا بۆی هەڵبژێردرابوون، کە زۆر لاساری کردبوون و وای لێکردبوون لەسەر

* چەت تێکەوتن: گرێ هاتنەبەر. خەلەل. کێشە

هەڵەکانیان پێداگر و مکوڕتر بن. هەر تۆزێکیش چییە لە ئەرکی ئایینی و ڕێنوێنیی ڕاستەقینەی دینی و خزمەتی ئەخلاقی بە جیهانی مەسیحییەت تێنەگەیشتبوون.

سێ تایبەتمەندیی زۆر بەرچاوی ئەوان بریتی بوو لەوەی: گوێیان نەدەدا نارەزایەتیی ڕۆژبەڕۆژ پەرەگری خەڵک، دەسەڵاتیان خستە سەرووی هەموو شتێکەوە و پێیان وابوو پێگەو و پۆستەکەیان بۆ هەمیشە پارێزراوە و ئەو تایبەتمەندییانەش، فاکتەری نەگۆڕی گەمژەیین.

ئەو تایبەتمەندییانەی پاپاکانی ڕێنسانس، لە کولتووری شوێنی ئەوکاتدا زیاتر گەشەی کرد و بەرەو زێدەڕۆیی چوو بەڵام بەو حاڵەشەوە، هیچ پێوەندییەکی بە سەردەمەوە نەبوو و لە کاروباری دەسەڵاتدارێتیدا بەردەوام و پەیتاپەیتا بەدی کرا و بەدی دەکرێتەوە.

بەریتانیا ئەمریکا لەکیس دەدا

**کێ براوەیە و کێ دۆڕاوە**

١٧٦٥ - ١٧٦٣

بەرژەوەندی بەریتانیا لە سەدەی حەڤدەیەمدا سەبارەت بە ئیمپراتۆرییەکەی خۆی لە وشکارۆی ئەمریکا، بە هەموو هۆکارە بازرگانییەکانی وەک ئاشتی و هێمنی و ڕاکێشانی قازانج و بەرژەوەند یەکان، ئەوە بوو لە سای باش لێکتێگەیشتن و حەز و مەیلی ئارەزوومەندانەی هەرێمەکۆچەرنشینەکاندا، دەسەڵاتەکەی خۆی ڕاگرێ. بەو حاڵەشەوە لە درێژایی ئەو پازدە ساڵەی کە پێوەندییەکان هەر هاتن و خراپتر بوون و دواجار گەیشتە تەقاندنی فیشەکێک، کە هەموو دنیا گوێی لە تەقەکەی بوو ئیتر دەوڵەتە یەک لە دوا یەکەکانی بەریتانیا، سەرەڕای وریاییدانی بەردەوامی خەڵک و ڕووداوەکان، بەردەوام کاری وایان کرد، زیانی بە پێوەندییەکان گەیاند.

ئەو هەوڵ و کارانە، هەرچەندە لە بنەڕەتدا پاساوهەڵنەگریش بوو بەڵام لەبەر ئەوەی وردە وردە لێکتێگەیشتن و پێوەندیی دڵخوازانەی لەناو دەبرد، لە کردەوەدا جوان دیار بوو ژیرانە نین، لە حاڵێکدا بە زەبروزەنگیش نەبوایە، ئەو کارانە جێبەجێ نەدەبوون. جا لەبەر ئەوەی ستەمکار ی واتە دژومنایەتیی، نرخی ئەو هەوڵە تەنانەت ئەگەر ئاکامێکیشی لێ کەوتباوە، (زیانەکەی) زۆر لەو قازانجە زیاتر بوو کە لەوانەبوو لێی بکەوێتەوە. ئاخرییەکەیشی خەڵکە بێدەنگ و بێزەڕەکەی لە بەریتانیا ڕاپەڕاند.

مەسەلەی ئەسڵی، وەک هەمووومان دەزانین، مافی پە ڕلەمانی بەریتانیا بوو کە وەک بەرزترین ناوەندی یاساداناني وڵات ـ بەڵام نەک وەکوو ئیمپراتۆری، بە باوەڕی کۆچەرەکان ـ ماڵیات بخاتە سەر هەرێمەکۆچەرنشینەکان *. وڵاتی دایک (بەریتانیا) داوای ئەو مافەی دەکرد و هەرێمەکۆچەرنشینەکان ڕەتیان

---

* هەرێمە کۆچەرنشینەکان: ئەو هەرێمانەی وا لە ئەمریکا لە کاتی خۆی کۆچەری و ڕەوەندەکانیان تێدا نیشتەجێ کران. لەوەودوا، کورتی دەکەینەوە و بە کۆچەرنیشینەکان نێویان دەبەین.

دەداوە. ئەوەی کە ئاخۆ دەستوور ئەو مافەی ڕەوا دەدی یان نا، تەنانەت ئەمڕۆش وەڵامێکی مسۆگەری نییە و لە جێدا بەکاری ئەو شەنوکەوەی ئێستای ئێمە نایە. بردنەوە و دۆڕاندنەکە لەسەر ئەو هەرێمە پان و بەرینە بوو کە بە دەستی خەڵکە کۆڵنەدەر و داهێنەرە بەرەچەڵەک ئینگلیزییەکە بنیات نرابوو. ئێدمۆند بێرک ( ١) کە قسەکانی زۆر دەبیستین، وەکوو لایۆکۆیۆنیی نوێ، لە مەسەلەکە تێگەیشت و گوتی:"بەهای پاراستنی ئەمریکا لە ڕووی ئابووری و سیاسی و تەنانەت مافە مەعنەوییەکەشی بۆ وڵاتی دایک، زۆر پتر بوو لە هەر بڕەپارەیەکی کە لەوانەبوو لە ڕێگەیماڵیاتەوە پێی ببڕدرێ، یان تەنانەت لە هەر بڕگە و ئەسڵێکی بەناو دەستووری بنەڕەتییش." ( ٢) ئەو بەکورتی دەیگوت، خاوەنداریێتی زۆر لە بنەماکان بەنرخترە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئینگلیسییەکان زیاتریان کردە قوربانیی کەمتر، وەشوێن کاری نەکردە کەوتن و کردەنیەکەیان بەلاوە نا. ئەو دیاردەیە یەکێکە لە باوترین (شێوەکانی) گەمژەیی دەسەڵاتداریێتی.

کێشە و چەرمەسەری لە ١٧٦٣دا، پاش ئەوەی بەریتانیا لە شەڕێکی حەوت ساڵانەدا فەرەنسییەکانی و سوورپێستەکانی تێکشکاند، سەری هەڵدا. فەرەنسا زەوییەکانی کانادا و زەوییە دوورەدەستەکانی ئەوێی بۆ بەریتانیا بەجێ هیچشت و ئەو وڵاتە لە لایەکەوە بوو بە خاوەنی دەشتە پان و بەرینەکانی سەرانسەری ئالێگنی لە نێو شیوەکەی ڕووبارەکانی ئۆهایۆ و میسیسی پیدا و لە لایەکی دیکەوە، بوو بە دەسەڵاتداری کاروباری خەڵکێک لە هۆزە سەربزێوەکانی سوورپێستان، لەگەڵ ٨٠٠٠ یان ٩٠٠٠ کاسولیکی فەرەنسی ـ کانادایی. دیارە فەرەنسیەکانیش بە تەواوی لە وشکارۆیەکە دەرنەکرابوون، هێشتا لۆیزیانا و گەرووی ڕووباری می سی سی پییان بەدەستەوە بوو و دەیانتوانی لەوێوە دەست بەکار بن و دیسان بگەڕێنەوە. بەڕێوەبردن و پاراستنی هەرێمە تازەکان، گوژمە و تێچوویەکی زۆری دەخستە ئەستۆی بەریتانیا و ئەوەش زۆر لە بەهرەی ئەو قەرزە نیشتمانییانە پتر بوو کە خەرج و تێچووەکانی شەڕە حەوت ساڵەکە، دوو ئەوەندەی لێ کردبوو و لە ٧٢ ملیۆنەوە گەیاندبوویە ١٣٠ ملیۆن لیرە. هەر بەو دەمەدا، وەسڵی حیسابەکانی

بودجەش دە ئەوەندە زیادی کردبوو و لە 14.5ـەوە گەیشتبووە ١٤٥ ملیۆن لیرە.

سەرکەوتنی دەمودەست، پێویستی بە پێکهێنانی هێزێکی چەکداری دە هەزار کەسی بوو لە ئەمریکای باکوور، بۆ ئەوەی خۆی لەبەر پشێوی و سەرهەڵدانی سوورپێستەکان و گەڕانەوەی فەڕەنسییەکاندا ڕاگرێ و هاوکات تێچووی ئەو کارەش ـ واتە لە ڕوانگەی بەریتانیاوە، بەرگریی هەرێمەکۆچەرنشینەکان ـ ـیش دەبوایە هەر لەخۆیان وەرگیرێتەوە. ورتەورتی پێکهێنانی سپایەکی هەمیشەیی، کە لە زەینی خەڵکی سەدەی هەژدەیەمدا، خراپترین ئاماژەی سەرەڕۆیی دەهێناوە بیریان، بەس بوو بۆ ئەوەی دەسبەجێ ئەو هەرێمەکۆچەرنشینانەی لە ڕووی سیاسییەوە هەستیار بوون، بکاتە دوژمن. ئەوانە پێیان وابوو ئێستا کە لە چنگی فەڕەنسا ڕزگار بوون، بەریتانیا گومانی ئەوەی لێیانە کە دەیانەوێ نیری بەریتانیایش لە ئەستۆی خۆیان داڕنن و وایان لێک دەداوە، کە وڵاتی دایک دەیەوێ "کۆمەڵێک سەربازمان لەسەر دابنێ و بە ڕواڵەت بۆ پاراستنی ئێمە بەڵام زیاتر وەک تێڵایەک لەسەر سەرمان." (٣) یان بە قسەی یەکێکی دیکە لە کۆچەرەکان بۆ ئەوەی "لە جێی خۆمان نەبزووین" (٤) ئەو بیرە، دیارە لە زەینی هەندێ لە ئینگلیسییەکاندا هەبوو بەڵام وەک ئەمریکییە تۆقیوەکان بیریان لێ دەکردەوە، فاکتەری سەرەکی و چارەنووسساز نەبوو. دەوڵەتی بەریتانیا زۆر لە ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی کۆچەرەکان نەدەترسا و زیاتر لەو فکرەدا بوو کە نابێ ڕێگە بدرێ چەندبەرەکی و لێکترازان و تاقم تاقمبوون و گوێنەدانەکەی ئەوان بە مەسەلەی بەرگریکردن بەردەوام بێت و دەبێ کارێکی وا بکەن کۆچەرەکان بەشێکی قورسایی بەرگرییەکە بگرنە ئەستۆی خۆیان.

دوورەدیمەنیماڵیات دانانەکە، تەنانەت لە دوورەدیمەنی سپای هەمیشەیی، پتر هەرێمەکۆچەرنشینەکانی لێ کردنە دوژمن. بوودجەی حکوومەتە خۆجێیەکانی ئەوان تا ئەو کات، لە هەندێ کۆچەرنشینەکان، هەر بە دەنگی کۆڕ(پە ڕلەمان"ـەکانی خۆیان پەسند دەکرا. جگە لەو ماڵیاتە گومرکیانەی ساتوسەوداکانی بە قازانجی بەریتانیا دەبڕییەوە، ئەمریکا هیچ کات ملکەچی

ماڵیاتدانانەکەی وڵاتی دایک نەبوو و پێشگرتن لەوکارە وردە وردە وا لێک دراوە، کە ئەو "مافە" هەر نییە. کۆچەرنشینەکان، لە پە ڕلەمانی بەریتانیادا نوێنەریان نەبوو. هەر بۆیە دژایەتیکردنەکەی خۆیان لەسەر ئەو بنەمایە دانا، کە هیچ کەس بۆی نییە ماڵیات بخاتە سەر کەسێکی ئینگلیسی، مەگەر نوێنەرەکانی خۆی. بەڵام بنەمای دژایەتییەکە، دژکردەوەی گشتیی بوو لە بەرامبەر هەموو جۆرە ماڵیاتێکی نوێدا. بە کورتی، دەیانگوت ئێمە ئەوە نین ماڵیات بدەین. کۆچەرنشینەکان، وەفاداری تەختوتاجی بەریتانیا بوون، بەڵام خۆیان لە پەڕلەمانی ئینگلیس بە سەربەخۆ دەزانی و کۆڕەکانی خۆیانیان لەو بەکەمتر نەدەزانی. بەڵام ماف و بەرپرسیارەتییەکانی پەیوەندیدار بەو گرێدراوییە دوولایەنەوە دیاری نەکرابوون و هەر لە سای ئەو ناڕوونیەیشەوە و بەبێ ئەوەی کەس لە ڕێسای کارەکە دڵنیا بێ، هەر دوو لا توانیبوویان لەمبەروئەوبەری زەریاوە پێکەوە بژین ــ ئەگەرچی نەک بێپسانەوە و بەبێ چەرمەسەری. کەوابوو ماڵیاتە دانراوەکەش وەک سپای هەمیشەیی، هەر پێشنیار کران، کەوتە بەر ڕەخنە و کۆچەرنشینەکان، بە پێشێلکردنی ئازاییەکانی خۆیان و دەستپێکی دیکتاتۆرییان لێک داوە. دەراو بۆ تێکهەڵچوون خۆش ببوو.

لێرە پێویستە باسێکی ئاست و سنووری مەترسییەکان بکەین. ئەوەی دەی خەینە ڕوو ڕوونکردنەوەیەکی دیکەی هاوکێشەی ئەو گۆڕانکارییانە نییە کە شۆڕشەکەی ئەمریکای لێ کەوتەوە و زۆر شتیشی لەسەر نووسراوە. بازنەی کارەکەی من بەرتەسکترە. ئەوەی باسی دەکەم، وەسفێکە لە گەمژەیی ئەمریکا، چونکە لێرەوە بوو کە سیاسەتێکی ناتەبا و دژی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە ڕەچاو کرا. ئەمریکییەکان دژکردەوەیەکی لەڕادەبەدەریان نواند، زۆر هەڵەیان کرد، بەگژ یەکتریدا چوون، بەڵام ئەگەر کردەوەکانیان بەردەوام باشیش نەبوو لەسەر یەک لە بەرژەوەندی خۆیان جووڵانەوە و چاویان لە ئاسۆی ئامانجەکە هەڵنەگرت. ئەگەر ئەو گەمژەییەی ئێمە باسی دەکەین، بە مانای تووڕهەڵدانی بەرژەوەندییەکان بێ، کەواتە لەم بابەتەماندا دەبێ بە شوێن ئینگلیسییەکان کەوین.

یەکەم شتێکی لە بارەی پەیوەندییەکانی بەریتانیا و ئەمریکاوە پێویستە بگوترێ، ئەوەیە کە: ئەگەرچی کۆچەرنشینەکان وەک هەناسە بۆ گەشە و پێگەی جیهانیی بەریتانیا پێویست بوون، زۆر زۆر کەم گرنگییان پێ دەدرا و بیریان لێ دەکراوە. کێشەکەی ئەمریکا تەنانەت ئەو کاتەی وردەوردە قوولتریش دەبۆوە ــ جگە لە مشتومڕێکی زۆر کورت لەسەر هەڵوەشاندنەوەی یاسای پوول ــ هەتا دەستپێکی شەڕەڕاستەقینەکە، هەرگیز نەبوو بە بابەتێکی بنەمایی سیاسەتی بەریتانیا. بابەتی لە هەمو شتێک گرینگتر و گشتگیرتر و جێی سەرنجی هەمووان، گەمەی دەستەبەندییەکان بوو: بەدەستهێنانی پلەوپۆست، کە ڵکوەرگرتنی لێزانانە لە پەیوەندییەکان، پێکهێنان و تێکدانی ساتوسەودا سیاسییەکان و بە کورتی، خۆ خەریککردنی زۆر زەرووریتر و گەرماوگە رمتر بەوەوە کە ئاخۆ کێ لە قو ولکەکەدایە و کێ لە دەرەوەی قوولکەکەیە. جا چونکە حزبی سیاسیی لەمێژینەی نەبوو زۆر لە سەردەمەکانی پێشوو زیاتر، مانۆری شەخسی، لەسەر پێکهێنانی دەوڵەت دەدرا. لۆردی هۆڵەند، برازاکەی چاڕلز جیمز فاکس (٥) نووسیی:"دەستەبەندیی پەڕلەمانی" کە دوازدە ساڵی یەکەمی پادشایەتیی جۆرجی سێیەمی تووشی پشێوی کردبوو "هەر لە پێناو سامان و دەسەڵاتدا بوو بەڵام ئەوانە زۆر زیاتر لە مەسەلە گەورەکانی ئەو بیروباوەڕ و ڕێبازەی لە شەڕی فەڕەنسا و ئەمریکا کەوتبوونەوە، ئاگری دوژمنایەتی و لاسارییڕاستەقینەی نێوان خەڵکی خۆش کرد."(٦)

دووەمین ئارەزووی بەریتانیا بازرگانی بوو. ساتوسەودا وەک شادەماری گەشە و هەناسەدانی بەریتانیا وابوو. بازرگانی بۆ میللەتێکی دوورگەنشین وەک سامانێکی جیهانی و خاڵی جیاوازی نێوان میللەتە دەوڵەمەند و هەژارەکان بوو. فەلسەفەی ئابووریی ئەو کات (کە دواتر ناوی نرا بازرگانی) ئەوە بوو کە ئەرکی کۆلۆنییەکان لە ساتوسەودای بازرگانیدا ئەوەیە، کەرەستەی خاو و بازاڕ بۆ ڕەنێوهێنەرە بەریتانییەکان ئامادە بکەن و کۆلۆنییەکان نابێ هەرگیز دەوری ڕەنێوهێنەر بگێڕن و ئەو ڕۆڵە داگیر بکەن. پێیان وابوو ئەو پێکەوەژیانە نەگۆڕە. ڕاگواستنی دووسەرە بە کەشتییە ئینگلیسییەکان و

هەناردەی سەرلەنوێی بەرهەمی کۆلۆنییەکان بۆ بازاڕەکانی دەرەوە لە ڕێگەی بەریتانیاوە، تایبەتمەندیی ئەو سیستەمە بوو. نزیکەی سی بڕگە یاسای دەریاوانی، ئەو شتانەی ڕێکدەخست و جڵەوی کارەکەش بە دەستی وەزارەتی بازرگانی ـ واتە ڕێکخراوترین و لێوەشاوەترین باهۆی حکوومەتی بەریتانیا ـ بوو. یاساکانی دەریاوانی، نەیاندەهێشت کۆچەرنشینەکان نەک هیچ بەرهەمێک، تەنانەت بزماری ناڵە ئەسپێکیش هەناردە بکەن، بگرە بۆیان نەبوو لە ماوەی شەڕە بێبڕانەوەکانی بەریتانیا لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەمدا، بەهیچ شێوەیەک بازرگانی لەگەڵ دوژمندا بکەن. لەو ڕووەوە بازرگانەکانی هەرێمی کۆچەرەکان و کەشتییەوانەکان بەردەوام دەستیان دەکرد بە قاچاخچێتی و دەست بەسەرداگرتنی ئەو قایقانەی بێ ئیجازە بوون.ماڵیاتی گومرک نەدەدرا، یان هەر هەموو خۆیانیان لێ دەدزییەوە، وای لێهات داهاتی حەزانی بەریتانیا لەو ڕێگەیەوە، بە زەحمەت لە ساڵێکدا دەگیشتە ١٨٠٠ لیرە. ئینگلیسییەکان پاش ئاشتییەکەی ١٧٦٣ بە هیوای داهات و دەستکەوت بۆ خەزێنە بەتاڵەکان، کەوتنە ڕا و تەگبیر.

هەوڵدان بۆ زیادکردنی داهاتی دەوڵەت لەسەر گیرفانی کۆچەرنشینەکان، وای کرد خەڵک دەنگیان لێ هەستێ و تەنانەت پاش شەڕە حەوت ساڵانەکەش، دروشمەکانی بەرگری هەر نەبڕێنەوە. بەریتانیا بە مەبەستی وەرگرتنی ماڵیاتەکانی سەر گومرک، دەستی کرد بە دەرکردنی (فەرمانەکانی دەستبار *) یان ئیجازەی لێکۆڵینەوەی دەرکرد و ڕێگەی بە کاربەدەستانی گومرک دا، بە شوێن کەلوپەلی قاچاخدا بچنە نێو ماڵ و دووکان و عەمبارەکان. بازرگانەکانی شاری بۆستۆن، کە وەک هەموو شوێنەکانی دیکەی بەری خۆرهەڵاتی ئەمریکا بە ساتوسەودا و بازرگانی و خۆدزینەوە لە دانی ماڵیاتەکانی گومرک دەژیان، لە دادگا ناڕەزایەتیی خۆیانیان لەو "فەرمانانە" دەربڕی.

* دەستبار: ئەو حاڵەتەیە دوو کەس دەست دەخەنە ناو دەستی یەکتر بۆ بەرز کردنەوەی شتێکی قورس. بەتایبەتی فەردەی ئارد و گەنم و شتی وا. دوکەس دەستیان هەلدەپێکا و فەردە ئاردەکەیان دەخستە سەر باسکیان وبەرزیان دەکردەوە. لێرەدا واتە فەرمانەکانی هاوکار ێی دوولایەنە. هێمن دەڵێ:"شەنگەبێری یار و دەستبازی کوڕی کۆچەر نەبێ... "

جیمز ئۆتیس( ٧)ی پارێزەریان، زۆر بەناوبانگ بوو. بەرگرییەکەی ئەو کە "ڕێژنە قسەیەکی زۆر ئازایانە و بێ گرێ بوو"( ٨) لەسەر بنەما و بنچینەکانی ڕێسای ڕەوەندایەتی بوو کە "باڵیات دانان لەسەریان بەبێ نوێنەر، دیکتاتۆرییە".( ١٠) زەنگی مەترسییەکە لەمەودوا بۆ هەموو ئەوانەی چاوکراوە بوون، لێدرا.

ئۆتیس ئەو مادەیەی لە خۆیەوە دەرنەهێنابوو. دیارە بەرپرسان لە بەریتانیا پێیان وابوو ئەو دێهاتیانە هزر و بیری سیاسییان نییە و ناشبێ هەیانبێ، بەڵام ئەو قایمەقامانەی خۆیان لە هەرێمە ڕەوەندییەکان دایاننابوون، زۆر باش ئاگایان لێ بوو کە ئەمریکییەکان چەندە بێزارن لە هەرچەشنە باڵیاتێکی لە دەرەوەڕا بەسەریاندا بسەپێنرێ و چەند ساڵان لەوەوبەر لە ١٧٣٢دا ڕایانگەیاندبوو کە "زۆر ئاسان نییە پەڕلەمان وەهایاسایەک جێبەجێ بکا." ( ١٠) سێر ڕابێرت والپۆل سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا لێی ڕوون بوو: کە پێشنیاریان پێکرد باڵیات بخاتە سەر ئەمریکا، وەڵامی داوە: "نەخێر، ئەوە هەنگاوێکی پڕ مەترسییە بۆ من، ئەو کارە دەخەمە ئەستۆی جێنشینەکانم."(١١) لە ماوەی شەڕی حەوت ساڵانەدا، هەرێمە کۆچەرنشینەکان زۆریان دەست بە پارەوە گرت و لە ناردنی سەرباز و یارمەتیدانی شەڕدا قرنیسییان کرد و لەو داخانە پێشنیار کرا باڵیاتی زیاتریان بخرێتە ئەستۆ، بەڵام هیچ کام پەسند نەکران، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ناوەندیی ئەو کات نەیدەوێرا ڕەوەندە لاسارەکان لەخۆی تووڕە و زویر بکا.

شەش مانگ پاش بەرگرییەکەی ئۆتیس، بەریتانیا لە ڕێگەی دووروودرێژی هەوڵە پڕ زیانەکانی خۆیدا، یەکەم هەنگاوی نا. دادوەری گشتی لە لەندەن بڕیاری دەرکرد:"فەرمانەکانی دەستبار" بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی دەریاوانی دەستوورین. تووڕەبوونی کۆچەرنشینەکان لەو بڕیارە، نرخێکی ئەوەندە قورس بوو کە زۆر زۆر زیاتر بوو لە هەموو ئەو پارەیەی دواتر لە باڵیات و غەرامەکان کۆ کرانەوە.

لەو جەنگەیەدا، گرێبەستی ئاشتیی ١٧٦٣ لەگەڵ فەرەنسا و ئیسپانیا، دووبەرەکیی خستە بەریتانیاوە و ویلیام پیت، پاڵەوانی نیشتمانی و

دەستەبەرکەری سەرکەوتنەکانی بەریتانیا لە شەڕدا، هەلومەرجەکانی ئاشتیی بە خۆبەدەستەوەدان دانا و توند بەرهەڵستی بۆوە. پە ڕلەمانی "عەوام" لە بەردەم ڕێژنەی لۆمە و سەرکۆنە بەناوبانگەکانی ئەودا لەرزی و وەزیرەکان ڕەنگیان بزڕکا. لەگەڵ ئەوەشدا، نوێنەرەکان بە زۆرینەیەکی پێنج هێندەی دژبەرەکان، دەنگیان پەیمانی ئاشتەواییەکە دا. زیاتریش لەبەر ئەوەی دەیانەویست بگەڕێنەوە سەر بودجەکەی سەردەمی پێش شەڕ و ماڵیاتەکانی زەوی و زار کەم بکەنەوە. بەڵام ئەوە هەر خەون و خەیاڵ بوو. لۆرد بیۆت، هەڵبژێراوی جۆرجی سێیەم بۆ جێنشینیی پیت، کە لەوەپێش لە بارەی مەسەلەی شەڕەوە، کەمینەی دەنگ بوو و زۆر لەخۆباییانە دەستی لەکار کێشابۆوە، ئێستا لە بری کەمکردنەوەی ماڵیاتەکان، ماڵیاتێکی ناڕاستەوخۆشی خستە سەر شەڕابی سێو لە بەریتانیا، کە ئەوەش کارەساتی لێ کەوتەوە. ئەو قانوونە، وەک "فەرمانەکانی دەستبار" لە ئەمریکا، ئیجازەی لە پشکێنەرەکان دەدا، سەری شوێنەکان بدەن و تەنانەت لە لای خاوەنی کارخانەکانی شەڕابسازییش بمێننەوە و بزانن چەندە شە ڕاب دروست دەکەن. هاوار و دەنگی ناڕەزایەتی لەو دیکتاتۆرییەی بەریتانیا ئەوەندە بەرز بوو و وای تەشەنە کرد، کە سوپایان ناردە ئەو شوێنانەی باخی سێوی لێیە و پیت لە پە ڕلەمان، وەک بڵێی لە دنیای پێوار(غەیب)ــەوە نیگای بۆ نازڵ بووبێ، قسە بنەمایی و نەمرەکەی خۆی کرد کە:"هەژارترین کەسیش، لە ماڵەکەی خۆیدا دەتوانێ، بەرەنگاری هەموو هێزەکانی دەوڵەتی پادشایەتی ببێتەوە. لەوانەیە خانووەکەی ئەو لەرزۆک و لاواز بێ، سەربانەکەی لەرۆزک بێ، باگێرەوەی نەبێ، تۆفان بیبرێ، باران ڕانەگرێ، بەڵام پادشای بەریتانیا مافی ئەوەی نییە لێی بچێتە ژووررێ و هیچ کەسێک لە هێزەکانی ئەو بۆی نییە و ناوێرێکە بچێتە نێو ئەو کۆخە کاولاشەوە."(١٢)

ئەوە دەنگێک بوو کە دەیتوانی پێشی هەموو هەڵەکان بگرێ، بەڵام حەیف، ئەوەی ئەو قسەیەی کرد، خۆی زۆر خاڵی لاوازی جێی داخی هەبوو.

هیچ کەس ئەو داهاتەی حیساب نەکردبوو کە چاوەڕوان دەکرا لە ماڵیاتی شە ڕاب بەدەست بێ، دیار نەبوو ئەو ماڵیاتە، بەر لەوەی ناڕەزایەتییەکانی

خەڵک حکوومەت بڕووخێنێ، چەندە کەلێنی بوودجە پڕ دەکاتەوە. وەزیری دارایی، سێر فرانسیس دەشڤو ود، کابرایەکی زۆر خۆشگوزەران بوو کە لەو سەروبەندەدا بوو بە پانزەیەمین باروونی لۆ دێسپێنسەر. ئەو کابرایە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی یانە بەدناوەکەی "ئاگری دۆزەخ"، کە لە دێرێکی نۆژەنکراوەدا، کۆڕی ڕابواردن و خراپەکاریی ڕێکدەخست.

ئەو پیاوە سەر ی زۆر لە کاروباری دارایی دەرنەدەچوو:"یەکێک لە هاوچەرخەکانی گوتوویەتی، خوێندەوار یی و حیساب زانینەکەی هەر بەشی ئەوەندەی دەکرد:"بزانێ وەسڵی مەیخانەیەکەی چەندەیە." و ژ ومارەیەکی پێنج ڕەقەمی، "مەتەڵێکی مەحاڵە".( ١٣) بەو حاڵەشەوە ئەو بۆی دەرکەوتبوو کە ماڵیاتی شەڕابی سێو هیچ شانازییەکی بە قسمەت ناکا. دەیگوت:"خەڵک پەنجەم بۆ ڕادەدێرن و دەڵێن: ئەو کابرایە، خراپترین وەزیرێکی داراییە کە هەتا ئێستا دنیا بەخۆیەوە دیتووە."(١٤)

ئەو نەجیبزادە و فەرخە دەرەبەگانەی پۆست و پلەوپایەکانی حکوومەتیان بەدەستەوە گرتبوو دەیانزانی چەندە نەشیاو و ناشارەزان، بە تایبەتی کە تاقە هۆکاری دەسەڵاتدارێتییەکەیان، نازناو و ڕەچەڵەکەکەیان بوو. لە سەدەی هەژدەیەمدا، هەر لە وەرزێرەوە بگرە هەتا دەگاتە پادشا، باوەڕیان بە گرنگی و بایەخی لە ڕادەبەدەری پلەوپایەکانی دەرەبەگایەتی هەبوو. ئاستی ڕۆشنگەرییەکەی ئەودەم، هێشتا نەگەیشتبووە یەکسانیخوازی. خۆ جۆرجی سێیەم زۆر ڕوون و ئاشکرا ئەو بابەتەی درکاند و گوتی:"لۆرت نۆرت بە دڵنیاییەوە پێی وا نییە، کە پیاوێکی ڕەشۆکی وەک جەنابی پەنتۆن دەتوانێ ڕێگە بە کوڕە گەورەی لۆردێک بگرێ، ئەم گومانە ئەگەر ڕاستیش بێ، تەواو دژەدیوی ئەو شتەیە کە من لە هەموو ژیانمدا لێی دڵنیا بووم و بە یەقینم زانیوە."(١٥)

بە گشتی، ڕەچەڵەک و نازناو مەرجی پێویستی وەرگرتنی پلەوپایە بوو بەڵام واش نەبوو متمانەبەخۆبوونیش بەکەسەکە بدات. لە ساڵەکانی دەهەی ٦٠ی سەدەی هەژدەیەمدا، مارکی ڕاکینگهام و دووک گرافتۆن لە سای پلەوپایە و سامانەکەیانەوە بەرپرسیارەتیی بە رزیان پێدرا و دووک ریچمۆند بوو بە

وەزیر. ڕاکینگهام زۆری بەلاوە ئەستەم بوو تەنانەت لە پلەی وەزیری یەکەمدا (ئەگەرچی هەر سەرۆکی وەزیرانە، بەڵام هێشتا وای پێ نەدەگوترا) بە سەرپێوە قسە بکا و گرافتۆن بەردەوام سکاڵای بوو کە دەرەقەت ئەرک و بەرپرسیارەتییەکەی خۆی نایە. دووکی نیوکاسل کە لە دوازدە ویلایەتدا ملْک و ئاوەدانیی هەبوو و هەموو ساڵێک ٤٠٠٠٠ لیرەی لە میراتەکەی خۆی پێ دەبڕدرا و چەند جاریش بوو بە وەزیری یەکەم و چل ساڵی ڕەبەق لە کاروباری سیاسیدا خەڵکی دانا و خەڵکی لێ خست(لادا)، پیاوێکی ترسنۆک و نیگەران و حەسوود بوو و لەوانەیە تاقانە دووکی مێژووش بووە کە هەمیشە و لە هەموو شوێنێک چاوەڕێی ئەوە بوو پشتگوێی بخەن. لۆرت نۆرت کە لە سەرانسەری دەهەی قەیراناویی حەفتادا، زیاتر وەک نارەزایەتی، لە سەرۆکایەتیی حکوومەتدا بوو و خۆی و جۆرجی سێیەمیش هەر سکاڵا و ناڵەیان بوو کە ئەو بەرپرسیارەتیانەیان بۆ جێبەجێ ناکرێ.

ماڵیاتی شەڕابی سێو چەقۆی گەیاندە ئێسقان و لەسەرکارلادانی لۆرد بۆتی بێزراوی لێ کەوتەوە. یەکێک لەو تۆمەتانەی خستیانە ئەستۆی، ئەوە بوو کە بە لایەنگری لە "مافی تایبەتی" پادشایانە، وا تۆرییەکان هەواداری بوون، پادشای بەلارێدا بردووە. ئەو لە ساڵی ١٧٦٣دا، دەستی لە کار کێشاوە و جۆرج گرێنویلی ژن برای پیت، جێی ئەوی گرتەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە ماڵیاتی شەڕابی سێو بە ئاشکرایی شکستی هێنابوو و لە ماوەی دوو ساڵاندا هەڵوەشێنراوە، دەوڵەتی ئینگلیس، دیسان بە مەبەستی زیادکردنی داهات هەر ئەو شێوە ماڵیاتوەرگرتنەی لە ئەمریکا بەکار هێناوە.

جۆرج گرێنویل، ئەو دەمەی لە تەمەنی پەنجاودووساڵیدا پۆستی سەرکۆماریی وەرگرت، پیاوێکی شێلگیر و کۆڵنەدەر و ماندوویینەناس بوو لە نێو کۆمەڵێک خەڵکی بوودەڵە و بۆگەندا، پیاوێکی زۆر ڕاست و دەستپاک بوو لە نێو کۆمەڵە خەڵکێکی بەرتیلخۆر و تەسکبین و لەخۆبایی و بەهەڕوگیڤدا. گرێنویل کابرایەکی زۆر دەستپێوەگر بوو کە بڕیاری دابوو لەسەر داهاتی خۆی بژی و مووچە وەرنەگرێ.

حەزی لە پۆست و پلەی بەرز بوو بەڵام ئەوەندە وردبین و لێزان نەبوو ڕێگەی پۆست و پلەوپایە خۆش بکا. هۆراس والپۆل، نهێنیپارێزی بێوێنە، ئەوی بە "لێوەشاوەترین پیاوی پ ڕاکتیکیی نێو پە ڕلەمان" لەقەڵەم دەدا.( ١٦) گرێنویل لە بەگزادەکان یان میراتگرانی نازناوی بەگزادان نەبوو بەڵام لە سۆنگەی بنەماڵەکەی و پێشینەکەی خۆیەوە، دەچۆوە سەر بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی ویگ، کە پۆست و پایەکانی دەسەڵاتیان پاوان کردبوو. دایکی لە بنەماڵەی تەمپل بوو و ڕیچاردی برا گەورەشی هەر لەو ڕێگەیەوە نازناوی لۆرد تەمپلی بە میرات پێگەیشت. وایکانت کابمی خاڵیشی، خاوەنی ملّکەکەی لە ئەستۆ بوو کە یەکێک بوو لە باشترین ملّکەکانی ناوچەکە. جۆرجە لاوەکە، ڕێوشوێنی باوی پیاوانی بەریتانیای ڕەچاو کرد، لە قوتابخانەی ئایتنەوە چووە کۆلێژی کرایست چۆرچی ئاکسفۆرد، لە "ئەینەر تەمپل" دەرسی یاسای خوێند و لە بیستوسێ ساڵیدا ئیجازەی پارێزەریی وەرگرت، ساڵی ١٧٤١ لە تەمەنی بیستونۆساڵیدا، لە کەوشەنێکی بنەماڵەییەوە چووە نێو پەرلەمانەوە و هەتا مردن ئەم کورسیی نوێنەرایەتییەی پاراست. کە بیری لە وەزارەت کردەوە، شەرتی لەگەڵ خۆی کرد، بەپێچەوانەی نەریتی باو بەپێداگری و هەوڵ و تێکۆشان ئەو پۆستەش دەستەبەر بکا، هەر بۆیە لە سای پشتیوانیی پیتدا، کە مێردی خوشکەکەی بوو لە زۆربەی پۆستە گرنگەکاندا خزمەت و کاری کرد و دیارە ئەویش مەسەلەی ژنهێنانی پشتگوێ نەخست و خوشکی یەکێک لە وەزیرە ئەسڵییەکانی کابینەی "ئێرێل ئێگرێمۆنت"ــ ی هێنا.

ئەمە نموونەی وەزارەت بوو لە بەریتانیا. وەزیرەکان لە ١٧٦٠دا، هەر هەمووان سەر بە دووسەد بنەماڵە بوون کە١٧٤ بنەماڵەیان دەرەبەگ بوون. لە قوتابخانە و زانکۆ یەکتریان دەناسی، لە ڕێگەی زنجیرەی ئامۆزا و خاڵۆزا و پوورزا و میمکەزا و خزمی بەرەی زڕدایک و زڕباب و زڕبرا و زڕخوشکەکانیانەوە دەبوونە خزم، خوشک و کچ و بێوەژنی یەکتریان مارە دەکردەوە و گراوی(مەعشووق)یان لە یەکتر فریو دەدا(کچێکی پەردەنشین بەناوی ئارمستەد، ئەو ئەرکەی بۆ لۆرج جۆرج جەرمین، بۆ دو وک دۆرێستی برازای، بۆ لۆرد داربی، بۆ جێنشینی پادشا و بۆ چارلز جیمز فاکس، گرتە

ئەستۆ و دواجار مێردی بە ئاخرین کەسیان کرد.) ( ١٧) برادەران یەکتریان لە سەر پۆستە جۆراوجۆرەکان دادەنا و پێگە و مووچەیان بۆ یەکتری تەرخان دەکرد. لەو ٢٧ کەسەی لە مەودای سالانی ١٧٦٠ هەتا ١٧٨٠ لە بەریتانیادا پۆستی بەرزیان هەبوو بیست کەسیان چووبوونە قوتابخانەی ئەیتن یان وێست میس ەنتەر و دواتریش کۆلێژی کراستی چۆرچ یان تەرینیتی لە ئۆکسفۆرد، یان کۆلێژی تەرینیتی یان کینگەز لە کەمبریج. "گەشتی مەزن"ــی ئەورووپا لە قۆناغی دواتردا بۆ زۆربەی ئەوان بوو. لەو 27 کەسە، دوو کەسیان دووک، دوو کەسیان مارکی، دووانیان ئێرڕێل، یەکیان لۆردی سکۆتلەندی و یەکیان لۆردی ئیرلەندی و شەشیان مندالی هەرەبچووکی لۆردەکان تەنیا پێنج کەسیان خەلکی ئاسایی بوون، کە یەکێکیان پیت، سیاسەتوانە ناودارەکەی ئەو کات بوو و سێ کەسەکەی دیکەش لە سۆنگەی خوێندنی یاساوە، گەیشتبوونە سەرۆکی دادوەریی گشتیی. یاسا تاقە بواری پسپۆڕیی گونجاوی مێرمندالانی ئاغا و دەرەبەگ و فەرخەئاغا ئاساییەکان بوو و پەیژەی سەرکەوتنی ئەو کەسانەش بوو کە بەرزەفڕ بوون (چوونە نێو سوپا و کلێسا، پەروەردە و ڕاهێنانی نەدەویست.)

دەولەمەند و دەرەبەگ و خاوەن ملکە دەستڕۆیشتووەکان لە سای مالیات و کانگا و سەرچاوەکانی زەوی و زارەکەی خۆیان، سالانە ١٥٠٠٠ لیرە یان لەوەش پتر داهاتیان هەبوو. خانووی گەورە و ژیانی خواپێداوانە و کێلگە و ئێسترمەخان و شوێنی ڕاهێنان و بەخێوکردنی سەگ و پارک و باخی لەژمارنەهاتوویان هەبوو. ئەوەندەیان میوان دەبوو لە ژ ومار نەدەهاتن و لەشکرێک نۆکەر و خزمەتکار و مەیتەر و ڕاوچی و باخەوان و وەرزێر و پیشەکاریان دامەزراندبوو. مارکیی ڕاکینگهام، دەولەمەندترین دەسەلاتدارەکەی ئەو سەردەمە، جگە لە دووکەکان، هەر لە زەوییەکانی خۆی لە یۆرکشێر و نۆرتمپتۆنشێر و ئەیرلەند، هەموو سالێک نزیکەی ٢٠٠٠٠ لیرەی داهات هەبوو. لە یەکێک لە گەورەترین خانووەکانی بەریتانیادا دەژیا، ژنێکی دەولەمەندیشی هێنا، سێ هەرێمی هەلبژاردنی پەڕلەمانی و ٢٣ ئیشی نووسینگەیی و پێنج پلەی کلێسایی لە کەوشەنی دەسەلاتەکەی خۆیدا هەبوو و بەم و بەوی دەفرۆشتن و

لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتداری سەربازیی وۆست ڕایدینگ لە یۆرکشێر و خودی شاری یۆرکیش بوو.

باشە ئەوانەی ماڵ و سامان و ئیمتیاز و ملّکی گەورەگەورەیان هەبوو بۆچی دەهاتنە نێو دەسەڵاتەوە؟ تا ڕادەیەک لەبەر ئەوەی حکوومەتیان بە کەوشەنی خۆیان و بەرپرسیارەتیی خۆیان دەزانی. ئەو پەندەی "گەورەیی، بەرپرسیارەتییە" بنج و بناوانەکەی لە ئەرکە فی ۆداڵییەکاندا بوو کە لەپێشدا ئەرکی خزمەت لە ئەنجوومەنی پادشایەتیی دەخستە ئەستۆی دەرەبەگ و خواپێداوەکان. دیارە ئەوانە هەر لە کۆنەوە وەک ئاغا و دەستپاکی ئاشتی، فەرمانڕەوایەتییان بەسەر ئەو ویلایەتانەدا کردبوو کە لەبەردەستیاندا بوون. دەوڵەتدارێتی، ناو و نازناوی خۆجێیی بەدووی خۆیدا دێنا و بە پیشەی نەجیمزادەیی و ئەرکی دەرەبەگە خاوەن زەوییەکان لە قەڵەم دەدرا. لە هەڵبژاردنەکەی ١٧٦١ـدا بیستوسێ کوڕی گەورەی دەوڵەمەندەکان، پاش ئەوەی گەیشتنە تەمەنی یاسایی بیستویەکساڵی، لە یەکەم دەرفەتدا چوونە نێو پەڕلەمانەوە و دووانیان نەبێ، ئەوانی دیکە هەموو تەمەنیان لە بیست - وشەش ساڵ کەمتر بوو.(١٨)

جگە لەوەش، پۆستە باڵاکان ئامرازێک بوون بۆ یارمەتیدانی خزم و کەسەکانیان. لەبەر ئەوەی ملّکەکان بەناوی کوڕە گەورەوە بوون، سەروەت و سامانی شەخسی دەگمەن وابوو بگاتە ئاستێک کە کوڕەکانی دیکەیان(ئەوانی کەم تەمەنتر) و برازا و خوشکەزا و ئامۆزا و خاڵۆزا و پوورزا و میمکەزا هەژار و دەستکورتەکان و خزمەتکارەکان شتێکیان پێ ببڕدرێ. پێگەکە زۆر پێویست بوو. لەبەر ئەوەی ئەم نانخۆرانەیش ڕێگەیەکی دیکەیان نەبوو پێی بژیێن. دەوڵەمەند و دەرەبەگان جگە لە خوێندنی یاسا، فێری هیچ پیشەیەکی دیکە نەدەکران. وەزیرەکان بە دڵدانەوە و خزمایەتیی دەربار ىى، خزمەکانی خۆیانیان ڕادەگرت. مووچەوەرگرە بێکارەکان (بندیوار)، کە هیچ کەس نەیدەزانی کاریان چییە، ئەوەندە زۆر بوون، لە ژومار نەدەهاتن. سێر ڕابێرت والپۆل، وەزیرە بەدەسەڵاتەکەی پادشای پێشوو گەلێ ئیشی وەک بەرپرسی گۆڕینەوەی دراوەکان و کاربەدەست ىى چاودێری گۆڕینەوەی دراوەکان و

بەرپرسی تۆمارەکانی بەسەر سێ کوڕەکەی خۆی و هۆرسدا دابەش کرد. لەگەڵ ئەوەدا، دوو کوڕی، پێکەوە گومرکەکانیان وەردەگرت. جۆرج سیڵڤین، پیاوێکی ژنان ێێ و مێباز و تەڕپۆش بوو کە زۆر سەیر حەزی لێ بوو لە ڕێوڕەسمی ئیعدام و لەسێدارەداندا لەبە رچاوی خەڵک بەشدار بێ، کرا بە مودیری نووسینگەی دادگای باربادۆس و ماوەیەک لەوێدا خزمەتی کرد بەبێ ئەوەی تەنانەت بۆ تاقە یەک جاریش پێی مبارەکی بنێتە سەر ئەو دوورگەیەی کارەکەی لەوێ بوو. (١٩) یەکێک لە هۆکارەکانی کەمبوونی داهاتی گومروکی ئەمریکا ئەوە بوو ئەو پیاوانەی دانرابوون وەریگرن، زۆربەیان لە ماڵەکانی خۆیاندا پاڵیان دەداوە و ئەرکەکانی خۆیانیان بە جێنشینە بەرتیلخۆرەکانیان دەسپارد کە مووچەشیان کەم بوو.

س ێحری پۆست و دەسەڵات، چ لەسەردەمی هەژاری و چ لە سەردەمی خۆشبژێوی و دەوڵەمەندیدا و لە هەموو سەردەماندا، زۆر لە سۆز و دڵنەوایی زیاتر بنیادەمەکانی گرتووە. ئێرێل شێلبرێن، یەکێک لە وەزیرەکانی ئەودەم کە تۆزێک زیرەک بوو زۆر بەبێ پەردە ئەو قسەیەی کرد:"من لەبەر سوود و قازانج نییە، کە پۆست و پلەم خۆش دەوێ، بەڵکو لەبەر ئەوڕۆڵ و ئەرکەیە وا شیاوی خۆمە و لەتوانام دایە."( ٢٠) دەرەبەگەکانی سەدەی هەژدەی بەریتانیا وەک خەڵکەکەی دیکە، دەکەوتنە بەر ئەو س ێحرەوە. تەنانەت دووکەکەی نیوکاسڵیش کە زۆر لە پۆست و پلە دەترسا، وەک هۆراس والپۆل دەڵێ، لە سای "کەفوکوڵ و جۆشوخرۆشەکەی بۆ دەسەڵاتدارێتی لە ڕیزی یەکەمدا" (٢١) بەسەر هەمواندا سەر کەوتن. ئەوانە لە گەنجیدا بەدەسەڵات دەگەیشتن، هەر بۆیە زۆر بە دەگمەن پەروەردە کرابوون یان ئامادەی کارکردن بوون، هەر تووشی تەنگژە و قۆرتێک بوایەن، تەواو بێزار دەبوون و لە نیوەی ساڵێدا پەنایان دەبردە بەر جوانی و دڵگریی خانووەکانی دەرەوەی شاریان و ئێسترمەخانەکانیان و تەقڵەوجلیتان، بۆ ڕاوگە و گەڕان لە نێو باخەکانیاندا. ئەوانیش وەک هەموو تاقم و دەستەیەکی دیکە، خولق و خوویەکی تایبەت بەخۆیانیان هەبوو: هەندێکیان ئەرکوەخۆگر بوون، هەندێکیان کەمتەرخەم بوون و هەندێ ئازادبیر و هەندێکیان کۆنەپەرست بوون و هەندێکیش بە قومار و

مەیخواردنەوە تێدا چووبوون، هەندێکیان بەمشوورتر و بەتواناتر و لەوانی دیکە خوێندەوارتر بوون. بەڵام لەسەر یەک پیشەییانە لەگەڵ حکوومەتدا نەدەجووڵانەوە. پیشەی حوکمڕانیی لە ڕاستیدا هەر نەبوو دەسەڵاتدارانیش ئەگەر بیریان لێ کردباوە، هەر لەوانەبوو زەندەقیان بچێ. خۆشڕابواردنی بەکۆمەڵ لە سەرووی هەموو شتێکەوە بوو جا ئەگەر تۆزە کاتێکیش مابایەوە، ئەوە بۆ کاروباری حکوومی تەرخان دەکرا. کۆبوونەوەکانی "ئەنجوومەنی وەزیران" زۆربەی جاران ناڕێک و بێ بەرنامە بوو و زۆربەی جار لەماڵەکەی وەزیری یەکەم لە لەندەن و لەسەر سفرەی نانی شەوێ دەبەسترا. هەستی بەرپرسیارەتی لاواز بوو لۆرد شێلبێرن، کە لە بەرپرسیارەتیدا بەتین و گوڕ بوو ڕۆژێکیان پرێسکەی دڵی خۆی بۆ هاوکارێکی کردبۆوە و دەیگوت، خوا بزانێ چەندە تووڕەم لەوەی لۆرد کەمدێن و دووک گرافتۆن تەنیا بۆ ئەوە دێنە لەندەن "هەتا بە بۆچوونە بێسەروبەرەکانی خۆیان، دەنگی کابینەکە بەرنەوە."(٢٢)

لەو سەردەمەدا کە هەموو حەز و خولیای خواپێداوان، قومارکردن بوو و خانمەکان کۆڕوکۆبوونەوەی کۆنکانیان لە ماڵەکانی خۆیانداڕێک دەخست و لە ڕۆژنامەکاندا بانگەشەیان بۆ دەکرد (٢٣) و پیاوان هەتا بەرەبەیان لە یانەکەی برۆکزدا دادەنیشتن و پارەیەکی کەڵانیان لەسەر سووڕانی وەرەقێک یان شەرت و گرێوی بێ جێی وەک ـــ "سبەی دەبارێ یان نابارێ" یان حەفتەی داهاتووی کێ گۆرانیبێژی ئۆپێرا دەبێ ـ دەبردەوە یان دەیاندۆڕاند و ماڵ و سامانەکان لەکیس دەچوون و قەرزباری شتێکی ئاسایی بوو ئەو جۆرە کەسانە لە سەر تەختی وەزارەت چۆن خۆیان لەگەڵ ژ ومارە بێبەزەییەکانی بوودجە و ئاستی ماڵیات و قەرزە نیشتمانییەکانڕێک دەخست؟

ژیانی دەرەبەگایەتی، بەستێنی پەروەردەی واقیعبینانەی لە حکوومەتدا دروست نەدەکرد. ئەوانە لە ماڵەوە هەر لێویان بزواندبا یان سەرێکیان لەقاندبا، خزمەتکار پێداویستییەکانیان بۆ جێبەجێ و دابین دەکردن. بە ئەمری کیپابیلیتی بڕاون (٢٤) یان وەستاکانی دیکەی دروستکردنی گۆڕەپان و کرێکاران، زەوییە ڕێکەکانیان بەرز و نەوی دەکرد، دەریاچە و دوورەدیمەن و باخ و بێستانیان

دروست دەکرد. لە دەریاچەوە هەتا بەردەرکی ماڵیان شینکە و چیمەنی پێچاوپێچیان دەچاند. ئەگەر گوندی ئۆستۆ ئەو دوورەدیمەنەی تێک دابا، وا گەلاڵەدارێژەرەکە دەیویست، هەموو خەڵکەکەیان دەبرد ە نێو ئەو خانووە تازانەی دوو مایل لەولاترەوە دروست کرابوون و گوندەکەیان تەخت دەکرد. جێیەکەیان دەکێڵا و داریان لێ دەچەقاند. (٢٥) لۆرد جۆرج جێرمین، وەزیری بەرپرسی عەمەلیاتی سەربازی لە شۆڕشی ئەمریکادا، لە بنەماڵەی سەکویلدا لەدایک بوو و لە نۆول لە ملکی بنەماڵەکەی خۆیدا گەورە بوو کە حەوت حەوشەی هەبوو و کۆمەڵێک سەربان کە هەرکام لەویتر بەرزتر و نەویتر بوون و ئەوەندە پان و بەرین بوو لە دوورەوە لە شارێک دەچوو. ئەودەمی وا ئەو مندال بوو باوکی لە کردەوەیەکی دەستبلاوانەدا ٢٠٠ نەمامی هەرمێ و ٢٠٠ سێوی ترش و ٥٠٠ راج و ٧٠٠ فندوقی ناشت و ١٠٠٠ ڕاجی دیکە و ٢٠٠٠ سنۆبەریشی لە پارکەکەدا پێکەوە چەقاند بۆ ئەوەی خەڵک چێشتخانەکەی نەبینن.

خۆ ئەوە نەبوو هەر حەزیان لە خۆشڕابواردن لە دەرەوە یان نێو یانەکاندا بێ. پەروەردەی دواناوەندی و زانکۆ، خەڵکێکی فێری زمان و ئەدەبی کلاسیکی لاتین و هەندێکیش زمانی یۆنانی دەکرد و "گەشتی مەزن" لە وشکارۆی ئەفریقادا، تۆزێک لەگەڵ هونەرەکانیشدا دەیکردنە دۆست، کە لە سای ئەوەوە، دەستیان کرد بە کڕین و بەدیاری هێنانەوەی تابلۆی نەقاشییەکان و کڕینی (کۆپیکراوی) پەیکەرە ناودارەکانی یۆنان و ڕۆما. "گەشتی مەزن" زۆربەی جاران ڕۆماشی دەگرتەوە، ئەو شارەی لە ڕواڵەتدا لە سەردەمی پاپاکانی ڕێنسانسەوە گۆڕانێکی وای بەسەردا نەهاتبوو. یەکێک لەو ئینگلیزییانەی چووبوو دەنووسێ، حکوومەتەکەی ئەوێ "خراپترین جۆری حکوومەتە. خەڵکەکەی، یەک لەسەر چواری قەشەیە، یەک لەسەر چواری پەیکەرە، یەک لەسەر چواری خەڵکیش بێکارن." (٢٧)

دەسەڵاتدارەکانی بەریتانیا، ئەگەر ویستبایان، دەیانتوانی لە دەرەوەی چینەکەی خۆیان، ڕووناکبیرە لێزانەکان بکەنە ڕاوێژکاری خۆیان. ڕاکینگهام کە پاش لەسەرکارلاچوونی گرێنویل بە زۆروزۆرداری بوو بە سەرۆکوەزیر،

لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەی باش شارەزای ئەو کەمایەسیانە بوو ئەقڵی هاتە بەر و مافناسێکە گەنج و زیرەکە ئیرلەندییەکە واتە ئێدمۆند برێکی کردە سکرتێری تایبەتی خۆی. لۆرد شێلبێرن، زانا ناودارەکە واتە جۆزف پریستلیی کردە کتێبدار و ڕاوێژکاری ئەدەبیی خۆی و خانووی بۆ دابین کرد و مووچەیەکی ساڵانەشی تا مردن بۆ بڕییەوە. ژەنڕاڵ هێنڕی سیمۆر کانوێی، وەزیری شەڕ و فەرماندەی داهاتووی هەموو هێزەچەکدارەکان، فەیلەسووفی ناودار دەیڤید هیومی کردە جێگری کارگێڕیی خۆی و لەسەر داوای هیوم مووچەیەکی ساڵانەی بە بڕی سەد لیرەی بۆ ژان ژا ک ڕۆسۆ بڕییەوە کە ئەو کات لە بەریتانیا دەژیا. کانو ێی، بۆخۆیشی جاروبارە دەستی بۆ قەڵەم دەبرد و شانۆنامەیەکی کۆمێدیی لە ڕووی فەڕەنساوە نووسییەوە کە لە شانۆخانەکەی "درۆری لین" نمایش کرا. ئێرل دارتمێت، وەزیری کابینەی لۆرد نۆرتی زڕبرای، پشتیوانی سەرەکیی قوتابخانەی "ئەلیزار ویلاک" بۆ سوورپێستەکان بوو کە دواتر بوو بە کۆلێژی دارتمێت. هەژدە شێوەکار، یەک لەوان ڕامنی، تابلۆی ئەویان کێشاوە. دراتمێت هاندەری وەفاداری ویلیام کاوپری شاعیریش بوو و مووچە و خانوویەکی ئارامی بۆ دابین کرد، کە هەر کاتێک شەپۆلی شێتی هورووژمی بۆ دێنا، دەبوو بە پەناگەی شاعیرەکە. (٢٨)

توێژی باڵای چینی دەسەڵاتداری بەریتانیا، سەرەڕای هەموو خولیا و لێوەشاوەییەکەی، لەو قۆناغەدا زۆر بە دەگمەن مێشکی داهێنەری لێ کەوتەوە. دکتۆر جانسن گوتی، کەسی وا ناناسم :"زۆر لە ئاستە باوەکە پتر پێشکەوتبێ، جگە لە دوو کەس(٢٩) یەکیان ویلیام پیت و ئەوی دیکەیش ئێدمۆند برێک، کە هیچ کامیان تەواو سەر بە چینی سەرەوە نەبوون. پیت لە یەکێک لە قسەکانی خۆیدا، ئاماژەی بە هۆکارێکی بێ ئەملاوئەولا "زەینی " کرد و گوتی: بە دەگمەن تووشی کوڕێژگەیەک بووم کە "لە ئەیتن، بۆ هەتا هەتایە تۆسی وەبەر نەنرابێ". (٣٠) پیت نەیدەهێشت مناڵەکانی خۆی لە ماڵەوە بێنە دەرێ و تایبەت پەروەردەی کردن. ویلیام مۆرێی ــ ئێرل مەنسفیلد ــی مافناسە سکۆتلەندییەکە، کە دواتر بوو بە دادئەستێنی گشتی و سەرۆکی دیوانی دادوەری، زۆر باشتر لە گیانی سەردەم تێگەیشتبوو. ئەو بەبێ سەرکەوتنێکی زۆریش، خولێکی

مێژوو و ڕەوانبێژی و ئەدەبیاتی کلاسیکی بۆ برازاکەی خۆی مارکی داهاتووی ڕاکینگهام کردەوە و ئەو دەمەی کوڕە بوو بە بیست ساڵان، بۆی نووسی:"هیچ شتێک ئەوەندە دڵم خۆش ناکا، کە دەبینم گەنجێکی لە تەمەنی تۆدا، لە نێو ئەو هەمووە کەرەستە و ئامرازەی گەمژەیی لەبەردەمی داناوە، وێراویەتی ئەقڵانی بێت و لە کاتی نارەزایەتیشدا بیر بکاتەوە."( ٣١) ئەوە بارودۆخی ١٧٦٠ ــ ١٧٨٠ بوو ئازایەتیی ئەقڵانییەت و بیرکردنەوە تایبەتمەندیی بەرزی ئەو سەردەم نەبوو. بەڵام لە کام قۆناغدا هەبووە؟

ئەو پادشا گەنجەی وا ئەو خەڵکەی لەبندەستیدا بوو لەو سەروبەندەدا زۆری لایەنگر نەبوو. جۆرجی سێیەم کە لە ١٧٦٠ لە تەمەنی بیستویەک ساڵیدا هاتە سەر تەختی دەسەڵات، هۆراس والپۆل وەک پیاوێکی کەڵەگەت و بە باق و بریق و گرانوسەنگین و" ڕووخۆش" پەسن و تاریفی کرد، بەڵام بەداخەوە ڕووخۆشییەکەی هەموو درۆ بوو. جۆرج لە دوازدە ساڵیدا، بێ باوک کەوتەوە و لە ژینگەیەکی نوقمی نەفرەت و دوژمنایەتیدا لە نێوان باپیرەی واتە جۆرجی دووەم (پادشای بەریتانیا) و فریدریکی باوکیدا(جێنشینی پادشای ئەو وڵاتە) گەورە بوو. قین و بوغزی باوک و کوڕایەتی لە نێو بنەماڵەی پادشایەتییەکاندا هەر هەبووە، بەڵام لەوەیاندا گەیشتە لووتکە و جۆرجە گەنجەکەی لە هەموو ئەوانەی وا لە خزمەت باپیرەیدا بوون، خستەگومانەوەتا وای لێهات، دڵنیابوو لەوەی ئەو جیهانەش چەپەڵە کە ئەو بووەتە فەرمانڕەواکەی و ئەرکی چاککردنی ئەخلاقەکەی کەوتووەتە ئەستۆی ئەو. جۆرج لە نێو بازنەی تەسکی بنەماڵەییدا لە کۆشکەکەی لێستر، بەبێ ئەوەی هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ دنیای دەرەوە بێ، بە نوقسان ی پەروەردە کرا و پیاوێکی کەللەڕەق و بەرتەسک و خەمبار و لەخۆبەگومانی لێ دەرهات. لۆرد واڵ دگریوی ڕاهێنەری، گوتی، ئەو حەزی لێیە بخزێتە قوژبنی ژووری کتێبخوێندنەوەکەی و "چێژێکی مالیخولیایی لە لاسارییەکەی خۆی وەرگرێ." بە دەگمەن کاری خراپ دەکا، "مەگەر ئەودەمانەی دروست و نادروستی لێ تێک بچێ" و لەو کاتانەشدا "ئەستەمە بتوانی بیخەیتە سەر ڕێگەی ڕاست، لەبەر

ئەوەی لە ڕادەبەدەر تەمبەڵە و کە یەکێکی خۆش ویست، تەواو خۆشی دەوێ و کە ڕقیشی لەیەکێک هەڵگرت، غەزەبی لێ دەگرێت." (٣١)

قین و خۆشەویستیی لە ڕادەبەدەر، لە زەینێکی شێواودا، بۆ حکوومەت زۆر مەترسیدارە و لە پۆستە دەسەڵاتدارەکاندا مەترسیدارترە. جۆرج لە ئینشایەکی سەردەمی منداڵیی خۆیدا، ئاوا باسی پادشا ئا ڵفرێدی کردبوو ئەو دەمەی ئاڵفرێد لەسەر تەختی پادشایەتی دانیشت :"لە نێو دەسەڵاتدارەکاندا تاقە یەک کەسیش نەبوو بۆ پۆست و پلەکەی خۆی نەشیاو نەبێ و هەر هەموویان لەسەر یەک لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا گەندەڵ بوون." ئاڵفرێد ئەوانەی لادا کە چاک نەدەبوون، ئەوانی دیکەی چاک کرد و بە یارمەتیی خودای مەزن کە "دەهۆ و پیلانی لووتبەرزان و پۆست پەرستان و دەغەڵکارەکان پووچەڵ دەکاتەوە، سەروەریی و شانازییەکانی وڵاتی پتر کرد."( ٣٣) بۆچوونەکەی جۆرج لە بارەی وەزیرەکانی خۆی و بەرنامەکانیشیانەوە بەو جۆرە بوو کە، دەبێ سیستەمەکە پاکسازی بکا، حکوومەتی چاک ـ حکوومەتەکەی خۆی ـ بێنێتەوە و ئەمری دایکی بەجێ بێنێ کە گوتی: "جۆرج، پاشا بە." لەو سەردەمەدا پیاوانی ویگ، لە ڕێگەی بەخشینی پۆست و پلەکانەوە و بە مافی دامەزراندن و لەسەرکارلادانەوە، زۆر ئاسوودە و بێخەم حکوومەتیان دەکرد، بەڵام کە دیتیان جۆرجی سێیەم هەر لە یەکەم ڕۆژی پادشایەتییەکەیەوە خەریکە لەسەر کار لایان دەبا، زۆربەیان دیارە پێیان وابوو ئەو دەیەوێ پادشایەتیی موتڵەق بنیات بنێتەوە، کە لە سەدەکەی پێشوودا بە نرخێکی زۆر گران بەچۆکدا هێنرابوو.

جۆرج پێویستی بە کەسێک بوو کە لە زەینیدا جێی باوک بگرێتەوە، بۆیە بە پەسنێکی شێتانەوە کە دیار بوو بێهیواییشی لێ دەکەوێتەوە و ـ لێشی کەوتەوە ـ هۆگری ئێرل بیوت بوو. لەوەودوا هەتا ئەو دەمەی توانیی کابرایەکی هێدی و هێمن و بێ کێشەی وەک لۆرد نۆرت بدۆزێتەوە، یان زۆر لە وەزیرە یەکەمەکانی خۆی ناڕازی بوو یان زۆر زۆر هۆگریان بوو. جا لەبەر ئەوەی تا ڕادەیەک دەستی بۆ دانان و لابردنی وەزیرەکان ئاوەڵا بوو ئەو هەڵکشان و داکشانانە دەوڵەتیان لەرزۆک دەکرد. پیت لە بازنەی

داروده‌سته‌كه‌ی جێنشین (باوكی جۆرج) هاتبووه‌ ده‌رێ و خزمه‌تی جۆرجی دووه‌می كردبوو هه‌ر بۆیه‌ جۆرجی سێیه‌م ناوی نابوو "دڵ ڕه‌شترین كه‌س" و "ماری به‌ ڕاستی خۆش خه‌ت و خاڵ" و سوێندی لێ خواردبوو كه‌ وه‌زیره‌ سپڵه‌كانی دیكه‌ش "له‌ سه‌ر ئه‌و سپڵه‌ییه‌یان سزا بدا." (٣٤)

جۆرج جاری وابوو لای بیوت ده‌یدركاند، كه‌ زۆر وه‌ڕه‌زه‌ له‌وه‌ی متمانه‌ی به‌خۆی نییه‌ و ناتوانێ بڕیار بدات. به‌ڵام هه‌ر له‌و حاڵه‌دا دڵنیا بوو له‌وه‌ی ئه‌و ڕاسته‌ و له‌سه‌ر بنه‌مای ئه‌و گریمانه‌ بنه‌ماییه‌ی كه‌ جگه‌ له‌ چاكه‌ و خێر هیچ شتێكی دیكه‌ی ناوێ، ئیتر كێ له‌گه‌ڵی هاوڕا نه‌بوایه‌، ده‌یگوت ئه‌وه‌ سووك و بێ ئابڕووه‌. به‌و جۆره‌ ئه‌و فه‌رمانڕه‌وایه‌ك نه‌بوو كه‌ له‌ ده‌ردی هه‌رێمه‌ كۆچه‌رنشینه‌ سه‌ربزێوه‌كان تێ بگا، یان هه‌وڵ بدا لێیان تێ بگا.

یه‌كێك له‌ خاڵه‌ لاوازه‌كانی حكوومه‌تی به‌ریتانیا، نه‌بوونی یه‌كپارچه‌یی(یه‌كده‌نگی) یان چه‌مكی به‌رپرسیاره‌تیی گشتی بوو. یه‌ك به‌ یه‌ك وه‌زیره‌كان شا دایده‌نان و هه‌ر كامێكیش ده‌بێ ئه‌وه‌ی ڕاوێژ به‌ هاوكاره‌كانیان بكه‌ن، سیاسه‌تی خۆیانیان به‌ڕێوه‌ ده‌برد. حكوومه‌تی پادشا ده‌سنیشانی ده‌كرد و پۆست و پایه‌ په‌رسته‌كان ده‌بوو به‌شوێن به‌خشین و به‌زه‌یی پادشایانه‌دا بگه‌ڕێن یان له‌گه‌ڵ پادشادا هه‌وڵ و تێكۆشانی هاوبه‌شیان هه‌بێ و ئه‌و كاره‌ش له‌ سه‌رده‌می جۆرجی سێیه‌مدا زۆر ئه‌سته‌مه‌تر بوو له‌چاو سه‌رده‌می یه‌كه‌می هانۆڤریانــه‌ ( ٣٥) كه‌لله‌ڕه‌قه‌ بیانیزاده‌كه‌. پادشا تا ڕاده‌یه‌ك سه‌رۆكی ده‌زگای جێبه‌جێكه‌ر بوو و مافی هه‌ڵبژاردنی وه‌زیره‌كانی هه‌بوو به‌ڵام نه‌ك هه‌ر له‌سه‌ر بنه‌مای حه‌ز و خۆشه‌ویستیی پادشایانه‌. وه‌زیری یه‌كه‌م و هاوكاره‌كانی ده‌بوو ده‌نگ و پشتیوانیی ده‌نگده‌رانیان له‌پشت بوایه‌، واته‌ سه‌ره‌ڕای نه‌بوونی حیزبی سیاسی، له‌ په‌ ڕله‌مان زۆرینه‌یان ده‌بوو و بۆ په‌سندكردن و جێبه‌جێكردنی سیاسه‌ته‌كانی خۆیان پشتیان به‌ په‌ ڕله‌مان ده‌به‌ست. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا، كه‌ زۆرینه‌ش دابین ده‌بوو كرده‌وه‌ی ڕاڕایی و وازوازیی جۆرجی سێیه‌م له‌ ده‌ ساڵی یه‌كه‌می پادشایه‌تییه‌كه‌یدا ــ واته‌ له‌و ساڵانه‌دا كه‌ مشتومڕ له‌گه‌ڵ ئه‌مریكا ده‌ستی پێكرد ــ له‌ قووڵایی مافی هه‌ڵبژاردنی وه‌زیره‌كانه‌وه‌، ته‌واو سه‌ری له‌ ده‌وڵه‌ت ده‌شێواند و به‌ بنبه‌ستی ده‌گه‌یاند و ئه‌وجار له‌ كێشمه‌كێشی تاقم و

دەستەکاندا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات وڕاکێشانی سەرنجی پادشاییش قین و بوغز و ڕقی کەسەکانی لێ دەکەوتەوە.

کابینەی دەوڵەت لە گەڕیان و بەردەوام لەحاڵی گۆڕان و جێ پڕکردنەوەدا بوو و بەبێ ئەوەی سیاسەتێکی دیاریکراوی هەبێ. هەر وا سووک و ئاسان سەرۆکەکەیان ناونابوو وەزیری یەکەم. ملبادان و قەبووڵنەکردنی دەستەواژەی "سەرۆکی وەزیران" کە گرێنویل بە "بێزراو"ی دەزانی، میراتی پادشایەتیی بیست ساڵەی سێر ڕابێرت والپۆل بوو و ترس لەوەی کە دیسان دەسەڵات بە دەست یەک کەسەوە پاوان بکرێ. لە هەر شوێنێک پێویست بوایە، لۆردی یەکەمی خەزێنەداری ئەرکەکانی سەرۆک وەزیری ڕادەپەڕاند. کابینەی جێبەجێکەر، جگە لە لۆردی یەکەم، لە پێنج یان شەش کەس پێکهاتبوو وەک دوو وەزیری باڵا بۆ کاروباری ناوخۆ و دەرەوەی وڵات ــ کە دیار نییە ناویان نابوون چی وەزارەتی باکووری و وەزارەتی باشووری ــ سەرۆکی دیوانی باڵای دادوەری و سەرۆکی ئەنجومەن، واتە ئەنجومەنی ڕاوێژکارانی پادشایەتی، لە گرووپێکی گەورەی جێگری وەز ارەتخانەکان و وەزیرەکانی پێشوو و مەزنانی وڵات پێکهاتبوو. لۆردی یەکەمی دەریاوانی نوێنەری لقە گشتییەکەی هێزە چەکدارەکان بوو و جاروبارە نەک بەردەوام، بەشداری گرووپی لێزانی کابینە دەبوو. وەزیری جەنگ سوپای بەڕێوە دەبرد، کە ئەندامی کابینە نەبوو و خەزێنەدارێکی گشتی چاودێری پارەدان و وەرگرتن بوو و پڕدەسکەوتترین کاری حکوومیی هەبوو.

سوپا هەرچۆنێک بێ لە ئەنجوومەنەکانی سیاسەتدارشتندا نوێنەری نەبوو. هەتا ١٧٦٨، هیچ وەزارەتخانەیەک تایبەت بۆ کاروباری هەرێمە ڕەوەند نشینەکان یان جێبەجێکردنی یاسا و ڕێساکانی پەیوەندیدار بەوان تەرخان نەکرابوو. بە کردەوە، وەزارەتی بازرگانی و کۆچەرەکان، کاروباری ڕەوەندنشینەکانیان جێبەجێ دەکرد و ئەو هێزە دەریاییەی پێوەندیی لەگەڵ ئەوپەڕی زەریاکان هەبوو سیاسەتەکانی جێبەجێ دەکرد.

ئەرکی ڕۆژانەی حکوومەتیش، لۆردە بچووکەکان و جێگری وەزارەتخانەکان و کاربەدەستە پایەبەرزەکانی گومرک و ناوەندەکانی دیکە ڕایاندەپەڕاند و

گەلاڵە پەرلەمانییەکانیان پێشکەش و پێشنووس دەکردەوە. ئەو کاربەدەستانەی دیوان، بە ڕاسپاردە و پێوەندی (عیلاقات) هەتا ئاستی کارمەندە پلەنزمەکانی نووسینگەکان و قایمقامی ڕەوەندنشینەکان و فەرمانبەری ئەوان و کاربەدەستی دەریاوانی لەوێ دادەمەزرێنران. پەیوەندی (عیلاقات) هۆکاری
پێکەوەبەستنەوەی چینی دەسەڵاتدار و کلیلی ڕەمزی زەمان بوو و بە گشتی زیانیشی بە بەڕێوەبەری و کارگێڕی دەگەیاند. هەندێکیان لەوە تێگەیشتبوون: وەختێک دووکی نیۆکاسل داوایکرد لە دەریاوان جۆرج ئەنسۆن ــ کە پاش سەفەرە دەریاییە بەناوبانگەکەی بە دەوری جیهاندا بوو بە لۆردی یەکەم ــ کە یەکێک لەو نوێنەرانەی لە پەرلەمانە ئاساییەکەدا هیچ سە ڵاحییەتێکی نییە لای خۆی دامەزرێنێ، بۆ ئەوەی نەکا دەنگ بە دژبەرەکانیان بدا، بەبێ هیچ ڕووبینییەک جۆرج وەڵامی دا یەوە کە ئەو کارە زیان بە هێزی دەریایی دەگەیەنێ. وەڵامەکەی دەریاوان ئەوە بوو کە "دەبێ داوا لە جەنابی ئەشرەف بکەم، زۆر شێلگیرانە ئاگادار بێ ئەگەر بێت و ئەو جۆرە ڕاسپاردنانەی هەرێمەکانی هەڵبژاردن کە دیارە یەک و دوانیش نین، جێبەجێ بکرێن، هێزی دەریایی چ بەڵایەکی بەسەر دێ"، ئەو نەریتی ڕاسپاردنە "زۆر زۆر زیاتر لە دەنگێکی دژ لە پەرلەماندا، زیانی بە خەڵک گەیاندووە." (٤٦)

لە سەروی وەزیران و پادشایەتییەوە، پە رلەمان بەسەر هەمووانەوە بوو. ئەو لەسەرووبوونەش، بە نرخی شۆڕش و شەڕی ناوخۆ و شاکوشتن و گەڕانەوەی بنەماڵەی پێشووی پادشایەتی و لابردنی سەرلەنوێی شا لە سەدەی پێشوودا، دەستەبەر ببوو. لەو هێمنی و سەقامگیرییەی پاش هێنانی هانۆڤریاندا ئاخرییەکەی بەرقەرار بوو پە رلەمان ئیتر ئەو مینبەرە نەبوو لەسەر یاسا مشتومڕی گەورە بکا و بوو بە یەکەیەکی تا ڕادەیەک قانع و بێ جووڵە لەو نوێنەرانەی وا کورسییەکانی خۆیانیان لە سای پێوەندی و بیاڤە گەندەڵەکانی هەڵبژاردنی بنەماڵەوە پێ بڕابوو و هەڵبژاردنیان دەکڕی و لە بری پۆست و پلەو پایە و وەرگرتنی ڕاستەوخۆی پارەدا، دەنگیان بە حکوومەت دەدا.

سالی ١٧٧٠، بەپێی بەراوردێک، ١٩٠ نوێنەری پەڕلەمانە ئاساییەکە(عەوام)، پۆستی پڕ داهاتیان بەدەستەوە بوو بەڵام ئەوەندە گشتگیر و باو بوو کە ئیتر عەیبە و شوورەییەکەی نەمابوو.

نوێنەرەکان سەر بە حیزب و ڕێکخراوی سیاسی نەبوون و کاریان بەهیچ جۆرە بنەمایەکی سیاسیی ناسراو نەبوو. شناس و ناسنامەی ئەوان بە گرووپ و تاقمە کۆمەڵایەتی و ئابووری یان تەنانەت جوگرافییەکانەوە بوو: ٥٥٨ نوێنەری پە ڕلەمانی ئاسایی، پێکهاتبوو لە دەرەبەگە ملّکدارەکان و توێژی بازرگانی شاری و ٤٥ نوێنەری سکۆتلەندا و کۆمەڵێک خاوەن زەویی هیندی خۆراوایی، کە بە پشتبەستن بە داهاتەکەی خۆیان لەو دوورگەیەدا، لە ئینگلیس دەژیان. نوێنەرەکان دوو بەش بوون: دەرەبەگە گوندییەکانی ویلایەتەکان، کە هەر ویلایەتەی بە گشتی دوو نوێنەری لە نێو ئەواندا هەڵدەبژارد و بریکارە شارنشینەکان، کە نوێنەری بیاڤەکانی هەڵبژاردن بوون ــ دیارە ئەو شارانەی بە پێی فەرمان بۆیان هەبوو نوێنەریان لە پەڵەماندا هەبێ.

دەرەبەگە گوندییەکان بەو مەرجەی داهاتی ملّکانەیان لە ساڵێکدا بگاتە ٦٠٠ لیرە، مەرجی نوێنەرایەتی دەیگرتنەوە و بەوپێیە زۆربەی جاران لە نێو دەرەبەگە دەستڕۆیشتووە زەبەلاحەکان یان منداڵی لۆردەکان هەڵدەبژێردران. نوێنەری بیاڤە بچووکترەکان هاوپەیمانی ئەوانە بوون، بەڵامڕێژەی دەنگدەرانی ئەو تاقمە ئەوەندە بەرتەسک بوو و هەرێمەکانیشیان هێندە بچووک بوون، کە دەکرا بیانکڕنەوە و زۆربەی جاران ملّکدارێکی ناوچەکە پاوانی دەکردن. ئەو جۆرە بیاڤانە زۆربەی جار دەوڵەمەند و دەرەبەگەکانیان هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی لە پەڕلەمان بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی ئەوان بکەن. بەو جۆرە، دەرەبەگە خاوەن زەوییەکان و گوندنشینەکان گەورەترین گرووپی پە ڕلەمانە ئاساییەکەیان پێکدەهێنا و خۆشیان بە نوێنەریڕای گشتی دادەنا، ئەگەرچی لە ڕاستیدا هەر بە ١٦٠٠٠٠ دەنگ هەڵبژێردرابوون.

لە بیاڤ(هەرێم)ــە گەورەترەکانی شاردا، هەر هەموو خەڵک مافی دەنگدانیان هەبوو و هەڵبژاردەنەکانی ئەوان هەمیشە پڕ لە کێبڕکێ و هەرا بوو. نوێنەرانی شاری، زۆربەیان مافناس و بازرگان و پەیمانکار(مقاویل) و خاوەن کەشتی و

ئەفسەرانی سوپا و هێزی دەریایی و کارمەندانی دەوڵەت بوون و هەروەها ئەوانەی لە سای بازرگانیی هیندستانەوە، لەپڕێک ببوونە کوڕێک دەوڵەمەند ببوون. ئەو تاقمە سەرەڕای دەستڕۆیشتووییەکەیان، بە دەنگێکی تەنانەت ئەوەندە کەمیش کە بە زەحمەت دەگەیشتە ٨٥٠٠٠ دەنگ، دەهاتنە پەڕلەمانەوە، لەبەر ئەوەی تاقمە گوندییەکە لە سایەی دەسەڵاتەکەی خۆیدا زۆرینەی خەڵکی شاری لە دەنگدان بێبەش کردبوو.

بەپێی بەراوردێک، نزیکەی نیوەی کورسییەکان لە ڕێگەی ڕاسپاردن و لاگرتنەوە، دەکڕدران و دەفرۆشران. ئەو ڕاستییەمان لە فەرمانەکانی لۆرد نۆرتەوە بۆ وەزیری خەزێنەداری هەڵبژاردنەکانی ساڵی١٧٧٤ــدا بە ڕوونی بۆ دەردەکەوێ. دەڵێ، دەبێ بە لۆرد فاڵمس ـ کە لە کۆرنۆڤال دەسەڵاتی شەش کورسیی هەبوو ـ ڕابگەیەنن، نۆرت ڕازییە سێ کورسی بدرێ بە پاڵێوراوەکانی خۆی و هەر کامەیان ٢٥٠٠ لیرە بدەن. ئەوجار "جەنابی لێگ ناتوانێ زیاتر لە ٤٠٠ لیرە بدا. بۆیە ئەگەر بیکەینە نوێنەری لاست ویتیل، ئەوا ٢٠٠٠ گینی (٣٧) زیان بە دەوڵەت دەگەیەنێ. تریگۆنی ڕازی نابێ، بەوەی گەسکۆڤین هەر ١٠٠٠ لیرە بدا". جگە لەوەش "کۆپەر ئاگادار بکەنەوە کە ئێوە بۆ هەر کام لە پێنج کورسییەکەی لۆرد ئێجکام بەڵێنی ٢٥٠٠ لیرەتان داوە یان ٣٠٠٠ لیرە؟ من وام دانابوو ١٢٥٠٠ لیرە بەو بدەم بەڵام ئەو داوای ١٥٠٠ لیرە دەکا."(٣٨)

سەرکردە سیاسییەکانی گەل، جاری وابوو حەوت تا هەشت کورسیی پەڕلەمانیان بەدەستەوە بوو ئەو نوێنەرانە زۆرجار، سەر بە بنەماڵەیەک بوون و لۆردێکی مەجلیسی ئاغاکان داینابوون و هەر هەمووشیان لە ژێر چاودێریی ئاغاکەی خۆیاندا دەجووڵانەوە، مەگەر شتێکی زۆر قووڵ یان بۆچوونی جیاواز هاتبا گۆڕێ، کە لەو حاڵەتەدا بەپێی بۆچوون و بیروباوەڕی خۆیان دەنگیان دەدا. ژمارەی دەنگدەرەکانی هەیندێ ویلایەت ئەوەندە زۆر بوو کە نەدەچوونە بن باری هیچ ئاغایەکە و پێ مل نەدەبوون، نوێنەرانی ئەوانە و سی چل بیاڤی هەڵبژاردنی دیکە، لە دەرەوەی دەسەڵاتی خاوەن مڵکە گەورەکانەوە، خۆیان بە حیزبی گوندنشینەکان دادەنا. لە نێو ئەوانەدا، کە هەر هەموو لە لایەن حکوومەتی ناوەندەوە ڕەتێنرابوون، هێشتاش بیروباوەڕی کۆنەپارێزانە و نهێنی

پارێزی و کۆنەپەرستانە بەدی دەکرا کە لە پاش لایەنگرە دڵڕەشەکانی پادشایەتیی لە سەدەی حەڤدەیەم بەجێ مابوو. ویلایەتەکان لە کۆنەوە لەگەڵ حکوومەتی خۆجێیی ڕاهاتبوون و قەبووڵیان نەدەکرد لەندەن دەست لە کاروباریان وەربدات و لە بنێڕا، لە دەربار و ناوەند بێزار بوون، بەڵام ئەوە کۆسپ نەبوو بۆ ئەوەی لای دەوڵەتەکانی ویگ بگرن. نوێنەرانی ویلایەتەکان سەر بە هیچ تاقم و شوێنکەوتووی هیچ ڕێبەرێک و بە دوای هیچ پۆست و نازناوێکەوە نەبوون، خزمەتی ئەو هەرێمەیان دەکرد کە نوێنەری بوون و بەپێی بەرژەوەندی ئەوێ و بۆچوونی خۆیان دەنگیان دەدا. نوێنەری یۆرکشێر لە نامەیەدا نووسیی:"دوازدە سەعات لە پە ڕلەمانی ئاساییدا، بەبێ جووڵە دانیشتم و زۆریش لەو کارەی خۆم ڕازیم، لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای مشتومڕە جۆراوجۆرەکانی دوو لایەنەکە توانیم بڕیار بدەم وڕاشکاوانە بەپێی بۆچوونی خۆم دەنگ بدەم."( ٣٩) ئەوانەی سەربەخۆیی دەنگدانیان هەبێ، دەتوانن گەندەڵی بەچۆکدا بێنن، بەو مەرجەی ژ ومارەیان بەگوێرەی پێویست بێ.

ئەو دەمەی جۆرج گرێنویل جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست، هەموو فکر و زیکری ئەوە بوو بتوانێ قەرزەکانی بەریتانیا بداتەوە. لە سای ئاشتییەکەی پاریس، ژ ومارەی سەربازانی سوپای لە ١٢٠٠٠٠ کەسەوە گەیاندە ٣٠٠٠٠ کەس، بەڵام دەستپێوەگرتنەکانی لە هێزی دەریاییدا، بەتایبەتی کەمکردنەوەی زۆری پێداویستی و تەعمیرگاکانی کەشتی سازی، لەو کاتەدا کار گەیشتە پڕاکتیک و کردەوە، ئەنجامی ئیفلیجکەری لێکەوتەوە. لەو سەروبەندەدا، یاساکانی داڵیات خستنە سەر بازرگانانی ئەمریکایشی ڕێکدەخست، ئەگەرچی لێی سوور بوو ئەم کارە چ کەفوکوڵێک دەێنێتە جۆش. هەرێمی کۆچەرەکان لە پەڕلەماندا نوێنەریان نەبوو. بەناچار بریکار یان دەڵاڵی پە ڕلەمانییان دادەمەزراند بۆ ئەوەی لە لەندەن پارێزەری بەرژەوەندییەکانیان بێ و ئەوانەش زۆربەیان یان نوێنەری پە ڕلەمان بوون، یان کەسانێک بوون دەستیان بە دەوڵەت ڕادەگەیشت. ڕیچارد جەکسن، نوێنەرە دیارەکەی پەڕلەمان و بازرگان و پارێزەر، لە کات و ساتی جۆراوجۆردا، بریکاری کۆنێتیکات، پەنسیلڤانیا،

ماساچۆسێت، نیویۆرک و هاوکات سەرۆکی نوسینگەی گرێنویلیشی سەرۆکوەزیریش بوو. بۆ ف ڕانکلین(٥٠)ی نووسی:"من دەستم بەهەموو ئەو شوێنانە ڕادەگا کە دۆستە کۆچەرەکانمان دەیانەوێ دەستیان پێی ڕابگا، بەڵام نازانم بۆچی لەچاو هەوڵەکانم، هیچ سەرکەوتن و دەستکەوتێکم نییە."( ٤١) جەکسن و هاوکارەکانی، چییان لەدەست هات کردیان، بۆ ئەوەی تەمومژی بێ متمانەیی برەوێنەوە و ڕوانگەی هەرێمە ڕەوەندنشینەکان لە پایتەختدا بڵاو بکەنەوە.

گرێنویل جگە لە جەکسن کە وەک نێوبژیوان کاری دەکرد، بەنووسراو ە پێوەندیی لەگەڵ قایم ەقامی کۆچەرنشینەکان و ژ ومێریاری گشتیی گومڕوکەکانی ئەو هەرێمانەدا هەبوو و بەر لەوەی گەڵاڵەی جێبەجێکردنی یاساکانی گوم ڕوک بنووسێ، تەگبیر و ڕاوێژی پێ کردن. هەمووان ئەو ڕاستییەیان دەزانی، کە ئەمریکاییەکان، کۆکردنەوەی بەزۆرەملێی پیتاکی گوم ڕوک، پاش ئەو هەمووە پتشگوێخستنە بە جۆرەماڵیاتێک دادەنێن و بەرەنگاری دەبنەوە. قایمەقامی ماساچۆسێت، فرانسیس بێرنارد، ڕایگەیاند، کە یەکەم فەرمانی گرێنویل بۆ کاربەدەستانی گوم ڕوک لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٧٦٣دا بۆ کۆکردنەوەی ماڵیاتەکانی ئەو ساڵە، زۆر لەوە زیاتر خەڵکی ئەمریکای تۆقاند، کە شەش ساڵ لەوەپێش فەڕەنسییەکان قەڵاکەی ویلیام هێنرییان داگیر کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر بۆ ڕواڵەتیش بێ، داوا لە وەزارەتی بازرگانی کرا ڕای خۆی بڵێ کە " بۆ کۆچەرنشینەکان، خۆشترین و بێ کێشەترین شێوەی هەرەوەزی بەمەبەستی دابینکردنی تێچووەکانی دامەزاوە سەربازی و ناسەربازییەکان، کامەیە.( ٤٢) جا لەبەر ئەوەی هیچ ڕێگەیەک نەبوو ئەو بارە قورسەی پێ لەبەرچاوی خەڵک شیرین بکەن و گرێنویلیش پێشتر بڕیاری خۆی دابوو چاوەڕوان نەدەکرا وەڵامێکی شێلگیرانە وەرگرنەوە.

دوورەدیمەنی کێشە و دەردیسەرییەکان، دەسەڵاتدارانیش ی زۆر نیگەران نەکرد، لەبەر ئەوەی وەک چۆن گرێنویل خواهەڵناگرێ دەیگوت :"کەس حەزی لێ نییە ماڵیات بدا"(٤٣) و هەم لەبەر ئەوەیش کە بڵێی و نەڵێی پێی چەقاندبوو ئەمریکا دەبێ و دەشتوانێ لە دانی گوژمە حکوومی و بەرگرییەکانی خۆیدا

بەشدار بێ، ئیتر دوو وەزیری باڵای کابینەکە واتە ئێرل ه ەلیفاکس و ئێرل ئەگریمۆنت ـ کەسێک نەبوون بتوانن لەو بڕیارە پاشگەزی بکەنەوە. بۆرد هلیفاکس ئەو نازناوەی لە بیستوسێ ساڵیدا بەمیرات پێ گەیشتبوو و بە هێنانی ژنەدەوڵەمەندێک ئەوەندەی دیکەش خۆی دەوڵەمەند کردبوو. باوکی کچە ۱۱۰۰۰۰ لیرەی سەرمایە لە پیشەی چنیندا بۆ کچەکەی بەمیرات بەجێ هێشتبوو. هلیفاکس بەو تایبەتمەندییانەوە ماوەیەک لە پلەی ئاجودانیی خەوتنگەی پادشایەتی و بەخێوکەری تاژییەکان و پۆست و پێگە ڕازێنەرەوەییەکانی دەرباردا خزمەتی کرد، هەتا چەرخ و خولی سیاسی گەیاندییە وەزارەتی بازرگانی و لەو پلەیەدا بوو کە ئەیالەتی نۆڤا سکۆتیا لە کانادا دامەزرێنرا و ناوەندەکەیان بەناوی ئەو کرد. هلیفاکس کابرایەکی لەڕ و لاواز و خۆش مەشرەب و ڕووخۆش بوو زۆری دەخواردەوە و زۆر زوو پیر بوو و خەرەفا و لە کاتی خزمەت لە کابینەی یەکەمی لۆرد نۆرتی برازایدا، لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا مرد.

خواردنەوەی زۆر لەو قۆناغەدا تەمەنی کورت و توانای کەم دەکردەوە. تەنانەت کەسانی زۆر خۆشەویستی وەک مارکی گرانبی، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ئینگلیس لە ١٧٥٥ ـ ١٧٧٠ـدا کە سەربازێکی شەریف و کردەجوان بوو لەو بەڵایە نەخەلسی و قوتار نەبوو. وەک هۆراس والپۆل دەڵێ:"زێدەڕۆیی بەردەوام لە خواردنەوەی شە ڕابدا، لە چلونۆساڵیدا بەپەلە کوشتی." ( ٤٤) چارلز جیمز فاکس کە خۆیشی یەکێک لە شەڕابخۆرەوە تێرنەخۆرەکان بوو لە هەڵبژاردنە گشتییەکەی ١٧٧٤دا لەو میوانارییانەی دەبوو لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بیکا، وەزاڵە هات و دەنگی بەرز بۆوە.ڕۆژێکیان دوانیوەڕۆ هەشت میوان هاتن و لە سەعات سێوە هەتا سەعات دەی شەوێ مانەوە و "دە کووپەی شە ڕاب و شانزە دەفری پانچیان ( ٤٥) کە هەرکام چوار کووپەیان دەبرد(٤٦) خواردەوە، واتە هەر یەکەی نۆ کووپە.

وەزیرە گەورەکەی دیکەی گرێنویل، ئێرل ئەگریمۆنتی ژن برای، هەم بێتوانا بوو و هەمیش خۆبەزلزان. چووبۆوە سەر باپیرەی، کە بە "دووکی لەخۆبایی، سامرێست" بەناوبانگ بوو. هۆراس والپۆل کە لەهیچ خۆش نەدەبوو ناوی نا

"تێکەڵەیەک لە خۆبەزلزانی و لاساری و بێ تەربییەت .. کە نە هیچ کاروکاسبییەکی دەزانی و نە تۆزە توانایییەکی پەڕلەمانییشی هەبوو."(٤٧) وەک دەیانگوت، جێ متمانەش نەبوو. بە سووک سەیری ئەمریکییەکانی دەکرد، بەڵام زۆر زوو لە کۆڵیان بۆوە و ئەو کاتەی گەڵاڵەی داهاتی دەوڵەت هێشتا خەریک بوو ئامادە دەکرا، (وەک والپ ۆل دەڵێ)، لە سۆنگەی زۆرخۆری و جەڵدەی مێشکەوە گیانی دەرچوو.

جێنشینەکەی ئەو ئێرل ساندڤیچ، لۆردی یەکەمی بەرو دوای دەریاوانی، جگە لە خووخدەکەی خۆی، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوی پێش خۆی نەبوو. تەرپۆش و ڕووگەش و گەندەڵ بوو و دانان و لادان و ڕێوشوێنەکانی هێزی دەریایی بە قازانجی خۆی دەقۆستەوە. ئەو هەر بۆ خۆخافڵاندن و خۆشی نەبوو حەزی لە هێزی دەریایی بێ، بەڵکو زۆریشی هەوڵ بۆ دا، بەڵام کێشانەوە و سوودوەرگرتنی لەڕادەبەدەری ئەو حەیای کارگەکانی کەشتی سازی و چاککردنەوەی کەشتیی برد. دابینکەران و ئامادەکارانی مایەپووچ کرد و توانایی کەشتییەکانی تەواو دابەزاند. لە شەڕی گەڵ ئەمریکادا، کە دەرکەوت بارودۆخی هێزی دەریایی چۆنە، هەر دوو پە ڕلەمانەکەی یاسادانان، لەسەر کاریان لادا. لە هەستان و دانیشتنی کۆمەڵایەتیدا، هاوڕێی گیانی گیانیی لایەنگرەکانی "ئاگری دۆزەخی" فرانسیس دەوڤۆد بوو و وای خوو بە قومارەوە گرتبوو کە وەختی نەمابوو نان بخوا. هەر بۆیە پارچە گۆشتێکی لە نانێکدا دەکردە بابۆڵە و لە کاتی گەمەی کۆنکاندا دەیخوارد و بەو جۆرە ناوی خۆی لەو خۆراکە نا، کە جیهانی غەرب پێی دەژین(ساندڤیچ).

لەو جەنگەیەدا کە گەڵاڵەکەی داهاتی دەوڵەت لە سای گرنگیدانی ئەو جۆرە وەزیرانەدا ئامادە دەکرا، بەبێ پەسندکرانی پەڕلەمان، هەنگاوێکی کێشەخوڵقێنی دیکە نرا. " ڕاگەیەنراوی سنوورەکان" لە ١٧٦٣دا، نیشتەجێکردنی سپی پێستەکانی لە خۆراوای چیاکانی ئالەگنیدا قەدەغە کرد و ئەو زەویوزارانەیان بۆ سوورپێستەکان بەلاوە نا. ڕاپەڕینە بەناوبانگەکەی سوورپێستەکان بەناوی ڕاپەڕینی پۆنتیاک، کە هەموو هۆزە سوورپێستەکانی لە ناوچەی دەریاچە گەورەکانەوە تا پەنسیلڤانیا لەخۆ دەگرت و لە قۆناغێکدا مەترسیی ئەوەی لێ

دەکرا، یەک جێ هەموو ئینگلیسییەکان لە ناوچەکە دەرپەڕێنێ، پەندێک بوو و ئێستاش "ڕاگەیەنراوی سنوورەکان" دەیەویست پێش بە کۆچەرەکان بگرێ، نەچنە نێو ڕاوگەی سوورپێستەکانەوە و دڵی ئەوان بداتەوە و نەهێڵێ شەڕێکی تازە هەڵگیرسێننەوە. لەبەر ئەوەی لەوانەبووڕاپەڕینێکی دیکەی سوورپێستان، بیانوو بداتە دەست فەڕەنسا و شەڕیش لەگەڵ فەڕەنسییەکان گوژمە و تێچووی تازەی دەویست، کە بەریتانیا لە عۆدەی نەدەهاتەدەر و بۆی نەدەکرا. لە پشت ئەو ویستەشەوە، دەیانەویست کۆچەرەکان لە کەنارەکانی زەریای ئەتڵەسدا قەتیس بکەن بۆ ئەوەی هەم کاڵای بەریتانییەکان بێنن (هاوردە بکەن) و هەمیش پێش بە خەڵکی سەربەگۆبەند و قەرزدار بگرن و ئەوانە نەچنە ئەوبەری چیاکان و لە دەرەوەی دەسەڵاتی بەریتانیا و لە چەقی دڵی ئەمریکادا ئاوەدانی و گوند دروست نەکەن. لەوێ دوور لە بەندەرەکان، خەڵک خۆیان پێداویستییەکانی خۆیانیان دابین دەکرد و ئەوەیش بەپێی پێشبینییە شوومەکەی وەزارەتی بازرگانی، "زۆر زۆر بە زیانی بەریتانیا (٤٨) دەشکاوە.

لەو نێوەدا، کۆچەرەکانیش سەرقاڵی دامەزراندنی کۆمپانیاکانی پشکدار ی بوون بە مەبەستی برەوپێدانی کۆچ و بەدەستهێنانی سوود و قازانج یان، وەک جۆرج واشنگتن و بنجامین فرانکلین، خەیاڵی دەستڕاگەیشتن بە زەویوزارە دەوڵەتییەکانی ئەوبەری چیاکانیان کەوتبووە سەری بۆ ئەوەی بازرگانیی لێ بکەن، هەر بۆیە زۆر پێشوازییان لە "ڕاگەیەنراوی سنوورەکان" نەکرد. خەڵکە خۆوڵاتییەکە، ئەو کارەیان بە دەستێوەردان دەزانی و پێی تووڕە بوون.
ئەمریکییەکان پاش سەدە و نیوێک سەرکەوتن بەسەر سرووشتە کێوییەکەدا، ئیتر قەبووڵیان نەدەکرد حکوومەتێکی لۆردە هەوریشم پۆشەکان، مافی ئەوەی هەبێ لە هەزاران فەرسەنگ مەوداوە پێشیان پێ بگرێ و نەهێڵێ ببنە خاوەنی ئەو زەوییانە ی خۆیان بە زەبری تەور و تفەنگ داگیریان دەکردن. لە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکەی پۆنتیاکدا، هێزە خۆبەخشەکانی ئەمریکا، دەوریان زۆر زیاتر بوو لە کۆتسوورەکانی(٤٩) بەریتانیا و ئەمریکییەکان ڕاگەیەنراوی سنوورەکانیان وەک پشتیوانیکردن لە سوورپێستەکان سەیر نەدەکرد، بەڵکو بە

گەلاڵە و تەگبیری گەندەلانەی بەریتانیایان دەزانی بۆ ئەوەی زەوی و زارە پان و بەرینە حکوومییەکان بدات بە تاقانەکانی دەربار.

دەڵێن دۆستایەتی و یەکترناسین، لێکتێگەیشتنی لێ دەکەوێتەوە و هاوکاری و پشتیوانی لە شەڕدا، دڵەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. بەڵام پێک گەیشتنی هێزە کۆچەرەکان و سەربازە هەمیشەییەکانی سوپای ئینگلیس لە شەڕی حەوت ساڵانەدا، کاریگەریی پێچەوانەی بوو. لە کۆتایی شەڕەکەدا، لەچاو سەرەتاکەی، زۆر کەمتر یەکتریان خۆش دەویست و ڕێزی یەکتریان دەگرت و هیچ پێکیان هەڵنەدەکرد. دیارە هێزەکانی ڕەوەندان، کەیفیان بە لووتبەرزیی سوپای بەریتانیا نەدەهات. بێزار بوون لەو ئەفسەرانەی ئامادە نەبوون دەرەجەی وەک یەک بدەن بە ئەفسەرە کۆچەرەکان و لە ڕێوڕەسمی کۆت سوورەکان بۆ تیفتیفەدان و مشتومالی سەروگوێلاکی خۆیان (سەربازی بەریتانی لە ساڵێکدا ٦٥٠٠ تەن ئاردیان بۆ سپیکردنەوەی کلاوگیس و پانتۆڵی سوارچاکی بەفیڕۆ دەدا) (٥٠) و بێزار بوون لەوەی هێزی کۆچەرەکانیان خستبووە بەر دەستی فەرماندەی باڵای ئینگلیسییەکان و بە گشتی لە خۆبەزلزانی و شانازییەکانیان بێزار بوو و ئەوەی دوور لە چاوەڕوانی نەبوو.

لە لایەکی دیکەوە بێزاریی ئینگلیزییەکان لە سەربازە کۆچەرەکان ــ کە ئاخرییەکەشی (بە یارمەتیی فەڕەنسییەکان) شمشێری ئینگلیسیەکانیان بە نیشانەی خۆبەدەستەوەدان دانا ــ یەکێک بوو لە سەیروسەمەرەترین و قووڵترین و پڕخەسارترین جۆری خراپ داوەریکردن لەو ساڵانەدا کە ئاخرییەکەی تێکهەڵچوون و پێکدادانی لێ کەوتەوە. ژەنەڕاڵ وۆڵف، ئەو پاڵەوانەی لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا کێبێکی گرت و ئاخرییەکەیشی لە شەڕگەدا گیانی دا، چۆن دەیتوانی بەو مارێنزە ئەمریکییانەی شان بە شانی شەڕیان دەکرد بڵێ خراپترین سەربازەکانی جیهان؟ و لە نامەیەکی دیکەشدا بڵێ:"ئەمریکییەکان لەسەر یەک، چەپەڵترین و سووکترین و ترسنۆکترین سەگی دنیان... زیاتر ملۆزمن لە سوپادا نەک هێزێکی ڕاستەقینە بۆ لەشکر."( ٥١) مارێنزە جەنگەڵییەکانی ئەمریکا، بێ گومان لە چاو کۆت سوورە باڕۆکە سپییەکانی ئینگلیسی چەپەڵ بوون. پێودانی سوپا ئەورووپییەکان، پاکوخاوێنی

و کەشخەیی بوو ئەوەندە کە ڕواڵەت و سەروسیما پێوەری هەڵسەنگاندن بوو. سێری جێفری ئەمێرستیش داوەرییەکی خراپی لەسەر ئەمریکییەکان هەبوو.( ٥٢) و جێنشینەکەی وۆل ف یش، ژەنەڕال جیمز م ۆری دەیگوت: "ئەمریکییەکان هیچ بەکاری شەڕ نایەن و خۆڕاگر نین." (٥٣)

ئەو کەسانەی دیکەش کە لە دارستان و هۆردووەکانی ئەمریکادا شان بە شانی مارینزەکان سەربازییان دەکرد، ئەوانیان بە لات و بەڕەڵڵا و بێ پرەنسیپ و ترسنۆک دەزانی. ئەو جۆرە هەڵسەنگاندن و داوەریکردنە لە ئینگلستاندا خەستتر بۆوە و وەک وایلۆکێکی گەمژانەی لێهات. بۆ وێنە، ژەنەڕاڵ تۆماس کلارک، ئاجوودانەکەی شا، لە هەنتەشی فیلرکلێندا گوتی:"گفت و بەڵێن دەدەم، بە هەزار سەربازی پیادەوە لەم سەرەوە دەچمە ئەوسەری ئەمریکا و هەرچی پیاوی تێیدایە، جا هەندێکیان بە زۆرەملی و هەندێکشیان بە تۆزە لاواندنەوەیەک یەختە دەکەم."(٥٤)

لەوانەیە هۆکاری ئەو خراپ داوەریکردنە کارەساتبارە لە جیاوازیی چۆنێتیی سەربازیکردنی سەربازە ڕاهێنراوەکانی بەریتانیا لە لایەک و سەربازی کۆچەرنشینەکاندا بێ. سەربازی هەرێمەڕەوەندییەکان بەپێی گرێبەستێک لەگەڵ پەرلەمانە ناوچەییەکەی خۆیان، بۆ کاتێکی دیاریکراو و ئەسپاردەیەکی دەسنیشانکراو و بە مووچە و تفاقی دیاریکراوەوە دەبوو بە سەرباز. کە زانیبای گرێبەستەکەی وەک خۆی جێبەجێ ناکرێ، دیارە ئەوەش لە هەموو شەڕێکدا دەهاتە پێش، ئیتر پاشگەز دەبۆوە و ملی بادەدا و ئەرکەکەی ڕانەدەپەڕاند و ئەگەر سکاڵاکەی وەرنەگیرابایە، یەکەوڕاست دەچۆوە ماڵێ. ئەویش نەک ئەوەی تاک تاک و بە دزییەوە، بەڵکو بە ئاشکرا و پۆل پۆل، وەک دژکردەوەیەکی سرووشتی بەرامبەر پەیمانشکێنییەکە ( ٥٥) جا سوارچاکانی پادشایی و لیواکانی سوارە و پیادەی سوپای بەریتانیا کە نوقمی شانازی و نەریتی لەشکرەکانی خۆیان بوون، ئەوەیان زۆر بەلاوە سەیر بوو. فەرماندە ئینگلیسییەکان هەوڵیان دەدا یاسا و ڕێساکانی شەڕ بەکار بێنن، بەڵام شەڕکەرە کۆچەرەکان بەهیچ شێوەیەک ئامادە نەبوون واز بێنن لەو حاڵەتی میلیشیاییە بێنە دەرێ، کە سەربازی کاتیی سوپا بوون و نەیاندەویست ببنە

سەربازی لێوەشاوە و بەردەوامی سوپا. هەر بۆیە زۆر پێداگرانە خۆیان دەبوارد لەوەی مل بۆ ئەو یاسایانە ڕاکێشن و لە هەر جێیەکیش تەنگاو بوایەن هەر هەموو وێکڕا ڕایان دەکرد. بۆیە پێیان دەگوتن، لات و هەرچی و پەرچی.

لەو سەروبەندەدا کلێسای ئانگلیکنی بەریتانیا بڕیاری دا لە نیوئینگلەند (٥٦) هەرێمێکی ئۆسقۆفی دروست بکا و ئەوەش زویربوونێکی تازەی لێ کەوتەوە. توانای سەیروسەمەرەی ئایین لە هەڵایساندنی دوژمنایەتیدا بووە هۆی ئەوەی دوورەدیمەنی ئەو هەرێمە ئۆسقۆفییە ئەوەندەی دیکە ئەمریکییەکان دڕدۆنگ و بەدگومان بکا.

ئۆسقۆف لە ڕوانگەی خەڵکەکەوە دەراوێک بوو بۆ سەرەڕۆیی و ئامرازێک بوو بۆ خنکاندنی ئازادیی ویژدانی و (نیو ئینگلەندییەکان لە هەمووان پتر ڕێزیان لەو ئازادییە دەگرت)، دەرگایەکی شاراوە بوو بەسەر پاپایەتیدا و سەرچاوەیەکی دڵنیا بوو بۆ وەرگرتنیماڵیاتە تازەکان بۆ پشتیوانی لە پلەوپایەکانی کلێسایی. ڕاستییەکەی ئەوە بوو دەوڵەتی بەریتانیا کە حیسابی کلێسا جوێ بوو هەر نەیدەویست ئۆسقۆفییەیەکی جودا بۆ ئەمریکا دروست بکا. بەو حاڵەشەوە هاواری "ئۆسقۆفمان ناوێ" وەک "ماڵیات نادەین" یان هاوارەکەی دواتر "چای ناخۆینەوە" بەردەوام بەرز بوو و نەدەنیشتەوە. ئۆسقۆف هیچ، تەنانەت داری برجی کەشتییەکانی هێزی کەشتیوانیی دەریایی بەریتانیایش کێشە خوڵقێن بوو "یاسای کاژی سپی" بڕین و شکاندنی کاژە بەرزەکانی لە خەڵک قەدەغە دەکرد، بۆ ئەوەی ئەو کاژ(سنۆبەر)انە بۆ دروستکردنی برجی کەشتییەکانی هێزە دەرییاییەکەی بەریتانیا بپارێزرێن.

لە کۆتایی شەڕە حەوت ساڵەکەدا، واتە ئەو دەمەی هەستیان کرد پێویستە دامودەزگە و ئیدارەیەکی نوێ بۆ کاروباری کۆچەرنشینەکان دامەزرێن، بە مەبەستی بەردەوامبوون و بەڕێوەبردنییەکی ژیرانەی ئەوێ، ئەگەر وەزارەتخانەی تایبەتی ئەمریکا دامەزرابوایە، لەوانەیە ئەو کێشە و گرفتە جۆراوجۆرانە نەهاتبانە پێشێ. دەموساتی ناچاری بوو. کەوشەنێکی نوێ و پان و بەرین دەبوایە بخرێتە سەر وڵاتی دایک، ڕاگەیەنراوە جۆراوجۆرەکانی کۆچەرنشینەکان کۆمەڵێک کێشە و دەردیسەریان دروست کردبوو. بەڵام نیاز

و پێویستییەکە وەدی نەهات. هەڵەکانی لۆرد بۆت و دەستپێشخەریی هاوکاران و خەنیمەکان لە قۆناغی پاش ئەودا، هەموو چالاکییە سیاسییەکانی بەرەو خۆی ڕاکێشا. کاروبارە شێواو و پەرشوبڵاوەکانی ئیمپراتۆری درانە دەست وەزارەتی بازرگانی و هەر لە یەک ساڵدا، ساڵی ١٧٦٣ سێ سەرۆکی لێ گۆڕدرا.

گەڵاڵەی داهات، کە لە فێبریوەری ١٧٦٤دا پێشکەشی پەرلەمان کرا، هەندێ بڕگە و بنەمای لەخۆ دەگرت، کە بڵێی و نەڵێ کۆمەڵێک کێشەی لێ دەکەوتەوە. تۆزێک لەماڵیاتەکانی شیلەی چەوەندەر و شەکرەقامیشی کەم دەکردەوە کە پاڵپشتی بازرگانیی نیووئینگلەند بوو و چەند ساڵان بوو لەبیر کرابوو بەڵام لە بری ئەوە بۆی دانابوو هەر دەبەیەک لەو شیلەیە، سێ "پەنی"ی ماڵیاتی لێ بستێنرێ. دەسەڵاتی دادگاییکردنی سەربزێوەکانی لە دادگا ئاساییەکان دەستاندەوە ـ کە دەستەی داوەرییەکەی ئەو دادگایانە خەڵکی خۆوڵاتی بوون و زۆریان حەز لێ نەبوو هاوشارییەکانی خۆیان حوکم بدەن ـ و ئەو دەسەڵاتەی بە دادگا تایبەتییەکانی دەریاوانی دەسپارد کە لە شاری هلیفاکسی کەنەدا بوو و دەستەی داوەرییشی نەبوو و زۆریش ئاسان نەبوو بۆ بازرگانەکانی کۆچەرنشینەکان بەرتیل بدەن بە دادوەرەکانی. هەر تۆمەتبارێکیش بۆ بەرگری لەخۆی دەبوایە، چووبایەتە ئەوێ. گەڵاڵەکە بەبێ پێچوپەنا دەیگوت، مەبەستەکە "دەستەبەرکردنی داهاتە لە ئەمریکا بۆ دابینکردنی تێچووەکانی بەرگری و پاراستنی ئەوێ" و هەر ئەوەش زەنگی مەترسییەکەی دەزرینگاندەوە. ئەمریکییەکان بڵێی و نەڵێی ئەو مافەی حکوومەتی ناوەندی(بەریتانیا)ـیان بۆ ڕێکخستنی بازرگانی قەبووڵ بوو بەڵام سوور بوون لەسەر ئەوەی ڕێگە نەدەن خەڵک بۆ دابینکردنی داهاتی خۆیان ماڵیاتیان بخاتە سەر. ترسە سەرەکییەکەی ئەوان لەوە بوو کەسب و کار لێک بترازێ و بشێوێ. ئەو سەردەمانەی ماڵیاتە گومرکییەکان هەر خەیاڵێک بوون و هیچی دی، بازرگانی و ساتوسەودا بەسوود و پڕقازانج بوو بەڵام سەپاندنی سێ پەنی ماڵیات لەسەر هەر دەبەیەک شیلە، ئیتر سوود و قازانجەکەی دەبڕی.

کاربەدەستەکانی کۆچەرنشینەکان لە بەریتانیا بەردەوام دەیانگوت، لاوازکردنی بازرگانی لە قازانجی بەریتانیادا نییە و پێداگر بوون کە بەهیچ شێوەیەک نابێ لە یەک پەنی زیاترماڵیات بخرێتە سەر یەک دەبە شیلە، ئەگەرچی بازرگانەکان لەوانەبوو بەبێدەنگی مل بۆ دوو "پەنی"یش ڕابکێشن."( ٥٧) لە ئەمریکاش، پە ڕلەمانی ماساچۆسێت و پە ڕلەمانەکەی نیویۆرک هەر لەو کاتەوە لە داخی دەستدرێژی بۆ سەر "مافە سرووشتییەکانیان" و ئەو ماڵیاتدانانە بۆڵەبۆڵیان بوو و کۆنێتیکات و ڕۆدئایلەند دەیانەویست بچنە پاڵیان و ناڕەزایەتی دەربڕن کە "زەبرێکی گورچوبڕ لە ئاشتی و سەقامگیریی کۆچەرنشینەکان دراوە". ئەوان خۆ هەر لەبەر زیانی ماڵی نەبوو کە بەربەرەکانێیان دەکرد، لایەنێکی بنەماییشی هەبوو چونکە دەیانزانی بێت و قەبووڵی بکەن، پە ڕلەمانی بەریتانیا ماڵیاتیان بخاتە سەر، ئیتر دەراوەکە خۆش دەبێ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ماڵیاتی دیکەشیان بخەنە ئەستۆ. هەرچۆنێک بێ ڕاپۆرتی بیروبۆچوونی کۆچەرنشینەکان لەو سەردەمدا زۆر کەمتر دەنێردراوە لەندەن و بەدەگمەن گرنگیی پێ دەدرا.

وەزارەتی بازرگانیی بەریتانیا ئاخرییەکەی سێ پەنی ماڵیاتەکەی دانا. گەڵاڵەکەی دەوڵەت (کە لەمەودوا لە هەموو شوێنێک بە "قانوونی قەند" ناوی دەرکرد) لە ئاپریلی ١٧٦٤ـدا پەڕلەمان پەسندی کرد و تاقە یەک کەس، ئەویش نوێنەرێک بەناوی جۆن هاسک، لەدایکبووی بۆستۆن، دەنگی نای بەو گەڵاڵەیە دا.

قانوونی قەندەکە، درێشەیەکی دیکەیشی بەدوودا هات ــ کە هێشتا هەر گەراکەی دانرابوو چونکە ڕایدەگەیاند، ماڵیاتێکی دیکەش بە ناوی "ماڵیاتی پووڵ" بەو زووانە بەدوایدا دێ. ئەم ماڵیاتەیان تەگبیرێکی کارەساتبار بۆ ئەشکەنجەدانی ئەمریکا نەبوو یەکێک لەو ماڵیاتە بێ ئەژمارو باوانە بوو کە دەمودەست لە بەریتانیا دانرا ــ ئەوەیش ماڵیاتێک بوو بۆ نامە و وەسیەتنامە و گرێبەست و پسوولەی حیساب و بەڵگە و ئەو دیکۆمێنتە یاساییانەی بە پۆست دەنێردران. گرێنویل ئەو ڕاگەیەنراوەپێشوەختەیەی لە قانوونەکەدا گونجاند لەبەر ئەوەی باش دەیزانی گومانێکی بەردەوام لەسەر پە ڕلەمانە بۆ ئەو

ماڵیاتانەی دەیانخاتە ئەستۆی ئەو خەڵکەی نوێنەریان لە پەڕلەماندا نییە. دیارە خۆیشی لەو بوارەوە گومانی هەبوو و هیوادار بوو مەسەلەکە "بە پشتیوانیی خودا"( ٥٨) نەبێتە هۆی مشتومڕ لە پە ڕلەماندا. سەقامگیرکردن و پاراستنی سیاسەتێکی هەمووانی و بەدڵی هەمووان، لە سەردەمێکدا کە ململانێ هاڕیبووی، یەکێک بوو لە بنەماکانی حکوومەتی بەریتانیا: بە واتایەکی دیکە، سەگی نوستوو بەخەبەرنەهێنان، کە ئارەزووی تاهەتایی هەموو ئەوانەیە وا خوازیاری "هاوڕایی"ــن *. گرێنویل هیچ ترسێکی لە دژکردەوەی کۆچەرنشینەکان نەبوو زیاتر نیگەرانی تێکچوونی بارودۆخی پە ڕلەمانە ملکەچەکەی خۆی بوو. هەر بۆیەش ڕاگەیاندنی پێشوەختەی ماڵیاتی پووڵی خستە نێو گەلاڵەی داهاتەکانەوە، لەوانەیە هیوای بەوە بووبێ کە بە پەسندکرانی گەلاڵەکە، بەبێ دەنگی ئەو مافە بۆ پە ڕلەمان بچەسپێنرێ کە ماڵیات بخاتە سەر داهاتەکان، لەوانەشە ویستبێتی، بە ئاماژە کۆچەرنشینەکان تێ بگەیەنێ، کە خۆیان ماڵیات بخەنە سەر خۆیان، ئەگەرچی هەوڵەکانی دواتری ئەو ئەم شتە پشتڕاست ناکەنەوە. ویستێکی ماکیاڤێلیستی و فێڵبازانەی دیکەشی خراوەتە پاڵ: دەڵێن ئەو دەیزانی ئەو ڕاگەیاندنە پێشوەختەیە کۆچەرنشینەکان وەدەنگ دێنێ و دەنگی ناڕەزایەتییەکەیان وا هەڵدەستێنێ، کە پەڕلەمان بەناچار یەکدەنگ و یەکهەڵوێست دەبێ و لە داخان لەسەر مافی دەسەڵاتدارێتییەکەی خۆی سوور و پێداگر دەبێ.

هاواری ئەمریکا هەر بە ڕاستی ڕوون و بێ جڵەو بوو بەڵام وەختێک گەیشتە گوێی بەریتانیا، کە هەر هەمووان فکر و زکریان لای شتێکی دیکە بوو مەسەلەیەک کە سەگی نووستووی لە وڵاتدا وەخەبەر هێنا ــ مەسەلەی ویلێکس بوو. مەبەست ئەوە نییە کە ویلێکس کارێکی کرد، خەڵک سەرنجیان چەواشە بێت و ئەمریکایان لەبیر بچێتەوە، چونکە هەر ئەوێیان بەلاوە گرنگ نەبوو هەتا لەبیریان بچێتەوە. هەوڵ و تێکۆشانەکانی ساڵانی ١٧٦٣ ــ ١٧٦٤ ناماقووڵ و بێجێ نەبوون. ناشکرێ لە خۆوە ناوی گەمژەیی لێ بنێی، مەگەر

*واتە ویستی دڵی هەموو ئەو کەسانەیە کە خوازیارن کۆک و هاوڕابن لەسەر مەسەلە و بابەتەکان.

لەو ڕووەوە کە خەسڵەت و خووخدە و حەز و هۆگرییەکانی خەڵکەکەی ئەوێ لەبەرچاو نەگیرێ.
بەڵام سەرنجدان بە هۆگری و حەزی خەڵکە خۆولاتییەکە، لە جەوهەری حکوومەتە ئیمپراتۆرییەکاندا نییە. کۆچەرەکان، خەڵکێکی ساوا یان "کۆمەڵێکی شێواو و کێوی" نەبوون، ڕۆڵەی ناڕازییەکان و جیابیرە لە ڕادەبەدەر ئازا و بە ورەکانی بە ڕەچەڵەک بەریتانی بوون. مەسەلە لە بنەڕەتدا شێوەی هەڵسوکەوت بوو. ئینگلیسییەکان بە شێوازی ئیمپریالیستیانە، وەک حاکمێک چۆن لەگەڵ حوکمدراوێک دەجووڵێتەوە و چۆنی بیر لێ دەکاتەوە، ئاوا بوون. کۆچەرییەکانیان خۆیان لەگەڵ ئەوان پێ یەکسان بوو و لە خۆتێهەڵقورتاندن بێزار بوون و هەر شنەبایەکی لە لای زەریاوە هاتبایە، ئەوان بۆنی سەرەڕۆییان لێ دەکرد.
ئازادی، بنەماییترین هەستی سیاسیی سەردەم بوو. هیچ کەس کەیفی بە حکوومەت نەدەهات. شەقامەکانی لەندەن پڕ بوون لە لێدان و زەبروەشاندن و دزی، سەرەڕای ئەوەش نەیاندەهێشت هێزی پۆلیس پێک بێ، (٥٩) وەختێک لە پشێوی و هەراکانی گۆردۆن لە ١٧٨٠دا، پاش چەند ڕۆژان زەبروزەنگ و تێکهەڵچوون و سووتمان و کوشتار، لۆرد شێلبێرن ڕای خۆی دەربڕی و گوتی، کاتی ئەوە هاتووە هێزێکی سەربەخۆی پۆلیس پێک بهێنن، پێیان گوت، ئەوە بەرگری لە شتێک دەکات، کە هەر بەکاری حکوومەتە دیکتاتۆرییەکەی فەڕەنسا دێ. بیرکردنەوە لە سەرژ ومێری لەو سەروبەندانەدا، بە دەستدرێژییەکی تاقەتبڕ دادەنرا. لە ساڵی ١٧٥٣ـدا نوێنەرێک لە پە ڕلەمان ئەو کارەی بە کۆکردنەوەی زانیاری بۆ "کاربەدەستە سیاسییەکان ی دەوڵەت و سەرۆکی ئیدارەکانی ماڵیات" و "کاولکەری دوایین ئاسەواری ئازادیی ئینگلیسی" (٦٠) لە قەڵەم دا و گوتی، ئەگەر کاربەدەستێک داوای کۆمەڵێک زانیاریی لەسەر ماڵ و خێزانەکەی لێ بکا، خۆی لێ دەبوێرێ و ئەگەر کاربەدەستەکە پێداگر بێ، دەیگرێ و دەیخاتە نێو کۆلی ئاوخواردنەوەی ئەسپەکان. ئەو کەفوکوڵانە بوو کە ئاگری دژایەتی لەگەڵ ماڵیاتدانان و مەسەلەی ویلێکسی خۆش دەکرد.

مەسەلەی ویلێکس، کە گەورە بۆوە و بوو بە مەسەلەیەکی لە ڕادەبەدەر پڕبایەخی دەستوور، بۆ ئەمریکا گرینگ بوو لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک پشتیوانی بۆ ئامانج و خەونی ئازادی کۆ دەکردەوە.

هەم مافی پەڕلەمانی کە ویلێکس نوێنگەی بوو هەمیش مافی ئەمریکییەکان، وەک مەسەلەی ئازادی سەیری دەکرا و ئەوانەی لە مەسەلەی ویلێکسدا بەرهەڵستی حکوومەت بوونەوە، هەر لەبەر خاتری ئەمڕاستییەش بوون بە یار و پشتیوانی ئەمریکا. جۆن ویلێکس نوێنەری پە ڕلەمان و پیاوێکی بێ ئەدەب بەڵام زۆر قسەخۆش و مەجلیس خۆش بوو. لەو جۆرە بنیادەمانە بوو کە لە سای جنێوفرۆشییەوە ناوبانگ دەردەکەن.

ساڵی ١٧٦٣ لە بڵاڤۆکەکەی خۆیدا، نۆرت برەیتن زۆر توند بەگژ هەلومەرجەکانی ئاشتەوایی شەڕی حەوت ساڵە لەگەڵ فەڕەنسادا هاتەوە و جنێوی بە پادشاش دا. حوکمی دەسبەسەرکرانی دەرچوو و بە تۆمەتی فیتنەنانەوە و بێ ڕێزی قۆڵبەست کرا و لە برجەکەی لەندەندا زیندانیان کرد. دادئەستێنی گشتی، پرات "لۆرد کەمدێنی داهاتوو) بەهۆی پارێزەیی پەڕلەمانییەوە فەرمانی ئازادکردنی دا. بەڵام ویلێکس بە دەنگی زۆرینە لە پەڕلەمانی ئاسایی(مەجلیسی عەوام) دەرکرا و ڕایکرد چووە فەڕەنسا. ئیتر لە نەبوونی خۆیدا، بە تۆمەتی بوختانکردن بە پادشا و هەرزەیی دادگاییان کرد. تۆمەتی هەرزەیی ناڕەوا بوو و لەبەر بڵاوکردنەوەی نهێنیی نووسراوێکی بێدەرپێیانە بوو بەناوی "نامیلکەیەک لەبارەی ژنانەوە" کە دۆستەکەی پێشووی خۆی واتە لۆردی ساندۆڤیچ، وشەبەوشە لە مەجلیسی لۆردەکاندا بەدەنگی بەرز خوێندییەوە.

ئەو هەرا و هەنگەمانە، ئیتر مەحکوومکرانەکەی ویلێکسی بە تاوانی سەربزێوی تەواو بڕاندەوە و قەیرانێکی بەدوای خۆیدا هێنا. بەرهەڵستەکانی دەوڵەت لە پەڕلەماندا کە ئیتر خۆیان بە دیفاع لە ویلێکسەوە نەبەستبۆوە، لێک کۆ بوونەوە و گەڵاڵەیەکیان خستە ڕوو کە بڕیاری قۆڵبەستکردن و گیرانەکەی ئەوی بە نایاسایی لەقەڵەم دەدا. زۆرینەیەکی کەمی لایەنگری دەوڵەت کە هەر چواردە کەس لە بەرهەڵستەکان پتر بوون، ئەو گەڵاڵەیەیان ڕەت کردەوە و هەر ئەم زۆرینە کەمە دەری خست، وەختێک پە ڕلەمان هەست بکا مافەکەی پێشێل کراوە، شکۆمەندی و گەورەیی پادشایانەیش هیچی لەدەست نایە. پادشا

تووڕە بوو و فەرمانی بە گرێنویل کرد، هەموو ئەو کەسانەی کە دەنگی دژیان دابوو و لە دەربار و لە دەوڵەتیشدا پلەیەکیان هەبوو لەسەر کار لابەرێ. کاکڵە بنەماییەکەی بەرهەڵستی بەو جۆرە بیچمی گرت و وردە وردە گەشەی کرد. جۆرجی سێیەم سیاسەتمەدارێکی زۆر زیرەک و بەمشوور نەبوو.

"پێداگرتنەوە لەسەر مافێک

کە سوور دەزانن دەستەبەر نابێ"١٧٦٥

مەکۆلی(٦١) لە یەکێک لە بانگەوازە ڕوونەکانی خۆیدا بۆ مەزنیی مێژوویی، ڕایگەیاند، ئەوماڵیاتە پووڵەی گرێنویل لە١٧٦٥ـدا داینا، "تا دنیا دنیایە" لەبیر ناکرێ و ئەوەیشی لێ زیاد کرد، کە چارەنووس وابوو ئەم کارە"شۆڕشێکی ئەوەندە مەزن هەڵاییسێنێ، کە هەموو نەژادی مرۆڤ تا ماوەیەکی درێژ هەست بە کاریگەرییەکەی بکەن" (٦٢) و دەوڵەتەکەی گرێنویلی سەرکۆنە و لۆمە کرد کە بۆچی لە پێشدا دەرکەوتەکانی کارەکەی نەدی. دیارە ئەوە ڕوانینە لە ڕابردوو تەنانەت کاربەدەستانی کۆچەرنشینەکانیش پێیان وانەبوو ئەوەی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئینگلیسییەکان ئەوەندەیان زانیاری بەدەستەوە بوو کە بەرگریی پێداگرانەی ئەمریکییەکان و دوورەدیمەنی گرفتاری و کێشە جیدییەکان مەزەندە بکەن.

ڕاپۆرتەکان پەیتاپەیتا دەهاتن و لە لەندەن، کرانیکل و بڵاڤۆکی دیکە چاپ دەبوون و هەمووش نیشاندەری ناڕەزایەتی لە قانوونی قەند و تووڕەیی پێشنیاری ماڵیاتی پووڵ بوون. لە لای ماساچۆسێت و ڕۆدئایلەند و نیویۆرک و کۆنێتیکات و پەنسیلڤانیا و ڤیرجینیا و کارۆلینای باشووریشەوە کۆمەڵێک ناڕەزایەتیی زۆر توند هاتە ئارا و هەر کامەشیان پێی لەسەر "مافی خۆی و نکۆڵی لە مافی پەڕلەمان بۆ دانانی ماڵیات" دادەگرتەوە. تۆماس هاچینسن، جێگرە چارەڕەشەکەی قایمەقامی ماساچۆسێت، کە زیاتر لەوەی مافی خۆی بوو زیانی لەو کۆچەرنشینە بینی، پەردەی لە هەڵە بنەماییەکەی بەریتانیا لادا(٦٣) و لە نامیلکەیەکدا، کە کۆمەڵە نەسکێکی بۆ حکوومەت ناردە لەندەن، تێیان خوڕی و گوتی، ئەو داهاتەی لەڕێگەی دانانی ماڵیات لەسەر ئەمریکا بە دەوڵەتی بەریتانیا دەبڕدرێ، ئامانجێکی باش و دروست نییە، چونکە ئەو سوود و دەستکەوتانەی بەریتانیا لە بازرگانی لەگەڵ کۆچەرنشینەکان کە بەهۆی

نیازخراپییەوە دەکەوێتە مەترسییەوە، زۆر زۆر زیاترە لە هەر داهاتێکی کە لەوانەیە لەڕێگەیماڵیاتەوە بێتە دەستمان.

هاچینسن، ئەو ڕوخسارە بەداخەی لایەک خراپەی دەگوت و لایەکی دیکە بەهەندی نەدەگرت، زۆر زوو گەمژەییەکەی بەریتانیای دیت. ئەوانی دیکەش لێیان ڕوون نەبوو مەسەلەکە چییە. بینجامین فـڕانکلین لە یادداشتێکی خۆیدا، گوتوویەتی، ئەمریکییەکان جارێ حەزیان لە کاڵا و ڕێوڕەسم و دابونەریتی بەریتانیایە، بەڵام "لێشی بێزار دەبن. بازرگانی و دان و ستاندن لە ڕێگەی داهاتی ماڵیاتییەوە، زیانی پتری لێ دەکەوێتەوە" و فکرێکی بە زەینیدا هات، کە دەبوو ببێتە ئامانجی حکوومەتی بەریتانیا:"خۆ بەقازانجی مرۆڤ نییە، هەر شتێکی مافی خۆی بوو بیکا".(٦٤) و هەر ئەوەش بوو بە هەوێنی بیردۆزەکەی برێک کە "هەتا مەسڵەحەت نەبێ، نابێ بنەماکان بخرێنە گەڕ.

کە تۆمار و نارەزایەتییەکان گەیشتنەوە لەندەن (سەفەری دەریایی لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات چوار تا شەش حەفتەی دەخایاند و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە بەرەو ڕۆژئاوا چەند ڕۆژێک پتریش) گرێنویل سەرقاڵی دارشتنی قانوونی پووڵ بوو. چوار کەس لە بەرپرسانی کۆچەرنشینەکان، بێنجامین فـرانکلین و ریچارد جەکسن و چارلز گارت نوێنەری پە ڕلەمان و نوێنەر ی مەریلەند و کارۆلینای باشوور و جەردێ ئینگلرساڵ کە تازە لە کۆنێتیکاتەوە هاتبوو پێکەوە چوونە لای گرێنویل بەشکم پێشی بگرن. وتووێژەکان زیاتر باسی ڕێگەچارەیەکی دیکە واتە ماڵیاتدانان لەسەر کۆچەرەکان بوو. گرێنویل پرسیی، ئاخۆ دەکرێ بڵێن هەر کامەتان چەندەتان پێ کۆ دەکرێتەوە؟ نوێنەرەکان، کە هیچ ڕێنوێنییەکیان لەو بوارەوە پێ نەدرابوو هیچ وەڵامێکیان نەبوو بیدەنەوە و گرێنویلیش لە ڕاستیدا وەڵامی نەدەویست. ئەو دەیەویست مافی ماڵیاتدانانی پە ڕلەمان بۆ ئێستا و داهاتوو بچەسپێنێ. هەر بۆیە بەدوای مەسەلەکەدا نەچوو و لە وەڵامی نوێنەرەکانیشدا کە چەندە پارە پێویستە، هەر بە ئانقەست بێدەنگەی لەو بابەتە کرد.(٦٥)

ڕێگەچارەی کردەیی هەر لە سەرەتاوە ئەوە بوو: ئەگەر مەبەستی بەریتانیا ئەوە بووە کە کۆچەرنشینەکان تێچووی بەرگری لە خۆیان بدەن ــ کە

داوایەکی بەجێ بوو ــ دەکرا و دەبوو بە کۆچەرنشینەکان بڵێ، خۆیان ئەو گوژمەیە دابین بکەن. ئەوان بۆ ئەم کارە ئامادە بوون. پۆلەمانی ماساچۆسێت لە ١٧٦٤دا لە عەریزەیەکدا بۆ فرانسیس بێرناردی قایمەقامەکەی ئەوێ، داوای کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کرد، بۆ ئەوەی پەرلەمانەکەی خۆیان لەبری پەرلەمانی بەریتانیا ماڵیات بخاتە سەر ئەیالەتەکان. (٦٦) بەڵام قایمەقام، سەرەڕای ئەوەی قەبووڵی بوو کەچی خۆی لێ بوارد، چونکە دەیزانی بەبێ ئیجازەی تایبەتی گرێنویل بێفایدەیە. سەنسیلڤانیا فەرمانی بە نوێنەرەکەی خۆی لە لەندەن کرد، ڕایگەیەنێ، ئەگەر بێت و بە گوێرەی پێویست برە پارەیەکی دیاریکراویان لێ داوا بکەن، ئامادەن کۆی بکەنەوە. بە قسەی ئەو نوێنەرە، چارلز گارت "زۆربەی کۆچەرەکان ڕەزامەندیی خۆیانیان دەربڕی، کە پاش ئەوەی داوا پێویستەکەیان لێ بکرێ، یارمەتیی وڵاتی دایک بدەن."(٦٧)

دژایەتی و بەرهەڵستیی کۆچەرنشینەکان هەر ئاوا لێبڕاوانە دەربڕدرا. وەختێک تۆماس ویتلی، نوێنەری پە ڕلەمان و وەزیری خەزێنەرداری و بەرپرسی ئامادەکردنی پێشنووسی گەڵاڵەی پووڵەکە، لە نوێنەرەکانی پرسی، پێتان وایە ئەمریکا چ دژکردەوەیەکی هەبێ، هەر هەمووان پێیان گوت، ئەو ماڵیاتە نە "لە قازانجە" و نە "دووربینانەش". ئینگرساڵ لە کۆنێتیکاتەوە گوتی، کۆچەرنشینەکانی دانیشتووی نیوئینگلەند "هەر زراویان چووە و تۆقیون لەوەی نەکا شتێکی وا بکرێ"، و ئەگەر وا بێ، زۆربەی خاوەن زەوییەکان گوتوویانە "ماڵ و سامان و خێزانیان دەبەن و دەچنە وڵاتێکی دیکە." ( ٦٨) ئەو قسانەی هیچ کاریان لە ویتلی نەکرد، چونکە بەبێ ئەملاوئەولا گوتی"هەندێ لەو ماڵیاتانە سەداسەد پێویستن."( ٦٩) بەڵام ئەوەش دوایین قسە نەبوو. نوێنەرەکەی بەریتانیاش، ستی وێن هاپکینز کە قایمەقامی پادشایەتیی ڕۆدئایلەند بوو لە نامیلکەیەکدا بەناوی تاوتوێکردنی مافی کۆچەرنشینەکان، بەرهەڵستیی پێداگرانەی هاووڵاتییە ئەمریکییەکانی خاوەنشکۆی، دژی دانی هەرچەشنە ماڵیاتێک، مەگەر بە دەنگی "نوێنەری خۆیان وەک هاووڵاتییە ئازادەکانی دیکەی خاوەنشکۆ" دەربڕی. ( ٧٠) پەرلەمانی ڕۆدئایلەند بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو کەفوکوڵە، نامیلکەکەی ئەوی لەگەڵ عەریزەیەکدا نارد بۆ نوێنەرەکەی خۆی،

بیدات بە پادشا. پەرلەمانی نیونیۆرکیش لە عەریزەیەکی دیکەدا بۆ پادشا و بۆ هەر دوو پەرلەمانەکە "زۆر خۆمانە پاراوە" (٧١) و داوای کرد پەرلەمان جگە لە رێکخستنی بازرگانییەکان، "هەرچەشنە بار و قورساییەکی ماڵیی دیکە، کە لەپێناوی بەرژوەندی گشتیدا بخرێتە ئەستۆی خەڵکی، با بە دەزگای یاسادانانی ئەو هەرێمەکۆچەرنشینە بسپێرێ."(٧٢)

زۆر بەڵگە لەبەر دەست بوون، کە ماڵیاتدانانەکەی پە رلەمان لەسەر کۆچەرنشینەکان، بەتوندی بەرپەرچ دەدرێتەوە. سیاسەتدارێژەران، گوێیان بەو شتانە نەدا، چونکە بەریتانیایان بە خاوەنی مافی دەسەڵاتداری و کۆچەرنشینەکانیشیان بە بەردەستی خۆیان دەزانی، لەبەر ئەوەی ئەمریکییەکانیان بەهەند نەدەگرت و جا چونکە گرێنویل و هاوکارەکانی ئەو کە خۆیان گومانیان لە رەوابوونی ئەو کارە هەبوو دەیانویست ماڵیاتەکان بەجۆرێک وەرگرن، پێگەی بەرزی پە رلەمان هەر پارێزراو بێ. ئەم هەوڵە کلاسیکە و خۆشکاندنە دڵخوازانەیە، بەپێی هەموو بەڵگەکان شتێکی خراپ بوو. گرێنویل هیچ "داواکارییەک"ی فەرمیی بۆ کۆچەرنشینەکان نەنارد بۆ ئەوەی خۆیان ماڵیات بخەنە سەر خۆیان و بە رەتکردنەوەی ئەو رێگەچارەیە، رێگەی بۆ راپەرین و شۆرشەکە خۆش کرد.

عەریزەکانی کۆچەرنشینەکان لە پەرلەمان وەرنەگیران و بە نەخوێندراوەیی مانەوە، بەو بیانووەی سکاڵا لە گەلاڵە داراییەکان رێگەپێدراو نییە. جەکسن و گارت لە پە رلەمانی عەوامدا قسەیان کرد و گوتیان:"مادام ئەمریکییەکان نوێنەریان لە پەرلەماندا نییە" پەرلەمانی بۆی نییە ماڵیاتیان بخاتە سەر. وەزیری بازرگانی، پارلز تاونزیند، کە زۆر زوو بوو بە روخسارێکی گرنگی نێو کێشەکان، بۆ وەلامدانەوە هەستا و یەکەم دەموساتی هەژان و وررووژانی مەسەلەکەی ئەمریکای هەلایساند. پرسیی، ئاخۆ رەوایە ئەمریکییەکان "ئەو منداڵۆچکانەی بە چەکی خۆمان لەوێمان دانان، مل بادەن و سەرپێچی بکەن بۆ سووککردنی ئەو بارە قورسەی لە سەر شانی ئێمەیە؟"

عەقید ئایزاک بارێ، سەربازێکی یەک چاوی توورەوتۆسن بوو کە شان بە شانی رۆلف و ئامێرست لە ئەمریکا شەری کردبوو لەوە پتر خۆی پێ نەگیرا،

هەستایە پێ و گوتی:"ئێوە ئەوانتان لەوێ دانا؟ نەخێر، زوڵم و زۆری ئێوە، ئەوانی گەیاندە ئەمریکا.. کارئاسانیی ئێوە ئەوانی پەروەردە کرد؟ نەخێر، ئەوان لە پشتگوێخستن و بەهەندنەگرتنەکانی ئێوەدا گەشەیان کرد و هەڵیان دا.. کەی چەکی ئێوە، ئەوانی پاراست؟ ئەوان بوون کە جوامێرانە بۆ بەرگری لە ئێوە چەکیان هەڵگرت.. و بڕواتان بێ و لەبیریشتان نەچێ، کە من ئەمڕۆ پێتانم گوت، هەر ئەو ورە و گیانە ئازادیخوازانەیەی ئەو خەڵکەی جووڵاند، دیسان دەبێتەوە پشتیوانیان.. ئەوانە خەڵکێکن کە بە ئازادییەکانی خۆیانەوە دەنازن و هەر کات ئەم ئازادیانەیان پێشێل بکرێ، تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە ــ بەڵام مەسەلەکە زۆر هەستیارە و من لەوەپتر قسە ناکەم." ئینگرساڵ دەنووسێ، ئەو کەفوکوڵانە ئەوەندە خۆڕسکانە ڕژانە دەرەوە، ئەوەندە بەهێز و تۆکمە بوو و ئەوەندەش لەپڕ بڕایەوە، کە هەموو پەڕلەمان واقی وڕ ما و چاویان بە مۆڵەق وەستا بەبێ ئەوەی کەس یەک قسەش بکا."( ٧٣) ئەوە لەوانەیە یەکەم ساتێک بووبێ، کە دەکرێ هەر چەند کەسێک زانیبێیان چییان لەپێشە.

باری، کە لە کێبێک فیشەکێکی وەچاوی کەوتبوو و ئاسەواری برینەکەی هەر بە ڕوخسارییەوە دیار بوو و بە "مۆڕەمۆڕێکی بێ ئامانەوە" سەیری دنیای دەکرد، بوو بە وتەبێژی بەرهەڵستکاران و یەکێک لە بەرگریکەرانی دیاری ئەمریکییەکان. ئەو لە ڕەچەڵەکی هۆگنۆکان و لەدایکبووی دەبلین بوو و لە کۆلێژی تەرینیتیی ئەو شارە دەرسی خوێندبوو (شێریدان، باوکی تۆماس، گوتی، ئەم کۆلێژە "نیوەی باخی ورچان و نیوەشی قەحبەخانەیە")(٧٤) باری لە سوپا هاتبووە دەرێ، لەبەر ئەوەی شا نەیهێشتبوو پلەی بەرزتر بێتەوە و بە ئەمری شێلبێرن کە ئەویش لە ئیرلەند ا لەدایک ببوو بەنوێنەری پە ڕلەمان هەڵبژێردرا. ئەمریکییەکان بە ناونانی شاری ویلێکس ـ باری لە ئەیالەتی پەنسیلڤانیا، ــ شان بە شانی پشتیوانییەکانی لایەنگرێکی دیکە (دیارە لایەنگر بە واتایەکی تایبەت) ــ ڕێزیان لە پشتیوانییە ڕاشکاوانەکەی گرت.

وریاکردنەوەیەکی لەوەش ڕوونتر، لە کاتی خوێندنەوەی دووەمی گەڵاڵەکەدا هاتە گۆڕێ: ژەنەڕاڵ کانۆڤی، زۆر توند قسەی لەسەر پشتگوێخستنی عەریزەی کۆچەرنشینەکان کرد و پێشنیاری کرد، ئەوانە لە پە ڕلەمان بخوێندرێنەوە.

پرسیی:"ئەگەر لە زمانی خۆیانەوە نەبێ، کێ پێمان دەڵێ بارودۆخی کۆچەرنشینەکان چۆنە و ئەو ئاکامە شوومەی لەوانەیە لەوماڵیاتانە بکەوێتەوە چییە؟"(٧٥)

زۆربەی دەرچووانی قوتابخانە بەرزەکان دیارە پێشنیارەکەی ئەویان ڕەت کردەوە. ئەو کۆنەسەربازە خاراوە، ئامۆزا و هاوڕێی نزیکی هۆراس والپۆل بوو پیاوێکی بەژن و باڵاجوان و لەبەردڵان و بەشە ڕەف و بەڕواڵەت یەکەم کەسیش بوو کە ئاماژەیەکی بە ئەگەری "ئاکامە شوومەکان" کرد، بەڵام چونکە لە مەسەلەکەی ویلێکسدا دژی دەوڵەت دەنگی دابوو لە ڕیزی ئەوانەدا بوو وا کەوتبوونە بەر ڕق و غەزەبی پادشایانە و لە هەموو پلەوپایەیەکی دەرباری و تەنانەت لە فەرماندەیی لیواکەی خۆیشی کە پێی دەژیا، بێبەش کرابوو. بەو حاڵەشەوە، یارمەتیی ماڵیی لە هیچ برادەر و دۆستێکی وەرنەگرت و لەگەڵ بارێ و ڕیچارد جەکسن و لۆرد شێلبێرن، یەکەم پێکهاتەی بەرهەڵستکەرانی دژی سیاسەتە ئەمریکییەکەی دەوڵەتیان پێکهێنا و بۆ هاوکاری، لە ماڵەکەی شێلبێرندا کۆ دەبوونەوە.

لۆرد شێلبێرن لەو کاتەدا تەمەنی ٣٢ ساڵان بوو و بەتواناترین موریدی پیت و پاش ئەو ئازادبیرترینی وەزیرەکان بوو ـ لەوانەیە لەبەر ئەوەش بێ کە نەچووبووە قوتابخانەی وۆست مینستەر یان ئایتن ـ وەک بڵێی پەروەردە سەرەتاییەکەی ئەو لە ئیرلەند ا، وەک خۆیشی دەڵێ "زۆر زۆر بە بێخەبەری تێپەڕی".

هاوکارەکانی ئەو ناویان نابوو "یەسووعی" و زۆریش بە زیرەکیان دەزانی و بۆیەش زۆریان متمانە پێی نەبوو هۆگری نەبوون. بەو حاڵەشەوە لەبەر ئەوەی بەگوێرەی پێویست بەتوانا بوو قەت وانەبوو ماوە یەکی زۆر بێ ئیش بێ و سەرەڕای هەموو بێمتمانەییەکە، لە ١٧٨٢دا بوو بە سەرۆکی وەزیران و ئەو دانوستانانەی سەربەخۆیی ئەمریکایان لێ کەوتەوە، ئەو کردنی. ئەو لە خەڵک بەگومان و لە سیاسەتدا پێشکەوتوو بوو و ڕەنگبێ لەبەر

بیروبۆچوونەکانیشی بووبێ کە خۆشەویست نەبوو. شێلبێرن دژی دەرکرانی ویلێکس بوو و لەگەڵ ئازادکردنی کاس ولیکەکان و بازرگانیی ئازاددا بوو و تەنانەت دواتریش، بەپێچەوانەی بێرک، بوو بە لایەنگری شۆڕشەکەی فەرەنسا.

لۆرد شێلبێرن ئیجارە و داهاتێکی زۆر کەلانی لەسەر ملکەکانی خۆی لە ئیرلەند ا و بەریتانیا وەردەگرت و یەکێک بوو لە هەرە دەوڵەمەندە خاوەن زەوییە نادیارەکانی ئیرلەندا. تاقانە وەزیرێک بوو کە وەک جێرێمی بێنتام ( ٧٦) دەڵێ، لە خەڵک نەدەترسا و وەک دیزێریلی(٧٧) دەڵێ، یەکەم وەزیرێک بوو کە لە گرنگیی ڕۆژلەڕۆژ ڕوولەگەشەی چینی ناوەڕاست تێگەیشت. بە شێوازی دەرەبەگان دەژیا. ملکەکەی دەرەوەی شاریی، کیپابیلیتی بڕاون بۆی ڕازاندەوە و گۆڕەپان و دیوارەکەی بۆ داڕشت و خانووەکەی شاریشی، ڕابێرت ئەدەم (٧٨) بۆی داڕشت و جاشۆڤا ڕینۆلدز( ٧٩) چەند جاران وێنەیەکی تاقانەی لە ڕوخساری کێشا. ئەو لەوەش پتر پشووی لێ هەڵکێشا و کتێبخانەیەکی پڕ لە کتێب و نەخشە و دەستنووس ــ کە لە هەرزانفرۆشکردنەکەی پاش مەرگیدا، ٣٠ ڕۆژی خایاند تا هەمووی فرۆشرا ــ و کۆمەڵێک بەڵگەی مێژووییشی کۆ کردەوە، کە ئەوانە بە یارمەتی و هاوکاریی تایبەتی پە ڕلەمان، بۆ وڵاتەکە کڕدرانەوە. شێلبێرن، وەک پیت و بێرک، زۆر سووک و سانا تێگەیشت زۆرەملی بەسەر ئەمریکادا، کارێکی خراپ و هەڵنەسەنگێنراوە و دەسبەجێ دژی وەستا و وریایی دا.

ماڵیاتی پووڵ ــ یەکەمین ماڵیاتی ڕاستەوخۆ کە خرا ﻊ سەر ئەمریکا ــ لە سێیەمین خوێندنەوەیدا بە ٢٤٩ دەنگی لایەندار لە بەرامبەر ٤٩ دەنگی بەرهەڵستەکاریدا، پەسند کرا. ئەوە هەر ئەو زۆرینە باوەی پێنج بە یەک بوو کە هۆراس والپۆل لەبارەیەوە گوتی:"زۆر کەم تێدەگەیشتن.. و کەمتر سەرنجیان دەدایە شتێک." بەلام سیاسەتمەدارە شارەزاکان زۆر باش لێی تێدەگەیشتن. ویتلی گوتی: ئەوە "هەنگاوە مەزنەکەی" ئەودەم بوو چونکە "مافی پەڕلەمانی لە دانانی ماڵیاتی ناوخۆیی لەسەر کۆچەرنشینەکان" چەسپاند. ئیدوارد سێجویکی

هاوکاریشی، کە جێگری وەزیر بوو پشتڕاستی کردەوە کە ئەم هەنگاوە سەرەڕای پەسندکراوەکانی پە ڕلەمانەکانی ئەمریکا، بە ئاگایی و بەرچاوڕوونییەوە بوو "چونکە پێمان وابوو بە دووبارە جێبەجێکردنەوەی ئەو مادەیە، مافەکە مسۆگەر دەکەین". (٨٠)

دژکردەوەی ئەمریکییەکان توند و بەربڵاو بوو چونکە بەپێی ئەو قانوونە نەک هەر هەموو بڵاقۆک و بەڵگە یاسایی و بازرگانییەکان دەبوو پووڵیان پێوە بێ، بگرە شتگەلی وەک پسوولەی کەشتییەکان و ئیجازەی مەیخانە و تەنانەت تاوڵە و کۆنکانیشی دەگرتەوە و چالاکیی جۆراوجۆری هەموو چینەکانی، چ لە نیووئینگلەند و چ لە کۆچەرنیشنەکانی دیکەش، لەخۆ دەگرت. پەسندکردنی وەها قانوونێک، بەدوای قانوونی قەنددا، خەڵکەکەی ئەوەندەی دیکە بەدگومان کرد لەوەی ئینگلیسییەکان نەخشەیان کێشاوە بە وردبینی و هەڵسەنگێنراوی، لە پێشدا پشتی ئابووری بشکێنن، جا ئەو جارە کۆچەرەکان بکەنە کۆیلەی خۆیان. پەڕلەمانی ڤیرجینیا بۆ ئیدانەکردنی قانوونی پووڵ، کۆبووەوە و پاتریک هێنڕی (٨١) لەو کۆبوونەوەیەدا هەتا لێواری ناپاکی و خیانەت چووە پێشێ و چارەنووسەکەی قەیسەر و چارلزی یەکەمی وەبیر جۆرجی سێیەم هێناوە. وەختێک بۆستۆن لە دەنگی ڤیرجینیا، یان وەک هاچینسن نووسیویێتی، لە دەنگی دنیاداگری هەموو خەڵکەکە ئاگادار بۆوە، پشتیوانیی لێکرد . بەو باوەڕەوە کە "ئەگەر قانوونی پووڵ جێبەجێ بکرێ، هەر هەموومان کۆیلە دەکرێین."( ٨٤) "ڕۆڵەکانی ئازادی" لە شارەکان یەکیان گرت بۆ ئەوەی بەرخۆدانەکە پەرە پێ بدەن. جموجۆڵی هەمووانی بۆ ناچارکردنی کاربەدەستانی پووڵ بۆ دەستلەکارکێشانەوە، جەماوەری جماند و وەجووڵەی خست، ماڵی کاربەدەستەکانیان بەتاڵان برد و تێکیان شکاندن و کۆتەڵێکی لە سێدارە دراویان لێیان دروست کرد و بەو داوەڵەوە بە شەقامەکاندا ڕۆیشتن. کاربەدەستەکانی پووڵ، لە بۆستۆن و نیوپۆرت پەندیان وەرگرت و هەموو

دەستیان لەکار کێشاوە. لە مانگی نۆڤەمبەردا، کە قانوونەکە خرا ع بواری جێبەجێکردنەوە، هیچ کاربەدەستێک لەسەر کارەکەی نەبوو هەتا جێبەجێی بکا.

تێکدەران و نووسەری گەنگەشەنامەکان، ئاگری کەفوکوڵ و هەژانی خەڵکەکەیان بڵێسەدار ڕادەگرت. لە کەنەداوە هەتا فلۆریدا، هیچ بنەماڵەیەک نەبوو هەواڵی ئەو قانوونەی پێ نەگەیشتبێ، بەڵام دەگمەن بوون ئەوانەی دەیانزانی لەوانەیە چ مەترسییەکی لێ بکەوێتەوە. گوندییەکی بەڕێز، کە نۆکەرەکەی دەترسا شەوانە و بەتاریکی بچێتە گەوڕ، لێی پرسی"لەچی دەترسی؟" نۆکەرەکە لە وەڵامدا گوتی"لە قانوونی پووڵ".( ٨٣) بە پێی ڕاپۆرتەکەی ئێزرا ستایلز، وتاربێژ و سەرۆکی داهاتووی زانکۆی یەیل، لە هەر چوارکەسی خەڵکی کۆنێتیکات، سێ کەسیان ئامادە بوون شمشێر هەڵگرن.(٨٤) لەوەش سەیرتر و بۆ هەر ئینگلیسییەک کە بۆ زەنگێکی هەڕەشە لەسەر هەست بوو سەیروسەمەرە ڕێکەوتنی نۆ کۆچەرنشین بوو لە مانگی ئۆکتۆبەردا لە کۆنگرەی قانوونی پووڵی نیویۆرک. پاش دوو حەفتەونیو مشتومڕ لە سەر عەریزەیەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی قانوونی پووڵ، هاوڕا بوون. کۆچەرنشینەکان، هەمیشە جیاوازییان کردبوو لە نێوان دانانیماڵیاتی بەجێی ناوخۆیی "ناو سنوورەکە" وەک پیتاکی بازرگانی و ئەو ماڵیاتە ناماقووڵەی لە "دەرەوەی سنوورەکان" لە بواری کاروباری ناوخۆییەوە دادەنران و ئیتر ڕێککەوتن. ئەو جیاوازییە پڕکێشەیەی وا ڕۆڵێکی گەورەی لە هەموو مشتومڕەکانی ئەمریکادا هەبوو بەلاوە بنێن.

لە سەرووی هەموو ئەو قسە و عەریزانەوە، ناڕەزایەتیی کاریگەر، ئابلۆقەی هاوردە بوو. ئەو ئابلۆقەیە، پێشتر لە دژکردەوە دژی قانوونی قەندا بەکار هێنرابوو و ئێستاش تاقمی بازرگانان لە بۆستۆن و نیویۆرک و فیلادەلفیا، هەر بە فەرمی بەرنامەی خۆبواردن لە هاوردەکردنی کاڵا ئینگلیسییەکانیان هەڵبژارد و پەیڕەویان کرد. تاسەباری و کەفوکوڵی خەڵک، ئەو پەیامەی گەیاندە کۆچەرنشینەکانی دیکەش. ژنان مەکینەی ڕستن و چنینەکانی خۆیانیان بردە

ژووری میوانی قەشە یان دادگای ناوچەکەیان و بە مەبەستی بەرهەمهێنانی زیاتری گلۆڵەبەن بۆ چنینی قوماشی خۆماڵی و دەستکرد لەبری قوماشی ئینگلیزی، کەوتنە کێبڕکێ و هەر لە کەتان و لۆکە قوماشیان بۆ کراس چنی، "نەرم و ناسک، شایانی مەزنترین فەرخەئاغاکانی ئەمریکا."( ٨٥) لە کۆتایی ساڵدا، لە کۆی دوو ملیۆن لیرەی هەناردە، ٣٠٥٠٠ لیرەی لە چاوی ساڵی پێشوو کەم ببۆوە.

ئاخۆ بەریتانیا چارەیەکی دیکەی نەبوو؟ دیارە هەیبوو.ڕێگەچارە، هەر وەک زۆر کەس گوتیان، ئەوە بوو داخوازیی ئەمریکییەکان وات ا مافی هەبوونی نوێنەر لە پەڕلەماندا قەبووڵ بکا و ئینجاماڵیاتیان بخاتە سەر. ئەو کارە، بە یەک زەبر، بایەخ و قورسایی بەرخودان و بەربەرەکانێی ئەمریکییەکانی دەشکان. دیارە هێزە پاڵنەرەکانی دیکەش دەستیان لەو کێشەیەدا هەبوو. بەڵام هیچ شتێک وەک پارە خوێنی بنیادەمەکانی نەدەهێنایە جۆش و ماڵیاتەکان لە هەموو شتێک پتر ئەمریکییەکانی دنە دەدا و دەیوروژاندن. ئەمریکییەکان داوای مافی نوێنەرایەتییان بۆ خۆیان دەکرد، بەڵام هەر بە ڕاستی و لە ناخی دڵیانەوە ئەوەیان نەدەویست. "کۆنگرەی قانوونی پووڵ" نوێنەرایەتییەکەی بە نەکردە و مەحاڵ دانا.

لە هەموو دانوستانەکانی پەیوەندیدار بە نوێنەرایەتییەوە، مەودا ٣٠٠٠ مایلییەکەی نێوان دوو وشکلرۆ(کیشوەر)کە ـ لەو شوێنەدا وا لە نێوان فەرمان و جێبەجێکردنی فەرمانەکەدا "دەریاکان دەخرۆشێن و چەند مانگان دەخایەنێ" (٨٦) دەکرایە بیانوو. بەڵام ئەو مەودایە کۆسپێک نەبوو لەبەردەم ئەوەدا، کە ئەمریکییەکان نەتوانن داوای کەلوپەل و پێداویستی و جلوبەرگ و کتێبی ئینگلیسی بکەن و لاسایی مۆدێلە ئینگلیزییەکان بکەنەوە و منداڵەکانی خۆیان بنێرنە قوتابخانە ئینگلیزییەکان و نامە بۆ هاوکارە ئەورووپییەکانی خۆیان بنێرن و نموونەی گیاناسی بنێرن و هزرەکان وەرگرن و بە گشتی پەیوەندییەکی نزیکی کولتوورییان لەگەڵ ئەوبەری زەریا هەبێ. "زەریا پان و بەرین و پڕ مەترسییەکە" کۆسپ و لەمپەر نەبوو. کۆسپ و لەمپەرەکە،

تێگەیشتنی ڕۆژبەڕۆژ لەزیادبوونی کۆچەرنشینەکان بوو کە لە ڕاستیدا ئەوەی دەیانەوێ، ئەوەی کەمتر خۆیان تێهەڵقورتێنن و خودموختارییەکەی پتریان هەبێ. جیابوونەوە یان بڵێی سەربەخۆیی هەر باسیشی نەبوو. بەڵام دەگمەن بوو یەکێک خوازیاری پێوەندییەکی نزیک بێ، چونکە گەندەڵیی کۆمەڵگەی بەریتانیا ترسی دەخستە دڵی هەموو کەسێکەوە. جۆن ئەدامز لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بەریتانیا لەگەڵ کۆمارەکەی ڕۆما هاوشان بووە. "شارێکی پارەپەرست، ئامادەی تێک شکان". ئەو ئەمریکییانەی سەردانی ئەوێیان دەکرد، لە سیاسەتبازی و گزی و فزی و زوڵم و زۆر و خراپەکار و کەلێنی نێوان دەستڕۆیشتوویی و شانوشکۆی چینی دەوڵەمەند لەچاو چارەڕەشی و لێقەوماوی هەژارەکان کە لەلایەکەوە سەرسووڕهێنەر و لە لایەکی دیکەشەوە قێزەون بوو ڕادەچڵەکین.(٨٧)

ئەمریکییەکان سیستەمی ڕاسپاردن و چاولێبوونیان لە مەترسی و دوژمنی ئازادی دەزانی، لەبەر ئەوەی، وەختێک دەوڵەت پشتی بە پشتیوانییەکی کڕدراو گەرم بێ، ئازادیی سیاسیی ڕاستەقینە لەناو دەچێ. ئینگلیسییەکان تاقە خەڵکێک بوون کە ئەو ئازادییەیان دەستەبەر کردبوو. ئەمریکییەکان هەستیان دەکرد میراتگری ئەو ئازادییەن و ئەرکی سەر شانیانە بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی پەروەردەی بکەن و بیپارێزن و ئەو هەستەش بەسەر هەموو گەنگەگەشە و کێشمەکێشەکانی ئەو ساڵانەدا زاڵ بوو. باوەڕ وابوو نوێنەرانی کۆچەرنشینەکان ئەگەر ڕێیان بکەوێتە پە ڕلەمانی بەریتانیا، لەوانەیە لە ژێر کاریگەریی داکشان و نزمیی ئینگلیسییەکاندا گەندەڵ بن و لە کردەوەدا ببنە کەمینەیەکی لاواز و بێتوانا و بەردەوام ملکەچ و بەزیوی دەنگەکانی ئەوان بن. دیاریش بوو کە کۆچەرنشینەکان ئەگەر نوێنەر بدۆزنەوە، ئیتر هۆکارێکیان نابێ بەرەنگاری مافیماڵیاتدانانی پەڕلەمان ببنەوە. ئەمریکییەکان بەر لە خودی ئینگلیسییەکانیش ئەو خاڵەیان بۆ ڕوون بۆوە. ئینگلیسییەکان هەرگیز شێلگیرانە بیریان لەوە نەکردەوە کە ئەگەر ئەمریکییەکان لە پە ڕلەماندا نوێنەریان هەبێ، چەندەی قازانج بۆ ئەوان(بەریتانییەکان)دەبێ.

دیسان شێوەی بیرکردنەوەکە بوو کە ڕێگر بوو ئینگلیسییەکان نەیاندەتوانی ئەمریکییەکان بە هاوشانی خۆیان دابنێن. گۆڤاری جەنڵهەن دەپیرسی، کە ئاخۆ ڕەوایە، ئەو دێهاتییە بێ نەزاکەتانە، ئەو تولەی بەندییە دوورخراوەکانی خۆمان، ئەو تاقمە هەرچی و پەرچییە لە سوورپێستەکانیش بێ ئەدەبترن، بانگهێشت بکرێن بۆ ئەوەی "بەرزترین کورسییەکانی ئیمپراتۆرییەکەی ئێمە" بگرنەوە و لەسەری دانیشن؟ ( ٨٨) ڕۆژنامەی مۆرنینگ پۆست نووسیی، ئەمریکییەکان "نەژادێکی چەند ڕەگەزن لە ئیرلەندییەکان و سکۆتلەندییەکان و ئەڵمانییەکان یان تێکهەڵشێلدراوێک لە تاوانکەر و ڕەتێنراوان."( ٨٩) لە سووکایەتیی کۆمەڵایەتی قووڵتر، ئەو ترسە بوو کە کۆچەرنشینەکان "یەکسانیخوازن" و هەبوونی ئەوان لە پەرلەماندا، شار و ناوچە بێنوێنەرەکانی بەریتانیای هان دەدا ئەوانیش داوای کورسیی نوێنەرایەتی بکەن، کە ئەوەیش دەبووە هۆی لەدەستچوونی مافی خاوەندارێتیی لە بیاڤەکانی هەڵبژاردندا و ڕووخانی سیستەمی دەسەڵاتدارییەکە.

ئینگلیسییەکان بە قازانجی خۆیان تیۆریی "نوێنەرایەتیی بالقوە" [*]یان لەخۆیانەوە دەرهێنابوو کە هەموو جەماوەرە بێدەنگ و بێ نوێنەرەکەی دەگرتەوە و بانگەشەیان دەکرد و دەیانگوت، هەر نوێنەرێکی پەرلەمان، نوێنەری هەموو کۆمەڵگەیە، نەک بیاڤێکی هەڵبژاردنی تایبەت و ئەگەر مەنچستەر و شفیلد و بیرمەنگام کورسیی نوێنەرایەتییان نییە و لەندەن تەنیا شەش نوێنەری هەیە، بەڵام دێڤۆن و کۆرنۆڤال حەفتا نوێنەریان هەیە، شارە بێنوێنەرەکان دەبێ دڵخۆش بن بەوەی نەجیبزادەکان بەهەڕوگیڤە لادێیەکان، "نوێنەرە بالقوە"کانی ئەوانن. ئەو بەڕێزانە، لەبەر ئەوەی هەمووان باری گشتییماڵیاتەکانی زەوی و زاریان لەسەر شان بوو لە ناخی دڵەوە خوازیاری ئەوە بوون لە بەشی خۆیان ماڵیات بخرێتە سەر کۆچەرنشینەکان و لایەنگری خەست و تۆخی جێبەجێکرانی مافی دەسەڵاتداریی پۆلەمان بوون.

---

[*]بالقوە: لە زمانی فارسیدا واتە شتێک هەیە ودیار نییە و لە کردەوەدا دەردەکەوێ .لێرەدا مەبەستیان ئەوەیە، بە ئەمریکییەکان بڵێن؛ ئێوە ڕەنگە نوێنەرێکی دیاریکراوتان نەبێ، بەڵام ئەوانەی لێرەن نوێنەری ئێوەشن.

ڕێگەیەکی خۆپاراستن لە تێکهەڵچوون و کێشە، کە خەڵکە شێلگیرەکە بیریان لێ دەکردەوە و پێشنیاریشیان کرد، ئەوە بوو کۆچەرنشینەکان یەک بگرن و دواتر فدراسیۆنێک لەگەڵ بەریتانیا پێک بێنن و کۆمەڵێک نوێنەری کۆچەرنشینەکان بچنە نێو پە ڕلەمانێکی ئیمپراتۆری. بێنجامین ف ڕانکلین بە تەگبیر و ڕاوێژ لەگەڵ تۆماس هاچینسن، بۆ بەرپەرچدانەوەی مەترسیی فەڕەنسا و سوورپێستەکان، لە کۆنگرەی ١٧٥٤ـی"ئە لْبانی"ـدا "گەڵاڵەی یەکگرتنەکەی" خستە ڕوو بەڵام کەس بەهەندی نەگرت. لە جەنگەی قەیرانەکەی قانووی پووڵدا، خەڵکێکی بەرپرسیاری میری لە کۆچەرنشینەکاندا کە نیگەرانی جیابوونەوە و نامۆبوونی زیاتر ی وڵاتی دایک بوون، سەر لەنوێ ئەم بیرۆکەیەیان ژیاندەوە. ف ڕانکلین و تۆس پۆناڵی قایمەقامەکەی پێشووی ماساچۆسێت و نوێنەری ئەو کاتی پە ڕلەمان و تۆماس کراڤلی بازرگا نەکەی کوێکری کە شارەزای ئەمریکا بوو و فرانسیس بێرناردی قایمەقامی ئەوکاتی ماساچۆسێت، چەند گەڵاڵەیەکیان بۆ ڕێکخستن و ڕێکوپێککردن، خستە بەردەستی حکوومەتی کۆچەرنشینەکان. بنەمای دوایین چارەسەری کێشەکان لەو گەڵاڵە و پڕۆژانەدا، وتووێژ بوو لەبارەی ماف و ئەرکی دوولایەنە لە پێناو پێکهێنانی فیدراسیۆندا. پۆناڵ دواتر لە قەیرانێکی دیکە لە١٧٧٥ـدا سکاڵای کرد کە لەبەر ئەوەی هیچ کەس لە حکوومەتدا بۆچوونەکانی ئەو بەهەند وەرناگرێ، ئیتر هیچ ڕایەک دەرنابڕێ. فرانسیس بێرنارد گەڵاڵەیەکی تێروتەسەلی ٩٧ بڕگەیی داڕشت و بۆ لۆرد هەلیفاکس و ئەوانی دیکەی نارد،( ٩١) و هەلیفاکس پێی گوت، "گەڵاڵەکەت زۆر زۆر لە باشترە هەموو ئەو گەڵاڵە و پڕ ۆژانەی تا ئێستا خوێندوومەتەوە"،(٩٢) بەڵام پاش ئەوە ئیتر باسی نەکراوە.

بێنجامین فرانکلین پێداگربوو لەسەر ئەو بەریتانییانەی بەنووسین پەیوەندیی پێیانەوە بوو کە گەشە و پێشکەوتنی بێ لەمپەری ئەمریکا قەبووڵ بکەن و قانوون بۆ پێشگرتن لە بەرهەمهێنان و بازرگانیی ئەو وڵاتە دانەنێن، لەبەر ئەوەی گەشە و پێشکەوتنی سرووشتی، ئەو قانوونانە بەلاوە دەنێ. دەیگوت،

وەرن لەبری ئەو شتانە، لە پێناوی پێکهێنانی جیهانی ئەتلانتیکدا، کە لە خەڵکی ئەمریکا و ئینگلیس پێکهاتبێ و مافی یەکسان و وەک یەکیان هەبێ، تێ بکۆشن، جیهانێک کە تێیدا کۆچەرنشینەکان، وڵاتی دایک دەوڵەمەند بکەن و "ئیمپراتۆرییەکەی بەرنە سەرانسەری گۆی زەوی و دنیا تووشی سەرسووڕمان بکەن."(٩٣)

ئەو ساویر *ە شکۆمەندە لە کاتی "گەڵاڵەی یەکگرتن"ـەکەی ئەڵبانییەوە هەروا شاگەشکەی کردبوو و بەری نەدابوو. چەند ساڵان دواتر لە ژیاننامەکەی خۆیدا نووسیی:"من ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕم، گەڵاڵەی یەکگرتنەکە، ئەگەر قەبووڵ کرابا، بە دڵی هەردوو بەری زەریاکە دەبوو. کۆچەرنشینەکان بەو یەکگرتنە ئەوەندەیان هێز دەگرت کە بەرگریی پێ لەخۆیان بکەن و پێویستیان بەوە نەبێ بەریتانیا هێزیان بۆ بنێرێ، دەی دیارە داواکەی دواتریش بۆ ماڵیات خستنەسەر ئەمریکا نەدەهاتە گۆڕێ و ئەو شەڕە خوێناوییەشی لێ نەدەکەوتەوە." فرانکلین بە داخ و کەسەرەوە لە کۆتاییدا دەنووسێ"بەڵام ئەو هەڵانە نوێ نین، مێژوو تژی و پڕە لە هەڵەی حکوومەت و میرەکان."(٩٤)

زۆر بەسەر پەسندکرانی یاسای پووڵدا تێنەپەڕیبوو کە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایە، لە بەریتانیا ناکۆکی دروست بوو. بایکۆت و قەبلۆقەی هاوردە، بەندەرەکانی بەتاڵ کرد، خاوەن کەشتییەکان و کاربەدەستانی ڕاگواستن و کرێکارانی کارخانەکان بێکار مانەوە، بازرگانەکان زیانیان پێگەیشت و ئینگلستان تازە کەفوکوڵی ئەمریکییەکانی بۆ دەرکەوتبوو. لە شەش مانگی دواتردا، بابەتی گرنگی بڵاقۆک و میدیاکان، قانوونی پووڵ بوو. سەدەی هەژدەیەم کەفوکوڵ و تین و گۆڕێکی تایبەتی لەسەر بنەما سیاسییەکان هەبوو و ئێستا هەموو ئەو مشتومڕ و باسانە ـ مافی پەرلەمان، نادادپەروەریی ماڵیات دانان بەبێ نوێنەرایەتی، "نوێنەرایەتیی بالقوە"، ماڵیاتی دەرەوەی سنوور و

---

*ساویر: وەهم. لەلای ئیلام بە هۆش و تێگەیشتن دەڵێن:"ویر" و بە سێبەری هۆش و زیرەکیش کە دەکاتە "وەهم"، دەڵێن ساویر. واتە سێبەری ویر و تێگەیشتن.

ناوخۆ ــ لە نامە پڕ لە تووڕەییەکان و لە شیکردنەوە و ستوونی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەخرانە بەر باس.

سۆم جێنینز، کاربەدەستی پایەبەرزی وەزارەتی بازرگانی، نامیلکەیەکی بڵاو کردەوە، کە هەرایەکی زۆری نایەوە. ئەو پێداگر بوو لەسەر مافی دانانیماڵیات و بەرژەوەند ی و پێویستیی چەسپاندنی ئەو مافە، هەردووکیان ئەوەندەی ڕوون و بەڵگەنەویستن، کە پێویستیان بەوە نیە دیفاعیان لێ بکەی . بەڵام کۆمەڵێک مشتومڕ و چەلەحانێی پووچ و ئینجا بێ شەرمانەیش، هاتووە ئەوانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. جەنابی جەنینز دە ێهەڕاند، کە دەستەواژەی "ئازادیی تاکی ئینگلیزی" ئێستا مانی "کفرکردن و بێشەرمی و خیانەت و بوختان و بیرەی بەهێز و شە ڕابی سێو" ی بەخۆوە گرتووە و بەڵگەهێنانەوەی ئەو ئەمریکییەکان کە دەیانگوت، بەبێ ڕەزامەندیی خەڵک ناکرێ ماڵیاتیان بخەیتە ئەستۆ "زۆر بێ جێیە، چونکە من کەسم پێ شک نایە، بە ڕەزامەندیی خۆی ماڵیات بدا."(٩٥)

لۆرد چەستەرفیلد"یش وەک هۆراس والپۆل، لە دەرەوەی قو وڵکەکەوە سەیری ڕووداوەکانی دەکرد و زۆرجار ــ بەپێچەوانەی ئەو دابونەریتە وشکانەی فێری برازاکەی دەکرد ــ کاکڵی مەبەستەکەی دەدرکاند. ئەو بۆ نیوکاسڵی نووسی:"نابەجێیی قانوونی پووڵ" هیچ کەمتر نییە لەو زیانەی وا لێی دەکەوێتەوە بەهۆی پێداگرتنەوە لە سەر مافێک کە دەزانن ناتوانن بیچەسپێنن و جێبەجێی بکەن". (٩٦) ئەوەشی لێ زیاد کرد، کە ئەو ماڵیاتە ساڵانە پتر لە ٨٠٠٠٠ لیرەی داهات نییە (دەوڵەت ساڵێ ٦٠٠٠٠ لیرەی خەمڵاندبوو) و ناتوانێ زیانی ئەو یەک ملیۆن لیرەیە قەرەبوو بکاتەوە، کە هەموو ساڵێ بەریتانیا بەهۆی کەمبوونەوەی بازرگانی لێی دەکەوێ (زیانە ڕاستەقینەکە دوو ملیۆن لیرە بوو)، حەقێکی تاڵی دیکە، ژەنە ڕال تۆماس گێیج، فەرماندەی هێزەکانی بەریتانیا لە کۆچەرنشینەکاندا، باسی کرد: ئەو لە نۆڤەمبەردا گوتی، بەرخۆدان و بەرگری هەموو کۆچەرنشینەکانی گر تۆتەوە و "ئەگەر قانوونی پووڵ، بە

شێوەیەکی سروشتی جێبەجێ نەکرێ، جگە لە هێزێکی سەربازیی بێ ژ ومار، هیچ شتێک باشاریان ناکا."( ٩٧) مەزنانی بەریتانیا بۆ بەرپەرچدانەوەی لات و لووتان، پێشبینیی وەها پێویستییەکیان نەکردبوو.

قانوونی پووڵ ی گرێنویل ئەو دەمە بوو بە قەیران، کە ئیتر ئەو خۆی لەسەر کار نەمابوو. پادشا دەمێک بوو لە خووخدەی گرێنویل وەڕەز و تووڕە ببوو کە بەردەوام دەیەویست وانەی سیاسەتی ئابووریی فێر بکا. لە ئەپریلی ١٧٦٥دا، کە پادشا نەخۆش کەوت، گەڵاڵەی جێنشینی پادشا ڕێکخرا. دارودەستەکەی گرێنویل بەدەهۆی سیاسی و بەئانقەست، ناوی شاژنی دایکیان لە لیستی ناوەکاندا نەنووسی و ئەوەش پادشای دەهری و تووڕە کرد ( ٩٨) و ئەویش بۆ چارەڕەشی، بەر لەوەی جێنشینێکی بۆ دیاری بکات، گرێنویلی لەسەر کار لادا. گەڵاڵەی جێنشینیی پادشا، زۆر ناکۆکیی لێ کەوتبۆوە و پێکهێنانی کابینەی نوێ، پێویستی بە پیاوێکی کارامە و شارەزا بوو. جۆرجی سێیەم لە ناچاری دەستەوداوێنی مامی، واتە دووکی کامبەلەند بوو کە پیاوێکی ماقووڵ و گران و سەنگین و بەپێچەوانەی ئەندامەکانی دیکەی بنەماڵەی هانۆیر شیاو و کارامە بوو. دووک، خۆی پێشنیاری بە پیت کرد ببێتە سەرۆکوەزیران، بەڵام پیت قەبووڵی نەکرد و جا لەبەر ئەوەی پیت کابرایەکە کەس سەرەدەری لێ دەرناکا، ڕوون نییە بۆچی قەبووڵی نەکرد. لەوانەیە هەرلەو دەمەوە ساغ بووبێتەوە کە قانوونی پووڵ هەڵوەشێنێتەوە . بەڵام دڵنیا نەبوو بتوانێ بڕیارەکەی جێبەجێ بکا و ئەوەندەش مکووڕ بوو ئامادەنەبوو سازش بکا و دانوێنێ. یان لەوانەشە لەبەر ئەوە بووبێ ــ بەپێی ئەوەی ساڵی پێشتریش، خۆی لە کاروباری میری دوور ڕاگرتبوو ــ کە دیسان نەخۆشیی جەستەیی و هەندێ جار دەروونییەکانیش بەرۆکیان دەگرتەوە.

مێژوونووسەکان گوتوویانە، ئەگەر پیت لە ساڵی ١٧٦٥دا ئەو پۆستەی وەرگرتبا، ڕەوگە و ئاقاری ڕووداوەکان لەوانەبوو لە دەهەی دواتردا گۆڕدرابان، بەڵام ئەو گریمانەیە وەختایەک وەدی دەهات، کە ئەو توانیبا ی

لەسەر کارەکەی بەردەوام بێ و ئەوەش وەک ڕووداوەکان دەریان خست، مەحاڵ بوو. گومانی تێدا نییە، کە مکووڕبوونی پیت و ئەو دەسەڵاتە زەبەلاحەی داوای دەکرد، لە جەنگەی ململانێ لەگەڵ ئەمریکادا، حکوومەتی لاواز کرد. پیت لە سای ناوبانگ و خۆشەویستی و نفووزە زۆرەکەی و دەستڕۆیشتووییشی لە پەرلەمانی عەوامدا، ڕوخسارێکی حەماسی هەبوو. پیاوێک بوو کە ئیمپراتۆریی بەدەست هێنا، بەڵام نەیتوانیڕزگاری بکا.

پیت کوڕی هەرە بچووک(پاشەبەرە)ی بنەماڵەیەکی، وەک لۆرد چەستەرفیلد دەڵێ "زۆر لەپڕداپێگەیشتوو" بوو و لە سای هێزی کەسایەتییەکەی و توانا تایبەتییەکانی خۆیەوە پێگەیشت و سەرکەوت. باپیرەی کە نازناوی "ئەڵماس" بوو یەکێک بوو لە سەرۆکەکانی "کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات"، خووخدەیەکی تووڕەوتۆسن و بەزەبروزەنگ و سەرەڕۆیانەی هەبوو و لە بازرگانیی هیندستاندا ئەو سەروەت و سامانەی بۆ بنەماڵەکەی وەسەریەک نا و ماوەیەکیش قایمەقامی "مەدرەس" بوو. ئەو پارچەی ئەڵماسەی ناوبانگی پێ دەرکرد، پادشای فەڕەنسا بە دوو ملیۆن لیور کڕییەوە. لە بەریتانیا، هەرێمە کەمبابییەکەی ئۆلدسەرم لە ویلتشەر، بە خانەوادەکەی برا و پیت لە ساڵی ١٧٣٥ــەوە واتە لە تەمەنی بیستوحەوت ساڵییەوە، ئەو کورسییەی بردەوە. بەر لەو براگەورەکەی نوێنەری ئەو ناوچەیە بوو. بەڵام ئەو هەموو سەروەت و سامانەکەی خۆی بەفیڕۆ دا و هەموو دۆست و برادەرەکانی لەخۆی زویر کرد و "لە بارودۆخێکی زۆر خراپ"ــدا چووە دەرەوەی وڵات و وەک شێتۆکەیەک "هەرچەندە لە شێتخانەش نا، بەڵام بەناچار زۆر دوورەپەرێز دەژیا." ئەو دەماری شێتییە لە بنەماڵەکەیاندا، کە دیار نییە لە باپیرەیانەوە بۆیان مابۆوە یان نا، لە خوشکەکانی پیت - یشدا دەرکەوت و یەکێکیان لە شێتخانەیەکدا لەژێر چاودێریدا بوو و دووانەکەی دیکەش کەموزۆر هەر وا.(٩٩)

پیت هەتا مردیش، بەدەست نەخۆشیی تاقەتبڕی "نقرس"ــەوە دەینالاند، کە لە سەردەمی دواناوەندیی ئایتنەوە ئەو دەردەی پێوە نووسابوو.(١٠٠) ئەو نەخۆشییە کە بە دەردەمیران ناسراوە، بەدەگمەن لە گەنجێتیدا سەرهەڵدەدا و کە هاتیش، زۆر قورسە. ژانی بێبڕانەوە و تووڕەیی و هەڵچوونێک لەگەڵ خۆی دێنێ، کە بەهەڵچوونی نێقرێس * یان دەردەپاشا بەناوبانگە . هەر بۆیە چوارپێچکەیەکی تایبەت و جزمەی گەورەیان لە پێشەوەی پەیتوون و تەختەجووڵەکەی پیت، توند دەکرد.

پیت ئەو دەمەی دارایی سوپای لەبەردەستدا بوو مووچە و پاداشتی کارکردنی خۆی وەرنەدەگرت و هەرگیز وانەبوو لە بەرژەوەندی خۆیدا مووچە دوا بخات (کە ئەو دوو شتە، هەردووکیان لەوسەردەمدا باو بوون). هەر ئەوەش ئەوی بەناوبانگ کرد و ناوی خستە سەر زاروزمانان. لە ماوەی شەڕی حەوت سالانەدا، وەزیری دەرەوە بوو بەڵام لەبەر ئەوەی دووکی نیوکاسل، سەرۆکوەزیر لەبوارە پسپۆڕییەکەی خۆی واتە بازرگانیکردن بە پلەوپایەکان بەولاوە هیچی دیکەی نەدەکرد، پیت هاوبەش و شەریکی دەسەلات و سیاسەتدارێژی سەرەکی بوو.

پیت لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە چارەنووسی ئینگلستان ئەوەیە دەسەلاتداری دەریاکان بێ و سەرچاوەی ئەو وڵاتەش لە کێبڕکێ لەگەڵ فەڕەنسادا بە مەرجێک نابڕێتەوە و بەردەوام دەبێ کە بازرگانی و پێگەکانی بازرگانیی فەڕەنسییەکان وێران بکرێن. کەواتە بە خەرجکردنی جاربەجار زیاتری پارە و تەرخانکردنی هێز لە پێناوی وەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا و چەسپاندنی دڵنیاییەکەی خۆی لە زەینی خەڵکدا ــ کە سەردەمانێک ئاوا دەریاندەبڕی:"خۆم دەزانم، کە جیا لەمن کەس ئەم وڵاتەی پێ ڕزگار ناکرێ"(١٠١) ــ یەکەی

---

*نێقرێس :ئەوە نەخۆشییە کە دەردەپاشای پێگوتراوە. زیاتر میر و پادشا و خانەکان دەیانگرت. ئەو نەخۆشییە لە ئاکامی زۆر "خواردن"ەوە و گۆشت خواردنی زۆردا کەوتۆتەوە و لە ئاکامیدا، جومگە و ئێسقانەکان ئاوساون و ژانیان کردووە و زۆرجاریش خوار و خێچ بوون.

کەشتییەکانی نۆژەن کردەوە و هێزیشی بۆ دانا. هاونیشتمانییەکانی خۆی لە جێی بەکرێگیراوەکان دانا و لە جێی لەشکرکێشانی پەیتاپەیتا و بێ سوود، دەستی کرد بە شەڕی نیشتمانی و سەرکەوتنی پەیتاپەیتا. سەرکەوتن لە لۆئیزبێرگ کە لە گەرووی برێتۆندا هەڵکەوتووە، لە گوادلۆپ، تیکۆنرۆگا، کێبێک، میندێن لە ئەورووپا، سەرکەوتنی دەریایی لە کەنداوی بیسکی، سەرکەوتن بەدوای سەرکەوتندا، هەتا وای لێهات، وەک هۆراس والپۆل نووسیی،"ناچارین هەموو بەیانیان بپرسین، سەرکەوتنی تازەمان چییە؟ نەکا شتێکمان لەبیر بچێ."(١٠٢) ئەو ئالآیانەی لە فەڕەنسیەکانیان گرتبوون، لە نێو قریوەی ئاپۆرای جەماوەردا، لە کلێسای سینت پالز هەڵیاندەواسین. پە ڕلەمان بەبێ مشتومڕ، چەکوتەقەمەنی و تەدارەک(ئامادەکاری)ــەکانی پەسند دەکرد. پیت بەسەر هاوکارانیدا زاڵ بوو "بەنوێنەرە مەزنەکەی خەڵک" بانگی دەکرا، "بت"ی خۆشەویستی ئەو خەڵکە بوو کە بۆیەیان خۆش دەویست حەزی لە نازناو نەبوو و هەستیان دەکرد ئەو نوێنەری خۆیانە. ئەو کەفوکوڵە نیووئینگلەندیشی گرتبۆوە و لەوێش، وەک ئێزرا ستایلز دەڵێ، ئەویان "دەپەرست". قەڵای دووکین، کە ساڵی ١٧٥٨ لە فەڕەنسییەکان ئەستێنراوە، ناوی نرا قەڵای پیت و گوندەکەشی بەو خانووە دارینانەیەوە، ناو نرا پیتسبێرگ.

پیت تەنیا ئەو دەمە شکۆی دەسەڵاتەکەی شکا، کە ویستی شەڕەکە بگەیەنێتە ئیسپانیا واتە خەنیمە دەرياييەکەی دیکەی بەریتانیا و ئینجا لە ئاکامی دژایەتیی نوێنەران لەگەڵ زیادکردنیماڵیاتەکان و ویستی پادشای تازە بۆ دەرپەڕاندنی ویگەکانی لایەنگری نیوکاسل و پاوانکردنی دامەزراندن و لەسەرکارلادانەکان لەدەستی خۆیدا. وەختێک پیت لە ١٧٦١ــدا دەستی لەکار کێشاوە و لە کۆشکی پادشایەتییەوە دەگەڕاوە، خەڵک بە دوای پەیتوونکەیدا بانگیان دەهێشت و ژنان لە پەنجەرەکانەوە دەسرۆکەیان بۆ ڕادەوەشاند و

خەڵک خۆیان بە تۆپە(تایە)ی پەیتوونکەوە نووساندبوو و تۆقەیان لەگەڵ خزمەتکارەکانی دەکرد و تەنانەت ئەسپەکانیشیان ماچ دەکرد."(١٠٣)

لەمەودوا لاساری و لووتبەرزی و خۆپەرستی نەیدەهێشت پیت بەدوای پۆست و پلەوپایە بکەوێ. چونکە هیچ حەزی لە باڵ و باڵبازی نەبوو و لەگەڵ سیستەمەکە نەدەسازا. سیاسەتێک بەدڵی ئەو بوو کە جڵەوەکەی لەدەستی خۆیدا بوایە. لە ١٧٦١ــدا کە دەستی لە کار کێشاوە لە پەرلەمان گوتی، وەختایەک گوێ لە قسەی نەگرن، ئامادە نییە حکوومەت بکا. "من بەرپرسیارم، کەواتە من دەبێ کاروبارەکان بەڕێوە بەرم و هەتا بەڕێوەبەریش نەبم، بەرپرسیار نابم."(١٠٤)

یەکێک لە نوێنەرەکان پێی وابوو "هیچ وەزیرێک تا ئێستا قسەی وا بێشەرمانەی نەکردووە"، بەڵام پیت ئاوا بوو بێ کەموزۆر. پیت یەکێک لەو دەگمەن کەسانە بوو کە ناتوانن شان بە شانی خەڵکی دیکە کار بکەن. خۆی دەیگوت:"من سەر بە هیچ حیزبێک نیم و حەزم لێیە تەواو سەربەخۆ بم."(١٠٥) لەوەش ڕاشکاوانەتر و بێپەردەتر جارێکی دیکە گوتی:"من ناتوانم سەرەدەرزییەکیش چییە، فەرمان قەبووڵ بکەم."(١٠٦) لەوانەیە ئەو قسەیە سەرچاوەکەی لە شێتیی خۆبەزلزانیدا بووبێ. پیت لەوانەیە تووشی ئەو دەردە بووبێ، کە لە سەردەمی ئێمەدا ناوی نراوە ورێنەی شکۆمەندی و شەیدایی و خەمۆکی. بەڵام ئەو شتانە لە سەردەمی ئەودا ناویان نەبوو و بەنەخۆشیی دەروونی دانەدەنرا.

پیت بە بەژنێکی بەرز و ڕەنگێکی بزرکاو و ڕوخسارێکی ڕەقەڵە و لووتێکی هەڵۆیی و چاوی تیژ و گوێزینگی هەڵمساو لەبەر نێقرێس، کە ناچاری دەکرد بشەلێ، ڕوخسارێکی شکۆمەند و لەخۆبایی و مەزن دیار بوو. بەردەوام جلوبەرگی فەرمیی لەبەر و کڵاوباڕۆکەی لەسەر بوو و لە هەڵسوکەوتدا وەک "کاتۆ (١٠٧) فرەزانا و بەهەیبەت(١٠٨) بوو. پیت بەردەوام خۆی دەنواند، خۆی جۆرێکی دیکە دەردەخست، بۆ ئەوەی گڕکانەکەی ناخی بشارێتەوە. ڕوانینی

بەسووک گرتن یان پڕ لە تووڕەییەکەی، قەڵەمی دەست و پێی بەرهەڵستکارەکانی دەشکاند، تانە و تەشە و جنێوەکانی "ترسیان" دەچاند ـ وەک پۆلیۆسی دووەم سامناک بوو. ئەو دەمەی سەرکەوتنی سیاسی پێویستی بە قسە و لێدوان بوایە، قسەزانی و دەمودووەکەی لەڕادەبەدەر سیحراوی بوو بەڵام کەم کەسێک هۆکارەکەی دەزانی. گفت و لفتی پڕکەفوکوڵ و ئاگرین و بوێرانەی ئەو پشتیوانیی نوێنەرە سەربەخۆکانی بۆلای خۆی ڕادەکێشا. هەرەسەرکەوتووترین وتاردانەکانی، بە زمانێکی مۆسیقایی و هەرجارەی بەڕاوێژێک و بەجووڵەی سەرودەستی ئەکتەرانی شانۆ و بەکارهێنانی "دەستەواژەی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش" دەمودەست و لەجێدا پێشکەش دەکرد ـ ئەگەرچی لە بارەی دەستەواژەیەکی بەتایبەت بەرچاو بە شێلبێرنی گوت، بەر لەوەی ئەو دەستەواژەیە بڵێ "سێ جار لەسەر کاغەز نووسیبووی"( ١٠٩) تەنانەت لەو سەری تەلارەکەوە گوێیان لە زەمزەمەی دەبوو و کاتێکیش وەک ئۆرگێکی گەورە هەناسەیەکی هەڵدەکێشا و یەک بەخۆی دەنگی لێ هەڵدێنا، دەنگی لە پەرلەمان دەگەڕا و لە هۆڵ و سەرسەرا و بن پلیکانەکانیش دەبیسرا. هەر جارێکی پیت هەڵدەستا قسە بکا، بێدەنگی زاڵ دەبوو.

دووکی کامبڕلەند کە لە پیت بێهیوا بوو خۆی کابینەیەکی تێکەڵی پێکەوە نا و سێ پۆستی بەرزی کابینەکەی دا بە هاوڕێیانی مەیدانی تەقڵە و جلیت و دۆستەکانی خۆی لە سوپادا، کە هیچ کامیان ئەزموونی وەز ارەتیان نەبوو. ئەوی هەرە بەرزیان، مارکی ڕاکینگهام، نەجیبزادەیەکی لاو یەکێک بوو لە دەرەبەگە هەرە دەوڵەمەندەکانی بەریتانیا، کە لە سێ پارێزگا پارچەزەویی هەبوو(لەوانەی پادشا یان وەزیرێک پێی بەخشیبوو) و کۆمەڵە ملکێکی گەورەش لە ئیرلەند و یۆرکشێر، کە جگە لە سەرۆکایەتیی دادوەریی و جێبەجێکەریی ویلایەتەکەی خۆی، نازناوی لۆردی لە ئیرلەند و هەندێ نازناوی دیکەی وەک سەرۆکی سوارچاکان و لۆردی خەوتنگەی پادشایەتییشی بە

شانەوە بوو. تەمەنی هێشتا نەگەیبووە ٣٥ ساڵان و بە یەکێک لە "ویگە تازە" و بێ ئەزموونەکانی نەوەی گەند لەقەڵەم دەدرا و نەیدەزانی دەبێ چ بکا.
وەزیرەکانی دوو وەزار ەتخانە سەرەکییەکە، یەکێکیان ژەنە ڕاڵ کانۆڤی ئاجودانەکەی دووک، بوو و ئەوی دیکەش ئاگ ۆستۆس هێن ڕی فیتسرۆی سێیەمین دووکی گرافتۆن و وەک ڕاکینگهام یار و هاودەمی مەیدانی ئەسپ سواری و تەقڵەوجیلت، کە لە یانەی ئەسپ سواریدا کامب ڕلەندی ناسیبوو.
گرافتۆرن پیاوێکی سی ساڵ و تا بڵێی هەرچی و پەرچی بوو هەڕەی لە برەی مێژوو نەدەکردەوە، سوارچاکیی لە دەسەڵاتداری پێ خۆشتر بوو بەڵام لەبەر ئەوەی گوتوویانە "گەورەیی، بەرپرسیارەتیی هەیە" ئامادە بوو چەندی لە دەستی دێ خزمەتی وڵاتەکەی بکا. ساڵی ١٧٦٨ گوافتۆنیان لە سایەی شان و شکۆ و پێگەی بنەماڵەکەیەوە بە کۆی دەنگ کردە سەرۆکی زانکۆی کەمبریج و تۆماس گریی شاعیر، هۆنەری "شینگێڕی لە حەوشەی کلێسای گونددا" کە گرافتۆن کردبووی بە مامۆستای کورسیی پادشایەتیی ئەو زانکۆیە بۆ گوتنەوەی مێژوو بە شاباشی ئەوەی دووک بووەتە سەرۆکی زانکۆ، قەسیدەیەکی هۆنییەوە کە دواتر ئاواز و مۆسیقای لەسەر دانرا. گرافتۆن زۆری حەز بەرپرسیایەتیی میری نەبوو و بەردەوام نیگەرانی ئەرکەکانی خۆی بوو و پێشنیاری کرد دەست لەکار بکێشێتەوە.
سەردەستەی هاوڕێیانی شا لەنێو کابینەی دەوڵەتی لۆردی ن ۆرتینگتۆندا، کە سەرۆکی دادگەی باڵای پێداچوونەوە و مۆرداری پادشایەتی بوو کابرایەکی جنێوفرۆش و نێقرێسگرتووی بەهاتوهاوار بوو کە لە نۆ ساڵی ڕابردوودا، سەرەڕای سەرخۆشیی بەردەوام، هەمو پلەوپۆستە جۆراوجۆرەکانی دادگای بڕیبوو و بەبێ ئەوەی بیشارێتەوە دانی بە کاریگەریی شە ڕابخواردنەوەکانی خۆیدا دەنا و دەیگوت:"خۆ ئەگەر زانیبایەم ئەم قاچانەمڕۆژێک دەبێ سەرۆکی دادگای بەرزی پێداچوونەوە هەڵگرن، لە گەنجێتیمدا زۆرم ئاگا لێیان دەبوو."(١١٠) وەزیری شەڕ، وایکانت بەرینگتۆن، کە بە ئەمری ڕاشکاوانەی شا

ئەو پۆستەی وەرگرتبوو پیاوێکی ڕووخۆش و لەبەردڵان بوو کە یەکێک لە دوو براکەی ئۆسقۆف و ئەوی دیکەیان دەریاسالار بوو. ئەو دەیگوت، لە وەرگرتنی هیچ پۆستێک خۆی نابوێرێ، بەو خەیاڵەی "بەشکم بەخت و شانس ڕووم تێبکەن و ئاخرییەکەی ببمە پاپا."( ١١١) و سێزدە ساڵی ڕەبەق لە وەزارەتی شەڕدا هەر وا چاوەڕوان ما ـ کە ئەوە ئیتر یەکێک بوو لە دووردرێژترین قۆناغەکانی وەزارەت لەو سەردەمدا. لێرەوە دەکرێ بزانین کابینەی دەوڵەت چەندبەرەکیی تێدا بووە، کە ئەو کابرایە لەکاتی وەرگرتنی ئەرکەکەیدا بەو مەرجە ئەرکەکەی قەبووڵ کرد، کە لێی گەڕێن لە بارەی قانوونی پووڵ و بڕیارەکانی گرتن و قۆڵبەستکردنی گشتییەوە، دژی دەوڵەت دەنگ بدا.

دەوڵەتی نوێ، لاواز و شێواو هاتە نێو قەیرانی قانوونی پووڵەوە و هێشتا چوار مانگی نەبردبوو کامبرلەندی مرد و لەکیسی چوو وڕاکینگهام بێ پشت و پەنا و بێ ڕێنوێن مایەوە. هەر بۆیە هەوڵی دا دیسان پیت بێنێتەوە سەر کار، بەڵام هەوڵەکەی سەری نەگرت و ئەگەرچی زۆر جاران لێی پرسی، چ لە هەڵوەشاندنەوەی قانوونی پووڵ بکەین، پیت هەر وەڵامی نەداوە. پیت وای لێهاتبوو هیچی پێ نەدەکرا(تووشی بێتواناییەک ببوو) و ساڵی١٧٦٥ هەر خۆی لە کاروباری وڵات نەدا.

بایکۆتی هاوردەکردن، کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر ئابووریی ئینگلیس بەجێهێشت و بازرگان و کرێکارەکانی خستە زەحمەتەوە. گەلێک وتاری پڕ لە دڵەڕاوکێ لە ڕۆژنامەکاندا بۆ دنەدان و هاندانی ئەو بازرگانانە نووسران و بڵاو بوونەوە کە بۆ هەڵوەشاندنەوەی قانوونی پووڵ یەکیان گرتبوو و خەباتیان دەکرد. ئەو ڕۆژنامانە، دەیانگوت، کارخانەکان دادەخرێن و شەپۆل شەپۆل خەڵکی بێکار ئێستا لەسەر پێن بۆ ئەوەی بەرێپێوان بەرەو لەندەن بکەونە ڕێ.

ئەوانە دەیانەویست بە هەڕەشە و زەبروزەنگ، پە ڕلەمانی خەڵکی(عەوام) ناچار بکەن، ئەو قانوونە هەڵوەشێنێتەوە.

بازرگانەکانی لەندەن کۆمیتەیەکیان پێکهێنا و نامەیان بۆ هاوکارەکانی خۆیان لە سی شاری پیشەسازی و بەندەریدا نووسی و داوایان لێکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی قانوونەکە عەریزە بۆ پە ڕلەمان بنووسن. کابینەی دەوڵەت بەسەر لایەنگرانی پووڵ و بەرهەڵستکارانی پووڵدا دابەش ببوو. ڕاکینگهام، گرافتۆن، کانۆڤی و دووکە پیرەی نیو وکاسل، خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی قانوونەکە بوون و لایەنگرانی پووڵیش، لە لایەکی دیکەوە داوای پتەوکردنی مافی دەسەڵاتدارێتییەک ەیان دەکرد و دەیانگوت، بێت و قانوونەکە هەڵوەشێننەوە ئیتر بەریتانیا دەسەڵاتێکی نامێنێ و هانە و ئەنگیزە بە کۆچەرنشینەکان دەدا خێراتر بەرەو سەربەخۆیی بڕۆن. لۆردی ۆتینگتۆن کە ڕاشکاوانە دژی تاقمەکەی ڕاکینگهام ڕاوەستابوو ڕایگەیاند، ئیتر لە کۆبوونەوەکانی کابینەدا بەشدار نابێ، بەڵام دەستی لەکار نەکێشاوەو هەروا لە پۆستەکەیدا مایەوە و بۆ ڕووخاندنی دەوڵەت کەوتە پیلانگێڕان.

ڕاکینگهام خۆی بیروباوەڕێکی پتەو و نەگۆڕی نەبوو. بەڵام ئێدمۆندبێرکی سکرتێری هەندێ شتی لە گوێ خوێند و لەو سۆنگەیەوە سیاسەتێکی گرتە بەر. ئاخرییەکەی قەبووڵی کرد، کە دژکردەوەی ئەمریکییەکان نیشانەی ئەوەیە، سەپاندنی قانوونی پووڵ بە زۆرەملی، باش و بەقازانج نییە و دوژمنایەتیکردنی کۆچەرنشینەکان و لەکیسدانی بازرگانی لەگەڵ ئەوان بە زیانی بەریتانیا ە و زۆر باش دەبێ ئەگەر بکرێ، بە هەڵوەشاندنەوەی قانوونەکە، دۆستایەتییان لەگەڵ بگرینەوە و هاودەنگ بینەوە. بێرک بۆی ڕوونکردەوە کە دوو بنەماکەی ویگ واتە ئازادیی هاووڵاتییان و دەسەڵاتی پە ڕلەمان، هیچ پێکەوە ناکۆک و ناتەبا نین.

بەڵام زۆرینەی پە ڕلەمان دەیانەویست دەرسێکی هێز بدەنە کۆچەرنشینەکان(دایانپلۆسن) و تاسەباری ئەوە بوون، لە ئاکامی دەستکەوتی داهات لە ئەمریکا،ماڵیاتەکانی خۆیان کەم بکەنەوە، هەر بۆیە پە ڕلەمان هیوایەکی وای نەبوو هانیان بدات بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاساکە. گرێنویل

هەڵیدەکوتایە سەر "پشێوی و ڕاپەڕینی پڕسووکایەتیی" ئەمریکای باکوور و لۆردی ت ۆرتینگتۆ دەیگوت "چاوپۆشی لە قانوونەکە" لە ڕێگە ی هەڵوەشاندنەوەیەوە، وەک ئەوەیە بەریتانیا "لە ئەمریکا بەچۆکدا بێ و ببێتە ئەیالەتێکی کۆلۆنییەکەی خۆی." هەوڵ و خۆماندووکردن بۆ بەقسەهێنانی پیت لە ماوەی پشووی جێژنی لەدایکبوونی مەسیحدا، بەهیچ کوێ نەگەیشت و چیی لێ شین نەبۆوە و لە ١٤ی جانیوەری ١٧٦٦دا کە پەڕلەمان دیسان کۆب ۆوە، جیاوازیی بۆچوونەکان دەوڵەتی وا لاواز کردبوو کە ڕاکینگهام نەیدەزانی چ بکا.

لەودەمەدا پیت هاتە پە ڕلەمان. بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان. بە نوێنەرەکانی گوت ئەو مەسەلەیەی لەبەردەمتانە ـ بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو شازادەییانەی خۆتان کە لە شۆڕشەکەی سەدەیڕابردوودا کەوتە مەترسییەوە ـ "ئەم بابەتە لە هەموو ئەو شتانە گرینگترە کە ئەم پۆلەمانە باسی کردووە" و "هەڵسەنگاندن و داوەریی نەوەکانی داهاتوو لەسەر مەزنیی ئەم وڵاتە و فرەزانایی و حیکمەتی حکوومەت لەماوەی ئەم پادشایەتی ەدا بەو بڕیار ەی ئێمەوە بەستراوەتەوە". دانانی ماڵیات "پاژێک نییە لە حکوومەت یان دەزگای یاسادانان" بەڵکو "بەخشینی خۆبەشخانەی" پە ڕلەمانە هەڵبژێردراوەکانە. مەسەلەی "نوێنەرایەتیی بیلقو وەی ئەمریکا لەم پە ڕلەمانەدا، بیرۆکەیەکی ئەوەندە سووک و جێی لۆمەیە، تا ئەمڕۆ شتی وا بەزەینی کەسدا نەهاتووە و شیاوی ئەوە نیە بە وەلامێکی شێلگیرانە ڕەتکرێتەوە." گرێنویل لە قسەکانیدا ڕەخنەی لەو کەسانە گرتبوو کە لە ئینگلستان کۆچەرنشینەکانیان هان دەدا بۆ بەربەرەکانی و پیت لە جوابیدا گوتی:"من زۆرم پێخۆشە ئەمریکا بەرگریی کردووە. بێت و سێ ملیۆن خەڵک ئاوا بەبێ هەرچەشنە هەستێکی ئازادی و خۆبەخشانە مل بۆ کۆیلەتی ڕاکێشن؛ دەبوونە چەکێکی لەبار بۆ کۆیلەکردنی ئەوانی دیکەش." یەکێک لە نوێنەران نەڕاندی و گوتی : ئەو قسەکەرە دەبێ بنێرنە برج(١١٢) و وەک یەکێک لە شایەتحاڵەکان دەیگوت بەو قسەیە :"هاواری

دەستخۆشی و هاندانێکی بەرز بۆوە کە لەژیانمدا نەمبیستبوو". پیت ڕاچڵەکی بەڵام جڵەوی قسەی لەچنگ دەرنەچوو و بەردەوام بوو و گوتی قانوونی پوول دەبێ هەڵوەشێتەوە "یەکسەرە، هەرهەمووی و دەسبەجێ"، هاوکات ڕاگەیەنراوێکیش دەربکرێ لەسەر بنەمای "سەپاندنی دەسەڵات بەسەر کۆچەرنشینەکاندا .. ئەویش بە پتەوترین دەستەواژەیەک کە بەزەیندا دێ و ئەو دەسەڵاتەش دەبێ پەرەی پێ بدرێ و هەموو لایەنەکانی یاسادانان بگرێتەوە ــ بەو مانایەی کە ئێمە دەتوانین بازرگانیی ئەوان مەرجدار بکەین و بەرهەمهێنانەکەیان سنووردار بکەینەوە و جگە لە دەرهێنانی پارە لەگیرفانیان بەبێ ڕەزامەندیی خۆیان، لە هەموو بوارەکاندا دەسەڵات بەکار بێنین."

بەوە دەڵێن فێڵی ناسک. ئاخۆ جگە لە مەرجدارکردنی بازرگانیی کۆچەرنشینەکان لە ڕێگەی باجی گومرکیەوە، هیچ ئامرازێکی دیکە نەبوو بۆ ئەوەی بەبێ ڕەزامەندیی خۆیان پارەیان لە گیرفانی دەربێنن؟ ئەگەر پەڕلەمان خاوەنی بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانانە، دانانیماڵیات چۆن دەکرێ "بەشێک نەبێ لە سەلاحیەتی ئەو دەسەڵاتە"؟ گرێنویل ئەو خاڵانەی بیر خستنەوە و جیاوازیی نێوان دانانی ماڵیاتی ناوخۆیی و دەرەوەی سنووری ڕەت کردەوە. پیت یەکێک بوو لە لایەنگرە تۆخەکانی قوتابخانەی سەوداگەری و وەڵامەکەی جێی گومان و لێڵیی نەهێشتەوە:"لێگەڕێن بۆ هەمیشە مسۆگەر بێ، دانانی ماڵیات مافی ئەوانە، یاسا و ڕێساکانی بازرگانیش مافی ئێمە." ئەو جیاوازیە، ئەوانی دیکەی قایل نەکرد. لۆرد جۆرج جێرمین بۆ هاوڕێیەکی خۆی نووسی:"ئەگەر تۆ لە جیاوازیی ئەوانە تێدەگەی، دیارە لە من تێگەیشتووتری، بەڵام بڕوات بێ کە دەمبیستن، زۆر زۆر بەرز بوون."(١١٣)

ڕاکینگهام ئەوەندەی بەس بوو ئەو پەیامەکەی وەرگرت. دەسبەجێ پێشنووسی ڕاگەیەنراوێک، کە مافی دەسەڵاتداریێتیی پەڕلەمانی دەستەبەر دەکرد، ئامادە کرا و جێی هیوا بوو کە ویستی نوێنەرەکان لە بارەی ساغبوونەوەی لێبڕاوانە وەدی بێنێ . ئەوەش لەگەڵ گەلاڵەی هەڵوەشاندنەوەی

قانوونی پووڵەکە پێشکەشی پەڕلەمان کرا. پادشاش بە ناچاری ڕازی کرا: پێیان گوت هیچ چار نییە جگە لە هەڵوەشاندنەوەی قانوونی پووڵ یان زەبروزەنگی چەکداری، کە ئەویش هێزێکی سەربازیی زۆر و تێچوویەکی دەوێ کە دابینکردنەکەی ئاسان نییە. پەڕلەمان دیسان بۆ باس و مشتومڕ کۆ ب ۆوە. لە پەڕلەمانی لۆردەکان، دووک بەدفۆرد، سەرۆکی ف ڕاکسیۆنەکەی گرێنویل پێداگرانە گوتی:" قانوونی پووڵ ئەگەر تووشی بەڵای هەڵوەشاندنەوە بێ، ئەوا تەمەنی ئیمپراتۆریی بەریتانیا لە ئەمریکا کۆتایی دێ."( ١١٤) ڕاکینگهام هەرچۆنێک بێ، کۆمەڵێک هاوڕێی دۆزیبۆوە. بازرگانەکانیشی هاندەدا کە لە خەباتی خۆیان بەردەوام بن و لە بری "ماف" کە جێی مشتومڕ بوو لەسەر دەرکەوتە و ئاکامە ئابوورییەکان پێدابگرنەوە. شارەدارەکانی شارەکان و هاوولاتییە بەناوبانگەکانی سی و پێنج شار، بەڕۆژ دەهاتنە لەندەن و تۆماری شارەکانی خۆیانیان بۆ پشتیوانی لە هەڵوەشاندنەوە و نامەی بازرگانییە ئەمریکییەکانیان لە بارەی پووچەڵکردنەوەی ڕاسپاردەکان دەدا بە کەشتیوانە بەریتانییەکان. زیاتر لە سەد بازرگان لە لەندەن کۆ بوونەوە و لە ژووری سەیرکەران لە پە ڕلەماندا بەبێدەنگی زۆریان بۆ پە ڕلەمان هێنا. بیست سوارچاک لەسەر زین، چاوەڕێ بوون هەواڵی دەنگی پەڵەمان بەپەلە بگەیەننە دەوروبەر.(١١٥)

چل شایەتحاڵ و لە نێویاندا نوێنەرانی کۆچەرنشینەکان و بازرگانان و مسافیرە ئەمریکییەکان، بانگهێشت کران لە بارەی گەمارۆی هاوردە لە کۆچەرنشینەکاندا شایەتی بدەن. لە نێویاندا، بێنجامین ف ڕانکلین، لە پرسیار و وڵامە بەناوبانگەکەیدا لە فێبریوەری ١٧٧٦ پێداگرانە بە پە ڕلەمانی گوت: ئەمریکییەکان هیچ کات باجی پووڵ نادن "مەگەر بە زەبری چەک ناچار بکرێن."(١١٦) و هێزە چەکدارەکانیش هیچیان پێ ناکرێ، چونکە "ناتوانن یەکێک کە پووڵی ناوێ، بە زۆری ناچاری بکەن بیکڕێ. سوپاییەکان ئاسەواری شۆڕش بەچاوی خۆیان نابینن، مەگەر ئەوەی خۆیان شۆڕشێک بەرپا بکەن."

ئەو قسەیە بۆوەی دەبوو بکرێتە نووسراوی سەر کێلی گۆڕی بەریتانیا لەو دەساڵەدا، چونکە لەو دەمەدا کە ف ڕانکلین ئەو قسانەی دەکرد، وەک مێژوونووسێکی ئینگلیزی نووسیویێتی:"زۆرینەی هەرەزۆری" هاونیشتمانییەکانی فڕانکلین " هەرگیز بەخەیاڵیش ط ندا نەهاتبوو پێوەندییان لەگەڵ وڵاتی دایکدا بپسێنن."(١١٧)

ئینگلیزییەکان هەر بەڕاستی گەیشتبوونە سەر دووڕێیانێک. ئەگەر هەر ئاوا لە یاساکە گەڕابایەن، وەک شایەتحاڵەکان گوتیان، نارەزایەتیی بێبڕانەوە و تەنانەت "نامۆبوون و دابڕانی بەتەواوەتیی" کۆچەرنشینەکانی لێدەکەوتەوە و ئەگەر ڕازی بە هەڵوەشاندنەوەکەی بوایەن، ئەوەش بە واتای قەبووڵکردنی لەدەستچوونی دەسەڵاتیان بوو لە ئەمریکادا. دوو ساڵ دواتر هۆراس والپۆل، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا، هۆکارێکی نیگەرانکەری دیکەشی لێ زیاد کرد و نووسیی :"جێبەجێکردنی یاساکە مەترسیی هەڵایسانی ڕاپەڕین"ــی دەستەبەر دەکرد و لەوانەبوو ببێتە هۆی ئەوەی کۆچەرنشینەکان "خۆیان باوێنە باوەشی فەڕەنساو ئیسپانیاوە". لە لایەکی دیکەوە، هەڵوەشاندنەوەی یاسایەکی دابینکردنی داهاتی دەوڵەت پێشینەیەکی زۆر مەترسیداری دروست دەکرد."(١١٨)

لە ڕوونکردنەوەی یاساکەدا هاتبوو کە:"پە ڕلەمانی بەریتانیای مەزن، دەسەڵاتی هەیە و هەیبووە و دەستی تەواو ئاوەڵایە و بەهەق دەبێ هەشیبێ، کە یاسا و ڕێساگەلێکی بەگوێرەی پێویست بەهێز و بەنرخ دابنێ و کۆچەرنیشنەکان و خەڵکی ئەمریکاش لە هەموو بوارەکانەوە پابەند بکا."

پەڕلەمانی عەوام بەکۆی دەنگ ئەو یاسایەی پەسند کرد و هەموو پە ڕلەمانی لۆردەکان جگە لە پێنج کەسیان، دەنگیان بەو یاسایە دا و سەیر بوو کە یەکێکی لەو پێنج لۆردەش، لۆرد کۆرنۆڤالیس(١١٩) بوو و ئەوی دیکەیان لۆرد کەمێن قازییەکەی پێشووی دیوانی باڵای پێداچوونەوە بوو. تاقە وەزیرێکیش کە دژی ئەو یاسایە قسەی کرد و پێداگر بوو کە هۆکاری سەرەکیی دژایەتییەکەی ئەو

ئەوەیەماڵیاتدانان لەسەر ئەو کەسانەی نوێنەریان نییە، یاسایی نییە و "ناتوانن هەندێ کار بکەن."(١٢٠) یاسا لە سەر دانانی ماڵیات؛ واتە سەرەکیترین بابەتی جێی ناکۆکی بێدەنگ بوو. دادوەری گشتی، چا ڕلز یۆرک، ڕەخنەی لەو بابەتە گرت و پێشنیاری کرد دەستەواژەی "لە بواری دانانی ماڵیات"یشی لێ زیاد بکرێ . بەڵام ڕەخنەکەی وەرنەگیرا و دڵنیایان کردەوە کە دەستەواژەی "لە هەموو بوارێکدا" ئەو پێویستییەش لەخۆ دەگرێ. نوێنەران بەگوێرەی پێویست ڕازی بوون و گەڵاڵەی هەڵوەشاندنەوەی قانوونی پووڵیش زۆرینەی دەنگی هێناوە. قانوونەپاشکۆکە ئەگەرچی چارەساز بوو بەڵام بزۆزانەش بوو و پەرلەمانی خستە بەردەم هەڵوێستێکی یاسایی دیاریکراوەوە وڕێگەی سازشی لێگرت. لە دەیەی دواتردا کە تاقمی ڕاکینگها هەوڵی دەدا پێش بە شەڕ بگرێ، ئەو قانوونە بەرۆکی زۆربەی ئەو کەسانەی گرتەوە کە دەنگیان پێدابوو بەڵام جارێ مەبەستەکە پێکرابوو. هەڵوەشاندنەوەی قانوونەکە بە ١٦٧ دەنگی هاوڕا مسۆگەر بوو. بەڵام پەرلەمانی لۆردەکان هێشتا ملی نەدەدا و وەختێک دەستی لە بەربەرەکانێ هەڵگرت کە پادشا بڵێی و نەڵێی ئاماژەی کرد کێشەی لەگەڵ هەڵوەشاندنەوە نییە.

کارەکە تەواو ببوو. بێرک گوتی:" ڕوخساری ژەنە ڕال کانۆڤی وەک دەموچاوی فریشتەیەک دەدرەوشلیەوە."(١٢١) نامەبەر بە چوارناڵە مزگێنیان بۆ هەموو لایەک برد. زەنگوڵەکان لە شاری بریستلدا زرینگانەوە . کەشتیوانەکان ئاڵا و بایەوانیان هەڵکرد و بە تۆپ تەقاندن سڵاویان نارد. زایەڵەی قریوە و خۆشی لە بەندەرەکان گەڕا و وختێک هەواڵەکە گەیشتە ئەمریکا، شادی و خۆشییەکە دووهێندە بوو. جۆن هەنکاک کە خۆی بازرگان و خاوەنی کەشتییە بازرگانییەکان بوو میوانییەکی گەورەی ڕێکخست و بە یاریی ئاگر و شە ڕابی مادیرا و هێزە میلیشیاکانیش بە دەنگی فلووت و زرمەی تەپڵ ڕێژەی سەربازیان بەڕێوە برد. مەیخانەکان پڕ بوون لەو خەڵکانەی کردبوویانە بەزم و ئاهەنگ. کۆڕی گەورەی سەماکردن بەرپا کران و سپاسی پادشا و

پەرلەمانیان کرد و وەفادارییی خۆیانیان بۆ دەربڕین و لە سەرانسەری نیووئینگلەنددا پێنج سەد خوتبەی شوکرانەبژێرییان خوێند. خەڵک سەرلەنوێ داوای کاڵای ئینگلیزییان کردەوە و جلوبەرگە دەستکرد و زبرەکانی خۆیانیان بە هەژاران بەخشی.(١٢٢)

هەشت مانگ دواتر، جۆن ئادامز نووسیی: ئێستا خەڵک "بێدەنگترین و ملکەچترین خەڵکی جیهانن لە بەرامبەر حکوومەتدا" و هەڵوەشاندنەوەی قانوونی پووڵ "هەموو شەپۆلەکانی پشێویی گشتیی هێور کرد ۆتەوە."(١٢٣) پاشکۆ ڕوونکردنەوەی قانوونیش ڕێک بەهۆی ئەوەی هیچ باسی باج و ماڵیاتی نەدەکرد، هەرای دروست نەکرد. ئەمریکییەکان لەوانەیە وایان هەست کردبێ، ئەو قانوونە نیشانەی غرووریکی شکاوە و هەرگیز جێبەجێ ناکرێ.

قانوونی پووڵ و هەڵوەشاندنەوەکەی دەبێ چۆن هەڵسەنگێنرێ؟ قانوونەکە سەرەڕای هەبوونی کۆمەڵێک زانیاری ئامادە کرا کە نیشانی دەدا بێ ئەملاوئەولا ژانەسەری لێ دەکەوێتەوە . بەو حاڵەشەوە سیاسەتی بنیاتنەرەکەی لە نموونە کلاسیکەکانی گەمژەیی بە واتای لاسارییی گەمژانە لە هەڵسوکەوتێکی ئاشکرادا زیانی لێ نەکەوتبوو. داخوازیی دەرامەتی ماڵی لە کۆچەرنشینەکان و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنەکە هەردووکیان ئاسایی و سرووشتی بوون. ناکرێ هەڵوەشاندنەوەی ئەو قانوونەش بە گەمژەیی دابنێین. چونکە دیار بوو ڕێگەچارەیەکی دیکە نەماوە. جێبەجێ کردنی قانوونەکە مەحاڵ بوو و ناچاریش بوون هەڵیوەشێننەوە. بەدشومیش بوو لەبەر ئەوەی ئەمریکییەکان جگە لە شادی و سەماکردن لەخۆشیان بۆیان ڕوون بۆوە کە سەروەریی پەرلەمان لە بەرامبەر پشێوی و ئاژاوە و بایکۆتدا خۆ ناگرێ و زیانهەڵگرە. بەو حاڵشەوە جگە لە هەندێ چالاک کە ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێنەدەپەڕی زۆرینەی خەڵکەکە لەو کاتەدا هەر بەخەیاڵیشیاندا نەدەهات ڕاپەڕن یان جیا ببنەوە. خۆ ئەگەر کردەوەیەکی دنەدەری دیکە نەبوایە، لەوانەبوو شەڕەکەی شیناوەری لێکسینگتۆن ( ١٢٤) هەرگیز نەقەومابا.

پاش ئەو هەڵە ئاشکرایە کە پێویست بوو هەڵوەشێنرێتەوە، سیاسەتدارێژەرانی بەریتانیا دەبوایە دانیشن و بە پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ کۆچەرنشینەکاندا بچنەوە و لە خۆیان بپرسن ئاخۆ چ ڕێبازێک بگرنە بەر بۆ ئەوەی لە لایەکەوە بە سوود بێ و لە لایەکی دیکەشەوە دەسەڵاتەکەیان پارێزراو بێ. زۆربەی ئینگلیزییەکان لە دەرەوەی دەسەڵاتەوە بیریان لەو کێشەیە دەکردەوە . پیت و شێلبێرنیش کە دەسبەجێ دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت دەیانەویست گومانەکان بڕەوێننەوە و کۆچەرنشینەکان ئارام بکەنەوە . بەڵام چارەنووس وەک دەیبینین هاتە پێشەوە.

هیچ گۆڕانێک لە سیاسەتدا نەکرا لەبەر ئەوەی تاقمی دەسەڵاتدار ڕانەهاتبوو تەگبیر و ڕا بکا . سێبەری شایان لێ ببووە بارێکی قورس و هەمووشیان لەگژی یەکتری ڕۆچووبوون. بیریان لەوە نەکردەوە کە لەوانەیە وا باشتر بێ ماوەیەک خۆیان لە هەوڵی دنەدەرانە بپارێزن بۆ ئەوەی کۆچەرنشینەکان بۆیان دەرکەوێ کە بەریتانیا ڕێز لە مافەکانیان دەگرێ و ئیتر بیانووش نەدەنە دەست فیتنەگێڕ و ئاژاوەچییەکان. دژکردەوەی پڕ لەهەرای ئەمریکا بەرامبەر قانوونی پووڵ ئەو باوەڕەی لە بەریتانیادا چەسپاند کە کۆچەرنشینەکان بە سەرکردایەتیی "خەڵکی چەپەڵ و ئاژاوەگێڕ"(   ١٢٥) بە پێی "لێکدانەوەی پەرلەمانی لۆردەکان"، لەسەر ڕاپەڕین سوورن. حکوومەتەکان لە بەرامبەر مەترسیدا یان ئەو شتەی خۆیان پێیان وایە مەترسییە زیاتر هەوڵ دەدەن سەرکوتی بکەن و بە دەگمەن هەوڵ دەدەن تاوتوێی بکەن و لێی تێبگەن.

فاکتەرێکی تازەی دنەدان لە قانوونی ساڵانەی نیشتەجێکردنی١٧٧٦ـدا هاتە گۆڕێ. ئەو قانوونە هەموو ساڵێک بۆ خانوو و خۆراک و پێداویستی و پرەنسیپی هێزەکانی بەریتانیا پەسند دەکرا و بەپێی مادەیەکی قانوونەکە پەرلەمانەکانی کۆچەرنشینەکان دەبوایە بنکە و بارەگا و پێداویستیی وەک مۆم و سووتەمەنی و سرکە و بیرە و خوێ بۆ سەربازە لێهاتووەکانی سوپا دابین بکەن.

پەرلەمان بۆ تۆزە تێرامانێک دەبوایە تێبگا  کە ئەوە جۆرێکی دیکەی باج و پیتاکی ناوخۆییە و بەرەنگاری دەبنەوە ــ وەک دەسبەجێ لە نیویۆک وای لێهات کە زۆربەی هێزەکان لەوێ سەقامگیر کرابوون. کۆچەرنشینەکانی وای لێ تێگەیشتبوون کە بەپێی بڕیارەکەی پە  ڕلەمان دەبێ زۆر زوو لە ئەمریکا هەموو خەرج و تێچووی سوپاکەی بەریتانیا بدەن. پە   ڕلەمانی نیویۆرک لە پەسنکردنی خۆی لەو فەرمانە بوارد و ئەو بەڵگە نوێیەی نافەرمان و سپڵەیی بەریتانیا دەهری و توورە کرد.

چارلز تاونزەند لە نێو شالاوی قریوەی پەڕلەمانی عەوامدا  ڕایگەیاند:"ئەگەر ئێمە  ڕۆژێک سەرپەرشتیاریی کۆچەرنشینەکان لەدەست بدەین، ئیتر ئەم میللەتە بەقوڕدا دەچێ."(  ١٢٦) وەلامی پە ڕلەمان پەسندکردنی "قانوونی هەڵپەساردنی نیویۆرک" بوو کە پەسندکراوەکانی پە                ڕلەمانی ئەوێ(نیویۆرکـ)ــی بە بێ بنەما و پووچ دانا ئەگەر دەنگی باشە بە دانی پیتاکە دیاریکراوەکە نەدەن. ولاتی دایک و کۆچەرنشینەکان دیسان دەستەوئێخە ببوونەوە.

لەو جەنگەیەدا ئاژاوەیەکی سیاسیی دیکەش هاتە ئارا. شا دژی   ڕاکینگهام بیانوویەکی دۆزییەوە و گوتی: خواستی خودا وایە "دەوڵەتەکەم لادەم". ( ١٢٧) پاش کۆمەڵێک دانوستان و وتووێژی بەردەوام کە زۆریش ئاڵۆز بوو پیت جلەوی دەسەلاتی گرتە دەست و دەوڵەتێکی ناکۆکی پێکهێنا و تاقمە زویرەکەی ڕاکینگهام کەوتنە گەڵ بەرهەڵستکاران و کۆمەڵێکڕوخساری زۆر نەگونجاوتر لەوەی باو بوو لە دەوڵەتە تازەکەدا دەبینران. پیت وای لێهاتبوو دەیتوانی لەسەر مەرجەکانی سەرۆکوەزیربوونی خۆی سوور بێ و بڕیاریشی دابوو ئەمجارەیان بەبێ مێمڵ و لەمپەر فەرمانڕەوایی بکا. هەر بۆیە بە ئانقەست تاقمێکی تێکەڵ و پێکەڵی لێک کۆ کردەوە کە سەر بەهیچ لایە   نێک نەبن بۆ ئەوەی خۆی بەسەریاندا زاڵ بێ. تێچووی ئابووریی ئەو کارە زۆر زۆر بوو چونکە دەبوو مووچەیەکی زۆریش بۆ پاشماوەکانی دەوڵەتەکەی پێشوو تەرخان بکا و چاوبەرەوژێریان بکا.

شێلبیَ ڕن، بوو به وەزیری یەکەمی کابینەکە و بەرپرسیارەتیی کۆچەرنشینەکانی وەرگرت. گڕافتۆن و کانۆڤی لە جێی خۆیان مانەوە و لۆرد کەمدێن یەکێکی دیکە لە برادەرەکانی پیت پۆستی سەرۆکایەتیی دادگای گشتی و مۆرداری پادشایەتیی وەرگرت. لۆرد ڕۆرتینگتۆن _دەستنیشانکراوی پادشا بوو بە سەرۆکی ئەنجومەن. پۆستێکیان بۆ براکەی لۆرد بیوتیش دروست کرد چا ڕلز تاونزەند کە دیار نەبوو چۆن دەجوولێتەوە کرا بە وەزیری دارایی و ئێرڵ هیلزبارۆ ـ کە چەندی شیلبیَن دۆستی کۆچەرنشینەکان بوو ئەو ئەوەندە دوژمنیان بوو ـ سەرۆکایەتیی وەزراەتی بازرگانیی وەئەستۆ گرت. هیلزبارۆ سووکایەتیی بە بنجامین فڕانکلین کرد. فڕانکلین گوتی: "ئەو کابرایە تێکەڵاوێکە لە لووتبەرزی، نیازخراپی، سەرەڕۆیی و کەفوکوڵ".(   ١٢٨) ناسازگاری و ناتەبایی ئەو کەسانە پێکەوە کە ئەوکات پتر لە ئێستا بەرچاو بوو   ؛ وای لە بێرک کرد بە تەوس و تەشەرەوە بڵێ:"پارچە مووزاییکێکی   ڕەنگاوڕەنگ، ڕێچکەیەکی مووزاییککراو پارەچە بەردێکی  ڕەش لێرە، یەکی سپی لەوێ..." (١٢٩)

بێرک دیارە لە لایەنگرە زویربووەکانی ڕاکینگهام بوو ؛بەڵام ئەوەی ڕێگەی بۆ گەمژەیی خۆش کرد موزاییکەکە نەبوو بەڵکوو لە پێکەوتنی پیت خۆی بوو. ئەو لەپڕ قەبووڵی کرد ببێتە لۆرد. پەرلەمانی عەوامی بەجێهێشت و بە نازناوی ئێرڵ چاتام چووە نێو پە   ڕلەمانی دەولەمەندان. ئەوەش لەنێو خەڵکیدا کاریگەرییەکی کارەساتباری لەسەر خۆشەویستییەکەی دانا. بڕیارەکەی ئەو تا ڕادەیەک لە سۆنگەی نەخۆشییەکەیەوە بوو. دەیەویست لە بن باری قورسی وەزیری یەکەمی و سەرۆکایەتیی پە  ڕلەمانی عەوامدا بێتە دەرێ. بەرز و ئاهەنگەکانی گەڕانەوەی پاڵەوانی نیشتمانی بۆ دەسەڵات هەموو پووچەڵ بوونەوە . زێڕکفتەکانی "گیلدهۆڵ"(  ١٣١) داکێشرانە خوارێ و نامیلکە و داشۆرینی زۆر زبر لێرەولەوێ دەرکەوتن. "نوێنەرە مەزنەکەی خەڵکی" پشتی کردبووە خەڵک. ئەو پیاوەی ڕەشایی خەڵک بەنوێنەری خۆیانیان دەزانی؛ لەبەر خاتری یەک نازناوی دەرەبەگایەتی خۆی بە دەربار فرۆشتبوو.

له پەڕلەمانی دەوڵەمەندان ژمارەیەکی کەمتری ئەندامەکان کۆ دەبوونەوە و ئەوانەش گوێگرێکی باش نەبوون و لۆردی تازەهاتوو نەک هەر پێگەکەی خۆی له پەڕلەمانە گەورەترەکەدا لەکیس دا بگرە ئیتر قسەشی بە دڵی کەسەوە نەدەنووسا. نێڤریێس تینی بۆ هێنا پیت تووڕەوتۆسن و گرژ بوو. هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵک زبر و ملهوڕانە بوو. ژەنە ڕاڵ کانۆڤی گوتی:"له ڕۆژئاوای قوستەنتەنییە تا ئێستا کەس قسەی ناخۆشی وەک هیی لۆرد چاتامی نەبیستووە." (١٣٢) ئازاری بێبڕانەوە ، زویربوون لە لۆمەی خەڵکی، هەستی لەکیسچوونی مەزنی و بێهیوایی له ڕەوتی بەرەوخراپچوونی ڕووداوەکان له ئەمریکا پیتی بە قووڵایی خەمۆکیدا بردە خوار. ئیتر لە کۆبوونەوەکانی کابینەدا بەشدار نەدەبوو و کەسیش دەستی پێی ڕانەدەگەیشت. ئەگەرچی لە نامەیەکی توندوتیژانەدا بەشێک لە تووڕەییەکەی خۆی دەرخست:"ئەو گیانە گەمژانەیەی بەرۆکی نیویۆرکی گرتووە.. گیانی سەربزێوی و سەرپێچیی ئەوان قەیرانێکی گەورە تووشی ئێرە دەکا.. قانوونی پێشووی پووڵ ئەو خەڵکەی وا تووڕە و دڵناسک کردووە و وای تۆقاندوون کە هیچ هەست و تێگەیشتنی پێ نەهێشتوون."(١٣٣)

دەوڵەتە "موزاییکیەکە" بەبێ سەرۆک، لێکترازا. بێنجامین ف ڕانکلین، ڕایگەیاند:"باڵ باڵێن و ڕێککەوتن و پیلانگێڕیی بەردەوامی خەڵکی ناوەوە و دەرەوەی دەسەلات، هەموو شتێکی شێواندووە."(١٣٤) دووک گرافتۆن کە خۆی دەیزانی بۆ خەزێنەداری کەسێکی شیاو نییە ـ و هەر بۆ ئەوەی کاروبارە ئیدارییەکان لە کۆڵ پیت بکاتەوە بەناچاری ئەو پۆستەی وەرگرتبوو ـ ناچار بوو لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا کەفالەتی سەرۆکایەتیی دەوڵەتیش بەئەستۆوە بگرێ.(١٣٥)

لەو پۆستەدا ڕۆژبەڕۆژ پتر هەستی بە سەرلێشێواوی دەکرد . حەفتەی جارێک یان بە دوو حەفتە جارێک، بۆ ئیمزای کاغەزەکانی خەزێنەدار یی و جاروبارەش بۆ دیتنی شا"(١٣٦) دەچووە لەندەن.

جارێکیان بۆ بەشداربوون لە کێبڕکێی سوارچاکی و تەقڵە و جلیتاندا لە نیویۆرک و جارێکیش بۆ میوانییەکی گەورە لە مڵکە کوێستانییەکەیدا ماوەی

دوو حەفتە کۆبوونەوەی کابینەی دەوڵەتی وەدوا خست. کەشتییەکەی دەوڵەت ئیتر بێ کەشتییەوان کەوتبۆوە. لۆرد شێلبێ ڕن کە لە ڕێگەی نوێنەرانەوە بۆ گەڕاندنەوەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ کۆچەرنشینەکان دەستی کردبوو بە چالاکی، لەگەڵ دژایەتیی هاوکارەکانی ڕووبەڕوو بۆوە. لۆرد کەدێن کە دەرسی ماف و یاسای خوێندبوو بەڵام هەرەی لە بەرەی سیاسەت نەدەکردەوە، بێدەنگ دانیشت. هەر بۆیە ئیتر کەس نەبوو چا ڕلز تاونزەند ئەندامە هەرەزیرەک و نابەرپرسیارەکەی کابینە جڵەو بکا.

تاونزەند کە وەک بێڕک دەیگوت:"خشڵی پە ڕلەمانی عەوام و مۆمی هەموو کۆڕێکی تایبەتی و مایەی دڵخۆشیی هەموان بوو"( ١٣٧) دەیتوانی تەنانەت بەسەرخۆشیش جۆرێک قسە بکا سەرت لێی سوورِ بمێنێ و ئەوەندەش هۆشی لەسەر خۆی بوو کە وەک هۆراس والپۆل دەیگوت"ببێتە مەزنترین پیاوی ئەو سەردەمە"(١٣٨) ـ بە مەرجێک هەڵەکانی تۆزێک بچووکتر بوایەن. بەڵام مخابن وا نەبوو. تاونزەند ڕووقایم و سەرەڕۆ و گوێنەدەر بە بنەماکان بوو و هیی ئەوە نەبوو پشتی پێ ببەستی و لە هەر جێیەکی بەرژەوەندیەکەی ویستبای سەد و هەشتا پلە وەردەسووڕا. جارێکیان دووک نیو وکاسل کە دەیەویست پۆستێکی پێ بسپێرێ پرسیی:"چارلز تاونزەند لە وەزارەتی شەڕدا زیانی زیاتر دەگەیەنێ یان لە خەزێنەداریدا؟"( ١٣٩) تاونزەند لە سۆنگەی تواناکانییەوە پێویست بوو . هەر بۆیەش کۆمەڵێک کاری جۆراوجۆری لە وەزارەتی بازرگانی و دەریاوانی و وەزارەتی شەڕدا گرتبووە ئەستۆ و بە وەخت و ناوەختیش دەستی لە کار کێشابۆوە یان لە وەرگرتنی پۆست و پلە خۆی بواردبوو. والپۆل دەنووسێ:"هیچ شتێکی بەوردی و بەتێڕامانەوە نەدەخوێندەوە ؛ بەڵام ئەوەندە خێرا لەو بەشانە تێدەگەیشت کە زانیارییان تێدابوو هەر دەتگوت خۆی زانست و زانیاری دەخوڵقێنێ لەبری ئەوەی بەشوێنیدا بگەڕێ." و ئەوەندەش زیرەکانە "کە دەتگوت بیرکردنەوە کاتی لێ دەکوژێ."(١٤٠) درەوشانەوەی ئەو هەمووە توانایی لاوازییەکانی دەشاردەوە . وای لێهات پیاوێکی وەک دەیڤید هی ۆمیش نووسیی:"ئەو یەکێکە لە پیاوە هەرەزیرەکەکانی بەریتانیا."(١٤١)

"ئاڵووشی بێسنوور بۆ ناوبانگ" بەرچاوترین عەیبی تاونزەند بوو و هۆکارەکەشی لەوانەیە ئەوە بووبێ کە ئەو کوڕە گەورەی خێزانەکەی نەبوو و کوڕی دایکوباوکێکی زۆر ناوزڕاو بوو کە لێک جیا ببوونەوە. باوکە خۆشگوزەران و سەیروسەمەرەکەی "وایکانت تانزەندی سێیەم" وەک والپۆل بە برادەرێکی گوتبوو:"لە شێتیدا تۆزێکیش چییە لە هاونیشتمانییەکانی کەمتر نییە."(١٤٢) بێتواناییەکی دیکەی ئەو کوڕە ئەوە بوو کە جاروبارە بەعەرزیدا دەکەوت و فێی لێدەهات کە ئێستا دەڵێن لەوانەیە فێدار بووبێ. ئەگەرچی والپۆل زۆر بەخشکە بەسەر ئەو بابەتەدا تێدەپەڕێ:"فێ دەیگرێ دیسان دێتەوە سەرخۆ و دەنگی نەڕاندنەکەی لە کاپیتۆل( ١٤٣) دەگەڕێ. تاونزەند وەک پیت ڕێدۆز* نەبوو. بەڵام بەچاولێکەری لەو پێی چەقاندبوو کە"ئەندامی هیچ حیزبێک نەبم؛ شوێن هیچ سەرکردەیەک نەکەوم و تەواو پێملی داوەریی خۆم بم".(١٤٤) جا بۆ بەدبەختی لاوازترین توانای زەینیی تاونزەند هەر ئەو هێزی داوەرییەی بوو.

قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی بەرپرسیارەتیی تاونزەند لە وەزارەتی بازرگانیدا بوو بە هۆی ئەوەی هەمووان وەک بەورەترین کەس لەسەر کاروباری ئەمریکا لێی بڕوانن. تاونزەند یەکەم کەس بوو کە لە ١٧٦٣ـدا پێشنیاری کرد ماڵیات لە کۆچەرنشینەکان وەرگیرێ و لە خەرجی بەرگریی خۆیان و مووچەی نەگۆڕی کاربەدەست و دادوەرەکانی ئەوێ بدرێ . بۆ ئەوەی ئیتر ئەوانە "چاولەدەستی هەواوهەوەسی هیچ پە ڕلەمانێک نەبن." ئەو کارە لە ڕوانگەی کۆچەرنشینەکانەوە هەنگاوێکی ڕوون بوو بەرەو پێشێلکردنی مافەکانیان؛ واتە ڕێک ئەو شتەی لێی دەترسان.

تاونزەند لەو دەمەدا سەرەڕۆیانە و تا ڕادەیەک بەبێ گەڵاڵە و بەرنامە هەردوو ئەو بیرۆکەیەی بووژاندەوە. لە بوودجە ئامادەکراوەکەی خۆی لە جانیوەری ١٧٦٧دا داوای کرد ماڵیاتی چوار شیلینگیی زەوی و زارەکان نوێ بکرێتەوە و ئەوەش هەرایەکی زۆری لە نێو نوێنەرانی خاوەن مڵکەکاندا نایەوە.

---

*ڕێدۆز: کەسێک کە لە دۆزینەوەی ڕێگادا وریا و بەرچاوڕوونە.

بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو بەردەوام بەشوێن خۆشیرنکردندا بوو گوتی ئەگەر دەوڵەت ناچار نەبێ زیاتر لە ٤٠٠٠٠٠ لیرە بۆ بەڕێوەبردنی کۆچەرنشینەکان خەرج بکا دەکرێ دیسان ماڵیاتەکان کەم بکرێنەوە و بکرێنە سێ شلینگ. گرێنویل کە دەرس و پەندی لە چارەنووسی قانوونەکەی پووڵ وەرنەگرتبوو دەسبەجێ هاتە پێشێ و گوتی:" ئەگەر کۆچەرنشینەکان بەشی زۆری تێچووی بەرگری و بەڕێوەبەرییەکەی خۆیان بگرنە ئەستۆ دەکرێ بوودجە کەم بکرێتەوە. " جا تاونزەندیش وەک ئەوەی بڵێ :"ئەوە هیچ ئەستەم نییە" بە خۆڕانانەوە هەستا و لەبەر چاوی واقوڕماوی هاوکارەکانی لە وەزارەتدا "گفتی دا بۆ ئەو ئامانجانەی مەبەستییەتی هەر لە نێو ئەمریکادا داهاتی پێویست کۆ بکاتەوە." لەگەڵ ئەوەشدا پەڕلەمانی دڵنیا کردەوە کە دەکرێ بەبێ ئەوەی "بێ ڕێزی بە ئەمریکییەکان بکەین" ئەو کارە ڕاپەڕێنین. واتە لە ڕێگەی ماڵیاتەکانی دەرەوەی سنوور(وڵات)ــەوە بەڵام گوتیشی جیاوازیی نێوان ماڵیاتی دەرەوەی سنوور و ناوخۆ "بە باوەڕی هەموو کەسێک جگە لە ئەمریکییەکان" شتێکی گاڵتەجاڕە. حەقیقەتیش ئەوە بوو کە ئەمریکییەکان هەم لە کۆنگرەی قانوونی قوول و هەمیش لە وتووێژە گشتییەکانی خۆیاندا ئەو جیاوازییەیان ڕەت کردبۆوە ـ بەڵام تاونزەند دیارە بیروبۆچوونی ئەمریکییەکانی هیچ بەلاوە گرنگ نەبوو.(١٤٦)

نوێنەرانی پەڕلەمان کە بە دوورەدیمەنی سووکبوونی ماڵیاتەکانی خۆیان شاگەشکە ببوون؛ بە خۆشخەیاڵییەوە گفت و دڵنیاییەکەی تاونزەندیان قەبووڵ کرد. شایەتیی سەیروسەمەرە و بێ ترسانەی بێنجامین فڕانکلینیش کە لە کاتی تاوتوێکردنی قانوونی پووڵدا گوتبووی کۆچەرنشینەکان لەگەڵ وەرگرتنی ماڵیاتی دەرەوەی سنوور بۆ دابینکردنی داهاتی دەوڵەت کێشەیان نییە ئەوەندەی دیکە نوێنەرەکانی خستە جۆشوخرۆشەوە. نوێنەری خاوەن زەوییەکان بە دنەدانی لایەنگرە لەسەرکارلادراوەکان و دەستەڕاستییەکانی(١٤٧) ڕکینگهام و بەدفۆرد کە دەیانویست دەوڵەت تەنگاو بکەن گەلاڵەیەکیان داڕشت بۆ ئەوەی ماڵیاتی هەر لیرەیەک لە چوار شیلینگەوە

بکرێتە سێ شیلینگ و بەو جۆرە دەوڵەتیان لە داهاتی ساڵانەی ٥٠٠٠٠٠ لیرە بێبەش کرد و وەزیری داراییش لەئەستۆی بوو بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێ بکا.

تاونزەند بەبێ ڕاوێژ لەگەڵ هاوکارەکانی خۆی لە کابینەدا یان وریاییدان بەوان پێشنیاری کرد باج و پیتاکی گومرک ێ بخرێتە سەر ئەو کاڵایانەی بۆ ئەمریکا هەناردە دەکرێن وەک: شووشە،ڕەنگ، قورقوشم، کاغەز و جۆرەکانی چای. ئینجا وەک خۆی گوتی مەبەستیشی نەک چاودێری بەسەر بازرگانیدا بەڵکو دابینکردنی داهات بوو بۆ دەوڵەت. دەستکەوتی پێشبینیکراو بەپێی حیساب و لێکدانەوەی تاونزەند ٢٠٠٠ لیرە لە پیتاکی چای و تۆزێک لە ٢٠٠٠٠ لیرەش کەمتر لەوانی دیکە و لەسەر یەک ٤٠٠٠٠ لیرە واتە یەک لەسەر دەی تێچووی بەڕێوەبردنی کۆچەرنشینەکان و کەمتر لە یەک لەسەردەی ئەو زیانەی لە سۆنگەی کەمکردنەوەیماڵیاتی ملک و زەویوزار کەوتەوە. هەر لەبەر ئەوەندۆکە پارەیەی کە خەرجی کۆکردنەوەکەی زۆر لە داهاتەکەی پتر بوو و نەک هیچیشی لە کەمایەسیی بوودجەی وڵات کەم نەدەکردەوە(واتە هیچ کەلێنێکی ئەو کەمایەسییەی پڕ نەدەکردەوە) ؛ بگرە لەوانەبوو زیاتریشی بکا . تاونزەند ئامادە بوو هەموو دەستکەوتەکانی هەڵوەشاندنەوەی قانوونی پووڵ بەبادا بدا. وەک زۆربەی گەمژەییەکان لێرەش سوود و قازانجی گەورەتری وڵات کرا بە قوربانیی بەرژەوەندی شەخسی. تاونزەند لە نەبوونی چاتامدا دەراوەکەی بەلەبار زانی بۆ ئەوەی خۆی ببێتە وەزیری یەکەم و بەو جۆرە پێگەکەی خۆی لە پە ڕلەمانی عەوام یان وەک بێرک دەڵێ لەو "پەرستنگە هەڵبژێردراوەی" ناوبانگەدا پتەوتر کرد.(١٤٨)

پێشنیاری تاونزەند وەک پێوەی دیارە هاوکارەکانی تووشی سەرسووڕمان کرد و هەر بە ڕاستی زمانی بەستن. لەگەڵ ئەوەدا کە وەرگرتنی داهات لە کۆچەرنشینەکان بە قسەی گرافتۆن "بەپێچەوانەی بڕیاری ئاشکرای یەک بە یەک ئەندامانی کابینە" بوو و هەوڵی یەک لایەنەی وەزیری دارایی "لەو قوماشە بوو کە من دڵنیام هیچ کابینەیەک هەرگیز مل بۆ شتی وا ڕاناکێشێ". کابینەی دەوڵەت لە ڕاستیدا ملی کەچ کرد. تاونزەند هەڕەشەی کرد و گوتی ئەگەر نەهێڵن بەڵێنەکەی بەرێتە سەر دەکشێتەوە و کابینەش پێی وابوو بێت و ئەو

بڕوات دەوڵەت هەرەس دێنێ وەک مێگەل ملیان بەرداوە و ڕازی بوون. ئەوان وەک هەمیشە تەنیا دەیانویست لەسەر کار بمێننەوە.(١٤٩)

پەرلەمانیش لەو دۆخە دەروونییەدا پێی ناخۆش نەبوو پەندێکی دیکە بە ئەمریکییەکان بدا و گەڕێکیان پێ بکا. با لەوەی گەڕێین کە دەرسەکەی پێشوو هەر داوێنی ئینگلیسییەکانی گرتبۆوە. لە مانگی مای ١٧٦٧ـدا قانوونی دەرامەتی دەستەبەرکەری باجەکەی تاونزەند بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ نەریتێکی دەنگدان واتە بەبێ بژاردنی دەنگەکانیش هەر دوو پۆلەمانەکەی بڕی. تاونزەند وەک بڵێی بە ئانقەست بیەوێ ئەمریکییەکان بورووژێنێ لە پێشەکیی قانوونەکەدا دیسان زراوی بردن و ڕایگەیاند ئەو داهاتەی دەست دەکەوێ بۆ قەرەبووکردنەوەی تێچووی بەرگری لە کۆچەرنشینەکان و هەروەها "بۆ دانی گوژمە و تێچووەکانی جێبەجێکردنی دادپەروەری و یەدەگ خەرجی مووچەی بنەماڵەی پادشایەتی" خەرج دەکرێ. بێت و ئەم قسەیەی نەکرد با لەوانەبوو باجەکەی تاونزەند ئەو هەرایەی لێ نەکەوتباوە. ئیتر گەمژەیی بایەوانی* هەڵدابوو.

ئەوە چۆن قەوما؟ تاونزەند دیارە کابرایەکی پۆست و پلەپەرست و بێ ترس بوو بەڵام دەبێ بەرپرسیارەتیی ڕاستەقینە بخرێتە ئەستۆی دەوڵەت و پەرلەمان. بیانووی دووک گرافتۆن لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا بیانووەکی لاوازە کە دەڵێ هەر چاتام دەسەڵاتی لادانی تاونزەندی هەبوو و "جگە لەوە هیچ شتێک نەیدەتوانی پێش بەو کارە بگرێ." ئەگەر کابینە یەکگرتوو بوایە و وەک حکوومەتێک خۆی بە بەرپرسیار زانیبا ترسی بەلاوە دەنا و ئەو مەترسییانەی قەبووڵ دەکرد کە لەوانەبوو بەدوای دەستلەکارکێشانەوەی ئەودا هاتبایەن.

پەرلەمانی بەریتانیا کۆنترین کۆڕی هەڵبژێردراوی ئەورووپا لە ئەزموونی گەلاندا بەر لەوەی هەڵپە بکا بۆ پەسندکردنی یاساکە دەبوایە بیری لەو دەرکەوتە و لێکەوتانە کردبایەوە کە لەوانەبوو بەدوایدا بێ. تەنانەت لایەنگرانی ڕاکینگهامیش بۆ پێشگرتن لەو کارە متەقیان لێوە نەهات. چاڵز گارت نوێنەری

---

*بایەوان: ئەو چارۆکەیەی کەشتییەکان هەڵیدەدەن بۆ ئەوەی لە سۆنگەیەوە سوود لە وزەی با وەرگرن. (چارۆکەی کەشتی)

کارۆلینای باشوور نووسیی: "دۆستەکانی ئەمریکا ئەوەندە کەمن کە بۆ بەربەرەکانێی وەزیری دارایی هەر حیسابیشیان لەسەر ناکرێ و بەهیچ دانانرێن."( ۱۵۰) لە وتاری توندی رۆژنامەکان و نامیلکە پڕ لە تووڕەیی و ڕقەکاندا داوا دەکرا کۆچەرنشینە سپڵەکان ناچار بکرێن ڕێز لە مافی دەسەڵاتداریێتیی بەریتانیا بگرن. دەوڵەت و پەڕلەمان لەبری چاکردنەوەی دڵی ئەمریکییەکان بیریان لە تەمبێکردنیان دەکردەوە. باج و پیتاکەکەی تاونزەند زۆر بە باشی مەبەستەکەیانی وەدی دێنا.

دارێژەری یاساکە ئاکامی ئەو هەنگاوەی خۆی بەچاو نەدی. هەر ئەو هاوینە نەخۆشییەکی پێوە نووسا کە گوتیان جۆرە نۆبەتێیەکە و پاش چەند جار چابوونەوەی درۆیین قۆناغی خزمەتێکی کورت بەڵام زۆر گرنگ و بەنرخ بۆ ئەمریکا لە سێپتەمبەری ۱۷٦۷دا و لە تەمەنی چلودووساڵی دا بە مردنەکەی ئەو براییەوە و کۆتایی هات. یەکێک لە نوێنەرەکانی پە ڕلەمان گوتی:"چا ڕلز تاونزەندی داماو ئاخرییەکەی حەساوە."(۱۵۱)

لە جەنگەی ئەو ڕووداوانەدا چاتامی مەزن لەبەردەستان نەبوو. دووک گرافتۆن بە سەرلێشێواوی بەردەوام دەپاڕاوە کە هەر نیوسەعات دە خولەکێک چاوی پێی بکەوێ و ڕاوێژێکی پێ بکا و پادشا خۆیشی لە نامە پەیتاپەیتاکانیدا بەردەوام داوای لێدەکرد و تەنانەت پێشنیاری کرد خۆی بچێتە سەردانی ئەو پیاوە نەخۆشە. هاوسەرە خۆشەویستەکەی کابرای نەخۆش (چاتام) نیعمەتی دنیای ئازار و دەردەکانی وی هەموو جارێ وەڵامی دەداوە و داوای چاوپێکەوتنەکەی بەدوا دەخست چونکە جارێک دەیگوت: بڕستی لێ بڕاوە.. یان نەخۆشییەکەی لێی پیس کردووە... یان ژان و ئازارەکەی لە تاریف نایە." هاوکارەکانی پێیان وابوو خۆی نەخۆش کردووە و نەخۆش نییە بەڵام کە گرافتۆن هەر زۆری بۆ هێنا و دەستی لێ هەڵنەگرت و ئەویش ئاخرییەکەی بۆ چەند چرکەساتێک ڕێگەی دا چاویان پێی بکەوێ چاوی بە کابرایەکی تێک شکاوی و هەتا بڵێی دەروون شێواو کەوت.. ئەو مێشکە مەزنە وێک هاتبوو و لەبەر شێواوی لاواز ببوو."(۱۵۲)

چاتان لە دوورەپەرێزیی ملکەکەی خۆیدا "پین سەنت" لە یەکێک لەو قۆناغانەدا کە خەمۆکی بەرۆکی بەردابوو و لە شاگەشکەییدا دەژیا ئەمری کرد بە باخەوانەکەی هەتا چاو هەتەر دەکا گرد و تەپۆلکەکانی دەوروبەر بکاتە داری کاژ و سنەوبەر. باخەوانەکەی لەوەلامدا گوتی:"خۆ هەموو نەمامگەکانی ئەو ناوچەیەش بەشی یەک لەسەدی ئەوە ناکەن" وا جەنابت دەفەرمووی. بەو حاڵەشەوە، چاتام ئەمری بە باخەوانەکەی کرد دارەکان لە لەندەنەوە بێنێ و بە عارەبانە بیانباتە ئەوێ.(١٥٣) "پین سەنت" بە وەسیەتێک وەک میرات بە پیت بڕابوو. خاوەن زەوییەکی تووڕەوتۆسنی خزمی لۆرت نۆرت نۆرت ئەوەندە لە دەنگدانەکەی لۆرت نۆرت بە ماڵیاتی شەڕابی سێو تووڕە ببوو کە ئەمری کرد کۆتەڵی نۆرت بسووتێنن و وەسیەتنامەکەی خۆی گۆڕی و ملکەکەی بەمیرات بۆ "پاڵەوانی گەل" واتە پیت بەجێ هێشت. (١٥٤) پیت بۆ ئەوەی لەوێ بژیێ ملکەکەی خۆی واتە "هێیز"ی فرۆشت لە حاڵێکدا بەپێی فیلان پارەی خەرج کردبوو بۆ ئەوەی ماڵەکانی دەوروپشتی ئەوێ بکڕێ و دراوسێکان لەکۆڵ خۆی بکاتەوە. ئێستا خەیاڵی وەرگرتنەوەی ملکەکەی پێشووی کەوتبۆوە سەری. ئارا و قارای لێ هەڵگیرابوو . هەتا ژنەکەی لەناچاریان دەستەوداوێنی براکانی خۆی بوو. (ئەو برایانەی چاتام ملی لەبەر ملیان نابوو) و بە قسەڕۆیشتوویی و دەسترۆیشتوویی ئەوانە خاوەن ملکە تازەکەی ناچار کرد ملکەکەی هێیزی پێ بفرۆشێتەوە.

بەڵام لە هێزیش خێر و خۆشیی لەخۆی نەدیتەوە. چاتان وا گیرۆدەی نێقرێس و تا ببوو لە هەموو کەس دابڕابوو. خۆی لە هەموو هاتوچۆ و چاوپێکەوتنێک دەبوارد . تاقەتی منداڵەکانی خۆشی نەبوو لە ماڵەوە قسەی لەگەڵ خزمەتکارەکانی و تەنانەت ژنەکەشی نەدەکرد. خواردن دەبوایە هەمیشە گەرم بێ بە وەخت و ناوەخت هەر زەنگی لێ دابا دەبوو بۆی بێننە سەر سفرە. چاتام بە بچووکترین ناخۆشی تێکدەچوو. ڕۆژی وابوو کپ و بێدەنگ دادەنیشت و لە پەنجەرەوە چاوی لە دەری دەبڕی. نەیدەهێشت کەس بێتە لای. لۆرد کەمدێن کە زانیی وای بەسەرهاتووە گوتی:"کەواتە شێت بووە."( ١٥٥) ئەوانی دی دەیانگوت:"نێقرێس لەسەری داوە".

له سەردەمی خواردنە قورسەکان و شە  ڕابە پڕ کحوولەکاندا نێقرێس لە دیاریکردنی چارەنووسی گەلاندا دەوری دەگێڕا. یەکێک لە هۆکارەکانی دەست لەکار کێشانەوەی شا   ڕلی پێنجەمی ئیمپراتۆرەکەی سەردەمی پاپاکانی ڕێنسانس، هەر ئەم پەتایە بوو. پزیشکێکی بەناوبانگ لە سەردەمی چاتامدا بەناوی دکتۆر ویلیام کەدۆگان لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەو نەخۆشییە سێ هۆکاری هەیە:"تەمبەڵی و مەیخواردنەوەی زۆر و تووڕەیی". (لەسەردەمی نوێدا دەرکەوتووە کە هۆکارەکەی هەبوونی ئەسیدواریکی لەڕادەبەدەرە لە خوێندا کە ئەگەر تێکەڵی خوێن نەبێ ژانی ماسوولکە و ئاوسانی بەدوودا دێ) و باشترین ڕێگەی پێشگرتنەکەشی پارێزکردنە لە خواردن و خواردنەوە و لەگەڵ ئەوەشدا چالاکبوونە. ئەودەمیش دەیانزانی وەرزش و   ڕووەکخۆری یارمەتیدەر و دەرمانە. بەڵام دکتۆرەکەی چاتام کابرایەک بوو بەناوی دکتۆر ئەدینگتۆن و بیردۆزی لێکدژەکانی پێ باشتر بوو کە یەکێک بوو لە خراپترین فێرکارییە پزیشکییەکانی سەدەی هەژدەیەم. ئەو کابرایە پسپۆڕی شێتیی بوو و ناویان نابوو "دکتۆرە شێتە". هیواداریش بوو تەوژمی نێقرێسەکە لە نەخۆشەکەیدا قووڵ بکاتەوە و لەخۆیەوە بیردۆزەی هەڵدەبەست کە بەڵێ ئەوە خۆی دەروونشێواوییەکە دەبڕێنێتەوە و چاکی دەکاتەوە.( ١٥٦) بەوپێیە، بە چاتامی دەگوت دوو هێندەی جاران شەڕاب بخواتەوە. ڕۆژێ دوو پیاڵە شە ڕابی سپی و دوو پیاڵە شە  ڕابی شیرین و لە مەودای نێوان ئەو دووانەشدا "مادیرا" و "پۆرت" بخواتەوە و بەردەوام گۆشتیش بخوا و لە دەرەوە وەرزش نەکا. دیارە ئەوە تەوژمی ئازارەکەی قووڵتر کردەوە. جا ئەوەیکە بەو چارەسەرانەی دکتۆر ئەدینگتۆن نەمرد و بەزیندوویی دەرچوو و ئەقڵیشی هاتەوە جێی خۆی، نیشانەی ئەوەیە جاروبارە بنیادەم بەسەر پزیشکدا سەردەکەوێ و زاڵ دەبێ.

له سەدەی هەژدەیەمدا شێتی پەتایەکی باوی نێو چینی دەسەڵاتدار بوو   . بەڵام ــ لەوانەیە بەهۆی ژانەکەیەوە ــ دەیانگوت نێقرێسە. دوو   ڕوخساری سەرەکیی قەیرانەکەی ئەمریکا چاتام لە جەنگەی قەیران و جۆرجی سێیەم دواتر هەر دووکیان پەتای شێتییان پێوە نووسابوو. لە ئەمریکا جیمز ئۆتیس کە ماوەیەکی زۆر چێی نائاسایی بوو دەیکرد، ئاخرییەکەی لە  ١٧٦٨ــدا تەواو

شێت بوو.( ١٥٧) ئێرڵ ئۆرفۆردی برازای والپۆل کە میراتگری نازناوەکەشی بوو تووشی شێتیی دەماودەم ببوو.(   ١٥٨) دوو برای جۆرج جێرمینیش کە یەکێکیان میراتگری نازناوی ئێرل سەکڤیل بوو یەکجێ دارەکانی نێو مڵکەکەی خۆی خاکبڕ کرد و بنەماڵەکەی گوتیان کەر بووە و بێبەرییان کرد و ئاخرییش لە ئاکامی تەشەنوج و زەختدا مرد. براکەی دیکە لۆد جۆن سەکڤیل، تووشی مالیخولیا ببوو . هەتا مرد بەتەنێ و سەرگەردان و بەهەژاری لە ئەورووپادا خولاوە و لەگەڵ شێتیدا بەربەرەکانێی کرد.(   ١٥٩) دۆشێس کۆۆنزبری"زۆر زیرەک و زۆر بەئالۆوش بوو و چیی نەمابوو شێت بێ" (١٦٠) ویلیام کاوپەری شاعیر وەک باس کرا شێت بوو و یەکێک لەو شاعیرانەی زۆریش گرینگ نەبوو بەناوی کریستۆفەر سمارت کە دکتۆر جانسن لە شێتخانە چووە سەردانی. لۆرد جۆرج گۆردن، دنەدەری پشێوییەکەی گۆردن لە ساڵی ١٧٨٠ـدا هەر شێتێک بوو ئاو نەیدەپالاوت.(  ١٦١) شتی لەو جۆرە کە لێرە و لەوێ لە بیرەوەریی خەڵکەدا باسیان کراوە لەوانەیە زۆر نەبن     ؛ بەڵام ئەوە خۆی دەری دەخات کە زۆری دیکەش لەوانەیە هەبوون و باس نەکراون. بەپێی ئەو جۆرە بەڵگانە دیارە ناکرێ شتێکی شیاوی سەرنج لەبارەی شێتیی نێو چینی دەسەڵاتدارەوە بڵێی. بەڵام ڕوون و ئاشکرایە ئەگەر چاتام نەخۆش نەبا مێژووی ئەمریکا شتێکی جیاواز لەوە دەبوو.

هەندێکی پێ چوو هەتا لە ئەمریکا دژکردەوەیان بەرامبەر پیتاکە گومرکییەکەی تاونزەند نیشان دا. هەرچی و پەرچییەکان لە قەیران قانوونی پووڵدا دەستدرێژییان کردبووە سەر ماڵ و گیانی خەڵک و بەشێکی زۆری خەڵکەکە و ئەو دۆستانەی بەریتانیا کە تا دواتریش پێی وەفادار بوون ترسی ئەوەیان  ڕێ نیشت * کە بزووتنەوەی "نیشتمانپەرستی" پێشهەنگاوێکە بۆ "یەکسانکردنی" چینەکان.(١٦٢) ئەوانە حەزیان لێنەبوو ویستی جیابوونەوە لە بەریتانیا تەشەنە بدرێ. پەڕلەمانی نیویۆرک لە سۆنگەی هەڕەشەی داخستنی کاتییەوە بەبێدەنگی قانوونی نیشتەجێکردنەکەی قەبووڵ کردبوو. بۆ وەرگرتنی

*ڕێ نیشت: لێ نیشت. ڕێ+نیشت. ئەو پێشگرەی(ڕێ) لە موکریان هەیە. وەک ڕێنیشتن،ڕێکەوین، ڕێخشاندن، ڕێهاڵاندن

باجە نوێیەکەی قانوونی تاونزەند کۆمەڵێک کاربەدەستیان لە گومرکەکانی ئەمریکا دانابوو و هەڵسوکەوتی خراپی ئەوانە زۆر زوو هەرای نایەوە. "فەرمانەکانی دەستبار"یش کە ڕێگەی پشکنینی ماڵ و دامەزراوەکانی دەدا . لەو ماوەیەدا ببوونە قانوون. کاربەدەستەکانی گومرک کە تاسەبار بوون گیرفانی خۆیان لە پارەی غەرامەکان پڕ بکەن بە جۆشوخرۆشێکی پڕتووڕەییەوە هەر شتێکیان بەسەر ئاوەوە دیتبا ڕایاندەگرت و دەیان پشکنی. لە بەندەر و ڕێگە ئاوییەکاندا دەچوونە سەر سەکۆی کەشتییەکان و تەنانەت لۆتکە(گەمی)ـی جووتیارەکانیشیان کە لەبەرێکی ڕووبارەوە مریشک و جووچکەیان دەبردە بەرەکەی دیکە دەپشکنی.

خەڵک ڕۆژبەڕۆژ تووڕەتر دەبوون. لەو نێوەدا لە ناکاو خەون و ئامانجەکەی ئەمریکا دەنگێکی بەخۆوە گرت کە هەمووانی ناچار کرد بیبیستن. ئەو دەنگە لە نامەکانی جووتیارەوە هەستان کە لە دیسەمبەری ١٧٦٧ لە ڕۆژنامەی کرانیلی چاپی پەنسیلڤانیادا دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد. نووسەری نامەکان جۆن دیکینسن بوو مافناسێکی خەڵکی فیلادەلفیا لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی لادێی و نوێنەری داهاتووی "کۆنگرەی کیشوەری". ئەو نامانە سکالای کۆچەرنشینەکانی ئەوەندە پتەو و بەڵگەمەندانە دەخستەڕوو کە چووە ڕیزی مێژوویی ئەو نووسینانەوە وا خەڵکیان ڕاچڵەکاندووە و بزواندوویانن. ڕۆژنامەکانی سەرانسەری کۆچەرنشینەکان ئەو نامانەیان چاپ دەکرد. بێرنارد قایمەقامی ماساچۆسێت، یەک خولی تەواوی ئەو نامانەی بۆ ڕیچارد جەکسن، یەکێک لە نوێنەران لە لەندەن نارد و هۆشداریی دایە، کە ئەگەر بێت و بە بەڵگە ڕەد نەدرێنەوە، ئەوا دوور نییە "لە بیروڕای گشتیی ئەمریکادا ببنە جۆرە جاڕنامەیەکی ماف."

ناوەرۆکی نووسینەکانی دیکینسن، پێویستیی یەکگرتن بوو لە نێوان کۆچەرنشینەکاندا بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی لە قانوونی هەڵپەساردنی نیویۆرک ــ کە ئەو ناوی نابوو "زەبرێکی گورچوبڕ" ــ و هەر بوویش بە قانوون. ئەو دەیگوت هەر ماڵیاتێکی بەمەبەستی دابینکردنی داهات دابنرێ نایاساییە و بۆیە جیاوازییەک نییە لە نێوان باجەکەی تاونزەند و ماڵیاتی پووڵدا.

کۆچەرنشینەکان لە بەرامبەر تێچووە حکوومییەکاندا هیچ قەرزباری بەریتانیا نین لەبەر ئەوەی بەریتانیاش هەر ئێستا لەڕێکخستنی بازرگانییەکەی ئەوان قازانجێکی باشی پێ دەبڕدرێ. بەکارهێنانی ئەو باج و پیتاکانە بۆ خەرج و تێچووەکانی پادشا و بنەماڵەی پادشایەتی و مووچەی دادوەران "خراپترین زەبرە" . چاودێریی خۆجێی تەواو لەناو دەبا و کۆچەرنشینەکان بە شێوەی ئۆتوماتیک دێنێتە ڕیزی ئیرلەندە هەژارەکە. وەک بڵێی دیکینسن دەیەویست بڵێ هۆکاری کەمبوونی باج ئەوەیە کە بەریتانیا بەهیوایە هەرایەکی لێ نەکەوێتەوە و بەو جۆرە بیکاتە بێشینەیەکی باو بۆ دانانیماڵیاتەکانی داهاتوو. کەواتە دەبێ دەسبەجێ بەرەنگاری ببنەوە و دژیڕاپەڕن.

وۆن دیکینسن لە بەڵگەهێنانەوەکەیدا سیاسەتەکەی تاونزەندی لە ڕادەبەدەر وا نیشان دەدا کە هاندەرێکی ئەقڵانیی لەپشتە بەو حاڵە خوێنەرەکانی بزواند. بەریتانیا هەرشتێکی کردبا ئەوا ئەمرکییەکان گەلاڵەیەکیان بۆ کۆیلەکردنی خۆیان تێدا بەدی دەکرد. بەریتانییەکانیان زۆر لەوەی هەبوو بە ئاقڵتر دەزانی ڕێک وەک چۆن حکوومەتی بەریتانیاش پێی وابوو ئەمریکییەکان زۆر سەربزێوترن لەوەی هەن.

نامەکانی جووتیار وایان کرد خەڵک بەرەنگاری یاسای داهات ببنەوە سام ئادەمز(١٦٣)ی بزوواند و ئەویش جەماوەری بانگهێشت کرد و پەیڕەوێکی لە پەرلەمانی ماساچۆسێت پەسند کرد کە کۆچەرنشینەکانی دیکەی بانگهێشت دەکرد بەرەنگاری دانی هەموو جۆرە ماڵیاتێک ببنەوە. بەریتانیا لە ڕێگەی کابرایەکەوە وەڵامی دەدانەوە کە تازە بەناوبانگ ببوو لۆرد هیلز با روو و دەتگوت دەستی چارەنووس هەڵیبژاردووە بۆ ئەوەی ـ پاش مەرگی تاونزەند ـ مەیدانی شەیتانیی چۆڵ و بەتاڵ نەمێنێتەوە.

هیلز با روو لەبری لۆرد شێلبێرن جڵەوی کاروباری کۆچەرنشینەکانی بەدەستەوە گرتبوو. دووکی گ ڕافتۆن، لە ژێر گوشار و زۆرهێنانی شا و تاقمەکەی بەدفۆڕددا کە گڕافتۆن پێویستی بە پشتیوانییان هەبوو ناچار ببوو شێلبێرن لەسەر کار لابەرێ. بەڵام لەبەر ئەوەی دووک ئەهلی دەرکردن و ڕەتاندن نەبوو وەزارەتخانەکەی شێلبێرنی کردە دووبەش . وەزارەتخانەیەکی

نوێی بۆ کۆچەرنشینەکان دامەزراند و هیلزبارووی لەو پۆستەدا دانا. وەزیرە تازەکە نازناوی لۆردی و خاوەنی ملْکێکی گەورە بوو لە ئیرلەند و وەک خاوەن ملْکە گەورەکانی دیکە ترسی ئەوەی هەبوو نەکا ئیجارەداری زەوییەکانی کۆچ بکەن بەرەو ئەمریکا و توورەکەی ئیجارەداهاتەکەی بەتاڵ بکەوێتەوە. هەر بۆیە دژی هەرچەشنە سازگاری نەرمونیانییەک بوو لەگەڵ کۆچەرنشینەکان.
هیلزباروو لەگەڵ ئەوەدا ئەو هەمووە پۆست و پلە جۆراوجۆرەی وەرگرتبوو؛ هێشتاش وەک کابرایەکی ژیر و بەتەگبیر نەناسرابوو و تەنانەت جۆرجی سێیەم کە خۆیشی هەر گرفتاری ئەو دەردە بوو جارێکیان گوتی:"لە ژیانمدا کەسم نەدیوە هێندەی لۆردهیلز باروو بێ مشوور بێ." (١٦٤) ئەو کەمایەسییە زۆری نەبرد ئاشکرا بوو.

وەزیرە تازەکە لە نامەیەکی توندا بۆ پەڕلەمانی ماساچۆسێت ئەمری کرد پێڕەوەکەی خۆی وەرگرێتەوە ئەگینا پە ڕلەمانەکەیان هەڵدەوەشێنێتەوە و لە قایمەقامی ئەیالەتەکانی دیکەشی ڕاسپارد هەر پە ڕلەمانێکی دیکەیش ئەو ئاژاوەچێتییەی ماساچۆسێت بکاتە نموونە ئاوا هەڵدەوەشێنرێتەوە. لەبزی توندوتیژی ئەو نامەیەی و ناوەرۆکەکە شاراوەکەی کە ئەمریکییەکان دەبێ بە زۆرداری مل بۆ ماڵیاتەکە راکێشن ئەگینا پە ڕلەمانی نوێنەرایەتییەکەیان دادەخرێ. تەنانەت لەو شوێنانەش ئاژاوەی نایەوە کە هیچ مێشێکیان لێ میوان نەبوو. ماساچۆسێت بە قریوە و هەرا لە وەرگرتنەوەی پەسندکراوەکەی خۆی ملی بادا و خۆی پاراست و پەنسیلڤانیا و ئەیالەتەکانی دیکەش کە یەکەم بانگهێشتەکەی ماساچۆسێتیان قەبووڵ نەکردبوو ئەم جارە ئەوانیش دژی هیلز باروو کۆمەڵێک پڕۆژەیاسایان پەسند کرد. بەرژەوەندییەکانی ئیمپراتۆری کەوتە بەردەم زەبر و زیانی گەمژەیی هیلزباروو.

لەو سەروبەندەدا لیژنەی بەڕێوەبەریی گومرکەکان زۆر نیگەران بوو و لە فێبریوەری ١٧٦٨ـدا بۆ پاراستنی خۆی داوای هێز و کەشتییەکی جەنگیی کرد. هاتنی کەشتیە جەنگییەکەی " ڕامنی" لە هەلیفاکسەوە بۆ بەندەری بۆستۆن لیژنەی گومرکەکانی ئازا کرد کە پاپۆڕی "لیبرتی"ی جۆن هەنکاک ڕاگرن و دەستی بەسەردا بگرن. ئەو کارەش هەرایەکی وای نایەوە کە کاربەدەستە

پایەبەرزەکانی گومرک لە ترسی گیانی خۆیان ڕایان کردە نێو کەشتیی جەنگیی ڕامنییەوە. زیادبوونی ئالۆزی و پشێوییەکان ژ ەنڕاڵ گێیجی تۆقاند. ئەویش داوای دوو لیوای لە هەلیفاکس کرد و دوو لیوای دیکەش لە نۆڤەمبەردا لە بەریتانیاوە گەیشتێ. کابرایەکی خەڵکی بۆستۆن پاش ئەوەی هاتە سەیری ڕێکردنی سەربازیی چاکەت سوورەکان لە شار نووسیی:"پێکهێنانی سپایەکی هەمیشەیی خوا بەخێری بگێڕێ بۆ خەڵکێک لە تامی ئازادییان چێشتووە چ شتێک لەوە خراپترە؟" ئەو هەنگاوە بوو بە دەینەمۆی ئەو سەربەخۆییە وا لەسەردەمی ئێمەدا تەنانەت خەڵکە زۆر تۆخ و بەباوەڕەکەی لای خۆشمان بەشتێکی خراپی دەزانن."(١٦٥)

بەبێ هیچ بەرنامە یان بڕیارێکی لەوەپێش بەکارهێنانی هێزە چەکدارەکان بۆ زەبروزەنگ ناکۆکیی لێ کەوتبۆوە. گەمژانەبوونی ئەو کارە زۆربەی ئینگلیزییەکانی شڵەژاند یەک لەوان دووک نیووکاسلی ٧٥ ساڵان، کە لەتەمەنی لاوێتیدا، چارەگە سەدەیەک بە پلەی وەزیری بەرپرسی کۆچەرنشینەکان ببوو و لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە نابێ "بە زەبروزەنگ و بەکارهێنانی هێز" لەگەڵیان بجووڵێنەوە. بۆ ڕاکینگهامی نووسی:"ماوەیەکە زاڵبوون بەسەر کۆچەرنشینەکاندا و ملکەچکردنیان لایەنگری زۆر بووە. من ویژدانم ناچارم دەکا ناڕەزایەتی دەربڕم و هیوادارم دۆستەکانمان بەر لەوەی بە وەها هەنگاوێکی تێکدەرانە رازی بن جوان و زەریف بیری لێ بکەنەوە(١٦٦)

لە ژێر کاریگەریی بەدفۆڕد و هاوڕێیانی شادا تای تەرازووی کابینەکە وردە وردە بەلایەکدا دەشکاوە. کانۆڤـێ کە بەتەنێ هەوڵی دابوو پێش بە تاونزەند بگرێ و نەهێڵێ یاسای هەڵپەساردنی نیویۆرک پەسند بکرێ دەستی لە وەزارەت هەڵگرت . ئەگەرچی پۆستێکی نزمتری هەروا پاراست ؛ لۆردێکی شەڕابخۆری سووکوچرووک جێی ئەوی گرتەوە . ڤایکانت ڤیمۆت کە نێوانی لەگەڵ بەدفۆڕد خۆش بوو و هونەرەکەشی ئەوە بوو تا شەوگار شەق دەبوو قوماری دەکرد و لەبەر ئەوەی بەردەوام دەشیدۆڕاند ماڵەکەی هەمیشە پڕ بوو لە کاربەدەستانی دادگا. ئەو کە بووە وەزیریش هەر دەستی لە و خووەی هەڵنەگرت. سەعات شەشی بەیانی دەنوست و دوانیوەڕۆ لەخەو هەڵدەستا .

"هەر ئاگاشی لێ نەبوو لە وەزارەتخانەکەیدا چ باسە . کاروبارەکانی ئەوێ جەنابی وود کە جێگری بوو ئەوەندەی پێی کرابایە دەیکردن."( ١٦٧) پلەی وەزارەتی دارایی کە پاش تاونزەند بە بەتاڵی مابۆوە بە لۆرد نۆرت ئەسپێردرا پیاوێکی نەرمونیان و بێ کێشە بەمشوور، بەبێ بیروباوەڕێکی پتەو کە ئەهلی سازش نەبوو. دوو پۆستەکەی دیکەش لۆردەکانی لایەنگری بەدفۆ ڕد پڕیان کردنەوە . ئێرل گاڤر پاش مەرگی لۆرد نۆرتینگتۆن و ئێرل ڕاچفۆرد - باڵیۆزەکەی ئەو دواییانەی بەریتانیا لە ئیسپانیا - کە بۆ ڕۆیشتن لە مادرید ناچار ببوو دەفرە زیوەکانی و زێڕ و گەوهەرەکانی خۆی بایی ٦٠٠٠ لیرە بە بارمەتە دابنێ ؛ بۆ ئەوەی بتوانێ قەرزەکانی بداتەوە. پاش هەشت مانگ خۆڕاگری ئاخرییەکەی دەستی لە کار کێشلیەوە ـ یان ناچار کرا دەست لە کار بکێشێتەوە و جەنابی باڵیۆز لە جێی ئەو دانیشت. چاتام کە بەرەو چاکبوونەوە دەچوو وەختێک زانیی شێلبێرن دەستی لە کار کێشاوەتەوە مۆرە تایبەتییەکەی پادشای ناردەوە و بە فەرمی داوای دەست لە کارکێشانەوەی خۆی کرد.

دەوڵەتێک کە سەردەمانێک دەوڵەتی چاتام بوو تەواو کەوتە پاوانی دارودەستەی بلومزبێری. ئەوانە بەناو گۆڕەپانی بلومزبێری کرابوون، کە دووک بەدفۆرد لەوێ دەژیا. دووک خۆی جگە لە سەروەت و سامانێکی زۆر و ئەو پلەو پۆستە جۆراوجۆرانەی لە سەردەمی پادشاکەی پێشوودا وەریگرتبوون و جیا لە دەسەڵات و نازناو و پێگە و پلەکانی خۆی لە بەدفۆردشێر، ئەو دەسەڵاتەی هەیبوو لە سایەی متمانەبەخۆیی و هەستی ڕادەبەدەر بەهێزی شانوشکۆی خۆیەوە بەدەستی هێنابوو. دەیانگوت لەسەردەمی شانوشکۆ و مەزنیی پیتدا هەر ئەو دەیتوانی بە ئاشکرا دژی قسە بکا. لە دەوڵەتەکەی گرینویلیشدا لە پلەی سەرۆکی ئەنجوومەن و سەرۆکی ڕاستەقینەی حکوومەتدا ـ کە بەگشتی پێی دەگوترا دەوڵەتی بەدفۆرد ـ خزمەتی کردبوو. بەڵام ئێستا دەردەپاشا(نێڤرێس)ی پێوە نووسابوو . لە ڕێگەی لایەنگرەکانییەوە پلانەکانی جێبەجێ دەکرد و زۆربەی کات لە ماڵەکوێستانییەکەی لە ڤوبێرن ئەبی دەژیا. ئەو لەگەڵ ئێرل گاڤری ژنبرای و دووکی چوارەم مارلبێرۆی زاوای ؛ سێزدە کورسیی پە ڕلەمانی عەوامی

بەدەستەوە بوو. بەدفۆرد زیرەک و میهرەبان؛ بەڵام زۆر لاسار و کەللەڕەق و تووڕەوتۆسن بوو. لە نێو لایەنگرەکانیدا کۆمەڵە کەسێکی کارامەی بێنەوبەردەی هەڵبژاردنەکان و هەروەها تۆخترین لایەنگرەکانی زەبروزەنگ لەسەر کۆچەرنشینەکان بەدی دەکران. ئەوانە بەردەوام بە پادشایان دەگوت :" ئەو چاوقایمی و سەربزێوییەی ئەمریکییەکان بە شەش پاپۆڕی جەنگی و فەوجێک سەرباز، سەرکوت دەکرێ".

سیاسەتی جۆرج شا لە بارەی کۆچەرنشینەکانەوە لەسەر یەک بۆچوون دامەزرابوو ئەویش ئەوەبوو : "ئەرکی بێ ئەملاوئەولا واجبی سەرشانی هاووڵاتییەکانی ئەو لە ئەمریکا ئەوەیە کە ملکەچی یاساکانی پە ڕلەمانی یاسادانەری بەریتانیای مەزن بن . پادشا "چاوەڕوانیی لێیانە و دەیەوێ بە ڕوویەکی گەشەوە ملکەچی ئەو یاساگەلە بن."(١٦٨)

دەسەڵاتی شا لە بەڕێوەبەریی دەوڵەتدا لەوەش بەزیانتر بوو . لەبەر ئەوەی بە ئەرکی پادشایانەی خۆی دەزانی، ئاسەواری "بت"ــەکەی سەردەمی منداڵی خۆی واتە ئا لفڕێدی مەزن، لە حکوومەتەکەیدا وەک سەرچەشن و نموونە بسڕێتەوە. (واتە هەرکەس ئەوی کردبێتە نموونە و سەرچەشنی خۆی لە دەوڵەتدا بیسڕێتەوە). ئێستا لە ڕێگەی تاقمەکەی بەدفۆردەوە زۆری دەست لە کاروبارەکان وەردەدا بەدڵی خۆی وەزیری دێنا و وەزیری لادەبرد . تەخشان و پەخشان و بەخشینەکانی پاوان کردبوو و هیچ سیاسەتێکی کۆدەنگیی لە کابینەی دەوڵەت وەرنەدەگرت . لەگەڵ وەزیرەکان بەتەنیایی کۆ دەبۆوە و تەنانەت دەسنیشانیشی دەکرد کە کێ لە کام باسوخواسی پە ڕلەمانی عەوامدا قسە بکا.

هەڵبژێردراوەکانی وی بۆ بەڕێوەبەریی کاروبارەکان زۆربەیان نەجیمزادە یان ئەو دەرباریانە بوون کە خۆیان لەلای شیرن کردبوو. بەڵام هیچ لەخۆی زیاتر و بەگوێرەی پێویست توانای دەوڵەتدارییان نەبوو و پەروەردە نەکرابوون.

ڕاپەڕینی ئەمریکا بەدوای هەر هەنگاو و هەرماڵیاتێکدا تاقمەکەی بەدفۆردی دڵنیا کردەوە کە کۆچەرنشینەکان دەیانەوێ سیستەمی بازرگانی تێک بشکێنن

و مافی بازرگانی بۆخۆیان دەستەبەر بکەن و لە بەرامبەر هەر هەنگاوێکی پەڕلەماندا هاوار بکەن : "سەرەڕۆ". کەواتە ئەگەر ئەوان ملکەچ بکەن زۆر ناخایەنێ نارەزایەتی و بەرهەڵستییەکانی ئەوان ئاسەواری دەسەڵاتەکەیان ناهێڵێتەوە.

ئەو ترس و دڵەڕاوکێیانە لە بواری بازرگانییەوە دیارە بێ بنەما نەبوو. داماڵینی کۆت و نیری بازرگانی و لەگەڵ ئەویشدا پەرەپێدان بە پیشەسازیی نیشتمان هەر بە ڕاستی بیرۆکەیەک بوو کە ئەمریکییەکانی داگرتبوو و سەرکەوتن لە ئابلۆقەی هاوردەکردنیشدا مەسەلەکەی زۆر گە رمتر کرد. بەریتانیا بەو کردەوانەی خۆی توانای کۆچەرنشینەکانی بۆ بەرهەمهێنانی قوماش و کەلوپەلە خۆوڵاتییەکانی دیکە خستە گەڕ. جۆشوخرۆشی سەربەخۆیی بازرگانیی لە خەڵکەکەدا بزواند و ئەو بەڵایەی وا لە هەموو شتێک پتر خۆی دەیەویست پێشی پێ بگرێ ؛ بەدەستی خۆی بەسەرخۆی هێنا. تەنانەت "پیت"ــیش بەردەوام یاساکانی بازرگانیی بە بنەمای سیاسەتی کۆلۆنیالیستی دادەنا. ئەو جارێکیان گوتی نابێ ڕێگە بە کۆلۆنییەکان بدرێ، خۆیان تەنانەت "بزمارێک، یان یەک ناڵ"یش دروست بکەن.( ١٦٩) کەفوکوڵی سەربەخۆیی بازرگانی ئێستا بزووتبوو. لە مانگەکانی ئۆگست و سێپتەمبەری ١٧٦٨ــدا، باقی کۆچەرنشینەکانیش هاتنە پاڵی. چنین لە ماڵەوە، لە ڕاستیدا لە سەردەمی قانوونی پووڵەوە لە لایەن گرووپە پێکهاتووەکان لە "کچانی ئازادی"ــیەوە برەوی ستاندبوو. دەرچوانی کۆلیژی هارڤا ڕد لە ١٧٦٨ــدا و سەرۆک و یەکەم دەستەی دەرچووانی کۆلێژی رۆدئایلەند "زانکۆی ب ڕاونی ئێستا)، لە ساڵی ١٧٦٩ــدا هەر هەموو بەو جلوبەرگانەوە وا لە ماڵەوە دوورابوون، لە ڕێوڕەسمی دەرچوونیاندا بەشدار بوون.(١٧٠)

لە بەریتانیایشدا گەڕانەوە و بەپێچەوانەوە هەڵبژێرانەوەی سەرلەنوێ ی ئەو لە یەکێک لە هەرێمەکانی نوێنەرایەتیی لەندەن ـ میدل سەکس ـ بۆ پۆلەمان و دواتریش ڕەدکرانەوەی متمانەنامەکەی لە پە ڕلەمان لە لایەن زۆرینەی حکوومەتەوە، دیسان توورەیی و نارەزایەتیی بەرامبەر حکوومەتی بووژاندەوە. سکاڵاکەی ئەو هەموو ئەوانەی لێک کۆ کردەوە کە دژی ئیمتیاز و پوانەکانی

پادشایەتی بوون و بزاڤی ڕادیکاڵەکانی بەهێزتر کرد. ئەو بزاڤە خوازیاری ڕیفۆڕمی پەڕلەمانی بوو و دەیەویست بە هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینە، سیستەمی بەخشین و چاوبەسەرەوەبوون بگۆڕێ. خەون و ئامانجە جۆراوجۆرەکانی "ئازادی" هەموو بوونە یەک . تەنانەت دۆستانی ئەمریکا و بەرهەڵەستکارانی سەرکوتیش و ئەوانە یەکتریان بەهێز کرد.

هاواری "ویلێکس و ئازادی" لە هەموو لاوە بەرز ببۆوە. پاڵەوانی چیرۆکەکە دیسان بۆ نوێنەرایەتیی مید سەکس ناودێر کرا و دەنگدەران دیسان بەبێ ترس گەڕاندیانەوە پە ڕلەمان و زۆرینە سەرلەنوێ دەریان کردەوە . دیسان هەڵبژێردراوە و بۆ سێیەمین جار دەر کرایەوە. ویلێکس بوو بە هێمای لایەنگری دەسەڵاتی مەرجدار(مەشرووتەخوازی) و پاڵەوانی خەڵک و کوانووی نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵک. ئاخرییەکەی دەوڵەت خۆی پاڵێوراوێکی بۆ میدل سەکس داتاشی و بە پووچەڵکردنەوەی دەنگەکانی ویلێکس، پاڵێوراوەکەی خۆی کردە نوێنەری هەڵبژێردراوی ئەوێ. پشێوی و ئاژاوە لەندەنی لەرزاند. بێنجامین فڕانکلین نووسیی: شارەکە "هەموو ڕۆژێ گۆڕەپانی ڕاپەڕین و پشێوی و بێ قانوونییە. لات و لووت و هەرچی و پەرچی بەڕۆژی ڕووناک بە شەقامەکاندا دەخولێنەوە و هەر کەس هاوار نەکا ویلێکس و ئازادی، دەیگەوزێنن."( ١٧١) توونچیی کەشتییەکان و مەلەوان و گەمییەوان و ئاژاوەچییە جۆراوجۆرەکان، پەیتوون(گالیسکە) ەکانیان ئاوەژوو دەکردەوە . دووکانەکانیان تالان دەکرد و دەچوونە نێو ماڵی دەرەبەگەکانەوە . لەو جەنگەیەدا بەرپرسانی حکوەمی "هەر کامە و لە هەوایەکیان لێ دەدا"و نیگەران و دڵەودوای ڕووداوەکان بوون.

بە سەرکوتی گەمژانەی دەنگدەرانی مید سەکس، دەوڵەت هەرای هەمیشە ئامادەی خەڵکەکەی بۆ لایەنگری لەو ئازادییانەی که لە ئینگلستاندا بە مافی خۆیانیا ن دەزانی بەرز کردەوە. نوێنەرە پڕ جۆشوخرۆشەکانی ئەمریکییەکانیش بەردەوام لە نێو لایەنگرەکانی ویلێکسدا بانگەشەیان دەکرد بۆ پێوەندیی ئەم ئازادییانە لەگەڵ ئەو ئازادییانەی خەڵکی ئەمریکا بەمافی خۆیانیان دەزانی. قوماشفرۆشێکی دەنگدەر لە لەندەن لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی

١٧٦٨ـدا گوتی:"ئەوانەی دەیانەوێ ئەمریکا بکەنە کۆیلە ئەگەر دەرقەتمان بێن، ئێمەش کۆیلە دەکەن."( ١٧٢) ٢٦ کەس لە سەرۆکەکان و ٢٣٦ کەس لە ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی "دادگای ئەنجوومەنی گشتیی لەندەن"، کە زۆربەیان دووکاندار و پیشەسازی سەربەخۆ بوون، هەرچەشنە هەنگاوێک بۆ سەرکوتکردنی کۆچەرنشینەکانیان مەحکووم کرد.(١٧٣)

شارەوانە کارتۆنییەکەی لەندەن، ویلیام بەکفۆ ڕد، بازرگانە چاوقایمەکە لە سەرووی بەرگریکەرانەوە بوو و وەک زۆربەی دۆستەکانی دیکەی ئەمریکا لە ڕێگەی بەجوابهاتن لەسەر ویلێکسەوە، ئەو روانگەیەی بۆ دروست ببوو و هەر کەس لەسەر یەکێک لەو دوانە دژی دەوڵەت بوایە لە سەر ئەوی دیکەش هەر دژایەتیی دەکرد. بەکفۆ ڕد کوڕی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی "شەکرچێن"ـی جامایکا و گەورەترین خاوەنی زەویی ئەو دوورگەیە بوو. لە بازرگانی لەگەڵ ئینگلستاندا خۆی دەوڵەمەندتر کرد و لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی شارەوە، بوو بە مودیر ناحیە و دواتریش کردیان بە شارەوانێکی بێدەسەڵات و ناڕەزایەتیی شاری لەندەنی دژی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانی میدل سەکسدا گەیاندە پادشا.والپۆل لووتبەرزانە گوتی : " ئەوەی ئەو کردوویەتی لەسەر بنەمای کۆمەڵێک زانیاریی ئاڵۆز و تێکەڵوپێکەڵ ... بووە و لە داوەریکردندا ئەوەندە ناڕاست بووە کە لەگەڵ شانازیی بێژەرەکەیدا ئەوەندەی دیکە پووچییەکەی دەردەکەوێ".(١٧٤) بەو حاڵەشەوە ؛بەکفۆ ڕد لە نێو ڕەخنەگرانی سیاسەتی ئینگلستاندا بەرامبەر ئەمریکا دەنگێکی بوێر بوو.ڕادیکاڵەکانی ئینگلیز بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕای کۆچەرنشینەکان دەیانگوت لە ئاستی وەزیرەکاندا پیلانێک هەیە بۆ سەرکوتی ئازادییەکانی ئەوان. جوسایا ڤێجوود یەکێک لە ڕێبەرانی ڕادیکالەکان، باوەڕی وابوو کە یاسای تاونزەند هەوڵێکی ئاگاانە بوو بەرەو ئەو ئامانجە ؛ بەڵام ئاکامی خراپی لێ دەکەوێتەوە . بەو مانایەی سەربەخۆیی ئەمریکا سەدەیەک دێنێتە پێشتر.

لەندەن مەگەزین لە ئۆگۆستی ١٧٦٨دا داهێنەران و ئەو کاربەدەستانەی ئێستا "هەوڵی گەمژانەی دژ بە ئەمریکا"یان گرتووەتە بەر بەراوردی کردن لەگەڵ دامودەزگای پادشایەتی لە سەدەی حەڤدەیەم و "وەزیرە داماوەکانی"

ئەو. "بەپێی ئەنجامەکانی خۆی، بوێرانە گوتی :" لە هەر دە کەس، تەنانەت لە خودی ئەم وڵاتەیشدا نۆ کەسیان دۆستی ئەمریکییەکانن و لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەوان حەقیانە". (١٧٥)

نۆ کەس لە دە کەس، دیارە زێدەبێژی(اغراق ) بوو . لێکدانەوەی هەندێ ڕۆژنامەی دیکە ڕێک پێچەوانەی ئەوە بوو. ڕۆلف ئایزاردی ئەمریکیی دانیشتووی لەندەن، وای مەزەندە دەکرد کە لە هەر پێنج بەریتانی، چوار کەسیان دژی ئەمریکایە و پشتیوانیی پە ڕلەمان لە دەوڵەت ڕەنگدانەوەی دروستی بیروباوەڕی گشتییە. وەختایەک بەرهەڵستکاران لە پەڕلەمان هەرگیز زیاتر لە هەشتا دەنگیان نەهێنا "دەکرێ دڵنیا بن لەوەی ئەو هەنگاوە بە خراپ نازانن؛ چونکە گەندەڵییەکە ئەوەندەش قووڵ نییە."(١٧٦)

داوەریکردن لەبارەی بیروڕای گشتییەوە بەپێی ئەو شتانەی لەڕۆژنامەکانی ئەودەمدا هاتوون دژوار و ئەستەمە . لەبەر ئەوەی زۆربەی وتارەکانی لایەنگرانی ئەمریکا هەر ئەمریکییەکانی دانیشتووی لەندەن بەبێ ناو یان بەناوی خوازراوەوە دەیان نووسین. بەو حاڵەشەوە دەبێ بزانین ئەگەر بەشێکی گرنگی بیروڕای گشتی دژی سیاسەتەکانی دەوڵەت نەبوایە، بڵاوکەرەوەی ئینگلیزەکان لە بڵاڤۆکەکانی خۆیاندا ئەو هەمووە شوێنەیان بۆ نامەکان یان ئەو ڕاپۆرتانە تەرخان نەدەکرد کە لەگەڵ کۆچەرنشینەکان تەبا و هاودەنگ بوون.

با لەبیری نەکەین نەوەی دادێ زۆربەی جاران لەبارەی ئەو مەسەلە سیاسییانەوە وا بیروڕای گشتی گرنگییان پێدەدەن، زێدەبێژی دەکەن و زۆریان پێوە دەنێن. ئەو مەسەلەیەی لە ١٧٦٨ـدا چینی دەسەڵاتداری بەریتانیا بەڕاستی حەزی لێی بوو ئەمریکا یان مافی ویلێکس نەبوو؛بەڵکوو ڕیسواییەکەی دووک گڕافتۆن بوو کە مەعشووقەکەی خۆی واتە نانسی پارسنزی بە بەرچاوی شاژن و ژنە تەڵاقدراوەکەیدا بردە ئۆپێرا و لە حاڵێکدا زۆربەی ئەو پیاوانەی مەعشووقەیان دەبرد خێزاندار بوون بەڵام ئەو مەسەلەیە هیچی لە ڕیسواییەکە کەم نەکردەوە. نانسی کچی خەیاتێک بوو لە باندستریت و مەعشووقەی پێشووی بازرگانێکی خەڵکی هیندی ڕۆژاوا بوو و پێیان دەگوت "هاتێن خاتوون". چونکە لە ڕەوگەی ژیاندا مێردێکی بەوناوەیش کردبوو؛ بەڵام ئەوەش

تۆسقاڵێکی لە لۆمە و سەرکۆنەی چینی بژاردە کەم نەکردەوە. ئەو ڕاستییەی کە گواڤتۆن خاتوونی لەبەر چاوی هەمووان "نیشان" دا و لەسەرووی خۆیەوە داینا، ئەوە بەتایبەتی خەڵکەکەی تووڕە کرد و ڕووداوی وروووژێنەری وەرزەکەش هەر ئەوە بوو. نانسی تەواو کاری کردبووە سەر کۆچەرنشینە سەربزێو و دەم پڕ لە هەراکان*.

ناڕەزایەتیی پڕ لە قینی ڤیرجینیا و پەنسیلڤانیا و کۆچەرنشینەکانی دیکە، بۆ پەڕلەمانی دەسەلماند کە ڕۆژبەڕۆژ بەرەنگاریی لە بەرامبەر قانوونی داهاتدا پەرە دەگرێ. ژومارە بێ هەستەکانیش ئەو واتایەیان پشتڕاست دەکردەوە. لە ١٧٦٨ــەوە هەتا ١٧٦٩ هەناردەی ئینگلیس بۆ ئەمریکا، یەک لە سێ کەمی کرد. واتە لە ٢٤٠٠٠٠٠ــەوە دابەزییە ١٦٠٠٠٠٠ لیرە. نیویۆرک هاوردەی خۆی هێنایە سەر یەک لە حەوتی ئەوەی لە ١٧٦٤ــدا هێنابووی و لە ٤٨٢٠٠٠ــەوە لەو ساڵەدا، هێنایە ٧٤٠٠٠ لیرە لە ١٧٦٩ــدا.

هاوردەی بۆستۆن نیوە ببوو. بەڵام لە کۆچەرنشینەکانی دیکە، کە ئابلۆقە و بایکۆتی هاوردە هەڵکشان و داکشانی هەبوو لە نیوە کەمتر، کەم ببۆوە. لە چاو تێچووە سەربازییەکان بۆ ئەمریکا کە ١٧٠٠٠٠ لیرە بوو ئەو پارەیەی بە پیتاک و باجەکەی تاونزەند لە یەکەم ساڵدا وەرگیرا هەر ١٦٠٠٠ لیرە بوو. تەنانەت هیلزبارووی وەزیری کۆچەرنشینەکانیش دانی بەوەدا نا کە قانوونی تاونزەند "لە ڕووی بازرگانییەوە زیانی زۆرە و خۆزگە هەر نەبوایە."، (١٧٨) وەزیرە تازەکەی دارایی لۆرت نۆرت گوتی: "ئەو پیتاکە ئەوەندە ناماقووڵە کە هەر پێم سەیرە پەڕلەمان چۆن پەسەندی کردووە؟"(١٧٩) هەردوو بەڕێزەکە خۆیان دەنگیان بەو قانوونە دابوو وا ئێستا مەحکوومیان دەکرد.

دەوڵەت لەبری ئەوەی هەوڵی ئاشتەوایی بدات و هەتا زووە گەمارۆی هاوردە بڕەوێنێتەوە، بیری لە تەمبێکردن دەکردەوە. بەدەستی خۆی هاووڵاتییەکانی بۆ بەربەرەکانێ زۆرانبازی هان دابوو. لە حاڵێکدا دەشیبینی هیچ چاری نییە جگە لە بەکارهێنانی هێز ؛ بەتایبەتی کە دەترسا ئەگەر بێت و ناڕەزایەتییەکانی ئەمریکا سەربگرێ، ئەوا خەڵکە سەربەگۆبەندەکەی ئینگلیز و

---

*دیارە نووسەر لێرەدا دەیهەوێ بڵێ: باسوخواسەکانی نانسی، کۆچەرنشینەکانی لەبیر خەلکەکە بردبۆوە.

ئیرلەندیش چاو لەو بکەن و ئەوانیش ئەو ڕێگەیە بگرنە بەر. هیلز باروو وەک ڕەحۆبعام، لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە باشترین خۆدەرخستن ئەوەیە چەندی بۆت دەکرێ توندوتیژی بنوێنی. کەواتە سەر لەنوێ یاسایەکی کۆنی سەردەمی هێنریی هەشتەمی بووژاندەوە. بەپێی ئەو یاسایە، ئەو کەسانەی تۆمەتی خیانەت و ناپاکییان لەدەرەوە درابووە پاڵ، لە نێوخۆی بەریتانیادا دادگایی دەکران. ئەو بابەتە بەدفۆرد لە ڕاگەیاندنێکدا، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو کەتن و تاوانانەی لە ماساچۆسێت دەکران، پێشنیاری کرد. پە ڕلەمانی عەوام دەنگی پێدا . "چاتامی"ـیەکانی تاقمی گ ڕافتۆن لە دەوڵەتیشدا بە ڕواڵەت هیچ دژایەتییەکیان نەکرد و فەرمانەکە دەسبەجێ بە بێرنا ڕد قایمەقامەکەی ماساچۆسێت ڕاگەیەنرا. دیارە دژکردەوەکان توند بوون: هاووڵاتیان لە ماڵەکانیاندا بگرن و بیانبەن بۆ دادگایی لە شوێنێکی دوژمنخوو و ٣٠٠٠ مایل دوور لە پارێزەر و پشتیوان. بەوە دەڵێن سەرەڕۆیی ئاشکرا.

ترسی سەرەکی واتە هاندانی پیشەسازی لە ئەمریکا لە ڕێگەی بزاڤی ئابلۆقەخستنەسەر هاوردە لەو سەروبەندەدا کاریگەریی لەسەر بەریتانیا دادەنا. دەوڵەت و پەڕلەمان ئەو گەمارۆیەی لە ڕووی بێمشوورییەوە هێنابووە ئاراوە. لە حاڵێکدا بیریان لەوە کردەوە کە چۆن بە هەڵوەشاندنەوەی یاسا، زیانەکەی لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە. ئەزموونی قانوونی پووڵ دووبارە بۆوە . وەک بڵێی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا نەخۆشیی قومارکەرانیان هەبوو و بەردەوام مەرج و شەرتیان لەسەر ئەو ژومارانە دەکردەوە وا پێشتر دۆڕاندبوویان. مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی قانوونی تاونزەند لە مارسی ١٧٦٩ـەوە تا مانگی مای ١٧٧٠، واتە پتر لە ساڵێکی خایاند و لەو ماوەیەدا بۆ دسیپلین و ڕێکخستنەوەی کۆچەرنشینەکان کۆمەڵە هەوڵێکی دیکەش درا کە هەموویان وەک ئەو قانوونەی خەریک بوو هەڵدەوەشێنرایەوە زیانیان هەبوو.

کۆگای گەمژەییەکان ئیتر تەواو دیار بوو و لە مشتومڕەکانی ئەو ساڵەدا ڕاشکاوانە و بە گاڵتەوە مەحکووم دەکرا. وتاردەر ە بەرهەڵستکارەکان، تووڕەیی خۆیان لە بێبەشکردنی ویلێکس لە کورسیی نوێنەرایەتییەکەی خۆی کە "دەستدرێژی بوو بۆ سەر مافی پیرۆزی هەڵبژاردن" و "پێشێلکردنی هەموو

دەستوور" بوو دەربڕی. ئەوا ن توند هێرشیان کردە سەر ئەمریکاش. بێرک زمانە تەوساوییەکەی خستە گەڕ . عەقید بارێ دەستی کرد بە سەرکۆنە و لۆمە. بەکفۆ ڕد شارەوانە کارتۆنییەکەی لەندەن گوتی:"سیاسەتێکی سەیرە کە هەر ساڵەی ٥٠٠٠٠٠ لیرە بۆ کاربەدەستانی گومرکخانە خەرج بکرێ بۆ ئەوەی ٢٩٥ لیرە کۆ بکەنەوە کە ئەویش دەستکەوتی نەختینەی باج و پیتاکی ئەوێ بووە."(١٨١)

بەڵام، پاڵەوانی مشتومڕەکان ــ تۆماس پۆنال ـ قایمەقامەکەی پێشوو بوو کە لە سایەی ئەزموونی حەوت ساڵ خزمەتی کارگێڕی لە چوار کۆچەرنشینی جیاجیای ئەمریکادا، قسەی دەکرد. لە باسێکی دورودرێژ و بەڵگەمەند و حاشاهەڵنەگر و پشتئەستوور بە بەڵگە و شایەتدا ؛ لەوانەیە ئەو تاقە کەسی بووبێ کە بێلایەنانە و هەر بە ڕاستی بەپەرۆشەوە بانگەشەی بۆ دامەزراندنەوەی پەیوەندیی باش لەگەڵ ئەمریکدا دەکرد. ڕەخنەگرەکانی دیکە، لەگەڵ جنێو و تانە و تەشەر و هاودەردیی لە ڕادەبەدەر لەگەڵ کۆچەرنشینە زوڵم لێکراوەکان ــ کە بارێ ئەوانی بە "خەڵکێکی بەشە ڕەف و ڕاستگۆ و وەفادار و هاووڵاتیی ڕاستەقینەی ماساچۆسێت ناوبرد کە هەق نییە گلەییان لێ بکرێ" ــ زیاتر بیریان لای لەکارخستنی دەوڵەت بوو نەک ئاشتکردنەوەی لەگەڵ ئەمریکا. دەوڵەتیش بە پشتگەرمیی زۆرینە هەرە زۆرەکەی خۆی بێخەم و خەیاڵ ڕەخنەکانی پشتگوێ دەخست.

پۆنال پەردەی لەسەر گەمژەیی لادا. گوتی لەبری یاسای نیشتەجێ و دابینکردنی پێداویستییەکانی سەربازان کە دەسبەجێ هەرای لە کۆچەرنشینەکان هەستاند، دەبێ کارەکە بخەینە ئەستۆی خەڵکەکە ؛ بۆ ئەوەی بە نەریتی خۆیان جێبەجێی بکەن وەک چۆن لە شەڕە حەوت ساڵانەکەدا کردیان. فەرماندەی هەر یەکەی سەربازی دەبێ ڕێگەی بدرێ بۆ دابینکردنی خۆراک و حەوانگەی سەربازەکانی خۆی، لەگەڵ بەرپرسە خۆجێیەکان قسە بکا و بگەنە ڕێکەوتنێکی هاوبەش. پۆنال پێشنیاری کرد یاساکەی تاونزەند هەڵوەشێنرێتەوە و گوتیشی هەر پێشەکییەکەی ئەو یاسایە کە دەڵێ ئامانجی کۆکردنەوەی داهات بۆ کارمەندەکانی دەوڵەتە ئەوە "گۆڕانی سەرلەبەری"

سیستەمی کۆچەرنشینەکانە کە لە کۆن کۆنەوە و لە ڕێگەی چاودێریی پەڕلەمانە یاسادانەرەکانی خۆیانەوە بەسەر بودجە و تێچووە حکوومییەکاندا، چاویان بەسەر کا ڕمەندەکانی دەوڵەتەوە بووە و لەبەر ئەوەی "پاشکۆی یاساکە" بۆ ڕوونکردنەوە جارێکی دیکەش دەسەڵاتی پە ڕلەمانی چەسپاندووەتەوە دانانی قانوونی تاونزەند بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمەی ئێستا نەک پێویست نییە بگرە "زۆریش ناداپەروەرانە و لە هەموو لایەنێکەوە زاڵمانە" بووە.

لە بواری بازرگانیشەوە، پۆنال دەری خست کە قانوونەکەی تاونزەند" ڕاستەوخۆ بەپێچەوانەی هەموو ئەو بنەما بازرگانی یەکان، بەرژەوەندییەکانی خۆمانی پاراستووە" و نیعمەتێکە بۆ بەرهەمهێنەرە ئەمریکییەکان؛ لەبەر ئەوەی هاندەرە بۆ قاچاخچێتی و دەستڕاگەیشتن بە بازاڕە دەرەکییەکان. کۆچەرنشینەکانیش "وا لێ دەکات ڕۆژبەڕۆژ سوود و قازانجیان بۆ ئێمە کەمتر بێت و دواجار ئیتر پشت بە ئێمە نەبەستن." ئەگەر ئەو هەلە بۆ قەرەبووی هەڵەکان لەکیس بچێ، "بۆ هەمیشە لەکیسمان دەچێ. ئەگەر ئەم خولەی پەڕلەمان کۆتایی بێ و پە ڕلەمان هیچ نەکا، ئیتر پاش ئەوە لەوانەیە بەڕێوەبردنی کاروباری ئەمریکا مەحاڵ بێ. لەوانەیە بتوانی زۆر لە خەڵکی ناڕازی بکەی، بەڵام هەرگیز ناتوانی بەسەر خەڵکی ناڕازیدا حکوومەت بکەی."(١٨٢) پۆنال تا ڕادەیەک بەبێ ئەوەی خۆی بیەوێ، پێشنیارێکی بنەمایی هێنا گۆڕێ، کە شیاوی ئەوەیە دەسەڵاتدارانی هەموو سەردەمەکان ڕەچاوی بکەن. گوتی:"حکوومەت دەبێ بەپێی هەست و ویستی ئەو کەسانە هەڵسووڕێ، کە حکوومەتیان بەسەردا دەکات، هەرکات ئەوان پشتگوێ بخات، خۆی خستووەتە مەترسییەوە."

ئەگەرچی پێشنیارەکەی پۆنال بەدڵی هەمووان بوو (یان لەوانەشە هەر لەبەر ئەوە بووبێ)، دەوڵەت بیانووی هێناوە، کە خولی پەڕلەمان بەرەو تەواوبوونە و بۆ باسێکی وەها گرینگ و بەنرخ کاتی پێویستیان لەبەردەست نەماوە و پێنشیارێکی دیکەی پەسند کرد، کە باس و گەنگەشە لەو بارەیەوە بۆ داهاتوو هەڵگیرێ. ئەوە لە ڕاستیدا جۆرە بەقووندا خستنێک بوو ؛ چونکە هەمووان

خواخوایان بوو تا زووە ئەمریکییەکان گەمارۆی هەناردە هەڵگرن. کابینەی دەوڵەت لە کاتی پشووی پە ڕلەماندا مەسەلەکەی تاوتویێ کرد. هیلزباروو و نۆرت و سێ وەزیری لایەنگری بەدفۆ ڕد، سوور بوون لەسەر ئەوەی مەسەلەی پیتاکی چا، دەستی لێ نەدرێ بۆ ئەوەی پێشەکییەکەی قانوونی تاونزەند زیانێکی پێ نەگا و ئەوەیش خۆی بیسەلمێنێ کە مافی دانانی ماڵیات بۆ دەستەبەرکردنی داهات پارێزراوە. ئەوانە بەسەر گرافتۆن و گرووپەکەیدا کە خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی سەرلەبەری قانوونەکە بوون، زاڵ بوون.

بڕیارنامەیەکی لەرزۆکیان پەسند کرد کە تێیدا هاتبوو هیچ هەنگاوێکی وا نانرێت کە "لە دەسەڵاتی یاسادانانی بەریتانیای مەزن لەسەر کۆچەرنشینەکان کەم بکاتەوە"، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیار نییە "هیچ ماڵیاتێکی دیکە" بۆ دەستەبەرکردنی داهات بخرێتە سەر ئەمریکا و وا دانراوە لە خولی داهاتووی پەرلەماندا "پیتاکی کاغەز و شووشە و ڕەنگ لاببرێن". بەڵام وەختێک هیلزباروو قایمەقامی کۆچەرنشینەکانی لەوە ئاگادار کردەوە کە لەوانەیە پیتاکەکان(باج) لاببرێن، "قسە هێورک ەرەوە و ئاشتیخوازانەکەی"(١٨٣) تاقمی گوافتۆنی ـ کە بە زەحمەت هەمووانی پێ قایل کرابوو و خرابووە نێو بڕیارنامەکەوە ـــ لەبیر کرد و کاریگەرییەکەی لەناو برد. بێدەنگەکردن لە مەسەلەی چای ؛ دەری دەخات کە نیازیان نییە سەرلەبەری قانوونەکە هەڵوەشێننەوە. لەبەر ئەوە کۆچەرنشینەکان ئامادە نەبوون دەست لە گەمارۆی هاوردەکان هەڵگرن.

تۆماس هاچینسن بێهیوایانە بۆ ڕیچارد جەسکنی نووسی:"ئەگەر ئێوە لەسەر بەرنامەکانتان سوور و پێداگر نەبن، ئێمە بە شێوەیەک کاروبارەکان لە نێو کۆچەرنشینەکاندا جێبەجێ دەکەین.. لێم گەڕێ با لەبەرتان بپا ڕێمەوە چەندی حەزتان لێیە لەو یاسایانە لابەرن." بەڵام ئەوانەی دەمێننەوە، لەسەر جێبەجێکردنیان سوور بن. "چەندی یاساکان بەقووندا بخەن، کارەکە ئەستەمتر دەبێ."(١٨٤)

هاچینسن لە بۆستۆن، لە نزیکەوە شایەتی شتەکان بوو: لە شارێک بوو کە بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکان سێسەد "کابانی ماڵەوە"، بە ئاگاداربوون لەو

ڕاستییەی بەکارهێنانی چای، یارمەتیدەری کاربەدەستانی گومرک و "ئامرازەکانی دیکەی دەسەڵات" دەبێ ئاد و پەیمانیان پێکەوە بەست، کە "هەتا ئەو جانەوەرانە و سپا هەمیشەییەکەی بۆستۆن لە شارەکە نەڕۆن و یاسای داهات هەڵنەوەشێنرێتەوە" ئیتر دەم لە چا نەدەن."(١٨٥)

هێشتا ماوەیەکی زۆر بەسەر کۆبوونەوەی دووبارەی پە ڕلەمان و دەستپێکردنەوەی باسوخواسەکاندا لەبارەی ئەمریکاوە تێنەپەڕیبوو کە قەیرانێکی نوێ دروست بوو و گرافتۆن و بەناوسەرۆکەکەی حکوومەت و هاوڕێکانی لە دەوڵەتدا نەهێشت. چاتام لە تاریکیی دوورەپەرێزییەوە هاتە دەرێ و لە پەڕلەماندا هەستایە پێ و ترسی خۆی لە مرازحاسڵبوونی ئەمریکییەکان لە بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایانەی پێویستیان بووە دەربڕی و بە دووبارەکردنەوەی بنەما باوەڕییەکەی پۆنال ، گوتی:"نارەزایەتیی دوو ملیۆن کەس(١٨٦) شیاوی لێوردبوونەوەیە و دەبێ بنەبڕ بکرێ."( ١٨٧) ئەوە تاقە ڕێگەی ڕاگرتنی "یەککگرتن و بەرهەمهێنانی کاڵا" لە ئەمریکادایە. بەڵام لەو جێیەی چاتام قسەزانییەکەی خۆی گەیاندە لووتکە، لە پە ڕلەماندا قسە لەسەر بەلاوەنانی ویلێکس و ئەو پێشنیارە بوو وا بۆ ڕەتکردنەوەکەی خستییە ڕوو. کەمدێن لە پۆستی لۆرد چانسلەر (واتە بەرزترین پۆستی دادوەری و مۆرداری پادشایەتی" بوێرانە و بە دەنگی سەربەخۆوە و دژی ئەو دەوڵەتەی خۆی ئەندامی بوو دەنگی ئەرێی بە پێشنیارەکەی چاتام دا و لەو سۆنگەیەوە لە پۆستەکەی خرا. لەوانەیە ئەو پێشهاتەی بەکەیفیش بووبێ، چونکە لە پەڕلەمان دانی بەوەدا نا کە زۆربەی جاران لە کابینەی دەوڵەتدا بێدەنگ دانیشتووە و سەری داخستووە بۆ ئەوەی نارەزایەتیی خۆی لەو بڕیارانە نیشان بدات کە دەیزانی دژایەتیکردن و بەرهەڵستبوونەوەیان هیچی لێ شین نابێتەوە(١٨٨)

ئاکامەکە کارەساتێک بوو. کورسییە بەتاڵەکەی کەمدێنیان بۆ چارلز یۆرک دیاری کرد، کە باوکیشی سەردەمانێک لۆردی چانسلەر بوو. یۆرک و بنەماڵەکەی و هاوڕێیانی بەرهەڵستکاری حکوومەت بوون . بەڵام ئەو لەوەتەی هەبوو بە ئاواتی ئەو پۆستەوە بوو و پادشاش بە گفت و بەڵێنی پلەی لۆردی تەواو زۆری بۆ هێنا و ئاخرییەکەی بەویژدانەوە وەریگرت ؛ کەچی لە بەردەم

لۆمە و سەرکۆنەی هاوڕێیان و عەزابی دڕدۆنگی و دوودڵییەکەی خۆی، هەر ئەو شەوە خۆی کوشت.(١٨٩)

گوافتۆن کە پێشنیاری کارەکەی بۆ یۆرک کردبوو لە سۆنگەی مردنەکەی ئەوەوە ورەی بەر دا و دەیزانی کاروبارەکەی پێ ڕاناپەڕێندرێ بێهیوایانە دەستی لە کار کێشاوە و دوو ژەنەڕاڵی ئەندامی کابینە واتە کانۆڤی و گرانبی - یش بەدوایدا ڕۆیشتن.

تازە وەزیری یەکەم کە هەر ناوی بێتە سەر زار، شۆڕشەکەی ئەمریکامان بیر دەخاتەوە ـ لۆرد نۆرتی ـ ڕ ووگەش بوو کە لە ساڵانی شێواویی ئەو پۆستەدا زۆر باش تێگەیشت سەرۆکی دەوڵەت پێویستیی بە چ تایبەتمەندیگەلێکە ـ دڵنیا بوو لەوەی خۆی ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا نییە. لە نامە پەیتاپەیتاکانی خۆیدا بۆ پادشا و داوای قەبووڵکرانی دەست لەکارکێشانەوەکەی دەنووسێ، ئەو پۆستە شیاوی "پیاوێکە کە توانای زۆر گەورەی هەبێ و لە تواناکانی خۆی ڕاببینێ و کەسێک بتوانێ لێبڕاوانە هەڵبژێرێ و بە دەسەڵاتەوە بڕیارەکەی خۆی جێبەجێ بکا.. بەرنامەی ژیرانە داڕێژێ و هەموو هێز و کردەوەی حکوومەت ئاوێتەی یەکتر بکا و پێکیانەوە گرێ بدا." ڕەچەتەیەکی زۆر باش بوو. نۆرت نووسینەکەی خۆی بەو ڕستەیە تەواو دەکات: "جا بە دڵنیاییەوە من ئەو پیاوە نیم."(١٩٠)

بەو حاڵەشەوە نۆرت هەڵبژێردراوی پادشا خۆی بوو سەرەڕای ئەوەی حەزیشی لێ نەبوو ماوەی دوازدە ساڵی قەیراناوی، لەو پۆستەدا مایەوە . لە حاڵێکدا هەر ئەو پۆستە لە دە ساڵی ڕابردوودا پێنج کارپێئەسپێراوی گۆڕیبوو. نۆرت بەو کوڵمە گوشتن و قەڵافەتە چوارشانە و چاوە هەڵمساوانەیەوە، هەندێ لە جۆرجی سێیەم دەچوو . (١٩١) ئەوەش زۆر جار دەبووە هەوێنی قسەی ناشیرین و باسی پەیوەندیی نزیکی دایک و باوکی نۆرت لەگەڵ بنەماڵەی شازادە فرێدریکی وەلیعەهدی ئینگلیس و باوکی جۆرجی سێیەم دەهاتە گۆڕێ. کە ئێرل گ ێلفۆردی باوکی نۆرت لەدایک ببوو سەرۆکی خەوتنگەی وەلیعەهد بوو. "نۆرت"یان ناو نا فرێدریک و وەلیعەهد هەر باوکی

تەعمیدیی[1] ئەو بوو. نۆرت و جۆرجی سێیەم، جگە لە وێکچوونی لەشولاریان، هەردووکیان لە دوایین ساڵەکانی تەمەنیاندا کوێر بوون.

بەڵام باش بوو خولقوخووی لۆرت نۆرت نەچووبووەوە سەر پادشا و وەک گیبۆن دەڵێ:"لەبەردڵانی و ئەخلاقە بێوێنەکەی" وێردی سەر زار و زمانان بوو.( ١٩٢) دەیانگوت تەنیا یەک کەس جارێکیان تووڕەی کرد ؛ ئەویش مەیتەرێکی گەمژەی سەرخۆش و لەگەڵ ئەوەشدا کە هەڵسوکەوتی مەیتەرەکە هەر نەگۆڕدرا، بەڵام لێی خۆش بوو و هەتا زیندوو بوو هەر وەک خزمەتکاری نۆرت مایەوە.( ١٩٣) نۆرت لە بیستودووساڵیدا بەدەنگی سێزدە دەنگدەر لە هەرێمە بچووکەکەی بەنبێری کە ملکی بنەماڵەکەی خۆی بوو چووە پەرلەمانی عەوام و هەتا مردیش لەوێدا هەر وا نوێنەری ئەو هەرێمە بوو. کە بوو بە سەرۆکی وەزیران، سیوهەشت ساڵی تەمەن بوو. بە زەحمەت بە ڕێگادا دەڕۆیشت. چاوی کەم حوکم و زمانێکی زۆر زلی هەبوو کە "بەقورسی قسەی دەکرد، بەڵام وا نەبوو لێی تێنەگەی." لە پەروەردەی ئایتن و ئۆکسفۆرد بەهرەمەند ببوو و سێ ساڵی گەڕانە گەورەکەشی بەرکەوتبوو. یۆنانی و لاتینیەکی باشی دەزانی، فەڕەنسی و ئە ڵمانی و ئیتالیاییش قسەی دەکرد و کاتێ وەنەوزی نەدەدا، لە وتاردانda هەندێ ئاماژەی ئەدەبیاتی کلاسیک و دەستەواژەی بیانی و سوعبەت و فشقیاتی دەخستە نێو قسەکانی خۆیەوە.

لۆرد نۆ ڕت ئەو دەمانەی نەیدەتوانی خۆی لە بن باری کێشە و چەرمەسەریی کاروبارەکان بدزێتەوە، پەنای دەبردە بەر خەوتن و لە ڕیزەتەختەکەی بەردەمی پەرلەماندا (کە تایبەتی کابینەی دەوڵەت بوو) لە کاتی وتووێژدا دەنوست. ڕۆژێکیان گرێنویل دەستی کردبوو بە وتارێکی دورودرێژ و وشک و ڕەق، نۆرت چاوی لێک نا و گوتی، هەر کات گەیشتە سەردەمی نوێ، لەخەوم هەستێنن. وتاردەرەکە ئاماژەی بە ڕابردووی بابەتەکە دەکرد، باسی ڕووداوێکی ساڵی ١٦٨٨ی هێنا گۆڕێ، نقورچێکیان لە نۆرت کوتا،

[1] باوکی تەعمیدی: لە ئایینی مەسیحییەتدا، کە منداڵ لە دایک دەبێ، دەیشۆن. (وەک غوسڵ لێدەرکردنێک) و ئەو پیاوەی لەوێیە و چاوی بەسەریەوەیەتی و بەڵێن دەدا منداڵەکە وەک مەسیحییەک گەورە بێت. چونکە دەستەواژەکە تەواو تایبەت بە ئایین و کلتوورێکی دیکەیە، نەمکردە کوردی.

چاوێکی هەڵێنا و بە بۆڵەیەکەوە گوتی، هێشتا "سەدساڵی ماوە"(١٩٤) و دیسان خەوتەوە. ئەو خووەی لەگەڵ خۆی بردە کابینەش. وەک چاڕلز جیمز فاکس کە ماوەیەک کاری لەگەڵ دەکرد، دەڵێ:"ئەوەندە دوور بوو لە کۆکردنەوە و ڕەوگەدان بە بیروبۆچوونی وەزیرەکان کە بە دەگمەن ڕای خۆی دەردەبڕی و زۆربەی ئەو کاتانەی لەگەڵیان بوو دەنوست."( ١٩٥) ئەو هەڵسوکەوتە سیاسەتێکی گشتیی تۆکمەی لێ نەدەکەوتەوە.

نۆرت زۆر کەم بیروڕای خۆی دەدرکاند، بەڵام زۆر ڕاستئاژۆ بوو. دەنگی ئەرێی بە ماڵیاتی شەڕابی سێو و دەرکردنی ویلێکس و قانوونی پووڵ دابوو و دەنگی ناشی دابوو بە هەڵوەشاندنەوەکەی. دژی سازش بوو لەگەڵ ئەمریکادا، بەڵام لە کردەوەدا ئاشتیخوازانە و نەرمونیانتر دەجووڵاوە و "بەدڵی دیەویست سەرلەبەری قانوونەکەی تاونزەند هەڵوەشێنێتەوە" بەو مەرجەی ئەو کارە نەبێتە هۆی لەکیسچوونی "مافی دانانی ماڵیات لەسەر ئەمریکییەکان و ئەو مافە دادپەروەرانەیەی من دەمەوێ لە وڵاتەکەماندا هەر وا هەبێ".( ١٩٦) نۆرت لە تاقمەکەی بەدفۆرد نەبوو بەڵام ئەوان قەبووڵیان بوو ئەگینا نەیدەتوانی ببێتە وەزیری یەکەم. خاڵێکی لاوازی ئەو ئەوەبوو کە باوکی زۆر ژیا و پیاوێکی لەچەر بوو. باوکی هەشتا ساڵ ژیا و کوڕەکەی لەو میراتە زۆروزەبەندە بێبەری کرد و وەختێک مرد، ئیتر کوڕەکەی پیر و کوێر ببوو و دوو ساڵ پتر لە تەمەنی بەبەرەوە نەمابوو. نۆرت دەبوایە بنەماڵەیەکی گەورە بژێنێ وڕێزی پۆستەکەی خۆشی بپارێزێ ؛ هەر بۆیە هەتا لە ژیانی سیاسیدا بوو هەژار و دەستکورت بوو و بەو مووچە ئیداری و نمەکگیرییەی شا دەژیا کە زۆر ورد و میهرەبانانە بیست هەزار لیرەی دا بە وەزیرەکەی خۆی بۆ ئەوەی قەرزەکانی بداتەوە.( ١٩٧) لە وەها هەلومەرجێکدا، سەربەخۆیی دەنگ و سەربەخۆیی کردەوە زۆر مەیسەر نەبوو.

مشتومڕ لە پەڕلەمان لە مارسی و مای ١٧٧٠ـدا دەستی پێکردەوە (١٩٨) و بەرهەڵستکارەکان لە وتارەکانی خۆیاندا بێبەزەییانە کارنامەی دەوڵەتیان لە ئەمریکا لە پاش قانوونەکەی تاونزەندەوە دایە بەر ڕەخنەی توند و بە زنجیرەیەک سیاسەتی ناسەقامگیر و کاری دژیەک و هەنگاوی لەرزۆک و

هەندێ جاریش پێچەوانەی دەستوور و دژی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و بەکورتی گەمژانەیان لە قەڵەم دا. عەقید بارێی سامناک، زۆر توند ڕەخنەی لە دەوڵەت گرت کە بەر لەوەی پەڕلەمان بڕیار بدا، بە ئەمرکییەکانی گوتووە، دەیەوێ باج و پیتاک هەڵوەشێنێتەوە و "لەبارەی کردەوەی پەڕلەمان و گەمژەیی کاربەدەستانی حکوومەتی یاسایی، گومانێکی زۆر بەسووکزانانەی" خستۆتە مێشکی کۆچەرنشینەکانەوە. وەزیرەکانی سەرکۆنە و لۆمە کرد کە یاسایان لە "پادشایەتیی سەرەڕۆیانەی هێنڕیی هەشتەم" وەرگرت، بەڵام "بە لاوازییەکی هێندەی شەڕاشۆییەکەیان ڕوون و ئاشکرا.. تەنانەت توانای ئەوەیان نەبوو لەسەر جێبەجێکردنەکەشی پێداگر بن."(١٩٩)

پۆنال لە ڕوونکردنەوەدا گوتی، پێشەکیی قانوونەکە "سووکایەتیی پێوەیە و ئەمریکا دەتۆقێنێ"،(٢٠٠) وۆن بۆ چارەسەری کێشەکە پێشنیاری کرد یاساکەی تاونزەند سەرلەبەر هەڵوەشێنرێتەوە و پیتاکی چای تاقانە و ڕیزپەڕ بکرێ. گرێنویل قەبووڵی کرد کە ئەو مشتومڕەکەی ئەمریکای وەڕێ خستووە و بەبێ ئەوەی یارمەتییەکی باسەکە بدات، وەبیری هێنانەوە کە کۆچەرنشینەکان بە هەڵوەشاندنەوەی نیوەچڵی یاساکە قایل نابن و هەڵوەشاندنەوەی سەرلەبەریشی "بەگوێرەی پێویست لە شانوشکۆی میللەتەکە ناوەشێتەوە"، هەر بۆیە ئەو نە دەنگی ئەرێ دەدا و نە دەنگی نا. یەکێک لە نوێنەرە سەربەخۆکان سێر ویلیام مێرێدیت، دەوڵەتی "ئەوەندە لاڕێ و لاسار و پێداگر لەسەر هەڵە" بەدی کرد کە سەرسووڕمانی خۆی نیشان دا لەوەی وەک درایدن دەڵێ،(٢٠١) "نە هەرگیز لە لاڕێبوون و چەوتییەوە دێنەوە سەر ڕێی ئەقڵ" و نە بە ڕێکەوتیش ڕێگەیان دەکەوێتە سەر ڕێی ڕاست و لێی زیاد کرد، لەبەر ئەوەی پیتاکی چای، تێچووی کۆکردنەوەکەی دابین ناکا و دەبێ لە خەزێنەی دەوڵەت کەمایەسییەکەی پڕ بکرێتەوە، بۆیە تەنیا و تەنیا دەبێ "خۆمان تاڵان بکەین."(٢٠٢) لەگەڵ ئەوەدا کە ئەقڵ و زیرەکی و مشوور لە بەردەم زۆرینەی لایەنگری دەوڵەتدا شکستی هێنا و پێشنیارەکەی پۆنال بە ١٤٢ دەنگی ئەرێ لە بەردەم ٢٠٤ دەنگی نای بەرهەڵستکاراندا سەری نەگرت و شکستی هێنا، (٢٠٣) بەڵام شوێنپێیەکی ئەقڵ و مشوور بەدی کرا . لەبەر ئەوەی ژمارەی

هەوادارانی ئەمریکا، گەیشتبووە نزیکەی دوو هێندەی ژومارە هەمیشەییەکەی جارانی.

گفتوگۆی سیاسەتی گشتی لە ئەمریکادا هاتە گۆڕێ. پۆنال دیسان دەستی کردەوە بە هوروووژم و پەلامار.(٢٠٤) گوتی، جگە لە مالیات، کۆچەرنشینەکان لە ڕاستیدا لە "پلانی گۆڕینی دیموگرافیی ولاتەکەیان" بەدەستی بەریتانیا نیگەرانن. ئەمریکییەکان پشتڕاستکردنەوەی ئەو بابەتە لە فەرمانەکەی هیلزباروودا بۆ هەلوەشاندنەوەی پە ڕلەمانە خۆجێیەکانی یاسادانان و لە پێشەکیی قانوونەکەی تاونزەنددا بەدی دەکەن و ترسی ئەوەیانە "هەموو پەرلەمانەکانی یاسادانانی ئەوان پووچەل بکاتەوە." هەوالی بەناو کوشتارەکەی بۆستۆن لەو دەمەدا گەیبۆوە بەریتانیا. ئەو ڕووداوە کەفوکولی خەلکە خۆجێییەکەی وا ورووژاندبوو کە بۆ پێشگرتن لە ڕووداوی زیاتر، چاکەت سوورەکانیان ناردە پەناگەی قەلاکەی ویلیام لە بەندەرگەی بۆستۆن. دیارە ئەو کارە مایەی شانازیی هێزە چەکدارەکانی بەریتانیا نەبوو ؛ بەتایبەتی کە ئەو چاکەت سوورانەیان هێنابوو خەلکی بۆستۆن چاوترسێن بکەن. پاشەکشەی سەربازەکان دەرفەتێکی باش بوو بۆ جەنابی ئێدمۆند بێرک، بەناوبانگترین قسەزانی ئەو سەردەمە لە ڕوانگەی داهاتووانەوە بۆ "سوعبەتچێتی و گالتەی بێبڕانەوە."

بیر و هزرەکانی بێرک هەموو بە شێوازێکی زۆر وەستایانە و بە زمانێکی شیرین و دلگر دەردەبڕدران و هەر ئەوەش خالی جیاوازیی ئەوان بوو. دیارە هزرێکی سیاسیی توند و تیژی هەبوو ئەگینا قسەجوانیی بەتەنیایی هیچ سوودی بۆ هزرێکی شێواو نەدەبوو. قسەکانی زۆربەی جاران درێژ و بەهەڕوگیڤ بوون . بەلام ئەوەندە لێزانانە دەیڕازاندەوە کە وەک قسەی نەستەقیان لێ دەهات. ئالیۆر گۆلدسمیت کە پێی وابوو بێرک لە قسەی ئاساییدا هاوشانی دکتۆر جانسنە؛ دەیگوت: "ئەو بەشێوازی خۆی، وەک مارێک دەخزێتە نێو بابەتەکەیەوە."(٢٠٥) دکتۆر جانسنیش دەلێ:"بێرک قسە دەکا لەبەر ئەوەی مێشکێکی پڕی هەیە.. تۆ بنیادەمێکی تێگەیشتوو بدۆزەوە کە ڕاکردن لە چنگ ڕێژنە، خۆی باوێتە نێو لاشیپانەی دەرگایەک و لەوێ بەڕێکەوت جەنابی بێرک

ببینێ و دڵنیاش نەبێ ئەوە کەسی یەکەمی بەریتانیا ﷺ."(٢٠٦) بێرک جاری وابوو ئەوەندەی قسە دەکرد، پە ڕلەمان کەسی تێدا نەدەما و ئەوەندەش بەکەفوکوڵەوە قسەی دەکرد، هەموو جارێ ئاتەگی چاکەتەکەیان دەکێشا، بەشکم پێشی کەفوکوڵەکەی بگرن و تۆزێکی دامرکێننەوە. بەڵام سوعبەتچێتی و زیرەکییەکەی ئەو بەسەر هەمووواندا زاڵ دەبوو. هۆراس والپۆل نووسیی:"قسە تەوساوییەکانی بێرک لەبارەی ئەمریکاوە "بەردەوام، خۆی و وەزیرەکان و تەنانەت لۆرت نۆرتیشی دەخستە پێکەنین ." سوز و هەستە دڵتاوێنەکەی "فرمێسکی ئاسنینی بەسەر گۆنای بارێدا دەتکاند" و لۆمە و سەرکۆنەکانی، خەڵکی نامۆ و بیانیی وا دەهێنایە جۆش، کە ئەگەر بۆ هەندێ دانوستان ڕێگەی پە ڕلەمانیان لێ نەگیرابا، "لە کاتی چوونەدەر لە پە ڕلەمان، وەزیرەکانیان ورد ورد دەکرد."(٢٠٧)

ئاشکراکردنی گەمژەیی دەوڵەت، بەلای بێرکەوە زۆر ئەستەم نەبوو و هەر ئەوەندەی بەس بوو پێڕستێک لەو سزا سووک و بێبنەمایانە ئامادە بکات کە دەوڵەت بەسەر کۆچەرنشینەکانیدا سەپاندبوو . بۆ وێنە کە چۆن فەرمان بە پەرلەمانی ماساچۆسێت درا بڕیارنامە وروژێنەر و دنەدەرەکەی خۆی پووچەڵ بکاتەوە ئەگینا هەڵیدەوەشێننەوە و دوای ئەوەش چۆن ئەو پەرلەمانە بەبێ پووچەڵکردنەوەی بڕیارنامەکە ڕێگەی پێدرا هەروا لەسەر کاری خۆی بەردەوام بێ. چۆن پە ڕلەمانەکانی کۆچەرنشینەکانی دیکە هەر لە بەردەم ئەو هەڕەشەیەدا، سزاکەی خۆیانیان بەهەند وەرنەگرت و "گاڵتەیان بە جەنابی وەزیر و نامەکەی کرد. چۆن سزا پێشبینیکراوەکان لە یاسای هێنری هەشتەمدا "وەک پێشبینی دەکرا، هیچ کات جێبەجێ نەکران" . چۆن کەشتیە جەنگییەکەی ئەو سوپایەی بۆ جڵەوکردنی بارودۆخەکە نێردرایە بۆستۆن "ئێستا لە شارەکە کشاوەتەوە"، (٢٠٨) بەکورتی چۆن"نیازپاکیی ئاگایانەی ئێوە جێی نەفرەت و بێزاری و بێهێزیی دەسەڵاتەکەتان مایەی لۆمە و سەرکۆنەیە" و چارەنووسی "دەسەڵاتە گەمژەکان" بەردەوام هەر ئاوا بووە.(٢٠٩)

بێرک هەشت جاران لە دەوڵەتی پێچایەوە و دیارە هەموو جارێک زۆرینە ئەویان شکست دا. لێپێچینەوە لە دووک ڕیچمۆندیش لە پەرلەمانی لۆردەکان،

هەر تووشی ئەو چارەنووسە بوو. ئەو دووکە گەنجە لایەنگرێکی نوێ و گرنگ بوو بۆ ئامانجەکەی ئەمریکا و ئەگەرچی لە ڕادەبەدەر سەربەخۆیانە دەجوولاوە، بەلام بوو بە یەکێک لە بەرهەلستە دیارەکانی سیاسەتی دەولەت.

ڕیچمۆند، ڕوخسارێکی درەوشاوە و لە زۆر لایەنیشەوە ڕوونکەرەوەی دووربوونی حکوومەتی بەریتانیا لە ڕاستییەکان بوو لە سەدەی هەژدەیەمدا. وەها نوقمی بەختەوەری بوو کە نەیدەتوانی خۆی بە یەک کارەوە قەتیس بکا. بەرهەمی چا رلزی دووەم بوو لە لۆییز دوکرۆئال، دۆشس پۆتسمێت، کە مەعشووقەی بوو و برای لەیدی سارا لنۆکسی جوان و ژیکەلە، کە جۆرجی سێیەم دەیویست زەماوەندی لەگەل بکا. پیاوێکی گران و سەنگین و بەئەدەب و لە ڕادەبەدەر جوان، کە لەگەل هاوسەرەکەی ـ ئەویش کچی بنەمالەیەکی دەرەبەگ ــ "جوانترین ژن و مێردی بەریتانیا" بوون. لە پازدە سالاندا، ببووە دووک، لە بیستوسێ سالیدا ئامرلیوای لیواکەی خۆی، دوای ئەوە بالیۆز لە فەڕەنسا و لە سیویەک سالیدا ماوەیەک وەزیری کابینەی دەولەتەکەی ڕاکینگهام لاوێتی، جوانی، سەروەت و سامانی زۆروزەبەند، بەرزترین پۆستەکان، ئازایەتیی سەربازی، زیرەکی، ماندوویینەناسی و تۆڕێک لە پێوەندییە سیاسییەکان، لەگەل "خوێنی هەموو پادشاکان لە برووسە وە هەتا چاڕلزی دووەم، بەشێک بوون لە پێدراوەکانی. بەو تایبەتمەندییانەوە هیچ سەیر نەبوو کە بێ ترس و تووڕەوتۆسن بێ و لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا یان لە بەردەم پێویستییە سیاسییەکاندا سەر دانەخا و کەموکووڕی لە خەلک قەبوول نەکا. بە ئاسانی بەگژ بنەمالەکەی و دۆست و بندەست و تەنانەت لەگەل پادشاشدا بێتەوە. هەر لە یەکەم سالی پادشاییی پادشادا، لەگەلی بەشەڕ هات و ناچار بوو واز لە پۆستە دەرباریییەکەی خۆی بێنێ و ئیتر لەمەودوا لاسارییی پادشایانە وەک قیری کەوای سپی لێی نەدەبۆوە.

ڕیچمۆند دەیەویست پەردە لەسەر گەندەلییەکان لادا و بە پرسیارە کونپشکنەکانی خۆی، سوپا و دەریاداریی و خزێنەداریی وەڕەز بکا و زۆر کەس ئەو کارەی ئەویان بەکەیف نەبوو. زۆربەی بەیانییەکانی ڕۆژی کۆبوونەوەی پەڕلەمان دەهاتە شار. بە چاوپێداخشاندنەوەیەکی خێرا، بەسەر بابەتەکاندا زال

دەبوو و دوا نیوەڕۆ زۆر کاریگەرانە قسەی لەسەر دەکردن. بەڵام کە ئامانجەکانی وەدی نەهاتبان، زۆر زوو زویر دەبوو و زۆربەی جار لەو حاڵەتانەدا هەڕەشەی ئەوەی دەکرد کە بۆ تاهەتایە واز لە سیاسەت دێنێ.

جاروبارە خەمۆکی بەرۆکی دەگرت جارێکیان بۆ وێنە لە ساڵی ١٧٦٩ـدا کە بۆ واکینگهامی نووسیی:"دەبێ لانیکەم بەو بێتاقەتییەی ئێستام، کە نامەوێ ناوێکی لێ بنێم، ڕابگەم" (٢١٠) ڕیچمۆند لە هەوارگەکەی خۆی لە ساسێکس، پارەیەکی ئێجگار زۆری لە زیادکردنی چەند بەشێکی نوێ لە بینا سەرەکییەکەی "گودوود هاوس" و بینای کولانەکانی سەگ، مەیدانی تەقلە و جلیتان، کڕینی کەشتیی سەیران، ڕاو و پێکهێنانی ملیشیایەکی خۆجێیی خەرج کرد و لەگەڵ ئەوەدا ملکێکی بایی ٦٨٠٠٠ لیرەی بە میرات پێ گەیبوو . بێجگە لەوەی ساڵانە بڕی ٢٠٠٠٠ لیرەی داهاتی پیتاکی بەردەڕەژوو پێ دەبڕدرا، هێشتاش پاش چل ساڵان ٩٥٠٠٠ لیرە قەرزبار بوو. ئەویش وەک باقی هاوشانەکانی خۆی، زۆر هۆگری حکوومەت نەبوو. جارێکیان بۆ بێرکی نووسی، بێ ئینسافییە داوای لێ بکا بەر لە دەستپێکردنی خولی پە ڕلەمان بێتە لەندەن. نووسیی: باوەڕ و بۆچوونی من "زۆر گرینگ" نییە، بۆیە ڕاوێژکردن لەگەڵ من سوودێکی بۆ هاوڕێ سیاسییەکان نییە. "نا، لێم گەڕ ێ تا دەستپێکردنەوەی دووبارە لێرە بمێنمەوە و چێژ وەرگرم، جا ئەوجار بەپێی حەز و مەیلی جەنابت دێمە شاری و چەند ڕۆژێک لە دەوروبەر دەڕوانم."(٢١١)

ڕیچمۆند لە دانوستانەکانی ١٧٧٠ـی پە ڕلەماندا جڵەوی لەدەست ترازا و هەڵسوکەوتی دەوڵەتی لە ئەمریکادا بە "فرتوفێڵێکی لێزانانە، یان گەمژەییەکی بێدەرمان" ناو برد و گوتی: هەرچۆنێک بێ، "ئەو وەزیرانە مایەی شوورەیی و شەرمەزاریی حکوومەتن." جا ئەو جار هەژدە پرۆژەیاسای لێپێچینەوەی پێشکەشی پەڕلەمان کرد کە هەموو یاسا و هەوڵەکانی دەوڵەتی لە ١٧٦٨ بەو لایەوە لەخۆ دەگرت و لە کۆتاییدا گوتی:"ئەو کارە ناماقووڵ و زۆرانە، هۆکاری سەرەکیی پشێوییەکانن."(٢١٢) نوێنەرەکانی هیلزباروو دنەیان دا وەڵام بداتەوە و ئەو بەرگریی هەمیشەیی پێویستبوونی سەقامگیریی دەسەڵاتی هێنا گۆڕێ ؛ بەڵام تۆمەتێکی تازەشی هێنا گۆڕێ کە "نیشتمانپەرستەکانی ئێمە" لە تاقمی

بەرهەڵستکار وادەکەن کۆچەرنشینەکان نارەزایەتی دەربڕن و "بەردەوام دەبنە کۆسپی ڕێگەی ئاشتی" . چونکە "نیشتمانپەرستانە بەو ئاواتەوەن بگەنە شوێنێک.. لە ڕاستیدا لۆردە بەڕێزەکان، هەر هەموو نیشتمانپەرستییەکەیان لە چاوبرسێتی و تاسەی قێزەونی داگیرکردن بەولاوە هیچی دی نییە.. بۆ ئەوەی بتوانن پۆستێک بەدەست بێنن."(٢١٣)

دیارە هیلزبارووو خۆراگرییە خۆجێییەکەی کۆچەرنشینەکانی بەهەند نەگرتبوو بەڵام لەبارەی هانە و ئەنگیزەی بەرهەڵستکارانەوە ڕاستی دەکرد. "چاوبرسێتی"ی ئەوان بۆ پۆست، هەرچۆنێک بێ نەدەگەیشتە ئاستی داهێزراوی و بێتاقەتییەکەیان بۆ پێکهێنانی ڕکخراوێکی سیاسی. ئەوانە هیچیان بۆ نەدەچووە سەرێ چونکە بەردەوام لەگژ یەک ڕۆدەچوون و ناکۆک بوون و نەیاندەتوانی بوارێکی هاوبەش بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی تۆکمە بدۆزنەوە. ڕیچمۆند هەر لەو دەمەدا بۆ ڕاکینگهامی نووسی:"دادزڤێل ـــ وەزیری پێشووی دارایی لە کابینەی ڕاکینگهام ـ دڵی زۆر لە لۆرد چاتام ئێشاوە و بێرک خەریکە بتەقێ."(٢١٤) بێرک تاقەتی خۆپەرستییەکەی چاتامی نەبوو و چاتامیش ئامادە نەبوو ڕووناکبیرێکی پتەوهزری هاوشانی خۆی ببینێ. ڕاکینگهام هەوڵی دەدا تاقمێک بخاتە ژێر ڕکێفی ڕێبەرایەتیی خۆیەوە و چاتامیشی لەگەڵ بخا ؛ بەڵام چاتام تەنیا وەختێک ئامادەی هاوکاری بوو کە خۆی فەرمان بدا. شێلبێرن لە داخی ئەوەی بەردەوام لە کەمینەدا و بێ دەسەڵات بوو وەڕەز بوو و لەگەڵ بارێ لە ١٧٧١ـدا چووە دەرەوەی وڵات. ڕیچمۆند و ڕاکنیگهام چوونەوە مڵکە پان و بەرینەکەی خۆیان و بە قسە تەوساوییەکەی ئەودەم:

قوتابییە سرکەکان، گومبەزی سینت ستیۆن(٢١٥) بەجێ دێڵن و
بە کەڕەنا و تاژییەوە، دەچنە ڕاوە ڕێوی.(٢١٦)

پەڕلەمان، پێشەکیی قانوونەکەی تاونزەند و پیتاکی چای هەر وا پاراست و لە ئەمریکاش هیچ نارەزایەتییەکی ئەوتۆی نەنایەوە. ڕەوتی ئاسایی ڕووداوەکان، وەک هەمیشە بە ڕووداو و بەلارێداچوونەوە گرێ درابۆوە. ترس لە هەرچی و پەرچی و پشێویی کۆمەڵایەتی، خاوەن زەوییەکانی وردە وردە لە بزووتنەوەی "نیشتمانپەرستانە" وەڕەز دەکرد. هانە و ئەنگیزەی بزووتنەوە

بەرەو سووان و نەمان دەچوو. نیویۆرک، شەکەتی گەمارۆ و بایکۆتی هاوردەکردن؛ پێشنیاری کرد کۆنفڕانسێک لە نێردراوانی بەندەرەکانی باکووری بۆ دەستنیشانکردنی سیاسەتێکی هاوبەش پێک بێ. بازرگانەکانی بۆستۆن و فیلادلفیایش خوازیاری دەستپێکردنەوەی بازرگانی بوون؛ بەڵام ئاژاوەچییەکان پێشیان پێ گرت. کۆبوونەوە پێشنیارکراوەکە تێکچوو . نیویۆرک فریوی "برسێتی لەسەر سفرەی بەتاڵی نیشتمانپەرستی"ـی نەخوارد و لەبری ئەوە دەستی لە بایکۆتی هاوردەکان هەڵگرت و لە ١٧٧٤ـدا بەندەرەکەی خۆی کردەوە. کۆچەرنشینەکانی دیکەش، درەنگ یان زوو یەک لەدوای یەک کەوتنە گەڵ نیویۆرک . ئاژاوە و پشێوییەکان دامرکانەوە و ئەو نایەککگرتووییە، بەریتانیای دڵنیا کردەوە لەوەی کۆچەرنشینەکان هەرگیز ناتوانن بەرەیەکی یەککگرتوو پێک بێنن و هەستی وەفاداری بە وڵاتی دایک و سوود و بەرژەوەندی ئابووری، بەسەر وەسوەسەی ئاژاوەنانەوەدا زاڵ دەبێ.

مەسەلەی ویلێکس، هەست و کەفوکوڵەکانی لە پەڕلەماندا هێنابووە جۆش و خرۆش. هەر بۆیە سیاسەتەکەی لۆرت نۆرت ئەوە بوو چەندی بتوانێ کاروباری ئەمریکا لە پەڕلەمانی عەوام دوور ڕاگرێ و دوو ساڵێکیش لە سای هێمنیی کۆچەرنشینەکاندا توانیی وا بکا. ئەوە بە مەرجێک هەوڵێکی باشە درابا دەکرا سەردەمی ئاشتەوایی و لەوانەیە بووژاندنەوەی پێوەندییەکانیش بێ.

کۆچەرنشینەکان دەیانەویست سکاڵاکانیان تاوتوێ بکرێ . بیریان لە سەربەخۆیی نەدەکردەوە ؛ بەڵام لەسەر خۆبەڕێوەبردن پێداگر بوون. لە کۆنگرەی قانوونی پووڵدا پێیان داگرتبۆوە کە "بەوپەڕی تاسەباری و کەفوکوڵەوە" خوازیاری ئەوەن ، پێوەندییە لەمێژینەکەیان لەگەڵ بەریتانیادا "بەبێ پسانەوە" بەردەوام بێ.

تەنانەت پەڕلەمانەکەی ماساچۆسێتیش، کە دوژمنانەترین کەفوکوڵی هەبوو لە ١٧٦٨ـدا نکۆ لیی لە "بیری تەواو دووری سەربەخۆیی" کرد و گوتی، کۆچەرنشینەکان "ئەگەر وەها پێشنیارێکیان پێ بکرێ،ڕەتی دەکەنەوە و ئەگەر ناچار بن قەبوولی بکەن، ئەوە بە گەورەترین چارەڕەشیی دەزانن:"(٢١٧) بەڵام جۆرجی سێیەم، لۆرت نۆرت، هیلزباروو و تاقمەکەی بەدفۆرد، ئامادە نەبوون

بۆ هەوڵی باش یان حکوومەتێکی داهێنەر. لە جەنگەی هێورییەکەدا، بایەوانی گەمژەیی تاوێک کۆ کرایەوە ــ هەتا لە١٧٧٢دا مەسەلەی گەسپێ قەوما.

گەسپە، پاپۆڕێکی بچووکی گومرکی بەریتانیا بوو لە ژێر فەرمانی ملازمێکی بەزەبروزەنگدا بەناوی دادینگتۆن. ئەو کابرایە، ئەرکەکانی خۆی وا ڕادەپەڕاند، وەک بڵێی ڕاستەوخۆ لە پادشاوە فەرمانی وەرگرتبێ کە قاچاخچێتی لە هەزاران دوورگە و لە گەرووە باریکەکەی نراگانسێتدا بنەبڕ بکا. هەر کەشتییەکی دیتبایە، دەچووە سەر سەکۆکەی و هەرچی پێی بوو دەیپشکنی و بە هەڕەشەی تەقاندنەوەی کەشتییەکان، کەشتیەوانە سەربزێوەکانی دەترساند و بەو جۆرە ئاگری تۆڵەی لە دڵی خەڵکی ڕۆدئایلەنددا هەڵدایساند. ڕۆژێکیان کەشتییەکەی خۆی لە خوارووی پراویدۆنس لە قوڕ چەقی و خەڵک هەلیان بۆ ڕەخسا تۆڵەی لێ بکەنەوە. ملازم دادینکتۆنیان بریندار کرد و لەگەڵ مەلەوانەکانی بردیانە وشکایی و گەسپەیان ئاگر دا.(٢١٨)

دژکردەوەی بەریتانیا، وەک هەمیشە، لە پێشدا توندوتیژ و لە کۆتاییدا شل بوو. دادوەری گشتی و جێگرەکەی گوتیان، پەلاماردانی گەسپە، وەک ئەوەیە شەڕ بە پادشا بفرۆشی . هەر بۆیە هەوڵێکی خیانەتکارانەیە و دەبێ تۆمەتبارەکان بۆ دادگایی بنێردرێنە بەریتانیا. بەڵام لە پێشدا دەبێ بدۆزرێنەوە. ڕاگەیانراوی پادشایەتیش بەڵێنی لێخۆشبوونی پادشایانە و پێنج سەد لیرە خەڵاتی بە سیخوڕەکان دا. کۆمیسیۆنێکی لێکۆڵینەوەی بەشانوشکۆ، پێکهاتوو لە قایمەقامی ڕۆدئایلەند و سەرۆکەکانی دادگا هەرە بەرزەکەی نیویۆرک و نیووجێرسی و ماساچۆسێت و دادگای دەریاوانیی بۆستۆن ڕاسپێردران بۆ داوای سزادان و تەمبێکردنی تۆمەتبارەکان. لە سۆنگەی ئەو ڕاگەیاندنەوە، بەدگومانییە نوستووەکان لەبارەی پیلان دژی ئازادی، سەرلەنوێ سەری هەڵدایەوە. ڕۆئایلەند و ماساچۆسێت، سەربزێوترین کۆچەرنشینەکانی ئەمریکا، بە هاواری "سەرەڕۆ"! و "کۆیلەیی" هاتنە لەرزین. ڕۆژنامەی نیو وپۆرت مێرکۆری، بەتووڕەییەوە و بە خەتێکی درشت نووسیی:"دە هەزار مەرگ بە تیر

و تەناف" باشترە لە "ژیانی پڕنەهامەتیی کۆیلەیی لە کۆت و بەنددا و لەبن دەستی کۆمەڵەکەسێکی لە ملهوڕەکانی میسیریش خراپتر."(٢١٩)

هیچ سیخوڕێک هەنگاوی نەنا، هیچ گومانلێکراوێک نەدۆزرایەوە، ئەگەرچی هەموو دەروجیران دەیانزانی کێ وەی کردووە. دادگای لێکۆڵینەوە، بەهەموو کڵاوەباڕۆکە و جلوبەرگە سوورەکانی دادوەرەکانەوە، پاش چەند کۆبوونەوەی بێ ناوەرۆک لە نیووپۆرت، سەرشۆڕانە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا و ئیتر هەرگیز پێک نەهێنراوە. هەڕەشەی تەمبێکردنی ئەویتر، بە هەڵپەسێردراوی مایەوە و ئەو هەستە خەست بۆوە کە بەریتانیا نیازی سەرەڕۆیی و ملهوڕیی هەیە؛ بەڵام بۆی ناچێتە سەر.

دەرکەوتە و ئاکامی ئەو کارە زۆر بەنرخ بوو . لەبەر ئەوەی هات و هەرای ناڕەزایەتییەکەی ڕۆدئایلەند بووە هۆی ئەوەی هەنگاوێکی پتەو بەرەو یەکگرتن هەڵگیردرێ. پە ڕلەمانی نوێنەرایەتیی ڤێرجینیا بە چاولێکەریی نموونەی شارەکانی ئەیالەتی ماساچۆسێت، داوای لە کۆچەرنشینەکان کرد کۆمیتەی نامەگۆڕینەوە پێک بێنن و بۆ هەوڵی هاوبەش و شێوازی بەرگری دەست بکەن بە ڕاوێژ. لە کۆمیتەی ڤێرجینیا، تۆماس جێفرسن و پاتریک هێنری ئەندام بوون. ئەوە سەرەتای یەکگرتنی کۆچەرنشینەکان بوو پێکەوە، کە بەریتانیا هەروا دڵنیا بوو لەوەی هەرگیز سەر ناگرێ و هەموو سیاسەتەکانی خۆیشی لەسەر ئەو بنەمایە دارڕشتبوو. ئەو کۆمیتانە لە بەریتانیا سەرنجێکیان ڕانەکێشا. ئینگلیسییەکان بە گشتی، جگە لە مەسەلەی تێکهەڵچوون و ڕووبەڕووبوونەوەدا ؛ گرنگییەکی ئەوتۆیان بە کاروباری ئەمریکا نەدەدا. لە نامەکانی خاتوو دیلینی( ٢٢٠)ـدا، ژنە دەستڕۆیشتووەکە و هاوسەری سەرپەرشتیاری کلێسای ئینگلیکن، کە لەو ماوەیەدا بەردەوام لەگەڵ دۆست و خزم و کەسی خۆی لە کۆڕە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکاندا نامەی دەگۆڕییەوە، بە تووتووش* ناوی ئەمریکا نەهاتووە.

---

*بە تووتوو: واتە بە هیچ شێوەیەک، هەرگیز. هێمن دەڵێ: بە تووتووش تووشی مەکتەب کوا دەهاتم، من کە زانییام....

دوو کارەبەدەستی دادوەریی حکوومەتی بەریتانیا ــــ ئێدوارد ترلۆ دادوەری گشتیی و ئەلگزندەر ڤێردربێرنی جێگری ــــ کە بەرپرسیارەتیی دۆسیەکەی گەسپە پێش هەمووان لە ئەستۆی ئەوان بوو دووکەسی نەشیاو بوون. ترلۆ لە سەردەمی قوتابخانەدا سەربزێو بوو. لە زانکۆی کەمبریج بەهۆی سووکایەتی و هەڵسوکەوتی خراپەوە دەرکرابوو. لە کاروباری دادوەریدا چاوقایم و گرژ و مۆن و زۆر بەزەبروزەنگ بوو و دەیانگوت لە لەندەن کەس هێندە زمانپیس نییە.(٢٢١) بەو حاڵەشەوە ڕوخسارێکی سەرنجڕاکێشی هەبوو؛ ئەگەرچی دەنگە گڕ و ڕوخسارە مۆنەکە ی وەک چا ڕلز جیمز فاکس باسی دەکا ، نیشانەی نادروستی و ناڕەسەنییەکەی بوو."چونکە کەس نەیدەتوانی ئەوەندە فرەزانا بێتە بەرچاو."( ٢٢٢) ئەو لە دادگا سووکایەتیی بە تۆمەتباران دەکرد. دەیانگوت، لۆرت نۆرت زۆری ناخۆش دەویست، بەو حاڵەشەوە پادشا ئاخری، پاداشتی پشتیوانییە تۆکمەکەی داوە و نازناوی دەرەبەگیی پێ بەخشی و پۆستی لۆردی چانسلەری پێدا. دووەمین کەس، ڤێدێربێرن کە لە زۆرهێنان بۆ ئەمریکا چیی لە ترلۆ کەمتر نەبوو سکۆتلەندییەکی تا بڵێی پۆست و پایەپەرست بوو کە بۆ پێشکەوتنی خۆی کەڵکی لەهەموو کەرەستە و ئامرازێک وەردەگرت و زۆر بە سانایی ماستاوی بۆ دۆست و هاوکارەکانی دەگرتەوە یان پاشقولی دەدان. یەکێک لە ئاشناکانی دەیگوت:"خەسڵەتێکی وای هەیە کە تەنانەت لە خەیانەتکردنیشدا بۆ ئەوەی نابێ متمانەی پێ بکەی."( ٢٢٣) شا کەیفی پێی نەدەهات بەڵام ئەویش لە ساڵانی دواتردا بوو بە لۆردی چانسلەر.

هەرچۆنێک بێ ترلۆ و ڤێدێربێرن لە کابینە نەبوون، ئەوە کابینەی دەوڵەت بوو کە دادگای لێکۆڵینەوەی دەسنیشان کردبوو و فەرمانی دەرکردبوو تۆمەتباران بنێردرێنە بەریتانیا و "لۆرد دارتمێتی دڵپاک"( ٢٢٤) بوو کە لە پۆستی جێنشینیی هیلزباروودا فەرمانەکەی ئیمزا کردبوو. ئەوانە لە دژی هێرش بۆ سەر دەوڵەتی بەریتانیادا، قۆڵیان هەڵماڵیبوو چونکە زۆر لەوە دڵنیا بوون کە ڕەوا و لەسەر هەقن. لە ڕوانگەی حوکمڕانەوە، دژکردەوەکەی ئەوان کارێکی بێجێ نەبوو بەڵام لە ڕوانگەی سیاسەتی کردەییەوە، گەمژەییەکی بێ ئەملاوئەولا بوو. دیار بوو ناردنی ئەمریکییەکان بۆ بەریتانیا بە مەبەستی

دادگاییکردنیان، خەڵک زۆر تووڕە دەکا و گومانی تێدا نەبوو کە رۆدئایلەندییەکان، خەڵکی وڵاتی خۆیان پێوە ناکەن کە تووشی وەها چارەنووسێک بن. کەواتە هەڵخلیسکان و هەڵە دیسان لە "پێداگرتنەوە لە سەر ئەو مافە بوو کە لێتان سوورە بۆتان ناچێتە سەر." ئەو کارە لە بەندەری نیووپۆرت، واتە ناوەندی پێوەندییەکانی کەنار، زۆر جوان بوون بۆوە و دەرکەوت و لەوێوە هەستی بێ کیفایەتیی دەوڵەتی دایک بەهەموو لادا بڵاو بۆوە.

لۆرد دارتمێت زڕبرای لۆرد نۆرت بوو . لەگەڵی گەورە ببوو و لەگەڵ ئەو "چووبووە سەفەرە مەزنەکەی" ئەورووپا بەڵام هەر بڕاستی دڵی بە ئەمریکاوە بوو . لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەش بووبێ وا کەوتبووە گەڵ شێوازگەراکان(مێتۆدیستەکان) و ئەو تاقمەش لە بەشی هەرە زۆری چالاکی و وتاردانەکانیان لە ئەمریکا بوو. دراتمێت پیاوێکی ڕووگەش و پارێزکەر بوو . دەیانگوت کەسایەتییە بەپارێزەکەی سێر چارلز گرەندیسن لە ڕۆمانێکی سامۆیل ڕیچاردسندا هەر بەو ناوە لەو هەڵگیراوەتەوە. هاوڕێکانی پێیان دەگوت "زەبوورخوێن". لە دەوڵەتی ڕاکینگهامدا پۆستی وەزیری بازرگانیی هەبووە ؛ بەڵام لە کاروبارە ئیدارییەکەیدا لێوەشاوەییەکی ئەوتۆی نیشان نەدابوو. پاش ڕێککەوتنی تاقمەکەی بەدفۆ ڕد بۆ پۆست و پلەوپایە نەک بۆ ڕێباز کە وایان لەهیلز باروو کرد ناچار بێ دەست لەکار بکێشێتەوە . لۆرت نۆرت لەبری ئەو دارتمێتی کردە وەزیری کۆچەرنشینەکان. ئەو تاقە یار وپشتوپەنای ئەمریکییەکان بوو لە کابینەدا. بێنجامین ف ڕانکلین نووسیی، دارتمێت "لە ناخی دڵەوە تاسەباری لێکتێگەیشتنە لەگەڵ کۆچەرنشینەکان، بەڵام تواناکانی هێندەی ئارەزووەکانی نین." لە حاڵێکدا ئەو خوازیاری "باشترین هەوڵە بەرەو خراپترین پاڵی پێوە دەنرێ." کەللەڕەقییەکەی ئەمریکییەکان، نیازپاکیی باوکانەی ئەو پیاوەی وردە وردە لەناو برد و هێدی هێدی ئەویش بوو بە بەرهەڵستکاری سازش و ئاشتەوایی و لایەنگری زۆر و زەبر و سەرکوت.

چای، لەو دەمەدا فاکتەری خێراییبەخش بوو. کێشە ئابوورییەکان و خراپ بەکارهێنانی حەیابەرانەی کۆمپانی ای هیندی ڕۆژهەڵاتی و پێوەندییە ئاڵۆزە ئابوورییەکانی ئەو کۆمپانییە لەگەڵ دامودەزگای پادشایەتی، وەک کێشەکەی ویلێکس، ماوەی چەند ساڵان مەسەلەیەکی داپۆشراو بوو. پێوەندیی ئەو مەسەلەیە لەگەڵ بابەتەکەی ئێمە، تەنیا لەوەدایە کە مەسەلەی چایەکە، مشتومڕی نێوان بەریتانیا و ئەمریکای گەیاندە جێیەک کە ئیترڕێگەی گەڕانەوە نەما. ئەمریکییەکان بۆ دەربازبوونیان لە دانی پیتاکی چای، لە هۆڵەنداوە چایان بە قاچاخ دێنا و ئەو هەنگاوەی دوو لەسەر سێی فرۆشتنی چای کۆمپانیاکەی کەم کردەوە.

کۆمپانیاکە ساڵانە ٤٠٠٠٠٠ لیرەی قازانج دەخستە باخەڵی دەوڵەتەوە، پێشگرتن لە ڕاوەستانەکەی بۆ لەندەن وەک مەسەلەی ژیان وابوو. لۆرد نۆرت بۆ ڕزگارکردنی کۆمپانیاکە نەخشەیەکی کێشا کە چا عەمبارکراوەکەی نێو عەمبارەکانی کۆمپانیاکە ڕاستەوخۆ لە ئەمریکا بفرۆشرێ و پێویستی بە هاتن بۆ بەریتانیا و دانی پیتاکی گومرکی لەو وڵاتەدا نەبێ. نۆرت پێی وابوو ئەگەر پیتاکی چا لە ئەمریکا سێ پەنس لە هەر پۆندێکی لێ کەم بکرێتەوە، دەکرێ چایەکە لەبری ئەوەی هەر پاوندێکی بە بیست شلینگ بفرۆشن، بە دە شلینگ بفرۆشرێ. بە سەرنجدان بە حەزە لە ڕادەبەدەرەکەی ئەمریکییەکان لەچای، چاوەڕوان دەکرا کە نرخی کەمتر خۆڕاگریی نیشتمانپەرستانەی ئەمریکییەکان لە هەمبەر دانی پیتاکدا تێک بشکێنێ. یەک ملیۆن ئەمریکی، بەپێی ڕاپۆرتەکان، ڕۆژێ دوو جار چایان دەخواردەوە و بەپێی ڕاپۆرتێک لە فیلادەلفیاوە، "ژنەکان وا کۆیلەی بوونە کە پێیان باشترە دەم لە خواردن نەدەن؛ بەڵام پیاڵەیەک چای بخۆنەوە."( ٢٢٥) لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی بایکۆتی هاوردەکانەوە، دەستپێکردنەوەی بازرگانی جگە لە چا، هەردوو لای هێور کردبۆوە و زۆربەیان لەسەر ئەوە بوون کە کێشەکانی پێشوو ئیتر بنەبڕ بوونە. بەوپێیە لە ١٧٧٢ـدا، قانوونی چا بەبێ چاوەڕوانیی تۆفانێکی نوێ لە ئەمریکا لە لایەن پەرلەمانەوە پەسند کرا.

ئینگلیسییەکان هیچی زانیارییەکیان لەو خەڵکە نەبوو کە پێداگریش بوون لەبن دەسەلاتی خۆیاندا ڕایانگرن و هەر بەبێ زانیارییش مانەوە. ئەوە کێشەی هەرە مەزنی پێوەندیی ئیمپراتۆری و کۆچەرنشینەکان بوو. عەقید باریێ بە جۆسایا کۆینسیی نوێنەری ماساچۆسێتی گوت: " پتر لە پانزە ساڵ بەسەر ئەودەمەدا تێنەپەڕیوە کە دوو لەسەر سێی خەڵکی بەریتانیا پێیان وابوو ئەمریکییەکان لە هەر جێیەک بن ڕەشپێستن. (٢٢٦)

ئەو ئەمریکیانەی لە لەندەن دەژیان، وەک ئارتۆرلی کە خەڵکی ڤێرجینیا بوو و بەشێکی خوێندنی لە بەریتانیا تەواو کردبوو و بەر لەو تێکهەڵچوونانە دە ساڵ لەوێ ژیابوو و هێنری لارێنس ؛ بازرگان و خاوەن زەویوزاری خەڵکی چارلستۆن و سەرۆکی داهاتووی کۆنگرەی کیشوەری و کۆمەڵێک خاوەن ملکی دیکەی کا ڕۆلینای باشووری وەک ڕاڵف ئایزارد و چار لز پینکنی، زۆربەیان سەروکاریان لەگەڵ بازرگان و بازاڕییەکانی لەندەن بوو. ئەوانە لەگەڵ بێرک و شێلبێرن و لایەنگرەکانی دیکەی ئەمریکا دۆست و برادەر بوون لەگەڵ ئەوەشدا بۆیان نەبوو بگەنە کۆمەڵگە دەر ەبەگەکەی ئینگلیس و دەرەبەگەکانیش هیچ شتێکیان لەبارەی ئەوانەوە نەدەزانی.

نامیلکە و تۆمار و نامەکانی دیکینسن( ٢٢٧) نامیلکەی "کورتە ڕوانینێک لە مافەکانی ئەمریکای بەریتانیا" نووسینی جفرسۆن و زۆر گەنگەشەنامەی دیکە لەبارەی پرسگەلە کێشەلەسەرەکان و کەفوکوڵ و هەستی کۆچەرنشینەکان لە لەندەن بڵاو دەبوونەوە. پە ڕلەمانی عەوام زۆربەی کاتەکان بە بیانووی جۆراوجۆر خۆی لە بیستنی قسەی نوێنە تایبەتییەکانی کۆچەرنشینەکان بەتایبەتی جۆسایا کۆینسی دەبوارد. کۆینسی لە نامەیەکدا بۆ ئەمریکا دەنووسێ:"من هەوڵم داوە لە هەموو کۆڕوکۆمەڵەکاندا، باسی بارودۆخی ڕاستەقینەی وشکارۆی ئەمریکا و کەفوکوڵی ڕاستەقینەی خەڵکەکەی ئەوێ بکەم و ڕوونی بکەمەوە"( ٢٢٨) دەشڵێ، بەو حاڵەشەوە زۆر لە سەرکەوتنی خۆی دڵنیا نییە. ئینگلیسیەکانیش هەروا پێداگر بوون لەسەر پێشداوەریی "گەوهەری بەرزتری ئێمە"(٢٢٩) ــ قسەکەی هیلزباروو ــ و ئەو باوەڕەش کە ئەمریکییەکان کۆمەڵێک ئاژاوەچیی نا ڕووناکبیر بوون و کۆمەڵێک نموونەی

وەک بێنجامین فـڕانکلین کە لە لێوەشاوەیی سیاسی و توانای جۆراوجۆردا هیچی لە ئەورووپییەکان کەمتر نەبوو و خۆی یەکسەر بۆ ئامانجی ئاشتی و تەناهی تەرخان کردبوو.

شێوەی بیرکردنەوەی دۆستان و لایەنگرانی ئەمریکایش کەموکووڕیی خۆی هەبوو. ڕاکینگهام بەریتانیای بە باوک و کۆچەرنشینەکانی بەو "منداڵانەی" دەبێ ئەرکی خۆیان بزانن، دادەنا.(٢٣٠) چاتامیش هەر وای بیر دەکردەوە، بەڵام هەر کامەیان ئەگەر سەرێکی لە ئەمریکا دابایە و لە کۆڕی کۆچەرنشینەکاندا دانیشتبا و بەچاوی خۆی کەشوهەوای خەڵکەکەی ئەوێی دیتبا، لەوانەبوو بە تێگەیشتنێکی باشترەوە گەڕاباوە.ڕاستییە سەرسووڕهێنەرەکە ئەوەیە کە جگە لە ئەفسەرەکانی سپا و هێزی دەریایی، هیچ وەزیرێکی حکوومەتی بەریتانیا لە ماوە ١٧٦٣ تا ١٧٧٥ نە پێشتر و نە دواتریش، سەری لە ویلایەتەکانی ئەوبەری زەریای ئەتلەس نەدا کە بە پاڵپشتی ئیمپراتۆرییەکە دادەنران.

وەزیرەکان، ئەمریکاییەکانیان بە سەربزێو و لایەنگری ڕاپەڕین و سەربەخۆبوونیشیانیان بە کاولبوونی بەریتانیا دادەنا و زیاتریش بیریان لەوە دەکردەوە، دەسەڵاتەکەی خۆیان بپارێزن. چاتامیش بۆیە سوور بوو لەسەر ڕێککەوتن و ئاشتی لەگەڵ کۆچەرنشینەکان، هەر لەو ترسە بوو کە لەوانەیە زەبروزەنگ ئەمریکییەکان وا لێ بکا بەرخودان بکەن و ئیمپراتۆرییەکە لەکیس بچێ و فەڕەنسا و ئیسپانیا دەستی بەسەردا بگرن و"ئەگەر ئەوەش بقەومێ، ئیتر بەریتانیایەک نامێنێ."(٢٣١)

وایان بیر دەکردەوە کە ئەگەر گەنجینەیەکی ئاوا گرانبایی لەکیس بچێ،ئیتر بەریتانیا لە گەشە و هەڵدان و پێشکەوتن دەکەوێ و چیتر ناتوانێ دەسەڵاتێکی جیهانی بێت. شتێکی لەو جۆرە بە ناڕوونی بەزەینی پادشاشدا دەهات، چونکە ئەو نووسیی:"بەر لەوەی مل لەبەر ملی دراوسێکانمان بنێین، دەبێ کۆچەرنشینەکان ڕێک بخەین."

چاتامیش بە واتەیەکی دیکە وەک زۆربەیان پێی وابوو چارەنووسی بەریتانیا و کۆچەرنشینەکان پێکەوە بەستراوەتەوە . "ئەگەر ئازادی لە ئەمریکا نەگوورێ و هەڵ نەدا، لەم وڵاتەشدا نەخۆش دەکەوێ و دەژاکێ و

دەمرێ."( ٢٣٢) ئەوە بەڵگەهێنانەوەی کەسێک بوو کە لایەنگری ئازادی بوو. بەڵام لایەنگرانی دەسەڵات بەڵگەیان دەهێناوە کە ئەگەر کۆچەرنشینەکانماڵیات نەدەن، خەڵکێکی زۆر لە کرێکارە دەستڕەنگینەکان و خاوەن پیشەکانی ئینگلیس ڕادەکێشن لەوێ بژین و ئیتر گەشە دەکەن و دواجاریش زاڵ دەبن و ئینگلستانە پیرەکە وەک "کەوشەنێکی هەژار و کاول و کەسەربار" بەجێ دەهێڵن.(٢٣٣)

ئەو ناوەرۆکە بە پەرۆشی و نیگەرانییەوە لەو نامانەدا کە بۆ ڕۆژنامەکان دەنێردران دووبارە دەکراوە. هەندێ پێشبینیی ئەوەیان دەکرد کە خەڵکی ئەمریکا بەم زووانە ژمارەیان لە وڵاتی دایک پتر دەبێت و پێش دەکەوێ و"جا ئەو کاتە ئێمە چۆن بتوانین فەرمانڕەواییان بەسەردا بکەین؟"( ٢٣٤) لەوانەشە، ئەوێ هەتا دوو سەدەی دیکە ببێتە ناوەندی ئیمپراتۆرییەکە. ڕۆژنامەی سێنت جیمز کڕانیکڵ ئێوارەی کریسمەسی ١٧٧٢ نووسیی: ئەگەر ئەمریکییەکان ژمارەیان ڕەسەر* ئینگلیسییەکان بکەوێ، لەو حاڵەتەدا تەنیا دۆستایەتی و هۆگرییە سرووشتییەکان دەتوانن، ئەمریکا و بەریتانیا وەک جۆرە وڵاتێکی هاوبەرژەوەند پێکەوە گرێ بداتەوە بۆ ئەوەی بە پشتیوانیی یەکتر "لە هەمبەر جیهانە چەکدارەکەدا ڕاوەستن."

قانوونی چا، ناکامی و بێئەنجامییەکی سەیری لێ کەوتەوە. ئەمریکییەکان لەبری پێشوازی لە چای هەرزان، لە داخان تەقین.( ٢٣٥) ئەو تووڕەییە زۆرە بەرهەمی هەستی هەمووانی نەبوو؛ زیاتر بەرهەمی بانگەشەی بازرگانەکان بوو ئەو بازرگانانەی هەرزانفرۆشییەکەی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی، بەکۆفرۆشتنەکەی ئەوانی مایەپووچ دەکرد و لەناوی دەبرد و بازاڕەکەیانی دەبەست. خاوەن و دروستکەرانی کەشتی و کەشتییەوان و مەلەوانەکانیش کە ژیانیان لە ڕێگەی قاچاخەوە دابین دەبوو هەستیان بە مەترسی کرد. ئاژاوەچییە سیاسییەکان لەخۆشیی ئامانجە تازەدۆزراوەکەیان کەوتنە گەڵیان و هاواریان کرد کە بەم زووانە "پاوانی" سامناکی ئەو کۆمپانیایەی "چاوبرسێتی و

---

*ڕەسەرکەوتن: بە تایبەتی بۆ دەفرێکی دیاریکراو دەگوترێ. واتە هەلکشان هەتا لێی دەرژێ... ئەو پێشگری "ڕە"یە لە موکریان زۆرە... ڕەسەرکەوتن... ڕەپێشخستن... ڕەپێنان... ڕەدووکەوتن... ڕەزگنان...

تەماعە ڕەش و بێ بەزەیی و قێزەونەکەی"  کە وێردی سەر زار و زمانانە ئەمریکا قۆڕغ دەکا. بێت و کۆمپانیا چای بگرێتە دەست، زۆری پێ ناچێ بەهارات و هەوریشم و دەفری چینی و کەلوپەلەکانی دیکەش  ڕادەماڵێ. کە ئەمریکا چای هیندستان وەرگرێ، ئەوا باجی سێ پەنسی "دێتە نێو کەوشەنی ئازادییە پیرۆزەکانمانەوە" و ئامانجی پە  ڕلەمان واتە دانانی ماڵیات بۆ دەستەبەرکردنی داهاتی دەوڵەتی وەدی دێ و داهێنەرانی ئەو ماڵیاتە "هەتا هەمووی دەستەبەر نەکەن" دەست هەڵناگرن.

ئاشتیخوازان لە کۆچەرنشینەکاندا هیوادار بوون بتوانن وا بکەن کەشتیە چای هەڵگرەکان، بەر لەوەی بەتاڵ بکرێن و باج و گومرک بدەن بگەڕێنرێنەوە. ئەو مەبەستە بەهێنانەگۆڕێی مەترسیی پشێوی و ئاژاوەی هەرچی و پەرچییان و ترساندنی ئەوانەی کەلوپەلەکانی کۆمپانیاکەیان وەردەگرت و خۆبواردنی ئەوان لە دابەشینی بەرهەمەکان بەسەر وردەفرۆشەکان لەهەموو بەندەرەکاندا جگە لە بۆستۆن وەدی هات.

لە بۆستۆن دوو کەس لە وەرگرەکان کوڕانی قایمەقامی هاچینسن بوون و هەردووکیان باوەڕیان وابوو  کە دەبێ بەهەموو تواناوە ئاژاوەچییەکان بەرپەرچ بدەنەوە و ئامادە بن بۆ وەگرتنی چایەکە. یەکەم کەشتیی چای هەڵگر ڕۆژی یەکەمی دیسەمبەری ١٧٧٣ لە شوێنی بارخستنی بۆستۆن ڕاوەستا و بەدوای ئەویشدا دووی دیکە.

کاربەدەستەکانی گومرک لەسەریان بوو ئەگەر لە ماوەی دیاریکراودا باج و گومرک نەدرێ دەست بەسەر ئەو کەلوپەلانەدا بگرن کە دابەزێنراون و نیشتمانپەرستەکانیش بەدگومان بوون لەوەی گومرکچییەکان لەوانەیە ئەو کاڵایانەی گرتوویانن، بەدزییەوە بۆ بەدەستهێنانی داهاتی دەوڵەت  ی ی بیفرۆشنەوە. بۆیە بۆ پێشگرتن لەو کارە و لەوانەشە بۆ ترساندنی کڕیارەهیوادارەکان بووبێ وا ئێوارەی١٦ی دیسەمبەر چوونە نێو کەشتییەکان و لە هەوڵێکی سەربزێوانەدا کە "بە میوانیی چای بۆستۆن" ناوبانگێکی نەمری دەرکرد، سندووقەکانی چایان شکاند و هەموویان لە دەریا کرد.

هەواڵی ئەو پەلامارە تێکدەرانەیە بۆ سەر ماڵ و سامانەکە لە ٢٠ی جانیوەریدا گەیشتە لەندەن و ئینگلیزەکانی تووڕە کرد. پلانی ماڵیاتوەرگرتنی بەبێدەنگی پووچەڵ بۆوە. باری ئابووریی کۆمپانیی هیندی ڕۆژئاوایی کەوتە مەترسییەوە و ئیتر گومان لەوەدا نەما کە خەڵکی ماساچۆسێت یاخی و سەربزێون و چاکیش نابن. سوود و قازانجی بەریتانیا لەو قۆناغەدا ڕەنگە ئەوە بووبێ کە ئەو هەمووە ڕووداوە خراپە پەیتاپەیتایەی نێو کۆچەرنشینەکان تاوتوێ بکا و ڕەوگە مەترسیدارەکەی ئێستای ڕووداوەکان بگۆڕێ. بەڵام ئەو کارە لەبری دژکردەوە، پێویستی بە تێڕامان و تەگبیر بوو و لەسەرخۆیی و تێڕامان بۆ بیرکردنەوەی شێلگیرانە، نەریتی حکوومەتەکان نییە. وەزیرەکانی جۆرجی سێیەمیش لەو ڕێسایە بەدەر نەبوون.(واتە ئەو ڕێسایە وەزیرەکانی جۆرجی سێیەمیشی گرتبۆوە).

لەبری ئەوە؛ ئەوان دەستیان کرد بە زنجیرە هەوڵ و تێکۆشانێک کە لەسەر یەک بە "یاسا سەرکوتکەرەکان" یان "پشتشکێنەکان" و لە ئەمریکاش بە "یاسا تاقەتبڕەکان" ناو نران . بەرهەمەکەشی خەستکردنەوەی دوژمنایەتی بوو بە ئاقارەکەی پێشوودا و تێپەڕین لە دووڕێیانێک بوو کە لقەکەی دیکەی ئەگەر بەدوویدا چووبایەن؛ لەوانەبوو دەرکەوتە و ئاکامی جیاوازی لێ بکەوێتەوە.

ئینگلیزەکان "میوانیی چا"یان وەک شەڕێک دژی سامانی دەوڵەتی و خیانەتێکی دیکە لەقەڵەم دا. کابینە بۆ پێشگرتن لە دووپاتەبوونەوەی حەیاچوونەکەی ڕووداوی گەسپە، ئەمجارە بە دوورنواڕیی بڕیاری دا بە پەسندکراوێکی پەڕلەمان هەموو بۆستۆن سزا بدا. هەر بۆیە پڕۆژەیاسایەکی پێشکەشی پەڕلەمان کرد هەتا قەربووکردنەوەی زیانی کۆمپانیی هیندی ڕۆژهەڵاتی و دانی خسارەت بە گومرک و دابینکردنی "هێمنیی و ملکەچبوون لەبەردەم یاسادا" بۆ بازرگانییەکی بێ مەترسی و بەئامان و کۆکردنەوەی باجی گومرکی بەندەری بۆستۆن لەسەر هەموو جۆرە بازرگانییەک دابخرێ.

دە ساڵ بەسەر یەکەم ماڵیاتەکەی گرێنویلدا تێدەپەڕی و کابینەی حکوومەت هێشتاش هیچ دەرسێکی لە ناڕەزایەتییە پڕ لە تووڕەییەکانی ئەو ماوەیە وەرنەگرتبوو . لە کاتی ئامادەکردنی گەڵاڵە تازەکەدا وەک جاران چاوەڕوانی

هیچ کێشە و دەردیسەرێکیان نەدەکرد. وەزیرەکان پێیان وابوو کۆچەرنشینەکانی دیکە ئەو کردەوەیەی بۆستۆنییەکان ئیدانە دەکەن کە ماڵ و سامانەکەیان لەناو بردبوو و پشتیوانیان لێ ناکەن و لەوانەیە زۆریشیان پێ خۆش بێ کە لە سۆنگەی داخرانی بەندەری بۆستۆنەوە، بارە چایەکان بەرەو بەندەرەکانی ئەوان دەچن. چەقبەستوویی هزریی گەیشتبووە ئەوپەڕی خۆی. دژکردەوەی توند و لێبڕاوانەی بەریتانیا لە هەمبەر تاڵانە بەربڵاوەکەی چا لە شوێنەکانی بارخستندا نە نائاسایی بوو و نە نایاسایی ؛ بەڵام لێکدانەوەی ئەوەی کە گەڵاڵەکەی بەندەری بۆستۆن دۆخەکە باشتر دەکات یان ئیمپراتۆریا سەقامگیرتر دەکات یان کۆچەرنشینەکانی دراوسێی ماساچۆسێت زۆر لەسەرخۆ و بە سەبرەوە لێی دەڕوانن، بە واتای زاڵبوونی هەست و سۆز بوو بەسەر بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی ڕابردوودا.

ئەسپاردنی جڵەو بەدەست هەست و کەفوکوڵەوە، هەمیشە یەکێکە لە سەرچاوەکانی گەمژەیی. ئەو حاڵەتەش لەو جەنگەیەدا لە تاتوێکردن و پێڕاگەیشتن بە مەسەلەی نامەکانی هاچینسندا دەرکەوت و لەگەڵیدا بێنجامین فڕانکلین کرا بە ئامانجی گاڵتەپێکردنێکی وەحشیانە. نامەکان ڕوویان لە تۆماس ویتلیی وەزیری خەزێنەداری بوو و پێشنیاری هەنگاوی زۆر توندتر و زەبروزەنگی زیاتری دەکرد بۆ سەرکوتی سەربزێوییەکان لە ماساچۆسێتدا. ئەو نامانە بە نهێنی کەوتبوونە دەست ف ڕانکلین و هەر بڵاو بوونەوە، ماساچۆسێت لە هاچینسنی قایمەقامی خۆی تووڕە بوو و داوای لە پە ڕلەمان کرد لێی بخا*. لێپێچینەوە لە فڕانکلین بە ڤێدێربێرن ئەسپێردرابوو کە لەبەردەم سی و پێنج ڕاوێژکاری پادشایەتی (واتە گەورەترین لێپێچینەوەی ئەو سەردەم) و کۆمەڵێک لۆرد و نوێنەرە بێحەجمینەکان و میوانانی دیکەدا، لە ژوورێکدا بەناوی ناوەرۆکداری "شەڕگە"، لێی پێچرایەوە.(٢٣٦) ڤێدێربێرن لە نێو تیزەبزە و گاڵتە و قاقای حازریاندا وردە وردە لە تەوس و تانە و تەشەرەوە گەیشتە ئەوپەڕی زمانپاراوی و قسەی ساردوسووک و دەستڕۆیشتووترین ئەمریکیی

*لێخستن/ لێکەوتن: واتە کەوتن لەسەر تەختی دەسەڵات، لەدەسەڵات خستن: لابردن لەسەر تەختی دەسەڵات.

نیشتەجێی لەندەنی بە دز و ناپاک ناو برد. دەڵێن لۆرت نۆرت تاقە کەسێک بوو کە پێنەکەنی. دەزگای پادشایەتی بۆ سبەینێ ف ڕانکلینی لە پۆستی سەرۆکی پۆستخانەی کۆچەرنشینەکان خست. ئەم کارە بۆ پیاوێک کە گەورەترین لایەنگری ئاشتی و سازش بوو لە بێهیوایی بەولاوە هیچ بەرهەمێکی دیکەی نەبوو و فڕانکلین ئەوەی قەت لەبیر نەکرد. چوار ساڵ دواتر، وەختێک لەگەڵ فەڕەنسادا ـ واتە ئەو وڵاتەی لەدایکبوونی میللەتەکەی پشتڕاست کردەوە ـــ گرێبەستی هاوپەیمانیی واژۆ کرد . هەر ئەو کراسە مەخمەرییەی دەستکردی مەنچەستەری لەبەردا بوو کە لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەکەی ڤێدێربێرندا لەبەریدا بوو.(٢٣٧)

هەست و کەفوکوڵی دژە باسن لە دەوڵەتدا ئەوەندە بەهێز بوو کە خوێندنەوەی یەکەم و دووەمی گەڵاڵەکەی ئەو بەندەرە، بچووکترین هەژانی دروست نەکرد . تەنانەت بارێ و هێنڕی کانۆڤیێیش زۆر بە تین و گوڕەوە قسەیان لەسەر پشتڕاستکردنەوەی هەوڵەکان کرد.( ٢٣٨) لە خوێندنەوەی سێیەمدا وتاردەرە بەرهەڵستەکان بەدەنگ هاتن و وەبیریان هێنانەوە کە بەندەرەکانی دیکەی ئەمریکایش چایەکەیان ناردووەتەوە بۆ بەریتانیا و ویستیان بەر لە پساندنەوەی بازرگانی لەگەڵ بۆستۆن، ڕێگە بەو شارە بدرێ خەسارەت(غەڕامە) بدا. گرینگترین قسە کابرایەک کردی کە ئەزموونی ناوچەیی هەبوو . جۆرج جانستۆن قایمەقامەکەی پێشووی فلۆریدای ڕۆژئاوایی، هۆشداریی دا کە"ئەم گەڵاڵەیە دەبێتە هۆی یەکگرتوویەکی گشتی بۆ خۆڕاگری لە هەمبەر دەسەڵاتی ئەم وڵاتەدا."(٢٣٩)

چەند کەسێک نەبێ کەس گوێی نەدایێ. بێرک دەڵێ :" قسەکەرە بەرهەڵستکارەکان (کە خۆشی یەکێک بوو لەوان ) کاریگەرییەکی زۆر کەمیان هەبوو کە پەڕلەمان بە پێویستی نەزانی بەفەرمی دەنگی بۆ وەرگرێ".

لە پەڕلەمانی لۆردەکان شێلبێرن و کەمدێن و دووک ڕیچمۆند داخ و کەسەری خۆیانیان لەو گەڵاڵەیە دەربڕی بەڵام کاریگەرییەکی دانەنا. گەڵاڵەی بەندەری باسن وەک ئاوخواردنەوە لە پەڕلەمان پەسەند کرا.

سێ یاسای دیکەش بە هەڵپە و پەلە یەک لە دوای یەک پەسند کران. یەکەمیان "یاسای ڕێکخستی ماساچۆسێت" بوو کە بەکردەوە ڕاگەیەنراو و فەرمانی ئەو کۆچەرنشینانەی هەڵدەوەشاندەوە. مافی هەڵبژاردن و دانانی کاربەدەست و نوێنەران و دادوەر و لیژنەی دادوەری و مافی بنەڕەتیی بانگەوازی کۆبوونەوەکانی شار و بەکورتی هەرچی هەتا ئێستا وەک بێرک دەڵێ ؛ "تەنیا لە دەست حکوومەتە ناوخۆییەکەی ئەوێدا بوو خرا ﻉ بەر دەسەڵاتی حکوومەتی بەریتانیاوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی قایمەقامەوە جێبەجێ بکرێ. ئیتر کۆچەرنشینەکان دیارە بیریان لەوە کردەوە کە ئەوەی بەسەر ماساچۆسێت هاتووە، دەکرێ بەسەر ئەوانیش بێ. ئەوجار نۆرەی "یاسای جێبەجێکردنی دادپەروەر یی" هات کە ڕێگەی بەو کاربەدەستە دەوڵەتیانەی "ئینگلیز" وا لە ماساچۆسێت تاوانیان کردبوو دەدا لە بەریتانیا یان لە کۆچەرنشینێکی دیکە دادگایی بکرێن لەبەر ئەوەی دەیانگوت دڵنیا نین ئاخۆ لە ماساچۆسێت دادپەروەرانە دادگایی دەکرێن یان نا. ئەو کارە سووکایەتی بوو؛ بەتایبەتی ئەگەر بیهێنینە پێش چاومان کە بۆستۆن چیی لەدەستی هات کردی بۆ ئەوەی دادگایی ملازم پرێستۆنی ئەفسەرە فەرماندەکەی ئینگلیس لە کوشتاری بۆستۆندا، بەپێی ڕێسا و پێوەرەکانی دادپەروەریی جێبەجێ بکرێ. جان ئادامز پارێزەری ملازم پرێستۆن بوو و ئەو ئەستۆپاکییەکەی سەلماند. ئاخری مادەیەکی تازەیان خستە سەر قانوونی نیشتەجێکردنی سالانە کە دەیگوت:" ئەگەر بنکە بۆ سەربازەکان دابین نەکرێ، با سەربازەکان لە ماڵی خەڵکی و مەیخانە و بنیاکانی دیکەدا بحەوێنەوە و خواردن بخۆن ." لەگەڵ ئەوەشدا ژەنەڕاڵ گێیجیش فەرمانی وەرگرت بچێتە بۆستۆن و کاروبارەکان لە هاچینسن وەربگرێ و خۆی ببێتە قایمەقامی ئەوێ.

بەڵام ئەو قانوونەی لەو کاتەدا لە هەمووان پتر خەڵکی تووڕە و ناڕازی کرد، ئەگەرچی لەو یاسایانە نەبوو کە هەر دەبێ جێبەجێ بکرێن (یاسای کێبێک) بوو. کە سنوورەکانی کانادای دەبردەوە سەر ڕووباری ئۆهایو ـ واتە هەتا ئەو ناوچەیەی وا ڤێرجینیا و کۆچەرنشینەکانی دیکەی ئەمریکا بە خاکی خۆیانیان دەزانی. ئەو یاسایە لەگەڵ ڕێساکانی حکوومەتی مەدەنیی کەنادای

ڕێک دەخست و مافی دانانیماڵیات لە لایەن پەڕلەمانەوە و دادگاییکردن بەبێ لیژنەی دادوەری وەک فەڕەنسییەکان و هەڵکردن * لەگەڵ ئایینزای کاسولیکی دەکردە فەرمی. جا لەبەر ئەوەی سەدانەوەدوپێنجی کەنەدییەکان کاسولیکی بوون، ئەو کارە بۆ پەرەپێدانی پێکهەڵکردن و بەرەوازانین هەنگاوێکی ژیرانە بوو ؛ بەڵام بابەتەکە باسوخواسێکی گەرمی خستە سەر زاری کۆچەرە ئەمریکییەکان و دۆستەکانیان لە وڵاتی بەریتانیا. هاواری "پاپاییگەری" هەستا.(٢٤٠) پێشبینی کرا کە پەنسیلڤانیا پشکنینی باوەڕەکان و لە فیلادەلفیا "کوشتارەکەی ڕۆژی سەن ـ بارتلمی"( ٢٤١) دەقەومێ . باسی "قەحپەکەی بابل"(٢٤٢) کرا. لۆرد کەمدێن "سپای پاپایی" و "مێگەلە پاپاپەرست"ەکەی وا وێنا کرد کە ئامادەی سڕینەوەی ئازادیی کۆچەرنشینە پرۆتستانەکانن. ڕۆژنامەی سێنت جیمز کۆانیکل، لابردنی لیژنەی دادوەریی لە دادگاییەکاندا بە "مادەیەکی ئەوەندە شەرمەزارانە" ناو هێنا کە "هیچ ئینگلیزیەک ناتوانێ و ناکرێ شتی وای نووسیبێ." هانەی ئەو یاسا ناوەخت و سەمەرەیە و ئەو هەمووە چاکەیە لەگەڵ کەنەدییەکان، لەوانەیە بەهیوای وەفادارکردن و ئەمەگدارکردنیان بووبێ بۆ ئەوەی لە پێشگرتنی هەرچەشنە سەرهەڵدانێکی ئەمریکییەکاندا یارمەتیدەریان بن. هەرچۆنێک بێ ئەگەر تۆزێک قەستی هێورکردنەوە و دڵدانەوەی کۆچەرنشینەکان مابۆوە، پەسندکردنی یاساکەی کێبێک بەدوای ئەو یاسایانەدا جێبەجێکردنیان واجب بوو. نموونەی تەواو و کەماڵی ڕێگەیەک بوو کە بەریتانیا نەدەبوو پێیدا بڕوات.

بڕیارەکانی مارس و جانیوەری ١٧٧٤ بەرهەڵستکارەکانی دەوڵەتی زۆر توند تۆقاند و وای لێکردن ڕاشکاوانە لە بارەی ئاکام و دەرکەوتە کارەساتبارەکەی ئەو کارە وریایی بدەن. دوورەدیمەنی بەکارهێنانی زەبروزەنگ لە ڕۆژانی داهاتوودا لەسەر خەڵکێک کە خوێن و ڕابردوویان ئینگلیزی بوو زۆر کەسی تۆقاند. جۆن دانینگ مافناسی ئازادیخواز کە لە دەوڵەتەکەی گڕافتۆندا جێگری دادوەری گشتی بوو و دواتر کە شەڕ کۆتایی هات لە بڕیارنامە نەمرەکەی خۆیدا کاکڵی مەسەلەکەی خستە ڕوو؛ لەو یاسایانەدا کە جێبەجێکردنیان واجب

---

*هەڵکردن/ پێهەڵکردن: سازان، سازش، پێکەوەسازان.

بوو  ڕەوتێکی بەدی کرد بەرەو "شەڕ     . تۆڵەسەندنەوە و  ڕق و قین لە هاووڵاتیانی خۆمان."(٢٤٤)

نیگەرانییەکەی دیکە  لە سەرنەکەوتن بوو. سەرلەشکر ویلیام هاو لەگەڵ ۆلف چوبووە سەر ترۆپکی چیاکانی ئێبرەهەم لە کێبێک          . لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی خۆی لە ١٧٧٤دا بە دەنگدەرەکانی گوت:" تەنانەت هەر هەموو سوپاکەی بەریتانیایش بەشی گرتنی ئەمریکا ناکا.(٢٤٥) ژەنەڕاڵ جۆن بێرگوین کە ئەویش کورسییەکی پەڕلەمانی هەبوو گوتی حەزی لێیە "ببینێ ئەمریکا بە ویستی خۆی ڕازی بووە نەک بە زەبری شمشێر."(٢٤٦)

وەزیرەکانیش وریا کرانەوە. وەختێک دارتمێت لە بارەی ئەگەری کارتێکەیی قانوونەجێبەجێکراوەکان تەگبیری لە هێنری لارێنس کرد    ؛ ئەویش ــ وەک قایمەقام جانستۆن لە پەڕلەمان ــ بەربێژیی کرد کە خەڵک "لە جۆرجیاوە هەتا نیووهەمشێر دەجمێن و دەخرۆشێن و بەرەیەکی وەها یەکگرتوو و خۆڕاگرانە پێک دێنن کە هەتا ئێستا بیری لێ نەکرابێتەوە تەنانەت پەرجۆش بتوانێ شتی وا وەدی بێنێ.(٢٤٧) بەڵام وریاییدان لە کاروباری سیاسیدا، ئەویش ئەوکاتەی ئەو کەسەی وریا دەکرێتەوە، دەیەوێ بڕوا بە خەلافەتی خۆی بکا ئیتر بێ ئاکام و بێ سەمەرە. یونانییەکانی کەونارا، کاتێک تووک و نەفرەتەکەی کاساندرایان هەڵبەست ـ کە بەڵێ کچۆڵەکە ڕاست بکا بەڵام کەس بڕوا نەکا ــ دەریان خست چ  ڕوانگەیەکی سەیر و سەمەرەیان لەسەر دەروونی بنیادەم هەیە.

لە دانوستانەکانی  ١٩ی ئاپریلی  ١٧٧٤دا پە ڕلەمان لەبارەی پێشنیاری بەرهەڵستکارانی دەوڵەتەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پیتاکی چای، بێرک لە وتارێکی بنەڕەتیدا بۆچوونی خۆی سەبارەت بە مەسەلەی ئەمریکا دەربڕی.(  ٢٤٨) ئەو وتارە سەرسووڕهێنەرەی وی بە کورتی باسی ئەوە بوو کە لە دانانی یاسا و هەڵوەشاندنەوەی پەیتاپەیتایان، لە لەرزۆکی و دووقسەیی، لە مەترسیی بێبنەما و بۆش و بەتاڵ، لە گریمانەی هەڵە و کورتەمێژووی سیاسەتی    ڕابردووی بەریتانیا بەرامبەر کۆچەرنشینەکان، لە یەکەم یاساکانی دەریاوانی و نواڕین لە داهاتوو لە "هێزێکی نەخۆش و ئەو گورجوگۆڵییە شێتانەیەی وا بەرەو

لەناوبردنی خۆتان تاو دەدەن." بێرک گوتی:"کاربەدەستەکانی دەوڵەت، هەرگیز بەرژەوەند و قازانجە پێچەڵپێچەکانی ئێوەیان بە یەک ڕوانگە و یەکگرتووانە سەیر نەکردووە... هەرگیز سیستەمێکیان بۆ لێک جیاکردنەوە ی هەق و ناهەق نەبووە . بەڵام جاروبارە هەقایەتێکی داماوانەیان لە بەرژەوەندی کات و ڕۆژەکەدا هەڵبەستووە بۆ ئەوەی خۆیان لەو گێچەڵەی لووتبەرزانە تێی کەوتوون، قوتار بکەن... بە وەها بەڕێوەبەر ێی و کارگێڕییەک بە کردەوەی ناچارانەی ئەنجوومەنە بێهێزەکان ، کۆڵەکەکانی بازرگانیی ئیمپراتۆ رییەکەی ئێمەیان کە سەردەمانێک هەموو گۆی زەویی داگرتبوو خستووەتە لەرزین."
بێرک سەپاندنی دەسەڵاتی پاڵەکی ـ یان وەک ئەمڕۆ دەڵێن قەبڵاندن* ــی کوتا و دایە بەر ڕەخنە و بە کۆمەڵە وشەیەک کە ئێستاش لە گوێی زەماندا دەزرینگێنەوە و زایەڵەیان ماوە گوتی:"دەڵێن شەرەف و ئابڕووی ئێمە بەوەوە بەستراوەتەوە. ئەو شەرەف و ئابرووە بووەتە وەباڵ و گوناحێکی سامناک بۆ ئێوە؛ چونکە بەم دواییانە لەگەڵ بەرژەوەندییەکان و دادپەروەری و هەموو فکر و بۆچوونێک لە سیاسەتی ئێوەدا ناتەبا بووە و یەکی نەگرتووەتەوە."
ئەو "وەباڵە سامناکە" داوێنی سیاسەتکەرانی تەواوی سەدەکانی گرتووەتەوە. بێنجامین ف ڕانکلین، ئەو پیاوە فرەزانایە و یەکێک لەو دەگمەن کەسانەی بنەماکانی لە ئەزموونی سیاسی هەڵدەهێنجا و دەیتوانی دەریانبڕێ ؛ لە قەیرانی قانوونی پووڵەکەدا نووسیی: نابێ پێتان وابێ بەپێداگرتنەوە لەسەر هەوڵێکی هەڵە شە ڕەف و ئابڕووتان باشتر دەپارێزرێ هەتا چارەسەری هەڵەکە پاش دەرکەوتنەکەی."(٢٤٩)
گەڵاڵەکەی بەندەری بۆستۆن، بڵێسەی یەکگرتنی لە ئەمریکادا هەڵایساند. ڕۆدئایلەند لە مانگی مایدا یەکەم بانگەوازی خۆی بۆ گرتنی کۆنگرەی کیشوەری کرد . هاوکات لە شارەکانی کۆنێتیکات کۆمەڵێک کۆبوونەوەی پڕتووڕەیی گیرا و خەڵکەکە گفت و بەڵێنیان دا کە دەسبەجێ یارمەتیی ئابووری و پێداویستی بگەیەننە بۆستۆن و بەگوێرەی پێویست "خوێنی خۆیان

*قەبڵاندن: لە مەلاکانی موکریانم بیستووە. وشەیەک وەختایەک گرێکوێرەیەک دەکەوێتە شتێکەوە، بە ناچار شەرعێکی بۆ دەدۆزنەوە و دەیقەبووڵێنن.

له قوربانگەکانی ئەمریکادا برێژن"( ٢٥٠) عەقید ئیزریل پاتنەم جەنگاوەرە بەتەمەنەکەی شەڕی گەڵ سوورپێستەکان و کۆماندۆی شەڕی حەوت ساڵە و سەرۆکی کۆمیتەی نامەنووسینی کۆنێتیکات ؛ خۆی ١٣٠ سەر مەڕی لە ماڵەکەی خۆی لە پامفرێتەوە کە ١٠٠ مایل دوور بوو نارده بۆستۆن.( ٢٥١) بالتیمۆر هەزار بوشێل(٢٥٣) گەنمەشامیی نارد و لەگەڵیاندا کۆمەڵێک دیاری لە هەر سێزدە کۆچەرنشینەکەوە گەیشتێ.

سەرکردەی نیشتمانپەرستەکان داوایان کرد لە سەرانسەری کۆچەرنشینەکاندا گەمارۆ و بایکۆت بخەنە سەر "چای". قاچاخی چای نەما و "ئەم زبلۆزاڵە زیانهێنەرە"یان لە سەر چیمەنی گوندەکان سووتاند و تێکەڵەگیایەکی بێتام بەناوی "چای ئازاد" جێی گرتەوە.

نیویۆرک و فیلادەلفیا دەسبەجێ بانگەوازەکەی کۆنگرەیان قەبووڵ کرد و لە درێژایی هاویندا دوازدە کۆچەرنشینی دیکەش پشتیوانیان لێکرد. جفرسۆن لە ڕەشنووسی فەرمانەکەی ڤێرجینیادا بۆ نوێنەرە نێردراوەکانی خۆی بۆ کۆنگرە نووسیی:"دەستدرێژی و بێدادی بەردەوامی بەریتانیا کە "بە گۆڕینی وەزیرە بێکەموکووڕییەکان هەر بەردەوام بووە دەری خستووە، پلانێکی داڕێژراو و سیستماتیک بۆ کۆیلەکردنی ئێمە لەگۆڕێیە."(٢٥٢)

ئەمە بوو بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی باوەڕ لە ئەمریکا. جۆرج واشنگتۆنیش پشتڕاستی کردەوە و ناوی لێ نا "پلانێکی داڕێژراو وڕێکخراو بۆ ئەوەی نیری یەخسیری بخەنە ئەستۆمان."( ٢٥٤) تۆم پین لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە "کابینەی بەریتانیا سوور و پێداگرە کە هەرچۆنێک بێ مل لەبەر ملی ئەمریکا بنێ." بۆ ئەوەی ڕێسا و یاسای دەسەڵاتەکانی ئەوێ پووچەڵ بکاتەوە و پێش بە گەشەی حەشامەت(دانیشتوان) و ئابووریی ئەمریکا بگرێ.( ٢٥٥) ئەوە تۆمەتێکی لەبار بوو چونکە پاساوی بۆ دوایین ڕاپەڕین دەهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بەریتانیا بە ڕاستی پلانێکی هەبوایە بۆ هاندان و دنەدانی کۆچەرنشینەکان بۆ ڕاپەڕین و دواتر سەرکوتکردنیان، ئەوا هەڵسوکەوت و سیاسەتداڕێژییەکانی ئەو وڵاتەش ژیرانە دەبوو. بەڵام ئەقڵ بەداخەوە ئەو لێکدانەوەیە قەبووڵ ناکا . لەبەر ئەوەی لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی قانوونەکان و

ئەو هەمووە پێشڕەوی و پاشەکشە و بڕیارگەلی شێواو یان تاکەکەسیانە یەک ناگرێتەوە. ڕەخنەگران هەر هاواریان بوو کە سیاسەتی بەریتانیا ڕێک بە پێچەوانەی ئەوەیە؛ "داڕێژراو و سیستماتیک" نییە. بێرک هاواری دەکرد: "ئەو هەمووە جێبەجێکردن و دواتر هەڵوەشاندنەوەیە ئەو هەمووە ملهوڕی و دواتر دانواندنە، ئەو هەموو ڕستن و دواتر خاوکردنەوەیە، ئەو هەموو زۆرهێنان و دواتر شلکردنەوەیە. وەرن بەر لەوەی ئەم قۆناغە کۆتایی بێ جۆرە سیستەمێک قەبووڵ بکەین. هەڵسوکەوتێکی پتەو بگرینە بەر."(٢٥)

ئەمریکییەکان بەپێچەوانەوە پێیان وابوو سیاسەتی بەریتانیا هەڵسەنگێنراو و پتەو و داڕێژراوە بۆیە بە ئاشکرایی بەرەو تێکشکاندنی هەنگاویان نا. "قوانین مجبرە" واتە ئەو یاسایانەی واجب بوو جێبەجێ بکرێن ، ڕێک وەکوو هێرشی ژاپۆنییەکان بۆ پێرل هاربر لە دوو سەدە دواتردا، کۆچەرنشینەکانی یەکگرتوو کرد . ئاکامی هەر دوو ڕووداوەکە بڵێی و نەڵێی یەک شت بوو. یەکەمین کۆنگرەی کیشوەری کە پەنجاوشەش نوێنەری لە هەموو کۆچەرنشینەکانج گە لە جۆرجیا تێدا بوو لە سێپتەمبەری ١٧٧٤دا لە فیلادەلفیا بەسترا. ئەوانە ڕایانگەیاند هەموو یاسا پەسندکراوەکانی پە ڕلەمانی بەریتانیا لەبارەی کۆچەرنشینەکانەوە لە ١٧٦٣ بەم لایەوە مافی ئەمریکییەکانی پێشێل کردووە و ئاد و بەڵێنیان دا، ئەگەر سەرلەبەری هەڵنەوەشێتەوە، گەمارۆی هاوردەکەیان دەست پێدەکەنەوە. ئەگەر تا ساڵێکی دیکەش سکاڵاکانیان وەرنەگیردرێ و جێبەجێ نەکرێ، دەست دەکەن بە ڕاگرتنی هەنادرە و هاوردەکان.

لە بارەی مافی خۆبەڕێوەبەریشەوە، وەک ماڵیاتدانان لەسەر خۆیان لە ڕێگەی یاسادانەرەکانی خۆیانەوە، دە بڕیارنامەیان پەسند کرد و لە بەردەم گوشار و زۆری توندڕۆکاندا، پەسندکراوەکانی هەرێمی سافۆکی ماساچۆسێتیشیان پشتڕاست کردەوە، کە ئەو یاسا زۆرەملییەکان(قوانین مجبرە) بنەمای دەستوورییان نییە و بێ بایەخن و هەتا ئەوانە هەڵنەوەشێنرێنەوە نابێ بە گوێیان بکرێ و هاووڵاتیانیش دەبێ چەک هەڵگرن و ئەگەر پەلامار دران، بۆ بەرگری لەخۆیان تاقم و دەستەی پارتیزانی پێک بێنن. نوێنەرەکان وێڕای پشتڕاستکردنەوەی وەفادارییی خۆیان بە تاج و تەختی

بەریتانیا خۆیان ناو نا "دۆمینیۆن" .واتە (ئەو هەرێمەی خۆی فەرمانی خۆی دەکا) و ملکەچی پە ڕلەمان نییە. جا بۆ ئەوەی کۆنەپارێزەکانی ئەو ئەنجوومەنەش زویر نەبن، لە هەر باسیان لە وشەی سەربەخۆیی ـ یان بەوتەی جۆن ئادامز "ئەو دێوەزمە سامناکەی بنیادەمە دڵناسکەکان، زراویان لە دیتنی چووە" نەکرد.(٢٥٧)

هەندێکیان ئامادە بوون ڕێگەیەکی دیکە بگرنە بەر. یان بە وتەی جەفرسۆن لە ڕێنوێنییەکانیدا بۆ نوێنەرانی ڤێرجینیا ئامادەی "یەککگرتنێک بوون لەسەر بنەمای گەلاڵەیەکی بەخشندانە." جفرسۆن دەیگوت:" دەبێ بازرگانیی دەرەوەی کۆچەرنشینەکان بەبێ لەمپەر و بازنە بێ و "هیچ هێزێک لەسەر زەوی جیا لەخۆمان" نەتوانێ ماڵیات بخاتە سەر کۆچەرنشینەکان، یان یاسا و ڕێسا بۆ سەروەت و سامانەکەیان دابنێ."(٢٥٨)

جۆزف گالۆڤیی پەنسیلڤانیایی، ڕێبەری کۆنەپارێزەکانی کۆنگرە لە گەلاڵەیەکی هاوشێوەدا بە فەرمی پێشنیاری یەککگرتنی (بەریتانیای مەزن و کۆچەرنشینەکانی) خستە ڕوو. بەڵام چەند کەسێک نەبێ کەس پشتیوانیی لێ نەکرد.( ٢٥٩) زۆرینە، نەیدەویست تێکەڵی بەریتانیا بن . ئەو بەریتانیایەی لە ڕوانگەی ئەوانەوە گەندەڵ و سووک و دوژمنی ئازادی بوو. ف ڕانکلین بۆ گالۆڤیی نووسیی: "هەر کاتێ بیر لە گەندەڵیی لەڕادەبەدەر باوی نوێ و هەموو جومگەکانی ئەو حکوومەتە کۆن و ڕزیوە و ئەو هەمووە پۆست و پلە ناپێویستە و ئەو مووچە زبەلاحانە و قان و ئیمتیاز و بەرتیل و مشتومڕ و ململانێ بێ مانایانە و ئەو هەمووە گەشت و سەیرانە گەمژانەیە و ئەو هەمووە حیساب و خەرجە بێجێ و درۆیینانە و ملک و ماڵ و ئەو پۆست و ئیشانە دەکەومەوە کە هەموو داهات و دارایی دەوڵەت هەڵدەلووشێ،ترس دامدەگرێ و دەڵێم پێوەندی و نزیکایەتی لەوانە زیانەکەی زۆر لە قازانجەکەی پترە."(٢٦)

چەندی قەیرانەکە قووڵتر بۆوە بیرۆکەی یەککگرتوویی دوو مەملەکەتەکە لە نێو بیرمەندە پێشکەوتنخوازەکانی بەریتانیادا لایەنگری پتری پەیدا کرد. ئادەم سمیت لە ١٧٧٦ لە "سامانی نەتەوەکان"دا یەککگرتنەکەی بە ئامرازی "خۆشبژێوی و شکۆ و بەردەوامیی" ئیمپراتۆری ناو برد. هەر ئەو ساڵە دکتۆر

ڕیچارد پڕایس، ڕێبەری ڕووناکبیرە بەرهەڵستکارەکانی کلێسای بەریتانیا، لە کتێبی "تێڕوانینێک لە بارەی سرووشتی ئازادیی مەدەنی و شەڕ لەگەڵ ئەمریکا"دا، پێشنیاری یەکگرتنێکی لەسەر بنەمای یەکسانی کرد. پڕایس نوقمی ڕۆشنگەری بوو . هەر بۆیە ئەو ئازادییە مەدەنییانەی "ئەقڵ و دادپەروەری و مافی مرۆڤ دەیانبەخشیّ" کردە بنەمای بەڵگاندنی خۆی.

یەکگرتن شوێنگرەوە و ئەلتەرناتیڤێک بوو کە لە لایەکەوە بۆ بەکارهێنانی زەبروزەنگ و لە لایەکی دیکەوە بۆ ڕاپەڕین ؛هەرچەندە زۆرمان گوتووە ئەگەر بڵێین لەو کاتەدا مەیسەر بوو. لە هەر حاڵەتێکدا باوەڕ و بۆچوونی زۆرینەی ئەمریکا بۆ ساتێکیش ئامادە نەبوو بیهێنێتە بەرچاوی خۆی کە لەگەڵ ئەمریکا یەکسانە یان فدراسیۆنێکیان لەگەڵ پێک بێنن. لەبەر ئەوەی دەسەڵاتدارەکان لە بەریتانیا نەیاندەویست مافی ڕێکخستنی بازرگان و کڕین و فرۆشتنەکان لەچنگیان بێتە دەریّ. ئەو کۆت و بەندانە هەرچۆنێک بیّ گشتگیر و هەمووانی نەبوو و ئەگەر هەر دوولایەن حەزیان لیّ بوایە و ویستبایان بیکەن، لەوانەیە وردە وردە کرابا کە جۆرە فدراسیۆنێک پێک بێنن. بەڵام ئەو هەوڵە لەو سەردەمدا هێشتا زۆر زوو بوو. وەها بیرۆکەیەک لەگەڵ بیروباوەڕ و مەبەستە چەقبەستووەکانی ئەو کات یەکی نەدەگرتەوە و تەکنۆلۆژیای تەلەفۆنیی نێودەوڵەتییش سەدساڵێک دوور بوو.

بەریتانیا، یەکگرتنی کۆنگرەی کیشوەریی قەبووڵ نەکرد و بە خ ەیانەت و ناپاکیی لەقەڵەم دا. بەکارهێنانی زەبروزەنگ و زۆر، بیرۆکەیەکی قەبووڵکراو بوو. ڕۆژبەڕۆژ نامەی نیگەرانکەر لە لایەن ژەنە ڕاڵ گێیجەوە دەگەیشت کە دەیگوت: "بڵێسەی ئاژاوە" زۆر خێرا دەتەنێتەوە و بڵاو دەبێتەوە و هەراویی ئاگرەکە نەک "تاقمێکی قوون بە گێچەڵ" بەڵکو هەموو خاوەن زەوی و زار و جووتیارەکانی ماساچۆسێت و دراوسێکانی ئەوێشی گرتووەتەوە و هەموو خەریکن چەکوچۆڵ و تەقەمەنی و تەنانەت تۆپخانەش کۆ دەکەنەوە و ئەوەیش بڵێم کە نیو وئینگلەند بە ئاشکرایی خەریکی ڕاپەڕینە. پادشا لە نۆڤەمبەردا ڕەزامەندیی نواند کە "دەبیّ بە زەبرێک دیاری بکریّ" کە کۆچەرنشینەکان لەژێر

فەرماندان یان سەرەڕۆ و ئەو "هیچ بەداخ نییە کە وادیارە دەبێ بەجۆرێکی دیکە بجوولێنەوە."(٢٦١)

کابینەی دەوڵەت بڕیاری دا سێ کەشتیی جەنگی و هێزی پشتیوانیش بنێرێ بۆ ئەمریکا، بەڵام لەبەر ئەوەی هەمووان سەرقاڵی چالاکیی هەڵبژاردنی پاییز بوون، هەوڵی پێویست هەتا کرانەوەی پەرلەمانە تازەکە بەدرەنگ خرا. لەو جەنگەیەدا، وەزیرە پڕ ئەزموونەکەی شەڕ، ڤایکانت بەرینگتۆن، لانیکەم لە وەزارەتخانەکەی خۆیدا، نەک لە نێو کابینەدا، دەنگی ناڕەزایەتیی بەرز کردەوە.(٢٦٢) ئەو پیاوە پێشتر لایەنگری توندوتیژی و زەبروزەنگ بوو لەسەر ئەمریکا، یەکێکە لەو دەگمەن کەسانەی راستی و گۆڕانکارییەکان کاریان لە بیرکردنەوەی کرد. ئەو کابرایە لە ١٧٧٤دا هاتە سەر ئەو ڕایە، کە سەرکوتی کۆچەرنشینەکان، جا ئەگەر دەست بدەنە بەرگریی چەکدارانە کارەساتبارە.

بەرینگتۆن نەببووە لایەنگری ئەمریکییەکان هیچ ڕوانگە سیاسییەکەی خۆیشی نەگۆڕیبوو. بەڵکو بە گوێرەی ئیش و پیشەکەی خۆی، بێ پێچ و پەنا بۆی دەرکەوتبوو کە شەڕی زەوینی لە ئەمریکادا ـ هەر وەک لە دوو نامەی نۆڤەمبەر و دیسەمبەری ١٧٧٤دا بۆ دارتێمت ڕوونی کردبۆوە ـ بێ ئاکام و پڕ تێچوو دەبێ و هیچ سەرکەوتنیشی بەدواوە نابێ. لە خۆڕا و بێئاکامە لەبەر ئەوەی ڕوون و دیار بوو کە بەریتانیا هەرگیز ناتوانێماڵیاتی ناوخۆییان بەسەردا بسەپێنێ .ئەوە پڕتێچوو و بێ سەرکەوتن دەبوو ؛ چونکە ناوچەداگیرکراوەکان دەبێ بە سوپای زۆر و قەڵای پتەو بپارێزرێن :"کە تێچووەکانی کاولکەر و زەبەلاح دەبێ" و جگە لەوەش ، پشێوی و تۆقین و خوێنڕشتنی ناوخۆیی" لەگەڵ خۆی دێنێ. تاقە ئامانجی بەریتانیا لە شەڕ سەلماندنی سەروەرییە . بەڵام ئەو سەروەرییە ناکرێ بسەپێنرێ . "دووپاتەی دەکەمەوە شەڕی ئێمە تەنیا لەسەر حەیا و ئابڕووە" و " تێچووەکەیشی ئەوەندە زۆرە کە هەرگیز بە سەرکەوتنیش ناتوانین بەدەستی بێنینەوە"

بەرینگتۆن پێشنیاری کرد، لەبری بەهێزکردنی سوپا لە ماساچۆسێت، هێزەکانی بەریتانیا لە بۆستۆن بەرنە دەرێ . شارەکە مادام ئامادە نییە بۆ هاریکاری، "بەو شێواوییە کەی ئێستای" بەجێی بهێڵن. کۆچەرنشینەکان بەبێ

سەرکەوتنی بچووک ، بەبێ "توندوتیژی و ڕاوەدوونان" کە بەوەوە زیندوون، سەربزێوییەکەیان دادەمرکێتەوە و دواجار ملکەچ دەکەن بۆڕێککەوتن.

بەرینگتۆن بەو جۆرە گەمژەیی لەڕادەبەدەر ـ ناتەبایی هەوڵ و دەستکەوت ـ و بێرک واتەنی "وەباڵە سامناکەکە"ی شەڕەف و ئابڕووی بە گوێ هەڵێنان و پێی گوتن . بەڵام لەبەر ئەوەی پۆستەکەی ئەو تەنیا کارگێڕی بوو نەک سیاسەتکردن، بۆچوونەکانی هیچ کاریگەرییان دانەنا و چونکە دەبوو سیاسەتێکیش جێبەجێ بکا کە باوەڕی پێی نەبوو هەوڵی دا دەست لەکار بکێشێتەوە؛ بەڵام پادشا و نۆرت دەستیان لێ هەڵنەدەگرت چونکە نەیاندەویست وا نیشان بدەن کە کەلێن و ناکۆکییان کەوتووەتە نێوان.

لە کۆڕو کۆبوونەوە ئابووری و بازرگانی و تەنانەت لە بیروڕای گشتییشدا، لایەنگرێکی تۆخی کۆچەرنشینەکان بوو. تا ڕادەیەک کە هاووڵاتییە ئازادەکانی لەندەن، دوو ئەمریکاییان ـ سیتۆن سایری خەڵکی لانگ ئایلەند و ویلیام لیی خەڵکی ڤێرجینیاـ کردە دارۆغەی شار. ( ٢٦٣) ناودێرکراوانی ئەو پۆستە لە لەندەن دەبوایە بەڵێننامەیەک ئیمزا بکەن بۆ پشتیوانی لەو گەلاڵەیەی مافی ئەوەی بە ئەمریکییەکان دەدا کە پەرلەمانی خۆیان هەڵبژێرن و خۆیان باڵیات لەسەر خۆیان دابنێن. لەندەنییەکی ناودار بەناوی دکتۆر سامویل جانسۆن هەر ئاوا توندوتیژ بەڵام بەپێچەوانەوە باوەڕی وابوو ئەمریکییەکان "نەژادێکی تاوانکەرن و دەبێ زۆریش شوکرانەبژێر بن کە هەموویان لە سێدارە نادەین."( ٢٦٤) نامیلکە توندەکەی وی، "باڵیاتدانان زۆرداری" نییە، دەرەبەگەلادێیەکان و زانکۆییەکان و پیاوانی ئایینی ئەنگلیک ەن و هەموو کۆمەڵگە تینووەکەی بەخوێنی ئەمریکای شاگەشکە کرد. لەگەڵ ئەوەدا کە تەنیا کەوتەوە بە بازڤێل(٢٦٥)ی گوت "دەوڵەت لاواز و ترسنۆکە" و هەندێک دواتر هەر ئەو ساڵە دیسان گوتی:"ئێستا تایبەتمەندیی حکوومەتەکەی ئێمە گەمژەییە."

دوایین دەرفەتێک کە بەریتانیا بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێ وڕێگەیەک بگرێتە بەر، ئەوە بوو وا لۆرد چاتام ـ پیاوەسیاسییە هەڵکەوتەکەی سەردەم ـ کە ئیتر نەخۆش و کەنفت ببوو لە جانیوەری ١٧٧٥دا لە کردنەوەی پەڕلماندا خستییە ڕوو. ئەو ڕۆژی ٣٠ی جانیوەری لە پەڕلەمانی لۆردەکاندا، پێشنیاری

کرد ( ٢٦٦) دەسبەجێ هێزەکانی بەریتانیا لە بۆستۆن بکشێنەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە بەریتانیا دەتوانێ "یەکەم هەنگاوەکان لە پێناوی ڕێککەوتندا هەڵگرێ." گوتی: هەبوونی هێزەکان لەوێ دنەدەر و ورووژێنەرە و هیچ کاریگەرییەکیشی نییە. ئەوانە ڕەنگە لە شارێکەوە بچنە شارێکی دیکە و بەشێوەی کاتی خەڵک ملکەچ بکەن ؛ "بەڵام چۆن ملکەچیی ئەو مەملەکەتە مسۆگەر و دابین دەکەیت کە بەجێی دەهێڵیت...؟" ملبادان و سەربزێوی لەهەمبەر "سیستەمی سەرەڕۆیانەیماڵیاتدانانەکەتاندا پێشبینیکراو بوو." ئێستا دەزانن بۆ دامرکاندنەوەی چ هێزێک پێویستە؟ "چەند لیوا لە ئەمریکا و حەڤدە هەژدە هەزار سەربازیش لە نیشتمان! ئەم بیرۆکەیەجەنابی لۆردە بەڕێزەکان ، پێکەنیناوییە." زاڵبوون بەسەر وڵاتێکدا کە زیاتر لە ١٨٠٠ مایل پان و بەرینە، بەو حەشاماتە زۆرە و ئەو هەمووە بوێری و ئازایەتی و ورەی پڕ لە ئازادییەوە، کارێکی نەکردە و مەحاڵە. هەوڵدان بۆ "سەقامگیرکردنی زۆرداری بەسەر وەها میللەتێکی بەهێزدا، پووچ و خۆڕاییە و محکوومە بە لەناوچوون. ئاخرییەکەی ناچار دەبین پاشکەشە بکەین وا باشتر نییە هەتا لەدەستمان دێ و دەتوانین بکشێینەوە، نەک وەختایەک کە ناچارین؟"

ئەو قسەزانی و دەمودووەی پیت، لەمێژینە بوو . بەڵام ئەوەندە بە کارزانییەکەی خۆی دەنازی و پێی دەپەرما، پێویستییە سیاسییەکانی پێشێل کرد. نەچوو هاوڕێیانی خۆی بۆ دەنگدان بەم پێشنیارە کۆ بکاتەوە . جگە لە شێلبێرن بە کەسیشی نەگوت کە دەیەوێ قسە بکات یان پێشنیارێک بخاتە ڕوو. بە شێلبێرنیشی هەر ئەوەندە گوت کە دەیەوێ زەبرێک لە دەرگای "ئەم دەوڵەتە تووکلێکراو و لە گوێی گادانوستووە" بدات.( ٢٦٧) دوورنواڕی و ڕاستبینییە سەیروسەمەرەکەی ئەو زۆر بەجێ بوو. بەڵام پەڕلەمان ڕاستی و واقیعی نەدەویست. دەیەویست ئەمریکییەکان دارکاری بکا لە هەمبەر پێشنیارە چاوەڕواننەکراوەکەی چاتامیشدا وەک والپۆل نووسیی، "بەرهەڵستکاران چاویان لە ژێڵلا هات و شانیان هەڵتەکاند و دەرباریەکانیش چاویان زەق کردەوە و پێکەنین"( ٢٦٨) و پێشنیارەکە تەنیا ١٨ دەنگی ئەرێ و ٦٨ دەنگی نەخێری وەرگرت.

چاتام وەک جاری جاران زاڵ و بەدەسەلات نەبوو . بەڵام هێشتاش ئەوەندەی تێگەیشتن هەر مابوو کە بڵێ: "من دەزانم کە دەتوانم ئەم وڵاتە ڕزگار بکەم و جگە لە منیش کەس ناتوانێ." چاتام پاش تەگبیرێکی نهێنی لەگەڵ بێنجامین فڕانکلین و ئەمریکییەکانی دی، لە یەکەمی فێبریوەریدا، بۆ چارەسەری قەیرانەکەی ئەمریکا، گەلاڵەیەکی خستە ڕوو کە بەپێی ئەو گەلاڵەیە هەڵوەشاندنەوەی "قوانین مجبره" و وەرنەگرتنیماڵیات بەبێ ڕەزامەندیی خەڵک، بەفەرمی ناسینی کۆنگرەی کیشوەری، دانانی دەزگای دادوەریی سەربەخۆ بە لیژنەی دادوەرییەوە و بەبێ ئەوەی پێویست بێ تۆمەتباران بۆ دادگایی بنێردرێنە بەریتانیا، پێشبینی کرابوون . لەگەڵ ئەوەدا کۆنگرەی کیشوەریش ئەوەی دەکەوتە سەرشانی کە کۆچەرنشینەکان بۆ دانانی ماڵیات هەڵسەنگێنێ و داهاتێکی گونجاو لەگەڵ تێچووەکانی دەوڵەتی بەریتانیا لەوێدا کۆ بکاتەوە. ڕێساکانی بازرگانیی دەرەکی و مافی بەکارهێنانی سوپا لەکاتی پێویستدا هەروا بەدەست بەریتانیاوە دەبێ. لۆرد گاڤر ڕێبەری تاقمەکەی بەدفۆ ڕد، پاش مردنی دووک "بە هەڵپەوە هەستا" و گەلاڵەکەی بە ناپاکی و خەیانەت لە مافی پە ڕلەمان لەقەڵەم دا و مەحکوومی کرد و گوتی: "هەموو جۆرە هۆگری و بەرژەوەندی و شەڕافەت و بنەمایەکانی حکوومەتێکی باش" وا دەخوازن کە لەسەر "سەروەریی تەواوی پەڕلەمان" پێداگر و مکوڕ بین."(٢٦٩)

سیودوو نوێنەر دەنگی ئەرێیان دا بە گەلاڵە ئاشتەوایییەکەی چاتام . بەڵام زۆرینە ڕەتیان کردەوە. ملبادانی ئەوانە نەیهێشت ئیمپراتۆرییەکە ڕزگار بکا. گاڵتەپێکردنەکانی ئەوان، لە کاتی باسەکەدا تووڕەیان کرد . هەر بۆیە لە کاتی کورتکردنەوەی بیروبۆچوونەکانیدا، بە وشەی زبر و بێ تێبینی کە هیچ دەسەلاتدارێک نەییستبوو داخی دڵی خۆی بەسەردا هەڵڕشتن ." "کردەوەی سیاسیی ئێوە سەرلەبەر زنجیرەیەکی شلەپەتە و چاوقایمی و زۆرداری و نەزانی و پووچی و بەکەمگرتن و ملکەچی و نەشیاوی و ناوڕزاوی و گەندەڵی بووە."

ڕۆژی دواتر، دەوڵەت گەلاڵەیەکی پێشکەشی پە ڕلەمان کرد کە نیووئینگلەندی بە یاخی و سەربزێو لەقەڵەم دەدا و خوازیاری هێزی زیاتر بوو

بۆ ئەوەی ملیان پێ کەچ بکا. ژومارەی بەرهەڵستکارەکان گەیشتە ١٠٦ کەس، بەڵام گەڵاڵەکە دەسبەجێ پەسند کرا . لەگەڵ یاسایەکی بەرپەرچدەرەوەدا کە گوشارە ئابوورییەکەی پتر دەکرد و کۆچەرنشینەکانی نیو وئینگلەندی لە بازرگانیی بەرهەمی دەریایی نیووفۆنلەند بێبەش دەکرد و بازرگانیکردن لەگەڵ هەر کام لە بەندەرەکانی دیکە، جگە لە بەندەرەکانی بەریتانیای قەدەغە دەکرد. کابینەی دەوڵەت سێ کەس لە ئەمیرەکانی سوپا واتە ئامرلیوا ویلیام هاو ئامرلیوا جۆن بەرگۆین و ئامرلیوا هێن ڕی کلینتۆنی بۆ خزمەت لە ئەمریکا ناودێر کرد. کێ ئەو دەم دەیتوانی بیهێنێتە بەرچاوی خۆی کە چارەنووسی هەر سێکیان، بانگەوازە بۆ گەڕانەوە لە بەرەی شەڕ و خۆبەدەستەوەدان؟

سێ لیوای پشتیوانیش بۆ ژەنە ڕاڵ گێیج نێردران و پادشا داوای لە سێر جێفری ئەمرێست فەرماندەی گشتیی هێزەکان لە شەڕی حەوت ساڵانەدا کرد کە ئەمجارە فەرماندەیی هەموو هێزەکان لە ئەمریکا بگرێتە ئەستۆ . هەر بەو هۆکارە لاوازەی کە کۆچەرەکان دەیناسن و متمانەیان پێیەتی و لەوانەیە بتوانێ ئەو "خەڵکە هەڵخەڵەتاوە ناچار بکا بەبێ ئەوەی چەقۆیان لەسەر ملی دابنێن، خۆ بەدەستەوە بدەن."(٢٧٠) نازناوی لۆردییشی پێ پێشنیار کرا بەڵام ئامێرست بەهۆی دڕدۆنگبوونی لە ئاکامی ئەو کارە یان بێزاربوونی لە سیاسەتی دەوڵەت، خۆی لە خزمەتکردن دژی ئەمریکییەکان بوارد . "کە زۆر زۆر قەرزباریانە" ئاخرین کەسیش نەبوو کە دەستی نەخێری بە سینگی ئەو پۆستەوە نا.(٢٧١)

نۆرتیش بە ڕواڵەت لەناکاو دڕدۆنگ بوو. لۆرد دارتمێت کە هێشتا لە ڕێگەچارەیەکی ئاشتیخوازانە دەگەڕا، زۆری بۆ هێنا و نۆرت پێشنیارێکی ئاشتیخوازانەی لەپێش دانا کە تێیدا هاتبوو هەر کۆچەرنشینێکی ئەو برە پارەیەی پادشا و پەڕلەمان بۆ کاروباری ئیداری و بەرگریی خۆیان داینناوە کۆی بکاتەوە،ماڵیاتی لەسەر هەڵدەگیردرێ. "دڕدۆنگی، سەرسووڕمان و شڵەژاوی بەهەموو ڕوخسارەکانەوە دیار بوو"( ٢٧٢) هەتا دەرکەوت پلانەکە ئەوەیە کە دووبەرەکی و ناتەبایی بخەنە نێو کۆچەرنشینەکانەوە و جا چونکە

هیچ باسی هەڵوەشاندنەوەی "قوانین مجبرە" نەدەکرا، هەر زوو دەیانزانی هەرچۆنێک بێ ئەمەیان قەبووڵ ناکرێ.

بێرکیش هەوڵێکی سەیری بۆ درێژکردنەوەی دوایین دەرفەت دا و دیسان بە قسەکانی خۆی لافاوێکی گەورەی خستە ڕێ. ئەو هەر جارێکی زمانی دەگەڕا دەبووە لافاو. کاکڵی قسەکەی ئەو "لەهەموو شتێک پێویستتر، پاراستنی یەکیەتیی ئەو ئیمپراتۆرییە بوو لەڕێگەی یەکبوونی دڵەکانەوە. گوتی دەسەڵاتت بەدەستەوە بێ، بەڵام بەکاری نەهێنی، ئەو ئامانجە دەستەبەر دەبێ. ڕۆحی ئازادی، بتانەوێ و نەتانەوێ لە ئەمریکادا هەیە. باوباپیرانی ئەوان هەر لەبەر ئەوە بوو کۆچیان کرد و لەوانەیە هیچ خەڵکێک لەسەر ئەم زەوییە هێندەی ئینگلیزییە کۆچەرەکان ئەوەندە خوازیاری ئازادی نەبن. "کەس ناتوانێ ئەوە بسڕێتەوە، ناتوانی بیخنکێنی، کەواتە ڕێگەیەکمان نییە جگە لەوەی لەگەڵی هەڵکەین یان ئەگەر دەتانەوێ، وەک واقیعێکی ناچار، با ملکەچی بین." جا ئەم جارە گەیشتە ڕێنوێنییە گرینگەکەی خۆی: "مەزنی لە سیاسەتدا، زۆربەی جاران ژیری و فرەزانایی ڕاستەقینەیە. ئیمپراتۆریی مەزن لەگەڵ مێشکی بچووک ناگونجێ." لێگەڕێن با "قوانین مجبرە" هەڵوەشێتەوە. لێگەڕێن با ئەمریکییەکان خۆیان "بە ویستی خۆیان نەک بەزۆر و سەپاندن" ماڵیات بخەنە سەر خۆیان. ئازادی و دەرفەتیان بدەنێ با سەروەت و سامان کۆ بکەنەوە و بەژەوەندی پتر و زیاتر دژی فەرەنسا و ئیسپانیا بخەنە گەڕ.(٢٧٣)

گەورەیی پێویستی بە مێشکە مەزنەکانە. جۆرجی سێیەم و وەزیرەکانی و زۆربەی لایەنگرەکانی وی لە پەڕلەمان، بە گوێنەدان بە ئەقڵ و دوابەرژەوەندی خۆیان، هەروا بە ڕەوگەی سەرکوتدا تاویان دا و ڕۆیشتن. دیار بوو سەریش بکەون ـ کە سەربازی کۆنەکار و بەئەزموونی وەک ئامێرست و هاو گومانیان هەبوو سەرکەون ـ لە سۆنگەی ئەو دوژمنایەتییەوە وا هەڵایساوە هەر دەبەزن و تێک دەشکێن.

ئەوە بۆچوونێکی شاراوە نەبوو. والپۆل هەر لەو سەردەمەدا بۆ هۆراس مانی هاوڕێی دەنووسێ: "ئەوە لەو جۆرە شەڕانەیە کە تەنانەت سەرکەوتنەکەشی لەناومان دەبات."(٢٧٤) باشە بۆچی پادشا و ئەنجومەنی

وەزیرەکان ئەو ئاکام و ئەنجامەیان نەدەدی؟ لەبەر ئەوەی تاقە شتێکی بەزەینی ئەوانەدا دەهات سەلماندنی سەروەرییەکە بوو؛ چونکە سەرکەوتنی سەربازییان بەسەر "هەرچی و پەرچی"دا بەشتێکی مسۆگەر دەزانی. دڵنیا بوون لەوەی ئەمریکییەکان لە بەردەم چەکی بەریتانیادا بەچۆکدا دێن. هۆکارە زاڵەکەش هەر ئەوە بوو. پیاوێک بەناوی عەقید گرانت کە دەیگوت لە ئەمریکا خزمەتی کردووە و ئەمریکییەکان وا دەناسێ کەردار کەری خۆی وا نەناسیبێ ؛ پەرلەمانی عەوامی دڵنیا کردەوە کە "ئەوان هەر دەستیش ناکەنەوە. هەرگیز ناوێرن بەرەنگاری سوپای ئینگلیز ببنەوە و هەلومەرجی پێویستی سەربازێکی باشیان تێدا نییە."( ٢٧٥) پەرلەمانی لۆردەکانیش هەندێ قسەی لەوجۆرەی بیست. یەکێک لە نوێنەرانی بەرهەڵستکاری دەوڵەت باسی ئەوەی کرد کە کۆچەرنشینەکان لەژومارنایەن هێندە زۆرن. لۆرد ساندڤیچیش لە وەڵامی ئەودا زۆر گەمژانە گوتی:"دەی چ قەیدی؟ ئەوانە خەڵکێکی کرچوکاڵ و بێ سەروبەرە و ترسنۆکن" و چەندی ژ ومارەشیان زیاتر بێ باشترە، لەبەر ئەوەی "ئەگەر رانەکەن هەر لە برسان مل بۆ بڕیارەکانمان کەچ دەکەن."( ٢٧٦) ساندۆڤیچ و هاوڕێکانی دڵیان بەوە خۆش بوو کە شەڕی دوورودرێژ لەگەڵ کۆچەرنشینەکان، ئاخرییەکەی بە زەبروزەنگ دەبڕێتەوە. زەبڕوزەنگ بەلای ئەو کەسانەوە کە خۆیان بە دەسەڵاتدار و بەهێز دەزانن هەمیشە ئاسانترین ڕێگەیە.

جگە لەوەش، وەک لۆرد گاڤر دەڵێ، ئەوان هەر وەک جاران لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە زمانی زبری ئەمریکییەکان "زمانی هەرچیوپەرچی و چەند سەرکردەیەکی کوتلەیەکە."نوێنەرانی کۆنگرەی کیشوەری "دەربڕ و نوێنگەی هەستی ڕاستەقینەی دەنگدەرە بەڕێزەکان نین.و"بەجۆرە ملهوڕییەک کە خەڵکی دەستڕۆیشتوو ناوێرن بەرەنگاری ببنەوە" هەڵبژێردراون. گومانەکەی وی لەبارەی خەڵکی دەستڕۆیشتووەوە لەوانەیە تا ڕادەیەک ڕاست بێ ؛ بەڵام وەک بیری لێ دەکردەوە هێندەش لێبڕاوانە و گشتگیر نەبوو.

ئاکامی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە کۆمەڵێک ئامادەکاریی لاواز و شلەپەتە بوو. دەکرا هەر لە پارەوە پاش پەسندکرانی (قوانین مجبرە ) پێشبینیی سەرەتای

دوژمنایەتییەکان بکەی. بەڵام لەو مەودایەدا هیچ کارێک بۆ خۆئامادەکردنی سەربازی نەکرا. لۆرد ساندۆڤیچی لەخۆڕازی، هەر لە کۆنەوە لایەنگری زەبروزەنگ بوو. بەڵام لە پلەی سەرۆکی گشتیی دەریاوانیدا هیچ هەنگاوێکی بۆ ئامادەکردنی هێزی دەریایی ـ مەرجەپێویستەکانی هێنان و ڕاگواستن و هەرچەشنە گەمارۆیەکی دەریایی ـ نەنابوو. بەپێچەوانەوە هەر لە کۆتاییەکانی دیسەمبەری ١٧٧٤دا ٤٠٠٠ کەس واتە یەک لەسەر پێنجی کۆی هێزە دەریاییەکانی کەم کردبۆوە. ژەنە ڕاڵ بەرگۆین چەند مانگێک دواتر گوتی:"هەنگاوێکی چارەنووسسازی وەک پەڕینەوە لە ڕۆبیکانما ن(٢٧٨)هەڵگرت و ئێستا لەناکاو سەیر دەکەین لە شەڕێکی زۆر شێلگیرانە گلاوین بەبێ ئەوەی هیچ تفاق و چەکوچۆڵمان دابین کردبێ، جگە لە هەندێک باروت."(٢٧٩)

لە ئاپریلی ١٧٧٥دا، ژەنە ڕاڵ گێیج ئاگادار کرا یەوە کە ڕاپەڕیوەکان، چەکوچۆڵ و تەقەمەنییەکی زۆریان لە بیست مایلیی کۆنکۆرد تاقەت* کردووە. دەی ئەویش بڕیاری دا سوپایەک بنێرێ لەناوی بەرن. ئەو هەمووەش هەوڵ درا سوپاکە بەنهێنی و شاراوە بچێ، کەچی زەنگەکانی مەترسی زرینگێنرانەوە پەیکەکان غاریان دا. چریکە لەسەرپێ و ئامادەکان لە لەکسینگتۆن کۆ بوونەوە تەقەیان کرد و بڵاو بوونەوە. کە چاکەت سوورەکان پێیان نایە کۆنکوردەوە، گوندییە چاوەڕوانەکان ڕاپەڕین. پیاوی چەکدار لە هەموو گوند و کێڵگەوە دەرپەڕین و ڕێگەی گەڕانەوەیان لە سوپاکەی بەریتانیا گرت . ڕاویان نان و ئامانیان لێ بڕین و ئاگریان لەسەر پشتیان کردەوە. دواجار دوو لیوای حەساوە لە بۆستۆنەوە هاتن و چاکەت سوورەکانیان ڕزگار کرد. کە هەواڵەکە گەیشتەوە لەندەن، ستیۆن سایر بەخەفەتەوە گوتی:"تراژدییە سامناکەکە دەستی پێ کردووە."(٢٨٠)

هێشتا لە بەریتانیا ئەو ڕاستییە مسۆگەر نەبوو کە شەڕ دەستی پێکردووە و ڕێی گەڕانەوە نییە. ڕووداوەکەی کۆنکورد جان ڤێسلیی ڕێبەری شێوازگەراکانی هان دا بۆ دوایین جار بە شڵەژاوی و هەژاوییەوە دەستەوداوێنی ئەقڵی ژیرانە و بێخەوش بێ. لە نامەکانیڕێکەوتی ١٤ی جوون-

---

*تاقەت کردن: هەڵگرتن، عەمبارکردن، شاردنەوە.

دا بۆ لۆرد دراتمێتی نووسی: "بەبێ لەبەرچاوگرتنی تێبینیی هەق و ناهەق، دەپرسم:" ئەرێ ژیرانەیە هێز و دەسەڵات دژی ئەمریکییەکان بەکار بێنین؟ " بیست هەزار سەرباز سەهلە سێ ئەوەندەش بن هەر ناتوانن سێ هەزار مایل دوور لە نیشتمان و دوور لە تفاق و پێداویستی شەڕ بکەن و میللەتێک بەچۆکدا بێنن کە بۆ ئازادی خەبات دەکا و دەجەنگێ." جان ڤێسلی لە ڕێگەی ڕاپۆرتی ئامۆژگاریدەرەکانی خۆیەوە لە ئەمریکا، دەیزانی کە کۆچەرنشینەکان خەڵکێکی سنوورپارێزی خۆڕاگر و خەباتکارن نەک کۆمەڵێک گوندیی کە هەر چاکەت سوورێک ببینن یان گوێیان لە تەقەی تفەنگێک بێ زراویان بچێ و ڕا بکەن. تێک شکاندنیان سووک و سانا نییە. ڤێسلی لە کۆتاییدا دەڵێ:"نەخێر جەنابی پادشا، ئەوان زۆر یەکگرتوون و وەرن بۆخاتری خوا،ڕەحۆبعام لەبیر مەکەن. فیلیپی دووەم لەبیر مەکەن؛ پادشا چاڕلزی یەکەم لەبیر مەکەن."(٢٨١)

قەیران بەگوێرەی پێویست سیستەم لە گەمژەیی ناپارێزێ. خووخدە و ڕوانگە کۆنەکان بە زەحمەت لەناو دەچن. دەوڵەتی بەریتانیا لە بەڕێوەبردنی شەڕدا لاواز و کەمتەرخەم بوو. ڕاوێژکارەکانی حکوومەت بۆچوونی ناتەبا و دژیەکیان دەدا و لەبارەی خەنیمەکەیانەوە زۆر کارەساتبارانە داوەرییان دەکرد. بەڕێوەبەریی بێسەروبەرە لە کاروباری وڵاتدا ؛ بوو بە سوپاسالاری بێسەروبەر لە شەڕگەدا. ژەنەڕاڵ هاو و ژەنەڕاڵ بەرگۆین، لە پێشدا باوەڕیان بەو لەشکرکێشی و هێرشانە نەبوو و تەوەزەلی و داهێزراوییەکەی هاو ئەو دەمەی سەرفەرماندە بوو وێردی سەر زار و زمانان بوو. سەرکردەکانی دیکەی سوپایش درِدۆنگ بوون؛ کە ئاخۆ بڵێی بتوانن بە هێزی پیادە بەسەر ئەمریکادا زاڵ بن؟ ژەنە ڕاڵ "ئێدوارد هارۆی" ئاجودانی هەموو سوپا سەرلەبەری ڕووداوەکەی ئاوا گێڕاوە:"بێسەروبەر ەترین بیرۆکەیەک کە هەتا ئێستا ملی لەبەر ملی ئەقڵ و ژیریی نابێ." (٢٨٢)

وەزیرەکان، پێویستی و قووڵایی کارەکەیان بەهەند نەگرت. تفاق و کەلوپەل و نەفەریش بەگوێرەی پێویست نەبوو. ژ ومارەی کەشتییەکان زۆر نەبوون و ئەوەی هەیش بوو نە ئامادەی دەریاوانی بوو نە مەلەوانی کارامەی هەبوو. کەس بیری لە گرفتی ڕاگواستن، پێوەندی و تەلەفۆن نەکردەوە. عەمەلیاتەکان لە لەندەنەوە سەرکردایەتی دەکران چوون و هاتنەوەی نامەکان لەبەر دووریی ڕێیەکە، سێ مانگی دەخایاند. نارەزایەتیی خەڵک لەشەڕی گەڵ برا هاووڵاتییەکانیش، کاریگەریی لەسەر کردەی سوپا دادەنا. پاش ڕووداوەکەی لەکسینگتۆرن و بانکەر هیل، (٢٨٣) لۆرت نۆرت پشتڕاستی کردەوە کە "جۆش و خرۆشی میللەت بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە هێشتا بەگوێرەی دڵخواز نەچووەتە سەر."( ٢٨٤) سەربازگرتنیش بەرهەمێکی لێ نەکەوتەوە . لە ماوەی سێ مانگدا تەنیا دووسەت کەس ناویان نووسی . ناچار سەربازیان لە ئەڵمان بەکرێ گرت "کە یەک لە سێی هێزەکەی بەریتانیا لە ئەمریکای پێک دێنا). ئەو

دەم خەڵکی کۆڵان و بازاڕ بەچاوی سووکەوە سەیری خزمەتی سەربازییان دەکرد. هەر بۆیە دامەزراندنی سەربازی بەکرێگیراو لە شەڕەکانی بەریتانیادا باو بوو. بەو حاڵەشەوە کەڵکوەرگرتن لە بەکرێگیراوە ئەڵمانییەکان، لە هەموو شتێک پتر کۆچەرنشینەکانی ورووژاند. ئیتر گومانێک لە ملهوڕی و سەرەڕۆیی بەریتانیا نەما و کۆچەرنشینەکان سوور و مکووڕ بوون. شۆڕشی ئەمریکا سەرەڕای لارێبوون و کەمایەسی و پیلان و مشتومڕەکان لە نێو ئەمریکییەکاندا لە سای گەمژەیی و نەفامیی بەریتانیا سەر کەوت.

چوار مانگ پاش ڕووداوەکەی لەکسینگتۆن و کۆنکۆرد و مانگێک دوای شەڕەکەی بانکەرهیل، دەوڵەتی ئینگلیز تازە ڕایگەیاند کە "بەڵێ ئەمریکییەکان بە ئاشکرا ڕاپەڕیون". ئەو کەلێن و بۆشاییەش بە سیاسەتی دڕدۆنگیی و شەڕ و ململانێ لەسەر پۆست و پلە و نەهاتنەوە بۆ سەر ئیش کە لە وەرزی ڕاوی چرگ و ماسیدا باو بوو پڕ ببۆوە. پادشا لەو ماوەیەدا زۆری هێنابوو کە ڕابگەیەنن ڕاپەڕینە و "بۆ بەچۆکداهێنانی ئەو خەڵکە خەڵەتێنراوە چ پێویستە" لێبڕاوانە بکرێ و لێی مەپرینگێنەوە.(٢٨٥) لۆرد دارتمێت وەزیری کۆچەرنشینەکان هێشتاش بەدوای ڕێگەچارەیەکی ئاشتیخوازانەدا دەگەڕا پیاوە میانڕەوەکانی دەرەوەی کابینە و جێگرە کارامەکانی وەزارەتخانەکان هیوادار بوون پێش بە جیابوونەوەی دوو مەملەکەتەکە بگرن . تاقمەکەی بەدفۆرد بۆ کردەی سەربازی بێ ئۆقرە بوو. لۆرد بەرینگتۆرن سوور بوو لەسەر ئەوە کە بە گەمارۆی دەریایی و پساندنەوەی پەیوەندیی بازرگانی دەکرێ کۆچەرنشینەکان بەچۆکدا بێنن و پێویستی بە هیچ کارێکی دیکە نییە. برایانی هاو ـ سەرلەشکر ویلیام و دەریاسالار لۆردڕیچارد ـ یەکیان فەرماندەی هێزە وشکانییەکان و ئەویتر فەرماندەی گشتیی هێزە دەریاییەکان لە ئەمریکا، لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ڕێککەوتنی ئاشتیخوازانە لە شەڕ و پێکدادان باشترە و داوایان کرد، ئەو دووانە پێکەوە ڕاسپێرن بۆ دانوستانی ئاشتی. بۆ ئەوەی ئەم ئامانجە وەدی بێنن، لۆرت نۆرت کە لە هەموو هەوڵێکی لێبڕاوانە بێزار بوو هەوڵی دەدا هەر هەنگاوێکی ڕێگەی گەڕانەوە نەبێ بەدرەنگی بخات.

له بەر زۆر و گوشاری پادشا و کابینەکەی بەدفۆ ڕددا، ئاخریەکەی نۆرت تەسلیم بوو. " ڕاگەیەنراوەکەی خاوەنشکۆ "پادشای بەریتانیا" بۆ سەرکوتی ڕاپەڕین و ئاژاوە" لە ٢٣ی ئۆگۆستدا بڵاو کرایەوە. ڕاگەیەنراوەکە، ئەمریکییەکانی بە خەڵکێکی ناپاک لەقەڵەم دا کە لە تاج و تەخت ڕاپەڕیون و بەو جۆرە بڕیارەکە بەولایەدا کەوت کە ڕاپەڕینەکەی بە بەرهەمی پیلان، پیلانی "کۆمەڵە خەڵکێکی مەترسیدار و تێکدەر" دەزانی و هیچ گرنگیی بەو هەمووە ڕاپۆرتەی ژەنە ڕاڵ گێیج و قایمەقامەکانی ئەویٚ نەدا کە دەیانگوت :" تەواوی چین و توێژەکانی خەڵک لەو ڕاپەڕینەدا بەشدارن. " پێداگریی لاسارانە لەسەر بیرکردنەوەیەکی لەمێژینە، سەرەڕای بەڵگەگەلی ناتەبا، سەرچاوەی خۆخەڵەتاندن و گەمژەییە. حەقیقەت دیزەبەدەرخۆنە دەکا بۆ ئەوەی هەوڵەپێویستەکان بە شتێکی سووک و بچووک بخاتەڕوو.

لەو جەنگەیەدا میانڕەوەکانی فیلادەلفیان لە کۆنگرەی کیشوەریدا توانییان، عەریزەی چڵە زەیتوون پەسند بکەن، کە وەفادارىی و هۆگریی ئەوانی بە تەخت و تاجی بەریتانیا دەردەبڕیا و داوای لە پادشا دەکرد نەهێڵیٚ دوژمنایەتی دروست بیٚ و ڕێساکانی سەرکوت کە لە ١٧٦٣ بەم لایەوە دانرابوون، هەڵوەشێنێتەوە و هیوایشیان دەربڕیبوو کە ڕێگەیەک بۆ ئاشتی و تەبایی بدۆزنەوە. عەریزەکە لە مانگی ئۆگۆستدا گەیشتە لەندەنٚ بەڵام جۆرجی سێیەم هەر وەریشی نەگرت و خۆی لیٚ بوارد . چەند ڕۆژ دواتر " ڕاگەیەنراوی سەرکوتی ڕاپەڕین"ی دەرکرد و بانگەوازی سازشی ئەمریکییەکانی ـ بەبیٚ لەبەرچاوگرتنی بایەخەکەی ـ خنکاند و بێدەنگی کرد. پێشنیاری بەرهەڵستکارانی دەوڵەت لە پە ڕلەماندا کە عەریزەی چڵە زەیتوون بکرێتە بنەمای وتووێژ، بەدەنگی زۆرینە هەمیشەییەکەڕەت کرایەوە.

هەوڵی لیبڕاوانە پاش دەرکردنی ڕاگەیەنراوەکە لابردنی دارتمێت لە وەزارەتی کۆچەرنشینەکان بوو. ئەویان کردە مۆرداری پادشایەتی و لۆرد جێرمینیان لە جێگەی دانا. جێرمین، یەکێک بوو لە لایەنگرە تۆخەکانی "بەچۆکداهێنانی ڕاپەڕیوەکان" بە زەبری چەک.( ٢٨٦) ئەو پیاوە خۆی لە بنەماڵەی سەکڤیل لە ناوچەی نۆل و کوڕە چکۆڵەی ئێرلی حەوتەم و دووکی

یەکەمی دۆریست بوو.(٢٨٧) ڕابردوویەکی سەیر و سەمەرەی هەبوو هەر لە دادگایی لە دادگەی سەربازییەوە بگرە هەتا بێبەریکران لە مافە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام لە مەرگ قوتار ببوو و بە زمانلووسی خۆی لەلای شا شیرین کردبۆوە و ئێستا کاروبارە هەستیارەکەی ئەمریکا بەو ئەسپێردرابوو.

لۆرد جۆرج لە ١٧٥٩دا ئەو دەمەی سەرلەشکر بوو وەک فەرماندەی سوارچاکانی بەریتانیا لە شەڕی میندۆن کەس نازانێ بۆچی، فەرمانی سەرووی خۆی واتە شازادە فەردیناندی برانزویکیی خستبووە ژێر پێ و سەرپێچیی کردبوو و بە سوارچاکەکانی خۆیەوە پەلاماری فەڕەنسییەکانی نەدابوو و سەرکەوتنەکەیان لەکیس چوبوو. بۆیە لە سوپا دەریان کرد. خەڵک بە پیاوێکی ترسنۆک ناویان برد و بە تاوانی سەرپێچی لە فەرمانی سەرووی خۆی، دادگایی کرا. بڕیاری دادگای سەربازی وا بوو:"شیاوی ئەوە نییە بۆ خزمەتی خاوەنشکۆ پادشا، هیچ پلە و پۆستێکی سوپای پێ بدرێ." ئەو بڕیارەیش لە دەفتەری هەموو لەشکرەکانی بەریتانیادا نووسرا. لۆرد جۆن، برا ئیفلیجە سەرشێتەکەی نووسیی:"خۆ من هەمیشە پێم دەگوتن، کە جۆرجی برام زۆر لەخۆم ژیرتر نییە."(٢٨٨)

مۆرکی ترسنۆکی بەو کەسەوە نەدەنووسا، کە زیاتر لە بیست ساڵ خزمەتی تاقەتبڕی سەربازیی کردبوو ؛ بەو حاڵەشەوە لۆرد جۆرج هەرگیز نەیگوت لە میندۆن بۆچی وای کرد. کابرایەکی گرژ و لەخۆبایی بوو . لە ڕەچەڵەک و بنەماڵەیەک بوو کە "لە هەموو دەرەبەگە ئینگلیزییەکانی دیکە خۆشبژێوتر و بەشکۆتر دەژیا." ( ٢٨٩) نەوەی باوەگەورەیەک بوو کە بە نێوبژیوانیی دۆستانەی چارڵزی دووەم لە تۆمەتی پیاوکوشتن ڕزگار بوو و کوڕی باوکێک کە لە تەمەنی چوار ساڵیی جۆرجەوە بوو بە دووک و ماڵەکەی لە ڕۆژانی یەک شەممەدا، ئەوەندە پڕ دەبوو لە میوان و خەڵکی دیکە هەر دەتگوت ڕێوڕەسمی سڵاوی دەربارە. لۆرد جۆرج پیاوێکی خۆشەویست و لەبەردڵان نەبوو و بە ڕەخنەگرتن و تانەوتەشەر لە ئەفسەرە هاوکارەکانی خۆی، گەلێ دوژمنی بۆخۆی دروست کردبوو . لەگەڵ ئەوەشدا چەندساڵێک دواتر بە ورەیەکی بەرزەوە و بە هاوکاری بنەماڵەی سەکڤیل، توانیی

ناوزڕاوییەکەی خۆی بشواتەوە و پۆستێکی شیاوی بنەماڵەکەی وەربگرێ. ئەو ئەزموونانە ئەویان، نەک ژیرتر نەکرد، بگرە گرژ و تووڕەتریش کردبوو و ئیتر کاروباری بەڕێوەبەریی شەڕی ئەمریکا کەوتبووە دەست کابرایەکی ئاوەها.

لۆرد جۆرج وەک باقی ئەندامانی کابینە و هەموو دۆست و لایەنگرانی پادشا، دژی هەرچەشنە هەوڵێکی ئاشتیخوازانە بوو و زۆر توند بەرەنگاری پلانەکەی کۆمیسیۆنی ئاشتی بۆ سازش و ڕێککەوتن لەگەڵ کۆچەرنشینەکان بۆوە و بەگژیاندا چۆوە. وەختێک لۆرت نۆرت ئەو شتەی بە پەسندکردن دا کە پێشتریش بەڵێنی پەسندکرانی دابوو ؛ جێرمین پێی داگرت ەوە کە پەیڕەوی کارەکە بنووسێتەوە.

بەپێی مەرجەپێشنیارکراوەکانی ئەو ئەمریکییەکان دەبوایە بەر لە دانوستان "سەروەریی دەسەڵاتی دەزگای جێبەجێکەر لەهەموو بوارەکاندا و لە دانانی هەر چەشنە یاسایەکی وا کە جێبەجێکرانەکەی فە ڕز و واجب بێ بۆ کۆچەرنشینەکان" بە فەرمی بناسن.( ٢٩٠) ئەوە ڕێک هەر ئەو بنەمایە بوو کە کۆچەرنشینەکان لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا ڕەتیان کردبۆوە و ئەوانی ناچار کردبوو ڕاپەڕن و وەک لۆرت نۆرت باسی کرد، تا ڕادەیەک دیار بوو مەرجەکانی جێرمین کۆمیسیۆنی ئاشتی تووشی شکست دەکا. دارتمێت بێ ڕووبینی گوتی :" ئەگەر فەرمانەکان نەگۆڕدرێن، واز لە پۆستی مۆرداریی پادشایەتی دێنێ ." لۆرت نۆرتیش هەمووانی تێگەیاند  کە بێت و زڕبراکەی بڕوات ئەویش لەگەڵی دەڕوا.

وتوویژ و دانوستانی دوورودرێژ لەسەر ناوەرۆکی مەرجەکان کرا. ئاخۆ دەستەواژەی "لەهەموو بوارەکاندا" و گوتنی "هەرچەشنە" لە پێشنیارەکەدا بمێنێتەوە یان لاببرێ؟ قەبووڵکردنی ئەسڵی "دەسەڵاتی سەروەری" لە لایەن کۆچەرنشینەکانەوە دەبێ بەر لە دانوستانەکان بێ یان بەشێک بێ لە سازش و پێکهەڵکردنەکە؟ وەفدی ئاشتەوایی وای پێ باش بوو خۆی دەسەڵاتی بڕیاردانی هەبێ یان نا؟ دەریاسالار هاو هاوکات فەرماندەی هێزی دەریایی بێ و ئەندامی کۆمیسیۆنی ئاشتییش؟ پێ بە پێی ئەو مشتومڕانە، کلک تێکئاڵاندن و پیلانی دیکەش لە گۆڕێ بوو . وەک ئەوەی هەندێک لە کاربەدەستەکانی دەربار و

بەرپرسە پایەبەرزەکانی حکوومەت، بەهۆی دژایەتیکردن لەگەڵ جەنگ وازیان لە ئیشەکانی خۆیان هێنابوو و ئێستاش شەڕ لەسەر ئەوە بوو کێ جێگەیان پڕ بکاتەوە. پەڕلەمان لە جانیوەری ١٧٧٦دا سەرلەنوێ کرایەوە. هەموو کاتەکانی بۆ مشتومڕێش لەسەر چۆنێتیی هەڵبژاردن تەرخان کرد و لە بارەی ئەو گوژمە زەبەلاحەی سەربازەبەکرێگیراوەکان کە دەچووە نێو گیرفانی شازادەکانی ئەڵمانەوە؛ پێشنیارەکانی ئاشتی ئاخرییەکەی وەرگیران بەڵام تاقە هەنگاوێکیش لە پلانەکەی پاری نۆرت بۆ سازش و ڕێککەوتن نەدەچووە پێشتر. ئەوانەش کۆنگرەی کیشوەری لەمەوبەر ڕەتی کردبوونەوە. نە پادشا و نە ئەنجوومەنی وەزیرانیش پێشنیاری ئەمریکییەکانیان لە بارەی جۆرە خودموختارییەکەوە ــ هاوکات لەگەڵ ملکەچی بۆ تەخت و تاجی بەریتانیا ــ بەهەند وەرنەگرت. کۆمیسیۆنی ئاشتی زیاتر بە مەبەستی بانگەشە دانرا و بۆ ئەوەی بەشکم بتوانن دووبەرەکی و ناتەبایی بخەنە نێو کۆچەرنشینەکانەوە. هاوڕێ زاناکەی فـرانکلین، واتە جۆزف پریستلی نووسیی: لە بەر ڕۆشنایی ڕێنوێنییەکانی جێرمیندا ناکرێ چاوەڕوانی "شتگەلێکی وەک ئەقڵ و دادپەروەری" بیت "هەموو شتێک بۆنی داماوی و کوڵی گریانی لێ دێ."(٢٩١)

هەتا مانگی مای ١٧٧٦ چارەنووسی مەرجەکان و دامەزراندنەکان ڕوون نەبۆوە، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان ئیتر ئەوانەی هەڵوەشاندبۆوە. نامیلکەکەی تۆماس پین واتە "ئەقڵی بێخەوش" (٢٩٢) کە بوێرانە داوای سەربەخۆیی دەکرد، کۆچەرنشینەکانی ڕاچڵەکاندبوو. هەزاران هەزار کەسی هێنابووە سەر ئەو باوەڕەی کە پێویستە سەربزێو بن و خەڵکی بە تفەنگەکانیانەوە هێنابووە ناوەندەکانی سەربازوەرگرتن. جۆرج واشنگتۆن ببوو بە فەرماندەی گشتیی هێزەکان. یەکەی هەشتاوسێی ئەیسێن ئالێن، قەڵای تیکۆندرۆگای گرتبوو. ژەنەڕاڵ ویلیام هاو سەرسووڕماو لە کارە سەیروسەمەرەکەی ئەمریکییەکان، کە تۆپێکیان بە ڕاکێش ڕاکێش بردبووە بەرزاییەکانی دورچێستێر، بەناچاری بۆستۆنی بەجێ هێشت. هێزەکانی بەریتانیا تەواو لەگەرمەی شەڕدا لە باشوور و لە کانادا بەرەو پێشەوە دەچوون. ڕیچارد هێنری لیی ڤێرجینیایی لە مانگی جووەندا بڕیارنامەیەکی دا بە کۆنگرەی کیشوەری کە دەیگوت: ئەم

کۆچەرنشینە یەکگرتووانە "کۆمەڵە ئەیالەتێکی ئازاد و سەربەخۆن و هەر هەقیش وایە وا بن." ڕاگەیەنراوی فەرمیی سەربەخۆیی بەبێ هیچ بەرهەڵستکاری و دژایەتییەک لە دووەمی ژوولایدا(جوولیە) پەسند کرا و لە دەنگوەرگرتنێکی دیکەدا لە چوارەمی ژووڵایدا تەواوکەرێکی لێ زیاد کرا.

پاش سەرکەوتنەکانی هاو لە شەڕەکەی لانگ ئایلەند، دەریا سالارەکەی برای ئەندامەکەی تری وەفدی ئاشتی بە نوێنەرایەتیی کۆنگرەی کیشوەری، لە سێپتەمبەردا چاوی بە ف ڕانکلین و جۆن ئادامز کەوت . بەڵام لەبەر ئەوەی دەستی ئاوەڵا نەبوو بۆ ڕێککەوتن ـ مەگەر ئەوەی کۆچەرنشینەکان بێنەوە سەر دۆخی یەکگرتوویی و ڕاگەیەنراوی سەربەخۆیی پووچەڵ بکەنەوە ـ ئەو دیدارەیش هیچی لێ شین نەبۆوە و هەوڵی هەردوولا بۆ ڕاگرتن و پێشگرتن لە جیابوونەوە بەهیچ کوێ نەگەیشت.

دژبەرانی جەنگ لە بەریتانیا کە کەمینە بوو هەر لە سەرەتاوە بێدەنگ نەبوون. پاش ئەوەی ئامێرستیان کردە سەرچەشن و نموونە، خەڵکێکی دیکەش لە سوپا و لە هێزی دەریاییدا خۆیان لە شەڕی دژی ئەمریکییەکان نەدا و نەیان کرد. دەریا سالار ئۆگۆستۆس کێپێل کە بە درێژیی شەڕی حەوت ساڵە شەڕی کردبوو رایگەیاند پێملی ئەو جەنگە نابێ. ئێرڵ ڕاکینگهام دەستی لە پۆستە سەربازییەکەی خۆی هەڵگرت و گوتی: "چەک بۆ شەڕێک هەڵناگرێ کە ئامانجەکەی زۆر ڕوون نییە." جۆن ـ کوڕە گەورەی چاتام ـ کە لە لیوایەکدا لە کەنەدا خزمەتی دەکرد، دەستی لەکار کێشا یەوە و گەڕاوە بۆ ئینگلیز.( ٢٩٣) ئەفسەرێکی دیکە لە ئەمریکا کە هەروا لە سوپادا مابۆوە گوتی :" لەبەر ئەوەی "ئەمە شەڕێکی بەدناوە، پیاوە هەڵکەوتەکان لەسەری ناوبانگی خۆیان ناخەنە مەترسییەوە و تێیدا بەشدار نابن." ژەنە ڕاڵ کانۆڤی بۆ پاساوی ئەم ئازادیی بڕیاردانە گوتی: لە جەنگی دەرەکیدا سەرباز دەبێ بێ ئەملاوئەولا ملکەچی ئەمر و فەرمانی ئەو بن. بەڵام لە شەڕی ناوخۆدا لەپێشدا دەبێ قەناعەتی پێ بێنی کە ئامانجەکە دادپەروەرانەیە و خۆیشی (کانۆڤی) لەم کێشەیەی ئێستادا "هەرگیز ناتوانێ دەست بۆ شمشێر بەرێ."(٢٩٤)

ئەوەی گیانی بەبەر ئەم کەفوکوڵانەدا دەکرد، ئەو باوەڕە بوو کە ئەمریکییەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئازادییەکان لە بەریتانیادا شەڕ دەکەن. وتەبێژی بەرهەڵستکارەکان ـ لۆرد جۆن کاوندیش ـ گوتی:" ئەو دوو میللەتە پێکەوە بەستراونەوە. یان هەردووکیان تا هەتایە دەمێننەوە یان "لە گۆڕێکدا دەنێژرێن."( ٢٩٥) چوار نوێنەری لەندەن لە پە ڕلەمان و هەموو ئەندامانی ئەنجومەن ێ و دەمڕاستەکانی ئەو شارەش هەر وا بەتۆخی و خەستی لایەنگری کۆچەرنشینەکان بوون. چەند گەلاڵەیەک درایە هەر دوو پە ڕلەمانی عەوام و دەوڵەمەندان کە دامەزراندنی سەربازی بەکرێگیراوی دەرەکی بەبێ ڕازیبوونی پێشوەختەی پەڕلەمان، قەدەغە بێ. دووک ڕیچمۆند لە دیسەمبەری ١٧٧٦دا ڕێگە چارەیەکی لە پەڕلەماندا پێشنیار کرد لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵێک ئیمتیاز بە ئەمریکا بدرێ کە ئەو ڕاپەڕین و بەگرییەی ئەوانی "بەپێی هەموو واتا سیاسی و ئەخلاقییەکان بە کردەوەیەکی تەواو بەجێ" لەقەڵەم دا.( ٢٩٦) خەڵک دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ هەتیوان و بێوەژن و دایک و باوکی ئەو ئەمریکییانەی "بە دەستی سەربازەکانی پادشا لە لەکسینگتۆن و کۆنکورد، بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە کوژران."(٢٩٧)

کاریکاتێرێکی سیاسی لە ١٧٧٦دا لێکدژیی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیای لەگەڵ جەنگی ئەمریکادا خستە ڕوو. لە وێنەیەکدا شێرەکەی بەریتانیای بە خەوتوویی نیشان دا و وەزیرەکانیش سەرقاڵی کوشتنی قازێک بوون کە هێلکەی زێڕینی دەکرد. کەسانی خاوەن ڕای وەک والپۆل ئەم لێکدژییەیان دەدی. والپۆل دەیگوت :" ئەمریکا بگیردرێ و نەگیردرێ، بەریتانیا هیچی پێ نابڕدرێ."(٢٩٨) لەبەر ئەوەی ئەگەر قۆشەن و لەشکر فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتە بکات، ئەوێ لەبری وەرگرتنی کۆچەر و بارزگان کاول دەبێ و دەبێتە بارێک بەسەر شانمانەوە. وەک پیڕۆ یان مەکزیک کە چۆن بەو هەمووە کانزایەوە بارگرانیی ئیسپانیان ؛ ئەی هاوار و ئامان لەدەست ئەو گەمژەیی و شێتی و گەندەڵییەی ئێمەی خستە ئەم گێژاوەوە."(٢٩٩) تەنانەت بازڤێلیش لە قسەوباسە تایبەتییەکانیدا لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە هەوڵەکانی دەوڵەت"شەنوکەونەکراو و توندوتیژانە"یە و "تێوەگلان لەو شەڕەدا بێ ئاکامە و شێتی."(٣٠٠)

بیروباوەڕی لایەنگرانی جەنگ لە نێو چینی دەسەڵاتداردا گشتیتر، بەڵام ئەوەندەش بێ ترسانە بوو. دیارە هەمووان ئەو چاوقایمییە بێشەرمانەیەی دکتۆرجانسۆنیان نەبوو کە دەیگوت: " من دەتوانم هەموو مرۆڤایەتیم خۆش بوێ جگە لە ئەمریکییەکان . (٣٠١) یان ناماقووڵییە بێسنوورەکەی یەکێک لە دۆستەکانی پادشا بەناوی مارکی کارمارتن لە مشتومڕێکی پە ڕلەماندا کە دەیپرسی:" کۆچەرنشینەکان بە چ مەبەستێک زەحمەتی ئەوەیان دایە بەرخۆیان بچنە ئەو مەملەکەتە؟ جگە لەوەی بەرهەمی زەحمەتی خۆیان بێننەوە بۆ ئاغاکانیان لێرە؟"( ٣٠٢) هەست و کەفوکوڵی لەو جۆرە کەموزۆر لە نێو زۆربەی چینەکاندا بەدی دەکرا. (ئەم جەهل و نەزانییە ساف و سادەیەی کە کۆچەرنشینەکان چۆن و بۆچی دروست بوون، فاکتەرێکی شیاوی سەرنج بوو لە شێوەی هەڵسوکەوتی بەریتانیادا.)

بریستل ، هەرێمی نوێنەرایەتیی بێرک، دەربڕی کەفوکوڵی کۆمەڵگەی بازرگانان بوو . ئێدمۆند بێرک لە نامەیەکدا بۆ دەمڕاست و پیاوماقووڵانی بویستل، بە زمانێکی زۆر ژیرانە قسەی کرد، بەڵام هیچ کاری تێ نەکردن . بازرگان و پیشەگەران و پیاوانی ئایینی ئەو بەندەرە پڕ هاتوچۆیە، نامەیەکی وەفادارییان بۆ پادشا نارد و داوای زەبروزەنگیان کرد. دەرەبەگە خاوەن زەوییەکان و توێژە مۆدێلگەراکەی لەندەنیش پێیان باش و بەدڵیان بوو. گەلاڵەی بەرهەڵستکاران وەک جاری جاران، یەک لە دوای یەک لە پە ڕلەماندا شکستی هێنا. زۆرینەش هەروا وەفاداری دەوڵەت مایەوە. ئەم وەفادارییە دیارە سەداسەد نەکڕدرابوو ؛ هەندێکی لەبەر باوەڕی پتەوی نوێنەرانی خاوەن ملکەکان بوو کە دەبوو سەروەریی پە ڕلەمان بپارێزرێ و کۆچەرنشینەکان ملکەچ بکەن.

بێدەسەلاتیی بەرهەڵستکاران کە سەد کەسێک دەبوون، نەک تەنیا لەبەر دەسەلاتی لایەنگران ی دەوڵەت، بەڵکو سەرچاوەکەی لە پەرشوبڵاوییەکەی خۆشیاندا بوو. چاتام دیسان تووشی یەکێک لە خولەکانی زویری و خەمۆکیی بەسەردا هاتبۆوە و لە بەهاری ١٧٧٥ـەوە تا بەهاری ١٧٧٧ لەو هەنگەمەیە

دوور بوو. بەڵام وەک هاملێت ئەوەندەش شێت نەبوو بایەقۆش و پاساری لێک نەکاتەوە.(٣٠٣)

پاش دە رکرانی ڕاگەیەنراوی سەربەخۆیی ئەمریکا، چاتام لە وتووێژێکدا لەگەڵ پزیشکەکەی خۆی دکتۆر ئەدینگتۆن، پێشبینیی ئەوەی کرد کە ئەگەر ئینگلستان سیاسەتی خۆی نەگۆڕێ، فەڕەنسا پشتیوانی لە ئامانجەکەی ئەمریکا دەکا. فەڕەنسا لە بۆسەدایە بۆ ئەوەی بەریتانیا لەم "شەڕەماڵوێرانکەرەی دژی خۆیدا"، پتر نوقم بێ و ئەم جارە بە ئاشکرایی خۆی تێهەڵقورتێنێ(٣٠٤)

بەڵام ئەو دەمەی چاتام چالاک بوو هەر بە قسەی خۆی دەکرد و ئامادە نەبوو هاوکاریی کەس بکا. غرووڕەکەی ئەو و خۆبواردن لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان، سەرکردایەتیی بەرهەڵستکارەکانی لەرزۆک و لاواز کرد.
ئاکامەکەشی ئەوە بوو کە کەسایەتییە دیارەکانی کەمینە، هەر کامە و بۆخۆیان لەهەوایەکیان لێ دەدا . ڕیچمۆند بوێرترین و توندوتیژترین دەنگی دژبەر لە پەرلەمانی لۆردەکاندا کەیفی بە چاتام نەدەهات ؛ بەڵام بەگوێرەی سەلیقەی خۆی نە سەرکردە بوو و نە شوێنکەوتەش. چا ڕلز جیمز فاکس، ئەستێرە درەوشاوەکەی بەرهەڵستکاران، وەک تاونزەندەکەی جاری جاران لە سایەی سوعبەتچێتی و جنێوەکانی خۆیەوە لە پەرلەمانی عەوامدا دەدرەوشاوە، بەڵام ئەویش تاکڕەو بوو. ئەوانی دیکە دڕدۆنگ بوون. لە لایەکەوە ئامانجەکەی ئەمریکایان بە هەق و ڕەوا دەزانی و لە لایەکی دیکەوە دەیان زانی کە سەرکەوتنی دیموکراسی لە ئەمریکا، هەڕەشەیەکە بۆ سەر سەروەریی پەرلەمان و هانە و ئەنگیزەیەکی مەترسیداریشە بۆ بزووتنەوەی چاکسازی.

بێهیوابوون لە حکوومەت و مانەوەی بەردەوام وەک کەمینە، هیوابڕ و دڵساردکەرەوەیە. ڕیچمۆند لای ڕاکینگهام دانی بەو مەسەلەیدا نا. ڕاکینگهام هەوڵی دەدا بەرەی بەرهەڵستکاران هەر بەسەر پێوە بهێڵێتەوە و داوای لە ڕیچمۆند کردبوو بێ و دەنگی نا(دژ) بە گەڵاڵەیەک بدا کە دەیگوت: "هەتا ڕاپەڕین و سەربزێوی هەبێ، بازرگانیی لەگەڵ کۆچەرنشینەکان قەدەغەیە" . ڕیچمۆند لە وەڵامدا نووسیی: "دانی پیا دەنێم کە من زۆر لەو مەسەلەی ئەمریکا زویر و وەڕەزم" .(٣٠٥) بەڵام بەردەوامبوون لە بەرهەڵستکار یی و

دژایەتیی ئەو گەلاڵەیە چ قازانجێکی هەیە؟ دەبێ "دژی هەموو سیستەمەکە ڕاوەستی." نەهاتە لەندەن و دوایی چووە فەڕەنسا بە شوێن ڕێوشوێنە یاساییەکانی نازناوی "سوارچاک ێی" کە بە میرات پێی گەیبوو. بۆ بێ ڕکی نووسی: "بەشکم هەبوونەکەی بەکار بێ." چونکە دیارە شتێکی وای نەماوە "بەریتانیا ببێتە کۆیلە" و ئەگەر من "یەکێک بم لە دوورخراوەکان.. و ئەمریکاشمان لێ داخرێ، فەڕەنسا پەناگەیەکی خراپ نییە و سوارچاک لێرە خۆی کەسایەتییەکە." لەوانەیە هیچ بەربێژییەکی مێژوویی ئەوەندە پێچەوانە نەهاتبێتە دی. چونکە لە دەهەی دواتردا شۆڕشەکەی فەڕەنسا سەری هەڵدا. ڕیچمۆند لە کۆتاییدا دەڵێ: "لەبارەی سیاسەت لە بەریتانیاوە پێویستە ڕاشکاوانە پێت بڵێم کە ئیتر تاقەتم بڕاوە و کاروبارەکان وا شێواون تەواو بڕستم لێ بڕاوە."(٣٠٦)

ڕاکینگهام وەک سەرکردەیەک وەها بێهیوا بوو کە لە ١٧٧٦دا پێشنیاری کرد هەموو ئەوانەی دژی جەنگن، "دەست لەکار بکێشنەوە" . یانی بە ئانقەست نەچنەوە کۆبوونەوەکانی پە ڕلەمان و نارە زایەتییەکانی خۆیان لە سیاسەتی دەوڵەت ئاشکرا بکەن. لەو بوارەشدا یەکگرتوویی هەر وەدی نەهات. تەنیا لایەنگرەکانی خۆی ڕازی بوون. ویگەکانی لایەنگری ڕاکینگهام گران و سەنگین، چوونەوە خانووی هاوینەهەوارەکانی خۆیان، بەڵام پاش ساڵێک بێکارمانەوە و وردەوردە گەڕانەوە. چاڕلزفاکس بۆ ئێدمۆندبێرکی نووسی ئەوانە "خەڵکێکی دڵباشن" بەڵام "ئەهلی پەلاماردانی قەڵا نین."( ٣٠٧) بێرک لە وەڵامدا پەنجەی لەسەر خاڵێکی گرینگی ئەو پیاوانەی حکوومەت دانا و گوتی: ئەوان "لە سای سەروەت و سامانی زۆروزەوەند و پۆست و پلەی بەرز و ماڵی بێ قڕەیانەوە" وا ماقووڵ و مەزنن.(٣٠٨)

خۆبەدەستەوەدانی ڕاپەڕیوەکان هەر باسیشی نەبوو. کۆچەرنشینەکان سەرەڕای هەموو کەموکورتییەکانی خۆیان لە ڕووی چەکو تەقەمەنی و سەربازی ڕاهێنراو و چەکهەڵگرتنی خەڵک بۆ ماوەی کورت کورت کە لە هەموو شتێک بێهێزکەرتر بوو هێشتاش ئامانجیان هەبوو . ئامانجێک کە شەڕیان بۆ دەکرد و فەرماندەیەکیان هەبوو پاڵەوانانە و بە ورەیەکی پۆڵاییینەوە

و جاروبارەش سەرکەوتنی بچووک بەڵام بەرچاو و کاریگەر ــ وەک سەرکەوتنەکانی ترینتۆن و بینستۆن ــ کە ورەی بەرز دەکردنەوە. دیارە دوژمنەکانی بەریتانیایش لە دەرەوەڕا چەکیان بۆ دابین دەکردن و پەنابردنی ئینگلیزییەکان بۆ تالآن و بڕۆی بەئانقەستی کەرەستە و سامانەکان و دامەزراندنی سوورپێستەکان بۆ کردەوەی تیرۆریستی، لەسەر یەک ورەی خەباتگێڕانەی ئەمریکییەکانی کە بەهۆی چەرمەسەری و کوێرەوەرییەوە خەریک بوو دەڕووخا، سەرلەنوێ بووژاندەوە. چاوەڕوانی و لێکدانەوەی هەڵەی بەریتانیا لە هاوکاریی پشتیوانەکانی خۆی لە ئەمریکادا و سەرنەکەوتنی لە چەکدارکردن و پێکهێنانی هێزێکی شەڕکەر لە نێو وەفادارەکانی ــ کە تا ڕادەیەک بەهۆی گاڵتەپێکردن و شکاندنەوەی ئەوانە لە لایەن کۆچەرنشینەکانی دیکەوە تەنانەت سەر بە خۆشیان بوو ــ بەریتانیای ناچار کرد لە ڕێگەی دوورەوە، لەوبەری زەریاوە سەربازی ئەورووپی بۆ ئەمریکا بێنێ. دیارە ترسی ئەوەش هەبوو کە فەڕەنسا و ئیسپانیا نەخۆشییەکەی بەریتانیا بقۆزنەوە و لە ڕێگەی دەریاوە پەلاماری بدەن یان تەنانەت گەلەکۆمەکیشی لێ بکەن. بۆیە ڕاگرتنی هێزەکانی خۆیان لە بەریتانیادا بەتایبەتی کەشتییە زۆرگرینگەکان لە ئاوەکانی ناوخۆدا بۆ بەرگری لە وڵات، یەکێک بوو لە واجبەکان. باری قورسی ئەو بەڵێن و پەیمانانە زۆر کەسی تۆقاند. ئێدوارد گیبۆن( ٣٠٩) کە لە ١٧٧٤دا وەک یەکێک لە هاوڕێیانی نۆرت ببووە پەڕلەمانتار، نووسیی: "دۆستە بیرمەندەکانی دەوڵەت هیچ گەشبین نین."

ژەنەڕاڵ بەرگۆین لە فێبریوەری ١٧٧٧ چووە بەریتانیا؛ بۆ ئەوەی بە تەگبیر و ڕاوێژ لەگەڵ جێرمین گەڵاڵەیەک بۆ ڕووخاندنی دوژمن دابڕێژێ. نەخشەکەش ئەوە بوو کە هێزەکانی بەریتانیا لە کەنەداوە بەرەو خوار بێنن و هێزی دیکە لە نیویۆرکەوە بەرەو ژوور کە دەگاتەوە ڕووباری هادسن، کەلێنێک دروست بکەن و نیووئینگلەند لە باقی کۆچەرنشینەکان دابڕن و بەر لە لەدایکبوونی مەسیح جەنگەکە ببڕێننەوە. لە گەڕانەوەدا بۆ نێو خەبات، بەرگۆین خۆی فەرماندەیی هێزەکانی باکووری گرتە ئەستۆ کە بەرەو ئە ڵبانیا بەتاو دەڕۆیشت. کێشە و عەیبی گەورەی ئەو هێرشە مقەستییە ئەوە بوو کە تەنیا

یەک باڵی هەبوو. بەشی هەرە زۆری سوپاکەی باکوور، لەبەر فەرمانی فەرماندەی گشتی سێر ویلیام هاو"دا ـــ کە بەبێ تەگبیر و ڕا لەگەڵ هاوکارەکانی، خۆی پلانی لەشکرکێشی و پەلامارەکەی داڕشتبوو ــ بۆ پەلاماردانی فیلادەلفیا بەلایەکی دیکەدا بەرەوپێش دەچوو. سێر هێنری کلینتۆن، فەرماندەی پاشماوەی هێز لە نیویۆرک نەیدەتوانی بەبێ پشتیوانیی هێزە سەرەکییەکان بە شانی ڕووبارەکەی هادسندا بەرەو ژوور هەڵکشێ. بەرگۆین لە مانگی جووندا کەوتبووە ڕێ. چەندی هاوین بەرەو کۆتایی دەچوو هەواڵەکان ناخۆشتر دەبوون . چەکوچۆڵ و پێد اویستییەکەی ئەو زۆر مەترسیدارانە بەرەو تەواوبوون دەچوو . پەلامارەکەی بۆ سەر بەنینگتۆن بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر عەمبارەکاندا زۆر پیس تێک شکا . قۆشەن(لەشکر)ی ئەمریکییەکان هەر دەهات بەهێزتر و تەیارتر دەبوو. هاو هێشتا لە پەنسیلڤانیا سەرقاڵ بوو کلین تۆن جاروبارە ورەی دادەبەزی. بەو حاڵەشەوە لە ڕووی ناچارییەوە هێرشێکی وەک پەلەقاژەی بەرەو باکوور برد. بەڵام هیچ کەلێنێکی تێ نەخست. واشینگتن لە هەرێمی فیلادەلفیا بەرەنگاری هاو بووەوە و هەر لە جووڵەیڕا تێگەیشت، مەترسیی ئەوەی نییە بەرەو باکوور بچێ . کە مزگێنیی سەرکەوتن لە بەنینگتۆنی بیست، بۆ ژەنە ڕاڵ پاتنەمی نووسی: هیواداره ئێستا "هەموو هێزەکانی نیوو ئینگلەند بێنە مەیدان و ژەنەڕاڵ بەرگۆین یەکجێ بەچۆکدا بێنن."(٣١٠)

لۆردچاتام زۆری گوێ نەدەدایە ئەو ڕووداوانە. زیاتر مشووری لە مەترسیی فەڕەنسا دەخوارد. لە ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٧٧٧دا لە پەڕلەمان هەستا و داوای کرد "دەسبەجێ دوژمنایەتییەکە بەلاوە بنێن."

هەواڵی ڕووداوێک کە بووە خاڵێکی وەرچەرخان لە جەنگەکەدا هێشتا نەگەیشتبۆوە لەندەن؛ ئەگینا بەڵگەهێنانەوەکەی ئەوی پتەوتر و بەجێتر دەکرد. گوتی: "من دەزانم کە داگیرکردنی ئەمریکای ئینگلیزی مەحاڵە. لەخۆم ڕادەبینم و دەڵێم ئێوە ناتوانن، ناتوانن، ئەمریکا داگیر بکەن..." دیفاع و بەرگوی لە مافی بێ ئەملاوئەولای شۆڕش و ڕاپەڕین نییە. ئەو شەڕە "بنەماکانی نادادپەروەرانە و ئامراز و کەرەستەکانی ناکردەیی و ئاکامەکانیشی کاولکەرە". کەڵکوەرگرتن

له "بەکرێگیراو و تالآن و برۆ"، نارەزایەتییەکی بێدەرمانی دروست کرد. "ئەگەر من لە جێی ئینگلیزی ئەمریکییەک بوایەم و سەربازی دەرەکی هاتبانە نێو وڵاتەکەمەوە، هەرگیز چەکم دانەدەنا هەرگیز، هەرگیز، هەرگیز!"(٣١١) بەریتانیا بە پێداگرتنەوە لەسەر ملکەچبوون و خۆبەدەستەوەدان، هەم داهاتەکانی بازرگانی لەگەڵ کۆچەرنشینەکان لەکیس خۆی دەدا و هەمیش لە شەڕی گەڵ فەرەنسادا پشتیوانیی ئەوان لەدەست دەدا و جارێکی دیکەش خۆی لە شەڕێکی تازە لەگەڵ فەرەنسا و ئیسپانیا دەگلێنێ. تاقە چارە، بەلاوەنانی دوژمنایەتی و بەستنی پەیمانێکی ئاشتەوایيە. ئەو مەرجانەی چاتام بۆ ئاشتی پێشنیاری کردبوون، سەربەخۆیی ئەمریکای بە فەرمی نەدەناسی. ئەویش هەتا مرد، هەر باوەڕی بە پێوەندیی نەگۆڕی کۆچەرنشینەکان و تاج و تەختەکەی بەریتانیا هەبوو و وەک یەکێک لە نەوەکانی دەیگوت ئامادە بوو ه بەبێ دڕدۆنگی بڵێ پۆستی وەزیری یەکەمی بۆ ئەوە نەگرت ۆتە ئەستۆ کە هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریی بەریتانیا پشتڕاست بکاتەوە. پێشنیارەکەی وی لەبارەی کۆتاییهێنان بە شەڕ، لە پەڕلەمانی لۆردەکاندا لایەنگری زۆری پەیدا نەکرد و بە زۆرینەی چوار بە یەک ڕەت کرایەوە.

لە پەڕلەمانی عەوامدا و لە درێژەی هەر ئەو باسەدا، چا ڕلز فاکس دەستی کرد بە شیکردنەوەی دۆخەکە لە ڕووی سەربازییەوە ــ کە دواتر زۆر سەیر و سەمەرە وەدی هات. ئەو گوتی داگیرکردنی ئەمریکا "بەپێی سرووشتی کاروبارەکان، تەواو مەحاڵە." لەبەر ئەوەی "هەوڵەکانی ئێمە هەڵەی بنەماییان هەیە کە بەردەوام دەبنە لەمپەر لەبەردەم سەرکەوتنی فەرماندەکانی سوپادا ــ ئەوانە ئەوەندە لێک دوورن کە ناتوانن فریای یەکتر بکەون و پشتیوانی لەیەک بکەن.( 312) دوازدە ڕۆژ دواتر، پەیکێک گەیشتێ و هەواڵێک ی زۆر ناخۆشی هێنا. ژەنەڕاڵ بەرگۆین و پاشماوە سەربازە تێکشکاو و برسیی و کەمەکەی ئەو لە 17ی ئۆکتۆبەردا، لە ساراتۆگای نزیک ئە ڵبانی خۆیان دابووە دەست سوپای کیشوەری. ژەنە ڕاڵ کلینتۆن تەنیا هەتا کینگستۆن، پەنجا مایل خوارووتر لە ئەلبانی، چووەبووە پێش و ڕۆژی پێشتر، بۆ بەهێزکردنەوەی هێزەکەی، چووبووەوە نیویۆرک.

سەرکەوتنەکەی ساراتۆگا ورەی ئەمریکییەکانی زۆر سەیر بەهێز کرد و خوێنە خەستەکەیان هێنایە جۆش ؛ بۆ ئەوەی بەرگەی بەفر و وەیشوومەی سەرما و تاڵی و سوێرییەکانی زستانی "وەلی فۆرج"( ٣١٣) بگرن. مەرجەکانی خۆبەدەستەوەدان، سەربازەکانی بەرگۆینی ناچار دەکرد چەکەکانیان دابنێن ، بە کەشتی بگەڕێنەوە بەریتانیا و بەڵێن بدەن ئیتر تا مردن شەڕی ئەمریکا نەکەنەوە. ئەو مەرجانە و زیان و خەسارەکانی ساراتۆگا، بەریتانیای لە لەشکرێکی ٨٠٠٠کەسیی تەواو بێبەش کرد. لەهەمووشی خراپتر، گەورەترین ترسی بەریتانیا واتە هاتنی فەرەنسا بۆ نێو شەڕەکە و پشتیوانی لە ئەمریکییەکانی وەدی هێنا. دوو حەفتە پاش گەیشتنی هەواڵی ئەو خۆبەدەستەوەدانە، فەرەنسییەکان لە ترسی ئەوەی بەریتانیا نەکا کۆمەڵە مەرجێکی ماقووڵ بخاتە بەردەم کۆچەرنشینەکانی پێشووی خۆی، بە هەڵپە هەواڵیان دایە نێردراوەکانی ئەمریکا، کە دەیانەوێ ئەیالەتە یەکگرتووە تازە دروستکراوەکان بەفەرمی بناسن و سێ حەفتە دواتر گوتیان ئامادەن هاوپەیمانییەکیان لەگەڵ پێک بێنن. پەیمانی ئەو دووانە بەهۆی ئەو ڕۆڵەی لە هاتنە ئارای وڵاتێکی نوێدا هەیبوو یەکێک بوو لە هەستیارترین پەیمانەکانی مێژوو ؛ بەڵام دانوستانەکانی ئیمزاکردنەکەی مانگێکیشی نەخایاند. جگە لە بەفەرمی ناسینی سەربەخۆیی ئەمریکا و ماددە و بڕگە باوەکانی پێوەندیدار بە دۆستایەتی و بازرگانی، لە پەیمانەکەدا پێشبینیی ئەوە کرابوو کە ئەگەر شەڕ کەوتە نێوان فەرەنسا و بەریتانیاوە، هیچ کام لە دوولایەنەکە بەتەنیایی لەگەڵ بەریتانیادا ئاشت نابێتەوە.

پێشگۆییەکەی چاتام لەبارەی هاتنی فەرەنساوە بۆ نێو شەڕەکە وەدی هات. بەڵام پاش ئەوەی هەواڵی پەیمانەکە گەیشت ئەو لە ١١ی دیسەمبەری ١٧٧٧دا لە پەرلەمانی لۆردەکان هەستا و دیسان گوتی :" بەریتانیا خۆی لە شەڕێکی ماڵوێرانکەر گلاندووە". گوتی: "بە فرتوفێڵ و تاکتیک، بە ساویلکەیی خۆیان، بە هیوا و لووتبەرزیی بۆش، بە بەڵێن و گفتی ئیمتیازی خەیاڵی و مەحاڵ" میللەتیان لەو خیانەتەوە گلاند. دەکرێ ئەو قسە نەستەق و زبرەی ئەو بۆ

زۆربەی هەرە زۆری جەنگەکان و گەمژەییەکانی سەردەمانی پێش و پاش ئەویش بەکار بێنی.(٣١٤)

لە بەریتانیا ڕاستیی دوورەباوەڕی خۆبەدەستەوەدانی سوپای بەریتانیا بە کۆچەرنشینەکان، دەوڵەت و میللەتی مات و کڕ کرد. زۆربەی ئەوانەی تا ئەو دەمە هیچ گوێیان نەدابووە مەسەلەی شەڕ لە خەو هەستان. یەکێک لە هاوڕێکانی جۆرج سێلڤین بۆی نووسی: "نازانی ئەو هەواڵە لەم شارەدا چ کاریگەرییەکی لەسەر زەینی خەڵک داناوە. ئەوانەی پێشتر هیچ هەستێکیان نەبوو ئێستا هەستیار بوون و ئەوانەی کەموزۆر کاروباری ئەمریکایان هەر بەلاوە گرینگ نەبوو ئێستا سڕ و کڕ بوون و دەبینن تووشی چ ڕۆژێکی ڕەش بوون."( ٣١٥) بەهای بەشکۆ(سهام) دابەزی. "بێهیوایی گشتی" باڵی بەسەر بازاڕدا کێشا.( ٣١٦) خەڵک بەگوێی یەکتریاندا دەچرپاند کە :"میللەت ئابڕووی چووە" و باسی گۆڕانی دەسەڵاتیان دەکرد. گیبۆن نووسیی لەگەڵ ئەوەدا کە زۆرینەی دەوڵەت لە پەرلەماندا هەر ماوەتەوە؛ "ئەگەر شەرم لێیان بگەڕێ، هەر هەمووان، جگە لە بیست کەسێکیان ئامادە بوون تەنانەت خاکەڕایانەترین مەرجەکانی ئاشتییش قەبووڵ بکەن."(٣١٧)

بەرهەڵستکاران پەلامارە توندەکانی خۆیان دەست پێکرد وەزیرەکانیان یەک بە یەک ڕەخنەباران کرد و دەوڵەتیان یەکسەر کوتا . لەسەر ئەو هەڵە یەی بەڕێوەبردنی شەڕ و ئەو هەوڵ و هەنگاوانەی جەنگەکەی هەڵاییساند. بێرک ؛ جێرمینی تاوانبار کرد کە بە "کوێردڵیی لاسارانە" ئەمریکای لەدەست داوە.(٣١٨) فاکس داوای لادانی جێرمینی کرد. ڤێدێربیڕن لەسەر جێرمین هاتە جواب و داوای شەڕی دەستەوئێخە"دۆئێل"ی لە بڕک کرد. بارێ گوتی :" پلان و نەخشەی شەڕ لە وەزیرێکی بەریتانیایی نەدەوەشایەوە بۆ سەرۆکی هۆزی سوورپێستەکانیش زۆر قەشمەر و گاڵتەجاڕ بوو." تەنانەت جێرمینیش دەستی تێکەڵ هاتن؛ بەڵام بە پشتیوانیی پادشا و نۆرت، لەو گۆنگەڵ و گێچەڵە قوتار بوو. ئەوانەی لەوێ بوون، دەیانزانی بێت و بهێڵن بەرپرسیارەتییەکە بخرێتە ئەستۆی جێرمین، دوایی نۆرە دەگاتە بەرپرسانی سەرووی جێرمین واتە خۆیان.

پێکهاتەی ورد داڕێژراوی دەنگەکانی پە ڕلەمان، دەوڵەتی پێ ڕانەگیرا . نوێنەری خاوەن ملکەکان، ئەگەرچی لە شەڕ ناڕازی بوون لە گۆڕان دەترسان و سەرەڕای ئەوەی لەبری وەرگرتنی داهات، گوژمە و تێچووی شەڕیان کەوتبووە ئەستۆ ؛ دیسانیش خۆیان شلوێ نەکرد. پادشا بە قەلافەت و ڕواڵەتێکی هەقدارانەوە و بەبێ ئەوەی گوێ بداتە نیگەرانییەکانی خەلک، لە سەرەتای شەڕدا بە نۆرتی گوتبوو : "من دەزانم ئەرکی خۆم ڕاپەڕێنم. هەر بۆیە هەرگیز نامەوێ پاشەکشێ بکەم."(٣١٩) هەر ئەوەندەشی بەس بوو؛ گوێی بە ڕاستییەکان نەدەبزووت. زۆر دڵنیا بوو لەوەی ئەو کارەی دەیکا باشە. هەر بۆیە پێی وابوو کردەوە و هەوڵەکانی هەر سەردەکەون. دواتر کە دۆخەکە شپرزە بوو پێی وابوو وەدیهاتنی سەربەخۆیی ئەمریکا بە واتای لێکترازانی ئیمپراتۆریی بەریتانیا بە سەرکردایەتیی ئەوە و لە قاپیەی خودا دەپاڕاوە: "خوایە ڕێگەی ڕاستم نیشان بدە . کارێک دەکەم نەوەکانی داهاتوو ڕووخانی ئەو ئیمپراتۆرییەی سەردەمانێک پێگە و ئابڕوویەکی هەبوو نەخەنە ئەستۆی من."( ٣٢٠) دوورەدیمەنی شکست، بە سەرکردایەتیی "من" بەدڵی هیچ فەرمانڕەوایەک نییە و جۆرجیش لەبری چارەسەری کێشەکە، زۆر دوای ئەوەی کە ئیتر هیچ هیوایەک نەمابوو لاسارانە درێژەی بە شەڕەکە دا.

هاو پاش ساراتۆگا دەستی لە کار کێشاوە . بەرگۆین گەڕاوە بۆ بەریتانیا . کلینتۆن تووشی بێهیوایی و بێمتمانەیی بوو و قسەوقسەلۆک و لێکۆڵینەوە فەرمییەکان دەستی پێکرد. ژەنەا ڕلەکان کەموکورتی و هەڵەکانی خۆیانیان دەخستە ئەستۆی نەشیاویی دەوڵەت و کەسیش گلەیی لەوان نەکرد. چونکە لە لایەکەوە کەفوکوڵی گشتی، جێرمینی بە تاوانبار دەزانی و لە لایەکی دیکەوە ئەمیرەکانی سوپا، لە پە ڕلەماندا کورسییان هەبوو و دەوڵەت نەیدەویست کارێک بکا بچنە ڕیزی دژبەر و بەرهەڵستکارانەوە.

هۆکاری سەرەکیی کارەساتەکە، بێگومان ئەوە بوو کە جێرمین هێرشی هاو بۆ سەر فیلادەلفیا و عەمەلیاتی بەرگۆینی لە هادسۆن پێکەوە ڕێک نەخستبوو و ئەو هەڵەیە، وەک هەڵوسکەوتە سەیروسەمەرەکەی وی لە میندۆنێ دیار بوو هیچ هۆیەکی نەبوو جگە لە لاوازی و داهێزراوی.

دواتر بۆ خەستکردنەوەی نەفرەتی خەڵک لە جێرمین، چیرۆکێک زار بە زار دەگەڕا کە جێرمین لە کاتی داڕشتنی یەکەمین گەڵاڵەدا لە سەرڕێگەی خانووی هاوینەهەوارەکەی خۆی، سەرێک لە نووسینگەکەی دەدا بۆ ئەوەی پەیامەکان ئیمزا بکا. ویلیام ناکسی جێگری وەبیری دێنێتەوە کە هیچ نامەیەک بۆ هاو نەنووسراوە بۆ ئەوەی ئاگادار بێ چاوەڕوانی چ نەخشە و کردەوەیەکیان لێی هەیە. "خاوەنشکۆ کەوتە ڕێ و دۆیلی(جێگرەکەی دیکەی) واق وڕماو سەیری کرد. بۆیە بەپەلەپەل داوای کرد پەیامێک لە پەسنی خاوەنشکۆدا * بنووسێ. لۆرد جۆرج کە "بەتایبەتی پێی خۆش نەبوو لە ڕۆیشتن نەبێ، لەهیچ شتێکی دیکەدا جێرمین ماتڵ بکا" ؛ دەسبەجێ پێشنیارەکەی ڕەت کردەوە. چونکە گوتی:"ئەسپە داماوەکانی من دەبێ لەو ماوەیەدا هەر لە شەقامەکاندا ماتڵ بن و ڕاوەستن و بۆ هیچ کوێ لەکاتی خۆیدا ناگەمێ." فەرمان دەکا بە دۆیلی کە خۆی نامەیەک بۆ هاو بنووسێ و فەرمانەکانی بەرگۆینیشی هاوپێچ بکا و ئەوانە "هەموو ئەو شتانەی پێ دەڵێن کە دەیەوێ بیانزانێ." نامەکە دەبوایە لەگەڵ ڕاپۆرتگەلی دیکە بە کەشتی ڕۆیشتبایە. بەڵام نەگەیشتە کەشتییەکە و زۆری پێچوو تا گەیشتە دەست هاو.

ئەو شتانە دنەمان دەدەن بڵێین حەسانەوەی ئەسپی پەیتوونەکانێ ئەمریکای لەکیس بەریتانیا دا . بەڵام مەودا، زەمان، بەرنامەداڕشتنی نادڵنیا و سەرکردایەتییەکی پەرش و بڵاو هەڵە و سەهوی گەورەتر بوون.( ٣٢١)

خەمساردیی لۆرد جۆرج لە هەبمەر نامەکانی جەنگدا، دەبێ بە نیشانەی بێمشوورییەکی خراپتر دابنێین و ئەوەش دنەمان دەدا بڵێین، دەکرێ ڕەگی ئەو بێمشوورییە لە ژیانی تێروتەسەل و خۆشبژێوی وەزیرەکانی دەورانی لۆرد جۆرجدا بدۆزینەوە . بەڵام ئەگەر وابێ، ئەی دەتوانین چ شتێک لە بارەی کەموکورتیی پێوەندییەکی بەناوبانگی دیکەوە بڵێین؟... ئەو دەمەی هەواڵی ئەوە نەدرا کە لەوانەیە ژاپۆن هێرش بکاتە سەر پێرل هاربر؟ وا دیارە کەموکورتیی پێوەندی(ڕاگەیاندن) نەخۆشی و پەتای باوی بنیادەمە.

---

*خاوەنشکۆ لێرە مەبەست "جێرمین"ـە.

لەهەموو شتێک پێویستتر، ڕزگارکردنی بەریتانیا لە شەڕێکی بێ ئاکام بوو؛ بەشکم بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ فەڕەنسادا ئازاد و دەست ئاوەڵا بێ. تاقە ڕێگەیش ئەوە بوو لەگەڵ کۆچەرنشینەکان ڕێک بکەوێ. دەنگۆی پەتای داهاتووی فەڕەنسا ـ ئەمریکا هەموو شوێنێکی داگرتبوو. نۆرت پاش ساراتۆگا هیوای بە سەرکەوتن نەمابوو و سەرەڕای خۆڕاگرییەکەی جێرمین و ساندۆڤیچ و تەرلۆ و هەندێ کەللەڕەقی تر، کە دژی هەرچەشنە سازشێک بوون لەگەڵ ڕاپەڕیوان، هەوڵی دەدا کۆمیسیۆنێکی دیکەی ئاشتی دروست بکا و کۆمەڵە هەلومەرجێک بێنێتە گۆڕێ کە نە سیخ بسووتێ و نە کەبابت ــ یانی لە لایەکەوە نە ئەوەندە مایەی شەرمەزاری بێ کە پۆلەمان قەبوولی نەکا و لە لایەکیشەوە ئەوەندە لە ڕواڵەتدا جوان بێ کە ئەمریکییەکان قەبوولی بکەن. (٣٢٢) نۆرت لەو کاتەدا لە سەرچاوە زۆر نهێنییەکانی زانیارییەوە ئاگادار بۆوە کە پەیمانی فەڕەنسا و ئەمریکا ئیمزا کراوە.

دە ڕۆژ دواتر، نۆرت زنجیرە پێشنیارێکی پێشکەش بە کۆمیسیۆنی ئاشتیی پەرلەمان کرد کە ئیمتیازگەلێکی ئەوەندە بەربڵاوی دەدا بە ئەمریکییەکان بێت و پێشتر ئەوە کرابا، لەوانەبوو شەڕەکە هەر هەڵنەگیرسابا. پێشنیارەکانی ئەو لە ڕاستیدا هەر ئەوانە بوون کە لە گەڵاڵەی سازشی چاتامدا باس کرابوون و پارەکە پەرلەمان ڕەتی کردبۆوە. ئەم پێشنیارانە تەنانەت مافی دانانیماڵیاتی بەمەبەستی بەدەستهێنانی داهاتیش ڕەت دەدایەوە. کۆنگرەی بە مەکۆیەکی یاسایی دەزانی. "قوانین مجبره" یاسای چا و هەنگاوە دوژمنایەتییەکانی دیکەی کە لە ١٧٦٣ـەوە پەرلەمان پەسندی کردبوون، هەڵدەپەساردن و قەبووڵی بوو کە بکەونە دانوستان بۆ دانانی نوێنەرانی ئەمریکا لە پە ڕلەمانی عەوامدا و کۆمیسیۆنێکی ئاشتیی تەواو دەست ئاوەڵا دابنرێ "بۆ ئەوەی لە هەمووە بوارەکاندا گفتوگۆ بکات و بگاتە ئاکام." پێشنیارەکانی نۆرت، وەک پێشنیارەکانی چاتام، سەربەخۆیی یان مافی چاودێریی بەسەر بازرگانیدا نەدەدایە ئەمریکا. نیەتەکە گێڕانەوەی کۆچەرنشینەکان بوو نەک دەسبەردان لێیان.

ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەکانی نۆرت دوو سەعاتی خایاند و پەڕلەمان لە "بێدەنگییەکی کەسەربارەدا" گوێی لە قسەکانی گرت.(   ٣٢٣) ئەو بنەمایانەی لە دوو ساڵی ڕابردوودا دەوڵەت بە هەردوو دەستەوە پێیانەوە نووسابوو ئێستا بە ڕواڵەت پێی ڕێ دەخستن*. دکتۆر جانسۆن بە ناخۆشییەوە گوتی: "هەتا ئێستا هەنبانەی گەمژیی لەو چەشنە نەببووە مایەی سەرشۆڕیی هیچ میللەتێک."( ٣٢٤) دۆستان سەریان سووڕ مابوو  . دوژمنانیش کاس و وڕ و والپۆلیش وەک کۆرسی نێو شانۆکانی یۆنانی کەوناراداا، وریایی دا. ئەو شتەی بە ڕۆژی "سەرشۆڕی" بۆ دەوڵەت ناو برد و گوتی وەک ئەوە وایە دان بەوەدا نرابێ کە "بەرهەڵستکاران" لە ئەوەڵەوە تا ئاخر ڕاستیان دەکرد."( ٣٢٥) والپۆل لە نامەکەی خۆیدا بۆ هۆراس مان دەنووسێ پێی وایە ئەو ئیمتیازانە جۆرێکن کە ئەمریکییەکان پێیان قەبووڵ دەکرێ ."بەڵام هاوڕێ گیان، ئەو کارئاسانییانە کەمایەسییەکیان هەیە: درەنگ خراونەتەڕوو."

پەیمانی فەڕەنسا و ئەمریکا ئیمزا کرابوو . ئێستا لە بری ئاشتی شەڕەکە گەرمتر دەبوو. والپۆل نووسیی:" پەڕلەمان ئامادەی پەسندکردنی بەرنامەیە "بە خێراییەک کە هەر شتێک بکا بەسەر ڕبردوودا زاڵ نابێ." ئەو ڕاستی دەکرد هەڵە مێژووییەکان بەزۆری قەرەبوو نابنەوە.

خۆ ئەگەر گۆڕانەکە ڕاستەقینە بێ و لە پێناوی ئامانجدا جێبەجێ بکرێ، ئیتر وازهێنان لە سیاسەتێکی زیانمەند شیاوی دەستخۆشییە نەک سەرشۆڕی.

کۆمیسیۆنی ئاشتی شتێکی لەو چەشنە نەبوو. نۆرت، ئەو پیاوە هەمیشە ڕووگەش ە بەڵام وازوازیە؛ لە هەرا و هەنگەمەی مشتومڕی کۆنەپارێزەکانی کابینەدا دڕدۆنگ بوو و مەرجەکانی گۆڕی . "مەرجی" دەست ئاوەڵابوونی بێ لەمپەری وەفدی ئاشتیی لابرد و بەڵێنی دا هیچ قسەیەک لە بارەی سەربەخۆییەوە نەبیسرێ ئەمریکییەکان دەبێ "یان تەواو ملکەچ بن، یان بەهیچ شێوەیەک." مەودایەکی زەمەنیی دوازدەمانگەی لە مانگی جوونەوە بۆ کۆمیسیۆن دانا (ئەوکات مانگی مارس بوو) کە دیار بوو زۆر نیگەرانی سەرکەوتن نییە. لە ڕاستیدا هەوراز و نشێوی جەنگ ئەوەندە زۆر و دۆخی

---

*پێ ڕێخستن: پێ لێخشاندن. پێشێلکردن. پێخوستکردن...

ئەمریکییەکان ئەوەندە ناڕوون بوو کە پادشا و کۆنەپارێزەکان دڵخۆشیی خۆیانیان داوە؛ بەشکم هێشتاش بتوانن شتێک بکەن.

جۆن ویلێکس (کە ئاخرییەکەی گەڕاوە سەر کورسییەکەی خۆی لە پەرلەمان) گوتی: باسکردن لە کۆمیسیۆنی ئاشتی، تەنیا بۆ ئەوەیە "بیر و زەینی خەڵکی ئێرە هێور بکەنەوە.. نەک بۆ ئەوە کۆچەرنشینەکان بەدەست بێننەوە." زۆر کەس ئەم بەدگومانییەیان هەبوو. شانۆ و خۆنواندنێک پێویست بوو بۆ ئەوەی لایەنگرانی دەوڵەت لاواز نەبن. بەدفۆ ڕد دیار بوو هەرەس دێنێ و ئەگەر قسە و کردەوەی سیاسیی بەرهەڵستکارەکان یەک بوایە، ئەگەر زۆر بوو وای لێ بێ. بەرهەڵستکارەکان لە باس و مشتومڕدا بەهێز بوون و لە ئاکام و دەرەنجامدا لاواز. چونکە لە سەر باسی سەربەخۆیی ئەمریکا هەر کەسە و لە هەوایەکی لێ دەدا. چاتام بێ ئەملاوئەولا دژی لێهەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری بوو . ئەو ئیمپراتۆرییەی لە شەڕی حەوت ساڵەدا خۆی سەرکەوتنی بۆ دەستەبەر کردبوو و سەری خستبوو. شێلبێرن و ئەوانی دیکەش شوێن ئەو دەکەوتن. ڕاکینگهام و ڕیچمۆند وردە وردە هاتبوونە سەر ئەو باوەڕەی کە کۆچەرنیشنەکان تەواو لەکیس چوون و تاقە ڕێگە ئەوەیە "دەسبەجێ و ڕاشکاوانە" سەربەخۆییەکەیان بە فەرمی بناسن بۆ ئەوەی نەکەونە باوەشی فەڕەنساوە و هەموو هێزەکان دژی دوژمنە سەرەکییەکە کۆ بکرێنەوە(٣٢)

ڕیچمۆند لە ٧ی ئەپریلی ١٧٧٨دا وتارێکی هەژێنەر و بەپەلەی پێشکەش کرد و پێشنیاری کرد داوا لە پادشا بکرێ ئەو دەوڵەتەی ئێستا هەڵوەشێنێتەوە هێزە سەربازییەکان لە کۆچەرنشینەکانەوە بێنێتەوە ؛ سەربەخۆیی ئەوان بەفەرمی بناسێ و لەگەڵیان بکەوێتە دانوستان بۆ ئەوەی "ئەگەر نەشتوانێ لەگەڵیان ببێتەوە یەک، لانیکەم دۆستایەتییەکەیان دەستەبەر بکاتەوە."

چاتام دەبوایە ئەو پێشنیارەی قەبووڵ بکردایە ؛ لەبەر ئەوەی ئەو هەمیشە دەیەویست هێزەکان دژی فەڕەنسا کۆ ببنەوە و لەو ڕووەشەوە کە دیار بوو ئیتر ڕاگەیەنراوی سەربەخۆیی و بڕگەکانی هاوپەیمانی کە بەدوایدا هات ئیتر هەڵناوەشێنەوە، مەگەر بە شکانی سەربازی. چاتام خۆی گوتبووی شکستی سەربازیی ئەمریکا مەحاڵە. بەو حاڵەشەوە هەڵچوونی شەخسی، ڕێی بە ئەقڵ

گرت . ئەو تاقەتی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریی نەبوو. ڕیچمۆند ئاگاداری کردبۆوە کە دەیەوێ بەفەرمی ناسینی سەربەخۆیی بخاتە ڕوو و چاتام ئەمجارە هەموو هێزە لەرزۆکەکەی خۆی کۆ کردەوە و پاشماوەی دەسەڵاتە بەتین و گوڕەکەی جارانی خۆی خستە گەڕ بۆ پەلامارێکی کەسەرباری دژی باڵەکەی خۆی و دژی مێژوو.

کوڕە نۆزدە ساڵانەکەی چاتام کە زۆری نەبرد خۆی ناوی ویلیام پیتی سەرلەنوێ کردەوە مایەی شان و شکۆی ئەورووپا لەگەڵ یەکێک لە زاواکانی چوونە بن پیلی و بە لەقەلەق بردیانە سەر کورسییەکەی لە پە ڕلەمان. چاتام وەک جاری جاران جلوبەرگی فەرمیی لەبەر کردبوو و قوماشی هەوریشمینی لە دەوری قاچەکانی پێچابوو. لە بن کڵاوبارۆکە زلەکەیەوە، چاوە بەقووڵداچووەکانی لە ڕوخسارێکی ڕەقەڵە و لەڕدا، هێشتا نیگایان تیژ تیژ دەیڕوانی. دووک ڕیچمۆند کە قسەی تەواو بوو چاتام هەستا. لە پێشدا دەنگی نەدەبیسرا . وردە وردە ڕوونتر بۆوە ؛ بەڵام قسەکانی شڵەژابوون. باسی "بەدەستەوەدانی پڕشوورەیی مافەکان و مەزنترین دارایی" میللەت و باسی "چۆکدادان لە هەمبەر بنەماڵەی بۆربۆرن"یدا کرد. ئیتر جڵەوی قسەی لە دەست دەرچوو و هەندێ قسەی دووپاتە کردنەوە . من منی کرد و لۆردە تەریق بۆوەکانی دەوروبەری، لە ڕووی ڕێزەوە یان لە بەزەییدا، ئەوەندە بەقووڵی بێدەنگ بوون، کە دیار بوو بۆ بێدەنگن.(٣٢٧) ڕیچمۆند وەڵامێکی بە نەزاکەتی داوە؛ بەڵام چاتام دەستی هەڵنەدەگرت دیسان هەستاوە . زای داپچڕی، کەچی دەنگی دەرنەهات . دەستێکی لە سینگی دا و بێهۆش بوو و کەوت. بردیانە ماڵێکی نزیک ئەوێ و کە وەهۆش خۆی هاتەوە، بدریانە مڵکەکەی خۆی لە دەرەوەی شار لە هێیز و لەوێ لە ماوەی سێ حەوتوودا وردە وردە بەرەو مەرگ ڕۆیشت. لە کۆتاییدا داوای لە کوڕەکەی کرد مەرگی هێکتۆری لە ئیلیادەدا بۆ بخوێنێتەوە.

بەریتانیا داکشان و کەمایەسییەکانی سیاسەتڤانە مەزنەکەی خۆی لەبیر چۆوە. بە مردنی ئەو وڵاتەکە هەستی بە نەبوونییەکی بێشووم کرد. پە ڕلەمان بەکۆی دەنگ دایان نا بە ڕێوڕەسمێکی فەرمی بەخاکی بسێرن و لە "وێست

مینەستەر ئەبی"( ٣٢٨) بنێژرێ. نووسەرە نەناسراوەکەی نامەکانی جۆنیوس(٣٢٩) ئەم جارە قینە ڕەشەکەی خۆی بەلاوە نا و نووسیی "ئەو مرد و مشوور و شەڕەف و ڕێوشوێن و تێگەیشتنی میللەتیش لەگەڵیدا مرد."( ٣٣٠) بە ڕای دکتۆر ئەدینگتۆن، خوا ڕەحمی پێکرد مرد تا "بەچاوی خۆی کاولبوونی سەرلەبەری ئەو وڵاتە نەبینێ کە ئیجازەی بەو نەدارِزگاری بکا."(٣٣١)

زۆر سەیرە، دوورەدیمەنی لەکیسچوونی ئەمریکا چەندە پێشبینیی وێرانەی و تێداچوونی لە بەریتانیادا دروست کرد و چون هەموویشی هەڵە بوو . ئەو مەملەکەتە زۆر باش خۆی لەبەر خەسارەکە ڕاگرت و سەدەیەک دواتر دەستی بەسەر دنیادا گرت و گەیشتە لووتکەی دەسەڵاتە ئیمپریالیستییەکەی خۆی. شێلبێرن ڕایگەیاند ئەگەر سەربەخۆیی ئەمریکا بە فەرمی بناسرێ، "ئێمە ئیتر میللەتێکی بەهێز و سەربەرز نابین" و ئەوڕۆژە "خۆری بەریتانیای کەبیر ئاوا دەبێ." ڕیچمۆند بەربێژیی کرد، پەیمانی فەڕەنسا ـ ئەمریکا هەنگاوێکە کە بەدڵنیاییەوە تێداچوونی ئێمەی بەدوادا دێ.

نامەکانی والپۆل پڕن لە دوورەدیمەنی کارەساتبار . دەنووسێ "ئەم شەڕە هەر جۆرێک کۆتایی بێ، بۆ ئەم وڵاتە کارەساتبار دەبێ" . یان، بەر لە تەواوبوونی ئاکامە شوومەکانی شکست ئاوا دەبینێ: "ئێمە دەبینە دوورگەیەکی بچووک و پەککەوتە و لە ئیمپراتۆرییەکی بەدەسەڵاتەوە، دەبینە وڵاتێکی بێنرخی وەک دانیمارک، یان ساردنیا." بازرگانی و هێزی دەریایی بەریتانیا کە بەبادا چوو هیندی شەرقیشی لەگەڵ دەڕوا و "ئیتر فەڕەنسا ملهوڕانەتر لەوەی تا ئێستا ئێمە بەسەر ئیرلەندەمان هێناوە، بەسەرماندا زاڵ دەبێ."(٣٣٢)

ئەو دوورەدیمەنە تاریک و ڕەشانە، بنەماکەیان لە ڕوانگە و بیرکردنەوەی ئەودەمدا بوو. بازرگانی لەگەڵ کۆچەرنشینەکان، بەردی بناغەی خۆشبژێوی و گەشەی بەریتانیایە و پادشایەتیی بۆربۆنەکان لە فەڕەنسا و ئیسپانیا هەڕەشەیەکی مەترسیدارە. یازدە ساڵێک ی پتر نەمابوو بۆ شۆڕشی فەڕەنسا، بەڵام کەس نەیدەتوانی ڕووداوێکی ئاوا بێنێتە بەرچاوی و بەزەینی کەسدا نەدەهات. بەڵکو ئەوە ئینگلیز بوو کە خۆی لە نشێوی لەناوچووندا دەدی. بێرک، بەگلەیی لە بێهیواییەکەی هەمووان لە نامەیەکدا بۆڕاکینگهامی نووسیی: "ئەگەر

گەوهەر و سەرکردایەتیی نیشتمانیی گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا نەیە، میللەت "لە لووتکەی مەزنی و بەختەوەرییەوە بەردەبێتەوە قووڵایی گەمژەیی و سووکی.. ئەگەر دەسبەجێ خۆمان بۆ پێشگرتن لەو کارە ماندوو نەکەین، دڵنیام وڵاتەکەمان لەوە زیاتر، چارەنووسێکی نابێ."(٣٣٣) بۆ میللەتەی ڕوو لە داکشان دەنێ و گولۆڵەی دەکەوێتە لێژی، هیچ هەوڵێکی هۆشیارانە ناتوانێ لەو هەڵدێرانەی ڕزگار بکا . کەواتە قسەکەی بێرک لەو بوارەوە بێجێیە . دیارە ـ لەبەر ئەوەی لافاوی بەکەفوکوڵی قسەزانییەکەی بێبڕانەوە بوو ـ لەو قسە بێجێیانەی زۆر دەکرد.

مەرگی چاتام لە مانگی مای دا دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ ئەوەی ڕاکینگهام توانای ڕێبەریی خۆی بسەلمێنێ ؛ تاقمە بەرهەڵستکارەکانی ڕێک بخا و لایەنگرەکانی دەوڵەت کە ڕۆژبەڕۆژ پتر لە شەڕ و تێچووەکانی دەکەوتنە گومانەوە، بەرەو خۆی ڕاکێشێ. ڕاوێژکارەکانی پادشا تێیان گەیاندبوو کە هەندێ گۆڕان پێویستە و ئەوەش بۆ ڕاکینگهام باشترین دەرفەت بوو بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای کۆتاییهێنان بە دوژمنایەتی و بەفەرمی ناسینی سەربەخۆییە مسۆگەرەکەی کۆچەرنشینەکان، جڵەوی کاروباران بەدەستەوە بگرێ. فاکس هەوڵی دا "مارکی"ی دڕدۆنگ قایل بکا ئەو ڕێچکەیە بگرێتە بەر. گوتی بە پادشا بڵێن هەموو وەزیرەکان ناگۆڕن، بۆ ئەوەی ئەو زویر نەبێ و پشتیوانیتان بکا. فاکس دەیگوت، خۆبواردنی سیاسەتڤان لە بەرپرسیارەتی "لەبەر خاتری ئابڕووی خۆی، ناتەبایە لەگەڵ ئەرکی گشتی."( ٣٣٤) بێرکیش بە نۆرەی خۆی مەسەلەی ئەرک و بەرپرسیارەتیی یەکگرتوانەی خستە ڕوو. بەڵام لە ڕوانگەی ڕاکینگهام و ڕیچمۆندەوە، لەگەڵ ئەوەدا هەردووکیان بەرچاویان ڕوون و ڕێگەچارەکان دیار بوو ؛ لە هەر شوێنێک دوورەدیمەنەکەیان هیوابڕاوانە بەدی کردبا، یان پابەندبوونە سیاسییەکانیان بەلاوە گران بوایە، ئەرک و هەستی بەرپرسیارەتیی گشتی کاڵ دەبۆوە. لایەنگرەکانی ڕاکینگهام بەگوێرەی پێویست ئامادە نەبوون جگە لەوەیش بنەما باوەڕییەکانی خۆی و مەرجەکانی بۆ وەرگرتنی کار، لەمپەری بەردەمی ئەو بوون. والپۆل دەنووسێ، بەرهەڵستکارەکان "لە ڕادەبەدەر داهێزراو

بوونه."( ٣٣٥) هەل و دەرفەتەکە لەکیس چوو و وەزیرەکانی شا بە وتەی فاکس، "ئەگەرچی لە هەموو جێیەک و لای هەموو کەس بێزراون، دیسانیش هەر بە وەزیری دەمێننەوە."(٣٣٦)

دەسبەجێ وەفدێکی تازەی ئاشتی دەسنیشان کرا. سەرۆکەکەی، فرێدریک هاوارد، ئێرلی پێنجەمی کارلایل، لاوێکی دەوڵەمەند و مۆدگەرا و خاوەنی کۆشکە ڕازاوەکەی هاوارد بوو کە هەموو هونەرەکەی هەر ئەوە بوو زاوای لۆرد گاڤێر بێ.(٣٣٧) هاوکارەکانی ئەو دوو پیاوی شێلگیرتر و بەئەزموونتر بوون. چانستۆن قایمەقامەکەی جاران، کە یەکێک بوو لە بەرهەڵستکاران و ویلیام ئەیدن، سیاسەتڤانێکی کارامە، جێگری وەزراەتخانە، کارگێڕی بەشی زانیارییە نهێنییەکانی جەنگ، وەزیری پێشووی بازرگانی، کۆنەهاوڕێی سەردەمی قوتابخانەی کارلایل و هاوڕێی ڤێدێربێرن و جێرمین و خۆرت. پێکهاتەی ئەو گرووپە و ڕەوتی کارەکانی ئەو دەوڵەتی ڕایسپاردبوون، دەری دەخات، گەمژەییەکی سەرسووڕهێنەر و بەربڵاو بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵە.

ئەو وەفدە کە گەیشتە فیلادەلفیا، داوای کرد چاوی بە نوێنەرانی کۆنگرەی کیشوەری بکەوێ. وەڵام دراوە، دەکرێ گفتوگۆکە لە بارەی پاشەکشەی هێزەکانی بەریتانیا و بەفەرمی ناسینی سەربەخۆیی ئەمریکا بێ. قایمەقامەکەی جانستۆن، لەو دەمەدا هەوڵی دا بەرتیل بدات بە دوو ڕوخساری ناسراوی کۆنگرە واتە جۆزف رید و رابێرت مۆریس بۆ ئەوەی ئەوان کۆنگرە هان بدەن مەرجەکانی بەریتانیا قەبووڵ بکا. کە ئەو سووکایەتییە ئاشکرا بوو ئەمریکاییەکان ئەوەندەی تر لە دەوڵەتی بەریتانیا بێزار بوون و حەیاچوونێکی لێ کەوتەوە. کە جانستۆن لە وەفدەکە هاتە دەرێ؛ لەو جەنگەیەدا جێرمین بەبێ ئەوەی وەفدە نێردراوەکە ئاگادار بکاتەوە بەنهێنی فەرمانی بە سێر هێنری کلینتۆنی جێگری هاو دا، ٨٠٠٠ سەرباز بنێرێ بۆ هیندی ڕۆژهەڵات تا پێگەیان لەبەردەم فەڕەنسادا بەهێز و تۆکمە بێ. هەر بۆیە هێزەکانی ئەو لە فیلادەلفیا لە ١٤٠٠٠ کەسەوە بوون بە ٦٠٠٠ کەس و شارەکە بێ بەرگر مایەوە و ئەویش ناچار بوو ئەوێ بەجێ بێڵێ.

کارڵایل ناچار چووە نیویۆرک و لە عەیبەی مەسەلەکە و لە داخی ئەوەی کە جێرمین مەبەستەکەی خۆی بەو نەگوتبوو زۆر توورە بوو. دوورەدیمەنی زەبروزەنگی سەربازی تاقە چەکێک بوو کە دەکرا ئەمریکییەکان ملکەچی سازش بکا. ئێستا ئەو زەمانەتی جێبەجێکردنەش لەو ئەستێنرایەوە و ئەو وەک پڵینگێکی بێ ددانی لێهات. لە نامەیەکی تایبەتیدا نووسیی: " تەنانەت کرالاینی کچیشی دەیتوانی بە دەوڵەت بڵێ لە وەها بارودۆخێکدا وەفدی ئاشتی گاڵتەجارییە."(٣٣٩) وەختایەک دەتانەوێ دوژمن ناچار بکەن مل بۆ ڕێککەوتن ڕاکێشێ، بردنەدەرەوەی هێز لە گۆڕەپانەکەدا، گەمژەییەکی سەیروسەمەرەیە. ئەوەش دوایین کەرێتی و گەمژەیی نەبوو. لە یەکێک لە گەمە تاڵەکانی مێژوودا، ویلایەتە یەکگرتووەکان کە خۆی لە سایەی ئەو گەمژەییەدا لەدایک بیوو دووسەد ساڵ دواتر لە بەردەم دوژمنەکەیدا لە ڤێتنام تووشی ئەم گەمژەییە بۆوە و سزایەکی وەک ئەوەشی تووش بۆوە.

کارڵایل و هاوکارەکانی ئەوەندەی توانییان ڕواڵەتی ئەسپاردەکەی خۆیانیان پاراست و گوتیان ئیتر هانە و ئەنگیزەکانی شەڕ نەماون. باجی چا و قانوونە قورسەکانی دیکە لەناو چوون . "هەر چەشنە ماڵیاتێکی پە ڕلەمانی بەریتانیای مەزن" هەڵوەشێنراوەتەوە . نوێنەرایەتی لە پە ڕلەماندا بووەتە بەشێک لە پڕۆژەیاسای دانوستانەکان و کۆنگرەیش خۆی وەک مەکۆیەکی یاسایی ناسراوە. کۆنگرە هەرچۆنێک بێ خوازیاری بەفەرمی ناسینی سەربەخۆیی ئەمریکا بوو. ئەگینا هەروا لە ئیمزاکردنی گرێبەست و تەنانەت گفتوگۆیش ملی بادەدا. ئەندامەکانی وەفدەکە دوایین چەکی خۆیانیان بەکار هێنا. داوایان لە کۆچەرنشینەکان کرد کە لە دەرەوەی کۆنگرە و هەر کام بە جیا لەگەڵیان بکەونە دانوستان. بەو باوەڕەوە کە ئەمریکییەکان لە ناخی دڵیاندا حەزیان لێیە بچنەوە سەر وەفادارییەکەی پێشوویان. وەفدەکە لە ٣ی ئۆکتۆبەری ١٧٧٨دا ڕاگەیەنراوێکی بڵاو کردەوە و تێیدا پاش دووپاتەکردنەوەی بەڵێنی تاوتوێکردنی سکاڵا سەرەکییەکان و لێخۆشبوون لە هەموو ناپاکییەکانی بەر لەو ڕێکەوتە، دیسان هەڕەشەی تەمبێکردنی کردەوە و گوتی وەختێک وڵاتێک "خۆی و سەرچاوەکانی خۆی لە لای دوژمنەکانی ئێمە بە بارمتە دادەنێ..

بەریتانیا بۆی هەیە بە هەر ئامراز و کەرەستەیەکی لەبەردەستێتی ئەو پێوەندییە لەناو بەرێ و لەکاری بخات کە بۆ کاولکردنی ئەو ڕێک خراوە." (٣٤٠)

مەبەستی ڕاستەقینە لەو هەڕەشە، لە یەکەمین ڕەشنووسی کا ڕلایلدا بۆ ڕاگەیەنراوەکە هاتبوو. دەڵێ: لە ئاکامی "نەیار ی و خیانەتی" ئەمریکادا لە ساتوسەودا لەگەڵ فەرەنسا و مکوڕبوونی لەسەر بەردەوامیی ڕاپەڕین، ئیتر بەریتانیا هیچ چاری نییە جگە لەوەی "ئەوپەڕی زۆر و زەبروزەنگ بەکار بێنێ.. ئەویش لە ڕێگەی لەناوبردنی هەموو شتێکەوە" و لەکارهێنانی "ئەو شێوە سامناکە" ئەویش بەو پەڕی توا نای سوپا و هێزی دەریاییەوە.( ٢٤١) ئەو باوەڕی وا بوو کە ئەو بەڵگاندنە "کاریگەریی دەبێ." بەڵام دیارە پێشنیاری پێ کرا کە لەبز و دەموڕاوێژی نەرم و نیانتر بکاتەوە . هەندێ لەبەرگیراوەی ئەو ڕاگەیەنراوە نێردرا بۆ یەک بە یەکی نوێنەرانی کۆنگرەی کیشوەری، بۆ جۆرج واشینتۆن و هەموو فەرماندەکانی سوپا و هەموو قایمەقامەکان و پە ڕلەمانە خۆجێیەکان، قەشەی کلێساکان و فەرماندە هێزەکانی بەریتانیا و ئۆردوگای زیندانییەکان، بۆ ئەوەی هەمووان بیبینن.(٢٤٢)

تاڵانی بە ئانقەت و کاولکردنی خانووەکان و مڵک و ماڵ لە لایەن ئینگلیزییەکان و سەربازە بەکرێگیراوە ئەڵمانییەکان و ئاگردانی گوندەکان و لەناوبردنی کێڵگە و لەوەڕگە و دارستانەکان، ئەو بەڵا و نەهامەتییانە بوون کە پێشتر بەسەر هەموو کۆچەرنشینەکان هاتبوو. کەوابوو هەڕەشەی ئێستای هێزە لاوازکراوەکان ترسێکی ئەوتۆی نەنایەوە. کۆنگرە لەبری ئەوە بەرپرسانی ئەیالەتەکانی ئامۆژگاری کرد . دەقی ڕاگەیەنراوەکە لە هەموو بڵاڤۆکە خۆجێیەکاندا چاپ و بڵاو بکەنەوە ئەویش "بەبێ کەم و زیاد بۆ ئەوەی خەڵکە شەریفەکەی ئەو ئەیالەتانە گومانێکیان لە پلان و نەخشە شەیتانییەکانی وەفدەکە" نەمێنێ.

کۆمیسیۆنی ئاشتی بەپێی پلان یان لە ئاکامی ئەو هەڵانەی کردی، لە ماوەی شەش مانگدا تەواو شکستی خوارد و لە مانگی نۆڤەمبەردا گەڕاوە بۆ بەریتانیا.

لەڕاستیدا لەوانەشە هەر ویستبێتیان وەفدەکە سەر نەکەوێ. بەو جۆرە ئەیدن بۆ براکەی خۆی نووسی کە ئەگەر "ئاوات و ئارەزووەکانی من" وەدی بێن، "ئەم وڵاتە مەزنە زۆر ناخایەنێ جارێکی دیکەش دەبێتەوە بە هیی بەریتانیای مەزن." داخ و کەسەریش هەڵدەڕێژێ کە "ئەی خۆزگە دەسەڵاتدارەکانی ئێمە پاش تەواوکردنی خوێندنەکەیان، لەبری گەشت و سەیرانی ئەورووپا دەهاتنە دیتن و سەیرانی کەنار و ڕووبارەکانی بەری ڕۆژئاوای زەریای ئەتڵەس."( ٣٤٣) لە نامەیەکی تایبەتیشدا بۆ ڤێدێربێرن، ئەو دانپێدانانە سەیروسەمەرەیە دەنووسێتەوە کە "چما دەکرێ ئەوەی من توانیومە لەو وڵاتە بەشکۆیە ببینم یەکێک ببینێت و لە داخی ئەو هەمووە هەڵسوکەوتە خراپە و ئەو گشتە هەڵە و سەهووانەی ئێمە شێت نەبێت کە بوونە هۆی ئەوەی لەکیسی بدەین؟"(٣٤٤)

ئەوە نامەیەکی پڕ مانایە. یەکێک لە پیاوانی کۆڕەکانی نێو حکوومەت نەک هەر لەدەستچوونی کۆچەرنشینەکان پشتڕاست دەکاتەوە؛ بگرە دەشڵێ هەڵەی حکوومەتەکەی ئەم زیانەی لێ کەوتەوە. دانپێدانانی ئەیدن لایەنە جێی داخ و کەسەرەکەی گەمژەیی دەردەخات. واتە هەڵەڕەوەکانیش جاروبارە تێ دەگەن کە خەریکن هەڵە دەکەن؛ بەڵام ناتوانن چوارچێوەکە بشکێنن. جەنگی بێ ئاکام لەگەڵ ئەمریکادا چوار ساڵی دیکەشی خایاند و زیان و کاولبوون و قین وڕقی زیاتری بە دیاری هێنا. لە جەنگەی ئەو ساڵانەدا جۆرجی سێیەم بەهیچ لەونێ نەیدەتوانی شکست و بەزین بە زەینی خۆیدا بێنێ. خەڵک و پە ڕلەمان ڕۆژبەڕۆژ پتر لە شەڕ بێزار دەبوون . بەڵام پادشا هەروا لەسەر بەردەوامبوونەکەی پێداگر بوو . لەبەر ئەوەی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە لەدەستچوونی ئیمپراتۆری مایەی شەرمەزاری و تێداچوونە. جگە لەوەش ئەم بیرۆکەیە بڕستی لێ دەبڕی کە پەڵەی شوورەیی زیانەکە، هەتا هەتایە بە نێوچاوانی سەردەمی پادشایەتییەکەی ئەوەوە دەمێنێتەوە.

بەوەندەی دڵ بەم لاساری و مکوڕبوونە خۆش بوو کە ئەمریکییەکانیش زۆربەی جاران نوقمی کێشە و گرفتن ؛ بۆ وێنە کۆنگرە نەیدەتوانی بەبێ وەرگرتنی پارە لە ناوەند مووچەی ڕەشپێستەکان بدات یان پێداویستییەکانیان

دابین بکات کە ئاکامەکەی ئەوە بوو ؛ سەربازەکان ڕایان دەکرد و زستانێکی تاڵی دیکەی خراپتر لە "وەلی فۆرج"ی بەدوادا دەهات. بەشەخۆراکی نەفەرەکان گەیبووە یەک لەسەر هەشت و ئەوانی چەند جاران سەربزێوییان کردبوو. واشینگتۆن لە پیلان و فێڵە سیاسییەکان وەڕەز ببوو . تاقمەکانی لایەنگری بەریتانیا و هۆزە سوورپێستەکان بە شەڕ و پەلاماری لێرە و لەوێ بەڵام بێ بەزەییانەی خۆیان زۆریان بۆ هێنابوو ن. هەوڵدان بۆ پێوەندیگرتنەوە لەگەڵ هێزە دەریاییەکەی فەڕەنسا و گرتنەوەی دووبارەی نیوپۆرت، هیچی لێ شین نەببووەوە و هێزە بەریتانیاییەکانیش لە کارۆلینا بەتاو پێشڕەوییان کردبوو و چارلستۆن و هەندێ شوێنی دیکەیان گرتبۆوە. لە لایەکی دیکەوە قورسایی هێزی دەریایی و هێزی وشکانیی فەڕەنسا پێگەی واشنگتۆنی بەهێزتر کردبوو و هاوسەنگیی شەڕەکەی تێک دابوو.

باروون فۆن شتۆی بێن ( ٣٤٧) و ئەورووپاییە کارلێهاتووەکانی دیکەیش چوونە پاڵی و بە مەشق و ڕاهێنان ؛ ئەمریکییە چوارشانەکانیان کردبووە سەربازی ڕێک و بە دسیپلین. کۆنگرە لە ١٧٧٩دا جان ئادامزی ڕاسپارد کە بەپێی سەربەخۆیی ئەمریکا و پاشەکشەی تەواوی بەریتانیا دەست بکا بە دانوستانەکانی ئاشتی. بەڵام ئەو کارە هێشتا نەدەچووە ئەقڵی پادشا و وەزیرە توندڕۆکانییەوە.

بەو وەزیری یەکەمەوە کە لە کارەکەی خۆی بێزار بوو و خواخوای بوو تا زووە پشووی بدەنێ و ئیتر کاری بە کاری شەڕەوە نەبێ و بەو وەزیرێکی جەنگی وەک جێرمینەوە کە وەزیری یەکەم نە خۆشیی لێی دەهات و نە متمانەشی پێی بوو و خۆی تۆمەتبار و لە بەردەم لێپێچینەوەدا بوو . ئینگلیزییەکان بۆ سەرکەوتن زۆر تەیارو پڕچەک نەبوون و نەیاندەتوانی مشووری ستراتیژییەکی جەنگیی بێ کەمایەسی بخۆن و بیریان یەکسەر لای ئەوە بوو کە بەشکم هەندێ لە ئەیالەتەکانی بەری باشوور بۆ تاج و تەختەکەی بەریتانیا لەو گێچەڵی تێداچوونە ڕزگار بکەن و هەروا بەردەوام بن لەسەر جەنگە بێزارکەرەکە و تێکدانی بازرگانی هەتا کۆچەرنشینەکان ناچار بەچۆکدا دێن. فەرماندە و وەزیرەکان ـ هەموویان لەڕاستیدا جگە لە پادشا ــ دەیانزانی

ئەو خەون و خەیاڵە و بەچۆکداهێنانی ئەو وڵاتە بەوان ناکرێ. لەو باسوخواسەدا سەروسەکتی فەڕەنسییەکان لە دەریای مان ژدا دەرکەوتبوو. لۆرد ساندۆڤیچ هەڕوگیڤی دەنواند کە سیوپێنج کەشتیی ئامادە و پڕچەک و جەنگاوەری هەیە . بەڵام دەریاسالار کێپێل ئەو دەمەی فەڕەنسا هاتە نێو شەڕەکەوە، جگە لە شەش کەشتی کە "شیاوی پیاوە دەریاوانەکان بێ" و کۆمەڵێک تەعمیرگەی پڕ لە عەمباری بەتاڵ، هیچی دەست نەکەوت. شەڕەکەی قەراغ یوشانت لە جوونی ١٧٧٨دا کەسی لێ سەرنەکەوت . ئەگەرچی ئینگلیزییەکان خۆیان بەسەرکەوتوو لەقەڵەم دا و تۆزێک ورەی خۆیانیان بەرز کردەوە.

لە شەڕەکە خراپتر گۆڕانکارییە سیاسییەکانی نێو خۆی بەریتانیا بوو. ڕاپەڕینەکەی ئەمریکا بزووتنەوەیەکی ڕیفۆڕمخوازی سیاسیی لە هەموو وڵاتدا هەڵگیرساند. خەڵک داوایان کرد پە ڕلەمانەکان دەورەیی بن . هەموو پیاوێک مافی دەنگدانی هەبێت. هەرێمە ساختەکان نەمێنن و مووچەی ئەو کەسانە ببڕن کە هیچ پۆست و بەرپرسیارەتییەکیان نییە و قۆنتەرات و پەیمانکار(مقاول) ێ بە نوێنەرانی پەڕلەمان نەدرێت. هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٧٧٩ گرووپەکانی تێک بەردا و زویربوون و دڵئێشانی زۆری لێ کەوتەوە و زۆرینەی دەوڵەتی کەم کردەوە. دەنگی نارەزایەتیی خەڵک بۆ ڕاگرتنی مووچە و مانگانەکان هەتا جێبەجێکرانی ڕیفۆڕمەکان لە سکاڵانامەکەی فێبریوەری ١٧٨٠ی یۆرکشێردا گەیشتە لووتکە.(٣٤٨) لێشاوی ئەو سکاڵانامانە لە ٢٨ ویلایەتی دیکە و زۆربەی شارەکانەوە بەرەو پەڕلەمان هات. ئەنجوومەنگەلی هەمیشەیی ڕیفۆڕم سەریان هەڵدا. لە سەردەمی لۆرت بیوتەوە، هەمووان پادشایان بە پەرەپێدەری حکوومەتی ڕەها و بێسنوور لەقەڵەم دەدا. بڕیارنامە پێشنیارکراوە ئازایانەکەی دانینک کە دەیگوت: "دەسەڵاتی پادشا زۆر بووە و زۆرتریش دەبێ و دەبێ کەم بکرێتەوە" بە زۆرینەیەکی کەم پەسند کرا و زۆربەی نوێنەرانی خاوەن ملکە شارنشینەکان دەنگی ئەرێیان پێدا. (٣٤٩)

له مانگی جووندا له دژکردەوە ی بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی هەندێ له یاساکانی سزادانی دژەکاس ۆلیکی و دنەدانی شێتانەی لۆرد جۆرج گۆردن ، (٣٥٠) هەرچی و پەرچی کۆ بوونەوە و دەستیان کرد بە سەرهەڵدانی سامناک. له نێو هەرا و قریوەی "پاپامان ناوێ"دا و داوای هەڵوەشاندنەوەی یاسای کێبێک ، پەلاماری وەزیرەکانیان دا و کڵاوباڕۆکەیان لێ تیتۆڵ تیتۆڵ کردن و هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکانیان و چییان دەست کەوت تالانیان کرد . کلێسا کاسۆلیکییەکانیان سووتاند و پەلاماری بانکی ناوەندیی بەریتانیایان دا و سێ ڕۆژی ڕەبەق، ترس و لەرزیان خستە دڵی شارەکە . هەتا ئاخرییەکەی سوپا بەسەر دۆخەکەدا زاڵ بووە.

ئەو ڕووداوانە پەرەی بە بێزاری و نەفرەت له جەنگ و دەوڵەت دا و کۆمەڵێک گیروگرفتی دیکەش سەریان هەڵدا. ئیسپانیا شەڕی دژی بەریتانیا ی ڕاگەیاند . هۆڵەندا هاتە پشتیوانیی کۆچەرنشینە ڕاپەڕیوەکان . ڕووسیا نارەزایەتیی خۆی له گەمارۆی دەریایی ئەمریکا له لایەن بەریتانیاوە دەربڕی و جەنگەکەش وردەوردە و بەبێ ئەنجام هەر بەردەام بوو.

له مانگی مای ١٧٨١دا لۆرد کۆرنوالیس، فەرماندەی باشوور بۆ توندوتۆڵکردنی بەرەکەی خۆی کارۆلینای باشووری بەجێهێشت و بەرەو ڤێرجینیا کەوتە ڕێ و له یۆرک تاون له دەم دەریا و له گەرووی کەنداوی چساپێک بنکەیەکی دروست کرد. لێرەوە دەیتوانی له ڕێگەی دەریاوە پێوەندی بە هێزەکانی کلینتۆنەوە له نیویۆرک بگرێ. هێزە بەریتانییەکانی دیکەش چوونە پاڵی و ژومارەی هێزەکەی گەیشتە ٧٥٠٠ کەس. واشینگتۆن کە لەو دەمەدا له کەناری هادسۆن سەقامگیر ببوو له سای ئەو هێزە فەڕەنسییانەی له ڕۆدئایلەندەوە بە فەرماندەیی کۆنت دو ڕۆشامبۆ نێردرابوون، بەهێز بوو و پلانی پەلامار بۆ سەر نیویۆرکی داڕشت. ئەم جارە پەیامێک لەلایەن دەریاسالار دۆگراس له هیندەوە هات کە ئەو بە کەشتی و بە ٣٠٠٠ سەربازی فەڕەنسییەوە بەرەو کەنداوی چساپێک کەوتووەتە ڕێ و له کۆتایی مانگی

ئۆگۆستدا دەگاتە شوێنی مەبەست. واشینگتۆن و رۆشامبۆ بایان داوە و بەرەو ڤێرجینیا کەوتنە رێ و لە سەرەتای سێپتەمبەردا گەیشتنە ئەوێ و کۆرنوالیسیان لە ڕێگەی وشکانییەوە گەمارۆ دا.

لەو جەنگەیەدا یەکەیەکی هێزی دەریایی بەریتانیا لە دەوروبەری کەنداوی چساپێک بەرەنگاری دوگۆراس بووەوە و پاش زەبروەشاندن لە یەکتری، بۆ سارێژکردنەوە و قەرەبووی زیانەکانیان گەڕانەوە نیویۆرک و فەڕەنسییەکان بەسەر ئاوەکانی یۆرک تاوندا زاڵ بوون.

کۆرنوالیس لە ڕێگەی وشکانی و دەریاوە گەمارۆ درابوو. ئەو هەوڵی دا لە ڕێگەی ڕووباری یۆرکەوە بە گەمی(قایق)ی سەوڵ یی ڕا بکا. بەڵام تۆفانێک هەڵیکرد و سەر نەکەوت. تاقە هیوای ئەو گەڕانەوەی هێزەدەریاییەکەی بەریتانیا لە نیویۆرکەوە بوو بە هێزی پشتیوانەوە. ئەویش باسوخەبەری نەبوو. هێزی هاوپەیمان بە ٩٠٠٠ ئەمریکی و نزیکەی ٨٠٠٠ فەڕەنسییەوە دژی چاکەت سوورەکانی یۆرک تاون پێشڕەوییان کرد. کۆرنوالیس لە چاوەڕوانیی یارمەتی و پشتیوانیدا وردە وردە سپاکەی خۆی کشاندەوە و گەمارۆدەرەکانیش جار بە جار هاتنە پێشتر. پاش سێ حەفتە ئیتر بەریتانییەکان هیوایەکیان نەما. لە ١٧ی ئۆکتۆبەی ١٧٨١دا، ڕێک چوار ساڵ پاش ساراتۆگا کۆرنوالیس لە سەر مێزی دانوستانی خۆبەدەستەوەدان دانیشت و دوو ڕۆژ دواتر لە ڕێوڕەسمێکی مێژووییدا، لەشکرەکەی وی چەکیان دانا و کۆرسی میوزیک وەک هەمووان دەزانن ئاوازێکی لێ دا بە ناوی "جیهان ژێروژوور بووە". ئەو کەشتییە دەریاییەی هێزەکەی کلینتۆنی لە نیویۆرکەوە دەهێنا پێنج ڕۆژ دواتر گەیشتێ بەڵام ئیتر درەنگ ببوو.

لۆرت نۆرت کە لە ٢٥ی نۆڤەمبەردا هەواڵەکەی بیست، هاواری کرد "خوایە ئیتر تەواو."

ئەوە بێگومان هاواری حەسانەوە و ئاسوودەیی بوو. هەمووان بڵێی و نەڵێی لەو ساتەدا نەیانزانی کار لە کار ترازاوە . بەڵام شەکەتیی شەڕێکی بێ سەرکەوتن و داوای کۆتاییهێنان بە شەڕ، وردە وردە گەیشتە گوێی پادشاش.

پێشنیارە پەیتاپەیتاکانی بەرهەڵستکاران بۆ کۆتاییهێنان بە دوژمنایەتی وردە وردە لایەنگری زیاتری بۆ پەیدا بوو و دەرەبەگە لادێیەکان لە ترسیماڵیات و باجی زیاتر، لە بازنەی دەوڵەت هاتنە دەرێ. لە دیسەمبەردا ۱۷۸ دەنگی ئەرێ بە پێشنیارێکی دژە شەڕ درا. ژەنەڕاڵ کانۆڤیی ئازادبیر لە فێبریوەری ۱۷۸۲دا بابەتەکەی بڕییەوە. لە ڕووداوەکەی یاسای پووڵدا، ئەو یەکەم کەسێک بوو کە پێشبینیی کرد کە ئەو ڕێگەیەی دەوڵەت گرتوویەتە بەر، "ئاکامی کارەساتبار"ی بەدواوەیە و ئێستاش ئەوە ئەو بوو کە زەنگی ئەو ئاکامەی زرینگاندەوە. لە پێشنیارەکەی خۆیدا بە پە ڕلەمانی گوت: "لەوە زیاتر ناتوانین لە ئەمریکای باکووردا بەمەبەستی ملکەچکردنی خەڵکەکەی ئەوێ، درێژە بە شەڕ بدەین ؛ چونکە ئەو کارە جێبەجێ نابێ ." لە پشتڕاستکردنەوەی قسەکانیدا لە دەموڕاوێژێکی ئەوەندە کاریگەر و ڕەوان‌دا کە دەگمەن کەسێک شتی وا ی بیستبوو؛ هەمووانی وا هەژاند کە نوێنەران هەتا سنووری بەزاندن و شکاندنی زۆرینە چوونە پێش. دەنگی کۆتایی ۱۹٤ بە ۱۹۳ بوو. دواجار بەرهەڵستکاران بۆنی دەسەڵاتیان بەسەردا هات . بۆیە یەک دەنگ بوون و پەلاماری پاڵپشتە لەرزۆکەکەی دەوڵەتیان دا. پێشنیاری متمانەستاندنەوە یەک لە دوای یەک خرانە ڕوو. بەڵام لووتکەی کێشمەکێشەکان هەر پێشنیارەکەی کانۆڤێ بوو و لەمەودوا دەوڵەت خۆی ئەوەندە کۆ کردەوە کە بتوانێ بەسەرپێوە ڕاوەستێ.(۳٥۱)

لۆرد نۆرت کە هێشتاش بەپێداگری پادشا لەسەر کار بوو لەو کاتەدا بە مەبەستی جەنگ داوای قەرزێکی زەبەلاحی دیکەی لە پە ڕلەمان کرد. پەڕلەمان ئاخری وەدەنگ هات و زۆرینەی دەوڵەت بەزی. پادشا لەوپەڕی داماویدا، ڕەشنووسی پەیامی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ئامادە کرد ؛ ئەگەرچی نەیخستە ڕوو. (۳٥۲) لە پەیامەکەدا هاتبوو کە گۆڕانی هەستەکان لە پەڕلەمانی عەوامدا، نەهێشتووە بەشێوەیەکی کاریگەر شەڕەکە بەرێوە بەرێ و پەیمانێکی ئاشتی ببەستێ کە "بازرگانی و مافە سەرەکییەکانی

میللەتی بەریتانیا" بپارێزێ. شا وەفاداریی خۆی بە دەستوور دەردەبڕی بەڵام ئەو ڕاستییەی پشتگوێ دەخست کە دەستوور داوای لێ دەکرد . یان ملکەچی دەنگی پەڕلەمان بێ یان بچێتە لاوە.

لە مانگی مارسدا، بن پێی دەوڵەت بۆشتر بۆوە. گەلاڵەیەکی بەبێ دەنگدانی فەرمی لە ٤ی مانگی مارسدا پەسند کرا کە ڕێگەی بە دەوڵەت دەدا ئاشتی سەقامگیر بکا.لە ٨ی مارسدا، دەوڵەت تەنیا بە دە دەنگەوە لە لێسختن قوتار بوو. لە ١٥ی مارسدا، لە دەنگدانی متمانەئەستاندنەوە لە وەزیرەکان ــ ئەو وەزیرانەی ١٠٠٠٠٠٠٠٠ لیرەیان خەرج کردبوو بۆ ئەوەی سێزدە کۆچەرنشین لە دەست بدەن ــ زۆرینە هاتە سەر نۆ کەس . لەگەڵ ئەوەشدا هۆشداریی درا کە دوو پێشنیاری متمانەئەستاندنەوەی دیکەیش بەڕێگەوەن. بەر لەمە لۆرد نۆرت لێبڕاوانە بە پادشای گوتبوو کە ناچارە بڕوات و لە ٢٠ی مارسدا، خۆی و کابینەکەی بە کردەوە دەستیان لەکار کێشا یەوە و پێشی بە تاقیکردنەوەی متمانەئەستاندنەوەیەکی دی گرت. لە ٢٧ی مارسدا، دەوڵەتێکی تازە بە سەرۆکایەتیی ڕاکینگهام هاتە سەر کار. شێلبێرن و فاکس دوو وەزیری مەزن بوون و پۆستەکانی دیکە بە کەمدێن و ڕیچمۆند و گڕافتۆن و دانینگ و دەریاسالار کێپێل ئەسپێردران. ژەنەڕاڵ کانۆڤێ، فەرماندەی گشتیی هێزەکان و بێرک و بارێ، هەرکام دەسەڵاتداری سوپا و هێزی دەریایی بوون.

ئەوانە هەمووان پێشتر لە کەمینەدا بوون و لایەنگری ئەمریکا بوون . بەڵام بەریتانیا تەنانەت ئەو دەمەش کە خەڵکێکی ئاوا خاوەن پێشینەی لایەنگرییش جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت هەر نەیتوانی بەچاکە و گەورەییەوە وەک میللەتێکی سەربەخۆ لە کۆچەرنشینەکانی خۆی بڕوانێ. هیچ وەزیر یان لۆرد و تەنانەت نوێنەرێکی پەڕلەمان یان جێگری وەزارەتخانەیەکیش ڕانەسپێردرا بۆ دانوستانی ئاشتی. تاقە نێردەیەکی کە نێردرایە پاریس بۆ ئەوەی لەوێ وتووێژە بەراییەکان لەگەڵ فڕانکلین دامەزرێنێ، بازرگانێکی سەرکەوتوو بوو بەناوی ڕیچارد ئازوالد کە کاری قۆنتەراتی بۆ سوپای

بەریتانیا دەکرد.(٣٥٣) ئەو کابرایە یەکێک بوو لە دۆستەکانی ئادام سمیت و ئەو ناردبوویە لای شێلبێرن و لەو ماوەیەدا، بەبێ هیچ وەفدێکی فەرمی یان هەرچەشنە پشت و پەنایەک، هەر خۆی بەتەنێ دانوستانکەر بوو.

ڕاکینگهام لە جوولای ١٧٨٢ـدا لەناکاو مرد و شێلبێرن لەبری ئەو بوو بە وەزیری یەکەم و خۆی بوارد لەوەی ڕاشکاوانە و لێبڕاوانە سەربەخۆیی ئەمریکا بەفەرمی بناسێ. ئەو کەوتبووەوە بیر "فدراسیۆن" . بەڵام ئیتر درەنگ ببوو و ئەو جۆرە سیاسەتبازییانە کە لەوانەیە سەردەمانێک بەکاری بەریتانیا ها ىتوایە، ئیتر بەکار نەدەهات. ئەمریکییەکان پێداگربوون لەسەر ئەوەی لە پێشەکیی گرێبەستەکەدا؛ بێ ئەملاوئەولا سەربەخۆییەکەیان بەفەرمی بناسێنرێ و هەر واش بوو. دانوستانە فەرمییەکان لەگەڵ ف ڕانکلین، ئەدامز، لارێنس و جۆن جی، پاش ماوەیەک گنخان . لە مانگی سێپتەمبەردا دەستیان پێ کرد و پەیمانی پاریس لە نۆڤەمبەردا بەسترا کە لە جانیوەری١٧٨٣ـدا جێبەجێ بکرێ.

دواپین قسەی پادشاش هیچ ئاسەوارێکی گەورەیی و لێوەشاوەیی پێوە دیار نەبوو. بۆ لۆرد شێلبێرنی نووسیی :" لە بارەی جیابوونەوەی ئەمریکا لەم ئیمپراتۆرییە بەوەندە دڵخۆشە کە خەڵکەکەی ئەوەندە هیچوپووچن لەوانەیە دواجار زۆریش خراپ نەبێ کە پادشاییەکەی ئێمە هەر نەناسن."(٣٥٤)

کورتی ببڕینەوە: گەمژەیی بەریتانییەکان هێندەی سەرەڕۆیی پاپاکان نەبوو. وەزیرە ئینگلیزییەکان گوێیان لەو ناڕەزایەتییانە دەبوو کە ڕۆژبەڕۆژ پتر دەبوون و نەشیان دەتوانی گوێیان لێ نەبێ ؛ لەبەر ئەوەی ببووە بنێشتەخۆشکەی سەر زاری هاوشانەکانیان و لە هەر مناقشە و مشتومڕێکدا لە گوێیاندا دەزرینگایەوە و لە پشێوییەکەی خەڵک و نەڕەنەڕی هەرچی و پەرچییە چاوقایمانە ئازاری دەدان. بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرینەی پە ڕلەمان بوون، زۆریان گوێ نەدەدایە و بەهەندیان وەرنەدەگرت . کەچی نیگەران بوون نەکا زۆرینە لەدەست بدەن . کەوابوو بۆ پاراستنەکەی ملی خۆیان دەشکاند و خەرجی زەبەلاحیان بۆ دەکرد و نەشیاندەتوانی وەک پاپاکان دڵی خۆیان بەو

ساویر و وەهمە خۆش بکەن کە ئەوان لە زیان پارێزراون. تاوانەکەیان تەماح و چاوبرسێتی نەبوو ئەگەرچی وەک زۆربەی بنیادەمەکان کۆیلەی زێدەخوازی بوون. تاسە و حەزی کۆکردنەوەی ماڵ و سامان، زەین و مێشکی ئەوانی داگیر نەکردبوو ؛ لەبەر ئەوەی خوویان بە ماڵ و سامانەوە نەگرتبوو و زۆربەیان لە نازونیعمەتدا لەدایک ببوون.

ئامانج و مەبەستیان هەر پاراستنی دەسەڵات بوو. هەر بۆیە پێداگرییەکەیان لەسەر مافی دانانی ماڵیات، زۆریش بێجێ نەبوو. بەڵام پێداگرتنەوە لەسەر "مافێکی کە ناتوانی بیچەسپێنی ؛ سەرەڕای هەبوونی بەڵگەی زۆریش ــ کە وەها هەوڵێک، پووچەڵکەرەوەی هاوپەیمانیی خۆبەخشانەی کۆچەرنشینەکانە ـــ گەمژەییە. جگە لەوەش، کێشەکە پتر لەسەر شێوازی کار بوو نەک هانە و ئەنگیزە. سیاسەتدارشتن ڕۆژبەڕۆژ نەشیاوتر و بێ کاریگەریتر و زۆریش دنەدەر و وروژێنەرتر بوو. مەسەلەکە دواجار شێوەی ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵسوکەوت بوو.

هەڵوێستی ئینگلیزییەکان هەست و کەفوکولێکی قووڵ و لەشکاننەهاتووی سەروەری بوو. وەها هەستێک، کونجکۆڵی ناهێڵێتەوە و ناتێگەیشتن(جەهالەت) لە جیهان و خەڵکی بەدوودا دێ. دەوڵەتەکانی گرێنویل، ڕاکینگهام، چاتام ـ گرافتۆن و نۆرت دە ساڵی ڕەبەق ڕۆژبەڕۆژ پتر ملیان لەبەر ملی کۆچەرنشینەکان نا . بەبێ ئەوەی هیچ کامەیان نوێنەرێک، وەزیرێکیش نا، بنێرێتە ئەوبەری زەریا بەشکم کۆمەڵێک دۆست و ئاشنا بدۆزێتەوە کە لەگەڵیان بکەوێتە دانوستان و بزانێ چ شتێکە وا پێوەندییەکانی شێواندووە و تەنانەت خستوونیەتە مەترسیشەوە و چۆن دەکرێ دۆخەکە باشتر جڵەو بکەن؟ ئەوان ئەمریکییەکانیان بەهیچ دانەنا. هەر بەچاوی کۆمەڵێک هەرچی و پەرچی و بەرەڵا لە ئەمریکییەکانیان دەڕوانی و لە باشترین ڕوانیندا وەک کۆمەڵێک منداڵی هەژاری نزم سەیریان دەکردن و هەڵسوکەوتی یەکسان ــ تەنانەت جەنگی یەکسانیش ــیان لەگەڵ ئەوانەدا هەر بەزەینیشدا نەدەهات. لە

هەموو نووسینەکانیاندا ئینگلیزییەکان بە کەمایەسییان دەزانی بە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی بەرامبەریان بڵێن ژەنە ڕاڵ واشینگتۆن و بەو نازناوە بانگی بکەن و تەنیا دەیانگوت بەڕێز واشینگتۆن. ویلیان ئیدەن بەداخ و کەسەرەوە بوو کە بۆچی "دەسەڵاتدارانی ئێمە" کە لەخوێندن دەبنەوە، لەبری چوونە سەیران بۆ ئەورووپا، نایەنە سەیرانی ئەمریکا ئەویش نەک بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵکەکە باشتر بێ ؛ بەڵکو بەو خەیاڵەی کە بینینی مەزنیی ئەو وڵاتە وایان لێ بکا لەسەر پاراستنەکەی مکوڕتر بن.

ئەمریکییەکان کۆچەر و خەڵکی وڵاتێکی وەها بوون وەک ڕۆح و گیانی پێویست کە نەبوونەکەی نەمانی بەدواوە دەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا دیوارە بەرزەکەی سەروەریی بەریتانییەکان، نەیدەهێشت ئەو ڕاستییە ببینن و بووە هۆی ئەوەی کارەساتەکە بەهەند وەرنەگرن و بڵێن چ نییە. جۆن ئادامز، لە جەنگەی دانوستانەکانی ئاشتیدا ئەو حەقیقەتەی بەچاوی خۆی دیت و نووسیی: "لووتبەرزی و خۆپەرستیی ئەو میللەتە جۆرێک نەخۆشینە . جۆرە وڕێنەیەکە و خۆیان و خەڵکیش ئەوەندەیان پەرە پێ داوە و زێدەڕۆییان کردەوە کە ئیتر هەرچی هەیە چەواشە دەکرێ.(٣٥٥)

حکوومەت شیاوی دەسەڵاتدارێتی نەبوو. ئەوەش نەک بڵێ بە ئانقەست و بە ویست، بگرە لە گەمژەیی و بێ ئاوەزیی سیستەمەوە بوو . سیستەمێک کە ئەگەر یەکێکی کارلێهاتووی سەرۆک نەبوایە زۆر ناسک و بەرزەفەر* دەبوو. پیت لە لووتکەی گەشە و هەڵدانیدا، سەرکەوتنی بەریتانیای لە شەڕە حەوت ساڵەکەدا، دەستەبەر کرد و کورەکەی زۆر کاریگەرانە لە هەمبەر ناپلیۆندا، جڵەوی دەسەڵاتی راگرت. لە نێوان ئەو دووانەدا، حکوومەتێکی کەنفت و داماو دەستاو دەستی کردە و هەر جارەی گووکارییەکی دەکرد. دووکەکان و لۆردەکان و دەرەبەگی سەردەمی پادشایەتیی جۆرجی سێیەم، دڵیان زۆر لەسەر بەرپرسیارەتی و پۆستی حکوومی نەبوو.

---

*بەرزەفەر: زەفەر پێبردن، واتە زەبر لێوەشاندن. بەرزەفەر: واتە شتێک کە بکرێ زەبری لێ بوەشێنی. زیانهەڵگر خەسار هەلگر. ناسک.

وەزعەکە تەنانەت  بۆ بلیمەتەکان دژوار و ئەستەم بوو چ بگا بە کەسێکی وەک گرافتۆن . بەو هەمووە خۆبواردن و پێناخۆشبوون و هەستکردن بە لێنەهاتوویی و بەشداربوونی حەفتەی جارێک لە کۆبوونەوی کابینەی دەوڵەتدا، یان تاونزەند بەو چاونەترسییانەوە، یان هیلزباروو بە گەمژەیی لووتبەرزانەوە، یان ساندۆڤیچ، نورتینگتۆن، یان ویمۆت و ئەوانی دیکە بە قومار و مەیخواردنەوەیان، یان جێرمین بە لووتبەرزی و لێنەهاتوویەکەیەوە، یان ڕیچمۆند و  ڕاکینگهام بە دوورەپەرێزییەکەیان و خولیای     ڕابواردنەکانی دەرەوەی شاریان، یان لۆرت نۆرتی چارەڕەش بەو هەمووە بێزراوییەی لە کارەکەی ـ کە دیارە هەر هەموویان یەک لە یەک زیاتر کارەکەیان خراپتر کرد. لەسەر یەک، ئاستی تێگەیشتوویی و کارامەیی بەریتانیا نەک لە هەموو بوارەکاندا، لە بواری کاروباری ئیداریی وڵات و سەربازییەوە لە ماوەی ١٧٦٣ تا   ١٧٨٣دا زۆر زۆر نزم بوو. بەڵام تەواو دیار نییە کە ئەو دۆخە، لە بەدبەختی و نەگبەتی بوو یان سایەی دەورەدرانی بەرپرسە بڕیاردەرەکان، بە سەرمایەداری زەبەلاح؟ دیارە هەژارەکان و چینی مامناوەندیش زۆربەی جاران باشتر ناجووڵێنەوە. ئەوەی مسۆگەرە ئەوەیە کە هەر کاتێک لێنەهاتوویی و بێمشووری و کەمتەرخەمی دەست بدەنە دەستی یەک، چ شتێک خراپە ئەوەی لێ دەکەوێتەوە.

دواجار دەگەینە "وەباڵە سامناکەکە"ی شە  ڕەف و ئابڕوو و دانانی بەها و نرخێکی درۆیین لەسەر ئەو دووانە، بەهەڵە تێگەیشتن لێیان لەبری سوود و قازانجی خۆت و قوربانیکردنی ئەو شتانەی دەبن و دەلوێن لە میحرابی بنەماکاندا، ئەویش ئەو بنەمایانەی چاودێرن بەسەر "مافێکدا کە لێتان سوورە ناتوانن بیچەسپێنن."

لۆرد سترفیلد لە ساڵی ١٧٦٥دا ئەو قسەیەی کرد و بێرک و ئەوانی دیکەش پەیتاپەیتا لەبری بەکارهێنانی هێزێکی ناتەواودا، داوایان کرد بیر لە بەرژەوەندی بکرێتەوە و ئیتر دەبێ چاوپۆشیی بەریتانیا لەو   ڕاستییانە ناو بنێین"گەمژەیی". بەرپرسان و بڕیاردەران لە پێناوی ئامانجێکدا کە ئاکامەکەی چ

به بردنەوە و چ بە دۆڕاندن کە زیانی هەبوو لە پێشدا لاسارییان کرد و مکوڕ بوون و دواتریش دەستیان کرد بە شەڕ. بە قازانجی بەریتانیا بوو کە کۆچەرنشینەکان بە لێکتێگەیشتن ڕاگرێ و بیانپارێزێ . بەتایبەتی کە خۆیان ئەوەیان بە مایەی خۆشبژێوی و سامانی بەریتانیا دەزانی و ئەگەر ئەو شتە گرینگەش لەگەڵ سەروەریی دەزگای یاسادانانەدا ناتەبا بوو هەر وەک زۆر کەس پێشنیاریان کرد ؛ دەبوایە سەروەرییەکەی پەرلەمان ڕاگیرابا. ڕاکینگهام سەردەمانێک گوتی: دەکرێ لە ڕێگەی جۆرە "پەیمانێکی هێمایی"یەوە و بە "ناڕوونهێشتنەوە"ی زۆر خاڵان ، "پێکهاتن و ئاشتی" دەستەبەر بکەین.(٣٥٦)

ئەگەرچی شەڕ و سەرشۆڕی، ماوەیەکی زۆر پێوەندییەکانی نێوان بەریتانیا و ئەمریکای ژەهراوی کرد، بەریتانیا لە ئەزموونەکەی خۆی لە ئەمریکادا زۆر شت فێر بوو. پەنجا ساڵ دواتر، پاش ماوەیەک پێوەندییەکی دژوار و ئەستەم لەگەڵ کەنەدا، بەدوای ڕاپۆرتەکەی دارام(٣٥٧)دا، ئەو وڵاتەی وردە وردە بردە ڕیزی وڵاتە هاوبەرژەوەندەکانەوە و بەریتانیا تێگەیشت کە هەر خەت و نیشان و ڕێوشوێنێکی دیکەیان بۆ بکێشێ ڕاپەڕینەکەی ئەمریکا دووپاتە دەبێتەوە. ئەو پرسیارەی هیچ کات دەستمان لێ هەڵناگرێ ئەوەیە کە ئەگەر وەزیرەکانی جۆرجی سێیەم، جگە لەوانە کەسی دی بوایەن، ئاخۆ دەکرا هاوپەیمانەتییەکی هاوشێوە لە نێو ئەمریکا و بەریتانیادا هەبێ وئەگەر وا بوایە ئەی دەسەڵاتێکی زۆر زۆر مەزن لە هەردوو بەری زەریای ئەتڵەسدا دروست نەدەبوو؟ دەسەڵاتێکی ئەوەندە گەورە کە جیهانی لە جەنگە مەزنەکەی ١٩١٤ - ١٩١٨ و ئاکامە بێبڕاوەکانی ڕزگار کردبا؟

دەڵێن ئەگەر پاڵەوانەکەی هاملێت و ئەتێللۆ لە جێی یەکتری بوایەن، ئیتر ئاسەوارێک لە تراژێدیا نەدەما هاملێت دەسبەجێ گەوهەری "یاگۆ"ی دەناسی و ئەتێللۆش دەسبەجێ شا کلادیۆسی دەکوشت و نەیدەگنخاند.( ٣٥٨) بەو جۆرە ئەگەر گەمەکەرانی گۆڕەپانی سیاسیی بەریتانیاش بەر لە ١٧٧٥ و پاش ئەوە کەسانی دیکە بوایەن، لەوانەبوو سیاسەتمەداریی جێگەی گەمژەیی گرتباوە و ئاکامگەلێکی دیکەی ئەوتۆی لێ کەوتبایەوە کە هەتا ئێستاش هەر بەردەوام بوایە. ئەو گریمانانە دڵڕفێنن بەڵام مێژوو واقیعی دەسەڵات دروستی دەکات.

نەبوونی زانیاری هیچ ڕۆڵێکی لە جموجۆڵەکانی ئەمریکا لە ڤێتنامدا نەبوو کە لە ماوەی سەرۆکایەتیی پێنج سەرکۆماردا بێپسانەوە بەردەوام بوو؛ ئەگەرچی دواتر کرا بە پاساو و بیانوو. لەوانەیە ئەو وڵاتە و کولتوورەکەیان نەناسیبێ بەڵام هێما دژ و ناتەباکان و تەنانەت کۆسپەکانی سەر ڕێی وەدیهاتنی ئامانجەکانی سیاسەتی ئەمریکا لە کەس شاراوە نەبوون. ئەو دۆخ و هۆکارانەی ڕێگەیان لە ئاکامی سەرکەوتووانەی ڕووداوەکە دەگرت . هەر هەمووی لە ماوەی سی ساڵ شەڕی ئێمەدا لەوێ بەردەوام بەدی یان پێشبینی دەکرا. خۆتێهەڵقورتاندنەکەی ئەمریکا، چوونەپێشی هەنگاو بەهەنگاو بوو لە زەلکاوێکی نەناسراودا.

سیاسەتداڕێژەرەکان هیچ کات لە مەترسی و کێشە و گرفت و کۆسپ و لەمپەرەکان و گۆڕانکارییە خراپەکان بێئاگا نەبوون. سەرچاوەکانی زانیاریی ئەمریکا بەگوێرەی پێویست هەواڵیان دەدا . بەردەوام بۆچوونی ئەو کەسانە دهات کە شارەزای شەڕگەکە بوون. وەفدەکانی تایبەتی لێکۆڵینەوە یەک لە دوای یەک دەچوونە شوێنەکە و ڕاپۆرتگەلی سەربەخۆ بۆ پووچەڵکردنەوەی گەشبینیی شارەزایانە ــ هەرکاتێک لەو گەشبینییانە زاڵ دەبوو ـ گەلێ زۆر بوون. گەمژەیی لە ڤێتنام، لەوەدا نەبوو کە بەبێ زانیاری بەشوێن ئامانجێکەوە بن . گەمژەیی لە پێداگرتندا بوو لە درێژەدانی ئەو ڕێگەیە سەرەڕای ئەو هەمووە بەڵگەیەی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبوون لەسەر ئەوەی کە ئەو ئامانجە دەستەبەر نابێ و ئاکامی ئەو هەوڵانە نەک لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا یەک ناگرێتەوە ؛ بگرە زیانیشی دەبێت بۆ کۆمەڵ و ئابڕووی ئەمریکا و دەسەڵاتە بەبرەوەکەی لە جیهاندا.

پرسیارێک کە قوت دەبێتەوە ئەوەیە، کە باشە بۆچی سیاسەتداڕێژەران بەڵگە و ئاکامی کارەکەیان بەهەند نەگرت؟ خۆبواردن لە وەرگرتنی دەرەنجام

لە بەڵگە و هێماکان و خووگرتن بە کار و هەوڵی بێئاکام نیشانە کلاسیکەکەی گەمژەییە. جا ڕەنگە "بۆچی"یەکەی ئەو خۆبواردن و ئەم خووپێوەگرتنە لە پێداچوونەوە بە ڕێبازی ئەمریکا لە ڤێتنامدا دەر بکەوێ. (واتە، لەوانەیە ئەگەر ڕێوشوێن و ڕێبازی ئەمریکا لە ڤێتنام شی بکەینەوە، ئیتر بزانین هۆکاری ئەو خۆبواردن و خووگرتنە چ بێ. "و.ک").

بڕیاری بەرایی سەرکۆمار ڕۆزڤێلت ئەوە بوو ڕێگە نەدات حکوومەتی کۆلۆنیالیستی فەڕەنسا بگەڕێتەوە هیندوچین و لێبڕاوانە یارمەتیی ئەو ڕەوتە بدا. بەڵام ئەو لە دوایەمین مانگەکانی دووەمین جەنگی جیهانیدا، بۆچوونەکەی خۆی گۆڕی و هەر ئەوەش بوو بە سەرەتای ڕووداوەکە. ئەو لەبەر دوو شت بۆچوونەکەی خۆی گۆڕی . یەکەم- وەڵامدانەوە بە داخوازی پێداگرانەی فەڕەنسا و لەبەرچاوگرتنی سووکبوونەکەی ئەو وڵاتە بەهۆی داگیرکاریی ئەڵمانییەکانەوە. دووەم- ئەو باوەڕەی کە پێی وابوو دەبێ لەهەمبەر گەشەی سۆڤیەتدا ــ کە لەگەڵ سەرکەوتنی جەنگ (ی دووەمی جیهانی)دا ببووە کەڵکەڵەی سەرەکیی واشین گتۆن ـ فەڕەنساش وەک تەوەری ئەسڵیی ئەورووپای خۆرئاوا بەهێز بکرێ.

بێزاریی ڕۆزڤێلت لە کۆلۆنیالیزم و نیەتی ئەو بۆ تێکشکاندنی لە ئاسیادا ؛ هەتا ئەو دەم پتەو و نەگۆڕ (و هۆکاری بنەڕەتیی ناکۆکی لەگەڵ بەریتانیا) بوو. ڕۆزڤێلت دەسەڵاتدارێتیی خراپی فەڕەنسییەکانی لە هیندوچیندا بە خراپترین شێوەی کۆلۆنیالیزم دادەنا. لە جانیوەری ١٩٤٣دا بە کۆردێل هالی وەزیری دەرەوەی گوت:" هیندوچین "نابێ بکەوێتەوە دەست فەڕەنسا. مەسەلەکە ڕوون ڕوونە کە فەڕەنسا نزیکەی سەدەیەک ئەو وڵاتەی بە سی ملیۆن حەشامەتەوە لە بەردەستدا بووە و ئێستا خەڵکەکەی زۆر لە سەرەتاکان چارەڕەشترن و مستەحەقی شتی باشترن." (١)

چەڕچیل، جوابی بۆ ئانتۆنی ئایدن( ٢) نارد کە سەرکۆمار "لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە پتر لە هەموو بابەتە پێوەندیدارەکانی دیکەی کۆلۆنییەکان ڕوونتر قسەی لەگەڵ من کردووە و پێم وایە ڕزگارکردنی هیندوچین لە چنگی فەڕەنسا، یەکێکە لە مەبەستە جەنگییە هەرە گەورەکانی ئەو."( ٣) ئەوە گومانی

تێدا نەبوو. لە یادداشتەکانی        ڕۆژانەی ژەنەڕاڵ ستیلۆل،(  ٤)دا کاتی کۆنفڕانسەکەی قاهیرە لە ١٩٤٣ بەرنامەی سەرکۆماری ئەمریکا بۆ هیندوچین بە پیتی گەورە ئاوا نووسراوە: "نەچێتەوە سەر فەڕەنسا."(        ٥) ڕۆزڤێلت پێشنیاری سەرپەرشتیاریی کرد "بۆ ئەم کەوشەنە هەتا بیستوپێنج ساڵ  . بۆ ئەوەی وەک فیلیپینییەکان دەرفەت بەوانیش بدەین لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن."  ئەو بیرۆکەیە زەندەقی ئینگلیزییەکانی دەبرد. دیارە چین فەرمانڕەواکەی پێشووی ڤێتنامیش کەیفی بەوە نەدەهات. ڕۆزڤێلت بە ژەنەڕال ستیلۆل دەڵێ: "لە چیانگ کایشکم پرسی هیندوچینی دەوێ؛ ئەویش دەسبەجێ گوتی: "نەخێر بەهیچ شێوەیەک". هەر ئاوا "نەخێر،بەهیچ شێوەیەک."(٧)

ڤێتنام ئەو وڵاتەی کوچین و ئانام و تونکینی خستە سەر یەک ــ کە بەر لە هاتنی فەڕەنسییەکان پادشایەتییەکی سەربەخۆ بوو و لە کۆنەوە حەزی لە خۆبەڕێوەبەری بوو . زۆر دژی دەسەڵاتداریێتیی چینییەکان شەڕی کربوو و بەو حاڵەشەوە، دیارە دەرفەتی خۆبەڕێوەبەری هەر بە بیری ڕۆزڤێلتدا نەهات. ئەو کەمایەسییە لە شێوەی بیرکردنەوەی  ڕۆزڤێلتدا، سەبارەت بە مەسەلەکە، هەر ڕوانگە و ڕوانینی باوی سەردەم بوو لەبارەی خەڵکی بندەستەوە. بەبێ سەرنجدانی مێژووەکەیان پێیان وابوو ئەمانە ناتوانن خۆیان بەڕێوە بەرن    . مەگەر ئەوەی لە بەرچاودێری و سەرپەرشتیاریی خۆرئاوادا ئەو توانایییە بەدەست بێنن.

بەریتانیا پێداگرانە دژی سەرپەرشتیاری بوو چونکە ئەوەی بە "پێشینەیەکی خراپ" بۆ گەڕانەوەی خۆی بۆ هیند و بۆرما و مالایا لەقەڵەم دەدا و ڕۆزڤێلت پێی دانەگرتەوە. هەر جارێکی باسی هیند دەهاتە گۆڕێ، چەرچیل دەیکردە هەرا و ڕۆزڤێلتیش نەیدەویست کێشەیەکی دیکە بخاتە سەر گرفتەکەی هیند.

لەمەودوا لەگەڵ ئازادبوونی فەڕەنسا لە  ١٩٤٤دا و هاتنی شا   ڕل دۆگۆلی کەللەڕەق و مکوڕبوونی ئەو لەسەر "مافی" گەڕانەوە بۆ ڤێتنام و ئەوەش کە چین لەبەر خاڵە لاوازە بەرچاوەکانی خۆی ناتوانێ ببێتە سەرپەرشتیار ئیتر سەرکۆمارەکەی ئەمریکا نەیدەزانی چ بکا.

سەرپەرشتیاریی نێودەوڵەتی بایەخێکی نەبوو و وردەوردە بەلاوە نرا. ڕاوێژکارە سەربازییەکانی ڕۆزڤێلت بەدڵیان نەبوو . لەبەر ئەوەی دەیانەویست دوورگەکانی پێشووی ژاپۆن بکەنە بنکەی دەریایی خۆیان و دەشترسان سەرپەشتیاریی نێودەوڵەتی ببێتە کۆسپ لەبەردەم ئەمریکادا. لایەنگرانی ئەورووپا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەر مەیلیان بەلای فەڕەنسادا بوو و بەڵگەهێنانەوەکەی وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا ژێرژ بیدۆیان بێ ئەملاوئەولا قبووڵ بوو کە ئەگەر "لە ناخی دڵەوە هاوکاریی ئەمریکا" نەکرێ،( ٨) ئەورووپا دەکەوێتە بندەستی سۆڤیەت و "شارستانییەتی ڕۆژئاوا" دەکەوێتە مەترسییەوە. هاوکاری لە ڕوانگەی لایەنگرانی ئەورووپاوە واتە دابینکردنی ویست و داخوازییەکانی فەڕەنسا. لە لایەکی دیکەشەوە، هاوڕێکانی ئەوانە لە بەشی ڕۆژهەلاتی دوور (دواتر باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا)، دەیانەویست ئامانجی سیاسەتی ئەمریکا پاش جۆرە حکوومەتێکی کاتی کە ڤێتنامییەکان "فێری بەرپرسیارەتیی خۆبەڕێوەبەری بکا" سەربەخۆیی داهاتووی ئەو وڵاتە بێ(٩)

لە کێشمەکێشمی سیاسەتەکاندا داهاتووی ئاسیا نەیتوانی بەرەنگاری سێبەری سۆڤیەت بێتەوە کە ڕۆژبەڕۆژ پتر باڵی بەسەر ئەورووپادا دەکێشا. لە ئۆگۆستی ١٩٤٤دا لە کۆنفرانسی دامبارتن ئۆکز کە باسی ڕێکخراوی پاش شەڕ هاتە گۆڕێ، پێشنیارەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ وڵاتانی کۆلۆنی هیچ باسی سەربەخۆیی تێدا نەبوو و تەنیا سەرپەرشتیارییەکی لەرزۆک نەبێ. کە ئەویش بە ڕەزامەندیی "خۆبەخشانەی" دەسەلاتە کۆلۆنیالیستەکانی پێشوو خراێ ڕوو.(١٠)

هیندوچین هەر لەو کاتەوە ملی بۆ ئەو ڕێگەچارەیە کەچ نەکرد و ئەو دژایەتییە لە ماوەی سی ساڵ دواتردا هەر هات و قووڵتر بووەوە. لە ماوەی شەڕی ژاپۆنییە سەرکەوتووەکانی هیندوچین و حکوومەتی ویشیدا، وا دانرا کە ڕێکخراوی ئیداریی کۆلۆنیالیستی فەڕەنسا بە هێزی چەکدار و کارمەندەکانییەوە، بەنوێنەرایەتیی دەسەلاتداران لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە. کە دواجار لە مارسی ١٩٤٥دا ژاپۆنییەکان دەسەلاتیان لەوانە ئەستاندەوە. هەندێ لە گرووپە فەڕەنسییەکان کەوتنە گەڵ هێزەبەرگرییەکانی ناوچەکە بە

سەرکرادیەتیی "ڤیت مین" (       ۱۱). ئەوە هاوپەیمانێتیەک بوو لە تاقمە نەتەوەخوازەکان وەک کۆمۆنیستەکان کە لە۱۹۳۹وە بۆ سەربەخۆیی خەباتیان دەکرد و سەرکردایەتیی بەرخودان دژی ژاپۆنییەکانیان گرتبووە ئەستۆ.
سەرکردایەتیی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا لە ژێر چاودێریی ئینگلیزییەکاندا، پێوەندیی بەو هاوپەیمانێتییەوە گرت و داوای هاوکاریی لێ کردن. جا لەبەر ئەوەی هەرچەشنە یارمەتیدانێکی تاقمەکانی بەرگری، بلێی و نەلێی بۆ هاتنەوەی فەڕەنسییەکان یارمەتیدەر بوو . ڕۆزڤێلت خۆی لێ کشاندەوە و لە جانیوەری ۱۹٤٥دا بە ڕووگرژییەوە بە هالی گوتی: نایەوێ خۆی "تووشی" مەسەلەی ئازادکردنی هیندوچین لە چنگ ژاپۆنییەکان بکا.(۱۲) لەگەڵ ئەوەشدا داوای فەڕەنسای   ڕەت کردەوە کە دەیەویست کەشتییە ئەمریکییەکان        ، هێزەکانی فەڕەنسا بەرنە هیندوچین و ڕێگەی نەدا یارمەتیی هێزەکانی بەرگری بدەن . دواتر لە بڕیارەکەی خۆی پاشگەز بووەوە بەڵام پێی داگرتەوە کە یارمەتییەکە تەنیا دەبێ بۆ پەلاماری دژی ژاپۆنییەکان بێ و بە قازانجی فەڕەنسییەکان نەشکێتەوە.(۱۳)
ئەی پاش شکانی ژاپۆن دەبوو کێ جڵەوی کاروبارەکان بەدەستەوە بگرێ؟ ئەزموونەکەی ساڵی ڕابردووی چین جێی هیوا نەبوو و دەنگی فەڕەنساش ڕۆژبەڕۆژ بەرزتر و فەرماندەرانەتر دەبوو.  ڕۆزڤێلت لە تەنگژەی گوشاری هاوپەیمانان و هەستە لەمێژینەکەی خۆیدا کە فەڕەنسا نابێ "بگەڕێتەوە" گیری خواردبوو . شەکەت و لە سەرەمەرگدا هەوڵی دا واز لە   ڕاشکاوی بێنێ و بڕیارەکە بەدرەنگی بخا.
لە یالتا  ، لە فێبریوەری   ۱۹٤٥دا لەگەڵ نزیکبوونەوەی سەرکەوتن، مەسەلەکانی هاوپەیمانان هەر دەهاتن و ئاڵۆزتر دەبوون. هەر بۆیە کۆنفرانس خۆی لەو بابەتە نەدا و هەڵیگرت بۆ کۆنفرانسی داهاتوو      . بۆ دامەزرانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە سانفڕانسیسکۆ. بەڵام ڕۆزڤێلت هێشتاش نیگەران بوو و بۆ خۆئامادەکردن بۆ کۆبوونەوەکەی سانفرانسیسکۆ، بابەتەکەی لەگەڵ یەکێک لە  ڕاوێژکارەکانی وەزیری دەرەوەدا باس کرد و دیسان هاتەوە سەر پێشنیارەکەی پێشووی لەوانەیە وا باشتر بێ کە فەڕەنسا

سەرپەرشتیاریی ئەویّ بگریّتە ئەستۆ "بەو مەرجەی کە دوائامانج ، سەربەخۆیی بیّ."(١٤)

ڕاویّژکارەکە لیّی پرسیبوو ئاخۆ بە حاڵەتی "دۆمینیۆن" قایل دەبیّ؟ وەڵامی دابۆوە:" نەخیّر "؛دەبیّ سەربەخۆیی بیّ و دەتوانی ئەو مەسەلەیە لە زمانی منەوە بە وەزارەتی دەرەوە بڵیّی." مانگیّک دواتر لە ١٥ی ئەپریلی ١٩٤٥دا، ڕۆزڤیّلت مرد.

ڕیّگە کرایەوە. دە ڕۆژ پاش مەرگی ڕۆزڤیّلت وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا ستینیۆس لە سانفرانسیسکۆ بە فەڕەنسییەکانی گوت ویلایەتەیەکگرتووەکان لەپیّوەندی لەگەڵ مافی دەسەڵاتی فەڕەنسا بەسەر هیندوچیندا، هیچ کیّشە و لارییەکی نییە.(١٥) دۆگۆل بە گژ باڵیۆزی ئەمریکادا هاتبوو کە سوپای ئەو ئامادەن بچنە هیندوچین. بەڵام ناتوانن فەڕەنسا بەجیّ بیّلّین لەبەر ئەوەی ئەمریکا کەرەستە و ئامرازی ڕاگواستنیان ناداتیّ و گوتبووشی "ئەگەر ئیّوە لە هیندوچین دژی ئیّمە بن"، ئەوە "لە فەڕەنسادا بیّهیواییەکی سامناک"ی لیّ دەکەویّتەوە و هەر ئەوەش لەوانەیە ئیّمە بخاتە نیّو کۆشی سۆڤیەتەوە . "ئیّمە نامانەویّ ببینە کۆمۆنیست.. بەڵام هیوادارم ئیّوە بەرەو ئەویّمان پاڵ نەنیّن." ئەو هەڕەشە خاو و کۆنەیە،ڕیّک ئەو شتە بوو کە لایەنگرانی ئەورووپا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا دەیانەویست ڕایگەیەنن.(١٦) لە مانگی مایدا لە سانفرانسیسکۆ بریکاری وەزارەتی دەرەوە جۆزف گرۆ، باڵیۆزە چالاکەکەی پیّشووی ویلایەتەیەکرگتووەکان لە ژاپۆن و کاربەدەستە کارامە و بەدەستوبردەکەی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە، بەوپەڕی متمانەبەخۆییەوە بیدۆی دڵنیا کردەوە کە "لەو پیّوەندییەدا هیچ ئاسەواریّک بەدی ناکریّ کە لە ڕابردوودا ئەم وڵاتە تەنانەت بەشیّوەی لاوەکییش دەسەڵاتی دەوڵەتی فەڕەنسای بەسەر ئەو ناوچەیەدا خستبیّتە ژیّر پرسیارەوە."(١٧) دیارە بە فەرمی ناسین و نەخستنەژیّر پرسیار، دوو شتی لیّک جیاوازن. بەڵام ئەوە پسپۆڕەکانن سیاسەت دادەڕیّژن و بەڕیّوەی دەبەن.

ڕۆزڤیّلت لە بارەی پیّشینەی فەڕەنسا لە هیندوچیندا هەقی بوو چەوسیّنەریی ئەوان لە ئاسیادا لەوپەڕیدا بوو. حکوومەتی فەڕەنسا پەرەی بە بەرهەمهیّنانی

کاڵای وەک برنج، بەردەڕەژوو کاوچۆ، هەورێشم و هەندێ بەهاراد و کەرەستەی کانزایی هەناردەیی پڕ سوود دەدا و هاوکات ئابوورییە خۆجێیەکەشی وا هەڵدەسووڕاند کە ببێتە بازاڕی بەرهەمەکانی فەڕەنسا. ٤٥٠٠٠ کارمەندی ئیداریی فەڕەنسایی کە توانایەکی زۆر کەمیشیان هەبوو ژیانێکی تێروتەسەلیان هەبوو. بەپێی هەڵسەنگاندنی فەڕەنسییەکان خۆیان لەساڵی ١٩١٠دا تەنیا سێ کەس لەو کارمەندانە زمانی ڤێتنامییان تا ڕادەیەک بەجوانی دەزانی.(١٨) کۆمەڵێک دیلماج و نێوبژیوان و هاوکاری ئیدارییشیان لە نێوان ڤێتنامییە خۆوڵاتییە "باوەڕپێکراوەکان"ی چینی سەرەوە دامەزراندبوو. کار و زەوی و زار و بۆرسەی خوێندنی باڵا، زیاتر بەو کەسانە دەدرا کە دەچوونە سەر ئایینزای کاس ۆلیکی. قوتابخانە نەریتییەکانی گوندەکانیان دادەخست و لە جێیان، پەروەردەی بە شێوازی فەڕەنسایان دادەنا و چونکە مامۆستای لێهاتوویان لەوێ بەگوێرەی پێویست نەبوو . ئەو پەروەردەیە بەحاڵەحاڵ بەشی یەک لەسەر پێنجی ئەو منداڵانەی دەکرد کە وەختی خوێندنیان بوو. یەکێک لە نووسەرە فەڕەنسیەکان دەیگوت ژمارەی ڤێتنامییە نەخوێندەوارەکان زۆر زیاترە لەو دەمەی فە ڕەنسییەکان وڵاتەکەیانیان داگیر نەکردبوو."(١٩) خزمەتگوزاریی پزیشکی و تەندروستیی گشتی هەر باسیشی نەبوو. بە ٣٨٠٠ کەس پزیشکێکیان بەر دەکەوت. لە حاڵێکد، لە فیلیپین کە لەبندەستی ئەمریکییەکاندا بوو بە ٣٠٠٠ کەس پزیشکێکیان هەبوو. فەڕەنسییەکان سیستەمی دادوەرییە باوەکەی پێشوویان لابرد و شێوازە دادوەرییە نامۆکەی فەڕەنسایان لەجێی دانا. لە کوچینی چین، ئەنجومەنێکی کۆلۆنییان دامەزراند کە ئەندامە ڤێتنامییەکاندا تێیدا کەمینە بوون و پێیان دەگوتن "نوێنەرانی نەژادی بەزیو".( ٢٠) جگە لە هەموو ی ئەوانەش بە دروستکردنی کێڵگە و زەوی و زاری گەورەی کۆمپانیاکان و دابینکردنی کەرەستەکانی گەندەڵی بۆ چینەکەی هاوکاری خۆیان، گوندییە خاوەن زەوییەکانی وڵاتیان کردە کارمەندی کشتوکاڵیی بێ زەوی و زار. لە سەرەتای دووەمین جەنگی جیهانیدا پتر لە سەداپەنجای خەڵکی وڵات ئەوانە بوون.

فەڕەنسییەکان سیستەمە کۆلۆنیالیستییەکەی خۆیانیان ناو نابوو "ئەرکی بەشارستانییەتکردن"؛ کە خۆیان پێیان وابوو وایە نەک ئەوەی ڕاستی بێ. ئەو سیستەمە لە نێو چەپڕەوەکانی فەڕەنسا و لە نێو قایمەقامە نیازپاکەکان و کارمەندەکانی خۆشیاندا لە کۆلۆنییەکان، بەرهەڵستکاری ڕاشکاوی زۆر بوو و ئەوانە جاروبار هەندێ هەوڵیان دەدا بۆ چاکسازی . بەڵام ئەو هەوڵانە لە بەردەم بەرژەوەندییەکانی ئیمپراتۆریدا نەزۆک دەکەوتنەوە.

هەر لەو سەرەتایانەوە ناڕەزایەتی و ڕاپەڕین دژی فەرمانڕەواییەکەی فەڕەنسا دەستی پێکرد. ڤێتنامییەکان بەخۆیان دەنازن کە لە ڕابردوودا حکوومەتە هەزار ساڵەکەی چینییەکان و دواتریش سەرکەوتنە کورتخایەنەکەی ئەوانیان ڕووخاندووە و زۆر جار لە باوباپیرە زاڵمەکانی خۆیان ڕاپەڕیون و هێشتاش ڕێز لە پاڵەوانانی شۆڕشڤان و شێوازە پارتیزانییەکانی ئەو قارەمانانە دەگرنەوە. خەڵکێکی ئاوەها دیارە بە چاوبەستراوی ملکەچی حکوومەتێکی درەکی کە زۆر لە چینییەکان نامۆتر بوو نەدەبوون. دیسان لە دەیەی ١٨٨٠ و لە ١٩١٦دا ئیمپراتۆرە ڤێتنامییەکان دەستیان کردەوە بە ڕاپەڕین، کە هیچی لێ شین نەب ۆوە. لە سەدەی بیستەمدا، لە حاڵێکدا دۆستە ڤێتنامییەکانی فەڕەنسییەکان لەسەر سفرەی تاڵان و بڕۆی فەڕەنسادا گیرفانی خۆیان دەئاخنی، کەفوکوڵی نەتەوەخوازی خوێنی خەڵکەکەی دیکەی دێنایە جۆش. گرووپ و حیز بی ی و ئەنجومەنگەلی ـ نەتەوەخواز و مەشرووتەخواز و نیمچەئایینی دروست بوونەوە و دەستیان کردەوە بە خەبات و خۆپێشاندان و مانگرتن کە زیندانی و دوورخستنەوە و ڕاوەستان لەبەردەم ئەو شوێنانەی لێ کەوتەوە کە فەڕەنسییەکان بۆ ئیعدام و گوللەباران دیارییان کردبوون.

لە ١٩١٩دا لە کۆنفڕانسی ئاشتیی ڤێرسای، هۆشی مین هەوڵی دا داوای سەربەخۆیی ڤێتنام بخاتە ڕوو؛ بەڵام بەر لەوەی قسەکەی خۆی بکا لە کۆبوونەوەکە دەریان کرد. ئەو دواتر کەوتە گەڵ حزبی کۆمۆنیستی هیندوچین کە وەک هاوشانە چینییەکەی لە دەیەی ١٩٢٠دا لە مۆسکۆ ڕێکخرا . وردە وردە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازیی گرتە ئەستۆ و لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٣٠دا ڕاپەڕینی جووتیارەکانی وەڕێ خست. هەزاران

کەس گیران و زیندانی کران و زۆریان ئیعدام کران و نزیکەی پێنجسەد کەسێکیان زیندانی تاهەتاییان بۆ بڕایەوە.

لەو بەندکراوانە ئەوەی بەزیندوویی دەرچوون، وەختێک حکوومەتی بەرەی خەڵک لە فەڕەنسا هاتە سەر کار وەبەر لێخۆشبوون کەوتن و وردە وردە بزووتنەوەکەیان ڕێکخستەوە و لە ١٩٣٩دا هاوپەیمانیی ڤیت مینیان پێکهێنا. لە ١٩٤٠دا کە فەڕەنسا لەبەر نازییەکان چۆکی دادا ؛ بزووتنەوەی ڤێتنام بۆ ڕاپەڕینێکی دیکە لەسەر پێ بوو. ئەو بزووتنەوەیەش زۆر بەتوندی سەرکوت کرا؛ بەڵام لە بەرگرییەکانی دواتردا لە هەمبەر ژاپۆنییەکان کە کۆمۆنیستەکان بە سەرکردایەتیی هۆشی مین، تێیدا بەشدار بوون خەڵکی ڤێتنام دیسان ورەیان بەرز بۆوە. هەروەک لە چین ڕووی دا، پەلاماری ژاپۆن ئایدیای نەتەوەیی پێ دان و ئەو دەمەی کۆلۆنیالیستە فەڕەنسییەکان بەبێ شەڕ و دەستکردنەوە ڕێگایان بۆ ژاپۆنییەکان کردەوە گرووپەکانی بەرگری هەستیان بە سووکی و سەرشۆڕی کرد و هەلە تازەکەیان بە دەرفەت زانی.

لە سەردەمی جەنگدا گرووپە نهێنییەکانی سەر بە "نووسینگەی خزمەتە ستراتژییەکان"(٢١)ی ئەمریکا لە هیندوچین، سەرقاڵی چالاکی بوون و دەچوونە گەڵ بەرگری یان یارمەتیی بزووتنەوەکەیان دەدا. بە پەڕەشووت لە ئاسمانەوە چەکیان دەگەیاندنێ و جارێکیش بە گەیاندنی "گنە گنە" و داودەرمانی سولفۆردار بۆ پێشگرتن بە نەخۆشیی مالاریا و ئیسهالی خوێن، گیانی هۆشی مینیان ڕزگار کرد. هۆشی مین لە وتووێژەکانیدا لەگەڵ ئەمریکییەکان گوتی: ئاگاداری مێژووی خەباتی ئەمریکایە لە پێناوی سەربەخۆیی و ڕزگاربوون لە حکوومەتی کۆلۆنیالیستی و دڵنیاشە "ویلایەتەیەکگرتووەکان لە دەرپەڕاندنی فەڕەنسییەکان و دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆدا یارمەتیدەر دەبن."(٢٢) هۆشی مین بەرپرسیارەتییەکەی ئەمریکای لە فیلیپین بەرز نرخاند و گوتی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە "ئەمریکا پشتیوانی حکوومەتە خەڵکییە ئازادەکانە لەسەر سەرانسەری جیهاندا و دژی کۆلۆنیالیزمە بەهەموو شێوەیەک."(٢٣) دیارە ئەم وتووێژانە بەبێ مەبەست نەبوون. ئەو دەیەویست پەیامەکەی زیاتر لەوە بڕ بکا و بۆ حکوومەتێک کە وەک خۆی دەیگوت "ڕێکخراو و بۆ بزووتن

و لەسەر پێ" بوو ن داوای چەک و یارمەتیی دەکرد. ئەفسە رە ئەمریکییەکانی بەشی خزمەتگوزاریی ستراتیژی پێیان باش بوو بەڵام سەرۆکی ناوچەکەی ئەوان لە چین پێداگر بوو کە "نابێ خەڵکێکی وەک هۆشی مین، واتە ئەو کۆمۆنیستە ناسراوانەی مایەی چەرمەسەرین یارمەتی بدرێن."(٢٤)

لە کۆنفرانسی پۆتسدام لە ژووڵای١٩٤٦دا، ڕێک بەر لە شکانی ژاپۆن، ئەم مەسەلەیە کە کێ جڵەوی هیندوچین بگرێتە دەست و خۆبەدەستەوەدانی ژاپۆن قبووڵ بکا؛ بەپێی بڕیاری نهێنیی هاوپەیمانەکان بەو جۆرە چارەسەر کرا کە ناوچەی بن هێڵی ١٦ بکەوێتە بەر ئەمر و دەسەڵاتی بەریتانیا و باکوورەکەشی بدرێتە چین.(٢٥) جا لەبەر ئەوەی بەریتانیا خۆی لایەنگری گەڕانەوەی دۆخی کۆلۆنیالیزم بوو ئەو بڕیارە لە ڕاستیدا، گەڕانەوەی فەڕەنساشی زەمانەت و دەستەبەر دەکرد. ویلایەتەیەکگرتووەکان قایل بوو. چونکە ڕۆزڤێلت مردبوو و چونکە هەست و کوڵی گشتی لە ئەمریکادا بەردەوام خوازیاری گەڕانەوەی خێرای سەربازەکان بوو بۆ نیشتمان؛ نەک سەرپەرشتیاریی پاش جەنگ لەبەر ئەوەش کە ئەمریکا بەو دۆخە لاوازەی ئەورووپاوە، پێی ناخۆش بوو لەگەڵ هاوپەیمانەکانی خۆیدا بکەوێتە مشتومڕ و ململانێ. فەڕەنسییەکان پێیان دادەگرتەوە کە سوپایەکی ٦٢٠٠٠ کەسی بە سەرکردایەتیی یەکێک لە قارەمانەکانی ڕزگارکردنی فەڕەنسا واتە ژەنە ڕاڵ ژاک لۆکلەر، بنێرنە بەرەی زەریای هێمن و سەرکردەکانی بنکەی هاوبەشی هاوپەیمانان لە پۆتسدام ئەو پێشنیارەیان لەجێدا قەبووڵ کرد بەو مەرجەی ئەو هێزە لە ژێر فەرمانی ئەمریکا یان بەریتانیادا بێ و دواتر کەوشەنی چالاکییەکانی ڕوون بکرێتەوە و بەر لە بەهاری ١٩٤٦ کەلوپەل و کەرەستەی ڕاگواستنیشی بۆ دابین بکرێ .

بەڵام لەکەس شاراوە نەبوو کە هەرێم و کەوشەنی چالاکییەکانیان هیندوچینە و ئەو سوپایە پێی سپێردراوە دیسان ئەوێ داگیر بکاتەوە.

گەڕانەوەی فەڕەنسا بۆ هیندوچین، بەو جۆرە خۆی خزاندەوە نێو سیاسەتی ئەمریکا. پریزیدێنت ترۆمەن دەیەویست ئامانجەکانی ڕۆزڤێلت وەدی بێنێ . بەڵام لەناخەوە باوەڕی بە تێکۆشان دژی کۆلۆنیالیزم نەبوو و سەرکۆماری پێشووش هیچ فەرمانێکی نووسراوی لێ نەبینرابوو. جگە لەوەش

سەرکردەکانی سوپا دەوریان گرتبوو کە وەک دەریاسالار ئێرنێست کینگی سەرۆکی یەکەی هێزی دەریایی دەڵێ "بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوەدا نەبوون فەڕەنسا لە دەرەوەی هیندوچین ڕاگرن."(٢٦) بەپێچەوانەوە دەیانویست هێزە سەربازییەکانی ڕۆژئاوا جێی ژاپۆن بگرنەوە.

ژەنەڕاڵ دۆگۆل لە مانگی ئۆگۆستدا تەشریفی چووە واشنتۆن ورەزامەندیی ئەمریکا جارێکی دیکە پشتڕاست کرایەوە. پریزیدێنت ترۆمەن، لەو دەمەدا هەموو زکر و فیکری لای مەترسیی پەرەگرتنی سۆڤیەت بوو و بە دۆگۆلی گوت: "دەوڵەتی من هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ گەڕانەوەی سوپای فەڕەنسا و دەسەڵاتداربوونی لەوێدا نییە."( ٢٧) دۆگۆل بۆ سبەینێکەی، دەمودەست ئەو قسەیەی بۆ ڕۆژنامەکان گێڕاوە و گوتیشی "دیارە فەڕەنساش دەیەوێ سیستەمێکی نوێ"ی چاکسازیی سیاسی "بێنێ. بەڵام مەسەلەی دەسەڵاتدارێتی بۆ ئێمە زۆر گرینگە." (٢٨)

دۆگۆل ڕاشکاو و بێگرێوگۆڵ بوو و ڕووبینیی لەکەس نەبوو. لە جانیوەری ١٩٤٤دا و لە کۆنفرانسەکەی ب ڕازاویل بە نوێنەرانی فە ڕەنسای ئازادی گوتبوو دەبێ قەبووڵی بکەن کە جەنگ گۆڕانی سیاسیی کۆلۆنییەکانی خێراتر کردووە و فەڕەنسا "شەڕافەتمەندانە و سەربەستانە" بەبێ لەدەستدانی فەرمانڕەواییەکەی خۆی ئەو ڕاستییە قەبووڵ دەکا. لە ڕاگەیەنراوەکەی بەرازاویلدا لە بارەی سیاسەتی کۆلۆنیەکانەوە نووسرابوو: "ئامانجی ئەرکی بەشارستانیکردن.. بیرۆکەی خودموختاری و هەلی هەرچەشنە گەشەیەک لە دەرەوەی بلۆکی ئیمپراتۆریی فەڕەنسا لەخۆ ناگرێ. وەرگرتنی "خودموختاری" لە کۆلۆنییەکان تەنانەت لە داهاتوویەکی دوورشیدا دەبێ بەلاوە بنرێ.(٢)

حەفتەیەک پاش خۆبەدەستەوەدانی ژاپۆنییەکان لە ئۆگۆستی ١٩٤٥دا کۆنگرەی ڤیت مین لە هانۆی، دامەزرانی کۆماری دیموکراتیکی لە ڤێتنام ڕاگەیاند و پاش داگیرکردنی سایگۆن، بە گوتنی یەکەم ڕستەکانی نێو ڕاگەیەنراوی سەربەخۆیی ئەمریکا لە ١٧٧٦دا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند. لە پەیامێکدا بۆ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە لە ڕێگەی نووسینگەی خزمەتە ستراتژییەکانی ئەمریکاوە نێردرا ؛ هوشی مین، وریایی دا کە ئەگەر

نەتەوەیەکگرتووەکان پلەندی وەدیهێنانی بەڵێنی ڕاگەیەنراوەکەی خۆی نەبێ و سەربەخۆیی بە هیندوچین نەدا، "ئێمە درێژە بە خەباتەکەمان دەدەین هەتا دەستەبەری دەکەین."(٣٠)

دوایین ئیمپراتۆری هیندوچین، پیاوێکی نەرمونیان بوو بەناوی بائۆدالی(٣١) کە لەپێشدا خزمەتی فەڕەنسییەکان و دواتریش خزمەتی ژاپۆنییەکانی کردبوو و ئێستاش دۆستانە، بە قازانجی کۆماری دیموکراتیک دەستی لەکار کێشاوە. ئەو پەیامە ڕاچڵەکێنەرەش کە بە ئیمزای ئەو بۆ دۆگۆل نێردرا، پێغەمبەرانە ئایندەی دەخوێندەوە و بەربێژیی دەکرد. لە پەیامەکەدا هاتبوو: "ئەگەر ئەوەی لێرە ڕوو دەدا بەچاوی خۆتان دەتاندی ئەگەر خۆتان هەستتان بەو ئارەزووەی سەربەخۆییە دەکرد کە لە دڵی هەموو کەس دایە و هیچ هێزێکی مرۆیی ناتوانێ پێشی بگرێ، باشتر لە دۆخەکە تێدەگەیشتن. تەنانەت ئەگەر بشتوانن، دیسان دەسەڵاتی فەڕەنسا لێرە دامەزرێننەوە و زاڵی بکەنەوە، ئیتر کەس ملکەچ و پێملتان نابێ و کاربەدەستان و کۆلۆنیستەکانی خۆتان، خۆیان داوای ڕۆیشتن دەکەن. لەبەر ئەوەی ئیتر کەس لەم وڵاتەدا توانای پشووکێشانی نابێ."(٣٢)

ئەوە بەربێژییەکی دیکە بوو کە هیچ کەس بەهەندی نەگرت. پەیامەکە لە واشینتۆن گەیشتە دۆگۆل و دیارە ئەو هیچ شتێکی لەوبارەیەوە بە خانەخوێیەکانی خۆی نەگوت و ئەگەر پێشیانی گوتبا هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە کە کاریگەرییەکی دەبوو. چەند حەفتە دواتر، واشینتۆن کاربەدەستە نهێنییەکانی خۆی لە هانۆی ئاگادار کردەوە کە هەندێ هەوڵ و کۆشش لەئارادایە لە پێناوی " ڕێخۆشکردن بۆ بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی فەڕەنسییەکان.(٣٣)

ئەو سەربەخۆییەی ڤێتنامییەکان خۆیان ڕایانگەیاندبوو مانگێکیش خۆی نەگرت. سەربازە بەریتانییەکان و فەرماندەکانیان و هەندێ یەکەی فەڕەنسیش بە کەشتییەکانی ئەمریکا، لە سەیلانەوە هاتن و ڕۆژی ١٢ی سێپتەمبەر چوونە نێو سایگۆن و ١٥٠٠ سەربازی دیکەی فەڕەنسیش دوو ڕۆژ دواتر بە کەشتییە جەنگییەکانی فەڕەنسا، گەیشتنە لایان.(٣٤) هەر لەو دەمەدا، بەشی هەرە زۆری دوو لەشکری فەڕەنسی لە مارسی و ماداگاسکارەوە بە کەشتیی نەفەرهەڵگری

ئەمریکی کەوتبوونە ڕێ و ئەوە یەکەم هەنگاوی گرنگی پشتیوانیی ئەمریکا بوو لە ڤێتنامدا. گەلەکەشتیی جەنگیی یەدەگ، بەدەست بنکەی هاوبەشەوە بوو و لەبەر ئەوەی پێشتر لە پۆتسدام ڕێوشوێنەکە گیرابووە بەر ؛ فەرماندەیی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا ( SEAC) دەیتوانی داوای کەشتی بکا و لەو گەلەکەشتییە بۆ ڕاگواستن کەڵک وەرگرێ. وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا، دواتر ئەو دەرگایەی داخست و بە وەزارەتی جەنگی گوت بەپێچەوانەی سیاسەتی ویلایەتەیەکگرتووەکانە کە "کەشتی یان فڕۆکەکان بە ئالای ئەمریکاوە، هێزی میللەتانی دیکە لە شوێنی خۆیانەوە بگەیەننە شوێنی مەبەست لە هیندی ڕۆژهەلاتی هۆڵەندا یان هیندوچینی فەڕەنسا، یان ڕێگەیان بدەن چەک و تەقەمەنی یان کەلوپەلی سەربازی بەرن بۆ ئەو ناوچانە."(٣٤)

بەر لە هاتنی فەڕەنسییەکان، سەرکردایەتیی هێزەکانی بەریتانیا لە سایگۆن، چەککردنی یەکە ژاپۆنییەکانی بەدرەنگی خست و ئەو هێزەی دژی ڕژیمە ڕاپەڕیوەکەی ڤێتنام بەکار هێنا.(٢٦ و٢٧)وەفدێک لە لایەن ڤیت مینـەوە، چوونە شوێن ژەنەڕال داگلاس گریسی فەرماندەی بەریتانی و کۆمەڵێک پێشنیاری بۆ پاراستنی دیسپیلین خستە ڕوو. وەک خۆی دەڵێ: "گوتیان، بەخێر بێن و شتی ئاوا. دۆخێکی نالەبار بوو و من دەسبەجێ پێلیانم گرت و فڕێم دانە دەرەوە."(٣٨) ئەو قسەیە هەرچەندە قسەیەکی تایبەتی ئینگلیزی بوو ؛ بوو بە نموونەی شێوە ڕوانین و تێگەیشتنێک، کە تەش هنەی کردە نێو هەوڵەکانی داهاتووی ئەمریکا لە ڤێتنام و کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر دانا .

دەستەواژەگەلێکی وەک "چاوخێلەکان" و "بەرەلاکان"( ٣٩)ی کردە باو کە وای دەگەیاند، ئاسیاییەکان نەک هەر لە سپی پێستەکان نزمترن، بگرە داوای سەربەخۆیی هیندوچینیش شتێکی نزمترە لە داوای بۆ وێنە ژاپۆنی یان چینییەکان. ژاپۆنییەکان سەرەڕای ئەوەی دڕندەییەک هێن نەدەچووە ئەقڵەوە، بەلام تۆپ و تفەنگ و گەلەکەشتیی جەنگ و پیشەی نوێیان هەبوو. چینییەکانیش هەم لە سای هاتنی بانگەشەکەرە مەسیحییەکان کەوتبوونە بەردڵی ئەمریکییەکان و پەسنیان دەگوتن و هەمیش ئەمریکییەکان وەک "مەترسیی زەرد" لێیان دەترسان . بەلام هەرچۆنێک بێ، بەهۆی هەراوی و

پانوبەرینیی وڵاتەکەیان و زۆریی حەشاماتەکەی ناچار حیسابێکیان لەسەر دەکردن. خەڵکی هیندوچین، هیچ کام لەو تایبەتمەندییانەیان نەبوو و هەربۆیەش کەمتر جێی ڕێز و بایەخ بوون. ئاکامەکەش، بەکەمگرتنی دوژمن بوو کە ژەنەڕاڵ گریسی هەر لە پێشدا باسی دەکرد.

سوپای فەڕەنسی لە ئۆکتۆبەر و نۆڤەمبەردا، لە ئەورووپاوە گەیشت . هەندێکیان یۆنیفۆرمی بەقەرزوەرگیراوی ئەمریکییان لەبەردا بوو و چەکوچۆلی ئەمریکیشیان پێ بوو.(٤٠) هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی گەیشتنیاندا، چوونەوە سەر ڕەوتەکەی جارانیان و بە زەبری چەک، کەوتنە سەرکوت و قۆڵبەستکردن و کوشتاری خەڵک. لەو ڕۆژانەدا کە جڵەوی کاروباری سایگۆن دیسان دەکەوتەوە دەستیان، ڤیت مین لە گوندەکاندا دیار نەما ؛ بەڵام گەڕانەوەی سیستەمی کۆلۆنی ئەمجارە دەربەستی هیچ نەبوو. لە ناوچەی باکوور کە بە چینییەکان ئەسپێردرابوو ڤێتنامییەکان پڕچەک بوون . بەو چەکە ژاپۆنییانەی پاش خۆبەدەستەوەدانی ژاپۆنییەکان لە لایەن چینیەکانەوە پێیان فرۆشرابوو ـ بە سەرکردایەتیی حکوومەتە کاتییەکەی هۆشی مین لە هانۆی، بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵ بوون. چینییەکان خۆیان تێهەڵنەقوتاند و دواجار بەو خەنیمەت و دەستکەوتانەوە کە لە سایەی داگیرکەرییەوە بەدەستیان کەوتبوو لە سنوور کشانەوە.

لە پشێویی خەڵک و باڵباڵێن و گرووپایەتییەکاندا، کاربەدەستانی نووسینگەی ستراتژیی ئەمریکا هیچ ڕێنوێنییەکیان لە واشنتۆنەوە پێ نەدرا، کە ئەوە خۆی نیشاندەری ئاڵۆزی و بێسەروبەرەیی سیاسەت بوو لە ناوەند. دژایەتییە نەریتی و باوەکە لەگەڵ ئیستیعمار، تۆزە لەرزۆکییەکی دروست کردبوو بەڵام زاڵبوونی ئەو بۆچوونە لە ئەمریکای ئەودەمدا کە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ئەورووپا، فەڕەنسایەکی "پتەو و بەهێز و دۆست" پێویستە، تای تەرازووی بەم لایەدا خست.( ٤١) لە کۆتاییەکانی ١٩٤٥دا بایی سەدوشێست ملیۆن دۆلار چەکوچۆل بە فەڕەنسا فرۆشرا و فەرمان بە یەکەکانی سوپا کرا "بۆ تەمبێکردنی ئانامییە ڕاپەڕیوەکان، وەک چاودێر" ئەرکی سەرشانیان جێبەجێ بکەن.( ٤٢) هەشت داوای جیا جای هۆشی مین لە پریزیدێنت ترۆمەن و

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە پێنج مانگدا و پاڕانەوەی ئەو بۆ پشتیوانی و یارمەتیی ئابووری، هەر هەمووی بێ وەڵام مانەوە . بەو بیانووەی کە ویلایەتەیەکگرتووەکان حکوومەتەکەی وی بە فەرمی ناناسێ.(٤٣)

ئەو پشتگوێخستنە بەرهەمی ناشارەزایی لە بارودۆخی ڤێتنام نەبوو. ئارتۆر هێیل، لە ئاژانسی زانیارییەکانی ویلایەتەیەکگرتووەکان لە هانۆی، لە ڕاپۆرتەکەی مانگی ئۆکتۆبەریدا باسی ئەوەی کرد کە بەڵێنەکانی فەڕەنسا لەبارەی چاکسازی و ئەو جۆرە خودموختارییە ناڕوونەی وا ئەمریکا دڵی پێ خۆش کردووە هیچ کەس قانع ناکا. خەڵک داوای چوونەدەرەوەی فەڕەنسییەکان دەکەن. لە هەموو شار و گوندێکی باکوور دروشمی "یان مەرگ یان سەربەخۆیی" لە دار و دیوارەوە بەسەر خەڵکدا دەبارێ."( ٤٤) نفوزی کۆمۆنیستەکان لەکەس شاراوە نەبوو. ئاڵای دەوڵەتی کاتی لە ئاڵاکەی سۆڤیەت دەچوو. نامیلکە مارکسییەکان لەسەر مێزی ئیدارەکان دەبینران. بەڵام نفووزی ئەمریکایش هەر وا بوو. بەڵێنەکەی ئەمریکا بە فیلیپین وێردی سەر زار و زمانان بوو. پەسنێکی خەست و زۆر بۆ دەسەڵاتی ئەمریکا لە شەڕدا و بۆ ئاستی بەرهەمهێنان و پێشکەوتنە تەکنۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتە لە هەموو جێیەک دەبیسران. کەچی لە ئاکامی پشتگوێخستنی ڤیت مین لە لایەن ئەمریکاوە و ڕووداوگەلێکی وەک " ڕاگوێزرانی سەربازە فەڕەنسییەکان بە کەشتیی ئەمریکایی بەو دواییانە بۆ سایگۆن" ئەو نیازپاکییە کاڵ ببۆوە. ڕاپۆرتەکەی هێیلیش بەربێژانە بوو. ئەو دەیگوت، تەنانەت ئەگەر فەڕەنسییەکان بەسەر حکوومەتی کاتیشدا زاڵ بن، هێشتا "دڵنیان لەوەی بزووتنەوەی سەربەخۆیی لەناو ناچێ." ئەو دڵنیابوونە هەر لەسەرەتاوە هەبوو.

چاودێرانی دیکەش هەر لەسەر ئەو باوەڕە بوون. هەواڵنێرەکەی ڕۆژنامەی کریشن سابنس مانیتر نووسیی: "فەڕەنسیەیکان لەوانەیە شارەکانی باکوور بگرنەوە، "بەڵام زۆر ئەستەمە و گومان هەیە بتوانن بزاڤە سەربەخۆییەکە لەبن بێنن. بەگوێرەی پێویست هێزیان نییە بۆ ئەوەی هەموو تاقمە پارتیزانەکانی باکوور لەناو بەرن و لە شەڕی پارتیزانیدا، زۆر بەتوانا نەبوون."(٤٥)

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سۆسەی ئەوەی کردبوو کە پێگە و ئابڕووی ئەو وڵاتە لە ئاسیادا "هەر بەڕاستی بەرەو شپرزەبوون دەچێ" .(٤٦) داوای لە چارلز یوست، کاربەدەستە سیاسییەکەی خۆی لە بانکۆک و باڵیۆزی ئەمریکا لە نەتەوەیەکگرتووەکان کرد کە بارودۆخەکە هەڵسەنگێنن.(٤٧) یوست، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی هەستی وەزارەتخانەکان، وەک ئەوانی دیکە بەکارهێنانی کەشتییە ئەمریکییەکانی بۆ ڕاگواستنی سەربازی فەڕەنسی و "کەلکوەرگرتنی ئەو سەربازانە لە کەلوپەلی ئەمریکی"ی بەنموونە هێناوە و نووسیی: " پاش شەڕ ڕوانگەکان سەبارەت بە ئەمریکا وەک داشدیار و لایەنگری خەڵکی بندەست، زۆر باش بوون و نیازپاکیەکی زۆر ی هەبو . بەڵام خۆبواردنی ئەمریکا لە پشتیوانی لە بزوتنەوە نەتەوەییەکان "ئەستەمە یارمەتیدەری سەقامگیرییەکی درێژخایەن بێت لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا." یوست وریایی دا کە گێڕانەوەی ڕژێمە کۆلۆنیالیستەکان لەگەڵ ئەو بارودۆخەی هەنووکەدا یەک ناگرێتەوە " . هەربۆیە ناکرێ بۆ ماوەیەکی زۆر بیانپارێزن مەگەر بەزەبروزەنگ."

پشتیوانی لە یارمەتییەکانی ئەمریکا بۆ ئەمریکا، لە هەموو پێویستییەکی دیکە پێویستتر دیار بوو. جۆرج ما ڕشال وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە پشتڕاستی کردەوە کە " ڕوانگە و شێوازگەلی مەترسیداری کۆن و لەکارکەوتوو لە ناوچەکەدا" هەیە؛ بەڵام "لە لایەکی دیکەوە بەقازانجی ئێمە نییە کە ئەو فەلسەفە و ڕێکخراوە سیاسییانەی لە کرملینەوە سەرچاوەیان گرتووە و لەوێوە جڵەو کراون، جێی ڕێکخراوە کۆلۆنیالیستییەکانی ئیمپراتۆری بگرنەوە."( ٤٨) ئەوە کاکڵی مەسەلەکە بوو. "هۆکار و بەڵگە"ی فەڕەنسیەکان لەسەر پێوەندییەکانی هۆشی مین لەگەڵ مۆسکۆ و واشینتۆنی دایە بەر ڕێژنە و دەین ئاچسۆن، جێگری وەزارەتی درەەوە هیچ گومان و دوودڵییەکی لەو بوارەوە نەبوو. ئەو تەلەگرافێکی بۆ ئێبوت لۆ مۆفات، سەرۆکی ئیدارەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کە لە دیسەمبەری ١٩٤٦دا چووە هانۆی، نارد: "هەتا بەڵگەیەک لەسەر تۆبە و پەژیوانیی هوو دەست نەکەوتووە لە ڕابردووی ڕوون و ئاشکرای ئەو وەک کاربەدەستی کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی خافڵ نەبن."(٤٩)

مۆفات که یەکێک بوو له لایەنگره بەکوڵەکانی ئامانجی ئاسیا، ڕایگەیاند که وەختێ قسەی لەگەڵ هوشی مین کردووه، ئەو ڕەتی کردووەتەوە ئامانجەکەی کۆمۆنیزم بێ و گوتوویەتی ئەگەر بتوانێ سەربەخۆیی دەستەبەر بکا، هەتا مردن هەر ئەوەندەی بەسە. هوشی مین بزۆزانه گوتبووی: "لەوانەیە پەنجا ساڵی دیکه ویلایەته یەکگرتووەکان ببێته کۆمۆنیست و ئەو کات ڤێتنامیش بتوانێ کۆمۆنیست بێ." مۆفات له کۆتاییدا دەنووسی:" ئەو گرووپەی له ڤێتنام جڵەوی کارەکانی بەدەستەوەیە ،لەم قۆناغەدا بەر لەهەر شتێک ناسیۆنالیستە" . له بنەمادا بەر له هاتنی هەر دەوڵەتێکی کۆمۆنیستی دەبێ دەوڵەتێکی نەتەوەیی کاریگەر لەسەر کار بێ و بەئامانج دانانی دەوڵەتی کۆمۆنیستی دەبێ لەم دەموساتەدا بخرێته پلەی دووەمەوە."(٥٠) ئاخۆ مۆفات هەڵخەڵەتابوو؟ مێژوو وەڵامێکی نییە. چونکه کێیه لێبڕاوانه بڵێ لەو کاتەدا که هۆشی مین هەوڵی دەدا پشتیوانیی ئەمریکا بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، کۆماره دیموکراتیکەکەی ڤێتنام لێبڕاوانه ببووه کۆمۆنیست یان ڕەوتی ڕووداوەکانی دواتر، کردی به کۆمۆنیست؟

سەررەقیی فەڕەنسییەکان لەسەر گێڕانەوەی ئیمپراتۆرییەکەی خۆیان، پاش سەرشۆڕیی دووەمین جەنگی جیهانی، بەرهەمی ئەو هەسته بوو که ئایندەی ئەوان وەک هێزێکی مەزن له مەترسیدایه بەڵام پێویستبوونی کۆمەڵێک گۆڕان و چاکسازییش ئەگەر به ڕواڵەتیش بێ، هەستی پێدەکرا. لەکاتی تەقەڕاگرتنه کاتییەکەدا له ١٩٤٦دا لەگەڵ ڤیت مین، فەڕەنسیەکان هەوڵیان دا بنەمایەکی ڕێککەوتن دەستەبەر بکەن. هەر بۆیه گفت و بەڵێنی جۆره خودموختارییەکی ناڕوونیان له ڕێکەوتێکی نادیاردا هێنایه ئارا وه و ئەوەش ئەوەنده بەجوانی باس کرابوو که هیچ زیانێکی به دەسەڵاتەکەی ئەوان نەگەیاند. وەک بەشی ڕۆژهەڵاتی دووری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گوتی، ئەوانه هەر هەمووی "کۆمەڵێک ئیمتیازی سەر کاغەز" بوون. بەڵام ئەو قسانه کاریان نەکرد و شەڕەکه دەستی پێ کردەوە و له کۆتایی ساڵی ١٩٤٦دا ئاگری یەکەمین شەڕی هیندوچین ـ یان شەڕی فەڕەنسا لەگەڵ هیندوچین ـ تەواو هەڵاییسابوو. ئیتر گومان و ساویرێک لەگۆڕێ نەبوو. کونسوولی ئەمریکا له

سایگۆن ڕایگەیاند ئەگەر فەڕەنسا دیسان هەوڵی سەرکوتکەرانە و سیاسەتی زەبروزەنگەکەی جارانی بگرێتەوە بەر، "لە داهاتوویەکی پێشبینیکراودا، هیچ ڕێگەچارەیەک بۆ دامرکاندنەوەی ئاژاوەکە بەدی ناکرێ و شەڕی پارتیزانیی دوورودرێژمان لەپێش دەبێ."(٥١)

ئەو فەرماندە فە ڕەنسییەی پێی ئەسپێردرابوو دیسان هیندوچین داگیر بکاتەوە، خۆی حەقیقەتەکەی بەدی کرد یان هەستی پێکرد. ژەنە ڕاڵ لۆکلەر پاش یەکەم تاوتوێکردنی بارودۆخەکە، بەڕاوێژکارە سیاسییەکەی خۆی گوت: "ئەم کارە ٥٠٠٠٠٠ سەربازی پێویستە و تەنانەت ئاوایش هەر سەر ناگرێ." ئەو بەو ڕستەیە ئایندەی وێنا کرد و بەراوردەکەی تەنانەت بیست ساڵ دواتریش کە هەر بەڕاستی ٥٠٠٠٠٠ سەربازی ئەمریکایی لە شەڕگەکە بوون، هەر وا پتەو و بەنرخ بوو.(٥٢)

ئاخۆ سیاسەتی ئەمریکا هەر لە ساڵانی ١٩٤٥ و١٩٤٦دا، لە گەمژەییەوە نزیک بوو؟ تەنانەت ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو سەردەمیشەوە قەزاوەت بکەین، وەڵامەکە بەڵێیە. چونکە زۆربەی کاربەدەستەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەیان زانی سەردەمی کۆلۆنیالیزم بەسەر چووە و دەستپێکردنەوەی ئەو ڕێگەیەی وەک وەدوای کڵاوی بابردووکەوتن لەقەڵەم دا. بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەڵگەهێنانەوە بۆ دەست لەپشتدانی فەڕەنسا چەندە بەهێز بوو گرێدانەوەی سیاسەت بە ئامانجێکەوە کە زانیارییە بەردەستەکان دەیانسلەماند کە بێ سوودە ئەوپەڕی گەمژەیی بوو. سیاسەتداڕێژەران خۆیان دڵینا دەکردەوە کە ویلایەتەیەکگرتووەکان بەو ئامانجەوە نابەستنەوە. دڵیان بەوە خۆش بوو کە فەڕەنسا بەڵێنی خودموختاریی داهاتووی داوە و ئەگەر وای دانیین بەڵێنیش بشکێنێ، هێزی ئەوەی نییە ئیمپراتۆرییەکەی خۆی بگێڕێتەوە و ناچارە دواجار لەگەڵ ڤێتنامییەکان ڕێک بکەوێ. ت ڕۆمەن و ئاچسۆن هەردووکیان خەڵکی ئەمریکایان دڵنیا کردەوە کە هەڵوێستی ویلایەتەیەکگرتووەکان "لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە کە ئەوەڕووداوەکانی داهاتوون بانگەشەکەی فەڕەنسا پشتڕاست دەکەنەوە کە دەڵێ خەڵکی هیندوچین پشتیوانیی لێ دەکەن."( ٥٣) کەوابوو پشتیوانی لە فەڕەنسا بە

مەبەستی دەستەبەرکردنی هەبوونی دەسەڵاتدارێکی بەهێز لە ئەورووپا تاوان نییە، ئەگەرچی کارێکی بێ فایدەیە.

ڕێگەچارەکە ئامادە و لەبەردەست بوو. بۆ دەستەبەرکردنی سەروەرییەکی جێی ڕێزەیی لەنێو نەتەوەکانی ڕۆژئاوادا و پتەوکردنی بنەمای نیازپاکی لە ئاسیادا، دەبوایە ئەمریکا لەگەڵ بزووتنەوە سەربەخۆییخوازەکان یەکی گرتبا و تەنانەت پشتیوانیشی لێ کردبان. دیارە ئەو شتە بۆ هەندێ کەس بەتایبەتی کارەبەدەستەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی دوور لە وەزارەتی درەوەی ئەمریکادا ڕوون بوو ؛ بەڵام زۆر نەدەکەوتە بەر دڵی ئەوانی دیکە. خۆبەڕێوەبەریی ئاسیاسییەکان بۆ ئەمانە شتێکی ئەوتۆ نەبوو کە بکرێنە کۆڵەکەی سیاسەت و لەگەڵ ئەوەشدا، لە بەراورد لەگەڵ ئاسایشی ئەورووپا شتێکی بچووک بوو. هەڵبژاردنی ئەو ڕێگەچارەیە لە هیندوچین هێزی خەیاڵکردنی دەویست ـ کە هیچ کات یەکێک نەبووە لە خەسڵەتە بەرزەکانی دەسەڵاتەکان . بەلاوەنانی ترسیشی دەویست و یارمەتیدانی کۆمۆنیستێک ئەویش لە کاتێکداکە کۆمۆنیزم بە بەرەیەکی یەکپارچە دادەنرا. تیتۆ لەوکاتدا تاقە جیابۆوەیەکی بلۆکی کۆمۆنیزم بوو و پێشبینی نەدەکرا جیابوونەوەیەکی دیکە بێتە گۆڕێ. جگە لەوەش یەکگرتن لەگەڵ بزووتنەوە سەربەخۆییخوازەکانیش هاوپەیمانەکانی لێک دەترازاند. کەوابوو لایەنە لاوازەکەیان گرت و وەختێک سیاسەتێک گیرایە بەر و جێبەجێ کرا، هەوڵ و تێکۆشانەکانی دوایی هەر هەمووی بۆی دەبنە پاساو.

ئەو بەدگومانییە ناخۆشەی کە ئێمە ئەمریکییەکان لە ڤێتنام سەرمان لەدووی گەمژەیی ناوە، هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی بەرۆکی بەرنەداین و جاروبارەش وەک ئەمر و فەرمانی تێکەڵ و پێکەڵ خۆی دەنواندەوە. بەشە فەڕەنسییەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکدا کە لە ١٩٤٧دا بۆ وەزیری دەرەوە جۆرج مارشالی نووسیی و بۆ دیپلۆماتەکانی ئەو وڵاتەش لە پاریس و ساگۆن و هانۆی نێردرا، کۆمەڵێک ڕێنوێنیی پڕ لە خەیاڵ پڵاوی لەگەڵ سەرلێشێواویی هێنایە سەر کاغەز. دەڵێ: بزووتنەوە سەربەخۆییخوازەکانی نەتەوە تازەپێگەیشتووەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کە یەک لەسەر چواری

خەڵکی دنیا لەخۆ دەگرن، "فاکتەرێکی گرنگە لە سەقامگیریی جیهاندا" و دەڵێ :" نابێ بهێڵین ئەو خەباتە ببێتە حەز و ئارەزووی دژە ڕۆژئاوایی و بکەوێتە دەست کۆمۆنیستەکان و باشترین زەمانەتیش بۆ ئەوە، ئەوەیە که هەروا وابەستە و چاولەدەستی دەسەڵاتە کۆلۆنیالیستییەکانی پێشوو بن. ئینجا لە لایەکەوە پشتڕاستی دەکاتەوە کە ئەو وابەستەیی و چاولەدەستییە، "دەبێ بەویستی خۆیان بێ" و لە لایەکی دیکەوە دەڵێ:" شەڕ لە هیندوچین هاوکاریی خۆبەخشانە لەناو دەبات و "ڤێتنامییەکان تەواو دەکاتە بێگانە و نامۆ." ئەوەشی لێ زیاد دەکا کە ویلایەتەیەکگرتووەکان دەیەوێ یارمەتیدەر بێ؛ بەڵام نایەوێ دەستتێوەردەر بێ یان ڕێگەچارەیەک بخاتە ڕوو و "ناچارە نیگەران"ی پێشهاتەکانی هیندوچین بێ. کاربەدەستانی وەزارەتی درەوەی ئەمریکا لەو بەڵگەیە هیچیان دەست نەدەکەوت. خوا دەزانێ!(٥٤)

لێدوانی "پەردەی ئاسنین"ی چەرچیل لە مارسی١٩٤٦دا لە فۆلتۆنی ئەیالەتی میسۆری - کە تێیدا گوتی: وای دانێین حەزی فراوانخوازی و بانگەشەکارانەی یەکیەتیی سۆڤیەت و ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیست "سنوورێکی هەبێ" کەس ئاگای لێی نییە - ئەو لێدوانە بڵێسەی ئاگرە تازەهەڵگیرساوەکەی شەڕی ساردی خۆشتر کرد.

دۆخەکە لە ڕاستیدا سامناک بوو. خولیاکەی ڕۆزڤێلت بۆ هەرەوەزیی هاوپەیمانان لە پێناو پاراستنی تەکووزی نێودەوڵەتیی پاش جەنگ، ببووە بێهیوایی و ئەو خۆی بەر لە مردنی لەو ڕاستییە تێگەیشت و لە دواین ڕۆژی مانەوەیدا لە واشنتۆن پشتڕاستی کردەوە کە ستالین "هەموو ئەو بەڵێنانەی لە یالتا پێی داوە، شکاندوونی . هەتا ساڵی ١٩٤٦ سۆڤیەت بەسەر پۆلۆنیا و ئەڵمانی ڕۆژهەڵات و ڕۆمانیا و هەنگاریا و ئەلبانی و هەندێکیش بەسەر یۆگۆسلاڤیادا زاڵ ببوو. حزبە کۆمۆنیستەکان لە فەڕەنسا و ئیتالیا مەترسیی زیادەیان دەنواند. جۆرج کێنان لە باڵیۆزخانەی ئەمریکاوە لە مۆسکۆ ڕێگەچارەیەکی لەسەر بنەمای "دانبەخۆداگرتنی درێژخایەن بەڵام پتەو و هۆشیارانە بۆ جڵەوکردنی حەز و گرۆییە فراوانخوازانەکەی سۆڤیەت" خستە ڕوو. لە ١٩٤٧دا ما ڕشال ، وەزیری دەرەوە داوای لە ئەمریکییەکان کرد هەستی بەرپرسیارەتیی پاراستنی تەکووزی و تەناهیی جیهان" لەخۆیاندا پەروەردە بکەن و "گرینگیی لە ڕادەبەدەر"ی هەوڵدان، یان هەوڵنەدانی ویلایەتەیەکگرتووەکان لە کاروباری جیهاندا بناسنەوە. وەڵامەکەی مۆسکۆ ئەوە بوو کە حیزبەکۆمۆنیستەکانی جیهان هەمووان لە بەرەڤانیی هاوبەشدا دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا یەکگرتوون. لەو دەمەدا "دۆکترینی ترۆمەن" هاتە ئاراوە کە بەپێی ئەو بیردۆزە، ئەمریکا بەرپرسیار دەبوو لە پشتیوانیکردنی ئەو پیاوەسەربەستانەی لە هەمبەر زاڵبوونی "کەمینە چەکدارەکان" یان گوشاری دەرەکیدا ڕادەوەستن و بەرەنگاریان دەبنەوە.

بەرنامەی ما  ڕشال بۆ یارمەتیی ئابووری و بووژاندنەوەی وڵاتە لاوازکراوەکانی ئەورووپا، ڕێکخرا. هەوڵی مەزن و سەرکەوتووانەش درا بۆ ئەوەی نەهێڵن یۆنان و تورکیا بکەونە چنگی کۆمۆنیستەکان.

لە فێبریوەری  ١٩٤٨دا سۆڤیەت چێکوسلۆڤاکیای هەڵلووشی. ویلایەتەیەکگرتووەکان، سەربازیی بەتۆبزیی لەبەر سێبەری ئڵایدا داناوە. هەر لە ئەپریلی ئەو ساڵەدا  ڕووسیا بە ڕلینی گەمارۆ دا. دژکردەوەی بوێرانەی ئەمریکا دروستکردنی پردێکی ئاسمانی بوو کە هەتا ساڵێک پاش کۆتایی گەمارۆکەش هەر وا بەردەوام بوو. لە١٩٤٩دا ڕێکخراوی پەیمانی ئانتلانتیکی باکوور(ناتۆ) دامەزرا ؛ کە ئامانج لێی بەرگریی هاوبەش بوو لە هەمبەر هەرپەلامارێکدا بۆ سەر هەرکام لە وڵاتە ئەندامەکانی.

بەڵام ئەو ڕووداوەی بالانسی هێزەکەی گۆڕی، سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان بوو لە ئۆکتۆبەری  ١٩٤٩دا لە چین کە هێندەی پێرل هاربر ئەمریکای ڕاچڵەکاند. گرژی و تووڕەیی "لەکیسچوون"ی چین  ، ئەمریکای تەنییەوە. چەنەوەڕەکانی تاقمی گوشار"لۆبی"ی چین لە کۆنگرەی ئەمریکا و دنیای بازرگانەکاندا بوون بە گەورەترین هاشوهووشکەرانی ژیانی سیاسی. ئەو زەبرە لە  ڕادەبەدەر بەژان بوو . بەتایبەتی کە  ڕووسیایش چەند هەفتەیەک پێشتر بۆمبی ناوکیی دروست کردبوو. سناتۆر جۆزف مەکارتی لە سەرەتاکانی ١٩٥٠دا  ڕایگەیاند کە پێڕستی  ٢٠٥ ئەندامی فەرمیی حیزبی کۆمۆنیستی لەبەردەست دایە کە هەمووان کارمەندی وەزارەتی دەرەوەن  . لە چوار ساڵی داهاتوودا بوختانی سیخوڕانی کۆمۆنیست لە ئەمریکای خستە پاڵ کۆمەڵێک لە هاونیشتمانەکانی خۆی و ئەمریکییەکان زیاتر لای ئەویان گرت و کەمتر بەرهەڵستی بوونەوە. لە جوونی  ١٩٥٠دا کۆریای باکووری سەر بە سۆڤیەت، پەلاماری کۆریای باشووری سەر بە ئەمریکای دا و سەرکۆمار ترۆمەن بە ئیجازەی  ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، فەرمانی پەلاماری بەرپەرچدەرانەی بە سوپای ئەمریکا دا. لەو ساڵە پڕ سەرکزییانەدا ڕۆزنبێرگەکان بە تاوانی ناپاکی دادگایی کران و ساڵی١٩٥١ مەحکووم کران و

پریزیدێنت ئایزنهاڤر قەبووڵی نەکرد سزاکەیان کەم بکرێتەوە کە دوو هەتیویان لەپاش بەجێ دەما و لە ئاکامدا هەردووکیانیان ئیعدام کرد.

ئەوانە هەموو تۆخم و پاژەکانی جەنگی سارد بوون کە ڕەوگەی ڕووداوەکانیان لە هیندوچین دیاری کرد. باوەڕی سەرەکی و زاڵ ئەوە بوو کە هەر بزووتنەوەیەکی مۆرکی کۆمۆنیزمی پێوە بنووسێ، بەشێکە لە پیلانێک کە دەیەوێ دنیا بخاتە بندەستی سۆڤیەتەوە.

سەرکەوتنی مائۆ لە چین، پشتڕاستکردنەوەی سامناکی ئەو خاڵە بوو و بەدوایدا هێرش بۆ سەر کۆریای باشوور، قۆناغێکی ترس و دڵەڕاوکێی لە سیاسەتی ئەمریکادا بەرامبەر ئاسیا دروست کرد. ئێستا ئیتر ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لێی " ڕوون" ببۆوە کە باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا، لەبەردەم پەلامارێکدایە کە لەلایەن کرملینەوە ڕێک دەخرێ."( ٥٥) ئەندامانی ئەنجوومەن هیندوچینیان بە چەق و کوانووی پیلان دەزانی . لەبەر ئەوەی ئاگری شەڕەکە لەو ولاتەوە بلێسەی دەسەند و سەربازە ئەورووپییەکان لەگەڵ ئەو هێزەخۆجێیانە بەشەڕ دەهاتن کە لە بەر فەرمانی کۆمۆنیستەکاندا بوون. بۆیە ئەوێیان ناو نا "ناوچەی ستراتژی" کە ئەگەر بێت و هەوڵێک نەدرێ و بکەوێتە دەست کۆمۆنیستەکان، بۆرما و تایلەندیش بەدوای خۆیدا پەلکێش دەکات.( ٥٦) لە پێشدا سەربزێوی و دەستدرێژیی کۆمۆنیستەکانیان دەخستە ئەستۆی سۆڤیەت ؛ بەلام وەختێک چین هاتە نێو شەڕەکەوە، بە هاندەری سەرەکی لەقەڵەم درا کە ئامانجی دوای ئەوەی ڤێتنام دەبێ. هۆشی مین و ڤیت مین، ڕوخسارێکی سامناک و ترسناکیان لێ کەوتەوە و بە نوێنەرانی پیلانی کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی لەقەڵەم دران و بەوپێیەش دوژمنی ویلایەتەیەکگرتووەکان. وەختێک هێزە وشکانی و دەریاییەکانی چین، دەستیان گرت بەسەر دوورگەی هاینان لە کەنداوی تۆنکیندا کە هەتا ئەو دەمە بەدەست چیانگ کاس شەکەوە بوو ؛ ئیتر ئەمریکا زیاتر زەندەقی چوو و ترسا. دژکردەوەی سەرکۆمار ت ڕۆمەن ئەوە بوو کە لە ٨ی مانگی مای ١٩٥٠دا ڕایگەیاند، یەکەمین یارمەتیی ڕاستەوخۆی ئابووری بڕی دە ملیۆن دۆلار

بەمەبەست و ئامانجی سەربازی، دەخرێتە بەر دەستی فەڕەنسا و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی ئەو وڵاتە لە هیندوچین.

پار فەڕەنسا بەپێی گرێبەستی ئەلیزە، لائۆس و کامبۆج و ڤێتنامی کردبووە هاوپەیمانی خۆی و "سەربەخۆییەکەی" ڤێتنامی بە فەرمی ناسیبوو و دیسان ئیمپراتۆر بایۆدایی کردبۆوە سەرۆکی دەوڵەت. سۆڤیەت و چینیش دەسبەجێ لە فێبریوەری ١٩٥٠دا کۆماری دیموکراتیکی هانۆییان، بە حکوومەتی ڕەوای ڤێتنام لەقەڵەم دا و ویلایەتەیەکگرتووەکانیش هەر لەو مانگەدا بایۆدایی بە فەرمی ناسی. پەیمانی ئەلیزە هیچ دەسەڵاتێکی ئیداری یان دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەی بە ڤێتنامییەکان نەدا . فەڕەنسییەکان هەر وەک جاری جاران خۆیان بەسەر سوپاکەی ڤێتنام ڕادەگەیشتن. سیستەمەکەی بایۆدایی کە کاربەدەستەکانی لە بەرتیلخۆریدا کارامەتر بوون لەچاو کاروباری ئیداری، گەندەڵ و نەشیاو بوو. سەرەڕای ئەوەی ئەمریکییەکان هەر جۆرێک بوو خۆیان قایل کرد بەوەی بایۆ دایی نوێنەری بەرەی نەتەوەخوازییە لەبەرامبەر هۆشی میندا، جا بەو پێیە دەتوانن پشتیوانی لە سەرپەرشتیارەکەی ئەو واتە فەڕەنسا بکەن، بەبێ ئەوەی تۆمەتی ئیستیعماریان بدرێتە پاڵ. بەڵام هیوا بە ڕێگەچارەی دووەم، واتە بایۆدایی نەهاتە دی و بەناوفەرمانڕەواکە خۆیشی لێی ڕوون ببۆوە و بە ڤان کوانگ دانی ڕاوێژکاری خۆی گوت:"لەم بارودۆخەی ئێستادا مەحاڵە بکرێ خەڵک و سەربازەکان قایل بکەی بەوەی کە بۆ شتێکی بەنرخ و پڕ بایەخ شەڕ دەکەن" و ئەگەر وەک ئەمریکییەکان دەیانەوێ پەرە بە سوپا بدەین، ئەو کارە لەوانەیە کۆمەڵێک مەترسیی لێ بکەوێتەوە و لەوانەیە بەکۆمەڵ و دەستەدەستە بکەونە گەڵ ڤیت مین. دکتۆر دان خۆی نەتەوەپەرستێکی ڕاستگۆ و شێلگیر بوو و دەیگوت: سوپای ڤێتنام کە هەموو ئەفسەرەکانی فەڕەنسین و لە ڕاستیدا هیچ سەرکردەیەکی خۆماڵییان نییە . "نە ئایدۆلۆژیای هەیە و نە ئامانج و نە کەفوکوڵ و نە ورەی جەنگاوەری و نە پشتیوانیی خەڵکیش".(٥٧)

حکوومەتی ئەمریکا لەو مەسەلەیە بێئاگا نەبوو. ڕابێرت بلۆم، کاربەدەستی فەرمیی وەفدی تەکنیکی و ئابووریی ئەمریکا لە ڤێتنام ، ڕایگەیاند :" ناکرێ

چاوەڕوانیی لێهاتوویی یان وەفادارکردنی خەڵکت لە بایۆدایی هەبێ" و "دوورەدیمەنی چاکسازیی بنەڕەتی" لە بارودۆخەکەدا بەدی ناکرێ و لەو دۆخەدا فەرەنسییەکان ناتوانن هیچ چەشنە سەرکەوتنێکی لێبڕاوانەی سەربازی دەستەبەر بکەن و ئاکامی جێی داخ و کەسەر ئەوەیە کە "ئەستەمە ئامانجەکانی ئەمریکا وەدی بێن".(٥٨) بلۆم پاش هەژدەمانگ بێهیوایی و ناکامی لە ١٩٥٢دا گەڕاوە ئەمریکا.

لە حاڵێکدا وەزارەتخانەکان لە واشینتۆن بەردەوام دڵی یەکتریان دەداوە و ورەیان بەیەکتری دەبەخشی کە "گەشەی نەتەوەپەرستیی ڕاستەقینە" لە پێویستییەکانی بەرەڤانی لە هیندوچینە و بەردەوام زۆر بۆ فەرەنسا و بایۆدایی دەستەوستان دێنن کە لەو بوارەوە چالاکییەکانیان گورجوگۆڵتر بکەن ؛ هەر خۆیان چەمکەکانی ناسینی خۆیانیان پێشێل دەکرد.ڕاستە ڕژێمەکەی بایۆدایی خۆشەویست نەبوو؛ بەڵام دێوەزمەی پێشڕەویی کۆمۆنیزم وای دەخواست کە فەرەنسا لە هەمبەر ڤیت میندا، یارمەتی بدرێت. پاش پەلامارەکەی کۆریای باکوور ، ترۆمەن دەسبەجێ ناردنی یەکەمین گرووپی ئەمریکییەکانی بۆ هیندوچین ڕاگەیاند. ئەو گرووپە کە ناوی نرابوو " گرووپی ڕاوێژکارانی یارمەتیدەری سەربازی" ،لە پێشدا لە سەرەتای شەڕی کۆریادا ٣٥ کەس بوون؛ دوایی بوونە ٢٠٠ کەس. ئەرکی ئەوان بە ڕواڵەت ئەوە بوو کە زانست و لێوەشاوەیی ئەمریکاییانە بخەنە ڕوو کە فەرەنسیەکان نەیاندەویست و بەردەوام لێی زویر بوون. چاودێری بەکارهێنانی کەلوپەلی ئەمریکییەکان بن کە یەکەم "بار"ی لە مانگی جولای و بە ئاسماندا گەیشتە سایگۆن. بە پێداگریی فەرەنسییەکان ئەو تفاق و کەلوپەلانە نەک بۆ دەوڵەتانی هاوپەیمان، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەدرانە فەرەنسییەکان و ڕاشکاوانە و بێ پێچ و پەنا گومان و ساویری هەرچەشنە سەربەخۆییەکی لەناو دەبرد.

سیاسەتداڕێژەرانی ئەمریکا، بەهاتنیان بۆ نێو شەڕەکە ناچار بوون بۆ پاساوی کردەوەکەی خۆیان، بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکەنە بیانوو. دەوڵەت لێشاوی لێداوانەکانی لەبارەی گرینگیی لەڕادەبەدەری باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە وەڕێ خست. ئەوێیان بە "ناوچەیەکی ستراتژی بۆ داهاتووی جیهان" لە

قەڵەم دا کە پێگە و شوێنە ستراتژییەکەی و سەرچاوە دەوڵەمەندە سرووشتییەکانی دەبێ لە بندەستی وڵاتە ئازادەکاندا و دوور لە دەسەڵاتی کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی بن.(٥٠) پرزیدێنت ترۆمەن لە لێدوانە ڕادیۆییەکەی خۆیدا بە خەڵکی ئەمریکای گوت:" فەرمانڕەوا کۆمۆنیستەکانی کرێملین دەستیان داوەتە دەستی یەک بۆ "پیلانێکی ترسێنەر لەپێناو نەهێشتنی ئازادی لە هەموو جیهاندا". بێت و سەرکەون؛ ویلایەتەیەکگرتووەکان یەکێک لە "قوربانییە سەرەکییەکانیان" دەبێ. " ئەو بارودۆخەکەی بە "مەترسییەکی ئاشکرا و بەردەست" دانا و بەڵگەهێنانەوەی مۆنیچ(٦٠)ی هێناوە گۆڕێ کە دواتر کرا بە دەسکەلا و بیانگەی هەمووان. ئەگەر وڵاتانی ئازاد لەو دەمەدا وێکڕا جووڵابانەوە و لەکاتی خۆیدا دەستدرێژیی دیکتاتۆرەکانیان تێک شکاندبا، لەوانەبوو دووەمین جەنگی جیهانی هەر نەقەومێ.(٦١)

پەندو عیبرەتوەرگرتن ڕاستە ؛ بەڵام لەوەیاندا بەراودرێکی درۆیین بوو. دەستدرێژییەکانی دەیەی ١٩٣٠ لە مەنچووری، باکووری چین، حەبەشە، ڕاینلاند، ئیسپانیا و زودێتێنلاند، هەر هەمووی ئاشکرا و بەرچاو بوو لەگەڵ هێرشی سەربازی و ئاسمانی و بۆمبا و هێزە داگیرەکەرەکاندا. کەچی پێشبینیی داگیرکردنی هیندوچین لە ١٩٥٠دا وەک خەون و خەیاڵ و لەبەرخۆوەگوتنی چاودێران وابوو. ئەنجوومەنی ئاسایشی ئەمریکا لە بەراورد و هەڵسەنگاندنەکەی فێریوەری ١٩٥٠دا هەڕەشەی بەهیندوچینی بەتاقە قۆناغێکی نەخشەی "پێشبینیکراوی" کۆمۆنیستەکان لەقەڵەم دا بۆ داگیرکردنی هەموو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا". ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە ئەو وەفدەی وەزارەتی دەرەوە کە لە ١٩٤٨دا خزینی کۆمۆنیستەکانیان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا تاوتوێ کرد؛ ئاسەوارێکی هیندوچینی دەست نەکەوتبوو.(٦٢) بەپێی ڕاپۆرتەکەی ئەوان "ئەگەر بە سەرکردایەتیی مۆسکۆ پیلانێک لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا لەگۆڕێ بێ هیندوچین هەتا ئەمڕۆ جۆرێک ریزپەڕ و ناوازە بووە."(٦٣)

بەڵام هیچ گومان و دڕدۆنگییەک نەبوو لەوەدا کە مەترسیی سۆڤیەت لە جیهاندا ڕاستەقینە بوو. لەوەدا کە سیستەمی کۆمۆنیستی دوژمنی دیموکراسی و

بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بوو لەوەدا کە کۆمۆنیزمی سۆڤیەت فراوانخواز و بەشوێن ڕاکێشانی ولاتانی دراوسێ و باقی ولاتانی لاوازدا بوو.

کە دەگوترا سۆڤیەت لە دەستدرێژییەکانیدا، دەستی لەگەڵ چین تێکەڵ کردووە، بۆچوونێکی سرووشتی بەلام زێدەگۆیانە بوو کە زۆر زوو دەرکەوت هەڵەیە. کەس گومانی لەوەدا نەبوو کە داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان هەر لەجێدا دەبوو پێش بەو سیستەمە دوژمنکارە بگرن و لەهەر جێیەکیش بۆیان بلوێ، هەوڵەکانی پووچەڵ بکەنەوە. بەلام ئەوەی کە سیستەمی کۆمۆنیستی لە ڕێگەی هیندوچینەوە هەڕەشەی لە ئاسایشی ئەمریکا دەکرد، تێگەیشتنێک بوو کە گەمژەیی لێ دەکەوتەوە.

وەختێک مەسەلەی ئاسایشی ئەمریکا هێنرایە گۆڕێ کە چین چووە نێو شەڕی کۆریاوە و پریزیدێنت ترۆمەن گوتی:" ئەو کارە ویلایەتەیەکگرتووەکان دەخاتە نێو "مەترسیی کارەساتباری دەستدرێژیی کۆمۆنیزم"ـەوە. پەڕینەوەی ژەنەڕاڵ مەک ئارتۆر لە هێڵی ٣٨ دەرەجە بۆ نێو ئەو ولاتانەی بەدەست کۆمۆنیستەکانەوە بوون ـ ئەو هەنگاوەی چینی هێنایە نێو جەنگەوە ــ بێگومان لە ڕوانگەی چینییەکانەوە، ئاسایشی چینی خستە مەترسییەوە . بەلام لە شێتیی جەنگدا بەدەگمەن بیر لە ڕای بەرامبەر دەکرێتەوە.

لەو ساتەوە کە چین بەکردەوە لە شەڕی گەڵ ئەمریکا وەردرا، بەدگومانییەک واشینتۆنی داگرت کە کۆمۆنیستەکانی چین وەخۆ کەوتوون و لانکەی دوایی ئەوان، خوارووی سنووری باشووری خۆیان لەهیندوچین دەبێ.

دەوڵەتی ترۆمەن لە ژێر ڕێژنەی پەلامار و تۆمەتی "لەدەستدان"ی چین و دابینکردنی هۆکارەکانی دەستدرێژیی بۆ سەر کۆریا ــ لە ئاکامی لێدوانەکەی ئاچسۆندا کە گوتی:" کۆریا لە دەرەوەی "بازنەیە" ــ بڕیاری وابوو وا بنوێنێ کە ئامادەی بەرەنگاربوونەوەی پیلانی کۆمۆنیستییە. هەر بۆیە مەترسیی کۆمۆنیستەکان بۆ هەموو ناوچەکە، بوو بە "دۆکترین"ی ئەو. ترۆمەن لە پەیامێکی تایبەتدا کە بەرنامەی یارمەتیی ئابووری و سەربازیی ٩٣٠ ملیۆن دۆلاریی ئەمریکای بۆ باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیای ڕادەگەیاند، بە کۆنگرەی گوت:" دەسەلاتدارانی کرملین، ئیتر چینیان کردووەتە یەکێک لە ولاتانی بندەستی

خۆیان(بەشێک لەخۆیان) و خەریکی تەدارەک و ئامادەکردنی چارەنووسێکی هاوشێوەن بۆ کۆریا و هیندوچین و بۆرما و فیلیپین . بەو جۆرە ترسی ئەوە هەیە کە "هێزی مرۆیی و سەرچاوە حەیاتییەکانی * ڕۆژهەڵات هەمووی بەلای سۆڤیەتدا بشکێنەوە" و ئەم کارە "وڵاتە ئازادەکان لە کۆمەڵێک کەرەستەی خاوی زۆر پێویست بێبەش دەکات" و ملیۆنان خەڵکی ئاشتیخوازی ڕۆژهەڵات دەکاتە "دارەدەستی کرملین".(٦٤) ئاچسۆنی بەنەزاکەتیش ئەو قسانەی چەند جاران پاتە کردەوە. ئەو بەفەرمی ناسینی حکوومەتەکەی هۆشی مینی لە لایەن سۆڤیەت و چینەوە، بە بەڵگەی پیلانی کۆمۆنیستەکان لەقەڵەم دا و گوتی :" ئەم کارە ئیتر هەموو گومان ـەکان لەبارەی نەتەوەپەرستبوونی هوشی مین دەڕەوێنێتەوە و"ڕەنگە سەرەکییەکەی ئەو وەک دژومنی بەخوێن تینووی سەربەخۆیی خۆجێیی هیندوچین" لەقاو دەدات.(٦٥)

دەین راسک ـ جێگری وەزارەتی دەرەوە و سەرپەرشتیاری کاروباری ڕۆژهەڵاتی دوور ـ کە لە ڕەوتی زەمەندا بوو بە پتەوترین و بەباوەڕترین و ڕاستگۆترین و چەقبەستووترین و بەردەوامترین سیاسەتڤانی ڤێتنام، لە هەوایەکی تازەی لێ دا و ڕەنگ و بۆنێکی سەیروسەمەرەی بە خەباتی سەربەخۆییخوازانەی ڤێتنام دا کە سەرچاوەی ئەو هەمووە گومان و دوودڵییەی ئەمریکا بوو. بە کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی سەنای گوت :" مەسەلەی کۆلۆنیالیستیی فەڕەنسا لەگۆڕێ نییە . بەڵکو مەسەلە ئەوەیە کە ئاخۆ خەڵکی ڤێتنام دەبێ بکەوێتە پاڵ ئەو کۆلۆنیالیزمە نوێیەی وا دەستکەوتی ئیمپراتۆریی کۆمۆنیستیی سۆڤیەتە یان نا ."(٦٦) ئەوەیشی لێ زیاد کرد کە ڤیت مین "داردەستی مەکتەب سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتە" و بەو پێیە "بەشێکە لەو جەنگە نێودەوڵەتییە."(٦٧)

حکوومەتی ئەمریکا بەو بەڵگاندنانە خۆی قانع کرد کە دووررِاگرتنی هیندوچین لە بازنەی کۆمۆنیزم، لەپێناو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا گرینگیی

---

* سەرچاوەی حەیاتی: واتە ئەو سەرچاوانەی ژیانیان پێوە بەستراوەتەوە. تەوشەی "حەیات" بە لای منەوە ئیتر بۆتە یەکێک لە وشە کوردییەکان. کورد لە مێژ ساڵە دەڵێ: حەیاتی لێ بڕێم. دەچمە سەر کێوی ئاتێ.... دێنم ئاوی حەیاتێ...

حەیاتیی هەیە و بەوپێیە سەرکەوتنی فەڕەنسا لە هیندوچین جا کۆلۆنیالیستیانە بێت یان نا، "بۆ ئاسایشی جیهانی ئازاد پێویستە". (ئەو پرسە، کە ئەگەر قەرار وایە ڤێتنام هەر بەڕاستی "سەربەخۆ" بێ. کەواتە فەڕەنسا بۆچی لەوێ شەڕ دەکا؟ کەس ئەوەی وەڕووی خۆی نەهێنا.) خەڵک لە ڕێی سەروتار چکی نیویۆرک تایمزەوە لە بابەتەکە ئاگادار بوونەوە. بەو جۆرە کە (جا ئێستا دەبێ لە هەموو ئەمریکییەکان ڕوون بێ کە فەڕەنسا پاراستنی هێڵی پێشەوەی بەرەیەکی لە ئەستۆیە کە بۆ هەموو جیهانی ئازاد گرینگییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە." نیویۆرک تایمز لێی زیاد کرد :" کەس حەزی لە ناردنی سەربازی ئەمریکی نیە . بەڵام ویلایەتە یەککگرتووەکان سوورە لەسەر ئەوەی قاپە برنجەکەی هیندوچین و ئەو پێگە ستراتژی و ئابڕووەی لە سەرانسەری باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و زۆر لەوەش دوورتر هەتا تونس و مەراکیش خەریکە لەرزۆک دەبێ بۆ ڕۆژئاوا ڕزگار بکا."( ٦٨) ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا لەو کاتدا لەوەشی تێپەڕاند و دوورەدیمەنێکی وێنا کرد کە ئەگەر کائۆچۆ(جۆرە کانزایەکە) و نەوتی مالایا و ئەندۆنزیا و هەناردەی برنجی بۆرما و تایلەند ڕاگیرێ، تەنانەت ژاپۆنیش بەچۆکدا دێ.(٦٩)

خۆ ئەگەر بێخەبەرییەکە(لەگوێی گادا خەوتنەکە" گەیشتبایەتە دەرەنجامێکی ماقووڵ: ئەگەر پاراستنی هیندوچین لەبەلای کۆمۆنیستەکان، هەر بەڕاست بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ئەوەندە حەیاتییە. ئاخۆ نابێ چالاکانە هەوڵ بدرێ بۆ بەرگریکردنی؟ کۆڕ و کۆبوونەوە سەربازییەکانی ئەمریکا حەزیان لە دەستێوەردانی سەربازی و چەکداری نەبوو. چونکە دەترسان لەوەی لەوانەیە وەک کۆریا دژکردەوەی سەربازیی چینییەکانی لێ بکەوێتەوە. "خۆبواردن لە شەڕی وشکانی لە ئاسیا" هەر لە کۆنەوە یەکێک بوو لە بنەما باوەڕییە پتەو و متمانەپێکراوەکانی سوپا. دەنگە وریاکەرەوەکانیش کەم نەبوون. ساڵی ١٩٥٠ کاتی خۆتێهەڵقورتاندنی چین لە کۆریا لە یاداشتێکی وەزارەتی دەرەوەدا نووسینی جۆن ئێولی، کەسی یەکەمی ئیدارەی یارمەتیی بەرەڤانیی هاوبەش، پێشنیار کرابوو کە بەرژەوەندی وا دەخوازێ دیسان چاوێک بەوەدا بخشێنرێتەوە هەتا بزانن ئەمریکا لە هیندوچین بەرەو کوێ دەچێ؟ چونکە نەک

لەوانەیە بەئاوات نەگەین و سەرچاوە و پاشکەوتەکانی خۆشمان لەو ڕێیەدا بەفیڕۆ بدەین، بەڵکو ئیتر ئێستا خەریکین لە خاڵێک نزیک دەبینەوە کە بەرپرسیارەتییەکانی ئێمە "پتر وایان لێ هاتووە؛ لەبری پتەوکردنی فەڕەنسیەکان جێی ئەوان بگرینەوە" و ببینە قەڵغانی بەڵای فەڕەنسییەکان و پەلکێشی دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ بکرێین. جۆن ئێولی لە کۆتاییدا دەڵێ: "لەو هەلومەرجانەدا گۆنگەڵەکان هەمیشە بەجۆرێک دروست دەبن." پێشنیارەکەی ئەو وەک چارەنووسی زۆربەی ڕاپۆرتە دوورەنوارەکانی دی، ئەگەر گەیشتبێشتە دەست بەرپرسە پایەبەرزەکان، هیچ کاریگەرییەکی دانەنا و کپ و بێدەنگ لە نێوان فایلەکاندا کەوت. لە حاڵێکدا سەلما کە وشە بە وشەی ڕاست دەرچوو."(٧٠)

دەوڵەتی ترۆمەن بەر لەوەی بگاتە کۆتایی، بەهۆی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانییەوە سیاسەتێکی داڕشت کە تێیدا پێشنیار دەکرا، ئەگەر بێت و چینییەکان دوژمنانە دەست لە هیندوچین وەربدەن؛ ویلایەتەیەکگرتووەکان بۆ پشتیوانیکردن لە فەڕەنسا دەبێ دەست بکات بە پەلاماری دەریایی و ئاسمانی بۆ سەر کۆمەڵە ئامانجێک لە نێو خاکی چیندا. ئیتر باسی هێزە وشکانییەکان هەر نەکرابوو.(٧١)

لەگەڵ سەرکەوتنی ژەنەڕاڵ ئایزنهاڤر و کۆماریخوازەکان لە هەڵبژاردنەکەی ١٩٥٢دا دەوڵەتێک هاتە سەر کار کە لە ژێر گوشاری ڕاستئاژۆکان و توندڕەوە دژەکۆمۆنیزمەکان و لایەنگرانی "چین"ی نیشتمانی لە کۆنگرەی ئەمریکادا بوو. نموونەی بیروباوەڕی ئەو تاقمەی دوایی، لێدوانەکانی والتر ڕابێرتسۆن لایەنگرە بەکەفوکوڵەکەی چیانگ کای شەک و جێگرە تازەکەی وەزارەتی دەرەوە بوو. ئەو پیاوە هەڵسەنگاندنەکەیCIAسیای لەبارەی ئاستی بەرهەمهێنانی پۆڵا لە چیندا دیت . بەتووڕەییەوە گوتی دەبێ ئەو ژ ومارەیە هەڵە بێ. لەبەر ئەوەی "دەوڵەتێکی نەیاری وەک کۆمۆنیستە چینییەکان، هەرگیز ناتوانێ پێنج ملیۆن تۆن پۆڵا بەرهەم بهێنێ."(٧٢)

سەرکردەی توندڕەوەکان - ویلیام نۆلەند - سەناتۆری کالیفۆرنیا، ڕێبەری زۆرینە بوو لە سەنادا کە دیموکراتەکانی بەوە تاوانبار دەکرد "ئاسیایان خستووەتە بەر مەترسیی زاڵبوونی سۆڤیەتەوە." و بەردەوام لە "چین"ی سوور

هەڵدەچوو و سوێندی خوارد   کە ئەگەر کۆمارە گەلییەکەی مائۆ بچێتە نێو نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، دەوڵەت تەفروتونا دەکا.(  ٧٣) گوشار و زۆرهێنانی ڕاستئاژۆ توندڕەوەکان بۆ دەوڵەتی ئەمریکا، فاکتەرێکی بێ   ڕاوەستان بوو. لیندن جانسۆن نزیکەی پازدە ساڵێک دواتر، ئەگەرچی لە ژێر گۆشارێکی زۆر کەمتردا "چین"ی لە   ڕووی هێزەوە بە "حەیوانێکی زەبەلاح" ناودێر کرد "کە دەبێ لێی بترسن."(٧٤)

کۆماریخوازەکانیش سیاسەتداڕێژەرێکی کەللەڕەقیان کردە وەزیری دەرەوە جۆن فاستەر دا ڵس، ئەو پیاوەی بەپێی خوڵق و خوو و پەروەردەکەی خۆی شێت و شەیدای هێرش و پەلامار بوو . ئەگەر ترۆمەن و ئاچسۆن دەستیان دایە بانگەشەی زێدەڕۆیانەی جەنگی سارد، هۆکارەکەی لانیکەم تا   ڕادەیەک دژکردەوە بوو بە تۆمەتی بەستراوەیی بە "حیزبی خیانەتکار" ـ نازناوی مەککارتی بۆ دیموکراتەکان ـ و هۆکارەکەی دیکەشی ئەو سەرودەست تێکەڵهاتنە سەیرە بوو کە بەرهەمی "لەدەستچوون"ی چین بوو. داڵس وەزیرە تازەکەی دەرەوە، دیارە توندڕەوێکی جەنگی سارد هەر خۆی ملهوڕ و بەگێچەڵ و شەڕخواز بوو. پەیوەندییەکانی دەرەوەش بە باوەڕی ئەو دەبوو لەسەر ئەو بنەمایە بەڕێوە بچن. دەستکەوتی ئەو سیاسەت لەسەر لێواری هەڵدێر و ڕێبازەکەشی زۆربەی جاران نەک ڕاگرتنی گەشە و تەنینەوە(نفوز)، بەڵکو پەلاماردانەوە و دنەدەرەکەیشی "کەفوکوڵی جڵەوکردنی   ڕووداوەکان: بوو.(٧٥)

داڵس ئەو دەمەی سناتۆر بوو پا ش هەرەسی "چین"ی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٤٩دا گوتبووی: "ئێستا بەرەی زەریای هێمنی ئێمە تەواو بەسەر گەمارۆی ڕۆژهەڵاتدا کراوەیە. بارودۆخەکەی ئەمڕۆ قەیراناوییە."(٧٦) گەمارۆ بە باوەڕی ئەو بریتی بوو لە پێشڕەوەیی چینی کۆمۆنیست بەرەو فۆرمز و لەوێیشەوە بۆ فیلیپین و توانایەکی بەکارنەهێنراو ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسێ کە لە کەوشەنە ئەسڵییەکەی چین ببەزێنێ و بەردەوام بڕواتە پێشەوە. وەختایەک چینییەکان لە کۆریا پاشەکشەیان بە هێزەکانی مەک ئارتۆر کرد؛ تێگەیشتن و بەراوردەکەی داڵس لە دوژمن لەوەش ترسهێنەرتر بوو. چەتەیی و تاڵانی پارتیزانەکانی هوک

له فیلیپین، جەنگی هۆشی مین لە ڤیتنام، ڕاپەڕینی کۆمۆنیستەکان لە مالایا، شۆڕشی کۆمۆنیستی لە چین و هێرش بۆ سەر کۆریا "هەر هەمووی پاژێکی یەک نموونە زەبروزەنگ و توندوتیژی بوو کە لە ماوەی سیوپێنج ساڵ ڕێککەوتندا داڕێژرا و دواجار لە خەبات و پشێوی نانەوە" لە سەرانسەری ئەورووپادا "دەگەیشتە لووتکە."(٧٧)

ئەو تێکەڵبوونەی کۆمەڵێک وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بەجۆرێک کە وەک بڵێی هیچ کامیان تایبەتمەندییەکی سەربەخۆ و چیرۆک و بارودۆخی تایبەتی خۆیانیان نییە، بیرۆکەیەک بوو کە بەبێ ئەوەی بزانن و زۆریش ڕووکەشانە، بەڵام بەدرۆ تیۆریی هەڵوەرینی یەک لەدوای یەکی مۆرەکانی خولقاند و کردی بە بڕیارێکی لێبڕاوانە. جا چونکە ڕۆژئاواییەکان هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی دووریان بە یەک چاو سەیر دەکرد، کەواتە چاوەڕوان دەکرا وەک مۆرەکان هەموو یەک کردەوە بن.(وەک یەک بجووڵێنەوە).

داڵس کوڕی قەشەیەکی سەر بە تاقمی پرسبیتری، خزمی بانگەشەکارانی ئایینی و خۆیشی یەکێک بوو لە پیاوە ئایینیە پاکەکان و لەو خزمایەتی و نزیکایەتییانەوە وای لێ هاتبوو دەمارگرژ بێت و خۆی بەهەقدار بزانێ. بەڵام ئەوەیش وای لێ نەکردبوو کە لە هەندێ کاروباری دەوڵەتیدا شەرم لەخۆی بکاتەوە. ئەو وا لە چیانگ کای شەک و سینگمان ڕەی(٧٨) تێگەیشتبوو کە "ئەو دوو پیاوە شەریفەی ئەم سەردەمە، هاوشانی بنیاتنەرانی کلێسان.
مەسیحییەکی بەڕێزن کە داری ئیمانەکەی خۆیانیان پێ دەکەوت."( ٧٩) بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە ئەو ئیمانە تازەهەڵبژێردراوە نەک سەرچاوەی کوێرەوەری و چەرمەسەری نەبوو بگرە یەکێکیش بوو لەڕەگەکانی دەسەڵاتی ئەو دووانە.

داڵس لە ساڵی ١٩٥٢دا بۆچوونی خۆی لەمەڕ وڵاتانی بندەسەڵاتی کۆمۆنیزم بەناوی " ڕێبازی ئازایانە" لە گۆڤاری لایفدا بڵاو کردەوە و گوتی: ئەمریکا دەبێ نیشانی بدات کە "دەیەوێ و چاوەڕوانیی هەیە پرۆسەی ئازادکردن وەدی بێ". مەبەستیش لە "ڕزگارکردن" دیارە ڕووخانی سیستەمە کۆمۆنیستییەکان بوو. بەرنامەی سیاسەتی دەرەوەی هەڵبژاردنەکەی ئەو

ساڵەی کۆماریخوازەکان ئەو نووسی و سیاسەتی سنووردارکردنی نفووزی بە "سیاسەتێکی خراپ و بێسوود و بەپێچەوانەی ئەخلاق" لەقەڵەم دا و ڕەتی کردەوە و بە زمانێکی ئاڵۆز و ناڕوون باسی هاندانی "کاریگەرییەکانی ڕزگارکەر لە جیهانی بندەست " و ئەو گوشار و زۆرانەشی کرد کە "دەسەڵاتداران وا نەزۆک بکات کە ئیتر نەتوانن شێوازە ترسناکەکانیان بەکار بێنن و سەرەتای بڕانەوە و کۆتایی بگات."(٨٠) ئەو زمانچەورییانە تەنانەت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنیش توند دیار بوون و ناسێنەری کەسایەتیی بنیادەمێک بوو کە نەک هەر بەناوی وەزیری کاروباری دەرەوە، بگرە بەکردەوەش لە حەوت ساڵی ئایندەیدا بووە دیاریکەری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. دا ڵس لە سەردەمی وەزارەتی خۆیدا بەرزترین بانگەشەکەری دەستتێوەردانی ئەمریکا لە ڤێتنامدا بوو.

مەرگی ستالین لە مارسی ١٩٥٣دا ڕووداوێک بوو کە ڕێگەی بۆ گیرانی کۆنفڕانسەکەی ژنێڤ لە ١٩٥٤دا چارەسەری نێودەوڵەتیی جەنگی هیندوچین خۆش کرد. سەرۆکوەزیرە تازەکەی ڕووسیا، گیۆرکی مالینکۆف لە وتارەکەی دەمی ناشتنی ستالیندا باسی پێویستیی "پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە"ی کرد و هەر ئەوە تەوژمی بەرەنگاربوونەوەکانی لە ئەورووپادا هێمن کردەوە. مۆلۆتۆف وەزیری دەرەوەیش لەسەر بابەتەکە ڕۆیشت و پێشنیاری کۆنفرانسی دەوڵەتە زلەکانی هێنایە گۆڕێ. سەرکۆمار ئایزنهاور، سەرەڕای ئەوەی داڵس زۆریشی پێ ناخۆش بوو ئەو ئاماژانەی بەبێوەڵام نەهێشتەوە و لە وتارەکەی خۆیدا هێماکانی ڕەواندنەوەی گرژی و ئاڵۆزیی بەرز نرخاند و حەز و تاسەی ئەمریکای بۆ "ئاشتیی ڕاستەقینە و تەواو" لە سەرانسەری ئاسیا و جیهاندا پاش گرێبەستی "ئاگربڕی شەرافەتمەندانە" لە کۆریادا خستەڕوو.

ڕۆژنامەکانی پراڤدا و ئیزڤێستیا بۆ ڕێزگرتن، وتارەکەی ئەویان وشە بە وشە چاپ و بڵاو کردەوە. داڵس هەوڵی دابوو کۆمەڵە مەرجێکی تێدا بگونجێنێ و ڕازیبوونەکەی ئەمریکا بە ئاگربڕ لە کۆریادا ببەستێتەوە بە گفت و بەڵێنی ئاشکرای کرملین، بۆ بڕاندنەوەی شۆڕشەکەی ڤیت مین دژی فەڕەنسییەکان.( ٨١) لێرەشدا وەک هەمیشە گومانەکەی ئەو ئەوە بوو کە

موسکۆ سەرەداوێکی پەلاماری سەربازیی لە هانۆی بەدەستەوەیە. ئەگەرچی پێشنیارەکە لەو بوارەوە قبووڵ نەکرا، بەڵام پێشگریمانەی ئەو کە یەکیەتیی سۆڤیەت تاوانبارە زۆربەهێزەکەی پیلانی جیهانییە هەرگیز سست و لاواز نەبووەوە.

گرێبەستی ئاگربڕی کۆریا لە جوولای ١٩٥٣دا مەترسییەکی تازەی هێنایە پێشەوە. چین لەوانەیە ئێستا هێزەکانی خۆی بنێرێتە پشتیوانیی کۆمۆنیستەکان بۆ سەرکەوتن لە ڤێتنامدا. ڤیت مین توانیبووی ڕێگەکانی یارمەتی و لۆجستیکی لە چینەوە بکاتەوە و ئەو سووتەمەنی و چەکوچۆڵەی لەو ڕێگەیەوە پێیان دەگەیشت، لە دە تۆنەوە گەیشتبووە زیاتر لە پەنجا تۆن لە مانگێکدا. لە کۆڕوکۆبوونەوە حکوومەتییەکانی ئەمریکادا لە بارەی دەستتێوەردانی ئەوڵاتەوە، بوو بە مشتومڕی زۆر توند. سوپا کە دەبوو باری شەڕی وشکانی بخاتە ئەستۆی خۆی و لە ئەزموونی جەنگە سنووردارەکەی کۆریا بیرەوەرییەکی تاڵی هەبوو نەیدەویست جارێکی دیکە لە بن باری ئەو کۆت و بەندانەدا شەڕ بکاتەوە. بەشی بەرنامەداڕشتنی ناوەندی گشتیی سوپا پەنجەی لەسەر کاکڵی مەسەلەکە دانا و داوای کرد لێکی بدەنەوە ."ئەگەر بێت و هیندوچین و باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا ڕزگار بکەن، چەندی تێدەچێ و گرینگییەکەی چەندەیە؟"(٨٢) ئەوە ڕێک ئەو نیگەرانییە بوو کە لۆرد بەرینگتۆنی نیگەران کرد و ئەو گوتی، ئەگەر بەریتانیا لەگەڵ کۆچەرنشینەکانی خۆی بەشەڕ بێ "تێچووی شەڕەکە ئەوەندە زۆرە کە هەرگیز بە سەرکەوتنیش ناتوانین بەدەستی بێنینەوە." ئەو پرسیارە حەیاتییەیش لەسەر بەهایڕێژەیی لە ڤێتنامیش وەک کۆچەرنشینەکان، هەرگیز وەڵامی نەدرایەوە.

چەند فەرماندەیەکی هێزی ئاسمانیی بەشداری باسەکە دەیانەویست بڕیاری شەڕ بدرێ . بەڵام دەریاوان ئەی سی دەیویس - ڕاوێژکاری کاروباری سەربازیی دەرەوەی وەزیری بەرگری - پێشنیاری کرد بە هەر نرخێک بێ ، دەبێ لە تێکهەڵچوون و شەڕ لە هیندوچین خۆ ببوێرن. بەڵام ئەگەر سیاسەتی نیشتمانی لەسەر ئەم بژێرەیە دامەزرێ، "ویلایەتەیەکگرتووەکان نابێ خۆی بخەڵەتێنێ و بڕوا بکا کە وردە تێکهەڵچوونێک، بۆ وێنە تەنیا و تایبەت بە یەکە

دەریایی و ئاسمانییەکان کردەنییە".( ٨٣) ئەو بە گرووپە بەشدارەکەی گوت، ئەگەر قەرار وایە هێزی ئاسمانی نرخ و بەهایەکی هەبێ، پێویستی بە بنکەی وشکانییە و بنکەش پێویستی بە هێزی ئینسانیی وشکانییە و ئەوانەش بۆ پاراستنی خۆیان پێویستیان بە یەکەی شەڕکەری وشکانی هەیە. "دەبێ ئەوەتان لێ ڕوون بێ، وەختێک لە شەڕەوە گلان ئیتر شەڕکردنڕێگەی هەرزانی نییە."

دژایەتیی سەرەکی لەگەڵ "وردە تێکهەڵچوونەکە" بوو ــ بێجێیش نەبوو. سەرکردەکانی پەنتاگۆن لە ئامۆژگارییەکانیاندا بۆ دەزگای جێبەجێکەر، بەرگریی "وێستاو" لە هیندوچینیان بەخراپ زانی و گوتیان دەبێ جەنگەکە بکێشنە نێو وڵاتی دەستدرێژکەر (لێرەدا واتە چینی کۆمۆنیست ). دوژمن لە ئاسیادا چین بوو. ڤێتنامییەکان بە ڕای پەنتاگۆن، تەنیا دارەدەست بوون. سەرکردەکانی پەنتاگۆن وریاییەکیشیان دا کە لە ساڵانی داهاتوودا زایەڵەکەی دەبیسرا: "وەختێک مەسەلەی حەیا و ئابڕووی ویلایەتەیەکگرتووەکان لەگۆڕێ بێ و هێزەکانی ئەو وڵاتە تووشی شەڕ بن، ئیتر بەبێ سەرکەوتن ناکرێ واز لە دوژمنایەتییەکە بێنێ."(٨٤)

واشینتۆن دەیزانی فاکتەر و کۆسپەکانی بەردەم سەرکەوتن کامانەن ـــ هەڵبەت ئەگەر وای دانێین کە سەرکۆمارەکان، کەلکیان لەو زانیارییانە وەرگرتبایە کە کاربەدەستەکانیان هێنابوویان. ڕاپۆرتێکی سیا باسی ئەوەی دەکرد کە خەڵکە خۆوڵاتییەکە "دژە بێگانەن" و دەیگوت "تەنانەت ئەگەر ویلایەتەیەکگرتووەکان هێزەکانی ڤیت مین لە بەرەی شەڕیش بشکێنێ، عەمەلیاتی پارتیزانی دەکرێ تا ماوەیەکی نادیار و بێبڕانەوە هەر درێژەی هەبێ" و ببێتە کۆسپ لەبەردەم سەرکەوتنی لایەنە دژەکۆمۆنیستەکان لە ناوچەکەدا. ئەوجار لێی زیاد کرابوو کە لەوەها هەلومەرجێکدا، ویلایەتەیەکگرتوەکان "لەوانەیە ناچار بێ ماوەی چەندین ساڵان لە هیندوچیندا بەرپرسیارەتیی سەربازی بگرێتە ئەستۆ."

مشتومڕی بەرپرسە جۆراوجۆرەکان ـ لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە، لە وەزارەتی بەرگری، لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی و لە ئیدارەکانی زانیاریدا بەبێ ئاکام هەر درێژەی پێدرا و لە گلۆڵەی چ بکەین و چ نەکەیندا بوو بە

گرێپووچکە. چ بکەین ئەگەر چینییەکان هاتنە مەیدانی شەڕ؟ چ بکەین ئەگەر فەڕەنسییەکان داوایان کرد      کە ویلایەتەیەکگرتووەکان دەبێ بەشداریی چالاکانەی هەبێ؟ چ بکەین ئەگەر بەوجۆرەی    ڕەوتە هزرییە زاڵەکەی نێو فەڕەنسا دەیەویست فەڕەنسییەکان بکشێنەوە و هیندوچین بە کۆمۆنیزم بسپێرن؟ ئەگەرەکان یەک بە یەک تاوتوێ کران و تاقمی لێکۆڵینەوە، پێکهاتوو لە بەرپرسانی  ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان    ڕاپۆرتی تێروتەسەلیان لە هەڵسەنگاندن و شەنوکەوەکانی خۆیان خستەڕوو. دیسان گومان و ساویرێک نەما. دەرکەوت  فەڕەنسییەکان لە حاڵەتێکدا دەتوانن سەرکەون کە بتوانن وابکەن، خەڵکی ڤێتنام بە ڕاستی لە ڕووی سەربازی و سیاسییەوە یارمەتیدەر و پشتیوانیان بن و ئەوەیش ئێستا بابەت و مەسەلە نییە و لە داهاتووشدا هەر نابێ. لەبەر ئەوەی فەڕەنسییەکان حەز ناکەن جڵەوی دەسەڵاتە سەرەکییەکەیان ڕاگوێزن( ڕادەستی ئەوان بکەن) . ڕوون بۆوە کە هیچ سەرکردایەتییەکی متمانەپێکراوی خۆوڵاتییان دەست نەکەوتووە کە کۆمۆنیست نەبێ. دەرکەوت هەوڵەکانی فەڕەنسا بەرەو نەمان دادەکشێن و پەلاماری دەریایی و ئاسمانیی ویلایەتەیەکگرتووەکان بەتەنیایی ناتوانێ لاپەڕەکە بە قازانجی فەڕەنسا هەڵداتەوە. ئەو ئاکامەی سەرکۆمار ئایزنهاور بەدەستی هێنابوو ئەوە بوو کە دەستێوەردانی سەربازیی ئەمریکا دەبێ بە سێ مەرج بێ:

کردەوەی هاوبەش لەگەڵ هاوپەیمانان، پەسندکرانی کۆنگرە و "پەلەکردن" لە دانی سەربەخۆیی بە وڵاتە هاوپەیمانەکان(هیندوچین) لە لایەن فەڕەنساوە.(٨)

هاوکات چەندی فەڕەنسا ئەستۆکەچتر دەبوو ئەمریکا پشتیوانییەکەی پتر دەکرد. لە ١٩٥٣دا لێشاوی بۆمبهاوێژەکان و فڕۆکەکانی        ڕاگواستن و پاپۆڕەکانی هێزی دەریایی و تانک و کامیۆن و چەکی ئۆتۆماتیکی و چەکی سووک و تەقەمەنی و گوللە تۆپ و دامودەزگای      ڕاگەیاندن و کەلوپەلی نەخۆشخانە و ئەندازیاری و یارمەتیی ئابووریی زەبەلاح، بەڕێگەوە بوون. لە سێ ساڵی ڕابردوودا، ٣٥٠ کەشتی (یانی حەفتەی پتر لە دوو کەشتی) کەلوپەل و پێداویستیی جەنگیی دابووە فەڕەنسییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، لە جوونی ١٩٥٣دا ئیدارەی نیشتمانیی زانیارییەکان، وای لێک دەداوە کە پاش دوازدە

مانگی دیکە، هەوڵەکانی فەڕەنسا "لەوانەیە دابەزن و داکشێن" . ئەگەر ئەو ڕەوتەی ئێستا بەردەوام بێ، لەوانەیە "زۆر خێرا بەرەو داکشان هەنگاو بنێ" و "خەمساردیی گشتی" درێژەی دەبێت و ڤیت مینیش هەروا "لە گۆڕەپانی سەربازیدا براوە و تاکەسوار دەبێ." لێکدانەوە زانیارییەکان، چ وەک نقورچکێک دابنێین بۆ دەستهەڵگرتن لە ئامانجێک کە لەخۆیدا سووکە، یان پێشنیار و ئامۆژگارییەک بۆ بەهێزکردنی ئەو ئامانجە و زیاترکردنی یارمەتی، لە هەردوو بارەکەیدا، لانیکەم دبوایە سەرلەنوێ ژیرانە چاوێک بە بارودۆخەکەدا بخشێننەوە. بەڵام وایان نەکرد و لەبەر ئەوەش بوو کە دەترسان بڕینی یارمەتییەکان، لەوانەیە ببێتە هۆی لەدەستچوونی هاوکاریی فەڕەنسا لە ئەورووپادا.(٨٦)

به وتەی ئاچسۆن "فەڕەنسییەکان باجیان لە ئێمە وەرگرت" . هاوکاریکردنی فەڕەنسا لە هیندوچین پاداشتێک بوو بۆ ئەوەی بێتە نێو "کۆمەڵی بەرگریی ئەورووپاوە".(٨٧) سیاسەتی ئەمریکا لە ئەرووپادا بەو گەلاڵەیەوە بەسترابۆوە کە وڵاتە گەورەکانی ئەوێ لە هاوپەیمانییەکی یەکپارچەدا کۆ بکاتەوە و فەڕەنساش دەترسا و خۆی دەبوارد، چونکە ئەو گەلاڵەیە ئەڵمانیشی دەگرتەوە. وڵاتێک کە ماوەیەک لەوەپێش خاکی فەڕەنسای داگیر کردبوو. ئەگەر ویلایەتەیەکگرتووەکان خوازیاری ئەوەیە فەڕەنسا و دوازدە لەشکرەکەی لە "ناتۆ"دا ببنە ئەندام، دەبێ لە کاتی خۆیدا باجی پێشگرتن لە کۆمۆنیزم لە ئاسیا و "لەوانەیە پاراستنی ئیمپراتۆریی فەڕەنسا" بدات. "کۆمەڵی بەرگریی ئەورووپا" بەبێ فەڕەنسا سەری نەدەگرت. ویلایەتە یەکگرتووەکان پابەندی ئەو کۆمەڵە بوو و باجەکەیشی دا.

ئەستەم نەبوو لەو ڕاستییە تێبگەین کە باشە فەڕەنسییەکان سەرەڕای ئەوەی هێزی ئینسانییەکی باشتریان هەبوو و ئەمریکایشیان لەپشت بوو ئەی بۆچی سەرنەدەکەوتن؟ خەڵکی هیندوچین کە زیاتر لە دوو ملیۆن کەسیان لەگەڵ هەشتاهەزار فەڕەنسی و چلوهەشت هەزار سەربازی ئەفریقیای باکوور و بیست هەزار "لژیۆنی بیانی" لە سوپای کۆلۆنیالیستیدا خزمەتیان دەکرد، ئەوانە بە ئاشکرا دیار بوو هانە و ورەیان نەبوو شەڕ بۆ فەڕەنسا بکەن.

ئەمریکییەکان بەردەوام باسی  ڕزگاربوون لە چنگی کۆمۆنیزمیان دەکرد  . لە حاڵێکدا ڕزگاریی دڵخوازانەی ڤێتنامییەکان ئەوە بوو لە چنگی ئیستیعمارڕزگار بن ؛ چ ئیستعماری خۆولاتی چ فەڕەنسی. ئەو بۆچوون و وێنایەی کە بنیادەمەکان وێکڕا  ڕێز لە ئەو ئازادییە دەگرن کە لەسەر بنەمای نموونە دیموکراتییە ڕۆژئاواییەکە بنیات نراوە، خەیاڵێکی پووچی ئەمریکییەکان بوو. پرێزیدێنت ئایزەنهاوەر کە هاتە سەر کار گوتی: "ئەو ئازادییەی ئێمە لە ئەورووپا  ڕێزی دەگرین و بەرگریی لێ دەکەین      ؛ جیاوازییەکی نییە لەو ئازادییەی لە ئاسیادا کەوتووەتە مەترسییەوە." ئەوە هەڵە بوو. لەوانەیە بنیادەم هەموو ئەندامی لەشێک بن، بەڵام بەپێی پێویستییەکانی خۆیان نیاز و ئارەزووی جۆراوجۆریان هەیە.(٨٨)

نەبوونی ورە و ئیرادەی شەڕکردن لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا، جەهل یان خەیاڵ پڵاو بوو. یەکێک لە سەرکردەکانی سوپای ئەمریکا سەرلەشکر تۆماس تڕەنپێک کە ساڵی      ١٩٥٤ لە خزمەتکردن لە نێو گرووپی      ڕاوێژکارە سەربازییەکان دەگەڕاوە، لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا باسی جەنگی دژوازییەکانی کرد. جەنگێک کە تێیدا "خەڵکی ڤێتنام بە گشتی بۆ سەرکەوتن سوور و پێداگر نین"، جەنگێک کە تێیدا "  ڕێبەری ڕاپەڕیوەکان خۆشەویستترە لە سەرۆکی دەوڵەتی ڤێتنام."(٨٩)

بەڵام تێگەیشتنی ئەو ئەفسەرە لە نەبوونی ورە و ئیرادەی شەڕ، هەرچۆنێک بێ پێشی ئەوەی نەگرت کە دیسان پێشنیار بکاتەوە پێداگرانەتر درێژە بە جەنگ بدەن. ئایزەنهاوەریش لە کۆنفرانسێکی میدیاییدا، وەک ئێمە پێمان خۆش بوو دانی بەوەدا نا کە "لەوێ حەز و تاسە و کەفوکوڵێک لەگۆڕێ نییە".(  ٩٠) ئەو لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا کە ساڵی   ١٩٦٣ بڵاو بووەوە (یانی زۆر بەر لەوەی جێگرەکانی ئەمریکا لە جەنگێکەوە بگلێنن)، ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە "خەڵک بە گشتی پشتیوانییان لە دوژمن دەکرد" و فەڕەنسییەکان نەیاندەتوانی

متمانه به سه‌ربازه ڤێتنامییه‌کان بکه‌ن [*]. یارمه‌تیی ئه‌مریکا "نه‌یده‌توانی ئه‌و که‌مایه‌سییه چاره‌سه‌ر بکا."(٩١)

له فه‌ڕه‌نسایش بیر و ڕای گشتی له ١٩٥٣دا شه‌که‌ت و ماندوو ببوون له‌و شه‌ڕه بێبڕانه‌وه‌یه‌ی زۆربه‌ی خه‌ڵکی فه‌ڕه‌نسا ئامانجه‌که‌یان قه‌بووڵ نه‌بوو. ئه‌و باوه‌ڕه ڕۆژبه‌ڕۆژ زیاتر ده‌بوو که فه‌ڕه‌نسا ناتوانێ هاوکات بۆ جه‌نگی ڤێتنام و بۆ به‌رگری له ئه‌ورووپا هه‌روا چه‌کدار و له‌شه‌ڕدا بێ و پێداویستییه‌کانی ژیانی خه‌ڵکی ناوخۆیش دابین بکا. سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی به‌شی هه‌ره زۆری تێچووه‌کان له‌سه‌ر شانی ئه‌مریکایش بوو هێشتا خه‌ڵکی فه‌ڕه‌نسا به پاڵپشتیی بانگه‌شه‌ی کۆمۆنیسته‌کان، ڕۆژبه‌ڕۆژ پتر دژی شه‌ڕه‌که هه‌رایان به‌رز ده‌بۆوه و بۆ چاره‌سه‌ری کێشه‌کان له ڕێگه‌ی دانوستانه‌وه، گوشاره‌کانی خۆیانیان خه‌ستتر ده‌کرده‌وه.

داڵس له‌و ده‌موساته‌دا شڵه‌ژاوانه قوڵی هه‌ڵماڵی که نه‌کا دووره‌دیمه‌نی ترسناکی ـ هیندوچین بکه‌وێته چنگی کۆمۆنیسته‌کان ـ وه‌دی بێت. له سه‌ره‌تاکانی ١٩٥٤دا ـ له گه‌رمه‌ی دوایین هه‌وڵی سه‌ربازیی فه‌ڕه‌نسادا ــ چل بۆمبهاوێژی (بی - ٢٦) به ٢٠٠ پسپۆڕی هێزی ئاسمانیی ئه‌مریکاوه، به‌جلوبه‌رگی سیڤیله‌وه نێردرانه نێو هیندوچین و کۆنگره ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری له‌گه‌ڵ ٣٨٥ ملیۆن دۆلاری دیکه‌شی په‌سند کرد بۆ تێچووی هێرشه گه‌ڵاڵه بۆ داڕێژراوه‌کانی ژه‌نه‌ڕاڵ هانڕی ناڤار. تا چه‌ند مانگیش دواتر، هه‌تا دوایین کاره‌ساتی دین بین فۆ، سه‌رمایه‌گوزاریی ئه‌مریکا له هیندوچین له ساڵی ١٩٤٦دا تا ئه‌و ده‌م پتر له دوو ملیار دۆلاری هه‌ڵگرتبوو و

---

[*] سه‌رانسه‌ری ئه‌م کتێبه به‌ڵگه‌هێنانه‌وه‌یه له‌سه‌ر گه‌مژه‌یی ده‌سه‌ڵاتداران له دووپاته کردنه‌وه‌ی یه‌ک جۆره هه‌ڵه‌دا. ئه‌وه‌ی سه‌رده‌مانێک جۆرجی سێیه‌م کردوویه‌تی، دوایین هه‌ڵه نه‌بووه، بگره به‌رده‌وام ئه‌و هه‌ڵه‌یه دووپات بۆته‌وه و پاش شه‌ڕه‌که‌ی ڤێتنام و هه‌ڵه گورچووبڕه‌که‌ی ئه‌مریکاش هه‌ر ده‌رسی لێ وه‌رناگیردرێ و سه‌دام حوسێنیش له ئێراق هه‌ڵه‌ی دیکتاتۆره‌کانی پێش خۆی نه‌کرده ده‌رس و په‌ندێک و نووری مالکیش هه‌ڵه‌کانی سه‌دامی دووپات کرده‌وه و ئه‌مریکا دیسان له ئێراقد ا هه‌ڵه‌ی ڕابردووی خۆی دووباره کرده‌وه. وه‌ک چۆن فه‌ڕه‌نسییه‌کان له ڤێتنام بڕوایان له سه‌ربازی ڤێتنام نه‌بوو له ئێراقیش سه‌ربازی ئه‌مریکی، متمانه‌یان به سه‌ربازی ئێراقی نه‌بوو و له نێو سوپای ئێراق دا به سه‌دان کۆنه به‌عسی هه‌ر مابوون و وه‌فادار بوون به سیسته‌مه‌که‌ی پێشوویان و له ڕووداوه‌کانی ٢٠١٤ی مووسڵدا ئه‌وه به ڕوونی ده‌رکه‌وت.... هه‌ڵه‌کان به‌رده‌وام دووپاته ده‌بنه‌وه و گه‌مژه‌کان هیچ کات ده‌رس وه‌رناگرن.... وه‌رگێڕ

ویلایەتەیەکگرتووەکان سەداهەشتای تێچووی شەڕەکەی فەڕەنسای دەدا و ئەوەیش جگە لەو یارمەتییە بوو وا دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بۆ سەقامگیرکردن و بەهێزکردنی بەرگری و خۆڕاگرییەکەی ئەوان لە بەرامبەر ڤیت مین دەیاندایێ. (٩٢) بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەو یارمەتییانە وەک یارمەتییە هاوچەشنەکانیان لە شوێنەکانی دیکە دەچووە گیرفانی بەرپرسە بەرژەوەندخوازەکانەوە. هەروەک لە یادداشتەکەی جۆن ئێولیدا بەربێژ ی ی کرابوو ویلایەتەیەکگرتووەکان لە شەڕێکی بلێ و نەڵێی کۆلۆنیالیستیدا، خەریک بوو وا تێوە دەگلا کە لەبری بەهێزکردنی فەڕەنسییەکان بەرەو ئەوە دەچوو جێی ئەوان بگرێتەوە.

بەرپرسە ئەمریکییەکان سەرەڕای ئەوەی دەیانزانی کێشەکە لە کوێوەیە لە ڕاپۆرتە پەیتاپەیتاکانیاندا بۆ یەکتر و لە ڕاسپاردەی ئامۆژگارییانەیان بۆ فەڕەنسییەکان پێیان دادەگرتەو ە کە سەربەخۆیی هیندوچین دەبێ "پەلەی لێ بکرێ" و بەجێ و واقیعی بێ. گەمژەیی بەرچاو و درەوشاوە هەر ئەوە بوو. چۆن دەکرێ هەم فەڕەنسییەکان هان بدەیت چالاکانە شەڕ بکەن و لەکۆڵ ڤێتنام نەبنەوە و هەمیش بەڵێن و گفتیان لێ وەرگریت کە دواجار هەر بۆاستی سەربەخۆییان بدەنێ؟ ئەگەر شەڕەکە بۆ پاراستنی ئەوێ نەبێ هەوڵدان بۆ چاودێریی ئەو خاوەندارێتییە ئیستعمارییە لەپای چی؟

فەڕەنسییەکان ئەو دژوازییەیان بە ڕوونی دەدی. ئەوان لەگەڵ شەڕدا بوایەن یان دژی شەڕ، خوازیاری جۆرە دەسەڵاتێکی سنووردار بوون کە هیندوچین لە یەکێتیی فەڕەنسادا ڕابگرێ و "یەکێتیی فەڕەنسا" ناوێکی درەوشاوە بوو کە پاش دووەم جەنگی جیهانی لەسەر ئیمپراتۆڕیی فەڕەنسایان دانابوو). غرووری فەڕەنسی، شە ڕەفی فەڕەنسی، قوربانییەکانی فەڕەنسا، ئەگەر نەڵێین بازرگانیی فەڕەنسی هەر هەموو لەو دۆخەدا بوون و جگە لەوەیش، فەڕەنسا دەترسا لەوەی لەدەستچوونی هیندوچین ببێتە نموونەیەک بۆ ئەلجەزایر. هۆکاری چاوەڕوانییە ناماقووڵەکەی ئەمریکایش کە فەڕەنسا هەم شەڕ بکا و هەمیش واز لە دەسەڵاتدارێتییەکەی خۆی بێنێ . ئەوە بوو کە سیاسەتی ئەمریکا جەنگی تەنیا وەک خەبات دژی کۆمۆنیزم سەیر دەکرد کە

دەكرا سەربەخۆییش لەخۆ بگرێ و لایەنێكی دیكەی مەسەلەكە، واتە دەسەڵاتی بەرەوداكشان و لاوازبوونی ئیستعماریشی كە دیارە لەگەڵ سەربەخۆیی ناتەبا بوو بەسەر خۆی نەدێنا.

دالًس و دەریاسالار ئارتۆر ڕادفۆڕد، سەرۆكی بنكەی هاوبەش و ئەوانی دیكەش وەک سحریان لێ كرابێ ؛ جگە لە دەستێوەردانی چین لە جەنگەكەدا بیریان لەهیچ شتێكی دی نەدەكردەوە. پێیان وابوو مادام كە بتوانن بە وریاكردنەوەی لەسەرخۆ، وەک تۆڵەئەستاندنەوەی بەربڵاو ــ واتە جەنگی ناوكی ــ یان هەڕەشەی پەلاماری سەربازیی دیكە لە لایەن ئەمریكاوە بۆ سەر خاكی ئەسڵیی وڵاتی چین، وا بكەن چینیەكان لە هاتنە نێو شەڕەكە بگێڕنەوە . ئەوا تای تەرازووەكە لە هیندوچین ئاخرییەكەی بەلای فەڕەنسادا دەشكێتەوە. ئەو جۆرە بیركردنەوەیە، وەک هەمیشە گوێی نەدەدایە ڤیت مین و سەد ساڵ سەربەخۆییخوازیی ڤێتنامییەكان ئەو هەڵەیەی هەتا كۆتایی بەرۆكی ئەمریكای بەر نەدا.

لەگەڵ ئەوەدا سیاسەتڤانەكان وەک لە ڕاپۆرتە چەواشەكارانەكانیاندا دەردەكەوێ، زانیبوویان ویلایەتەیەكگرتووەكان لەو جەنگەی سپی پێستەكاندا بە یارمەتیدانیان خۆی لەلای ئاسیاییەكان سووک دەكا و ئەوەیش كە گەڵاڵەی ناڤار و سەركەوتنی فەڕەنسییەكان لە خەیاڵێک بەولاوە نییە و سەرەڕ ای گەشبینییەكەی ژەنە ڕاڵ ئۆدانیل ـ ناسراو بە "مایكی پۆڵایین" ـ سەرۆكی دەستەی ڕاوێژكارانی سەربازی، لۆجستیكە زیادییەكەی ئەمریكا ناتوانێ سەركەوتنی ژەنەڕاڵ ناڤار دەستەبەر و مسۆگەر بكا و یارمەتییەكانی ئەمریكا كاریگەرییەكی ئەوتۆیان نییە. ئەمریكییەكان دەیانزانی، ئەگەر بێت و ڕێگەی ناردنی لۆجستیكی چینی "كە لەو دەمەدا گەیشتبووە مانگێ١٥٠٠ تۆن"، هانۆی خۆی بەدەستەوە نادا و ئەو ڕاستییە بەژانەشیان لێ ڕوون ببۆوە كە خەڵک و پەرلەمانی نیشتمانیی فەڕەنسا ڕۆژبەڕۆژ هۆگریەكەیان كاڵتر دەبێتەوە(لەو شەڕە بێزار دەبن) و لەوانەیە شەڕەكە بە قەیرانێكی سیاسی بگاتە كۆتایی و ئەمریكا دەم لەپووش بمێنێتەوە و ڕەنج بەخەسار بێ یان ناچار بێ ئەو ئەركە (ئاقیبەت شوومە) بگرێتە ئەستۆ. ئەمریكا لەگەڵ ئەوەشدا باش دەیزانی، دەوڵەتە

هاوپەیمانەکان ناتوانن بەبێ پشتیوانیی ئەمریکا لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن. بەو بەرچاوڕوونی و تێگەیشتنەوە، ئەمریکا بە چ ئەقڵێک پارەی بۆ مشتەرییەکی بێ بایەخ لەو سەری دنیا خەرج دەکرد؟

ویلایەتە یەکگرتووەکان پاش ئەوەی هیندوچینی بە ئامانجی سەرەکیی هێرشی هاوئاهەنگی کۆمۆنیستی لەقەڵەم دا. پاش ئەوەی لە هەموو ڕاپۆرتێکی سیاسی و لە هەموو قسەیەکی گشتیدا ئەو گریمانەی هێرشە دووپاتە کرایەوە کە پاراستنی ئەو کەوشە لە کۆمۆنیزم بۆ ئاسایشی ئەمریکا شتێکی حەیاتییە و وەک ژیان پێویستە ؛ ئیتر کەوتە نێو داوی بانگەشەی خۆیەوە. قسەکردنی زێدەڕۆیانەی جەنگی سارد تەنانەت قسەزانەکانیشی تەلیسم کردبوو. دەوڵەتی ئەمریکا لەسەر ئەو باوەڕە بوو یان بەڕێنوێنییەکانی دالس خۆی قانع کردبوو کە پێشگرتن لە پێشڕەویی ئەختاپووسی کۆمۆنیزم لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا پێویست و زەروورە. جگە لەوەیش "لەدەستدان"ی هیندووچین پاش "لەدەستچوون"ی چین، واتە پێشوازیکردن لە کارەساتێکی سیاسی. تەنانەت ئازادیخوازەکانیش کەوتنە گەڵ کۆمەڵە کەسێک کە لەو کۆمەڵەدا بەشدار بوون. ویلیام داگلاس دادوەری دیوانی بەرزی ئەمریکا، پاش سەردانی پێنج ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە ساڵی ١٩٦٣دا ئاوا داوەریی کرد کە کردنەوەی "هەر بەرەیەک؛ لە ڕاستیدا کردەوەیەکی دوژمنانەی پیلانێکی کۆمۆنیستییە بۆ فرەوانکردنەوەی ئیمپراتۆریی ڕووسیا.. هەرەسی ڤێتنام، ئێستا هەر هەموو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەخاتە مەترسییەوە."( ٩٣) سەناتۆر مایک مەنسفیڵد، کابرایەک بوو پارسەنگی سیاسەتی دەرەوەی ڕادەگرت و ئەندامی بەدەستەڵاتی پێوەندییەکانی دەرەوە بوو کە دڵیشی زۆر لەسەر ئاسیا بوو و ئاشنایەتییەکەشی لەگەڵ کاروباری ئەو ناوچەیەدا هیی ئەو ساڵانە بوو وا لە زانکۆ مامۆستا ئاسیای دوور بوو. ساڵی ١٩٥٣ دیسان سەفەرێکی ئەو ناوچانەی کردەوە و لەوێ بارودۆخەکەی شەنوکەو کرد. ئەو لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا بە سەنای گوت: "ئاشتیی جیهان" لەسەر ڕێی فراوانخوازیی کۆمۆنیستەکان لە ڕۆژهەڵاتی دوور "بە موویەک بەندە" . هەر بۆیە لە هیندوچینیش وەک کۆریا مەسەلەی ئاسایشی ویلایەتەیەکگرتووەکان لەگۆڕێیە"

ئێمە یارمەتیی ئەو شەڕە دەدەین لەبەر ئەوەی "گرینگیی لە ڕادەبەدەری هیندوچینمان بۆ جیهانی ناکۆمۆنیست و ئاسایشی نیشتمانیی خۆمان لێ ڕوون بووەتەوە."(٩٤)

ئەو هەڵوەرییانە لەوەڕا سەرچاوەیان دەگرت کە وایان دێنایە پێش چاوی خۆیان، ئەوا وڵات لە چنگی "دڕندەیەکی زەبەلاح"دایە. بگرەوبەردەکانی مەکارتی لە کۆمیتەی چالاکییە دژە ئەمریکییەکانی پەرلەمان، سیخوڕ و گزیرەکان لیستە ڕەشەکان و ڕاستئاژۆ توندڕۆکانی حیزبی کۆماری و لایەنگرانی "چین"ی نیشتمانی لە کۆنگرەدا، دادگاییکردنەکان و ژیانی بەفیڕۆچووی هەموو وڵاتی خستبووە گێژاوی ترسنۆکییەکی ئەخلاقییەوە. هەر هەموویان چ لە بەرپرسیارەتیدا و چ لە دەرەوەی بەرپرسیارەتیش لە ترسانا هەڵدەلەرزین و هەوڵیان دەدا بیسلەمێنن دژە کۆمۆنیستن. یەکێک لەو بنیادەمە شڵەژاوانە دالس بوو کە وەک برادەرێک دەیگێڕاوە بەردەوام بە دڵەڕاوکێوە دەژیا کە نەکا ئەمجارە مەکارتی هێرش بکاتە سەر ئەو. ئەو شەپۆلە تۆزێک نەرمونیانتر سەرکۆمارییش ی گرتەوە و نیشانەکەیشی بێدەنگبوونی ڕەزامەندانەی ئایزەنهاور بوو ئەو دەمەی مەکارتی پەلاماری ژەنەڕاڵ مارشالی دا. مەکولی "مێژووزانە ئینگلیزییەکە" سەردەمانێک نووسیبووی هیچ شتێک هێندەی خەڵکی ئینگلیز گاڵتەجار نییە . ئەو دەمەی دەکەونە بەردەم نۆرە پەلاماری ئەخلاقییەوە ــ جا دەکرێ ترس و بێدەسەڵاتییەکەی خەڵکی ئەمریکایشی لە پشێوییەکانی دیەی ١٩٥٠ بخەیە سەری.(٩٥)

"ڕوخسارە تازەکەی" ستراتژیی سەربازی لەسەر دەمی حکوومەتی ئایزەنهاوەردا ڕوخسارێکی ناوکی بوو و دەستەیەک پسپۆڕی ستراتژی و وەزیرە گەورەکانی کابینە، بیرۆکەکەیان داڕشتبوو.( ٩٦) بەپێی شێوەبیرکردنەوەی نوێ، لە بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیزمدا دوورەدیمەنی تۆڵەکردنەوەی ئەمریکا بە چەکی نوێ پڕمەترسیتر و جەنگەکەیش لە چاو لۆجستیکە بەربڵاوەکەی "ڕەوتە کۆن و باوەکان"یش لە پێشوودا زۆر بەتەوژم و هەرزانتر تەواو دەبێ. ئایزەنهاوەر زۆر نیگەرانی کەمهێنانی بوودجەی داهاتوو بوو . جۆرج هامفێری وەزیری داراییش کە نەیشاردەوە و

دەیگوت:"بەرنامە سەربازییەکان، گوێ نادەنە سەرچاوە و کێشە ئابوورییەکانی ئێمە و بۆ پاراستنی وڵاتێکی مایەپووچ، شوو ڕا و بەرەگەی لەشکاننەهاتوو هەڵدەچنێ" و ئاکامەکەیشی کارەساتە نەک بەرگری. "ئەوە سی ساڵ لەمەوبەر بوو". ئامانجی " ڕوخساری نوێ" جگە لە جەنگی سارد ئابووریی ناوخۆییش بوو.(٩٧)

داڵس بۆ وریاکردنەوەی مۆسکۆ لە وتارە نەمرەکەی جانیوەری ١٩٥٤یدا ستراتژیی "تۆڵەکردنەوەی مەزن"ی بە هەمووان ڕاگەیاند. مەبەست ئەوە بوو کە لێبڕاوی و هێزی وەڵامدانەوەی ئەمریکا بۆ هەموو ئەوانەی بەتەمای "دەستدرێژ یێ" ڕوون بێتەوە . بەڵام ئەو هەرایەی وا ئەم وتاردانە نایەوە دەنگەکەی ئەوی خنکاند. نیوەی خەڵکی دنیا قسەکانی ئەویان بە فشەفش و هەڕوگیڤ دانا و نیوەکەی دیکەیش بە قسەیەکی شێلگیرانە وەریان گرت و ترسیان ڕێ نیشت. لەو جەنگەیەدا کاروباری هیندوچین قەیرانی تێکەوت.

لە نۆڤەمبەری ١٩٥٣دا ژەنەڕاڵ ناڤار ١٢٠٠٠ سەربازی فەڕەنسیی ناردبوو دەست بگرن بەسەر ناوچەیەکی دوورەدەستی باکووری ڤێتنامدا لە باکووری هانۆی کە هەر هەمووی قەڵا و شوورای سەربازیی "دین بین فوو" بوو. ئامانجەکەیشی ئەوە بوو دوژمن لە شەڕێکی دەستەوئێخە وەربدا . بەڵام هەڵبژاردنی ئەو شوێنە لە نێوان بەرزاییەکاندا و لە ناوچەیەک کە بەشی هەرە زۆری لە ژێر چاودێریی ڤیت میندا هەڵبژێردرابوو کارێکی هەڵەشە و بەپەلە بوو و کارەساتی لێ کەوتەوە. هەر لەو دەمەدا لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەدا لە بەرلین، مۆلۆتۆف پێشنیاری کرد لە دانوستانەکاندا باسی پرسەکانی ئاسیایش بکرێ و لە کۆنفرانسێکدا بێتە گۆڕێ کە پێنج دەوڵەتە مەزنەکە و یەک لەوان کۆماری خەڵکی چینیشی تێدابێ.

ڕاپۆرتە نیگەرانکەرەکانی دین بین فوو و گوشارە زۆرە ناوخۆییەکان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ، سەری لە فەڕەنسییەکان شێواندبوو. بۆیە دەرفەتی دانوستانەکانیان قۆستەوە. دا ڵس ملی بۆ هیچ جۆرە سازشێک لەگەڵ کۆمۆنیستەکان دانەدەنواند و قەبووڵی نەدەکرد لەگەڵ چینییەکان لەسەر مێزێک دابنیشێ کە لەوانەبوو وەک بەفەرمی ناسینی چین لەقەڵەم بدرێ و پێشنیاری

دیداری سەرۆکی پێنج دەوڵەتە گەورەکە ترسی خستە دڵییەوە. دا ڵس لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەو شێروڕێوی هێنانەوەی ڕووسیە لەدوای وتارەکەی مالینکۆفەوە (پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە)، هەمووی "بانگەشەی ساختەی ئاشتی" و فێڵێک بووە بۆ کەمکردنەوەی وشیاری بەرهەڵستکارەکان. هەر بۆیە هەوڵی دا هەموو ئەو فرتوفێڵ و تەگبیرە ترسێنەرانەی دەیزانین، بەکاریان بێنێ و پێشی کۆنفرانسی پێنج دەوڵەتەکە بگرێ و لە هەمانکاتدا فەڕەنسا هەر وا لە گەرمەی شەڕەکەی ڤێتنامدا بهێڵێتەوە . بەڵام گوشارەکەی ئەمریکا نەگەیەنێتە ئاستێک کە ئەو وڵاتە زویر بکا و کۆمەڵی بەرگریی ئەورووپا بخاتە مەترسییەوە.(٩٨) بەڵام دەوڵەتی فەڕەنسایش پێداگر بوو لەسەر ئەوەی خۆی لەو گێژاوی مەرگی سیاسییە ڕزگار بکا. هەر بۆیە پێداگرانە هیندوچینی خستە نێو بەرنامەی دانوستانەکانەوە و داڵس پێی باش نەبوو بەربینگ بە فەڕەنسا بگرێ و ناچار ملکەچی قەدەر بوو. دیداری پێنج وڵاتە مەزنەکە خراپە کۆتایی ئەپریل لە ژنێڤ.

دوورەدیمەنی ئەو دیدارە ـ واتە ئەگەری پشتڕاستکردنەوەی ئەوەیکە کۆمۆنیستەکان لە ڤێتنامن و فەڕەنسایش دەستی لە شەڕ هەڵگرتووە ـ ناوەندەکانی بەرنامەداڕشتنی سیاسەتی لە ئەمریکا تۆقاند. کۆمەڵە گەلاڵەی چاوەڕواننەکراو بۆ دەستێوەردانی سەربازیی ئەمریکییەکان لەبری فەڕەنسییەکان بوونە فەرمی و سەرۆکە بەجۆشوخرۆشەکەی ناوەندی هاوبەشی بەرنامەداڕشتن، ڕاپۆرتێکی لەسەر ئامادەکارییەکانی ئەمریکا لە کۆنفرانسی ژنێڤ نووسی کە لەوپەڕی زێدەگۆییدا بوو.دەریاسالار ڕادفۆرد، فەرماندەی پێشووی یەکێک لە کەشتییە فڕۆکەهەڵگرەکان لە دووەمین شەڕی جیهانیدا یەکێک بوو لە بانگەشەکەرە نەترسەکانی هێزی ئاسمانیی "ڕوخساری نوێ" و لێکدانەوە سیاسییەکانی بەکەفوکوڵ(انفعالی) بوون. بۆ پاساوی دەستێوەردانەکەی ئەمریکا دەیگوت ئەگەر لێگەڕێین هیندوچین بکەوێتە دەست کۆمۆنیستەکان، ئیتر بەدوایدا دەست بەسەر هەموو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا دەگرن و گەلێک ئەنجامی درێژخایەن بەدوای خۆیدا دێنێ کە "خراپترین هەڕەشە"ی بۆ سەر بەرژەوەندییە "بنەماییەکانی" ئەمریکا لە باشووری

ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و "تەنانەت سەقامگیری و ئاسایشی ئەورووپاش" ی لێ دەکەویتەوە. ئەو پێی وابوو یەکێک لە دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی دیکەیە ئەوەیە "ژاپۆنیش دەبێتە کۆمۆنیست".ڕادفۆرد لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەگەر چینی سوور دەستی بە برنج و قورقوشم و کانزا و نەوتی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ڕابگا و توانا پیشەسازییەکەی ژاپۆنی کۆمۆنیستیشی بکەوێتە پاڵ، هێز و توانایی ئەوتۆ بە چین دەبەخشێ کە "پێکهاتەیەکی سەربازیی یەکپارچەی زۆر ترسناکتر لە دامودەزگای ژاپۆنییەکانی بەر لە دووەمین جەنگی جیهانیی پێ دروست بکات". بەو جۆرە ژین بەسەر ڕۆژئاوای زەریای هێمن و زۆربەی ئاسیادا زاڵ دەبێ و کەوشەنی مەترسییەکە دەگاتەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست."(٩٩)

ئەو تارماییانەی هورووژمیان هێنابووە سەر زەین و مێشکی ڕادفۆ ڕدی دەریاسالار ــ و هەتا ئەمڕۆکەیش هەر وەدی نەهاتوون و بۆاست نەگەڕاون ــ لە تاوتوێکردنی گەمژەییدا پرسیاری زۆر گرینگ دێننە گۆڕێ. چەندە تێگەیشتن و بەرچاوڕوونی و چ جۆرە وەهم و خەیاڵکردنێک دێنە نێو سیاسەتدارِشتنەوە؟ چ وێناگەلێکی بێهەوسار بەسەر لێکدانەوی ژیرانەی ڕاستەقینەکاندا زاڵ دەبن؟ چ ڕادەیەک دڵنیایی یان بە پێچەوانەوە چەندە زێدەگۆیی ئاگایانە لە ئارادایە؟ بەڵگەهێنانەوەکان لەسەر بنەمای باوەڕن یان هەر لە چەنەوەڕییەکی بێنەما، ئەویش بۆ ئەوەی قسەی خۆت بچەقێ؟

ڕوون نییە ڕادفۆرد لە ژێر کاریگەریی دالَسدا بوو یان بەپێچەوانەوە . بەڵام هەرچۆنێک بێ هەردووکیان دژکردەوەیەکی زێدەڕۆیانەی وەک یەکیان هەبوو. دالَس هەموو هەوڵەکانی خۆی خستە گەڕ بۆ ئەوەی لە کۆنفرانسی ژنێڤدا بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ هانۆی ڕێک نەکەوێ و سازش نەکا و فەڕەنسییەکانیش گوشارەکانی خۆیان نەرم نەکەنەوە و هاونیشتمانییەکانی لەو مەترسییە سامناکە تێ بگەن وا لەم کۆبوونەوەیەدا شاردرابۆوە. ئەندامەکانی کۆنگرە ، ڕۆژنامەنووسان، بازرگانەکان و خەڵکە بەناوبانگەکەی دیکەی بانگ کرد و باسی دەرەنجامەکانی لەکیسچوونی هیندوچینی بۆ کردن. کۆمەڵە خشتەیەکی ڕەنگینی خستە ڕوو کە تێیاندا شەپۆلی سووری دەسەڵاتی

کۆمۆنیسزم لە هیندوچینەوە هەتا تایلەند و بۆرما و مالایا و ئەندۆنسیای داگرتبوو. وتەبێژەکانی ئەو ؛ یەک بە یەک پێڕستی ئەو کەرەستە خاوە ستراتژییەیان کرد کە دەکەوێتە دەست ڕووسیا و چین و ڕۆژئاوا لێی بێبەش دەبێ و گوتیشیان ئەگەر ئەمریکا نەتوانێ ئەو قەڵا پتەوە بپارێزێ، کۆمۆنیستەکان چیها دەستکەوتیان لە ئاسیاد ا هەر لە ژاپۆنەوە تا هیندستان دەست دەکەوێ و چ بەڵایەک بەسەر دنیای ڕۆژئاوا دێنن. وەک یەکێک لەوانەی لەوێ بووە باسی کردووە کە قسەکانی دالس بەو مانایە بوون، ئەگەر ئەمریکا نەتوانێ فەڕەنسا لەسەر ئەو ڕێگەیە ڕاگرێ(واتە لە شەڕدا ڕایگرێ)، ناچارین هێزەکانی خۆمان بێنینە نێو شەڕەکەوە.(١٠٠) هەر ئەو هەستە جێگری ڕیچارد نیکسۆنی سەرکۆماریشی گرتەوە. ئەویش لە وتارێکی بەناو نافەرمیدا کە دیارە لە هەموو جێیەک کەوتە سەر زار و زمانان، ئاماژەی باسی جەنگێکی بە دەسەڵاتەکانی دەزگای جێبەجێکەرەوەی کرد و گوتی: "ئەگەر بۆ پێشگرتن بە فراوانخوازییەکەی کۆمۆنیزم لە ئاسیا و هیندوچین پێویست بێ گیانی ڕۆڵەکانمان بخەینە مەترسییەوە، من پێم وایە دەسەڵاتی جێبەجێکەر دەبێ ئەو بڕیارە تاڵە سیاسییە بدات و جێبەجێی بکات." (١٠١)

سەرکۆماریش لەو لەگوێی گاداخەوتنەدا دەوری بەرچاوی هەبوو و لە کۆنفڕانسە ڕۆژنامەوانییەکەی خۆی لە ٧ی ئاپریلی ١٩٥٤دا دەستەواژەی "ڕووداوە زنجیرەییەکان"ی بەکار هێنا و مەبەستیشی وێناکردنی ئەوڕووداوانە بوو کە لە سۆنگەی هەرەسی هیندوچینەوە دەهاتنە پێش. ئەو بۆچوونە کە وڵاتە دراوسێکان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا وەک بڵێی بەپێی یاسایەکی نەگۆڕ یەک لە دوای یەک بەچۆکدا دێن، زۆر دەمێک بوو دووبارە ببۆوە. ئایزەنهاوەر لە کۆنفڕانسە ڕۆژنامەوانییەکەیدا ئەوەی بە "دەرگای کراوە" ناو برد و ئەو ناوەیش دەسبەجێ لە ئەمریکا قەبووڵ کرا. ئەوەی ئاخۆ ئەو قسەیە لەگەڵ ڕاستیدا یەک دەگرێتەوە، قەت نەبووە پرسیارێک. ئەگەرچی بە شایەتیی بیرەوەرییەکانی ئایزەنهاوەر خۆی، لە دەرەوەی ئەمریکا هەندێ گومانی خراچ سەر. بەپێی نووسینەکەی ئەو "ئەرکی سەرشانی ئێمە ئەوە بوو کە دنیا قایل بکەین بەوەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، دەستدرێژییەکە لە لایەن

کۆمۆنیستەکانەوە بۆ زاڵبوونیان بەسەر هەموو ناوچەکەدا." ئەمریکییەکان و "هاوولاتییانی سێ دەوڵەتە هاوپەیمانەکەیش لە مانای ڕاستەقینەی شەڕ دڵنیا دەبوونەوە."( ١٠٢) بە کورتی ، دەبوایە ئەو لەگوێی گاداخەوتنە بەرفرەوان بکرێتەوە و "مانای ڕاستەقینەی" ئەو شەڕەی حەوت ساڵ بوو ئاگرەکەی لە خاکی هیندوچیندا بڵێسەی دەستاند، دەبوو ئێستا بیانییەکان بۆ خەڵکی ئەو وڵاتەی ڕوون بکەنەوە. پێویستبوونی ئەو هەموو ڕوونکردنەوە و پاساوە، خۆی نیشانەی کەمایەسییەکی گەوهەری بوو کە لەگەڵ تێپەڕینی زەمەندا جار بە جار پتر زاری دەکردەوە و دەردەکەوت.

ڤیت مین، لە چاوەڕوانی کۆنفڕانسی ژنێڤدا هەموو هێزەکانی خۆی بە نواندن و سەلماندنی هێزێکی گەورە کۆ کردەوە. بە پەلامار و هێرش و ئاگرباران، دین بین فۆیان گەمارۆ دا و لە مارسی ١٩٥٤دا سەکۆ کاتییەکانی فڕۆکەوانیی فەڕەنسایان لەناو برد و هێڵەکانی یارمەتیگەیاندنیان بڕی و بە یارمەتیی چەکوچۆڵ و کەلوپەلی زیادی چینییەکان کە لە کاتی شەڕدا گەیشتبووە مانگانە ٤٠٠٠ تۆن، ئەو قەڵا پتەوەیان خستە نێو تەنگانەیەکی بێهیواییەوە.(١٠٣)

زایەڵەی قەیرانەکە لە واشینتۆن گەڕا. ژەنەڕاڵ پۆل ئێلی، سەرۆکی ناوەندی سوپای فەڕەنسا گەیشتێ و بۆ ڕزگارکردنی دینی بین فۆ، ڕاشکاوانە داوای هێرشی ئاسمانیی ئەمریکای کرد. دۆخە چاوەڕواننەکراوەکە دەریاسالار ڕادفۆڕدی هەژاند و ئەویش پێشنیاری کرد فڕۆکەی بی ـ ٣٩ لە بنکەی کلارک لە مانیلەوە دەست بکەن بە هێرشی ئاسمانی.( ١٠٤) ڕادفۆ ڕد لە لای چەند کاربەدەستێکی هەڵبژاردەی وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی بەرگریدا هەر بۆ تاقیکردنەوە، پێشینیاری کرد کە دەکرێ ئەگەر فەڕەنسا تەواو ڕازی بێ بۆ ڕزگارکردنی دین بین فۆ لە چەکی ناوکی کەڵک وەربگرین.(١٠٥) دەستەیەکی لێکۆڵینەوە لە پەنتاگۆن بەو ئاکامە گەیشتبوون کە هەر ئەوەندە بەسەر سێ لەو چەکانە بە جێ و ڕێ بەکار ببرێن، بۆ ئەوەی "هەوڵەکانی ڤیت مین لەوێ تێک بشکێنێ" . بەڵام ئەو ڕێگەچارەیە قەبووڵ نەکرا و تەنانەت لەگەڵ فەڕەنسییەکانیش باس نەکرا.( ١٠٦) پێشنیارەکەی دیکەی ڕادفۆ ڕد بۆ

دەستێوەردان بەهێزێکی ئاسایی ئاسمانی، لەگەڵ ئەوەدا کە بەناوی نهێنیی "عەمەلیاتی سیسارکە" شکۆیەکی مێژوویی وەرگرت، بەڵام سەرۆکەکانی ناوەندی هاوبەشی بەرنامەدارشتن ڕەتیان کردەوە و خۆی دەریاسالاریش دواتر گوتی: هەر "خەیاڵێک" بوو و هیچی دیکە. ژەنەراڵ ئێلی دەست لە گونان درێژتر گەڕاوە وڵات و تەنیا بەڵێنی ٢٥ بۆمبهاوێژی زیادییان پێدا کە لە فەرەنسا بەکاریان بێنێ.(١٠٧)

هەر لەو کاتەدا داڵس هەوڵی دا، هەلورمەجێک بخولقێنێ کە ئەگەر فەرەنسا تێک شکا، ڕێگەی دەستێوەردان بە ئەمریکا بدات. ئەو هەشت ئەندامی کۆنگرە و لەنێویاندا ویلیام نۆلندی سەرکردەی زۆرینە و لیندن جانسۆنی کەمینەی پەرلەمانی سەنای بانگهێشت کرد بۆ دانیشتنێکی نهێنی و داوای کرد، کۆنگرە بڕیارنامەیەکی هاوبەش بۆ کە لەکوەرگرتنی هێزە ئاسمانی و دەریاییەکان لە هیندوچیندا دەر بکات. ڕادفۆردیش لەوێ بوو و بۆی ڕوون کردنەوە کە شتەکە زۆر پێویستە و پێشنیاریشی کرد . ٢٠٠ فڕۆکەی سەر کەشتییە فڕۆکەهەڵگرەکانی نێو دەریای چینی باشوور، هێرشە ئاسمانییەکە بکەن. داڵس لەوپەڕی هەژاویدا گوتی، ئەگەر هیندوچین لەکیس بچێ ئێمە گەمارۆ دەدرێین. ئەندامانی کۆنگرە کە زانییان سەرکردەکانی دیکەی ناوەندی هاوبەش، گەلاڵەکەی ڕادفۆردیان قەبووڵ نەکردووە و داڵسیش نەیتوانیوە هاوپەیمانان بۆ هێرشێکی هاوبەش قایل بکات، بەوەندە ڕازی بوون کە ئەگەر هاوپەیمانیان دەست نەکەوێ و فەرەنسییەکان بەڵێن بدەن لە شەڕگەدا هەر بمێننەوە و "پەلە بکەن" لە بەخشینی سەربەخۆییەکەدا بەشکم بکرێ وەها بڕیارنامەیەک بە کۆنگرە پەسند بکەن.(١٠٨)

کابینەی فەرەنسا دوگلاس دیلۆنی باڵیۆزی دەرەوەی ئەمریکای لە پاریس بانگهێشت کرد بۆ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لە ڕۆژی یەکشەممەدا و داوای دەستێوەردانی"فڕۆکەی سەر کەشتییە جەنگییە فڕۆکەهەڵگرەکەی ئەمریکا" ی کرد. گوتیان چارەنووسی باشووری ئاسیای ڕۆژهەڵات و چارەنووسی

کۆنفڕانسی داهاتوو ی ژنێڤ "ئێستا بەستراوەتەوە بە دین بین فۆ"وە، ( ١٠٩)
ئایزەنهاوەر لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دا ڵ س و ڕادفۆ ڕددا، هەروا لەسەر مەرجەکانی دەستێوەردانەکەی سوور بوو. لێبڕاو ی‌ی و مکوڕبوونەکەی ئەو دوو بنەمای هەبوو. یەکیان ئەو ڕێژەی هەر لەخوێنیدا بۆ یاسا هەیبوو و ئەوی دیکەیش تێگەیشتن لەو ڕاستییە کە هێرشی ئاسمانی و دەریایی هێرشی هێزی وشکانیش بەدووی خۆیدا دێنێ و ئەویش دژی ئەمە بوو. ئایزەنهاوەر لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەی خۆی لە مانگی مارسدا گوتی: "ئەمریکا خۆی لە جەنگەکە هەڵناقورتێنێ مەگەر یاسا بە پێویستی بزانێ و ئەوەیش لە ئەستۆی کۆنگرەیە. ڕێگە بدەن ئەو مەسەلەیە لە ئێستاوە ڕوون و دیار بێ و وەڵامەکەیش هەر ئەوەیە." ( ١١٠). جگە لەوەیش ئەو لەسەر بنەمای دەرەنجاموەرگرتنی ئەندامەکانی سوپا، ڕازی بوو کە هێرشی ئاسمانی و دەریایی بەبێ پشتیوانیی هێزی وشکانی ئامانجەکانی ئەمریکا ناپێکێ و ئەویش پێی وایە کە هێزی وشکانی نابێ وەک کۆریا بەبێ چاوەڕوانیی ئاکامێکی ڕوون و دیار، بخرێتە کارەوە.

لە وتووێژە سەربازییەکاندا، بەرهەڵستکاری سەرسەختی شەڕی وشکانی، سەرۆکی ناوەندی هێزی وشکانی، واتە ماتی ۆ ڕیجۆی بوو کە لە کۆریا ئەمریکای لە مەرگ ڕزگار کرد. ئەو هەر بەرپرسیارەتیی فەرماندەیی لە مەک ئارتۆر وەرگرت. سوپای هەشتەمی لە سەرلێشێواوی نەجات دا و بۆ شەڕێک بوو بە ڕێنوێنیان کە هەوڵەکانی کۆریای باکووری بۆ داگیرکردنی وڵات پووچەڵ کردەوە. سەرکەوتنێک لە گۆڕێ نەبوو بەڵام هەر نەبێ لەوە خراپتر نەبوو و پێشی پێشڕەویی کۆمۆنیزم گیرات. ڕیجۆی لەسەر بیروڕای خۆی مکوڕ بوو. کاتێک لە مانگەکانی دواتردا مەسەلەی دەستێوەردانەکەی ئەمریکا قووڵتر بووەوە . لە مانگی جووندا گرووپێکی بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە ناردە هیندوچین و ئەوانەیش بۆچوونەکانی ئەویان پشتڕاست کردەوە.
گرووپەکە بە سەرپەشتیی ژەنەڕاڵ جیمز کۆین، سەرۆکی پلاندارشتن ڕایگەیاند

که شەڕی زەمینی بۆ ئەمریکییەکان "زیانی قورسی" لێ دەکەوێتەوە و هەرلە سەرەتادا پێویستی بە پێنج لەشکرە و دە لەشکریش ئەو دەمەی شەڕەکە گەرم دەبێ. ئەو ناوچەیەیش "هەر خۆی ئەو ئامراز و پێداویستیانەی نییە کە هێزگەلێکی مۆدێ ڕنی وەک هێزەکەی ئێمە بۆ شەڕکردن پێویستییەتی. نە تەلەفۆن و تەلەگراف و نە هێڵی شەمەندەفەر و نە هیچ شتێکی وای لێیە کە جووڵە و هێرشی هێزێکی زەمینی پێویستییەتی" و دەستەبەرکردنی ئەو پێداویستیانەیش گەلێک ماندووبوون و "هەوڵی ئەندازیاری و لۆجستیکی"ی دەوێ کە ئەویش خەرجێکی زۆر هەڵدەگرێ و گرووپەکە پێی وایە "نابێ ئەو کارە بکەین."(١١١)

ئایزەنهاوەر ئەو بۆچوونەی قەبووڵ کرد و دیارە قەبووڵکردنەکەی ئەو هەر لەبەر هۆکاری سەربازی نەبوو . ئەو پێی وابوو دەستێوەردانی یەکلایەنەی ئەمریکا کارەساتی لێ دەکەوێتەوە و بە ناسیارێکی خۆی گوت:"ئەمریکا لە هیچ بارودۆخێکدا نابێ بە تاقی تەنێ پتشیوانی لە ئیستعماری فەڕەنسا بکا. کردەوەی یەکلایەنەی ویلایەتەیەکگرتووەکان لەو حاڵەتانەدا دەمانکاتە تۆزی بانان." پێی لەسەر ئەوەیش داگرتەوە کە ئەگەر چینییەکان بە ئاشکرایش دەستدرێژی بکەن، هێشتایش دەبێ بنەمای کردەی هاوبەش لەگەڵ "هاوپەیمانەکان" لەبەر چاو بگیردرێ.(١١٢)

مەترسیی سازان و ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمۆنیزم، داڵسی وەک شێتان خستە جموجۆڵەوە بەشکم هاوپەیمانان بەتایبەتی ئینگلیزەکان بۆ کردەیەکی هاوبەش کۆ بکاتەوە و فەڕەنسییەکانیش هەر وا لە گەرمەی شەڕەکەدا ڕاگرێ و بە باسکردنی ناڕاستەوخۆی جەنگی ناوکی، چینییەکان لە دەستێوەردان بترسێنێ و پاشگەزیان بکاتەوە و هەر چەشنە بیرۆکەیەکی هاوپەیمانێتی یان دابەشکردنی خاک یان تەقەڕاگرتن یان هەر سازشێکی دیکە لەگەڵ هۆشی مین، پووچەڵ بکاتەوە و بە گشتی کۆنفـڕانسەکەی ژنێڤ بەر لە پێکهاتن یان پاش پێکهاتنەکەی لێک هەڵوەشێنێتەوە.

هەر وەک تانوپۆی قوماش کە ڕەنگێک هەڵدەمژێ، سیاسەتدارێژەرانی واشینتۆنیش ئەوەندەیان باسی ئەوە کردبوو کە ڕزگارکردنی هیندوچین لە کۆمۆنیزم پێویستییەکی حەیاتییە . تەواو لەگەڵی ڕاهاتبوون و بڕوایان بەو بیرۆکەیە هێنا و ئیتر گومانێکیان لەوەدا بۆ نەماوە و ئامادە بوون دەست پێ بکەن. قسەکردنەکان بوونە "بیرۆکە" و لە جەنگەی قەیرانەکەدا کۆمیتەی تایبەتی هیندوچین کە بە ئەمری سەرکۆمار پێکهاتبوو هێڵەگشتییەکانی پێوەندیدار بە کۆنفڕانسی ژنێڤی بڵاو کردەوە کە لەڕووی ساویلکەیی و چاوقایمێتییەوە، هەر دەتگوت لە مێشکی لۆرد هیلز باروو هەڵقوڵیوە. ئەو کۆمیتەیە کۆڵێک نوێنەری وەزارەتی بەرگری و کاروباری دەرەوە و سیای تێدا بوو و کەسانێکی وەک ڕاجر کیز، جێگری وەزیری بەرگری، دەریاسالار ڕادفۆرد، والتەر بێدێل سمیت، جێگری وەزارەتی دەرەوە، والتەر ڕابێرتسۆن، جێگرەکەی دیکەی ئەو وەزارەتخانەیە، ئالێن داڵس"١١٣" و نەقیب ئەدوارد لەنزدیلی ئەندامی سیا، تێیدا بەشدار بوون. کۆمیتەکە لە ٥ی ئەپریلدا یەکەم بنەمای خۆی ئاوا دانا :

"سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەوە بێ کە لە هیندووچین کەمتر لە سەرکەوتنی سەربازی، هیچ شتێک قەبووڵ نەکا." بە سەرنجدان بەوەی ویلایەتەیەکگرتووەکان لە ڕیزی دوژمناندا نەبوو پێدەچێ تۆخم و ڕەگەزێکی خەیاڵ پڵاو کەوتبێتە نێو ئەم داوایەوە.

دووەم ـ ئەگەر فەڕەنسا پشتیوانی لەم کارە نەکا، ئەمریکا دەبێ "لەگەڵ حکوومەتی دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا دەسبەجێ قۆڵ هەڵماڵێ بۆ درێژەدانی شەڕ لە هیندوچین و ویلایەتەیەکگرتووەکان چالاکانە تێیدا بەشدار بێ." جا فەڕەنسا ڕازی بێت یان نا. بە زمانێکی سادەتر ، ویلایەتەیەکگرتوەوکان دەبێ بەپێی داوای دەوڵەتە هاوپەیمانەکان، خۆی جڵەوی جەنگەکە بەدەستەوە بگرێ. جگە لەوەیش، "تا لە هیندوچین سەرکەوتن دەستەبەر نەبێ، نابێ شەڕڕابگیرێ". جا ئەم سەرکەوتنە ئاکامی "هێرشی سەرکەوتوانەی سەربازی بێ یان دانپێدانانی ڕاشکاوانەی کۆمۆنیستەکان بە شکستدا". جا لەبەر ئەوەی پاش شکانی دین بین فۆ، ئاسەوارێکی سەرکەوتنی سەربازی بەدی نەدەکرا و

ویلایەتەیەکگرتوەکانیش لە دۆخێکدا نەبوو بڕیار بدات ئاخۆ شەڕڕاوەستێ یان نا. ئەو مەرجەیش تەواو بێ مانا بوو. دواجار بۆ ئەوەی چیتر پێگەی ئەمریکا پشتگوێ نەخرێ، کۆمیتەکە داوای کرد ئەوپەڕی هەوڵەکان بخرێنە گەڕ "بۆ ئەوەی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا ئەو بیروبۆچوونە بەهێز بێت و گەشە بکا کە ئیمپڕیالیزمی کۆمۆنیستی مەترسییەکە کە هەموو دەوڵەتەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەگرێتەوە."(١١٤)

چارەنووسی ئەم بەڵگەیە و ئەوەی کە ئاخۆ خرایە بەر باس و قەبووڵ کرا یان نا، ڕوون نییە. گرینگیش نییە چونکە هەر ئەوەندەی ئەو بەڵگەیە نووسرا، نیشاندەری شێوەیەک بیرکردنەوەیە ــ یان ئەو شتەی لە حکوومەتەکاندا پێی دەگوترێ بیرکردنەوە ــ کە بیچم و فۆ ڕمی بە گۆڕانکارییەکانی داهاتوو بەخشی و ڕێگەی بۆ دەستێوەردانی ئەمریکا لە ڤێتنامدا خۆش کرد.

هەوڵەکانی دا ڵس بەمەبەستی کۆکردنەوەی بەڵگە و هۆکار بۆ کردەی هاوبەش هیچی لێ شین نەبووەوە. ئینگلیزییەکان قەبووڵیان نەکرد و بۆچوونی ئەمریکاشیان هەر قەبووڵ نەکرد کە ئۆسترالیا و زیلاندی نوێ و مالایا لە زنجیرەی هەرەسەکانی داهاتوودان. ئینگلیزییەکان لێبڕاوانە خۆیان لە هەموو دەربەستی و ئیلتیزامێک پاراست؛ بەر لە ڕوونبوونەوەی ئاکامی وتووێژەکانی ژنێڤ. فەڕەنسییەکان سەرەڕای ئەو قەیرانەی بەرۆکیانی گرتبوو و سەرەڕای ئەوەی ئەمریکایش داوای هێرشی ئاسمانیی لێ دەکردن، دیسانیش خۆیان پاراست و بەشداری شەڕی ڤێتنام نەبوون . لەبەر ئەوەی هەستیان دەکرد بەشداربوونی ڕاستەوخۆی ئەمریکا زیان بە پێگە و ئابڕووی ئەوان دەگەیەنێ و هیچ میللەتێک وەک فەڕەنسییەکان لەسەر پێگە و ئابڕووی خۆی سوور و شێلگیر نیە. فەڕەنسییەکان دەیانەویست هیندوچین هەر وەک جاران کێشەی خۆیان بێ نەک بەشێک بێ لە بەرەیەکی دژی کۆمۆنیزم. خۆبواردن لە هەردوو پێشنیارەکەی داڵس تا ڕادەیەکیش خەتای خۆی بوو. پەیڤینی "تۆڵەستاندنەوەی

مەزن" لە جانیوەری ڕابردوودا هاوپەیمانەکانی نیگەران کردبوو کە نەکا ئەمریکا دەست بۆ جەنگی ناوکی بەرێت.

دین بین فۆ، لە ٧ی مایدا هەرەسی هێنا و ڤیت مین بەو سەرکەوتنە، پشتیوانییەکی گەورەی بۆ هەڕوگیڤ و ئیدعاکانی خۆی لە ژنێڤدا بەدەست هێنا. بەڵام دالس ترسی خۆی شکاند و لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەی خۆیدا دڵنیایی دا کە "ڕەنگە بەبێ ڤێتنام و لایۆس و کامبۆجیایش بکرێ باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بپارێزیت."(١١٥) بە واتایەکی دیکە، مۆرە زنجیرەییەکان وەک چاوەڕوان دەکرا هەڵناوەرن.

دانوستانەکانی ژنێڤ، پاش گەیشتنی هەواڵی هەرەسی دین بین فۆ، لە بێهیواییدا دەستی پێکرد. دانوستانەکان لە ئاستی سەرەوەدا بوون. لە فەڕەنسا سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە ژۆزف لانیل و دەوڵەتەکانی دیکەش وەزیری دەرەوەیان، ئانتۆنی ئەیدن و مۆلۆتۆف وەک سەرۆکە هاوبەشەکانی کۆبوونەوەکان، دا ڵس و بێدێل سمیتی جێگری لە ئەمریکاوە چۆین لای لە چینەوە، فام وان دۆنگ لە لایەن ڤیت مین و نوێنەرانی لایۆس و کامبۆجیا و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی ڤێتنامیش لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار بوون. گرژییەکان لەوپەڕی خۆیاندا بوون . لەبەر ئەوەی لانیل، سەرۆکوەزیرانی فەڕەنسا بۆ ڕزگارکردنی دەوڵەتەکەی دەبوایە شەڕراگرتنێک لەگەڵ خۆیدا بەرێتەوە وڵاتەکەی لە حاڵێکدا ئەمریکییەکان هەوڵیان دەدا پێش بەو مەسەلەیە بگرن. ئەورووپییەکان زۆر و گوشاریان دێنا. مەرجی ماقووڵی لایەنەکان زۆر کەم بوون. بیرۆکەی دەوڵەتی هاوپەیمانی بەلاوە نرا بیر لە دابەشکردنی خاک و زەوییەکان کراویەوە . مەسەلەی هێڵی سنوور و کەوشەنەکانی پاشەکشێ مشتومڕی لێ کەوتەوە. کێشمەکێش و مشتومڕەکان چڕ بوونەوە و کەفوکوڵەکان هەڵچوون.

هەفتەکان ڕابردن، دەوڵەتەکەی لانیل لەکار کەوت. پیەر مێندێس ف ڕانس جڵەوی کاروبارەکەی بەدەستەوە گرت. ئەو باوەڕی وا بوو کە درێژەدانی

جەنگی هیندوچین "ئەوەندەی ڕێگەی کۆمۆنیزم بۆ نێو فەڕەنسا دەکاتەوە، ئەوەندە ڕێگەی بەرەو ئاسیای لێ ناگرێ."(١١٦) ڕاشیگەیاند یان لە ماوەی سی ڕۆژدا هەتا ٢١ی جانیوەری، کۆتایی بە شەڕەکە دێنێ یان دەست لەکار دەکێشێتەوە.(١١٧) بێ پێچوپەنا بە پە ڕلەمانی گەلیشی گوت، ئەگەر لە ژنێڤ ئاگربڕ دەستەبەر نەکرێ، پە ڕلەمان دەبێ بۆ تۆکمەکردن و تەواوکردنی سوپایەکی کارامە لە هیندوچین، ڕێگە بدا خەڵک بەسەرباز بگرین. گوتی دوایین هەوڵی ئەو بەر لە دەست لەکارکێشانەوە، پێشکەشکردنی پڕۆژە یاسایەکە بەو مەبەستە و پە ڕلەمان دەبێ هەر ئەو ڕۆژە دەنگی پێ بدا. دانانی یاسا بۆ ئیجباری(سەربازگرتن) لە جەنگێکدا کە هیچ لایەنگرێکی نەبوو بۆ پەڕلەمانتارەکان شتێکی خۆش نەبوو. مێندێس فڕانس بەو هەڕشەیە دەسبەجێ چووە ژنێڤ بۆ ئەوەی داواخێراکەی خۆی جێبەجێ بکا.

کۆنفـڕانس سەرەڕای دژایەتییەکان، دەستی هەر هەڵنەگرت. دابەشکردنی ڤێتنام بە تاقە ڕێگەی جیاکردنەوەی دوژمنەکان دانرا.فەڕەنسییەکان خوازیاری دابەشکردنی لەسەر هێڵی ١٨ دەرەجە بوون و ڤیت مین لە پێشدا خوازیاری دابەشینی لە درێژایی هێڵی ١٣ دەرەجە و دواتر ١٦ دەرەجەدا بوو کە ئەگەر وابوایە "هۆیە"ی کۆنەپایتەخەی ئەو وڵاتە دەکەوتە ناوچەکەی ئەوانەوە. دەوڵەتە هاوپەیمانەکان دژی هەموو ئەو دابەشکردنانە بوون. دا ڵس ئامادە نەبوو بەشداری هیچ ئیمتیازدانێک بێ بە کۆمۆنیستەکان و ژنێڤی بەجێ هێشت و دیسان گەڕاوە. ئەو ڕۆژانەی لە واشینتۆن بوو دیسان باسی دەستێوەردانی چینییەکانی گەرموگوڕتر کردەوە. لە پەیڤینێکی گشتیدا گوتی: "ئەگەر وەها دەستدرێژییەکی سەربازیی ئاشکرا بکرێ، ئەوە بە واتای مەترسییەکی ئانقەستە بۆ سەر ویلایەتەیەکگرتووەکان" و بەو جۆرە ئاسایشی ئەمریکای توند لە کلکی هیندوچین بەستەوە.(١١٨)

لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی دیاریکراوی مێندێس ف ڕانس لە ژنێڤ، دوو مەسەلە هەڕەشەیان لە شکستی دانوستانەکان دەکرد یەکیان هێڵی سنووری و

ئەوی دیکە ڕێکەوتی هەڵبژاردنەکانی ئایندە بۆ تێکەڵبوونەوەی سەرلەنوێی دوو ڤێتنامەکە. باس و وتووێژ و کۆبوونەوەکانی دوولایەن لە پشت دەرگای داخراوەوە بەردەوام بوو. یەکیەتیی سۆڤیەت کە لە پاش مردنی ستالینەوە خەریکی ڕەواندنەوەی گرژییەکان بوو زۆری بۆ هۆشی مین هێنا کە سازش بکا. چۆین لای، نوێنەری چین بە "هۆ"ی گوت، بە قازانجێتی جارێ لەتە نانێک قەبووڵ بکا و فەڕەنسی و ئەمریکییەکان لە دەرەوە ڕاگرێ؛ نیوەکەی دیکەیش ئاخری بەدەست دێ. (١١٩) دواجار هەرچۆنێک بێ بەپێناخۆشبوونەوە قایلیان کرد کە بە هێڵی ١٧ دەرەجە و هەڵبژاردنی دوو ساڵی دادێ ڕازی بێ. ڕێککەوتنی کۆتایی و ڕاگەیەنراوەکە، ڕێک لە ڕۆژی ٢١ی جوولایدا دەستەبەر بوو و کۆتایی بە جەنگی فەڕەنسا هێنا. فەڕەنسا بە بەخشینی نیوەی ڤێتنام بە شۆڕشگێڕەکان، دانی بە شکستی خۆیدا نا و ئەو ئەنجامەش زیانی بۆ فەڕەنسا زۆر زیاتر لەوە بوو کە ئەگەر لە سەرەتاوە بە ویستی خۆی بەدەستییەوە دابایە. ئەوە هەڵەیەک بوو کە ویلایەتەیەکگرتوەکانیش کردی.

پەیمانی ژنێڤ ئاگربڕەکەی ڕاگەیاند . سەربەخۆیی لایۆس، کامبۆجیا و دابەشکردنی ڤێتنام بەسەر ناوچەی باشوور و باکووردا لە ژێر چاودێریی باڵای نەتەوەیەکگرتوەکان پشتڕاست کرایەوە و بە ڕوونی مەرج دانرا کە ئەم "سنووربەندییە سەربازییە کاتییە و بەهیچ شێوەیەک نابێ بە کەوشەنی سیاسی یان خاک و زەوی لێک بدرێتەوە." جگە لەوەش گرێبەستەکە ڕێگەی دا هێزە فەڕەنسییەکان بمێننەوە، مەگەر ئەوەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان داوای چوونەدەرەوەیان لێ بکەن. هەڵبژاردنەکە بۆ جوولای ١٩٥٦ دیاری کرا دامودەستوور و ڕێ و شوێنیش بۆ سنوور و ڕێساکانی بنکە سەربازییە بیانییەکان و چەکوچۆل و ئەندامانی کۆمیسیۆنی چاودێریی نێودەوڵەتی بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی گرێبەستەکە دانرا. حکوومەتی هانۆی و سایگۆن هیچ کامیان گرێبەستەکەیان مۆر نەکرد ویلایەتەیەکگرتووەکانیش لەوە پتر شووی

لێ هەڵنەکێشا کە بە زویرییەوە گوتی "خۆی لە "هەڕەشە و زەبروزەنگ" و کاری تێکدانی ڕێککەوتنەکان دەبوێرێ.

ڕێککەوتنەکەی ژنێڤ کۆتایی بە جەنگەکە هێنا و پێشی بەشداربوونی بەرفرەوانی چین یان ئەمریکای لە مشتومڕەکەدا گرت . بەڵام لەبەر ئەوەی پشتیوانی ڕازی و شێلگیری نەبوو و لایەنە ناڕازییەکان هەر لە هەوڵی بەراوەژووکردن و پووچەڵکردنەوەیدا بوون ، هەر لەسەرەتاوە بە نقوستانی لەدایک بوو. ناڕازییە هەرە مەزنەکە ئەمریکا بوو.

کۆنفڕانسی ژنێڤ شکستی بەتەواومانای سیاسەتی هیندوچینی جۆن فاستر داڵس بوو. ئەو نەیتوانیبوو پێش بە سەقامگیربوونی سیستەمی کۆمۆنیستی لە ڤێتنامی باکووردا بگرێ. نەیتوانیبوو بەریتانیا یان ئەوانی تر بۆ هەوڵ و کردەی هاوبەش ڕازی بکا و شکستی خواردبوو نەیتوانیبوو فەڕەنسا هەروا لە شەڕەکەدا ڕاگری و لەوەش شکستی خواردبوو. نەیتوانیبوو سەرکۆماری ئەمریکا ڕازی بکا بەوەی دەستێوەردانی سەربازی بکا . تەنانەت نەیتوانیبوو کۆمەڵی بەرگریی ئەورووپاش بکاتە پشتیوانی خۆی ـ کە پۆلەمانی فەڕەنسا لە مانگی ئۆگۆستدا زۆر خراپ ڕەتی کردەوە. بەڵام ئەو ئاکامانە کاریگەرییەکیان لەسەری دانەنا . هێشتایش داڵس پێی وانەبوو دەبێ بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە. ڕێک وەک فیلیپی دووەم "ئەزموونی هیچ شکستێک، ئیمان و باوەڕی ئەوی بە سەروەریی سیاسەتەکەی خۆی لاواز نەدەکرد." ئەو لە ژنێڤ کۆنفڕانسێکی ڕۆژنامەوانیی پێکهێنا . وەک خۆی دەڵێ نەک بۆ ئەوەی "پرسەیەک بۆ ڕابردوو بگرێ"، بەڵکو بۆ "قۆستنەوەی دەرفەتەکانی ئایندە، بۆ ئەوەی نەکا لەکیسچوونی ڤێتنامی باکوور ببێتە هۆی گەشە و تەشەنەی کۆمۆنیزم لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و باشووری ڕۆژئاوای زەریای هێمن." دووپاتە کردنەوە قسەکانی پێشوو. بەڵام ئەو پەندێکی لەم ئەزموونە وەرگرت: "بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیزم پێویستی بە پشتیوانیی خەڵکە.. خەڵک دەبێ هەست بکەن بەرگری لە ناوەندە نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن."

ئەوە هەر بەڕاستی دەرسێک بوو و لەوەش باشتر نەدەگوترا بەڵام هەر وەک ڕووداوەکان نیشانیان دا هەر قسە بوو فێر نەبوو.

لەم قۆناغەدا پاش هەشت ساڵ هەوڵی بێهوودەی ئەمریکا بۆ یارمەتیدانی فەڕەنسا و بێئاکام مانەوەی هەوڵەکانی فەڕەنسایش پاش ٥٠٠٠ کوژراو و ١٠٠٠٠٠٠ بریندار‌ی هێزەکانی هاوپەیمانی فەڕەنسا، ویلایەتە یەکگرتووەکان لەوانەبوو نیشانەکان ببینێ و خۆی لە کاروباری هیندوچین بکێشێتە دواوە.(١٢٠) نموونەی بێ ئاکامیی کارەکە لە چین، هێشتا لەبیر نەچووبووەوە. شۆڕشی کۆمۆنیستی لەوێ هەوڵ و تێکۆشانی گەورەتر و درێژخایەنتری ئەمریکای بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی ئەو وڵاتە، کردبووە تۆزی بەردەم ڕەشەبا. ئەزموونی چینی نیشانەی ئەوە بوو کە ویست و داخوازییەکانی ڕۆژئاوا لە هەموو جێیەکدا بەکار نایەن و سیاسەتی دەرەوە، هونەری لەبەرچاوگرتنی تواناکانە. بەڵام کەس ئەو ئەزموونەی بەگوێدا نەچووبوو. دژکردەوەی دەوڵەتی ئەمریکا لە ڕاستیدا نە ئاکامی هەڵگەڕانەوەی بارودۆخەکان لە چین و نە سەربەخۆیی خوازیی ڤێتنامییەکان بوو . بەڵکوو لە ڕاستیدا ئاکام و بەرهەمی ترسی ڕادیکاڵە سەرسەختە نیشتمانییەکان و ترسی خەڵک بوو لە کۆمۆنیزم، ئەو ترسەی ئەوانە پەرەیان پێ دەدا و خۆشیان ڕەنگدانەوەکەی بوون. ئێمە باسی ڕەگ و بنەمای کۆمەڵایەتی و دەروونی ئەو ترسە ناکەین؛ بەڵام دەبێ لە بنچ و بناوانی سیاسەتی ئەمریکا لە ڤێتنامدا هەر لەوێ بدۆزینەوە.

ویلایەتەیەکگرتووەکان نەیدەویست دەست لە هیندوچین هەڵگرێ یان مل بۆ سازشەکەی ژنێڤ ڕاکێشێ. دالس دوو ئەرکی خێرای لەسەر شانی خۆی بەدی دەکرد. پێکهێنانی پەیمانێکی ناکۆلۆنیالیستی لە وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، شتێکی وەک ناتۆ کە پێش هەموو شتێک مافی بەرگریی بەکۆمەڵ ــ یان وەها وێنایەک ـ لە هەمبەر پێشڕەویی کۆمۆنیزم لە ناوچەکەدا دابین بکا. ئەرکی دووەم ـ دڵنیابوون لە توانای دەوڵەتێکی نیشتمانیی باوەڕپێکراو لە ڤێتنامی باشوور کە بتوانێ لە هەمبەر باکووردا ڕاوەستێ و لە کاتی خۆیدا هەموو

وڵاتەکەیش وەرگرێتەوە. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا تەنانەت بەر لە ڕاگەیەنراوەکەی ژنێڤیش، سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەو دوو مەبەستە بوو.

داڵس مشتومڕی پەیمانی ئاسایشی گشتیی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای لە مانگی مایەوە بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی کۆنفرانسی ژنێڤ هێنابووە گۆڕێ. ئەو جا ئاگایانە یان نائاگایانە، ویلایەتەیەکگرتووەکانی بە ئاقارێکدا دەبرد کە جێی هێزە کۆلۆنیالیستەکان بگرێتەوە و خۆی بارودۆخەکە بەدەستەوە بگرێ و لە مافی نێودەوڵەتیدا بەشوێن بنەمایەکدا دەگەڕا ــ وەک ئەوەی لە کۆریا هەبوو ــ بۆ ئەوەی بتوانێ بەبیانووی دەستدرێژی بۆسەر ئەو سنوورانەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دیاریی کردبوون بێتە مەیدان. دەرکەوتەی ئەو کارە چاودێرەکانی تۆقاند. یەک لەوان ڕۆژنامەی سینت لۆیی پۆست دیسیچ کە بەر لە ئاگربڕەکەی ژنێڤ لە زنجیرە وتارێکدا پرسیی: ئاخۆ داڵس دەیەوێ "شێوازێکی ژێربەژێر داڕێژێ بۆ ئەوەی ویلایەتەیەکگرتووەکان بتوانێ خۆی لە جەنگی هیندوچین هەڵقورتێنێ؟" ئاخۆ خەڵکی ئەمریکا ڕازی بەوەی "هێزە چەکدارەکانی خۆیان بخەنە شەڕێکی ناوخۆییەوە لە گوێن ئەوەی بووە هۆی شەڕەکەی هیندوچین؟" ڕۆژنامەکە وەڵامی "نەخێر"ی دەداوە و پێی دادەگرتەوە کە "ئەوە جەنگێکە کە دەبێ خۆی لێ بپارێزی."( ١٢١) ڕۆژنامەکە پێشبینیی دەکرد کە دەستێوەردانی ئەمریکا ئەو وڵاتە تووشی شەڕێکی "سنووردار" دەکا کە لەوانەیە "تەنیا بە بێسنوورکردنی شەڕەکە، سەرکەوتن دەستەبەر بێ." بۆ پێداگرتنی زیاتر، کاریکاتۆرێکی دانیەل فیتس پتریکی چاپ کرد کە مام سامی نیشان دەدا چاوی بڕیوەتە گۆلاوێکی تاریک بەناوی "هەڵەکانی فەڕەنسا لە هیندوچین". لەبنەوەیش دەیپرسی: "هەڵەیەکی دیکە چیی لێ دەکەوێتەوە؟" ئەو کاریکاتێرە خەڵاتی پۆلیتزەری بردەوە و هەر ئەوەیش سەلماندی کە پەیامەکەی تەنانەت لە١٩٥٤یشدا ناڕوون نەبوو.(١٢٢)

هەر ئەو ساڵە، چاودێرێکی تر کە زۆر نیگەرانی پێوەندیی ئەمریکا و ئاسیا بوو ؛ کارەساتەکەی زۆر گەورەتر لە هەڵەیەک بەدی کرد. ئەدڤین ڕایشاور ، پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتی دوور و باڵیۆزی ئایندە لە ژاپۆن لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی "گەڕانی سیاسەتێکی ئاسیایی" ئەوەی بەکارەسات زانی کە ڕۆژئاوا

ڕێگەی داوە  کە ناسیۆنالیزمی هیندوچین ببێتە ئمانجێکی کۆمۆنیستی. ئەو باوەڕی وابوو کە ئەوە بەرهەمی پشتیوانیی ئەمریکایە لە فەڕەنسا "لە بەرگرییەکی تەواو بێئاکام و بێهیواکەر لە بارۆدۆخەکە" و لە ئاکامدا "دەری دەخات چەندە گاڵتەجاڕ و بێهودەیە کە لەبری پشتیوانی لە نەتەوەخوازیی ئاسیا لەگەڵیدا بەشەڕ بێین."(١٢٣)

دالّس هەرگیز لە ڕێکخستن نەدەوەستا و لە سێپتەمبەری ١٩٥٤دا کۆنفرانسێک بە هەوڵی ئەو لە مانیل بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی پەیمانی باشووری ڕۆژهەڵات (سیتۆ" پێک هات. لەو ڕێکخراوەدا تەنیا سێ وڵاتی ئاسیایی و هەر دوو وڵاتی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا واتە تایلەند و فیلیپین، بەشدار بوون (وڵاتی سێیەم پاکستان بوو) و لەم وڵاتانەیش تەنیا یەکیان دراوسێی هیندوچین بوو و هیچ سەروسۆراغێکی هیندوچینیش نەبوو. هەربۆیە هەر لە سەرەتاوە ڕەسەنایەتیی پێویستی نەبوو.ئەندامەکانی دیکە بریتی بوون لە بەریتانیا، فەڕەنسا، ئۆستراليا، زەلاندی نوێ و ویلایەتەیەکگرتووەکان. دالّس وەک هەمیشە بە شەڕەوە بە نوێنەرەکانی گوت" مەبەست ئەوەیە پێشوەختە لە بواری دژکردەوەیەکی "ئەوەندە یەکگرتووانە، ئەوەندە بەهێز و ئەوەندەیش بەوەخت" ڕێک بکەون کە هەرچەشنە دەستدرێژییەک بۆ سەر هەرێمی هاوپەیمانیەتییەکەیان، زیانی لە دەستکەوت پتر بێ. "(١١٤) جا لەبەر ئەوەی ئەندامە ئاسیاییەکانی کۆنفرانسەکە هێزێکی بەرچاوی سەربازییان نەبوو و ئەوانی دیکەش لە ڕووی جۆگرافیاییەوە وا نەبوون هێز بەکار بێنن یان خەریک بوون لە ناوچەکە دەکشانەوە. لەبەر ئەوەیش کە ویلایەتەیەکگرتووەکان خۆی هێشتایش هیچ بەرپرسیارەتییەکی بۆ بەکارهێنانی هێز بەمەبەستی بەرگری لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا نەخستبووە ئەستۆی خۆی بۆیە داواکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە خۆنواندنێک بەولاوە هیچ نەبوو. مادەی چوار ــ بنەمای جێبەجێکردنی پەیمانەکە ـ یەک بە یەک ئەندامەکانی دەربەست دەکرد "کە بەپێی پرۆسە یاساییەکانی پەیمانەکە بەرەنگاری هەرچەشنە مەترسییەکی هاوبەش ببنەوە." کەوابوو ئەوە بەهیچ شێوەیەک شمشێرە هەڵکێشراوەکەی ئەکسکالیبر(١٢٥) نەبوو.

له پرۆتۆکۆلێکی دیکەدا دالّس توانیی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی هیندوچین لە بن ساباتی پاراستنی مادەی چواردا کۆ بکاتەوە و وەک خۆی دەیەویست. ئەو مادەیە گشتگیر بکا بۆ ئەوەی واژۆکەران          ڕازی بن   کە هەر ئەندامێک دەستدرێژیی بکرێتە سەر، بچینە یارمەتی و پشتیوانیی. لە  ڕاستیدا دەریاوان دیویس، نوێنەرەکەی وەزارەتی بەرگری لە دانوستانەکاندا گوتی: باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەم پەیمانە "هیچ لە جاران پتر بۆ بەرنگاربوونەوەی دەستدرێژیی کۆمۆنیزم ئامادەتر نەبووە."(١٢٦)

لەو سەروبەندەدا سەرۆکوەزیرێکی نوێ لە ڤێتنامی باشووردا هاتە سەر کار کە هەر لەسەرەتاوە هەتا دوا ساتە کارەساتبارەکەی، گوێلەمستی ئەمریکا بوو. ئەو کابرایە فەڕەنسی و ئەمریکییەکان نەک لە ناوخۆی وڵاتیش  ؛ لە نێو ئەو ڤێتنامیانەدا هەڵیانبژارد کە دەرکرابوون و لە دەرەوەی وڵات دەژیان ئەگەرچی فەڕەنسییەکان خۆیان لەو کارە دەبوارد و پێیان خۆش نەبوو. ویلایەتەیەکگرتووەکان بۆ ئەوەی کە خەڵکی ڤێتنام پتر متمانەیان بەخۆیان بێ و هەست بە توانا و هێزی خۆیان بکەن، هەوڵیان دا فەڕەنسییەکان لەوێ بچینە دەرێ. بەڵام بۆ چارەڕەشی هێزە چەکدارە فەڕەنسییەکان دەبوایە جارێ بمێننەوە هەتا سوپایەکی خۆوڵاتیی جێ متمانەی ئەمریکا بە ئەفسەری ڕاهێنراوی ڤێتنامییەوە جێیان بگرنەوە.

ڕێککەوتننامەکەی ژنێڤ چاودێری بەسەر ئاگربڕی کاتی و هەڵبژاردنی داهاتووی خستبووە ئەستۆی فەڕەنسا و فەڕەنسییەکانیش دیارە پێیان وابوو کە پێوەندییە بازرگانی و کولتووری و   ڕۆشنبیرییەکانی ئەوان لەسەردەمی گواستنەوەشدا هەر دەمێنێ و دەبێتە هۆی ئەوەی هیندوچین بە ویستی خۆی بێتە نێو یەکیەتییەکەی فەڕەنساوە.

ویلایەتەیەکگرتووەکان ڕێک پێچەوانەی ئەوەی دەویست و بۆ ئەم کارەیش ئەکتەرێکی دۆزییەوە بەناوی نگۆین دیەم. دیەم یەکێک بوو لە ناسیۆنالیستە بەکەفوکوڵەکانی بنەماڵەیەکی دەرەبەگە کاس ۆلیکەکان و باوکی سەردەمانێک سەرۆکی دامودەستوور و تەشریفاتی دەرباری پادشایانەی ئانام بوو. ئەو خۆی لە  ڕێکخراوی کۆلۆنیالیستیی فەڕەنسادا ماوەیەک قایمەقام و پاش

ئەوەیش وەزیری ناوخۆی "بایۆ دایی" ببوو. بەڵام ساڵی ١٩٣٣ لە ئاکامی نارەزایەتی دژی حکوومەتی فەرەنسییەکان و هەڵوەشاندنەوەی بەڵێنی چاکسازیدا دەستی لە کار کێشابۆوە و چووبووە ژاپۆن. ساڵی ١٩٤٥پاش گەڕانەوەی، بانگهێشتنەکەی ژاپۆنییەکانی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێک لە ڕژیمەکەی بایۆداییدا ڕەت کردبۆوە. ئەوەندەی ناسیۆنالیست بوو دەکرێ بڵێی ئەوەندەیش دژی کۆمۆنیزم بوو. هەر بۆیە پێشنیارەکەی هۆشی مینیشی ڕەت کردەوە کە دەیەویست پۆستێکی لە هانۆی بداتێ. چونکە هاوکاریی ڤیت مینی نەکرد، قۆڵبەست و شەش ساڵ زیندانی کرا. ئەو دەمەی ڕێککەوتننامەی ئەلیزە بەسترا سەرەڕای ئەوەی ناسیۆنالیستێکی دژە کۆمۆنیزم بوو پۆستەکەی وەرنەگرت و ڕێککەوتننامەکەیشی لەگەڵ دەسەڵاتدا بەناتەبا و ناکۆک دانا و لە ١٩٤٩دا دیسان نیشتمانی بەجێ هێشت و چووە ژاپۆن. لە ١٩٥٠دا چووە ئەمریکا و بە یارمەتیی براکەی کە ئۆسقۆفێکی کاسۆلیکی بوو کاردیناڵ سپێلمەنی سەرئۆسقۆفی نیویۆرکی ناسی.(١٢٧)

کاردیناڵ لەگەڵ خۆیدا بردییە کۆڕی دەستڕۆیشتووان و لە واشینتۆن بە ویلیام دۆگلاسی قازیی دیوانی باڵای دادوەریی ناساند. دۆگلاس ئەو کات تازە "پێنج بەرەی" باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای دۆزیبۆوە و لەژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی دیەمدا لەبارەی داهاتووی وڵاتەکەی خۆی و تێکەڵاویی سەربەخۆیی و چاکسازیی کۆمەڵایەتیدا، بڕوای کرد کە جێگرەوەیەکی ڕاستەقینەی بۆ بایۆداییی گوێلەمستی فەرەنسییەکان و هۆشی مینی کۆمۆنیست دۆزیوەتەوە. دۆزینەوەکەی خۆی گەیاندە ڕێکخراوی سیا و پاڵێوراوەکەی خۆی بە سەناتۆر مەنسیفیلد و سەناتۆر جۆن ئێف کێنێدی ـ کە هەردووکیان کاسۆلیک بوون ـ ناساند. لەمەودوای دیەم پارووی لەڕۆن کەوت.(١٢٨)

ئەمریکا ئاخرییەکەی پاڵێوراوێکی دۆزیبۆوە ئەو جێیەی پێ پڕ بکاتەوە: ڤێتنامییەکی سەربەخۆییخواز کە کەفوکوڵە دژەفەرەنسییەکەی هیچ پەڵەیەکی کۆلۆنیالیستیی پێوە نەدەهێشت و پشتگیرییەکەی کاردیناڵ سپێلمەنیش بەڵگە بوو بۆ ئەوەی دژی کۆمۆنیزمە. بەو جۆرە تەنانەت مەکارتییش نەیدەتوانی ڕەخنەیەکی لێ بگرێ. دیەم لە ١٩٥٣دا چووە ئەورووپا بۆ ئەوەی لە نێو

ڤێتنامییەکانی دانیشتووی فەڕەنسادا بانگەشە بۆ پاڵێوراوبوونەکەی خۆی بکا و لە کاتی وتووێژەکانی ژنێڤ لە ١٩٥٤دا کە دەبوو دەسبەجێ سەرکردەیەکی هیوابەخش بدۆزنەوە؛ زۆر بە توندی لە پاریسدا دەستی بە چالاکی کرد. دیارە دیەم بەدڵی فەڕەنسییەکان نەبوو. بەڵام پێویستیی لوادەبەدەری فەڕەنسییەکان بە ئاگربڕ بەسەر پێناخۆشبوونەکەیاندا زاڵ بوو. بە پشتیوانیی ئەمریکا و کاری گرووپە جۆراوجۆرە کۆچبەرە ڤێتنامییەکان و داهاتنی ئەو دوایین کاتەی مێندێس فرانس دیاریی کردبوو. بڵێی و نەڵێی دیەمیان قەبووڵ کرد. بایۆدایی - شیان کە هێشتا سەرۆکی دەوڵەت بوو و لە شوێنێکی گەرم و نەرمی دەم دەریای سپی ناوەڕاست دەژیا، ڕازی کرد و ئەو تاوێک بەر لە واژۆی ڕێککەوتننامەکە دیەمی کردە سەرۆکی وەزیران.

هەوڵدان بۆ دامەزراندنی جۆرە دەوڵەتێکی دیموکراتی لە ڤێتنامی باشوور کە لە نۆ ساڵی داهاتوودا لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ، هەر لە دەوری ئەو ڕوخسارە دەخولایەوە و ئاخرییەکەیشی هیچی لێ شین نەبۆوە. دیەم بۆ ئەم کارە کارامە و ئامادە نەبوو. بە تیۆری و بەپێی بنەما ئەخلاقییەکان دەژیا بەڵام هیچ ئەزموونێکی لەسەر حکوومەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی نەبوو بۆ دژایەتیی فەڕەنسا دەنگی لەگەڵ دەنگی خەڵکەکە بوو ؛ بەڵام لە سۆنگەی ئەو چینەی وا شتێکی لە ئیستعمار پێ بڕابوو و ئەویش سەر بە ئەوان بوو . میراتگری میراتی کۆلۆنیالیستی بوو. لە کۆمەڵگەیەکی زۆرینە بوودایيدا، ئەو کاسۆلیکێکی دیندار بوو. چاری نەبوو جگە لەوەی لەگەڵ شێوازە گانگستەرییەکان و لەگەڵ ئەو گرووپانەی دووبەرەکییان دەناوە و ئەو تاقمە مافیاڕەوشتەی سوپای تایبەتییان هەبوو بسازێ و خۆی بگونجێنێ. بیرۆکەکانی چەقبەستوو بوون . ڕێککەوتن و سازشی هەر نەبوو . بە کردەوە هەر نەیدەزانی دیموکراسی چییە. بەو پێیە لە بەرامبەر جودابیرەکاندا جگە لە فەرمان و گێڕانەوە و زەبروزەنگ بەولاوە وەڵامێکی دیکەی نەبوو. پلەوپایەی بەرز نیازپاکی دەبەزێنێ و دیەمیش بەڵگەی جێگەی داخی ئەو ڕاستییە بوو . بارودۆخەکە ئەوی کردە دیکتاتۆر؛ بەڵام مستی پۆڵایینی دیکتاتۆریی نەبوو.

لە حاڵێکدا ویلایەتەیەکگرتووەکان بە باڵیۆز و باڵیۆزخانەیەکی تەواوەوە لە سایگۆن و جگە لە کۆمەڵێک ڕاوێژکاری سەربازی و ڕۆژبەڕۆژ زیادکردنی ئاژانسەکانی، سیاسەتەکانی خۆی لیبڕاوانەتر و ئامانجدارتر لە پێشوو جێبەجێ کرد و وەک یەکەم ئەرکی سەرشانی خۆی، هەوڵی دا سوپایەکی کارامە لە نێو ڤێتنامییەکان خۆیان دروست بکا کە بەهیوابوو وەفادار و بە ورە بێت.

تاقمی ڕاوێژکارە سەربازییەکان دەیەویست ئەو کارە بەتەنیایی و بەبێ بەشداربوونی فەڕەنسییەکان بکا و بەڵگەشی ئەوە بوو کە بەم جۆرە جیاوازیی نێوان دەسەڵاتی ئەمریکا و دەسەڵاتی فەڕەنسا بەدی دەکرێ. کەس ئەوەی بە زەینیدا نەهات کە هەرچەشنە دەستێوەردانێکی خەڵکی سپی پێست بێزاریی لێ دەکەوێتەوە و ئەمریکایش ئەو بێزارییە بەمیرات وەردەگرێ. ئەمریکییەکان پێیان وابوو لە فەڕەنسییەکان جیاوازن(١٢٩) و پێیان وابوو وەک خێرخوازانی سەربەخۆیی ڤێتنام بەپێشوازیانەوە دەچن . بەڵام ئەو ڕاستییەیان لە زەینی خۆیاندا سڕیبۆوە کە ویلایەتەیەکگرتووەکان فەڕەنسییەکانی گێڕاوەتەوە و تێچووی شەڕەکەی ئەوانی داوە. پێیان وابوو هەر ئەوەندەی پشتیوانی لەسەربەخۆیی ڤێتنامی باشوور بکەن نیازپاکییەکەی خۆیان دەسەلمێنن.

وتووێژ لە بارەی پێداویستیەکانی بەرنامەی ڕاهێنان و پەروەردە، باشتر ئەوەی ڕوون کردەوە کە داڕێژەرانی سیاسەتی سەربازیی واشینتۆن حەزیان لێ نییە ئەو شەڕە بۆخۆیان بکرن. بەڵام سەربازی باش هەر ئەوەندەی ئەرکەکەی پێ ئەسپێردرا، بێ ئەملاوئەولا ڕایدەپەڕێنێ. ژەنە ڕاڵ ئۆدانیل، فەرماندەی دەستەی ڕاوێژکارە سەربازییەکان، گەڵاڵەی ڕێوشوێن و پێداویستییەکانی بەرنامە ڕاهێنان و پەروەردەیەکەی داڕشت و داوای لە واشینتۆن کرد، بەر لەو کاتەی لە ڕێککەوتننامەی ژنێڤدا دیاری کراوە خەڵکی زیاتری بۆ بنێرن.

بە سەرنجدان بە ڕاپۆرتە پەیتاپەیتاکان لەبارەی ورە و بێبەڵێنیی سوپای ڤێتنامەوە، سەرکردەکانی ناوەندی هاوبەشی ئەمریکا تەواو بەدگومان بوون . حەزیان لێ نەبوو بەرپرسیارەتیی شکستەکە بگرنە ئەستۆیان یان لەوەیش خراپتر ئەگەر تێکهەڵچوونێک بێتە پێش، ناچار بن سەربازە ئەمریکاییەکان

بنێرن بۆ   ڕزگارکردنی ئەو سەربازانەی لەپێ کەوتوون. لە یادداشتێکی ئۆگۆستی ١٩٥٤دا  ڕاشکاوانە بەو ئەنجامە گەیشتن کە "تەواو پێویستە" "حکوومەتێکی ناسەربازی ـ مەدەنیی بەهێز و تۆکمە لەسەر کار بێ" و "پێناچێ وەفدە پەروەردەییەکەی ویلایەتەیەکگرتووەکان سەر بکەوێ"  . مەگەر ئەوەی وڵاتی گۆرین خۆی بتوانێ بە باشترین و کاریگەرترین شێوە هەموو ئەرکەکانی بەسەربازگرتن و پاراستن جێبەجێ بکا.( ١٣٠) پێشبینیی ئەوەیان کرد کە ئەگەر هێزەکانی فەڕەنسا بکشێنەوە، "بۆشاییەکی سەربازیی تەواو" و ئەگەر ئەمریکایش جێیان بگرێتەوە، "بەرپرسیارەتییەکی" نەویستراو "لە بەرامبەر هەر شکستێک لەو بەرنامەیەدا" دەکەوێتە ئەستۆی ئەمریکاییەکان. لە کۆتاییدا گوتیان ویلایەتەیەکگرتووەکان "نابێ بەشدار بێ" ؛ بەڵام لەبەر ئەوەی ڕاوێژکارانی حکوومەت هیچ کات لێبڕاو نین و بڕیاری کۆتایی نادەن خێرا ئەوەیان لێ زیاد کرد کە "ئەگەر تێبینیی سیاسیی نائاسایی هەبێ "کێشەیان لەگەڵ دانانی جۆرە وەفدێکی ڕاهێنان و پەروەردە نین. لە پرۆسەی کاروباری دەوڵەتیدا هەمیشە پێشنیارەکان نەرمونیان و خۆگونجێنن ؛ چونکە لە داخرانی ڕێگە و بژێرەکان دەترسن.

لەسەر ئەو ژومارە هێزەی کە دەبێ  ڕابهێنرێن، تێچووی ڕاگرتنی سوپای فەڕەنسا لە شوێنەکە ــ ١٠٠ ملیۆن دۆلار لە ساڵی ١٩٥٥ و ١٣٩ ملیۆن دۆلار لە ١٩٥٦دا ــ و دیاریکردنی کاتی کشانەوەی وردەوردەی فەڕەنسییەکان؛ بوو بە مشتومڕێکی توند و لەو دەموساتانەدا سەرۆکەکانی ناوەندی هاوبەش جار بە جار پتر لە سەرکەوتن دڕدۆنگ و بەدگومان دەبوون. لە نۆڤەمبەری ١٩٥٤دا بە سەرنجدان بە هەلومەرجی سیاسیی ناوخۆی ڤێتنام، سەرۆکەکانی ناوەند گوتیان  : "هیچ دڵنیا نین لە .. پشتیوانیی    ڕاستگۆیانە و کاریگەر لە دەوڵەتەکەی دیەم" یان "سەقامگیریی سیاسی و سەربازی لە نێو ڤێتنامی باکوور".( ١٣١) ئیتر وەختێک ڤێتنامییەکان خۆیان حەز ناکەن بەرەنگاری کۆمۆنیزم ببنەوە "هیچ زۆر و گوشارێکی دەرەکی ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ و بەتەواوی لە ڤێتنامی باشووردا کۆمۆنیستەکان تێک بشکێنێ." ئێستا کە ئاوڕ لە

ڕابردوو دەدەینەوە، ناتوانین خۆمان لەو پرسیارە ببوێرین کە دەوڵەتی ئەمریکا بۆچی پێشنیاری ڕاوێژەکارەکانی خۆی پشتگوێ خست.

دیەم لە داخی بەرهەڵستی و کێبڕکێی ناوخۆیی و نەشیاوی و ناڕەزایەتی و گەندەڵی بێزار ببوو. لە لایەکی دیکەوە، ئەو دەبوو چارەسەری ملیۆنێک ئاوارەی باکوور ی بکا کە بەدوای کاتە دیاریکراوە سێسەدرۆژەکەی ڕێککەوتننامەی ژنێڤدا، بۆ گۆڕینەوەی جەماوەر ڕوویان کردبووە باشوور. لە ئەنجامی بانگەشەی کاس ۆلیکەکاندا کە بەهەموو لایەکیاندا بڵاو کردەوە "حەزرەتی مەسیح چووەتە باشوور" و "مەریەمی پاکیزەیش چووەتە باشوور" ئیتر هەشتاوپێنج لە سەدی کۆچبەرەکان کاسۆلیکی بوون.(١٣٢) دیارە تاقمێکی بەرچاویش حەزیان لێ بوو لەبندەستی کۆمۆنیزمدا بژین. ئەو تازەهاتووانە بوونە تاقمێکی یەکگرتووی پشتیوانی دیەم و بە کردەوە دەسەڵاتەکەی ئەویان بەهێز کرد. ئەگەرچی حەز و مەیلی ئەو بۆ دانانیان لە پۆست و پلە حکوومییەکاندا دژایەتیی لێ کەوتەوە. قورسایی بارەکە پتر کەوتە ئەستۆی ویلایەتەیەکگرتووەکان و هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا ٣٠٠٠٠٠ کۆچبەری هێنایە باشوور و تێچووی نیشتەجێکردنیشیان لەو پارەیە دابین کرا کە ناوەندە خێرخوازییە کاسۆلیکییەکان دایان.

"بەرپرسە پایەبەرزەکانی واشینتۆن" پاش دیداری سایگۆن، بەشێوەی تایبەتی گوتیان: "دەبێ وای دانێین ڤێتنام لەکیس چووە"( ١٣٣) سیاسەتی ئەمریکا لە بن هێرشی پێشنیاری دژیەک و ناتەبا و لە کێشمەکێش لەگەڵ کێشەی بەهێزکردن و سەقامگیرکردنی دیەمدا و ئەوەی کە چۆن دەکرێ هەم هێزە فەرەنسییەکان ڕاگرن و هەمیش بەرژەوەندییەکانی فەرەنسایش نەهێڵن و چ بکەن بۆ ڕاهێنانی سوپای ڤێتنامە تازەکە و لەسەریەک دەبێ چەندەی سەرمایە ی بۆ دانێن ، کەوتە گێژاوێکەوە. فەرەنسیەکان قەت دیەمیان بەدڵ نەبوو و ئەدگار فۆر، سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە گوتی :"ئەو نەک هەر نەشیاوە، بگرە شێتیشە".( ١٣٤) سەناتۆر مەنسفیلد لە لایەکی دیکەوە، پاش دووەم سەفەرە تۆژینەوەییەکەی خۆی، دیەمی بە نیشتمانپەروەرێکی ڕاستەقینە ناو برد کە مانەوەی بۆ سیاسەتی ئەمریکا وەک هەناسە وایە. ئەم ڕاپۆرتەی

مەنسفیلد هەرچۆنێک بێ، لە ڕاپۆرتەکەی پاری ئەو دڵساردکەرەوەتر بوو. دەیگوت: هەر بە ڕاستی بارودۆخەکە کارەساتبارە و هۆکارەکەیشی "بەکەمگرتنی بەردەوامی" هێزی سیاسی و سەربازیی ڤیت مین بووە. جا لەبەر ئەوەی سیاسەتەکانی دیەم نیشتمانی نین، وادیارە نابێ "زۆر بەهیوای ئەوە بین لە داهاتوویەکی نزیکدا ئامانجەکانمان لە ڤێتنام وەدی بێن." مەنسفیلد باوەڕی وابوو ئەگەر دیەم هەرەس بێنێ، جێنشینەکانی ئەو تەنانەت ئازادییەکی کەمتریش دەدەن و ئەو کات ویلایەتەیەکگرتووەکان دەبێ "دەسبەجێ هەڵپەساردنی هەموو یارمەتییەکانی خۆی بە ڤێتنام و هێزەکانی یەکیەتیی فەڕەنسا لەوێ تاوتوێ بکا و پێیدا بچێتەوە." مەنسفیلد ڕاپۆرتەکەی خۆی هەندێ ژیرانە و بەدوور لە کەفوکوڵ بڕییەوە و گوتی: "ئەگەر چاوەڕوانییەکی ماقووڵمان لە وەدیهاتنی ئامانجەکانمان هەیە ئیتر بەردەوامبوون لەسەر خەرجکردنی سامانی خەڵکی ویلایەتەیەکگرتووەکان نە بەجێیە و نە شیاوی لێبوردن."(١٣٥)

ئایزەنهاوەر دڕدۆنگ بوو. لە ئۆکتۆبەردا نامەیەکی بۆ دیەم نارد و نیگەرانییەکەی خۆی سەبارەت بە داهاتووی وڵاتێک بۆ دەربڕی کە "بەشێوەی کاتی، بەپێی دەستەبەندییەکی دەستکردی سەربازی دابەش کراوە" نەک (بەپێی "سنووره نێودەوڵەتییەکان" کە سەرکۆمارەکانی دوایی ئەمریکا بانگەشەیان بۆ دەکرد) . بەڵام گوتی ئامادەیە لەگەڵ دیەم "بەرنامەیەکی ژیرانە بۆ یارمەتیی ڕاستەوخۆی ئەمریکا بە دەوڵەتەکەی ئێوە" دابڕێژێ بەو مەرجەی ئەگەر دیەم بڕە یارمەتییەکەی وەرگرت لە "پێوەری کردەوە"ی دەوڵەتەکەی خۆی دڵنیای بکاتەوە.(١٣٦) جا لەبەر ئەوەی بەڵێنەکان زۆر جێی متمانە نەبوون، سەرکۆمار ژەنەڕاڵ لاتن کالینز، هاوکارە متمانەپێکراوەکەی خۆی لە دووەم جەنگی جیهانیدا، بەتایبەتی ڕاسپارد کە بچێتە ڤێتنام و پێوەندیی فەڕەنسا لەگەڵ ئەو "پێوەرانەی" لە دیەمیان چاوەڕوان بووڕوون بکاتەوە.

ڕاپۆرتەکەی کالینز نەرێنی بوو. ئەو گوتی دیەم "ئەو ئامادەیی و توانایییەی نییە ببێتە سەرکردەیەک کە ئەو وڵاتە بخاتەوە سەر یەک و دەرفەتی ئەوەی پێ بدات بکەوێتە کێبڕکێ لەگەڵ دەسەڵاتی پتەو و کارامە و یەکپارچەی هۆشی

مین." له ڕوانگەی ئەوەوە، سیاسەتی ئەمریکا هیچ چاری نییە جگە لەوەی ماوەیەک هەروا و بەبێ دەربەستی پشتیوانی لە دەوڵەتەکەی دیەم بکا و ئەگەر هیچ پێشکەوتنێکی تێدا بەدی نەکرا، بایۆ دایی بێنێتەوە سەر کار و ئەگەر ئەوەیش قەبووڵ نەکرا، "من پێشنیار دەکەم گەلاڵەکانی ئێمە بۆ یارمەتیدانی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا تاوتوێ بکرێنەوە و پێیاندا بچینەوە و گرینگییەکی تایبەت بدرێ بە پێشنیارەکەی پێشوو." پێشنیاری پێشوو "بڕینی وردەوردە یارمەتیدانی ڤیێتنام" بوو.کالینز گوتیشی، کە هەڵبژاردنی ئەمڕێگەیە "هیچ خۆش نییە بەڵام بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە و بەپێی ئەوەی تا ئەمڕۆ لێرە دیتوومە، لەوانەیە چارەیەکی دیکەیش نەبێ."(١٣٧)

داوا لە کالینز کرا لە شوێنی ئەرکەکەی بمێنێت ەوە و لەگەڵ ژەنەڕاڵ ئێلی، فەرماندە فەڕەنسیەکە گەلاڵەیەک بۆ پشتیوانی دابڕێژێ. بەڵام ئەو پێنج مانگ دواتر دیسان پێشنیارەکەی پێشووی خۆی دووپاتە کردەوە. لە ڕاپۆرتەکەیدا نووسیی: ناکرێ ڤیێتنام لە کۆمۆنیزم ڕزگار بکەین مەگەر ئەوەی بەرنامەیەکی چاکسازیی سیاسی و ئابووری و سەربازی لەسەر بنەمای هاوکاریی ڕاستگۆیانەی ڤیێتنامییەکان و ئەمریکی و فەڕەنسییەکان جێبەجێ بکرێت و ئەگەر ئەوەیش دەستەبەر نەبێ "من پێم وایە، دەبێ لە ڤیێتنام بکشێینەوە."

سەرەڕای ئەو هەمووە شک و گومان و دەستنیشانکردنەی لایەنە خراپەکانی کارەکە، باشە ویلایەتەیەکگرتووەکان بۆچی دەرفەتەکەی نەقۆزتەوە و نەکشاوە؟ لەبەر ئەوەی بەردەوام باسی ئەوە دەکرا کە ئەگەر پشتیوانیی ئەمریکا ببڕێتەوە، ڤیێتنامی باشوور ێی لێک هەڵدەوەشێتەوە و بەرەی دژەکۆمۆنیزم کە لە شوێنەکانی دیکەش هەڕەشەی لەسەرە، لە هیندوچین بەچۆکدا دێ. هەر لەو دەمەدا بوو کە قەیرانێک لەسەر دوو دوو رگەی نزیکی خاکی چین بە ناوی کێموی و ماتسۆ سەری هەڵدا و داڵسی تووشی بەدگومانییەکی وەک نەخۆشی کرد و ـ وەک خۆی گوتی ـڕاکێشی کردە سەر لێواری جەنگ لەگەڵ چینی سوور. ئەو قەیرانە ڕێگەی هەموو واقیعبینییەکی لەبارەی ڤیێتنامەوە یان گرینگیدان بەڕێگەچارەکانی ژەنەڕاڵ کالینزی داخست.

کالینز لە لایەکەوە گومانی لە نەشیاوییەکەی دیەم نەبوو لە لایەکی دیکەیشەوە چالاکانە هەوڵی دەدا ڕژێمەکەی بکاتە مشتەرییەکی مستەحەقی یارمەتیی ئەمریکا. لە ئاکامی زۆر و گوشارەکانی ئەوەوە، بەرنامەیەک بۆ ڕیفۆڕمی زەوی و زار نووسرا و پەڕلەمانێکی کاتی بۆ ئامادەکردنی دەستوور دانرا. واشینتۆن ئەو شتانەی بە نیشانەی پێشکەوتن دانا و چونکە دەیەویست ملۆمۆی فەڕەنسا لەگەڵ خەنیمەکانی دوژمن پووچەڵ بکاتەوە، بە فەرمی پێی لەسەر پشتیوانیی خۆی لە دەوڵەتەکەی ئەو داگرتەوە. هەر لەو دەموساتەدا، لە فێبریوەری ١٩٥٥دا بڕیار درا سوپا "تەواو خودموختارەکەی" ڤێتنام ڕابهێنرێ و هەنگاوێکی گەورە بەرەو خۆتێوەردان لەکاروباری ڤێتنام هەڵگیرا.

قەبووڵی بەرپرسیارەتیی ئەمریکا ؛ ئەو شتەی هەمیشە بەدوای هەموو دەستێوەردانەکاندا هاتووە ـ واتە کردەوەی نهێنی ـی بەدووی خۆیدا هێنا. دیارە تاقمێکی جەنگاوەر کە خۆیان بە وەفدی کاربەدەستانی سەربازیی سایگۆن ناو برد، لە ژێر ئەمر و فەرماندەیی ژەنەڕاڵ ئۆدانیل و نەقیب لەنزدیل ـ ئەفسەری هێزی ئاسمانی و دواتر کاربەدەستی سیا کە پێشتر بەرپرسی عەمەلیاتی دژی چریکەکانی هۆک بوو لە فیلیپین ـ دەمێک بوو لە ڤێتنامی باکوور دەستی کردبوو بە چالاکی. ئەو گرووپە بەر لە ڕێککەوتننامەی ژنێڤ دروست ببوو و ڕێک خرابوو و چالاکییەکەیشی ساڵێک بەردەوام بوو . هەتا ئەوەی ڕێوشوێنەکانی ژنێڤ ئەو جۆرە کردەوانەی قەدەغە و نایاسایی کرد. یەکەم بەرپرسیارەتیی ئەو گرووپە "بەئەستۆوەگرتنی کردەوەی میلیشیایی دژی دوژمن" بوو ـ ئەگەرچی ویلایەتەیەکگرتووەکان، بە واتایەکی دروستتر، لە جەنگدا نەبوو کە "دوژمنی" هەبێ. پاش ژنێڤ نەرمونیانتریان کردەوە و گرووپەکە "دابینکردنی کەلوپەلی" بۆ ئەو جۆرە عەمەلیاتانەی پێ ئەسپێردرا. گرووپی لەنزدیل بەدەم کارەکانی خۆیەوە دەستی کرد بە کاری تێکدەرانە لە کامیۆنەکانی ڕاگواستن و ئاسنەڕێیەکان و دامەزراندن وڕاهێنان و دزەپێکردنی دوو تاقمی "میلیشیایی" نهێنیی ڤێتنامی باشوور و دروستکردنی عەمباری شاردنەوەی تەقەمەنی و چەکوچۆڵ و کەلوپەلی قاچاخ بۆ ئەوان. لەبەر ئەوەیش کە ڕێککەوتننامەی ژنێڤ لە پاش ٢٣ی جولای ١٩٥٤ـەوە هێنانی

هەرچەشنە کەلوپەلێکی جەنگی و خەڵکی قەدەغە کردبوو      . کارەکانی ئەو گرووپە پاش ئەو ڕێکەوتە شکاندنی پەیمان بوو. ئەو خەتایەی ئەمریکا ئەگەر لە جەنگدا بوایە، لەوانەیە ئەوەندە ناشیرین و نائاسایی نەنواندبا        . بەڵام هەلورمەجەکە کۆمەڵێک درۆ و فرتوفێڵی بەدووی خۆیدا هێنا کەڕۆژبەڕۆژ پتر تەشەنەی کرد. هەتا دواجار ئەمریکای بەدناو کرد و زیانی بە پێگەی ئەو وڵاتە گەیاند.(١٣٨)

لە بری لە ئامێزگرتنی گوێلەمستێکی لاواز و بێنرخ، ڕێگەچارەیەکی دیکەش هەبوو و ئینجا فەڕەنسییەکان ئەویان گرتە بەر. ئامانجی فەڕەنسییەکان لەمەولا سازش بوو لەگەڵ هانۆی، نەک لەبەر سەرمایەگوزاری و بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی فەڕەنسا لە باکوور و باشووری ڤێتنام     . بەڵکو هەروا بۆ تاقیکردنەوەی فەلسەفەی پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی مێندێس ڤڵنس. باڵیۆزی ئەمریکا ، دۆگلاس دیلۆن لە پاریسەوە     ڕایگەیاند کە دەوڵەتی فەڕەنسا ڕۆژبەڕۆژ پتر "حەزی لەوەیە ئیمکانی ئاشتەوایی داهاتووی باکوور ـ باشوور تاوتوێ بکا (١٣٩) و کەسایەتیەکی ناسراوی وەک ژان سنتنیی بەو مەبەستە ناردە هانۆی. ئەو کەسە کە لە   ڕابردوودا کاربەدەستی کۆلۆنیالیستی و لە سەردەمی جەنگدا ئەفسەری فەڕەنسای ئازاد بوو پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هۆشی مین پاراستبوو و لە ماوەی شەڕی هیندوچینیشدا، وەک کۆمیسێری فەڕەنسا لە باکووری ڤێتنام خزمەتی کردبوو. پێ ئەسپێردراوی ئەو لە هانۆی بە ڕواڵەت پاراستنی بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی فەڕەنسا بوو؛ بەڵام دیلۆنی باڵیۆزی ئەمریکا ئاگادار کرایەوە کە سەنتنی حکوومەتەکەی خۆی قایل کردووە، بەوەی ڤێتنامی باشوور مەحکوومە بەلەناوچوون و "تاقە    ڕێگەی بەدەستهێنانی شتێک لەو نێوەدا، ئەوەیە لەگەڵ ڤێت مین  ڕێک کەوێ و هانی بدات لە کۆمۆنیزم داببڕێ بەشکم ڤێتنامێکی بە شێوازی تیتۆ دروست بێ کە لەگەڵ فەڕەنسا هاوکاری بکا و تەنانەت لەوانەیە بکەوێتە گەڵ یەکیەتیی فەڕەنسایش."(١٤٠)

ڕێگەچارەی تیتۆیی لە ڤێتنامی هەنووکەدا وەک   ڕێگەیەکی خەیاڵی دێتە بەرچاو . بەڵام هیچ کەمتر نەبوو لە باوەڕی ئەمریکییەکان کە دەیانویست

ڕژێمەکەی دیەم بکەنە ڤێتنامێکی شیاو و بەهێز و دیموکراتیک لە بەرامبەر هۆشی میندا. دەکرا هەردوو نەخشەکە بەئاسانی تاقی بکرێنەوە. بەرنامەی فەڕەنسییەکان هیچی لێ شین نەبۆوە . چونکە فـڕانس لە ساڵی ١٩٥٥دا لێ کەوت و بازرگانە فەڕەنسییەکان کە دیتیان بە ئاستەنگە کۆمۆنیستییەکانەوە قازانجێکیان دەست ناکەوێ، وردە وردە لە باکوور کشانەوە و ویلایەتەیەکگرتووەکانیش بەردەوام لە دەسەڵاتەکەی فەڕەنسای کەم دەکردەوە.

دیارە هەرچۆنێک بێ شکست بەو مانایە نییە ئامانجەکە دوورەدەست و ئەستەم بوو. مەبەستی سەرەکیی هۆشی مین لەو کاتەدا بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ڤێتنام لە فەڕەنسا و ڕاگرتنی ئەو بوو . هەر ئەو سەربەخۆییەی مارشال تیتۆ لە ڕووسیای وەرگرت. ئەگەر ئەمریکا توانیی یارمەتیی تیتۆ بدات، ئەی بۆ دەبێ هۆشی مین سەرکوت بکا؟ وەڵامەکە ئەوەیە ؛ "لەگوێی گادا خەوتنەکە" کاری خۆی کردبوو. بیرکردنەوە لە کۆمۆنیزم لە ئاسیادا لەگەڵ خۆف لە مەترسیی زەرد و تەش ەنە و فراوانخوازیی ئەو چینیانەی ببوونە کۆمۆنیست، حاڵەتێکی نائاسایی خستبووە نێو زەینی بیر و زەینەکانەوە. ڤێتنامی باکوور بە گوێلەمستی ئەو ڕژێمە لەقەڵەم دەدرا ؛ هەربۆیە بوو بە "دوژمنی ژمارە یەک".

بەڵام حاڵی گوێلەمستەکەی ئەمری ک ا شڕ و شپرزە بوو. ک ۆدتا سەرنەکەوتووەکەی بەرهەڵستکەرانی نگۆدین دیەم لە ئەپریلی ١٩٥٥دا قەیرانی کابینە و ناپاکی و ملبادانی چالاکانەی سەرۆکی ناوەندەکەی ئەو ئەمریکای نیگەران کردەوە. هەواڵنێرەکەی نیویۆرک تایمز نووسیی: دەوڵەتی دیەم "دەری خستووە کە نەشیاو و ناکارامە و بێزراوە. زۆر ئەستەمە بکرێ ڕزگاری بکەی" و "بەم زووانە شەڕێکی ناوخۆ لەوانەیە وڵاتەکە لەبەریەک بەرێ."( ١٤١) ئەو دەمەی کالینز بۆ دەستپێکردنی کارەکەی خۆی دەچووە ڤێتنام، تەنانەت داڵسیش پێی گوتبوو "ئەگەری ئەوەی ئێمە بارودۆخەکەی ئەوێ ڕزگار بکەین، هەر یەک بە دەیە."(١٤٢) ئێستایش کە دیەم تووشی چەرمەسەری و گێچەڵی زیاتر ببوو داڵس هاتە سەر ئەوەی "تاقە کێشەیەکی سەرەکی کە هێشتا

چارمان نەکردووە، کێشەی سەرکردەیەکی خۆوڵاتییە." مانای ناڕاستەوخۆی ئەو هەڵسەنگاندنە مەزنە بە زەینی ئەودا نەهات.

واشینتۆن نەیدەزانی چ بکا لە خۆوە بەدوای یەکێکدا دەگەڕا لە جێی دیەمی دابنێ و پەرۆش و نیگەران نەیدەزانی پشتیوانی لە سیستەمێکی لەرزۆک بکات یان نا. ژەنە ڕاڵ کالینز بۆ تەگبیر و ڕا بانگ کرایەوە واشینتۆن. پریزیدێنت ئایزنهاوەر لە کۆنفڕانسە ڕۆژنامەوانییەکەیدا، گۆشەیەک لە دڕدۆنگییە خەفەتبارەکەی دەوڵەتی ئاشکرا کرد . "لە ڤێتنام گەلێ ئاستەنگی و گرفت دروست بووە. ئەوانەی لە کابینە ڕۆیشتوون و .. بارودۆخەکە سەیرە و تاریف ناکرێ.. سیاسەتی وردی داهاتووی ئێمە چ دەبێ؟ کەس نازانێ."(١٤٣)

ئەوە دەرفەتێکی دیکە بوو بۆ خۆدەربازکردن. دەوڵەتی دیەم ئەو "پێوەرە کردەوەیە"ی دەستەبەر نەکردبوو کە ئایزەنهاوەر کردبوویە مەرجی یارمەتیی ئەمریکا. ئاماژەی شکستی فەڕەنسا، خۆبواردنی بەریتانیا لە وەرگرتنی بەرپرسیارەتیی بەشداربوون لە عەمەلیاتی هاوبەشدا، بەشداربوونی بیبۆ و تایبەتمەندیی وڵاتانی ناتۆ ـ باشە دەوڵەتەکەی ئایزەنهاوەر بۆچی هەموو ئەوانەی بەلاوە نا و بەو پێگە و بایەخە مەزنەی سەرکۆمار لە وڵاتدا هەیبوو خۆی لەو گێژاوی مەرگە ڕزگار نەکرد؟ لە ب ڕۆکراتیکی حکوومەتیدا، بەدڵنیاییەوە کەس ئەم هۆکارانەی لە پەنا یەکتر دانەنا. لەگەڵ ئەوەشدا ترسی "نەرمینواندنیش لە بەرامبەر کۆمۆنیزم"دا کاری خۆی کرد.

دیەم بە یارمەتیی ئەو سەربازانەی هەروا وەفاداری چاوگەی بەخشش و گەورەیی ئەمریکا مابوونەوە، کۆدتاکەی شکاند و بۆ ماوەیەک خۆی قوتار کرد. حکوومەتەی ڕێک خستەوە و سێ براکەی خۆی هێنا و لە جێی بەرهەڵستکەرانی دانان و وەک پیاوێکی بەهێز خۆی نواند.

ویلایەتەیەکگرتووەکان کێشەی بەخۆداچوونەوەی لەکۆڵ خۆی کردەوە و دیسان ڕاشکاوانە پشتیوانیی لێ کردەوە چونکە لە دواڕۆژی هەرەسهێنانەکەی دەترسا. باڵیۆزە تازەکەی ئەمریکا لە سایگۆن دۆناڵد هیت، لە ڕوونکردنەوەی هەڵبژاردنی ئەو ڕێگەیەدا گوتی:" مایەدانانی سێسەد ملیۆن دۆلار، جگە لە پێگە و ئابڕووە نەتەوەییەکەمان" بۆ پاراستنی ڤێتنامێکی ئازاد جۆرە قومار و

گەمەیەکە، بەڵام خۆبواردن لە یارمەتی لەویش خراپترە چونکە یارمەتیدەری زاڵبوون و سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان دەبێ.(  ١٤٤) ڕێگەی هەڵبژێردراو هەروەک زۆربەی جاران هەر وایە، هەڵبژاردنی ڕێگەیەکی سێیەم بوو لەنێوان دوو ڕێگەی نالەباردا.

ترس لە هەرای ناوخۆییش بەردەوام هۆکارێکی دەسنیشانکەر بوو. دەیانگوت مەنسفی لێ سەناتۆرە دەستڕۆیشتووەکە "بڕوای بە دیەمە"  . جگە لەوەیش بیرکردنەوە لە دژکردەوەی کاردیناڵ سپێلمەنیش ئەگە تاقانەکەی لەسەرکار لادرابایە، زۆر خۆش نەبوو. پاش کۆنفڕانسەکەی ژنێڤ، کاردیناڵ ڕایگەیاندبوو: "مخابن بۆ میلۆنان ڤێتنامی کە تازە خیانەتیان لێ کرا و ئێستا دەبێ ڕاستییە سامناکەکانی کۆیلایەتی لە ئاغا بێ ئامانە کۆمۆنیستەکانیانەوە فێر بن." و "ئەو ئازار و ئەشکەنجە و سووکایەتییانەی بەسەر قوربانییە لێقەوماوەکانی سەرەڕۆیی وەحشیانەی ڕووسیای سوور هات" دیسان دووپاتە بێتەوە. سپێلمەن گوتی کۆمۆنیزم بۆ وەدیهێن  انی گەلاڵە جیهانییەکەی خۆی، بەرنامەیەکی زەمەنیی بەوردی داڕێژراوی گرتووەتە بەر. فەرمانڕەوا کۆمۆنیستەکان زۆر ترسهێنەرانە دەزانن چیان دەوێ و بە "شێلگیرییەکی توندوتیژانەیش" لەسەری سوور و مکووڕن.(١٤٥) کاردیناڵ لە مەکۆی "لێژیۆنی ئەمریکا" ئەو قسانەی کرد و کۆمەڵە خەڵکێکی تووڕە کرد. ئایزەنهاوەر کە لە نێوەڕاستی ١٩٥٥دا خۆی بۆ خولی دووەمی هەڵبژاردنەکان ئامادە دەکرد، هیچ پێی خۆش نەبوو لەوەپتر جڵەو بۆ ئەم جۆرە توندڕەوییانە شل بکا.

ڕێککەوتننامەی ژنێڤ دیاریی کردبوو کە هەڵبژاردنی سەرانسەری لە ١٩٥٦دا بکرێ ؛ دیەم ئەوەی قەبووڵ نەکرد و ئەمریکایش دیارە بە پشتیوانی ئەو ملبادانە چارەنووسسازەی گوێلەمستەکەی خۆی دانرا.(  ١٤٦) ڤێتنامی باکوور بە ١٥ ملیۆن حەشاماتەوە لە هەمبەر ١٢ ملیۆن حەشاماتی باشووردا و بانگەشەی هەمووان بۆ خۆشەویستیی ڤیت مین لە نێو خەڵکیدا، هەموو هیواکان بەو هەڵبژاردنە بوو بەشکم بەسەر هەموو وڵاتەکەدا زاڵ بێ. کەواتە لە جوولای ١٩٥٥دا داوای لە ڤێتنامی باشوور کرد بۆ ئامادەکاری کۆببنەوە و ڕاوێژ بکەن. بەڵام دیەم خۆی بوارد و گوتیشی لەبەر ئەوەی هیچ هەڵبژاردنێک

لە ژێر چاودێریی هانۆیدا ئازاد نابێ و ئاکامە داسەپێنراوەکانی هەڵبژاردنی باکوور، دەنگەکانی باشوور لە خۆیدا دەتوێنێتەوە و هەرچۆنێک بێ ئەو پابەندی ڕێککەوتننامەکەی ژنێڤ نابێ. ئەو ڕەخنەیە ئەگەرچی بێ جێ نەبوو بەڵام سێ مانگ دواتر هەندێ دەسەڵاتی کەم بۆوە لەبەر ئەوەی لە ڕیفراندۆمێکدا لە باشوور کە بەمەبەستی چەککردنی بایۆ دایی (کە لە سەرۆکایەتیی دەوڵەتیشدا نەبوو) و دانی سەرکۆماری بە دیەم بەڕێوە چوو ئەنجامی دڵخواز ب ە ٩٨/٨ لەسەدی دەنگەکان و بەشێوەیەک تەواو بوو کە چاودێرێکی بیانی ناوی نا "سووکایەتیکردن".( ١٤٧) دیارە لە هەردوو بەری سنوورەکە دەنگدەران مافی ڕادەربڕینیان نەبوو و لە وڵاتێکی بەبێ ئەزموونی دیموکراتیکدا لەوە پتر چاوەڕوانی نەدەکرا. ئە و هەڵبژاردنە ـ کە وەفدێکی چاودێریی نێودەوڵەتیی لاواز چاوی بەسەرییەوە بێ ــ بەخێر ڕێگەچارەیەک بوو بۆ نەهێشتنی کێشمەکێشە ناوخۆییەکانی ڤێتنام، بەڵام لە ڕاستیدا لە شانۆیەک بەولاوە هیچ نەبوو و کۆنف ڕانسەکەی ژنێڤیش لە ناچارییان ئەو بیرەی کردبۆوە بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ دابەشکردنی کاتیی ئەو وڵاتە و هەروەها ئاگربڕەکە خۆش بکا.

کەس گومانی نەبوو لەوەی ئەگەر هەڵبژاردن بکرێ، هەر وەک یەکێک لە کاربەدەستەکان ڕایگەیاند، "زۆرینەی هەرە زۆری ڤێتنامییەکان دەنگ بە کۆمۆنیستەکان دەدەن."(١٤٨) سێناتۆر جۆن ئێف کێنێدی لە وتارێکیدا وێڕای دژایەتی لەگەڵ ئەوەی پێگەیەکی یەکسان بدرێتە سیستەمی کۆمۆنیستی، دانی بەوەدا نا کە حیزبەکەی هۆشی مین لە "سەرانسەری هیندوچیندا" خۆشەویست و لەسەرووی هەمووانەوەیە . هەر بۆیە نابێ ڕێگەی بدەن لە حکوومەتی نەتەوەییدا بەشدار بێت.(١٤٩) کە ڕاوێژکارەکان ئایزەنهاوەریان ئاگادار کردەوە لەوەی هۆ هەڵبژاردنەکە دەباتەوە، بە وتەی ژەنە ڕاڵ ڕیجۆی "قایل نەبوو" هەڵبژاردن بکرێ.(١٥٠) دیەم دیارە پێویستی بە پێشنیاری ئەمریکا نەبوو بەڵام خۆبواردن و ملبادانەکەی بە پشتیوانی و پشتگەرمیی ئەمریکا بوو. هەتا ساڵی ١٩٥٦ بەڵگەی زۆر زیاتر لەسەر زەبروزەنگ لە باکوور وەک ؛ ڕەشەکوژیی خاوەن زەوییەکان بەپێی نموونەی چینییەکان کەوتبووە بەردەست. بەوپێیە لە

هەڵبژاردندا لەوانەبوو لە شێوازگەلی تیرۆرستییش سوود وەربگرن. لە جوولای ١٩٥٦دا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەفەرمی ڕایگەیاند: "ئێمە بەتەواوی پشتیوانی لە پریزیدێنت دیەم دەکەین کە وەختایەک ناکرێ ڕێگە لە "هەڕەشە و گوشار" بگیردرێ، هەڵبژاردنی ئازاد مەیسەر نییە و ناکرێ."(١٥)

ئاکامەکە ئەوە بوو کە ڤێتنامی باکوور، وەختێک دیتی وڵاتەکە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادەوە ناخرێتەوە سەر یەک، دەستی بۆ شتی دیکە برد ــ دەستی کرد بە هاندانی شۆڕش و خەباتی بەناو ڕزگاریخوازانە. ویلایەتەیەکگرتووەکان لەوەیاندا گەمژەییەکی بەرچاوی نەکرد جگە لەوەی بە پشتیوانیکردن لە دیەم بوو بە شەریکی تاوانێک کە ڕەخنەگرانی جەنگ دواتر ناویان نا سەرکوتی بێشەرمانەی ویست و داخوازیی خەڵک و گوتیان: "بەو جۆرە جگە لە شۆڕش و ڕاپەڕین ڕێگەیەکی دیکە لەبەردەم باکووردا نەمایەوە". دیارە ئەوە سەرکوت نەبوو چونکە هەرچۆنێک بێ خەڵک دەرفەتی ئەوەیان نەبوو ئازادانە ویست و داخوازییەکانیان بدرکێنن. پەکخستنی هەڵبژاردنەکان بیانووی هەڵیگرسانەوەی شەڕ بوو نەک هۆکارەکەی. جێگری سەرۆکوەزرانی ڤێتنامی باکوور، فام ڤان دۆنگ، لە ژنێڤ وریایی دابوو کە "ئێمە یەکگرتنەوە بەدی دێنین. هیچ هێز و دەسەڵاتێکی ناوخۆیی یان دەرەکی لە جیهاندا ناتوانێ لەوەمان بگێڕێتەوە و پێشمان بگرێ."(١٥٢)

لە ماوەی پێنج ساڵی دواتردا، بەو لێشاوە پارەیەی وا ئەمریکا ٦٠ تا ٧٥ لەسەدی بوودجەی ئەو وڵاتە و خەرجی هەموو سوپاکەیشی دەدا و سیاسەتی (موازنەی منفی)ی بازرگانیی ڤێتنامی باشوور (واتە ئیمتیازنەدان بە وڵاتە بەهێزەکانی دەرەوە) قەرەبوو دەکردەوە. ڤێتنامی باشوور بە ڕواڵەت گەشەی کرد و پێشکەوتنێکی چاوەڕواننەکراوی بەخۆوە دی. هێزە چەکدارەکانی فەرەنسا لە ژێر زۆر و گوشاری پێداگرانەی ئەمریکادا وردە وردە و قۆناغ بە قۆناغ ئەوێیان بەجێهێشت. هەتا ئەوەی کە لە فێبریوەری ١٩٥٦دا فەرماندەیی باڵای فەرەنسا هەڵوەشێنرایەوە. ئەنجوومەنی دۆستە ئەمریکییەکانی ڤێتنام کە لە لایەن یارمەتیدەرە کاسۆلیکەکان و کۆمیتەی ڕزگاریدەری نێودەوڵەتییەوە پێکهاتبوو (ئەم کۆمیتەیە بۆ ڕزگارکردنی قوربانییەکانی نازیسم پێک هاتبوو و

لیستەیەکی لە ناوی بەڕێزترین ئازادیخوازەکان لە سەرووی ناوەکانی خۆیەوە دانابوو) بە یارمەتیی ئاژانسێکی پێوەندییە گشتییەکان لە سایگۆن کە مانگانە سێ هەزار دۆلار مووچەی وەردەگرت، پەرجۆی"موعجزەی" ڤێتنامی باشووری بەهەموو لایەکدا بڵاو کردەوە. لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا وای پێدەچوو وەک بڵێی پێشکەوتنێک هاتۆتە ئاراوە و گەمەکە ئەنجام و ئاکامێکی لێ دەکەوێتەوە.

بەڵام لە سەرووی ئەو پەرجۆیەوە، ڕاستییەکان زۆر خۆش و لەبەردڵان نەبوون. گەڵاڵە نالەبارەکانی ڕیفۆڕمی زەویوزار لەبری یارمەتیدانی جووتیاران، ئەوانی لە دەسەڵات نامۆ دەکرد و دایدەبڕین: بەرنامەکانی "قێزەونکردنی کۆمۆنیستەکان" کە خەڵکیان ناچار دەکرد دراوسێکانی خۆیان لەقاو بدەن و دەستێوەردان و خۆتێهەڵقورتاندنی بەردەوامی کاربەدەستە گەندەڵەکانی دەوڵەت لە ژیانی خەڵکی گوند، کەفوکوڵی خەڵکی دژی دیەم وەرسووڕاندەوە. ڕەخنەگر و ناڕازییەکانیان قۆڵبەست کرد و ناردیاننە "ئۆردووگاکانی پەروەردەکردنەوە، یان بۆ ناوچە بێدەنگەکانی دیکەیان بەڕێ کردن. لێشاوی ئەو پارەیەی لە ئەمریکاوە دەهات، وەک چەکێکی سیاسی بۆڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی چینی مامناوەند بەکار هێنرا و بەشێکی زۆری کاڵا مەسرەفییەکان خرا ـە بەردەستی ئەوانەوە. وەفدێکی زانای سیاسیی ئەمریکا لە هەڵسەنگاندنەکانی خۆیاندا ڕایانگەیاند، ڤێتنامی باشوور "دەکرێتە سواڵکەرێکی هەمیشەیی" چاولەدەستی دەرەکی و لە ئەنجامدا "یارمەتییەکانی ئەمریکا تراویلکەیەکی خەڵەتێنەری دروست کردووە."(١٥٢)

ناڕەزایەتیی وەرزێرەکان بوارێکی لەباری بۆ شۆڕشگێڕەکان خوڵقاند. پارتیزانەکانی ڤیت مین خۆوڵاتیی باشوور بوون کە پاش دابەشکرانی وڵاتەکەیان لە جێی خۆیان مابوونەوە و شەڕی پارتیزانیان دەکرد و تاقم و گرووپی پارتیزانییان پێک دێنا و ئەو پارتیزانانەیش کە چووبوونە باکوور و لەوێ لە بواری سەربازی و بیروباوەڕەوە ڕاهێنرابوون، وردە وردە گەڕانەوە ئەم بەرەی سنوور و چوونەوە گەڵ شۆڕشگێڕەکان. لە ١٩٥٩دا شۆڕشگێڕەکان بەشی هەرە زۆری ڤێتنامی باشووریان بەدەستەوە بوو. کاربەدەستێکی زانیاریی ئەمریکا بە سەناتۆر مەنسفیڵدی گوت: "ئەگەر قەڵەم

فڵچەیەک بە سەرانسەری باشووردا بکێشن، هەر تاڵەموویەکی ئەو فڵچەیە ڤیت مینێک دەگرێ."

لەو ساڵانەدا ڕاپەڕین بەرۆکی باکووریشی گرتبۆوە و هۆکارەکەیش تا ڕادەیەک کەمبوونی خۆراک و کەرەستەی خۆراکی بوو . ئەویش لەبەر ئەوەی پێوەندییان لەگەڵ ناوچە بەپیتەکانی باشوور کە برنجی لێ دەکرا دابڕابوو. تا ڕادەیەکیش زوڵم و زۆری کۆمۆنیستەکانیش هۆکار بوو.

ژەنەڕاڵ جیاپ ( ١٥٤) لە ١٩٥٦ـدا لای هاوکارەکانی خۆی ڕاشکاوانە دانی بەوەدا نا کە "ئێمە گەلێک خەڵکی بەشەڕەفمان کوشت.. دەستمان کرد بە تیرۆر. سزادان و ئەشکەنجە."(١٥٥) هانۆی وەها نوقمی کێشە و گرفتە ناوخۆییەکانی بوو کە نەیدەتوانی شەڕی باشوور بکا. بەڵام یەکپارچەکردنەوەی سەرلەنوێی وڵات هەروا ئامانجی نەگۆڕیان بوو. هانۆی وێڕای تێکشکاندنی بەرگرییەکان و زاڵبوونەوە لە ١٩٥٥ـ ١٩٥٦دا، هێزەکانی خۆی پتر کرد و ڕایدەهێنان. چەکی زیاتری لە چین وەردەگرت و وردە وردە پێوەندیی لەگەڵ شۆڕشگێرانی باشووریش دەگرت.

ساڵی ١٩٦٠ بەپێی بەراورد ٥٠٠٠ هەتا ١٠٠٠٠ پارتیزان کە دەوڵەتەکەی سایگۆن ناوی نابوون "ڤیت کۆنگ" بە واتای "کۆمۆنیستی ڤێتنامی" لە باشووردا چالاکییان هەبوو. سوپای ڤێتنام بە ڕێنوێنیی ئەمریکییەکان زیاتر لە درێژایی سنووری نێوان باکوور و باشووردا کۆ ببووەنەوە بۆ ئەوەی پێش بە هەموو جۆرە پەلامارێکی بە شێوازی کۆریا بگرن. شۆڕشگێڕەکانیش لە جێی دیکە تەڕاتێنیان بوو و کاولکاری و ماڵوێرانیان دەنایەوە. بەقسەی سایگۆن ، پار ١٤٠٠ کاربەدەستی دەوڵەت و خەڵکی مەدەنی تیرۆر و ٧٠٠ کەس ڕفێنرابوون. دیەم قۆڵی لە زەبروزەنگ هەڵماڵی. تیرۆریست و تێکدەران و دەنگۆسازەکانی ئیعدام کرد و کۆمەڵێک گوندیی ناردە ئەو گوندانەی لە قەڵا سەربازییەکاندا بوون؛ بەڵام ئەو کارانە کاریگەرییان دانەنا. خەڵک نە وەفاداری دیەم بوو و نە کۆمۆنیزم یان ئامانجی سەرلەنوێ یەکگرتنەوەی وڵات. ئاسایشیان دەویست و زەوی و زار و کشتوکاڵ.

باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە جانیوەری ١٩٦٠دا ڕایگەیاند کە "دەکرێ دۆخەکە ئاوا کورت بکەینەوە؛ دەوڵەت هەر بە بەدگومانی و زەبروزەنگەوە لەگەڵ خەڵک جووڵاوەتەوە و لە بەرامبەر ئەوەیشدا خەمساردی و نارەزایەتیی بە پاداشت وەرگرتووەتەوە."(١٥٦)

لەو ساڵەدا کۆمیتەی پێشکەوتن و ئازادی کە دە ئەندامی پێشووی کابینە بوون، ڕاگەیەنراوێکیان بە ناوی "مانیفێستی هەژدە" دەرکرد و داوای دەست لەکارکێشانەوەی دیەم و چاکسازیی بەربڵاویان کرد. دیەم هەمووانی گرت و زیندانیی کردن.( ١٥٧) شەش مانگ دواتر، کۆدتایەکی سەربازی بەمەبەستی لێخستنی ئەو بەڵگەی دێناوە کە دیەم "دەریخستووە ناتوانێ وڵات لە کۆمۆنیزم ڕزگار بکات و یەکبوونی نەتەوەیی ڕاگرێ."( ١٥٨) دیەم بە یارمەتیی ئەو سوپایانەی لە دەرەوەی شارەوە هێنای، لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا کۆدتاکەی سەرکوت کرد. پیرۆزباییەکانی واشینتۆن گەیشتن و هیوایان خواست ئەمجارە ئەو بەهێزێکی زیاترەوە بتوانێ "دەست بکات بە چاکسازیی بنەڕەتی و خێرا".(١٥٩)

ئەو هیوادەربڕینانەی ئەمریکا پەیتا پەیتا دەگەیشتن و بەردەوام تەوس و تەشەرێکی لەگەڵ بوو کە بەردەوامبوونی یارمەتییەکە بەستراوەتەوە بە "پێوەری کردەوە"وە. دەی دیارە چاکسازی هەر باسیشی نەکرا، بەڵام یارمەتیی ئەمریکییەکانیش هەر هات، لەبەر ئەوەی دەترسان، ئەگەر نەینێرن، دیەم لێ بکەوێ.

متمانەبەخۆیی ئەمریکا لە هەمبەر سۆڤیەت لە ١٩٥٧دا زەبرێکی دیکەی خوارد. ڕووسەکان مانگی دەسکردی سپۆتنیکیان بە بەرزایی ٥٦٠ مایل بەرەو ئاسمان هەڵدا و بە خێرایی ١٨٠٠٠ مایل لە سەعاتێکدا بەدەوری گۆی زەویدا خولاندیانەوە. ساڵێک پێش ئەم کارە مەزنە ترسهێنەرە، هێزە چەکدارەکانی سۆڤیەت هەنگاریایان گرتبوو و ویلایەتەیەکگرتووەکان، سەرەڕای هەموو هەڕوگیڤەکانی دالس هیچی پێ نەکرابوو. ساڵی پاش سپۆتنیک، کۆمۆنیستەکان بە سەرکردایەتیی فیدڵ کاسترۆ کووبایان داگیر کرد و ئەمریکا تەنیا لە مەودای ٩٠ مایلەوە بێدەسەڵاتانە دانیشتبوو و سەیری کردبوون؛ بەڵام کۆمۆنیشتەکان

له ڤێتنامی دوورەدەستدا بە مەترسییەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی ئەمریکا لەقەڵەم دەدران.

واشینتۆن و سایگۆن بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئاژانسەکانی ئەمریکا و سوپای ڤێتنام بە تەگبیر و ڕای یەکتر گەڵاڵەیەکی دژە پارتیزانی یان دژە شۆڕشیان دارِشت. ژمارەی ڕاوێژکارە سەربازییەکانی ئەمریکا دوو بەرامبەر کران و بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکە بوونە ٦٨٥ کەس. باڵیۆزە تازەکەی ئەمریکا ئەلبریج داربرۆ، هەندێ دڕدۆنگ بوو. ئەو پێی وابوو یارمەتیی زیادەی سەربازی بەبێ پێشکەوتنی سیاسی بێ ئاکام بووە و نابێ بدرێ. بەڵام دیەم دەسەڵاتی لاسارانەی لاوازانی بەکار هێنا. چەندی کێشەکانی قووڵتر بوونەوە، داوای زیاتری کرد و وەریشی گرت. وەختایەک لە پێوەندییەکدا لایەنێک چاولەدەستی ئەوی دیکەیە؛ چاولەدەستەکە بەردەوام دەتوانێ بە زەقکردنەوەی مەترسیی ڕووخانی خۆی، پشتیوانەکەی جڵەو بکات.

لە سێپتەمبەری ١٩٦٠دا کۆنگرەی حزبی کۆمۆنیست لە هانۆی، داوای ڕووخانی ڕژێمەکەی دیەم و "حکوومەتی ئیمپریالیستیی ئەمریکا"ی کرد. پێکهێنانی بەرەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ڤێتنامی باشووری لە دیسەمبەردا لێ کەوتەوە. ئەو بەرەیەن ئەگەرچی بەناو خۆوڵاتی باشوور بوون، بانگەوازی ڕووخاندنی دیەم و " ڕژیمە بەگەوهەر کۆلۆنیالیستی ئیمپریالیستییەکانی ئەمریکا"ی دووپاتە کردەوە و بەرنامەیەکی دە مادەیی خستە ڕوو کە باسی چاکسازیی کۆمەڵایەتیی مارکسیستیانەی دەکرد و جلوبەرگی باوی "دیموکراسی" و "یەکسانی" و "ئاشتی" و "بێلایەنی"یشی لەبەر هەڵکێشا.( ١٦٠) بەو جۆرە جەنگی ناوخۆیی ڤێتنام بە فەرمی ڕاگەیەنرا و ئەوەیش ڕێک ئەو دەمە بوو کە سەرکۆمارە تازەکەی ئەمریکا، جۆن ئێف کێنێدی جڵەوی کاروبار و دەسەڵاتی لە ویلایەتەیەکگرتوەکاندا بەدەستەوە گرت.

دەوڵەتێکی نوێ لە ئەمریکا هاتە سەر کار، پشتقایم بە هێزێکی هزری، بەڵام پتر کارکەر نەک تیۆریکەر و لە سەدەی بیستەمیشدا بە نزمترین ڕێژەی دەنگی هەڵبژاردنەکان واتە بە زەحمەت ٥٠%. هاوکارەکانی سەرکۆمار، وەک خۆی هەموو چالاک و بەجموجۆڵ بوون . قەیران دەیهەژاندن و بۆ کردنی کارێک شاگەشکە دەبوون. ئەوەندەی بەڵگەکان دەیسەلمێنن، هیچ کۆبوونەوەیەکیان نەگرت بۆ ئەوەی بزانن وڵاتەکەیان لەو شەڕەی ڤێتنامدا چیی دەست کەوتووە لە خۆیشیانیان نەپرسی ویلایەیەتە یەکگرتووەکان چەندە بەرعۆدە و دەربەستە و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان چەندە لە مەترسیدان. ئەوەندەی لەو هەمووە یادداشت و ڕێگەچارە و وتووێژانەی لە نێو بەرپرساندا دەست دەکەوێ، هیچ چاوێکیان بە ستراتژیی درێژخایەندا نەگێڕا. ڕێچکە و ڕێبازەکان بەپێی قەڵەمبازە کاتی و جاروبارەکان مانگ بە مانگ دیاری دەکران. چەند ساڵان دواتر لە ئەندامێکی کۆشکی سپییان پرسی، ساڵی ١٩٦١ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسییا چۆناوچۆن دیاری کران؟ وەڵامی دانەوە: "ئەوە بەڵگەنەویست بوو پرسیاری نەدەویست."( ١٦١) دیار بوو کە کۆمۆنیزم لە هەر جێیەک قوت بێتەوە، دەبوو پێشی بگیردرێ و نەهێڵی گەشە بکا و ڤێتنامیش لەو کاتدا کوانووی بەرەنگاربوونەوە بوو. ئەگەر لەوێ پێشی نەگیرابایە جارێکی دیکە بەهێزتر دەبوو.

کێنێدی لە ١٩٥١دا ئەو دەمەی نوێنەرێکی گەنج بوو لە کۆنگرەدا، خۆی چووبووە ڤێتنام و وەک زۆربەی چاودێژە ئەمریکییەکان بەو ئاکامە گەیشتبوو کە بۆ پێشگرتن بە کۆمۆنیستەکان لە باشووردا، پێویشتە "هەستێکی دژە کۆمۆنیستیی بەهێز و خۆوڵاتی لەوێدا پەرەی پێ بدرێ و پەروەردە بکرێ." هەرچەشنە هەوڵێک "جگە لە ئامانجە نەتەوەییەکان و ناتەبا لەگەڵ ئەواندا، پێش هەموو شتێک مەحکوومە بە شکست". ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە، لە سەرانسەری

گەمژەییە دوورودرێژەکەی ڤێتنامدا، ئەمریکییەکان بەردەوام پێشگۆییان دەکرد بەڵام هەرگیز دوورەنواڕی و دووربینییەکەی خۆیانیان بەکردەوە نەکرد.

لە ١٩٥٦دا کێنێدی، زۆری نەمابوو بێتە سەر باوەڕە باوەکەی شەڕی سارد و کەمتر باسی "هەستی بەهێزی خۆولاتی"ی دەکرد و زیاتر لە چوارچێوەی خوازە و قسەی ناڕاستەوخۆدا باسی هەڵوەشانەوەی مۆرە زنجیرەییەکانی دەکرد و ڤێتنامی بە "بەردی بناغەی جیهانی ئازاد لە باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا و تاجی کەوانیی تاق و پەنجەی نێو درز و کون" ناو دەبرد.( ١٦٣) کێنێدی، هیندستان و ژاپۆنیشی خستە نێو لیستەی ئەو ولاتە دراوسێیانەوە کە "ئەگەر شەپۆلی سووری کۆمۆنیزم بگاتە ڤێتنام" ئەوانیش هەرەس دێنن. شەپۆلی پەیڤین و وتاردانەکان هەڵیگرت و خستییە نێو داوێکی دوولایەنەوە . یەکێکیان ئەوەی دەیگوت :" ڤێتنام گۆڕەپانی تاقیکردنەوەی دیموکراسییە لە ئاسیا"دا و ئەوەی دیکەش کە دەیگوت: "لە ڤێتنام هەستی بەرپرسیارەتی و خۆڕاگری و ویست و ڕای ئەمریکا لە محەکی تاقیکردنەوە دەدرێ.

دوو حەفتە بەر لەوەی کێنێدی بچێتە نێو کۆشکی سپییەوە، سەرۆکوەزیرانی سۆڤیەت، نیکیتا خرۆشچۆف، دنیای بەرەوڕووی کێشەیەکی چارەنووسسازی ئەو دەم کردەوە و گوتی: "جەنگە ڕزگاریخوازە" نەتەوەییەکان لەمەودوا چەکێک دەن بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی کۆمۆنیزم و ڕایگەیاند، ئەو "جەنگە ڕەوایانە" لە هەر کوێ هەڵاییسێن، لە کووبا، ڤێتنام، ئەلجەزایر، ئەوا سۆڤیەت بەوپەڕی تواناوە پشتیوانییان لێ دەکات. کێنێدی لە وتارەکەی خۆیدا، بە بۆنەی دەستپێکی خولی سەرکۆمارییەکەیەوە، دژکردەوەی نواند و زۆر بە دڵەڕاوکێوە، ئاماژەی کرد بە بەرگریکردن لە ئازادی "لە دوا چرکەی بەرزترین مەترسیدا".

یەکەمین ئەزموون، بۆ چارەڕەشی شکستێکی ناشیرین و سەرشۆڕانە بوو. هەوڵێکی بێ ئەنجام کە لەسەردەمی ئایزەنهاوەردا گەڵاڵەکەی داڕێژرابوو و بۆ ئازادکردنی کووبا لە چنگی کۆمۆنیزم لە کەنداوی بەرازەکاندا و لە ئەپریلی ١٩٦١دا بوو. هەوڵێکی هاوبەشی کۆچبەرە کووباییەکان وڕێکخراوی زانیاریی

ئەمریکا (سیا)، کە بە کەلوپەل و کەرەستەیەکی کەرانە و کەم و لەخۆباییبوونێکی بێجێ دەست پێ کرا.

ئەو هێرشە پلان و نەخشەی کێنێدی نەبوو بەڵام بەر لەوەی ئەو بەفەرمی جڵەوی دەسەڵاتەکە بگرێتە دەست، راپۆرتێکی تێروتەسەلی پێ گەیشتبوو و ـ بە ئەنگیزەی ئەو هۆکارە ترسناکەی بەردەوامبوون لەسەر گەمژەیی ئاسانتر دەکاتەوە دەست لێهەڵگرتنەکەی ـ ڕێگەی دابوو عەمەلیاتەکەی دەست پێ بکەن و گومان لە بەرپرسیارەتیی ئەو نەبوو. ئەو پەلامارە، لە رووی بەکەمگرتنی دوژمنەوە، بانگەوازی ئایندە لە ڤێتنامدا بوو. رژیمی کاسترۆ سەلماندی، کە جوان رێک خراوە و لەسەرهەست و لەسەر پێ و ئامادەی شەڕە.

دابەزینی هێرشبەرەکان لە کەنارەکە، دەسبەجێ لەقاو درا و زۆر بەتوندی بەرەنگاری بوونەوە. ئەو ڕاپەڕینانەی چاوەڕوان دەکرا لە پشتیوانی هێرشەکەدا بەرپا بن، یان زۆر بەتوندی سەرکوت کران یان هەر سەریان هەڵنەدا. فیدل کاسترۆ لە نێو خەڵکی وڵاتەکەی خۆی زۆر لەو کۆچبەرانە خۆشەویستتر بوو کە ئەمریکا پشتیوانیی لێ دەکردن ـ ڕێک ئەو دۆخەی دواتر لە ڤێتنامیش دووبارە بۆوە. کێنێدی بە پێداگرییەکی شیاوی پەسنگوتن، بڕیارێکی دژواری دا و هێزی ئاسمانی و تفەنگچیی دەریایی نەنارد بۆڕزگارکردنی هێرشبەرەکان و بەو جۆرە زۆربەیانی بە دەستی مەرگ سپارد. ئاکامی ئەو ئاڵۆزی و گووکارییە سەرسووڕهێنەرە هەر لەو نەوەد ڕۆژەی سەرەتای دەسەڵاتدارییەکەیدا ئەوە بوو کە هەموو ئەندامەکانی دەوڵەت بڕیاریان دا لە خەباتی دژی کۆمۆنیزمدا خۆیان بنوێنن و هەڕەشە بکەن.

کێنێدی نە لیبڕال بوو و نە کۆنسەرڤات . هەڵسووڕێنەرێکی زیرەک و زۆریش پۆست پەرست بوو کە بە زمانێکی زۆر قایلکەر و ڕەوان و تەنانەت وروروژێنەریش، باسی بنەما بەرزەکانی ڕەوشت و ئەخلاقی دەکرد . بەڵام قسە و کردەوەکانی تێکیان نەدەکردەوە. ئەو کۆمەڵێک پیاوی زۆر بیرتیژ و بەتوانا و ئەوەندەی بکرێ واقیعبینی وەک خۆی لەسەر پۆست و پلە بەرزە حکوومەتییەکان و کۆشکی سپی دانا. ئەوانە زۆربەیان کەسانێکی چل و چەند ساڵان و تا ڕادەیەک هاوتەمەنی خۆی بوون . بەڵام هیچ لە فەیلەسووفە

کۆمەڵایەتی و نوێخوازەکان و ئایدیالیستەکانی بەرنامەی "سەودای نوێی"(١٦٣) ڕۆزڤێلت نەدەچوون. دەوروبەرییەکانی کێنێدی، ئایدیالیستەکانی بە خەڵکێکی "تەوەزەل" یان "دڵ ناسک" دەزانی. "سەودای نوێ" هیی سەردەمێکی دیکەی بوو. جەنگی جیهانی و جەنگی سارد لەو نێوەدا هاتبووە پێش و راستئاژۆ توندڕەوەکان هێشتایش مڕەیان دەهات و دەیانبۆڵاند. پیاوە تازەکان چ خوێندەوارەکانی پێشووی ڕۆدز(١٦٤) و خوێندکارانی هارڤارد یان دامەزراوەی برۆکینز و چ ئەوانەیش کە لە وا ڵ ستریت یان جیهانی سیاسەت یان ماف دەستەبژێر کرابوون، هەر هەموویان وا چاوەڕوان دەکرا واقیعبین و لێوەشاوە و کارامە و مکووڕ بن. مکووڕبوون، کلیلی کار بوو و تاقمەکەی کێنێدی، کەسایەتی و توانا جۆراوجۆرەکانیان، چ ا هەرشتێک بێ، هەر هەموویان ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییەیان وەرگرت ـ هەر وەک دەربارییەکانی پادشا ، یان هاوکارانی مودیرێکی بەدەسەڵات کە لە دامەزرانیاندا قەرزباری ئەون و لە قسەی دەرناچن.

هەڵبژاردنی ڕابێرت مەکنامارا، دەرچووی زانکۆی بازرگانیی هارڤارد، سەمەرەی "شیکاری و لێکدانەوەی سیستەمەکان" لە هێزی ئاسمانیی جەنگی جیهانیی دووەم و بەرزکردنەوەی پێگەکەی دواتری هەتا سەرۆکایەتیی کۆمپانیای ترۆمبێل سازیی فۆ ڕد، هەڵبژاردنێکی چاوەڕوانکراو و بەرچاو بوو بۆ وەزارەتی بەرگری. مەکنامارا ورد و باش، بە قژێکی ڕێک و چاویلکەی بێ چوارچێوە، هەر وەک لە هێزی ئاسمانی و کۆمپانیای فۆ ڕددا سەلماندبووی، پسپۆڕی بەڕێوەبەر ێی بوو لە ڕێگەی کۆنترۆڵی ئامارەوە. ئەوەی دەکرا بپێورێ، کەوشەنی کاری ئەو بوو. دەیانگوت، وەک پێغەمبەرەکانی بەنی ئیسراییل لە کتێبی چاخی عەتیقدا، ڕاستگۆ و خۆما ڕەیە، بەڵام دڵڕەقییەکی لە شێوەی ئەوانەیش هەبوو کە بەردەوام سەرکەوتوون. پیتۆڵی و بلیمەتییەکەی ئەو لە ژومارە و ئاماردا، ڕێگەی بۆ بگۆڕە مرۆیی و فاکتەرە پێشبینی نەکراوەکان نەدەهێشتەوە. ئەوپەڕی باوەڕی بە کاریگەریی چەکوچۆڵی جەنگی هەبوو. جارێکیان لە کۆبوونەوەیەکی پەنتاگۆندا گوتی: "ئێمە هێزی ئەوەمان

هەیە و دەتوانین هەر وڵاتێکی حەزمان لێ بێ، نۆک ئاوتی(١٦٥) بکەین*."(١٦٦)
هەر لە سای ئەم دڵنیایی و لێبڕاوییەوە بوو کە مەکنامارا، لای دوو سەرکۆمارەکە ئەوەندە بەقەدر و حو رمەت بوو کە کرا بە سەنگی مەحەک و پێوەری سەرکەوتن یان شکان لە شەڕەکەی ڤێتنامدا.

خۆبواردن لە هەڵبژاردنی ئەدلی ستیۆنسۆن بۆ وەزارەتی دەرەوەیش ئەوەندە گرنگ بوو. ستیۆنسۆن، پیاوێکی بیرمەند بوو. هەر بۆیە وەک هاملێت دڕدۆنگ و زۆریش نەرم و نیان بوو. باڵی ئەلینۆر ڕۆزڤێلت (١٦٧) لە حزبی دیموکراتدا زۆر خوازیاری ئەوە بوو ستیۆنسۆن بکرێتە وەزیری دەرەوە . بەو حاڵەشەوە دانەنرا و لە بری ئەو دین ڕاسک دانرا. ڕاسک، گران و سەنگین و فرەزانا و بەپارێز بوو و سەرەڕای ئەوەی بە ستایلی کێنێدی کاری نەدەکرد، ئەو ئیمتیازەی هەبوو کە لە وەزارەتی دەرەوە خزمەتی کردبوو و ئەزموونی کۆ کردبۆوە و ئێستا سەرۆکی دامەزراوی ڕاکفلێر بوو و بەپێچەوانەی ستیۆنسۆن، مەحاڵ بوو ببێتە خەنیمێک بۆ سەرکۆمار. ڕاسک لە شەڕی دووەمی جیهانیدا بە دەرەجەی عەقید، بەرپرسی دارشتنی گەڵاڵەی شەڕی بەرەی چین و بۆرما و هیند بوو و دەرسی لە ئەزموونەکەی ئەمریکا لە چین وەرگرتبوو. بەڵام ئەو دەرسە تەنیا دوژمنایەتییەکی خەست و توندی کۆمۆنیزم بوو و هیچی تر. کاتی تێوەگلانی چین لە جەنگی کۆریا، ڕاسک جێگری وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی دوور بوو و لێبڕاوانە بەڵام بە هەڵە پێشبینیی کردبوو کە چینییەکان خۆیان لە شەڕەوە ناگلێنن و پاش ئەوە خۆی بە بەرپرسیار دەزانی لەو خەسار و زیانانەی کەوتە سەریان.

یەکەم کەسی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، بەخۆی و نووسینگەیەکەوە لە نێو کۆشکی سپیدا، مەک جۆرج باندی خەڵکی بۆستۆن بوو پیاوێکی لەسەرخۆ و متمانەبەخۆ و پاک و ئەوەندەیش زاڵ و بەتوانا لە بەکارهێنانی ئامرازە فکرییەکانی خۆیدا کە یەکێک لە هاوپۆلییەکانی پێشووی لە دواناوەندیی گرۆتن دەیگوت: باندی تەنانەت لە تەمەنی دوازدەساڵانیشدا ئامادە بوو ببێتە مودیری قوتابخانە.(١٦٨) لە ڕاستیشدا لە تەمەنی سی و چوار ساڵیدا بوو بە سەرۆکی

---

*نۆک ئاوت: دەستەواژەیەکی بۆکسینە و شەڕەمستە کە بە یەک زەبر، خەنیمەکەی لەکار دەخا.

زانکۆی هارڤا  ڕد. لەگەڵ ئەوەدا کە باندی لە بواری سیاسی و پێشینەی بنەماڵەییەوە، کۆماریخواز بوو و دوو جار لە هەڵبژاردنەکاندا لە نێوان ئایزەنهاوەر و ستیۆنسۆندا دەنگی بە ئایزەنهاوەر دابوو ئەو کارە نەک نەبووە کۆسپ بۆ دانرانی لەو پلەیەدا، بگرە وایکرد کێنێدییش کە لە پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕاستئاژۆکاندا کابرایەکی خۆشەویست بوو زیاتر حەزی لە دانانی ئەو بێ. کێنێدی بە سەرکەوتنە لاوازەکەی لە هەڵبژاردنەکاندا و زۆرینەی تەنیا شەش دەنگ لە سەنادا، دەیزانی یەکەم کۆسپ و چەرمەسەرییەکانی بۆ دەوڵەتەکەی لە لایەن ڕاستئاژۆکانەوە دەبێ و ناچارە دەرگای باخە سەوزەکەیان پێشان بدا. یەکێک لە زێدەڕۆییەکانی لەو بوارەوە، ئەوە بوو جۆن مەکۆنی کۆماریخوازە ملیۆنەرە کۆنەپارێزە کالیفۆ ڕنیاییەکەی کردە سەرۆکی سیا  CIA. مەکۆن موریدی "تۆڵە مەزنەکە" بوو و یەکێک لە لایەنگرەانی بیرۆکەکانی چاخی دەقیانووس بوو. سەناتۆر ستڕام تەرمۆند، ئەوی بە نوێنگەی هەموو ئەو شتانە دەزانی کە "مەزنییان بە ئەمریکا بەخشیوە."(١٦)

زۆربەی هاوکارەکانی سەرکۆمار وەک خۆی جەنگاوەرانی دووەمین شەڕی جیهانی بوون و بە پلە و پایەی ئەفسەری هێزی دەریایی          ، فڕۆکەوانی بۆمبهاوێژ یان کەشتییەوان فەرماندەی یەکەیەکی لۆجستیکیی ستراتژیک لە پشت بەرەی ژاپۆنییەکانەوە لە بۆرما خزمەتیان کردبوو. کەسێکی وەک ڕاجێر هیلزمەنیش ئەو کات جێگرە تازەکەی وەزارەتی دەرەوە بوو بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی دوور. ئەوانە هەم لە شەڕدا و هەمیش لە کاروبارەکا  نی خۆیاندا پاش جەنگ، خوویان بە خۆشگوزەرانییەوە گرتبوو و لە واشنتۆنیش هەر ئەو چاوەڕوانییەیان هەبوو. هیچ کام لەو ئەندامە سەرەکییە تازانە هەتا ئەو کات بە هەڵبژاردن پۆستێکیان وەرنەگرتبوو. دەسەڵات و پلەوپایە ئەوانە و هاوکارەکانیانی شاگەشکە دەکرد و هەمووان چێژیان لە پێویستبوون و کاری تاقەتپڕووکێنی حکوومەتی وەردەگرت و حەزیان لێ بوو بڵێن ئێمە "بەڕێوەبەرەکانی سەردەم لێوانلێوین لە قەیران." ماندوویینەناس بوون، هەموو لێوەشاوەیی و زیرەکییەکەی خۆیانیان دەخستە کار و لە هەموو شوێنێک بە "باشترین و زیرەکترین" بەناوبانگ بوون ــ کەچی مخابن، وەک زۆر کەسانی

دیکه له   ڕابردوو و داهاتوودا، زۆر زوو بۆیان      ڕوون بۆوه که لەبری جڵەوکردنی بارودۆخەکە، ئەوە بارودۆخەکەیە ئەوانی جڵەو کردووە و وەک یەکێک لە ئەندامانی ئەو گرووپە بەناوی جۆن گالبریت دەیگوت، حکوومەت بەدەگمەن وایە لە هەڵبژاردنی نێوان "کارەسات و ناخۆش" بەولاوە شتێکی دیکە بێ.(١٧٠) "واتە حکوومەت بەردەوام شتێکە لە نێوان هەڵبژاردنی "یان کارەسات یان ناخۆشی".

پەنتاگۆن پێشتر گەڵاڵەیەکی دژی ڕاپەڕینی ئامادە کردبوو بۆ چڕکردنەوەی هێرشەکانی ڤێتنامی باشوور دژی ڤیت کۆنگ. هەر لە دە   ڕۆژەکەی یەکەمی دەسەڵاتداریدا کە کێنێدی ئەو گەڵاڵەیەی پەسند کرد، تێکهەڵچوونەکان لەو وڵاتەدا وردە وردە خەستتر بۆوە. بەپێی گەڵاڵەکە، ئەمریکا نەفەر و تێچووی زیاتری تەرخان دەکرد بۆ ڕاهێنان و پڕچەککردنی گاردێکی مەدەنیی ٣٢٠٠٠ کەسیی ڤێتنامی بەمەبەستی چالاکیی دژە پارتیزانی. سوپای ڤێتنامیش ٢٠٠٠٠ کەسی لێ زیاد دەکرا. سەرکۆمار پاش دیتنیڕاپۆرتەکەی ژەنەڕال لەنزدیل بۆ زیادکردنی چالاکییەکانی ڤیت کۆنگ، گەڵاڵەکەی پەسند کرد. لەنزدیل باوەڕی وابوو کە پێویستە دیەم هەر سەرۆکی حکوومەت بێ، بەڵام دەشیزانی، ئەو وردە وردە دەسەڵاتەکەی خۆی لەدەست دەدا و دەرەقەت ئەو بەرەنگارییەیش نایە وا بەرۆکی گرتووە و لە ترسی لەدەستدانی دەسەڵات، خۆ لە چاکسازیی سیاسیش نادات. ڕاوێژکارە ڤێتنامی و ئەمریکییەکانی دیەم هیچ کام نەیاندەزانی کە بۆ سەرکەوتن بەسەر شەڕی پارتیزانی و بانگەشەکانی دوژمندا، هەر ئەوەندە بەس نییە باری سەربازی   ڕێک بخ رێت؛ بەڵکو تاکتیکی دیکەیشی دەووێ. کێنێدی کە ئەو ڕاپۆرتەی خوێندەوە گوتی: "هەرگیز لە دۆخی وەها خراپدا نەبووین."(١٧١)

لەنزدیل پێشنیاری دەکرد ڕۆڵی ڕاوێژکاریی ئەمریکا تەواو نوێ بکرێتەوە. بەپێی ئەو پێشنیارە، ئەمریکاییە دەربەست و بەئەزموونەکان "کە بە   ڕاستی ئاسیا دەناسن و ئاسیاییەکانیان خۆش دەوێ" دەبوایە بێنە مەیدان و لە تەنیشت ڤێتنامییەکان بن و "هەوڵ بدەن کاریان تێ بکەن و بەرەو ئامانجەکانی سیاسەتی ئەمریکایان ڕێنوێنی بکەن."(١٧٢)

لەنزدیل بەرنامەیەکی بۆ شێوازی کار و نەفەرەکانیش خستبووە ڕوو. ئەوە کاری زۆر کردە سەر کێنێدی و هەوڵی دا بەرنامەکە بەکردەیی بکا و لەنزدیل خۆی بەرپرسی بێ. یان لە واشینتۆن سەرۆکایەتیی ئەو گرووپە بگرێتە ئەستۆ کە بەرپرسیارەتیی کاروباری ڤێتنام بوو و لە نوێنەرانی وەزارەتخانەکان و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان پێکهاتبوو. بەڵام کۆسپ و لەمپەرە برۆکراتییەکانی وەزارەتی درەوە و وەزارەتی بەرگری ڕێگەیان لێگرت. بەرنامەکەی لەنزدیل جێبەجێ نەکرا. دیارە ئەگەر جێبەجێیش کرابا و چەندی ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانەیش بوایە، عەیبەکەی بانگەشەی زۆرەملێ بوو بۆ ڕێنوێنیی خەڵکی ڤێتنام "لە سەرووی ئامانجەکانی سیاسەتی ئەمریکاوە" نەک ئامانجەکانی خۆیان. کێنێدی ئەو کەمایەسیە و ئەنجامەکانییشی بەدی کرد. چونکە گوتی: "ئەگەر ئەو شەڕە، ببێتە شەڕی سپی پێستەکان دژی خەڵکی خۆوڵاتی، ئێمە دەیدۆڕێنین، هەر وەک دە ساڵ لەمەوبەر فەڕەنسییەکان دۆڕاندیان."( ١٧٣) جا ئەوەیش دیسان یەکێکە لە فاکتەرە بەرچاوەکانی دیتنی حەقیقەت و هاوکات بەهەندنەگرتن و پشگوێخستنی حەقیقەت.

بەزین و شکستی سوپا پڕۆفیشناڵەکەی فەڕەنسا بەتایبەتی لژێونەکەی دەرەوەی ئەو وڵاتە لە بەرامبەر پارتیزانە لاواز و ڕەقەڵە و بێ جلوبەرگەکانی ئاسیادا و گرینگینەدانی ئەمریکا بەو حەقیقەتە، یەکێکە لە مەتەڵە هەرە گەورەکانی سەردەمی ئێمە. چۆن دەبوو ڕووداوەکەی دین بین فۆ ئاوا پشتگوێ بخرێ؟ دەیڤید شۆنبران، هەواڵنێرەکەی سی بی ئێس کە لە شەڕگەکەوە شەڕی فەڕەنسا و ڤێتنامی دەکردە ڕاپۆرت، هەوڵی دا سەرکۆمار لە ڕاستییەکانی ئەو جەنگە تێگەیەنێ و گوتی: زیانەکانی ئەفسەرە فەڕەنسییەکان، هەموو ساڵێ ڕێک هێندەی هەموو دەرچووانی خولێکی تەواوی سەن سیر( ١٧٤) بوو. کێنێدی وەڵامی داوە: "بەڵام جەنابی شۆنبران، ئەوان فەڕەنسی بوون. بۆ پاراستنی کۆلۆنییەکانیان و بەرگری لە ئامانجێکی سووک و پڕ شوورەیی شەڕیان دەکرد. ئێمە لە پێناو ئازادیدا شەڕ دەکەین بۆ ئازادکردنی ئەوان لە شەڕی کۆمۆنیستان لە خراپەی چین، بۆ بەرگری لە

سەربەخۆییەکەیان."(١٧٥) ئەمریکییەکان باوەڕیان وابوو کە "جیاوازن" و هەر بۆیەش لەبیریان چۆوە کە خۆیشیان کۆمۆنیستن.

بەرنامەکەی لەنزدیل جێبەجێ نەکرا، بەڵام ژ ومارەی ڕاوێژکارە سەربازییەکانی ئەمریکا زیاتر کران بۆ ئەوەی بەرنامەی ڕاهێنانەکە خێراتر جێبەجێ بکرێ. هەر بۆیە ئەو دەستەیە کرانە ٣٠٠٠ کەس. دەستەیەکی ٤٠٠ کەسیش لە ناوەندی ڕاهێنانی شەڕە تایبەتییەکانی دێرفۆ ڕت برەگەوە بۆ چالاکیی دژەشۆڕش نێردرانە ڤێتنام. ئەوەیش بەواتای شکاندنی ڕێساکانی ژنێڤ بوو و پاساوێکیش بوو بۆ ئەوەی کە گوترا، ڤێتنامی باکووریش چەک و نەفەر دەنێرێتە ئەم بەرەی سنوور.

لە دەوڵەتەکەی کێنێدیدا تیۆری و ستراتیژی سەربازی گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هات. لە سەردەمی ئایزەنهاوەردا گەلاڵەکانی "تۆڵەسەندنەوەی مەزن" کەوتبووە بەر دڵی سوپا؛ بەو هیوایەی ئامادەکردنی ئەوانە تێچوویەکی کەمتری دەوێ و خێراتریش کارەکە دەبڕێنێتەوە. کێنێدی و مەکنامارا بەنیگەرانییەوە لەو گەلاڵەیان ڕوانی و گرینگییان بە بیروبۆچوونی ڕووناکبیرەکانی قوتابخانەی نوێی بەرگری، واتە شەڕی سنووردار دا. ئامانجی ئەو بیردۆزە، زۆرهێنان بوو نەک داگیرکردن و فر اوانخوازی. زەبروزەنگ بەکار هێنرا . بەڵام بەپێی هەڵسەنگاندنی ژیرانە بۆ گۆڕینی ویست و توانای دوژمن، تا جێیەک کە "کۆتاییهێنان بە کێشەکە قازانجی پتر بێ لە بەردەوامبوون لەسەری".( ١٧٦) شەڕەکە دەبوو ژیرانە "بەڕێوە" ببردرێ بە شێوەیەک کە دوژمن لە مەبەستەکە تێ بگا و دژکردەوەی ژیرانەی هەبێ . بە واتایەکی دیکە، لە ژێر تەوژمی ئەو زەحمەت و زیانانەی تووشی دەبێت، دەست لەو چالاکییانە هەڵگرێ کە سەرچاوەی ئەو بەڵا و زیانانەن. ویلیام کافمەن، داڕێژەری ئەو بیردۆزە نووسیی: "ئێمە کەوتووینەتە تەنگژەی بەکارهێنانی ئەقڵەوە." ئەو بارودۆخە بەکەیفی مەکنامارای وەزیری بەرگری و لایەنگرە تۆخەکە ئیدارەکردنی ئەقڵانی بوو. بەڵام حیسابی شتێک نەکرابوو ئەویش حیسابی لایەنی بەرامبەر. شەڕ لێکدژیی نێوان دوو جەمسەری ناتەبایە. ئەگەر بەرامبەرەکە هیچ دژکردەوەیەکی ژیرانەی بۆ پەیامی زۆرهێنانەکەی تۆ نەبوو دەبێ چ بکەی؟

تێنەگەیشتن لە فاکتەری ئینسانی ، خاڵی لاوازی مەکنامارا بوو و ئەوەندە بەلایەوە نائاسایی بوو کە بنیادەم بێنێتە نێو مەسەلەکەوە تەنانەت لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەکانیشیدا نەدەگونجا.

مەسەلەی "خەباتی ڕزگاریخوازانە"ی خرۆشۆف، بووە هۆی ئەوەی تیۆریی شەڕی سنووردار بەرهەمێکی لاوەکیی لێ بکەوێتەوە بەناوی هەنگاوی دژەشۆڕش( ڕاپەڕین) کە لە سەردەمی کێنێدیدا بوو بە باو و وەک ئایینێکی گەورەی لێهات، کە پێغەمبەرەکەی سەرکۆمار خۆی بوو. پیاوە ڕیالیستەکانی دەوڵەت، زۆر بەخەستی ئەم بیردۆزەیان وەگرت و قەبووڵیان کرد بەو بڕوایەوە کە ئەوە نیشانەی ئەوەیە، ئێمە بەچاوکراوەییەوە لە هەلومەرجە تازەکانی جەنگ دەڕوانین و ڕاپەڕیوان لە هەرجێیەک بن لە بەرەنگاربوونەوەیان سڵ ناکەینەوە و بەرەنگاری هۆکارە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی سەرهەڵدان لەو وڵاتانەدا دەبینەوە کە بەرەو گەشە هەنگاو دەنێن و کۆمۆنیستەکانیش هەر وەک چۆن سەردەمانێک دیزەریلی(١٧٧) باسی ویگەکانی کرد، لە کاتی مەلەکردندا خافڵگر دەکەین و جلوبەرگەکانیان دەرفێنین.

سەرکۆمار لە ژێر کارتێکەریی ڕاپۆرتەکەی لەنزدیلدا، نامیلکەکانی مائۆ و گیڤارای لەبارەی شەڕی پارتیزانییەوە خوێندەوە و سوپاکەشی ڕاسپارد دەبێ بیخوێننەوە.(١٧٨) بە فەرمانی ئەو بەرنامەیەکی تایبەت دانرا بۆ چالاکیی دژە شۆڕش بۆ ئەوەی سەرانسەری "ویلایەتەیەکگرتووەکان" لەوە تێبگەیەنێ کە "شۆڕشە تێکدەرییەکان یان جەنگە بەناو ڕزگاریخوازییەکان، یەکێکن لە کێشە سیاسی - سەربازییە باوەکان و هێندەی جەنگە ئاساییەکان گرینگن." وا دانرا ئەم بیرۆکەیە لە ڕێکخستن و ڕاهێنان و چەک وتەقەمەنیی هێزە چەکدارەکانی ویلایەتەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناسەربازییەکانی وڵاتیشدا لە دەرەوە ڕەنگدانەوەی هەبێ بۆ ئەوەی دڵنیا ببنەوە کە بەرنامەی پێویستیان بەدەستەوەیە بۆ پێشگرتن یان شکاندنی ڕاپەڕین و شۆڕش یان دەستدرێژیی ناڕاستەوخۆ بە گرینگیدانی تایبەتی بە ڤێتنام و لایۆس و تایلەند. کە سەرکۆمار بۆی ڕوون بۆوە ناونووسین لە فۆڕت برەگ نەگەیشتووەتە هەزار کەسیش، ئەمری کرد ئەرکی زیاتر بخرێتە ئەستۆی ئەو یەکەیە و دیسان کڵاوی هێزە

تایبەتەکانیان وەک هێمای بەرنامەیەکی نوێ پێ بدرێتەوە. نەک هەر ژەنە ڕاڵ ماکسۆل تایلەری نوێنەری تایبەتی سەرکۆمار بۆ کاروباری سەربازری، بگرە شوێنکەوتووەکانی دیکەیشی و یەک لەوان ڕابێرت کێنێدییش لە سای زانیارییەکانی خۆی وەک دادوەری گشتی، دەستیان کرد بە پەرەپێدان و بانگەشەی ئەو ئامانجە تازەیە.

لێشاوی نووسین لە بواری تیۆری و شێوازەکانی پێوەندیدار بە بیرۆکەی چالاکیی دژە شۆڕش لە لایەن والت ڕۆستۆ، مامۆستا زمانلووسەکەی ئێم ئای تی و بەرپرسی ژ وماره دووی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە بڵاو بوونەوە. لە جوونی ١٩٦١دا کە لە ڕێوڕەسمی دەرچوانی سەربازیی فۆرت برەگدا باسی شەڕی پارتیزانیی کرد "پرۆسەی شۆڕشگێڕیی" جیهانی سێیەمی بە "نوێبوونەوە" دانا و گوتی: ئەمریکا پشتیوانیەتی و پابەندی ئەو باوەڕەیە کە "هەموو میللەتێک دەبێ لەسەر بنەمای کولتوور و ئاوات و ئارەزووەکانی خۆی، ڕێگەی پێ بدرێ ئەو کۆمەڵگە نوێیە دروست بکات کە خۆی دەیەوێ."(١٧٩)

ئەمریکا ڕێز لە "تاقانەیی هەموو کۆمەڵگایەک" دەگرێ و دەیەوێ وڵاتان لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن و.. بەرگری لە سەربەخۆییەکەی خۆیان بکەن" و گفتیش دەدا کە "ئەو سەربەخۆییەی بەرهەمی گەشەی شۆڕشگێڕییە بپارێزێ." تۆماس جفرسۆنیش نەیدەتوانی لەوە باشتر بنەماکانی باوەڕی ڕاستەقینەی ئەمریکا ئاوا دەربڕێ ؛ بەڵام ئەوەی دەیگوت کەسێک بوو کە بەکردەوە بەردەوام دژی ئەو بنەمایانە دەجووڵاوە.

سەرەڕای ئەو هەمووە پێداگری و سووربوونەی بیرۆکە نوێیەکە لەسەر هەنگاوی سیاسی، چالاکیی دژە شۆڕش هەر لایەنی سەربازیی هەبوو. دامودەزگای سوپا هیچ کەیفی پێی نەدەهات و ئەو جۆرە یەکە پسپۆڕییانە و دەستێوەردانیانی لە کاروباری ڕۆژانەی خۆی بەدڵ نەبوو و ئەو هەمووە پێداگرتنەوەیەی لەسەر چاکسازیی بە کۆسپی بەردەم کارە سەرەکییەکەی خۆی، واتە ڕاهێنانی سەربازی و نیشانەشکێنی دەزانی. کەوابوو وێڕای هەموو ئەو جۆش و خرۆشەی لە بواری تیۆرییەوە بەمەبەستی پشتیوانی لەو بنەما بەرزانە خرابووە ڕوو چالاکیی دژە شۆڕش لە کردەوە ئاوا دەرنەچوو کە

دەبوو ببێ. هەمووان باسی ئەوەیان دەکردکە کارێک بکەن خەڵک پشتیوانی لە دەوڵەتەکەیان بکەن. بەڵام ئەو حکوومەتەی کە وڵاتانی دەرەکی پشتیوانیی لێ بکەن ئاخر و ئاقیبەتێکی خێری نابێ.

ویلایەتە یەکگرتووەکان و دیەم لە ڕاستیدا چییان هەبوو بیدەن بەو خەڵکە دڵمردووە یان لەخۆنامۆیە؟ پێشگرتنی لافاوەکان، ئاوەدانکردنەوەی گوندان، تاقم و دەستەی گەنجان، نۆژەنکردنەوەی گەڕەکی هەژارەکان، یارمەتیدانی بواری پەروەردە، هەر هەموویان بەرنامەگەلێک بوون کە ئەمریکا پشتیوانیی لێ دەکردن و هەمووشیان بەنرخ و باش، بەڵام هیچ بنەڕەتی نەبوون. بەرنامەی دژە شۆڕش بۆ پووچەڵکردنەوەی کردەوەی ڕاپەڕیوەکان دەبوایە زەوی وماڵی بەسەر جووتیاراندا دابەش بکردایە. دەسەڵاتی لە پاوان و چنگی مافیا و بەرپرسان دەربهێنایە . ئەو هێزە ئاسایشی و ئەمنیەتیانەی لەناو بردبایە کە زیندانەکانی سایگۆنیان پڕ کردبوو لە خەڵک و کورتی ببڕینەوە، سیستەمە کۆنەکەی سەرلەبەر نوێ بکاتەوە و پابەندی ئامانج و خولیایەکی بکات کە وەک لەنزدیل دەڵێ: "بەلای خەڵکەوە زۆر لە ئامانجەکەی کۆمۆنیزم شیرینتر و خۆشتر بێ." (١٨٠) دیەم و خانەوادەکەی بەتایبەتی نگۆدین نهۆی برابچووکی و مادام نهۆی ژنی نگۆدین و ئەوانەی لە چینی دەسەڵاتدا هاوکاری بوون و لە ڕاستیدا، هاوڕێ ئەمریکییەکانی ئەوانیش بەهیچ شێوەیەک وەها مەبەستێکیان نەبوو.

ویلایەتەیەکگرتووەکان هەروا خوازیاری چاکسازی بوو لە بەرامبەر یارمەتییەکانی خۆیدا، وەک بڵێی چاکسازیی واتادار چاکسازییەک کە وا بکات "خەڵک بکاتە پشتیوانیان" شتێکە بتوانن لە ماوەی چەند مانگێکدا جێبەجێی بکەن. لە ڕۆژئاوا گۆڕانکارییەکان لە چاو ڕۆژهەڵات زۆر خێران. بیستوپێنج سەدەی کێشا هەتا حکوومەت بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستیی چاولەدەستەکان قۆڵی هەڵماڵی.

دیەم هیچ کات داواکانی ئەمریکای بۆ چاکسازی بەهەند نەگرت ؛ لەبەر ئەوەی بە قازانجی نەبوو. هۆکاری خۆبواردنی ئەو لە چاکسازی، هەر هۆکارەکەی پاپاکانی ڕێنسانس بوو. لەبەر ئەوەی لە دەسەڵاتە بێسنوورەکەی

ئەوی کەم دەکردەوە. هەر بە گوێشیدا نەدەچوو کە ئەمریکا پێی دەگوت تۆ پێویستت بە پشتیوانیی خەڵکەکەتە چونکە پێی وابوو ئەو قسانە بۆ ئاسیا نابن. لە ئاسیا هاووڵاتی دەبێ ملکەچی بێ ئەملاوئەولای حکوومەت بێ. دیموکراسییە ڕۆژئاواییەکان دەوڵەت بە نوێنەری خەڵک دەزانن. هیچ خاڵێکی هاوبەش لە نێوان ئەو دووانەدا نییە و ناشبێ. بەڵام لەبەر ئەوەی ڤێتنامی باشوور بە کۆسپ و لەمپەرێکی گەورەی بەردەم کۆمۆنیزم دادەنرا ویلایەتەیەکگرتووەکان سەرەڕای ئەو هەمووە بەڵگە حاشاهەڵنەگرەیش هێشتا پێداگربوو لەسەر ئەوەی دەوڵەتەکەی دیەم چاوەڕوانییەکانی ئەمریکا بێنێتە دی. ئێدمۆند بێرک ڕۆژێکیان گوتی: "من تێناگەم ئەو پێداگرتنەوەیە لەسەر کارێکی هیچ و خۆڕایی" چ قازانجێکی هەیە."(١٨١)

مەترسیی "لەکیسچوونی" لایۆس قەیرانێکی نایەوە و سەرکردەکانی ناوەندی هاوبەش لە مانگی مای ١٩٦١دا پێشنیاریان کرد کە ئەگەر قەرار وایە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە شەڕی کۆمۆنیستەکان بپارێزرێ، دەبێ بەگوێرەی پێویست هێزە ئەمریکییەکان لەوێ دابنرێن بۆ ئەوەی پێش بە چالاکییەکانی ڤێتنامی باکوور و چین بگرن و یارمەتیی ڕاهێنانی ڤێتنامییەکانی باشوور بدەن بە مەبەستی بەرەنگاریی چالاکانەتر لە بەرامبەر ڕاپەڕیوەکاندا. لە پەنتاگۆن کۆمەڵێک دانوستان دەست پێکران لە بارەی "چەندی و چۆنیی ئەو هێزانەی ویلایەتەیەکگرتووەکان لەوانەیە بیاننێرێتە ڤێتنام." ئەم بەرنامەداڕشتنە لایەنێکی خۆپارێزیی پێوە بوو . ئەو هاوینە پتر گرینگی بە لایۆس درا هەتا ڤێتنام.(١٨٤)

لایۆس مشکێک بوو دەیگرماند. لەسەر ئەو وڵاتە بەرزەوە بەبێ ئەوەی هیچ ڕێگەیەکی بچێتەوە سەر دەریا کە بە درێژایی لە نێوان تایلەند و ڤێتنامدا هەڵکەوتبوو و نزیک بە دوو ملیۆن حەشاماتیشی هەبوۆ تارمایی کۆمۆنیزمێکی دیکە باڵی بەسەردا کێشابوو. ئەو تارماییە پاتێت لایۆ بوو. کۆمۆنیستە ناسیۆنالیستە لایۆسییەکانی وەک ڤێت مین.

لایۆس کە لە سنووری باکوورەوە دەچۆوە سەر چین و لە باشوورەوە دەهاتەوە سەر کامبۆج لەبەر چاوی بیانییەکان گرینگییەکی لە ڕادەبەدەری پێ

درا و وەک دالانێک سەیری کرا کە لەڕۆژە سامناکەکەی هێرشی سوورەکاندا، کۆمۆنیستەکانی هۆشی مین و مائۆ لەوێوە هێرش دێنن.

دەسەلات لەم ولاتەدا بەبێ ئەوەی ژیانی لایۆسییە ساکارەکان بشێوێنێ لە نێوان چەند خەنیمێکدا دەستاودەستی دەکرد کە گرینگترینەکەیان، فەرمانڕەوا یاساییەکەی ولات، شازادە سۆڤانا دۆما بوو . کە پیاوێکی بێلایەنی کێشمەکێشەکانی شەڕی سارد بوو و زڕبراکەی . شازادەیەکی دیکە واتە پاتێت لایۆ سێهەم داواکەرێک کە گوێلەمستی ئەمریکا بوو و ماوەیەک بە دەستێوەردانی "سیا" جڵەوی دەسەلاتی بەدەستەوە گرتبوو و دواتر لێ خرابوو.

جا لەبەر ئەوەی زڕبراکان بۆ پێکهێنانی جۆرە هاودەنگییەک خەریکی وتووێژ بوون بۆ ئەوەی ڕایگەیەنن ولاتەکەیان بێ لایەنە و ڕێگە کوێستانی و چیاییەکان بەدەست پاتێت لایۆوە بمێنێتەوە ــ لایۆس لەسەردەمی حکوومەتی ئایزنهاوەردا ــ دالس لە پڕ بوو بە ولاتێکی بێناو لە ڕۆژهەلات و "فاکتەرێکی وەک هەناسە پێویست لە جیهانی ئازاد" و قەلایەکی پتەو لە هەمبەر کۆمۆنیزمدا" و "سەنگەری ئازادی". پارە و یارمەتییەکانی ئەمریکا گەیشتبووە قوڕقوڕۆچکەی خەنیمەکان و هاری کردبوون. ئایزەنهاوەر بەر لە دەستپێکی فەرمیی سەرکۆماریی کێنێدی لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا بۆ ئەو ئەم ولاتەشی کردە ئالقەیەکی زنجیرەکە و گوتی "ئەگەر لێگەڕێین لایۆس هەرەس بێنێ، دەبێ دەست لە ناوچەکە بشۆین .پێشنیاری کرد هەولەکە کامڵ بکرێ کە ئەندامانی سیتۆ بێنە نێو چالاکییە هاوبەشەکەوە و ئەگەر خۆیشیان بوارد و نەهاتن، دەبێ بیر لە "دەستێوەردانی یەکلایەنە بکرێتەوە.( ١٨٣) لایۆس ولاتێکی ناڕێکە و دەستی هێزی دەریایی و ئەو هێزە ئاسمانییەی ناگاتێ کە لە بنکەکانی زەریای گەورەدا بوون و دیارە شوێنێکی وا نەبوو بکرێ بە ئاسانی شەڕێکی کاریگەری تێدا بکەی. قسە سەرسووڕهێنەرەکانی ئایزەنهاوەر لە چاو دژایەتیکردنەکەی لەگەڵ دەستێوەردانی چالاکانە لە ڤێتنامدا کە زۆر ئاسانتر و لەبەردەستتر بوو نیشانەی ئەوە بوو کە لایۆس هێزێکی تایبەتی هەبوو بۆ سەرلێشێواندنی مرۆڤەکان.

لە یەکێک لەو کەفوکوڵە بەجۆشوخرۆشانەدا کە جار و بارە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی دەگەیاندە سنووری شێتایەتی، بارودۆخەکە لە ١٩٦١دا گەیشتبووە قەیرانێکی پڕ لە پیلان و تاکتیکی ئالۆز. مەترسیی ئەوە هەبوو ئیئتلاف لە لایۆس ببێتە هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕ. بەریتانیا و فەڕەنسا بەپشتبەستن بە پەیمانەکەی ژنێڤ، دیسان کۆنفڕانسێکیان لە ژنێڤ پێکهێنا کە چواردە وڵاتی تێدا بوو. لە واشینتۆن کۆبوونەوەکان هەمووڕۆژێ تا درەنگانی شەوێ بەردەوام بوو. کێنێدی کە هێشتا ئارەقەکەی چەند ڕۆژ لەوە پێشی کەنداوی بەرازەکانی وشک نەببۆوە، بڕیاری دابوو بیسەلمێنێ کە ئەمریکا گاڵتە و سوعبەتی لەگەڵ کۆمۆنیزم نییە و دەیویست ئەگەر ئیئتلافەکە سەر بگرێ، ئەوا خۆی لە شەڕی هاتوهەرای ڕاستئاژۆکان ڕزگار بکا. بۆیە ئەمری کرد گەلەکەشتیی حەوتەم بنێردرێنە دەریای باشووری چین . کۆپتەر و یەکە سەربازییەکانیش بچنە تایلەند و هێزەکانی ئەمریکا لە ئۆکیناوا لەسەرهەست(لە ئامادەباشیدا) بن.(١٨٤)

لەو جەنگەیەدا ژەنە ڕال لایمەن لمنیتزێر، سەرۆکە نوێیەکەی ناوەندی هاوبەش، پێشنیاری بە کێنێدی کرد، ئەگەر چین و کۆریای باکوور دەستیان لە دۆخەکە وەردا، (١٨٥) دەکرێ بە چەکی ناوکی پێشیان بگرن و کێنێدی ڕاچڵەکی و مەسەلەکە تا ڕادەیەک دامرکاوە.(١٨٦) ئەو بڕیاری دا بێلایەنییەکەی لایۆس و گەڕانەوەی سۆڤانا فۆما قەبووڵ بکا و دیپلۆماتە کۆنەکارەکە واتە ئاڤرێل هەریمەنی ناردە ژنێڤ کە لەسەر ئەم بنەمایە ڕێککەوتننامەیەک جێبەجێ بکا. ئەو ڕێگەچارەیە، لەبەر ئەوەی هەم سۆڤیەتییەکان و هەمیش ویلایەتەیەکگرتووەکان قەبووڵیان بوو و لایۆسییەکانیش پێیان باشتر بوو لە بری شەڕ دەستیان لێهەڵگرن، ڕێگەچارەیەکی کردەنی دیار بوو. بەڵام ڕاگەیاندنی بێلایەنیی لایۆس ئەگەرچی پێشی دەستێوەردانی وڵاتانی دەرەکیی دەگرت، کاریگەرییەکی خراپیشی هەبوو . لەبەر ئەوەی دەستی لە پێکهاتەی پاتێت لایۆ نەدەدا و ئەندامانی سیتۆیشی دڕدۆنگ و بەگومان دەکرد لەوەی ئەمریکا بۆ بەربەرەکانێی کۆمۆنیزم لە ناوچەکەدا پابەندی بەڵێنەکانی خۆی نییە. ئەو گومانانە کە بە هات و هەرایشەوە باسیان دەکرا، کاریگەرییەکی

قووڵی لەسەر لیدن جانسۆنی جێگری سەرکۆماری ئەمریکا دانا کە دوای ئەوە سەردانی ناوچەکەی کرد.

جانسۆن لە مانگی مای ١٩٦١دا نێردرایە تایوان و ڤێتنامی باشوور و وڵاتانی دراوسێی بۆ ئەوەی ناوچەکە لە پشتیوانیی ئەمریکا دڵنیا بکاتەوە. جێگرەکەی سەرکۆمار لە کاروباری دەرەوەدا زۆر بە ئەزموون نەبوو و حەزیشی زۆر لێ نەبوو. لە سەردەمی سەناتۆر یی و لە پۆستی ڕێبەری زۆرینەی پەرلەماندا بەناچاری گرینگیی بەو بوارە دابوو و هەڵسوکەوتێکی گونجاوی لەگەڵ ڕەوتە باوەکەی جەنگی سارد گرتبووە بەر. سەرەڕای ئەوەی کاروباری دەرەوە خەم و مشووری ئەو نەبوو ـ جانسۆن لە ڕاستیدا بیری لە پێشخستنی پێگەکەی خۆی دەکردەوە ـ بۆچوون و دژکردەوەکانی ئەو ڕەنگدانەوەی چەقبەستوویییەکانی جەنگی سارد بوو. دەربڕینەگشتییەکانی ئەو لە ئاستی خوارەوەدا زیاتر بەدڵی ڕەشایی خەڵک بوو . بۆ نموونە لە سایگۆن ڕایگەیاند کە دیەم "ویسنتۆن چەرچیلی ئاسیا"یە.(١٨٧)

ڕاپۆرتەکەی ئەو بۆ سەرکۆمار نەک ئاوا گەمژانە، بەڵکو بوێرانە و دەستێوەردەرانە بوو. جانسۆن دژی ئەوەی نەبوو ویلایەتەیەکگرتووەکان باری بەرپرسیارەتییەکەی بخاتە سەر شانی خۆی. دەنووسێ :"متمانەکردن بە ئەمریکا، کلیلی هەر هەنگاوێکە کە ئاسیاییەکان بۆ بەرگری لە ئازادیی باشوور ی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هەڵیدەگرن. ڕێبەرایەتیی ویلایەتەیەکگرتووەکان لەم ناوچەیەدا تاقە ڕێگەچارەیە. ڕێبەرایەتی لە یەک بە یەکی ئەو وڵاتانەدا.. بەستراوەتەوە بە ناسین و باوەڕهەبوون بە هێز و ویست و تێگەیشتنی ئەمریکاوە." قسەکانی جانسۆن هەم نیشانەی بێ ئاگایی قووڵی ئەوە لەو شتانەی سەرکردایەتیی ئاسیا پشتیان پێ بەستووە و هەمیش نیشاندە ری ئەو هەستی دەسەڵاتە ڕەها و بێسنوورەیە کە پاش جەنگی دووەمی جیهانی بەرۆکی ویلایەتەیەکگرتووەکانی گرت. ئێمەی ئەمریکی زەریاکانمان بڕیبوو مەکینەی جەنگی ئە ڵمان و ژاپۆنمان تێک شکاندبوو. ئەورووپاشمان ڕزگار کردبوو ببووینە فەرمانرەوای ژاپۆن، جۆرە پال بانێین (١٨٨)ێک بووین ـ هەر دوو نیوە گۆی زەوی لە بن چۆکی خۆماندا بوو.

جانسۆن پێداگرانە لەسەری دەڕوا: "پێشنیار دەکەم، دەسبەجێ بچینە پێشەوە و شێلگیرانە یارمەتیی ئەو وڵاتانە بدەین بۆ ئەوەی بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن.. چەندی باسی گرینگیی شێلگیربوون لەسەر ئەو ئەرکە بکەم لە ڕێگەی کردە و چالاکی و هەوڵی دیکەوە ئەگەر کردەی سەربازییش بێ، هێشتا کەمم گوتووە و زۆر نییە." بە جۆرە واقیعبینییەکەوە کە خەسڵەتی هەمیشەیی ئەو نەبوو جانسۆن پێشنیاری دەکرد کە "سەرەڕای ئەوەی دەزانین تێچوویەکی زۆر و بەردەوامی دارایی دەوێ و هەوڵ و تێکۆشان و ئابڕووی ویلایەتەیەکگرتووەکانیشی لەسەر ە،" بڕیار بدەین و لەبەرچاویشمان بێ کە "لەوانەیە لە قۆناغێکی دیکەدا ناچار بین بڕیارێکی تر بدەین کە ئاخۆ کۆمەڵێک هێزی سەربازیی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دابنێین یان ئەگەر هەوڵەکانی دیکەمان هیچیان لێ شین نەبووەوە پاشەکشە بکەین و پێش بە زیانی پتر بگرین؟"

جانسۆن هۆشداریی دا: "هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی لایۆس، کاریگەرییەکی قووڵ و نەبڕاوەی داناوە .. و گومان و دڕدۆنگیی لەسەر نیەت و ویستی ئەمریکا خستووەتە دڵی هەموو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە." جانسۆن ئاگای لەڕێوشوێنی قسەوباسی ڕۆژهەڵاتییەکان نەبوو. نەیدەزانی کاکڵی قسە و مەبەست زۆربەی جاران لە نێوان مجامەلەکاندا دەشاردرێنەوە ـ و جاری وایشە هەر مەبەستێک لە گۆڕێ نییە. کەوابوو هەرچی گوێی لێ بوو باوەڕی پێکرد و نووسیی "گرینگییەکی تایبەتی هەیە" و ئەرکەکەی ئەو "دەسبەجێ بەرهەمی دایەوە." پێشنیاری کرد "بە بەکارهێنانی داهێنەرانی توانای زانستی و تەکنۆلۆژیی ئەمریکا" بچینە شەڕی "دوژمنە ڕاستەقینەکان" و برسێتی و نەزانی و هەژاری و نەخۆشی وڕاپۆرتەکەی خۆی ئاوا تەواو کرد: "بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیزم لە باشووریڕۆژهەڵاتی ئاسیادا دەبێ بە هێز و شێگلیرانە بکرێ بۆ ئەوەی ئاکامێکی لێ بکەوێتەوە یان ویلایەتەیەکگرتووەکان دەبێ بەناچاری دەست لە ناوچەی زەریای هێمن بەربدا و هێڵی بەرگریی خۆی بکشێنێتەوە و بیباتەوە سانفرانسیسکۆ" ـ و لێرە ٦٠٠٠ مایل زەریا و دوورگەکانی ئۆکیناوا و گوام و میدۆڤی و هاڤایی لەبیر خۆی بەرێتەوە.(١٨٩)

ئەوە چێشتی مجێورێک بوو لە کورتەی بیرکردنەوە و هزرەکانی ئەمریکا. گریمانە سادەکەی یان ئەمە یانیش ئەوەی تر، شکانی کۆمۆنیزم یان ڕزگارکردنی ناوچەی زەریاری ئارام لەوانەیە کارێکی وای نەکردبێتە سەر سەرکۆمار . لەبەر ئەوەی ئەو بایەخی زۆر بە جێگرەکەی خۆی نەدەدا و بەپێچەوانەیشەوە. بەڵام دڕدۆنگبوون لە شێلگیربوونی ویلایەتەیەکگرتووەکان کە ئەو هەمووە کارەی کردە سەر جانسۆن، مەسەلەی پێگەی و ئیعتباری ئەو وڵاتەی هێنایە گۆڕێ کە ئاخرییەکەی وا گەورە بووەوە، وەک بڵێی ئەمریکا تەنیا لەبەر ئەوەیە شەڕ دەکا.

مەسەلەی ئیعتبار هەر ئەو هاوینە لە قەیرانەکەی بەرلیندا هاتە پێش. پاش دیدارێکی توند و سامناک لەگەڵ خرۆشۆفدا لە ڤیەننا، کێنێدی لە جەیمز ڕێستۆن( ١٩٠)ی گوت: "کێشەی ئێمە ئێستا ئەوەیە، بیسەلمێنین هێزەکەمان شیاوی متمانەپێکردنە و وا دیارە هەر ڤێتنامیش شوێنی ئەوەیە."( ١٩١) بەڵام ڤێتنام هەرگیز جێی ئەو کارە نەبوو . لەبەر ئەوەی ئەمریکا خۆی باوەڕێکی تەواوی بەو شتە نەبوو

کە لەوێ دەیکرد. جیاوازیی ئەوێ لەگەڵ بەرلین زۆرڕوون بوو. کێنێدی لە مانگی ژولایدا گوتی: "ئێمە ناتوانین ڕێگە بدەین و ناشهێڵین کۆمۆنیزم وردەوردە یان بە زۆرەملی لە بەرلین دەرمانبکات" .(١٩٢) وەک دەوروبەرییەکانی دەیانگوت، کێنێدی زەینی ئامادە بوو کە لەسەر ئەم بابەتە، مەترسیی جەنگ، تەنانەت جەنگی ناوکییش قەبووڵ بکا.(١٩٣) لەگەڵ ئەو هەموو هاتەوهەرا و قسەوباسانەی کە ڕێک وەک ئەم لێبڕاوییە لە بارەی ڤێتنامیشەوە هەیە، ڤێتنام لە سیاسەتی ئەمریکادا هەرگیز لە ئاست وڕیزی بەرلین دانەنرا و بایەخی بەرلینی پێ نەدرا . لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ کام لەو دەوڵەتانەیش کە لە ئەمریکادا هاتنە سەر کار، ئامادە نەبوو دەستی لێ بەردەن. هەر ئەو کەلێنەش بوو کە هەموو ئەو هەوڵانەی کردە زەحمەت و ئازار و یەکەم ئازارپێگەیشتووەکەیش کێنێدی خۆی بوو.

بەرلین دەرسێکی دیکەشی دانێ . لەوێ بە قەولی پال نیتزێی جێگری وەزارەتی بەرگری: "خاڵی سەرەکی ئەوە بوو کە بەرگری لە بەڕلین بۆ ڕۆژئاوا

گرینگ بوو . داگیرکردنی بەڕلین ئەوەندە گرینگی و بایەخەی بۆ سۆڤیەت نەبوو."(١٩٤). لەم مووئەنگێوییە، دەکرا بگەینە ئەو ئاکامە کە "ڤێتنامی باکوور کە چەندی چەند ساڵان بە ئامانج و مەبەستی زاڵبوون بەسەر هەموو ڤێتنامدا شەڕی کردبوو بایەخی مەسەلەکە زۆر پتر بوو لە بایەخی بێهیواکردنی ئەوان بۆ ئەمریکا. ڤێتنامی باکوور لە خاکی خۆیاندا شەڕیان دەکرد و سووریش بوون لەسەر ئەوەی جڵەوەکەی ئەویَ بگرنە دەست. جا خراپ یان چاک، ئەوە هانۆی بوو کە لەسەر ئامانجەکەی سوور و شێگلیر بوو و چونکە ئامادەیش نەبوو چۆکدا بدات و خۆ بەدەستەوە بدات و ئەگەری هەبوو سەرکەویَ. بەڵام ئەو هەڵسەنگاندنە نە بە زەینی نیتزێدا هاتو نە بە مێشکی کەسی دیکەشدا.

دۆخەکە لە ڤێتنامی باشووردا، چۆنگ کینگ( ١٩٥)ی چینی هێنایەوە بیر تیۆدۆر وایتی هەواڵنێر. ئەو لە مانگی ئۆگۆستی ١٩٦١دا بۆ کۆشکی سپیی نووسی: "بارودۆخەکە حەفتە بە حەفتە خراپتر دەبیَ. پارتیزانەکان ئێستا دەکریَ بڵێم هەموو پێدەشتە سێگۆشەکەی باشووریان بەدەستەوەیە و وای لیَ هاتووە تەنانەت هیچ ئەمریکییەکم دەست نەکەوت تەنانەت بەڕۆژی ڕووناکیش بەبیَ ئیسکۆرت(حیمایە) بە ترۆمبێلەکەی خۆی من بەرێتە دەرەوەی سایگۆن."( ١٩٦) ئەم ڕاپۆرتە لەگەڵ "هەڵسەنگاندنە ناهومێدکەرەکەی" ژەنە ڕاڵ لایۆنل مەک گاری ، سەرۆکی ئەو دەمی دەستەی ڕاوێژکارە سەربازییەکانی ئەمریکا یەکی دەگرتەوە کە مەزەن ڕەی دەکرد. نگۆدین دیەم تەنیا سەداچلی ڤێتنامی باشووری بەدەستەوەیە و تێیدا دەسەڵاتدارە و شۆڕشگێڕەکان سەدا هەشتاوپێنجی هێزە سەربازییەکانی ئەویان لەکار خستووە.(١٩٧)

نامەکەی وایت جگە لەوە، باسی "خراپبوونی دۆخی سیاسیی لە ئاستێکی سەرسووڕهێنەردا" دەکرد و سەرسووڕمانی خۆی دەردەبڕی لەوەی لە لایەکەوە "گەنجی ٢٠ تا ٢٥ ساڵان لە یانەکانی شەوانەی سایگۆندا ڕادەبوێرن و سەما دەکەن" و بیست مایل لەولاترەوە "کۆمۆنیستەکان لە لای خۆیان دەتوانن کەسانێک بدۆزنەوە کە لە پێناوی ئامانجەکانیاندا خۆی بەکوشت بدات." ئەو دژوازییە وردەوردە چاودێرەکانی دیکەشی نیگەران کرد. وایت لە کۆتاییدا دەیپرسی ئەگەر بڕیاری دەستێوەردان بدەین "ئاخۆ بە گوێرەی پێویست نەفەر

و چەکوچۆڵ مان هەیە و ئامانجێکی ڕوونمان هەیە بۆ ئەوەی دەستیوەردانێکی سەرکەوتوانە بکەین؟" مەسەلە هەرە گرینگەکە هەر ئەم "ئامانجەڕوونە" بوو.

کێنێدی دڕدۆنگ بوو. بۆیە بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخەکە بڕیاری دا شاندێکی پایەبەرزی دەوڵەتی بنێرێتە ڤێتنام و ئەوە یەکەمین و بەناوباگترین شاندی زنجیرەی بێبڕانەوەی ئەو شاندانە بوو. مەکنامارای وەزیری بەرگری زۆر دواتر هەر لە ماوەی ٢٤ مانگدا پێنج جار چووە ئەوێ و وەفدی پلە نزمتریش بەردەوام بە ڕێگەی سایگۆنەوە بوون. سەرەڕای ئەوەی باڵیۆزخانە و ڕاوێژکاری سەربازی و کاربەدەستی دەزگای زانیاری و پاراستن و ئاژانسگەلی یارمەتیگەیاندنی ئەمریکی لەوێ بوون و بەردەوام ڕاپۆرتیشیان دەناردەوە. دیارە ئەمریکا نەیدەزانی چ بکا بۆیە پێویستی بە هەڵسەنگاندنی نوێ هەبوو.

وەفدەکەی ماکسۆل تایلەر ڕۆستۆ لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦١دا چووە ڤێتنام . بەناو لە سەر داوای دیەم بەڵام بە فەرمی بۆ بەستنی پەیمانێکی دوولایەنەی بەرگری و ئیمکانی ناردنی هێزی جەنگاوەری ئەمریکی کە هەتا ئەو کات دیەمیش دژی ئەوە بوو. پەرەگرتنی پەلامارەکانی ویت کۆنگ و ترسی دزەکردن لە پانتایی سنووری لایۆسەوە، دیەمی تۆقاندبوو. کێنێدی سەرەڕای هەموو دڕدۆنگی و ڕوانینە دوولایەنەکەی بۆ مەسەلەکە، لەو دەمەدا هیچ دژایەتییەکی ئەو تاسەباری و ئارەزوومەندییەی نەکرد کە بۆ دروستکردنی کەشی متمانەکردن بە ئەمریکا لە ئارادا بوو. هەر وەک هەڵبژاردنی نێردەکانیشی نیشاندەری ئەوەیە کە زیاتر پشتڕاستکردنەوەی دەویست نەک زانیاری.

هەر بە ڕاشکاوی ژەنەڕاڵ تایلەری بۆ هەڵسەنگاندنی سەربازی دەسنیشان کردبوو. تایلەر جوانچاک و بە نەزاکەت بوو چاوی شین و تیژ بوون دەیتوانی لە نێو قسەکانی خۆیدا قسەی هەر دوو مێژوونووسی یۆنانی واتە پۆلۆبیۆس و تۆکۆبدیدۆس بێنێتەوە. کتێبێکیشی نووسیبوو بەناوی کەڕەنای دڕدۆنگ(نادڵنیا). لە جەنگی دووەمی جیهانیدا فەرماندەی لەشکری سەد و یەکی ئاسمانی بوو. فەرماندەی زانکۆی ئەفسەرییی وۆست پۆینت و جێگری ژەنەڕاڵ ڕیجۆی ببوو

له کۆریا و له دوایین ساڵەکانی وەزارەتی دالسیشدا، سەرۆکی بەتالیۆنی سوپا بوو. له ئاکامی دژایەتیکردنی بیرۆکەی "تۆڵەئەستاندنەوەی مەزن" له ١٩٥٩دا دەستی له کار کێشابۆوە و سەرۆکایەتیی ناوەندی هونەرە دراماتیکەکانی لینکۆڵنی له نیویۆرک بەئەستۆوە گرتبوو. ئەم ڕوخسارە هەڵکەوتەیە، ئیتر سەرنجی کێنێدیی ڕاکێشابوو بەڵام هزر و ڕاسپاردەکانی تایلەر، سەرەڕای ناوبانگەکەی وەک ئەفسەرێکی ڕووناکبیر، نەک وەکوو سوپاییەکی چەقبەستووی مێشک وشک دیارە هەر قسەی ئاسایی و باو بوون.

واڵت ڕۆستۆی هاوسەفەری (کە بەناوی واڵت ویتمانەوە(١٩٨) ناوی واڵتی لێ نرابوو) یەکێک بوو لەوانەی باوەڕێکی قووڵی بەوە بوو کە ئەمریکا توانای ئەوەی هەیە ڕێنوێن و گەشەپێدەری جیهانی دواکەوتوو بێ. بەر لەوەی نازناوی "شەهێن" وەک هێمای شەڕخواز و "کۆتر" وەک هێمای ئاشتیخوازی ببێتە باو ئەو له خەباتی دژی کۆمۆنیزمدا شەهێنێک بوو و پێشتریش گەلاڵەیەکی بەمەبەستی ناردنی ٢٥٠٠٠ سەربازی ئەمریکایی پێشنیار کردبوو. له شەڕی دووەمدا له شەڕگەی ئەورووپادا ئەرکی دیاریکردنی ئامانجی فڕۆکەکانی له ئەستۆ بوو و هەر بۆیە زۆر زۆری حەز له هێزی ئاسمانی بوو. هەر دەتگوت هەڵسەنگاندنەکانی پاش جەنگ سەلماندوویەتی کە بۆمبارانە ستراتژیکیەکان و ئاکامی ئەو بۆمبارانانە چارەنووسساز نەبووە. ڕۆستۆ کابرایەکی باش و گەش بین بوو و یەکێک بووە له گوێن دکتۆر پانگلۆس(١٩٩) و وەک یەکێک له هاوکارەکانی دەیگێڕاوە، ئەگەر هەواڵی پەلاماری ناوکیی بۆ سەر نیویۆرک بیستبایە، بە سەرکۆماری دەگوت: یەکەم قۆناغی نۆژەنکردنەوەی ئەو شارە جێبەجێ کراوە بەبێ ئەوەی هیچ تێچوویەکی خرابێتە سەر دەوڵەت.(٢٠٠)

زۆربەی جاران بەهۆی وردە چالاکیی دەستەبژێرکراوانەی ئەو له سەردەمی خوێندکاربوونیدا، دەزگا هەواڵگری و تەناهییەکان درەنگ پشتگیرییان دەکرد و بۆیە کێنێدی ڕۆژێکیان هاواری لێ هەستا کە "بۆچی بەردەوام کۆسپ دەخەنە بەردەم واڵ ت و پێیان وایە کەسێکی ساویلکەیە؟ زۆر سەیرە ئەو پیاوە

گەورەترین قارەمانی منە لە جەنگی ساردا."(٢٠١) دەی دیارە پیاوێکی ئاوا بۆ ئەوەی لە ڤێتنامدا بچێتە پێشتر، پشتیوانێک هەر دەدۆزێتەوە.

لەگەڵ ژەنەڕاڵ تایلەر و واڵت ڕۆستۆ، کۆمەڵێک کاربەدەستی وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی بەرگری و ناوەندی هاوبەش و سیا لە ١٨ـەوە تا ٢٥ی ئۆکتۆبەر، سەردانی ڤێتنامی باشووریان کرد و دوای ئەوە شاندێک بۆ ئامادەکردن و ڕێکخستنی ڕاپۆرت لە شوێنێکی هێمندا چوونە فیلیپین. ئەم بەڵگەیە و ئەو تەلەگ ڕافە زۆرنهێنیانەی تایلەر ، ڕاستەوخۆ بۆ سەرکۆماری ناردوون و ئەو نامیلکە و پاشکۆیانەی هەرکام لە ئەندامانی شاندەکە خستوویانەتە سەر ڕاپۆرتە سەرەکییەکە، هەرگیز وایان لێ نەکرا لێیان تێبگەین. باسی هەموو شتێک دەکا . هەم دەڵێ ئا، هەم دەڵێ نا . گەشبینی و ڕەشبینی پێکەوە تێکەڵ دەکا و لەسەر یەک پاش ئەگەر و بەڵامێکی زۆر، ئەو ئاکامەی لێ وەردەگرێ کە "ڕزگارکردنی ڤێتنامی باشووری" تەنیا وەختێک مسۆگەر دەبێ کە ئەمریکا هێزی چەکدار بنێرێ و هەردوولاش بێنە سەر ئەو باوەڕەی کە ئێمە لەسەر کار و ویستەکەی خۆمان سوور و پێداگرین. پێشنیار دەکا ٨٠٠٠ سەرباز دەسبەجێ بنێردرێنە ئەوێ "بۆ ئەوەی پێش بە ڕەوتی بەرەو هەرەس"ی ڕژێم بگرن و "لە هەمبەر دەستدرێژیی ویت کۆنگدا هەوڵێکی هاوبەش و بەرچاو" بدەن. لە ڕاپۆرتەکەدا دەرکەوتەکانی ئەو کارەش بە وردی و دروستی پێشبینی کرابوو. دەیانگوت مەسەلەی حەیا و ئابڕووی ئەمریکا لە گۆڕێیە و لە داهاتوودا لەوەش پتر دێتە گۆڕێ و ئەگەر دوا ئامانج، لەناوبردنی شۆڕش و ڕاپەڕین بێ لە باشووردا، "سنوورێکمان نییە بۆ ئەوەی لەوانەیە چەندە دەربەست و مولتەزیم بین (مەگەر هێرش بکەینە سەر سەرچاوەی شەڕەکان لە هانۆی!") گرفتی سەربازیی داهاتووش ـ هەم لە ڕستەکەدا و هەمیش لە نێو کەوانەکەدا ـڕوون کرابۆوە.

پۆلینبەندیی دیکەش لە ڕاپۆرتەکەدا بەدی دەکرا کە ئەرگەچی بنەماییش بوون، بەڵام لە سەر بنەمای داوەری و لێکدانەوەی ورد و دروست نەنووسرابوون. تایلەر بەبێ ئەوەی وڵاتەکە یان بنکەی پیشەسازیی دوژمنی دیتبێ، لە ڕاپۆرتەکەیدا دەیگوت :" ڤێتنامی باکوور لە بەرامبەر بۆمبارانی

ئاساییدا لەرزۆک و لە ڕادەبەدەر ناسکە." دەگمەن هەڵسەنگاندنێکی سەربازی هەبووە ئەوەندە خەیاڵی بووبێ.(٢٠٢)

لە ڕاپۆرتەکەدا گوتراوە ؛ هانۆی دەستدرێژیی کردووەتە سەر "سنووری نێودەوڵەتی" و ئەوەش هەر ئەو قسە بێبنەما و بێ مانایە بوو کە ڕووداوەکەی ڤێتنامی لێ کەوتەوە. ڕاگەیەنراوەکەی ژنێڤ ڕاشکاوانە گوتبووی، ئەو هێڵەی وڵاتەکە دەکاتە دووبەشەوە "کاتی"یە و نابێ وەک "سنووری سیاسی یان جوگرافی" لێک بدرێتەوە. ئایزەنهاۆەر ڕوون و ڕاشکاوانە ئاوای ناو هێنابوو. دەستەواژەی "سنووری نێودەوڵەتی"تیش هەروەک کەرەستەی زۆر پێویستی نیشتمانی، یەکێک بوو لە داهێنانەکانی سیاسەتدارێژەران کە بۆ پاساوی دەستێوەردانەکانیان یان تەنانەت بۆ قاییلکردنی خۆیان کە حەق بەوانە کۆکیان لێ وەردەگرت. ڕۆستۆ لەوەپێش لە وتارێکیدا لە فۆ ڕت برەگ ئەو دەستەواژەیەی بەکار هێنابوو. ڕاسک سێ مانگ دوای تایلەر، لە وتارێکی گشتیدا نەک هەر بەکاری هێنا بگرە لەوەش چووە سەرتر و باسی "دەستدرێژییە دەرەکییەکان" و بەزاندنی "سنووری نێودەوڵەتی"ی کرد. "هێڵی ڕاستەوخۆ" لە ئاکامی زۆرگوتنەوەدا، کرا بە "سنووری نێودەوڵەتی" و بوو بە ڕێسا.(٢٠٣)

ژەنەڕاڵ تایلەر گوتی:" کردەوەی سەربازیی ڤێتنامی باکوور جێی هیوا نییە" و دیسان قسەکانی جارانی کردەوە کە:"تەنیا ڤێتنامییەکان دەتوانن ویت کۆنگ بشکێنن" و ڕایگەیاند، ئەمریکییەکان "وەک دۆست و برابەش دەتوانن ڕێنوێنیان بن کە چۆن ئەو کارە بکەن." ئەو ساویر و وەهمەی کە هەموو هەوڵەکانی دواتری دەستەبەر کرد ئەوە بوو.

ڕاوێژکارە دەسنیشانکراوەکەی سەرکۆمار بەو جۆرە ڕێگەی بۆ دەستێوەردانی سەربازی لە ئایندەدا کردەوە. کەس وەک ژەنە ڕاڵ ڕیجۆی کە ڕاشکاوانە دژایەتیی کردبوو ئەو ڕێگەچارەیەی ڕەت نەکردبۆوە. لە پاشکۆی ڕاپۆرتەکەدا، ئەندامانی وەزارەتی دەرەوەی شاندەکە گوتبوویان :" دۆخەکە ڕۆژبەڕۆژ خراپتر دەبێ و ویت کۆنگیش جار بە جار پێگەی بەهێزتر دەبێ ". گوتیشان هەوڵی کۆمۆنیستەکان لە نزمترین ئاستەکانی کۆمەڵگەوە ؛ واتە لە

گوندەکانەوە دەست پێ دەکا. ئەوە لەوێیە کە "دەبێ شەڕەکە ببەیتەوە یان بیدۆڕێنی" و ئەم حەقیقەتە کە هێزی سەربازی دەرەکی ئەگەرچی دەکرێ یارمەتیدەر بێ، بەڵام ناتوانێ لە شەڕەکەدا سەر کەوێ هەر ئەو حەقیقەتە، هۆکارێکی پتەوە بۆ ڕەتکردنەوەی "هەرچەشنە تێوەگلانێکی ویلایەتەیەکگرتووەکان بە مەبەستی لەناوبردنی مەترسیی ویت کۆنگ.(٢٠٤) بەو حاڵەشەوە نووسەری ئەم ڕاپۆرتە بەتایبەتی سترلینگ کاترێلی سەرۆکی تاقمە تێکەڵەکەی هەڵمەت لە کاروباری ڤێتنامدا، تەواو پشتیوانیی لە پێشنیارەکەی تایلەر و ڕۆستۆ دەکرد بە مەبەستی چوونەپێشتر لە ڤێتنام. کاربەدەستە پلەدووەکان زۆربەی جاران لەبری دانانی بەو ئاکامانەدا کە بێ گەڕانەوە دێن، وایان پێ باشترە لەگەڵ بەرپرسەکانیان هاوڕا و هاودەنگ بن.

ڕاسک وەزیری کاروباری دەرەوەش سەرەڕای ئەوەی پەیمانی دابوو پێش بە کۆمۆنیزم بگرێ، هەستی دەکرد پێویست ناکا پێگە و ئابڕووی ئەمریکا لە ڕادەبەدەر بخرێتە گرەوی ئەو شتەی خۆی ناوی نابوو "ئەسپی فسۆس*"ـەوە.(٢٠٥) کەمایەسییەکانی حکوومەتە گوێلەمستەکە ئەوی ئازار دەدا. چونکە جارێکی دیکەش لە باسێکی دیکەدا کاتی شایەتیی نهێنی لە کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی سەنا، ڕاشکاوانە گلەیی کرد کە ویلایەتەیەکگرتووەکان هەمیشە خۆی بە هاوپەیمانی لاواز و ڕژێمگەلی کۆنەوە گرفتار دەکا. ڕاسک دەیگوت :" پێویستە بڕیار بدەین لە چ هەلومەرجێکدا دەتوانین و دەبێ سەرمایەگوزاری لەسەر ڕژێمێک بکەین کە بە ڕاستی دەزانین خۆناگرێ و دەڕووخێ."(٢٠٦) پرسیاری لەوە گرینگتر لە بارەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە تا ئەو دەمە نەخرابووە ڕوو. هەر وەک چاوەڕوانیش دەکرا ئەو پرسیارە بێ وەڵام مایەوە.

دژکردەوەی وەزارەتخانەکان بەرامبەر ڕاپۆرتەکەی تایلەر، یەکەم کەسیان مەکنامارا شێواو و ئاڵۆز بوو. ڕاهێنان و پەروەردەی زەین ، مەکنامارای کردبووە بنیادەمێک کە بێ ئەملاوئەولا پێی وابوو بە مەرجێک سەرچاوەی ئابووری و چەکوچۆڵی پێویست هەبێ و هۆکارە ڕێژەییەکان بەپێی ئامار

*ئەسپی فسۆس: واتە ئەو ئەسپەی تەمبەڵ و تەوەزەلە و هەر دەیدۆڕێنێ.

ڕاست و جوان لێک درابێنەوەً کار ـ جا هەر کارێک بێت ـ کردەنیە و دەکرێ. ئەو و سەرۆکەکانی بنکەی هاوبەش لە دژکردەوەی خۆیاندا ئەم خاڵە بنەماییەیان خستەوە بیر و گوتیان :" دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازی پێویستی بەوەیە ڕاشکاوانە و بە ڕوونی پابەندی ئامانجەکە بیت کە لێرەدا مەبەست ئەوەیە، نەهێڵن ڤێتنامی باشوور بکەوێتە دەست کۆمۆنزیمەوە. " لێکیشان داوە بۆ ئەم کارە بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەر تێکهەڵچوون لەگەڵ سۆڤیەتی و چیندا، لەوانەیە پێویستیان بە شەش لەشکرد یان ٢٠٥٠٠٠ کەس دەبێ و بۆ بەهێزکردنی کارایی ئەم هێزەش دەبێ هەڕەشە لە هانۆی بکرێ کە ئەگەر پشتیوانی لە شۆڕشی ویت کۆنگ بکات لە باشوور "ئەوا بۆ تەمبێکردن تۆڵەکەی لە ڤێتنامی باکوور دەکرێتەوە."

کێنێدی لە ڕێگەچارەی سەربازی دەترسا و لەوانەیە بە زمان(زارەکی) داوای پێشنیاری نەرمونیانتری کرد. مەکنامارا بۆ پێملبوون، بیرێکی دیکەی کردەوە و لەگەڵ ڕاسک یاداشتێکی دیکەی نارد کە جارێ هێزی سەربازی بەدرەنگ بخرێ. بەڵام ئەو هێزانە ئامادە و لەسەرپێ بن کە هەر دەموساتێک ئەمر کرا بێنە مەیدان. ئەو دوو وەزیرە هاوبیروڕا نەبوون و دوو هۆشداری جیاوازیان دا. لە لایەکەوە گوتیان بەبێ هەوڵ و تێکۆشانی بەهێزی ڤێتنامی باشوور "هێزەکانی ئەمریکا ناتوانن لە نێو خەڵکێکی خەمسارد یان قین لەدڵدا ئەرکی خۆیان ڕاپەڕێنن"، لە لایەکی دیکەوە ڕایانگەیاند کە هەرەسهێنانی ڤێتنامی باشوور ، "پێگە و بایەخی پابەندبوونی ئەمریکا لە شوێنەکانی دیکە کەم دەکاتەوە" (و وا دەکا ئیتر کەس بڕوای بە بەڵێنەکانی ئەمریکا نەبێ) و "لە نێو وڵاتیشدا دژایەتی دروست دەکا"(٢٠٧) یەکێک لەناڵی دەدا و ئەویتر لە بزمار و خۆبواردن لە وەڵامی ئەرێ یان نەخێریش، لەگەڵ دڕدۆنگی و دوودڵبوونەکەی کێنێدی یەکی دەگرتەوە. ئەو دڕدۆنگ بوو لەوەی جەنگی خەڵکە خۆوڵاتی و سپی پێستەکان کاریگەر و چارەنووسساز بێ و هۆشدارەکەی تایلەری لەبارەی زۆرهێنان و گوشار بەمەبەستی بەهێزکردنی هێزەکان لەبیر بوو و هەر بۆیە نەیدەویست بەبێ ئەوەی لە سەرکەوتن دڵنیا بێ، دەوڵەتەکەی خۆی لە وڵاتێکی دوورەدەستدا تووشی شەڕێکی گەورە بکا. هاوکات ڕێگەی دووەم،

واتە وازهێنان لە شەڕ و لە ئاکامدا دروستکردنی بێمتمانەیی بە قەڵغانی ئەمریکا لە دەرەوەی وڵات و تۆمەتی لاوازی و بێدەسەڵاتی لەهەمبەر کۆمۆنیزمدا لە ناوخۆوە، لەوەش خراپتر دەبوو.

کێنێدی بەدڵیدا دەهات پارێز بکا بەڵام گرفتاری دڕدۆنگی بوو. لە پێشدا پێشنیاری بەدرەنگخستنی ناردنی هێزەسەربازییەکانی قەبووڵ دەکرد و بەوجۆرە زۆر وردبینانە خۆی دەبوارد لەوەی ڕاشکاوانە وەڵامی نەریَ نی بداتەوە و بلێ نەخێر و ئیتر ڕاستئاژۆکان لێی توورە بن و هەڵچن.لە دیەمی ڕاسپارد کە هێزی ڕاوێژکاری و تەکنیکیی زیاتر دەنێرێ بەو هیوایەی ئەوانە وا لە ڤێتنامییەکان بکەن قۆڵ هەڵماڵن بۆ تێکۆشان کە "هیچ یارمەتییەکی زادە ناتوانێ جێی تێکۆشانی خۆیان بگرێتەوە."ڕێگەچارەی ناردنی هێزی سەربازی جارێ بەهەڵپەسێردراوی مایەوە. سەرکۆمار لە ئاماژەی هەمیشەیی خۆیدا بە چاکسازیی سیاسی و ئیداریدا داوای کرد "بەڵگەی بە رچاوێ" لەسەر بەرەوپێشچوون بدەنێ و ئەوەشی لێ زیاد کرد کە بۆ "هێزە سپی پێستە دەرەکییەکان" ئەرکی ڕاوێژکاری گونجاوتر و باشترە "لە ئەرکی گەڕانی ئەندامانی ویت کۆنگ کە لە نێو خەڵکی ڤێتنامدا خۆیان حەشار داوە." ئەو قسەیە ڕاست بوو بەڵام ڕیاییکەرانە بوو . لەبەر ئەوەی هێزە تایبەتییەکان لە چالاکیی دژەشۆڕشدا دەبوایە ئەو کارە بکەن. بە زمانێکی ناڕوون ـ بەڵام نەک زۆریش لێڵ ـ کێنێدی دیەمی دڵنیا کردەوە و خۆی خستە تەنگژەیەکەوە کە "ئێمە ئامادەین یارمەتیی سەرکۆماری ڤێتنام بدەین بەمەبەستی پاراستنی خەڵکەکەی و سەربەخۆییەکەی خۆی".(٢٠٨) ئاوا هەر لەسەر ئامانجەکەی خۆی سوور بوو بەڵام لە ڕاستیدا هیچ هەوڵێکیشی نەدا.

دژکردەوەی دیەم باش نەبوو. بەپێی ڕاپۆرتەکەی باڵیۆزی ئەمریکا، "دیار بوو کەوتبووە گومانەوە کە نەکا ویلایەتەیەکگرتووەکان بیەوێ هەر وەک لایۆس لە ڤێتنامیش خۆی واتەنی پاشقول بدا.( ٢٠٩) دەبوایە پێگە و نرخی ئەمریکا بپارێزرێت و نەشهێڵێن دۆخەکە لەوە خراپتر بێ. بەبێ هیچ بڕیارێکی ڕوون و لێبڕاوانە و بەبێ هیچ بەرنامەیەک بۆ ئەرک و کارپێسپاردن، سەربازی ئەمریکا نێردرانە ڤێتنام. دەستەی ڕاهێنەریی ئەمریکا پێویستیان بە یەکەی

سەربازی هەبوو. گەشتی پشکنینی ئاسمانیی فڕۆکەکان پێویستیان بە کۆپتەر و پاراستن هەبوو . بەرنامەی دژە شۆڕش پێویستی بە ٦٠٠ سەربازی مارینز(کڵاو کەسک"(٢١٠) بوو بۆ ئەوەی ویتنامییەکان ڕابێنن بۆ چالاکیی دژی ویت کۆنگ. بەدوای هێزی ئینسانیدا دەبوو کەلوپەل و چەکەکانیش بنێردرێن: قایقی جەنگی و پشکنینی هێزی دەریایی، زرێپۆش و فڕۆکەی ئەوتۆ کە بتوانن لە سەکۆی کورتدا هەڵفڕن و بنیشنەوە، فڕۆکەی بارهەڵگر و زیل و سەیارە، کەلوپەلی ڕادار و کۆخی دروستکراو و فڕۆکەخانە.

دیارە ئەوانە بۆ پشتیوانی لە سوپاکەی ڤێتنامی باشوور بەکار دەهێنران، بەڵام هەر هەموویان پێویستیان بە خەڵکی ئەمریکی هەبوو کە ئەوەش بڵێی و نەڵێی ئەوانی لە شەڕێکی ڕاستەقینەوە دەگلاند. ئەو دەمەی یەکەکانی هێزی تایبەت دەکەوتنە پێش یەکەکانی ڤێتنامی باشوور و ڕێنوێنیان دەکردن بۆ لێدانی پارتیزانەکان و تەقەیان لێ دەکرا ناچار دەبوایە ئەوانیش تەقە بکەنەوە. کۆپتەرە تۆپدارەکان کە دەکەوتنە بەر فیشەک و ئاگر ی دوژمن، ئەوانیش تۆڵەیان دەکردەوە و تەقەیان دەکردەوە.

چڕترکردنەوەی چالاکییەکان پێویستی بەوە بوو لە سەرکردایەتیی پەروەردەوە هێزی زیاتر بنێردرێ. لە فێبریوەری ١٩٦٢ـدا سەرکردایەتییەکی سەربازیی زۆر تۆکمە بەناوی "سەرکردایەتیی پشتیوانیی سەربازی بۆ ڤێتنام" جێی دەستەی ڕاوێژکارە سەربازییەکانی گرتەوە و ژەنەڕاڵ پال هارکینزی سەرۆکی پێشووی ناوەندە سەربازییەکەی ماکسوێل تایلەر لە کۆریا کرایە بەرپرسی. ئەگەر دەتانەوێ بزانن سەرەتای دەسپێکی شەڕی ئەمریکا لە ڤێتنامدا کەی بوو دامەزراندنی ئەو سەرکردایەتییە بە سەرەتاکەی بزانن.

لە نیوەی ١٩٦٢دا ژمارەی سەربازە ئەمریکییەکان لە ڤێتنام ٨٠٠٠ کەس و لە کۆتایی ئەو ساڵەدا ١١٠٠٠ کەس و دە مانگ دواتر کرانە ١٧٠٠٠ کەس. سەربازە ئەمریکییەکان شان بە شانی چەکدارانی ڤێتنامی لەهەموو ئاست و پلەیەکدا خزمەت و چالاکییان دەکرد. گەڵاڵەی چالاکی و عەمەلیاتەکانیان دادەڕشت و هەر جارەی شەش تا حەوت حەفتە لەگەڵ یەکەکانی ڤێتنامدا دەچوونە شەڕگە. سەربازەکان و لۆجستیک لە ڕێگەی ئاسمانییەوە

ڕادەگوێزران . سەکۆی کاتییان لە دارستانەکاندا دروست دەکرد و تاقمی پزیشکی و بریندارەکانیان بە کۆپتەر دەهێنا و دەبرد . فرۆکەوانی ڤێتنامییان ڕادەهێنا، تۆپخانە و پشتیوانیی ئاسمانییان ڕێک دەخست و لە دارستانەکانی باکووری سایگۆندا بۆ هەڵوەراندنی گەڵا و پەرتاوتنی لکوپۆی داران مادەی کیمیاییان بەکار دەهێنا و بە ئاسمانەوە بەسەریاندا دەڕشتن. زیانیشیان بەر دەکەوت: ١٤ کوژراو و بریندار لە ١٩٦١دا و ١٠٩ کەس لە ١٩٦٢دا و ٤٨٩کەس لە ١٩٦٣دا. (٢١١)

ئەو جەنگە جەنگی دەسەڵاتی جێبەجێکەر بوو. بەبێ پەسندکرانی کۆنگرە و وێڕای خۆلادان و ڕەتکردنەوەکان لەلایەن سەرکۆمارەوە، جەنگێک کە خەڵکەکە هیچ ئاگایان لێی نەبوو بەڵام بێ دەنگ و هەراش نەبوو. کۆمیتەی نیشتمانیی کۆماریخوازەکان کێنێدیان بەوە تۆمەتبار کرد کە سەبارەت بە جەنگی ڤێتنام "لەگەڵ خەڵکی ئەمریکادا ڕاستگۆ نەبووە" و پرسیی:" ئاخۆ کاتی ئەوە نەهاتووە لە بارەی ڕاوێژکارە ئەمریکییەکانەوە واز لە خۆڕانان و درۆ بێنین؟"( ٢١٢) کێنێدی بە ڕواڵەت بە زویرییەوە لە کۆنفڕانسە میدیاییەکەی خۆی لە فێبریوەری ١٩٦٢دا وەڵامی داوە : "ئێمە وەک دەڵێن هێزی سەربازیمان نەناردووەتە ئەوێ. تەنیا ئەرک و کاری پەروەردە و ڕاهێنان و یارمەتییە لۆجستیەکییەکانمان زیاتر و چڕتر کردووەتەوە..." (٢١٣)

بە سەرنجدان بەو بیانووە هەمیشەییە واتە "پابەندبوونی ئێمە بە تەناهی و ئەمنیەت لە ناوچەکەدا" نەدەکرا لەوە پتر بگوترێ. ئەم وەڵامە کەسی قایل نەکرد. جەیمز ڕێستۆن هەر ئەو ڕۆژە نووسیی: "ویلایەتە یەکگرتووەکان ئێستا لە ڤێتنامی باشووردا لە جەنگێکی ڕانەگەیەنراودا تێوەگلاوە. ئەم مەسەلەیە ڕووسەکان و کۆمۆنیستەکانی چین و هەموو کەس دەیزانن خەڵکی ئەمریکا نەبێ."

ناردنی یارمەتی لە لایەن ئەمریکاوە تا ماوەیەک سەرکەوتوو بوو و هەوڵەکانی ڤێتنامی سەرکەوتوو کرد. چالاکی و عەمەلیات تا ڕادەیەک باش دەچووە پێش. بەرنامەی "گوندە ستراتژییەکان" گەڵاڵەیەکی زۆر جێی پەسند و باشترین گەڵاڵەی ساڵ بیرۆکەی "نهۆ"ی برای دیەم و بەپشتیوانیی ئەمریکا لە

ڕاستیدا توانیی لە زۆر شوێنان ویت کۆنگ بشکێنێ و پاشەکشەی پێ بکا. ئامانجی بەرنامەکەش دابڕینی پارتیزانەکان لە خەڵک و ڕێگەگرتن بوو لەوەی دەستیان بە خواردن ڕابگا و بتوانن خەڵک کۆ بکەنەوە. گوندنیشنەکانیان بە زۆرەملی و زۆربەشیان بەدەستی بەتاڵ لە زێدی خۆیانەوە دەبردە "کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان" کە سێ سەد خانەوادەیەکیان تێدا دەژیان و گوندەکانی خۆیانیان لێ ئاگر دەدان بۆ ئەوەی نەبێتە پەناگەی ویت کۆنگ. ئەو بەرنامەیە جگە لەوەی پێوەندیی وەرزێرەکانی لەگەڵ زەوی و زاری باب و باپیرەکانیان دەپساند و بە زۆر لە زێدەکەی خۆیان دادەبڕین، کاری سۆخرە و بێگاریی دروستکردنی "کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکانیش"ی دەخستە ئەستۆی ئەوان. "گوندە ستراتژییەکان" سەرەڕای ئەو هەمووە هەوڵی لە پێناویاندا درا و ئەوەندەی هیوایان پێیان بوو چەندی تەناهی و ئەمنیەتیان بەدوای خۆیاندا هێنا ئەوەندەش گوندییەکانی نامۆ و بێگانە کرد.

کە سوپای ڤێتنام خرا ــــ ێر بن چەتری سەرپەرشتیاریی ئەمریکا و چڕبوونەوەی ئەرک و چالاکییەکانیان و ڕاکردنی ڕۆژلەڕۆژ زیاتری ێندامانی ڕیزەکانی ویت کۆنگ و لەدەستدانی زۆربەی بنکەکانیان، متمانە و دڵنیایی گەڕاوە. هەزارونۆسەدوشێستودوو ساڵی حوکمەتی سایگۆن بوو و کەسیش پێی وانەبوو ئەوە دوایین ساڵی خۆش بوو. ئەمریکا گەشبینتر بوو.
وتەبێژەکانی سوپا و باڵیۆزخانە ڕاگەیەنراوی ئەرێنییان بڵاو کردەوە. گوتیان دۆخی جەنگ "بەرەو باشبوونە". ڕێژەی زیانەکانی ویت کۆنگ لە چاو زیانی سوپای ڤێتنام پێنج بە سێ بەراورد کرا. ژەنە ڕاڵ هارکینز بەردەوام بەخۆی هەڵدەکوت. وەزیری بەرگری مەکنامارا، لە سەردانێکیدا لە مانگی ژووڵای وەک هەمیشە ڕایگەیاند: "هەموو هەڵسەنگاندنەکانی ئێمە وا دەسەلمێنن کە خەریکین جەنگەکە دەبەینەوە و سەردەکەوین." (٢١٤) لە گەڕانەوەشیدا بەرەو ئەمریکا بە کۆبوونەوەیەکی سەربازیی لە ناوەندی سەرکردایەتیی گشتیی ناوچەی زەریای هێمندا لە هۆنۆلۆلۆی ڕایگەیاند: " بەرنامەی ویلایەتەیەکگرتووەکان ئەوەیە کە وردە وردە تا ١٩٦٥ شەڕی سەربازی لەکۆڵ خۆی بکاتەوە."

بەڵام لە ئاستی خوارەوەتردا، ئەفسەرەکان و پەیامنێرەکان ئەوەندە دڵنیا نەبوون. بەڵگەمەندترین گومان، جۆن گالبریت دەریبڕی کە ئەو دەمەی تایلەر لە نۆڤەمبەری ١٩٦١دا ڕاپۆرتەکەی خۆی پێشکەش کرد، کێنێدی داوای لێکرد کە بۆ وەرگرتنی پۆستی باڵیۆزی دەچێتە هیندستان، لە سەرڕێی خۆی تاوێک لە سایگۆن بمێنێتەوە و دیسان مەسەلەکە سەنگوسووک بکاتەوە و هەڵیسەنگێنێتەوە. گالبریت هەستی کرد کێنێدی بە دوای ڕاپۆرتی نەرێنیدا دەگەڕێ؛ هەر بۆیە ئەسکۆی لە بنی مەنجەڵ گێڕا و هەموو شتێکی باس کرد. لە ڕاپۆرتەکەیدا گوتی : "بە دڵنیاییەوە پێگە و دۆخەکە پڕ چەرمەسەری و مەترسیدارە" و سەربازەکانی دیەم "هیچ ئامانجێکیان نییە و خۆیان نەخۆش دەخەن". سەرکردە سەربازییەکان لە ویلایەتەکاندا سەرکردایەتیی سەربازییان لەگەڵ حکوومەتی خۆجێی و مافی سیاسی تێکەڵ کردووە . هیچ زانیارییەک لەبارەی چالاکی و عەمەلیاتی شۆڕشڤانەکان "لەبەردەست نییە" و دۆخی سیاسیی ئێستا بەرەو "داکشان و هەرەسێکی تەواو" دەڕوا کە سەرچاوەکەشی ئەوە نییە بڵێی پێویستە وڵات لە شەڕی ویت کۆنگ بپارێزرێ بەڵکو زیاتر لەوە ڕایە کە دیەم پێویستی بەوەیە خۆی لە مەترسیی کودتا بپارێزێ. لێنەهاتوویی و بێزراویی حکوومەتەکەی ئەو کاریگەریی یارمەتییەکەی ئەمریکاشی نەهێشتووە. وەختایەکی ترۆمبێلی دیەم بە شەقامەکانی سایگۆندا ڕادەبرێ، وەک ئیمپراتۆرەکەی ژاپۆن بە درێژایی ڕێیەکە "چیی جلوبەرگی شۆردراوە دەبێ لە تەناف لێ بکرێنەوە و هەموو پەنجەرەکان پێوە بدرێن و ئەمر دەکرێ کەس سەری لە پەنجەرە نەهێنێتە دەرێ و شەقامەکان پاوان بکرێن و خەڵکێکی زۆریش بە ماتۆڕ لە دەوروپشتییەوە وەک هەورەتریشقە شان بە شانی دەڕۆن و دەیپارێزن." هەوڵدان بۆ وەرگرتنی بەڵێنی چاکسازی لە هەمبەر گفت و بەڵێنی یارمەتیدا بێ سوودە و هیچی لێ شین نابێتەوە. لەبەر ئەوەی دیەم "لە بواری ئیداری و سیاسییەوە خۆ لە چاکسازی نادا. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ناتوانێ. وەها چاوەڕوانییەک لەو ساویلکەیی و گەمژەییە. ئەو دەزانێ کە نابێ بهێڵێ جڵەوی دەسەڵاتی لەدەست دەربچێ چونکە هەر وای لێبێ، لە دەسەڵاتی دەخەن."(٢١٥)

گالبریت پێشنیاری دەکرد کە بەرەورووی هەرچەشنە گوشارێک ببنەوە کە بیەوێ سەربازی ئەمریکی بنێرنە ڤێتنام . چونکە "سەربازەکانی ئێمە باشاری ئەم لاوازییە بنەڕەتییە ناکەن و بۆیان چاک نابێ". دەیگوت هێشتا ڕێگەچارەیەک نییە بۆ "ئەو تەنگژەیەی ئێستا تێی کەوتووین" ؛ بەڵام دژی ئەو قسەیەیە کە دەڵێ چار نییە جگە لە پاراستنی دیەم. ئەو پێی وایە جۆرە گۆڕان و جۆرێک دەسپێکی نوێ پێویستە و ئەگەرچی هیچ کەس ناتوانێ بەڵێن بدا بە سلامەت لەو قۆناغە تێدەپەڕێ "ئەوە جارێ لەگەڵ بەزین و شکست ڕێک کەوتووین."(٢١٦)

لە مارسی ١٩٦٣دا دیسان دەستی بۆ قەڵەم بردەوە و پێی داگرتەوە لەسەر ئەوەی کە ویلایەتەیەکگرتووەکان دەبێ دەرگای بۆ هەموو جۆرە بەرژەوەندی و ئاشتییەکی سیاسی کراوە بێ و ئەگەر دەرفەتێک بێتە پێشەوە "بیگرن و بەری نەدەن". گالبریت لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە جەواهیر لەعل نەهرۆ یارمەتیدەر دەبێ و هەریمەن دەتوانێ پێوەندی بە ڕووسەکانەوە بکا کە ئاخۆ هانۆی ئامادەیە لە بەرامبەر پاشەکشەی ئەمریکا و قایلبوون بۆ وتوویژ لەبارەی یەکگرتنی کۆتایی، ویت کۆنگ بەبێدەنگی ڕاگرێ؟ لە ئاپریلدا کە گالبریت گەڕاوە بۆ ئەمریکا، پێشنیاری دانوستانی نێودەوڵەتیی بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی بێلایەن لەسەر بنەمای نموونەی لایۆسی لەگەڵ کێنێدیدا هێنا گۆڕێ. پێشبینیی کرد کە بە بەردەوامبوون لەسەر پشتیوانیکردن لە دەوڵەتێکی نەشیاو و بێتوانادا "ئێمە وەک دەسەلاتێکی کۆلۆنیالیستی لە ناوچەکەدا جێی فەڕەنسییەکان دەگرینەوە و وەک ئەوان برینێکمان تێ دەبێ کە خوێنەکەیمان پێ ڕاناگیرێ و سارێژ نابێتەوە." هاوکات دەیگوت :" دەبێ بەرەنگاری هەموو ئەو هەوڵانە بینەوە کە دەیانەوێ سەربازانی ئەمریکا لە شەڕەوە تێوەگلێنن و وا باشترە خۆ ببوێرن لە تێوەگلان لە چالاکیی قێزەونی وەک بۆمبارانی کیمیایی داروبار و دروستکردنی "گوندە ستراتژییەکان."(٢١٧)

سەرکردایەتیی بنکەی هاوبەش پێشنیارەکەی گالبریتیان کە نووسیبووشی ، ڕەت کردەوە و گوتیان: "هەمووان ئاگادارن کە ئێمە بەرپرسیار و پابەندین بەوەی لە باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیادا خۆڕاگرانە ڕاوەستین." (٢١٨) و ئەم

پێشنیارەش بۆ ئەوەیە ئێمە باری ئەم بەرپرسیارەتییە لە ئەستۆمان داڕنین. بەڵێنە بێجێیەکەی سەرکۆماریان بە بەڵگە هێناوە کە بە گفتی بە دیەم دابوو سەربەخۆیی کۆماری ڤێتنام بپارێزێت. ئینجا گوتیان، سیاسەتی ئەمریکا نابێ بگۆڕدرێ، بەڵکو دەبێ "بەچڕوپڕی هەتا گەیشتن بە ئامانجەکان درێژە بدرێ." ئەم بۆچوونە نیشاندەری یەکدەنگیی ژەنە ڕاڵەکان بوو . کێنێدی بەرپەرچی نەدانەوە و پێشنیارەکەی گالبریت لە گۆڕ نرا.

بەڵام ئاکامی سەرکەوتووانە هەر لەو دەموساتەوە کاڵ بۆوە. ناڕەزایەتی لە دەوروبەری دیەم وەک تەمومژی سەر زەلکاو لە هەموو لایەکەوە هەستابوو. لەبری نەریتی شەش مانگ سەربازی لە ساڵێکدا کەڕێگەی دەدا خەڵک بچنەوە سەر ماڵ و حاڵ و زەوی و زارەکەیان، سەربازیی بێبڕانەوەیان دانا و ئەوەیش گوندییەکانی نیگەرانتر کرد. لە فێبریوەری ١٩٦٢دا دوو ئەفسەری ناڕازیی هێزی ئاسمانی بەمەبەستی کوشتنی دیەم، کۆشکی سەرکۆمارییان دایە بەر دەسڕێژی بیکەیسی؛ بەڵام هیچی لێ شین نەبۆوە. هەواڵنێرە ئەمریکییەکان لە نێو ڕاپۆرتی فەرمی و گەشبینانەی خۆیان لە کۆبوونەوەڕۆژنامەوانییەکاندا، بە شوێن درز و کەلێناندا دەگەڕان و درۆ و کەمایەسییان دەدۆزییەوە. هەر بۆیە بەو پەڕی بێهیواییەوە ڕاپۆرتی پڕ لە لۆمە و سەرکۆنەیان دەنووسی. وەک چۆن یەکێکیان زۆر دواتر نووسیی: "زۆربەی ئەو شتانەی پەیامنێرەکان پێیان وابوو درۆیە، ڕێک ئەو شتە بوو کە شاندە سەربازییەکە ڕاستگۆیانە باوەڕی پێی بوو و بە ڕاپۆرتیش بە واشنتۆنیان دەناردەوە."( ٢١٩) سەرچاوەکانیشیان قسەی فەرماندەکانی دیەم بوو. جا چونکە کارپێسپێراوانی ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکا وەک مار و مێروو بە هەموو مەملەکەتەکە وەربببوون، نەدەکرا بڕواکردن بە قسەی فەرماندەکانی دیەم بکرێتە بیانوو هۆکارەکەیشی ئەوە بوو کە بەرپرسە ئەمریکییەکان، سیاسیەتی ویلایەتەیەکگرتووەکانیان لە بەرامبەر دیەمدا بەرپرسیار کردبوو (وەک مەسەلەکەی چیانگ کاش شەک) پێیان شەرم بوو بەڕووی خۆیانیدا بێنن کە ئەو بێتوانا و دەستەوستانە.

ئاکام ، جەنگێکی میدیایی بوو. ڕۆژنامەنووس تا دەهات تووڕەتر دەبوون . زۆربەی جاران "چیرۆکی تاڵیان" دەنووسی. دەوڵەت ڕابێرت منینگی جێگری

وەزارەتی دەرەوەی بۆ کاروباری گشتیی، ناردە سایگۆن بۆ ئەوەی دۆخەکە تاوتوێ بکا. منینگ کە گەڕاوە لە یادداشتێکی ڕاشکاوانەدا گوتی :" یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو جەنگە میدیاییە ئەوەیە کە دەوڵەت بەپێی ئەو سیاسەتەی گرتوویەتە بەر دەیەوێ چالاکیی سەربازیی ئەمریکا لە ڤێتنام زۆر بەکەم بگرێ و تەنانەت کەمتر لەوەی هەشە، بیخاتە ڕوو و داوای کرد ئەو سیاسەتە بگۆڕدرێ.( ٢٢٠) وێڕای ئەوەی خەڵک زۆریان بەلاوە گرینگ نەبوو بەڵام خەڵکێک تێگەیشتن کە لەو هەوڵ و چالاکییەی لە شوێنێکی دوورەدەست خەریکە بەڕێوە دەچێ کەمایەسییەک هەیە. وردە وردە سرتوخ ورتی ناڕەزایەتی هەرچەندە وردە و بچووک و پەرش و بڵاو و بێبایەخ، لێرەو لەوێ بەرز دەبۆوە. خەڵک بە گشتی بەڵام بەناڕوونی دەیانزانی، لە شوێنێکی ئاسیا شەڕ لەگەڵ کۆمۆنیزم دەستی پێکردووە و لەسەر یەک کێشەیەکیان لەگەڵ ئەم کردەیەدا نەبوو. ڤێتنام لەبەر زەینیان شوێنێکی زۆر دوور و تەنیا ناوێکی سەر ڕۆژنامە بوو.

شارەزاترین و دیارترین ڕەخنەگر، سناتۆر مایک مەنسفیلدی سەرۆکی زۆرینەی ئەوکاتی سەنا بوو کە پێش هەمووان لە کاروباری ئاسیادا سەری سپی کردبوو. ئەو پێی وابوو ویلایەتەیەکگرتووەکان بە ڕەچاوکردنی نەریتە کۆنەکەی بانگەشەکەرە ئایینییەکان، تووشی کەفوکوڵ و جۆشوخرۆشی چاکبوونەوەی ئەو کیشوەرە و شەڕ لەگەڵ کۆمۆنیزم بووە و ئەم هەوڵ و کردەوەیەیش چارەڕەشیی ئەمریکا و ئاسیایشی بەدواوەیە.( ٢٢١) مەنسفیلد پاش گەڕانەوەی لە یەکەم دیدارە تۆژینەوەییەکەی لە ١٩٥٥دا کە بەپێی داوای سەرکۆمار ڕێکخرابوو لە سێپتەمبەری ١٩٦٢دا بە سەنای گوت:

"پاش حەوت ساڵ و دوو ملیارد دۆلار یارمەتیی ئەمریکا ڤێتنام ئەمڕۆکە لە یەکەم ڕۆژی لەرزۆکتر دیارە و هیچ پتەوتر نەبووە." مەنسفیلد زەبرێکی گورچووبڕی لە گەشبینەکان دا و زەبرێکیش لە "گوندە ستراتژییەکان" و گوتی: لەوەی دواییاندا ، کردەوەی حکوومەتی ناوەندی هەتا ئەمڕۆیش دڵنیاییکەر نەبووە.(٢٢٢)

مەنسفیلد لە دانوستانە تایبەتییەکانیدا لەگەڵ کێنێدی تەنانەت لەوەش ڕاشکاوانەتر قسەی کرد و گوتی: تێوەگلاندنی هێزەکانی ئەمریکا، دەبێتە شەڕێکی گەورەی ناوخۆیی و وای لێ دەکەوێتەوە کە هیچ پێوەندییەکی بە ئێمەوە نییە. هەڵگیرساندنی ئەو جەنگە "زیان لە پێگە و ئابڕووی ئەمریکا دەدات و هیچ یارمەتییەکی باشووری ڤێتنامیش نادات کە لەسەر پێی خۆیڕاوەستێ." هەر لە کاتی قسەکردنەکەی مەنسفیلددا، کێنێدی بەردەوام تێک دەچوو و ڕوخساری سوورهەڵدەگەڕا ئیتر بەسەریدا نەڕاندی "یانی چاوەڕوانی ئەوەی من ئەو مەسەلەیە وەک هەیە ئاوا قەبووڵ بکەم؟" ئەویش وەک هەموو فەرمانڕەواکانی دی، حەزی لێ بوو سیاسەتەکەی پشتڕاست بکرێتەوە و وەک دواتر لای هاوکارێکی خۆی دانی پێدا نا لە مەنسفیلد تووڕە بوو ە کە ئاوا یەکپشوو بەرهەڵستکارانە قسەی دەکرد و لەخۆشم تووڕە بووم کە دەمدی لەگەڵیدا هاوڕام."(٢٢٣)

هیچ شتێک نەگۆڕا. سەرکۆمار گرووپێکی دیکەی پێکهێنا کە بریتی بوون لە ڕاجر هیلزمەن، سەرۆکی ئاژانسی هەواڵگریی وەزارەتی دەرەوە و مایکڵ فارستاڵ، یەکێک لە کارمەندەکانی مەک جۆرج باندی و ناردنی بۆ لێکۆڵینەوە. بۆچوونی ئەو دەستەیە لە بۆچوونەکانی مەنسفیلد نزیکتر بوو تا ڵهیی تایلە و ڕۆستۆ. گرووپەکە ڕایگەیاند کە شەڕەکە زۆر لەوەی پێشبینی کراوە پتر دەخایەنێ و سەروماڵ بەبادا دەچێ و "لیستەی زیانەکان لە دەفتەری لێکدانەوەدا هەروا سامناکە." (٢٢٤)

بەڵام هەر دوو ئەندامەکەی ئەو گرووپە کارمەندی ئیداری بوون و پێگە سەربەخۆکەی مەنسفیلدیان نەبوو(واتە وەک مەنسفیلد پێگەیان سەربەخۆ و بێمنەت نەبوو) هەر بۆیە سیاسەتەکەیان نەخستە بەر پرسیاران.

لە دووتوێی ڕاپۆرتە تێروتەسەل و قووڵەکەی هیلزمەندا، زۆربەی هۆکارە بەرچاوە خراپەکان شاردرابوونەوە ؛ بەڵام هیچ هەوڵێک نەدرا بۆ چاکسازی لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی لێکۆڵەرەکان هێنایانەوە. چاکسازی و جێبەجێکردن بەژانە. دەسەڵاتدار کە هاتە نێو چوارچێوەی سیاسییەوە، مانەوەی لەوێدا بەلاوە ئاسانترە. بەڵام کاربەدەستەکانیشی بۆ پاراستنی شوێن

و پێگەکەی خۆیان وا باشترە نەیکەنە هەرا و بەو بەڵگانەی سەرۆکەکەیان دێشێنن و ئازاری دەدەن نەهێننە گۆڕێ. دەروونناسەکان پ ڕۆسەی دیزەبەدەرخۆنەکردنی زانیارییە خراپەکان(نانۆرماڵەکان) بە "ناهەماهەنگیی ناسین) لەقەڵەم دەدەن کە جۆرە دیزەبەدەرخۆنەکردنێکە لەسەر ئەوەی "بەو ڕاستییانە سەرم لێ مەشێوێنە." ناهەماهەنگیی ناسین حەزێکە بۆ "شاردنەوە و جوانیشاندان یان چەنەوەڕی لە بارەی کۆمەڵەبابەتێکەوە کە لە نێو ڕێکخراوێکدا کێشە دەنێنەوە یان ئازاری دەروونی دروست دەکەن." ئەو دیاردەیە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێگەچارەکانی دیکە "بسڕدرێنەوە چونکە تەنانەت بیرکردنەوەیش لێیان کێشەی لێ دەکەوێتەوە." لە پێوەندیی نێوان سەرۆک و بندەست لە حکوومەتدا، ئامانج لەو دیاردەیە گرتنەبەری کۆمەڵە سیاسەتێکە کە یەکێک نەڕەنجێنێ و دەسەڵاتدار لە خەیاڵپڵاودا بهێڵێتەوە(بیخەڵەتێنێ و کڵاوی لەسەر بنێ) . بە واتایەکی دیکە "نائاگایانە دەست بخاتە نێو هەڵسەنگاندنی ئەگەرەکانەوە."(٢٢٥)

کێنێدی کابرایەکی مێشک وشک نەبوو . لایەنە خراپەکانی ڕووداوەکەی دەدی و پێیەوە دەناڵی ؛ بەڵام نە خۆی بارودۆخەکەی گۆڕی، نە ڕاوێژکارە سەرەکییەکانی ئەویش لەوبوارەدا پێشنیارێکیان خستە بەردەمی. جا چ لە ترسی هاندانی کۆمۆنیزم و زیانگەیشتن بە پێگە و ئابڕووی ئەمریکا یان لە ترسی دژکردەوە ناوخۆییەکان هیچ کەس لە دەزگای جێبەجێکەردا خوازیاری پاشەکشێ نەبوو. هۆکاری دیکە و بەردەوامترین هۆکار لە مێژووی گەمژەییدا، بەرژەوەندیی تاکەکەسی بوو- واتە لەم بابەتەدا هەڵبژاردنەکانی خولی دووەمی سەرکۆماری. کێنێدی خۆی ئەوەندە زیرەک بوو کە نیشانەکانی بەزین و شکان ببینێ و درێژەی کارەساتەکە لە ڤێتنامدا بەدی بکا. ڤێتنام ئازاری دەداو تووڕە بوو لەوەی کەوتووەتە ئەم داوەوە و نەیدەویست ئەو ڕووداوە قۆناغی دووەمی سەرکۆمارەکەی لێ خراپ بکا. حەزی لێ بوو لە ڤێتنامدا سەر بکەوێ، یان شتێکی وەک سەرکەوتن دەستەبەر بکا کە زار و زمانی خەڵک ببەستێ جا بێتە دەرێ.

له سەرسفرەیەکی قاوەڵتی کە لەگەڵ کۆمەڵێک نوێنەرانی کۆنگرە لە مارسی ١٩٦٣ لە کۆشکی سپیدا دانیشتبوو؛ پتر دەرکەوت چۆن بیر دەکاتەوە. مەنسفیلد بەڵگەکانی خۆی دووپاتە کردەوە سەرکۆمار کێشایە لایەک و لەوانەشە لەبەر ئەوە بووبێ کە دەیزانی ئەو سناتۆ ڕە دەسترۆیشتووە حەزی لێیە گوێی لە چ بێ. پێی گوت :" وردەوردە دێتە سەر ئەو قەناعەتە کە بەتەواوەتی هێزەکانی بکشێنێتەوە." گوتیشی: "بەڵام هەتا دیسان هەڵنەبژێردرێمەوە ـ یانی تا ١٩٦٥ ـ ناتوانم بیکەم." ئەگەر زووتر دەستبەکار بم ، کۆنەپارێزەکان لێم دەکەنە هەرا.(226) کێنێدی هەر ئەم باسەی لبۆ کێنێت ئۆدانێلی هاوکاریشی دووپاتە کردەوە و گوتی: "ئەگەر ئێستا بڕیار بدەین هەموو هێزەکانی بێنینە دەرێ، ترس و دڵەخورپەیەکی دیکەی وەک سەردەمی مەکارتی داوێنمان دەگرێ" . ئەوە دەبێ پاش هەڵبژێردرانەوەی من ئەو کارە بکەین و بێڕووبینی لێی زیاد کرد: "کەواتە وا باشترە تەواو دڵنیا بین لەوەی دیسان هەڵدەبژێردرێمەوە." گومان و دڕدۆنگییەکەی خۆی لەبارەی ڤێتنامەوە ناڕاستەوخۆ بە دۆستەکانی دیکەشی ڕادەگەیاند. بەڵام بەڵگەی دەهێناوە کە ناتوانێ ڤێتنام بداتە دەست کۆمۆنیستەکانەوە و داواش لە دەنگدەرە ئەمریکییەکان بکات دیسان هەڵیبژێرنەوە.

هەڵوێستەکەی ئەو ئەگەرچی لە ڕوخساری ئازایان( ٢٢٧) نەدەوەشایەوە، بەڵام واقیعبینانە بوو. ساڵ و نیوێک تۆزێک پتری مابوو بۆ هەڵبژاردنەکانی خولی دووەم. بەردەوامیی تەرخانکردنی سەرچاوەکان و بەناچار گیانی ئەمریکایی بۆ ئەو هیوایەی ئیتر ئەو ئیمانێکی ئەوتۆی پێی نەمابوو . لەبری لەمەترسیخستنی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی دووەمدا بڕیارێک بوو بە قازانجی کێنێدی نەک لەپێناو بەرژەوەندی وڵاتەکەیدا. بۆیە دەگمەنن ئەو دەسەڵاتدارانەی ئەم ڕێسایە نەگرنە بەر.

لەو جەنگەیەدا چارەسەری لێزانانەی قەیرانە مووشەکییەکەی کووبا و شکستی خرۆشۆف و سەرکەوتنی ئەمریکا لەم کێشەیەدا، ئەوەندەی دیکە

متمانەبەخۆیی بە دەوڵەتەکەی کێنێدی بەخشی. پاشەکشێی سۆڤیەتییەکان ڕێک ئەو پەندەی دەداینێ کە قەیرانی بەرلین دابووی. دامەزرانی مووشەکەکان لە کووبا گەمەیەکی چاوقایمانە بوو و هیچ پێوەندیی بە بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی یەکێتیی سۆڤیەتەوە نەبوو ؛ بەڵام پێشگرتن لە دروستکردنی سەکۆ و بنکەی مووشەکی لە نزیک سنوورەکانی ویلایەتەیەکگرتووەکان، یەکێک بوو لە بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی ئەمریکا. لەسەر بنەمای قانوونی بەرژەوەندیە بنەڕەتییەکان پێشبینی دەکرا ئەمریکاش دواجار لە ڤێتنام دەچێتە دەرێ و باکوور سەردەکەوێ.

بەو زەبرەی کۆمۆنیزم لە کووبا وێی کەوت و لەگەڵ پتەوتربوونی پێگە و پلەی ئەمریکادا، ساتێک ی زۆر شیاو بۆ وازهێنان لەشەڕ لە ڤێتنامدا بەسەرداهاتبوو و دەکرا زۆر هیوادار بین کە دەنگ و هەرای ناوخۆییشی پێ دامرکێنیتەوە. بەڵام دەسەڵاتدارانی ئەمریکا جڵەوی گەشبینییەکەیان بەردابوو و هیچ ڕەوت و ڕووداوێکیان بۆ چوونەدەرێ لە ڤێتنام بە یارمەتیدەر نەدەزانی. ڕێک لەودەمەدا کێنێدی ئەمری کرد بە مایکڵ فارستاڵ، بیر لە ئامادەکردنی بەرنامەیەک بکاتەوە بۆ ئەوەی پاش هەڵبژاردن لە ڤێتنام بێنە دەرەوە و گوتی: قایلکردنی کۆنگرە و هاوپەیمانە ئاسیایی و ئەرووپییەکان، ساڵێک دەخایەنێ. (٢٢٨) ئەم مشوورەش هیچی لێ شین نەبۆوە، بەڵام کە بەتەنیایی لە کێنێدییان پرسی:" چۆن دەتوانێ بەبێ زیان بە پێگە و ئابڕووی ئەمریکا بگەیەنێ کە لە ڤێتنام دێتە دەرەوە؟" گوتی: "زۆر ئاسانە، دەوڵەتێک دامەزرێنن(هەڵبژێرن) کە داوامان لێ بکا لەوێ بێینە دەرێ." ( ٢٢٩) بەڵام لەبەر چاوی خەڵک هەر دەیگوت، هاتنەدەرەوەی ویلایەتەیەکگرتووەکان "بەواتای بەچۆکداهاتنی نەک هەر باشووری ڤێتنام، بەڵکوو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە. کەواتە ناچارین لەوێ بمێنینەوە." ( ٢٣٠) کێنێدیش هەم خورمای دەویست و هەمیش مێوژ و هەرگیز نەیشیتوانی ئەو دووفاقییە چارەسەر بکا.

ترس لەوەی چین چ دەکا، فاکتەرێکی نەگۆڕی نێوڕەوتی سیاسەتی ئەمریکا بوو. ناتەبایی چین و سۆڤیەت لەم سەردەمەدا ئاشکرا ببوو و وردە وردە مەترسیی سۆڤیەت بەهۆی نەهێشتنی گرژییەکان، بە ڕواڵەت کەم دەبۆوە. چینیەکان لە پشت پەردەی پچڕانی پێوەندییەکەوە لە جاران مەترسیدارتر دیار بوون. هێشتا ئەو هەستەی پاش کۆریا مابۆوە و نەڕەوییبۆوە. خۆڕانان و هێزنواندن لەسەر دوورگەکانی کیمۆی و ماتسۆ و گرتنی تیبێت و جەنگی سنوور لەگەڵ هیند، لەسەر یەک وێنەیەکی شەڕاشۆیی بێبڕانەوەی دەخستە ڕوو. لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا لە کێنێدیان پرسی ئاخۆ هیچ گومانێکی لەسەر ڕاستی و دروستیی تیۆریی ترازانی زنجیرەیی مۆرەکان هەیە؟ گوتی: "نا من باوەڕم پێیەتی، باوەڕم پێیەتی.. تارمایی چین لە پشت سنوورەکانەوە وا قوت بووەتەوە کە ئەگەر باشووری ڤێتنام لەکیس بچێ، ڤەک هەر پێگەکەی ئەوان بۆ هێرشە پارتیزانییەکان لە مالزیادا بەهێز دەبێ، بگرە ئەو هەستەش دەخولقێنێ کە شەپۆلی داهاتوو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا چینە و کۆمۆنیستەکان."(٢٣١)

لە ڕاستیدا ئەگەر ئەمریکا توانیبای لە بایەخ و بەهای ڤێتنامێکی باکووریی تۆخ ناسیۆنالیست، جا کۆمۆنیست یان ناکۆمۆنیست تێ بگا ئەم نەتەوە پڕ وزە و بەتین و تاقەت و سەربەخۆخواز و تا سەرئێسقان دوژمنی "چین"ـە، زۆر باشتر دەبوو بە کۆسپ و لەمپەرێکی بەهێز لەبەردەم پەرەگرتنی چیندا . نەک وڵاتێکی پێکهەڵبپڕژاو و لەتکراو کە بەردەوام هەلی دەستێوەردانی بۆ دراوسێکانی ئەوبەری سنوور دەخولقاند. بەڵام ئەم بیرۆکەیە بە مێکشی دەوروبەرییەکانی کێنێدیدا، واتە هەر ئەو باشترین و هەرە زیرەکترین کەسانەدا نەهات. چین، هەرچۆنێک بێ لەو سەردەمدا نوقمی گێژاوە ئابوورییەکەی "قەڵەمبازی گەورە بۆ پێشەوە" بوو و تاقەتی گێچەڵەکانی دەرەوەی سنووری نەبوو. "دوژمنەکەت بناسە" گرینگترین بنەمای پێوەندییانەیە کە لەسەر بنچینەی دوژمنایەتی دانراون. بەڵام ئەوە خووخدە سەیرەکەی ئەمریکییەکانە کە ئەگەر

تووشی مەترسیی سوور بوون، پەنا بەرنە بەر پساندنی پێوەندییەکان و گەمژانە بجوولێنەوە.

دەزگای سەربازی بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی مەکنامارا لە هۆنۆلۆلۆ، سەرقاڵی دارشتنی بەرنامەیەکی هەمەلایەنە بوو کە کۆڵێک ڕاپۆرت و یاداشتی لەخۆ دەگرت و چەند مانگی دەویست بنووسرێ بۆ ئەوەی هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٦٣ بەشێکی نەک زۆریش بەرچاو لە سەربازەکانی خۆی لە ڤیتنام بێنێتە دەرێ و سوپاکەی باشووری ڤیتنام و ەە ا ڕێک بخا و پارەیەکی ئەوتۆی بۆ خەرج بکا کە لە ڕووی ڕاهێنان و پەروەردە و ژومارەی سەربازەوە جڵەوی شەڕەکە بەدەست خۆیەوە بگرێ. لەو دەمەدا کە سەرکردایەتیی یارمەتیدەری سەربازیی ڤیتنام و سەرکردایەتیی هەموو ناوچەی زەریای هێمن و خۆی وەزارەتی بەرگرییش هەتا خنخناکەیان لە ژومارە و واژەی کورتکراوە(هێنا) و ئاڵوگۆڕی بەڵگەوە ڕۆچووبوون، پێشڤەچوون لە ڤیتنامدا کۆسپی هاتە ڕێ و قەیرانێکی وای بەسەردا هات کە ڕووخان و مەرگی دیەمی لێ کەوتەوە و بەرپرسیارەتیی ئەخلاقی خستە ئەستۆی ویلایەتەیەکگرتووەکان.

ڕەوایی حکوومەتەکەی دیەم قەت لە لایەن هەموو تاقم و ئایینزان و چین و توێژەکانەوە قەبووڵ نەکرا و دانی پێدا نەنراو شۆڕشی بوودایییەکان لە هاوینی ١٩٦٣دا ئاخرییەکەی تێکی شکاند. ئەو کۆنە نارەزایەتییەی لە سۆنگەی هەڵسوکەوتی جیاوازیخستنەکەی فەرەنسییەکانەوە دەرهەق بە کاسۆلیکەکان و بەردەوامبوونی دیەمیش لەسەر ئەو هەڵسوکەوتە، دواجار بوودایییەکانی وروژاند و ڕوخسارێکی خۆولاتیی بە ئامانجەکەیان بەخشی. لە مانگی مای دا ئەودەمەی سایگۆن جێژنی ڕێزگرتن لە ڕۆژی لەدایکبوونی بوودای قەدەغە کرد، هەراکە بەرپا بوو و هێزە حکوومییەکان، تەقەیان لە خۆپێشاندەران کرد و چەند کەسێکیان کوشت. درێژەی ئەو هەرایە و میلیتاریزەکردن(منع تح ول) و لەو لاشەوە هەوڵی چاوقایمانەی ڕاهیبێکی بوودایی و خۆسووتاندنی لە گۆڕەپانەکەی سایگۆندا لەبەرچاوی خەڵکەکە، بوو بە حەیاچوونێکی گەورە.

شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان پەرەی گرت و هەموو بەرهەڵستکار و دژەبەرانی ڕژێم، دژە کاسۆلیکەکان و دژە ڕۆژئاواییەکان و ناڕازییەکانی چینی هەژار و مامناوەند یی لێک کۆ کردەوە. سەرکوت و زەبروزەنگ پەرەی گرت.
سەرکردەی عەمەلیاتی سەرکوترکردن نهۆی برای دیەم بوو و لووتکەی هێرشەکەش هێرشکردنە سەر پەرستنگە سەرەکییەکەی بوودایيەکان و دەسبەسەرکردنی سەدان ڕاهیب بوو.
وەزیری دەرەوە و باڵیۆزی ڤێتنامی باشوور لە ئەمریکا، لە داخی ئەو کردەوانە دەستی لەکار کێشا یەوە. دەوڵەتەکەی دیەم دەستی بە داڕمان و لێکترازان کرد.

سەرچاوە زانیارییەکانی ئەمریکا کە هیچ کات بیر لە هەست و کەفوکوڵی گشتی ناکەنەوە، پێشبینیی ئەو هەرا و ئاژاوەیەیان نەکردبۆوە. دوو حەفتە بەر لەوەی بڵێسەی ئاگرەکە هەستێ، ڕاسکی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کە بە گەشبینیەکەی سەرکردایەتیی یارمەتیدەری سەربازیی ڤێتنام هەڵخەڵەتابوو باسی "هەنگاوی بەردەوام"ی باشووری ڤێتنامی کردبوو "بەرەو سیستەمێکی مەرجدار(مەشرووتە) کە هەمووان قەبووڵیان بێ. گوتبووشی، بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی ورەی خەڵک خەریکە بەرز دەبێتەوە و ئەوەیش بەو مانایەیە کە خەڵکەکە "بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێن."(٢٣٢)
دیەم لە سوپاشدا دوژمنی هەبوو. کۆدتایەک بە دەستی سوپا وردە وردە خەریک بوو سەری دەگرت. لە جەنگەی ململانێی دەوڵەتدا لەگەڵ پیلان و دەهۆکان؛ کردەوە و هەنگاوەکانی جەنگ لەکەمیی دابوو. زانیارییەکان باسی پێوەندیی نهۆ و ژنە شەڕاشۆکەیان لەگەڵ دوژمن دەکرد (٢٣٣) و گومانی ئەوە دەکرا کە ئەوان مەبەستیانە لە ڕێگەی نێوبژیوانە فەڕەنسیەکانەوە و لە پێناوی دەستەبەربوونی "بێلایەنی"دا جۆرە ئاشتییەک بێتە ئاراوە و زیاتریش مەبەستیان بەهێزکردنی ماڵ و سامان و پێگەی خۆیان بوو.
سەرمایەگوزارییەکان ی ئەمریکا سەرلەبەر لە مەترسیدا بوون. ئەی ئەو

گوێلەمستە مەزنە نەتەوەسازە، ئەو پاڵێوراوە متمانەپێکراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی باکوورە کەللەڕەق و مەبەستدارەکە، چیی لێهات؟"

لە واشنگتۆن بوو بە مشتومڕ. دەبێ چ بکەین؟ بەتایبەتی کە دەوڵەت لە ڕاستیدا نەیدەزانی چ ڕێیەک بگرێتە بەر. ئاخۆ جگە لە دیەم چارەیەکی دیکەش هەبوو؟ ئەگەر ئەو بمێنێتەوە، ئاخۆ قەت دەکرێ شۆڕشەکەی (ویت کۆنگ) هەر بەدەستی حکوومەتەکەی تێک بشکێنرێ؟ دانوستانەکان لەسەر لایەنە چاک و خراپەکانی دیەم و لەکۆڵکردنەوەی بەڵای نهۆ و ژنەکەی بوو نەک لەسەر تەوەری پێداچوونەوە بەوەدا، کە ئاخۆ ئەمریکا لەم گێچەڵەدا چ دەکا. نهۆ و ژنەکەی دەبوو لەناو بچن . ئەویش نەک لەبەر خاتری ئەو زوڵمەی دەرهەق بووداییەکان کردوویانە بەڵکو لەبەر مەسەلەی ئەو "بێلایەنی"یەی هێناویانەتە گۆڕێ. هیوایان بەوە بوو کە بە بڕینی یارمەتییەکان ئەویش بەپارێزەوە، دیەم ناچار بکەن ئەو کارە بکا. بەڵام دیەم کە دڵنیا بوو ئەمریکییەکان لە دژایەتیی کۆمۆنیستەکاندا سوور و پابەندی بڕیارەکەیان ن؛ گوێی بەو هەڕەشانە نەبزووت. وەزارەتی دەرەوە کەوتە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لەوەی دیەم لەوانەیە ئەو هەڕەشانە وا لێک بداتەوە کە هەوڵێک دژی ئەو و نهۆ و ژنەکەی لەئارادایە "و کارێکی چاوەڕواننەکراو بکا بۆ وێنە داوای یارمەتیی لە ڤێنامی باکوور بکا بۆ دەرکردنی ئەمریکییەکان"(٢٣٤) ئەو لێکدانەوە سەیروسەمەرەیە، دەری دەخا کە واشنتۆن چەندە ئاگاداری دەورە لاوازەکەی خۆی بووە لە ڤێتنامدا.

وردەوردە سیاسەتکەران لە واشنتۆن بۆیان دەرکەوت کە جیا لەوەی ئەگەر تەنیا ڤێتنامی باشوور بە تاقە کۆسپ و لەمپەری بەردەم کۆمۆنیزم بزانن ، خەیاڵێکی خاوە بگرە دیەمیش دەبێ بە پشتیوانیی ئەمریکا لابچێ . بە کورتی، واشنتۆن دەبێ پشتیوانی لەو کۆدتا سەربازییە بکا کە بەڕێوە بوو. ئەوە یەکێک لە گریمانەکانی ڕاستئاژۆکان ـ یان هەرچۆنێک بێ ، فەرمانێکی کردەیی کە دەبوو جێبەجێ بکرێ ـ بوو کە ئەگەر بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایەی تۆ لەوێدا پشکت هەیە هەڵە دەکا، سەرمایەکەت ڕزگار بکە.

سیخوڕێکی کۆنەکار لە ڕێکخراوی سیا بەناوی عەقید لۆکۆنین، پێوەندیی بە ژەنەڕاڵە پیلانگێڕەکانەوە کرد ( ٢٣٥) و باڵیۆزە تازەکەش وات هێن ڕی کابۆت

لاج، شێلگیرانە جڵەوی کارەکانی بەدەستەوە گرت و تەواو ڕازی بوو بەوە کە دەبێ کۆتایی بە بەشداریی ئەمریکا لەگەڵ "ئەم ڕژێمە زاڵمە و سەرەنێزەکانیان لە سەرانسەری وڵات"دا بێنن.(٢٣٦) لە دژکردەوەی پێشنیارەکانی ئەودا، واشنتۆن ئەمری کرد؛ ئەگەر دیەم شەڕی نهۆ و ژنەکەی لەکۆڵ نەکاتەوە، "ئیتر ئێمە ناتوانین پشتیوانی لە دیەم بکەین و ئامادەشین ئەنجام و دەرکەوتە دیارەکانی ئەو کارەش بگرینە ئەستۆ" و دەسەڵات بە باڵیۆزەکەش درا بە "سەرکردە سەربازییە پەیوەندیدارەکان" بڵێ کە "لەو سەردەمە کاتییەدا کە کاروباری حکوومەتی ناوەندی ڕادەوەستێ ؛ ئێمە ڕاستەوخۆ یارمەتییان دەدەین. کۆشکی سپی بەپێی نەریتەباوەکەی فەرمانە حکوومییەکان کە هەم لە ناڵ دەدات و هەمیش لە بزمار بە لاجی گوت: نابێ "هیچ ڕێوشوێنێکی چالاکانە بۆ هاندانی نهێنیی کۆدەتاکە" بخرێتە ڕوو. بەڵام ئەگەر لە لایەکی دیکەوە، پێویستە "هەوڵی نهێنیی خێرا بدرێ بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەوانەی کە لەوانەیە ببنە سەرکردە"، (٢٣٧) وەها کارێک دەبێ جۆرێک بکرێ "کە هەم سەداسەد لێی دڵنیا بن و هەمیش بتوانن وەدرۆی بخەنەوە."(٢٣٨)

لاج لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا، لە لایەن کۆماریخوازەکانەوە، خۆی بۆ جێگری سەرکۆمار پاڵاوتبوو و کە کردبووشیانە باڵیۆز، هەر لەبەر ئەوە نەبوو کە لە سیاسەتدا بەتوانایە و فەرەنسییەکی باش دەزانێ؛ بەڵکو بۆ ئەوەی بوو حزبەکەی ئەویش لە گێچەڵەکەی ڤێتنام وەربدەن. بەڵام لاج ساویلکە نەبوو و کارێکی کرد کە بەڵگەی بەدەستەوە بێ و دەوڵەتەکەی کێنێدی دواتر نەتوانێ خەتاکە بخاتە ئەستۆی ئەو. تەلەگرافی نارد: "ئێمە پێمان ناوەتە ڕێگەیەک کە ڕێگەی گەڕانەوەی ئابڕوومەندانەی نییە . واتە ڕرووخاندنی دەوڵەتەکەی دیەم."(٢٣٩) وەزارەتی دەرەوەی ئاگادار کردەوە کە عەقید کۆنین پێوەندیی بە سەرکردەی کۆدەتاچییەکان واتە ژەنەڕاڵ مینی "زەبەلاحەوە" کردووە و ناوبراویش سێ گەڵاڵەی بۆ عەمەلیاتەکە خستووەتە ڕوو. یەکەمیان "تیرۆر"ی نهۆ و ژنەکەی و هێشتنەوەی دیەمە لەسەر دەسەڵات و "ئەوەش ئاسانترین نەخشەیە کە بکرێ جێبەجێی بکەی."(٢٤٠)

له کۆبوونەوە پەیتاپەیتاکانی واشنتۆندا جاری وابوو مەسەلەی گەورەتر له چارەنووسی دیەم و نهۆ و ژنەکەی قوت دەبۆوە. بۆ وێنە ئەو دەمەی ڕابێرت کێنێدی گوتی پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە "ئاخۆ هیچ کام لەو دەوڵەتانە دەتوانێ سەرکەوتووانە نەهێڵێ کۆمۆن ێزیم دەسەڵات بگرێتە دەست؟ ئەگەر ناتوانێ هەر ئێستا کاتێکی لەبارە کە لەبری چاوەڕوانمانەوە، یەکسەر لە ڤێتنام بچینە دەرێ" (٢٤١) ئەگەر بە هاتنەسەرکاری دەوڵەتێکی دیکە دەکرێ پێشیان بگرین، دەبێ کۆمەڵە گەلاڵەیە ک بۆ گۆڕینی دۆخەکە دابڕێژین. بەڵام ئەو وای هەست دەکرد کە هێشتاش "وەڵامی پرسیارە بنەڕەتییەکە" نەدراوەتەوە. هەندێ هەوڵیان دا وەڵام بدەنەوە. ئەو ئەفسەرانەی لە گۆڕەپانەکانی شەڕدا لەگەڵ یەکە ڤێتنامییەکان ببوون و ئەو دەرسە تاڵە فێر ببوون کە ڕاهێنان و پڕچەککردنە ئەمریکییەکان ناتوانێ ئیرادە و ورەی شەڕکردن بەکەس بدات . چییان لەدەست هات کردیان بۆ ئەوەی نەهێڵن ژەنواڵ هارکینز پێشی ڕاپۆرتە نەرێنی و خراپەکان بگرێ و لە کۆبوونەوەکانی پێنتاگۆندا بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتەکان، بارودۆخی نالەباری عەمەلیاتەکەیانێ ڕوون کردەوە. بەتایبەتی لە یەکێک لەو شەڕانەدا لە ئەپباک، لە جانیوەری ١٩٦٣ بە بەشداریی لیوایەکی ٢٠٠٠ کەسیی سوپای ڤێتنامی باشوور کە تۆپخانە و زرێپۆشیشان پێ بوو چاوەڕوان دەکرا کە ئەو هێزی ئاگر و تین و گورە هێرشبەرانە نوێیە، سەرکەوتووانە خۆی بسەلمێنێ.(٢٤٢) سوپای ڤێتنامی باشوور کە لەپڕ بەسەر تەقەی ٢٠٠ پارتیزانی ویت کۆنگدا کەوتن، لە ترسان خۆیان خستە پەنای کۆپتەرە نیشتووەکانەوە و هەر تەقەیەکیشیان نەکرد و گوێشیان نەدا فەرمانی هێرش و بەرپەرچدانەوە. جگە لەوەش، قایمەقامی ناوچەکە کە یەکەی گاردی نیشتمانی لە ژێر فەرمانی ئەو بوون، نەیهێشتبوو سەربازەکانی تێوە بگلێن. لەو کوشتارەدا کە کرابوو سێ ئەفسەری ڕاوێژکاری ئەمریکی کوژرابوون. ئەپباک زۆر بە ڕوونی کەمایەسییەکانی سوپای ڤێتنامی باشوور و بێبنەمایی بەرنامەکەی ئەمریکا و گەشبینییەکانی سەرکردایەتیی دەرخست بەڵام ڕێگە بە کەس نەدرا زمانی بگەڕێ و قسە بکا. عەقید جۆن وانی ئەمریکایی لە ئەپباک، لە هاوینی ١٩٦٣دا چۆوە نیشتمانەکەی و هەوڵی دا سەرکردایەتیی گشتی لە

ڕووداوەکە ئاگادار بکاتەوە.(٢٤٣) بەڵام لەبەر ئەوەی ماکسۆل تایلەر پشتیوانی تایبەتی ژەنەڕاڵ هارکینز و هاوڕاشی بوو پەیامەکەی "وان" نەگەیشتە هیچ کوێ. وتەبێژی وەزارەتی بەرگری گوتی: "خۆ دیارە کێشەکانمان تێپەڕاندووە و بەرەو سەرکەوتن دەڕۆین" و سەرکردایەتیی هەموو ناوچەی زەریای هێمنیش پێشبینیی ئەوەی کرد کە ویت کۆنگ هەر دەشکێ.(٢٤٤)

کاربەدەستانی یارمەتیدەری دەرەوەش، بێهیوایی خۆیان دەردەبڕی.ڕۆفۆس فیلیس، بەڕێوەبەری بەرنامە گوندییەکان، ڕایگەیاند بەرنامەی گوندە ستراتژییەکان "ئاڵۆز" بووە و گوتیشی ئەم شەڕە لە پلەی یەکەمدا ململانێیەکی سیاسییە نەک سەربازی، ئەویش بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی خەڵک و ڕژێمەکەی دیمەیش دۆڕاوە.(٢٤٥) جۆن مەکلین، بەڕێوەبەری ئاژانسی زانیاریی ئەمریکا کە لە ١٩٦٢دا وەک هەواڵنێر، پشوویەکی لە گۆڤاری تایم وەرگرتبوو بۆ ئەوەی هەموو هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ تا خەڵکی ڤێتنام پشت لە ویت کۆنگ بکەن، پاش ٢١ مانگ خزمەت، دەستی لە کار کێشلیەوە و ئەرکەکەی ئەو "بەبێهیوایی" کۆتایی هات.( ٢٤٦) پاول کەتێنبێرگ لە وەزارەتی دەرەوە، بەڕێوەبەری تاقمی کاربەدەستانی ڤێتنام کە پێکهاتبوو لە نوێنەرانی وەزارەتخانە جۆراوجۆرەکان، لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕاسک و مەکنامارا و تایلەر و باندی و جۆنسۆنی سەرکۆماری و چەند کەسێکی دیکەش بەشدار بوون ؛ بە پێشنیارەکەی خۆی هەمووانی تووشی سەرسووڕمان کرد. گوتی لەبەر ئەوەی مسۆگەرە دیەم لە براکەی جیا ناکرێتەوە و ڕۆژبەڕۆژ پشتیوانیی خەڵک لێی کەمتر دەبێتەوە و " گولۆڵەکەی کەوتووەتە لێژی" ، وا باشترە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەر ئێستا خۆی لێ بێخاوەن بکا و بکشێتەوە.( ٢٢٦) ئەوەی لەوێ بوون هیچیان لێیان وەرنەگرت و ڕاست زۆر بەتوندی بەرپەرچی داوە و گوتی، سیاسەتی ئێمە دەبێ لەسەر ئەو بڕوایە بێ کە "تا سەرنەکەوین و جەنگەکە نەبەینەوە ناڕۆین." دواتر کتێنبێرگیان لە تاقمی کاربەدەستەکان لادا و کارێکی دیکەیان پێ سپارد و ئەو لە دەمی ڕۆیشتنێدا بەربێژیی کرد و گوتی :" لەوانەیە ئەم جەنگە ٥٠٠٠٠٠ ئەمریکایی لەخۆیدا نوقم بکا و پێنج تا دەساڵیش بخایەنێ.(٢٤٨)

لەودەمەدا دەنگێکی ناڕوون هات: شا    ڕل دیگۆل ، جۆرە  ڕێگەچارەیەکی بێلایەنانەی خستە ڕوو. لە یەکێک لە قسەکانیدا کە بە توێکڵەوە دەری دەبڕی، لە دانیشتنی وەفدی دەوڵەتی فەڕەنسادا کە بەپێچەوانەی باو    ڕێگە درابوو وشەبەوشەی بڵاو بێتەوە و مەبەستە  ڕوونەکەش هەر ئەوە بوو لە دەرەوەی وڵات ببیسرێ. دیگۆل هیوای خواست کە خەڵکی ڤێتنام بۆ دەستەبەرکردنی یەکیەتی و "سەربەخۆبوون لە دەسەڵاتە دەرەکییەکان" قۆڵ هەڵماڵن بۆ "خەباتێکی نیشتمانی". ئەو بە کۆمەڵە دەستەواژەیەکی وەک تارمایی، باسی پەرۆشییەکانی فەڕەنسای دەرهەق ڤێتنام کرد و گوتی: فەڕەنسا لەو پێناوەدا چ هاوکارییەکی لەدەست بێ ئامادەیە بیکا. دیپلۆماتە بیانییەکان ئەم قسانەیان خستە بەر زەڕەبین و وایان لێ هەڵێنجا کە  ڕێبازەکەی ئەو (بێلایەنی) بەپێی نموونەکەی لایۆس و بەبێ بەسترانەوە بە چینی کۆمۆنیست یان ویلایەتەیەکگرتووەکانە.(٢٤٩) سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان گوتیان لەسەر داوای ڤێتنامی باکوور، بەرپرسە فەڕەنسییەکان لە لایەن هانۆییەوە هەوڵ دەدەن بزانن پایتەختەکانی دیکەیش ڕایان چییە.(٢٥٠)

لەوانەیە ئەوە توانیبای ببێتە ئەو هەلەی کەڕۆژێک گاڵبریت پێشنیاری کرد . دەبوایە "توند بیگرن و بەری نەدەن" و مل بۆ چارەسەر لە  ڕێی دانوستانەوە ڕاکێشن. دیگۆل ڕێگایەکی بۆ دەربازبوون خستبووە ڕوو؛ بەڵام واشنتۆن دەبێ ژیر بێ و ئەوەی بوێ. لەبری ئەوە هەواڵی "زویربوونی لەڕادەبەدەر"ی دەوڵەتی ئەمریکا هات کە دژکردەوەی هەمیشەیی واشنتۆن بوو بەرامبەر بەرزەفڕییەکانی دیگۆل.(    ٢٥١) لەگەڵ ئەوەدا بە لەبەرچاوگرتنی لێکترازانی سیاسی و کەمایەسییە سەربازییەکان و نەبوونی هیچ پێشڤەچوونێکی ڕاستەقینە لە ڤێتنامی باشوور و ئاماژەکانی هانۆی، دەوڵەتی ئەمریکا دەیتوانی کەڵک لە هەلی  ڕووخانی دیەم لە داهاتوودا و لە ناوبژیوانییەکەی دیگۆل وەرگرێ و بڵێ، لە بواری پشتیوانییەوە چیی لەدەست هاتووە کردوویەتی و لەوە پتری لەدەست نایە. ئیتر لەمەودوای پێوەندیی بە خەڵکی ڤێتنامەوە هەیە کە ئەو مەسەلەیە لە نێو خۆیاندا یەکلا بکەنەوە. دیارە ئەمە درەنگ یان زوو بە

واتای هاتنه سەرکاری کۆمۆنیستەکان بوو. جا چونکە داهاتوو پێشبینی نەدەکرا و بەو متمانەیەی ئەمریکا لە ١٩٦٣دا بە هێزەکەی خۆی هەبوو هێشتا وەها دەرکەوتەیەکی قەبووڵ نەدەکرد.

کاروبارەکان زۆر دڵخوازانە بەرەو کۆدتا دەچوونە پێش. ئەوەی کە ئەم هەنگاوە یەکێک لە بنەما بنەڕەتییەکانی پێوەندییەکانی دەرەوەی دەشکان، بەلای ڕیالیستەکانی قوتابخانەی کێنێدییەوە هیچ گرینگی و بایەخێکی نەبوو. هەر بە زەینی کەسدا نەهات کە بەو کارانە ئیتر شێلگیری و پێداگرییەکەی ئەمریکا مانایەکی نامێنێ کە پێداگرانە دەڵێ: " ململانێی ڤێتنامییەکان شەڕی خۆیانە".(٢٥٢) (شەڕی خۆیانە) سەربەندێکی بەردەوام بوو. هەم داڵس گوتی و هەم ئایزەنهاوەر و هەم ڕاسک و هەم ماکسۆل تایلەر و هەمیش هەموو باڵیۆزەکانی ئەمریکا. تەنانەت کێنێدیش زۆر جاران ئەوەی دووپات کردەوە کە "لە کۆتاییدا ئەوە شەڕی خۆیانە. خۆیان دەبێ یان بیبەنەوە یان بیدۆڕێنن." بەڵام ئەگەر ئەوە شەڕی خۆیان بوو کەواتە دەبێ حکوومەت و سیاسەتیش هیی خۆیان بێ. ڕێککەوتنی دیموکراسیخوازەکان لەگەڵ پیلاندارێژانی کۆدەتاکە، بەڵگە و بیانووەکەی چەندی پتەویش بێ مەحاڵە لە کتێبە مێژووییەکانی ئەمریکادا و لە ڕێوڕەسمە ئەمریکاییەکاندا ڕێزی بگیردرێ. ئەوە هەنگاوێک بوو بەرەو گەمژەیی خیانەتکردن لەخۆ.

کێنێدی ترسی هەبوو لەو ڕۆڵەی لە مەسەلەکەدا هەیبوو و لە بۆنی ئەو زەلکاوەش کە تێیدا ڕۆدەچوو. بۆیە دیسان دەستەوداوێنی گرووپێکی دیکەی لێکۆڵینەوە بۆوە کە لەو سەردەمدا تەواو جێی سیاسەتدارێشتنی گرتبۆوە. ژەنەڕاڵ ویکتۆر کرۆلاک، ڕاوێژکارە تایبەتەکەی ماکسۆل تایلەر کە هێشتاش هەم سەرۆکی سوپا و هەمیش سەرۆکی بنکەی هاوبەش بوو و جۆزف مێندێنهال کاربەدەستی وەزارەتی دەرەوە و شارەزای کاروباری ڤێتنام، وەک برووسکە لە ماوەی چوار ڕۆژاندا سەردانێکی ئەوێیان کرد و چاویان بەو هەمووە ناسیارەیان کەوت کە لە نێو خەڵکە مەدەنییەکەی ئەوێدا هەیانبوو. کە

گەڕانەوە، یەکێک لەو دووانە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل و مزگێنیدەری لەبارەی سەرچاوە سەربازییەکانەوە دا بە کۆشکی سپی و ئەوی دیکەش ڕاپۆرتێکی تاڵ و هیوابڕ. ئەو دوو ڕاپۆرتە ئەوەندە لێک جیاواز بوون کە سەرکۆمار سەرسووڕماو پرسیی: "ئێوە دڵنیان هەردووکتان سەردانی یەک وڵاتتان کردووە؟( ٢٥٣) هێشتا ئەو دووانە تەواو نەگەیبوونەوە، وەفدێکی پایەبەرزی دیکە کە ژەنەڕاڵ تایلەر و مەکنامارای وەزیری بەرگریشیان لەگەڵ بوو کەوتنە ڕێ بۆ ئەوەی بزانن پشێوییە سیاسییەکە چەندە کاری لە هەوڵە سەربازییەکان کردووە.

ڕاپۆرتی ڕێکەوتی ٢ی ئۆکتۆبەری وەفدەکە لە ڕووی سەربازییەوە ئەرێنی بوو؛ بەڵام ئەوەندەی خاڵی نەرێنیی سیاسی تێدا بوو کە ئیتر شوێنێکی بۆ هیواداری نەهێشتبۆوە. ڕاگەیەنراوەکەی مەکنامارا کە بە پەسندی سەرکۆمار بڵاو بۆوە، هەموو ئەو ناتەباییانەی دیزەبەدەرخۆنە دەکرد و دەیگوت : " تا کۆتایی ئەم ساڵ هەزار سەرباز لە ڤێتنامەوە دەگەڕێنرێنەوە و بەشی هەرە گەورە و زۆری کارە سەربازییەکانی ویلایەتەیەکگرتووەکان تا کۆتایی ١٩٦٥ دەکرێ تەواو بێ."(٢٥٤) ناڕوونی و ناتەبایی ئەو لێکۆڵینەوانە، هیچ یارمەتییەکی ڕوونبوونەوەی سیاسەتی نەدا.

کۆدەتای ژەنەڕاڵەکان لە سەرەتای نۆڤەمبەردا، سەرکەوتووانە سەری گرت. یەکێک لە دەستکەوتەکان کە ئەمریکیەکانی زۆر ناڕەحەت کرد ؛ کوژرانی چاوەڕواننەکراوی دیەم و نهۆی برای بوو. هێشتا مانگێکی نەخایاندبوو کە سەرکۆمار کێنێدییش بەخاک سپێردرا.

لیندن جۆنسۆن بە قسەی یەکێک کە باش دەیناسی، لەو دەمەوە کە بوو بە سەرکۆمار، بڕیاری دا نەهێڵێ ڤێتنامی باکوور "لەکیس بچێ."( ٢٥٥) ئەگەر پێشنیارەکانی ئەو لە سەردەمی سەرکۆمارییەکەیدا بیر خۆمان بێنینەوە کە گوتبووی دەبێ بەرەوپێش بڕۆین . ئەو هەوڵە چاوەڕواننەکراو نەبوو و لە دروشمەکانی شەڕی ساردەوە سەرچاوەی دەگرت . زیاتر پێوەندیی بەو وێنەیەوە هەبوو کە ئەو لە زەینی خۆیدا هەیبوو و زۆریشی نەبرد کە ئاشکرا بوو. لاج، باڵیۆزەکەی ئەمریکا لە ڤێتنام، هاتبۆوە واشنتۆن بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی گۆڕانکارییەکانی پاش دیەمیان بداتێ و چلوهەشت سەعات پاش مەرگی کێنێدی، چاوی بە جانسۆن کەوت و دۆخە نالەبارەکەی ڤێتنامی بۆ باس کرد. گوتی دوورەدیمەنی سیاسی لە سەردەمی جێنشینەکەی دیەمیشدا هەر مزگێنیی باشتربوونی پێوە نییە بەڵکو و وێدەچێ، کێشەکە هەر بەردەوام بێ. سوپا لە ڕووی ئابوورییەوە لەرزۆک بووە و مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێ بەچۆکدا بێ. باشوور لەوانەیە لەدەست دەربچێ . مەگەر ئەوەی ویلایەتەیەکگرتووەکان دەورێکی چالاکتر لەو هەوڵ و خەباتەدا بگێڕێ. لاج بەبێ ڕووبینی، بە سەرکۆماری گوت، بڕیاری گەلێک ئەستەم و قورسی لەبەردەمە. دژکردەوەی جانسۆن دەسبەجێ و تاکەکەسی بوو. گوتی: "من ئامادە نیم یەکەم سەرکۆماری ئەمریکا بم کە لە جەنگێکدا بەچۆکدا دێ."( ٢٥٦) ئەو قسەیە بە جۆرێکی دیکەش گێڕدراوەتەوە. "من ئامادە نیم ڤێتنام لەکیس بدەم. نامەوێ یەکەم سەرکۆمار بم کە هێشتبێتی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا تووشی ئەو چارەنووسە بێت کە چین تووشی بوو."

جانسۆن لە کەفوکوڵی ئەوەدا کە لەپڕێکدا بوو بە سەرکۆمار، پێی وابوو دەبێ "بەهێز" بێ، دەبێ وا بنوێنێ بەسەر کاروبارەکاندا زاڵە . بەتایبەتی نابێ بهێڵێ خەرمانەی کێنێدی بە مردوویی یان زیندوویی، باڵی بەسەردا بکێشێ. جانسۆن بەپێچەوانەی کێنێدی، هانەی ئەوەی نەبوو فرەزانایانە بجووڵێتەوە و

بەر لە قسەکردن، ڕێگە جۆراوجۆرەکان هەڵسەنگێنێ. دڕدۆنگییەکەی کێنێدیی نەبوو کە ئەو دڕدۆنگییە لە جۆرە بەرچاوڕوونی و زیرەکییەکی تایبەتی مێژووی و هەر نەبێ لە هەندێ توانای بەخۆداچوونەوەوە سەرچاوەی دەگرت. جانسۆن بەدەسەڵات و دەسەڵاتخواز و خۆپەرست بوو . هەر بۆیە سیاسەتەکانی ئەو لە سەر ڤێتنام، لە ژێر کاریگەریی سێ توخمدا بوون ڕۆحێکی بەردەوام تینوو کە قەت هەستی بەتەناهی نەدەکرد . توانایی بێسنوور بۆ بەکارهێنان و سەپاندنی دەسەڵات و پلەوپایە بەبێ هیچ کۆت و بەندێک . سێهەمیش: ئەوپەڕی بێزاری لە شتێکی جگە لە مەبەستە سەرەکییەکەی کە پێی دەنایە ڕێگەیەک ئیتر سوور و مکووڕ دەبوو.

پاش کوژرانی دیەم، دەنگۆی ڕێگەچارەیەک لەسەر بنەمای بێلایەنیی ڤێتنام، زار بە زار دەگەڕا و هیچ دووریش نییە ئەگەر ئەمریکاییەکان نەبوایە ن، سایگۆن لەودەمەدا لەگەڵ ڕاپەڕیوەکان ڕێک دەکەوت. (٢٥٧) ئەوە بیسترا کە ڕادیۆ نهێنییەکەی ویت کۆنگ، پێشنیاری دانوستانی کردووە بۆ تەقەڕاگرتن.( ٢٥٨) لە بەرنامەیەکی دیکەدا کە ئاژانسی هەواڵگری، لە بەرنامەکانی دەرەوە تۆماریان کردبوو و ناردیانەوە واشنتۆن، کۆمەڵە پێشنیارێک لەبارەی ڕێککەوتنەوە خرا ﻊ بەردەم سەرکۆمارە تازەکە ؛ واتە ژەنەڕاڵ دوانگ وان مین، ڕێبەری کۆدەتا دژی دیەم.( ٢٥٩) دیارە ئەو پێشنیارانە کۆنکرێت و بڕاوە نەبوون و دیارە مەبەست ئەوە بووە کە ڕوون بێتەوە ئاخۆ پشێویی سیاسی لە سایگۆن لە چ ئاستێکدایە. هەرچۆنێک بێ ئەو قسانەی بەگوێدا نەدەچوو؛ بەڵام سایگۆن لەسەر هەست بوو. دەنگۆ داکەوتبوو کە سەرکۆمارە تازەکە واتە ژەنە ڕاڵ مینی "زەبەلاح" ؛ وەرزێرە بوودابییەکەی جاران بە سەدوهەشتا سەنتی مەتر قەڵافەتەوە و سەرەڕای هەموو نیازپاکی و خۆشەویستییەکەی لەنێو خەڵکدا، باشاری ئەو هەمووە خەنیم و ڕەقیبەی نەدەکرد و بەتەمایە پێوەندیی بە ویت کۆنگەوە بکا. بەڵام پاش سێ مانگ دەسەڵاتداری، ئەویش بوو بە قوربانیی ڕێگەی کۆدەتا. ئەو دەنگۆیانە لەسەر جێنشینەکانی ئەویش کە یەک لە دوای یەک لە مانگەکانی پاش کۆدەتادا هاتنە سەر دەسەڵات، هەر هەبوون. ئەمریکا لە ڕێی باڵیۆزخانە و

کاربەدەستەکانیەوە، چالاکانە دژی ئەو بۆچوونانە ڕادەوەستا و بەرپەرچی دەدانەوە.(٢٦٠)

لەو سەروبەندەدا ئیوتانیت ، سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، خەریکی سەنگوسووکی و هەڵسەنگاندنی ئەوە بوو کە جۆرە حکوومەتێکی هاوپەیمانیی بێلایەن، چەندە قەبووڵ دەکرێ. ئەگەرچی هاوپەیمانی لە نێو دوژمنە بەخوێن تینووەکاندا لە وەهم و ساویر زیاتر هیچ نییە. پێشنیارەکەی سەناتۆر مەنسفیلدیش لەبارەی دابەشینی ڤێتنامی باشوور بەسەر سایگۆن و ویت کۆنگدا کە لە جانیوەریدا بۆ کردنەوەی ڕێگەی دەربازبوونی ئەمریکا بەناچاری خرا ع ڕوو هیچی لێ شین نەبۆوە. ڕاستە جانسۆن داوای ڕێگەچارەی لە ڕاوێژکارەکانی دەکرد؛ بەڵام بەتەما نەبوو ئاوا لەگەڵ کۆمۆنیزم ڕێک بکەوێ.

وردە وردە دەردەکەوت کە دەبێ بڕیارە سەختەکان بدرێن. مەکنامارا پاش گەڕانەوەی لەو سەفەرەی بۆ لێکۆڵینەوە کردبووی، ڕایگەیاند:" بێت و لە سێ مانگی داهاتوودا ئەم ڕەوتەی ئێستا پێچەوانە نەبێتەوە "ئەگەر شانسەکەمان باش بێ، بێلایەنیی لێ دەکەوێتەوە و لەوانەشە حکوومەتێکی بندەستی کۆمۆنیستەکان دامەزرێ." بەڵام بە سەرکۆماری گوت:" پاراستنی باشوورێکی ناکۆمۆنیست ئەوەندە پڕ بایەخە کە بە ڕای من، دەبێ لە پێناوی سەرکەوتندا چیمان لەدەست دێ بیکەین."(٢٦١)

زیاترکردنی قومارەکە، نوقمبوونی زیاتر بوو لەو خەوێکی تازەدا. ئەگەر لێگەڕێین ڤێتنامی باکوور سەرکەوێ، کۆمۆنیزم لە هەموو لایەک لە ڕادەبەدەر پەرە دەگرێ. متمانەی ویلایەتەیەکگرتووەکان لە گشت جێیەک کەم دەبێتەوە و ڕاستئاژۆکان لە ئەمریکا، دەست بە قەڵتوبڕ و قەسابیی سیاسی دەکەن.
ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز لە سەروتارێکی گرینگ و پڕ لە ترسدا، پێی لەسەر ئەم بابەتە داگرتەوە و وڵاتەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای ڕستە کرد . لایۆس، کامبۆج، بۆرما، تایلەند، مالزیا، ئەندۆنزیا ـ ئەگەر ڤێتنامی باشوور بەچۆکدا بێ، ئەوانە هەمووان دەکەونە مەترسییەوە و "پێگەی هاوپەیمانەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی زەریای هێمن، یەکسەرە دەکەوێتە مەترسییەوە." هیند لە

بەری ڕۆژهەڵاتەوە گەمارۆ دەدرێ . هەوڵی هەمەلایەنەی چینی سوور بۆ زاڵبوون بەسەر ناوچەکەدا "لەڕادەبەدەر پەرە دەگرێ". ئیتر هەر چوارقوڕنەی دنیا لە هێز و توانای ئەمریکا بۆ پاراستن و بەگری لە وڵاتەکانی دی لە هەمبەر کۆمۆنیزمدا، دەکەونە گومان و متمانەیان پێی نامێنێ. کاریگەرییەکی زۆر قووڵیش لەسەر بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان دادەنێ. بێلایەنی تەشەنە دەکا و ئەم هەستەی لێ دەکەوێتەوە کە ڤێتنام، بەداخەوە لە بندەستی کۆمۆنیزم دایە ؛ بەڵام جگە لە لایۆس و کامبۆجیا، هیچ کام لەو ترسانە بەدی نەهاتوون.(٢٦٢)

سالی ١٩٦٤ دە ساڵ بەسەر کۆنفـڕانسی ژنێڤ و پابەندیی ئەمریکادا بۆ ڕزگاریی ڤێتنامی باشوور تێدەپەڕی و بارودۆخەکە گۆڕابوو. لە بەرلین و لە قەیرانە مووشەکییەکەی کووباش، سەرکەوتووانە بەرەنگاری سۆڤیەت ببوونەوە. کاریگەریی سۆڤیەت لەسەر حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپاش زۆر کەم ببۆوە. ناتۆ زۆر پتەو سەقامگیر ببوو. ئەی بۆچی هێشتاش پێیان وابوو لە قوماری ڤێتنامێکی تەریک و بێبایەخدا بردنەوە و دۆڕاندن ئەوەندە گرینگە؟ کۆمۆنیزم لە ئەورووپا هەندێ پێشڕەویی کردبوو بەڵام وەها هیستریایەکی نەخولقاندبوو کە بە ڕواڵەت لە ئاسیادا بەرۆکی ئێمەی گرتبوو. ئەگەر پێویست بوو لە هەموو جێیەک لە پێشڕەویی کۆمۆنیزم بتۆقین، ئەی بۆچی لە کووبا ئەوەندە بێ مایە و دەستەوستان جووڵاینەوە و لە ڤێتنام وەها قایم و پتەو ڕاوەستاین؟ لەوانەیە هەرلەبەر لاساری و مکووڕی لەو بۆچوونە هەڵەیەماندا کە چونکە ئێرە ئاسیایە، ئەمریکییەکان لێبڕاوانە و بێ ئەملاوئەولا دەتوانن هێز و ئیرادەی خۆیان بەسەر ئەوەدا بسەپێنن کە تۆماس دادی سەناتۆرەکەی ئەیالەتی کۆنێتیکات ناوی نان "چەند هەزار چریکێکی خێڵەکی". دیارە پێیان قووت نەدەچوو لە ئاسیادا بشکێن. بردنەوە یان دۆڕاندن، لەسەر پێشاندانی هێزی ئەمریکا و دەرکەوتەکانی واتە خۆشەویستبوونی ئەو وڵاتە بوو.

سەرەڕای ئەو پەندە کۆنەی کە دەڵێ :" شەڕی وشکانی لە ئاسیادا بردنەوەی نییە(سەرکەوتنی نییە)" وێڕای ئەزموونە هیواکوژەکەی چین و کۆریا، وێڕای ئەزموونی فەڕەنسا هەر لەو شوێنەی وا ئێستا ئەمریکا لێی ڕاوەستابوو

تێگەیشتنی هەڵە لەو شتەی کەوتبووە مەترسییەوە و باڵی بەسەر هەموو شتێکی دیکەدا کێشابوو.

وەک چۆن بەریتانیا کە پێی وا بوو ئەگەر کۆچەرنشینەکانی ئەمریکای لەکیس بچێ ئیتر هەموو شتێک تێدا دەچێ . پێشبینیی کارەساتباری لەکیسچوونی ڤێتنامیش، هەڵسەنگاندنی بردنەوە و دۆڕاندنی لەوێدا تووشی زێدەڕۆیی و زێدەگۆیی کرد. جانسۆن دژکردەوەی زێدەڕۆیانەی خۆی لە یەکەم سناریۆدا لەبارەی کشانەوە بۆ سانفڕانسیسکۆ خستە ڕوو. ڕاسکیش لە پێشنیارەکەی خۆیدا بۆ سەرکۆمار لە ١٩٦٥دا کە پاشەکشێ"کاولبوونی ئێمە و جەنگێکی کارەساتباری لێ دەکەوێتەوە" . (٢٦٣) جارێکی دیکە لە ١٩٦٧دا لە کۆنفڕانسێکی ڕۆژنامەوانیەی وێنای "ملیاردێک چینیی پڕچەک بە چەکی ئەتۆمیی" (٢٦٤)هێنایە بەرچاوی خەڵکەکە؛ هەواڵنێرە سەربازییەکەی نیۆیۆرک تایمز هەنسن بالدۆین، لە ١٩٦٦دا نووسیی پاشەکشێ لە ڤێتنام "کارەساتێکی سیاسی و دەروونی و سەربازی" بەدوای خۆیدا دێنێ و ماناکەشی ئەوەیە کە ویلایەتەیەکگرتووەکان "بڕیاری داوە وەک زلهێزێک دەست لە پێگەکەی خۆی هەڵگرێ" و ملی بۆ بیرۆکەی "چوونەدەرەوە لە ئاسیا و خۆرئاوای زەریای هێمن ڕاکێشاوە."(٢٦٥) ئەوە ترس و خۆف و خەون و خەیاڵ دەخوڵقێنێ.

سیناتۆر جۆزف کلاڕک، لە کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی سەنادا گوتی: "من لەو ترسانە وەختە گیانم دەربچێ کە ئێمە بەرەو سێیەم جەنگی جیهانی، ئەویش بە چەکی ئەتۆمییەوە هەنگاو دەنێین."(٢٦٦)

ڤێتنامی باکوور وردە وردە یەکەکانی سوپا ڕێکخراوەکەی خۆی دەناردە ئەم بەرەی سنوور، بۆ ئەوەی سوود لە لێکترازانی باشوور وەرگرێ.
سەرکۆمار جانسۆن و کۆڕی ڕاوێژدەرەکانی و سەرکردایەتیی ناوەندە هاوبەشەکە بۆ پێشگرتن لە ڕووخانی گوێلەمستەکەی ئەمریکا، هاتنە سەر ئەوەی کە ئیتر بەمەبەستی زۆرهێنان(زەختکردن) دەبێ بێنە نێو جەنگەکەوە. جەنگەکەش دەبوو جەنگی ئاسمانی بێ بەڵام ئەوان لێیان سوور بوو کە ئەم کارە بڵێی و نەڵێی، هێزەکانی وشکانییش تێوە دەگلێنێ.

ڕێکخراوە سەربازی و ناوخۆییەکان، سەرقاڵی داڕشتنی نەخشەکانی عەمەلیات بوون . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕۆژبەڕۆژ بارودۆخی سایگۆن خراپتر دەبوو هێشتاش نەیاندەتوانی هیچ کارێک بکەن . چونکە جانسۆنی سەرکۆماریان ، هەڵبژاردنەکانی ١٩٦٤ی لەبەردەم بوو. خەنیمەکەی ئەو واتە سێناتۆر بەری گۆلدواتر، شەڕخواز بوو . کەواتە جانسۆن دەبوایە ڕواڵەتێکی ئاشتیخوازانە بەخۆوە بگرێ. دیسان یش دەستەواژەی "شەڕی خۆیان بۆخۆیان"ی هێناوە گۆڕێ و گوتی: "ئێمە سووریان.. هەوڵ بدەین ناچاریان بکەین بە خەڵکی خۆیان ئازادییەکەی خۆیان ڕزگار بکەن.".. "ئێمە نامانەوێ گەنجی ئەمریکایی نۆ یان دەهەزار میل دوور لە نیشتمانەکەیان بۆ کارێک بنێرین کە لاوانی ئاسیایی دەبێ خۆیان بیکەن.".. "ئێمە نامانەوێ گەنجانی ئەمریکا لە بری لاوی ئاسیایی شەڕ بکەن."( ٢٦٧) شەش مانگ دواتر، هیچ گۆڕانێکی بەرچاو لە دۆخەکەدا نەهاتبووە ئاراوە . گەنجی ئەمریکایی نێردرانە شەڕ و ئەو قسانەیش زۆر ئاسان وەبیر خەڵک هاتنەوە و خۆشەویستییەکەی جانسۆنیش کاڵ بۆوە. جانسۆن هەر لە زووەوە خووی بە درۆکردنە سیاسییە باوەکانەوە گرتبوو.(ڕاهاتبوو درۆی سیاسیی باو بکا ). بەڵام لەبیری نەبوو کە ئاخر پێگەی ئێستای لە هیی ڕابردووی جیاوازە و ئەگەر بێت و درۆکانی ئاشکرا بن ـ کە لە کۆشکیی سپیی بەرسەرنجی هەمووواندا شتێکی باوە و هەر ئاشکرا دەبێ ـ زیان بە پێگەی سەرکۆمارییەکەی و متمانەی گشتی دەگات.

لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا، هەڵوێستی خەڵک لە نێوان جانسۆنی ئاشتیخواز و گۆڵدواتری شەڕخوازدا کە دژی سیاسەتی "سەرنەکەوتن" بوو هەڵوێستێکی یەکلاینە بوو. ئەمریکییەکان چەندی دژەکۆمۆنیزمیش بوون، بەڵام پاش شەڕی دووەمی جیهانی و شەڕی کۆریا و لە ژێر تارمایی بۆمبای ئەتۆمیدا، ئیتر شەڕیان نەدەویست و دژی بوون. ژنەکان بەتایبەتی هەر سەیر دەنگیان بە جانسۆن دا و ئەوەیش خۆی بەڵگەیەکی ڕوونی خەستبوونی هەستی دژەشەڕ بوو. دەوڵەتەکەی جانسۆن دەیتوانی هەر لەو مەسەلەیە دەرز وەرگرێ. بەڵام وەری نەگرت . چونکە قەت پێی وا نبوو کێشە و گرفتەکان لە لای ڕاستئاژۆکانەوە بەرۆکی دەگرن.

جانسۆن شتێکی بە دەنگدەران دەگوت و شتێکی دیکەی بە هانۆی. لێرە بەتەما بوو بە زەبروزەنگی زیاتر، هیچ نەبێ تا کۆتایی هەڵبژاردنەکان وا لە ڤێتنامی باشوور بکا  کە ئیتر کێشە نەنێتەوە. یەکە دەریاییەکانی ئەمریکا لە کەنداوی تۆنکین و یەک لەوان پاپۆڕە جەنگییەکەی "مادۆکس" کە زۆر زوو ناوی کەوتە سەر زاران، سنووری کۆکردنەوەی زانیارییان تێپەڕاند و دەستیان کرد بە عەمەلیاتی کاولکردنی "کەنارەکان".(٢٦٨) دیارە هەر مەبەستیشیان ئەوە بوو کە بە هانۆی بڵێن :"واز لە سیاسەتی دەستدرێژیکەرانە بێنێ." ( ٢٦٩) بەڵام پەیامی ڕاستەقینەی بۆ هانۆی کە ئێستا بەلای هەموانەوە پێویست بوو دەبوو بۆمبارانەکانی ئەمریکا بێ.

جانسۆن و ڕاسک و مەکنامارا و ژەنەڕاڵ تایلەر بۆ دیتنی باڵیۆزی ئەمریکا لە ڤێتنامی باشوور و فەرماندەکانی ناوچەی زەریای هێمن و بەمەبەستی تاوتوێکردنی بەرنامەی عەمەلیاتی ئاسمانیی ئەمریکا و هەنگاوی دوایی کە لەوانەیە شەڕی وشکانی بێ، لە مانگی جوولایدا سەردانی هۆنۆلۆلۆیان کرد.(٢٧٠)

دوو لە سەر سێی هۆکاری بۆمبارانەکان سیاسی بوو. دەیانگوت بۆ بەرزکردنەوەی وردەی دابەزیوی ڤێتنامی باشوور کە لاج زۆر لەسەری پێداگر بوو و بۆ تێکشکاندنی ورەی جەنگیی ڤێتنامی باکوور و بۆ ئەوەی نەهێڵن پشتیوانی لە ڕاپەڕینی ویت کۆنگەکان بکا و دواجار پێویستە ناچاری بکەن بێتە دانوستان. ئامانجە سەربازییەکەیش ئەوە بووکە نەهێڵن هێز و لۆجستیکی پێ بگات. پێشنیاری ئەرێ و نەرێ هاتنە گۆڕێ و قسەیان لەسەر کرا   . چونکە داڕێژەرانی بەرنامە سەرەڕای ئەوەی وایان دەنواند کە ئەوە "دەستدرێژییەکی دەرەکییە"؛ بەڵام حەزیان لێ نەبوو خۆیان تووشی شەڕێکی ناوخۆیی لە نێو ئاسیادا بکەن. بە سەرنجدان بە داکشانی خێرای باشوور، زۆر پێویست بوو پارسەنگی هێزی سەربازی  ڕابگیرێ بۆ ئەوەی ویلایەتەیەکگرتووەکان لەبەر لاوازی نەیەتە دانوستان. ئەگەر بێت و ئەوە جێبەجێ نەبێ هەر هەنگاوێک لە پێناوی دانوستاندا "جۆرە دانپێدانانێکە بەوەی ئیتر گەمەکە تەواو بووە."(٢٧)

وەک چاوەڕوان دەکرا مەسەلە ناخۆشەکەی چەکە ئەتۆمییەکان هاتە گۆڕێ بەڵام کەس پشتیوانیی لێ نەکرد. بۆ تاقە یەک شت ـ ئەویش هەر وەک بۆچوونێک ـ باسی بەکارهێنانی دەکرا، ئەوەیش ئەگەر چینی کۆمۆنیست بێتە نێو شەڕەکەوە. ڕاسک، وەزیری دەرەوە کە هەر کات باسی ئەو مەسەلەیە دەکرا هەڵدەچوو و دەیگوت:" لەبەر ئەو حەشامەتە زۆرەی چین هەیەتی "ئێمە ناتوانین تا دوا دڵۆپەی خوێنمان بە چەکی ئاسایی شەڕیان لەگەڵ بکەین." مانای ئەو قسەیە ئەوە بوو کە ئەگەر ئاگری شەڕەکە بڵێسەی سەند و چینییەکان هێرشێکی گەورە بکەن، "چەکە ئەتۆمییەکان بەکار دەهێنرێن."ڕاسک بەوحاڵەشەوە باش دەیزانی کە ڕێبەرە ئاسیاییەکان دژی ئەو کارەن و توخم و ڕەگەیەکی هەڵاواردنی ڕەگەز و ڕەچەڵەکی تێدا بەدی دەکەن . یانی "وا لە ئاسیاییەکان دەکەین بەڵام وا لە ڕۆژئاواییەکان ناکەین." تۆزێکیش باسی ئەگەری ئەوە کرا کە بە شێوەی تاکتیکی کەڵک لە چەکە ئەتۆمییەکان وەربگیردرێ. ژەنەڕاڵ ئێرڵ ویلەر، سەرۆکی نوێی ناوەندی هاوبەش، هیچ پێی گەش نەبۆوە. مەکنامارا وەزیری بەرگری گوتی: "هەر پێم وانییە شتێکی وا لە گۆڕێ بێ کە پێویست بکا ئەوانە بەکار بێنین." و ئیتر مەسەلەکە بڕایەوە.(٢٧٢)

گەڵاڵەی بۆمبارانەکان داڕێژرا، بەڵام ئەمری جێبەجێکرانیان دوا خرا . لەبەر ئەوەی هەتا دوای هەڵبژاردن دەبوو ڕوخسارە ئاشتیخوازەکەی جانسۆن بپارێزرێ. مەسەلەی شێلگیرانەتری شەڕی وشکانییش هەتا هاتنە سەرکاری حکوومەتێکی جێ متمانە، لەو پشێویە سیاسیەی سایگۆندا هەڵپەسێردرا. بە تایبەتی، هەروەک ژەنەڕاڵ تایلەر گوتی؛ دەبێ خەڵکی ئەمریکا ڕابێنن بۆ ئەوەی تێ بگەن ئەمریکا چەندەی دڵ بە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوەیە. مەکنامارا بە وردبینییەکەی خۆیەوە لە زەینی خۆیدا وای لێک داوە کە ئەم کارە "بە لانی کەمەوە سی ڕۆژی کات پێویستە. وەک بڵێی بیەوێ ترۆمبێلێکی مۆدێل نوێ بە خەڵکەکەی بفرۆشێ.(٢٧٣)

جانسۆن زۆر نیگەرانی ئەوە بوو ئەمریکا پتر لەوە تێوە بگلێ و دەترسا وای لێ بێ چینییەکانیش خۆیانی تێهەڵقو رتێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، دەیەویست ئەگەر جگە لە بەربڵاوترکردنی شەڕەکە هیچ چارەیەکی نەبێ، پاڵپشتیی

کۆنگرەی هەبێ. ڕەشنووسی بڕیارنامەیەک لە هۆنۆلۆلۆ خوێنرایەوە و باسی لەسەر کرا و کارڕێکخەری گەورە (واتە جانسۆن) بۆ پەسندکرانەکەی قۆڵی هەڵمالی.

بڕیارنامەکەی ٧ی ئاوگۆستی ساڵی ١٩٦٤ ناسراو بە بڕیارنامەکەی کەنداوی تۆنکین، ئەوەندە تاوتوێ کراوە کە دەکرێ لێرەدا هەر چاوێکی سادەی پێدا بخشێنین. لەو لایەنەوە گرینگ بوو کە ئەو تەئیدەی سەرکۆمار دەیەویست پێی دا و کۆنگرەش لە پڕ مات و دەستەوستان و تا ڕادەیەکیش زویر و دەستبەتاڵ مایەوە. کەنداوی تۆنکین، فۆڕت سامتر (٢٧٤) یان پێرل کاربر نەبوو بەڵام لەوانیش کەمبایەختر نەبوو. لە پێناوی ئامانجی بەرژەوەندییە نیشتمانییە وەدینەهاتووەکان، چەکی سپیی واژۆیەک بوو بۆ دانی دەسەڵاتی جەنگ بە دەزگای جێبەجێکەر.

ئامانج لێرەدا بانگەشەکەی پاپۆڕەکەی "مادۆکس" و یەکە دەرياييەکانی دیکە بوو کە دەیانگوت : " پاپۆڕە گەڕۆکە پاپۆڕشکێنەکانی ڤێتنامی باکوور لە دەرەوەی ئەو سنوورە سێ میلییەی بەستێن کە ویلایەتەیەکگرتووەکان بە فەرمیی ناسیوە، شەوانە تەقەیان لێ کردوون". هانۆی دەیگوت هەتا دوازدە میل کەنارەکان بەدەست خۆمن. ڕۆژی دوایی لە هەلومەرجێکی ناڕووندا کە هەرگیز ڕوونیش نەکرایەوە، دووەم تێکهەڵچوون هاتە ئاراوە ؛ بەڵام زۆر دواتر لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەدا لە ١٩٦٧ دەرکەوت کە ئەو تێکهەڵچوونە خەیاڵیی یان دروستکراو بووە.

پەیامە تەلەفۆنییەکانی کۆشکی سپی بۆ سایگۆن، نیشانەی قەیرانێکی قووڵ بوون. جانسۆن دەسبەجێ داوای لە کۆنگرە کرد بڕیارنامەیەک دەربکا کەڕێگە بدات هەرچی ڕێگەی پێویستە بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی چەکداری بگیردرێنە بەر . سێناتۆر ویلیان فۆڵبڕایتی سەرۆکی کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی سەنایشی قایل کرد کە کۆسپ و لەمپەرەکانی سەنا بۆ ئەو بڕیارنامەیە هەموار بکا. فۆڵبڕایت دەیزانی کە ئەو کارە لەسەر یەک لەگەڵ دەسەڵاتە قانوونییەکەی کۆنگرە ناتەبایە ؛ بەڵام بڕوای بە گفت و بەڵێنی دۆستانەی جانسۆن کرد کە دەیگوت حەزی لێ نییە شەڕەکە بەربڵاوتر و هەراوتر بکاتەوە و پێی وابوو

بڕیارنامەکە یارمەتیی سەرکۆمار دەدا بەرەنگاری گۆڵدواتر بێتەوە کە داوای هێرشی ئاسمانیی دەکرد . لە لایەکی دیکەشەوە دەبێتە هۆی ئەوەی حزبی دیموکرات لە بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیستەکاندا توندوتیژتر و کەللەڕەقتر نیشان بدا و ئەوەیش کاریگەریی خۆی لەسەر هەڵبژاردنەکان دەبێ.(٢٧٤)

جگە لەوەش، بەرزەفڕیی شەخسییش لە گۆڕێ بوو کە زۆر جار فکر و بیرۆکەی سیاسەتڤانەکانی ئاراستە دەکرد . دەڵێن فۆڵبرایت هیوادار بووە کە پاش هەڵبژاردنەکان ببێتە وەزیری دەرەوە و جێی ڕاست بگرێتەوە و بۆ ئەو کارەش پێویستی بە ڕەزامەندیی جانسۆن هەبوو. ئەم مەسەلەیە ڕاست بێ یان هەڵە، مەزەندەکردنەکەی فۆڵبرایت ڕاست بوو کە یەکێک لە ئامانجەکانی بڕیارنامەکە، ڕاکێشانی پشتیوانیی باڵی ڕاست بوو لە نواندنی هێز و دەسەڵات.

گیلۆرد نێلسۆن، سەناتۆری ویسکانسین هەوڵی دا بڕیارنامەکە سنووردار بکاتەوە و گەڵاڵەیەکی ڕیفۆ ڕمی بۆ دژایەتیی "هەرچەشنە پەرەپێدانێک بە شەڕەکەی ئێستا ی خستە ڕوو. بەڵام فۆڵبرایت ئەو پێشنیارەشی هاڕی و گوتی:" لەبەر ئەوەی سەرکۆمار مەبەستێکی وای نییە پێویست بە چاکردن و ڕیفۆڕم ناکا." سام ئێرڤین سەناتۆری کا رۆلینای باکوور، برۆ بەناوبانگەکانی خۆی هەڵتەکاند و بە ئاماژەکردن بە نارەحەتیی شاراوەی بەشێک لە سەناتۆرەکان لە بارەی ئەو شەڕەوە پرسیی: "ئەرێ باشە ڕێگەیەکی ماقووڵ و سەربەرزانە شک نابەن کە ئێمە لەو گێچەڵە بێینە دەرێ بەبێ ئەوەی حەیا و دار و نەداریشمانی لەسەر دابنێین؟" ڕاشکاوترین بەرهەڵستکار، هەر وەک هەمیشە سەناتۆر وین مۆرس بوو کە بڕیارنامەکەی بە " ڕاگەیاندنی پێشوەختەی جەنگ" ناو برد و ئیدانەی کرد و لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی یەکێک لە ئەفسەرانی پەنتاگۆن کە بە تەلەفۆن پێی گوتبوو کۆمەڵێک پرسیاری زۆر وردی لەبارەی عەمەلیاتە دەریاییە گوماناوییەکەی کەنداوی ت ۆنکین، لە مەکنامارا کرد.( ٢٧٦) مەکنامارا نکۆڵیی لە "هەرچەشنە ئاگاداربوون یان پێوەندییەک" لە بارەی عەمەلیاتی دوژمنکارانەوە کرد.(٢٧٧)

مۆرس زۆربەی جاران قسەی هەقی دەکرد، بەڵام چونکە بەردەوام لە هەمبەر ناهەقی و زوڵمەکاندا هەڵدەچوو ئیتر کەس بەهەندی نەدەگرت.

خولی نوێنەرایەتیی یەک لەسەر سێی نوێنەرانی پە ڕلەمانی سەنا خەریک بوو کۆتایی دەهات و نەیاندەویست دوو مانگ بەر لە هەڵبژاردنەکان سەرکۆمار زویر بکەن یان وا بنوێنن کە پاراستنی گیانی خەڵکی ئەمریکایان بەلاوە گرینگ نییە. کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی سەنا، پاش چەند ڕۆژ مشتومڕ و هەڵسەنگاندن، بڕیارنامەکەی بە چاردە دەنگی ئەرێ و یەک دەنگی "نەرێ"؛ پەسند کرد و ڕێگەی "بە هەموو هەوڵ و ڕێگەپێویستەکان" دا. کەواتە هەردوو پەڕلەمانەکە پەسندیان کرد. پاساوی دەستئاوەڵاکردن بۆ جەنگ، لەسەر ئەو بنەما لەرزۆکە بوو کە ویلایەتەیەکگرتووەکان "پاراستنی ئاشتی و تەناهیی جیهان، بۆ بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاشتیی جیهانی" بە شتێکی حەیاتی دادەنێ.

نە داڕشتنی بڕیارنامەکە ئەوەندە قایلکەر بوو نە ناوەرۆکەکەشی. پەڕلەمانی سەنا کە سەردەمانێک لەسەر پارێزگاری لە دەسەڵاتە یاساییەکانی خۆی بۆ ڕاگەیاندنی شەڕ زۆر بەغیرەت بوو ئەمجارە دەسبەجێ ملی دانواند و ئەو مافەی بە دەسەڵاتی جێبەجێکەر ئەسپارد. لەو نێوەدا ڕۆژبەڕۆژ هۆکار و بەڵگەی زیاتر لە بارەی سەرلێشێواویی پسپۆڕەکانی ڕادار و جیهازە دەنگییەکانی ئەمریکا لە سەر دووەم جەنگە دەریاییەکە دەردەکەوتن و جانسۆنیش بە سرتە گوتی: "ئەو مەلەوانە بەستەزمانە نەزانانە، تەنیا تەقەیان لەو ماسییانە دەکرد کە لە ئاوەکەوە خۆیان هەڵداویشتە دەرەوە.(٢٧٨) ئەوەش بیانووی دەسپێکی شەڕ.

لەو جەنگەیەدا، کۆمەڵێک ڕێگەچارە خرانە بەردەم ئەمریکا . (یەک لەوان "سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان) پێشنیاری کرد، کۆنفڕانسەکەی ژنێڤ دیسان ببەستنەوە و دیسان دیگۆل بانگهێشت کرایەوە بۆ وتووێژی ئاشتی لە کۆنفڕانسێکدا کە ویلایەتەیەکگرتووەکان و فەڕەنسا و سۆڤیەت و چین تێیدا بەشدار بوون . بەدوای ئەوەدا، هەرچی هێزی دەرەکییە لە شێوە دوورگەی هیندوچین بڕۆنە دەرێ و زلهێزەکان، بێلایەنیی لایۆس و کامبۆجیا و هەردوو ڤێتنامەکە دەستەبەر بکەن.(٢٧٩) ئەو ڕێچارە کردەییە بوو جگە لەوەی

زەمانەتی ئەوەی نەدەکرد  کە ڤێتنامی باشوور ناکۆمۆنیست بمێنێتەوە و ئەمریکاش هەربۆیە گوێی نەدایێ.

وەفدێک بە سەرۆکایەتیی جۆرج باڵی جێگری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا چەند حەفتەیەک لەوەپێش نێردرابووە فەڕەنسا بۆ ئەوەی بۆ دیگۆلی  ڕوون بکاتەوە کە لەم دۆخە ناسکەی ئێستادا، هەرچەشنە باسێکی سازش و پێکهاتن، ورەی ڤێتنامی باشوور دادەبەزێنێ و تەنانەت لەوانەیە ببێتە هۆکاری ڕووخانیشی . ویلایەتەیەکگرتووەکان "باوەڕی بە سازش نییە مەگەر ئەوەی پێگەی ئێمە لە گۆڕەپانی شەڕدا ئەوەندە بەهێز بێ کە بەرامبەرەکەمان بەگوێرەی پێویست پوان و ئیمتیازی پێویستمان بداتێ." دیگۆل دەمودەست ئەو هەڵوێستەی  ڕەت کردەوە و بە باڵی گوت  :" هەر ئەو خەیاڵانە بوو کە فەڕەنسای تووشی ئەو چەرمەسەرییانە کرد، "جەنگ لە ڤێتنامدا مەحاڵە سەرکەوێ" . ڤێتنام "وڵاتێکی خراپ"ـە و ویلایەتەیەکگرتووەکان بەهەموو سەرچاوەدەوڵەمەندەکانیشیەوە، لەوێ هیچی پێ ناکرێ. تاقە  ڕێگەی سازش ئەوەیە نە زۆرەملی و نە لێدان. دیگۆل لەوانەیە پێی ناخۆش نەبووبێ کە ئە  و بەڵایەی بەسەر فەڕەنسا هات، بەسەر ئەمریکاش بێ  ؛ بەڵام تێبینیی زۆر گەورەتر لەوەی کردە ڕێنوێنی خۆی. ئەوان و ئەورووپییەکانی دیکەیش، بۆیە لە زۆربەی هەوڵەکانی دواتریاندا ئەوەندە شێلگیر بوون کە ئەمریکا لەو گرفت و گێچەڵەی ڤێتنام  ڕزگار بکەن، چونکە لەوە دەترسان نەکا سەرنج و سەرچاوەکانی ئەمریکا لە ئەورووپاوە بگوێزرێنەوە ناوچەیەکی دوورەدەست لە ئاسیادا.(٢٨٠)

لەو نێوەدا ئێوتانێت لە ڕێی ڕووسەکانەوە دڵنیا بۆوە لەوەی هانۆی حەزی لێیە لەگەڵ ئەمریکییەکان بکەوێتە دانوستان و ئەدلی ستیۆنسۆنی نوێنەری ئەمریکا لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی لەوە ئاگادار کردەوە. ئێو تانێت پێشنیاری کرد لە سەرانسەری سنووری ڤێتنام و لایۆسدا تەقە  ڕاگیرێ و گوتیشی لە سەر هەلومەرجی ئاگربەستەکەیش قسەیەکی نییە و با ئەمریکا چۆنی پێ باشە وای بنووسێ و بەبێ گۆڕین ڕایگەیەنێ.( ٢٨١) ستیۆنسۆن ئەم پەیامەی گەیاندەوە واشنتۆن بەڵام پشتگوێ خرا و لای لێ نەکرایەوە  . پاش

هەڵبژاردنەکان وەڵامی نەخێر هاتەوە. بەو بیانووەی کە ویلایەتەیەکگرتووەکان لە ڕێگەی دیکەوە تێ گەیشتووە کە هانۆی لە ڕاستیدا حەزی لە سازش و ڕێککەوتن نییە. ئێوتانێت وای ڕێکخستبوو دانوستانەکان لە ڕانگۆن بکرێ. بەڵام ڕاسک گوتی :" نوێنەر نانێرێ لەبەر ئەوەی بچووکترین ئاماژە لەو بوارەوە، دەبێتە هۆی پشێوی لە سایگۆندا ". ئەوەی لە ڕاستیدا ویلایەتەیەکگرتووەکان لێی تۆقیبوو بەڵام نەیدەدرکاند کردنەوەی جارێکی دیکەی باسی بێلایەنی بوو.

ئێوتانێت نەیتوانی بیشارێتەوە کە ئەو وەڵامە نەخێرەی چەندە پێ ناخۆش بووە و مانگی فێبریوەر لە کۆنفڕانسێکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی بەردەوامبوونی خوێنڕشتن لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا شتێکی بێجێیە و تەنیا دانوستان و ڕێککەوتن دەتوانێ "ئەمریکا وا لێ بکات، سەربەرزانە لەم بەشەی جیهان بچێتە دەرێ." لەو جەنگەیەدا، بۆمبارانەکانی ئەمریکا کە بە "هەورەتریشقەی بەگرمە" ناسرابوون، دەستیان پێ کردبوو و ئیتر کاولکاری و کوشتاری هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا، دەرفەتی چوونەدەرەوەی سەربەرزانەی نەهێشتەوە.

جانسۆن هەلێکی تەنانەت لەوەش گەورەتری بۆ ڕزگاربوون لەو گێچەڵە لەکیس خۆی دا. ئەویش ئەو هەلە بوو وا پاش هەڵبژێرانی خۆی بۆی ڕەخسابوو. بە دەنگێکی زۆرینەی بێوێنە لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا، گۆڵدواتری بەزاند و زۆرینەیەکی لەشکاننەهاتووشی لە کۆنگرەدا دەستەبەر کرد: ٦٨ کورسی لە ١٠٠ کورسی لە سەنا و ٢٩٤ کورسی لە ٤٢٤ کورسی لە پەرلەمانی نوێنەران. ئەو دەنگە زۆرە بەرهەمی کەلێنێک بوو کە کەوتبووە نێوان کۆماریخوازە توندڕەوەکانی لایەنگری گۆڵدواتر و کۆماریخوازە میانڕەوەکانی لایەنگری ڕاکفلێرەوە، هەروەها ترسی نەبڕاوەی خەڵک لە مەبەستی شەڕخوازانەی گۆڵدواتر و هەموو ئەوانە ی پێگەیەکیان بۆ جانسۆن دەستەبەر کرد کە دەیتوانی چیی پێخۆشە بیکا. ئاواتی دڵی ئەو جێبەجێکردنی بەرنامەی خۆشبژێوی و دانانی یاسای پێوەندیدار بە مافە مەدەنییەکان بوو بۆ دروستکردنی "کۆمەڵگەیەکی مەزن" . کۆمەڵگەیەک کە هەژاری و زوڵمی تێدا نەبێ. حەزی لێ بوو مێژوو وەک پیاوێکی چاکەکاری مەزن، لە ف ڕانکلین و ڕۆزڤێلتیش مەزنتر و هاوسەنگی لینکۆڵن ناوی بێنێ. لەکیسدانی دەرفەت لەو

دەمەدا، بۆ ڕزگارکردنی دەوڵەتەکەی خۆت لەو گێچەڵ و ژانەسەرە بەدشوومە دەرەکییە، گەمژەییەکی قەرەبووهەڵنەگر بوو. ئەگەرچی هەموو خەتاکە لە ئەستۆی ئەو نەبوو.  ڕاوێژدەرە سەرکییەکانی جانسۆن لە حکوومەتدا، هەر هەمووان وەک ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەو زەبرەی  ڕاستئاژۆکان لە ئاکامی هاتنەدەرەوەیان لە ڤیێتنام لێیان دەدەن، زۆر گورچوبڕتر دەبێ لەو زەبرەی چەپەکان لە بەر درێژەدانی جەنگەکە لێیانی دەدەن. جانسۆن کە زۆر لە دەسەڵاتەکەی خۆی دڵنیا بوو پێی وا بوو دەتوانێ هەردوو ئامانجەکەی واتە ئامانجی دەرەکی و ناوخۆییەکە، پێکەوە وەدی بێنێ.

ئەو ڕاپۆرتانەی لە سایگۆنەوە دەهاتن، هەموو باسی لێکهەڵوەشانەوەی زیاتر و پشێوی و گەندەڵی و کەفوکوڵ و هەستی دژەئەمریکایی و بزاڤی بێلایەنیی بۆداییەکان بوو. یەکێک لە کاربەدەستە ئەمریکییەکان لە سایگۆن دەیگوت: "هەر دەڵێی لەسەر سەکۆکەی تایتانیک( ٢٨٢) ڕاوەستاوم."(٢٨٣) ئەو ڕەنگی مەترسییانە لەبری ئەوەی واشنتۆن تێ بگەیەنن کە هەوڵەکان بێ سوودن و کاتی ئەوە هاتووە نەهێڵێ زیانەکان لەوە پتر بن، بەپێچەوانەوە ئەو بۆچوونەی لێ کەوتەوە کە بۆ  ڕاگرتنی پارسەنگ(بالانس) و مسۆگەرکردنی بالادەستی، دەبێ زیاتر هەوڵ بدەن و تێ بکۆشن. سەرکردە سەربازی و ناسەربازییەکان، هەمووان قەبووڵیان بوو کە دەبێ قۆڵ هەڵماڵن و هێرشی ئاسمانی دەست پێ بکەن بۆ ئەوەی نەهێڵن باکوور پێشڕەوی بکا. کەس گومانی لەوەدا نەبوو کە ویلایەتەیەکگرتووەکان لە سۆنگەی بالادەستیی هێزەوە دەتوانێ بە ئامانجەکەی خۆی بگا.

جانسۆنیش وەک کێنێدی، پێی وابوو لەکیسچوونی ڤیێتنامی باشوور، وەک ئەوە وایە کۆشکی سپی لەدەست چووبێ. ماوەیەک دواتر گوتی ، باسێکی وا بێ ئاکام، باسێکی کاولکەر و ڕووخێنەر دەبوو کە "سەرکۆمارییەکەی منی تێک دەشکاند و دەوڵەتەکەمی تێدا دەبرد و زیانی بە د        ێموکڕاسییەکەی ئێمە دەگەیاند". لە کیسچوونی چین کە بووە هۆی قووتبوونەوەی جۆ مەکارتی، "لە چاو ئەو شتەی لە ئەگەری لەکیسچوونی ڤیێتنامداڕووی دەدا؛ وەک پەین و پاڵ وابوو". ئەودەم ڕابێرت کێنێدی پێش دەکەوت و بەهەمووانی دەگوت: "من (واتە

جانسۆن) ترسنۆکم، نامەرد و بێ ڕەگم." لەوەش خراپتر، هەر مسکۆ و پەکەن زانیبایان ئەمریکا لەرزۆک و لاوازە، قۆڵیان لێ هەڵدەکرد بۆ ئەوەی "لەو بۆشایی دەسەڵاتەی پاش ئێمە دروست دەبوو پەرە بە دەسەڵاتی خۆیا بدەن.. بەو جۆرە سێهەم جەنگی جیهانی هەڵدەگیرسا." جانسۆن گوتی : " مەحاڵە ئەوەندەی من لەو مەسەلە دڵنیام، کەس ئەوەندە لە شتێک دڵنیا بێ."( ٢٨٤) و گوتیشی کەس هێندەی بنیادەمی کەمزان (کەم زانیاری) متمانەی بە ئەگەر و مەزەندەکانی خۆی نییە.

پاش سەرکەوتنە گەورەکە لە هەڵبژاردندا و دەستەبەربوونی دەسەڵات، یەکێک لە ڕێکارە کردەییەکان، لەوانەبوو ئەوە بێ ئەو ڕێگەیە بگرنە بەر کە وا ئێوتانێت بەرەو هانۆی خستبوویە بەردەمیان و تەنانەت کە لێک لە دەسەڵاتی ئەویش وەرگرن و دەوڵەتێک لە سایگۆن دامەزرێنن کە (هەر وەک کێنێدی پێشنیاری کردبوو) داوا لە ئەمریکا بکا، لە ڤێتنام بچێتە دەرێ و دەوڵەتەکە خۆی کێشەکان چارەسەر بکا. بەڵام لەبەر ئەوەی وەهاڕەوتێک بێ ئەملاوئەولا دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکانی زاڵ دەکرد، ویلایەتەیەکگرتووەکان تەنانەت ئامادە نەبوو هەر بیریشی لێ بکاتەوە، ئەگەرچی بەو کارە مۆتەکەی مەرگی لە گیانی خۆی دوور دەکردەوە.

ئەگەر ورد بووبانەوە، دەیاندی کە ئەو هۆکارانەی ئەمریکایان تێوە گلاند، زۆربەیان نەماون. سەرکۆمار لە ڕێکخراوی سیای پرسیی، ئەگەر لایۆس و ڤێتنامی باشوور بکەوێتە چنگ کۆمۆنیستەکان، ئاخۆ هەموو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بەدووددا دەڕوا؟ سیا وەڵامی "نەخێر"ی داوە و گوتی: جگە لە کامبۆجیا "لەوانەیە لە ئاکامی هەرەسی لایۆس و ڤێتنامدا، هیچ وڵاتێکی دیکە دەسبەجێ خۆی نەداتە دەست کۆمۆنیستەکانەوە" و بڵاوبوونەوە و تەشەنەی کۆمۆنیزم لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا "شتێکی مسۆگەر نابێ" و دوورگەکانی ناوەندیی سەربازیی ئەمریکا لە زەریای هێمندا "هێشتا هێزی ئەوەمان دەدەنێ، دەسەڵاتێکی سەربازیی ئەوتۆمان لە ناوچەکەدا هەبێ کە پێشی هانۆی و پەکەنی پێ بگرین." ( ٢٨٥) کەواتە ئەمریکا پاش هەموو ئەو قسانەش ناچار نەبوو بکشێتەوە سانفرانسیسکۆ.

ڕاسپاردەیەکی دیکەی دەستەی کارگێڕیی ڤێتنام کە نوێنەرانی وەزارەتخانەکانی دەرەوە و بەرگری و ناوەندی هاوبەشی سەربازی و ڕێکخراوی سیای تێدابوو گەیشت. ئەوان پاش هەڵبژاردنەکانی مانگی نۆڤەمبەر ئازایانە خستیانە ئەستۆی خۆیان کە "واقیعبینانە کار بکەن و ڕوونی بکەنەوە، بەگشتی ئامانجەکانمان چین و بردنەوە و دۆڕان لەسەر چییە." ئەو هەوڵە بێوێنەیە، بووە هۆی ئەوەی تاقمی گۆرین پاش لێکۆڵینەوەی ورد و دووروودرێژ، زۆر شێلگیرانە وریایی بدات کە ویلایەتەیەکگرتووەکان ناتوانی گەرەنتیی ئەوە بکات، ڤێتنامی باشوور نابێتە کۆمۆنیست "مەگەر ئەوەی خۆمان پابەند بکەین بۆ هەرچەندە هێرشێکی سەربازی کە بۆ بەچۆکداهێنانی ڤێتنامی باکوور و لەوانەیە چینی کۆمۆنیست پێویست بێ." ئەو دەستەیە ئەوەشیان گوتبوو کە وەها هێرشێک، لەوانەیە ببێتە شەڕێکی گشتگیر و" تەنانەت لەوانەیە لە قۆناغێکدا بگاتە ئەوەی چەکی ناوکییش بەکار بێنن".(٢٨٦)

هەر لەو دەمەدا، جۆرج بال جێگری وەزارەتی دەرەوە و پسپۆڕی کاروباری ئابووری کە باوەڕی بە سەروەریی ئەورووپا هەبوو و هەر لە ئەوەڵەوە ڕەشبینانە لە مەسەلەی ڤێتنامی دەڕوانی، زۆری هەوڵ دا نەهێڵێ بڕیاری شەڕ بدەن. ئەو لە یادداشتێکی تێروتەسەلدا باسی ئەوەی کرد کە بۆمباران لە بری ئەوەی باکوور هان بدات واز لە ئامانجەکانی بێنێ، لەوانەیە هانۆی دنە بدات، هێزێکی وشکانیی زیاتر (کە زۆریشی لەبەردەستە) بنێرێتە مەیدان و ئەوەش ئەمریکا ناچار دەکا، هێزی زیاتریان بۆ بەرەنگاربوونەوە بەگژدا بکات. بال ئەوەشی بیر خستنەوە کە هاوپەیمانەکانی ئێمە دەمێکە باوەڕیان وایە، ویلایەتەیەکگرتووەکان "لە ڤێتنام لە کێشەیەکی بێسوودەوە گلاون و ئەگەر پەرە بگرێ و شەڕی وشکانیی لێ بکەوێتەوە، ئیتر ئەمریکا ئاگای لە ئەورووپا نامێنێ. لەسەر ئێمەیە ترسمان لە نەمانی متمانەی گشتی بێ بە داوەر یی و هەڵسەنگاندنی ئەمریکا." پێشنیارەکەشی ئەوە بوو کە سایگۆن وریا بکرێتەوە لەوەی، ئەگەر ئێوە لەسەر شەڕەکە شێلگیر و مکوڕ نەبن، ئێمە واز لە شەڕ دێنین و ئەوەش لەوانەیە ببێتە هۆی سازش لەگەڵ ڕاپەڕیوەکان. بال لە دانیشتنی تایبەتیدا دەیگوت، ئاکامی لەوە باشترمان بۆ دەستەبەر نابێ.(٢٨٧)

بال لە جەنگەی دانوستانەکاندا تێگەیشت، کە سێ بەرپرسی پایەبەرزی حکوومی، واتە جۆرج باندی و مەکنامارا و ڕاسک، "زۆر بەتوندی دژی بۆچوونەکانی ئەون و ئەوان تەنیا هیوایان بە یەک شتە: "چۆن جەنگەکە پەرە پێ بدەین و ڤێتنامی باکوور وا لێبکەین ئامادە بێ دەست لە خەباتەکەی هەڵگرێ."

کە یادداشتەکەی ئەویان دایە سەرکۆمار، ئاکامەکە هەر وەک جاران بوو. جانسۆن سەیرێکی کرد و داوای لە باڵ کرد، موو بە مووی بۆی ورد بکاتەوە و ئەوجار بەبێ هیچ قسە و بۆچوونێک ناردییەوە.

باشە بۆچی ئامۆژگارییەکانی سیا و گرووپی کارا و جێگری وەزارەتی دەرەوە گوێی لێ نەدەگیرا؟ خستنەڕووی بۆچوونی ڕاوێژکارانە، لەسەر بنەمای زانیارییەکۆکراوەکانی ئەو دوو ناوەندە و بەتایبەتی گرووپی کارای ڤێتنام بوو. وای دانێین جانسۆن ئەو ڕاپۆرتەی خوێندبێتەوە ـ دیارە بنیادەم هیوادارە ئیدارە حکوومییەکان ڕاپۆرتەکانی خۆیان هەر بەو مەبەستە نەنووسن کە لەبری کاغەزی دیواری بەکاریان بێنن ـ ئەو پەیامەی بەهەند نەگرت. دەکرێ وەک "بەرهەڵستکارێکی خۆماڵی" لە بال قەبووڵ بکەن و لەڕاستیدا هەبوونیشی بێ سوود نەبوو و نیشانەی ئەوە بوو کە کۆشکی سپی دەرگای بەسەر جیابیرانیشدا کراوەیە. بەڵام بیر و زەینی پایەبەرزەکان، هەر ئەو بیروبۆچوونانەی ساڵی ١٩٥٤ بوو. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە هۆشی مین، ڕاسپێراوی کۆمۆنیزمی جیهانیە و سیاسەتی باجدانیش فێری کردوون کە پێویستە پێشی هەرچەشنە خۆبەدەستەوەدانێک بگرن و پابەندیی ویلایەتەیەکگرتووەکان لەسەر نەزۆککردنی هەوڵەکانی ڤێتنامی باکوور بۆ زاڵبوون بەسەر وڵاتەکەدا زۆر بەهەق و ڕەوایە و دەبێ سەر بگرێ . نابێ هەوڵەکانی ئەمریکا سەرکەوتن دەستەبەر نەکەن ـ ئەویش دژی خەنیمێک کە جانسۆن نا وی نابوو "وڵاتێکی بچووکی لەرۆزکی پلەچوار ."(٢٨٨) سەرەڕای وریاییدانی گرووپی کارا، سەرکۆمار و دوو وەزیرە باڵاکەی کابینە و سەرکردایەتیی ناوەندی هاوبەشی هێزە سەربازییەکان دڵنیا بوون کە هێزی

ئەمریکا لەدەستی دێ، سەرەڕای خۆپاراستن لە تێکهەڵچوون لەگەڵ چین، ڤێتنامی باکوور ناچار بکات دەست لە بەرەنگاری هەڵگرێ.

هانۆییش پێدەچوو لە هە وڵدابێ. دوو ڕۆژ بەر لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، ویت کۆنگییەکان دەتگوت دەیانەوێ دوژمنایەتی بنێنەوە . بۆ یەکەم جار پەلاماری دامەزراوە ئەمریکییە تایبەتەکانیان دا و فڕۆکەخانەکەی بین هۆوایان دایە بەر هاوەن. ئەو فڕۆکەخانەیە، یەکێک بوو لە بنکە ئەمریکاییەکانیڕاهێنانی سەربازی و یەک بەتالیۆن فڕۆکەی قەدیمیی بی-٥٧ بەم دواییانە لە فلیپینەوە نێردرابوونە ئەوێ بۆ ڕاهێنان و ئەوێی کردبووە ئامانجێکی سەرنجڕاکێش. شەش فڕۆکە لەناو چوون، پێنج ئەمریکی کوژران و ٧٦ برینداریشی لێ کەوتەوە. ژەنەڕاڵ تایلەر، باڵیۆزی ئەودەمی ئەمریکا لە سایگۆن دڵنیا بوو لەوەی پەلامارەکە بە دنە و هاندانی هانۆی بووە و بە تەلەفۆن داوای لە واشنتۆن کرد ڕێی بدەن دەسبەجێ تۆڵە بکاتەوە. ڕاوێژکارە پایەبەرزەکان لە واشنتۆن هەر هەموو قایل بوون. جانسۆن کە چاوەڕێی هەڵبژاردن بوون، دەستی ڕاگرت و لەبەر ترسە ناخۆشەکەی لە چین و سەرەڕای ئەو هەمووە ڕاپۆرتەی لەبارەی گەندەڵی و دارمانی ڕۆژبەڕۆژی سایگۆن پێی دەگەیشت، سێ مانگی دیکەش هەر ڕاوەستا.

جانسۆن، بەپارێز و دڕدۆنگ، مەک جۆج باندی و جێگری مەکنامارا و جۆن مەکناتۆنیشی نارد بۆ ئەوەی بزانن ئاخۆ بە ڕاستی پێویستە بۆ ڕزگارکردنی باشوور جەنگی ئاسمانی دەست پێ بکەین؟ لەو ڕۆژانەدا کە ئەودووانە لە ڤێتنامی باشوور بوون، ویت کۆنگ هێرشی دیکەی کرد، ئەم جارەیان هێرشی کردە سەر بنکەی ئەمریکییەکان لە پلیکۆ و هەشت ئەمریکایی لەو هێرشەدا کوژران و ١٠٨ کەس بریندار بوون. دەگێڕنەوە جۆرج باندی بەو شەڕخوازییە بەئەنقەستە هەڵچوو و بەتەلەفۆن جا زۆر بەتام و خوێوە داوای لەسەرکۆمار کرد تۆڵە بکەنەوە. جا ئەم قسەیە ڕاست بێ یان درۆ، هەژان و هەڵچوون فاکتەری دەسنیشانکەری نەبوو. یادداشتەکەی باندی کە لەڕێگەی گەڕانەوەیدا بۆ نیشتمان لەگەڵ تایلەر و ژەنە ڕاڵ ویلیام وێست مۆرلەندی فەرماندەی جێنشینی هارکینز نووسرا، سارد و وشک بوو . بەبێ "هەوڵێکی تازەی

ویلایەتەیەکگرتووەکان، شکان و بەزینی ڤێتنامی باشوور مسۆگەرە.. بردنەوە و دۆڕاندن لە ڤێتنام زۆرلەسەرێیە.. ئابڕووی نێودەوڵەتیی ئەمریکا لە مەترسیدایە.. هەر بە ڕاستی بۆ دەربازبوون لە ڤێتنام لە ڕێی دانوستانەوە، جارێ هیچ ڕێیەکی مزگێنیدەر نییە." هەر بۆیە ئەم "سیاسەتی تۆڵەکردنەوەی وردەوردە و بەردەوام"ـەی داڕێژراوە، هیوابەخشترین ڕێگەیە و لەم دەموساتەی ئێستادا نابێ هیچ وتوویژ و ڕێککەوتنێک قەبووڵ بکەین مەگەر لەسەر بنەمای براوەوەی زەبروزەنگ و شەڕخوازیی ویتکۆنگ.(٢٨٩)

هەر ئەو شتانە بوونە بنەمای سیاسەتێک کە ئەمریکای لە چنگی خۆیدا ڕاگرت . مەترسیی پڕبایەخە . پاراستنی ئابڕووی ئەمریکا لەهەموو شتێک گرینگترە. ستراتژیەکە دەبێ زیادکردنی وردەوردەی بۆمبارانەکان بێ و نابێ هەوڵی دانوستان و سازش بدرێ، هەتا ئەوەی تەوژمی سزاکان، هەنگاوی مکووڕی ڤێتنامی باکوور شل بکات. ماکسۆل تایلەر ، دواتر ئەو شێوازە وردەوردەیەی خۆی ئاوا شی کردەوە :"دەمانویست هۆشی مین و ڕاوێژکارەکانی دەرفەتی ئەوەیان هەبێ بیرێک لە دوورەدیمەنی نیشتمانە کاولکراوەکەی خۆیان بکەنەوە."( ٢٩٠) جۆن مەکناتۆن، مامۆستای پێشووی یاسا کە لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی دژوار و ئەستەم ڕاهاتبوو یەکێک لە هۆکارەکانی سەرئێشەکەی دەسنیشان کرد و مشوورخۆرانە لە لیستی ئامانجەکانی شەڕدا باسی کرد: "هاتنەدەر لە قەیرانەکە، بەبێ پە لەیەکی ناماقووڵ و قەبووڵنەکراو لەبارەی ئەو شێوازانەوە کە بەکار هێنران."(٢٩١)

چەند سەعات پاش هێرشەکە بۆسەر پلیکۆ، دەسبەجێ بۆ تۆڵەئەستاندنەوە دژکردەوەیان نواندبوو و سەرکردەی زۆرینە لە سەنا و سەرۆکی پە ڕلەمانی نوێنەرانیش لە کۆشکی سپی ئاگایان لە بڕیاردانەکە بوو. پاش سێ حەفتە باسوخواسی ئاڵۆز، بەرنامەی سێ مانگ بۆمبارانەکەی بەناو (هەورەتریشقەی بەگرمە) لە ٣ی مارسدا دەستی پێکرد.

لەبەر ئەوەی جانسۆن نیگەران بوو کە نەکا ئەم بۆمبارانە چەقۆ بگەیەنێتە ئێسقای ڕووسییەکان یا چینییەکان ؛ هەر بۆیە عەمەلیاتی "هەورەتریشقەی بەگرمە" ڕاستەوخۆ لە کۆشکی سپییەوە چاودێری دەکرا. سەرکردایەتیی

گشتیی ناوچەی زەریای ئارام، هەموو حەفتەیەک بەرنامەی حەوت ڕۆژی داهاتووی ـ وێڕای تایبەتمەندی و شوێنی تەقەمەنی و عەمبار و خەزێنەکانی سووتەمەنی و کارگەکانی چاککردنەوە و ئامانجەکانی دیکە و ژ ومارەی هەڵفڕینەپێویستەکان ـ ی بۆ سەرکردایەتیی ناوەندی هاوبەشی هێزە سەربازییەکان دەنارد. سەرکردایەتییش بەرنامەکەیان دەدا بە مەکنامارا و ئەویش دەیبردەوە بۆ کۆشکی سپی. لێرەدا تاقمێک لە پایەبەرزەکان کە لە پیشدا سەرکۆمار و وەزیرانی بەرگری و دەرەوە و سەرۆکی ئەنجومەنی تەناهیی نیشتمانی بوون و هەموو سێ شەممان لە کاتی نانی نیوەڕۆدا بەو مەبەستە کۆ دەبوونەوە، بەرنامەکەیان بە وردی تاوتوێ دەکرد. ئەو ئامانجانەی ئەوانە لە نێو سەرقاڵیی سەدان گرفتی دیکەدا و لە مەودای ٩٠٠٠ میلەوە دەسنیشانیان دەکردن، هەر لەو ڕێگەیەوە دەگەیەنرایە بەرەی جەنگ. ئیتر فڕۆکەوانی هەر فڕۆکەیەک، ئاکامی فڕینەکە ی خۆی دەدایەوە فەرماندەی بنکەکەی و ئەو ڕاپۆرتانە بەیەک دەگیران و دەنێردرانەوە واشنتۆن. مەکنامارا هەمیشە لە هەمووان ئاگادارتر بوو. چونکە دەبوایە لە پەنتاگۆنەوە بێتە کۆشکی سپی. دەیانگوت لە ترۆمبێلەکەیدا هەشت خولەکی لەوانی دیکە پتر کات هەیە بۆ ئەوەی بە ڕستە(لیست)ی ئامانجەکاندا بچێتەوە.(٢٩٢)

کۆبوونەوەکان، هەموو سێ شەممانە لە ژووری نانی نیوەڕۆدا لە نهۆمی دووەمی کۆشکی سپی دەگیردران. کاغەزدیواری ئەو ژوورانە، کۆمەڵێک دیمەنی بەچاوی لە سەرکەوتنەکانی شۆڕشی ئەمریکا لە ساراتۆگا و یۆرک تاون پێوە بوو. جانسۆن کە بەردەوام تیۆوی ناوبانگێکی مێژوویی بوو هێرۆی گواڤی مامۆستای مێژووی زانکۆی کۆلۆمبیای داوەت کرد لە هەندێ نیوەڕۆژەکانی سێ شەممانەیدا بەشدار بێ و لەگەڵ ئەندامانی کۆڕەکە وتووێژ بکا. ئاکامی ئەو کارە، بەرهەمێکی مێژوویی بوو کە ئەو هەر چاوەڕوانیشی نەدەکرد. بە پێی قسەی سەرکۆمار خۆی، کە لەوانەیە زیاتر لک و پۆی لێ زیاد کرابێ، ئەو شەوانە خەوی لێ نەدەکەوت و نیگەرانی ئەوە بوو کە نەکا پەلەپیتکە بترازێ و "پەیمانە نهێنییەکانی" نێوان ڤێتنامی باکوور و هاوپەیمانەکانی جێبەجێ بکرێن و جاری وابوو وای لێ دەهات کە ئەو سەعات

سێی نیوەشەو بە ڕۆبێکەوە دەچووە خوارێ بۆ ژووری عەمەلیات بۆ ئەوەی ئاکامی ئەو هێرشە ئاسمانییانە ببینێ کە لەسەر نەخشە دیوارییەکە دەسنیشان کرابوون.(٢٩٣)

مەترسییەکی گەورەتر لە مەترسیی چین، لە نێو ئەمریکا و لەبەرەی ناوخۆدا خۆی مات دابوو. خەڵکەکە ئەگەر لە بنێڕا گوێیان بە مەسەلەکە نەدەبزو ت، لەسەر یەک پشتیوانییان لە جەنگەکە دەکرد، بەڵام بۆمبارانەکان شەپۆلێکی ناڕەزایەتیی لە زانکۆکاندا بەدووی خۆیدا هێنا. یەکەم کۆڕی وتاری هاوبەشی مامۆستا و قوتابییەکان لە مانگی مارسدا لە زانکۆی میشیگان، جێی سەرسووڕمان بوو کە ٣٠٠٠ کەسی لەخۆی کۆ کردەوە و ئەو سەرچەشنە، زانکۆکانی هەردوو بەری وڵاتی گرتەوە. لە یەکێک لەو کۆبوونەوانەدا لە واشنتۆن، پێوەندیی تەلەفۆنی لە نێوان ئەوێ و ١٢٢ زانکۆدا پێکهات.( ٢٩٤) ئەو بزووتنەوەیە زیاتر درێژەی ئەو خەباتە بوو کە لە پێناوی بەدیهاتنی مافە مەدەنییەکان و ئازادیی ڕادەربڕین و جموجۆڵەکانی دیکەی قوتابییان لە دەیەی ١٩٦٠دا کەوتبووە ڕێ؛ نەک لایەنگرییەکی لەناکاو لە وشکارۆی ئاسیا. ئەو دەستە و گرووپانەی بەر لەوەش لە پێناوی ئەو ئامانجانەدا خەباتیان دەکرد، ئامانجێکی نوێیان دۆزییەوە و هێزە ڕێکخەرەکەی خۆیانیان خستە کار. لە زانکۆی برێکلی، بیستوشەش مامۆستا یەکیان گرت و بە واژۆکردنی نامەیەک گوتیان: "حکوومەتی ویلایەتەیەکگرتووەکان لە ڤێتنام تاوانێکی گەورەی خوڵقاندووە."( ٢٩٥) بزووتنەوەی ناڕەزایەتی، ئەگەرچی بە ناکۆکی و ناتەبایی گرووپ و تاقمەکان چەندبەرەکلێ کەوتبووە نێو بەڵام تین و گوڕێکی تایبەت و زۆربەشی بێ فکر و بێ واتای بە ناڕازییەکان دا.

داڕێژەرانی سیاسەت پێشبینیی ئەوەیان کردبوو کە لەگەڵ هێرشە سەربازییەکاندا، پێویستیان بە کۆمەڵە چالاکییەک هەیە . زانیاری قایلکەر بگەیەنێتە خەڵک، بەڵام هەوڵەکانیان هیچی لێ شین نەبۆوە. وتاردەرەکانی دەسەڵات پۆل پۆل بۆ باس و وتووێژ دەنێردرانە زانکۆکان ؛ بەڵام ئەوانە پتر بیانوویان دەدایە دەست قوتابییەکان بۆ ئەوەی ناڕەزایەتی دەربڕن و گاڵتەیان پێ بکەن. وەزارەتی دەرەوە، ڕاپۆرتێکی فەرمیی لاوازی دەرکرد بەناوی

"دەستدرێژی لە باکوورەوە" . بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە دزەکردنی خەڵک و چەکی ڤێتنامی باکوور، وەک "جەنگێکی هێرشبەرانە" وایە .(٢٩٦) سەرکۆمار و وەزیری دەرەوە و باقی وتەبێژەکانی حکوومەت، بەردەوام بە دەستەواژەی "دەستدرێژی" و "دەستدرێژیی سەربازی" و" دەستدرێژیی شەڕخوازانە" و "دەستدرێژیی چەکدارانە" پاساویان بۆ خەڵکەکە دەهێناوە، ئەوان کەمتەرخەمیی پێشگرتن لەو دەستدرێژییەیان دەکردە بنەما کە جەنگی دووەمی جیهانیی لێ هەڵاییسا و بەدەوام و بەئاماژە دەیانگوت کە ڤێتنامیش نموونەیەکی دەستدرێژیی دەرەکییە. جا ئەوەندەش لەسەر ئەو خاڵە سوور و پێداگر بوون کە جاری وابوو هەر ڕاشکاوانە باسیان دەکرد. وەک ئەودەمەی لە ١٩٦٦دا کە مەکنامارا ناوی نا "بێشەرمانەترین جۆری دەستدرێژیی دەرەکی".( ٢٩٧) جیاوازیی بیروباوەڕ لە ڤێتنام، هەر وەک جیاوازیی باکوور و باشوور لە شەڕە ناوخۆییەکەی ئەمریکا، پێدەچوو ڕاستەقینە و چارەهەڵنەگر بێ ؛ بەڵام قەت لە ئەمریکا وا نەبووە کە جەنگی ئەیالەتەکانی باکوور لەگەڵ ئەیالەتەکانی باشوور بە "دەستدرێژیی دەرەکی" لەقەڵەم درابێ.

هەتا مانگی ئەپریل ئیتر دەرکەوتبوو کە عەمەلیاتی "هەورەتریشقەی بەگرمە" هیچ کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ویست و ورەی دوژمن بۆ شەڕکردن دانەناوە. بۆمبارانی کوێر ەڕێگاکانی گەیاندنی لۆجستیک لە لایۆس، پێشی دزەکردنەکانی نەگرتبوو و پەکی نەخستبوو . هیچ هێما و نیشانەیەک لە کەمبوونەوەی شەوپەلامارەکانی ویت کۆنگ بەدی نەدەکرا.

چار نەبوو دەبوو هێزی وشکانیی ئەمریکا هەر بێنن و سەرکردەکانی ناوەندی هاوبەشی هێزە سەربازییەکانیش هەر وایان دەگوت. هەمووان لێیان ڕوون بوو کە ئەم مەسەلەیە زۆر گرینگە. بابەتەکە بەتێروتەسەلی و لە هەموو لایەنەکانەوە خرا ـە بەر باس و متمانە و دڵنیایی هەندێکیان و گومان و دڕدۆنگیی ئەوانی دیکە ؛ جا سوپایی یان مەدەنی، هیچی لەوی دی کەمتر نەبوو.(٢٩٨) ئەو بڕیارانەی لە مانگی ئەپریل و مایدا دران، بەش بەش و وردە وردە بوون و بنەماکەشیان ستراتژیی بەردەوامبوون لەسەر بۆمبارانەکان بوو لەگەڵ شەڕی وشکانی بۆ تێکشکاندنی ورە و ئیرادەی باکوور و ویت

کۆنگەکان و "بێبەشکردنی ئەوان لەسەرکەوتن و بەکردەییکردنی دانوستانەکان لە ڕێی لەپێخستنی دوژمن". وا دەهاتە بەرچاو کە نەک بە شکاندنی ویت کۆنگەکان، بەڵکو بە هیلاک و شەکەتکردنیان، واتە بە کوشتنیان دەکرێ دوژمن ئەوەندە لەپێ بخەی. وایان دانا هێزی ئەمریکا لە پێشدا بکرێتە ۸۲۰۰۰ شەڕکەر.

جانسۆن سەگەسەگەی دەکرد، هەم ددانی چیڕ دەکردەوە و مۆڕەمۆڕەی دەکرد و هەمیش باسی ئاشتی و تەبایی دەکرد.ڕۆژی ۷ی ئەپریل لە وتارێکی گرینگدا لە زانکۆی جانز هاپکینز بەڵێنی دا، بە یەک ملیارد دۆلار یارمەتیی ئەمریکا کە ڤێتنامی باکووریش پاش قەبووڵی ئاشتەوایی دەتوانێ تێیدا بەشدار بێ. بەرنامەیەکی بەربڵاو و هەراو بۆ نۆژەنکردنەوەی گوندەکان و جڵەوکردنی لافاوەکانی دۆڵی مەکۆنگ جێبەجێ بکا. ئەوڕایگەیاند کە ویلایەتەیەکگرتووەکان "بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی ئاشتیخوازانە هەمیشە پێشەنگ دەبێ" و هەر ئێستاش ئامادەی "وتووێژی بێ مەرج"ـە. ئەم قسانە ڕوون و ڕاشکاوانە و بەخشندانە دیار بوون، بەڵام واتای "بێ مەرج" لە زەین و بیرکردنەوەی ئەمریکاییەکاندا بە واتای وتووێژ لە وەختێکدا بوو کە باکوور بەگوێرەی پێویست شکابێ و قایل بێ دان بە شکستەکەی دابێنێ. ئەگەر ئەوەش لە تەنیشت ئەو پێداگری و مکووڕییەی خەنیمەکە(بەرامبەر) دابنێین، ڕێک ئەوەندە توند و پێچەوانەی ئەو شتانە بوون، لەگەڵ کۆمەڵێک هەلومەرجی دیاری پێشوودا . جا دەگەینە کۆمەڵێک گریمانەی نەگۆڕ کە هەموو هەوڵەکانی سێ ساڵی دواتریان بەبادا دا.

یەک ملیاد دۆلارەکە کەسی نەخەڵەتاند. هانۆی هەر سبەینێکەی ورتەورتەکانی جانسۆنی ڕەت کردەوە و چوار مەرجەکەی پێشووی خۆی دیسان ڕاگەیاندەوە:

١- چوونەدەرەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا.

٢- خۆپاراستنی هەردوولایەن لە بەستنی گرێبەستە دەرەکییەکان، یان ڕێگەدان بەهاتنی سوپای دەرەکی.

٣- قەبووڵی بەرنامەی بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی "ویت کۆنگ" لە لایەن ڤێتنامی باشوورەوە.

٤- یەکیەتیی وڵات بەدەستی ڤێتنامییەکان خۆیان و بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی.

مەرجی سێهەم  ڕێک ئەو شتە بوو کە ڤێتنامی باشوور و ئەمریکا دژی شەڕیان دەکرد و مسۆگەر بوو کە هەموو شتەکە هەڵدەوەشێنێتەوە. هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکانیش کۆمەڵێک کۆسپیان هاتە بەر. کۆنفڕانسێک بە دەستپێشخەریی مارشال تیتۆ کە حەڤدە وڵاتی بێلایەنی تێدابوو داوای وتووێژی کرد بەڵام هیچ ئاکامێکی لێ نەکەوتەوە بلێر سیبۆرن، ئەندامە کەنەدییەکەی کۆمیسیۆنی چاودێریی نێودەوڵەتی، پێوەندیی خۆی بە هانۆیەوە نەپچڕاند، بەڵام هیچی لێ شین نەبۆوە     . چوار سەرۆکوەزیری وڵاتە هاوبەرژەوەندەکانی بەریتانیا   ڕاسپێردران بچنە پایتەختی ئەو وڵاتانەی لەشەڕەکەدان و پێشنیاری دانوستان بکەن، بەڵام مسکۆ و پەکەن و هانۆی ڕێگەی چوونیان نەدانێ. ڕاسپێردراوێکی دیکە لە لایەن دەوڵەتی بەریتانیاوە، چەند مانگێک دواتر هەر بەو مەبەستە نێردرا. ڕێگەی درا بچێتە هانۆی، بەڵام ئەویش هەر وەڵامی نەرێی وەرگرت.

لە مانگی مای  ١٩٦٥دا ویلایەتەیەکگرتووەکان خۆی قۆڵی لێ هەڵماڵی. بۆمبارانی ڕاگرت، بەوهیوایەی هانۆی قایل بێ بۆ قسەکردن و بیستن. لەگەڵ ئەوەدا، بە ڕاسک دا یاداشتێکیشی دایە باڵیۆزخانەی ڤێتنامی باکوور لە مسکۆ، بەو پێشنیارەوە کە هەردوولا "هێرشی چەکدرانە"یان کەم بکەنەوە.
باکوورییەکان یاداشتەکەیان بەبێ وەڵام ناردەوە و چەند      ڕۆژ دواتر بۆمبارانەکان دەستیان پێ کردەوە.(٢٩٩)

لە ٩ی جووندا، ویلایەتەیەکگرتووەکان       ڕاشکاوانە بڕیارە چارەنووسگۆڕەکەی پەسندکرانی "پشتیوانیی سەربازی"ی هێزە وشکانییەکانی ئەمریکای لە ڤێتنامی باشوور ڕاگەیاند ـ بەڵام لە هەندێ هەڕەشەوگوڕەشەدا، کە نیشانی بدەن ئەمە تەنیا هەوڵێکی زیادەیە، نەک گۆڕانێکی بنەڕەتی. یەکەم ئەرکی "پشکنین و لەناوبردن" لە  ٢٨ی جووندا جێبەجێ کرا. لە جوولایدا، سەرکۆماری ئەمریکا، هەمووانی لە زیادکردنی سەربازگیری و ناردنی ٥٠٠٠٠ سەربازی زیادی ئاگادار کردەوە. بەم زیادکردنە، ژ     ومارەی سەربازە

ئەمریکاییەکان لە ڤێتنامدا گەیشتە ١٢٥٠٠٠ کەس. هەتا کۆتایی ١٩٦٥ لەسەر یەک گەیشتە ٢٠٠٠٠٠ کەس. مەبەست لەو زیادکردنانەیش، وەک دواتر ژەنەراڵ تایلەر بە پەرلەمانی سەنای گوت: مەبەست ئەوە بوو "بەردەوام زیانی زیاتر لە پارتیزانەکانی ویت کۆنگ بدەین و وایان لێ بکەین، نەتوانن زیانەکانیان قەرەبوو بکەنەوە" و بەم هێرشە بڕستبڕ و شەکەتکەرانە، باکوور قایل بکەین کە لە باکووری هیچ سەرکەوتنێکی سەربازیی بەدەست ناهێنێت. باوەڕەکە وابوو کە "پێدەچێ هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٦٦ ئیتر ئەوان سەربازی ڕاهاتوویان بەدەستەوە نامێنێ"(٣٠٠) و لەو قۆناغەدا، لەبری دانوستان، دوژمن دەبێ خۆی دەست هەڵگرێ و وردەوردە لەبەرچاوان ون بێ. بەدوای ئەم ڕەوتەدا بوو کە دەست کرا بە بازرگانی بە تەرمەکانەوە و ژ ومـاردنی تەرمی مردووان بوو بە یەکێک لایەنە زۆر دزێوەکانی جەنگ. کەس نازانێ بۆچی ئەم ڕاستییە کە باکوور بە سوپایەکی زیاتر لە ٤٠٠٠٠٠ کەسی ڕێکخراوی خۆیەوە دەتوانێ چەندی پێی خۆش بێ، سەرباز بێنێتە مەیدان و جێی زیانەکانی ویت کۆنگی پێ پڕ بکاتەوە، نەکەوتە نێو بازنەی لێکدانەوەی ئاماریی وردی پێنتاگۆن.

ئیتر دوژمنایەتییەکە نکۆڵیی لێ نەدەکرا. سەربازی ئەمریکایی دەیانکوشت و دەکوژران . فڕۆکەوانە ئەمریکاییەکان بە نێو ئاگری فڕۆکەشکێنەکاندا بەرەو ئامانجەکانیان لوور دەبوون و لە بەربوونەوەدا دەگیران و دەبوونە دیلی شەڕ. کە شەڕەکە هەڵاییسا، ئیتر بەبێ داننان بە شکستدا ناتوانی لێی بچیتە دەرێ. ئەوە داوێک بوو کە ئەمریکا خۆی دایнابوو و هەر خۆیشی پێوەی بوو [*].
هەروەک چۆن ئەو دوژمنانەی لە جەنگە بێئاکامەکانەوە گلاون، زۆربەیان بۆیان دەرکەوتووە، زۆر بەزەحمەت و بەدەگمەن دەتوانن شەڕەکە لە ڕێگەی دانوستانەوە ببڕێننەوە. جەنگ وێران و مەرگە و زیاتر ئەو کاتە پەنای بۆ دەبەن کە چەقۆ بگاتە ئێسقان. هەر بۆیە بەردەوام قسە و لێدوانی بایەخداری پڕ لە پاساو و بەرگریی لەگەڵدایە. لە سەدەکانی ناڤیندا، باسی "جەنگی دادپەروەرانەیان" دەکرد و لە سەردەمی ئێمەیشدا جۆرێکی دیکەی ڕاگەیاندنی

[*]ئەو چاڵەی هەڵیکەندبوو خۆی تێیکەوت.

جەنگ (جگە لە ژاپۆنییەکان کە لە ناخافڵ و لەپڕێکدا هێرش دەکەن). پاساو چەندی درۆیی و خەڵەتێنەریش بێ کە زۆربەشی هەر وایە، ئەم پەنابردنانە بۆ یاسا هەر بۆ خۆ ڕانانە و لەخۆوە هێز و دەسەڵاتێکی پتر دەداتە دەوڵەت.

جانسۆنیش بڕیاری دا لە ڕاگەیاندنی شەڕ پاشگەز بێتەوە . یەکەم لەبەر ئەوەی ئامانجەکانی ئەو لە ڕووی بەرگریی نیشتمانییەوە ئەوەندە ناڕوون بوون کە بایی ئەوە نەبوون جەنگیان بۆ ڕابگەیەنێ و جگە لەوەش، لە ترسی ئەوەی نەکا ڕاگەیاندنی جەنگ بەفەرمی، ببێتە هۆی ئەوەی چین یان ڕووسیا بەرپەرچی بدەنەوە و زیاتریش لەبەر ئەوەی نەکا سەرچاوە و سەرنجەکان لە بری بەرنامە ناوخۆییەکان ــ کە ئەو بەهیوا بوو لە مێژوودا بەناوبانگی بکەن ـ چەواشە بن و بچنە سەر شتی دی. هۆکارێکی دیکەش ترس لە هێرش و هەرانانەوەی ڕاستئاژۆکان بوو سەبارەت بە هێرشکردنە سەر باکوور و بۆمبارانی هەوساریپچڕاو . بەتایبەتی ئەگەر زانیبایان بارودۆخەکە لە باشوور چۆن ڕۆژبەڕۆژ خراپتر دەبێ. هەر بۆیە قەت ئاشکرایان نەکرد کە ئەمریکا چەندە تێوە گلاوە. جانسۆن پێی وابوو دەتوانێ، بەبێ ئەوەی خەڵک پێ بزاننەوە و ئاگادار بن، درێژە بە شەڕەکە بدات. داوای لە کۆنگرە نەکرد بەفەرمی جەنگ ڕاگەیەنێ، چونکە پێیان گوت یان خۆی ترسی ئەوەی هەبوو کە لەوانەیە کۆنگرە ڕازی نەبێ و نەشیدەویست بڕیارنامەکەی کەنداوی تۆنکین دیسان بخاتەوە دەنگدانەوە لەبەر ئەوەی دەترسا، زۆرینەی دەنگەکە لەدەست بدا و ئابڕووی بچێ.(٣٠١)

دیارە ژیرانەتر وا بوو کە خۆی لەو تاقیکردنەوەیە بدا و داوای لە کۆنگرەی کردبایە، بەرپرسیارەتییە یاساییەکەی چوونە نێو جەنگەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی. دیارە دەبوایە بۆ ڕاگرتنی پارسەنگی تێچووەکانی جەنگ و ئەو گوشارانەی هەڵاوسانیان لێ دەکەوتەوە، داوای زیادکردنی ماڵیاتەکانی کردبا. بەڵام ئەوەشی نەکرد بەو هیوایەی ناڕەزایەتی نەنێتەوە. لە ئاکامدا جەنگەکەی ئەو لە ڤێتنامدا هەرگیز نەچووە خانەی جەنگێکی یاساییەوە. جانسۆن بە خۆبواردن لە ڕاگەیاندنی جەنگ، ڕێگەی بۆ ناڕەزایەتیی پتر خۆش کرد و

هەڵەیەکی وای کرد کە بۆ سەرکۆمارییەکەی کارەساتبار بوو. واتە شوێن پێی خۆی لەسەر پشتیوانیی خەڵک قایم و پتەو نەکرد.

خۆبواردن لە ڕاگەیاندنی شەڕ، یەکێک بوو لە دەرکەوتەکانی چەمکی جەنگی سنووردار کە لە سەردەمی کێنێدیدا بوو بە باو. مەکنامارا لە وتارێکی شیاوی سەرنجدا گوتبووی( ٣٠٢) "گەورەترین ڕۆڵی ڤێتنام... یارمەتیدانە بە گەشە و پەروەردەی توانایی ئەمریکا، بۆ ململانێ و بەرەنگاری لە جەنگە سنووردارەکان و تێهەڵچوون لە جەنگدا بەبێ تووڕەکردنی خەڵک." ئەو باوەڕی وا بوو کە ئەم کارە "لە مێژووی ئێمەدا پێویستییەکە چونکە ئەو جەنگەی ئێمە لە پەنجا ساڵی داهاتوودا لەپێشمانە، لەوانەیە هەر ئەمە بێ."(٣٠٢)

جەنگی سنووردار لە بنەمادا جەنگێکە بە بڕیاری دەسەڵاتی جێبەجێکەر(قوه مجریه) و "بەبێ تووڕەکردنی خەڵک" ـ واتە بەبێ ئەوەی خەڵک بەهەند بگری ـ واتاکەشی جیابوونە لە خەڵک و بە واتایەکی دی، بەلاوەنانی ئەسڵی حکوومەتی هەڵبژێردراوە. جەنگی سنووردار، بەپێچەوانەی قسەی لایەنگرەکانی، لە جەنگی بەتەواومانا و بێسنوور، قەبووڵکراوتر یان دۆستانەتر یان دادپەروەرانەتر نییە. ئەویش هەروا لێبڕاوانە دەکوژێ. جگە لەوەش وەختێک بۆ لایەک سنووردار و بۆ لایەنی دوژمنیش بەواتای جەنگی بێسنوور و بێ ئامان بێ، لەوانەیە ناکامیی لێ بکەوێتەوە. وەک بڵێی فەرمانڕەوا دژە ئەقڵ و مەنتقەکان لەوە تێگەیشتوون. سووریە و ئوردون لە ١٩٥٩دا داوایان لە ناسر سەرکۆماری ئەو وڵاتە کرد، جەنگێکی سنووردرا لەگەڵ ئیسراییل هەڵایسێنێ . ناسر وەڵامی داوە، قسەی لەسەر ئەو کارە نییە بەو مەرجەی هاوپەیمانەکانی بتوانن گفت و بەڵێن لە بەن گۆریۆن(٣٠٤) وەرگرن کە ئەویش جەنگی سنووردار بکا. "سنووردارمانەوەی جەنگ بەهەردوو لایەنەوە بەستراوەتەوە."(٣٠٥)

جانسۆن هەر پاش تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان جەنگەکەی هەڵایساند و پاوڵ کۆنراد لە کاریکاتۆرێکدا لەبنی کوولەکەی دا جانسۆنی نیشان دا کە لە ئاوێنەدا سەیری خۆی دەکا، بەڵام گۆڵدواتێر لەوێدا سەیری دەکاتەوە.( ٣٠٦)

نارەزایەتییەکان کە هێشتاش زیاتر لەلایەن قوتابییەکان و توندڕەوەکان و ئاشتیخوازەکانەوە بوو هەر لەو دەمەوە بوو بەهەرا و نەپسایەوە. کۆمیتەیەک

بەناوی کۆمیتەی ڕێکخەری کۆتاییهێنان بە جەنگی ڤێتنام پێکهات و خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکانی ڕێکخست و ٤٠٠٠٠ کەسی کۆ کردەوە کە لە دەوری کۆشکی سپی ناڕەزایەتییان دەربڕی. سووتاندنی کارتی ئامادەبوون بۆ خزمەتی سەربازی بوو بە باو. ئەو کەسەی لەو کارەدا بوو بە پێشەنگ، گەنجێک بوو بەناوی دەیڤید میلەر کە زۆر بەتام و خوێوە کارتی چوون بۆ سەربازییەکەی خۆی لەبەردەم کاربەدەستانی حکوومەتی فیدراڵ سووتاند و لە سزای ئەوەدا دوو ساڵ کەوتە بەندیخانەوە.

بەلاسایيکردنەوەی کارە سامناکەکەی ڕاهیبە بودایەکان، گۆگویی خەڵکی بالتەیموور لە ٢ی نۆڤەمبەری ١٩٥٦دا لەسەر پلیکانەکانی پەنتاگۆن خۆی سووتاند. حەفتەیەک دواتر، یەکێکی دیکەش لەبەردەم ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هەر بەو جۆرە خۆی کوشت. ئەو کارە ئەوەندە شێتانە بوو کە کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر خەڵکی ئەمریکا دانا و ناڕەزایەتییەکانی دژی جەنگ لە بیر وڕای گشتیدا، وەک کار و کردەی خەڵێکی سەرلێشێواوی کوڵگرتوو لێک درانەوە.(٣٠٧)

ناڕەزایەتییەکان بەتەوژم و ئاگرین بوون بەڵام بەهیچ شێوەیەک ڕێکخراو و هەمووانی نەبوو. کەفوکوڵی کرێکارە ڕێکخراوەکانی وڵات کە ئەنجومەنی فدراسیۆنی کرێکاریی ئەمریکا و کۆنگرەی ڕێکخراوە پیشەییەکان نوێنەرایەتییان دەکرد، زۆر لە هاوتا و هاوشێوە دەرەکییەکانی جیاواز بوو. (٣٠٨) ئەم ئەنجوومەنە لە وریاکردنەوەیەکی ڕاشکاوانەدا و لە کاتی خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٦٦دا بە نوێنەرانی کۆنگرەی ئەمریکای ڕاگەیاند: "ئەوانەی پشتیوانییەکی گەرم لە هێزە سەربازییەکانی ئێمە ناکەن، لە ڕاستیدا یارمەتیی دوژمنە کۆمۆنیستەکەی وڵاتەکەمان دەدەن." کرێکارەکان خۆیشیان هەر ئەم هەستەیان هەبوو. لە ویلایەتی میشیگان، شارەوانە نەریتشکێنەکەی شاری دیەربۆرن، لە هەڵبژاردنەکەی شارەوانیی ١٩٦٦دا لە دەوروبەری کارخانەی فۆرد، مەسەلەی تەقەڕاگرتن و ئاگربەست و بەدوواشیدا هاتنەدەرەوەی ئەمریکای خستە ڕیفراندۆمەوە "بۆ ئەوەی خەڵکی

ڤێتنام بتوانن خۆیان کێشەکانیان چارەسەر بکەن." بە تێکڕا ىى دەنگ وەڵامی نەرێیان بە پرسیارەکەی داوە.(٣٠٩)

بەڵام خەڵکی دەستڕۆیشتوو وردە وردە دەهاتنە گەڵ نارازییەکان. تەنانەت واڵتەر لیپمەنیش کە بەو هەمووە زەحمەتەوە پێوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ سەرکۆمارەکان پێکهێنابوو پێوەندییەکانی خۆی کردە قوربانی ڕاستی. ئەو بیانووی "دەستدرێژیی دەرەکی"ی ڕەت کردەوە و لە باسی ئەم قسە بەڵگەنەویستەدا گوتی، شتی وا قەت لە ڤێتنام نەبووە تەنیا "دوو ناوچە لە یەک وڵات"دا هەبووە.(٣١٠)*

ئەو سیاسەتە جیهانگەرایییەی ئەمریکای دەکردە پۆلیسی دنیا و لە "شەڕە ڕزگاریخوازییە بێبڕانەوەکان"ی وەردەدا، کەوتنە بەر لۆمە و سەرکۆنەی ئەو. گۆڕانی باوەڕی لیپمەن و ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز کە ئیتر دژی خۆتێوەگلاندنی زیاتر بوو ڕێز و پێگەی بەرهەڵستکارەکانی پتر کرد و دڕدۆنگیی کاربەدەستەکانیش لەو بارەیەوە کە بکرێ لە ڕێی سەربازییەوە کۆتایی بەجەنگ بێنن، پتر ڕوون بۆوە و دەرکەوت. سکرتێرێکی ڕۆژنامەوانیی زۆر نزیک و جێ ی متمانەی سەرکۆمار، بەناوی بیل مۆیەرز بە دەربڕینی هیوابڕاوی و سەلێشێواویی کاربەدەستان و چاودێر و کارمەندەکانی خوارەوەتر، بەردەوام هەوڵی دەدا پێشی دەسەڵاتدارە پایەبەرز و شەڕخوازەکان بگرێ. تۆڕەکەی مۆیەرز کە لەپێشدا لەسەر داوای سەرکۆمار خۆی، بۆ دەبڕینی ڕا و بۆچوونە ناکۆکەکان دروست کرابوو وردە وردە جانسۆنی وەڕز کرد و وەئامانی هێنا. جانسۆن حەزی لە "پەرشوبڵاوی" یان چەند ڕێگەیەکی جیاواز نەبوو. ڕێک کێشەکەی پاپا ئەلکساندری شەشەمی هەبوو. ئەگەرچی تیژبینی و بەرچاوڕوونییە کورتخایەنەکەی ئەویشی نەبوو کە لە دەموساتی تەنگانە و داماوی و پەژیوانیدا گوتی: "ڕاستە دەسەڵاتدار قەت گوێ ناداتە ڕاستی و حەقیقەت و "ئاخری وای لێ دێ تەنانەت هەر حەز ناکا گوێشی لێی بێ" . جانسۆن دەیەویست سیاسەتەکانی بێ ئەملاوئەولا پەسند

---

* واتە قەت وانەبوو ڤێتنام دوو وڵاتی لەیەک جیا بێ(باکوور و باشوور، کە یەکیان دەست درێژی بکاتە سەر ئەوەی دی، تەنیا دوو ناوچەی جیاوازی یەک مەملەکەت و وڵاتن.)

بکرێن و پاش ئەوەی مەسەلەکە لێڵ و ئاڵۆز بوو ئیتر خۆی لە بیستنی ڕاپۆرتەکانی مۆیەرز دەپاراست.(٣١١)

ئەو ڕاوێژدەرانەی نیگەران بوون کە بەناچاری جەنگەکە بەتەوژمتر و گەرمتر بێ، بیریان لە ڕێگەچارەی دیکە کردەوە. باڵیۆزی ئەمریکا لە سایگۆن، لە ژێر چاودێریی ماکسۆل تایلەردا کە بەرپرسی یەکەم تاکتیکی جەنگی بوو بەڵام پێی باش نەبوو شەڕەکە پەرەی پێ بدرێ، لە سەرەتای ١٩٦٥دا گەڵاڵەیەکی بۆ "کۆتاییهێنان بە شەڕەکانی ئێمە" پێشنیار کرد. بەپێی ئەو گەڵاڵەیە، کۆنفرانسی ژنێڤ دەبوو دیسان ببەسترێتەوە و بۆ ئەوەی ئەمریکاش لە دانوستانەکاندا دەستبەتاڵ نەبێ، هێزە ئەمریکاییەکان وردە وردە کەم بکرێنەوە و جگە لەوەش "لێبوردن و مافە مەدەنییەکان" ی ویت کۆنگەکانیش بگرێتەوە و بەرنامەیەک بە پارەی ئەمریکا بۆ گەشەی ئابووریی هەموو هیندوچین جێبەجێ بکرێ.(٣١٢) گەڵاڵەکە جێگری تایلەر واتە ئالکسیس جانسۆن کە یەکێک بوو لە خاوەن پلەکانی وەزارەتی دەرەوە، نووسیبوویەوە و بەشێکیشی خراپە نێو وتارەکەی سەرکۆمار لە زانکۆی هاپکینز؛ بەڵام ئیتر لەوە پتر شووی لێ هەڵنەکێشا و پتر نەگوترا. جۆرج باڵیش کۆمەڵێک پەیام و یاداشتی دەنارد و دەپاڕاوە کە بەر لەوەی کارەساتێکی گەورە جڵەوەکەمان لەدەست دەربێنێ، دەبێ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە بەرژەوەندیی سایگۆن جیا بکرێنەوە. گالبریت لە بارەی ئەو نامانەوە کە دیارە دەگەنە دەست هەموو سەرکۆمارێک، دەنووسێ کە "ئەو ؛ واتە جانسۆن بەدڵنیاییەوە هەر هیچیان ناخوێنێتەوە."(٣١٣)

ئەو دوو کەسەی سەرکۆمار زۆری ڕێز دەگرتن، یەکیان ڕیچارد ڕاسلی سەناتۆری جۆرجیا و ئەوی دیکەش کلارک کلیفۆردی ڕاوێژکارەکەی پێژووی ترۆمەن بوو لە کۆشکی سپی و زۆریشیان هەوڵ دا جانسۆن لەو ڕێگەیە بگێڕنەوە کە گرتبوویە بەر. ڕاسل هەتا ١٩٦٩ سەرۆکی دوو کۆمسیۆنی زۆر بەهێزی پە ڕلەمانی سەنا بوو . یەکیان کۆمسیۆنی بودجە و ئەوی دیکەش کۆمسیۆنی هێزە چەکدارەکان و هەتا جانسۆن لەو پە ڕلەمانەدا سەناتۆر بوو . هەر هاوڕێی بوو و چاوەڕوان دەکرا ببێتە یەکەمین سەرکۆماری ئەیالەتەکانی

باووشر؛ بەڵام ڕێکەوت و بەخت و شانس جانسۆنی خستە پێش ئەوەوە.ڕاسل لەگەڵ ئەوەدا کە بە ڕواڵەت شەڕخواز دیار بوو لە ١٩٦٤دا لەبەینی خۆیاندا بە جانسۆنی گوتبوو خۆ لە جەنگ ببوێرێ . (٣١٤) ئیتر لە بابەتێکی بێوێنە و بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانەدا، پێشنیاری کرد لە شارەکانی ڤێتنامدا ڕاپرسی بکرێ کە ئاخۆ دەیانەوێ ئەمریکا بەهانایانەوە بێت یان نا. جا ئەگەر گوتیان نا، ئەوا ویلایەتەیەکگرتووەکان بکشێتەوە.( ٣١٥) پرسیارکردن لە ڤێتنامییەکان کە ئاخۆ دەیانەوێ ئەمریکا جەنگەکەی ئەوان بگرێتە ئەستۆی خۆی یان نا، بیرۆکەیەکی تازە بوو کە پێشتر بەزەینی کەسدا نەهاتبوون بەڵام دیارە سەرەڕای ناوبانگی داهێنەرەکە،ڕەچاو نەکرا.

لەوانەیە کرابا هەر لە چاوی گوندییەکاندا بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێن. ڕۆژنامەنووسێک کە لە ئەورووپاوە دووەم شەڕەکەی جیهانیڕووماڵ کردبوو دەیگێڕاوە کە وەختێک سەربازە ئەمریکاییەکان هاتنە ناوچە ئازادکراوەکانی ئیتالیا، خەڵک بە زەردەخەنەوە پێشوازییان لێ دەکردن و لە ئامێزیان دەگرتن و بەکەیفخۆشییەوە خولْقیان دەکردن بۆ شەڕابخواردنەوە. لە ڤێتنام، کاتێک یەکە ئەمریکاییەکان بە شەقام یان گوندەکاندا تێدەپەڕین، خەڵکی گوند سەریان دادەخست یان سەیری لایەکی دیکەیان دەکرد و ڕوویان نەدەدانێ و هیچ بەخێرهێنانێک لە گۆڕێ نەبوو. "تەنیا دەیانویست ئێمە بچینەوە وڵاتی خۆمان." ئەوە نیشانەیەکی مایەپووچیی هەوڵەکانی ئێمە بوو لە پێناوی "وڵاتسازیدا". کام وڵات تا ئێستا لە دەرەوەڕا دروست کراوە؟(٣١٦)

دووەم کەس، واتە کلیفۆرد مافناسە گرینگەکەی واشینتۆن و هاوڕێی نزیکی سەرکۆمار، لە نامەیەکی تایبەتیدا ئاگاداری کردەوە کە بەپێی هەڵسەنگاندنەکانی ڕێکخراوی سیا، زیاترکردنی هێزەکانی وشکانی، لەوانەیە ببێتە هۆی "پابەندبوونی بێسنوور .. بەبێ هیچ هیوایەکی ڕاستەقینە بە سەرکەوتنێکی مسۆگەر. ئەو پێشنیاری کرد، سەرکۆمار لەبری ئەم کارە، هەموو ڕێگە و ئەگەرانەی لەوانەیە ڕێککەوتنیان لێ بکەوێتەوە، هەڵسەنگێنێ. "ئەوەی ئێمە دەمانەوێ ئەوە نییە. بەڵام دەتوانین فێری بین یان دروستی بکەین."( ٣١٧) چاودێرێکی دەرەکی واتە ئابووریزانی ناوداری سویدی، "گۆنار میردال"یش

کاکڵی قسەکەی کلیفۆرد و ئامۆژگارییەکانی دیکەی پێشتڕاست کردەوە و لە جوولای ساڵی ١٩٦٥ لە نیویۆرک تایمزدا نووسیی: "لە ئەمریکا نەبێ، لە هەموو وڵاتەکانی دیکە خەڵک بەگشتی لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەم سیاسەتە سەرناکەوێ و شکست دەخوا."

گومان و دڕدۆنگیی ڕاوێژکارە ئەمریکاییەکان، ڕاشکاوانە دەرنەدەبڕدرا و جۆرج باڵ نەبێ، هیچ کامەیان پێشنیاری چوونەدەرەوەی نەدەکرد. زۆربەیان دەیانگوت وا باشترە بەبێ خەستترکردنی جەنگەکە، باوردۆخەکە هەر ئاوا ڕاگرین و ڕێگەیەک بۆ دانوستان بدۆزینەوە. بەڵام دانوستان گەیشتبووە بنبەستێکی پتەو. جگە لە هەلومەرجەکانی پێشوو هانۆی بە کەمتر لە حکوومەتێکی هاوپەیمانی، یان جۆرە ڕێککەوتنێک کە باشووری بخاتە بەر چنگی ؛ ملی بۆ هیچ سازش و ڕێککەوتنێکی دی ڕانەدەکێشا. وەها ڕێککەوتنێکیش بۆ ئەمریکا مانای شکست و بەزین بوو و دەوڵەتەکەی جانسۆنیش شتی وای پێ قەبووڵ نەدەکرا بەتایبەتی کە خۆی بە دەستی خۆی، بارمتە سەربازییەکانی ئازاد کردبوو. دەوڵەت بەدەست ئەو ئامانجەوە داما بوو کە نەهێڵێ ڤێتنامی باشوور ببێتە کۆمۆنیست و بۆ چوونەدەرەوەیەکی ئابڕوومەندانەی، جگە لە پێکانی ئەو ئامانجە، ڕێیەکی دیکەی نەبوو. بەڵام ئامانجەکە زۆر زیرەکانە گۆڕدرابوو و پاراستنی ئابڕوو جێی پێشگرتنی کۆمۆنیزمی گرتبۆوە. مەکناتۆن یەکێک لەو دەسەڵاتدارانەی کە خۆی نەدەخەڵەتاند و کڵاوی لەسەر خۆی نەدەنا، لە لیستەی ئامانجە جەنگییەکانی ئەمریکادا بە تانە و تەشەرەوە ئاوای باسی یەکەم ئامانج کردبوو: "سەدا حەفتا، خۆپاراستن لە شکستی سەرشۆڕانەی ناوبانگەکەمان بەناوی زەمانەتکەر."(٣١٨)

دەوڵەت لەم قۆناغەدا دەستی کرد بە تاوتوێکردنی ئامراز و ئیمکاناتەکانی "سەرکەوتن". ئەرکی سەربازی بە سەربازەکان ئەسپێردرابوو و ئەوانیش بۆ ئەوەی متمانەبەخۆبوون و ورەیان نەڕووخێ، دەبوایە باوەڕ بەوە بێنن کە دەتوانن جێبەجێی بکەن و تەواو ئاساییش بووکە ئەگەر کەسی زیاتریان بوێ، قسەی سوپاییەکان هەموو باش و داواکانیشیان زۆر بوو. مەکنامارا بەنیشانەی

دژایەتیی توندترکردنی شەڕەکە، لە ژەن   ەراڵ ویلەری سەرۆکی ناوەندی هاوبەشی هێزەسەربازییەکانی پرسیی: "ئەگەر هەرچیمان لەدەست دێ بیکەین"، ئەی ویلایەتەیەکگرتووەکان چەندە دڵنیایە لەوەی دەتوانێ "لە ڤێتنام سەربکەوێ؟" ویلەر گوتی  :" ئەگەر سەرکەوتن بە مانای سەرکوتی هەموو ڕاپەڕین و سڕینەوە و نەهێشتنی کۆمۆنیستەکان لە باشووردا بێ، ئەوە ۷۵۰۰۰۰ تا یەک ملیۆن کەس و بەلانی زۆریشەوە حەوت ساڵی کات پێویستە. ئەگەر مانای "سەرکەوتن" ئەوە بێ کە بۆ ویت کۆنگی بسەلمێنین‌کە هیچی پێ ناکرێ، هێزێکی کەمتری پێویستە.(۳۱۹) جا مشتومڕ قەت لەسەر ئەوە نەبوو کە ئەوەی کامە بەرژەوەندی نیشتمانی دیاریی دەکرد، ئاخۆ وەها هێزێک جا کەمتر یان زیاتر بخرێتە کار، دەوڵەتەکەی جانسۆن تەنیا بە   ڕەوگەی توندترکردندا دەچووە پێشێ. چونکە نەیدەزانی چ کارێکی دیکە بکا. کە هەمووڕێیەکان بگەنە ناکامی و بنبەست، سیاسەتداڕێژەران لەبری ئەوەی بیر بکەنەوە وایان پێ باشترە "دەست بکەن بە زۆرهێنان."(۳۲۰)

جانسۆن دەیەویست، هاوکات هەم شەڕ بکات و هەمیش دانوستان. کێشەکەش ئەوە بوو کە ئامانجەکەی ئەو واتە ناچارکردنی ڤێتنامی باکوور بەوەی دەست لە ڤێتنامی باشوور هەڵگرێ، بە جەنگی سنووردرا مسۆگەر نەدەبوو. باکوور قەت نەیدەویست دان بە باشوورێکی غەیرەکۆمۆنیستدا بێنێ و جا چونکە وەها سەرکەوتنێکیش تەنیا بە سەرکەوتنی سەربازی دەستەبەر دەبوو بەسەریانیدا سەپاند و وەها سەرکەوتنێکیش بۆ ویلایەتەیەکگرتووەکان مەحاڵ بوو . مەگەر بە هێرش و جەنگێکی تەواوعەیار کە ئەوەش ئەو وڵاتە نەیدەویست خۆی لێ بدا. کەواتە ئامانجە جەنگییەکەی ئەمریکا هەر لەپێشدا پووچەڵ بوو. خۆ ئەگەر کەسانێکیش لەو خاڵە تێگەیشتبێتن، ئەوا هیچ هەوڵێکیان بۆ نەدا، لەبەر ئەوەی کەس نەیدەویست شکستەکەی ئەمریکا وەڕووی خۆی بێنێ. چالاکەکان خۆیان بەوە قایل دەکرد کە لەوانەیە بۆمبارانەکان ئامانجەکە دەستەبەر بکەن . درِدۆنگەکانیش بەناڕوونی هیوادار بوون بەوەی بەشکم ڕێگەچارەیەک بدۆزرێتەوە.

مەرگی لەناکاوی ئەدلی ستیۆنسۆن لە لەندەن قرچەی لە دڵی سەرکۆمار هەستاند، چونکە ئاشکرا بوو کە چۆن وەڵامی نا، بە نێوبژیوانییەکەی ئێوتانێت دراوەتەوە. ئێریک سیڤارید، ڕێک بەر لە مەرگی سیۆنسۆن، دیمانەکەی خۆی لەگەڵیدا بڵاو کردەوە و بۆ یەکەم جار ئاشکرای کرد کە هانۆی لەڕاستیدا قایل بووە بەو کۆبوونەوەیەی ئێوتانێت پێشنیاری کردبوو . بەڵام لەبەر ئەوەی جانسۆن هەر بەو زووانە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا گوتبووی، لایەنی بەرامبەر "هەر تۆسقاڵێکیش چییە" حەز و هۆگریی خۆی دەرنەبڕیوە.( ٣٢١) ڕۆژنامەی سێنت لۆییس پۆست دیسپچ گوتی:" پار بەر لەوەی ئەمریکا چالاکانە خۆی لەشەڕەکە وەربدا، جانسۆن و وتەبێژەکەی کۆشکی سپی حەوت جار گوتبووی، ویلایەتەیەکگرتووەکان نایەوێ جەنگەکە بەربڵاوتر بکا. " بەو جۆرە پێگە و کەسایەتیی سەرکۆمار زیانی پێ گەیشت.( ٣٢٢) جا لەبەر ئەوەی ئاگربەستەکە، یەکەکانی ڤێتنامی باکووری لە ناوچەی باشووردا دەهێشتەوە، ویلایەتەیەکگرتووەکان ئەوەی پێ قەبووڵ نەدەکرا . بەڵام ڕاست گوتبووی، ئەمریکا بۆیە ناڕازییە چونکە هەست ناکا هۆنیی بەڕاستی حەزی لە دانوستانی بێ مەرج بێ. ئەو مەسەلەیەش دزەی کردە نێو ڕۆژنامەکان. وەک هەمیشە وەختێک، یەکێک بیەوێ خەڵک لە هەواڵێک ئاگادار بکاتەوە، کەس ناتوانێ پێشی بگرێ.

کە دەرکەوت سەرکۆمار هیچ حەزی لە ئاشتەوایی نییە، زۆری پێ ناخۆش بوو و لە ڕۆژی لەدایکبوونی مەسیحدا، فەرمانی دا بۆمبارانەکان ڕاگیرێن و خۆنواندنێکی بەرچاو بێ بۆ ئاشتی. دەسەڵاتبەدەستەکان، وەک کۆتری نامەبەر نێردرانە پایتەختەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا . بە ڕواڵەت بۆ ئەوەی ڕێگەی وتووێژ بکەنەوە. ـ هریمەن لە سەفەرێکدا بە دەوری دنیادا بۆ وەرشەو و دێهلی و تاران و قاهیرە و بانکۆک و ئوستralیا و لایۆس و سایگۆن، ئارتۆر گۆڵدبێرگ، جێنشینەکەی ستیۆنسۆن لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ڕۆما و پاریس و لەندەن، مەک جۆرج باندی بۆ ئۆتاوا و هیوبێرت هامفریی جێگری سەرکۆمار بۆ تیۆکیۆ و دوو کەس لە جێگرەکانی وەزارەتی دەرەوە، یەکیان بۆ مەکزیکۆ و ئەوی دیکەیش سەردانی وڵاتە ئەفریقییەکانی کرد. ئەو

خۆ ڕانانە هیچی لێ شین نەبۆوە. جگە لەوەی خەڵک زیاتر لە جاران زۆریان بۆ جانسۆن هێنا بۆ ئەوەی بۆمبارانەکان هەروا ڕاگرێ. بۆیە سی و حەوت ڕۆژی دیکەش بۆمبارانەکەیان هەروا ڕاگرت و گوتیان، مەبەست ئەوەیە هانۆیی تاقی بکەینەوە بزانین ئاخۆ حەزی لە دانوستانە یان نا کە هیچیشی لێ نەکەوتەوە. هانۆی چاوی بڕیبووە دوا ئامانجی خۆی و هیچ سوودێکی لە دانوستاندا بەدی نەدەکرد.

بۆمبارانەکان دەستیان پێ کردەوە و شەڕەکە گەرمتر کرا . بەڵام گەڕان بەشوێن ئاشتیشدا هەر بەردەوام بوو. دانوستانەکان لە نیوەی ساڵی ١٩٦٦دا بە نێوبژیوانیی پۆلۆنییەکان لە وارشۆ پێدەچوو وردەوردە بەرەو پێشتر بچێ. هەتا ئەوەی لە خاڵێکی زۆر هەستیاردا، یەکەم هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکاییەکان بۆ سەر ئامانجەکانی خۆیان لە هانۆی و دەوروبەری، بوو بە هۆی ئەوەی ڤێتنامی باکوور دەست لە پێوەندییەکان هەڵگرێ.(٣٢٤) ئەو ڕووداوە سەلماندی کە هیچ کامیان لە جێدا نایانەوێ وتووێژەکان بەرەوپێش بچن. مەکناتۆن بە خۆپارێزییەکەی خۆیەوە، بەو جۆرە باسی خۆپاراستنی ئەمریکای کرد کە هەوڵدان بۆ سەرکەوتن لەوانەیە ئاشتی و سازشی بەدوودا بێ ؛ بەڵام هەوڵدان بۆ ئاشتی، هەر شکستی بەدواوەیە . چونکە وەختایەک "ئاستی چاوەڕوانییەکانت لە سەرکەوتنەوە بێنیتە خوارەوە بۆ سازش.. خوێنی ڤێتنامی باکوور دەکوڵێ."(٣٢٥)

جەنگەکە ڕۆژبەڕۆژ دڕندانەتر دەبوو. تەرمی سووتاو بە بۆمبای ناپاڵم و کێڵگە و دارستانی بێ لک و گەڵا و گژ و گیا و کاول، دیلی ئەشکەنجەدراو و زیانی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر. جگە لەوەش، شەڕەکە هەر دەهات و تێچووەکەی پتر دەبوو و تێچووەکەی لەو قۆناغەدا هەر مانگەی خۆی لە دوو ملیارد دۆلار دەدا.(٣٢٦) توندترکردنی شەڕەکە وردە وردە لە ئەپریلی ١٩٦٦ ژمارەی هێزە ئەمریکاییەکانی گەیاندە ٢٤٥٠٠٠ کەس و دەوڵەت ناچار بوو داوای دوازدە میلیارد دۆلار لە کۆنگرە بکا بۆ خەرج و تێچووی جەنگ. لە خودی شەڕگەکە، چوونی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا نەیدەهێشت ویت کۆنگەکان بەرەو بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات پتر هەنگاو بنێن. بەپێی ڕاپۆرتەکان، ڕاپەڕیوەکان

بەردەوام پەناگە و حەشارگەکانی خۆیانیان لەدەست دەدا و ناچار بوون بەردەوام لە جووڵە و گواستنەوەدا بن و جار بە جار خەڵکێکی پتر لەنێویان ڕای دەکرد. زیانی ویت کۆنگەکان و ڤێتنامییەکانی باکوور، بەپێی ئاماری ئەمریکا دڵخوازانە زیادی کردبوو. لێپێچینەوە لە دیلەکان، دەریدەخست کە دوژمن ورەی ڕووخاوە. ئامانجەکەی ئەمریکا خەریک بوو بەدی بێ و نزیک دیار بوو.

تۆڵەی ئەو کردەوانە، پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونی فەڕەنسییەکان بوو لەبارەی "جەنگی چەپەڵە"ـەوە. ژەنە ڕاڵ وۆست مۆرلەند بۆ بڕستبڕین و شەکەتکردنی دوژمن، یەکە سەربازییەکانی دەناردە پێشەوە، بۆ ئەوەی خەنیمەکە بخەڵەتێنێ و ناچاری بکا هێرش بێنێ و دوایی تۆپخانە و هێزی ئاسمانیی ئەمریکا بەسەریاندا بدا و بیانکوژێ و دوژمنی زیانی پتری وێ بکەوێ. عەمەلیاتەکانی "پشکنین و خاپوورکردن" بە تانک و بیکەیسی و بۆمباران و وەراندنی گەڵای داران، گوندەکانی کاول دەکرد و کێڵگە و زەرعاتی لەناو دەبرد . خەڵکی هەژار و داماوی ئاوارە و سەرگەردان دەکرد و بەرەو هۆبە و ئۆردووگا بۆگەنەکانی کەنار دەری دەپەڕاندن و جار بە جار لە ئەمریکاییەکانی تووڕەتر و بێزارتر دەکردن. ئامانجی ستراتژیی بۆمبارانەکان و شکاندنی بەنداوەکان و تێکدانی جۆگە وڕووبارەکانی ئاوداشتن و ئامرازەکانی کشتوکاڵ ئەوە بوو  کە ئەوان بەچۆکدا بێن. عەمەلیاتەکانی "گەڵاداڕنین"( ٣٢٧) دەیتوانی بە سێ تا پێنج ڕۆژان ڕووبەری یەک ملیۆن مەتری دووجا مەرەزەجاڕ لەناو بەرێ و دارستانێکی ئەوەندەش پان و بەرین بە پێنج تا شەش ڕۆژ ڕووت و قووت بکاتەوە.( ٣٢٨) بەکارهێنانی بۆمبای ناپاڵم وەک تیرۆریزمی دەوڵەتی وابو و بەکارهێنەرەکەی دەتاساند . چونکە هەر ئەوەندە بەس بوو دوگمەیەک دابگرێ و لەبەر چاوی "کووخ و خانووەکان لەنێو گڕەمشقاڵەیەکی نارنجیدا بەئاسماندا بچن."( ٣٢٩) ڕاپۆرتی شێوەکانی شەڕکردنی ئەمریکا بە قەڵەمی ئەو هەواڵنێرانەی دژی هێزە سەربازییەکان بوون بەردەوام دەگەیشتنەوە وڵات. ئەو ئەمریکاییانەی تا ئەودەم جەنگیان نەدیتبوو بەچاوی خۆیان بریندار و خەڵکە ئاوارە و دەربەدەرەکە و منداڵی

گۆشت و پێست سووتاویان دەدی و هەر هاونیشتمانییەکانی خۆشیان بوون ئەو بەڵایانەیان خوڵقاندبوو. وەختێک تەنانەت لیدیز هۆم جۆرناڵ، وێنە و کۆمەڵێک زانیاریی لەسەر قوربانییەکانی ناپاڵم بڵاو کردەوە، ئیتر پردی هیواکەی مەکناتۆن ڕووخا کە دەیەویست بەبێ پەڵەی شوورەیی لەو گێچەڵە بێنە دەرێ.(٣٣٠)

زەبروزەنگی دوولایەنە، ئاگرەکەی بڵێسەدارتر و بەربڵاوتر دەکرد. تیرۆریزمی ویت کۆنگەکان بە مووشەک و گوللەبارانکردنی گوندەکان و تەڵەبۆمب و خەڵک ڕفاندن و کوشتار ؛ دۆست و دوژمنی نەدەناسی و بەئانقەست و بەوئامانجەش داڕێژرابوو هەتا پشێوی بنێنەوە و دەرکەوێ کە دەسەڵاتدارانی سایگۆن خەڵکیان پێ ناپارێزرێ. دەستێوەردانی چەکدارانەی ئەمریکا، پێشی سەرکەوتنی ڕاپەڕیوەکانی گرتبوو. هەر جارێکی پارسەنگەکە تێک دەچوو ڕووسیا و چین تفاق و پێداویستیی زیاتریان دەنارد بۆ باکوور و تین و گوڕێکی تازەیان وەبەر دەناوە. ورەی ڕووخاویا ن کە لە قسەی دیلەکانەوە دەردەکەوت، لێکدانەوەیەکی هەڵە بوو لە خۆڕاگری و دانبەخۆداگرتن و چارەنووسگەرایی ڕۆژهەڵاتییەکان. قۆناغە کورتە یەکساڵەکەی سەربازانی ئەمریکا، بەمەبەستی خۆپاراستن لە ناڕەزایەتی، ببوە کۆسپێک و نەیدەهێشت سەرباز خوو بە شێواز و چۆنیەتیی جەنگی پارتیزانیی نێو دارستانەوە بگرێ و ئاستی زیانەکانی پتر دەکرد . چونکە ژ ومارەی کوژراوان هەمیشە لە یەکەم مانگەکانی سەربازیدا زۆر زۆر بوو. خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجەکان، هەرگیز بەپێی هەلومەرجەکان نەبوو. تاکتیکە سەربازییەکانی ئەمریکا کە بۆ ڕێکخستنی سەربازەکان لەسەر ئاستێکی گەورەدا داڕێژرابوو جووڵەی کەمتر دەکردنەوە و بۆ بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی کە دەبوو لە شوێنە پیشەسازییەکان بدەن. ئەو مەکینەی جەنگە ؛ کە دەکەوتە کار ئیتر هەر جەنگێکی ئەم تایبەتمەندییانەی نەبایە نەیدەتوانی لەگەڵی هەڵبکا. شێوە بیرکردنەوەی ئەمریکایی، لەسەر بنەمای سوودوەرگرتن بە باشترین هێز دامەزرابوو بەڵام خۆ زەردەواڵە بە تانک لێک بڵاو ناکرێن.

جگە لە تێبینیی سەربازی، کۆمەڵێک مەسەلەی دیکەش لەگۆڕێ بوو. ئەمریکا هەموو هەوڵی خۆی دەدا بۆ بەهێزکردنی پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڤێتنامی باشوور و دەستەبەرکردنی د ێموکڕاسی و جێبەجێکردنی بەرنامەی "ژیانێکی هێمن"*. چاوەڕوان دەکرا، ئەم بەرنامەیە وا لە خەڵک بکا پتر متمانەیان بە حکوومەتەکەی سایگۆن هەبێ و سەقامگیری بکا. بەڵام ئەو سێ ژەنەڕاڵەی یەک بەدوای یەکدا هاتنە سەر دەسەڵات، یانی خان و کەی و تیۆ، هەر هەموویان لە ئاغاکەی خۆیان بێزار بوون و نەبوونە هاوکارێکی باش. هێزە سپی پێستەکان بەو هەمووە کەسەیانەوە، نەبوونە فاکتەرێکی دڵخۆشکەر.(٣٣)

بەرنامەی "ژیانێکی هێمن" سەرەڕای ئەو هەمووە تین و گوڕەی ئەمریکا بۆی دانا، بەئاکام نەگەیشت و لە هەندێ لایەنەوە، هەستی خەڵکیشی دژی سایگۆن و ویلایەتەیەکگرتووەکان ی وروژاند. دژایەتیکردنی سیستەمی ژەنەڕاڵەکان هەر دەهات و پتر دەردەکەوت و ئەو دەنگانەی حکوومەتێکی ناسەربازی و دەستوورێکی بنەڕەتییان دەویست، دەبیسران. بزووتنەوەی دژەدەسەڵاتی بوودایییەکان، دیسان بووژاوە و سەرلەنوێ ڕاشکاوانە بەرەنگاری ڕەشپێستەکانی سایگۆن بووەوە. لە هۆیەی پایەتەختە کۆنەکەی ئەو وڵاتە، خۆپێشاندەران باڵیۆزخانە و ناوەندیڕۆشنبریی ئەمریکایان سووتاند و تالانیان کرد.

لە ئەمریکایش هەست و کوڵەکان گۆڕانیان بەسەردا دەهات و پاش جێژنی لەدایکبوونی مەسیح، هەر بۆمبارانەکان دەستی پێ کردەوە و دەنگی دژایەتیی جەنگ بەرز بۆوە. نوێنەرانی کۆنگرە کە لە کاتی بیستنی ڕاپۆرتەکانی باڵیۆزخانەکەی ماکسۆل تایلەر پاش گەڕانەوە بۆ واشنتۆن "کە ڕاپۆرتەکان زۆر سەیر دانبەخۆداگرانە و ناڕەخنەیی" بوون( ٣٣٢) ئیتر ئێستا، دەستە و گرووپی بچووکی بەرهەڵستکاریان پێک دێنا. لە کاتی ڕاگیرانی بۆمبارانەکاندا، حەفتاوحەوت ئەندامی پە ڕلەمانی نوێنەران، زۆربەشیان دێموکڕات، داوایان لە سەرکۆمار کرد بۆمبارانەکان هەروا ڕاگرێ و کێشەکان بەرێتە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان. کە دیسان بۆمبارانەکان دەست

---

*واتە دابینکردنی ژیانێکی هێمن بۆ خەڵک.

پێکرانەوە، پانزە سەناتۆری دیموکرات، نامەیەکی سەرئاوەڵایان بۆ سەرکۆمار نووسی و دەستپێکردنەوەی بۆمبارانەکانیان سەرکۆنە کرد. سەناتۆر مۆرس پێشنیاری کرد، پاشکۆیەک لە گەڵاڵەی بوودجەدا بۆ ڤێتنام بگونجێنن و بڕیارنامەکەی کەنداوی تۆنکین هەڵوەشێنرێتەوە. سەناتۆر فۆلبرایت و یۆجین مەکارتیی سەناتۆری مینسۆتا و ستیڤن یانگ و سەناتۆری ئۆهایۆیش دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی دوو سەناتۆرەکەوە و دەنگیان دا بەدانانی پاشکۆکە. پێشنیارەکە بە ٩٢ دەنگی نەرێ لە هەمبەر ٥ دەنگی ئەرێدا شکستی هێنا.

ئەو بەڵگانە ئەگەرچی زۆریش بوێرانە نین، بەڵام نیشانەی ئەوە بوو کە لە نێوخۆی حیزبەکەشدا بەرهەڵستکاری سەرکۆمار هەن و دەسپێکی باڵبەندییەکی ئاشتیخوازانە بوو کە لەسەر مەسەلەی ڤێتنام کەلێنی خستە نێو ح زبی دیموکراتەوە. بەڵام سەرکردایەتییەکی لێبڕاو و بەباوەڕ لەگۆڕێ نەبوو کە ئامادە بێ لە پەرلەمانی نوێنەران یان لە سەنادا، بەرەنگاری زۆرینە بێتەوە.

دیارە کەوشەنی ناڕەزایەتییەکان زۆر بەرینتر لەوەی ئەم چەند دەنگە بچووکە دەری دەخست. بەڵام کۆنگرە هەروا گوێلەمستانە بوودجە سەربازییەکانی پەسند دەکرد . لەبەر ئەوەی هەر بژاردەیەکی دیکە بە واتای داننان بە شکست و بەزینی ئەمریکادا بوو. زۆربەی نوێنەرەکانیش دڵیان نەدەهات، لەوەها هەلومەرجێکدا سیاسەتی دەوڵەت ڕەت بکەنەوە. جگە لەوەش، زۆرینەیان بێخەم و خەیاڵ، دیلی ئەو دێوەزمەیە بوون کە ئایزەنهاوەر ناوی نابوو کۆمەڵگەی سەربازی ـ پیشەسازی. هەموو فکر و خەیاڵی ئەو کۆمەڵگەیە، ئەو بڕیارنامە بەرگرییانە بوون کە تاقمە سێسەد کەسییە گوشارهێنەرەکەی پەنتاگۆن لەسەر "گردەکەی کاپیتۆڵ"(   ٣٣٣) ڕێکیان دەخست.(  ٣٣٤) سوپا بەرنامەی سەفەر و زیافەتی نانی ئێوارە و فیلم و وتاردان و فڕۆکە و پشووی وەرزشیی کۆتایی حەفتە و کۆمەڵێک ئیمتیازی دیکە بۆ پیاوە زۆر گرینگەکان بەتایبەتی سەرۆکە پایەبەرزەکانی کۆمسیۆنەکانی هەردوو پە ڕلەمانەکە ڕێک دەخست. یەک لەسەر چواری ئەندامانی کۆنگرە ئەفسەری تەنگانە بوون. ئەگەر نوێنەرێک ڕەخنەی لە ئامادەکارییەکانی سوپا گرتبایە، تۆمەتی لاوازکردنی ئاسایشی نیستمانیی دەدرایە پاڵ. جێگری سەرکۆمار هیوبێرت هامفری کە

یەکێک لە پیاوە چاوقایمەکان بوو لەسەرەتای پێکهاتنی خولی هەشتاونۆیەمی کۆنگرە لە ١٩٦٥دا ئامۆژگاریی نوێنەرە تازەکارەکانی کرد: "ئەگەر حەزتان لێ بوو هەستن و قسە بکەن و ڕەخنە لە سیاسەتی ڤێتنام بگرن، هەرواباشترە لەجێی خۆتان نەبزوون."(٣٢٥) جا گوتی پاش دوو یان سێ خول نوێنەرایەتی، جا دەتوانن سەربەخۆ بن . "بەڵام ئەگەر دەتانەوێ لە ١٩٦٧دا دیسان بێنەوە ئێرە، جارێ کاری وا مەکەن."

دەنگی ئەرێی سەناتۆر فۆلبرایت بە پاشکۆکەی مۆرس، یانی ئەوەی ئیتر ئەو ڕاشکاوانە لەگەڵ جانسۆن دەکەوێتە ململانێ. ئەو هەستی دەکرد، جانسۆن سەرەڕای دڵنیاییەکانی پێشووی، بە تێوەگلانی چالاکانە لە شەڕەکەدا خیانەتی لەو کردووە و ئاخری ڕۆژێکیش دانی بەوەدا نا کە لەوەی ڕۆڵی لە بڕیارنامەکەی تۆنکیندا هەبووە، هێندەی هەموو کارەکانی دیکەی ژیانی بەداخە.(٣٣٦) فۆڵبرایت لە جانیوەری و فێبریوەری ١٩٦٦دا لە ئاستێکی فەرمیدا، یەکەم باسی شێلگیرانەی خۆی لەمەڕ دەستێوەردانی ئەمریکا لە ڤێتنامدا ڕێکخست کە لە هەمبەر کۆمسیۆنی پێوەندییە دەرەکییەکانی ئەمریکادا پێشکەشی کرد و شەش ڕۆژی ڕەبەق لە تەلەفزیۆنەوە بڵاو دەبۆوە. ئەو دەم گرینگیی ئەو باسوخواسانە بەجوانی دەرنەکەوت.(٣٣٧)

جا ئێستا کە بابەتە سەرەکییەکان باس کران ـ بانگەشەی "ئەرک و پابەندی"یی ئەمریکا و بەرژەوەندی نیشتمانی و یەکنەگرتنەوەی هەوڵەکان لەگەڵ سوود و دەستکەوتەکان و تێگەیشتنی تازەی خیانەتکردنی ئەمریکا لەخۆی. ڕاسک، وەزیری دەرەوە و ژەنە ڕاڵ تایلەر بەرگرییان لە سیاسەتی دەوڵەت کرد و جۆرج کێنان باڵیۆزی پێشوو و جیمز گۆین و فۆڵبرایت خۆی و چەند هاوکارێکیشی، بۆچوونی بەرهەڵستکارەکانیان هێنا گۆڕێ.

ڕاسک، وەک هەمیشە پێداگرانە گوتی ویلایەتەیەکگرتووەکان "پابەندی و ئەرکێکی ڕوون و بەڵگەمەند"ی لە ئەستۆیە کە ڤێتنامی باشوور لە بەلای "هێرشی دەرەکی" بپارێزێ و ئەم ئەرکەش لە پەیمانەکەی سیتۆ و نامەکەی ئایزەنهاوەرەوە بۆ دیەم کەوتووەتە ئەستۆی ئەمریکا و هەر ئەوەش دەیکاتە "ئەرک" لەسەر شانمان کە دەستێوەردان بکەین. ئەو بە ڕاوێژی ئیماندارە

دەمارگرژەکان پێی داگرتەوە کە "بۆ پاراستنی ئاشتی لە چوارقوڕنەی جیهاندا، پێویستە وەفامان بۆ ئەو پابەندی و ئەرکانە هەبێ وا لەئەستۆمانن." سەناتۆر مۆرس، باسی نکۆڵییەکەی ئەم دواییانەی ئایزەنهاوەری کرد کە گوتبووی: "هەرگیز گفت و بەڵێنێکی یەکلایەنەی بە حکوومەتی ڤێتنامی باشوور نەداوە."(٣٣٨) ئیتر کە بەم شێوەیە ئەو گفت و بەڵێنەی دین ڕاسک دەیگوت داومانە، پووچەڵ بۆوە. ناوبراو وێڕای پاشەکشە، بیانووی ئەوەی هێناوە کە ئەمریکا لە سۆنگەی پەیمانی سیتۆوە " ڕێگەپێدراوە" دەست تێوەربدا و ئەم سیاسەتە لە قسەی سەرکۆمارە یەک لە دوای یەکەکاندا و لە پەسندکرانی بوودجەکانیشدا لەلایەن کۆنگرە خۆیەوە، سەرچاوەی گرتووە. ژەنەڕاڵ تایلەر، لەکاتی پرسیار و وەڵامەکاندا پشتڕاستی کردەوە کە پابەندی و ئەرکی بەکارهێنانی هێزە وشکانییەکانی ئێمە "دیارە هەر بەو دواییانە لە بەهاری ١٩٦٥دا هاتە ئاراوە."

لە بارەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانەوە، تایلەر گوتی، ئەمریکا لەو جەنگەدا "کۆمەڵێک هۆگریی حەیاتیی " هەیە بەبێ ئەوەی ناویان بێنێ. گوتی سەرکردە کۆمۆنیستەکان بۆیە دەیانەوێ ڤێتنامی باکوور داگیر بکەن، هەتا پێگەی ویلایەتەیەکگرتووەکان لە ئاسیادا لاواز بکەن و بیسەلمێنن کە خەبات و شەڕەکانی ڕزگاریخوازی باش و بەسوودن و ئێمەش ناچارین بیسەلمێنین کە ئەو ڕەوتە "هەر تێک دەشکێ."(٣٣٩) سەناتۆر فۆڵبرایت، کەفوکوڵ هەڵی گرت و پرسیی، بۆ شۆڕشەکەی ئەمریکاش "جەنگی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی" نەبوو؟(٣٤٠)

ژەنەڕاڵ گەوین دڕدۆنگی و گومانی خۆی نەشاردەوە لەوەی کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەرک و پابەندییە دەرەکییەکانی ئەمریکا لە شوێنەکانی دیکە، ئیتر ڤێتنام شیاوی ئەوە بێ ئەو هەمووە سەرمایەیەی لەسەر دابنرێ. ئەو گوتی من پێم وایە، ئێمە کەوتووینە بەر سێحری ئەم هەوڵ و تێکۆشانانەمان و بەرنامەی زیادکردنی هێز هەتا نیوملیۆن کەس و کەمکردنەوەی تواناکانمان لە بەشەکانی دیکە، نیشانەی ئەوەیە ئیتر دەوڵەت توانای دەسنیشانکردنی

پارسەنگی کاروبارەکانی نەماوە و بەکورتی، ڤێتنامی باکوور ئەوەندەی ناهێنێ.(٣٤١)

ژەنەڕاڵ تایلەر، دژایەتییەکەی خەڵکی فەڕەنسای بەرامبەر جەنگ ناو نا "لاوازی" و گوتی، دەستهەڵگرتن لە جەنگ نیشانەی "لاوازی" و لەرزۆکبوونی ئیرادە و ورەیە. (ئێستاش لایەنگرانی پێداچوونەوە لە دەیەی ١٩٨٠دا ئەم قسەیە دەکەنەوە). سەناتۆر مۆرس گوتی: "زۆر ناخایەنێ کە خەڵکی ئەمریکایش، ئەم شەڕەی ئێمە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا مەحکووم دەکەن". هەروەک چۆن فەڕەنسییەکان کردیان و ئەی ئەو دەمیش هەر ناوی دەنێن "لاوازی"؟(٣٤٢)

کێنان، باڵیۆزەکەی پێشوو لە کۆمەڵێک قسەی ماقووڵ و گرانوسەنگیندا، مەسەلەی خیانەتکردن لەخۆیانی هێنایە بەرباس. گوتی لەم جەنگەدا ئەگەر سەریش بکەوین، سەرکەوتنێکی بۆش و بەتاڵە. چونکە دیمەنێکی پڕ لە زیانی لێ دەکەوێتەوە. دیمەنی ئەمریکا لە حاڵی گەیاندنی "کۆمەڵێک زیانی دڵتەزێن بەگیانی خەڵکێکی هەژار و بێبڕست، بەتایبەتی خەڵکێک لەڕەچەڵەک و ڕەنگێکی دیکە ن.. ئەم دیمەنە لە سەرانسەری جیهاندا ملیۆنیان کەس تووشی دژکردەوەیەکی وا دەکات کە زیانی زۆر دەبێت بۆ ئەو وێنەیەی حەز دەکەین خەڵکی دنیا لە وڵاتەکەی ئێمە هەیانبێ." بە ڕەتکردنەوەی لێبڕاوانەی هەڵوێستە هەڵەکان" زیاتر دەتوانین ڕێز و ئیحترام کۆ بکەینەوە، نەک بە پێداگریی لاسارانە لەسەریان. کێنان، قسەکەی جۆن کۆینزیی بە نموونە هێناوە کە ئاڵای ئازادی لەهەر جێیەکی دنیا هەڵکرێ، "ئەمریکا دڵی لێی دەچێ... بەڵام ناچێ لە دەرەوە شەیتانەکان ڕاو بنێ و لەناویان بەرێ." ڕاوەدوونانی شەیتان و شۆفاران، واتە کۆمەڵێک جەنگی بێبڕانەوە کە تێیداندا "دروشمی سیاسەتی ئەمریکا، بێ ئەوەی هەستی پێ بکرێ لە ئازادییەوە دەبێتە زۆرداری." ڕاستیی لەوە تاڵتر لە لێکۆڵینەوەکانی کۆمسیۆنی سەنادا باس نەکرا.(٣٤٣)

لێکۆڵینەوەکانی فۆلبرایت، سەرەڕای هەموو ئەوڕاستیانەی تێیدا ئاشکرا بوو پێشەکییەک نەبوو بۆ گرتنەبەری تاقە ڕێگەیەک کە بەئاکام دەگەیشت، واتە دەنگدان بە ڕەتکردنەوەی پێگە تەرخانکراوەکە، بەڵکوو پتر لە ڕاهێنانێکی هزری

دەچوو بۆ تاوتوێکردنی سیاسەتی ئەمریکا. جەنگی دەسەڵاتی جێبەجێکەر کە مەسەلەیەک بوو دوورودرێژترین دەرهاویشتەی لێ کەوتەوە. ماوەیەک دواتر لەو پێشەکییەدا خرایە ڕوو کە فۆلبڕایت بۆ چاپی لێکۆڵینەوەکانی نووسی. ئەو نووسیی، ملدان بۆ جەنگی دەسەڵاتی جێبەجێکەر، سەرچاوەکەی لەو باوەڕەدایە کە دەوڵەت کۆمەڵێک زانیاریی زۆر نهێنیی هەیە و دەتوانێ بە بەرچاوڕوونییەکی تایبەتەوە سیاسەت دابڕێژێ بەڵام یەکەم: ئەو شتە مسۆگەر نییە. دووەم: بنەمای بڕیاردان لەسەر سیاسەتەگشتییەکان "نەک ڕاستییەکانی بەردەم، بەڵکو توانای هەڵسەنگاندن و داوەریکردنە کە هاووڵاتیی ژیرو وشیار بۆ ئەوە لە سیاسییەکان کەمتواناتر نین. نوێنەرانی کۆنگرە و هاووڵاتییان دەتوانن داوەری بکەن لەسەر ئەوەی کە "ئاخۆ بەکارهێنان و لەناوبردنی بەربلاوی خەڵک و سامانی وڵات لەسەر یەک، یارمەتیی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان دەدات؟"

فۆلبڕایت هەمیشە پەنجەی لەسەر بابەتەگشتییەکان دادەنا، بەڵام سەرکردە نەبوو مامۆستا بوو و لەو شوێنانەش کە دەبوو دەنگ بدا، دەنگی نەدەدا. مانگێک پاش ئەم لێکۆڵینەوانە، سەنای ئەمریکا ٨/٤ ملیارد دۆلار بوودجەی تەنگانەی بۆ جەنگی ڤێتنام پەسند کرد . تەنیا دوو کەس هەر دوو نوێنەرە شێلگیرەکە واتە مۆرس و گرۆنینگ، دەنگی نایان پێدا . فۆلبڕایت دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی زۆرینە.

نێلسۆن ڕاکفلێری قایمەقامی نیویۆرک، هەرلەو سەروبەندەدا بوو کە گوتی، دەوڵەت لە هەموو کەس باشتر دەزانێ کە بۆمبارانەکان دەستیان پێ کرایەوە، ڕاکفلێر گوتی: "هەمووان دەبێ پشتی سەرکۆمار بگرین. ئەو کەسێکە کە دەستی بەهەموو زانیارییەکان ڕادەگا و دەزانێ لەگەڵ چ شتێک بەشەڕ دێین."(٣٤٤) ئەوە گریمانەیەکی ئۆخژنبەخشە و وا لە بنیادەم دەکا هەڵوێست نەگرێ و بەگشتی هەڵەیە. بەتایبەتی لەکاروباری دەرەوەدا گۆنار میرداڵ پاش بیست ساڵ تۆژینەوە، بەو ئاکامە گەیشت کە لەچاو سیاسەتی ناوخۆیی "بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوە، بەگشتی زیاتر دەکەونە بەر کاریگەریی هانە و ئەنگیزەی ناماقووڵانەوە."(٣٤٥)

کۆمەڵێک لە زاناکان و ئابووریزان و پسپۆڕانی دیکەش پاش دووەم جەنگی جیهانی لە لێکۆڵینەوەکانیاندا، بەو ئاکامە گەیشتن کە لە جەنگەکەی ئەورووپادا بۆردومانە ستراتژییەکان لەچاو بۆمبارانە تاکتیکییەکان کە لە عەمەلیاتی وشکانیدا کراون، ئەنجامێکی دڵخواز یان چاوەڕوانکراوی لێ نەکەوتووەتەوە. ئەو بۆمبارانانە، توانای جەنگیی مادیی ئاڵمانیای زۆر نەگۆڕی و کارێکی نەکرد خێراتر خۆیان بۆ ڕێککەوتن ئامادە بکەن. لەو لێکۆڵینەوانەوە دەرکەوت کە وێرانی و کاولاشەکان زۆر خێرا نۆژەن کراونەتەوە و ورەی دوژمنیشی هیچ نەڕووخاندووە و بگرە لەوانەیە ورەشی نابێتە بەریان. لە مارسی ١٩٦٦دا ئەو دەمەی سێ مانگە دیاریکراوەکە بۆ بۆمبارانەکانی "هەورەتریشقەی بەگرمە" زیاتر لە ساڵێکی پێچووبوو و هێشتاش بەگوێرەی چاوەڕوانییەکان "ورەی ئەوانی لەرزۆک" نەکردبوو تاقمێک لە زانا بەناوبانگەکانی ئەنستیتۆی تەکنەلۆژیای ماساچۆستێت (ئێم ئای تی) و هارڤارد و چەند کەسێکیش لەوانەی لە لێکۆڵینەوەکانی پێشووتردا بەشدار بوون، پێشنیاریان کرد، هەر ئاوا واقیعبینانەش سەیرێکی ئەنجامی بۆمبارانەکانی ڤێتنام بکەنەوە. ئەنجومەنی شیکردنەوە و تاوتوێی بەرگری بەناوی نهێنیی "جیسۆن ٢٧ پسپۆڕی بوارە جۆراوجۆرەکانی ڕاسپارد، دە ڕۆژی ڕەبەق لە هەموو کاربەدەستانی وەزارەتی بەرگی و وەزارەتی دەرەوە و سیا و کۆشکی سپیان کۆڵییەوە پاش ئەوە دوو مانگیش خەریکی لێکۆڵینەوەی تەکنیکی بوون. گرووپەکە بەو ئەنجامە گەیشتن کە بۆمبارانەکان کاریگەرییەکی هەستپێکراوی لەسەر وردە و توانای جەنگیی ڤێتنامی باکوور و هەڵسەنگاندنەکەی هانۆی لەمەڕ تێچووی درێژەدانی جەنگ دانەناوە و گرفتی جیددیی لە هێنان و ڕاگواستن و ئابووری یان لە ورەیاندا دروست نەکردووە. لێکۆڵەرەکان بەڵگەیەکیان بۆ ئەم بانگەشەش دەست نەکەوت کە دەیگوت "بە دڵنیاییەوە بۆمبارانەکان کاریگەریی سزادانی ناڕاستەوخۆیان دەبێ."(٣٤٦)

گرووپی لێکۆڵینەوەی "جیسۆن" دەیگوت، هۆکاری کاریگەرنەبوونی هێرشە ئاسمانییەکان "ئامانجە بێئاکامەکان"ی ئەوانە و بەو ئەنجامە گەیشتن کە "هێرشی ڕاشکاوانە و ڕاستەوخۆ بۆ سەر وڵاتێک" تانوپۆی ئەو وڵاتە پتەوتر

دەکا، خەڵکەکەی مکوورتر و پێداگرتر دەکا و وایان لێ دەکا مشووری خۆپاراستن بخۆن و توانای نۆژەنکردنەوەشیان پتر دەکا. پێشبینیی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کارە زۆر ئەستەم نەبوو هەر ئەوە بوو کە لە ئەڵمان بەدی کرا و دیارە لە بەریتانیایش، بەرزبوونەوەی ورە و پتەوتر و مکوورترببوونی خەڵکەکەی لە ئەنجامی کوشتار و وێرانیی بۆمبارانەکانی ١٩٤٠-١٩٤١دا بەناوبانگە.

گرووپەکەی جیسۆن پێشنیاری کرد، لەبری بۆمباران لە سەرانسەری سنووری ڤێتنام و لایۆسدا، بە مەودا و درێژایی ١٦٠ میل، پشتوێنێکی "لەشکاننەهاتوو" دروست بکرێ. ئەو پشتوێنە کە وردەکارییە تەکنیکییەکانی لە تاوتوێکردنی گرووپەکەدا خرابووە ڕوو؛ بریتی دەبێ لە ناوچەی مینرێژکراوەکان، شوورا و دیوار، خەندەق و کۆڵەکەی پتەو بۆ تەلدڕووی ئەکترۆنیکی و کەوشەنێک لە هەردووبەرەوە بەبێ دار و گیا کە هەشت - سەدملیۆن دۆلاری تێدەچوو. ئەوەی کە ئاخۆ ئەو کارە کردەنی بوو یان نا، دیار نییە. هەرچۆنێک بێ سەرکردەکانی هێزی ئاسمانیی ناوچەی زەریای هێمن کە جگە لەخۆیان ڕێگەیان نەدەدا کەس بێتە پێشەوە (خۆی بنوێنێ)، گاڵتەیان بەو گەلاڵەیە کرد و قەت تاقی نەکراوە.

"جیسۆن"یش وەک هەموو پێشنیارێکی "نەگونجاو"، سەری دای لە بەرد(کۆسپ و دیوارێکی بەردینی هاتە ڕێ). ستراتژییەکە هەر وەک خۆی مایەوە. چونکە هێزی ئاسمانی، لەبەر ئەوەی نیگەرانی داهاتووی خۆی بوو نەیدەتوانی دان بەوەدا بنێ کە هێزی ئاسمانی کاریگەریی نییە. فەرماندەکانی ناوچەی زەریای هێمن، ئاستی سزادانیان بە بۆمبارانەکان بردە سەرتر و بەپێی لێکدانەوەی "تیۆریی گوشار" لە بارەی هەڵسوکەوتی مرۆڤەوە، ژان و ئازاری لەبەرچاوگیراویان کردە بنەمای لێکۆڵینەوەکانیان . هانۆی دەبێ لە هەمبەر "گوشار"دا دژکردەوە بنوێنێ و دەست لەو هۆکارانە هەڵگرێ کە دەبنە هۆی ئەوەی گوشاری بخرێتە سەر. یەکێک لە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە زۆر دواتر گوتی: "ئێمە وامان پێشبینی دەکرد کە دژکردەوەکانی ئەوان، لەگوێن دژکردەوەی هەموو بنیادەمێکی ژیر دەبێ."(٣٤٧) هەتا کۆتایی ١٩٦٦، ٥٠٠٠٠٠

تۆن بۆمبیان خستە خوارێ . یانی زۆر زیاتر لەوەی لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بە ژاپۆندا دران.( ٣٤٨) لە بری "هەڵسوکەوتی ژیرانە"، هانۆی وەک بەریتانیای ژێر ڕەهێڵەی هێرشە ئاسمانییەکاندا ئاڵمان وەک مرۆڤێکی تووڕە و ڕقئەستوور ڕاوەستا و خۆی ڕاگرت ـ ئەی باشە ئەگەر ئەمریکییەکانیش بۆمباران بکرێن، هەر ئەو پەرچەکردارەیان نابێ؟ هێرشە ئاسمانییەکان، لەبری ئەوەی دوژمن بەخۆدا بێننەوە و بیکێشنە سەر مێزی دانوستان، ئەوانی ڕق-ئەستوورتر کرد و بەو جۆرە ڕاگیرانی بۆمبارانەکانیش کرا بە یەکێک لە پێشمەرجە نەگۆڕەکانی دەسپێکی وتووێژەکان.

هەوڵی ئاشتیخوازانە لە ڕێی چستر ڕانینگی(٣٤٩) کەنادابییەوە و نێوبژیوانیی دیکەش هەر نەبڕانەوە. چونکە خەنیمەکان هەموو پێشوازییان لە کۆتایی جەنگ دەکرد، بەڵام هەرکامە و بەپێی هەلومەرجەکەی خۆی کە لەگەڵ هەلومەرجی ئەوانی دیکە تەبا نەدەبوو و ئاشت نەدەبۆوە. وەختێک ئەوانەی سەردانی هانۆیان کرد، بە ئەمریکایان گوت، ئەگەر بۆمبارانەکان ڕاگیرێن، ڤێتنامییەکان ئامادەی دانوستانن، ئەمریکاییەکان وا لەو قسەیە تێگەیشتن کە بۆمبارانەکان کاری خۆیان کردووە و پێویستە خەستتر بکرێنەوە بۆ ئەوەی ئەنجامی دڵخوازی لێ بکەوێتەوە. دیارە ئەنجامەکەش ئەوە بوو کە هانۆی ڕق-ئەستوورتر کرد.

"جیسۆن" خاڵێکی گرینگی دیوارە بەردینەکەی بڕی. ڕوونی کردەوە کە مەکنامارای وەزیری بەرگری تووشی دڕدۆنگی بووە.( ٣٥٠) بەشی شیکردنەوەی سیستەمەکانی ئەو لە وەزارەتخانەدا بەو ئاکامە گەیشت کە تێچووە ئابوورییەکانی جەنگ، بایی بەرژەوەندییە سەربازییەکەی نییە.(٣٥)

ئەگەرچی ئەو ڕاشکاوانە ئەوەی نەدرکاند، بەڵام لە قسەکەی بەینی خۆیاندا وا دەرکەوت کە وردەوردە بێ ئاکامی و بێهوودەیی هەوڵەکانی ئەمریکای بۆ دەردەکەوێ. بۆ سەرکۆماری نووسی کە ئەو پێی وایە، دوورەدیمەنی "ڕێگەچارەیەکی دڵخواز" شتێکی گونجاو نییە و لەگەڵ ئەوەشدا، پێی باش بوو پشتوێنە لەشکاننەهاتووەکە و زیادکردنی هێزی وشکانی جێی بۆمبارانەکە بگرێتەوە، بەڵام نەیتوانی قسەکەی خۆی بەرێتە سەر.

هەستی پووچی وردە وردە حکوومەتی تەنییەوە و وای لێهات خەڵکێک دەست لەکار بکێشنەوە. هەندێکیان هەر خۆیان وازیان هێنا و ئەوانی دیکەش، مانۆڕ و هەڵسوکەوتی لێهاتووانەی سەرکۆمار، وردە وردە پاڵی پێوە نان. جانسۆن خۆی هەر شک و گومانێکی هەبایە، ئەوەی قەبووڵ نەدەکرد ئەوانی دی دڕدۆنگییەکەی خۆیان بدرکێنن، یان تەنانەت بێدەنگیش بن. هیلزمەن ساڵی ١٩٦٤ لە وەزارەتی دەرەوە، فارسناڵ لە ١٩٦٥دا لە کۆڕی گشتیی کۆشکی سپی، مەک جۆرج باندی لە سەرەتاکانی ١٩٦٦دا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی، بەلاوە نران و جۆرج باڵ و بیل مویەرزیش لە سێپتەمبەر و دیسەمبەری ١٩٦٦دا بە ویستی خۆیان وازیان هێنا. ئەوانە هەر هەموویان بەبێ دەنگی ڕۆیشتن.( ٣٥٢) ئەو لایۆکۆیۆنە * بێدەنگانەی کە بەرهەڵستی و پێناخۆشبوونی خۆیشیان نەدەدرکاند چ بگا بەوەی هاوار بکەن.

ڕۆیشتن و بەجێهێشتنی بەبێدەنگی، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتەکان. یەکێک، ئەگەر تەنانەت پاش ڕۆیشتنیشی قسان بکا و زمانی بگەڕێ، لە کۆڕی دۆستان تەرە دەکرێ و تڕۆی دەکەن . دەربڕینی وەفادارنەبوون، کۆسپی بەردەم گەڕانەوەیە بۆ نێو بازنەی دەسەڵات. خۆبواردن لە وازهێنانیش هەر لەبەر ئەوەیە. کاربەدەستانی دەسەڵات بەردەوام بەوە دڵی خۆیان فێنک دەکەنەوە کە لە نێو دەسەڵاتدا باشتر دەتوانن پێشی زێدەڕۆییەکان بگرن و ئیتر کەوی و دەستەمۆ و دەستخەرۆ، لەوێدا دەمێننەوە بۆ ئەوەی نەکا پێوەندییان لەگەڵ دەسەڵات بپسێ. سەرکۆماری ئەمریکا بۆ دانان و لابردنی ئەندامانی دەسەڵاتی جێبەجێکەر، تەواو دەستی ئاوەڵایە و ڕاوێژدەرەکان هەر غیرەتی "نا"گوتنێک، یان مشتومڕێکیان لەسەر سیاسەتەکانی سەرکۆمار نییە و ناوێرن شتی وا بکەن، چونکە دەزانن پێگەکەیان، بانگهێشتکردنەوەیان بۆ دانیشتنەکانی دواتری کۆشکی سپی، بەوەوە

---

* لەبەسەرهاتەکەی تڕۆیدا، کە ئەسپەکە دەبینن، لایۆکۆیۆن نێزەیەک لە ئەسپەکە دەدا و بەخەڵکەکە دەڵێ، مەکەونە ئەم داوەوە. ئەوە تەڵەیەکە دوژمن ناویەتەوە. کەچی مارێک لە دەریاکەوە دێ و بەخۆی و هەردوو کوڕەکەیەوە دەدا و دەیانکوژێ و خەڵکەکەش پێیان وایە ئەو مارەش خوداکان ناردوویانە بۆ ئەوەی سزای بدات. بەڵام ئیتر ئەو ئەفسانەیە پێمان دەڵێت: "هەر کەس وەک لایۆکۆیۆن ڕاستییەکانی بۆ دەرکەوێت و لە قاویان بدات، سزاکەی مردنە و دەبێ بمرێ."وەرگێڕ

بەستراوەتەوە کە پێ لەبەڕەی خۆیان پتر ڕانەکێشن. ئەگەر ئەندامی کابینە بن، لە سیستەمی ئەمریکادا، کورسیی پەڕلەمانیان نییە، کە دواتر بچنەوە سەری و لەوێوە قسە لەسەر کاروباری دەوڵەت بکەن.

ڕاسک خۆڕاگرانە مایەوە. ئەگەر دڕدۆنگی و گومانێکیشی هەبووبێ، وەک کارمەندێکی نمونەی دەوڵەت دەرینەبڕی و دڵی خۆی بەوە داوە کە سیاسەتی ئەمریکا ڕاستە و بەردەوام گوتی، سەرەڕای هەموو تێبینییەکان، ئامانجە سەرەکییەکە- واتە پاراستنی ڤێتنامی باشوور لە کۆمۆنیزم - دەبێ هەر بپارێزرێ. لە پاداشتی ئەم مکووڕبوونەیدا یەکێک لە کارمەندەکانی ئەو لە کۆشکەڵەی تەلەفۆنەکەدا نووسیی: "دین ڕاست، ڕاگەیەنراوێکی ڕیکۆردکراوە."(٣٥٣) واڵت ڕۆستۆ کە لە ١٩٦٥ـەوە بەردەوام، شکست و بەزینی خێرای شۆڕشەکەی ڤێتنام (واتە ویت کۆنگ)ی پێشبینی کردبوو ئەمجار جێی باندیی گرتەوە و هەروا بەجۆش و خرۆش و بەکەیف مایەوە. جانسۆن لە سەر تەختی دەسەڵات کەفوکوڵێکی کەمتری دەنواند. ڕۆژێکیان لێیان پرسی، جەنگەکە لەوانەیە چەندە بخایەنێ؟ گوتی: "کێ چووزانێ چەندە؟ چەند؟ گرینگ ئەوەیە ئاخۆ ئێمە لەسەر هەقین یان ناهەقین."(٣٥٤) ئەگەر گومانێک لەو مەسەلەیە هەبووایە، ئیتر بەردەوامبوون لەسەر کوشتار و کاولکاری و جەنگ، هەم بەلای خەڵکەوە و هەم بەلای سەرکۆمار و هەمیش لەڕوانگەی مێژووەوە، گەمژەیی بوو.(کەواتە لێی دڵنیا بوون).

قورسترکردنی جەنگەکە پێویستیی بە ڕەشبگیرییەکی سەربازی هەبوو و ئیتر ئەمجارە کاری دەکردە سەر جەماوەر. لە نێوەڕاستەکانی ١٩٦٦دا پەنتاگۆن ڕایگەیاند هەتا کۆتایی ساڵ ژ ومارەی هێزەکانمان لە ڤێتناما دەگاتە ٣٧٥٠٠٠ کەس و شەش مانگ دواتر ٥٠٠٠ کەسی دیکەش بەڕێ دەکرێن و تا نیوەی ساڵی ١٩٦٧ ژومارەیان گەیشتە ٤٦٣٠٠٠ کەس و وۆست مۆرلەند داوای ٧٠٠٠٠ی دیکەشی کرد و گوتی: "لانیکەمی هێزی پێویست" دەبێ لە ٥٢٥٠٠٠ کەس پتر بێ.(٣٥٥) و جانسۆنیش گوتی داوا و پێداویستیەکەی فەرماندەی سوپا "دابین دەکرێ." لە ڕوانگەی ئەو گەنجانەوە کە دەبوایە قەبووڵی بکەن بچنە بەر سێبەری ئالا بۆ سەربازی . ئەم جەنگە هیچ شتێکی

باشی پێوە نەبوو ـ بەتایبەتی بۆ ئەوانەی بە پەڵەی شوورەییان دەزانی.
قوتابییەکان لەکاتی خوێندندا، ئەرکی سەربازییان لەسەر نەبوو و هەر کەس
بۆی لوا، لەم دەرفەتە کە لکی وەرگرت . بەڵام کوڕە هەژارەکان بەناچاری
جلوبەرگی سەربازییان دەکردە بەر. ئەو بانگێشتە نادادپەروەرانەیە بۆ
سەربازی، یەکەم تاوانی جەنگی ڤێتنام لە بەرەی ناوخۆدا بوو کە ڕێک هەر بە
مەبەستی کەمکردنەوەی هۆکارەکانی ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتییش دانرابوو جگە
لە ناتەبایی بیر و باوەڕ، کەلێنێکیشی خستە کۆمەڵگەی ئەمریکاوە.

بەشداریی خەڵک لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە گشتییەکاندا پتر بوو هاواری
گوێکەڕکەر و توندوتیژیی خۆپیشاندانی قوتابییانی زانکۆ و خۆپیشاندانی دژە
جەنگ، زیاتر بوون بەشداربووان ئاڵای هانۆییان هەڵکرد و گوتیان بژی هۆشی
مینە. سەرباز بە جلوبەرگی سەربازییەوە، لەسەر پلیکانەکانی پەنتاگۆن
بەرەنگاری ئاپۆڕای حەشامەتەکە بوونەوە و خەڵکێکی زۆر قۆڵبەست کران و
لە ژنانیان دا. جا چونکە لە زەینی خەڵکیدا، خۆپیشاندان بە قژی درێژ و مادەی
سڕکەر و هەستی دژەکولتووریی دەیەی شەستەوە گرێ درابۆوە،
خۆپیشاندانەکە نەک ناڕەزایەتیی گشتیی نەورووژاند، بگرە هێمنتریشی کردەوە.
بەپێی ڕاپرسییەک، خەڵک بەگشتی خۆپیشاندانی دژی جەنگیان بە "هاندەری
کۆمۆنیستەکان دەزانی، بۆ ئەوەی ئازایانەتر بجەنگن."(٣٥٦) ڕاکردن لە
سەربازی و سووتاندنی ئاڵای ئەمریکا، نیشتمانپەرستەکانی تووڕە کرد.
بەوحاڵەشەوە، چەندی خەڵک پتر بۆی دەرکەوت کە ئەم جەنگە بێبەزەییانە و
بەپێچەوانەی ڕەوشت و ئەخلاقە، ناڕەزایەتییەکە خەستتر بۆوە. بۆمبارانی
وڵاتێکی گوندیی بچووک لە ئاسیا، جا کۆمۆنیست بێ یان نا شتێکی
زۆرپێویست نەبوو. ڕاپۆرتە شەقڵنەشکاوەکانی هەریسن سالزبێری لە نیویۆرک
تایمزدا لە بارەی بۆمبارانی خەڵکی هانۆی ـ کە لەپێشدا هێزی ئاسمانیی
وەدرۆی خستەوە و دوایی پشتڕاست کرایەوە ـ هەرایەکی زۆری نایەوە. لە
ڕاپرسییەکاندا، سەبارەت بە چۆنێتیی ئیدارەدانی جەنگەکە، ئیتر جانسۆن هیچ
خۆشەویستییەکی نەما.(٣٥٧) ئیتر ئەو هەرگیز پشتیوانیی زۆرینەی بەدەست
نەهێناوە. باسوخواسی ئەو دیلانەی هەروا لە کۆپتەرەکانەوە فڕێ دەدرانە

خواریّ و بێبەزەیی و دڵڕەقیی دیکەی ئەمریکاییەکان دەری خست کە وڵاتەکەی ئەوانیش وەحشیگەری و دڕندەیی لەدەست دیّ. ناوزڕاویی ئێمە لەدەرەوەی وڵات و بێمتمانەیی نزیکترین هاوپەیمانەکانمان واتە بەریتانیا و کەنەدا و فەڕەنسا، وردە وردە هەستی پێ دەکرا.

جەنگ بە ڕواڵەت دەبێ خەڵک یەکگرتوو بکا؛ بەڵام جەنگێکی خەڵکەکەتت لێ بکاتە دژ، وەک جەنگی فیلیپین لە ساڵی ١٩٠٠دا یان جەنگی بۆییر( ٣٥٨)ی بەریتانیا، لە ڕادەی ئاسایی پتر وڵات تووشی ناتەبایی و چەندبەرەکی دەکات. چەندی چەپی نوێ و باقی تاقمە توندڕەوەکان، بەزەبروزەنگتر و شڕتر بوون، کەلێنی نێوان ئەوان و چینی گرانوسەنگینی ناوەند، پتر بوو و کرێکار و ڕێکخراوە کرێکارییەکانیشی بێزارتر و توندوتیژتر کرد. ئەدڤین ڕایشاور لە کتێبێکدا بەناوی لەو دیوی ڤێتنامەوە لە ساڵی ١٩٦٧دا پرسیی چەندە دەکرێ خۆ لەبەر ئەم "پشێویە مەعنەوییە" ڕاگرین.( ٣٥٩) خەڵکێکی زۆر لە وڵاتەکەی خۆیان بێزار بوون . ئەنجوومەنی نیشتمانیی کلێساکان ڕایگەیاند کە ئەمریکا لەبەرچاوان "وڵاتێکی بەزۆرینە سپی پێست دیارە کە هەموو هێز و دەسەڵاتەکەی خۆی خستووەتە ڕێگەی کوشتار و قەڵتوبڕی ئاسیاییەکانەوە."( ٣٦٠) مارتین لۆسەرکینگ گوتی :" ئیتر من ناتوانم لۆمەی هەوڵی توندوتیژانەی خەڵکەکەم بکەم، بەبێ ئەوەی دژی "گەورەترین دەسەڵاتی بەزەبروزەنگی جیهان ـ واتە حکوومەتەکەی خۆم" قسە بکەم"(٣٦١)

ئەو قسەیە ڕاستییەکی سامناکی تێدا بوو. بۆ یەکەم جار و لە پڕ لە دوو جەمسەری چاکە و خراپەدا، جیهان خۆی لە ڕۆڵی "بنیادەمە خراپەکان"دا ببینێتەوە و لەوە تێبگا کە هۆکاری ئەو شتانە "حکوومەتەکەی خۆم"ە گۆڕانێک بوو کە زۆر دەرکەوتەی خراپتری لێ دەکەوتەوە کە هەرە خراپترینەکەیان، بێمتمانەیی و تەنانەت بێزاری لە حکوومەت و پێشەکییەکەش بوو بۆ نامۆبوون لە دەنگدان. لە خۆپێشاندانەکانی نیویۆرکدا دژی جەنگ، لەسەر لافیتەیەک نووسرابوو: "بۆ ئێوە لە ٦٤دا دەنگتان نەدا و جانسۆنتان نەهێنا ـ ئەی ئێستا دەڵێن چی؟"(٣٦٢) لە زانکۆی ستانفۆرد، بێبەزەییانە هەیت هەیتیان لە هێربێرت مامفری جێگری سەرکۆمار کرد. مۆنتسکیۆ، سەدەی هەژدەیەم لە کتێبیڕۆحی

یاساکاندا نووسیی: " ڕووخانی هەموو حکوومەتێک، لەگەڵ ڕووخانی ئەو بنەمایانە دەست پێ دەکا، کە لەسەریان دامەزراوە."

ڕاپۆرتە دەوڵەتییەکان لەبارەی جەنگەوە، پێگە و ئیعتباری حکوومەتیان لەناوخۆدا نەهێشت و ئەوەش زیاتر خەتای سوپا بوو. سوپا بۆ بەلاڕێدابردن و فێڵکردن لە دوژمن، فێری دەرسی فێڵ و گزە ی دەکرێ و سوپا بەپێی خدەی خۆی لاڕێکەرە. هەر سێ هێزەکە و سەرکردەکان، هەر کامەیان لەبەر خاتری "ئاسایشی نیشتمانی" یان جوان نیشاندانی خۆیان یان بۆ ئەوەی لە کێبڕکێی بەردەوامی هێزە چەکدارەکاندا لەیەکتری بەرنەوە یان بۆ ئەوەی هەڵەکان دیزەبەدەرخۆنە بکەن یان بۆ گەورەکردنەوەی فەرماندەیەک، بەردەوام هەواڵەکانیان دەستکاری دەکرد. بەڵام ڕۆژنامە تووڕەکان، خواخوای لەقاودانی ڕاستییەکانیان بوو هەر بۆیە ئیتر ئەمجارە نەیانتوانی فریودان و خەڵەتاندنی بێشەرمانە و شاراوەی پشت درۆی ڕاگەیاندنەکان، لە خەڵک بشارنەوە.

نارەزایەتیەکان چینی فەرمانڕەواشی گرتەوە. وا ڵتەر لیپمەن لە ١٩٦٦دا شەوێکیان لەگەڵ کاترین گراهامی بڵاوکەرەوەی ڕۆژنامەی واشینتۆن پۆست، کە هەتا ئەودەم یەکێک بوو لە لایەنگرە تۆخەکانی جەنگ، دانیشت و قانعی کرد بەوەی "خەڵکی نیازپاک ئیتر ناتوانن لایەنگری جەنگ بن."( ٣٦٣) تێچووی سامناکی شەڕ کە خۆی لە ملیاردان دۆلار دەدا، بودجەی تووشی کورتهێنان دەکرد و خەڵکیشی قەرزبار دەکرد و ئابووریيش تووشی هەڵاوسان دەبوو و پارسەنگی دانەوەی دراویش تێک دەچوو و ئەوەیش زۆربەی بازرگانەکانی نیگەران دەکرد. هەندێکیان کەوتنە پێکهێنانی گرووپی بەرهەڵستکار کە دیارە لەچاو کۆی کۆمەڵەی بازرگانان ژ ومارەیان زۆر نەبوو بەڵام وەختێک ڕوخسارێکی بەهەیبەتی وەک مارینز ئێکێلزی سەرۆکی پێشووی بانکی ناوەندیی ئەمریکا، ڕاشکاوانە کەوتە گەڵ لایەنگرانەی تاقمی بەناو "دانوستانی ئێستا کە گالبریت و ئارتۆر شلزینگەر ڕێکیان خستبوو ئەندامانی گرووپەکە ورەیان بەهێزتر بوو. جاروبارە لێرە و لەوێ دەنگی سیاسەتمەدارێکی نێو دەسەڵات بێدەنگییەکەی دەشکاند. جیمز تامسۆن، یەکێک لە بەرهەڵستکارانی نێو دەسەڵات کە ساڵی ١٩٦٦ بەشی ڕۆژهەڵاتی دووری لە وەزارەتی دەرەوەدا

بەجێ هێشتبوو لە نامەیەکدا بۆ نیویۆرک تایمز ی نووسیی: بەردەوام "ڕێگەچارەی بنیاتنەری دیکە" هەبووە و بە دووپاتکردنەوەی قسەکەی بێرک گوتی: ویلایەتەیەکگرتووەکان وەک گەورەترین هێزی سەر زەوی ئێستاش "توانای حەیای خۆبردن و توانای داننان بەهەڵەدا و توانای گەورەبینواندنی" هەیە.(٣٦٤)

هەمووان دەیانزانی ژەنەڕاڵ ڕیجۆی دژی جەنگە. ئێستا سەرکردەیەکی پایەبەرزی دیکەش ، ژەنەڕاڵ دەیڤید شۆپ، فەرماندەی تازە خانەنشینکراوی تفەنگدارە دەریاییەکان و قارەمانی جەنگی زەریای هێمن، لە سای سەربەستیی خانەنشینییەکەیەوە هاتە پاڵ ڕیجۆی و گوتی، حکوومەت قسەی قۆڕ دەکا کە دەڵێ ڤێتنام بۆ بەرژەوەندیی ویلایەتەیەکگرتووەکان، مان و نەمانە یا"حەیاتی"ـە.(٣٦٥) هەر هەموو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا "بایی گیانی یەک ئەمریکایی نابێ.. باشە بۆ ئێمە ناتوانین لەو خەڵکە بگەڕێین خۆیان بڕیار لەسەر ژیانیان بدەن؟" سەناتۆر ڕابێرت کێنێدی دوژمنی بەخوێن تینووی سەرکۆمار بۆمبارانەکانی بە شتێکی بێهوودە ناو برد و داوای کردڕایان بگرن و لە وتارێکی دیکەدا کە کۆشکی سپیی تووڕە کرد، پێشنیاری کرد هەر وتووێژێک بکرێ با بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی تێدا بەشدار بکەن. وەختێک سەناتۆرێکی دیکە، واتە گلیۆرد نلسۆن سەناتۆری ویسکانسین، کەوتە گەڵ دوو سەناتۆرەکەی تر واتە مۆرس و گرۆنینگ و دەنگی نای دا بە گەلاڵەی تایبەتی بوودجەی تازەی جەنگ بە بڕی دوازدە ملیارد دۆلار ؛ ئیتر خاڵێکی وەرچەرخانی دیکە دروست بوو. لە پەڕلەمانی نوێنەران، جۆرج براونی نوێنەری کالیفۆرنیا پێشنیاری کرد، بڕیارنامەیەک لەو گەلاڵەیە زیاد بکرێ کە بەڵێ "تێگەیشتنی کۆنگرە" ئەوەیە کە لەوەی پەسند کراوە. نابێ هیچ بڕێک بۆ "عەمەلیاتی سەربازی لە ڤێتنام یان بەسەر ڤێتنامدا" خەرج بکرێ. ئەوە تەنیا بڕیار نامەیەک بوو و دەسەلاتی جێبەجێکەری پابەند نەدەکرد. بەو حاڵەشەوە، بەدەنگی زۆرینەی ٣٧٢ کەس لە هەمبەر ١٨ دەنگدا ڕەت کرایەوە و شکستی خوارد.

بیست ساڵ بەسەر ئەو دەمەدا تێپەڕیبوو کە ترۆمەن ڕایگەیاند، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا مەسەلەی مان و نەمانە(حەیاتیە) و پێشگرتن بە کۆمۆنیزم لەهەموو شت پێویستترە. بەو حاڵەش هێشتا خەڵک نەیاندەزانی ئامانجی ئەو جەنگە چیە. لە ڕاپرسیەکی دامەزراوەی گالۆپ لە مانگی مای ساڵی ١٩٦٧دا پرسیار کرا ئاخۆ دەزانن ویلایەتە یەکگرتووەکان لەپێناوی چیدا لە ڤێتنام شەڕ دەکا؟ سەدا چلوهەشت ٤٨% گوتیان بەڵێ و ٤٨%یش گوتیان نەخێر. مادام جەنگەکەڕاگەیەنرابوو لەوانەبوو دۆخەکە جیاواز بێ.(٣٦٦)

ئامانجی جەنگ، بەرژەوەندی و سوودگەیاندن یان بەرگریی نیشتمانی نەبوو. ئەگەر هەرکام لەوانە بوایە، کارەکە ئاسانتر دەبوو چونکە ساخکردنەوەی جەنگ لە ڕێگەی داگیرکردنی وڵات یان لەناوبردنی هێز و سەرچاوەکانی دوژمن زۆر ئاسانترە لە سەلماندنی شتێک لە ڕێگەی هێزی باڵاتر و ئینجا ناویشی بنێی سەرکەوتن. مەبەستی ئەمریکا ئەوە بوو کە مکووڕبوون و توانایی خۆی بۆ پێشگرتن لە کۆمۆنیزم نیشان بدا ؛ ئەویش لە چوارچێوەی ڕاگرتنی حکوومەتێکی دەستکرد و بێ ئاماندا کە زۆریش خۆڕانەگرێ. گەوهەری ئەو کۆمەڵگەیەی ئێمە دەمانپاراست، لە ناخی خۆیدا کەمایەسیی هەبوو و سەرەڕای هەموو هەوڵەکانمان لە پێناوی "نەتەوەسازیدا" لە بنێڕا هیچ نەگۆڕدرا.

کەواتە لەو کێشمەکێشە بێ ئاکام و بێسوود و لەخۆیدا مەترسیدارەدا چۆن دەکرا فەوتانی ویلایەتەیەکگرتووەکان ڕاگری؟ دەوڵەتەکەی جانسۆن، دڵنیا لەوەی ڤێتنامی باکوور وا خەریکە زیانی بەردەکەوێ و مل بۆ داواکانی ئەمریکا ڕادەکێشێ لە ساڵانی ١٩٦٦ و ١٩٦٧دا زۆر جار هەوڵی دا هانۆی دیارە هەمیشە بەپێی مەرجەکانی ئەمریکا بێنێتە سەر مێزی دانوستان. هەلومەرجەکان بە ڕواڵەت ڕوون و "بێ مەرج" بوون و هیچ گوێشی نەدەدایە مەرجەکەی هانۆیی کە پێداگرانە دەیەویست بۆمبارانەکان ڕاگیرێن. لە پێشنیارەکانی ئەمریکادا کۆمەڵێک پابەندبوونی جۆراوجۆر لەبارەی کۆتایی بۆمبارانەکان و ڕاگرتنی زیادکردنی هێزە ئەمریکاییەکان "هەتا زووە، نەک پاش

شەش مانگ"پاش چوونەدەرەوەی سوپای ڤێتنامی باکوور لە باشوور و دەستهەڵگرتن لەو زەبروزەنگانە بەدی دەکرا. بەڵام هەموو ئەو پێشنیارانە بەسترابوونەوە بەوەی هانۆیش دەست لە شەڕ هەڵگرێ. هانۆی بەڵێنی نەدەدا سەودایەکی ئاوا بکا مەگەر بۆمبارانەکان کۆتاییان پێ بێ.

لەو جەنگەیەدا دەسەڵاتە دەرەکییەکانیش کەوتنە هەوڵدان. پاپا پۆلی شەشەم داوای لە هەردوو لایەن کرد داوای ئاگربەسەکە قەبووڵ بکەن و ئینجا دانیشن بۆ دانوستان. ئیوتانیت لەسەر داوای واشنتۆن کە داوای لێ کرد نێوبژیوانی بکا، داوای لە ویلایەتەیەکگرتووەکان و هەردوو ڤێتنامەکە کرد، لە شوێنێکی بەریتانیادا بۆ دانوستانی ئاشتی چاویان بەیەکتر بکەوێ. هانۆی، چ لە زمانی هۆشی مین یان باقی بەرپرسەکان و چ لە وتووێژدا لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی سەردانیان دەکردن یان هەر دەنگێک لە هەر کوێیەکەوە هاتبا، پێداگرانە سوور بوو لەسەر ئەوەی مەرجی قەبووڵی دانوستان، کۆتاییهێنانی "بێ مەرج"ـە بە بۆمبارانەکان و ڕاگرتنی هەموو هێرشەکانی دیکەی ئەمریکا و کشانەوەی هێزە ئەمریکاییەکان و قەبوولکردنی چوار ماددەکەی ئەو وڵاتەیە. ئەو مەرجانە جاری وابوو نەرمتر دەکرانەوە، بەڵام داوای کۆتاییهێنانی بۆمبارانەکان بنەما بوو و قەت نەگۆڕدرا.

کە سەرۆکوەزیرانی ڤێتنامی باکوور، فام وان دۆنگ گوتی :" چوار ماددەکە پێشمەرج نین بەڵکو و بنەمای ڕێککەوتنن." ئەمریکاییەکان پێیان وابوو ئەو ئاماژە دەدات.(٣٦٧)

وەختایەکیش گوتیان ئەگەر ئەمریکاییەکان بۆمبارانەکانیان ڕاگرن، هانۆی "بە پێشنیارەکانیدا دەچێتەوە و تاوتوێیان دەکا" دیسان هەر وایان لێک دایەوە. نوێنەرانی باڵیۆزخانەکانی ئەمریکا و ڤێتنامی باکوور لە مۆسکۆ، لەڕاستیدا بۆ ئەم بوارە دانوستانیان کرد ؛ بەڵام چونکە بۆمبارانەکان هەر تۆزێکیش ڕانەگیران، بۆ ئەوەی شێلگیری و نیازپاکیی ئەمریکا نیشان بدا دانوستانەکە هیچی لێ نەکەوتەوە.(٣٦٨)

جارێکی دیکەش دوو ئەمریکایی کە خۆیان بەرپرسەکانی هانۆییان دەناسی، پەیامێکیان بردە ئەوێ کە وزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕەشنووسەکەی ئامادە

کردبوو . ئەم پێشنیارەی تێدا بوو کە وتووێژە نهێنییەکان لەسەر بنەمای "تۆزێک دانبەخۆداگرتنی دوولایەنە" بکرێن.( ٣٦٩) ڕاوێژی پەیامەکە نەرمونیان بوو و فڕۆکە ئەمریکاییەکانیش، ئەگەرچی بەسەر هەر نەنیشتنەوە، بەڵام ماوەیەک لە دەوروبەری هانۆی دوور کەوتنەوە. کە وەڵامێک نەهاتەوە، فڕۆکەکان گەڕانەوە و بۆ یەکەم جار بەندەری هایفۆنگ و دەوروپشتی ئاسنەڕێ و کۆمەڵێک ئامانجی دیکەشیان لە پایتەختدا بۆردومان کرد. ئێوتانێت پێشنیاری کرد کە لەودیو ئەم خۆنواندن و مانۆڕانەوە، تاقیکردنەوەیەکی سادە هەبێ. داوای لە ویلایەتەیەکگرتووەکان کرد "خۆ لە مەترسییەکی هەڵسەنگێنراو"( ٣٧٠) بدا و بۆمبارانەکان ببڕێنێتەوە. ئەم کارە، بە باوەڕی ئەو "لە ماوەی چەند حەفتەیەک"دا دانوستانەکانی ئاشتیی لێ دەکەوێتەوە. ئەمریکا ملی بۆ ئەم تاقیکردنەویە ڕانەکێشا.

سەرکۆمار جانسۆن، هەر بۆ قسەیەکی ناوخۆیی گوتی وڵاتەکەی ئامادەیە "تەنانەت پتر لەوەی بە ئینسافیشەوە چاوەڕوانی دەکرد، بچێتە پێش و لە بارەی ئیمکانی ئاگربەس یان کۆتاییهێنان بە دوژمنایەتییەکە یان کۆنفرانسی ئاشتی، لەگەڵ ڤێتنام دانوستان بکا."( ٣٧١) بەڵام ئەوە ڕاگرتنی فڕۆکە بی ـ ٥٢ـەکانی نەدەگرتەوە. لە نامەیەکی جانسۆندا ڕاستەوخۆ بۆ هۆشی مین، ڕێگەچارەی سەودای دوولایەنە خرا ڕووە ڕوو و گوترا: "هەر لەوە دڵنیا بم کە ئێوە ئیتر وازتان هێناوە لەوەی کە لە ڕێی وشکانی و دەریاوە دزەی بکەنە نێو ڤێتنامی باشوورەوە"، بۆمبارانەکان و زیادکردنی هێزەکانی ئەمریکا کۆتایی دێ.( ٣٧٢) هۆ، لە وەڵامیدا فۆرمۆلەکەی پێشووی دووپاتە کردەوە.

شیکردنەوەی وەڵامەکانی هانۆی، بۆ واشنتۆنی دەسەلماند کە "لە هانۆی بەقووڵی لەسەر ئەو باوەڕەن کە تێچووەکانی جەنگ ورەماندەڕووخێنێ*."(٣٧٣) چاودێرەکان ڕاستیان دەکرد کەللەڕەقی و مکووڕیی هانۆی، هەر بە ڕاستی لە سەر بنەمای ئەو باوەڕە بوو کە چ لە ئاکامی تێچووی جەنگدا، چ لە ئاکامی ئەو نارەزایەتییانەی ڕۆژبەڕۆژ پتر دەبوون، ویلایەتە یەکگرتووەکان زووتر لە هانۆی ژەکەڕۆ دەبێ و ورە بەردەدا. وەختێک ڕاسک، وەزیری دەرەوە بە

---

*هانۆییەکان دەیانزانی، ئەگەر تێچووی جەنگەکە پتر بێ، ئەمریکا هەنگاوی شل دەبێ و ورەی نامێنێ.

نێوچاوانگرژییەوە ٢٨ پێشنیارەکەی ئەمریکای بۆ ئاشتی خوێندەوە، نیوەی حەقیقەتی دەگوت . ڤێتنامی باکوور هەتا داواکانی وەدی نەهاتبا گوێی بەو قسانە نەدەبزووت و جا چونکە لە ورتەورتی ئاشتییەکەی ئەمریکادا هیچ کام لە مەرجەکانی ڤێتنامی باکوور نەگونجێنرابوو و هەر باسی سنوور و چییەتیی دوا ڕێکەوتنی سیاسیش نەکرابوو هانۆی هەر گوێیشی نەدەدایێ.

ساتێک واهاتە بەرچاو کە هەر بە ڕاستی کارەکە جووڵەیەکی کردووە و ئەویش ئەودەمە بوو کە سەرۆکوەزیرانی سۆڤیەت، ئالکسی کاسیگین چووە سەردانی هارۆڵد ویلسۆنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا. ئەو دوانە بە پێوەندی لەگەڵ لایەنە سەرەکییەکان، دوو هەنگاویان مابوو بگەنە بنەمای ڕێککەوتنەکان بۆ دانوستان.(٣٧٤) بەڵام ئەو مشوورخواردنەش هیچی لێ نەکەوتەوە چونکە جانسۆن لە دوا کات و ساتدا، ئەو دەمەی کاسیگین لەندەنی بەجێ دەهێشت، لە خۆڕا دەقی ڕاگەیەنراوی کۆتایی گۆڕی و ئیتر کاتێک بۆ ڕاوێژ نەمابوو. ویلسۆن بە خەمێکەوە گوتی: "ئاشتی چیی نەمابوو بێتە بەرچنگمان." ئەو مەسەلەیە گومانی لەسەرە. زەحمەتە بیر لەوە نەکەیتەوە کە جانسۆن هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ ئەوە بوو ڕەخنەکانی ناوخۆ و دەرەوە دامرکێنێتەوە . لە حاڵێکدا هەم خۆی و هەمیش ئەو ڕاوێژدەرانەی گوێی لێ دەگرتن، بەردەوام لە ڕێگایەک دەگەڕان بۆ ڕێککەتن کە بەهێز و دەسەڵاتی زاڵەوە بسەپێنرێ.

ئاسۆی ناوخۆ تاریکتر دەبوو. توندترکردنی هەنگاو بە هەنگاوی جەنگەکە بەبێ سنوورێکی دیاریکراو وەک چۆن تا بخۆی ئیشتیات پتر دەکرێتەوە، ئاوا لەخۆوە قەبووڵ نەدەکرا . ئەویش جەنگێگ کە بەدەگمەن کەس سەری لێ دەردەکرد. شێوازەکەی وۆست مۆرلەند کە هەموو جارێ داوای دەکرد ٧٠٠٠٠ تا ٨٠٠٠٠ سەربازی بۆ زیاد بکەن، مەسەلەی بانگەوازەکەی هێزی پشتیوانی سوپای بەهەڵپەسێراوی هێشتەوە . بەڵام وەک مەکناتۆن وریایی دا بە سەرکۆمار، ئەم مەسەلەیەی سەرەڕای "هەموو لایەنە سامناکەکانی" هەڵدەگرت بۆ کاتێکی نالەباری دیکە واتە بۆ ساڵی هەڵبژاردنەکانی ١٩٦٨. مەکناتۆن سەرنجی لایەنەپێوەندیدارەکانی بۆ زیانی ئەمریکاییەکان لە١٩٦٧دا ڕاکێشا کە ٩٠٠٠ کوژراو و ٦٠٠٠٠ برینداریان دابوو. دەبوو ئاگایان لە ترس و نیگەرانیی

خەڵک بێت لە درێژەدانی جەنگ و ئەو ئازار و بەشمەینەتییانەی دەدرایە هەردوو ڤێتنامەکە و دواجار ناڕەزایەتیی گشتی کە هەر دەهات و پتر دەبوو.

"هەستێکی بەهێز لە هەموو لاوە بەدی دەکرا کە چینی دەسەڵاتدار ئەقڵی لەدەست داوە.. کە ئیتر ئێمە بێ تامامان کردووە.. زۆربەی ئەمریکاییەکان هەر نازانن ئێمە کەوتووینەتە چ گێژاوێکەوە.. هەمووان دەیانەوێ جەنگەکە ببڕێتەوە و چاوەڕوانییان لەسەرکۆمار هەیە کۆتایی پێ بێنێ. سەرکەوتووانە ئەگینا..."(٣٧٥)

دوور نەبوو کە ئەو "ئەگینا"یە، بەو مانایە بێ "ئەگینا لەکۆڵمان بێتەوە." وردە وردە جانسۆن لێی ڕوون دەبۆوە کە کێشمەکێشەکەی ڤێتنام بەهیچ شێوەیەک سوودی بۆ ئەو نابێ. لە هەژدە مانگەکەی کۆتایی خولی سەرکۆماریدا، سەرکەوتنی سەربازی مەحاڵ بوو و لەگەڵ هاتنی کاتی هەڵبژاردنەکانیش، ئەو نەیدەتوانی بکشێتەوە و ڤێتنام "بدۆڕێنێ." دەبوایە مل بۆ بانگکرنی خەڵکە پشتیوانەکە* و زیانەکان و بریندارەکان و ناڕەزایەتیی گشتی ڕابکێشێ. پێوە ببوو و بە رای مۆیەرز، "خۆی دەیزانی. هەستی دەکرد جەنگ لە ڕووی سیاسییەوە دەیشکێنێ و سەرکۆمارییەکەیشی تێک دەشکێنێ. بنیادەمێکی داماو بوو."(٣٧٦)

جانسۆن گوشاری ڕاستئاژۆکان و سوپاییەکان و وتەبێژەکانی ئەوانیشی لەسەر بوو کە جڵەویان بەر بدا. کۆمسیۆنی هێزە چەکدارەکانی سەنا بە سەرۆکایەتیی سەناتۆر جۆن ستێنیس لە ئاوگۆستی ١٩٦٧دا بوو بە شوێنی پێکدادانی دەنگەکان(بیروبۆچوونەکان) و دەربڕینی ناڕەزایەتی لە بەرچاوی خەڵک. ستێنیس، تەنانەت بەر لەوەی قسەی شایەتەکانیشی گوێ لێ بێ، ڕای خۆی گوت کە هەڵپەساردن یان سنووردارکردنی بۆمبارانەکان "هەڵەیەکی مەترسیدارە."(٣٧٧)

دەریاسالار یۆلیسێز گرانت شارپ، فەرماندەی هێزە ئاسمانییەکانی ناوچەی زەریای هێمن، بەکەفوکوڵەوە بەرگریی لە توانای هێزی ئاسمانی کرد و لەوەش پتر شووی لێ هەڵکێشا. باسی پێشینەی پڕشنگداری فڕۆکەکانی بی ـ٥٢ی کرد

---

*ئەو کەسانەی وەک هێزێکی پشتیوان دانراون بۆ کاتی پێویست.

که چۆن زیانیان گەیاندووە بە بنکە سەربازییەکان و عەمبارەکانی تەقەمەنی و ناوەندەکانی وزە و وێستگەکانی ئاسنەڕێ(شەمەندەفەر) و کارخانەکانی تواندنەوەی ئاسن و پۆڵا و کارگەی چیمەنتۆ و فرۆکەخانەکان و بنکە دەریاییەکان و پردەکان و بەگشتی لە "تێکدانی چالاکییە ئابوورییەکان" و هێنان و ڕاگواستن و کشتوکاڵ و نەهێشتی خۆراکدا. گوتیشی، بەبێ بۆمبارانەکان باکوور دەیتوانی هێزەکانی خۆی لە باشووردا دوو ئەوەندەی ئێستا زیاد بکا کە ئەودەم، بۆ ویلایەتەیەکگرتووەکان، ئەگەر دەیەویست پاش نەکەوێ پێویستی بە هێنانی ٨٠٠٠٠٠ سەربازی زیادە بوو کە ٧٥ ملیارد دۆلاری تێدەچوو. دەریاسالار پێشنیارەکانی ڕاگرتنی بۆمبارانی یەکجێ ڕەت کردەوە و گوتی ئەو کارە دەرفەت بۆ دوژمن دەڕەخسێنێ کە ڕیزەکانی خۆی پتەوتر بکاتەوە. تفاق و تەقەمەنی و لۆجستیک بگەیەنێتە هێزەکانی خۆی لە باشوور و بەرگرییە سامناکەکەی خۆی دژی هێرشە ئاسمانییەکان بەهێزتر بکا. شارپ ڕاشکاوانە ڕەخنەی لەوە گرت کە خەڵکی مەدەنی ئامانجی بۆمبارانەکان دەسنیشان بکەن و گاڵتەی بەو بابەتە کرد و گوتی ئەم کارە لە دووری گۆڕەپانی شەڕەکەوە بەدرەنگی دەکەوێ و لە ئاماژەیەکی ڕاشکاوانەدا بە شێوازی بڕیاردان لە کۆبوونەوەی نانی نیوەڕۆیانی ڕۆژانی سێشەممە، پێی داگرتەوە کە ئەگەر ئەوانە بەرپرسی سەربازی نین گوێیان لە ئامۆژگاریی سوپاییەکان گرتبایە و فەرمانی خۆبواردن لە بۆمبارانی ئامانجە "بەسوودەکان"ی ناوچە هەستیارەکانی هانۆی و هایفۆنگیان هەڵوەشاندبایەوە و نەیانهێشتبایە پەسندکرانی ئامانجەکان ئەوەندە بەدرەنگ بکەوێ ؛ بۆمبارانەکان کاریگەرتر دەبوون. ڕاگرتنی بۆمبارانەکان بە ڕای ئەو "کارەسات"ە و تا ماوەیەکی نادیار جەنگەکە درێژ دەکاتەوە.

وەزیری بەرگری، مەکنامارا لە بەڵگە و شایەتییەکەی خۆیدا، هەموو ئەو شتانەی خستە بەر گومان. لە ڕاپۆرتێکی بەرچاودا بەڵگەی هێناوە کە بەرنامەی بۆمبارانەکان، هیچ نەبووەتە هۆی کەمبوونەوەی لێشاوی کەسەکان و لۆجستیک و دڕدۆنگیش بوو لە ڕاستیی پێشنیاری سەرکردە سەربازییەکان کە دەیانگوت، واز لە سنووردراکردن و گیڕانەوەمان بێنن و ڕێگەمان بدەن

ئامانجی زیاتر و بەربڵاوتر بۆمباران بکەین. ئەو گوتی: "هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە کە ئەم کارە ورەی خەڵکی ڤێتنامی باکوور بڕووخێنێ و ئیرادەیان بشکێنێ یان کار بکاتە سەر شێلگیریی سەرکردەکانیان.. هیچ دڵنیاییەک نییە لەوەی بۆمبارانەکان بتوانێ بیانکێشێتە سەر مێزی دانوستان." بەو جۆرە وەزیری بەرگری دانی بەوەدا نا کە ئامانجی ستراتژیی ئەمریکا، ئامانجێکی پووچ و بێهوودەیە. ئەو شایەتیدانە کەلێنە قووڵەکەی نێوان سەرکردە سەربازییەکان و خەڵکی مەدەنیی ئاشکرا کرد و هەرای نایەوە.

ڕاپۆرتەکەی سەناتۆر ستێنیس لە بارەی لێکۆڵینەوەی کۆمسیۆن هێرشێکی هەوسارپچڕاوانە بوو بۆ سەر دەستێوەردانی خەڵکی مەدەنی. ئەو گوتی داوەریکردنی خەڵکی مەدەنی و پێشێلکردنی پێشنیاری سەرکردە سەربازییەکان "توانا ڕاستەقینەکەی هێزی ئاسمانیی خەساندووە." ئێستا دەبێ مل بۆ بڕیارێکی ئەستەم ڕابکێشن. "دەبێ غیرەت بنێینە بەرخۆمان و هەموو هێزەکە بخرێتە کار و کارەکە یەکلا بکرێتەوە."

جانسۆن شێلگیر بوو لەسەر ئەوەی خۆی نەخاتە نێو ئەو مەترسییانەوە و ئەوەندە نیگەرانی دۆخەکە بوو کە داوای لێبوردنی لە کرملین کرد لەبەر ئەوەی بە ڕێکەوت بۆمبێک لە بەندرێکی ڤێتنامی باکووردا کەشتییەکی بازرگانیی سۆڤیەتی پێکاوە. لە لایەکی دیکەوە نەیدەتوانی بۆ هەمیشە یان بەشێوەی کاتی بۆمبارانەکان ڕاگرێ، مەگەر ئاشتی وەدی بێ. چونکە ڕاوێژدەرە سەربازییەکانی دڵنیایان دەکردەوە کە ئەمە تاقە ڕێگەی بەچۆکداهێنانی باکوورە. جانسۆن ناچار بوو پاش لێکۆڵینەوەی کۆمسیۆنی ستێنیس، کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی ببەستێ و هەبوونی کەلێن لە نێو دەوڵەتدا بەدرۆ بخاتەوە و پشتیوانیی خۆی لە بەرنامەی بۆمبارانەکان دەربڕێ، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی دەسنیشانکردنی ئامانج بە یەکێکی دیکە بسپێرێ. بەڵام بۆ پاراستنی ڕێزی سەرکردە ی سوپا، داوای لە ژەنەڕاڵ ویلزی سەرۆکی ناوەندی هێزە هاوبەشەکان کرد بەردەوام لە ڕێوڕەسمی نانی نیوەڕۆی سێشەممانەدا بەشدار

بێ. بەوجۆرە مەکنامارا لە کەمینەدا مایەوە و بۆمبارانەکان بەرەبەر بەرەو باکوور هەڵکشان و بەتایبەتی هایفۆنگی گرتەوە.

شایەتییەکەی مەکنامارا یەکپارچەیی دەوڵەتەکەی جانسۆنی لێک ترازاند. پتەوترین کۆڵەکە تا ئەورۆژە، شێلگیرترین پاشماوەی گرووپی کێنێدی و بەڕێوەبەرە سەرەکییەکەی جەنگ باوەڕ و ئیمانی نەمابوو و لەوەودوا ئیتر لای سەرکۆماریش قسەی نەدەڕۆی. لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیراندا وەختێک ئەو گوتی، بۆمبارانەکان جگە لەوەی پێشی دزەکردنەکەی نەگرتوون، "بگرە ناوچە گوندنیشنەکانی باشووریش لەناو دەبا و دوژمنی خۆڕاگر دروست دەکات"؛ هاوکارەکانی لە بێدەنگییەکی زۆر تاڵدا چاویان تێ بڕی.(٣٧)

خەڵکە دژە شەڕەکە، چاوەڕوان و تاسەباری ئەوە بوون ئەو پشت بکاتە شەڕەکە بەڵام هیچ باسێک نەبوو. مەکنامارا، وەک بێتمان هۆلڤێگ لە ئاڵمانی ١٩٧٧دا لە پەنتاگۆن درێژەی بەکارەکەی دا و بوو بە چاودێری سیاسەتێک کە باوەڕی وابوو بێهوودە و هەڵەیە. هەدووکیان لەوانەیە گوتبێتیان ئەگەر جیا لەوە شتێکی دیکەیان کردبا، بێباوەڕیی خۆیانیان دەسەلماند و دوژمنیان بەخۆیان خۆش دەکرد. مەسەلەکە لە ڕاستیدا ئەوەیە کە ئاخۆ مرۆڤ پابەندی ئەمەگداری و وەفادارییە یان پابەندە بەوەی شوێن حەقیقەت بکەوێ؟ مەکنامارا لە نێوان ئەو دووانەدا مایەوە و زۆری نەخایاند. سێ مانگ پاش لێکۆڵینەوەکەی ستێنیسن جانسۆن بەبێ ئەوەی هەر پرسێکیش بەخۆی بکاڕایگەیاند، مەکنامارا پاڵێوراوی سەرۆکایەتیی بانکی جیهانییە. وەزیری بەرگری لە کاتی ڕۆیشتنیدا بەپارێز و بەنەزاکەت بوو.

لێرەوە لەناوخۆی وڵاتدا، دەوڵەت لەسەر مەسەلەی جەنگ کەوتبووە بەرگریکردن لە خۆی. جانسۆن بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسیی خۆی و ڕاکێشانی متمانەی خەڵک، ژەنەڕاڵ وۆست مۆرلەند و باڵیۆزی ئەمریکا لە ڤێتنام ئێلزۆرت بانکەر و جێنشینەکەی لاج و کەسایەتییە گرینگەکانی دیکەی بانگهێشت کردەوە بۆ ئەمریکا بۆ ئەوەی پێشبینیی باش بکەن و دڵنیایی بدەن

لەوەی "بەسەر دەستدرێژیی کۆمۆنیستیدا سەردەکەون". بەڵام ئەو زانیارییانەی کە دەهاتن و خەڵکیش نەیدەبیستنەوە، زۆر دڵخۆشکەر نەبوو ن. ڕێکخراوی سیا(CIA) وای هەڵسەنگاند کە هێرشە ئاسمانییەکانی چەندەش گرینگتر بکرێن، بۆ هانۆی "ئەوندە تاقەتبڕ نین کە ناچاری بکەن دەست لە جەنگ هەڵگرێ."(٣٧٩) لە هەڵسەنگاندنێکی سیادا کە کاریگەریی بۆمبارانەکان زۆر بێ ئینسافانە بەبێ بەهای دۆلار هەڵسەنگێنرابوون، ئەوڕاستییە دەرکەوت کە بایی هەر دۆلارێک زیان لە ڤێتنامی باکوور بدرێ، ٩/٦٠ دۆلار لەسەر ئەمریکا ڕادەوەستێ.(٣٨٠) چاودێرانی سیستەمەکان لە وەزارەتی بەرگریدا لێیان ڕوون بۆوە کە دوژمن لەتوانای دایە "زۆر خێراتر لەوەی ئێمە کاولی دەکەین" ڕێگەی نوێی لۆجستیکی دروست بکاتەوە و وایان مەزەندە کرد کە زیادکردنی هێزە ئەمریکاییەکان، زیانی پترە لە قازانجەکەی بەتایبەتی بۆ ئابووریی ڤێتنامی باشوور.( ٣٨١) ئەنجومەنی لێکدانەوەکانی بەرگری، بەرنامە تۆژینەوەییەکەی "جیسۆن"ی نوێ کردەوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نەبوو تا ئەنجامگیرییەکانی پێشوو بگۆڕێ و بەپێچەوانەی بانگەشەی هێزی ئاسمانی، ڕاشکاوانە و بێ گرێ گوتی : "ئێمە ناتوانین لە باکوور بۆمبارانێکی وا بکەین پێش بە دزەکردنی خەڵک بگرێ."(٣٨٢)

وەختایەک کۆمەڵێک بەڵگەی بەرهە ڵست و هەڵە، باوەڕە شێلگیرەکان پووچەڵ بکەنەوە، وەک لایەنگرانی تیۆریی "چەقبەستنی تێگەیشتن"، ئەوەیڕوو دەدات بەلاوەنانی باوەڕ نییە بەڵکو و چەقبەستنێتی لەگەڵ پاساوهێنانەوە و بە زمانێکی سادەتر، گەمژەیی تۆکمەتر دەبێ. بۆمبارانەکان ڕێک ئاوەها بوون. چەندی خەستتر و خوێناویتر و لە هانۆی نزیکتر دەبووەوە، ئەمریکای بۆ وتووێژ و ڕزگاربوون لە شەڕەکە ساردتر دەکردەوە. لە کۆتایی ١٩٦٧دا وەزارەتی بەرگری ڕایگەیاند کە کۆی ئەو بۆمبانەی بە باکوور و باشووردا دراون، لەسەریەک پتر لە یەک ملیۆن و نیو تۆن بووە و٧٥٠٠٠ تۆنی پتر بووە لە کۆی ئەو بۆمبانەی هێزی ئاسمانیی سوپای ئەمری کا لە دووەم جەنگی

جیهانیدا به ئەورووپایدا داون. هەندێک زیاتر لە نیوەی ئەو بۆمبانە بە ڤێتنامی باکووردا درابوون کە هەر بەتەنێ زیاتر بوو لە هەموو ئەو بۆمبانەی لە تەواوی گۆڕەپانی شەڕی زەریای ئارامدا بەکاربردرابوون.(٣٨٣)

ئەمریکا لە لایەکەوە گەیشتبووە ئاست و سنوورێک کە ئیدی نەدەبوو لەوە پتر پێ ڕاکێشێ. مانگی جوولای جانسۆن سنوورێکی بۆ زیادکردنی هێزە وشکانییەکان دانابوو کە نابێ ٥٢٥٠٠٠ کەس پتر بێ، یانی کەمتر لەو ژمارەیەی ژەنەڕاڵ لۆکلێر ٢١ ساڵ لەمەوبەر گوتبووی پێویستمانە و ئەوەشی لێ زیاد کردبوو کە "تەنانەت ئاواش هەر سەرناکەوین." لەو جەنگەیەدا، ئەمریکا دەرگای باخێکی سەوزی دیکەی خستە سەر پشت و تۆزێک پاشەکشەی لە مامەڵەی وەک یەک کرد. (لەوەی من چ دەکەم دەبێ تۆش ئەوە بکەی). دوو فەڕەنسی،ڕێمۆن ئێوبرک و هێربێر ماکۆڤیچ یەکەمیان دۆستێکی لەمێژنەی هۆشی مین و هەردووکیشیان شێلگیر لەسەر بڕانەوەی جەنگ لە کۆنفڕاسی پاگواش قسەیان لەگەڵ کیسنجەر کردبوو و گوتبوویان، حەز دەکەین وەک نێردراوی واشنتۆن بچینە هانۆی.( ٣٨٤) ئەو دووانە پاش ڕاوێژ و تەگبیر لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە، پەیامەکەیان برد کە ویلایەیتەیەکگرتووەکان بۆمبارانەکان ڕادەگرێ بەو مەرجەی هانۆی بەڵێن بدا، ئەو ڕاگرتنی بۆمبارانە دەرگایەک دەبێ بۆ دانوستان و بەو گریمانەیە کە ڤێتنامی باکووریش دەست لە عەمەلیاتەکانی خۆی لە باشووردا هەڵدەگرێت. لە وەڵامەکەی هانۆیدا وا دەردەکەوت کە دانوستان دەکرێ لەسەر ئەم بنەمایە بچێتە پێشەوە. بەڵام هاوکات دەریاسالار شارپ، بۆمبارانێکی بەربڵاوی دەست پێکرد بۆ ئەوەی پێوەندیی هانۆی و هایفۆنگ پێکەوە و لەگەڵ ڕێگە لۆجستیکییەکانیش بپسێنێ. ئیتر هانۆی بە تووڕەییەوە وازی لە دانوستان هێنا. بەشدارانی نیوەڕۆیانی سێشەممە، ئەو ڕۆژە لەکاتی بۆردومانەکاندا بە ڕواڵەت وەنەوزیان دەدا ـ مەگەر بڵێی بە ئانقەست خۆیان لێ گێل کردبێ.

مانگێک دواتر لە حاڵێکدا هەرای بەرهەڵستکاران هەر وا بەرز بوو و بەڵگەکانیش نیشاندەری ئەوە بوون کە لە نێو حیزبدا خەریکن خەنیمێک لە جانسۆن قوت دەکەنەوە، سەرکۆمار کارێکی بەئانقەستی کرد. لە وتارێکدا لە سان ئانتۆنیو لە تەگساس، لە ٢٩ی سێپتەمبەردا ڕاشکاوانە ڕێگەچارەی ناردنەکەی ئۆبراک - مارکۆڤیچی دووپاتە کردەوە و گوتی: "ئێمە و هاوپەیمانەکانمان لە ڤێتنامی باشوور ئامادەین هەر ئەمشەو دانیشین بۆ دانوستان.. ویلایەتەیەکگرتووەکان پێی خۆشە هەموو .. بۆمبارانکردنی ڤێتنامی باکوور ڕاگرێ. بەو مەرجەی دەسبەجێ دانوستانی بەسوودی بەدوودا بێ."

دیارە "گریمانەی ئەمریکا لەسەر ئەو بنەمایەیە" کە لە کاتی دانوستانەکاندا ڤێتنامی باکوور، سوودی خراپ لە ڕاگیرانی بۆمبارانەکان وەرناگرێ. هانۆی هەر ڕاستەوڕێ ئەو ورتەورتەی ڕەت کردەوە و ناوی نا "ئاشتیی گزیکارانە" و "خەڵەتاندنی ڕووت". نێوبژیوانەکەیان، ویلفرێد بێرچێت، ڕۆژنامەنووسە ئوسترالیاییە کۆمۆنیستەکە لە هانۆی ڕایگەراند کە لێرە "بەوپەڕی بێمتمانەییەوە" (٣٨٥) لە هەوڵە تایبەتی یان ئاشکراکانی واشنتۆن دەڕوانن و گوتی: "من هیچ سەرکردەیەک شک نابەم، لەگەڵ سەرکۆمار جانسۆن خۆمانە و دۆست بێ و بڕوا بە قسەکانی بکا کە ئاخۆ هەر بەڕاستی دەیەوێ کۆتایی بە جەنگەکە بێنێ ؛ ئەویش بەو مەرجەی واز لە خەڵکی ڤێتنام بێنێ کە خۆیان کاروبارەکەی خۆیان چارەسەر بکەن و بەڕێوەی بەرن."

ئەمجارە هانۆی بوو کە گەمژەیی دەنواند و ئیتر هەل و دەرفەتەکە لەبار چوو. ڤێتنامی باکوور دەبوایە پێشنیارە ئاشکراکەی جانسۆنی قەبووڵ کردبایە و نەیهێشتبا قسەکەی خۆی بخواتەوە . دەبوایە ئەنجامەکانی تاقی کردبایەوە. ئەگەر لەو جەنگەیەدا ئاشتی دەستەبەر بوایە، ڤێتنامی باکوور لە زۆر بەڵا و مسیبەت ڕزگار دەبوو. بەڵام بۆمبارانەکان خەڵکی ڤێتنامی باکووریان دڕدۆنگ و بەدگومان کردبوو. هەر بۆیەیش کە دیتیان هەڵوێستی دوژمنان نەرم بووەتەوە، بڕیاریان دا پتر خۆیان ڕاگرن و بە هێز و دەسەڵاتەوە بچنە سەر مێزی دانوستان.

چەند ڕۆژ دواتر، لە ئەمریکا شتێک قەوما کە گەوهەری بزووتنەوەی دژە جەنگی لە جیابیرییەوە کردە کێشەیەکی سیاسی. پاڵێوراوێک لە حیزبەکەی جانسۆندا هاتە بەرەوە، هەتا لە هەڵبژاردنەکاندا شان لە شانی بدات. ڕێکخراوە دژە جەنگەکان، دەیانزانی بۆ ئەوەی شتێک بە شتێک بکرێ دەبێ خەنیمێکی سیاسی لەبەردەم جانسۆن قوت بێتەوە و زۆر بەدوای خەنیمێکدا دەگەڕان. ڕابێرت کێنێدی سەرەڕای نقورچکی دەوروبەرییەکانی، خۆی هەر نەدەپاڵاوت. سەناتۆری مینسۆتا، یۆجین مەکارتی، پەروەردەکراوێکی دیکەی تاقمی سیاسەتڤانە سەربەخۆکانی ئەو ڕێکخراوە لە ٧ی ئۆکتۆبەردا، خۆی پاڵاوت و بۆشاییەکەی پڕ کردەوە. جۆش و خرۆش و کوڵی دژە جەنگ هەڵیگرت. ڕادیکاڵەکان، میانڕەوەکان و هەموو ئەوانەی دەیانەویست لە بەڵای شەڕ ڕزگاریان بێ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بیروباوەڕە سیاسییەکەیان، لە دەوری کۆ بوونەوە. جانسۆن و لێهاتووە کۆنەکارەکان، لە پێشدا بە تیزەبزەیەکەوە، مریدەکانی مەککارتییان بە خەڵکێکی کرچ و کاڵ ناو برد و بەهەندیان نەگرتن، هەتا ئەوەی یەکەم هەڵبژاردنی ناوچەیی دەسنیشانکردنی پاڵێوراوی حیزب هاتە ئاراوە. ئەوەش لە ڕاستیدا دەسپێکی کۆتایی بوو. گۆڤاری ساتردەی ئی ڤنینگ پۆست، وتەبێژی ئەمریکای ناوەڕاست، مانگێک دواتر لە سەروتارەکەی خۆیدا لە بارەی ئەنجامی دەستێوەردانی ئەمریکا لە ڤێتنامدا ڕاشکاوانە و بێ پەردە نووسیی: "جەنگی ڤێتنامی خەتای جانسۆنە و ئەو بەهێزی پۆستەکەی خۆی، کردوویەتی بە جۆرە خەتایەکی نیشتمانی."(٣٨٦)

هێرشی تێت لە لایەن دوژمنەوە لە کۆتایی جانیوەری ١٩٦٨دا گۆڕانی بیروباوەڕی دژە جەنگ و دژی سەرکۆماری لە ئەمریکادا خێراتر کرد. بەپێچەوانەی شەڕ و قوونەشەڕەکانی پێشووی ویت کۆنگ لە گوندەکاندا، ئەمەیان هێرشێکی گەورە و بەربڵاو و ڕێکخراو و هاوکات بوو بۆ سەر زیاتر لە سەد شاری گەورە و بچووکی ڤێتنامی باشوور کە لە زۆربەیاندا هەتا ئەو ڕۆژە ڕاپەڕیوەکان نەبینرابوون. ئێستا لە پەلامارێکی بەتەوژمدا کە مەڵبەندی

باڵیۆزخانەکەی ئەمریکای لە سایگۆنیش گرتەوە. بینەرانی تەلەفزیۆنی ئەمریکا، شەڕی شەقام بە شەقام و تەقە و مەرگیان لە نێو خودی ئەمریکاشدا بەچاوی خۆیان دیت و زراویان چوو. ویت کۆنگیەکان، ماوەی چەند حەفتەیەک، هۆئێی کۆنەپایتەختیان لەبەردەستدا بوو و هەزاران کەسی ئەو شارەیان کۆمەڵکوژ کرد. هەتا دواجار دەستیان بەسەر شارەکەدا گرت. شەڕەکە مانگێکی خایاند. زۆر شاری دیکەش لە گەمارۆ و مەترسیدا بوون و ڕوون نەبوو ئاخۆ کامیان دواجار پێشڕەوی دەکەن. بەڵام هەر ئەوەندەی کە دوژمنێکی وا دەیانگوت خەریکە بەچۆکدا بێ، بتوانێ هێرشێکی ئاوا بەهێز بکا، هەموو لێکدانەوە متمانەبەخشەکانی پووچەڵ کردەوە و وۆست مۆرلەندی سووک و چرووک کرد و خەڵک و دەوڵەتی ئەمریکای تاساند.

ئامانجی ویت کۆنگ لە هێرشەکە، پێدەچێ ئەوە بووبێ کە ئەمریکا بشڵەقێنێ یان پێگەیەکی بەهێز دەستەبەر بکا یان بەر لە دانوستانەکان، هێزە بەرچاوەکەی خۆی بسەلمێنێ. هێرشەکەی تێت، باشووری لێک نەترازاند زیانی زۆر قورسی لە ویت کۆنگ و باکوورییەکان دا کە مەزەندە دەکرێ ٣٠ هەتا ٤٥ هەزار کەس بووبێ، بەڵام بایەخ و گرینگییەکەی لەو زەبرە دەروونییەدا بوو کە وەشاندی. ئەمریکا هەستی بە کارەساتێک کرد و قسەی عەقیدێکی ئەمریکایی کە لە هەموو قسەیەکی دیکەی سەردەمی شەڕ زار بە زار گەڕا، ئەو هەستەی بەهێزتر کرد: "بۆ ڕزگارکردنی شار، دەبێ شارەکە کاول بکەی."(٣٨٧) مەبەستی عەقیدەکە ئەوە بوو کە دەبێ شارەکە تەخت بکرێ و خاکی لە توورەکە بکرێ بۆ ئەوەی ویت کۆنگییەکان پەرش و بڵاو بن . بەڵام قسەکەی ئەو نوێنگەی توانای هێزی ئەمریکا بوو ـ لەناوبردنی ئەو شتەی کە دەتەوێ بیپارێزی، بۆ پاراستنی لە کۆمۆنیزم. هەر لەو ڕۆژانەیدا کە شەڕەکەی تێت بەرەو کۆتایی دەچوو دەنگە گرانوسەنگینەکەی وال ستریت ژۆرنال بانگی هێشت کە "ئێمە پێمان وایە، خەڵکی ئەمریکا ئەگەر هێشتا خۆیان ئامادە نەکردووە، ئیتر دەبێ خۆیان بۆ ئەوە ئامادە بکەن کە لەوانەیە هەموو هەوڵ و تێکۆشانەکانی ئێمە لە ڤێتنامدا شکست بخوا."

وۆست مۆرلەند دەسبەجێ داوای کرد ١٠٥٠٠ سەربازی بەپەلە بە فڕۆکە بۆ بنێرن وبەدوای ئەوەشدا داوای ٢٠٦٠٠٠ هێزی زیادەی دیکەی کرد و ژەنەڕاڵ ویلر و سەرکردەکانی ناوەندی هێزە هاوبەشەکانیش، سەرەڕای ئەوەی ئەم ژمارە داواکراوە زۆر زیاتر بوو لەوەی جانسۆن لە مانگی جوولایدا داوای کردبوو قەبووڵی کرد. ژمارەی سەربازە ئەمریکاییەکان لە ڤێتنام لەو دەمەدا، هێندێک لە ٥٠٠٠٠٠ کەس کەمتر بوو. زیادکردنی سەرباز بەو ڕادەیە، بە دڵنیاییەوە لە نێو وڵاتدا هەرای دەنایەوە و دەسەڵاتی جێبەجێکەری تووشی دەموساتێک دەکرد کە دەبوو بڕیار بدا و شەڕەکە بەربڵاوتر بکا یان ڕێگەچارەیەکی جگە لە ڕێگەی سەربازی بگرێتە بەر. ململانێکانی هەڵبژاردن، قەول وابوو بەو زووانە دەست پێ بکا و قەبووڵی داواکەی وۆست مۆرلەند ئەستەم دیار بوو بەو حاڵەشەوە، جانسۆنیش هەروا لە بەندی ئەو خەیاڵەیدا بوو کە هێزی باڵاتر سەردەکەوێ و لە هیچ هەلومەرجێکی وادا کە بۆنی "دۆڕانی" لێ هاتبا، نەیدەتوانی مل بۆ دانوستانڕاکێشێ.

لە ژێر چاودێریی کلارک کلیفۆردی وەزیرە تازەکەی بەرگریدا کە هێشتا کۆنگرە پەسندی نەکردبوو ببێتە وەزیر، جانسۆن تاقمێکی زبروەشێنیڕاسپارد کە گوژمە و کاریگەریی ٢٠٠٠٠٠ سەربازی دیکەش تاوتوێ بکا.(٣٨٨) کە پرس لە سەرکردایەتیی ناوەندی هێزە هاوبەشەکان کرا کە ئاخۆ ناردنی ئەم هێزە لە بنبەستەکە ڕزگارمان دەکا و سەرمان دەخات یان نا ئەوان نەیانتوانی دڵنیایان بکەنەوە. تاقمی زەبروەشێن، هەوڵی دەدا پێ لە بەڕەکەی خۆی پتر ڕانەکێشێ، بەڵام بەردەوام دەکەوتە بەردەم "کۆمەڵێک پرسیاری بنەماییەوە": لە بەرەی ناوخۆییدا، هەر بۆ نموونە، بانگهێشتی هێزی تەنگانە(پشتیوان) بۆ مەیدان و هەموانیکردنی خزمەتی سەربازی، مەئمووریەتی دووورودرێژ و زۆرجاریش دووبارە، ملیارد ملیارد تێچووی زیادی، ماڵیاتی زیاتر، چاودێری بەسەر هەقدەست و نرخەکاندا لە بەرەی سەربازی، ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە کە ٩٠٠٠٠ هێزی باکووری لە ١٩٦٧دا خزیونەتە نێو باشوورەوە و ئێستا سێ یان

چوار هێندەی پارن و دوژمن هەموو جارێک توانیویێتی لە توندترکردنی شەڕەکەدا دەستی ئەمریکا لە پشتەوەڕا ببەستێ(لێی بردووەتەوە) و بۆمبارانەکان بە ڕواڵەت ناتوانێ بەریان بگێڕێتەوە و چەندی هێزیشیان تێدا بچێ، هەر بەلایانەوە سەیر و چاوەڕواننەکراو نییە.

لە هێرشە دڕندانە و هەندێ جاریش خۆکوژانەکەی تێتدا، دوژمن لە کوژران نەپرینگابۆوە و لە هەندێ شوێندا سەداپەنجاش زیانی پێ کەوتبوو. ئەی ئەوان لە زیانێکی چەندە دەترسن و دەپرینگێنەوە؟

سەرکردایەتیی ناوەندی هێزە هاوبەشەکان و کۆڕی ناوخۆیی ڕاوێژدەرەکانی سەرکۆمار ـ کە ڕاسک و ڕۆستۆ و ژەنەڕاڵ ویلر و ژەنەڕاڵ تایلەر لە نێویاندا، ئەندامی تاقمی زەبروەشێنەکە بوون ـ بەڕواڵەت گوێیان بەو شتانە نەدەبزووت. ئەوانە هەر لە هەڵوێستەکەی سێ ساڵ لەمەوبەریاندا چەقیبوون. بڕیاریان وابوو هەر وا لە شەڕەکە بەردەوام بن و وۆست مۆرلەند چیی بوێ بیدەنێ. بە وتەی جۆرج کێنان "وەک ئەوانەی خەون دەبینن"، توانای "هیچ چەشنە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنێکی ڕاستەقینەی بەرهەمی کردەوەکانی خۆیانیان" نەبوو.( ٣٨٩) کلیفۆرد و چەند کەسێکی دیکە دڕدۆنگ بوون و دەیانگوت:" وا باشترە هەوڵە جەنگییەکانمان سنووردار بکەینەوە و هەوڵ بدەین بۆ دانوستان و ڕێککەوتن. " بەڵام چوونەدەرەوە لە ڤێتنام یەکێک لە ڕێگەچارەکان نەبوو چونکە پاش سێ ساڵ شەڕی خوێناوی و کوشتار و کاولکەری، لەوانەبوو تۆڵەی باکوورییەکان توندتر و بەزەبرتر بێ و ویلایەتەیەکگرتووەکان نەیدەتوانێ ئیتر گۆڕەپانەکە جێ بهێڵێ و خەڵکی ڤێتنامی باشوور بداتە دەست دوخی شمشێری دوژمن. تاقمی زەبروەشێن، بەبێ یەکدەنگی، ڕۆژی ٤ی مارس گوتیان بۆ دابینکردنی پێداویستییە تەنگاوییەکان، ١٣٥٠٠ سەربازی زیادی بنێرن. باقی ڕاپۆرتەکانی تاقمەکە بەپێی قسەی یەکێک لە ئەندامەکان، "هەوڵێک بوو بۆ ڕاکێشانی سەرنجی سەرکۆمار ؛ بۆ ئەوەی نەهێڵن بیر لە مەسەلە و بابەتگەلی بەربلاوتر بکاتەوە."

جانسۆن، کلیفۆردی هەڵبژاردبوو بۆ ئەوەی بەشکم ئەو پشتیوانییەی بە ڕۆیشتنی مەکنامارا لەکیسی چووبوو بەدەست بێنێتەوە. بەڵام کلیفۆرد، قەدەر وا بوو کە وەک ئەوی پێش خۆی، هەر ئەرکەکەی وەرگرت، دڵسارد و بێهیوا بوو. هاوینی ساڵی پێشتر کلیفۆرد سەردانی وڵاتانی "سیتۆ" ( ڕێکخراوی پەیمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا)ی کردبوو بۆ ئەوەی داوایان لێ بکا، هێزێکی زیاتر بنێرنە شەڕگەکە.(٣٩٠) بەڵام هەر تاسا بوو کە دیتبووی ئەوان ئاوا ئەرکەکەی ئەویان بەکەم گرتبوو. ئەو بەناو هاوپەیمانانەی بە "ئاڵقەی" یەک زنجیر ناسرابوون، هیچ حەزیان لێ نەبوو تێوە بگلێن. تایلەند لە دراوسێیەتیی مەترسییەکەدا، لە حەشاماتە ٣٠ ملیۆنییەکەی خۆی، تەنیا ٢٥٠٠ سەربازی ناردبووە ڤێتنام. کلیفۆرد، دیتبووی دەوڵەتانی ناوچەکە ڕێز لە هەوڵەکانی ئەمریکا دەگرن و دەستخۆشیی لێ دەکەن، بەڵام زیادکردنی هێز و هەوڵی شێلگیرانەی لێ نەدیبوون. ڕوانگەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایی بۆ بارودۆخەکەی خۆی، ئەم پرسیارە شێلگیرانەیەی دەخستە ڕوو کە ئەرێ ئەمریکا بەرگری لە چ شتێک دەکا؟

کلیفۆرد وەختێک هاتە نێو وەزارەتی بەرگرییەوە، دیتی گەڵاڵەیەک بۆ سەرکەوتنی سەربازی لە ئارادا نییە. لە بری گەڵاڵە بەسەر کۆمەڵێک لەمپەردا کەوت .پەلاماردانی باکوور قەدەغەیە . ڕاوەدوونان لە لایۆس و کامبۆجیادا قەدەغەیە. دانانەوەی مین لە بەندەری هایفۆنگ قەدەغەیە کە ئەوانە هەموویان کۆسپی بەردەم سەرکەوتن بوون. ئەو لە نێو جێگر و هاوکارە مەدەنییەکانی خۆیدا، بێهیوایی و دڵساردییەکی زۆری بەدی کرد. (٣٩١) هەر لە یاداشتەکەی تاونزەند هۆبزەوە لە بارەی "مەحاڵبوونی سەرکەوتنی سەربازی"ـەوە بگرە هەتا پاڵ نیتزێ کە دەیگوت، پێی باشترە دەست لە کار بکێشێتەوە . بەڵام لە بەردەم سەنادا بەرگری لە سیاسەتە جەنگییەکەی دەوڵەت نەکا.(٣٩٢) کلیفۆرد ڕاپۆرتێکی دیت لە بەشی لێکدانەوەی سیستەمەکاندا کە دەیگوت: "سەرەڕای هەبوونی ٥٠٠٠٠٠ سەربازی ئەمریکایی، ساڵێ ١/٥ ملیۆن تۆن بۆمب، ساڵێ ٤٠٠٠٠٠ هێرشی ئاسمانی، ٢٠٠٠٠٠ کوژراوی دوژمن لە عەمەلیاتەکانی سێ ساڵدا، ٢٠٠٠٠ کوژراوی ئەمریکایی و چی و چی، هێشتاش سەرکەوتن و

زاڵبوونی ئێمە بەسەر شارەکان و دەرەوەی شارەکاندا لە ڕاستیدا هەر ئەوەندەیە کە پێش ئاوگۆستی ١٩٦٥ هەمانبوو."(٣٩٣)

جگە لەوەش، کلیفۆرد بەچاوی خۆی کاریگەریی سامناکی هەموو جارێی توندترکردنی شەڕەکەی بەسەر بیروڕای گشتییەوە دەدی و لەبەر چاوی بوو کە چۆن بوودجە ٢/٥ملیارد دۆلارییەکەی ١٩٦٨ لە ١٩٦٩دا دەگەیەننە ١٠ ملیارد دۆلار. ئاگای لێ بوو کە سەرمایەگوزاریی نیشتمانیی ئێمە لە ڤێتنامدا لە ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڕستمان لێ دەبڕێ و چەندی جەنگەکە پتر بکەینە ئەمریکایی، ڤێتنامی باشوور خۆی کەمتر مشووری چارەسەری دەخوات. ئەو هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە "ئەو ڕێگە سەربازییەی ئێمە گرتوومانەتە بەر، نەک هەر بێ بڕانەوە بگرە بێ فایدە و بێسوودیشە."( ٣٩٤) دیتیشی کە جەنگەکە گەیوەتە بنبەست. کلیفۆرد بنیادەمێک نەبوو کە توانا چالاکەکان و ناوبانگە جوانەکەی خۆی بە قوربانی ئامانجێکی تێکشکاو بکا. هەر بۆیە مکووڕ بوو لەسەر ئەوەی سەرکۆمار لەو چەقبەستوویی فکرییە بێنێتە دەرێ. لە هەمبەر دەستەی ڕاوێژکاریدا، واتە "ئەوانەی لە دنیای خەیاڵدا دەژیان"، ئەو(کلیفۆرد) یەک نەفەر بوو لە بەرامبەر هەشت کەسدا بەڵام هەقدار بوو.

گوشارە سیاسییەکانیش یارمەتیدەر بوون. هەست و کوڵی دژە جەنگ، دژی دیموکراتەکان یەکی گرتبوو چونکە ئەوانە هاوحزبیی جانسۆن بوون. سەناتۆری ئەیالەتی مەریلەند، میلارد تایدینگز بە وتارنووسەکەی جانسۆنی گوت، ئەم جەنگە بووەتە تۆقێکی لەعەنت لە گەردنماندا کە "ئەگەر ئەمڕۆ هەڵبژاردن بوایە، هەر کۆماریخوازێک هاتبا، دەیتوانی کەرمان بکا و بمانخەڵەتێنێ." ڕاوێژدەرەکانی تایدینگز پێیان گوت، تەنیا وەختێک دەتوانێ خۆی ڕزگار بکا کە پەلاماری سەرکۆمار بدا، بەڵام چونکە کاری وا ناکا، دەبێ "ڕاشکاوانە دژی شەڕ قسە بکا." پێیان گوت: "ئەم شەڕە، هەم وڵات و هەمیش دیموکراتەکان بەرەو هەڵدێری نەمان دەبا."( ٣٩٥) تایدینگز ناوی چەند سەناتۆرێکی دیکەشی هێنا کە دەیانگوت لە ویلایەتەکانی ئەوانیشدا دۆخەکە هەر ئاوایە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم مەسەلەیەش، کۆمیتەی حزبی

دیموکراتی ویلایەتی کالیفۆرنیا، تەلەگرافێکی بە ئیمزای سێسەد ئەندامەوە، بۆ سەرکۆمار نارد کە هەمووان پێیان وابوو تاقە شتێک کە دەتوانێ لە ساڵی ١٩٦٨دا وا بکات د یموکراتەکان لەم ویلایەتە نەدۆڕێن ئەوەیە، زۆرخێرا و یەکلایەنە هەوڵ بدەن بەبێ ڕێگەچارەی سەربازی، کۆتایی بەو جەنگەی ڤێتنام بێنن"( ٣٩٦) ڕاپرسیەکان دەریان خستبوو کە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، سەرکۆمار لە هەر شەش خەنیمەکەی خۆی لەپاشە.

وریاکردنەوەی لەوەش بەهێزتر، بەرنامە تەلەفزیۆنییەکەی وا ل تەر کرانکایت( ٣٩٧) بوو لە ٢٧ی فێبریوەریدا. ئەو پاش گەڕانەوەی لە "وڵاتێکی سووتاو و کاولکراو" کە هێشتاش پاش هێرشەکەی تێت، هەر وا دووکەڵی لێ هەڵدەستێ، باسی ئەوەی کرد کە چۆن لانیکەم ٤٧٠٠٠٠ ئاوارەی تازە، لەگەڵ ئەو ٨٠٠٠٠٠ ئاوارەیەی پێشتر بەفەرمی ناونووس کرابوون لە "نەگبەتی و لیتەوماوییەکدا" و لە کووخ و زبڵداناندا دەژین. کرانکایت باوەڕی وا بوو کە لە بەرەی سیاسیدا "هەڵسوکەوت و کردەوەی ڕابردوو دڵنیامان ناکاتەوە، لەوەی دەوڵەتی ڤێتنام بتوانێ شان بداتە بەر ئەو هەمووە گیروگرفتە." ئەو گوتی لە هێرشەکەی تێت، دەبێ شتێکمان لێ ڕوون بێتەوە و "دەبوو هەر لە ئەوەڵەوە زانیباشمان"، شتەکەش ئەوەیە، کە وتوویژ، واتە وتوویژ، "نەک گوتنەوەی مەرجەکانی ئاشتی. ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک پتر دەکرێ دڵنیا بین لەوەی، ئەزموونە خوێناوییەکەی ڤێتنام، دەگاتە بنبەست." کرانکایت لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە تاقە "ڕێگەی ژیرانەی ڕزگاربوون" دانوستان و ئاشتییە. بەڵام دیسان وریایی دا "نەک وەک سەرکەوتووان".(٣٩٨)

"مامە"ی میللەت، ڕای خۆی دەربڕیبوو و جۆرج کریشێن، سکرتێری ڕۆژنامەنووسیی سەرکۆمار گوتی: "شەپۆلەکانی ئەم زەبرە، سەرانسەری حکوومەتی تەنییەوە( ٣٩٩) و گەیشتە سەرەوە. سەرکۆمار گوتی :"واڵتەرم لەدەست چوو. ئەمریکای نێوەڕاستم لەکیس چوو."

حەفتەیەک دواتر سەناتۆر فۆڵبرایت ڕایگەیاند کە لێکۆڵینەوەی دووبارەی پەرلەمانی سەنا لەبارەی بڕیارنامەکەی کەنداوی تۆنکین، دەری دەهات کە ئەو پەسندکراوە بەرهەمی "چەواشەکردنی ڕاستییەکان" بووە و کەوبوو "بایەخی

یاسایی" نییە. سەرکۆمار سەرقاڵی تاوتوێکردنی داواکەی وۆست مۆرلەند بۆ ناردنی ٢٠٠٠٠٠ سەربازی دیکەش بوو و پێشنیارەکەی سەرکردایەتیی ناوەندی هێزە هاوبەشەکانیشی قەبووڵ کردبوو کە بۆ بەهێزکردنی ستراتیژی سوپا ٥٠٠٠٠ کەس لە هێزی تەنگانە بانگهێشت بکرێن ـ ئەو هەواڵانە دزەیان کردە ڕۆژنامەکان و وەک چاوەڕوان دەکرا هەرای نایەوە. ئەگەر تەفسیر و لێکدانەوەی ڕۆژنامەکان بە ڕاست دابنێین، خەڵک زۆر لە دەوڵەت پتر ئامادە بوون بۆ دژایەتیی جەنگ و دەربڕینی نارەزایەتییەکەیان و ئامادەش بوون واز لە باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا بێنن و بە وتەی گۆڤاری تایم، قەبووڵی بکەن کە "سەرکەوتن ـ یان تەنانەت ڕێککەوتنێکی دڵخوازیش لە ڤێتنام، لە توانای گەورەترین زلهێزی جیهانیشدا نییە."( ٤٠٠) ئەم بیرکردنەویە، نیشانەی جۆرە ڕێورەسمێکی گەیشتن بوو بە سەردەمی ڤێتنام.

کۆمسیۆنی پێوەندییە دەرەکییەکانی سەنا وردە وردە لە حاڵەتی سڕی و پاسیڤبوونەکەی هاتە دەرێ و دەستی کردبە لێکۆڵینەوەکانی خۆی و فۆلبرایت لە وتاری کرانەوەیدا گوتی :" ولات ئێستا "شۆڕشێکی مەعنەوی لە نێو لاواندا بەخۆیەوە دەبینێ، شۆڕشێک دژی "ئەو شتەی ئەوان پێیان وایە خیانەتە بە بەها نەریتی و باوەکانی ئەمریکا."(٤٠١)

فۆلبرایت بە پشتیوانیی سەناتۆ ڕەکانی دیکە، دەسەلاتی سەرکۆماری "بۆ پەرەپێدانی جەنگ، بەبێ ڕەزامەندیی کۆنگرە" خستە بەر پرسیاران.( ٤٠٢) ئەندامانی کۆمسیۆن، لە بنەوە کلیفۆرد و ژەنەراڵ ویلەریان ئاگادار کردەوە کە "ئێمە هەر ناتوانین پشتگیریی زیاترکردنی بەرفرەوانی هێز لە ڤێتنام بکەین ـ و ئەگەر پشتیوانییشی نەکەین، ئەی کێ دەیکا؟"( ٤٠٣) دین ڕاسک بە شایەتیی خۆی لە لێکۆڵینەوەکانی کۆمسیۆندا، باسی ئەوەی کرد کە ئامانجەکە هەر ئەوی سەردەمی دالس بوو بەلام دانیشی بەوەدا نا کە دەوڵەت خەریکە سەرلەنوێ بە "سەروبنی" سیاسەتەکەی خۆی لە ڤێتنامدا دەچێتەوە و ڕێگەکانی دیکەش هەڵدەسەنگێنێ.

ڕۆژی دواتر، لە هەڵبژاردنەکانی دەسنیشانکردنی پاڵێوراوی ح ىزبى دیموکرات لە نیوهەمشێردا، سەناتۆر مەکارتی ٤٢%ی دەنگەکانی بردەوە و

هەمووانی ڕاچڵەکاند. لەوەیش خراپتر بۆ جانسۆن، ئەوە بوو کە ڕابێرت کێنێدییش بە هاتنی یەکێکی دیکە بۆ گۆڕەپانەکە، خەنیمەکەی خۆی بەتاقی کردبۆوە و زانیی هەلەکە لەبارە و پاڵێورابوونی خۆی ڕاگەیاند. ئێستا (لە ڕوانگەی جانسۆنەوە) ئیبلیس کەوتبووە چاڵەکەوە و بە لەبەرچاوگرتنی خەرمانەی خۆشەویستیی کێنێدییەکان، ئەم مەترسییە زۆر لە مەترسیی یوجین مەککارتی ڕاستەقینەتر بوو. ئەو دووانە ئیتر وەک پاڵێوراوانی لایەنگرانی ئاشتی، بە وڵاتدا دەگەڕان و جانسۆن ببوە گۆڵدواترێک بەبێ بیروباوەڕێکی شەڕەنگێرانە. جانسۆن ململانێی هەڵبژاردنێکی لەبەردەم بوو کە لەوانەبوو حیزبی دیموکڕات لێک بترازێنێ و خۆی دەبینی کە وەک سەرکۆمارێکی لە سەرووی هەمووانەوە، دەبێ بەردەوام لە حاڵەتی بەرگریدا بێ و هەوڵ بدا پاساو بۆ سیاسەتە جەنگییە بێنێتەوە کە هیچ نیشانەیەکی سەرکەوتنی بە نێوچاوانەوە نەبوو. تا ئەمڕۆ هیچ شتێک ـ نە جیسۆن، نە ڕۆیشتنەکەی مەکنامارا، نە بێ بەرهەمیی ستراتژیی لەپێخستنی دوژمن، نە تەنانەت تێت ـ وایان لێ نەکردبوو بیر بکاتەوە کە هەر ڕووداوێک قەومابوو تەنیا "گرێی تێگەیشتن" و "کەللەڕەقی"ـەکەی ئەویان پتەوتر کردبوو بەڵام ئەمجارە دوورە دیمەنی سیاسی، کاری تێکرد.

ئەو ڕاستییە، کاری نەکردە پێداگرییەکەی ئەو لەسەر جەنگ ـ ئەو مکووڕییە هەر وا هەبوو و نەدەگۆڕدرا ـ لەگەڵ ئەوەشدا دوورەدیمەنی تێشکان و بێهیوایی ناوخۆیی هاتە بەرچاو. پاش ڕووداوەکەی تێت، جانسۆن داوای لە دەین ئاچسۆن کردبوو هەوڵی جەنگیی ئەمریکا تاوتوێ بکا و ڕێک لەو دەمەدا کە ڕابێرت کێنێدی پاڵێوراوبوونی خۆی ڕاگەیاند، ئاچۆ سۆ ن ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی خۆی هێنایە لای.(٤٠٤) ئاچۆسۆن "ڕاپۆرتە سواوەکانی" بەلاوە نابوو و لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی خۆی لە وەزارەتی دەرەوە و سیا و ناوەندی هێزە هاوبەشەکاندا دیاریی کردبوون،ڕاوێژی کردبوو. ئەو بە جانسۆنی گوت، باڵی سەربازی بە شوێن ئامانجێکی مەحاڵەوەن و ـ وەک چۆن تاقمی زەبروەشێن لە ١٩٦٤ـدا گوتبووی ـ ئێمە ناتوانین بەرەوپێش بچین مەگەر هێزێکی بێسنوور بخەینە کار و وتارەکانی جانسۆن ئەوەندە لە ڕاستییەوە

دوورن که خەڵک ئیتر بڕوا به هیچ قسەیەکی ناکەن و چیتر وڵات خوازیاری جەنگ نییە.

ئەوە داوەریی کەسێک بوو که سەرکۆمار هەر بەڕاستی ڕێزی دەگرت و نه دەیتوانی زۆری لێ بکا و نه به کەمی بگرێ. بەو حاڵەشەوە جانسۆن ئامادە نەبوو له زاری هیچ کەسەوە ببیستێ که هەڵەیە. هەر ئەو حەفتەیە، وتارێکی توندوتیژی له ڕێکخراوی نیشتمانیی وەرزێرەکاندا پێشکەش کرد و تێیدا - وێڕای مست ڕاکێشان له مێزەکەی بەردەمی و پەنجەڕاداشتن بەرەو خەڵکەکە - داوای "هەوڵی چڕی نیشتمانی"ی بۆ سەرکەوتن له جەنگەکە و ئاشتیدا کرد. گوتی: به تەما نییە له بەرخاتری سەرکەوتنە سەربازییەکانی کۆمۆنیستەکان، سیاسەتی خۆی له ڤێتنام بگۆڕێ و هەڵیشی کوتایە سەر ئەو ڕەخنەگرانەی به وتەی ئەو "دەیانەوێ کلکمان ببڕن و بەڵێن و ئەرکەکانمان پێشێل بکەن"(٤٠٥). ئەوە یەکێک بوو له دوایین زایەڵە پڕ له قینەکانی ئەو قەول و بەڵێنانەی له سەرەتای هاتنەسەرکاردا دابووی و گوتبووی: ئەو نابێتە یەکەم سەرکۆماری ئەمریکا که جەنگ بدۆڕێنێ - و خەڵکیش ئەو قسانەیان هیچ پێ خۆش نەبوو. جیمز ڕۆو، کۆنە هاوڕێ و ڕاوێژدەری سەرکۆمار، پێی ڕاگەیاند که پاش قسەکانی، به شێوەی جۆراوجۆر لێک درانەوە و خەڵک "توورە" بوون لەوەی سووکایەتیی به هەستی نیشتمانپەروەریی ئەوان کردووە و وتارەکانی ئەو له بارەی سەرکەوتن و بردنەوەی جەنگەکە ڕای کەسیان نەگۆڕیوە.(٤٠٦) ئەو بەم جۆرە کاکڵی قسەی خۆی کرد: " ڕاستییەکەی ئەوەیە که ئەمڕۆ زۆر دەگمەنن ئەوانەی حەزیان له بردنەوە و سەرکەوتنی جەنگەکەیە . هەموو دەیانەوێ ئەو جەنگە لەکۆڵیان بێتەوە و مەسەلەکەش هەر ئەوەیە که چۆن؟" سێ ڕۆژ دواتر جانسۆن لەپڕدا ڕایگەیاند وۆست مۆرلەندی لێ خستووە(لای داوە) و جێگرەکەی ئەو ژ ەنەڕاڵ ک ڕایتن ئێیبەرمزی بۆ ڕاوێژ و تەگبیر لەگەڵ سەرکردایەتیی ناوەندی هێزە هاوبەشەکان بانگهێشت کرد. له درێژایی ئەوڕا و تەگبیرانەدا، بەبێ هیچ گۆڕانێکی لێبڕاوانە له سیاسەتدا، بڕیاری ناردنی٢٠٠٠٠٠ سەربازە زیادەکە ڕەت کرایەوە. پاداشتی جانسۆن بۆ ئەم پاشەکشەیەی

ناوەندی هێزە هاوبەشەکانیش، داوای ٦٠٠٠٠ کەس هێزی تەنگانەی ستراتیژی بوو بۆ خزمەتی سەربازی.

کلیفۆرد، بۆ قایلکردنی سەرکۆمار و ڕزگاربوونی یەکجارەکی لە بنبەستی ڤێتنام، پێشنیاری کرد بەرپرسە پایەبەرزەکانی پێشوو بانگ بکرێن و لەگەڵیان کۆ ببنەوە تا لەو بارەیەوە ڕای خۆیان بڵێن. ئەوانە کە دواتر ناویان نرا "بلیمەتەکان"(٤٠٧) بیریتی بوون لە سێ کەسایەتیی دیاری سەربازی- ژەنەڕاڵ ڕیجۆی و ژەنەڕاڵ ئۆمر برادلی و ژەنەڕاڵ ماکسۆل تایلەری وەزیری دەرەوەی پێشووی ئاچسۆن و وەزیری خەزێنەی پێشووی داگلاس دیلۆن و باڵیۆزەکەی پێشووی لاج و جۆن کەکلۆی کۆمیسەری باڵا لە ئاڵمان و ئارتۆر دەینی نوێنەری ئەمریکا لە دانوستانەکانی ئاگربەس لە کۆریا وڕابێرت مۆرفیی کۆنەدیپلۆمات و جۆرج باڵ و ساسیرێس وەنس و ئارتۆر گڵدبێرگ و جێگرەکەی لە دیوانی بەرزی وڵات و قازی ئێیب فۆرتاسی هاوڕێی نزیکی جانسۆن.

ئەو کۆمەڵە پیاوە، زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراوی دانوستانەکانی دەسەڵاتی ماڵیی و یاسایی و حکوومەتی بوون نەک خەڵکێکی ناڕازی یان ئاشتیخواز یان توندڕەوە قژدرێژەکان. خەڵکێک بوون نیگەرانی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی حکوومەت بوون کە زۆر زۆر لە سەرکۆمارە تەریک کەوتەکەی کۆشکی سپی زیاتر پێوەندییان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا هەبوو.

ئەو کۆمەڵە کەسە، لە قسەکانیاندا پتر سەرنجی شێلگیرانەیان لە سەر زیانە ئابوورییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هەست و کوڵی گشتی بوو کە ڕۆژبەڕۆژ ناڕەزایەتییەکان پتر دەبوون. چەند کەسێکیان لایەنگری بەردەوامیی بۆمبارانەکان بوون، بەڵام زۆرینەیان دژی ئەوە بوون. زۆربەیان قەبووڵیان بوو کە پێداگری لەسەر سەرکەوتنی سەربازی، ئەمریکای خستووەتە تەنگانەیەکەوە کە ڕۆژبەڕۆژ تەنگاوتر دەبێ و ئەوەش دژی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی وڵاتە. ڕیجۆی گوتی :" ئەگەر پێمان وابێ دەتوانین لە ڤێتنامی باشوور کۆمەڵێک سەرکردە پەروەردە بکەین، وەها کارێک دەبێ بە پشتیوانیی ئەمریکا و لە ماوەی دوو ساڵدا بکرێ و دەبێ ئەو ماوەیەش بە سایگۆن

ڕابگەیەنین و دوای ئەوە دەبێ دەست پێ بکەین و قۆناغ بە قۆناغ هێزەکانمان کەم بکەینەوە." دیارە زۆرینەیان هەر هاوڕا نەبوون . بەڵام ئەو بەرچاوڕوونییەی درا بە سەرکۆمار ئەوە بوو کە ناچارن سیاسەتەکەیان بگۆڕن. پێشنیارە نەدرکێنراوەکەی ئەو دەستەیە، دانوستان و ڕاگرتنی شەڕ بوو.

قەول وابوو سەرکۆمار ڕۆژی ٣١ی مارس لە تەلەفزیۆنەوە قسەیەک بۆ هەموو خەڵک بکا و ڕووداوەکەی تێت ڕوون بکاتەوە. کلیفۆرد چاوی بە چەند کەسێک "لەوانەی لە دنیای خەیاڵ"دا دەژیان ـڕاسک و ڕۆستۆ و ویلیام باندی ـ و هێن ڕی مەک فۆرسنی نووسەری وتارەکانی سەرکۆماریش کە لە بێهیواکردنی جانسۆندا پشکدار بوون کەوت و پێی داگرتەوە لەسەر ئەوەی کە دەبێ سەرکۆمار لە قسەکانیدا هیچ بەلای سیاسەتیڕابردوودا نەچێتەوە. گوتی ئەو دەقەی بۆ وتارەکەی ئەمڕۆ لەسەری ڕێک کەوتوون، "کارەسات"ی لێ دەکەوێتەوە و ڕاوێژکارەکان هێشتاش نازانن و تێناگەن کە پشتیوانیی خەڵکی دەستڕۆیشتوو لە سەرکۆمار "لەوانەشە لە دانی ڕووداوەکەی تێت، یان لە بەر ئەوەی ئێمە کەوتووینەتە زەلکاوێکی هیواکوژەوە" زۆر کەم بووەتەوە. بیرکردنەوە لە نوقمبوونی زیاتر لەو زەلکاوەدا، ئەوان پێیان شێتی و کەرێتییە کە هەوڵ بدەین پتر لەو زەلکاوەدا نوقم بین. کلیفۆرد هەر ئاوا یەکهەوا لەسەری ڕۆیشت و گوتی: لایەن و دەستە گشتییەکان لە ژیانی نیشتمانیی ئێمەدا "کۆمەڵەی بازرگانان و میدیا و کلێسا و سەندیکا پڕۆفیشناڵەکان و سەرۆکی زانکۆکان و قوتابییەکان و زۆربەی ڕووناکبیران، هەر هەموویان ئێستا دژی جەنگن."(٤٠٨)

بە مەبەستی کاریگەریدانان لەسەر بیروڕای گشتی، وتارەکەیان دەستکاری کرد و پێشنیارێکیان لەسەر بنەمای وتووێژی شێلگیرانەی ئاشتی و ڕاگرتنی یەکلایەنەی بۆمبارانەکان تێدا گونجاند. بەڵام نیەت و مەبەستی ئەودیوی، هەروا بە دەستلێنەدراوی مایەوە. باڵی سەربازی جانسۆنیان دڵنیا کردبۆوە کە هاتنی وەرزی باران بڵێی و نەڵێی عەمەلیاتەکان سنووردار دەکاتەوە هەر بۆیە ڕاگرتنێکی بۆمبارانەکان زیانێکی پێ ناگەیەنێ. جگە لەوەش، کوڕ و

کۆبوونەوەکانی کۆشکی سپی و ناوەندی هێزە هاوبەشەکان، پێیان وابوو پێشنیاری دانوستانەکانی ئاشتی هیچ ناتەبا نییە لەگەڵ هەوڵدان بۆ ئامانج بەزەبری چەک. چونکە مسۆگەر هانۆی هیچ پێشنیارێک قەبووڵ ناکا. شێوەی بیرکردنەوەی بەڕێوەبەران، لەو تەلەگرافە گرینگەوە ئاشکرا دەبێ کە لە بارەی پێشنیارە تازەکانی ڕۆژێک بەرلە وتارەکەی جانسۆنەوە، بۆ باڵیۆزەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی سیتۆ نێردرا. فەرمان بە باڵیۆزەکان درا کە هەر هەواڵەکەیان پێ گەیشت بەو دەوڵەتی ئەو وڵاتانەی لەوێن، بڵێن و "بۆیان ڕوون بکەنەوە کە هانۆی ئەم گەڵاڵەیە ڕەت دەکاتەوە و پاش ماوەیەکی کورت، ئێمە دەست و باڵمان دەکرێتەوە."(٤٠٩) دیار بوو کە جانسۆن و دەوروبەرییەکان نایانەوێ هیچ گۆڕانێک بەسەر بەڕێوەبردنی جەنگەکەدا بێنن. کێشەی ئەوان، بیروڕای گشتیی نێو ئەمریکا بوو لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوویاندا. هۆشدارێکی ئاواش بە سەرکردەکانی ناوچەی زەریای هێمن و سەرکردە ئامریکاییەکانی نێو سایگۆنیش درا. ژەنەڕاڵ ویلەر پێی گوتن، یەکێک لەو هۆکارانەی "کاری کردە سەر بڕیارەکەی سەرکۆمار"، یەکیان ئەو ڕاستییە بوو کە پشتیوانیی خەڵک و کۆنگرە لە پاش هێرشەکەی تێتەوە ڕۆژبەڕۆژ کەمتر بووەتەوە" و ئەگەر ئاوا بڕواتە پێش "پشتیوانیی گشتی لە ئامانجەکانی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی باشووری ئاسیادا، ئەوەندە کەم دەبێتەوە کە ئیتر ناتوانین لەسەر هەوڵەکان بەردەوام بین." بەڵام ویلەر لە کۆتاییدا هیوای دەخواست کە بڕیاری سەرکۆمار لەبارەی ڕاگرتنی بۆمبارانەکانەوە "ناڕەزایەتییە ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبوونەکان، پێچەوانە دەکاتەوە."(٤١٠)

وتارەکەی جانسۆن بەو جۆرەی کە ئاخری پێشکەش کرا، پڕ بوو لە گەورەیی و بەخشندەیی. ئەو گوتی: "ئێمە ئامادەین دەسبەجێ لە ڕێی دانوستانەوە بەرەو ئاشتی هەنگاو بنێین. کەواتە، بەو هیوایەی وەها هەنگاوێک هەرچی زووە دانوستانەکانی لێ بکەوێتەوە، من هەر ئەمشەو بۆ کەمکردنەوەی پێکدادانەکان یەکەم هەنگاو دەنێم.. و ئەم کارەیش یەکلایەنە و دەسبەجێ دەیکەم." جانسۆن گوتیشی، فەرمان دراوە بە فڕۆکە و کەشتییە ئەمریکاییەکان، لە باکووری هێڵی ٢٠ دەرەجەدا هیچ هێرشێک نەکەنە سەر ڤێتنامی باکوور و

جگە لەو مەیدانە شەڕەی لە ناوچە مەدەنییەکەدایە و"لەوێوە بەردەوام دوژمن بەهێز دەکرێتەوە و ڕاستەوخۆ شوێنی هاوپەیمانان دەخاتە مەترسییەوە." ئەو شوێنانەی لە بۆمباران پارێزراو بوون، سەدانەوەدی خەڵکی باکوور و ناوچە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی خۆراک و ئاپۆرای حەشامەتی وڵاتەکەی لەخۆ دەگرت.

جانسۆن گوتی: "ئەگەر خۆبواردنی ئێمە دانبەخۆداگرتنی هانۆییشی لێ بکەوێتەوە"، بۆمبارانەکان لەوانەیە ببڕێنەوە. جانسۆن بەریتانیا و یەکیەتیی سۆڤیەت و سەرکردایەتیی هاوبەشی کۆنفرانسی ژنێڤی بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بن و ئەم داشکانە یەکلایەنەیە بەرەو "ئاشتییەکیڕاستەقینە" لە ئاسیادا پەرە پێ بدەن و داوای لە سەرکۆمار هۆشی مین کرد "وەڵامی ئەرێ و باش" بداتەوە. ئەو بەبێ ئەوەی بڵێ کە لەوانەیە هانۆی وەڵامی نەرێ بداتەوە یان ئاماژە بەوە بکا کە ئەمریکا دوای ئەوە دەست بە شەڕ دەکاتەوە گوتی: هیوادارە ئاشتییەک "بەپێی پەیمانی ١٩٥٤ی ژنێڤ" بێتە ئاراوە کە ڕێگە بە ڤێتنامی باشوور بدا "ئیتر خەمی دەستێوەردان و دەسەڵاتی هیچ لایەنێکی دەرەکیی" نەبێ. سەرکۆمار ئاماژەی بە داوای نادرنی ٢٠٠٠٠٠ سەربازی زیادی نەکرد و ڕێگەی زیادکردنی هێزەکانی لە داهاتوودا بەکراوەیی هێشتەوە.

بەدوای ئەوەدا پاش ئامۆژگارییەکیڕاچڵەکێنەر لە بارەی ناتەبایی و تەبایی، جانسۆن لە پڕ باسی مەسەلەیەکی چاوەڕواننەکراوی کرد کە هەموو وڵات و بەشێکی هەرە گەورەی دنیای تووشی سەرسووڕمان کرد گوتی: "ڕێگە نادەم پۆستی سەرکۆماری تووشی ئەو دووبەرەکییە ح زبیانە بێت کە لەم ساڵی هەڵبژاردنەدا بوونەتە باو" و هیچ "داواش لە حزبەکەم ناکەم بۆ خولێکی دیکەی سەرکۆماری بمپاڵێوێ و ئەگەر ناودێریش بکرێم، قەبووڵی ناکەم."

ئەم کارە، وەک دەسهەڵگرتن لە تاج و تەخت وا بوو و هۆکارەکەیشی نەک بنبەستی جەنگ یان وازهێنان لە شەڕەکە، بەڵکو تێگەیشتن لە واقیعی سیاسەت بوو. جانسۆن تا مۆخی ئێسقان، جانەوەرێکی سیاسی بوو. دیار بوو

خۆشەویست نییە و حیزبی د یموکراتیشی بەدووی خۆیدا پەلکێش دەکرد. جانسۆن سەرکۆماری بڕیاردەر، ئامادە نەبوو خۆی لە کێشمەکێشی پاڵێوراویی حیزبەوە بگلێنێ و بشدۆڕێ. تاقەتی وەها شکانەوەیەکی نەبوو. قەول وابوو هەڵبژاردنی دەسنیشانکردنی پاڵێوراوی د یموکراتەکان لە ویسکانسین، ئەو ئەیالەتەی پڕ بوو لە ناڕەزایەتیی قوتابیان، دوو ڕۆژی دیکە لە ٢ی ئەپریلدا بکرێ و ئۆپەراتۆرەکان لە ناوچەکەوە بە تەلەفۆنەکانی خۆیان ڕاشکاوانە بەربێژییان دەکرد و دەیانگوت" جانسۆن لە یۆجین مەکارتی و ڕابێرت کێنێدی کەمتر دەنگ دێنێتەوە. "(٤١١) بەو جۆرە جانسۆن بە قسەی هەقدارانەوە لەبارەی "ناتەبایی لە نێو هەمووماندا ئەمشەو" و ئەرکی سەر شانی ئەو کە برینمان تیمار بکا و مێژوومان سارێژ بکاتەوە و پابەندییەکی ئەمریکا بپارێزێ و هەنگاوی باشی دیکەش بۆ بەهێزکردن بنێ، مەزنانە لەسەر لێواری هەڵدێر، خۆی لە کێبڕکێکان کشاندەوە.

سێ ڕۆژ دواتر، لە ٣ی ئەپریلی ١٩٦٨دا هانۆی بەرهەڵستکارانی خۆی ڕاچڵەکاند و ڕایگەیاند کە ئامادەیە لەگەڵ نوێنەرانی ویلایەتەیەکگرتووەکاندا پێوەندی پێک بێنێ بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر ڕاگرتنی بێمەرجی" بۆمبارانەکان و هێرشەکانی دیکە بدەن "و بکرێ دەست بە دانوستانەکان بکەن."

گەمژەیی بیستودووسالە ـ لەودەمەوە کە پاپۆڕە مەدەنییەکانی ئەمریکا، فەڕەنسییەکانیان گەڕاندەوە هیندوچین ـ ئێستا ئەوە کامڵ بوو و پێگەیشت . ئەگەرچی هەر نەبڕایەوە و کۆتایی نەهات. ئەمریکاییەکان پێنج ساڵی دیکەش هەوڵیان دا بەشکم بتوانن بەبێ حەیاچوون خۆیان لەو مەرگەساتە ڕزگار بکەن و بەو جۆرە گەمژەیی خۆیانیان خەستتر کردەوە. ئەو شەڕەی دەوڵەتەکەی جانسۆن هەڵیگیرساند و درێژەیشی دا، لە ڕووی بێئامانجی و مکووڕبوونی بێئاکام و دواجار زیانگەیاندن بەخۆی، گەمژەییەکی بێوێنە بوو چونکە بێ ئەملاوئەولا هیچ سوود و بەهرەیەکی نەبوو و ئاکامەکەیشی یەکسەر زیانبار بوو ـ جگە لە شتێک، واتە بەخەبەرهاتنی "تووڕەیی خەڵک". ژومارەی ئەو

ئەمریکاییانەی هەستیان دەکرد ئەم جەنگە هەڵەیە و هیچ لەگەڵ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان تێک ناکاتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا دۆڕاوە، لە حیساب تێپەڕیبوو. لایەنگرانی جەماوەر زۆریان حەز لێیە باسی "ژیریی خەڵک" بکەن . خەڵکی ئەمریکا زیاتر لە وەی ژیر بن، بێزار بوون کە ئەوەیش لە هەندێ جێدا هەر نیشانەی ئەقڵ و ژیرییە. دەوڵەتی جانسۆن پێی وابوو دەتوانێ بەبێ بەکارهێنانی ویستی گەل لە دیموکراسییەکدا، جەنگێکی بێسنوور هەڵاییسێنێ . بەڵام برانەوەی پشتیوانیی خەڵک، سەرەنگرێی کرد*.

*وەک کورد دەڵێ: نەبوونی پشتیوانی خەڵک ، بابی گا.

بەکارهێنانی گازی خەردەل لە یەکەم جەنگی جیهانیدا، بەناچاری بەلاوە نرا. چونکە ئەو گازە بەئاڵووش بوو و لەگەڵ پشووی بادا، بەرەو بەکارهێنەرکەی دەگەڕاوە. جەنگی ڤێتنام، دواجار بەسەر ویلایەتەیەکگرتووەکاندا شکایەوە و حکوومەتی لای خەڵک سووک و بێمتمانەیی خەڵکیشی بەرامبەر حکوومەت قووڵتر کرد و لەولاشەوە، حکوومەتی جۆرێک لە خەڵک کردە دوژمن کە ئاکامی کارەساتباری لێ کەوتەوە. پەندەکەی لیندن جانسۆن ڕوون و ئاشکرا بوو بەو حاڵەشەوە، میراتی گەمژەیی بەرۆکی جێنشینەکەیشی گرتەوە. دەوڵەتە تازەکەیش، هەر وەک پێشووەکە، نەیتوانی مەرجەکانی ئەمریکا بەسەر دوژمندا بسەپێنێ و ناچار بوو زۆری سەربازی بەکار بێنێ و لە ئاکامدا، هەتا کۆتایی خولی ئەم سەرکۆمارییەش، ئەو جەنگەی بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئەمریکا نەفرەتیان لێی هەبوو و توانای زیانگەیاندن بەولاتیشی تێدا بوو هەر بەردەوام بوو.

دوایین ساڵی دەسەلاتداریتیی جانسۆن، سەرەڕای ڕاگیرانی بۆمبارانەکان و قایلبوونی هانۆی بۆ دانوستان، کۆتایی جەنگەکەی نزیکتر نەکردەوە.
چاوپێکەوتنەکان، هەر هەمووی بە قسەکردن لەسەر شوێنی دانوستانەکان و دامودەستوور و بەشداریی ڤێتنامی باشوور و بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی و شێوەی دانیشتن و تەنانەت شکڵی مێزی کۆنفرانسەکەیش تێپەڕی.
باکوورییەکان، هەروا پێیان لەسەر ویستە سەرەکییەکەی خۆیان واتە "ڕاگرتنی بێمەرجی" بۆمبارانەکان بۆ دەسپێکی دانوستان، داگرتەوە و ئامادە نەبوون لە قۆناغی دامودەستوور و تەشریفاتەوە بچنە سەر کاڵکی مەسەلەکە.
ویلایەتەیەکگرتووەکان بۆمبارانی لە باکووری هێڵی ٢٠ دەرەجەدا هەروا ڕاگرتبوو بەلام هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ڕێگەکانی عەمەلیاتی دزەکردن لە باشوور سێ هێندە کرد و بە گەڕان و پشکنین و لەناوبردن، ئەوپەڕی زۆری بۆهێنان . بەو هیوایەی پێگەی سایگۆن لە دانوستانەکاندا بەهێز بکا. هەر

حەفتەیەک دووسەد ئەمریکایی لەو شەڕەدا دەکوژران و ژومارەی زیانی گیانیی ئەمریکا لە عەمەلیات لە١٩٦٨دا گەیشتە ١٤٠٠٠ کەس.

بە کوژرانی ڕابێرت کێنێدی و مارتین لۆسەر کینگ و پشێوییەکانی پاش مەرگی کینگ و ئاڵۆزی و کاولکاریی قوتابییە توندڕەوەکان و دژکردەوەی توند و وەحشیانەی پۆلیس لە شیکاگۆ، ئەویش لە کاتی کۆنڤانسیۆنی دموکراتەکاندا، لە کۆتایی ساڵدا ئاگری ڕق و بێزاری ئەوەندەی دیکەش بڵێسەی سەند. ئاژانسەکانی سیخوڕیی ناوخۆیی چالاکییەکانی خۆیانیان دژی تێکدەرەکان چڕتر کردەوە. نامەی تایبەتیی خەڵکیان هەڵپچڕی . گزیر و شۆفار و خەڵکی هاندەریان دامەزراند و فایلیان بۆ ئەو هاووڵاتییانە دروست کرد کە هاتوچۆکەیان جێی گومان بوو و پۆلیس پێی وابوو بۆ حکوومەت مەترسیدارن.

نوێنەرانی ئەمریکا لە دانوستانەکاندا، هەریمەن و سایرێس وەنس، بۆ بەرەوپێشچوونی وتووێژەکان، داوایان لە سەرکۆمار کرد بۆمبارانەکان یەکسەر بوەستێنێ. جانسۆن گوتی :" ئەگەر هانۆییش لەبەرامبەردا چالاکیی سەربازیی خۆی کەم نەکاتەوە، ئەویش کاری وا ناکا ". هانۆییش بەنۆرەی خۆی وڵامی "نەخێر"ی دایەوە. مەگەر ئەوەی لەپێشدا بۆردومانەکان ڕاگیرێن. لەگەڵ نزیکبوونەوەی ڕێکەوتی هەڵبژاردنەکان، جانسۆن ملی بۆ داخوازییەکانی ح ی زبەکەی دانواند و ڕۆژی یەکەمی نۆڤەمبەر، ڕاگیرانی سەرلەبەری بۆمبارانەکانی ڕاگەیاند، بەڵام تیۆی سەرکۆماری ڤێتنامی باشوور، پێشی بە پێشڤەچوونی دانوستانەکان گرت و بەو تەمایەی کۆماریخوازەکان بەهۆی سەرکەوتنیانەوە پشتیوانیی زیاتری لێ بکەن، کشایەوە و بەشداری وتووێژەکان نەبوو. وەختێک دواجار لە جانیوەری ١٩٦٩دا دانوستانە بنەڕەتییەکان دەستی پێکرد، تاقمێکی تازە بە سەرۆکایەتیی سەرکۆمار ریچارد نیکسۆن و کیسەنجەری ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوە، جڵەوی کارەکانی بەدەستەوە گرت.

نیکسۆنیش بە هەندێ قسە کە بنیادەمی دەخستەوە بیر ئەو گفت و بەڵێنانەی وا ئایزەنهاوەر لە بارەی "چوون بۆ سەر مانگ" و کۆتایی هێنان بەو شەڕە ناخۆشە، دەنگدەرانی خۆی دڵنیا کردەوە کە "ئێمە ئەمەیشیان تەواو دەکەین و

به ئاشتییەوە سەردەکەوین." ئەو باسی چۆنیەتیی کارەکەی نەکرد و بەو جۆرە پاساوی بۆ بێدەنگییەکەی خۆی هێنایەوە کە نایەوێ شتێکی وا بڵێ کە چەت بخاتە نێو وتووێژەکانی جانسۆنەوە لە پاریس و "هەڵوێستێکی وا بگرێ، دەست و باڵی ئەو ببەستێ." بەڵام بە پێداگرتنەوەی لەسەر باسی "کۆتاییهێنان بەشەڕ و سەرکەوتن بە ئاشتییەوە"، خەڵکی وا تێگەیاند کە گەڵاڵەیەکی بۆ ئەم مەسەلە گرینگە هەیە. بە ڕواڵەت ڕوانگەکەی واقیعبینانە دیار بوو. نیکسۆن لە دیدارێکی تایبەتیدا بە ڕۆژنامەنووسێکی گوت: "ئەگەر شەش مانگ پاش سەرکۆمارییەکەی من ئەم جەنگە هەر هەبوو ئەوا ئیتر جەنگی منە."( ٤١٢) ئەوەیشی لێ زیاد کرد کە سوورە لەسەر ئەوەی "چارەنووسی لیندێن جانسۆن"ی نەبێ کە لە کۆشکی سپیدا خۆی بەند بکا و نەوێرێ خۆی پێشانی خەڵک بدات. من دەمەوێ کۆتایی بە ئەم جەنگە بهێنم ـ زۆریش خێرا."( ٤١٣) ئەو بڕیارە ئەگەر ڕاست بێ، نیشاندەری ئەوپەڕی ژیرییە نیعمەتێک بوو کە لە پلەکانی سەرەوەدا کەمتر خۆی ڕادەگرت. بەڵام هەر نیکسۆن بوو بە سەرکۆمار، بەڵێنەکانی خۆی لەبیر کرد و لەبری ڕاگرتنی جەنگ، درێژتریش بووەوە. دەرکەوت کە ئەم سەرکۆمارەیش وەک ئەوانی پێش خۆی، ئامادە نییە ئامانجە نەزۆک و بێئاکامەکەی جەنگەکە قەبووڵ بکا و هەرواش کەللەڕەقانە باوەڕی بەوەیە کە بە هێزی زیاترەوە دەتوانێ دوژمن ناچار بکا لەگەڵیان ڕێک بکەوێ.

نیکسۆن و کیسەنجەر (کە سەرکۆمار ئەوی کردبووە سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی) بارودۆخێکی کارەساتباریان بەمیرات وەرگرت کە جگە لە چەرمەسەری هیچ بەرهەمێکی بۆ ئەوان نەبوو. چەند باش بوو ئەگەر دروشمێکیان بە دیوارەوە دابا کە :"ئەو کارەی پێشتر شکستی هێناوە، دووبارەی مەکەوە". بەشکم ئەوە خستبایە مێشکیانەوە کە ئاوڕێک لە دواوە و لە دین بین فۆ بدەنەوە و بردنەوە و دۆڕانی دوژمن و ڕوونتر ورە و توانای دوژمن لە شەڕکردندا هەڵسەنگێنن و لەوانەیە باشتریش ئەوەیان دیتبا کە باشە بۆچی هەوڵەکانی جانسۆن بۆ دانوستان یەک لە دوای یەک شکستیان هێنا؟ جا ئەودەم بۆ تۆزێک بیرکردنەوە، لەوانەبوو بگەنە ئەو ئاکامە کە بەردەوامیی

جەنگ بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی سەربەخۆ لە ڤێتنامی باشووردا بۆ ئاسایشی ئەمریکایش هەم شتێکی بێبایەخە و هەمیش ناپێویست. هەوڵدانیش بۆ دەستەبەرکردنی ئەنجامێک کە دوژمن سووورە لەسەر پووچەڵکردنەوەی، جگە لە بەفیڕۆدانی کات شتێکی تر نییە ـ مەگەر بە زەبروزەنگ و بەکارهێنانی هێزێکی بێ سنوور. تەنانەت ئەگەر دانوستانەکان لە ژێر زەبروزەنگی سەربازیدا ئاکامێکی دڵخوازیشیان لێ بکەوێتەوە، هەر وەک ڕایشاور لە ١٩٦٧دا گوتی هیچ گەرەنتییەک نەبوو کە دە یان بیست ساڵ دواتر "دیسان گەوهەری سیستەمی دەسەڵاتی سیاسیی ڤێتنامی باشوور هەر ئەوە نەبێ کە بەبێ شەڕەکەی ئێمەش لێی دابمەزرایە."(٤١٤)

ڕێگەی ژیرانە ئەوە بوو کە پێش بە زیانی زیاتر بگرن و دەستەبەرکردنی ڤێتنامێکی باشووری ناکۆمۆنیستی نەگۆڕ لەبیر بکرێ و بەلاوە بنرێ و بەبێ هیچ دانوستانێک لەگەڵ دوژمن، مەگەر بە یەک مەرج، وەشوێن کاری خۆمان کەوتباین. مەرجەکەیش ئەوە بوو کە لە هەمبەر ئەرک و بەرپرسیارەتیی ئێمەدا بۆ چوونەدەرەوە لە کاتی دیاریکراودا، ئەوان دیلەکانی جەنگ بۆ ئەمریکا ئازاد بکەن. جا لە ت وێژینەوەیەکدا کە لەسەر داوای دەوڵەت کرا، پسپۆڕانی دامەزراوەی ڕەند( ٤١٥) هەر ئەم ڕێگەیەیان پێشنیار کرد و لە نێو کۆمەڵێک ڕێگەچارەی جۆراوجۆردا، ئەوەیان هەرە گونجاوترینەکەیان بوو بەڵام کیسەنجەر و ڕاوێژدەرە سەربازییەکانی بەر لەوەی پێشنیارەکان بدەنە سەرکۆمار، ئەم ڕێگەچارەیەیان لە ڕیزی ڕێگەچارەکانی دی دەرهێنا ئەگەرچی وای دانێین خستباشیانە بەردەم سەرکۆمار، زۆر بەردڵی نەدەکەوت.( ٤١٦) جەنگی ڤێتنام سەردەمانێک، یەکێک بوو لە ئەفسانەکانی ئاسایشی ئەمریکا . بەڵام لەو دەمەدا کە ئێمە باسی دەکەین، کرابوو بە سەنگی محەک و هەڵسەنگاندنی ناوبانگ و ئابڕووی ویلایەتەیەکگرتووەکان و لە ڕوانگەی سەرکۆمارەوە ناوبانگ و ئابڕووی خۆیشی. نیکسۆنیش نەیدەویست دۆڕان و شکستەکە لە ئەستۆی ئەودا بێ.

نیکسۆن گەلاڵەیەکی هەبوو کە ڕەوگە و ئاقاری جانسۆنی ڕێک پێچەوانە دەکردەوە. بەڵام ئەم ڕەوگەگۆڕینە لە ئاستێکی دیار پتر نەدەچوو. ئامانجەکەش

هەر ئەوە بوو نارەزایەتییە نێوخۆییەکان نەهێڵن و بۆ ئەم کارەیش بڕیاریان دا، کۆتایی بە خزمەتی وەزیفەی سەربازی بێنن و هێزە سەربازییە وشکانییەکان بگەڕێننەوە ئەمریکا. ئەمە بە واتای وازهێنان لە ئامانجەکانی جەنگ نەبوو بەتایبەتی کە بەتەما بوون، هێرشە ئاسمانییەکانیان بە تەوژمتر بکەن و بە گوێرەی پێویست، پەرەی پێ بدەن و بیگەیەننە هێڵ و ڕێگە لۆجستیکییەکان و بنکەکانی باکوور لە کامبۆجیا و بۆ قەرەبووی چوونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا، بەرنامەیەکی زۆر بەربڵاوی یارمەتی و چەک و ڕاهێنان و ڕێنوێنی جێبەجێ بکەن . بۆ ئەوەی هێزەکانی ڤێتنامی باشوور بتوانن، بە پشتیوانیی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا، ئیتر خۆیان جڵەوی شەڕەکە بەدەستەوە بگرن. ئەو هەوڵە کە ناوی نرا "بەڤێتنامیکردن"، لەو جەنگەدا کە بەردەوام پێی دەگوترا "جەنگی ئەوان"، پێدەچوو درەنگ کەوتبێ. تیۆرییەکە ئەوە بوو کە لێشاوی پێداویستی و تفاق، بە شێوەیەک، شتێکی وا بخولقێنێ کە لە بیستوپێنج ساڵی ڕابردوودا پێی نەکرابوو ـ واتە دروستکردنی هێزێکی شەڕکەری ئامانجدار کە هەر نەبێ بۆ "ماوەیەکی ماقووڵ" توانای پاراستنی دەوڵەتێکی تەمەندرێژ و ناکۆمۆنیستی هەبێ.(٤١٧)

مەبەست لە چوونەدەرەوەی یەکلایەنەی سەربازانی ئەمریکایی، جگە لە هێورکردنەوەی ئەمریکاییەکان، ئەوەش بوو کە بۆ هانۆی بسەلمێنین "ئێمە لە هەوڵەکانمان بۆ چارەسەری سیاسییانەی کێشەکە، سوور و شێلگیرین" و بەو جۆرە دوژمن هان بدرێ کۆمەڵێک مەرجی ماقووڵ بخاتە ڕوو. بەڵام ئەگەر ڤێتنامییەکان هەر لەو ئاشەی لێ بکەن(هەروا کەللەڕەق بن)، بۆمبارانەکان دەبێ ئەوەندە خەست بکرێنەوە، هەتا دوژمن لێی ڕوون بێتەوە کە سەرکەوتنی مەحاڵە و ناچار دەست لە بەربەرەکانێ هەڵگرێ یان سووک و سانا ڕێگە بدا جەنگەکە وردەوردە کاڵ بێتەوە. بۆ هاندانی هانۆی، کۆمەڵێک ئاماژە لە لایەن شۆڤیەتەوە بە ڤێتنامی باکوور درا کە گەمارۆ و میندانانەوە و هێرشی توندتر بۆ سەر هێڵە لۆجستیکییەکان و پەناگەکان لە کامبۆجیا و لایۆس لە گۆڕێن و بۆ سەلماندنی ئەو مەبەستەیش، یەکەم لە مارسی١٩٦٩دا واتە تەنیا دوو مانگ

پاش بەدەسەڵات گەیشتنی نیکسۆن، بە نهێنی کامبۆجیا بۆمباران کرا. بۆمبارانی دووەم لە مانگی ئەپریلدا کرا و لە مانگی مایدا ئەو بۆمبارانانە پەیتاپەیتا بوون.

"ڤێتنامیکردن" لە ڕاستیدا بە مانای گەشەپێدان و پڕچەککردنی سوپای ڤێتنامی باشوور بوو. بەسەرنجدان بەو ڕاستییە کە پڕچەککردن و ڕاهێنان و ڕێنوێنیی ئەو سپایە لە ژێر چاودێریی ئەمریکادا، پانزە ساڵی ڕەبەق بەبێ هیچ بەرهەم و ئەنجامێکی بەرچاو بەردەوام ببوو . بۆیە چاوەڕوانیی ئەوەی کە هەوڵە تازەکان، ئەوان وا لێ بکا خۆیان سەرکەوتووانە جڵەوی جەنگەکە بەدەستەوە بگرن، هەر بە گەمژەیی و بێمێشکی لەقەڵەم دەدرا.

ئەفسەرێکی ئەمریکایی لە یەکەیەکی ڤێتنامی باشووردا لە بیرەوەریی ١٩٧٠دا دەڵێ: "ئێمە بەردەوام سەداپەنجای خەڵکەکەمان بە بێ ئیجازە دەڕۆیشتن و زۆربەی فەرماندەی دەستە و لیواکان (لە سوپاکەی ڤێتنامی باشووردا)ڕۆژ تا ئێوارێ بەدوای کاری خۆیانەوە بوون." سەربازەکان حەزیان لێ نەبوو لە ژێر فەرمانی کۆمەڵێک ئەفسەردا "کە ڕۆژ هەتا ئێوارێ خەریکی ڕاووڕووت و قاچاخی مادەی بێهۆشکەر بوون" شەڕ بکەن.(٤١٨)

گەمژەیی لەوانەش پتر، پێچەوانەکردنەوەی ئاقاری جەنگەکە بە نیوەچڵی بوو ـ واتە بردنەدەرەوەی ئەمریکاییەکان و هاوکات پاراستنی ستراتژیی زۆرهێنان و گوشاری تەمبێیی و سزادان بەهێزی ئاسمانی (کە ناویان نابوو "بە هێزکرانی نێگەتیڤ"). وازهێنا لە شەڕی وشکانی، ئەگەر مەبەستە ناوخۆییەکەی بەلاوە بنێین، وەختایەک مانای دەبوو کە ئامانج و مەبەستەکەیش هاوکات بەلاوە نرابایە.

بردنەدەرەوەی هێزە شەڕکەرەکان لە شەڕگە بۆ بردنەوەی شەڕەکە یان تەنانەت بۆ سەپاندنی ڕێککەوتنێکی دڵخواز، شێوازێکی جوان و ناباوە. وەختێک شتێکی وات کرد، ئیتر پێشگرتنەکەی ئاسان نییە و وەک پەرەپێدانی هێرشەکان، هەر خۆبەخۆ دێ و زیاد دەکا و هێزیش کە کەمتر بوونەوە، ئیتر مەحاڵە بگەڕێیەوە دۆخەکەی جاران. دیارە باڵی سەربازیی ئەمریکا پێیان ناخۆش بوو و ئەم کارەیان بە کۆسپی بەردەم سەرکەوتنی خۆیان دەزانی و چونکە هیچ باوەڕیشیان بە "ڤێتنامیکردن" نەبوو پێیان وابوو ئەم کارە، چارەسەری ماقووڵی

مەسەلەکەش لەبار دەبا. دیارە هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ڕوون بۆوە، بیرۆکەی خۆ تێوەردان لە جەنگ بەبێ تووڕەکردنی خەڵک خەیاڵێکی خاو بووە. بەڵام نیکسۆن و کیسەنجەر، سەرەڕای هەموو لێکدانەوەی واقیعبینانەی خۆیان، دەرکەوت فریوی خەیاڵێکی خاوی دیکەیان خواردووە. دیار بوو پێیان وابوو کە دەکرێ ئەمریکاییەکان لە شەڕی وشکانی بەرێتە دەرەوە، بەبێ ئەوەی ئەم کارە زیان بە ورە لاوازەکەی باشوورییەکان بگەیەنێ یان ورەی باکوورییەکان بەهێزتر بکا. ڕوون و ئاشکرایە بەرنامەکە هەردوو کارەکەی کرد.

کەمکردنەوەی هەوڵ و تێکۆشان بەلای دوژمنەوە، نیشانەی مکووڕی و شێلگیری نییە، هەر لەوانەشە بەپێچەوانەوە ـ وەک پاشەکشەکەی ژەنەڕاڵ ویلیام هاو لە فیلادەلفیا کە کۆچەرنیشنە ئەمریکاییەکان، چۆلکردنی شارەکەیان بە نیشانەیەک لە ڕەوتی پاشەکشەی بەریتانیا لێک داوە و سەیریان کرد . پێویست نییە لەگەڵ کۆمسیۆنی ئاشتیی کارلایل ڕێک بکەون. هانۆییش هەر ئاوای بیر کردەوە. کاتێ نیکسۆن لە جوونی١٩٦٩دا بەرنامەی چوونەدەرەوەی ڕاگەیاند و یەکەم تاقمی ٢٥٠٠٠ کەسیی ئەمریکاییەکان بە کەشتی بەرەو نیشتمانیان گەڕانەوە، باکوورییەکان زانیان شەڕەکە خەریکە بە قازانجی ئەوان دەشکێتەوە و تەواو دەبێ، ئەوەندەیە ئەوان بەهەر نرخێک بێ، پێویستە خۆڕاگرن. هۆشی مین، پاش نیوسەدە لە مانگی سێپتەمبەردا مرد، وەک بڵێی زۆر باش لەو مەسەلەیە گەیشتبێ.

گەڵاڵەکەی نیکسۆن لە ناوخۆیش هیچی لێ شین نەبۆوە. چونکە ئەو هەر لێی ڕوون نەبۆوە و نەیزانی کە هۆکاری ناڕەزایەتییەکان، هەر زیانەکان نییە و زۆربەی خەڵک وا هەست دەکەن کە ئەم جەنگە هەڵەیە و بێڕێزییە بەو هەست و کوڵەی بۆ وڵاتەکەی خۆیان هەیانە و گەڕانەوەی سەربازەکان ئەگەرچی لەوانەیە ماوەیەک هەراکە دامرکێنێتەوە بەڵام کەفوکوڵی هەستی قووڵتر لەسەر خودی شەڕەکەیە و تا جەنگەکە بەردەوام بێ، ئەویش پتر پەرە دەگرێ.

هانۆی کە تەواو باوەڕی بەوە بوو کە ئەمریکاییەکانیش وەک فەڕەنسییەکان لە ڕاستیدا لە نیشتمانەکەی خۆیان جەنگەکە دەدۆڕێنن، هەروا کەللەڕەق مایەوە. ویلایەتەیەکگرتووەکان لەداخان و لە داماوی پەنای بردە بەر

"بەهێزکردنی نێگەتیڤ". کۆمەڵێک گەلاڵە بۆ "زەبری دڕدانە" یان "زەبری گورچوبڕ" یان " ڕێگەچارەی نۆڤەم بەر" داڕێژران.(٤١٩) بڕیاریان دا گەمارۆی دەریایی بخەنە سەریان و بەندەر و ڕووبار و لێوار ئاوەکان مینڕێژ بکەن . بەنداوەکان بشکێنن و هانۆی بۆمباران بکەن و داری بەسەر بەردەوە نەهێڵن. کیسەنجەر لە کاتی داڕشتنی گەلاڵەی هێرشەکەدا گوتی: "من بڕوا ناکەم وڵاتێکی بچووکی پلە چواری وەک ڤێتنامی باکوور، خاڵێکی شکانی نەبێ."(٤٢٠) دیارە ئەو ڕاستی دەکرد. هەموو شتێک خاڵێکی شکانی هەیە، مەحەک ئاستی هێزی پێویستە. دوجاریش پاش ئەوەی چاودێرە مەدەنییەکان(ناسەربازییەکان) بەرەنگاری بوونەوە کە دەیانگوت :" ئەو هەوڵ و هەنگاوانەی پێشنیار کراون، هیچ لە توانای شەڕکردنی باکوور لە باشووردا کەم ناکەنەوە و هەروەها لە ترسی بەخەبەرهێنانی ئەو شتەی کیسەنجەر ناوی نابوو "جانەوەرە خەوتووەکەی نارەزایەتیی گشتی" (٤٢١)

"ڤێتنامیکردن"ی جەنگەکە، شێتانە درێژەی پێ درا . ژمارەی هێزەکانی ڤێتنامی باشووریان دووهێندە کرد و چەندی توانیان چەک و کەشتی و فڕۆکە و کۆپتەریان دانێ . یەک ملیۆن تفەنگی ئێم ١٦، ٤٠٠٠٠ نارنجۆکهاوێژ، ٢٠٠٠ فیشەکهاوێژی قورس(تۆپ و خومپارە) ١٠٠٠ ئەفسەر و فڕۆکەوان و میکانیک و شیکەرەوەی زانیاریان بۆ فێرکردنی تەکنیکە پێشکەوتووەکان ناردە دەرێ،(٤٢٢) بەڵام تازە درەنگ ببوو. بەو کارانە دیارە ڤێتنامی باشوور، ماوەیەک دڵنیاتر لەسەر پێی خۆی ڕاوەستا. لەوانەشە هۆکارەکەی ئەوە بووبێ کە ویت کۆنگ هێشتا نەیتوانیبوو زیانەکانی هێرشەکەی خۆی (هێرشی تێت) قەرەبوو بکاتەوە. بەڵام بەسەرەنجدان بەوەی کە١٥٠٠٠٠ سەربازی ئەمریکایی قەول وابوو لە ١٩٧٠دا لە ڤێتنام بڕۆنە دەرێ و دوای ئەوە دیسان ژمارەیەکی زیاتریش ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵن دەتگوت بووەتە کێبڕکێ لە نێوان "ڤێتنامیکردن"ی جەنگ و چونەدەرەوەی ئەمریکاییەکاندا.

نارەزایەتییەکان نە دامرکانەوە و نە کاڵیش بوونەوە. نارەزایەتییەک بەناوی "ڕۆژی ڕاگرتنی عەمەلیاتی ڤێتنام" لە ئۆکتۆبەری١٩٦٩دا لە سەرانسەری وڵات ڕێکخرا و خۆپێشاندەران خوازیاری "ئاشتی هەر ئێستا" بوون. لە

خۆپێشاندانەکەی باستۆندا ١٠٠٠٠٠ کەس لە پارکەکەی شاری کۆ بوونەوە و گوێیان لە وتارەکەی ئێدوارد کێنێدی گرت کە داوای کرد، هەموو هێزە وشکانییە ئەمریکیەکان لە ماوەی یەک ساڵدا و هەموو یەکە ئاسمانی و یارمەتیدەرەکانیش لە ماوەی سێ ساڵدا واتە هەتا کۆتایی ١٩٧٢ بکشێنەوە. لەسەر یەکێک لە پلاکاردەکانی خۆپێشاندەرانی سانف ڕانسیسکۆ نووسرابوو: "جەنگی ڤێتنام بدۆڕێنن ـ لاوەکان بێننەوە نیشتمان."( ٤٢٣) سەرکۆمار لە وڵامێکی داڕێژراودا بە "ڕاگرتنی عەمەلیاتەکان" کە قسەکانی ڕووی لەخەڵک بوو دەستەوداوێنی "زۆرینەی بێدەنگ" بوو کە پێی وابوو پشتیوانیی لێ دەکەن و بەڵێنی دا، کێشانەوەی سەربازەکان بەپێی بەرنامەیەک کە خشتە زەمانییەکەی دیاری نەکرد، تەواو بکا و "جۆرێک کۆتایی بەشەڕەکە بێنێ کە بتوانن بە ئاشتیەوە سەر کەون."

ئەگەر زۆرینەیەکی بێدەنگیش هەبوو زیاتر ئەوە بوو کە گوێیان نەدەدایێ ؛ کەچی نارەزایەتییەکان چالاکتر و پڕ هەراتر و مخابن مەکۆی کەسانێک بوو کە نیکسۆن لە دژکردەوەیەکی نەترسانەدا کە زۆریش بێجێ نەبوو بە "لاتەکان" ناوی هێنان . (٤٢٤) لە دووەم ڕۆژی "ڕاگیرانی عەمەلیاتەکانی ڤێتنام" لە نۆڤەمبەردا، ٢٥٠٠٠٠ خۆپێشاندەر لە واشینتۆن کۆ بوونەوە. سەردادوەر جۆن میچێل، شەریکبەشەکەی پێشووی نیکسۆن لە نووسینگەی یاساییدا کە لە بانیژیەکەوە سەیری خەڵکەکەی دەکرد، لەبەر خۆیەوە گوتی: "هەر دەڵێی شۆڕشەکەی ڕووسیایە."( ٤٢٥) ئیتر لەم قسەیەوە دەردەکەوێ، دژبەران و بەرهەڵستکارانی جەنگ لە ڕوانگەی حکوومەتەوە کێ بوون. حکوومەت وای لێک نەداوە کە ئەو بزووتنەوەیە نارەزایەتییەکی ڕەوای هاووڵاتیانە دژی ئەو سیاسەتەی وا خەڵکێکی زۆر داوایان دەکرد کە وڵاتەکەیان ڕەتی بکاتەوە ؛ بەڵکو و وەک نیازخراپی و هەڕەشەیەکی خراپکاری سەیری کرا و هەر ئەو تێگەیشتنەش بوو کە "لیستەی دوژمنان"ی هێنایە ئاراوە.

جا چونکە نارەزایەتییەکان، لە ڕۆژنامەکاندا دەنگی دەداوە و کەسایەتیی بەناوبانگی چینی دەسەڵاتداریش لە مشتومڕەکاندا بەشدار بوون، نیکسۆن بە پیلانی "لیبراڵەکان" دژی بەرپرسیارەتییەکەی خۆی لە قەڵەم دا. ئەو پێی وا بوو

لیبراڵەکان "لە سەردەمی فایلەکەی ئەلجەر هێسەوە(        ٤٢٦) هەر بە شوێن لەناوبردنی ئەوەوە بوون."( ٤٢٧) کیسەنجەر هەر وەک بیرەوەرییەکانی دەری دەخات، زۆربەی جاران توورە و بێتاقەت بوو و نارەزایەتییەکانی بە دەستێوەردان لە پێوەندییەکانی دەرەوەی وڵات، بەڵام هەرچۆنێک بێ بە چەرمەسەرییەکی پێویست بۆ دیموکراسی دەزانی . دەبوایە تەحەمولی بکەن بەڵام رێگە نەدەن کار بکاتە سەر سیاسەتڤانە شێلگیرەکان. ئەم نارەزایەتییە، هیچ کاریگەرییەکی لەسەر کیسەنجەر نەبوو تەنانەت ئەو دەمەیش کە نوێنەرانی هاوکارەکانی خۆی لە سەرۆکایەتیی زانستیی زانکۆی هارڤاردیش دەریاندەبڕی. سەرکۆماریش، ئەگەرچی بەناوی دەنگدەرانەوە حکوومەتی دەکرد، گوێی هەر بەو هەرا و هەنگەمەیە نەدەبزووت. ئەو دوانە هیچ کامیان شتێکی رەوا و ماقووڵیان لە نارەزایەتییەکاندا نەدەدی. هەروەک چۆن هاواری ریفۆرم و چاکسازی بەگوێی پاپاکانی رێنسانسدا نەچوو چەمجارەیش هاوار و نارەزایەتییەکان وا لێک نەدرانەوە کە ئەگەر بەخاتری دەسەڵاتدارانیش بووبێ، پێویستە دژکردەوەیەکی خێرا و ئەرێنی بەرامبەر بنوێنن.

وتووێژەکانی ئاشتی چ لە دانیشتنە نهێنییەکانی کیسنجەر و لۆدۆک تۆی نێردەی هانۆی و چ لە دانوستانە چوارلایەنەکەی پاریسدا، پێشکەوتنێکی تەکنیکیی نەبوو لەبەر ئەوەی هەردوو لایەن، هێشتایش پێداگر بوون کە کۆمەڵێک مەرجی ناماقووڵ بەسەر یەکتردا بسەپێنن. ڤێتنامی باکوور داوای دەکرد دەوڵەتەکەی تیو ـ کی لابچێ و لە رێگەی "هاوپەیمانییەکەوە" کە بەرەی رزگاریخوازی نیشتمانیشی تێدابێ، جێنشینێکی بۆ دابنرێ. ئەم داوایەش بۆ ویلایەتەیەکگرتووەکان، بە مانای ئەوە بوو کە پشت بکاتە حکوومەتە دانراوەکەی خۆی(گوێلەمستەکەی) هەر بۆیەیش رەت کرایەوە. ئەمریکایش بە نۆرەی خۆی داوای دەکرد، هەموو هێزەکانی باکوور لە باشوور بکشێنەوە. ڤێتنامی باکوور قەت دەستی لەو قسەیە هەڵنەگرت کە ڤێتنام یەک وڵاتە و داوای ئەمریکاییەکانی بە دەستدرێژی بۆ سەر مافی   رەوای خۆی دەزانی و شێلگیرانە رەتی دەکردەوە. باکوورییەکانیش رێک وەک چۆن ئەبراهام لینکۆڵن پێداگر بوو لەسەر یەکپارچەیی ویلایەتەیەکگرتووەکان، ئاوا مکووربوون لەسەر

یەکپارچەیی ڤێتنام. بەو حاڵەشەوە ئەمریکاییەکان گوێیان نەدایە داواکەی ڤێتنامی باکوور و هەروا پێیان وابوو کە هانۆی دەبێ بە زەبر و زۆر بەچۆکدا بێنن.

"کۆتایی هێنان بە شەڕەکە، بە شێوەیەک کە ئێمە بە ئاشتی سەرکەوین"(٤٢٨) و بە واتایەکی دیکە، پاراستنی ڤێتنامی باکووری ناکۆمۆنیست، کۆت و زنجیری دەستوپێی ئەمریکا بوو لە دانوستانەکاندا. ئەوە هەر ئەو مەسەلەی "زەمانەت"ـە بوو کە ئێستا ناویان نابوو "ئاشتیی شە ڕافەتمەندانە" و نیکسۆن و کیسنجەر دەستیان لە پاتەکردنەوەی هەڵنەدەگرت *. ئاشتیی شە ڕافەتمەندانە ببووە "تۆقی لەعنەت"ی گەردنی ئەمریکاییەکان لە ڤێتنامدا. بێرک لە سەدەی هەژدەیەمدا گوتبووی: "بیسەلمێنە ئەو شتەی وا ملی خۆتی بۆ دەشکێنێ، شتێکی ژیرانە و ماقووڵە . بیسەلمێنە ئەقڵ دەیبڕێ. بیسەلمێنە لەو ڕێیەوە دەگەیتە ئامانجێکی بەسوود ئەودەم منیش ئامادەم چەندی بڵێی ئەوەندەی نرخ بۆ دانێم."(٤٢٩) لەبری ئەوە، هەر وەک ژان سەنتنی لەسەر بنەمای ئەزموونە دوورودرێژەکەی فەڕەنسا لە ڤێتنامدا بە کیسنجەری گوت، ویلایەتەیەکگرتووەکان بۆ "شتێکی پووچ و خۆڕاییی" ملی خۆی دەشکاند.(٤٣٠) ئەگەر کیسنجەر پێشتر بێرکی خوێنبایەوە لە بری تالیران(٤٣١) ڕەوتی سیاسەتەکەی زۆر لەوانەبوو بە ئاقارێکی دیکەدارۆیبا.

چارەسەرەکە ئەوە بوو یان ئەوەتا ئەوەندە لە ڤێتنامی باکوور بدەن و لێی بدەن هەتا بەچۆکدا دێ کە ئەمریکا ئامادە نەبوو ئەوەندە زەبروزەنگێک بەکار بێنێ یان ئەوەتا دەست لە مەرجەکان هەڵگرێ و هەر ئەوەندەی ڤێتنامی باشوور لە سایەی "ڤێتنامیبوونی جەنگ"ـەکەدا بەگوێرەی پێویست بەهێز بوو بەجێی بهێڵن و لێی بگەڕێن ئەو وڵاتە خۆی بەرگری لەخۆی بکا و هەر وەک

---

*پاتەکردنەوە: واتە چەندبارەکردنەوە. دووپاتە کردنەوە واتە دووبارەکردنەوە. بەڵام کە زیاتر لە دووجار بێ پاتەکردنەوەی بەردەوامە. هەژار دەڵێ:

سالێک لە دێیەک کۆنە فەقێیەک... .....لەناو کتێبێک دیتی لە جێیەک

وتی شێخ فەرمووی هەتاهەتایە... ..پێستی سەگ پیسە و دەباغی نایە

ئەمەی هەشت نۆ جار پاتە کردەوە.... پاش ڕەوان کردن ئاوای خوێندەوە

سەگ فەرموویەتی هەتاهەتایە.... ..پێستی شێخ پیسە و دەباغی نایە

کیسنجەر پێشبینیی کردبوو بەبێ  ڕێککەوتن لەگەڵ هانۆی، لەسەر شەڕەکە بەردەوام بن."(٤٣٢) کێشەی سەرەکی دیلەکانی ئەمریکا بوون کە هانۆی هەتا مەرجەکانی قەبووڵ نەکرابایە، ڕادەستی نەدەکردنەوە. بەڵام بەڵێنی ڕێکەوتن بڕاوە و دیاری چوونەدەری هەموو هێزە ئاسمانی و وشکانییەکانی ئەمریکا، دەیتوانی ئازادکرانی دیلەکانیشی لێ بکەوێتەوە. ئەو ڕێگەچارەیە هەبوو و دەبووە هۆی کۆتاییهێنانی خێرای جەنگەکە و بێوەیبوونی خەڵکی ئەمریکایش و زۆر کەسیش ئەوەیان دەویست؛ بەڵام قەبووڵ نەکرا. چونکە پێیان وابوو زیانی بە ناوبانگی ئەمریکا دەگەیەنێ. سیاسەتڤانەکان هەر بە زەینیشیاندا نەهات کە کەمکردنەوەی زیانەکان و گەڕانەوەی خەڵک بۆ سەر ژیانی ئاسایی، نەک ناوبانگی ئەمریکای خراپ نەدەکرد، بگرە یارمەتیدەریشی دەبوو. لە نێوان داپڵۆسین و وازلێهێناندا، نیکسۆن و کیسنجەر، ڕێگەیەکی ناوەندیان هەڵبژارد کە تا ئەودەم ئەو ڕێگەیە هیچ بەرهەمێکی نەدابۆوە و هەوڵیان دا بە زۆرهێنان و گوشاری بەرەبەرە، کارێکی وا بکەن کە "درێژەدانی جەنگەکە بۆ هانۆی لە ڕێککەوتن ناخۆشتر بێ."(٤٣٣) بەڵام ئەم بەرنامەیە زۆر لەمێژ ساڵ بوو جێبەجێ دەکرا.

ئەو گوشارە بوو بە بۆمبارانێکی زۆر توند و خەست . بەڵام ئامانجەکەیش نەک خاکی ڤێتنامی باکوور، بەڵکو ئەو ڕێگە و هێڵە لۆجستیکی و بنکە و پەناگەیانەی بوو کە لە کامبۆجیا هەیبوون. لە نێو بەڵگە سەربازییەکاندا، بەردەوام هێرشە ئاسمانییەکانیان، لەبەر هۆکاری ئاڵۆزی پێوەندیدار بە بێلایەنیی کامبۆجیا دەستکاری و چەواشە دەکرد. بەڵام لەبەر ئەوەی دوژمن، دەمێک بوو ئەو بێلایەنییەی پێشێل کردبوو پاساوێکی  ڕەوا بۆ ئەم هێرشانە هەبوو و شاردنەوەی بۆمبارانەکانی کامبوج لەوانە بوو زیاتر بۆ شاردنەوەی پەرەپێدان و گەورەترکردنەوەی شەڕەکە لە خەڵکی ئەمریکا بوو.(٤٣٤)

بەڵام بە سەرنجدان بە هەست و کوڵی دژە جەنگی ڕۆژنامەکان و زۆربەی بەرپرسانی حکوومی، ئیتر ئەوە خەیاڵێکی خاوی سەرۆکایەتی بوو کە پێی وابوو دەتوانێ بۆمبارانەکان بشارێتەوە. یەکێک لە پەیامنێرانی نیویۆرک تایمز کە بیاڤ و کەوشەنی چالاکییەکانی پەنتاگۆن بوو کۆمەڵێک بەڵگەی لەسەر ئەم

بابەتە وەدەست کەوت و بڵاوی کردنەوە. چیرۆکەکە سەرنجی بیروڕای گشتیی زۆر ڕانەکێشا. بەڵام بوو بە دەسپێکی ڕەوتێک کە وردە وردە کامبۆجیای کردە سزایەک بۆ نیکسۆن. نیکسۆن دڵنیا بوو لەوەی هەواڵی بۆمبارانە نهێنییەکان لە ناوخۆوە دزەی کردووەتە دنیای دەرەوە و زۆر تووڕە بوو. ئیتر ئێف بی ئای ڕاسپارد لەو مەسەلەی بکۆڵێتەوە و کاربەدەستانی ئەو ئیدارەیە، لە ژێر چاودێریی کیسنجەردا، دەستیان کرد بەگوێهەڵخستن * لە تەلەفۆنی یەکێک لە کارمەندەکانی وی.(٤٢٥) ئەو کەسە، مۆرتن هالپرین بوو کە دەستی بە ڕاپۆرتە نهێنییەکان ڕادەگەیشت. ئەوە ئاشکرابوونی زنجیرەیەکی درێژ بوو لەو ڕووداوانەی کە لە مێژووی ویلایەتەیەکگرتووەکاندا، یەکەمین لەسەرکارلابردنی سەرکۆمارێکی لێ کەوتەوە.

عەمەلیاتە نهێنییەکانی نیکسۆن هەروا شاراوە مانەوە . بەڵام لە ئەپریلی ١٩٧٠دا وەختێک هێزە وشکانییەکانی ئەمریکا لەگەڵ سوپای ڤێتنامی باشوور هێرشیان بردە سەر کامبۆجیا، ئیتر بوو بەهەرا. پەرەپێدانی جەنگ بۆ نێو وڵاتێکی دیکە، وڵاتێک کە بەناو بێلایەن بوو ئەویش لە کاتێکدا کە ئەمریکاییەکان هاواریان بوو شەڕەکە کۆتایی پێ بێ، نەک ئاسمانیشی پێ دابگرنەوە، هاندەرترین و دنەدەرترین کارێک بوو کە لەو بارودۆخەدا کرا و هیچ لە کردەوەکەی ڕەحۆبعام و بانگکردنی میرغەزەب بۆ سەرکوتی ئیسرایلییەکان کەمتر نەبوو. ئەوە کارێک بوو کە بێ ئەملاوئەولا بکەرەکەی دەخستە چەرمەسەرییەوە و لە جۆری ئەو گەمژەییانە بوو کە هەر دەڵێی حکوومەتەکان بەدەستی چارەنووسێکی شەیتانی و بەبێ ئەوەی بەدەست خۆیان بێ، بەرەو لای ڕادەکێشرێن بۆ ئەوەی خواکان بخەنە پێکەنین.

---

*گوێ هەڵخستن: لە کوردی دا گوێ ڕاگرتن و گوێ ڕاداشتن و گوێهەڵخستنمان هەیە. هەر سێیان مانای جیاوازیان هەیە. گوێڕاگرتن ڕاستەوخۆیە لە دەنگێکی زیندوو یان دەنگێکی کە دێ. گوێڕاداشتن زیاتر بۆ ئەو دەنگەیە کە دێ و دەبڕێتەوە. دەڵێ گوێ ڕادێرە بزانە دەنگ دێ یان نا. بەڵام گوێهەڵخستن، ڕێک بە مانای گوێڕاگرتنی بە شاراوە ونهێنی لە قسەی خەڵک دێ. ئیتر وەختێک بە دزییەوە گوێ دەدەیتە قسەی کەسێک، لە کوردی دا ناڵێین گوێم لە قسەکانی ڕاگرتبوو: دەبێ بڵێی گوێم لێ هەڵخستبوو.

هۆکار و بەڵگە سەربازییەکانی ئەم هێرشە پتەو  ە دیار بوون . گرینگترین مەبەست، پێشگرتن بوو لەو هێرشەی چاوەڕوان بوون ڤێتنامی باکوور بیکا کە بەڕواڵەت دەیەویست کامبۆجیا داگیر بکا و لەگەڵ چوونەدەرەوەی ئەمریکا، ببێتە هەڕەشەیەکی پڕ مەترسی بۆ ڤێتنامی باشوور      . مەبەستەکەی دیکە ڕەخسانی دەرفەت بوو بۆ ئەوەی جەنگەکە ببێتە جەنگی ڤێتنامییەکان خۆیان . مەبەستی سێیەمیش دابڕینی هێڵێکی لۆجستیکیی گرینگ بو لە بەندەری سیهانۆکۆیل  لەگەڵ کامبۆجیا و دوا مەبەستیش، گەیاندنی یارمەتی بوو بە ڕژێمێکی دۆستتر لە پێتۆم پەن کە تازە شازادە سیهانۆکی چەپئاژۆی لەسەر کار لادابوو. سەرەڕای هەموو ئەوانەش، خۆ ئەگەر بە سوودی نیکسۆن و ئەمریکا بوایە کە کۆتایی بە جەنگەکە بێ، ژیری و بەتەگبیری لە دەسەڵاتدارێتیدا دەیتوانی بەڵگەی لەوە پتەوتریش بۆ نەکردن و ڕەتکردنەوەی ئەو عەمەلیاتە بێنێتەوە.

نیکسۆن پێی وابوو ئەو بەرنامەیەی ئەو بۆ کشاندنەوەی ١٥٠٠٠٠ سەرباز لە ١٩٧٠دا خستبوویە  ڕوو، ناڕەزایەتییەکان دادەمرکێنێتەوە یان ئەگەر قەرار بێ "ئەو زۆڵە لیبرالانە"(٤٢٦) هەر چەرمەسەریی تووش بکەن، وا باشترە وەک گورگێک لە قەنارەی دەن نەک وەکوو مەڕ. نیکسۆن لە وتارێکی ئاگریندا، بەرنامەی خەباتی خۆی لە وەلامی "دەستدرێژیی" ڤێتنامی باکووردا ڕاگەیاند و هەر سەربەندەکەی جارانی ـ کە ئەو سەرکۆمارێک نییە تێشکانی ئەمریکا ببینێ ـ بەدوادا هێنا.(٤٢٧) گوتیان یەکێک لە ئامانجەکانی هێرشی دوژمن، لەناوبردنی ناوەندی سەرکردایەتی یان "شادەمار" یان وەک دەڵێن "ئیدارەی ناوەندیی ڤێتنامی باشووره".(٤٢٨) لە باری تاکتیکییەوە، بەدوای پەلاماردانی کامبۆجیادا بڕێکی بەرچاو چەکی ڤێتنامی باکوور دەستی بەسەردا گیرا و پەناگە و عەمبارەکانی بن زەوییان کاول کرا و دووسەد کەسی دیکەیشیان پتر لێ کوژرا و زیانێکی وا لە دوژمن درا کە ئەو پەلامارەی ساڵێک بەدرەنگ خست وا دەیانگوت دەیکەین . ئەگەرچی ئەو "شادەمارە" پڕ نهێنییە سەرەڕای هەموو شانوشکۆی یەکەم پیتی ناوەکە، هەرگیز نەبینرا. لەسەر یەک ئاکامەکەی خراپ و بریتی بوو لە حکوومەتێکی لاوازکراو لە پەنۆم پەن کە پێویستی بە پاراستن

و پشتیوانی هەبوو لەگەڵ زەوی و زاری سووتاو و تێکدراوی گوندییەکان و یەک لەسەر سێی ئاوارە و لانەوازی وڵاتەکە و زیاتربوونی ئەندامانی "خێمێری سوور"ی لایەنگری کۆمۆنیزم ؛ چونکە خەڵکێکی زۆری کەوتنە گەڵ.
باکوورییەکان زۆر زوو گەڕانەوە و دەستیان بەسەر ناوچەیەکی زۆردا گرت و کەوتنە چەکدارکردن و ڕاهێنانی ڕاپەڕیوان و بەستێن و دەراوەکە خۆش بوو بۆ کوێرەوەری و تاڵی و سوێریی نەتەوەیەکی دیکە لە هیندوچین.

خەڵکی ئەمریکا لەسەر هێرشەی کرایە سەر کامبۆجیا، هەڵچوون و هەر دوو جەمسەرە سیاسییەکەی لێک کردە دوژمن. مشتومڕەکان خەستتر بوونەوە و بەرهەڵستکاران ئە وەندەی دیکە لە حکوومەت و حکوومەتیش هێندەی تر لەوان بە ڕقدا چو ون. لە حاڵێکدا ڕاپرسییەکان زۆربەیان وایان دەردەخست پشتیوانی لە عەمەلیاتی بەزەبروزەنگی نیکسۆن دەکرێ، بەڵام دەنگی هەست و کوڵی دژەجەنگ، بەردەوام ڕوونتر و دوژمنایەتیی ڕۆژنامەکان ئاشکراتر دەبوو. نیویۆرک تایمز هۆکار و بیانووەکانی نیکسۆنی بۆ دەستدرێژیکردنە سەر کامبۆجیا بە "ساویر و وەهمێکی دیکەی سەربازی" ناو برد و پێی داگرتەوە کە "زەمان و ئەزموونی تاڵی ساویلکەیی و خۆشباوەڕی، خەڵکی ئەمریکای لەناو بردووە."( ٤٢٩) بەر لەوە لەقاودران و ئاشکرابوونی کوشتارە بەکۆمەڵەکەی مایلای کە چەند مانگێک لەوەپێش سەربازە ئەمریکاییەکان لە گێژەنێکی شێتانەدا زۆر دڕندانە، زیاتر لە دووسەت گوندیی بێتاوان و بێچەکیان بە پیرەپیاو و پیرەژن و منداڵی چاوبەگریانەوە کوشتبوو و خەڵکی تۆقاندبوو. پاش کامبۆجیایش کاتێ ئەمریکاییەکان دەستیان کرد بە کوشتنی یەکدی، زەبرە دەروونییەکە گورچوبڕتر بوو. ڕۆژی چواری مای لە زانکۆی ئەیالەتیی کێنت لە ئۆهایۆ، چەکدارانی گا ڕدی نیشتمانی بە ئەمری قایمەقامەکەی ئەوێ، بۆ دامرکاندنەوە و بێدەنگکردنی هەرای قوتابییەکان ـ کە ئەو ناوی نابوو توندوتیژیی مەترسیداری زانکۆیی ـ تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد و چوار قوتابی کوژران. وێنەی کچۆڵەیەکی قوتابی کە لە تەنیشت تەرمی دەستەخوشکەکەی خۆی ئەژنۆی دادابوو و بڕوای نەدکرد کوژرابێ، لە پاش هەڵکرانی ئاڵای ئەمریکا لە ئیوجیما( ٤٤٠)لە هەموو وێنەیەکی دیکە زیاتر لە

زەینی خەڵکدا مایەوە. باهۆزی جەنگ، هەر بە ڕاستی بەسەر ئەمریکاییەکاندا هەڵی کردبوو.

بڵێسەی نارەزایەتییەکان پاش ڕووداوەکەی زانکۆی کێنت، پتر نێڵەی هات و پەرەی گرت. مانگرتنەکانی قوتابیان و خۆپێشاندان و هەڵاییساندنی ئاگر، هەموو وڵاتی تەنییەوە. حەشامەتێکی ١٠٠٠٠٠ کەسی لە پارکەکەی ڕووبەڕووی کۆشکی سپیدا کۆ بوونەوە و بازنەیەکی پێکهاتوو لە شێست پاسی پڕ لە پۆلیس ـ وەک بازنەی عارەبانەکانی دەوراندەوری سوورپێستەکان ـ بەدەوریاندا کێشرا. لە بینای کۆنگرەدا، کۆنەسەربازانی ڤێتنام خۆپێشاندانێکیان وەڕێ خست و یەک بە یەک مەدالیاکانی شەڕیان لە سینگیان کردەوە و تووڕیان هەڵدان. لە وەزارەتی دەرەوە ٢٥٠ کارمەند ڕاگەیەنراوێکیان واژۆ کرد کە دژی پەرەپێدانی جەنگ بوو.( ٤٤١) هەموو ئەو هەوڵانە بەناوی ئەوەی؛( ئەوە یارمەتیدانی دوژمنە وا لەدوژمن دەکا پتر خۆڕاگرێ ) لە لایەن حکوومەتەوە ئیدانە کران کە ڕاست بوو و ئەوەی کە پێچەوانەی نیشتمانپەرستییە، دیسان هەر ڕاست بوو چونکە ناخۆشترین دەرهاویشتەی جەنگی ڤێتنام نەمانی هەستی نیشتمانپەروەریی گەنجان بوو و ئەوانەیش لەمەودوا گاڵتەیان بەو قسانە کرد.

خۆپێشاندانەکان دژی جەنگ، تاقمە لاوەکییە توندڕەوەکانیشی دەگرتەوە کە قسەی قۆڕی گەمژانەیان دەکرد. یاسایان پێشێل دەکرد و دەستیان دەکرد بە تێکدەری . ئەو کارانەش خەڵکە نیازپاکەکەی تووڕە دەکرد . نەک بڵێی لەبەر ئەوەی ئەوان لایەنگری جەنگ بن، بەڵکو و لەبەر ئەوەی ئەم کارانەیان بە شکاندنی ڕێز و تەکووزی و یاسا دەزانی.نموونەی ئەو دژایەتیانەن تێکهەڵچوونێک بوو کە لە نێوان کرێکارە کڵاوئاسنەکانی بیناسازی و قوتابییە نارازییەکاندا لە ڕێپێوانەکەی وال ستریت ڕووی دا و کرێکار بە هەرچی کەوتە دەستیان، لە سەروگوێلاکی قوتابیانیان دا. لووتکەی ئەو تێکهەڵچوونانە لە ئۆکتۆبەردا و لە سەن هۆزی کالیفۆرنیا بوو کە نیکسۆن چوو بوو لە پێناو خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٠دا لەوێ وتارێک پێشکەش بکا.( ٤٤٢) ئاپۆڕایەک بە هاتوهاوار و جنێو و قسەی ناخۆشەوە بەپێشوازییەوە چوون و

وەختێک ئەو هۆڵەکەی بەجێهێشت، هێلکە و بەردیان پێدا دا و یەکێک تۆزێکیشی بریندار کرد. ئەوە یەکەمجار بوو لە مێژووی ئەمریکادا هەرچی و پەرچی پەلاماری سەرکۆمارێک بدەن. نیکسۆن دواتر لە ڕاگەیەنراوێکدا گوتی: "نەفرەت و بێزاری بە ڕوخساریانەوە دیار بوو.. ڕق و تووڕەیی لە دەنگیاندا دەبیسترا" و وەک کۆمەڵێک "پیاوکوژی دڕندە" ناوی ئاژاوەچییەکانی هێنا و بەقێزەون ناوی بردن و ئەوانی بە نوێنگەی "خراپترین کەس لە ئەمریکادا" ناو برد.(٤٤٣)

تەنانەت بەر لە ڕووداوەکەی سەن هۆزییش، گەواڵەی ڕەخنەگرتن لە عەمەلیاتەکەی کامبۆجیا، سەرکۆماری تووڕە کرد و ئەوەندەی دیکەش ئەوەی تێدا خەستتر کردەوە کە هەمیشە پێی وابوو دەیانەوێ ئازاری بدەن. بە گوتەی چا ڕلز کۆلسن، یەکێک لە کارمەندەکانی نووسینگەی سەرکۆماری، کۆشکی سەرکۆماری هەر هەموویان پێیان وابوو گەمارۆ دراون. "ئێستا ئیتر باسی "ئێمە" لە بەرامبەر ئەواندا نەبوو."(٤٤٤) بەپێی شایەتێکی دیکە، دەوروبەرییەکانی سەرکۆمار "هەر بە ڕاستی پێیان وابوو کە بە ئاشکرا چەپئاژۆکان دەتوانن شۆڕشێک بکەن."(٤٤٥) پەنابردن بۆ چاودێریکردنی نهێنیی "دوژمنان" و شێوازگەلی نهێنیی ئازاردان و وەڕەزکردنیان و سیخوڕی و بەدزییەوە چوونەناوماڵیان و گوێهەڵخستن لە تەلەفۆنەکانیان بەبێ ئیجازەی یاسایی، بوو بە شتێکی ئاسایی. کارمەندێکی کۆشکی سپی کە ڕاسپێردرابوو چاوی بەسەر تاقمەتیرۆریستە توندڕەوەکانەوە بێ، گەلاڵەیەکی داڕشت بۆ ئەوەی پۆلیس تا بڵێی دەستی ئاوەڵا بێت و بۆکۆیێ پێخۆش بێ، بەبێ ئیجازە و بەمەبەستی جێبەجێکردنی یاسا، بچێت.(٤٤٦)

ئەم بەرنامەیە سەرکۆمار واژۆی کرد و پێنج ڕۆژیش سیاسەتی حکوومەت بوو تا ئەوەی کە ئێف بی ئای، پێدەچوو لەبەر غیرەتی و بۆ پاراستنی مافە تایبەتییەکەی خۆی، پێشنیاری کرد واز لەو گەلاڵەیە بێنن. گەڕان بەدوای دۆزینەوەی سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی هەواڵی بۆمبارانە نهێنییەکان، ئەوەندە هەراو کرایەوە کە "گوێهەڵخەر"یان بۆ حەڤدە تەلەفۆنی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی و تەلەفۆنی کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسیش دانا.(٤٤٧) وەک

مەسەلەی فریودەرەکەی "ئیدارەی ناوەندیی ڤێتنامی باشوور"، سەرچاوەی دزەکردنی ئەم هەواڵەیش نەدۆزرایەوە، چیرۆکەکان وەک دەرکەوت، داهێنانی باوی ڕۆژنامەکان خۆیان بوو.

مافی بەرهەڵستی، یەکێکە لە مافە سەربازی سیاسییە ڕەواکانی ئەمریکا. پێشێلکردنی ئەو مافە لە لایەن سەری حکوومەتەوە و بەنوێنەرایەتیی ئەویش، هەوڵدانی نائاسایی و قەبووڵکردنی ئەو شتانە، ڕێگەی واتەرگێیتی(٤٤٨) خۆش کرد. بێهیوایی بەردەوام لە دانوستانەکانی ئاشتی و درێژەکانی جەنگ هەتا ساڵێکی دیکەیش، هاتە سەر ئەو ڕووداوانە و بڵاوبوونەوەی "کاغەزەکانی پەنتاگۆن" . لە جوونی ١٩٧١دا دۆخەکەی ئەوەندەی دیکە شپرز کرد. ئەو کاغەزانە، کۆمەڵێک بەڵگەی نهێنیی حکوومی بوون کە لە پێشدا بە ئەمری مەکنامارا ئامادە کرابوون .بۆ ئەوەی ڕەگ و بناوانی شەڕەکانی ئەمریکا لە ڤێتنامدا ڕوون بکاتەوە. دانیەل ئەلزبێرگ، کارمەندی پێشووی وەزارەتی بەرگری کە ئیتر ببووە یەکێک لە تیۆریسیەکانی بزووتنەوەی دژەجەنگ، ئەو کاغەزانەی ڕفاند و دانی بە ڕۆژنامەکان و هەندێ ئەندامانی پەرلەمانی نوێنەران و سەنا. ئەو بەڵگانە هیی پێش ١٩٦٨ بوون . بەو حاڵەشەوە، دەوروبەرییەکانی نیکسۆن و کیسنجەر، لە ڕادەبەدەر بەرامبەر ئاشکراکردنی نهێنییەکان هەستیار ببوون، بەتایبەتی کە لەو دەمەدا، بە نهێنی سەرقاڵی دانوستان بوون، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بە پێوەندییەکانیاندا لەگەڵ چین بچنەوە و چاوپێکەوتنێکیش لەگەڵ سەرکردەکانی ئەمریکا و سۆڤیەت ڕێک بخەن و نەیاندەویست وا بڵاو بێتەوە کە واشنتۆن پێوەندییە نهێنییەکانی پێ ناپارێزرێت. گرووپێکی "لوولەکێش"( ٤٤٩) لە نووسینگەیەکدا لە نهۆمی بنەوەی بیناکەی تەنیشت کۆشکی سپی پێک هێنرا بۆ ئەوەی بزانێ لە کوێوە زانیاری دەدەڵێ.

(بەپێی بەڵگەکانی دواتر) " ڕاستەوخۆ لە نووسینگەی سەرکۆمارییەوە" فەرمان بەوانە درا کە بەڵگەیەک دژی ئەلزبێرگ بەدەست بێنن.(٤٥٠) لە ئاکامدا نووسینگەکەی ئەلزبێرگی دەروونناسیان تالان کرد . بەو مەبەستەی بتوانن

تۆمەتباری بکەن بە سیخوڕی کە ئەو کارە ئەگەر سەریش کەوتبا، سوودێکی وای نەدەبوو چونکە بە دڵنیاییەوە دیمانەی سەرۆکی هەردوو وڵاتەکەی ـ کە نیکسۆن زۆر تامەزرۆی بوو ـ تێک دەدا. لوولەکێشەکان، بەختەوەرانە بە ڕای بەرپرسەکانیان دەست لەگونان درێژتر گەڕانەوە. بەڵام خۆ ئەگەر شتێکیشیان دۆزیباوە، هێشتا، چواردەبەرگ بەڵگەنامە کۆپیکراوە حکوومییەکەی پووچەڵ نەدەکردەوە. گەمژەیی لە لووتکەی دەسەڵاتەوە بە ئاشکرایی وردە وردە بەرەو خوار دەیتەنییەوە. هەڵسوکەوتی پاپاکانی ڕێنسانس لە پێشێلکردنی یاساکاندا بەبێ ترس، جارێکی دیکە لێرەش سەری هەڵدایەوە.

نیشانەکانی ناڕەزایەتی وردەوردە لە کۆنگرەیشەوە دزەی دەکردە دەرێ. کۆنگرە هەتا ئەودەم، لەو شتانەدا کە میللەتیان ئازار دەدا، تەنیا سەیرکەرێک بوو تا ئەوەی یەکێک لە ئەندامەکانی گوتی : "کۆنگرە بریتییە لە "کۆمەڵە خەڵکێکی ملکەچ، نەک سەرکردە." ئەرکی کۆنگرە ئەوەیە ملکەچی بیروڕای گشتی بێ و داماوی و بێهێزییەکەی هەر بەڕاستی دەکرێ لەبەر ئەوە بووبێ، کە هەتا پەلاماردانی کامبۆجیا لەوانەیە زۆرینە بێدەنگەکە هەر بە ڕاستی زۆرینەی هەرە زۆر بووبێ. نیکسۆن لە کێبڕکێی هەڵبژاردنەکاندا، بەڵێنی دابوو لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی سەرکۆماریەکەیدا، ئاگربەس ڕاگەیەنێ و کە ئەوە نەکرا، سەناتۆرە دژە جەنگەکان، مەنسفلێد و کێنێدی و گیلوەرد نێلسۆن و چارلیز گۆدل و ئەوانی دی، ڕاشکاوانە داوایان کرد هەوڵ بدرێ بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە. پەلاماردانی کامبۆجیا بەبێ ئیجازەی کۆنگرە، سەناتۆرەکانی هان دا کە هەوڵ بدەن دیسان دەسەڵاتی یاسادانان لە هەمبەر دەسەڵاتی جێبەجێکەردا کە خۆیان لێی گەڕابوون بێهێز و لاواز ببێ، دیسان بەهێز بکەنەوە. یەکێک لەوشتانەی کاغەزەکانی پەنتاگۆن وەدیی هێنا، ئەوە بوو کە لە هیچ کام لە بەڵگەکان یان وتووێژەکاندا، بە یەک قسەیش باسی بەشی کۆنگرە لە دەسنیشانکردنی سیاسەتی بەرگری یان دەرەوەدا نەکرابوو. کە هێرشەکەی ئەمریکا بۆ سەر کامبۆجیا ئاشکرا بوو؛ نیکسۆن تاقمێکی هەڵبژاردەی هەردوو

مەجلیسەکەی دڵنیا کردەوە کە سەربازی ئەمریکایی بەبێ داواکردنی مۆڵەت لە کۆنگرە (نەیگوت وەرگرتنی مۆڵەت)، لە ٣٠ تا ٣٥ میل پتر ناچنە نێو ئەو وڵاتەوە و هەموو هێزەکانیش لە ماوەی سێ تا حەوت حەفتەدا دەکشێننەوە.

سەناتۆرەکان دڕدۆنگ بوون. کۆمەڵێک پاشکۆیان بۆ گەڵاڵەکانی تەرخانکردنی بوودجە بە مەبەستی بڕینی گوژمە و جڵەوکردن یان دەسنیشانکردنی کاتێکی دیار بەشێوەیەک لە شێوەکان بۆ تێکهەڵچونی سەربازی پێشنیار کرد کە لە کۆمسیۆندا پەسند کران و لە پەڕلەمانیش مشتومڕێکی خەستیان لەسەر کرا و بە زۆرینەی دەنگ قەبووڵ کرا. بەڵام هەموو جارێ بە تەگبیر و ڕای سەرەڕۆیانەی سەرۆکە شەڕخوازەکەی کۆمسیۆنی پەڕلەمانی نوێنەران، ئەو پێشنیارانە یەختە و نەزۆک کران یان لە پڕۆژە یاساکان خرانە دەرەوە، یان بە تاکتیکی پە ڕلەما نێ و بڕینی مشتومڕەکان، خنکێنران. بڕیارنامەکەی کەنداوی تۆنکین، دواجار هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام بەو شێوەیە کە دەوڵەت کەوتە پێش بەرهەڵستکارەکانی خۆی پێشنیارەکەی هەڵوەشاندەوە و بیانووشی ئەوە بوو کە ئیجازەی جەنگ لە سنووری دەسەڵاتە یاساییەکانی سەرکۆماردایە وەک فەرماندەی هەموو هێز و دەسەڵاتەکان. ئەمە بەڵگەهێنانەوەیەکی سەقەت بو و ـ چونکە ئەم پرسیارە دەهاتە پێش کە ئەگەر بە فەرمی جەنگ ڕانەگەیەنرێ، فەرماندەی گشتیی هێزەکان یانی چی؟ ـ بەڵام دیوانی باڵا، لەبەردەم کۆمەڵێک ئەزموونداء وردبینانە گوێی خۆی لێ خەواند.

بەوحاڵەشەوە دەنگە دژە شەڕەکان لە پەڕلەمانی نوێنەراندا هەر دەهات و زیاتر دەبوو. وەختێک ١٥٣ نوێنەر، واتە زیاترین ڕێژەی دژبەران تا ئەو ڕۆژە دەنگی ئەرێیان بە پاشکۆ تەواوکەرەکەی کۆپەر و چێرچ دا ؛ لەسەر بڕینی گوژمە بۆ جەنگەکانی کامبۆجیا پاش مانگی جولای، دەراو بۆ سەربزێوی خۆش بوو. ئەو ژمارە کەسە، ساڵی دواتر بوونە ١٧٧ کەس و هەمووشیان دەنگی ئەرێیان دا بە پاشکۆ تەواوکەرەکەی مەنسفیلد. ئەو تەواوکەرە لە

ڕاستیدا نۆمانگی بۆ چوونەدەرەوە، دیارە پاش ئازادکرانی دیلەکانی شەڕ، دیاری دەکرد (پەڕلەمانی نوێنەران نۆمانگەکەی گۆڕی و کردییە "هەتا زووە". دەنگەکان زۆریان زیاد نەکردبوو بەڵام هەر ئەوەندەیەش، نیشانەی ئەوە بوو کە بەرەی دژبەر لێی زیاد بووە و تەنانەت ناڕاستەوخۆش نیشانەی گەیشتنی ئەو کاتە چاوەڕواننەکراوە بوو کە ئیتر دەسەڵاتی یاسادانان، بە دەسەڵاتی جێبەجێکەر بڵێ: "ڕاوەستە."

لە ١٩٧١دا سوپای ڤێتنامی باشوور، بە یارمەتیی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا، بەڵام بەبێ هێزە وشکانییەکەی ئەمریکا، عەمەلیاتەکەی کامبۆجیای دووپاتە کردەوە و هێرشی بردە سەر لایۆسیش. "ڤێتنامیکردن"ی جەنگەکە، زۆر لەسەر ڤێتنامی باشوور کەوت و تەنانەت سەداپەنجا کوژراو و برینداری لێ کەوتەوە، بەڵام هەمووان هەستیان دەکرد، کە ئەوان شەڕ دەکەن و گیان بەخت دەکەن، بۆ ئەوەی ئەمریکاییەکان بتوانن بڕۆنە دەرێ.(٤٥١) واشنتۆن ئامانجی هەموو عەمەلیاتەکانی بە "ڕزگارکردنی گیانی ئەمریکاییەکان" دەزانی.(٤٥٢) و ئەوەیش کارەکەی خراپتر دەکرد.هەستی دژە ئەمریکایی لە ڤێتنامدا خەریک بوو پەرەی دەگرت و ئاکامەکەشی، هاوکاریی نهێنی بوو لەگەڵ بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی و داوای ڕاشکاوانە بۆ ڕێککەوتنی سیاسی. بزووتنەوە نارەزایەتیەکان سەرلەنوێ دەستیان پێکردەوە، بەڵام ئەمجارەیان لەبری دیەم، دژی تیۆ. ورەی ئەو ئەمریکاییانەی مابوونەوە، لاوازتر دەبوو . یەکەکان خۆیان لە شەڕ دەدزییەوە یان هەر خۆیان لێ نەدەداو نافەرمانییان دەکرد. بەکارهێنانی مادەی بێهۆشکەر زیادی دەکرد و شتێک لە سوپای ئەمریکادا هاتە ئاراوە کە پێشتر نەبوو . کوشتنی کەسی "سەرەوەتر" یان لێرەو لەوێ کوشتنی ئەفسەر و پلەدارەکان بە نارنجۆک بەدی دەکرا.

لە نێو ئەمریکا، ڕاپرسییەکان دەیانسلەماند کە وردە وردە زۆرینەیەک دەرکەوتووە، خوازیارە تا کۆتایی ساڵ هەموو هێزە ئەمریکاییەکان لە ڤێتنام بڕۆنە دەرێ. تەنانەت ئەگەر بەو کارە کۆمۆنیستەکان تەواو بەسەر ڤێتنامیشدا

زاڵ بن. بۆ یەکەم جار زۆرینە گوتی :" بەڵێ شەڕی ئەمریکا لە ڤێتنامدا بەپێی ئەخلاق ناڕەوا و هەڵەیە" و شەڕەکەی ئێمە هەر لە ئەوەڵەوە "هەڵە بووە."(٤٥٣) دیارە خەڵک واز وازین(هەر تاوە و لەسەر هەوایەکن) وراپرسییەکان ئاکامیان دەگۆڕدرێ و وەڵامەکانیش پێوەندییان بە شێوەی پرسیارەکەوە هەیە. بەڵام دۆزینەوەی هۆکاری نائەخلاقیبوونەکە هەر وەک لۆر نۆت لەبارەی جەنگەکەی سەردەمی سەرۆکایەتیی خۆیەوە گوتی:" لەبەر ئەوە بوو کە بێ ئاکامبوونەکە، دواجار جەنگەکەی ناشیرین کردووە و دەنگی هاواری خەڵک بۆ ئاشتی بەرز بووەتەوە"(٤٥٤)

لە ١٩٧٢دا جەنگی ڤێتنام لە هەموو شەڕێکی دەرەکییەکانی تری مێژووی ئەمریکای پتر خایاندبوو و ئەو شەش مانگ دەرفەتەی نیکسۆن بۆخۆی دانابوو ببووە سێ ساڵ و ١٥٠٠٠ ئەمریکایی دیکەش گیانیان بەخت کردبوو و هێشتایش کۆتاییەکەی بەدی نەدەکرا.

وتووێژەکانی پاریس و ئەرکە نهێنییەکانی کیسنجەر هەر هەموو بێئاکام مانەوە. چونکە ئەمریکا دەیەویست بە دانوستان، خۆی لە جەنگێک ڕزگار بکا کە خۆی نەیدەتوانی لەسەری بەردەوام بێ و هاوکات سەربەرزانەش بمێنێتەوە. ڤێتنامی باکووریش لە درێژخایاندنی جەنگەکەدا خەتای نەبوو بەڵام سەرکەوتن و دۆڕانی دوولایەنەکە یەکسان نەبوو. لە بارەی باکوورییەکانەوە وڵات و داهاتووەکەیان لە گرەوی ساتوسەودا و مامەڵەدا بوو. لە مارسی ١٩٧٢دا وەختێک زۆرینەی هێزە شەڕکەرەکەی ئەمریکا لەو وڵاتە چووبووە دەرێ. ڤێتنامی باکوور هێرشێکی کرد کە ئیتر کۆتایی جەنگەکەی لێ کەوتەوە.

هێرشەکە لەوبەری ناوچە مەدەنییەکەوە دەستی پێکرد. ١٢٠٠٠٠ سەربازی ڤێتنامی باکوور، بە تانک و تۆپخانەی دەستکردی سۆڤیەتەوە، هێڵەکانی بەرگریی سوپای ڤێتنامی باشووریان شکاند و بەرەو ناوەندە پڕ حەشاماتەکەی دەوروبەری سایگۆن جمین و هرووژمیان برد. ویلایەتەیەکگرتووەکان کە لە وشکانیدا وەڵامێکی بۆ ئەو پێشڕەوییە نەبوو ، لە قۆناغی یەکەمدا "زەبرێکی

درندانە"ی کە لە ١٩٦٩دا داڕشتبوو وەشاند و فڕۆکە بی - ٥٢ـەکان بۆ بۆمبارانی خەستی عەمبارەکانی سووتەمەنی و ئامرازەکانی گواستنەوە لە هانۆی و هایفۆنگ، هەڵفڕین. نیکسۆن ڕایگەیاند کە ئەم شەڕە "عەمەلیاتێکی سەربازیی چارەنووسسازە بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگەکە". مانگێک دواتر کیسنجەر، پێشنیارێکی بۆ ئاگربەس و ڕاگرتنی دوولایەنە خستە ڕوو کە بۆ یەکەم جار مەرجی کشانەوەی باکوورییەکان لە باشووری تێدا نەبوو و دەیگوت، ئەمریکا ئامادەیە چوار مانگ پاش ڕادەستکرانەوەی دیلەکانی شەڕ، هەموو هێزەکانی خۆی بەرێتە دەرێ.

چارەسەری سیاسیی مەسەلەکە هەر بە هەڵپەسێراوی مایەوە. ئەو دەرفەتە چوارمانگەیە(زەربولئەجەل)ـە دەبوایە هانۆی بەخۆیدا هێناباوە و پێشنیارەکەی قەبووڵ کردبایە. بەڵام لەبەر ئەوەی ڤێتنامی باکوور بەردەوام گوتبووی، هەتا بۆمبارانەکان نەبڕێنەوە دانوستان ناکا ئەمجارەیش نەیکرد.

نیکسۆن کە هەموو زەین و زکر و فکری لای ئەوە بوو دیسان هەڵبژێردرێتەوە . لەو کەللەڕەقییەی دوژمن دەهری بوو و لە نێو دەوروبەرییەکانی سوێندی خوارد کە "شەرت بێ ئەمجارە ئەو حەرامزادانە وا بۆمباران بکەم لە ژیانیاندا شتی وایان نەدیتبێ."( ٤٥٥) ڕاوێژدەرەکانی پێیان گوت:" ئەو کارە لەوانەیە لە ناوخۆدا دژکردەوەیەکی سامناکی لێ بکەوێتەوە ". جگە لەوە مەترسیی ئەوەش هەیە کە ڕووسەکان، لەوانەیە چاوپێکەوتنی سەرکردەکانی هەردوو دەوڵەتەکە کە قەرارە دوو حەفتەی دی بێ، هەڵوەشێننەوە و پەیمانی "سالت"( ٤٥٦) کە زۆر بەزەحمەت دەستەبەر ببوو ئیمزا نەکەن. وەک باس کرا، نیکسۆن فەرمانی دا نیوەی دووەمی "زەبری درندانە" واتە گەمارۆی دەریایی و مینڕێژکردنی بەندەری هایفۆنگ و هێرشی بیستوچوارسەعاتەی فڕۆکە بی -٥٢ـەکان جێبەجێ بکرێ. خۆیان لە گەمارۆی دەریایی و مینڕێژکردنەکە بواردبوو چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو زیان بە کەشتییەکانی سۆڤیەت و دەوڵەتەکانی دیکەیش بگەیەنن و لە ناوخۆدا هەرای گەورە و ناڕەزایەتیی لێ بکەوێتەوە. کاربەدەستانی کۆشکی سپی لەوپەڕی

کەفوکوڵ و هەڕاویدا، پێیان وابوو ئەم بڕیارە "دەتوانێ سەرکۆمار لەعەرز بدا یان سەری بخا."( ٤٥٧) و زیاتر لە ٨٠٠٠ دۆلاریان لە گوژمەی سندووقی هەڵبژاردنەکان بۆ لێشاوێکی تەلەگڕافی بەدرۆ هاوڕا و ڕاگەیەنراوی بێبنەما لە ڕۆژنامەکاندا خەرج کرد؛ بۆ ئەوەی کۆشکی سپی بتوانێ بڵێ خەڵک پشتیوانی سەرکۆمارن. بەڵام ئەو هەمووە زەحمەتەی هەر نەدەویست ڕاستە ڕۆژنامە و دژبەرانی زماندرێژی گەمارۆ دەریاییەکەیان ی سەرکوت کرد، بەڵام بیروڕای گشتی هەڵنەچوو و بەپێچەوانەوە دەتگوت زۆریان پێخۆشە ئەمریکا لە وەڵامی کەللەڕەقییەکەی ڤێتنامی باکووردا، ئەو زەبروزەنگەی نواندووە.

گزی و فزییەکی دیکە تاوێک دواتر ڕوون بۆوە. پێنج کاربەدەستی "کۆمیتەی هەڵبژێرانەوەی سەرلەنوێی سەرکۆمار" لە پێوەندی لەگەڵ دوو "لوولەکێش" ی بەناوبانگدا (واتە هاڤارد هانێت و گۆردن لیدی) کە دزینی فایلەکەی ئەلزبێگریشیان ڕێک خستبوو لە کاتی هەڵدانەوەی ف ایلەکان و دانانی "گوێهەڵخەر" لە نێو تەلەفۆنەکانی ئیدارەی ناوەندیی کۆمیتەی دیموکڕاتەکان لە بینای ئیداریی واتەرگێیتدا، بە تەڵەوە بوون. لەقاودانی کارەکانی ئەو سەروبەندەی سەرکۆمار، هەتا ساڵی دواتر کە ئەو پێنج کەسە دادگایی کران و کۆمیتەی تایبەتی لێکۆڵینەوەی سەناتۆر ئێرڤین گوێی لە شایەتیی کەسەکان بوو هەر نەگەیشتە گوێی خەڵک. ئەو لێپێچنەوەیە، پەردەی لەسەر گەلێک چیرۆک و بەسەرهات لادا . یەک لەوان کۆمەڵێک نهێنیکاری و ڕاووڕووت و ترسوەبەرنان و شایەتیدانی بەدرۆ لە سۆنگەی تەماحوەبەرنانەوە، بەپێی فەرمانی سەرەوە و بێدەنگکردن و سیخوڕی و تێکدەری و کە ڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتی فیدڕاڵ بەمەبەستی ئازاردانی دوژمنان و بەرنامەیەک لەلایەن پەنجا بەکرێگیراوی ماستاوچییەوە بۆ چەواشەکردن و تێکدانی کێبڕکێی هەڵبژادنەکانی پاڵێوراوانی حیزبی دیموکڕات لە ڕێگەی "فێڵی ناجوامێرانەوە" یان وەک دەستەواژە بیسمیلکراوەکەی کاربەدەستەکانی کۆشکی سپی "خایین گایین".(٤٥٨)

لە دوایین ڕەشنووسی ئەو تاوانانەدا کە شیاوی بەدواداچوون بوون، چوونەژوورەوە بەمەبەستی دزیکردن و بەرتیل و دروستکردنی شایەتیی

بەدرۆ و دزینی ماڵ و سامان و پیلانگێڕی و پێشگرتن لە بەرێوەچوونی دادپەروەریش خرا ‌ سەر ئەو لیستە کە زۆربەیان بەرهەمی دژکردەوەی زێدەڕۆیانە بوو و وەک ئەوشریتانەی دواجار بوونە هۆی ڕووخ انی سەرلەبەری بیناکە، خۆی کردبوونی.(٤٥٩)

لێرەش گەوهەر و کەسایەتیی کەسەکە، چارەنووسەکەی دیاری کرد. کەفوکوڵی نیکسۆن و هاوکارەکانی لەبارەی ڤێتنامەوە، دەوڵەتەکەی ئەویان خستە تەنگژەوە و حکوومەتەکەی ئەوەندەی دیکە سووک کرد. بێ ئابڕوویی یەک فەرمانڕەوا لە مێژوی جیهاندا بابەتێکی گرینگ نییە بەڵام بێ ئابڕوویی حکوومەتێک، ڕاچڵەکێنەرە . چونکە حکوومەت ناتوانێ بەبێ ئابڕوو پەل ببزوێوێ و هیچ بکا. واشنتۆن، وەک ڕۆمای بەسەر نەهات کە لە بێ ئابڕوویی پاپاکان تالان کرا بەڵام نرخێکی قورسی دانا.

لەو ڕۆژانەدا کە هێشتا حەیاچوونەکەی واترگێیت ئاشکرا نەببوو پەرەگرتنی شەڕەکە لە ڤێتنام ئاکامێکی لێ کەوتەوە. گەمارۆی دەریایی و کاولکردنی عەمبارەکانی سووتەمەنی و تەقەمەنی، لۆجستیک و تفاقی ڤێتنامی باکووری زۆر کەم کردەوە. دەرکەوت کە ڕووسەکان زیاتر حەزیان لەوەیە لەگەڵ ئەمریکادا کێشەکان ببڕێننەوە نەک پێداویستییەکانی هانۆی دابین بکەن. ئەوان لە مۆسکۆ پێشوازییان لە نیکسۆن کرد و پێشنیاریان بە دۆستەکانی خۆیان کرد لەگەڵیان ڕێک بکەون. چینیش حەزی لێبوو جەنگەکە دامرکێتەوە. نیکسۆن و کیسنجەر توانیبوویان پێوەندییەکان بژێننەوە و چینییەکان لەبەر تیشکی پێوەندییە تازەکاندا، پێیان ناخۆش نەبوو ئەمریکا لەڕووسیا تین بدەن.

لەبەر ئەوەی لە کاتی دیداری سەرکردەکانی بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتماندا لە پەکەن، مایۆ تسێ تۆنگ، پێی گوتن دەست لەو مەرجەی خۆیان (واتە لەسەرکارلابردنی تیۆ) هەڵگرن. "ئەو کارە بکەن کە من کردم. من لەو جێیەی پێویست بوو لەگەڵ چیانگ کاشەک سازام."( ٤٦٠) بەرەی ڕزگاریخواز، قایل بوو کە نۆرەی سەرکەوتنی ئەویش دێ و نەرم بوو.

باکووریش لە بن زەبری فڕۆکە بی-٥٢ـەکاندا ئامادە بوو دۆخە سیاسییەکە قبووڵ بکا. هانۆی بە ئاکامی ڕاپرسییەکانی نێو ویلایەتەیەکگرتووەکانی زانی .

که له سۆنگەی هەڵەی دیهوکراتەکان و کێبڕکێی کرچوکاڵی پاڵێوراوەکەیان له هەڵبژاردندا، نیکسۆن چوار ساڵی دیکەش لەسەرکار دەمێنێتەوە(هەر سەرکۆمار دەبێ) و هاتە سەر ئەوەی کە بەر لە هەڵبژردنەکان دەکرێ ئیمتیاز و دەستکەوتی باشتری لێ وەرگرن. دانوستانەکان دەستیان پێکردەوە. زۆر ڕێوشوێنی ئاڵۆز کێشرا بەشکم ئەمریکا لە ڤیێتنام بچێتە دەرێ و تیۆ بەڕواڵەت لەسەر کارەکەی بمێنێتەوە و دواجار کیسنجەر توانیی لە ٣١ی ئۆکتۆبەردا ڕایگەیەنێ کە "ئاشتی نزیکە" ـ بەڵام دواتر دەرکەوت، پەلەی کردووە.

بەپێی ڕەشنووسی ئەو پەیماننامەیەی ئامادە کرابوو ١٤٥٠٠٠ سەربازی ڤیێتنامی باکوور لە باشووردا دەمانەوە و بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانییش کە لەمێژ نەبوو ناوی خۆی نابوو حکوومەتی کاتیی شۆڕشگێڕ PRG (Provisinal Recolutionary Government) لە ڕێگەچارە سیاسییەکانی داهاتوودا بەشدار دەکرا. تیۆ یەکسەر خۆی لە قەبووڵکردنی ئەم پەیماننامەیە بوارد.بە سەرنجدانی ئەوەی کە ئەگەر وای نەکردبایە دەبوو ملکەچی ڕووخانی خۆی بێ . ئیتر هەڵوێستەکەی هیچ نائاسایی نەبوو. لەوجەنگەیەدا، نیکسۆن زۆر سەیروسەمەرە هەڵبژاردنەکانی بردەوە و دەرچوو و گەورەترین زۆرینەی تۆمارکراوی نێو مێژووی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکای دەستەبەر کرد و ئەوەش بۆ سەرکۆمارێک کە هەندێ دواتر ناچار بوو هاونیشتمانییەکانی لەوە دڵنیا بکاتەوە کە "من گزیکەر نیم*" سەرکەوتنێکی بێوێنە بوو. ئەو سەرکەوتنە مەزنە لە هەڵبژاردندا، کۆمەڵێک هۆکاری هەبوو. لاوازی و دڕدۆنگیی خەنیمەکە، واتە سەناتۆر مەک گاورن و دوو قسەی کرچوکاڵ و هەڵنەسەنگێنراوی ئەو. یەکێکا کە گوتی لە هەمبەر هانۆیدا "چۆکدا دەدەم" و ئەوی دیکەیش، پێشنیاری بەخشینی هەزار دۆلار یارمەتی بە هەر خێزانێکی ئەمریکایی، دەنگدەرانی لێ ڕەواندەوە لەگەڵ ئەوانەشدا، سەرکەوتنی "ئەو هەمووە فێڵە نامەردانەیە"ی کە

* گزیکەر: فێڵباز. کەسێک کڵاو لەسەر خەڵکی بنێ

خەنیمێکی بەهێزتری هەر لە یەکەم قۆناغەکانی دەسنیشانکردنی پاڵێوراوی حزبدا لە مەیدانەکە دەرکرد و دڵخۆشیی خەڵک بەوەی کە دواجار چاوەڕوانیی ئاشتی هەر وەدی دێ و لەوانەشە لەودیوی هەموو ئەوشتانەوە، دژکردەوەی ئەمریکای ناوەند لەهەمبەر دژەکولتووره قژدرێژەکان و هیپیەکان و مادەی بێهۆشکەر و توندڕەوەکان و مەترسیی لابەلای ئەوان بۆ بەها باوەکانی کۆمەڵگە، هەر هەموو دەستیان دایە دەست یەکتر.

نیکسۆن بە سەرکەوتنەکەی بووژایەوە و لەپێناوی ڕێککەوتندا؛ ئەوپەڕی زۆر و گوشاری بۆ هەردوولای ڤێتنام هێنا. لە نامەیەکدا بە تیۆی گوت کە دەزانم چەندە نیگەرانی ئەوەی، هێزەکانی ڤێتنامی باکوور لە باشووردا بمێننەوە. بەڵام گوتیشی: "دڵنیای دڵنیات دەکەمەوە کە ئەگەر هانۆی مەرجەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە پێشێل بکا، دەمەوێ دەسبەجێ و زۆر بەتوندی تۆڵەیان لێ بکەمەوە."(٤٦١) هیچ گومانی تێدا نییە وای دەویست چونکە لە ڕێکەوتننامەکەی پاریسدا، هیچ باسی کشاندنەوەی هێزە ئاسمانییەکانی سەر کەشتییە فڕۆکەهەڵگرەکەی ئەمریکا نەکرابوو کە لە ئاوەکانی دەوروبەر یان لە بنکەکانی تایلەند و تایواندا بوون.(٤٦٢)

لە ڕاستیدا فەرمان کرا بە ناوەندی هێزە هاوبەشەکان، کۆمەڵێک گەڵاڵە لە بارەی ئەگەری عەمەلیاتی تۆڵەئەستێنانەوە لە ڕێی هێزە ئاسمانییەکەی تایلەندەوە ئامادە بکا و یەک ملیا رد دۆلار چەکیش بۆ سایگۆن داوا کرا. بە تیۆیشیان گوت :" ئەگەر هەروا لاساری بکا، ویلایەتەیەکگرتووەکان دەکرێ لەگەڵی ڕێک بکەوێ ". بەڵام ئەم قسەیەی بە گوێدا نەچوو. لەو دانوستانە نهێنیانەدا کە دیسان لەگەڵ ڤێتنامی باکوور دەست پێکرانەوە، کیسینجەر فێڵی کرد.(٤٦٣) و داوای کشانەوەی بەشێکی هێزەکانی باکووری لە باشووردا کرد و خوازیاری لەبەرچاوگرتنی پێگەیەکی کەمتر بۆ بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی و کۆمەڵێک گۆڕانی دیکەیش بوو و هاوکات هەڕەشەی دەستپێکردنەوەی زەبروزەنگی سەربازییشی کردەوە.

جارێکی دیکەیش هانۆی، خەیانەت و پەیمانشکێنیی ئەمریکای لێ ڕوون بۆوە و خۆی لە گۆڕانکارییە داواکراوەکان بوارد و ملی بادا. نیکسۆن کە ئیتر لە ناڕەزایەتییە گشتییەکان نەدەترسا، بە زەبرێکی دڕندانە وەڵامی دانەوە و دەستی کرد بەو بۆمبارانانەی کە بە بۆردومانەکانی کریسمەس بەناوبانگن و قورسترین عەمەلیاتی ئەمریکا بوو لە جەنگی ڤێتنامدا. دوازدە ڕۆژی بێبڕانەوە لە ما ڕگی دیسەمبەردا، هێزە ئاسمانییەکەی ئەمریکا، زیاتر لە کۆی بۆمبارانەکانی سێ ساڵی ڕابردوو بۆمبی بەسەر ڤێتنامی باکووردا بەردایەوە . هەندێ ناوچەی هانۆی و هایفۆنگی تەخت تەخت کرد و فڕۆکەخانەی هانۆی و کارخانە و وێستگەکانی کارەبایان کاول کرد. یەکێک لە ئاسەوارەکانی ئەو جەنگە، داوێنی خودی ویلایەتەیەکگرتوەکانیشی گرتەوە. ڤێتنامی باکوور بۆ بەرگری لەخۆی، مووشەکی (Surface to Air missle SAMی ] دابەستبوو و ئاگری ئەوانە زیانی نەوەدوپێنج تا سەد دیلی تازەی جەنگی ئەمریکایی و تێچوویەکی ڕاچڵەکێنەری بەردانەوەی پازدە (یان بە وتەی هانۆی سیوچوار) فڕۆکەی بۆمبهەڵگری خستە سەر ئەمریکا. بۆمبارانەکانی کریسمەس بە دوو مەبەست کران: لاوازکردنی ڤێتنامی باکوو تا جێیەک کە سایگۆن بتوانێ ئەوەندە خۆ بەسەر پێوە ڕاگرێ کە ویلایەتەیەکگرتووەکان لە مەیدانەکە بچێتە دەرێ و ـ بە خستنەڕووی وەها هۆکارێک بۆ مکووڕبوونەکەی ئەمریکا ـ شلکردنی هەنگاوی تی ۆ و خۆڕاگرییەکەی، ئەگینا دۆزینەوەی بیانوویەک بۆ ئەوەی بەبێ ئەویش کارەکە ببڕێننەوە. زۆر دواتر لە بارەی ئەم سیاسەتانەوە گوتیان: "ئێمە دوایین فەرسەقمان لەگەڵ ئەو بڕیبوو و هەر بۆیە دەمانتوانی خۆمان ڕێک بکەوین."(٤٦٤)

ئەم هێرشە دڕندانەیە کە هێندەی نەمابوو بۆ چارەسەری مەسەلەکە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، ڕووی ئەمریکای ڕەش کرد و ناوبانگی دڕندەیی ئەو وڵاتەی ئەوەندەی دیکەش زیاتر کرد. لە ئاکامی یاسا و ڕێسای تازەی هەڵبژاردنی پاڵێوراو لە حزبی دیموکراتدا، کۆمەڵێک ڕوخساری تازە چووبوونە

کۆنگرەوە و چاوەڕوان دەکرا، ئەمجارەیان بەرەنگاربوونەوەیەکی تازەی لێ بکەوێتەوە کە دواجار ڕۆژی دووەم و چوارەمی جانیوەری لە کۆبوونەوەی هاوبەشی نوێنەرانی د ێموکڕات و هەردوو پەڕلەمانەکەدا دەرکەوت.(٤٦٥) لەو کۆبوونەوەیەدا دەنگ درا بە ئاگربەسی "دەمودەست" و هەروەها بڕینی هەموو ئەو گوژمەیەی بۆ هەرکام لە عەمەلیاتەکانی وڵاتانی هیندوچین دانرابوو بەو مەرجەی دیلەکانی شەڕ ئازاد بکرێن و هێزە ئەمریکاییەکان بە بێوەی بچنە دەرەوە. دەوڵەتی نیکسۆن لە لایەکەوە، لەبەردەم هەڵچوونی کۆنگرەدا بوو کە دەمێک بوو تەنانەت بیریشی لێ نەدەکراوە و لە لایەکی دیکەشەوە، ئەو لەقاودران و ئاشکرابوونی فایلانە بەرۆکی گرتبوو کە لە دادگای تاوتوێکردنی فایلەکەی واترگێیتدا بە سەرۆکایەتیی جۆن سیریکا لەگۆڕێ بوو. کەواتە پێشنیاری ڕاگرتنی بۆمبارانەکانی خستەڕوو بەو مەرجەی هانۆی بێتەوە سەر مێزی دانوستانەکان. هانۆی قایل بوو دانوستانەکان بڵێی و نەڵێی دەستیان پێ کردەوە. پەیماننامەیەک ڕێکخرا و ڕاشکاوانە قسەی ئاخریان بە تیۆ گوت کە ئەگەر ملکەچ نەبێ، ویلایەتەیەکگرتووەکان یارمەتییە ئابووری و سەربازییەکانی خۆی دەبڕێتەوە و بەبێ ئەو پەیمانەکە دەبەستێ(٤٦٦)

لە پەیماننامەی کۆتاییدا، ئەو دوو مەرجەی ڤێتنامی باکوور و ئەمریکا، لەسەریان چوار ساڵی دیکەش شەڕەکەیان درێژ کردبۆوە، ـ واتە هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمەکەی تیۆ و پاشەکشەی هێزەکانی ڤێتنامی باکوور لە باشوور ـ بێدەنگەیان لێ کرا . دۆخە سیاسییەکەی ویت کۆنگ کە ئیتر خۆی کردبووە حکوومەتی کاتیی شۆڕشگێڕانە، بەفەرمی ناسرا ئەگەرچی بۆ ئەوەی تیۆ هەستی بریندار نەکرێ، ناسینەکە بەفەرمی نەبوو. ناوچەی بێلایەنی سەربازی یان کەوشەنی نێوان باکوور و باشوور کە هانۆی دەیەویست نەمێنێ، وەک خۆی مایەوە بەڵام ـ هەروەک لە پەیمانەکەی ژنێڤدا گوترابوو ـ وەک "سنووریکی کاتی، نەک سنووری سیاسی یان زەوی". بەپێی یەکێک لە بڕگەکان کە دەیگوت: "یەکگرتنەوەی ڤێتنام" دەبێ لە ڕێی وتووێژی

ئاشتیخوازانەی نێوان هەردولایەنەکەوە بێ، یەکبوونەوەی ڤێتنام ناڕاستەوخۆ پەسند کرا . بەوجۆرە "دەستدرێژیی دەرەکی" لەوبەری "سنووری نێودەوڵەتییەوە" ـ واتە هەر ئەو شتەی کە ئەو هەمووە ساڵە ئەمریکای لە شەڕ وەردابوو ـ خرایە زبڵدانی مێژووەوە.

تێ سەرسەختانە هەتا دوا سەعاتی قسەی کۆتایی نیکسۆن، هەروا ملی بادا بەڵام ئاخری ملکەچ بوو. پەیماننامەکەی ڕۆژی ٢٧ی جانیوەریی ١٩٧٣ لە پاریس واژۆ کرا. دۆخەکە لەسەر کاغەز، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ پەیمانە شلەپەتە و نادڵنیاکەی نۆزدە ساڵ لەمەوبەری ژنێڤ نەبوو. شتێکی دیار کە لەو کاتەوە لە مەسەلەکە زیاد ببوو بریتی بوو لە : " مەرگی زیاتر لە نیوملیۆن بنیادەم لە باکوور و باشوور و سەدان هەزار بریندار و ئاوارە و ژمارەیەکی ئێجگار زۆر منداڵی سووتاو و ئیفلیج و وەرزێری بێ زەویوزارکەوتوو و وڵاتێکی کاول و بێ بەروبوو و پڕ لە چاڵ و قووڵکەی بۆمبا و خەڵکێکی دڵ پڕ لە قین لە هەردوولا. هەمووان دەیانزانی ئەو شتانەی دوولایەنەکە خستوویانەتە نێو ڕێککەوتننامەکەوە، کردەنی نیین و زۆر ناخایەنێ دەست دەبەنەوە بۆ زەبروزەنگ. هیچ کەس بڕوای بەوە نەبوو ڤێتنامێکی باشووری ناکۆمۆنیست کە ئەمریکا لەبەر خاتری وی هیندوچینی تەفروتونا کردبوو و خیانەتیشی لەخۆی کردبوو خۆی ڕاگرێ ـ هیچ کەس جگە لە نیکسۆن و کیسینجەر کە خۆی هێنابووە سەر ئەو باوەڕەی، ویلایەتەیەکگرتووەکان ئەگەر پێویست بێ دەتوانێ ئاوی ڕۆیشتوو بە جۆگەدا بگێڕێتەوە. تاقە بەرهەمی ئەو پەیماننامەیە، پەردەیەکی کاتی بوو کە ئەمریکا بە کوتەکاغەزۆکەی "ئاشتیی شەڕافەتمەندانە" دەیتوانی خۆی لە پشتییەوە بشارێتەوە.

ئاخرییەکە ی هەر وەک هەمووان ئاگادارن، هانۆی لە ماوەی دوو ساڵدا بەسەر سایگۆندا زاڵ بوو پاش ئەوەی واترگێیت نیکسۆنی لێ خست و کۆنگرەش ئاخری ئەوەندەی دەنگ کۆ کردەوە کە توانیی بوودجەی جەنگ ببڕێ و پێش بە دەستێوەردانەوەی ئەمریکا بگرێ . ئیتر ڤێتنامی باکوور دوا

هێرشی خۆی کرد و باشووری بێهیوا و دڵسارد، خۆی لەبەر ئەو هێرشە ڕانەگرت. هەندێ لە یەکەکان خۆڕاگرانە شەڕیان کرد، بەڵام سوپاکەی ڤێتنامی باشوور وەک سوپایەکی نیشتمانی، بە وتەی سەربازێکی ئەمریکایی، "هەروەک خانووەکی بێ هیم و بناغە وابوو و ئیتر هەر دەڕووخا."(٤٦٧) کۆمۆنیستەکان بەسەر هەموو ڤێتنامدا زاڵ بوون و کامبۆجیایش چارەنووسێکی هاوشێوەی هەبوو. سیستەمە سیاسییە تازەکە لە ڤێتنامدا هەر ئەوە بوو ئەگەر ئەمریکاییەکانیش هەرگیز خۆیان تێهەڵنەقورتاندبا، هەر ئەوە دەبوو ـ جگە لەوەی زۆر ڕقئەستوورتر و بێبەزەییتر دەبوو. گەورەترین گەمژەیی دەکرێ بڵێین هانۆی کردی کە سی ساڵ یەکپشوو لە پێناوی ئامانجێکدا شەڕی کرد کە وەختێک دەستەبەر بوو جگە لە سەرەڕۆییەکی دڕندانە هیچ دیارییەکی پێ نەبوو.

خۆبواردنی کۆنگرە و قەبووڵنەکردنی دەستێوەردانەوەی ویلایەتەیەکگرتووەکان، بەپێچەوانەی ئەو شتەی کیسنجەرە خەفەتبارەکە گوتی: "شکستی پرۆسەی سیاسیی دیموکراسیی ئێمە" نەبوو (٤٦٨) بەڵکو درێژەی کارکرد و کاریگەرییەکەی ئەو بوو. هەوڵەکەی کۆنگرە نەک بەواتای لاوازیی ورە و ئیرادەی ئەمریکا بۆ کردنی کارێک، بەڵکو بەواتای ناسینەوەی هەڵپەساردنی پرۆسەیەک بوو کە ڕوون دیار بوو دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایە و زیانبارە و لەگەڵ دانی گفت و بەڵێنێکی سیاسی بۆ کۆتاییهێنانی مەسەلەکە. بەڵام ئەم کارە زۆر بەدرەنگی کرا و وڵاتەکە لە زیانەکانی قوتار نەبوو. زیانە گیانییەکان، خۆ ئەگەر لە پێناوی مەبەستێکدا بێ، بنیادەم خۆیان لەبەر دەگرێ، بەڵام لەوەدا کە ٤٥٠٠٠ کوژارو و ٣٠٠٠٠٠ برینداری ئەمریکایی بوونە قوربانیی هیچ، شتێکی زۆر تاڵ و ناخۆش بوو. تێچووی ساڵانەی نزیک بە ٢٠ ملیارد دۆلار لە ماوەی دە ساڵێکدا، لەسەر یەک ١٥٠ ملیارد دۆلار پتر لە بودجەی ئاسایی سەربازی، وای لە ئابووریی ئەمریکا کرد کە هێشتایش سارێژ نەبووەتەوە و جێی خۆی نەگرتووەتەوە.

گرینگتر له ئاسەوارە ئابوورییەکە، ئەوە بوو ئیتر خەڵک متمانەیەکیان بە حکوومەت نەما. پاش جەنگی ڤێتنام، مەبەستی یاسادانانەکانی کۆنگرە ئەوە بوو دەسەڵاتی جێبەجێکەر(قوەی مجریە) سنووردار بکرێتەوە چونکە پێدەچێ بەبێ ئەو سنووردانانە، حکوومەت دەست بکا بە کاری ناڕەوا و خراپ. خەڵکیش فێری بەدگومانی دڕدۆنگی بوون . نموونەی شێوەی بیرکردنەوەی زۆربەیان ئەو دوو وشەیە بوو کە یەکێک لە کاربەدەستەکانی کۆشکی سپیی گوت  ەنی: "وەختێک لە کۆمسیۆنەکەی ئێرڤین لە گۆردن سترانیان پرسیی، ئەگەر بتەوێ ئامۆژگارییەکی ئەو گەنجانە بکەیت وا حەز دەکەن بێنە نێو دەسەڵاتەوە، چییان پێ دەڵێی؟ گوتی: "نزیک مەبنەوە". متمانەی زۆربەی خەڵک بە          ڕەوایی وڵاتەکەیان؛ بوو بە دڕدۆنگی و بێباوەڕی. ئیتر کێ پاش ڤێتنام دەکرا ساف و سادە بڕوای بەوە بێ کە ئەمریکا "دوایین و باشترین هیوای دنیایە؟" ئەوەی ئەمریکا لە ڤێتنامدا لەکیس خۆی دا لە یەک وشەدا، گەورەیی"فەزیلەت" بوو.

دەسپێکی ئەو گەمژەییانە، زێدەڕۆییکردن بوو لە دەربڕینی دژکردەوەدا کە کۆمەڵێک گزیی وەک هەڕەشەی "ئاسایشی نیشتمانی" و "بەرژەوەندیی حەیاتی" و "ئەرک و پابەندییەکان"ی لێ کەوتەوە و لە خۆوە، خێرا ژیانێکی سەربەخۆیان وەرگرت و کەسی داهێنەریشی جڵەو کرد. هاندەری سەرەکیی گێچەڵەکە داڵس یوو کە یەکەم جار هەوڵی داڕێککەوتنەکەی ژنێڤ پێشێل بکا و ئەمریکای کردە پاسەوانی ناوچەیەک و دوژمنی بەخوێن تینووی ناوچەیەکی دیکە. هەرچی بەدووی ئەوەدا هات ئاکامی کردەوەی ئەو بوو. کەفوکوڵەکەی داڵسیش هەر وەک ساڤۆنارۆلاییە تازەکە لە سیاسەتی دەرەوەدا، وا هاوکار و جێنشینەکانی سڕ کرد کە هەمووان تووتی ئاسا دەستەواژەکانی "ئاسایشی نیشتمانی" و "بەرژەوەندیی حەیاتی"یان دووپاتە کردەوە و نەک بە باوەڕیشەوە، بەڵکو هەر بۆ خۆشخزمەتی بە جەنگی سارد یان بۆ ئەوەی کۆنگرە بترسێ و ئیعتباری پتر وەرگرن. تەنانەت لە کۆتاییەکانی  ١٩٧٥یشدا سەرکۆمار فۆ ڕد بە کۆنگرەی گوت، ئەگەر نەتانەوێ یارمەتی بۆ ڤێتنامی

باشوور پەسند بکەن، ئەو کارەتان پێگە و "ئیعتبار"مان وەک "هاوپەیمانێک"ی ئەو وڵاتە کە "یەکێکە لە واجبەکانی ئاسایشی نیشتمانیمان" دەشکێنێ(٤٦٩) دوو مانگ دواتر کیسنجەریش ئەو قسەیەی دووپاتە کردەوە و لە کۆنف ڕانسە ڕۆژنامەوانییەکەی خۆیدا گوتی، ئەگەر ڕێگە بدەین ڤێتنامی باشوور نقوم بێ، ئەوە "لە درێژەی زەماندا، دەبێتە مەترسییەکی بنەڕەتی بۆ ئاسایشی ویلایەتەیەکگرتووەکان".(٤٧٠)

دژکردەوەی زێدەڕۆییانە لە هەندێ شتی دیکەیشدا بەدی دەکرا: دێوەزمە خەیاڵییەکەی لێکترازانی ئاڵقە و مۆرە زنجیرەییەکان یان دوورەدیمەنی "کاولبوون" و لەکیسچوونی زەریای هێمن و پاشەکشێ بۆ سانفرانسیسکۆ، یان حەزیا بچووکترەکانی وەک ناوەندی سەکردایەتیی ڤێتنامی باکوور لە کامبۆجیا و دواجار سەرشێتییەکەی کۆشکی سپیی سەردەمی واترگێیت، هەر هەموویان لەو قوماشە بوون. لەوانەش خراپتر، زێدەڕۆیی لە دەربڕینی دژکردەوەکاندا، بووبەهۆی بەفیڕۆچوونی هێز و سەرچاوەکانی ئەمریکا لە گەمژەییەکی گەورەدا کە هیچ لەگەڵ بەرژەوەندی نیشتمانیی ئێمەدا یەکی نەدەگرتەوە. نەبوونی هزرێکی ژیرانە و چاوکراوەییەک لەو بوارەوە، هەر وەک ژەنەڕاڵ ڕیجۆی لە ١٩٧١دا نووسیی، شتێکی سەرسووڕهێنەر بوو چونکە "بەرچاوڕوونییەکی لەڕادەبەدەری پێویست نەبوو بۆ ئەوەی کابرا تێ بگات.. کە هیچ چەشنە بەرژەوەندییەکی بنەڕەتیی ویلایەتەیەکگرتووەکان لە گۆڕێ نییە.. و خۆتێوەردان لەو هەوڵە هەراوەدا، هەڵەیەکی مەزنە."(٤٧١)

دووەمین گەمژەیی، ساویر(وەهم)ی دەسەڵاتی بێسنوور و ڕەها بوو وەک ئەو ساویرەی وای لە پاپاکانی ڕێنسانس کردبوو کە پێیان وابوو بەهیچ ناشکێن و لەشکاننەهاتوون. سێیەم گەمژەییش، چەقبەستوویی و کەللەڕەقی و "ناڕێکیی تێگەیشتن" و چوارەمین گەمژەییش "وەگەڕخستنی پاڵهێزەکان" بوو لەبری بیرکردنەوە.

سیاسەتڤانانی ئەمریکا، لە ساویری دەسەڵاتی ڕەهادا، پێیان وابوو ئەمریکا بەتایبەتی لە ئاسیادا، چیی پێخۆش بێ دەتوانێ بیکا. ئەم گومانە، سەرچاوەکەی لە تایبەتمەندیی کردەیی نەتەوەیەکی خۆڕسک و هەروەها لەو هەستی توانایی و بەهێزییەدا بوو کە لە دووەم جەنگی جیهانییەوە سەرچاوەی دەگرت. لەوانەیە بڵێین ئەم مەسەلەیە، وەک سەناتۆر فۆڵبڕایت دەیگوت: "لەخۆباییبوونی هێز" بوو [*]. بەڵام ئەو لەخۆباییبوون یان دەستدرێژییە کوشندەیە نەبوو کە ئەسینا و ناپلیۆن و لە سەدەی بیستەمیشدا ئەڵمان و ژاپۆنی بەچۆکدا هێنا ؛ بەڵکو پتر تێنەگەیشتن بوو لەو مەسەلەیە کە لە نێوان گەلانی دیکەدا کۆمەڵێک ناتەبایی و مەسەلەی دیکە هەن کە بە زۆرەملی و زەبروزەنگ و بە هونەر و تەکنیک و لێوەشاوەیی ئەمریکا و تەنانەت بە نیازپاکیی ئەمریکایش چارەسەر نابن. ساویری "نەتەوەسازی"، چاوقایمانەترین ساویرە. خەڵکی وشکارۆی ئەمریکای باکوور، بەدەستی خۆیان، وڵاتێکی پان و بەرین و هەراویان هەر لە زەرد و ڕەوەزەکەی پلیمێتەوە( ٤٧٢) هەتا وەلی فۆرج و لەوێیشەوە تا سنوورەکانی ئێستایان دروست کردبوو. بەو حاڵەشەوە پەندیان لە سەرکەوتنەکانی خۆیان وەرنەگرت کە لە شوێنانی دیکەیش، جگە لە خەڵکە خۆوڵاتییەکەی خۆیان، کەس ناتوانێ ئەو کارەڕاپەڕێنێ.

چەقبەستوویی و خدەی خۆدزینەوە لە ڕاستییەکان، یەکێکە لەو جۆرە گەمژەییانەی دنیای داگرتووە، بەڵام لە هیچ جێیەک هێندەی واشنتۆن لە نێو بەرپرسە پایەبەرزەکاندا بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ڤێتنام بەرچاو نەبووە. گەورەترین هەڵەی واشنتۆن، بەکەمگرتنی ئیمان و باوەڕی ڤێتنامی باکوور بوو بە ئامانجەکەی خۆیان. بچووکترین نیشانە و ئاسەواری سەرچاوەی بیروباوەڕی دوژمن، لە هەڵسەنگاندنەکانی ئەمریکادا نەبوو.هەر بۆیە هەموو هێما و نیشانەکانی کەفوکوڵی نەتەوەخوازی و ئەو جۆشوخرۆشی

[*] دەکرێ بڵێین، تێڕادیتنی زیادە لە هێز و دەسەڵات

سەربەخۆیی خوازییەی  لە ١٩٤٥ـەوە هانۆی باسی کردبوو کە "هیچ هێزێکی مرۆیی ئیتر ناتوانێ پێشمان بگرێ" پشتگوێ خرا. واشنتۆن گوێی لە پێشگۆییەکەی ژەنەڕاڵ لۆکلەر نەگرت کە گوتبووی داگیرکردنی ڤێتنام پێویستی بە نیوملیۆن سەربازە و "تەنانەت ئاواش هەر مەحاڵ و نەکردەیە". گوێی نەدایێ ئەو هەمووە زیپکوزاکوون و تین و تاقەتەی، لە دین بین فۆ، فەڕەنسای بەو هەمووە چەکە تازەیەوە بەچۆکدا هێنا و گوێی بە هەموو بەڵگە پەیتاپەیتاکانی دواتریش نەبزووت.

ئەوانەی خۆیان بەرپرسی مەسەلەکە بوون، هۆکاری گوێپێنەدانەکەی ئەمریکا بە زیپکوزاکوون و توانای بێ ئامانی دوژمن، دەگەڕێننەوە بۆ بێئاگایی لە مێژوو و نەریتەکانی ڤێتنام و نەناسینی گەوهەری نەتەوەیی خەڵکی ئەو وڵاتە. بە قسەی یەکێک لە بەرپرسە پایەبەرزەکانێ "هیچ پسپۆڕێک لەبەردەست نەبوو." (٤٧٣) بەڵام دەکرا، درێژخایەنبوونی خۆڕاگریی ڤێتنامییەکان(نەبەزینیان) لە بەردەم دەسەڵاتی دەرەکیدا، لە هەر کتێبێکی مێژوویی فێر بن کە لەبارەی هیندوچینەوە نووسرابوون. ناپسپۆڕیی ئەمریکا، دەبوایە بە تەگبیروڕا و ڕاوێژ و بیستنی قسەی ئەو نێردراو و کاربەدەست و مودیرە فەڕەنسییانە قەرەبوو کرابایەوە کە عومرێک لە ڤێتنام ژیابوون. لە ڕاپۆرتەکانی خودی ئەمریکییەکانیشدا کە دەستیان کرد بە ناردنی هەواڵ، سەرەڕای ئەوەی ناوچەکەیان بەباشی نەناسیوە، بەڵام زانیاریی باوەڕپێکراو بەدی دەکرێ. فاکتەری دەستنیشانکەر و چارەنووسگۆڕ نەک نەزانی، بەڵکو خۆبواردن لە قەبووڵکردنی بەڵگە و هۆکارەکان و لەوەیش بنەڕەتیتر، بایەخنەدان بە ئامانجە نەگۆڕەکەی وڵاتێکی "پلەچواری" ئاسیایی بوو کە زۆر هاوشێوەی هەڵسوکەوتی بەریتانییەکان بوو لەگەڵ کۆچەرنشینەکانی ئەمریکادا. تانە و تەشەری مێژوو چەندە بێ ئامانە!

هەر وەک چۆن باکوور بە هەند نەگیرا، لەسەر ڤێتنامی باکووریش زێدەڕۆیی کرا . هەر لەبەر ئەوەش کە یارمەتیی لە ئەمریکا وەردەگرت. ئیتر

هەر گرووپێک کۆمۆنیست نەبوایە، ئەمریکا حیسابی نەتەوە "ئازاد"ەکانی بۆ دەکرد و ئەو ساویرەی خەستتر دەکردەوە کە خەڵکی ڤێتنامی باشوور ئامادەن بەو تین و توانایەوە کە هەوێنەکەی ئازادیخوازییە، بۆ پاراستنی "ئازادیی" خۆیان خەبات بکەن. ئەو تێگەیشتنە، بنەمای سیاسەتە فەرمییەکەی ئێمە بوو هەر هۆکارێکی لەگەڵ ئەم خەیاڵەدا ناتەبا بوایە، ڕەت دەکرایەوە ؛ ئەگینا دەردەکەوت بنەمای ئەم سیاسەتە پووچ و بۆشە. هەر کاتێک ناکۆکی و دژیەکیی تێگەیشتنی ئێمەی لە دوژمن یان حاکمە دانراوەکەمان(گوێلەمستەکەمان) تێک دابا، ئیتر هەڵسوکەوتمان بەپێی یاسای چەقبەستوویی، ڕەق و وشک دەبوو.

دوایین گەمژەیی ئەوە بوو ؛ بەقووڵی بیرمان لە گەوهەری ئەو کارە نەدەکردەوە کە دەمانکرد لە بارەی کاریگەریی هەوڵ و کارەکانمان لەسەر ئەو ئامانجەی هەمانبوو لە بارەی پارسەنگی ئەو سوود و زیان و خەسارەی کە لەوانە بوو بە خۆمان و هاوپەیمانەکەمانی بگەیەنین. نەبوونی تێڕامان و بیرکردنەوەی قووڵ تایبەتمەندیی هەموو فەرمانڕەوایەکە و ئەو پرسیارە دێنێتە پێشەوە کە ئاخۆ ژیانی سیاسی و دیوانسالاری لە دەوڵەتە نوێیەکاندا، بەبێ گرنگیدان بە چاوەڕوانیی لۆژیکی و ژیرانە، ئەقڵ و بیرکردنەوە ناکەنە پاشکۆی "بەکارهێنانی پاڵهێزەکان*"؟ ئەوە بە ڕواڵەت دوورەدیمەنێکە کە لەم سەردەمەیشدا هەر بەدی دەکرێ.

درێژخایەنترین شەڕ کۆتایی هاتبوو. لە دوورەوە، لە مەودایەکی دووسەد ساڵانەوە، دەبوو دەنگی چاتام ببیستین کە خیانەتی مەمالیکی لە خۆی ئاوا بە کورتی باس دەکرد: "بە فێڵ و گزی و کەڵەک، بە خۆشباوەڕی و ساویلکەیی، دڵبەستن بە هیوای پووچ، لووتبەرزیی بێ جێ و بەڵێن و گفتی خەیاڵی و مەحاڵ." لە سەردەمی خۆیشماندا، ڕۆناڵد ڕیگلی نوێنەری کۆنگرە لە

* پاڵهێز: اهرم. هێزی گوشار. هێزی زەبروزەنگ. هێزی زۆرەملی.

میشیگانەوە قسەیەکی دیکەی کرد:" ژن و مێردێک لەو مەڵبەندەی وا ئەو خۆی هەڵبژاردبوو کوڕەکەیان لە ڤێتنام کوژرابوو و رۆناڵد کە قسەی لەگەڵ کردبوون، ئەو حەقیقەتە تاڵەی لێ ڕوون بۆوە کە هیچ قسەیەکم بە مێشکیدا نەدەهات بۆ ئەو خەسارە . " هەر نەمدەزانی و نەمدەتوانی بڵێم، مەرگی کوڕەکەیان بەسوود و لە پێناوی خۆیاندا، یان نەتەوەکەیان یان لە پێناوی تاقە یەک کەسیشدا بووە."(٤٧٤)

"فانۆسی پاشەکشێ"

ئەگەر درێژەدان بە زیان و خەسار پاش دەرکەوتنیشی، نائەقڵانی و گەمژەییە؛ کەواتە دەبێ دژایەتیی ئەقڵ بە خەسڵەتی پێشەنگی گەمژەیی دابنێین. ڕەواقییەکان* ئەقڵیان بە "ئاگری بیرکەرەوە" و ڕێنوێنی کاروباری دنیا دەزانی و ئیمپراتۆر یان فەرمانڕەوای دەوڵەتیان بە "خزمەتکاری ئەقڵی ئیزەدی بۆ پاراستنی نەزم و نیزامی زەوی"( ١) لە قەڵەم دەدا. ئەوە تیۆرییەکی ئۆخژنبەخش بوو بەڵام ئەودەم وەک ئێستا، "ئەقڵی ئیزەدی" جا روبار تووشی لاوازییەکانی ئەقڵدوژمنیی مرۆیی وەک: " بەرزەفڕی و نیگەرانی و پلەوپایەپەرستی و ئابڕووداری و خەیاڵپڵاو و خۆخەڵەتێنی و پێشداوەریی نەگۆڕ و چەقبەستوانە دەبوو ". تێپەڕین لە (صغری)وە بۆ (کوبرا)، شێوەی ژیرانە و لۆژیکیی پێکهاتەی بیری ئادەمیزادە بەڵام ئەوە پێشی لاوازیی و هەوا و هەوەس ناگرێ.

خەڵکی ترۆی کە لە خەو ڕابوون و هیچ ئاسەوارێکی سوپای یۆنانیان نەدی، جگە لە دێوەزمەیەکی سەیروسەمەرە و زەبەلاح لە پشت دیوار و شوورای شارەکەوە، ئیتر ئەقڵی بێخەوش بە ئاشکرا پێی دەگوتن دەبێ لە فێڵ و تەڵەکەیەک دڕدۆنگ و بەگومان بن. کاری ژیرانە و ماقووڵ ئەوە بوو کە هەر نەبێ ئەسپەکە بپشکنن و دڵنیا بن کە دوژمن لەوێدا نییە ـ هەر وەک چۆن کاپوسی مەزن و لایۆکۆیۆن و کاساندرا دەسبەجێ پێشنیاریان کرد. ئەو بژاردەیەی تر هەبوو و دەشکرا؛ بەڵام پشتگوێیان خست و لەناوچوونی خۆیان مسۆگەر کرد.

---

*

خۆ لای پاپاکانیش، پێدەچوو ئەقڵ کەمتر حوکمی کردبێ. ئەوان وا ببوونە کۆیلەی تەماح و چاوبرسێتی و خۆپەرستیی بێترسی سەردەمی خۆیان کە هەر بە زەینیشیاندا نەدەهات، وەڵامێکی ژیرانە بە پێداویستیی بەندەکانی خۆیان بدەنەوە. کولتوورێک بە کۆمەڵێک بەهای دیکەوە پێویست بوو. لێشاوی ڕوولەزیادبوونی نارەزایەتییان پێ و بەلەکی دەلستنەوە و وارسکەی سرووشتیی خۆپاراستن دەبوایە بەخۆیاندا بێنێتەوە . بەڵام پاپاکان بە چاوی دنیایی و مادی سەیری دامودەزگاکەی خۆیانیان دەکرد و وەها سەرقاڵی جەنگی میرایەتی و بەفیڕۆدان و خۆنواندن بوون کە لە نیشانە دەرهەستەکانی نارەزایەتییەکان تێنەدەگەیشتن. گەمژەیی پاپاکان جگە لە بێ ئەقڵی، زیاتر لەوەدا بوو کە هەر نەیاندەزانی چ ئەرکێکیان لەسەر شانە.

هەوڵە یەک لە دوای یەکەکان، چ لە کۆچەرنیشینەکانی ئەمریکا و چ لە ڤێتنامدا، ئەوەندە بە ئاشکرایی سەرچاوەیان لە هەڵسوکەوتە نەگۆڕ و لەپێشدا دیاریکراوەکاندا بوو و ئەوەندەیش لەگەڵ ئەقڵ و تێگەیشتنی ژیرانە و بۆچوونی بەڵگەمەند ، ناتەبا و ناکۆک بوون کە ناکرێ جگە لە گەمژەیی هیچ ناوێکی دیکەی لێ بنێی.

ناکرێ ئەقڵپێنەشکان لە کاروباری حکوومەتیدا بەکەم بگرین . چونکە کاریگەریی لە سەر هەموو شتێک ـ هاووڵاتی و کۆمەڵگە و شارستانیەت ـ دادەنێ. ئەم مەسەلەیە هەر لەسەرەتاوە، مێشکی بنیاتنەرە یۆنانییەکانی هزری ڕۆژئاوای تەواو بەخۆوە خەریک کردووە. ئۆردپیدۆس لە دوایین شانۆییەکانی خۆیدا قەبووڵی کرد کە ئیتر ناکرێ بەپشتبەستن بە هۆکارە دەرەکییەکانی وەک چزووی ئاتێ (وەک بڵێی چزووی مار) یان دەستێوەردانی خواکانی دیکە، نهێنیی بێئەخلاقی و گەمژیی لێک بدەیەوە . پیاو و ژن دەبێ ئەو نهێنییە بە بەشێک لە خۆیان بزانن و بەرەنگاری ببنەوە. مێدێسای ئۆریپیدۆس دەزانێ، کەفوکوڵێکی "بەهێزتر لە مەبەستەکانی" بەسەریدا زاڵە. پەنجا ساڵ دواتر، ئەفلاتوون بێهیوایانە داوای کرد کە مرۆڤ بە هەردوودەست "هەودا زێڕینە پیرۆزەکەی ئەقڵ" بگرێ و ڕایگرێ و قەت بەری نەدا. بەڵام ئەویش دواجار بەناچاری دانی بەوەدا نا کە د ونیای هەستەکان، لەنگەرگەی بنیادەمە و

ئادەمیزاد وەک بووکەڵەی شانۆ، بە هەوداکانی ترس و حەز و ئارەزوو دەکەونە چەقڵە سەما. دەڵێ کە هەوا و هەوەس بەربینگی داوەریی ئەقڵ دەگرێ، ڕۆح نەخۆش دەکەوێ "و هەر کات ڕۆح دژی ناسین یان باوەڕ یان بە ئەقڵ، واتە دژی یاسا سرووشتییەکانی خۆی بوەستێتەوە، من ناوی دەنێم گەمژەیی(بێ ئاوەزی).(۲)

لە بواری حکوومەتەوە، ئەفلاتوون پێی وابوو فەرمانڕەوای ژی، هەرشتێکی پتر خۆش بوێ یانی ئەو شتەی باشتر لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وی تێک بکاتەوە، پتر ئاگای لەو شتە دەبێ و ئەوانەش لە ئاستی بەرزترین بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتیشدان. بەڵام چونکە ئەو دڵنیا نەبوو لەوەی ئەو ڕێسایە بەردەوام بەجوانی بەڕێوە بچێ . هەر بۆ پارێزکردن پێشنیاری کرد، دەبێ لە کاتی گەشە و هەڵداندا چاوت بەسەر پارێزەرانی داهاتووی دەوڵەتەوە بێ و تاقییان بکەیتەوە و دڵنیا بی لەوەی هەڵسوکەوتیان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسادایە.

لەگەڵ هاتنی مەسیحییەتدا، جارێکی دیکەیش بەرپرسیارەتیی کەسەکان، خراەوە ئەستۆی ئەو هۆکارە دەرەکی و بانسرووشتییانەی ملکەچی فەرمانی خوا و ئیبلیسن. لە سەدەی هەژدەیەمدا بۆ ماوەیەکی کورت و پڕشنگدار، فەرمانڕەوایی ئەقڵ و ئاوەز گەڕایەوە . بەڵام لە فرۆید بەم لایەوە دیسان گەڕاوینەتەوە سەر ئۆیپیدۆس و دەسەڵاتی زاڵی هێزە ڕەش و شاراوەکانی دەروون کە ملکەچی ئاوەز نین و نیازی پاک، یان ویستی ژیرانەیش کاریگەرییەکی لەسەریان نییە.

لە لووتکەی ئەو هێزانەدا کە کار دەکەنە سەر گەمژەیی سیاسی، دەبێ باسی شەهوەت و تاسەی دەسەڵاتیش بکەین کە تاکیتۆش ناوی نا "چەپەڵترین شەهوەتەکان".( ۳) جا چونکە ئەو شەهوەتە تەنیا بە فەرمانڕەوایی بەسەر خەڵکدا دادەمرکێتەوە، باشترین مەیدانی کردەوەکەی حکوومەتە. کەسب و کار و بازرگانیش جۆرە دەسەڵاتێک بە مرۆڤ دەدا . بەڵام تەنیا بەو کەسانەی کە زۆر سەرکەوتوون و لە لووتکەدان؛ بەو جیاوازییەوە لەوەیاندا فەرمانڕەوایی و نازناو و فەڕشی سوور و ماتۆڕسواری پارێزەری بەرپرسانی حکوومی

لەئارادا نییە. باقی پیشە و کارەکانی دیکەی وەک وەرزش و زانست و کارە تەکنیکییەکان و هونەرە درامیەکان ـ بە شێوازی جۆراوجۆر خۆشی و شادی بەدیاری دێنن ؛ بەڵام دەرفەتی دەسەڵاتداریێتیت بۆ ناڕەخسێنن. زۆر جار لەوانەشە بەرزەفڕ و پێگەپەرستەکانیش حەزیان لەم شتانە بێ . چونکە ناونیشان و ترۆمبێل و شۆفێر و خەڵاتیان لەگەڵە و کابرا دەکەنە خودانی خەڵک. بەڵام ئەوانە باق و بریقن و ئەسڵی دەسەڵاتەکە نین. بەرزترین گۆڕەپانی گەمژەیی هێشتایش هەر چوارچێوەی حکوومەتە چونکە لەوێدایە کە بنیادەم بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ دەبێ و فەرمان دەدا و دواجار دەسەڵاتەکەی خۆی لەدەست دەدا.

تۆماس جفرسۆن کە لە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک پتر پۆست و پلەی بەرزی وەرگرت، هیچ کەیفی بە پلەوپایە نەدەهات. بە برادەرێکی خۆی نووسیی: "بنیادەم هەر دەمێک بە حەژمەت و تاسەوە سەیری پلەوپۆستی کردووە، ئیتر گەندەڵی و چەپەڵی لە ڕەفتاریدا دەرکەوتووە."( ٤) ئادام سمیت، هاوچەرخی وی لەوبەری دیکەی زەریاوە، لەوەیش ڕەخنەگرتر بوو و نووسیی: "کەواتە پۆست و پلە.. ئامانجی نیوەی زەحمەتەکانی ژیانی مرۆڤ و سەرچاوە و هۆکاری هەموو ئەو تاسە و کەفوکوڵ و ئارەزوو و تاڵان و زوڵمانەیە کە تەماح و چاوبرسێتی و دەسەڵاتپەرستی هێناونیەتە ئەم جیهانەوە."(٥) جفرسۆن و سمیت، هەردووکیان باسی کەمایەسییە ئەخلاقییەکان دەکەن، نەک لێهاتوویی و کارامەیی. سیاسەتڤانەکانیش کە هاوشانەکانی خۆیان هەڵدەسەنگێنن ؛ کەمایەسییە ئەخلاقییەکانیان بەکەم نەگرتووە. لە دەیەی ١٩٣٠دا ئەو دەمەی لە سەنای ئەمریکادا بە شوێن یەکێکدا دەگەڕان کە سەرۆکایەتیی دەستەیەکی لێکۆڵینەوە لەبارەی پیشەی دروستکردنی تەقەمەنی بەئەستۆوە بگرێ، یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی ئاشتی،ڕا و بۆچوونی سەناتۆر جۆرج ناریسی ویست. ناریس لە پێشدا داوای لێبوردنی کرد کە خۆی پیر و زورهان بووە. دوای ئەوە چاوێکی بە لیستەی ناوی هاوکارەکانیدا خشاند و یەک لە دوای یەک خەتێکی بەسەر ناوەکانیاندا هێنا . یەکەمیان زۆر تەمبەڵ: دووەمیان لە ڕادەبەدەر گەمژە و سێهەمیان زۆر نزیک لە سوپا و

چوارەمیان ترسنۆک و پێنجەمیان لە کار بێزار و شەشەمیان نقوستان و حەفتەمیان بەرژەوەندخواز و هەشتەمیان لەبەردەم هەڵبژاردندا و ئاوا تا گەیشتە کۆتایی. کە گەیشتیشە کۆتایی لیستەکە، سەیری کرد هەمووی لاداون، جگە لە سەناتۆر جڕالد نای. یانی لە نێو نەوەدوشەش کەسدا، پێی وابوو تەنیا یەکیان توانایی و لێهاتوویی و سەربەخۆیی هەیە بۆ ئەو کارە.( ٦) ژەنەڕاڵ ئایزەنهاوەریش لە جێیەکی دیکە کە باس لەوە کرا، کۆمەڵێک سەرکردە بیرتیژ پێویستن بۆ پێکهێنانی وڵاتەویککگرتووەکانی ئەورووپا(یەکیەتیی ئەورووپا) کە بە ڕای ئەو تاقە ڕێگەی پاراستنی ئاسایشی وشکارۆ(کیشوەر)ەکە هەر ئەوە بوو ئەویش ڕێک بۆچوونێکی لەوجۆرەی هەبوو و گوتی :" ئەو یەکیەتییە سەرناگرێ؛ چونکە سەیری هەر کەس دەکەی "یان لە ڕادەبەدەر بەپارێزە یان زۆر زۆر ترسنۆک یان زۆر تەمبەڵە یان لە ڕادەبەدەر هەلپەرست و پۆست پەرستە."( ٧) سەیر و سەرنجڕاکێش ئەوەیە، تەمبەڵی لە هەردوو لیستەکەدا هەبوو.

یەکێک لە گەورەترین سەرچاوەکانی گەمژەیی، دەسەڵاتی لە ڕادەبەدەرە. ئەفلاتو ون پاش ئەوەی لە کۆمارەکەیدا بیرۆکە سەیروسەمەرەکەی خۆی لە بارەی میر ـ فەیلەسووف دەوڵەمەنتر کرد، کەوتە گومان و دڕدۆنگی و هاتە سەر ئەوەی کە قانوون تاقە زامن و جڵەوە و دەسەڵاتی بێسنووریش وەک چارۆکەی پاپۆڕ ئەگەر زۆر زۆر گەورە بێ مەترسیدارە و هاوسەنگی و پارسەنگەکە تێک دەدات. سنووربەزاندن لە لایەکەوە پشێوی و لە لایەکی دیکەیشەوە نادادپەروەریی بەرهەم دێنێ. ڕۆحی هیچ بنیادەمێک لە هەمبەر کەڵکەڵە و وەسوەسەی دەسەڵاتی بێجڵەو و بێهەوساردا خۆی پێ ناگیرێ و "کەس نیە لەو بوارانەدا تووشی گەمژەیی نەبێ کە خراپترین جۆری نەخۆشییە." کۆڵەکەکانی دەسەڵات لەرزۆک دەبن و "هەموو دەسەڵاتەکەی ئەو(پادشا) تێدا دەچێ."( ٨) ئەوە لە ڕاستیدا چارەنووسێک بوو کە ئەگەر نەشڵێن هەموو ڕاشکاوانە دەتوانین بڵێین نیوەی داموەدە زگای پاپایەتیی ڕێنسانس و لۆییسی چواردەیەمیشی (تەنانەت پاش مردنەکەیشی) گرتەوە. ئاواش ـ ئەگەر دەسەڵاتی سەرکۆماری لە ئەمریکادا بە زێدەڕۆ دابنێین ـ

داوێنی لیندن جانسۆنیشی گرتەوە کە بەردەوام دەیگوت "هێزی ئاسمانیەکەی من" و پێی وابوو بەو پێگە و پۆستەوە مافی ئەوەی هەیە درۆ بکا و دیارە پاش ئەو ڕیچارد نیکسۆنیش (تووشی ئەم پەتای گەمژەییە) بوو.

داکشان یان چەقبەستنی هزر ـ واتە ئەوەی کە فەرمانڕەواکان و سیاسەتڤانان هەتا دەکەون، هەر لەسەر ئەو فکر و بیرکردنەوە و هزرە بن کە لەسەر هتاوە هەیانبووە و هەر نەیگۆڕن و شەقڵی نەشکێنن ــ ئەوەش کێڵگەیەکی بەپیت و بەرێژەوە بۆ گەمژەیی. مۆنتزۆما، نموونەی کوشندە و جێ بەزەیی ئەم کەمایەسییە بوو. بە دەردی هێنری کیسنجەر گۆتەنی ": سەرکردەکانی حکوومەت، لەو بیروباوەڕ و بۆچوونەی لەگەڵ خۆیاندا دەیهێنن، هیچ شتێکی دی فێر نابن و "هەتا لە دەسەڵاتیشدان هەر لەوسەرمایە فکری و لەو بۆچوونانە سوود وەردەگرن."(٩)

دەرسوە رگرتن لە ئەزموون شتێکە، قەت قەت کاری پێ ناکرێ.(مرۆڤ هەرگیز دەرس لە ئەزموونەکانی وەرناگرێ). باشە بۆچی ئەزموونی ئەمریکا لە چین، واتە ئاکامی پشتیوانی لە گرووپێکی بێزراو و ناخۆشەویست، نەبوو بە دەرسێک بۆ ڤێتنام و ئەزموونەکەی ڤێتنامیش نەبوو بە دەرسێک بۆ ئێران؟ ئەی بۆچی هیچ کام لەو پەند و دەرسانەی سەرەوە، نەبوونەتە هۆی ئەوەی دەوڵەتەکەی ئێستای ویلایەتەیەککگرتووەکان (باسی ١٩٨٤ دەکا) لە سالڤادۆر ئەوەندە گەمژەیی و کەرێتی نەکا؟ سمیۆیل کۆلریچ( ١٠) بە خەفەتەوە گوتی: "ئەگەر مرۆڤ توانیبای پەند بە مێژوو وەربگرێ، مێژوو دنیایەک دەرسی دەداینێ! بەڵام شەهوەت و ح ىزب حىزبێنە بەرچاومان دەگرێ و ڕووناکایی ئەزموون، فانۆسێکە بە دواوەی کەشتییەکەوە هەڵواسراوە کە تەنیا شەپۆلەکانی پشتەوەمان ڕووناک دەکاتەوە."( ١١)وێکچواندنێکی جوانە بەڵام پەیامێکی چەواشەکرانەیە، چونکە لە ژێر تیشکی شەپۆلەکانی پشتەوەدایە کە دەکرێ بزانین شەپۆلەکانی بەردەممان چۆنن.

چەقبەستوویی هزری(بێمێشکی) لە یەکەم قۆناغدا، بنەما و سنووری هەموو مەسەلەیەکی سیاسی دەسنیشان دەکا. لە قۆناغی دووەمدا، کاتێ ئاڵۆزی و بێهیوایی سەرهەڵدەدات، یەکەم بنەماکان توندتر دەبن. ئەوە قۆناغێکە کە ئەگەر

ژیری و زانایی لەئارادا بێ، هێشتایش پێداچوونەوە و تێرامان و گۆڕینیڕەوگە و ئاقار کردەنیە. بەڵام کێ لە کاولاشەدا گەوهەر دەدۆزێتەوە؟ چەقبەستوویی و توندبوون، مایەدانانی زیاتر و پاراستنی لەخۆباییبوونی لێ دەکەوێتەوە و ئیتر سیاسەتەکە لە سەر بنەمای هەڵە و تێکدەری گەشە دەکا و پاشەکشێ مەحاڵ دەبێ. هەرچی زیاتر مایەی بۆ دابنێی و غروورت زیاتر بێ، دەستهەڵگرتن ئەستەمتر دەبێ. لە قۆناغی سێیەمدا، بەردەوامبوون لەسەر هەوڵی بێهوودە زیانەکان پتر دەکا و تا ئەوەی دواجار شکانی ترۆی و هەڵگەڕانەوەی خەڵک لە دامودەگاکەی پاپا و لەکیسچوونی ئیمپراتۆرییەک لەوبەری زەریای ئەتڵەس و سەرشۆڕی و ڕیسوایی ڤێتنامی لێ دەکەوێتەوە.

گرفتەکە لە شێلگیری و مکووڕبوونە لەسەر هەڵە و لاڕێیی. دەسەڵاتداران، لە نشێوی لاڕێبووندا هەر دەڕۆن و ناگەڕێنەوە . هەر دەڵێی س ێحربازێک س ێحری لێ کردوون و هەنگا وەکانیان پەلکێش دەکا. لە ئەدەبی کەونارادا، س ێحربازەکان هۆکاری خلیسکانی بنیادەمن(هۆکاری بەلاڕێدا بردنی مرۆڤن). بەڵام ئەی کوا ئازادی و دەستئاوەڵاییەکەی ئێمە؟ـ مەگەر ئەوەی لە دەروونشیەکاریەکەی فڕۆیددا، بە نائاگا یی و نەستی خۆمان بڵێین س ێحربازی نوێ. یەکێک لە مێژوونووسانی لایەنگری جۆن ئێف کێنێدی نووسیی، ئەو "چارەیەکی دیکەی نەبوو."(١٢)

فەرمانڕەواکانیش هەموو سیاسەتێکی خراپ یان هەڵەی خۆیان، بەو بیانووە پاساو دەدەن. بەڵام دوو ڕێگە چەندی یەکسانیش بن، هەڵبژاردن بۆ گۆڕین یان کۆتاییهێنانی سیاسەتی پڕلەزیان بەردەوام لەبەردەستە و هەیە . بەو مەرجەی سیاسەتڤان ئەوەندەی ئازایەتی و بوێریی ئەخلاقی هەبێ دەستی بۆ بەرێ و سوودی لێ وەرگرێ. سیاسەتمەدار، دیل و کۆیلەی چارەنووس یان ملکەچی ئارەزووی خواکانی هۆمێرووس نییە بەو حاڵەشەوە ناسینی هەڵە و پێشگرتن لە زیانی زیاتر و گۆڕینی ڕێباز، ئەستەمترین و دژوارترین کاری هەموو حکوومەتێکە.

داننان بە هەڵەدا، بۆ سەرکردەی دەوڵەتەکان، شتێکی مەحاڵە. چارەڕەشی و نەگبەتیی ئەمری ک ا لە سەردەمی جەنگەکەی ڤێتنامدا ئەوە بوو کە

سەرکۆمارگەلێکی هەبوو بەگوێرەی پێویست بۆ چوونە دەرەوە(پاشەکشێیەکی گەورە) متمانەیان بەخۆیان نەبوو. دیسان دەێینەوە سەر قسەکەی بێ ڕک کە گوتی: "گەورەیی لە سیاسەتدا زۆربەی جاران، فرەزانایی ڕاستەقینەیە، ئیمپراتۆری مەزن، بە مێشکی بچووک بەڕێوە ناچێ(ئیمپراتۆری گەورە و مێشکی بچووک ئاویان بە جۆگەیەکدا ناڕوا)". (١٣)

پێوەری جیاکردنەوە، ئەو ساتەیە کە مکووڕبوون لەسەر هەڵە، دەبێتە خۆئازاردان. ماکیاڤێللی دەڵێ :" میر دەبێ بەردەوام گەورەترین پرسیارکەر و دانبەخۆداگرترین بیسەری ڕاستەقینەکان بێ . لە بارەی ئەوشتانەوە کە پرسیاری لێ کردوون و ئەگەر دیتی، یەکێک خەریکە خۆی دەگنخێنێ و حەقیقەتی پێ ناڵێ، دەبێ تووڕە بێ. حکوومەت پێویستی بە پرسیارکەرە مەزنەکانە."

ملبادان و خۆبواردن لە وەرگرتنی ئەنجامی بەڵگە نەرێنییەکان ـ (کە لەم لاپەڕانەدا بەناوی "چەقبەستوویی هزری" و "کەللەڕەقی"، دەورێکی ئاوا بەرچاوی هەبوو و لە کتێبی ١٩٨٤ـەکەی جۆرج ئۆرویلدا کە ڕەشبینترین بەرهەمی ئەم سەردەمەیە )ـ پێی دەگوترێ "وەستاندنی تاوان". بە وتەی ئۆرویل "وەستاندنی تاوان، واتە هەر بە پێی وارسکە(غەریزە) بتوانی لە بەردەم هەر بیرۆکەیەکی مەترسیداردا ڕاوەستیت و نەچیتە پێش. جا هێزی تێنەگەیشتنی ئەندازە و بەراوردەکان شتێکی ئاوایە . تێنەگەیشتن لە خلیسکانە لۆژیکییەکان، خراپتێگەیشتنی سادەترین باسەکان.. و تۆران و زویربوون لە هەر بیرۆکەیەکی بتوانێ بەلای تێگەیشتنی بیدعەدا بڕوات. وەستاندنی تاوان، بەکورتی، واتە گەمژەیی پشتیوانیکراو."(١٤)

مەسەلە ئەوەیە، کە باشە چۆن وڵاتێک دەتوانێ لە داڕشتنی سیاسەتەکانیدا، پارێزراو بێت لە "گەمژەیی پشتیوانیکراو؟ ئەوەش پرسیارێکی دیکە ڕادەکێشێ: ئاخۆ پەروەردەی حوکمڕانی کردەنییە؟ گەلاڵەکەی ئەفلاتوون کە هەم پەروەردەی نەوە و هەمیش پەروەردە و ڕاهێنانی لەخۆ دەگرت، هەرگیز تاقی نەکرایەوە. هەوڵی بەرچاوی کولتوورێکی دیکە، واتە پەروەردەی دیوانسالارەکان یان "ماندارن"ـەکان بۆ کاروباری دیوانی، ئاکامێکی زۆر

پرشنگداری نەبوو. ماندارنەکان دەبوایە گەلێ ساڵان دەرزیان بخوێندایە و فێری کار بوونایە و دواتریش لە گەلێک پاڵوێنە و ئەزموونی دژوار تێپەڕیبایەن و لە کەو و بێژینگ درابان . بەو حاڵەشەوە دیسان ئەوانەی دەردەچوون، لە گەندەڵی و ناکارامەیی پارێزراو نەبوون و دواجار لە بێتوانایی و هەرەسدا لەپێ کەوتن.

بەرنامەیەکی دیکەی لەگوێن ئەمە، دەهاتن خەڵکی بیانییان دێنایە سەر کار. یەنی چرییەکانی عوسمانی، شانوباهۆی سەربازیی بەناوبانگی ڕێکخراوێکی گەورەتر بوون بەناوی قاپی قوللەری، یان بەندەی بەر دەرگا(١٥) کە کاروباری جۆراوجۆری حکوومی هەر لە چێشتلێنەریی کۆشکەوە بگرە تا ڕاوێژکارییان پێ دەدرا. ئەوانە لە ڕاستیدا ئەو منداڵە مەسیحییانە بوون کە تورکانی
عوسمانی لە دایک و باوکیانیان دەستاندن و گەورەیان دەکردن و لە باشترین سیستەمی پەروەردەییدا کە تا ئەمڕۆ دانراوە بۆ کاروباری دەوڵەتی پەروەردە دەکران. یەنی چرییەکان، بەپێی قانوون کۆیلە ی سوڵتان بوون . دەهاتنە سەر دینی ئیسلام بەڵام مافی خێزانداری و وەسەریەکنانی سەروەت و سامانیان نەبوو. وایان دانابوو کە ئەو کەسانە، ئەگەر دڵیان بەلای ئەو شتانەوە نەبێ، یەکسەرە خۆیان بۆ دەوڵەت و فەرمانڕەوا تەرخان دەکەن؛ چونکە هەرچی ماف و پێداویستیی ژیانی ئەوان بوو بە دەستی ئەو بوون. سوڵتان بەو جۆرە، تاقمێک بەڕێوەبەری یەکە یەکە و پشتیوانی بەهێزی بۆ حکوومەتە ڕەهاکەی خۆی پەروەردە دەکرد. ئەو سیستەمە زۆر باش کاری کرد، بەڵام ئیمپراتۆری عوسمانیی لەو گەندەڵییە ڕزگار نەکرد کە وردە وردە تێوەی دەگلا و دواجار تەنانەت خۆیشی ڕزگار نەبوو. باڵە سەربازییەکەی ڕێکخراوی گۆرین، وردە وردە، دەسەڵاتی هەراوتر بوو و پاوانی زەماوەندی لەسەر خۆی هەڵگرت و ئاخرییەکەی لە سوڵتان قوت بۆوە و ویستی بە سەربزێوییەکی ڕاشکاوانە، دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ. تورکەکان قەڵتوبڕیان تێخستن و جووقەواریان لێ بڕین. لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەوان، بەندایەتیی دەرگای سوڵتانیش هەڵگیرا ـ دیارە تورکە مەزنەکەیش(سوڵتان) پێی لەسەر لێوی گۆڕ بوو.

له ئەورووپای سەدەی حەڤدەیەمدا، پاش کاولکارییەکانی جەنگی سی ساڵە، پرۆس ـ کە ئەودەم هێشتایش براندنبۆرگ بوو ـ بڕیاری دا بە یارمەتیی سوپایەکی ڕێکخراو و کاربەدەستی پەروەردەکراو دەوڵەتێکی بەهێز و بەدەسەڵات دامەزرێنێ. خۆبەخشانی پۆست و پلەکانی سەرەوە، لە نێوان چینەکانی خوارەوە هەڵبژێران . بۆ ئەوەی پارسەنگێک بن لە هەمبەر دەرەبەگەکاندا کە سوپایان لەبندەستدا بوو. دەرسەکانیان بریتی بوو لە تیۆرییە سیاسییەکان، ماف و فەلسەفەی مافەکان و تاقیکردنەوە و ئابووری و مێژوو و سزاناسین و یاسا نووسراوەکان. خۆبەخش چونکە قۆناغەجۆراوجۆرەکانی تاقیکردنەوە و خولەکانی ڕاهێنانی نەدەبڕی، بۆیە دامەزراندنی یەکجارەکیی نەبوو و پلەوپایەی دیار و دەرفەتی پێشکەوتنی بۆ نەدەڕەخسا. پۆست و پلە بەرزە حکوومییەکان، لقێکی جیا بوون و خەڵکی خوارەوە و ناوەند بۆیان نەبوو تا ئەویَ هەڵکشێن.

سیستەمە پرۆسییەکە ئەوەندە کارساز و کاریگەر بوو کە تەنانەت پاش شکستە سەربازییەکەی ساڵی ١٨٠٧یش بە دەستی ناپلیۆن و هەرای شۆڕشەکەی ١٨٤٨ی دەوڵەتی پرۆسیش هەر مایەوە. بەڵام وەک ماندرانەکان لە چین، وردە وردە چەقی بەست و زۆربەی هاووڵاتییە هەرەپێشکەوتووەکانی خۆی لە کۆچکردن بەرەو ئەمریکادا لەدەست دا. بەو حاڵەوە، هێز و شێلگیریی پرۆسییەکان توانیی ئەمیرنشینە ئاڵمانییەکان لە ١٨٧١ و لە ئیمپراتۆرییەکی یەکپارچەدا بە پێشەوایەتیی پرۆس، بکاتە یەک. بەڵام تۆوی کاولبوون لە ناخی کامەرانیی ئەم ئیمپراتۆرییەدا شاردرابۆوە و لووتبەرزی و تینوویەتیی دەسەڵاتێکی لە خۆیدا پەروەردە کرد کە لە مەودای١٩١٤ تا ١٩١٨دا هەرەسی پیَ هێنا.

زەبرە سیاسییەکان، ئینگلیزەکانیشی ڕانەچڵەکاند و وای لیَ نەکردن بیر لە چارەسەری کێشەکە بکەنەوە. لەکیسچوونی ئەمریکا و تۆفانی شۆڕشەمەزنەکەی فەرەنسا، هیچ کام سیستەمە حکوومەتییەکەی بەریتانیایان نەلەرزاند، بەڵام لە نێوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ؛ لە خوارەوەی کۆمەڵگەوە هەرا هەستا و شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ی ئەورووپایش کاری خۆی

کرد. دەسەڵاتدارانی بەریتانیا، بەپێچەوانەی چاوەڕوانیەکان، سەرلێشێواوانە پەنایان نەبردە بەر کۆنەپەرستی . بەڵکو و بە هەوڵ و هیممەتێکی ئازای‌انەوە، فەرمانیان دا بە قووڵی بە شێوازەکانی کارو کردەوەی حکوومەتدا بچنەوە کە لە پاوانی تایبەتی چینی ملکداردا بوو. ئاکامی کارەکەیش، ڕاپۆرتێک بوو سەبارەت بە پێویستبوونی جۆرە دامودەزگایەکی ئیداریی هەمیشەیی و بەردەوام لەسەر بنەمای پەروەردە و پسپۆڕی و گەلاڵە ی داڕێژراو بۆ ئەو مەبەستە؛ بۆ ئەوەی لە بری کەفوکوڵی سیاسی و خۆخەریککردن بە کاروباری کورت مەوداوە، ستراتیژی درێژخایەن و بەردەوامیان هەبێ. ئەو سیستەمە، سەرەڕای ملبادانی زۆر توند لە ١٩٧٠دا ڕەچاو کرا و کۆمەڵێک کاربەدەستی بەناوبانگی پەروەردە کردووە . بەڵام پێرجێس و مەکلین و فیلبی و بلانێت(١٦)یشی هەبووە. مێژووی دەسەڵاتداری لە بەریتانیا لەو سەدساڵەی ڕابردوودا دەریخستووە کە کۆمەڵە هۆکارێکی جیا لە گەوهەر و چۆنێتیی دیوانسالاری، چارەنووسی وڵاتێک دیاری دەکەن.

لە ویلایەتەیەکگرتووەکاندا، ڕێکخراوی ئیداری زیاتر بۆ پێشگرتن لە ڕاسپاردە و خەرجی تایبەت و تەخشان و پەخشانی ناوچەیی دروست کرا نەک گەڕان بەدوای لێوەشاوەییدا. کۆمسیۆنێک لە لایەن سەرکۆمارەوە لە ١٩٧٣دا سیستەمی ئیداریی بە کرچوکاڵ و بێتوانا زانی و کۆمەڵێک پێشنیاری خستە ڕوو بۆ پێکهێنانی "خزمەتێکی پسپۆڕانەی ڕاستەقینە.. بە کاربەدەستی ئاستەبەرز و لێوەشاوە و پەروەردەکراو و وەفادار و لێهاتوو لە ئەرکەکەی خۆیدا، لە سایەی ئەزموونی زۆر و متمانە بەهۆی بەردەوامییەوە." سەرەڕای گەلێک هەوڵ و تێکۆشان و کۆمەڵێک پێشکەوتن لەو بوارەوە، ئامانجی گۆرین هێشتا دەستەبەر نەبووە . بەڵام ئەگەر دەستەبەریش بوایە، هیچ کارێکی نەدەکردە سەر کاربەدەستە هەڵبژێردراوەکان و ئەوانە بۆ پۆستە باڵاکان دەسنیشان کراون، واتە لەسەر حکوومەت لە ئاستی سەرەوەدا.

هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، بە شێوەیەک بە تەکنیکی بازرگانیی کۆکردنەوەی یارمەتی و دورستکردنی کەسایەتی تەنراونەتەوە کە لەوانەیە بکرێ بڵێین گەڕاوینەتەوە سەردەمی داریوش کە هەڵبژێرانی بۆ پادشایەتیی ئێران،

پێوەندییەکی ئەوتۆی بە سەلاحیەتەوە نەبوو. بە وتەی هێرۆدۆت ؛ داریوش و شەش هاوکارەکەی پیلانێکیان دارشت و فەرمانڕەوا سەرەڕۆکەی ئەودەمیان لێ خست و ئەمجارە تەگبیر و ڕایان کرد کە چۆن حکوومەتێک دامەزرێنن ـ پادشایەتیی تاکەکەس یان چەند کەسێک لە فرەزاناکان؟ داریۆش بەڵگەی هێناوە کە بەڵێ وا باشترە نەریتی فەرمانڕەوایی تاکەکەس بپارێزن و بە هەڵبژاردنی "گەورەپیاوێک لە هەموو وڵاتەکەدا" باشترین حکوومەت دامەزرێنن. باقی تاقمەکە قایل بوون و وایان دانا بۆ سبەی بەیانی هەمووان لێی سوار بن و ئەسپەکەی هەرکامیان لەگەڵ تاوهەڵاتدا پێش ئەسپی ئەوانی دیکە حیلاندی، ئەو بکرێتە پادشا. مەیتەرە زیرەکەکەی داریۆش فێڵێکی کرد و ماینێکی لە شوێنی دیاریکراو و لە دوا چرکەدا پێشانی ئەسپەکەی داریۆش دا ئەسپەکە دەسبەجێ حیلاندی و خاوەنە بەشانس و بەختەکەی کە بەو جۆرە ببووە پێشەنگ و مەزنی ئەوانی دی، لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشت.(١٧)

ئەگەر هەڵبژاردنی بە ڕێکەوت لەبەرچاو نەگرین، لە کاروباری دەوڵەتیدا کۆمەڵێک هۆکاری دیکەیش، دەسەڵاتی ئەقڵ و ئاوەز (ئاگرە بیرکەرەوەکە) کەم دەکەنەوە. لە هەلومەرجی ئەمڕۆییدا، یەکێک لە هۆکارەکان کە زۆربەی جاران دەستوپێی سەرکۆمار دەبەستێ، ئەوهەمووە بابەت و گیروگرفتەیە کە لەبەشە زۆروزەوەندەکانی حکوومەتدا هەن و ناهێڵن هیچ شتێک بەباشی ڕوون بێتەوە و تێیان بگا و لە جەنگەی دیدار و چاوپێکەوتنە پانزە خولەکییەکان و ڕاپۆرتە ٣٠ لاپەڕەییەکاندا، ئیتر دەرفەتێک نامێنێ بۆ بیرکردنەوە و دەراو بۆ "گەمژەیی پشتیوانیکراو" خۆش دەکا. لەو نێوەدا، دامودەزگای دیوانسالاری بۆ خۆپاراستن لە مەترسی، بێ خەم و خەیاڵ ئەوەی دوێنێ کردبووی، ئەمڕۆیش دەیکاتەوە و وەک کۆمپیوتەرێکی گەورە کە ئەگەر داتای هەڵەی پێ بدەی، تا ئاخرییەکەی هەر بە هەڵە دەڕوا، ئەویش ئاوا درێژە بەڕێیەکەی خۆی دەدا.

جا لەهەموو ئەوانەیش گرینگتر، دڵڕفێنیی پۆست و پایە، کە لە وڵاتەکەی ئێمە (ئەمریکا) ناویان ناوە "تای Potomac"(١٨)، بە باشترین شێوە ئیدارەی وڵاتەکە نەزۆک دەکا. دیوانسالار بەردەوام خەون بە بەرزبوونەوەی پلەوپایەی خۆیەوە دەبینێ . کاربەدەستی پایەبەرز دەیەوێ کەوشەنی دەسەڵاتەکەی

هەراوتر بکاتەوە. یاسادانەران و سەرۆکی دەوڵەت خوازیاری هەڵبژاردنەوەی دووبارەن و ئەو بنەمایەیش کە هەمووان بەڕێنوێنی ئەو بەرەوپێشەوە دەڕۆن، ئەوەیە کە تا دەتوانن خۆشەویستتر و کەمتر بێزراو بن. کەچی لە حکوومەتێکی ئاوەزمەندانە و ژیرانەدا، خەڵکی پایەبەرز دەبێ لەسەر بنەمای پتەوترین داوەری و گەورەترین زانیاری و لێکدانەوەی ماقووڵ و لە کەم زیانترین ڕێگەوە سیاسەتەکانیان دابڕێژن و جێبەجێی بکەن. بەڵام لێرە فکر و زکریان هەر هەڵبژاردنەکەی داهاتوویە و ئەوەیش دەکرێتە تاقە پێوەری کارەکان.

جا ئێستا کە دەسەڵاتی زاڵی پۆست پەرستی و گەندەڵی و کەفوکوڵمان لێ ڕوون بۆوە، لە گەڕانماندا بە شوێن حکوومەتێکی چاوکراوەتر ؛ باشتر وایە لە پێشدا هەوڵ بدەین بۆ تاقیکردنەوەی ڕێوشوێن(هەڵسوکەوت و ڕەوشت) و کەسایەتی و بوێریی ئەخلاقی بکەینە سەنگی محەک. مۆنتاین دەڵێ: "شێلگیری و ئازایەتی پێویستە، بەڵام نەک شێلگیری و ئازایەتییەک کە سەرچاوەکەی لە پۆست پەرستیدا بێ، بەڵکو لەو جۆرەی فرەزانایی و ئەقڵ لە ڕۆحێکی بێخەوشدا دەیچێنێ"( ١٩). لی لی پۆتییەکان( ٢٠) بۆ هەڵبژاردنی کەسەکان بۆ کاروباری دەوڵەت وەها پێودانێکیان هەبوو. بەپێی ڕاپۆرتەکەی گالیڤێر: "زیاتر بایەخ بە ئەخلاقی باش دەدەن، نەک توانای زۆر . چونکە پێیان وایە مرۆڤ حکوومەتی پێویستە... و پەروەردگاریش قەت نەیویستووە، بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی وەک نهێنییەک لێ بکا کە تەنیا چەند بلیمەتێک لێی تێ بگەن و ئەو بلیمەتانەیش، بە دەگمەن سێ کەسیان لە چاخێکدا لەدایک دەبن. ئەوان پێیان وابوو ڕاستگۆیی و دادپەروەری و دانبەخۆداگری و خەسڵەتی یەکسان لە توانای هەموو بنیادەمێکدایە . جگە لەو بوارانەدا کە زانستی پسپۆڕانەیان پێویستە، بە بەکارهێنانی ئەو فەزیلەتانە و نیازپاکی و ئەزموون، هەموو کەسێک شیاوی ئەوە دەبێ خزمەت بە وڵاتەکەی خۆی بکا."(٢)

لەوانەیە ئەم فەزیلەتانە بەڕاستی لە توانای هەموو کەسێکدا نەبن، بەڵام لە سیستەمەکەی ئێمەدا(ئەمریکا) لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەوانە هیچیان لێ شین نابێتەوە. لێرە پارە و پلەوپۆست پەرستییەکی بێ ئامان لە ئارادایە کە کاریگەرە. کێشەکە لەوانەیە، پتر لەوەی پەروەردەکردنی خەڵک بێ بۆ حکوومەت،

پەروەردەکردنی دەنگدەران بێ بۆ ناسین و بەهادانانێک بۆ راستی و دروستییەکان و ڕەتکردنەوەی کاڵای فێڵاوی و گزیکارانە. مرۆڤە باشترەکان، لەوانەیە لە سەردەمە باشترەکاندا پەروەردە بن و مەرجی حکوومەتی ئاوەزمەندانەش دیارە پەروەردەکردنی کۆمەڵگەیەکی زیندووە، نەک کۆمەڵگەیەکی پەشۆکاو و دوورەپەرێز. ئەگەر قسەکەی جۆن ئادامزڕاست بێ کە دەیگوت، دەسەڵاتداری "ئەمڕۆ لە هیی سێ یان چوارهەزارساڵ لەوەپێش باشتر نییە" ئیتر پێویست نییە چاوەڕوانیی بێجێ و خۆڕاییمان هەبێ. هەر دەکرێ وەک ئەو سێ یان چوارهەزا ساڵەی ڕابردووە لە نێوان سەردەمە گەشەدار و سەردەمە پڕداکشانەکان و سەردەمی پڕ تێکۆشان و سەردەمەکانی پڕ نەزانیندا، کارەکان بەشێوەیەک ڕێک بخەین.

بەشی یەکەم: ڕەچاوکردنی سیاسەتگەلی ناتەبا لەگەڵ بەرژەوەندییەکان

1. جۆن ئادامز، نامە بۆ تۆماس جفرسۆن، 9ی جوولای ساڵی 1813، لە Thw Adams Jefferson letters، 1959، II، 351

2. مێژوونووسی ئینگلیزی، "هیچ شتێک بێ ئینسافانەتر..." : Dneys A. Winstalnley، Lors Chatham and the Whiig Opposition، Cambridge، 1912، 129

3. ئەفلاتوون لە بارەی پادشایەتیی فەیلەسووفانەوە Republic، V، 473

4. مێژوونووس لە بارەی فیلیپی دووەمەوە: Encyclopaedia Britannica، 14th edition، anon

5. ئۆکسنس تیرنا.

6. لە ئەسڵدا: Oval Office کە بریتییە لە نووسینگەی سەرکۆماری ئەمریکا.

7. "پڕ لە شێتی و گەمژەیی" 47:28 (Book of Sirach) ecclesiasticus

8. بۆ بەسەرهاتەکانی ڕەحۆبعام سەیری ئەمانە بکەن: I Kings 11:43، II 12:1 and 4: Chronicles 9:31. 10:1 nd 4

9: "سێزدە تفەنگ" : New Cambridge Modem Hostory، !، .442

10. لەبارەی مۆنتزۆماوە بڕواننە: Qilliam h. perscott. The conquest of Mexico، New York، 1843، C، A. Burland Montezuma. New york 1973

11. بۆ ڤیزیگۆتەکان بڕواننە: Dr. Rafael Altamira. Spain Under the Visigoths، in Combrodge Medieval History، II، Chapter 6.

12. Arius قەشە مەسیحییەکەی سەدەی چوارەمی ئەسکەندەرییە کە نکۆڵیی لە هەبوونی خودا دەکرد.

13. لە یۆنانی کەوندا بە کەسی ئاوایان دەگوت، ئارخۆن.

14. هەر ڕۆژێکی لە تەمەنی ڕادەبرد..." : Plutarchs Lives

15. لە زمان شلزینگەرەوە.

16. ئەو یاسایەی هێنری چوارەمی پادشای فەڕەنسا لە1598دا داینا و تا ڕادەیەک ئازادیی ئایینیی دا بە هاووڵاتییە پرۆتستانییەکان.

17. ناوێک، کە لە نێوەڕاستەکانی سەدەی شازدەیەمدا بەسەر پرۆتستانەکانی فەڕەنسادا بڕدرابوو.Huguennots

18. قسەی ڤۆلتەر: M. A. Francois . The Age of Louis XIV، New York، .1966 408

19. لۆییسی چواردەیەم، ئامرازی خوداوەند: Seventeenth ،G. R. R. Treasure 368، 1966، New yotk،Century France

20. هەڕەشەی جێنشینی پادشا: G. A Rothrok. The Hugunots: Biography of a 173، 1973، Chicago،Minority

21. قسەیەکی سەن سیمۆن: The Age of ،Memories in sanche de Gramnot 1963. 274، New York،Magnficence

22. ئەفسەرە هۆگنۆکان دەکەونە گەڵ ویلیامی سێیەم. ئاماری ئەو هۆگنۆیانەی کەوتنە گەڵ هێزەکەی ویلیام، ساڵی 1689، ڤۆبان دای لە پادشا. 179، op. cit.،Rothrock

23. مێژوونووسی فەڕەنسی لە بارەی گەڵاڵە گەورەکانەوە: C. Picavet La diplomatic au temps de Louis XIV. 1930

24. قسەیەکی ئێمێرسۆن: Ralph Waldo Emerson. Journals. 1820- 72. Boston. 1909-14

25. یەکێک لە نازناوەکانی لۆییسی چواردەیەم.

26. شارلی دەیەم و بەباشترزانینی وشکەڵشکاندن: Alfred Cobban. A History of 1961، Penguin ed.،modern France

27. هەلومەرجی تەنگانەی سێسەد فرانک: Ibid.، II 77

28: Lusitania، ئەو کەشتییە بەریتانیاییەی لە 7ی مای 1915دا نوقم بوو و لەبەر ئەوەی بەشێک لە مسافیرەکانی ئەمریکایی بوون، خەڵکی ئەو وڵاتەی زۆر ناڕەحەت کرد.

19. سەرۆکی ناوەند بۆ راوێژکاری باڵا: